# سەرجەمی بەرهەمی
# ڕەفیق چالاک

## سەرجەمی بەرهەمی

# ڕەفیق چالاک

بەرگی یەکەم

(هەمەڕەنگ)

ئامادەکردن

سدیق سالْح     چالاک ڕەفیق چالاک

بنکەی ژین

پڕۆژەی هاوبەش

٨٩١,٥٩٧٨٠٤

س ٢٤٥

سدیق ساڵح.

سەرجەمی بەرهەمی ڕەفیق چالاک: هەمەڕەنگ/ ئامادەکردنی سدیق ساڵح، چالاک ڕەفیق چالاک. – تاران، ٢٠٢٣.

٦٤٠ل، ١٧×٢٤ سم.

١. ئەدەبی کوردی – هەمەجۆر ٢. سەرجەمی بەرهەم

ئ . چالاک ڕەفیق چالاک (ئامادەکەر) ب. ناونیشان

(پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان)

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکەی ژین: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ١٩٨

کتێب: سەرجەمی بەرهەمی ڕەفیق چالاک

بەرگ: یەکەم (ڕاز، چیرۆک، وتار، بیرەوەری، پاشکۆ)

ئامادەکردن: سدیق ساڵح و چالاک ڕەفیق چالاک

پیتچنین: سەهەند، لاس

لەقاڵبدان: لاس

ڕووبەرگ: سەفین محەمەد

خەتی ڕوبەرگ: ئەحمەد سەعید

ژمارەی سپاردن: ١٨٢٢ی ساڵی ٢٠٢٢ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

کۆدی نێودەوڵەتی ISBN: 9-789922-920665

تیراژ: ٥٠٠

نرخ: ٢٠٠٠٠ دینار

شوێن و ساڵی چاپ: تاران، ٢٠٢٣


**بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین**


عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی، شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی بەرانان ١٠٧

ئاسیا: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ س. پۆست: ١٤ بەختیاری

پێگە: www.zheen.org ناونیشان: zheen@zheen.org


---

**بەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان: سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید**

زنجیرە: ١٥٢


Tel: 0533202936 07701549509

email: jamalerfan99@gmail.com

jamal erfan cultural foundation

www. jamalerfan.com

ناونیشان: شەقامی سالم، بەرامبەر بە ماکسیمۆڵ

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١١ |
| ژیاننامەی ڕەفیق چالاک | ١٤ |
| **(١) ڕاز** | ١٩ |
| **(٢) چیرۆک** | |
| ١. لەیلا | ١٠٣ |
| ٣. مارسێل پات: سەرگەردی جەنگ | ١٠٤ |
| ٢. لاوێکی یۆنان | ١١٤ |
| ٤. لە مەیخانەی ژیانا | ١١٧ |
| ٦. پیرێژنێک | ١٢٢ |
| ٧. تاوانی گەورە | ١٢٧ |
| ٨. کۆتربازی | ١٣٢ |
| ٩. چاکە لەگەڵ ناکەسبەچە مەکە | ١٣٥ |
| ١٠. تاپۆی ڕابوردوو | ١٣٩ |
| ١١. قومری | ١٤٣ |
| ١٢. هیوابڕاو | ١٤٧ |
| ١٣. تیاترۆ | ١٥٠ |
| ١٤. کارێکی مەردانە | ١٥٥ |
| ١٥. مێروولە و تێکۆشین | ١٥٧ |
| ١٦. گۆڕهەڵکەن | ١٥٨ |
| ١٧. دزی ئابڕوو | ١٧٣ |
| ١٨. هەتا ئێرە و بەس | ١٧٦ |
| ١٩. کلیلە و دەمنە | ١٧٩ |
| ٢٠. سێ کورتەچیرۆکی فۆلکلۆری | ٢٠٥ |

٢١. له شاری مردووانا ٢١١

**(٣) وتار**

١. دەوڵەمەند و هەژار، ١٩٣٩/٥/١١ ٢١٩
٢. گوڵ و دڕک ٢٢١
٣. فرمێسک له ڕۆژی جێژنا ٢٢٤
٤. شەو خۆزگەم پێ‌ئەبات ٢٢٧
٥. کورد و یەکێتیی عەرەب ٢٢٩
٦. هەمیشە وای لە دڵما ٢٣٤
٧. مشتێک خۆڵ ٢٤٢
٨. تازە ڕابورد ٢٤٤
١٠. ئاگر، نەک بەفر ٢٥١
١١. گەشتەکانی چایر هارۆڵد ٢٥٩
١٢. نەورۆز لە سلەیمانی ٢٦٦
١٣. ئۆخەی دیم ٢٦٨
١٤. بۆ تۆ ٢٧٢
١٥. بیرەوەری ٢٧٧
١٦. سەفەربەرلگ ٢٨١
١٧. دواقۆناغ ٢٨٥
١٨. دڵداری ٢٨٨
١٩. شادییە و شیوەن ٢٩٢
٢٠. گۆرانی ٢٩٦
٢١. گۆرانییەکانی تەرمووکی ٣٠٠
٢٢. نێژراوی لاکرۆنیە ٣٠٦
٢٣. بۆ خۆشەویستی دێرین ٣٠٨
٢٤. دڵداریی کوڕێک ٣١١
٢٥. ئەمەریکا چی ئەتوانێ بکا ٣١٣

| | |
|---|---|
| ٢٦. کۆرپەکەم | ٣١٦ |
| ٢٧. پێکەنینی دوایی | ٣٢٣ |
| ٢٨. زەنگی کاروان | ٣٢٦ |
| ٢٩. قەرزی چی (ج) گیان؟! | ٣٥٠ |
| ٣٠. یادی پیرەمێردی نەمر | ٣٥٥ |
| ٣١. دارستانەکانمان | ٣٥٧ |
| ٣٢. شانۆ قوتابخانەی گەلە | ٣٦٥ |
| ٣٣. وتاری ئاهەنگی کردنەوەی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان لە سلەیمانی، | ٣٦٧ |
| ٣٤. تەمسیلی "لە رێی نیشتمانا" | ٣٧٣ |
| ٣٥. سەرەتای باوەڕی ڕاستەقینەی نەتەوەییی کورد | ٣٧٨ |
| ٣٦. ڕێڕەومان | ٣٨١ |
| ٣٧. قاش | ٣٨٣ |
| ٣٨. ئەدەب، وێژە، بوێژ، هونەر | ٣٨٥ |
| ٣٩. لەگەڵ خوێندەوارانا | ٣٨٧ |
| ٤٠. هەندێ گیروگرفتی ڕانیە | ٣٨٨ |
| ٤١. لەگەڵ خوێندەوارانا | ٣٩١ |
| ٤٢. بۆ سوودی گشتی | ٣٩٢ |
| ٤٣. زەنگ و مەخشەڵ و بڕوا | ٣٩٧ |
| ٤٤. یادی دوانزەمین ساڵەی کۆچەکەی | ٣٩٨ |
| ٤٥. ماوەت | ٤٠٠ |
| ٤٦. دۆزینەوەی ئاسار لە دەشتی شارەزوورا | ٤٠٨ |
| ٤٧. کۆنگرە و ماک | ٤١١ |
| ٤٨. تاوانکارمان ناسیوە | ٤١٤ |
| ٤٩. ئەدەبی بەربەرەکانێی داگیرکەر و نۆکەر | ٤١٩ |
| ٥٠. ئیستگەش ئەدەبی هەیە | ٤٢٢ |
| ٥١. زەردەشت و بڕواکەی | ٤٢٥ |

٥٣. ٢٥٧٢ ساڵە تەمەنی نەورۆزەکەم ٤٢٧
٥٤. کاوە و ئەژدەهاک و ئاگری نەورۆز ٤٢٩
٥٥. نەورۆزی ئەمساڵمان ٤٣١
٥٦. مەقاشی دەستی ئیستیعمار ٤٣٣
٥٧. دامودەزگای پیشەیی ٤٣٥
٥٨. ئاهەنگی دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیارانا ٤٣٧
٥٩. دامەزراندنی کارگەی کارسازی پێویستێکی نیشتمانییە ٤٣٩
٦٠. قوتابییە مەردەکان ٤٤١
٦١. دەردی ترس ٤٤٢
٦٢. ئەفسوونی نقوود ٤٤٤
٦٣. جەژنە و ئارەزوو ٤٤٦
٦٤. یادی سێیەمینی شۆڕش ٤٤٨
٦٥. وتاری دەزگای بەڕێوەبەری کۆمەڵی هونەرە جوانەکان ٤٤٩
٦٦. کورتەباسێکی ئاهەنگەکانی یادی سێیەمینی شۆڕشی ١٤ی تەمووز ٤٥٢
٦٧. هەندێ پێویستیی ئەم لیوایە ٤٥٤
٦٨. بۆ دادە نەسرین فەخری لە باکۆ ٤٥٦
٦٩. هەندێ پێویستیی میللەت ٤٥٧
٧٠. لە ناوجەرگەی کوردوستانەوە: دوێنێ وتیان بۆ ئەمڕۆ ٤٥٨
٧١. لە ڕۆژی شەشی ئەیلوولا ٤٦٠
٧٢. وەزارەتی ئیسکانی دوێنێ و ئەمڕۆ ٤٦١
٧٣. لەبیرمبێ و لەبیرتچێ ٤٦٣
٧٤. بۆ قوتابیان و مامۆستایان ٤٦٥
٧٥. لە نێوان ژیان و مردنا ٤٦٦
٧٦. گۆرانییەک ئەڵێم ٤٦٨
٧٧. لە ویژدانت بپرسە ٤٧١
٧٨. نەخۆشیی ترس ٤٧٣

٧٩. چەرخی تورلی ٤٧٤
٨٠. ئاهەنگی کردنەوەی بەستی دەربەندیخان ٤٧٦
٨١. پاداش وا ئەبێ ٤٧٨
٨٢. نەورۆز جەژنە و پیرۆز ٤٧٩
٨٣. ڕیای ناو کۆمەڵەکەمان ٤٨١
٨٤. بە بۆنەی ڕۆژی سوپاوە ٤٨٢
٨٥. دژدژێنە ٤٨٤
٨٦. ئەدەبی ئیستگەی لەندەن ٤٨٥
٨٧. لە ناوجەرگەی کوردوستانەوە: نەورۆز جەژنە و پیرۆز ٤٨٧
٨٨. جێژنم هەیە و نەورۆز، ئامانجم هەیە و پیرۆز ٤٨٩
٨٩. خۆڕاهێنان ٤٩١
٩٠. بڕوا نامرێ ٤٩٣
٩١. لە هەر ئاوازە سۆزێک: ئەشراف ٤٩٤
٩٢. کارەساتی گەورە و لێفەی شڕ ٤٩٥
٩٣. لەگەڵ سیادەتی موهەندیسی موقیمی ئیسکانا ٤٩٧
٩٤. لە ڕێی ئێوەدا ٤٩٩
٩٥. لە دیلیەتییەوە بۆ ئازادی ٥٠٠
٩٦. ڕاستی و حەق ٥٠٣
٩٧. یەکیەتیی تەواو ٥٠٤
٩٨. لە نێوان ژیان و مردنا ٥٠٥
٩٩. کۆمەڵی هەرەوەزیی خانوو دروستکردن لە سەرچنار ٥٠٧
١٠٠. بۆ ژیان عومەر، ئاگادارییەک ٥٠٩
١٠١. سەیروسەمەرە ٥١٢
١٠٢. لە هەر ئاوازە سۆزێک: ئاواز و ژیان ٥١٤
١٠٣. سۆزی گواستنەوەی لادێ ٥١٦
١٠٤. ئەمڕۆی شانۆی کوردی و پرسیاری چار چییە ٥١٨

١٠٥. له بیرەوەریی هۆنەری ڕێچکەشکێنی نەمردا ٥٢٢
١٠٦. ئەرێ هەباسە، له دیوەخانان چ باسە؟ ٥٢٣
١٠٧. وتاری کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی - لقی بەغدا، له یادی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردا ٥٢٦
١٠٨. ئەدەب به مەعنای تایبەتی و به مەعنای گشتی ٥٣٠
١٠٩. هونەری تەمسیل و شانۆ: وەرزی یەکەم ٥٥٠
١١٠. هەفتەی ساوایان ٥٥٢
١١١. سەرەتا ٥٥٦
١١٢. ئەکرۆپۆڵس ٥٥٨
١١٣. ڕاوەژیشک ٥٦١
١١٤. تووتن له کوردستانا ٥٦٣
١١٥. پرۆگرامی ڕاز و ئاواز ٥٦٦
١١٦. گۆشەی ڕۆژباش (یەکەم گۆشە) ٥٧٠
**(٤) بیرەوەری**
ئەوەی ئەیزانم دەربارەی هونەر ٥٧٥
هەندێک بیرەوەریی ڕۆژانی ئیستگەی ڕادیۆی کوردیی یافا ٦١٢
**(٥) پاشکۆ**
نووسینی کوردی: به قەڵەمی ج ٦١٩
وەرامی ڕەخنەکەی (ج) ٦٣٥

## پێشەکی

خوێندەواری بەڕێز،

هەشت ساڵێک پتر لەمەوبەر، ڕەحمەتی کاک چالاکی ڕەفیق چالاک کۆمەڵێک دەستخەتی بەهەشتیی باوکیی هێنا بۆ لامان و بەوپەڕی پەرۆشییەوە پێشنیازیکرد هاوکاریی بکەین بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستن و دواجار بڵاوکردنەوەی سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەو زاتە؛ هەم بەشێکی کۆکراوەی دەستنووس و ئەوراقیی پێشکەشکردین و هەم گفتی دا پاش بڵاوبوونەوەی کارەکە، پاشماوەی کۆکراوەکەیمان ڕادەستبکا و لە "بنکەی ژین" بپارێزرێ. لە کاتێکدا –لە لایەکەوە- یەکێک لە بوارەکانی لەچاپدراوەکانی بنکەکەمان کۆکردنەوەی بەرهەمی پەرشوبڵاوی نووسەرە دیارەکانمانە و خۆیشمان بایەخی لەچاپدانەوەی بەرهەمە نووسراوەکانیمان دەزانی. لە لایەکیتریشەوە، مامۆستا تەها بابان چەند جارێک ڕووی لێناین تا زووە مشوورێکی بخۆین و فەرامۆشینەکەین، چونکە ڕەفیق چالاک –بە بۆچوونی بەڕێزیان- پەخشاننووسێکی گەورەی کوردە و نموونەی کوردینووسینێکی بەرزە. بەڵام بەداخەوە پڕکاری و سەرقاڵیی زۆرمان بە کاروباری هەمەلایەنەی دەزگاکەمانەوە، دەرفەتینەدەداین ماوەیەکیش لێببڕێین بۆ ئەم ئەرکە گرنگە. بەوپێیە کە ئەمە ئاواتێکی بەدیهاتووی مامۆستا تەها بابانیشە، سەرەتا وامان دانابوو کە ئامادەکرا، بەڕێزیان پێشەکی بۆ ئەم بەرهەمە بنووسێ، بەڵام مخابن کە چەند ساڵێکە نەخۆشی لە کاری خستووە و کەڵکی کارێکی وەها ناگرێ.

ئیتر ئەوەبوو پاشتر کاک چالاک ناوبەناو دەهات و لەگەڵ مامۆستا ڕەفیق ساڵح، بەڕێوەبەری بنکەکەمان، خەریکی کارکردن بوون لەسەریان، ئەو بە ئامادەکردن و هەڵەچنی و ئەمیش بە تایپکردن و ڕاستکردنەوە لەسەر کۆمپیووتەر. هەموو جارێکیش لە بەندەی دەپرسی: ئاخۆ کەی نۆرەی کارکردنی جیددی لەسەر بەرهەمەکانی باوکی دێ و کاریان لەسەر دەکەم. وەڵامەکەم ئەوەبوو کە هێشتا دەستم بە چەند کارێکی تەواونەکراوی پێشوەختەوە گیراوە و جارێ ناپەرژێم، با ئەو بتوانێ زۆرترین بەرهەمی کۆبکاتەوە و گەڵاڵەبکا، ئەوسا ئاسانە کارەکە تەواوبکەین.

بەداخەوە پاش پتر لە مانگێک بەسەر مەرگی ناوادەی کاک چالاکدا، ئەمجا زانیمان بە ڕووداوێکی نەخواستراو کۆتایی بە ژیانی هاتووە، گیانی شادبێ و یادی بەخێر. ئاشنایەتیمان لەگەڵ خێزانەکەیشی نەبوو، تا لێیان بپرسینەوە. ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و ڕاگیرانی دەوامی گشتی و چوونەوە ماڵمان، هەلێکی لەباری بۆ ڕەخساندم تا بە هەندێ کاری خۆماندا بچمەوە، لەوانە ئەم کۆکراوەیەی ڕەفیق چالاک. بۆم دەرکەوت کارەکە هێشتا لە سەرەتایدایە و زۆری ماوە بە تەواوبوون بگا، بەڵام هەر بۆ شادکردنی گیانی کاک چالاک و باوکی، بڕیارم دا بکەومە کار و خەریکیببم.

من لە دوو ئاستدا درێژەم بە پڕۆژەکە دا. جارێکیتر تایپکراوەکانم لەگەڵ دەستخەتەکان بەراوردکردەوە و هەر کەموکورتییەک هەبووبێ، پاش چەندین جار پێکگرتن چارەسەرمکرد. بەڕێز لاڤەخانی کچی کاک چالاکیش -بە سوپاس و پێزانینەوە- لەم ڕووەوە یارمەتییدام و پاشماوەی دەستنووسەکانی باپیری خستە بەردەستم بۆ وێنەگرتنەوەی ئەلکترۆنی و سوودلێوەرگرتن. سۆراخێکی هەمەلایەنەی بەرهەمی بڵاوکراوەیشیم کرد لە گۆڤار و ڕۆژنامەی سەردەمی ژیانی خۆیدا، وەک ژین، دەنگی گێتیی تازە، پەیام، بڕوا، بەیان، برایەتی، .. و جگە لەو بابەتانە کە هەر بە ناوی خۆیەوە بوون و ناسینەوەیان ئاسانبوو، کۆمەڵێک نووسینیتریم بەپێی شێواز و زمان و بیرکردنەوەی دۆزییەوە و بە دڵنیاییەوە بۆم ساغبووەوە کە هیی ئەون، بۆیە بە بەرهەمی ئەوم ژماردن. ئەوانە بەم ناوانەوە بوون: ڕابەر، ڕێبوار، مەخشەڵ، شاسوار، جەنگ، هەڵۆ، ئەزمڕ، ج، .. .

زانراوە کە پاش ئاگربەستی نێوان شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی عیراق، پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا ڕۆژنامەی "برایی"ی وەک پاشکۆی کوردیی ڕۆژنامەی "التآخي" لە بەغدا دەرکردووە. ڕەفیق چالاک بەرپرسی ئەو پاشکۆ کوردییە بووە. بەڵام ناوی چالاک بەسەر نە ڕۆژنامەکەوە وەک بەرپرس و نە هیچ بابەتێکیشەیەوە نییە. هەرچەندە بە شێوازی نووسین، بەشێکی ئەو نووسینانەم بە هیی ئەو زانی، پرکێشیمنەکرد بەبێ بەڵگەییێکی یەکلاکەرەوە جیایانبکەمەوە و لێرە دایانبنێم.

پاش کۆکردنەوەی کەموزۆر زۆربەی بەرهەمەکانی ڕەفیق چالاک، وا بە باش زانرا بەم شێوەیە ڕێکبخرێن: بەرگی یەکەم بریتیبێ لە ئەو ڕاز و نیازانە

که له هەڕەتی هەرزەکاری و لاوی‌دا له چەند دەفتەرێک‌دا نووسیونی و تیشک دەخەنە سەر دیوێکی ژیانی لەو تەمەنەدا. پاشان چیرۆک و وتار و بیرەوەرییەکانی دوابەدوای یەک دابنرێن. بەرگی دووەم تەرخان‌کرا بۆ شانۆنامەکانی که یا خۆی نووسیونی، یان له عەرەبییەوە وەری‌گێڕاون. ٢٩ شانۆنامه به ئەمانەتەوە له کتێبەکەی بەهەشتی مامۆستا کەمال ڕەئووف محەمەد "هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی" وەرگیراوە و ئاماژە بۆ سەرچاوەیان کراوە، بەڵام هەر پێویست بینرا ناوی بەڕێزیان -وەک مافێکی مەعنەوی و مێژوویی- بخرێتە سەر دووەم بەرگی کتێبەکە؛ بۆ ئەوەیش ڕەزامەندیی بنەماڵە بەڕێزەکەی -بە سوپاس و پێزانینێکی زۆرەوە- وەرگیرا. ئەو زاتە -یادی بەخێر- بەڕاستی ئەرکێکی زۆری بە گواستنەوەیانەوە له شریتەوە بۆ سەر کاغەز کێشاوە و ڕەنجێکی فەرهادانەی لەم ڕووەوە داوە. ٣٤ شانۆنامەکەی‌تریش ئەوەیە که به دەستخەتی لەناو دەستنووسەکانی نووسەردا پارێزرابوو.

بابەتەکانی هەردوو بەرگەکە تێکڕا بەپێی کاتی نووسین یا بڵاوبوونەوەیان له کۆنەوە بۆ تازە ڕیزکراون. بۆ جیاکردنەوەی ئامادەکەری هەر پەراوێزیکیش، لەبەر پاتبوونەوەی بەردەوام، بەم شێوەیە ئاماژە بە ناوی دراوە: ڕ.چ- ڕەفیق چالاک، ک.ڕ- کەمال ڕەئووف محەمەد، س- سدیق ساڵح. هەردوو فەرهەنگی "خاڵ" و "هەنبانەبۆرینە"یش بەکارهێنرا بۆ لێکدانەوەی هەندێ له وشه ناباوەکان.

دواجار لەبەرئەوەی نەتوانرا سەرجەمی وێنەکانی نووسەر بەتەواوی کۆبکەینەوە، نەکرا هەموو وێنه و ئەوراقی وەزیفە و کاروباری هونەریشی -وەک خۆمان نیازمانە- له بەرگێک‌دا کۆبکەینەوە. هیوایە ئەمەودوا هەر کەسێک شتێکی لەو بابەتە شک‌دەبا، هاوکارمان‌بێ، تا ئەو بەشەی کۆکراوەکەیشی له فەوتان ڕزگاربکرێ و ببێتە بەرگی سێیەمی کارەکانی.

کاری هەمووان بۆ خزمەتی گشتی ڕاست‌بێ و یادی ئەم نووسەرە گەورەیەی کوردەواریش دیسان بەخێر.

سدیق ساڵح

٢٠٢٢/٩/٢٦

## ژياننامەی
## ڕەفيق چالاک

ڕەفيق كوڕی تۆفيق كوڕی مەحموود كوڕی ڕەسووڵ و ناسناوی چالاكە، دايكيشی ڕەعنای ئەحمەدەڕەشی بەقاڵی بانەييیە. دايكی ڕەعنا سنەيی بووە و بە خاتوونەشەلی فەتحوڵائاغای سنەيی ناسراوە. دايک و باوكی ڕەفيق چالاک، لە دايكەوە پوورزای يەكتر بوون. ناوبراو، 1923 لە بەشی (پيرمەسوور)ی گەڕەكی مەڵكەنديی شاری سلێمانی لەدايكبووە و نۆبەرەی خێزانەكەی بووە، پێش فايەق ق ناميق و مەحموود. بە منداڵی چووەتە حوجرەكەی شێخ حسێنی بەرامبەر بە ماڵی خەليل چاوەش لای پيرمەسوور. لەبەر گواستنەوەی وەزيفەی باوكی بۆ كۆيە، قۆناغی سەرەتاييی خوێندنی لە كۆيە دەستپێكردووە و پۆلەكانی يەكەم و دووەمی لەوێ خوێندوون. 1934 چوونەتە سەنگەسەر و ئەمجا گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانی، بەوپێيە سەرەتاييی لە قوتابخانەی فەيسەڵييە تەواوكردووە. پاشان لە خانەی دێهاتيی مامۆستايان (دار المعلمين الريفية)ی ڕۆستەمييەی نزيكی بەغدا وەرگيراوە و 1941 تەواویكردووە و بووە بە مامۆستا لە قوتابخانەكانی مەڵكەندی، خاليدييە و كانێسكانی شاری سلێمانی. لە ئابی 1942 بەدواوە و لە دووەم جەنگی جيهانیدا، لەتەک مامۆستايان عەبدوڵا گۆران و ڕەمزی قەزازدا، لە بەشی كورديی ڕاديۆی ڕۆژهەڵاتی نزيک لە (يافا) كاریكردووە. ئەو ماوەيە ئەزموونێكی زۆری لە بواری مۆسيقا و شانۆ و -بەگشتی- هونەردا بەدەستهێناوە. ئابی 1945 گەڕاوەتەوە و ئەو مانگە يا ئەيلوول لە بەشی كورديی ڕاديۆی بەغدا دامەزراوە، بەڵام لەبەر وتنی "ئێرە دەنگی كوردستانی عيراقە"، پاش سێ ڕۆژ لە بێژەری لابراوە و پاش مانگێكيش لەسەر نووسينی (گۆرانيی ئازاديی چين) لە گۆڤاری "گەلاوێژ"دا، كە خەريكبووە لەسەر ئەوە دابخرێ و لە ژمارەكە دەرهێنراوە، لە ڕاديۆ دەركراوە.

ئيدی هاتووەتەوە بۆ سلێمانی و ئەم وەزيفانەی ديوە: 1944/11/3-1945/8/31 موعەلليمی يەكەمی قوتابخانەی سووورداش بە مووچەی 6 دينار، 1945/9/9-30/1 موعەلليمی يەكەمی قەمچووغە، 1945/10/1-1946/3/1 موعەلليمی جەعفەران، 1946/9/15-1947/8/22 موعەلليمی قوتابخانەی كانێسكان. لە 2947/2/25ەوە مووچەكەی كراوەتە 8 دينار، پاشان مارتی

1947 وتاری "پارتی دیموکراتی کورد"ی له ئاهەنگی نەورۆزی (هۆڵی شەعب)ی بەغدادا، که هەمزه عەبدوڵای سکرتێری ئەوسای نووسیویه، خوێندووەتەوه. لەسەر وتارخوێندنەوەی ڕۆژی ناشتنی دوو ئەفسەره لەسێدارەدراوەکەی کۆماری مەهاباد (مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی) له گردی سەیوان، به فەرمانی وەزاریی ژماره 19807ی ڕۆژی 1947/8/13 که به نووسراوی ژماره 3724ی 1947/8/23 مەعاریف پێیڕاگەیێندراوه، له ڕۆژی 1947/8/23 بەدواوه له وەزیفه دەرکراوه و و دوچاری ڕاوەدوونان و سەغڵەتی کراوه. 1947/9/23 پاداشتێکی 22 دیناریی دەرهەق به خزمەتی پێشووی له لایەن موتەسەڕیفی سلێمانییەوه پێبەخشراوه. 1948 بووەتەوه به مامۆستا له شاری عیماره و دیسان دەرکراوه. وەک پێشتر ئەندامی حیزبی (هیوا) بووه، به هەڵوەشانەوەی ئەو حیزبه، چووەته ناو حیزبی (ڕزگاری). که (پارتی دیموکراتی کورد) له 1946دا دامەزراوه، بووه به ئەندامی. هاوینی ئەو ساڵه، بووەته سەرۆکی ئەو لیژنەیه که بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری و گەشەپێدانی بزووتنەوەی هونەری پێکهێنراوه، خەڵکێکی زۆری پێ فێری خوێندنەوه و نووسین و حیساب بووه و به باوەڕی کوردایەتی گۆشکراوه. که بومەلەرزەکەی پێنجوێن ڕوویداوه، شانۆگەریی (له ڕێی نیشتمان‌دا) و (گوڵی خوێناوی)ی ئامادەکردوون و به هاوکاریی کۆمەڵێک هونەرمەندیتر پێشکەشیکردوون، وتار و شیعریش لەو بۆنەیەدا خوێندراوەتەوه. داهاتی ئەو چالاکییه بۆ لێقەوماوانی ئەو شاره تەرخانبووه .

ئەیلوولی 1946 هەمان چالاکی براوەته شاری هەولێر و دەنگیداوەتەوه. ئەمجا بووه به ئەندامی حیزبی شیوعیی عیراق و سەرپەرشتیی دەرکردنی بڵاوکراوەی دەستنووسی "دەنگی جووتیاران"ی کردووه. لەو هەلومەرجەی گیرانی ڕێبەرانی حیزبەکەدا، بەرزبووەتەوه و بووه به کەسی یەکەمی ئەو حیزبه، تا له شەوی 1949/2/20\19دا گیراوه و -مخابن- که له زیندان‌دا ڕووخاوه. ساڵی 1950 بەردراوه و بێکار ماوەتەوه. جەمالی میرزا فەتاح و جەمالی میرزا عەبدوڵا بەهانایەوه هاتوون، تا هەستاوەتەوه. ئەمجا ئەکرەم عیززەتی قوتابی، له ڕێی ڕەشید نەجیبی مامیەوه، کاری له ڕادیۆی بەغدا بۆ دۆزیوەتەوه، ئیتر له 1950/6/26وه تا 1955/2/29 له بەشی کوردیی ڕادیۆ بێژەر بووه، پێبەپێ لەگەڵ دەستەی تەمسیلی ڕادیۆ کاریکردووه و تیپێکی نواندنی پێکەوەناوه، نزیکەی دووسەد تەمسیلی

ڕادیۆییی پێشکەشکردووە. 1953/2/23 دامەزرێنراوەتەوە بە کاتب لە دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ بە مووچەی 10 دینار و تا 1954/9/7 لێیماوەتەوە. لە 1955/7/17ەوە گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کشتوکاڵ. 1955/7/23 مەئمووری مەخزەن بووە بە مووچەی 12 دینار، 1956/5/30 بە هەمان پلەوە گواستراوەتەوە بۆ دائیرەی کشتوکاڵی بەکرەجۆ، مووچەکەی لە 1956/6/1دا بووە بە 17 و لە 1957/5/30دا بە 18 و لە 1958/6/1دا بە 19 دینار. ئەمجا لە 1958/10/1ەوە بە فەرمانی وەزاریی ژمارە 11091ی 1958/8/28 و بەپێی هەردوو ماددەی دووەم و سێیەمی قانوونی ساڵی 1958ی پاککردنەوەی دەزگاکانی حکوومەت، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە وەزیفە دەرکراوە. لە 1961دا بە کارگوزار (موستەخدەم) لە ئیدارەی خۆجێیی دامەزراوە بە ڕۆژانەی 750 فلس و پاش ماوەیەک بۆی کراوە بە دینارێک. 1963/6/9 گیراوە، براوەتە سەربازگەی سلێمانی و لە 7/25دا ڕەوانەی بەندیخانەی سلێمانی کراوە و ڕۆژی 1963/10/14 بە کەفالەتی 500 دینار ئازادکراوە. لە 1964/6/22دا دامەزراوەتەوە بە کاتب لە نەخۆشخانەی بەیتاڵیی سلێمانی و تا 1967/9/30 لەوێ بووە. سەرەتا مووچەکەی 19، لە 1965/6/22ەوە تا 1966/3/19 (20) و لە 1966/3/20دا (28) و 1967/2/27 (29) دینار بووە. دوایی بە فەرمانی وەزاریی ژمارە 9997ی 1967/9/30ی وەزارەتی کشتوکاڵ، گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی باکوور بە پلەی کاتب لە دیوانی وەزارەت بە مووچەی 29 دینار و بە ماڵەوە چووەتە بەغدا و ڕۆژی 1967/10/1 دەستبەکاربووە. 3/31ی ئەو ساڵە لە قەڵەمی نهێنی بووە. 1967/11/6 بووە بە یاریدەدەری تێبینەر (ملاحظ) تا 1968/3/31، لە 1968/1/20دا مووچەکەی بووە بە 30 دینار. 1968/4/1 بووەتە تێبینەر لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاوەدانکردنەوەی باکوور. دوادواکانی ئەو ساڵە بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعس لە وەزیفە دەرکراوە و فەرمانی گرتنی دراوە، ئەویش هەڵاتووە و 1969/1/13 چووەتە شاخ و پێوەندیی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە و تا 1970 ماوەتەوە.

لەبەرئەوە، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاوەدانکردنەوەی باکوور، پشتبەستوو بە فەرمانی وەزاریی ژمارە 6034ی 1968/12/30ی وەزارەتی کاروباری باکوور، بە چوونەوە سەر بڕیاری ژمارە 507ی کۆبوونەوەی ڕۆژی 1968/12/25ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و نووسراوی ژمارە 13890ی

1968/12/29ی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە وەزیفە دەریکردووە. ئەویش ڕۆژی 1969/1/13 دەستبەرداربووە. ئەو ماوەیەی دەرەوە، بەرپرسی ڕادیۆی شۆڕش بووە. پاش ڕێککەوتنی 3/11، لە 1970/9/22دا بە پلەی تێبینەر و مووچەی 40 دینار دەستبەکار بووەتەوە لە هەمان وەزارەت و چوار ساڵ و پێنج مانگ و نۆ ڕۆژی پێشووی بە خزمەت بۆ حسێبکراوە.

1970/12/27 پلەی سەرتێبینەر (رئیس ملاحظین)ی پێدراوە. 1971/4/3 مووچەکەی بووەتە 50 دینار. ئەو دەمە هەشت ساڵ و پێنج مانگ و یازدە ڕۆژی دەرەوەی خزمەتی، لەبەر هۆی سیاسی، بە خزمەت بۆ ژمێردراوە. 1972/9/2 پلەکەی بووەتە بەڕێوەبەر بە مووچەی 100 دینار. 1972/12/2 بووە بە موفەتیش لە دیوانی وەزارەت و ڕاگەیاندنی ناوەندیی وەزارەتی بەڕێوەبردووە. ڕۆژی هەینیی ڕێکەوتی 1973/10/٣٠ بە نەخۆشیی دڵ لە بەغدا کۆچیدوایی کردووە و تەرمەکەی -لەسەر وەسیەتی خۆی- هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی و لە (گردی سەیوان) نێژراوە.

ڕەفیق چالاک، دوو ژنی بووە: لە خاتوو فاتمەی محەمەدئاغای قادرئاغای داودە، منداڵی نەبووە؛ لە خاتوو ڕەمزییەی ئەحمەد عەلی ئەمانەی بووە: چالاک- (٢٠١٧1952/٧/١١-/٣/٢١)، ڕووناک- نیسانی 1953، ئازاد- ئەیلوولی 1954، شێرزاد- کانوونی دووەمی 1956، بەیان- شوباتی 1957 .

ڕەفیق چالاک، بە منداڵی بۆ یەکەمجار مۆسیقای لە تیپێکی دیدەوانی (کەشافە) بیستووە، کە بە باندی مۆسیقاوە بە شەقامەکانی شاردا گەڕاون. 1935 بۆ یەکەمجاریش چووەتە سەر شانۆ و دەوری خزمەتکارێکی دیوە. 1946 بەشداری پیتاککردن بووە بۆ لێقەوماوانی بومەلەرزەکەی پێنجوێن بە تەمسیل و ئاهەنگی گۆرانی. 1947 وتارێکی توندی لە بۆنەی جەژنی نەورۆزی ناو هۆڵی (شەعب)دا خوێندووەتەوە و شانۆنامەی (گوڵی خوێناوی)ی پێشکەشکردووە. ساڵی 1950 تیپێکی نواندنی پێکهێناوە و ژمارەیەکی زۆر شانۆنامەی لە ڕادیۆی کوردی بڵاوکردووەتەوە. 1957/6/19 (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد)ی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، بە هاوکاریی سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ، دامەزراندووە و بە یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوە. لە هەڵبژاردنی ڕۆژی ١٩٦١/٨/١٦یشدا، هەر بە سەرۆک

دانراوەتەوە. بەڕێوەبەر و سەرۆکی نووسینی ڕۆژنامەی "بڕوا" بووە، کە ژمارە 1ی 1960/7/2 و ژمارە 95ی 1963/1/25 لە سلێمانی دەرچووە. ساڵانی 1967-1968 بەرپرسی "برایی"ی پاشکۆی بەشی کوردیی ڕۆژنامەی "التآخي" بووە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەریکردووە. 1972 بە سەرۆکی لقی بەغدای (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی) هەڵبژێردراوە.

ڕەفیق چالاک، نووسینی لە (گەلاوێژ، دەنگی گێتیی تازە، هەتاو، پەیام، ژین، بڕوا، برایی، برایەتی، بەیان)دا بڵاوکردووەتەوە. بە ناوی "ڕابەر"ەوە لە گۆڤاری "پەیام"دا نووسیویە. زۆر ناسناویتریشی لە "بڕوا"دا بەکارهێناوە. وەک پەخشاننووسێکی توانا بووە، ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ و شانۆکارێکی بلیمەتیش بووە. عەرەبی و فارسی و تورکیشی زانیون و ئاوازی بۆ 12 سروود و 21 گۆرانی داناوە. حوزەیرانی ١٩٧٣ دوایین گۆرانیی کە شیعرێکی مستەفابەگی کوردییە، بە ناوی "شوێنکەوتن"ەوە تۆمارکردووە. ئەم بەرهەمە لەچاپدراوانەیشی هەن: 1) کارێکی بەکەڵک، چاپخانەی المعارف- بەغدا، 1952، 2) هێزی تاریکی یان تاوانی دڵداری، تۆڵستۆی، 1955، 3) دارستانەکانمان، چاپخانەی المعارف - بەغدا، 1957.*

---

* گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم/ بەشی یەکەم، ژیاننامە و پێڕست، ئامادەکردن سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، (لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر، ٢٠١٦، ل٨٠٧٠-٨٠٧٤؛ ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٤٦، ١٩٦١/٨/٢١، ل٣؛ ٩ لاپەڕەی ژیاننامەکەی بە دەستخەتی ڕەحمەتی چالاکی کوڕی.

# ڕاز

نووسینەکانی کە لەم بەشەدا کۆکراونەتەوە، ئەوانەی سەردەمی هەرزەکاری و لاویی ڕەفیق چالاکن، لە دوو دەفتەر و چەند لاپەڕەیەکی دەسخەتی خۆی وەرگیراون:

**(٠٠)**

١٩٣٩

....

ئەستێرەکان دەستیانکرد بە درەوشانەوە، وەکوو زەردەخەنەی تۆ بێ لەوکاتەدا کە خەوئەبینیت. شەو پێئەکەنی بە تەنیاییم وە مانگیش زەردەخەنەی گاڵتەپێکردنی لەسەر دەمە. ئەو فڕندانەی کە بە شەو ئەفڕن، پێم پێئەکەنین و گاڵتەیان پێئەکردم بۆ چاوەڕوانیم، بۆ دیلیم، بۆ دڵبرژاویم. حەیواناتی دارستانەکە پێم پێئەکەنن، چونکی حوڕ ئەژین، بەبێ ئەوەی هیچیان لەدڵدابێ، بۆ خۆیان لەناو جێگای خۆیاندا پاڵئەکەون.

ئای ئای ئەو کەسەی دڵت ئەسیرکردووم!! ئایا نازانی چیم بەسەرهاتووە؟

بووم بە بولبول، لەسەر دڕک وەستاوم، لەژێر تاریکی و هەستی شەوی سامداردا، چاوەڕوانی دەمی غونچە ئەکەم کە بکرێتەوە.

بووم بە پەروانە، چاوەڕوانی چرام لە ڕووناکی و تاریکیدا، بۆ ئەوەی بیبینم. ئینجا نازانم کەی ئەو غونچەیە دەمی ئەکرێتەوە؟ نەختێ ئەو عەترەی بۆنکەم. نازانم کەی چرا ببینم؟ لە کوێ ئەیبینم؟ بۆ ئەوەی خۆم ..... کەی -ئەی نازەنین- لەژێر سێبەریا بحەسێمەوە، لە گەرمای هاوین کەی ئەی سەرچاوە ئەبووژێیتەوە، تێر لەو ئاوە ساردە پاکە شیرینە بخۆمەوە؟ نازانم کەی بتبینم، ئەی مانگ، بەتەواوی؟ چونکی هەوری ئەرض و ئاسمان تۆی لە من شاردۆتەوە.

*

١. طەبیعەت قانوونی حەقیقییە بۆ بەشەر.

٢. سەفەرکردن عەقڵی پیاوی عاقڵی پێ زیادئەکات، بەڵام پیاوی جاهیل زیاتر جاهیلئەکات.

٣. خۆت ڕەوانەکە بۆ سەرچاوەی شتومەک، طەبیعەت بکە بە مامۆستای خۆت.

٤. چەکی ژن، فرمێسکیەتی.

٥. ڕەشترین ڕۆژ بۆ ئەو قەومەیە کە هەر عەشیرەتێکی خۆی بە قەومیٚ بزانیٚ؛ ئەو جلەی لەبەری‌ئەکات، بە دەستی خۆی نەچنرابیٚ؛ ئەو ڕووانراوەی کە ئەیدووریٚتەوە، خۆی نەیڕوواندبیٚ؛ ئەو قوتابیانەی ئەخوێنن، مامۆستای خۆی دەرسی پیٚ‌نەوتین.

٦. حەق لەسەر قووەتەوەیە وە ملت لە سەروو حکوومەتەوەیە.

٧. ئێمە پێویستمان نییە بە عیلمێکی زۆر، بەڵام پێویستمان بە کردەوە و ڕەوشتاری جوانە.

٨. زۆر لە خەڵقی هەیە ئەگەر لێدەرێکیان لە یەکێک ئەدات و لێدراوێکیان دی ئاگری لیٚدرا، ئەڵێن مەگری، لەپێش ئەوەدا کە بە لێدەر بڵێن لێی‌مەدە و ئەمە دوایین جۆرە.

❉

## دڵداری[1]

صونفی دووەم، ١٩٣٩/٢/١٠

لە گوێچەمێ، لەژێر سێبەری داری گوێز و شۆڕەبیدا، لاوێک دانیشتووە، تەماشای ئاوە خوڕەکەی چەمەکەی ئەکرد بە ماتی. لاوێک بوو لەناو باغ و دارستاندا بەخێوبووبوو، لە هەموو شتێک ئەدووا. ئەدووا لە چنار کە لاولاو دەستی لە مل کردووە، لە گوڵ کە ئەشنێتەوە، لە گەڵا کە ئەشەکێتەوە، لە بێچووی فڕندە کە ئەجووڵێتەوە. جوان بوو، گەییبووە عومری هەژدەساڵی. دوێنێ لە سەرچاوەی ئاوەکە نازکئەندامێکی دیبوو، دانیشتبوو لەگەڵ چەند جوانێکدا حەزی لێکردبوو. بەڵام ئەمڕۆ زانیی کە کچی گەورەی ئەم شارەیە، بەمە زۆر دڵی تەنگبوو. بەڵام خۆشەویستی گوێناداتە ئەم جۆرە شتانە. کوڕەکە ڕوانیی گوڵی وەنەوشە ڕوواوە لەبن داری هەرمێدا و نێرگز ڕوواوە بەتەک گوڵەباخەوە. ئەم قسانەی لە بەرخۆیەوە وت و فرمێسکی چاوی وەکوو بارانی بەهار ئەهاتە خوارەوە: "دڵداری گاڵتەم پێئەکات. منی کردووە بە گاڵتەپێکەری خۆی. ئەگەر گاڵتەپێکردن نەبووایە، دڵی منی ئەبرد بۆ ناو قەصری گەورەی ئەم شارە. جێگای من لە پوشوپەڵاش دروستکراوە و نەفسی نەئەبردم بۆ لای حۆرییەک کە هەزاران کەس دەورەیان لێداوە. سەرم دانەواندووە لە ڕێتا، بزانم چیم لێئەکەی. من لاوازم ئەی دڵداری، وە تۆ بەهێزی. لاواز و بەهێز چۆن کۆئەبنەوە، پێمبڵێ؟

ئەی دڵداری، جۆگەکان ڕوویانکردۆتە خۆشەویستیان کە دەریایە، وە گوڵ پێئەکەنێ بۆ عاشقەکەی کە ڕووناکییە. کەچی من بە تاق و تەنیا ماومەتەوە، لەم بێشەیەدا تەنیام لە دڵداریمدا. دوورم لەوەی کە منی ئەوێ وە ئەتوانم بڵێم باوکی بە یەکێ لە خزمەتکارەکانی قەصرەکەی ڕامناگرێ.

---

[1] جبران خلیل جبران، دمعة وابتسامة. ئەم بابەتە وەرگێڕانە. (ڕ.چ)

کوڕەکەی بێدەنگ بوو، گوێ لە هاژە و تاڤگەی ئاوەکە وە لەرینەوەی گوڵاوی شنەشنی گوڵان و دەنگی بولبولان ئەگرت، وای ئەزانی جوابیئەدەنەوە. دیسانەوە دێتەوە. "ئای ئەو دڵەی کە دوێنێ بەرەڵدابووی لەناو ئەم دارستان و باغ و چیایەدا، ئیمڕۆ پابەندی داوی دڵداریت. من کە دوێنی تۆم دی، ئەی دڵڕفێنەکەم، وە تەماشای بەرزیی تۆ وە نزمیی خۆمم کرد، زانیم کە ناتوانم لە ئەسراری خوا بگەم، وە کە تەماشای درەوشانەوەی چاوتم کرد، زانیم کە ئەم ژیانە فیردەوسییە، دەرگاکەی دڵی ئادەمیزادە. کە دیمیت لەگەڵ ڕەفیقەکانت بە گولێکی بێگەردی سوورت تێگەیشتم کە لەگەڵ دڕکە، لەناو دڕکەزیدایە. بەڵام ئەو خۆشییەی کە خەو کۆیئەکاتەوە، هەستانی بەیانی بڵاویئەکاتەوە".

هەستا و ڕوویکردە سەرچاوەکە، باڵی شلکرد، سەری شۆڕکرد و ئەم چەند وشانەی لە دەم هاتە دەرەوە: "وەرە ئەی مردن ڕزگارمکە. ئەم خاکەی کە دڕکەزییەکانی گوڵان ئەخنکێنن، دەستنادا بۆ ژیانم. بمبە بۆ ئەودنیا، چونکە ئەزانم کە لێرە پێیناگەم، لەسەری ڕائەوەستم، هەتا دێ بۆ لام".

گەیشتە سەرچاوەکە، بەردەوام بەم قسانەوە. لەوکاتەدا شەو پەردەی ڕەشی خۆی دادایەوە و بەسەر پەنجەرەی دوا ڕووناکیی زەردی ئاڵتوونیی ڕۆژدا کوڕە بە چاوی دڵداریی تیژ جێگای پێی دڵدارەکەی دۆزییەوە. دانیشت و سەری خستە ناو کۆشیەوە و دەستیکرد بە جێگاپێ شتنی کچەکە بە فرمێسکی چاوی.

لەوکاتەدا لەپشت شۆڕەبییەکانەوە، نازکئەندامێ وەکوو مانگی چواردەشەوە ئەو ناوەی ڕووناککردەوە. لەجیاتیی ڕۆیشتنی هەتاو لەسەر نووکی پەنجە، بە لەنجەی سوێسکە ڕۆیشتن، بە زەردەخەنە و نازفرۆشتن، ئەو دەستە بلوورینەی خستە سەر سەری کوڕەکەوە. کوڕە سەری هەڵبڕی، تەماشایکرد بە تەماشاکردنێکی نوستوو کە ڕووناکیی ڕۆژ هەڵیساندبێ، بە زبانێکی لاڵ، بە دەنگێکی خاو، بە دڵ و ئەژنۆیەکی لەرزیو، وتی: من لە خەودام، یا بەخەبەرم. کچە ماچێکی لێوی کرد وە بە دەنگێکەوە کە خوا هەر بەوانی داوە، وتی: "تۆم دی لە خەوما، ئەی خۆشەویستم، وە تەماشامکردیت لە تەنیاییمدا، زانیم کە تۆی ڕەفیقم تا دوانەفەسم. بە دزییەوە هاتووم کە پێتبگەم. تۆش وا لە بەردەستمدای، مەترسە! باوک و دایک و خزم و کەسوکارمم بەجێهێشتووە، کە پەرداخی ژیان و نەمانت لەگەڵدا بخۆمەوە. هەستە، با بڕۆین، لە ئادەمیزاد دووربکەوینەوە".

دەستیانکرد بە قۆڵی یەکدا، ئەو دوو دڵدارە پاکە ڕێگایان گرتەبەر بەناو شنەشنی گوڵاندا وە لەرینەوەی چڵاندا، نە لە گەورەی شار وە نە لە قانوونی پیسی بەشەر وە نە لە تاریکیی سامداری دارستانەکە ئەترسان.

لەپاش چەند وەختێ دوو هەیکەلی بەشەرییان دۆزییەوە لەناو ئەشکەوتێکدا: یەکێکیان تەوقێکی ئاڵتوونیی لە ملدا بوو وە لە تەنشتیانەوە بەردێک هەبوو، ئەم چەند وشانەی لەسەر نووسرابوو:

"خۆشەویستی کویێکردینەوە، کێ جیامانئەکاتەوە؟!

مردن بردینی، کێ ئەمانگەڕێنێتەوە؟!"

*

٣٩/٢/٢٨

(نەقڵمکرد لە دەفتەری ڕەقەم ٣)

تێکۆشین پێویستە بۆ هەموو ئینسانێکی کۆمەڵی، فەقیر بێ یا دەوڵەمەند، بەهێز بێ یا بێهێز. ئەو کەسەی کە خۆی بە وەتەنی دائەنێ وەبێ ئێشە، بزانن کە خۆی شاردۆتەوە.

ئەو کەسەی کە پێسپێرراوێ ناتوانێ بەجێبهێنێ، پێویست نییە کاری پێبسپێررێ. ژیان حیسپێکردنە. ئەو کەسەی حیسناکا، بە ئینسان ناژمێررێ. ئەو کاتەی کە ئینسان بەکاریناهێنێ بە باشترین وەقت ئەزانرێ. بەلامەوە نەبووە هیچ شتێک لە دنیادا جوانتر نییە لەو شتەی کە هێشتا نەهاتووەتە دنیا.

تاریکاییی جەهل، چاکترە لە ڕووناکیی درۆ.

کەساسی و فەقیریمان پەیدانەبووە لە حەرامبوونمان لە شتومەک، بەڵام پێی پەیدابووە لە نەتیجەی پێویستیمان کە شعوور بەو شتانە ئەکەین.

١. ئەو خوایەی کە ئەیپەرستم، خوای تاریکی نییە، عەقڵی نەداومەتێ کە مەنعمبکات لە بەکارهێنانی. ئەو کەسەی کە ئەیەوێت داگیربکات، بە دوژمنی خوای دائەنێم. ئەی سەربەستی، چەند هەزار جورم و جەور کرا بە ناوی تۆوە.

٢. لەپاش ئاوابوونی ڕۆژ، هەڵهاتنیەتی، وە لەپاش گرتنی، بەربوونە. ڕۆژی زیندوو مردوو گەرمناکاتەوە.

*

٣٩/٣/١٧

بە باڵای شمشاڵت، بە برۆی هیلالت، بە پەنجەی بلوورت، بە گۆنەیی سوورت، بە زوڵفی ڕەشت، بە چاوی گەشت، بە لێوی ئاڵت، بە چاوی کاڵت، بە سینەی بێگەردت، بە نەفسی بەرزت، بە قەدی کەوانت، بە دڵی نەرمت، بە هەناسەی گەرمت، بە شکڵی چون مریەمت.

*

**گەنجانی دوێنێمان و لاوانی ئیمڕۆمان**

١٩٣٩/٤/٧

که ناوی گەنجانی دوێنێ بهێنی، هەندێ کەس ئەڵێن باسی ئەو جاهیله وەحشییانه مەکەن. وه که ناوی لاوانی ئیمڕۆ ئەهێنی، به موثەقەف و ئەدیب و پاک و تێکۆشەر و عەسکەرێکی ئازا بۆ حەقسەندنی وڵاتەکەی دێته پێشچاوی هەندێ نەزان. بەڵام ئەگەر بێت و ئەوانەی که ئەیانەوێ له گەنجانی دوێنێ و لاوانی ئیمڕۆ بگەن، ئەمه بخوێننەوه و خۆشیان هەوڵبدەن بۆ شارەزاییان، ئەگەر باوەڕیان بەمه نەکرد.

❊

بەغدا، ٣٩/٤/٢٥

چالاکی بەدبەخت صەد مەرگە ساتی
له داخی یار و و درۆ له وڵاتی
له بەدبەختیی خۆی تاکوو مەماتی
بۆچ وەها نەبێ هەموو حەیاتی
چونکه بۆ ئەوه ڕێگای نەهاتی
پێیمەڵێن بۆ وا ئەبێ دەسەڵاتی

❊

من له داخی بێکەسان و ڕۆڵەنەماوان
جەرگم سووتاوه
تۆش له کەیف و خۆشی و بەزمی بەهاران
هۆشت نەماوه
گشت لەشم سووتاوه له داخی باوککوژراوان
کەوتوومه لاوه

تۆش لە ماچکردنی لێو یاران لەبن چناران
شانت داداوە
من لە گریە و زاری بۆ هەژار و فەقیران
خامەم شکاوە
تۆش لەبەر شایی و مەی و تار لەگەڵ ڕەفیقان
هێزت نەماوە
من لە داخی ظوڵمی غەیرە لە کوردان
پشتم چەماوە
تۆش لە بینینی گەردن پڕخاڵان
واقت وڕماوە

❊

٣٩/٥/٢٠

ئەمە نامەی دواجارمە، ئەمە نیشانەی شینوزارمە
من لەمەودواوە مزگەوتماڵمە، غەریبی و کەساسی و گریان کارمە

❊

٣٩/٥/٣٠

من کوژراوی حقووقی وەطەن و بیکەس و فەقیر
تۆش کوشتەی دڵدار و زوڵفی چون زنجیر
چالاک، وەرە تۆ پیمەنی بەسەر پێست و کلکی بێچووە مارا
مەنصوور هەزار حەقی وت و کردیشیان بەسەر دارا

❊

ئەی ئەدیبە، ئەی پەری، قەد وەکوو سەروی ڕەوان
بۆ دڵی چالاکت لەتکرد، تۆ بە ئەبرۆی چون کەوان
بۆچ لە عومری گەنجییا باغی مورادت پیوەران
بۆ وەکوو داری عەرعەر گەردنی بەرزت نەوان

بەشێ لە بەشەکانی ژیان:

## لە وڵاتی تێروپڕدا، ڕووتوقووتەکان

١٩٣٩/١١/٢٠

لەو کاتە کە دەوڵەمەندەکان لەسەر گۆشت و پێ و پێستەوە خۆیان پێچابووەوە بە جلی گەرمی زستانە و سکیان پڕکردبوو بە خواردنەوەی گەرم وە بە چەتر و مشەمماوە ئەڕۆیشتن بە قەراغ ڕێگاکاندا، کوڕ بۆ لای دایک و باوکی وە باوک بۆ ناو ماڵومنداڵی، هەژار لە کونجی توونێکی تاریکی پڕدووکەڵدا لەتاو سەرمای زستان وە بێبەرگی، هاوار وناڵەی برسێتیی لەبیرچووبووەوە، خەو زێفی لێساندبوو، پشتی دابوو بە دیواری توونەکەوە و خەوی لێکەوتبوو، بەڵام چی جۆرە خەولێکەوتنێ! قیژاندن و گرمەگرمی توونچییەکە هەڵیساندەوە، پێیوت: "بڕۆرە دەرەوە، تەماتنییە ئیمشەو شتێ بدزی؟!". هەژار بە دەنگێکی پڕ لە حەسرەتەوە، بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە، بە سەرێکی کزەوە، بە ئەژنۆیەکی لەرزیوەوە، وتی: "برا گیان، ڕەحمکە بە فەقیر، فەقیرە، وا مەزانە هەرچی فەقیربوو دزە. هەموو شارم تێکداوە، کەس جێینەکردمەوە. ئیمشەو جێمبکەرەوە، لە ڕێی ئینسانییەت و برایەتیمانا لە زبان و دیندا." ئەم چەند قسەیە کابرای بەستەوە، نەیتوانی نە دەمی وە نە قاچی بجوولێنێ.

لەم کاتەدا دوو پۆلیس سەریانکرد بە توونەکەدا و هەراوهوریایەکی گەورە پەیدابوو لە دەری توونەکە. هەژار گوێی لەم قسانە بوو کە کۆمەڵەکەی دەرەوە بە دەنگێکی بەرز ئەیانوت: "ئەبێ لێرەبێ، دزەکە لێرەیە....." دوو پۆلیسەکە پەلی هەژاریان گرت و کەلەپچەیانکرد و هێنایانە دەرەوە بە شەق و تێهەڵدان. کە گەیشتە بەر دەرکی توونەکە، تەماشایکرد کۆمەڵێ لەوانەی کە لە سەرەوە باسمانکردن، ڕاوەستاون بۆ ئیستیقبالی. کە دییان، هاتن بەرەوڕووی، دەستیانکرد بە تف وە بەڵغەم پیادانی و پێیانئەوت: "خوا تا کێو نەبینێ، بەفری تێناکا". بیبەن بۆ مەحکەمە، حەپسیکەن. با یەکێ لە دز و درۆزنەکان کەمبێتەوە."

دەستیانکرد بە ڕاکێشانی بەسەر ئەو بەفر و سەهۆڵەدا، بە توێی فانیلەیەکی دڕاو و دەرپێیەکی کورتی پینەکراو. لە دڵی خۆیدا ئەیوت: "خوایە، ئەترسم فانیلە و دەرپێکەم بدڕێ لەم ڕاکێشانەدا. ئینجا بە چی گەرمببمەوە؟ خۆ تۆ گۆشت و پیویشت پێ کەرەمنەکردووم، لە ئێسقان و چەرم زیاتر."

گەیشتنە کۆلانێکی تەنگی پڕ لە قوڕ و چڵپاو. لەوێدا هاوار و ناڵەی کرد و وتی: "بەسم ڕابکێشن، هەتا ئێستا ڕاتانکێشاوم، با لێرەدا نەکەومە ناو ئەم قوڕ و چڵپاوەوە." گوێیاننەدایە پاڕانەوە و لالانەوەی، وەکوو لاکێکی مردوو بەبێ ڕەحم و شەفەقەت ڕایانکێشا، وەکوو جورمێکی گەورەی کردبێ، کەچی لە گوڵیش پاکتر و خاوێنتر بوو، هیچ خراپەیەکی نەبوو، ئیللا فەقیرێکی بێ جل و پێڵاو و نان بوو.

لەو کاتەدا دوا ڕووناکیی ڕۆژ ڕایکرد و عەسکەری تاریکی خۆی دا بەسەر شاخ و چیا و دەریادا وە بەیداغی ڕەشی سامداری داکوتا وە کزەبایەکی ساردی بەهێزی هەڵکرد، چرای کۆلانەکەی شاردەوە و دنیا بوو بە شەوەزەنگ. کوڕە برسییەتی وە سەرما و خۆشەویستیی ئینتیقام زێفی لێسەند، پەلاماری پۆلیسەکەی دا، بە سەرداخستن وە بە بازووە بەهێزەکانی کەلەپچەکەی شکاند وە پەلاماری ئەوانەی دا کە شوێنێکەوتبوون، وە وتی: "داوای پارچەیەک نان و ستاری شەوێکم لێکردن، جوابدانەوەتان، دەرگاداخستن و دەرکردن بوو. شەرەف و پیاوەتیم قبووڵینەکرد نە دزی وە نە ئیشی خراپە بکەم دەرحەق بە هاووڵاتم، چوومە پیسترین جێگاوە، کەچی بە دزتان دانام، بەبێ ئەوەی کەستان بمبینن. ئێستاکەش لەپاش ئەوەی شەرەفتان پیسکردووم، شوێنمئەکەون، بۆ ئەوەی دواییم بزانن. دەسا لەمەودواوە ڕاوەستن، بزانن قەصر دروستناکەم لە کەللەی سەرتان و کورسی دروستناکەم لە ئێسقان و لوولاقتان؟! پەلاماری گورگەیەکی دا وە دەستیکرد بە کوشتن، هەتا ئەو بازووە پۆڵاییە لەهێزکەوت. ئینجا ڕوویکردە قەراغ شار وە چووە ئەو جێیەی کە ماوای بێجێگایە وە پوشتەی بێبەهایە، وە دەنگی کەسی لێنایە، ڕوویکردە ئەو جێیەی کە قانوونی بەشەریی پیس باڵینەداوە بەسەریا، کردگار، کردگار!

*

١٩٣٩/١١/٢٣

(تاریخی نەقڵکردنی لە دەفتەرێکیترەوە)

تشرینی دووەم

پیاوی ضەعیف هەر وەکوو لە هەموو شتێکدا حقووقی غەصبە، هەروەهاش لە دڵداریدا. پیاوی بەقووەت بە واسیطەی نفووذیەوە، ئەو کچەی دەستئەکەوێ وە حقووقی پیاوی ضەعیف ئەفەوتێ. ئەبێ بشزانن کە فەقیر ضەعیفە و ضەعیف فەقیرە و دەوڵەمەند بەقووەتە وە بەقووەت دەوڵەمەندە، جوان دەوڵەمەندە و ناشیرین فەقیر و هەرچەندیش جوان بێ لە نەفسیشا و لە جسمیشا!

شەرتی دڵداریی تەواو ئەوەیە کە گۆڕڕاوە بێت، ئەگینا داواکردنی تەعەددییە. دڵداری فەضیلەیە هەرچەند شتی بێتەڕێ وەیا ئەحواڵی هەڵبگەڕێتەوە، چونکی ئەساسی عیمران و شەفەقەت و ڕەحمەت و ئینسانییەتە. فەضیلەتدارەکان دائیمەن ئەوانەن کە دڵدارن. ئەگەر ئەوان نەبوونایە، دنیا خاڵیئەبوو لە پیاوەتی و ڕەحمەت. ئەگەر دڵداری نەبووایە، ژیان وەکوو دەشت و چۆڵێک ئەبوو کە هەوای گەرم و ئاوی تاڵە، بەڵام ئەو شتەی کە ئاوی شیرین و هەوای گەرم بە نەسیمی بەری بەیانیان ئەگۆڕێ، دڵدارییە.

س: چی کات دڵدار، ئەگەر زانیی ناگاتە کچەکە وە حەزیشی لێناکات؟

ج: ئەگەر لێی مەعلوومبوو ئەبێ بمرێ، چونکی ژیان بۆ دڵداران بەبێ خۆشەویست نییە لە دنیادا. بەڵام ئەگەر ژیا، ئەوا دائیمەن بە زەلیلی و ناخۆشی ئەژی. ئەو وەختە هەر مەجبوورە سەفەربکات، چونکی ئێرە جێی ئەو نییە.

*

**وەنەوشە**[١]

ئەی پەرییە شیرینەکەم، ئەی نازک و نازەنینەکەم

ئەی دنیا و دینەکەم، تۆش وەکوو وەنەوشە بوویتایە

بەڵام ژنیش هەیە و ژانیش هەیە

---

[١] ناوی کچێکە لە کتێبی "حصادي الأول"دایە، ئەنوەر شائوول. (ڕ.چ)

## هێلانە

نووسینی: عەبدولمونعیم خەللاف

دارەکان، تا جێیان هێلانەی پڕ لە دڵداری و خۆشەویستی و بەزەیی پیاهاتنەوەیە، فڕندەی بێباڵ و باڵداری تیایە، وە لەش بێتووک و تووکداری تیایە، دڵداریی تیا ئەگۆڕێتەوە دەنووک بە دەنووک.

دڵی پاکی گەردی تیایە... دڵی فڕندەی تووکداری ڕەنگاوڕەنگ وە چاوی پاکی تێدایە کە پاکییەکەی لە تەماشاکردنی ئاسمان وەرگیراوە. هێلانەی دروستکراو لە پووش و چیلکە و گەڵای دار، هیلاکبوون لە کردنیا دایکە و باوکە بۆ پێگەیاندنی ئەو ڕاستییەی کە لە دڵیانایە بۆ ژیان. ئەمانە دروستیانکردووە بەو دەنووکانەی کە ئەیخەنە ناو یەکەوە لە کاتی دڵداریدا.

لە هەموو هێلانەیەکدا دوو بێچووی تیایە، یارمەتیی یەکتری ئەدەن بۆ تەماشاکردنی ئافاقی دوور وە تەنیایی.

لە دوو هێلکەی دڕاوی هاتوونە دەرەوە، سەریان ئەجووڵێنن بە چاوی نووقاوەوە، بێپەڕوباڵ. زەرنەقووتە موعەڕەضی زۆر شتی کوشتارن، وەکوو سەرماوسۆڵەی زستان وە گەرمای چلە وە دەمانی پڕ دانی تیژ.

لەو دوو هێلکەیە سەرچاوەی دڵداریی دائیمی پەیدابووە، ئەو دوو دڵە بچکۆلە چنراوەی بەیەکەوە بەست، کە لە هەوا و ڕووناکی و پاکییە.

ئەمە خۆشەویستییەکی برایەتییە و خۆشەویستییەکی کۆمەڵییە وە خۆشەویستییەکی دڵدارییە لەیەک کاتدا، وە خۆشەویستییەکیتریشە لە دنیای تاریکی و ڕووناکی، وە خۆشەویستییەکی جووتبوونیشە دیسان.

قسەکردنیان لەو باڵندە گەورەیەیە کە بەیانیان لە شەرقەوە هەڵئەستێ دڵیان پڕئەکات لە گەرمبوونەوە و چاویان پڕئەکات لەو ڕووناکییەی کە لقوپۆپ و چڵ و گەڵای دارەکەیان بۆ ڕووناکئەکاتەوە لەگەڵ دوژمن و دۆستیان.

ئایا جارێک دایکی ئەم بێچووانەتان نەدیوە لەگەڵ بێچووەکانیا لەناو هێلانەکەی؟ ئایا بەخەبەری و صەبر و خۆشەویستیی ئەم دایکەتان چاو لێنەبووە؟ ئەم زەڕنەقووتانە بانگئەکەن، بانگکردنێکی پاک، بە قوڕگێکی تازەپێگەیشتووی دەنگ باریکی. وە کە گەورەکان بانگئەکەن و قار و هەست بە مەسئوولیەتی تەربییەیان تێدا دەرئەکەوێ. ئەگەر شێر نزیکبێتەوە لەم هێلانەیە، ئەترسێ وە دەستئەکات بە لەرزین، چونکی ئەو فڕندە بچووکە بێهێزە پەلاماری ئەو پاشا گەورەیە ئەدات، بەبێ ئاگالەخۆبوون، لەبەر ئەو مانێتیی ژیانەی کە لە دڵیایەتی وە لەبەر جگەرسووتان وە گوێنەداتە مردن.

تووڕەبوونی فڕندە بۆ هێلانەکەی شتێکی بەکەڵک و گەورە و جوانە. خۆی گیڤئەدات هەتا لە پەڕەکانیەوە گڕی ئاگرین دێتە دەرەوە، وە دەنووکی درێژئەکات بۆ سنگی پەلاماردەر.

*

خۆزگە هەندێ لە خائینەکانی وەطەن و جێگای خۆیان، ئەم سیرە موقەدەسەی کردگارە تێبگەیشتنایە کە لە دڵی بەشەردایە، بەگوێرەی ئەوە ئیشیانبکردایە، ئەگەرچی بەقەی تێکۆشینی فڕندەی بێهێزیش ببووایە.

*

ئایا جێگات کوێیە؟

جێگام لە هەموو جێیەکە وە ماڵم هەر چوارلایە، لەسەر لوتکەی شاخان، وە لەناو چڵی دارستان، لە لێواری ڕووباران، لەبن بەرد و لەناو گردان. وە ڕۆحم ئەژی لە بەینی ڕۆژ و دەریادا و دڵم لەگەڵ ئەدیبەیە تا وشکبوونەوەی!

*

لە دنیادا ڕەفیقایەتی نییە. دنیا بوو بە ساحەی شەڕ و حەرب. ئینسان برای ئینسانی خۆی ئەفەوتێنێ، هاوزبان جاسووسی بەسەر هاوزبان و خوێن و گۆشتی خۆیەوە ئەکات، بۆ پارە، بۆ طەماع.

هەوا لە شەڕدایە لەگەڵ داردا، ئەگەر نەختێ گوێبگری لە شەوێکی خامۆشدا، گوێت لە نکە و ناڵەی ئەبێ بەدرێژایی و ژیان و مردن لە شەڕێک و ڕاکردندان. کۆن هەمووی شەڕ و هەوڵدان و کوشتن و ناحەقی و جەور و

پارەپەرستی و بێعەدلییە. حەقیقەتەن دنیا مەکتەبێکی سەیرە، بەڵام ئەوی لێی هاتەدەرەوە، نە بە مامۆستایی وە نە بە قوتابیەتی، ناگەڕێتەوە ناوی، وە ئەمە مونتەهای بێعەدلییە.

*

مەحزوونیی خەفەتخواردن و ڕەنگ زەردبوون و ضەعیفبوون چییە؟ ئەمانە ئەوەیە کە حەزی لێبکەیت و لەو کاتەدا کە لە ئاسمان وەکوو حۆری بە دوو باڵی ئاڵتوونی بێتەخوارەوە، باڵتی بۆ بکەیتەوە، سنگتی بۆ ئامادەبکەیت، کە بێتە ناو دڵتەوە، بەڵام نەختێ لابکات یا دەستیکی بەهێزی پڕزۆر دێ، زرنگەدار ڕایبکێشێ. ئەوە خەفەتە، ئەوە فەوتاندنە، ئەوە نەخۆشییە "وەکوو خۆم".

*

ئێستا هیچ جێیەکی لە دڵمدا نییە، وەکوو گەڵای پاییز بە داری ئەمساڵی بەهارەوە نییە. (A قەصدم A نییە، چونکی هیی من نییە!)

*

فڕندەکان دەستیانکرد بە سەفەرکردن. هەندێکیان لە ترسی ڕاوکەر و هەندێکیتریان لەبەر سەرماوسۆڵە، هەندێکیان لەبەر برسێتی.

ئەی ئەو کەسەی کە لەسەر عەرشی دڵم دانیشتووی، خۆ من ڕاوکەرت نەبووم، بۆچی ڕفیت؟

خۆ بەخوا باوەڕیشناکەم نە سەرما وە نە برسێتیش بووبێ. ئەگەر واش بووبێ، خەتای خۆت بوو. خۆ کلیلی دڵمت پێبوو، بۆ هەڵتنەدڕی و نەچوویتە ناویەوە؟ یا هەر ویستت بە ناسۆری تەنیاییەوە سەربنێمەوە!

*

ئیمڕۆ لە هیچ جێیەک ئارامم نەبوو وە قەرارمنەئەگرت، هەردەم لە جێیەک بووم. تاوێ دانیشتن، تاوێ ڕاوەستان، تاوێ پاڵکەوتن، حاڵم بوو. گوێم لە دەنگی فڕندەیەک بوو، بەشوێن دەنگیەوە ڕۆیشتم، تا گەیشتمە نزیک ئەو دارەی کە خزمەتیکی زۆرم کردووە بەدرێژاییی پاییز و زستان. ڕوانیم بەرەکەیان لێکردۆتەوە وە پەشۆکاندوویانە. لەو کاتەشدا فڕندەکە فڕی وە لە گۆرانیوتن بووەوە. زانیم کە لە بەرەکە مەحرووم‌بووم لە کاتی پێگەیاندنیا.

ئەی ئەو کەسەی کە بەری جوان و شیرین و خۆشت بردم، یا خوا دەستت خۆش‌بێ، چونکی گوڵی جوانی ناو باغی بەیانی، باغەوان دڵی نایەت بیکاتەوە، هەتا کەری دی بە لمۆزە زلەکەی بۆنی‌ئەکات وە بە ناڵەکانی ئەیپلیشێنێتەوە.

*

ویقار و غەمبارییەکی زۆر و تێکچوون، شەفەقەتی نازکئەندامان هەڵئەسێنێ. وە دڵداریش شەفەقەتی موجەسەمە. ئەو کاتە بە تەدریجی دڵداری پەیدائەبێ، بە شەرتێ هەردوو دڵ لێدەر (عاطیفەی تیابێ) بن وە کوڕە چاوی ڕاکێشەر (موغناطیسی) بێ.

*

## دەستی دڵدار و هەژار و مەظلووم ئەگرم

شتی ڕاست ئەکەم بە دەمی هەموو کەسێکدا، ئەگەر لە زەهریش تاڵتربێ، وە لاوان پێئەگەیێنم بۆ تۆڵەسەندن وە پێکەوەنانی سەربەستیی بێپێچوپەنا، وە هەوڵئەدەم بۆ لەناوبردنی هەموو خراپەیەک وە خراپەکەرێ. ئینجا لە کاتی پێویستی و هاواری وڵاتمدا، ڕۆحیشم فیدائەکەم و ئەو حەلەش ئۆف و ئاخ هەڵئەکێشم، کە بەتەواوی خزمەتی وڵاتم و ئینسانییەتم نەکرد.

*

کوردستان، خۆشەویستیت لە هەموو موقەددەساتێک زیاترە. لەجیاتیی دڵدار حەزت لێئەکەم وە دەم ئەخەمە ناو ئاوتەوە. وە لەجیاتیی دیندار گوێ لە شەرع و وعظ و ئەمرکردنت ئەگرم.

*

دیندارم، چونکی کوردستان ئەپەرستم. ئەگەر ئەشمرم و ئەچمە جەهەنەمەوە، سەرمای زستانت، ڕەشەبای هاوینت، نەخۆشیی پاییزت، هەموویان دڵم ڕائەکێشن بۆ فەنابوونم لە ڕێتا، ئەی کوردستان. وە سەعات بە سەعات زیاتر لێت نزیکئەبمەوە وە سیحری عیبادەتت تێئەگەم. لە دین موقەددەستری، لە یار جوانتری، لە خواردنی گیان و لەش خۆشتری، ئەی کوردستان.

*

بەهار هات وە کراسی سپیی بە دەشت و گرد و شاخ داکەند و کراسی سەوز و سووری ڕەنگاوڕەنگی لەبەرکرد. من هەر خۆمم، نەگۆڕام. گوڵان دەستیانکرد بە دەمکردنەوە و بۆنە خۆشەکەی خۆیان بەناو هەوادا بڵاوکردەوە. من پار چۆن بووم، هەر وام، نەگۆڕام. کانییەکان تەقین و ئاوی پاکیان نارد بۆ زەوییەکان. نازداران پۆل پۆل، چی کچ و چی کوڕ، چوون بۆ بەزم و سەیران. من چۆن بووم پار، نەگۆڕام.

پەپوولەی زەردی ئاڵتوونی و سپیی بەفرین دەستیانکرد بە بووژانەوە و جووڵانەوە لەناو باغەکاندا. من چۆن بووم پار، هەر وام، نەگۆڕام. قومری و کەو و سوێسکە و هوزار و کۆترەباریکە، هێلانەکانیان تازەکردەوە وماڵیان ڕێکخست و

دەستیان‌کرد بە خوێندن و جریوەجریو. من چۆن بووم پار، نەگۆڕام. پۆل پۆل دڵداران گۆرانیی دڵداریی پاکیان بە هەوادا نارد بۆیان. من چۆنم، هەر وام، پار چۆنت دیم، ئێستەش وام. ئاو کەمی‌کرد. گەرمای هاوین هات، ترۆزی و کاڵەک هاتە بازاڕ. چۆنت [دیم]، ئێستەش وام. میوە پێ‌گەیشت، خەڵق چوونە سەربان، دەستیان‌کرد بە چیغ‌هەڵدان. چۆنت دیم، هەر وام، نەگۆڕام. مەکتەب داخرا، هەر کەسە ڕووی‌کردەوە ماڵی خۆی؛ یەکێ دڵخۆشە، یەکێ دڵبریندار، یەکێ لە بەینی هەردووکیانا.

من چۆن بووم، هەر وام، نەگۆڕام. ترێ و شووتی هاتە بازاڕ، باغەوان دەستی‌کرد بە بەرخواردنی ئیش‌وکاری. من چۆن بووم پار، هەر وام، نەگۆڕاوم.

گەنجان دەستیان‌کرد بە گۆرانی‌وتن بە شەو؛ ئەم بە بەر دەرکی ماڵی یاریا کە حەزی لێ‌ناکات، ئەو بە بەر دەرکی ماڵی یاری پێشووی‌دا و ئەیەوێ دڵداریی کۆنی بیربخاتەوە. یەکێکی‌تریان ئەیەوێ یارێکی تازە بۆ خۆی بدۆزێتەوە. من چۆن بووم پار، هەر وام، نەگۆڕاوم. گەلاوێژ هەڵهات، خەڵق ڕوویان‌کردە حەوشە و هەیوان، چۆن بووم، وام، نەگۆڕام.

*

(نەقڵ‌کراوە بە تاریخی ۳۹/۱۲/۲۹ لە دەفتەری ڕەقەم ۱ یەک )

۱. کەی دڵ باری خەفەت و ئێش و ئازاری هەڵگرت، کردگاریش بەو جۆرە کراسی خۆی دائەپۆشی لە بەرچاوی.

۲. ئەو جێگایەی کە دوو دڵداری دڵپاکی تیا جیائەبێتەوە، ئەگەر فیردەوس (بەهەشت) بێ، ئەبێ بە سەقەری جەهەنەم لە بەرچاویان.

*

**گەلاوێژ**

گەلاوێژ هەڵدێ لەو کاتەدا کە دار و باغ و بێستان و شاخ و چیا و گرد و دۆڵ و مێرگ و مێرغوزاری کوردستان خۆی ڕازاندۆتەوە بە خشڵی جوانی کردگار، لەو کاتەدا هەڵدێ کە نەسیمی بەری بەیانی خۆی ئەکێشێتەوە بەناو لقوپۆپی گوڵانا وە بەناو داری دارستانا، بە مات و مەلوولی ڕووئەکاتە شاری بێدەنگی. تاریکیی خامۆش ڕائەبوورێ بەسەر کۆخی لەپووشوپەلاشدروستکراو، لە درزی دەرگاکەوە ئەچێتە ژووری خالیی گەسکلێدراو لە هەموو ماڵی دنیا. ئینجا ئەگەڕێتەوە، ئەڕوا بەسەر دەموچاوی فەقیردا، ئارەقی زوڵاڵی ئێشی ڕۆژی ئەسڕێ و ڕووئەکاتە چایخانەکان، هەندێ سەرخۆشی ڕشاوەی ئاگالەخۆنەماو ئەبینێ. ئینجا ڕووئەکاتە ماڵی قومارکەرەکان بە جنێودان و شەقتێهەڵدان و چاومۆڕکردنەوە، دڵلێدان و پێکەنین و ئینتیحار و ڕووتوقووتی و پۆشتەیی ئەبینێ. ئینجا ڕووئەکاتە قەصری دەوڵەمەند، هەرچەند ئەکات ناتوانێ بچێ بە درزی دەرگاوە یا بە پەنجەرەی شووشەوە، مەجبوورئەبێ خۆی بچووکترئەکاتەوە و ئەچێتە ژوورێ، صندووقی ئاسنینی قفڵلێدراوی ئەستووری پڕ پارە و خشڵ ئەبینێ، ژووری پڕ فەرش و چوارپایە و مێز و کورسی و کاغەذی قومار و خواردنەوە ئەبینێ. ئینجا ڕووئەکاتە ماڵی دڵدار، یاری نازدار و بەوەفا و خۆشەویستەکەی ئەبینێ کە دەستیانکردۆتە ملی یەک.

*

بەغدا، ٤٠/٢/٩

ڕاوەستاوم بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات، تەماشای ئەو پەڵە هەورە گەورەیە ئەکەم، بەری ڕۆژی لێگرتووم لەو کاتەدا کە هەڵدێ. لەپاش کەمێ ئەو فڕندە ئاڵتوونییە ناوجەرگی ئەو پەڵە هەورەی هەڵدڕی بە ڕووناکیی ڕەنگزەردی تیژی خێرای وە خۆی پیشانی دنیا دا وە هەموو کەونی ڕووناککردەوە. غونچەی گوڵی سوور دەمیکردەوە، نێرگز پیستی دەوری منالّیی شەق پێبرد و بۆنی خۆشی خۆی بەناو کزەبای ساردا بڵاوکردەوە. فڕندەکان لەسەر لقوپۆپی دارەکان بە دەنووکە بچووکەکانیان دەستیانکرد بە خۆخوراندن.

*

٤٠/٢/٢٠

هەموو خەمبارییەک تەواوئەبێ

خەمباریی دڵ، مردن، نەبێ

*

پارە ئەچێتە سەر پارە

وە خەفەتیش ئەچێتە سەر خەفەت

*

کە خەڵقی بۆ خۆشەویستێکیان ئەگریان، گاڵتەم پێئەهات

هەتاکوو خوا وای کرد بەسەر خۆما هات

*

ئەم ژیانەمان زۆر زۆر تاریکە

تاوێ ڕووناکە و تاوێ تاریکە

*

خەمباری، هەندێ جار پیسی لە دڵ لائەبات، وە هەندێ جاریش دڵ پیسئەکات.

*

١٩٤٠/٢/٢٠

ئەی مانگ، بێباوک، بێکەس، مامەوە

لە بەحری خەما چاک تلامەوە

بووم بە هەتیو و بووشم بە باوک

کێ دیویە دوولێو بە یەکجامەوە

خەم هات و ڕۆیی بە گشت لەشمدا

لە گەرماییی خەم چاک توامەوە

ئەی مانگ، دەرمانی بۆ لەشی تواوەم

دەرمان لای تۆیە، نییە بەلامەوە

## مادده[1] گۆڕرا به جۆرێکیتر

بۆ ئەو کەسەی پارە هێزی ئەژنۆ و دین و دنیا و ڕۆحیەتی

وە بۆ ئەو کەسەی پەردەی مادده تاوتاو هەڵئەوەشێنێ و ئەیدا بەدەم باوە

ئیمشەو لەوکاتەدا کە ئەستێرەکان تریفەتریف ڕووناکییە کەمەکەیان ئەنارد بۆ زەویی تاریک و ڕەش، وەستابووم لەبن دارەکەی سرپۆشمدا، تەماشای زەوییەکەم ئەکرد، دەمویست جێپێیەکانت بدۆزمەوە لەپاش بێئەمەلیم. لە هەموو جۆرە ڕەحمێکت لەم کاتەدا مانگ ڕووناکییە زیوییەکەی خۆی تاوتاو لەپشت لقوپۆپەکانەوە بە ناز و بە عیشوە ڕەوانەکردە بەردەمم. هەتا کەمێ بە جوانیی ئەم ڕووناکییەوە خەریکبووم. لەپاشدا بریقوهووڕی شتێک ڕایکێشام، چووم بۆی دانەویمەوە، دەستم بۆ درێژکرد و ڕوانیم فلسێکە وە کاغەزێکی لەژێردایە. کاغەزەکەشم هەڵگرت وە دەستمکرد بە خوێندنەوەی، ئەمانەی تیا نووسرابوو: "لەپشت ماددەوە، تەماشای هەموو جوانییەک ئەکەن. ئەگەر ئەم فلسەم لەسەر ئەم پارچە کاغەزە دانەنایە، کەس گوێینەئەدایە پارچەکاغەزێکی کەوتوو".

هەموو چاکییەک، هەموو جوانییەک، هەموو ڕەحم و شەفەقەت و ئینسانییەتێک، لەژێر پەردەی ماددەوەیە وە مادده شاردوویەتیەوە وە کردوویەتی بە عەرشی خۆی. پەردەی مادده لەتوپەتبکەن وە بیدڕێنن وە فڕێیبدەن وە مادده لەسەر عەرش بهێننەخوارەوە، سەعادەتی نیهائیتان بۆ دەرئەکەوێ وە بە خۆشی ئەژین، موساویئەبن لە هەموو شتێکدا. فەقیر لە برسان نامرێ وە دڵدار بە سیلەوە سەرنانێتەوە. دەوڵەمەند ئینتەلاناکات لە تێریی گشت جۆرە شتێک".

*

ویستم ڕیوایەتێک دابنێم، بەڵام وا جارێ وەختم نییە ئەم تۆزەم لێنووسی:

- ڕۆژباش، نەریمان.
- ژیانت باش، بێباک.

---

[1] مادده: پارە، طەماع. (ڕ.چ)

– بێباک، بۆ دیارنیت و ناتبینم، برادەری وا ئەبێ؟!

– نەریمان، برا شیرینەکەم، خەریکی دەستپێشکەریم لێئەکەیت، لەجیاتیی ئەوەی من بە تۆ بڵێم بۆچی دیارنیت وە ئەم سێ ڕۆژە لە کوێیت؟ کەچی تۆ وا بە من ئەڵێیت. پێشوونان فەرمویانە: "هەتا ماڵخۆ دزی گرت، دز ماڵخۆی گرت".

– کەواتە بێباک خەتا لە هەردووکمانەوەیە. ڕاستت ئەوێ، من لە ماڵەوە نەبووم، ئەم هەفتەیە مەکتەب تەعطیلە و ئەمەوێ نەختێ بحەسێمەوە. وا باوکم ڕەوانەیکردم بۆ دێیەکەمان بۆ هەندێ ئیشوکار. خۆزگە، بێباک گیان، بهاتایە لەگەڵما، هاوینە، چەند ڕۆژ بەیەکەوە لەوێ ڕامانبواردایە.

– ئەی نەریمان، نازانی من چەند حەز لەناو دارستان و ڕەز و سەرچاوە و خانووی کۆخی لادێی بێتەکلیف ئەکەم. بە یەزدان، ئەوەندەم پێخۆشە، بە یەکەوە بچووینایە، هەر نەبێتەوە. دوو مانگ، شتێکی وامان ماوە کە لە ئیمتیحان بووینەوە، ئەچین پشت بە یەزدان.

بێباک: ڕۆژی شەممە مەکتەب دائەنریتەوە، وا بزانم؟

نەیمان: بەڵێ، ڕۆژی شەممە دائەنرێتەوە. بەیانیی شەممە لەسەرم ڕابوەستە هەتا دێم، بەیەکەوە ئەچین بۆ مەکتەب.

بێباک: بەسەر چاو، ڕائەوەستم لەسەرت، بەڵام مەعنای ئەم قسەیە، یەعنی ئیتر نامبینیتەوە هەتا ڕۆژی شەممە.

نەریمان: بە خوا –کاکە گیان– ئیشم زۆرە، ناتوانم سەرم بخورێنم، ئەبێ عەفومبکەی. ئەبێ هەموو ئیشێکم لەم هەفتەیەدا بکەم، خۆشت ئەزانی ئیمتیحان زۆر نزیکبۆتەوە. بێمە دەرەوە، چی بکەم؟ سەعی لە هەموو شتێ چاکترە.

– گوایە نەریمان هەموو ساڵێ یا بە یەکەم یا بە دووەم دەرئەچی، ئیتر گوایە چیت ئەوێ. ئەی من چی بکەم؟ کە تۆ هێشتا بترسی لە ئیمتیحان!

– ئاخر براکەم کە چاک دەرچووم، ئەو وەختە ئەم سێ مانگە بە خۆشی ڕائەبوێرین.

*

– ڕۆژتان باش برایینە.

– ژیانت باش، کاکە گیان.

– چالاک، دیارنیت لەکوێ خۆت شاردبووەوە ئەم سێچوار ڕۆژە؟

– بە خوا نەریمان بووم بە داوێکی زۆر قایمەوە، هەرچەندە ئەکەم ناتوانم بیبچڕم.

– تێناگەم ئەڵێی چی، چالاک؟ گوایە بووی بە داوی چییەوە؟

– بە خوا ڕاستئەکەی، حەزم لە کچێ کردووە. هەرچەند ئەکەم نەئەتوانم وازی لێبێنم وە نەئەشتوانم وازی لێنەیەنم. ڕجائەکەم، لێمببوورن ئەبێ بڕۆم.

– خوات لەگەڵ، برا گیان.

– خوات لەگەڵ، چالاک.

– نەریمان، زۆر سەیرە ئەم حەزلێکردنە. گوایە لە قسەی قۆڕ زیاتر چیتر هەیە. دڵداری یەعنی چی و چییە؟ چیتە وا زەرد و لاوازی، حەزم لە کچێ کردووە. ئەم قسە قۆڕانە چییە. من دەرسی خۆم لەبەربکەم، لە مەکتەب دەربێم، گوێنادەمە هیچ جۆرە حەزلێکردنێک.

– ئێجگار وا نا، گوایە ئەمەندە بێدڵی، نەریمان؟

نەریمان: ئەی دڵداری چییە. تووخوا ئەگەر هەڵنەستی بڕۆین وردەوردە. حەزناکەم گوێم لەم جۆرە قسانە بێت.

بێباک: دڵداری چۆن تێئەگەی وای تێبگە، چونکە بەسەرت نەهاتووە. کە بەسەرت هات، ئەوکاتە تێیئەگەی دڵداری چییە. بڕۆ با بڕۆین.

نەریمان: حەزئەکەی بچین بۆ کوێ؟

بێباک: ئەچین بۆ باغەکەی لای حەمامی قشڵەوە، ئەڵێن زۆر خۆش بووە.

نەریمان: ئەوە باوکمە هاتەوە، ناتوانم بێم، ئەبێ لێمببووری، ئەڕۆمەوە بۆ ماڵێ.

بێباک: خوات لەگەڵ.

*

## عیبرەتێ بۆ ئەو کچانەی کە خۆیان ئەفرۆشن

دڵدارە شیرینەکەم، بیستم کە ئەو کەسەی گوڵی کچێنیی هەڵوەران وە تاجی عەفافەتی هەڵوەشاند وە جلی بووکێنیی لەبەرکردیت و دایکەندەوە لەبەرت، ئەیەوێ بتنێرێتەوە بۆ ماڵی خۆتان، بێ گوڵی کچێنیت وە بێ تاجی عەفافت وە بێ ڕەنگ‌وبۆی جوانیت؟ ئایا ئەزانی بۆچی؟ چونکی حەزی لێئەکردیت. بەڵێ، چونکی حەزلێکردنەکەی وەقتی وە شەهوانی بوو. حەزلێکردنێکی پاک نەبوو، کە بمێنێ بە درێژاییی ژیان. لەبەرئەوە وات بەسەرهات.

گیانە، حەزمان لە یەکتری کرد، لە ١٣ساڵیدا دەستمان خستە دەستی یەک، لە ١٦ساڵیدا فرمێسکی لەیەکجیابوونەوەم ڕشت، لە ١٧ساڵیدا داخ و حەسرەتم هەڵکێشا هەتا توانیم، وە باری خەفەت و لەیەکجیابوونەوەم هەڵگرت هەتا پێمکرا. تۆش پارە و جل و خانووی خۆش بەری چاوتی گرت، وە زڕەی پارە گوێچکەی کەڕکردی وە زەردەخەنەی دروستکراوی قەڵب هەڵیخەڵەتاندی.

نە چاوت لەم حاڵە ناخۆشەی من بوو، وە نە گوێت لە ئاخ و ناڵە و هاواری من بوو، کە ئەموت: "ئەم جووتبوونە بێکەڵکە، خۆت بەفیڕۆمەدە، مەچۆرە لای یەکێک کە کێی لە تۆ بە جوانتر دی، تۆی لەبیرچێتەوە، وە کە جامی مەیی نا بەسەریەوە، هەرچیی پێبکرێ لە خراپی، ئەیکات وە هەتا بەری‌بەیان ناگەڕێتەوە، تۆ بە تاقی تەنیا لە ماڵێکی چۆڵدا بەجێئەهێڵێ. وە مومکینە هەزاران نەخۆشیت پێبگەیێنێ".

ئەی یار، زەردەخەنەی درۆ زوو دەرئەکەوێ. چاوت لێیە چۆن بوو بە مۆڕبوونەوە و چاوسوورکردن لێت. لەپاشا چەندێ هاوارمکرد، وتم ئەو جێیە خۆشە کە دڵ پێی خۆشە، بەڵام لەگەڵ سوڵطانی پارەدا قسەی من بە خۆڕایی ڕۆیی، وەکوو هاوارێ بێ لەناو دۆڵێکی قووڵدا. مەکتەبت لەکیس‌چوو، گوڵی جوانیت سیس‌بوو. هەزاران کەس قسەی ئێوەیان جووەوە. بەڵام ئەشزانم کە لە گوڵی بەهار پاکتر و خاوێنتری، هیچ خراپەیەکت تیانییە، ئیللا بێوەفایی نەبێ، ئەویش لەگەڵ مندا. گوێنادەمێ، من چونکی بە جۆرێک تۆم خۆش‌ئەوێ، ئەگەر پێمبکرێ وە جێت‌بێتەوە، سینەم شەق‌بکەم وە تۆ بخەمە ناویەوە، وە هەر بەڵا و خراپەیەک تووشی تۆ ئەبێ، هەمووی من بیخەمە سەر شانی خۆم.

## برا هەژارەکەم

ئەی ئەو کەسەی هاتیە دنیاوە لەناو بێشکەی ناخۆشی‌دا و گەورەبووی لە باوەشی زیللەت‌دا، وە پێ‌گەیشتی لە ماڵی ئیستیبدادا، تۆی نانی وشکی خۆت ئەخۆی بە هەناسە هەڵکێشانەوە، ئاوی لێڵت ئەخۆیتەوە بە فرمێسکی گریانەوە.

وە ئەی ئەو عەسکەرەی شەریعەتی ظاڵمیی بەشەر حوکمی بەسەرا داوی کە مناڵە وردەکانت و شەریکی ژیانت و ڕەفیقانت بەجێ‌بهێڵی وە بچی بۆ ساحەی مردن، لەبەر خاتری طەماعێک کە پێی‌ئەڵێن پێویستی. وە ئەی ئەو شاعیرەی کە ئەژیت بە غەریبی لەناو وڵات‌دا و ونبوو و نەزانراوی لەناو کەسوکارتا و ڕازیت لە ژین بە پارووپەک وە لە ماڵی دنیا بە قەڵەم و کاغەزێک.

وەی ئەی ئەو حەپسەی خراویتە تاریکییەوە لەبەر کارێکی بچووک کە گەورەی‌ئەکەن، ئەوانەی ئەیانەوێ شەڕ بە شەڕ و ئیصلاح بە هۆی فەسادەوە چاکبکەی. وە تۆ ئەی ئەو بەسزمانەی خوا جوانییەکی داوەتێ، گەنجی ئەم کاتە شوێنت‌کەوتن وە هەڵیان‌فڕیواندی وە بەسەر فەقیریتا زاڵ‌بوون بە واسیطەی ئاڵتوون وە خۆتت تەسلیم‌کرد وە کەوتیتە ناو چنگی تیژی زیللەت و عارەوە.

ئێوە، ئەی خۆشەویستە بێ‌هێزەکانم، شەهیدی شەریعەتی ئینسانن. ئێوە کەساسن وە کەساسیتان نەتیجەی فەسادی بەهێز و جۆری حاکم و ظوڵمی دەوڵەمەند و خۆویستیی خزمەتکاری شەهەواتە. بێ‌هیوامەبن لە ظوڵمی ئەم عالەمە، چونکی لەپاش ماددەوە، لەپاش هەورەوە، لەپاش تەمەوە، لەپاش هەموو شتێکەوە، هێزێک هەیە، ئەو هەموو عەدلێکە، هەموو بەزەیی‌پیاهاتنەوە و شەفەقەتێکە.

ئێوە وەکوو ئەو گوڵانەن کە ڕوواون لە سێبەردا. لەپاش‌دا نەسیمێکی جوان بە لاتان‌دا تێ‌پەڕی وە لە تێپەڕینی‌دا تۆوتان هەڵئەگرێ بۆ لای ڕووناکیی ڕۆژ، لەوێ ژیانێکی خۆش ڕائەبوێرن.

ئێوە وەکوو ئەو دارە ڕووتانەن کە قورس‌بوون لەژێر بەفری زستان‌دا، لەپاش‌دا بەهار دێ وە پۆشتەئەبنەوە بە گەڵای سەوز و جوان. لەپاش‌دا حەقیقەت ئەو پەردەی فرمێسکە ئەدڕێنێ کە زەردەخەنەکانتانی شاردۆتەوە.

من ئێوە ماچ‌ئەکەم، ئەی کەسەکانم، وە ئەوانەم ناوێ کە ئێوە دەربەدەرئەکەن.

## پەردەیەک لە شەشی ئەیلوول

فێنکی دەستمکرد بە گەڕان تاکوو هیلاکبووم. ئەوساکە لە گۆیکانییەک دانیشتم، دەستمکرد بە تەماشای جوانیی ئاوەکەی بەردەمم و کتێبی "هەژاران"[1]م لە گیرفانم هێنایە دەرەوە، دەستمکرد بە خوێندنەوەی. لەوکاتە گوێم لە دەنگی منالێ بوو، ئەگریا و هاواریئەکرد: "بابە با بچین بۆ لای دایکم، ئەم دوو ڕۆژە بۆچی نەهاتەوە". لە پێشەوە وام زانی ئەم گریان و هاوارە هیچ نییە، هەڵبەست و خەیاڵم نەبێ، بەڵام بە چاویش منالەکەم دی بە جلە شڕەکانیەوە ڕایئەکرد بەشوێن پیاوێکی پیری چەماوە لەژێر کۆڵێکدا. هێزێک پاڵی پێوەنام وە هەڵیساندم بۆ ئەوەی پەڕەیەک لە کتێبی گەورەی ژیانم تێبگەیێنن. نزیکبوومەوە لە مامەی پیر. لەوکاتەشدا قورسیی کۆڵەکە مامەی پیری بێهێزکرد بۆ دانیشتن لە باریکەڕێگەکەدا. گورج منالە بچووکەکە چووە ناو باوەشیەوە، وتی بە دەنگێکی دەرهاتووە دەرەوە لەگەڵ قولپی گریان وە هەناسەهەڵکێشان: "بابە گیان، زۆرم برسییە، کەی ئەگەینە لای دایکم، نەختێ نانم بداتێ". مامەی پیر هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا لە سنگی پڕ داخ و دەردیەوە و وتی: "باوکەکەم، ناتوانی تۆ بێیت وە منیش ناتوانم هەڵتگرم، چونکی زۆر دوورە. تۆ بگەڕێرەوە بۆ ماڵەوە بۆ لای گوڵچین. ئینجا منیش ئەچم بەشوێن دایکتا، ئەیهێنمەوە و بەیانی کە هەڵسای لە خەو، چا و نان و نیسکێنە ئەخۆین". ماچێکی منالەکەی کرد و فرمێسکێکی خوێنین لە چاوی سیسی سووری پیرە هاتەخوارەوە بەسەر ڕوومەتی چرچی زەردی بێخوێنیدا. لەوێوە تکتک بەسەر مووی سپیی چەناگەدا هەڵخلیسکا و کەوتە سەر ڕوومەتی منالە بچووکەکە و وتی: "دە هەستە باوکەکەی باوکم، بڕۆرەوە، ئەو خوایە چاوی لێتبێ کە ئێمەی دروستکرد و بەم حالەی گەیاندین و ئەمانباتەوە بۆ خۆی". منالە بچووکە دڵپاکەکە سەری کزکرد بە سکی برسییەوە، بە ڕووتوقووتی، بە پێخاوسی، دەستیکرد بە ڕۆیشتن بەناو بەرد و دڕکی باریکەڕێگاکەدا.

---

[1] کتێبی "بؤساء"ی ڤیکتۆر هۆگۆ. (ڕ.چ)

ئەمەم هەموو دی و بیستوومن لەپشت مامەی پیرەوە ڕاوەستاوم. نە هێزی پێم هەیە بچمە پێشەوە، وە نە زمانم گۆئەکات قسەبکەم. لەپاشدا بە هەرچی چۆنێک بوو پێموت: "ڕۆژ باش، مامە گیان". وتی: "ژیانت باش، کوڕە شیرینەکەم". نەمزانی بە چی جۆرێ باسی لەگەڵدا دابمەزرێنم، لەبەرئەوە جگەرەیەکم دەرهێنا و وتم: "مامە، ئاگرت پێنییە؟"، وتی: "بۆ جگەرەم کێشاوە. ئەمە بیست ڕۆژە تا ئاگرم پێبێ". وتم: "بۆچی نەتکێشاوە، مامە؟"، وتی: "من نانم نییە بیخۆم، ئینجا جگەرە لە کوێ بکێشم!". دانیشتم لای مامەی پیری دنیاتاقیکەرەوە و وتم: "مامە گیان، گوێم لە چەند قسەیەکت بوو کە بە مناڵەت ئەوت، باسی گوڵچین و دایکی ڕۆیشتوو و شتی وات ئەکرد. بێزەحمەت، ئەبێ وەکوو باوک بۆ کوڕی خۆی شت ئەگێڕێتەوە، تووخوا ئەگەر تۆش بۆم نەگێڕیتەوە، چونکی دڵم زۆر لە مەراقدایە". وتی: "بە شەرتێ بۆت ئەگێڕمەوە کە ئەم ئێوارەیە نان بێنی بۆ حەمە و گوڵچین". وتم: "بەسەر چاو، گوایە چیی تیایە؟". وتی: "ئاخر گەنجی، باوەڕت پێناکەم". وتم: "ڕەنگی دەرەوەم وا دیاریئەدا"، وتی: "ڕەنگبێ وابێ". پێموت: "دە هەستە با بچینە ژێر چادرەکە". هەستا لەگەڵما، دەستمانکرد بە ڕۆیشتن. لە ڕێگا پێموت: "بێنە نەختێ یارمەتیتبدەم"، وتی: "ناتوانی هەڵیبگری". وتم: "چۆن ناتوانم هەڵیبگرم؟ من گەنج و بەکارم و تۆ ئەتوانی هەڵیبگری پیر و بێهێز و نەخۆش". وتی: "منیش ناتوانم هەڵیبگرم، بەڵام برسیەتیی خۆم و مناڵەکانم، ئەم هێزەی داومەتێ کە هەڵیبگرم". خۆم لە خۆمم ئەپرسی: ئایا ئەم شتە چی بێ کەوا نە گەنج و نە پیر ناتوانن هەڵیبگرن. لەپاشدا کە بەتەواوی ئارەقیکردەوە لە هیلاکیدا، لێموەرگرت. تەماشائەکەم هەمووی ئاسنەشکاوە. وتم: "مامە، ئەم ئاسنانە چییە؟". وتی: "خەریکی لە کلکەوە پیا بیێت". وتم: "بۆچی؟"، وتی: "ئاخر من کە بۆت بگێڕمەوە لە نووکەوە تا دوایی، ئیتر چیت ئەوێ؟". قورسی و ناقۆڵاییی کۆڵەکە پەرێشانیکردم. نزیکبووینەوە لە چادرەکە، بانگی ئیشکەرێکم کرد، هات هەڵیگرت. چووینە ناو چادرەکەوە، دانیشتین، چێشتی نیوەڕۆمان مابوو، بۆ مامەی پیرم هێنا، دەستیکرد بە خواردن و هەناسەهەڵکێشان. جگەرەشم لە بەردەم دانا، دەستمانکرد بە کێشانی. ئینجا چایان بۆ هێناین. لەویش بووینەوە. هاتینە دەرەوە لە چادرەکە ، لە بەر سێبەریا دانیشتین. لەوکاتەدا ڕۆژ خەریکبوو چاوشارکێی لەگەڵ ئەکردین، دەمێک ئەچووە پشت پەڵەهەورێکی

تەنکەوە، یا ڕەنگی ئەگۆڕی بە سوور یا زەرد یا بە بنەوشەییەکی لەگەڵ سووردا تێکەڵاوبوو. لەپاشدا تاوتاو دوا ڕووناکیی بێهێزی خۆی هەڵکردەوە و خۆی لێ گومکردین لەپشت شاخەوە.

هەڵسام بە یەکێ لە ئیشکەرەکانم وت: "بڕۆ نان بەرە بۆ ماڵی ئەم پیاوە، وە بزانە گوڵچین نەخۆشە، یا ... ". "قوربان زۆر نەخۆشە، من ئەیانناسم زۆر فەقیرن". وتم: "دە باشە بڕۆ، خێرا بۆیان بەرە و وەرەوە".

هاتمەوە بەلای مامەی پیرەوە، وتم: "فەرموو، مامە". وتی: "کوڕم، مانگێ لەمەوپێش مامەحاجی .... بانگیکردم بۆ سەپانی و ژنەکەشم بۆ چنینەوە و کۆڵکێشان. دوو ڕۆژ ئیشمانکرد، سەری سێیەی، هەردووکمان نەخۆشکەوتین" وتم: "چی نەخۆشییەک؟"، وتی: "لەرزوتا". شەوی ١٠ دەیەمین دز هاتن، ماڵیان بڕین، دوو سەر مەڕ و بزنێک و کەرێکمان هەبوو، دزییان لەگەڵ هەموو جام و مەنجەڵ و حاجەتێکمانا. منیش هەر ئاگام لە خۆم نەبووە، گوڵچینیش چاوی لێیانبووە، بەڵام نەیوێراوە هاواربکات. هەرچی شتێکمان هەبوو، هەموومان خوارد. پێرێ لە داخی فەقیری وە نەخۆشی و ماڵی دزراومان، دایکی مناڵەکان تۆ خۆش! وە گوڵچین لەتاو مردنی دایکی و فەقیری، ئەویش نەخۆشکەوت. وا ئێستاکە هەر حەمەیە کە نەخۆش نەبێ، وە حەمەش وا برسییەتی، وە نازانم ئێستا ئەویش نەخۆشئەکەوێ یا نا؟! وە ئەم ئاسنانەم لەناو دێیەکە کۆکردەوە بیبەم بۆ سلەیمانی، لەوێ بیفرۆشم، بیدەم بە شتومەک بۆ ئەو مناڵ و ضەعیفە نەخۆشە". وتم: "ئینجا مامە ئەمە بابیی ١٠٠ فلس نابێ!"، وتی: "بڵێم چی؟ خوا وای داناوە". هەناسەیەکی هەڵکێشا و کۆڵەکەی دا بە شانیا و ڕیگای گرتەبەر.

بانگی ئیشکەرەکەم کرد، وتم: "بۆت بردن؟"، وتی: "بەڵێ". وتم: "هەستن با بڕۆین بەیەکەوە بۆ ئەوێ"، وتی: قوربان، بەم شەوە چۆن ئەتوانین بەناو دێدا بڕۆین، هەموو صەگی پیاوخۆرە و دنیا تاریکە، هێشتا مانگ هەڵنەهاتووە و نەوەکوو دووربێ هەڵبکەوێت. .... تووڕەبووم لێی و وتم: "نە صەگ وە نە تاریکی وە نە پیاوی خراپ، من ناگەڕێنێتەوە لەوەی کە ئیمشەو بچم بۆ ماڵی ئەم پیاوە. دەستمدایە داردەستەکەم و ڕۆیشتم و ئەویش شوێنمکەوت. چووینە ناو دێی هیلاکی ماتی خامۆشی نوستووەوە، ئیللا صەگەکانی نەبێ کە سوار

لەسەر زین دێننە خوارەوە. چووینە ژوورەوە، پاڵمان بە دەرگای ماڵی مامەی پیرەوە نا و یەکەمین چاوپێکەوتنم ئەو تاریکییە باڵ ڕەشە گەورەیە بوو کە تەعزیەدار بوو، لەو خانووە قوڕینە بچووکەدا بوو. ئەم ماڵە تێکچووە بۆ ئەو پیرە نەخۆشە پشت کۆماوەیە، بۆ ئەو ڕیش‌سپیە ئیسقان‌پوواوە، بۆ ئەو دایکە ئێشکەرەی کە مرد لەتاو خەم و خەفەت و ئێش و ئازاری دنیا، بۆ ئەم کچە دەنگ‌نەرمەی کە ئەناڵێنێ لەتاو ئێش و ئازاری برسیەتی وە دایک‌مردوویی وە خانوو تالانکراوی وە نەخۆشیی بێ‌ئامان و داد.

کە چراکەم داگیرساند، تەماشامکرد ئەو مناڵە بچووکە بێ‌خەبەرە لە دنیا سەری کردۆتە سەر سنگی ئیسقانی خوشکەکەی، زەردەخەنەیەکی بە لێوەوەیە، ئەڵێی دایکی ئەیدوێنێ و گاڵتەی لەگەڵدا ئەکات. گوڵچینیش پرچی ڕەشی ئاڵۆزاو و تێکەڵاو بووبوو، وە بەسەر گۆنای ئاڵیا پەخشان بڵاوبووەوە.

لە پرشنگی چراکە گوڵچینی نەخۆش بە دەنگێکی باریکی پڕ لەناڵەوە: "ئێتر چیمان هەیە بیدزن. هەرچییەکمان هەبوو بردتان. لە خوا نەترسان وە سڵتان‌نەکردەوە لە پاشەڕۆژ وە گوێتان‌نەدایە هاووڵاتی و ئینسانییەت. نەخۆشی لاوان، بێ‌هێز و برسی، بێ‌بەرگ و بێ‌جل، بێ باوک و دایک، لەم کونە تاریکەدا کەوتووین، وەکوو پەڕۆی جلی کۆنی سەرەنوێلک، هەتا دۆمیش لێمان‌ناپرسێتەوە. ئێوەش خێرا خێرا دێنە سەرمان، لەبەر چی باوکم، بە چی فتوایەک. پێم‌بڵێن ئێتر چیتر ئەدزن!

ئاخ بابە گیان، ئێستاکە لە چی جێیەکی، ئاخ دایە گیان، بۆچ وا زوو مردی، خۆزگە بهاتمایە لات وە لەژێر قانوونی بەشەری پیسی بێ‌عەدل بهاتمایە دەرەوە".

ئینجا پێم‌وت: "خوشکە شیرینەکەم، هیچ ئامانجێکمان لە هاتنمان‌دا نییە، ئیللا ئەوە نەبێ کە دەستت بگرین و لەم بیری ناخۆشییەدا بتهێنینە دەرەوە وە یارمەتیت‌بدەین بە هەموو هێزێکمانەوە".

هەرچییەکمان پێ‌کرا، چی لە دڵخۆشی‌دانەوەدا، وە چی لە یارمەتیدانی دەستی، ئینجا هاتینەوە دەرەوە بە دڵێکی پڕ ئۆف و ئازارەوە، وەکوو تاریکیی ئەو ماڵەمان لەگەڵدا بەش‌کردبێ. خۆم فڕێ‌دایە ناو باوەشی جێگاوە. هەتا بەری‌بەیان هەر ئەم‌دیو ئەودیوم‌کرد و گینڵم دا.

بەیانی ڕێی سلەیمانیم گرتەبەر، تا گەیشتمە گردی سەیوان و لەوێدا دانیشتم، تا ماندوویەتیم حەسایەوە. ئینجا بە قەراغ دەغڵەکەی بەردەمیدا دەستمکرد بە ڕۆیشتن، لەو کاتەدا گوێم لە نکە و ناڵەیەک بوو لەناو دەغڵەکەدا.

چوومە پێشەوە، تەماشامکرد مامەپیرە کەوتووە، لەناو دەریای خوێنیدا ئەتلێتەوە. لێمپرسی: "مامە گیان، کێ وای لێکردیت؟". بەدەم نەیتوانی جواببداتەوە، بە دەست ئیشارەتی سلەیمانیی کرد، لەپاش کەمێ ڕۆحی دەرچوو. ئینجا هاتم بەرەوڕووی شار، دیسانەوە کەرێکم دی کورتانەکەی خەڵطانی خوێن بوو. چەند هەنگاوێک چوومە پێشەوە، ڕوانیم کوڕێکی گەنجی جوان هەموو سنگی کوناودەرکراوە و بووە بە بێژن. خۆم بە خۆمم وت: "ئایا بڵێی قەصابخانە لە سلەیمانیدا لەجیاتیی حەیوانات، پیاو بکوژن". بەدەم ئەم قسانەوە بووم، منداڵێکی ١٠ساڵی بانگیکردم: "لالە گیان، نەختێ ئاوم بۆ بێنە". کە چوومە پێشەوە لێی، ئەویش دیسانەوە مەلەئەکات لە شەپۆلی خوێندا. ڕامکرد بۆ ئاوهێنان بۆی، تەماشائەکەم هەموو دەرگا داخراوە وە شاری سلەیمانیی هاروهاج و قسەزلی بێئیشوکار مات و خامۆشە، ئەڵێی تۆزی مردووی کراوە بە سەردا. وە لە هەر چوارلاوە عەسکەر بە تفەنگ و قسە تووڕەکانیانەوە ئەگەڕێن بۆ ئەو کەسانەی کە بەر ڕەشاش نەکەوتوون، بۆ ئەوەی بە قسەی تووڕە بیکوژن. لەپاش کەمێ، گریان و لاوانەوە پەیدابوو لە زۆر ماڵەوە. یەکێ جەرگی سووتاوە، یەکێ مێردی کوژراوە، یەکێ باوکی لەسەر کۆتەی بەر دەرگی سەرا پارچەپارچەکراوە، یەکێ بە گوللەی ڕەشاش مێشکی پرژاوە. فرمێسکی لە چاوی سیسبووم ڕژا بۆ حقووق و حوڕییەت و عەدالەتی فەوتاو و پیسبوو.

لەسەر جادەکە بە خوێن نووسرابوو: شەشی ئەیلوول. ئەی ئاغاکان، ئەی حاجییەکان، ئەی بەگ و دەوڵەمەندەکان، ئەم خوێنە پاکە سوورەتان بۆ ڕژاند؟ ئەم میللەتە بێ سیلاح و خواردنە جاهیلە پاکەتان بەبێ سوود بۆ دا بە کوشتن لە بەردەرکی سەرادا. ئێوەوخواتان بۆ واتان کرد، بۆ کۆڕی مەجلیسی نیابی، بۆ زەعامەتی درۆ، بۆ ناوی قەبە، پووچ، یا شەڕی خۆترێن، بۆ ... جەهل پێیکردن یا عەقڵ، بۆ حوڕڕییەت بوو، یا بۆ زیللەت.

نەء، نەء، ئەمانە هیچی نەبوو.

له گورگه برسییەکانی زستان بپرسه، جوابتئەدەنەوە. خوێنی سوور، جوانیی لاشەی گەنجان، ئەبن بە پێپیلکەی زەعیم.

تەماشای جادەکەم کردووە، بە خوێن نووسرابوو شەشی ئەیلوول، شەشی ئەیلوول..

*

بۆ ئەو دڵدارەی جامی بێوەفاییی نا بە سەریەوە هەتا دواتنۆکی،

بۆ (ئـ) پێشکەشە

تەقتەق، دوو بەردی خڕی بچووکی سپی لەسەریەک کێشرا بە پەنجەرەی ئەو ژوورەی کە تێیدا دانیشتبووین، یەک لەدوای یەک هاتە ژوورەوە، ناو دەستمانەوە. دەستمکرد بە تەماشاکردنی، حەرفی Aی ئینگلیزیی لێنووسرابوو لەگەڵ حەرفی چیمدا.

*

**بۆچی ئەژیم؟**

ئەژیم بۆ ئەو کەسانەی خۆشیانئەوێم
ئەوانەی ئەزانم کە بەوەفان بۆم
بۆ ئەو ئاسمانەی لە سەرمەوە زەردەخەنەیەتی
وە چاوەڕوانیئەکات بۆ گرتنە باوەشی ڕۆحم
بۆ هەموو ڕابیطەیەکی ئینسانی کە ئەمبەستێتەوە
بۆ ئەو قەرضەی کە خوا لەسەری نووسیوم.
بۆ ئەو ئەمەلە ڕوونانەی چاوەڕوانیمئەکات

*

**ئەژیم**

بۆ ئەوەی ژیانیان تێبگەم، ژیانی ئەو کەسانەی
ناخۆشییان بەسەرهات بۆ سەعادەتم و تاڵییان چێشت
لە ڕێی ڕاحەتما، ئەژیم بۆ ئەوەی گەورەییان لەگەڵ بنووسم و
شوێن خەبەریان بکەوم.
ژیانی شاعیرەکان، شەهیدەکان، حوکومییەکان، وەتەنپەروەرەکان
ژیانی ئەو کەسانەی کە گەورەبوون لە کاتی خۆیاندا
وە ئەو کەسانە ئیشوکاریان لە مێژوودا نووسراوە.
ئەژیم بۆ ئەوەی ئەم زەمانەیە بژییێنمەوە

*

١. تەرازووی حەق ڕاستنابێتەوە، ئیللا بۆ فەقیر نەبێ. بەڵام سەری کزئەکات لەو کاتەدا کە دەوڵەمەندەکان جورمئەکەن.

٢. قانون زیندووە، بۆ ئەوە فەقیر ڕاکێشێ بۆ حەپسخانە، بەڵام مردووە لەو کاتەدا کە دەوڵەمەندەکان خراپەئەکەن.

٣. ویجدان لەم دەورەدا هەیکەلێکە لە ئاڵتوون، نە عەقڵ و نە ئیرادەی تیانییە.

٤. عەدالەت ماسییەکی بچووکە، حووتی پارە قووتیئەدات.

٥. حەق چرایەکی بچووکە، ڕووناکیی دەوڵەمەند ئەکوژێنێتەوە.

٦. کە پارە لووتی بەرزکردەوە، قانوون سەری بۆ دائەنەوێنێ و حقووقی عەدالەت ئەکەوێتە ژێرپێی پارەوە.

٧. کەساسیی فەقیر بووە بە خۆشیی دەوڵەمەند و برسیەتیی فەقیر بووە بە تێریی دەوڵەمەند و ظوڵمی فەقیر بووە بە حەقی دەوڵەمەند. بەم جۆرە حەقی پاکی فەقیر گۆڕان بە پیسی وە پۆخڵی. وە پیس‌وپۆخڵیی دەوڵەمەند بووە بە حەقی پاک بەهۆی ئاڵتوونەکەیەوە. بەم جۆرە پارە موقەدەستربووە لە ژیان.

برایەتی: برایەتی شەڕ لەگەڵ قووەی ماڵا ئەکات وە هەوڵئەدات بۆ پلیشانەوەی، چونکی حقووقی فەقیری شاردووەتەوە.

حەپسخانە بۆ هەژارانە وە خۆشڕابواردن بۆ ئەو دەوڵەمەندانەیە کە پارە غەصبئەکەن لە هەژاران. ئەوان خراپیئەکەن وە هەژاران جەزائەدرێن. فەقیر هەوڵئەدا و دەوڵەمەند بەرئەخوا. فەقیر ئەمرێ، بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بژی.

قەداسەت بۆ پارەیە، نە بۆ قانوونە و نە بۆ قەضا؛ وە ئەم دووانە هیچ نین، ئیللا دوو صەگ نەبێ، پارێزگاریی پارە ئەکەن.

*

٤٠/٣/٢٠

- چی وەختێ لغاوم بۆ بەرەڵداکردیت، بە هەوەسی خۆت هەموو شتێ بکەی، ئەو وەختە خۆشەویستم لات. ئەو خۆشەویستییەم ناوێ کە لەسەر خراپە بینابکرێت وەیا لە دوایی‌دا جیابینەوە، کە دڵت چووە سەر یەکێکی‌تر و تێری لە من خوارد.

- هەتاکوو پێم‌بکرێ خراپە جیائەکەمەوە لە نەفسم، چونکی تێکەڵاوبوونی خراپە لەگەڵ ڕۆحدا، وەکوو خاکەخەڵووز و بەفر وایە.

- درۆیە هیچ کەس بەقەد ئەو تەئثیرم تێ‌بکات، چونکی موستەحیلە هیچ دڵدارییەک وەکوو دڵداریی یەکەم بێت!

- لای تۆ وایە لەیەکجیابووینەتەوە. وا تێ‌مەگە جیابوونەوەمان هەر لە بەینی لەشدایە، بەڵام ڕۆحم هەموو ثانییەیەک لەگەڵ ڕۆحتدایە لە باغی دڵداریی پاکدا، وە دڵم هەموو لێدانێکی بە هێزی تۆیە، ئەگینا دەمێک‌بوو ئەوەستا.

- لە یەکەمین تەماشاکردنتەوە بووم بە دڵدار، بەڵام تۆ لەپاش چوار تەماشاکردن وە ٢١ ڕۆژ، ئینجا بووی بە دڵدار. وا بزانم ئەوەبوو سەبەبی دوورکەوتنەوەت لێم وە سووتاندنم بۆت.

*

## یار و ژیان ..

چەند ڕۆژێ بە خۆشی و چەندێکیترم ڕابوارد بە ناخۆشی لە دێی –ئارماوان و کۆڕێ و زڕگوێز– لە لیوای هەولێر.

١٩٤٠/٧/٧، ئارماوان

دانیشتووم، ئەی خۆشەویستەکەم، لەژێر سێبەری داری گوێزدا، سەرم هەڵبڕیوە تەماشای ئاسمانی شین و ئەستێرەی درەوشاوە ئەکەم لەناو لقوپۆپی دارەکەوە. بەڵام هیچ نابینم، لە دەم و پێکەنینت و پرچ و قژی ئاڵۆز و هاتووەخوارەوەت نەبێ بەسەر گۆناتا. دەستمدایە گۆڤارێ بۆ ئەوەی پاڵ بە چەند سەعاتێکی ژیانەوە بنێم، بەڵام دێڕەکان ڕەشکەوپێشکەیانئەکرد لە بەرچاوم، تاکوو چوونە قاڵبی قسە و وتاری تۆوە.

شاخێکی سەخت و قووچ، دۆڵێکی نزم و قووڵ، باغ و جەنگەڵێکی تاریک، کانی و سەرچاوەیەکی سارد و شیرین، میوەیەکی بۆنداری خۆش، خواردنێکی سووک و خۆش، لەگەڵ فریشتەی بچووکی جوان نوستوو هەڵسان، هەوایەکی فێنکی پاک، چەند کتێب و سەرگوزشتە و گۆڤاری نایاب، ڕۆژێکی هەڵهاتووی زەردی ئاڵتوونی، مانگێکی ئاوابووی سپیی زیوی، بەڵکوو ژیانێکی ئاسودەگیم هەیە لێرەدا، بەڵام هیچی بەوە نابێ کە لە گوێکانییەکی بێ ئاو و سەوزایی دانیشتن بەیەکەوە، ئای پارچەی جگەر و ڕۆحەکەم.

*

دوا کاغەزم گرت بەدەستمەوە و بە دەنگێکی پڕ لە گریانەوە، بە دڵێکی شکاوی لێدەرەوەی لەرزیوەوە، بانگمکرد، پێموت: "ئەی خائینی غەددار، یاری بێوەفا، ئەم کاغەزەم لێوەربگرە و بیخوێنەرەوە وە تێیبگە، کە ئەچمە چی پێستێکەوە لەپاش جیابوونەوەت لێم!".

وتی: "بۆچی کاغەذت لێوەربگرم؟"، وتم: "حەیات هەیە؟ پێمبڵێ بۆچی کاغەذت لێوەربگرم؟ لەپاش ئەمەی بەسەرتهێنام، ئەی ئەو کەسەی لە جەزای خوای دڵداری نەترساوی".

[تا ئێرە لە دەفتەرێکی ٧٠ لاپەڕەییی نووسەر وەرگیراوە]

*

ڤان کووخی ڕەسامی فەڕەنسیی کەساس، کەوتە ئەو ڕادەیەی گوێی خۆی بڕی، بۆ ئەوەی پێشکەشی‌بکا بە ئافرەتێک کە ئەو گوێیانەی لا جوان بوو و بەربەرەکانێی ئەکادیمییەکانی ئەکرد هەتا دوا هەناسەی ژیانی و بە جووتێک پۆستاڵەوە هەموو وڵاتەکەی خۆی تەی‌کرد، تا تیشکی ڕۆژی ئاوێتەی خوێناوی خۆی کرد و بە ڕەنگ داینڕشتە قاڵبی جوانییەوە، تا ببێتە میراتییەکی پیرۆزی نەمر بۆ نەوەی دواڕۆژ.

گۆگانی هاوڕێشی لەتاو نەفام و تێنەگەیشتووە دڕندەکان، سەری خۆی هەڵگرت بۆ جەزیرەکانی هۆنۆلۆلۆ وە لەوێ خەباتی‌کرد تا پێستئاگرە قولەکانی بە هەموو دنیا خۆشەویست‌کرد.

*

ئەستێرەکان دەستیان‌کرد بە درەوشانەوە، وەکوو زەردەخەنەی تۆ بێ لەو کاتەدا کە خەو ئەبینیت. شەو پێ‌ئەکەنێ بە تەنیا پێم، وە مانگیش زەردەخەنەی گاڵتەپێکردنی لەسەر دەمە. ئەو فڕندانەی کە بە شەو ئەفڕن، پێم پێ‌ئەکەنین و گاڵتەیان پێ‌ئەکردم بۆ چاوەڕوانیم، بۆ دیلیم، بۆ دڵبڕاویم. حەیواناتی دارستانەکە پێم پێ‌ئەکەنن، چونکی حوڕ ئەژین، بەبێ ئەوەی هیچیان لەدڵدابێ، بۆ خۆیان لەناو جێگای خۆیاندا پاڵ‌ئەکەون.

ئای ئای ئەو کەسەی دڵت ئەسیرکردووم!

ئایا نازانی چیم بەسەرهاتووە؟ بووم بە بولبول، لەسەر دڕک وەستاوم، لەژێر تاریکی و بێ‌هەستیی شەوی سامداردا چاوەڕانی دەمی غونچەکەم کە بکرێتەوە. بووم بە پەروانە، چاوەڕوانی چرام لە ڕووناکی و تاریکی‌دا، بۆ ئەوەی بیبینم. ئینجا نازانم کەی ئەو غونچەیە دەمی ئەکرێتەوە، نەختێ ئەو عەطرەی بۆن‌کەم؟! نازانم کەی چرا ئەبینم وە لە کوێ ئەیبینم بۆ ئەوەی خۆم.... کەی ئەی نازەنین لەژێر سێبەرتا بحەسیمەوە لە گەرمای هاوین، کەی ئەی سەرچاوە ئەبووژێیتەوە، تێر لەو ئاوە ساردە پاکە شیرینەت بخۆمەوە؟ نازانم کەی بتبینم، ئەی مانگ بەتەواوی، چونکی هەوری ئەرض و ئاسمان تۆی لە من شاردۆتەوە.

*

## پەپوولەی من[1]

١٩٤١/١/١

-١-

ئەی پەپوولەی جوانی خنجیلەی سەرباڵ سوور
ئەی گیاننا‌سکی لەش وەکوو بلوور
مەڕۆ با دەردی دڵم بۆ تۆش هەڵڕێژم
بزانە من ئەم ژیانە ناخۆشە بە هیوای تۆ ئەژیم
چونکی هیوام تەناسوق و جوانی و ڕێکوپێکییە
کەواتە نزیکبەرەوە لەم دڵە تەڕە لێدەرەم
وە ببە بە هاوڕێی باوەڕ و فکرم لەپاش چوونە پێچوپەنایەوە
ئەگەر نزیکنەبیتەوە لە بیر و فکرم، بزانە ئەم ژیانە ناژیم، چونکە ڕێگاڕوونکەرەوەی ژیانم تۆی
وە هەروها تۆی ئەو تیشکی نوورانییەی ئەوەدنیاشم ڕووناکئەکەیتەوە
لە مردن و ژیاندا هەر تۆی هیوام
لە ڕۆژهەڵاتمەوە تا ڕۆژئاوام
بەڵکوو تاکوو ئەمخۆن ماروموور، ئەی پەپوولەی سپی و سوور، هەر تۆی هیوام. هەر تۆی هیوام

-٢-

ئەی پەپوولەی فەن، زەرد و صەوز و سوور
من بە هیوای تۆ ئەژیم ئەم ژیانە

---

[1] فەننم تەشبیهکردووە بە پەپوولە، چونکی جوانیی لەش و تەناسوقی وە تەماشا و فڕین و بۆنکردن و مانەوەی دائیمەن لە باغ و گوڵ و جێگای جوانە، بەسە بۆ تەشبیهکردنی بە فەن. (ڕ.چ)

ئەی باڵناسکی لەش وەکوو بلوور
نازانی هیوام هەر شتی جوانە
ئەی ئایین و ڕۆح و گیانم، بەبێ تۆ نابێ ژیانم
دە وەرە بەلای دڵی نەرمەوە
ئەگەرەکو زانیت بەکەڵکت هاتم
بچۆ پێچوپەنای باوەڕمەوە
بڕفە و بچۆرە لای ڕۆژهەڵاتم
ئەی ئایین و ڕۆح و گیانم،
بەبێ تۆ نابێ ژیانم!

❊

## خورپەی دڵ و بیرم

١٩٤١/١/١

ئەی پەپوولەی جوان، خنجیلەی سەرباڵ سوور
ئەی گیان‌ناسکی لەش وەکوو بلوور
مەڕۆ، با دەردی دڵم بۆ تۆش هەڵبڕێژم
بزانە من ئەم ژیانە ناخۆشە بە هیوای تۆ ئەژیم
چونکی هیوام تەناسوق و جوان و ڕێکوپێکە
کەواتە نزیکبەرەوە لەم دڵە تەڕە لێدەرەم
وە ببە بە هاوڕێی باوەڕ و فکرم، لەپاش چوونە پێچوپەنایەوە.
ئەگەر نزیکنەبێتەوە لە بیر و دڵ و فکرم، بزانە ئەم ژیانە
ناژیم، چونکە ڕێگا ڕوونکەرەوەی ژیانم تۆی
وە هەروەها تۆی ئەو تیشکەی ئەو دنیاشم ڕووناکئەکەیتەوە.
لە مردن و ژیان‌دا هەر تۆی هیوام
لە ڕۆژهەڵاتمەوە تا ڕۆژئاوام
بەڵکوو تاکوو ئەمخۆن مار و موور، پەپوولەی سپی و سوور، هەر تۆی هیوام، هەر تۆی هیوام.

*

**(٥٠)**

١٩٤١/١/١

ڕ- تۆ مەڕۆ، لەگەڵ تۆمە، دڵڕفێنەکەم، مایەی ئێشوئازارم. تۆ مەڕۆ، بەشەکەیتری گیانم، کچی خەو و خەیاڵم، تێکدەری بناغەی ژیانم. مەڕۆ، با تێر تەماشاتکەم، با تێر بتدوێنم، با تێر سکاڵای خۆمت بۆ بکەم، با داخی دەروونمت بۆ هەڵڕێژم.

ئـ- لەگەڵ کێتە؟ بۆچی شوێنمئەکەویت؟ چیت لە من ئەوێت؟ بۆ بەرۆکم بەرنادەی؟ خەریکنیت بەدناوم‌بکەی؟!

ڕ- لەگەڵ تۆمە قیبلەی گیانم، کەمێک ڕاوەستە، دووسێ دەقیقە گوێم لێبگرە. ئەو حەلە تۆ بە ڕێگای پێشووتا بڕۆ، منیش بە ڕێگای ئێستاما، هەر دوو دەقیقە.

ئـ- لام وایە وازم لێبێنیت باشە، ئەگینا تووشی کوێرەوەریت ئەکەم. بڕۆ بە ڕێی خۆتەوە.

ڕ- لام وایە تا مردن وازت لێنایەنم، هەر بەشوێنتەوەم، هەر بەشوێنتەوەم، چونکە دەمێکە تووشی کوێرەوەریت کردووم، دەمێکە پەرداخی ئێشوئازارت کردووە بە قوڕگما. هاتووم داوای پەرداخیکیتریشت لێئەکەم.

ئـ- بەخوا ئینسانێکی قیرسچمەی! لام وایە باش بەخێونەکراوی، ئەگینا ئەمەندە لاسار نەئەبوویت.

ڕ- بەڕاستی ئینسانێکی قیرسچمەم، چونکە دەست لەو کەسە هەڵناگرم کە تەواوکەری بەشی گیانمە و هەرگیز یەخەی بەرنادەم.

ئـ- کەواتە باش بەخێونەکراوی.

ڕ- باش بەخێوکراوم، گیانە، چونکە لە باوەشی هەژاری و کەساسی و دڵدارییا بەخێوبووم.

ئـ- فەرموو، چیت ئەوێ؟

ڕ- تەماشاکردنێکی ئەو چاوانەت، دیمەنێکی ئەو ڕوخسارە جوانەت، بۆنی هەناسەی شیرین و بۆندارت، مۆڕبوونەوەت، پێکەنینت، قینهەڵسانت؛ ئەمانەم هەموو ئەوێت، حەزیان لێئەکەم، خۆشی ئەگەیێنن بەم دڵەی هەرگیز خۆشی‌نەدیوە، لەپێش هەشت ساڵا نەبێت.

ئـ- تۆ کێیت؟ نزیکبەرەوە، پێمبڵێ خێرا تۆ کێیت؟

ڕ- من، من، دەنگم ناناسیت؟ هاوڕێی مناڵیت، دڵداری ڕاستی یەکەمت، ئەو کەسەی هەشت‌ساڵە دڵسۆزی دڵداریتە، ئەو کەسەی لە هیچ کاتێکا شێوەی تۆی لێ ون‌نابێت. من....

ئـ- بۆ لە پێشەوە قسەت‌نەکرد؟ بۆ زوو پێت‌نەوتم؟ بۆ ئازارت‌دام؟!

*

## كردار (و كردگەر)

ڕۆستەمییە، ٩٤١/١/١

ئەی دنیا! بۆ ئەمەندە دڵڕەقی؟، بۆ ئەمەندە مەغرووری؟، بۆ ئەوەندە عەبدی مادده و گەورەییت؟، بۆ ڕقەبەرایەتی لەگەڵ ئینسانێکی ضەعیفی بێدەسەڵاتی لە گۆشت و خوێن دروستکراو ئەکەیت؟ بۆ نایەڵی ئەم چوارپێنج ڕۆژەی بە خۆشی و شادی، بێ خەم و خەفەت، ڕابوێرێ؟

چیت لێ کەمئەبێتەوە؟

چیت لەکیسئەچێ؟

چ ضەرەرێکی ئەبێت بۆت؟ نازانم ... بە خوا جوانە.

خەتاش لە تۆوە نییە.

بەڵکوو خەتا لەو کەسەیە کە دروستیکردی وە تۆی کرد بە ئاوێنەی خۆی و خۆی تیا پێچەوانە نەکردیەوە. خۆشی و ناخۆشی، چاکی و خراپی، عەقڵ و عاطیفە، دڵداری و قین، دەوڵەمەند و فەقیر، هێزدار و بێهێزی دانا و نادان. لەبەر چی غایەیەک؟ نازانم ...

ئایا لەبەر گاڵتە و یاری خۆیەتی؟ نازانم.

بەڵام ئەگەر لەبەر یاری و گاڵتەی خۆی بێ.

من بە منالێکی دائەنێم.

وە بە خۆشی و زمانی منالانەوە پێیئەڵێم:

"لە یاری و گاڵتەی خۆتا بمێنەرەوە تا ئەبەد"

بۆچی وای پێئەڵێم وە لە خۆمەوە ئیفتیراضی ئەکەم؟ نازانم.

منیش لە نەزانیدا کە بم بە قەقنەس وە هەر حەقیقەتم بۆ نادۆزرێتەوە.

بۆچی؟ نازانم .. چونکە خۆی حەقە و حەقناس نییە.

*

## من و بولبولی ناو باغەکە

سولەیمانی، ٩٤٢/١/١

بگری، بەڵێ، بەکوڵ بگری، ئەی بولبولی هەژار
بۆ گوڵی سیسبووت
بۆ عەطری بابردووت
بۆ تیشکی ڕۆژی ئاوابووت
بۆ ڕەنجی بەفیڕۆ لەدەستچووت
بۆ یاری بە ناحەق بردووت
بۆ جەرگ و دڵی گڕتێبەربووت
پێبکەنە، ئەی بولبول، بە قاقا پێبکەنە
بۆ دەشتودەری سەوزت
بۆ هێلانەی تازەت
بۆ داری گۆپکەکردووت
بۆ ئاوی ژیاوەت
بۆ غونچەی دەمکردووەوەت
بۆ سەهۆڵ و بەزی تواوەت،
پێکەنیت
دە ئینجا گوێت لەم چەند قسانەم بێ، توو ئالیهەی فەن، ئەگەر بەجێینەهێنی
بڕفە تێر بەناو باغ و دەشت و چیادا
تێر بە هەردوو سییەکەت هەناسە وەرگرە
تێر تێر گۆرانیی هیوا بڵێ

چالاک لە شەوی تاریک و مانگەشەو وردبەرەوە
زۆر خۆت لە گوڵ و لە دڕکی دوورخەرەوە
ژیان ئەوەندەی بە بەرەوە نییە
بەرگەی یەک بێوەفایی ئەگری، بەرگەی ددان
ناگری، خۆت لە گوڵ دوورخەرەوە، چونکە دڕکی زۆرە
چونکە شوومە، چونکە بێوەفایە، هەروەها هەموو یارێ،
ئەگەر هات و نزیکیشبوویتەوە، تێر تێر بخوێنەوە
گاڵتەی پێبکە، تێر سارێژی برینی کولاوەت بکە
تێر پێی پێبکەنە، پێکەنینی بەقاقا، هەتا سیسئەبێ،
ئینجا بینێژە و لەسەر مەزارەکەی بنووسە
"بێدەسەڵاتێکی جوان پڕکراوە لە بێوەفایی
ناوی نراوە یار ..."

*

## هەر سێبەرم ماوە

سولەیمانی

شەوی ٩٤٢/١/١٦

لە کاتبێژی ١,٥ی ئەفرەنجی پاش نیوەی شەو وتراوە

ڕەحمێک، ڕێگایەک، بەزەییەک
لاواندنەوەیەک، ئامۆژگارییەک
چاودێرییەک
لە تۆوە، ئەی یار، نازک و نازدار
سوور غونچەی بەهار، بێدەرم و زامار
هەر ئەکەم هاوار
کەوتوومە دەریای مەنگی بێقەرار
تۆزێ ڕەحمت بێ، لێم کە پرسیار
هەر سێبەرم ماوە
سێبەرێکی لە ئێش و ئازار پاشەکەوتبوو
بۆ فیراق و بێوەعدی و بێوەفاییی تۆ بگریم
یا بۆ میللەتی هەژاری جاهیلی ڕەشوڕوتی یەکنەگرتوو
یا بۆ گەنجان و لاوانی بێهۆشی بێمێشکی بێعەقڵی تێنەگەیشتوو
یا بۆ کچانی سەرلێشێواوی مەحکوومی لە تاریکیی نەزانیدا پاڵکەوتوو
یا بۆ دەوڵەمەندانی پارەپەرستی بە طەماع و فڕوفێڵ و دەستی کەس نەگرتوو
یا بۆ پیاوانی مەبدەئی خۆویستی لە ڕێی خودا خەڵق بە گورگانخواردوو

*

قرچەقرچی جەرگم، کزەکزی سنگم، هەڵقرچاویی دەموچاوم

بێهێزی و نەوەستاویی لەشم، تێکچوون و گۆڕینی
بیر و فکرم، عەزابدان و بەندی و ئەسیریی ڕۆحم،
گورپەگورپ و بزووتی دڵم
سەریان لێشێواندووم
خەویان لێفڕاندووم
ئاسوودەگی و ئارامی و قەراریان لێدزیوم
ڕەحمێک، ڕێگایەک، بەزەیییەک
لاواندنەوەیەک، ئامۆژگارییەک
چاودێرییەک لە تۆوە، ئەی یار، نازک و نازدار
سوور غونچەی بەهار، بێدەرم و زامار
هەر ئەکەم هاوار
کەوتوومە دەریای مەنگی بێقەرار
تۆزێ ڕەحمت بێ، لێم کە پرسیار
هەر سێبەرم ماوە
سێبەرێکی لە ئێش و ئازار پاشەکەوتبوو

*

ئاوارە و غەمگین، مات و ڕەنجەڕۆ،
هەموو هیوایەکم ڕۆیشت بەفیڕۆ،
طمووح و بەرزیم، زانین و عیلم،
بیر و فکرم، هۆش و تەجروبەم، شیعر و نووسینم
سەدیان ڕووخان
وەک سەیلی بەهار هورژمیان هێنا
ئەوان و منیش هەموو ڕادراین بۆ دەریای گەورە

*

ڕەحمێک، ڕێگایەک، بەزەیییەک

لاواندنەوەیەک، ئامۆژگارییەک
چاووێرییەک لە تۆوە ئەی یار، نازک و نازدار
سوورغونچەی بەهار، بێدەرم و زامار
هەر ئەکەم هاوار
کەوتوومە دەریای مەنگی بێقەرار
تۆزێ ڕەحمتبێ، لێم کە پرسیار
هەر سێبەرم ماوە
سێبەرێکی لە ئێش و ئازار پاشەکەوتبوو

*

دڵداریی منالّی ساویلکە بوو، نەزانین، حەیا و سڵەمینەوە، گورپەی دڵ و لەرزینی ئەژنۆ، ڕەنگزەردی و ترسان، ڕەهبەت و سام، چاوشارکێ و شارگڕدان، زەردەخەنە و قسەی بێسەبەب، پەنا دەرگا و پەنجەرە، سەر کورسی و ناو چیغ، ڕێی مەکتەب بۆ ماڵەوە، هاتوچۆی بێفائیدە، خۆنوواندن و ئازایی.... بیانهێنە بیرت. دڵت بجووڵێ، بیرێکم لێبکەرەوە، چاک تێبفکرە، سەرێک هەڵبڕە، بێدەنگ و گوێگرتوو بە لە دەنگی دڵت. ئینجا ئەوساکە: ڕەحمێک، ڕێگایەک، بەزەیییەک، لاواندنەوەیەک، ئامۆژگارییەک، چاووێرییەک، لە تۆوە، ئەی یار، نازک و نازدار

سوورغونچەی بەهار، بێدەرم و زامار
هەر ئەکەم هاوار
کەوتوومە دەریای مەنگی بێقەرار
تۆزێ ڕەحمتبێ، لێم کە پرسیار
هەر سێبەرم ماوە، سێبەریکی لە ئێش و ئازار پاشەکەوتبوو
بۆ وڵاتی پەرشوبڵاوی یەکنەگرتوو
بۆ لاوانی بێمەبدەء و عەقڵ و تێنەگەیشتوو
بۆ هیوا و ئەمەلی بابردوو
بۆ یاری بێوەفای لەدەستدەرچوو

## یار و دڵ

سولەیمانی، ٩٤١/٢/٣

ئەی ئەرضە یەکڕەنگەکە، ئەوە لەبەر من خۆت ناگۆڕی و کراسی سەوز لەبەرناکەیت. ئەی سەرچاوە زیوییەکە، ئەوە لەبەر منە کەس لە دەورت هەڵناپەڕێت و نابووژێیتەوە.

ئەی لەسەرسکڕۆیشتووەکان، ئەوە لەبەر من خاکی زەمینتان کردووە بەسەر خۆتانا وە لە ماڵ نایەنە دەرەوە. ئەی حەیواناتی پاڵ شاخەکە، ئەوە لەبەر منە شیر نادەن بە خاوەنەکانتان وە گوانتان وشکبووەتەوە.

ئەی شاخە بەرزەکە، ئەوە لەبەر من هەڵقرچاوی و سەرت سپی بووە.

ئەی ئاوە پاکە ڕوونەکەی ناو دۆڵەکە، ئەوە لەبەر منە سەرتاپات لە قوڕەسوور گرتووە.

ئەی باغە جوانەکە، ئەوە لەبەر من دارەکانت ڕووتاونەوە وە گوڵەکانت هەڵپچوڕقاون وە گوێم لە دەنگی فڕندەکانت نییە.

ئەی ئەستێرە بچووکەکان، ئەوە لەبەر من لە تریفەتریف و بریسکانەوە کەوتوون. ئەی مانگە ڕووخۆشە دەمبەپێکەنینەکە، ئەوە لەبەر من کزکز بە ڕەنگزەردی بە ئاسماندا تێدەپەڕی. ئەی ڕۆژی زەردی ئاڵتوونی، ئەوە لەبەر من دەموچاوی خۆت ڕنیوە و خوێنی سوورت بەسەر ڕوومەتتا هێناوەتە خوارەوە؟

لە لایەکی خامۆشی بێ جووڵە و چرپەوە، ئەم وەرامەیاندامەوە: "کەی دڵ تۆزێ خەفەت و ئێش و ئازاری لێنیشت، کردگاریش بەو جۆرە کراسە خۆی ئەگۆڕێ".

گیانە، خۆشەویستترین کەسەکەم، ئەگەر لێم جیانەبوویتایەوە، ئەگەر بەجێتنەهێشتایە، نەئەبووی بە سەبەبکاری دڵەی پڕ لە ئێش و ئازاری خەم و خەفەت خواری، برینداری لەتکراوی وێڵ و سەرگەردانی ڕێگا گومکەرم.

*

## هیوام

٤١/٣/١٨

لە ڕۆستەمییە، لە بەغدا نووسراوە

ئەو هیوایەی ئەمەوێ پێیبگەم و هەوڵی بۆ ئەدەم

ئەو ژیانە بەرزەی ئەمەوێ

زۆر گران و دوورە، بەڵکوو بێسوودە، بەڵام پیاو ئەو پیاوەیە بۆ موستەحیل هەوڵبدا وە بۆ موستەحیل بژی.

ئەو شتەی زوو پیرمئەکات و ئەیەڵێ بە درێژایی خەم بخۆم

وە ڕۆح و فکرم ئەتوێتەوە، باوەڕناکەم بیگەمێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

من مۆمی ژیانمی بۆ ئەتوێنمەوە.

دڵی گۆشتمی بۆ ئەبرژێنم

بینای لەشمی بۆ ئەڕووخێنم

میوەی فکرمی دەرخواردئەدەم

بۆ؟!

چونکی بۆ ئەو دروستکراوم

بۆ ئەو نێرراوم

بەڵکوو بۆ ئەو ئەژیم

*

هیوام:

بەرزکردنەوەی وڵاتمە

بەرزکردنەوەی ئەم ئینسانییەتە باڵشکاوە بە پارێزگاریی ئەم حەق و عەدالەتە پلیشانراوەیە لەژێر پێی ماددەدا

وه ڕزگارکردنی ئەم حورِییەتە بەسزمانەیە کە هەندێ ئەکەونە ناویەوە تا غەرقئەبن لە فەساد و خراپەدا، وە هەندێک نایبینن تا هەزار خوێنی بۆ ئەڕێژن.

هیوام ئەم ڕەفیقانەمە

بۆ ئەوەی لە ظوڵم و جەور و فەساد و پیسی و زیللەت و عار

ڕزگاریانکەم وە هەریەکە جێی خۆی بگرێ.

کە ئەمانەت بەجێهێنا، منت لە فکر نەچێ!

*

## گۆرانیی دڵداری

ئەم پارچەیەی خوارەوە لە مەجەللەیەکی عەرەبییەوە گۆڕراوە. ٤١/٣/١٩ لە سەلمانپاک تەرجەمەکراوە.

دانەری شاعیری ئەڵمانیا: هێنری هێنی
تەرجەمەی بۆ عەرەبی: ڤیکتۆر ئیسحاق
گۆڕینی بۆ کوردی: چالاک

تۆ جوانی وە بەریت لە هەموو خراپەیەک،
ئەی کچە، زەردەخەنە بریسکاوەکە، وەکوو چپەدوو وایە،
بۆم دانراوە لە پێناوتا جامی ئێش و ئازار بخۆمەوە!

*

وەکوو ڕووناکیی مانگی درەوشاوە
چاوە جوانەکانت پرشنگ ئەهاوێژن
وە سوورایی ڕوومەتت تاوتاو پریشکی گوڵین
بڵاوئەکاتەوە.

*

لەژێر دەمی بە زەردەخەنەی بچووکتەوە
گەلێ گەوهەر ئەدرەوشێتەوە
بەڵام بەنرخترین گەوهەر، چاکترینیان
لەسەر سنگت شاردراوەتەوە.

*

دڵداریی قووڵی مەنگی پاکە، کە دڵم پێی لێئەدا،

چی کاتی تەماشامکردی، ئەی کچە زەردەخەنە بریسکاوەکە.

*

دەستی بچووکت لەسەر دڵم دانێ، ئەی شیرینەکەم،

ئای، گوێتلێیە لەناو ئێسقانی قەفەزەی سنگمدا لێئەدا؟

لەناو پێچوپەنایا دارتاشێکی دڵڕەق ئیشی تیا ئەکات، بۆ ئەوەی بە گورجی و زوویی دەرامەتێکم بۆ دروستبکات.

*

پیاکێشانی بزمار و لێدانی چەکوش، بە درێژاییی شەو و ڕۆژ خەوی لێزڕاندووم.

دەسا نامەردتنەکەن، ئەی دارتاش، وەستاییت لەم کارەدا بنوێنەوە، دەریخە.

وە خێرا ئیشەکەت زوو تەواوبکە، بۆ ئەوەی تیا پاڵکەوم و بنووم و بحەسێمەوە تا ئەبەدا!

*

## وەفا و عەهد، لە دڵداریدا

٤١/٣/٢٠

لە ڕۆستەمییە نووسراوە

ئەی ئەو کەسەی ئیتر دەنگت ناگاتە گوێم!
ئەی ئەو کەسەی کە بینینم لێشاردرایەوە!
ئەزانی سێبەری ڕابوردووت لە مێشکما بە درێژی دێت و ئەچێ!
وە پێکەنین و قسەکردن و گۆرانییەکانت لە پەڕەی گوێما ئەلەرێتەوە
سوێندێکی گەورەت ئەدەم
بە ڕابوردووی ڕۆیشتوومان
بەو کاتەی لەیەک جیابووینەوە
بەو فرمێسکانەی کە لە پەنجەرەکەوە ڕشتت
بەو کاغەزەی ئاخر جار دامیتێ
وەکوو یەکێکی‌تر بوو بە شەریکت وە ڕەفیقت
هەروەها سێبەر و شێوە و دەنگ و گفتوگۆشت بەرەوە
بەس هەڵمقرچێنە، ڕەوای ئەم هەموو جەور و ظوڵمە نیم
بەس، بەسە ئەم گاڵتەی منالانەیەی کە وەفا و عەهد
دڵداریی پێ‌ئەڵێن، بەسە.

*

## پاشەڕۆژی دڵداریم

٤١/٣/٢١

شەوی جومعە لە سەلمان پاک نووسراوە

لە دڵداریتا دڵم برینداربوو،
لە خۆشەویستیت دنیا بوو بە دوژمنم
لە گەرمیی خۆشەویستیت پاشەڕۆژم فڕێدایە لاوە.
شەوبێداری و بۆ نەنوستنم کێشا بە بیرکردنەوە لێت
دیواری لەشم وەختبوو درزی تێ‌ببێ.
بناغەی بیرم بەرەو ڕووخاندن ئەڕوات
پشتی ڕاست و ڕەوانم لە کۆمانەوەدایە
دەمی بە زەردەخەنەی جاری جاران
ئۆف و ناڵەی دووریت هەڵیقرچاند
پیاڵەی چاوی بریسکاوەم پڕبووە تا لێوار لە فرمێسکی زیوین
جێ بە خۆم ناگرم، هەردەم لە لایەکم
بڕوا بە هیچ دروستکراوێک ناکەم هەتا فرندە
پاکەکانی ناو کردگاریش
بۆ؟ بە فتوای چی دڵێ، بە چی ئایندەیەک، وات بەسەرهێنام؟
بۆ ئەو ئازارەت کردە بەش لێم؟
بۆ دوواندمت؟
بۆ پێکەنیت؟
بۆ گۆرانیی هیوا و دڵداریت بۆ وتم؟
بۆ ناودەمت نووساند بە ناوتەوە لە هەموو جێیەک؟

که ئەمانەت هەموو کردبوو، لێمجیابوویتەوە؟
بۆ بەجێتهێشتم؟ لای کێ؟ لەناو کێدا؟
ئای دار و دیواری ئەم ژوورە!
ئەی بنەمۆمە داگیرساوەکە!
ئەی تاریکەشەوە سامدارە بێدەنگەکە!
ئای قورِناویلکە سەوزەکەی ئەودیو پەنجەرەکە!
ئەگەر یەکێکیان وەرامم بدەنەوە، کفرە؟
دار و دیوار بە وەستاوی و بێجووڵاندنەوەیەوە
بنەمۆم بە کزەی جەرگسووتاوییەوە
تاریکی بە کراسی ڕەشی تەعزیەدارییەوە
قورِناویلکە بە گۆرانیی دڵداری وتنەوە
هەر یەکە خەریکی ئیشوکاری خۆیەتی!
کێ گوێ لە ناڵەی دڵی من ئەگرێ!
کەواتە با بچمە ژێر باڵی نوستنەوە، بەڵکوو بمبا بۆ لای
بە ئەو نەبێ وەرامی دڵی من نادرێتەوە
ڕاستە، ڕاستە، بە خەو نەبێ، بە خەیاڵ ئەبێ.
دوواندنت و بینینت ئیتر گرانە؟
کەواتە ئەی پاشای خەو، پێکمانبگەیەنە، پێکمانبگەیەنە
هەر ئیمشەو لێتئەپاڕێمەوە.
بە هەموو دڵ و گیانێکمەوە
ڕەحمێ بەم ئینسانە ژڵەژاوە تێکشکاوە بەحاڵ نووزە تیاماوە بکە
هەر ئیمشەو کۆمانبکەرەوە لەژێر باڵتا
هەر ئیمشەو، هەر ئیمشەو بەس
تا ئەبەد، هەر ئیمشەو
ڕاستنییە، چونکە ڕاستنییە

## سەعادەت

٤١/٣/٢٦

لە ڕۆستەمییە نووسراوە

سەعادەت، ژیانێکی ئاسوودەگیی بێکەدەری سیحراوییە، باغێکی صەوزی پڕ گوڵ و عەطر و فڕندە و پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگە.

سەعادەت، نە بە پارەی زۆرە وە نە بە لەشی ساغە وە نە بە دینداریێتییە، وە نە بە سافەهەت و تەرەفە وە نە بە عیلمی زۆرە.

دڵدارە پاکەکان، بۆیەکسووتاوەکان، لەیەکگەیشتووەکان، ئەوان لە سەعادەتدا ئەژین، بە درێژاییی لێدانی دڵیان بۆ یەکتری.

سەعادەت، کانگاکەی دڵی بەشەرە. بۆ دوور ئەگەڕێیتەوە و بەشوێنیا ئەگەڕێی لە خۆتا یا خۆتی سەبەبی سەعادەت و شەقای خۆت.

*

## لەپشت پەردەی ماددەوە

لە ڕۆستەمییە نووسراوە

ئیمشەو لەوکاتەدا کە ئەستێرەکان تریفەتریف ڕووناکییە کەمەکەیان ئەنارد بۆ ناو باغ و زەوی و دۆڵ و گرد و شاخانی تاریک و ڕەش، وەستابووم لەبن دارەکەی سرپۆشمدا. لەو کاتەدا مانگ ڕووناکییە زیوییەکەی خۆی تاوتاو بەسەر لوتکەی شاخەکاندا ڕەوانەکردە ناو لقوپۆپی دارەکانەوە و لەوێوە بە ناز و عیشوەش بەسەر مندا تێپەڕی وە تاریکاییی پشتیشمی ڕووناککردەوە.

بریقوهووڕی شتێک ڕایکێشام وە نەیهێشت تێر لەم جوانییە بخۆم. دانەویمەوە و دەستم درێژکرد، ڕوانیم پارچەیەک پارەیە و کاغەذێکی لەژێردایە. کاغەذەم هەڵگرت و تەماشای پشتەکەیم کرد، ڕوانیم لێی نووسرابوو: "لەپشت پەردەی ماددەوە". بە خێرایی هەڵمپچڕی و دەستمکرد بە خوێندنەوەی، ئەمانەی خوارەوەی تیا نووسرابوو:

"لەپشت پەردەی ماددەوە، تەماشای هەموو جوانییەک ئەکەم. ئەگەر ئەم پارچە پارەیەم لەسەر ئەم کاغەذە دانەنایە، کەس گوێینەئەدا بە کاغەذێکی کەوتوو. هەموو چاکەیەک و جوانییەک، هەموو بەزەییپیاهاتنەوە و ئینسانییەتێک، هەموو سەعادەت و خۆشیی ژیانێک، لەژێر پەردەی ماددەدا شاردراوەتەوە. مادده بەری چاوی گرتوون، چاوتان لە هەژاران و داماوان نییە وە زرنگەی گوێی کەڕکردوون. گوێتان لە نکە و ناڵە و هاوار و هەناسەهەڵکێشان نییە. پەردەی مادده لەتوپەتبکەن و بیدڕێنن. فەقیر لە برسان نامرێ، گەلان ناچن بەگژیەکدا و خراپە بڵاونابێتەوە. حەق و عەدالەت ناپلیشێنرێتەوە، جەور و ظوڵم نامێنێ، ژیانێکی ئاسوودەتان ئەبێ!

بە چی فتوایەک حەق و عەدالەت لەژێر پێی ماددەی پیسدا بێ؟ ڕۆح بۆ سەر دابنەوێنێ بۆ دوو پارچە مس؟! قەتڵ و خوێنڕشتن بۆ بێ لە ڕێی پارە پەیداکردندا؟! دەوڵەمەند بۆ ئینتەلابکات وە بۆ تێر بخوا لە برسیەتیی فەقیر؟! حەسادەت و بوغض و کینە، بۆ بکەوێتە ناو طەبەقەکانی میللەتەوە؟ نازانم، نازانم، ئەی ئینسان، بۆ خۆت خۆتت بەستەوە، نازانم؟

## ئەی دڵ!

یافا، ٩٤٣/٧/٢٥

دڵەی کۆستکەوتوو!

بۆ تۆزێ بوارەی لەشەی پەککەوتووی پڕ ئێش و ئازارم نادەی؟

بۆ وەکوو درک هەر ساتەناساتێک ئەچیت بە گیانی پڕشعوورما؟ بۆ ڕابوردووی پڕ خەم و خەفەتم دێنیتەوە بیر؟ بۆ نایەڵیت کەمێ مێشکی سوواوم کۆڵی بیر و لێکدانەوە فڕێبدا، تۆ بحەسێیتەوە؟ ئایا تۆ هەروا لە یاری و گەپ و گاڵتە و سەماکردنتا ئەمێنیتەوە؟ ئایا خوا بۆیە منی دروستکرد، بۆ ئەوەی لە بەندیخانەی ژیانا تۆ یاساوڵ بیت بەسەرمەوە؟ هەر دەمەنادەمێک بە فرتەفرت و گورپەگورپت لە خەوی شیرینم خەبەرمبکەیتەوە؟

ئەی دڵ، ئێش و ئازارم زۆر چێشت لە دڵداریی ڕابوردووما، شەوبێداریم زۆر کێشا بەدیار کتێب و دەفتەرەوە، زۆر هەوڵم دا ڕاستی و پاکی لە هاوڕێکانما بدۆزمەوە، تەقەلای بێپایانم دا لە ڕێی هیوا و ئامانجما. بەڵام .. بەڵام داخی گرانم، لە ئێش و ئازار زیاتر، لە خەم و دڵگیری بەولاوە، لە هەست بە کەساسی و کوێرەوەری کردن نەبێ، هیچم چنگنەکەوت، شەپۆلی دەریای ژیان کێشامی بە بەردی کەساسی و کڵۆڵی و بێهیوایی کەنارا.

ڕەشەبای سەختی بێوەفایی فڕێیدامە کۆشی تەنیایی تۆقێنەرەوە. دەرد و خەفەتی جەرگبڕ پاڵی پێوەنام بۆ ناو ئەشکەوتی پڕ دەعبا و جانەوەر، بۆ ئەوەی هەر دابنیشم و لە وجوود وردبیمەوە، غونچەی گەنجی و خوانیم لە قەبری لێکدانەوەی ڕەش و هەستکردن و تەنیاییا بنێژم.

ئەی دڵ، داوای چیم لێئەکەیت؟ چییترت ئەوێ؟ لەپاش ئاوارە و وێڵ بوونم لە بیابانی ژیانا، لەپاش ئەوەی بووم بە خەمخواری هەموو زیندوو و مردوویەک لە زەمین، داوای چ خۆبەختکردنێکیترم لێئەکەیت؟ لەپاش ئەوەی وڵاتی خۆشەویستیم بەجێهێشت، کە دوورکەوتمەوە لەو دڵانەی بۆ من لێئەدەن، ئەوانەی پێیانەوە بەستراوم، بە پەتی نهێنیی خۆشەویستیی پاکی

بێڕیا، بە زنجیری وەفا و دڵسۆزی، ئەوانەی کە هەر ڕۆڵەی خۆشەوتیانم لە خۆشی و ناخۆشییا، هەر بەندی جگەریانم لە تاڵی و ترشییا، هەر ئەو کەسەم کە تا دوایی بێپاداش ئەیانەوێم.

ئەی دڵ، خەیاڵت خاوە، جارێکیتر هەرگیز جڵەوی خۆمت نادەمە دەست، هەرگیز گوێ لە نەغمەی پڕ سیحر و جۆشوخرۆشت ناگرم، هەرگیز بەو ڕێیەدا ناڕۆمەوە کە تۆ نیشانتدام، کە لێیهەڵئەنگووتم و وەختەبوو ملم بشکێ. تازە ڕابورد، هەرگیز نایەم لەگەڵتا، بڕۆ، بڕۆ، لەژێر باڵی شەیتانا بیت، جنۆکە و دەعبا ئاگادارتبن. بڕۆ حەوت بەردت لەشوێن، دەوری تۆ تەواوبوو، لە تەجرەبەی تۆ دەرچووم، نۆبەی دەورێکیترە، بڕۆ، بڕۆ!

*

## دڵدارییەکی نەمر

٩٤٣/٨/٢٥-٢٤

دڵداری، بەگوێرەی نەفسییەت و هەستی و تەربییەی ئادەمیزاد و بەگوێرەی جێگا و بەگوێرەی پارەدار و بێپارە و بەگوێرەی پیری و جوانی، گەلێک جۆرە. ئەم پارچەیەی خوارەوە بە دەستی نووسەرێک نووسراوە کە دڵدارێکی ڕاستەقینەی داوێنپاکی ڕەوشتبەرز بووە، لە دوورەوە، لە دەری باغی ژیان لە تافی لاوییا تاقە گوڵێکی جوانی سیحراویی دیوە، وا بوو بە حەوت ساڵ، شێوەی هەر لە بەرچاویەتی. وا بوو بە حەوت گەڵاڕێزان، هێشتا سامی بینینی جوانیی ئەو گوڵە بەرینەداوە. ئاوارە و وێڵ بوو بە وڵاتانا، بۆ ئەوەی لەبیریبچێتەوە، سوودینەبوو. وا ئێستا کە ئەم پارچەیەی پێشکەشکردووە ئەگەر بیەوێ.

گیانە!

لەوکاتەدا کە زستان بەو با و باران و تۆفەوە ئەدا بەسەر سنگی سەرزەمینا، لەو حەلەدا کە بەفر لوتکەی شاخەکان ئەگرێ، لەو حەلەدا کە ئاو ئەیبەستێ، لەو کاتەدا کە ئادەمیزاد لە ترسی سەرما ئەخزێتە ژووری تاریک و نوتەکەوە، ئاگردانی گەرم ئەگرێتە باوەشی؛ ئەڵێم لەو کاتەدا -گیانە- کە هەموو گیاندارێک لە سەرمانا ئەتەزێ، ((بە تاقی تەنیا لەم وڵاتە بێگانەیەدا، لە کونجی ژوورێکی ساردوسڕی ئوتێلێکا، دوور لە وڵاتی شیرین، ئاوارە و وێڵ دەستی بێهێزم ئەنێمە بەر ئەژنۆی کەساسی و بیر لە ڕۆژانی ڕابوردووی دڵداریم ئەکەمەوە. شێوەی شیرینی نازدارت وەکوو سینەما بە مێشکما دێت و تێئەپەڕێ. ئاخ هەڵکێشم بۆ ڕۆژانی ڕابوردووم، حەوت ساڵ لەمەوپێشم، کە لە تافی گەنجی و لاویما بووم، کە جامی دڵداریم یەک لەدوای یەک لە دەستە شیرینەکانی تۆ ئەگرت، بەبێ لێکدانەوەی پاشەڕۆژ، بەبێ حسابکردنی ئەم ڕۆژە سەختە تاریکە ناخۆشە پڕ دەرد و خەمانە، ئەمنا بە سەرمەوە، بینم پێوەئەنا وەکوو ڕێبوارێکی زۆر تینوو تێرم لێئەخواردەوە، بەڵام تینوویەتیم هەرگیز لێت نەشکاوە و ناشکێ)).

هیوام زۆرە لەبیرتنەچووبم، ناوبەناوێک بیرتبکەومەوە، بیرت لە کاتی تەنیاییتا، لەو کاتەدا کە بەهار دەشتودەر، شاخ و گرد، دڵ و دارستان ئەڕازێنێتەوە، لەو حەلەدا کە ئادەمیزاد ژوورە تاریکە زەردە دووکەڵاوییەکانیان بەجێئەهێڵن، کە سەهۆڵ و بەفری ڕووی زەوی ئەتوێتەوە، کە هەموو گیانلەبەرێک ئەکەوێتە ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و سەما، کە سەرچاوە زیوییەکان ئەبووژێنەوە، کە بۆنی عەتری گوڵ هەوا کاسئەکات، کە زەمین بە ئاشکرا داوای شایی و سەما و سەیران ئەکات؛ ئەڵێم لەوکاتەدا بە تاقی تەنیا دائەنیشم.

گیانە!

کە بەهار دواگوڵی خۆی بە ئاخر حەسەرەتەوە کردەوە، کە هاوین پێی‌نایە زەوییەوە بە گەرما و سەبوون و هەتاوی پیاوسووتێنەرەوە، کە سەوزەگیا و گوڵی بیابان و دەشت وشکبوون، کە ئادەمیزاد ڕوویکردە ناو باخ و شاخ و دارستان و کوێستان، کە میوەی خۆشی شیرین پێ‌گەیشت لە ڕەزەکانا، کە هەرمێ و ترێ و هەنار و گوێز هاتنە بازاڕ، کە خەڵقی لەتاو گەرما کۆچیانکردە سەربان؛ ئەڵێم لەو کاتەدا.

گیانە!

کە گەڵای دار زەرد بوو، وەری، کە لق‌وپۆپی درەختان وەک ئینسانی شەرمەزار سەریان دانەواند بۆ حوکمی کردگار، کە ئادەمیزاد ڕوویکردە هەیوان و ژوورەوە، کە ناوبەناو هەور ڕووی ئاسمانی گرت، کە کۆچەرییەکان لە کوێستانەوە ڕوویانکردە گەرمیان، کە دەشتودەر تینوویان بوو، کە کردگار ژاکا، کە دەستکرا بە زەخیرەکێشان، کە قوتابخانە دانرایەوە، کە وتیان ئیمڕۆ پاییزە؛ ئەڵێم لەو کاتەدا.

گیانە! لە نیوەی شەوا کە مانگ لە دەمکەل هاتەدەر، کە تیشکی پرشنگداری زیوی درەوشاوەی بڵاوکردەوە بەسەر زەویی تاریک و نوتەکا، کە هەموو ئادەمیزاد لەناو جێگای نەرم و شلا دەستیانکرد بە خەوبینین؛ ئەڵێم لەو کاتەدا.

لە دەمی ئێوارانی هاوینا کە کچ و کوڕ لەم وڵاتە ڕووئەکەنە دەریا بە پانتۆڵی کورت و بە لەشی ڕووتەوە، کە دڵداران جووتە جووتە بە کەنار دەریادا بڵاوئەبنەوە، کە ڕۆژی زەردی ئاڵتوونی چاکی خۆی هەڵئەکا و دەستئەکات بە ڕاکردن بۆ خۆشاردنەوە، کە شەپۆلی دەریای شین باوەشئەکا بەیەکا؛ ئەڵێم: لەو کاتەدا بە تاقی تەنیا لەسەر بەردێکی بەرزی گوێ‌کەنار ڕائەوەستم، بە دەنگی بەرز

بانگتئەکەم: ئەی یار، یاری شیرین، هاوڕێی منالّیم، هەرچەندە بە چاوی خۆم دیم، بە گوێی خۆم بیستم کە دوورکەویتەوە لێم. بەڵام هەر بۆ منی، منیش هەر بۆتم. دلّم بەو هیوایە خۆشئەکەم کە هاتمەوە بتبینم، بتدوێنم، لە دوور، یان لە نزیک، بە خەو، یان بە خەیالّ.

کە شەوی سامدار بە بالّە ڕەشە تاریکەکانیەوە چۆکیدادایە سەر زەوی، کە دڕندە و مەل و ئادەمیزاد نوستن، کە کردگار خامۆش و مات و بێدەنگ بوو وەکوو تازەبووکێکی هاوڕێمردوو؛ ئەلّێم لەو کاتەدا لە کونجی ژوورە پچکۆلانەکەما، لەبەر تیشکی چرایەکی کزی زەردهەلّگەڕاو دائەنیشم، بە دەستی دلّدارییەکی پاکی بەوەفا چیرۆکی ڕابوردوومان ئەنووسمەوە، بە هیوای ئەوەی بکەوێتە دەستت و بیخوێنیتەوە، تا بتباتەوە، بیرتبکەومەوە، لەبیرتنەچم، بۆ ئەوەی دلّداریمان نەمرێت، زیندوو بێ لە ژیانا...

*

**(٥٠)**

٤٣/١٢/١٦

کەمێک لەمەوپێش ڕۆژ گیانی دا بەدەستەوە، کەمێکیش لەمەوبەر شەو لەدایکبوو. هەموو لەدایکبوونێک ئاهەنگ و بەزموڕەزم و شاییولۆغانێکی بۆ ئەکرێ، شەوی کلۆڵ نەبێت، بە خەمباری لەدایکئەبێت و بە شاییولۆغان ئەنێژرێ. ڕۆژ کە ئەمرێ، شەو کراسی ڕەشی بۆ لەبەرئەکا و وەک کۆستکەوتووی جەرگبڕاو خامۆش و بێدەنگ بۆی دائەنیشێ. بەڵام شەو کە ئەمرێت، ڕۆژ وەک بەهیواومرازگەیشتوو دەستئەکات بە شاییولۆغان. وەفا و بێوەفایی، دڵسۆزی و خیانەت، لە کردگاریشا هەیە. ئیتر بۆ ئادەمیزاد دڵی لە خۆی ئەمێنێ؟! ژیان بەبێ تەناقوض، بڕواناکرێت تاموچێژی ببێ.

❊

کە قەنەوزی مەیلەوئاڵی ڕەنگگوڵین درا بەسەر لاشە زەردهەڵگەڕاوەکەی ڕۆژا، کە چاڵێکی قووڵی بۆ هەڵکەنرا و لەپشت ئاسۆوە تیا نێژرا، شەوی ساویلکەی منداڵی هیچنەزانی بێمێشک کراسی ڕەشی بۆ لەبەرکرد، دەموچاوی گرژکرد، پرچە وسمەکراوەکانیی شانەکرد و کزەبای فێنکی دەمی ئێوارە بۆی پەخشانکرد بەسەر زەوییا؛ ئینجا ماتومەلوول، بێ دەنگ و چرپە، کشومات، دانیشت. حەزینەئەکرد جووڵە چییە لە سەرزەمینا ببێت، حەزینەئەکرد نە گەڵا، نە گیا، ورشەیان لێوەبێت؛ نە لق، نە درەخت، بلەرینەوە؛ نە فڕندە، نە ئادەمیزاد، ورتەیان لە دەم دەربێت؛ نە چەم، نە دەریا، خوڕەیان لێوەبێت؛ نە شاخ، نە زەوی، خشپەیان لێوەبێت. ئەمەندە نەفامبوو، وای ئەزانی کە بەم ڕێگایەی گرتوویەتی، ئەتوانێ حوکمی کردگار بگۆڕێت.

❊

هەموو زیندوویەک لە زەوییا خەوی لێکەوت.. دەوڵەمەند لە کۆشک و تەلاری ئاوەدان و چراخان و پاکوتەمیز و تێروتەسەلا.. هەژار لە کۆختە و ژووری تاریک و نوتەک و سەرەڕێگا و بەردووکانەکانا، دڕندە و جانەوەر و

دەعبا لە کون و ئەشکەوت و شاخەکانا، فڕندە لە هێلانە پووش‌وپەڵاشە گەرم‌وگوڕەکانیانا ....

*

گیانی مردووەکان لە خەو هەڵسان، دەستیان‌کرد بە سووڕانەوە بەناو زەویی پان‌وپۆڕا، سەریان‌ئەنایە گوێی یەکتری و گاڵتەیان بە ئادەمیزادی بێ‌ئاگای هیچ‌نەزان ئەکرد. دووان‌دووان و سیان‌سیان قۆڵیان کرد بە قۆڵی یەکا و دەستیان‌کرد بە هەڵپەڕکێیەکی بێ‌دەنگ. ئەستێرەکانی ئاسمان ئەچوونەوە ناو خۆیان و خۆیان ئەخواردەوە، بۆ کەساسی و کڵۆڵیی شەوی کۆستکەوتووی یارمردوو!

*

تاق‌تاقکەرەی ماتی خەمبار، لەم بێ‌دەنگی و خامۆشییەدا بەبێ چرپە لە کەلاوەکەی خۆی هاتەدەرێ. کە چاوی بە شەوی کۆستکەوتوو کەوت، ئەویش قەتماغەی برینی کولایەوە. بەو دەنگە پڕ ئێش‌وئازارەیەوە دەستی‌کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکی دڵداریی یەکەمی. لە نیوەی شەوا تاق‌تاقکەرە لە گێڕانەوەی چیرۆکی دڵدارییەکەیا گەیشتە کاتی گیانەڵاو و مردنی یارەکەی. لێرەدا بە نەغمەیەکی زۆر پڕحوزن باسی مردنی یارەکەی کرد. ئینجا دەستی‌کرد بە پاڕانەوە لە خوا و بە دەنگی بەرز دەستی‌کرد بە تاق‌تاق....

*

شەو هەموو قوژبنێکی زەویی بەشوێن قەبری ڕۆژی یاریا پشکنی. هەر لە ئەشکەوت و دۆڵ و دەشت و دەریا و گۆمەوە، بە هەناسەهەڵکێشان و فرمێسکی بێ‌دەنگ گەڕا، تا باغ و دارستان و گردەکان، سوودی‌نەبوو. لە بەری بەیانا گەیشتە سەر شاخێکی زۆر سەختی قووچ. بە تاشەبەردە تیژەکانی ئەم شاخە، هەموو دەست و قاچ و لەشی برینداربووبوو، دڵۆپ‌دڵۆپ خوێن خەریک‌بوو لەم برینانەیەوە سەری‌ئەکرد و بەسەر زەوییا بڵاوئەبووەوە. شەو ئێجگاری قینی لە ژیان هەڵسا، بەتەواوی بێ‌هیوا بوو لە دۆزینەوەی قەبری ڕۆژی یاری. چاوێکی بە هەموو زەوییا خشان و لەو شاخە بەرزە قووچەوە خۆی فڕێ‌دایە ناو دۆڵێکی کاکی‌بەکاکی، کە تاشەبەردەکانی هەموو وەک ڕم لە زەوییا داچەقێنرابوون. یەک‌دوو دەقیقەیەک، گیانی دا بەدەستەوە، لاشەی پڕوەفا و دڵسۆزیی ساردبووەوە. نسێی بەری بەیان لە گوێ‌دەریاوە چاوی بە لاشەی شەو کەوت،

دەستێکی دا بەدەستا و سەری دانەوان و وردەوردە دەستیکرد بە کۆکردنەوەی پرچە وسماوییە پەخشانبووەکەی شەوی مردوو. کە نزیککەوتەوە لە دۆڵەکە، بەو هەموو پرچە ڕەشە جوانە لاشەکەی داپۆشی. نەسیم بە گورجی باسی مردنی شەوی گەیانە دارستان و دەریا و هەموو گیانلەبەرێک. یەکێک نەبوو گوێبداتە مردنی شەو، کەس فرمێسکێکی بۆ نەڕشت، تاقتاقکەرە نەبێت، خۆی کردەوە بەناو کەلاوە ڕووخاوەکەیا و دەستیکرد بە تاقتاوکردن!

*

## له "باخچەی لەندەن"ی تەلئەبیب

٤٤/٦/٢١

– له پلەی یەکەما خۆت هاورێی خۆت بە. ئەگەر بەمە دانەمرکای، کتێب بکە بە هاورێت. ئەگەر بەویشەوە دانەمرکای، یەکێک بکە بە هاورێت تێتبگات، لە موستەوای بیرتا بێت، هاوولات و هاوزمانت بێت. ئەگەر بەمانەوە هەموو دانەمرکای، ژنێکی خوێندەوار بهێنە.

– ژیان تاڵە و ناخۆشە. ئەمە شتێک نییە گومان هەڵبگرێت، بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن بیر و هەستن. بەڵام ئەوە باش بزانە کە لە صەدا نەوەدی کامەرانی و خۆشیی ژیانت بەدەست خۆتە. خۆتی بتوانی گەلێک برینی خۆت سارێژبکەیت، خوتی باخچە و کۆشکێکی خۆش بۆ خۆت دروستبکەی لە بیابانی ژیلەمۆی ژیانا.

– ژیان دەریایە، دەریایەکی پانوپۆڕی بێپەی، بێکەناری قووڵ. مەلە نەزانی، ئەخنکێیت. بەهێزنەبیت، زوو هیلاکئەبیت و ئەمریت. چەکدارنەبیت، زوو لە پەلوپۆ ئەکەویت و ئەمریت. خاوەنبیرنەبیت، زوو هەڵئەخەڵەتێیت و لەناوئەچیت. مەلە فێربە، هێزداربە، خاوەنبیر بە؛ بۆ ئەوەی بتوانی لە دەریای ژیانا هەڵکەیت.

– لە پەرلەمانا هەڵسنە پێیان و وەکوو نوێنەرێکی ڕاست داوا لە حکوومەت بکەن بۆ کردنەوەی موستەوصەف و خەستەخانەیەکی زۆر لە شار و لە دێکانا. داواشئەکەین کۆمەڵێکی صیحی دابمەزرێنن. قوتابییەکانمان لەکاتی تەعطیلەکانی قوتابخانەدا بەناو دێیەکەی خۆیانا وە بەناو دێ نزیکەکانا دەستبکەن بە دەرمانکردنی سەرەتایی بەگوێرەی فەرمانی مامۆستاکانی قوتابخانە.

– نەتەوەی کورد برسییە، برسێتی لە نەزانینی بەکارهێنانی زەوی و سامانەوە پەیدائەبێت. داوائەکەین لە نائیبەکانمان لە پەرلەمانا، داوای کردنەوەی بانقێکی کردوکۆشی و کارسازی بکەن بۆ جووتیار و بۆ ئەو کەسانەی خاوەنمەشرووعن و بێپارەن. داواش لە پیاوە ساماندارەکانمان ئەکەین، هەموو بستە زەوییەک و هەموو پوولە سوورەیەکیان بەکاربهێنن و بیخەنە ئیشەوە. داوا لە

سامانداره‌کانمان ئه‌که‌ین چه‌ند کارگا و ده‌زگایه‌ک دابمه‌زرێنن، وه‌کوو کارگایه‌کی شه‌کر دروستکردن، وه‌کوو کارگای جلوبه‌رگ، وه‌کوو کارگای میوه پاراستن.

– نابه‌ڵه‌د و ناشاره‌زاین، پێویسته له‌سه‌رمان لاوانی زیره‌ک بنێرین بۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵات، بۆ ئه‌و شوێنانه‌ی له ئێمه پێشکه‌وتووترن، تاکوو فێرببن، وه که گه‌ڕانه‌وه، ده‌ستبکه‌ن به ئیشکردن وه‌کوو ئینسانێکی شاره‌زا له هه‌موو که‌لوقوژبنێکی ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تی و کردوکۆشی و سیاسیی وڵاتا.

– به‌شبه‌شکراوین، یه‌کیه‌تیمان ئه‌وێت. له سه‌ره‌تادا یه‌کیه‌تی پێویسته له مه‌عبه‌ینی دانیشتووانی شار و لادێکانمانا بێت. له‌پاشا به‌گوێره‌ی پیلانێکی دانراو له لایه‌ن کۆمه‌ڵێکی به‌توانست و به‌ده‌سه‌ڵاته‌وه، ئه‌ڵێم پێویسته ئه‌و کۆمه‌ڵه نوێنه‌ری خۆی بنێرێت بۆ ئه‌ملاوئه‌ولا بۆ به‌ستنی په‌یوه‌ندی وه بۆ هێنانه‌جێی یه‌کیه‌تی.

– نه‌زانین، خوێنده‌واریمان ئه‌وێت. له پله‌ی یه‌که‌ما پێویسته نه‌ته‌وه خۆی ده‌ستبکات به کردنه‌وه‌ی قوتابخانه له هه‌موو ڕه‌شماڵ و دێ و شارێکا. به شه‌و، به ڕۆژ، ئه‌م قوتابخانانه نه‌وه‌ستن بۆ فێرکردنی هه‌موو چینه‌کانی نه‌ته‌وه، منداڵ بن یا پیاو، هه‌ژار بن یا ده‌وڵه‌مه‌ند، لادێیی بن یان شارستانی، گه‌ڕۆک بن یان نیشته‌جێیی. بۆ ئه‌م ئامانجه، پێویسته کۆمه‌ڵێک دابمه‌زرێت بۆ زانست. ئه‌م کۆمه‌ڵه ئیداره‌ی ئه‌و قوتابخانانه بکات، ڕۆژنامه و گۆڤار و کتێب ده‌رکات. به‌کورتی، هه‌ر شتێک په‌یوه‌ندیی ببێت به زانسته‌وه، پێویسته له لایه‌ن ئه‌م کۆمه‌ڵه‌وه جێبه‌جێبکرێت.

– که‌م که‌س ئه‌مانناسێت، پێویسته پڕوپاگه‌نده‌بکه‌ین. له پله‌ی یه‌که‌ما زۆر زۆر پێویسته چه‌ند ڕۆژنامه‌یه‌کی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی، چه‌ند گۆڤارێکی ئه‌ده‌بی و فه‌ننی ده‌ربکرێن له لایه‌ن شیرکه‌تێکه‌وه، نه‌ک له لایه‌ن یه‌ک و دووان. بۆ ئه‌م ئامانجه‌ش، پێویسته کۆمه‌ڵێکیتر دابمه‌زرێت بۆ به‌ڕێوه‌بردنی ڕۆژنامه و گۆڤار و بۆ ده‌رهێنانی نه‌شره و وێنه و کتێب ده‌رباره‌ی بیروباوه‌ڕ و ده‌رباره‌ی مێژوو و ئه‌ده‌ب و باری کۆمه‌ڵایه‌تیی کورد و کوردستان. ئه‌م نه‌شره و کتێبانه، پێویسته هه‌ندێکیان به زمانی ئه‌و بێگانانه بن که په‌یوه‌ندییان هه‌یه به کورده‌وه.

– هه‌ندێ پیاوی چرووک و ناپاکمان هه‌یه، که یان خزمه‌تکاری بێگانه‌ن یان خۆێنڕێژی وڵاتن، یان نه‌زانن و کاروباری گه‌وره‌یان وا به‌ده‌سته‌وه. پێویسته

بەرامبەر بەمانە پیلان و ڕێگایەکی باش وەربگیرێت، بۆ ئیصلاحکردنیان وەیان بۆ لەدەستدانیان.

– دڵپاک و خۆشباوەڕین. نەتەوەی ئێمە یان بەشێکی، نەتەوەیەکی دڵپاک و خۆشباوەڕە، بەتایبەتی بەرامبەر بە بێگانە، پڕوپاگەندە زۆر کاری تێئەکات وە زوو زمانی لووس لە ڕێ لایئەدا. بۆ ئەم ئامانجە، پێویستە چەند یانەیەک بکرێتەوە بۆ وتاردان. پێویستە بە باسکردنی خراپەکانی بێگانە تێبگەیێنین کە هەڵفڕیوان و دڵنەرمی لە ئێستا خراپترمان لێئەکات. چ کاتێ لەمە گەیشت، ڕایەکی گشتیی باشمان بۆ خەلقئەبێت، کە ئەتوانین هەموو شتێکی باشی پێبکەین.

– لەپاش ئەمانە هەموو، بەڵکوو لەپێش ئەمانەدا هەموو، پێویستە کۆمەڵێکی گەورە پێکبێت لە پیاوە گەورەکانمان بۆ پیلاندانان و بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مەشرووعانەی باسمانکردن. ئەم کۆمەڵە گەورەیە چەند پەلێکی تیائەبێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مەشرووعانە. وە هەروەها بۆ ئاڕاستەکردنی نەتەوە بەو ڕێگا سیاسییەدا کە ئەمانگەیێنێتە سەرچاوەی ئازادی و سەربەستی.

❋

**(٠٠٠)**

.... ئاگری گیان و دەروون و کەللەمت زیاتر خۆشکرد و تێتگەیاندم کە دەرمانی ئاگر ئاگرە، نەک بەفر! ئێستا ڕووەو ئاگر ئەڕۆم، ئەچمە ناو ئاگرەوە، ئاگرم ئەوێت، ئاگرێک سەرتاپاشەوە زەنگی ناشیرین ڕووناککاتەوە و هەموو شتێک بسووتێنێت: نەریت، ڕابوردو، یاسای کۆن و کۆنەپەرست. هەموو شتێک نەمێنێت. ئەوسا سەرلەنوێ ژیانێکی لە ئاگر و لە ئاگر پەیابووی پێ بێتەوە ڕوو، خێوەت هەڵبدات... هەموو ئادەمیزادێک بە خۆشی بژی و ئازادبێ، هەموو نەتەوەیەک سەربەست و بەختیار بێ.

لە کاتی پەستی و دڵتەنگییا، لە کاتی ئێشوئازار و کوێرەوەرییا.... لە حەلی ڕووگرژکردنی ...

هەنگاو بە هەنگاو بە بازدان یان بە ڕاکردن هەر شوێنتئەکەوم، هەر دێم بەدووتا، هەرگیز وازت لێناهێنم. با ترس و سام هەموو دنیا داگیربکەن، با ڕێگاوبان هەمووی کەنن و کۆسپ و چاڵوچۆڵ و پڕ دڕک و داڵ یان پڕ دەعبا و جانەوەر بێ، با قوڵ و قاچم شەقارشەقار بێت، بە چنگەڕنێ، لەسەر سنگ، هەر دێم بەشوێنتا، وازت لێناهێنم، لە کۆڵتنابمەوە. پێیەکە و ناومە لە جەرگم، ژیانێکە و خستوومەتە سەر لەپی دەستم. هاتووم و هەر یەم، تا بەیەکئەگەین، تا بۆیەکئەبین، تا تێر لەژێر سێبەرتا ئەحەسێمەوە، یان ئەمرم.

*

**هیوا (أمل)**

وێنەی کچێ چاوی بەستراوە، لەسەر بەرزاییەکی خڕ دانیشتووە، هەوا لە هەموو لایەکەوە لێیئەدا، وە تارێک لێئەدا، هەموو تاوەکانی بچڕاوە، ئیللا یەک تاو نەبێ، ئەو تاوەیە کە پاڵمان پێوەئەنێ بە دڵی شکاوی پارچەپارچەمانەوە بۆ ئەوەی بژین و ئاخر نەفەر بنێرین بە ئاسمانا.

(لە کتێبی لەندەنەوە، ئەحمەد عەطییە)

١. کوشتن کاریکی پیس و ناشیرین و خراپە، بەڵام کە مەسئەلەی شەرەف و کردەوە هاتە ناوەوە، کوشتن حەڵاڵە، چونکی بینای میللەت لەسەر ئەخلاق و شەرەف و ڕەوشتی جوانە.

٢. زۆرجار سەبەبی فیتنە و شەڕوشۆڕ قسە زۆر کردنە.

٣. ئەو سەعادەتەی کە لەسەر پارە و دەوڵەمەندی بینائەکرێ، سەعادەتێکی درۆ و بەتاڵ و بێسوودە. تەماشای ئەو خانووە بکەن کە لە پووشوپەڵاش دروستکراوە، چۆن بە سروەیەکی نەسیم ئەڕووخێ. هەروەها ئەبێ ئەو سەعادەتەتان!

*

## نامەیەک

٩٤٦/٦/٢٤، ڕۆژی دووشەموو

بتە شیرینەکەم، نازانم بە چ جۆرە زوبانێک سوپاستبکەم؟ نازانم بە چی چاکەی شەوی ٩٤٦/٦/٢٢ت بدەمەوە؟ من لە سەرەتای ژیانمەوە تا ئێستا زۆر بە پێویستم زانی ئەم نامەیەت بۆ بنووسم، چونکە شەوی یەکشەموو نەمتوانی بەدەم سوپاسی ئەو چاکی و خۆشی و شادی و بەختیارییە بکەم کە تۆ بە منت گەیاند و کە تۆ بە منت بەخشی.

لەپێش پێرێشەوێدا بێهیوایی (یأس) گرتبوومیە باوەش، سەری لێسەندبووم. هەموو ژیان لە بەرچاوم تاریکونوتەک بوو. گۆشەگیریم هەڵبژاردبوو، بەڵام ناوبەناو کە بەزۆر خۆمم ڕائەکێشا بۆ دەرەوە و چاوم بە ئافرەت ئەکەوت، شۆڕشێکی سەختی قین پەیدائەبوو لە دەروونما بەرامبەر بە هەموو ئافرەتێک و بەرامبەر بە کۆمەڵ و بەرامبەر بە موحیط و بەرامبەر بە هەموو قانوون و شەریعەتێکی بەشەر. لەپێش پێرێشەوێدا کە هێشتا تۆ، شیرین نەتدوواندبووم. ئەڵێم لەپێش ئەوەدا دڵەی پڕ لە ئێشوئازاری پڕ لە دەرد و خەفەتی بریندارکراوی لەتلەتکراوی بەحاڵ نووزەتیاماو، خەریکی گیانەڵاو و مردن بوو، پەست و مات و غەمبار ئەهاتم و ئەچووم، بەبێ ئەوەی بزانم بۆ کە کەلیمەی "وەفا"م ئەدی لە کتێبێکا، یان ئەمبیست لە یەکێک، زەردەخەنەیەکی پڕناسۆر ئەهاتە سەر لێوم و تێر گاڵتەم بەو کەسانە ئەکرد کە باسی وەفایان ئەکرد.

پێرێشەوێ کە بانگتکردم، سەرتاپا هەموو گیانم، هەموو لەشم، دەستیکرد بە لەرزین. دڵم دەستیکرد بە گورپە و لێدانی توندوتیژ، مێشکم لە بیرکردنەوە وەستا و زمانیشم بەسترا. بەکورتی، پێرێشەوێ کە بانگتکردم، تۆزێکی مابوو لەو موفاجەئەیە دڵم بوەستێ. لەپاش قسەکانت، لەپاش گێڕانەوە و دووان لەو باسانەی کە کردت، ئینجا هاتمەوە هۆش خۆم، سپاسی خوام کرد، سوپاسی کردگارم کرد کە بەوەفایەکی وەکوو تۆی دروستکردووە کە لەپاش یانزە ساڵی دوورودرێژ ڕووی ڕەحمەتی تێکردم و منت حەساندەوە و هیوامت

ژیاندەوە و دڵمت زیندووکردەوە.

هەموو هیوایەکم!

بە قسەکانتا بۆم دەرکەوت کە بە موطالەعەکردن وە بە تەجروبە ثەقافەتێکی باش و بەرزت پێکەوەناوە. لەم لایەنەوە، بە هەموو دڵێکمەوە تەقدیرتئەکەم. بەڕاستی تەنیا کتێب و موطالەعەیە کە ئێمە کەمێک دوورخاتەوە لە ژیانی واقیعیی پڕ دەرد و خەم.

گیانە شیرینەکەم،

باش لە قسە و لە بیروباوەڕ و ناخۆشی و وەضع و حاڵ و ئەحواڵت گەیشتم وە ویستم قسەت بۆ بکەم. بەڵام وەخت کەمبوو، منیش حەپەسابووم. جگە لەمانەش، حەزمئەکرد زۆرترین موددەت گوێم لەو دەنگە مۆسیقایییە مەلائیکییەت بێت، کە خواردنە بۆ ڕۆحم، بەڵام با ئێستا هەندێ شتت بۆ باسبکەم.

خۆت ئەزانی کە تا ئێستاکە و کە هەتا مردنیش هەر بۆ تۆ ژیاوم و هەر بۆ تۆ ئەژیم، دڵێکە و کردوومە بە قوربانی تۆی خۆشەویست و بڕاوەتەوە. هاتنە بەغدام، لەبەرئەوەبوو کە لە تۆ نزیکبم، چوونە فەلەسطینم بۆ فەلەسطین لە داخی تۆ بوو، گەڕانەوەم بۆ بینینی تۆ بوو، لە ئیذاعەی بەغدا ئیشنەکردنم دیسان هەر لەبەر تۆ بوو. ژنهێنانم لە داخی تۆ بوو، طەلاقدانی، لەبەر خاتری تارمایی و شێوەی تۆ بوو، کە هەمیشە بە شەو و بە ڕۆژ لە بەرچاومە. نووسینەکانم، ناو و شوهرەتم، گۆرانی و لەحنەکانم، هەمووی دەستکردی تۆیە و تۆ منت کرد بە ئەدیب و فەننان، ئەگینا مومکینبوو من هیچ نەبوومایە و موجتەمەع هیچ خێرێکی لێنەدیمایە.

لەم باسە کورتەوە دەرئەکەوێت کە چاکیشت لەگەڵا کردووم و خراپەش، بەڵام دائیمەن چاکیت زۆرترە و بەتایبەتی لە پێرێشەوێوە هەزار ئەوەندەیتر منت مەفتوون و شەیدا کردووە و ئارام و ئۆقرەم لە لا نەماوە، خواخوامە زوو شەو بێت، بەڵکوو ئەمە خوایە تێر بتبینم و تێر بتدوێنم.

خوشکی گیانیم!

هەموو ئاواتێکم ئەوەیە کە تۆ بە خۆشی و بەختیاری بژیت. وا جارێ زەمان ئێمەی بە لەش لەیەک جیاکردۆتەوە، بەڵام بە ڕۆح هەمیشە لەگەڵ یەکاین. دە پێویستە لەسەرت کە هەتا ئەوپەڕی باشە باشبیت لەگەڵ (.....)، وە هەوڵبدە کە مەسعوودیکەیت، بۆ ئەوەی هەردووکتان بە خۆشی بەیەکەوە ڕابوێرن. دە چ

کاتێک تۆ بە خۆشی ژیایت، ئەوا منیش -بێشکبە- بە خۆشی ئەژیم. بەڵام ئەگەر هات و هەر فائیدەی نەبوو وە هەر نەتانتوانی بەیەکەوە بژین وە ئینسیجام وە خۆشەویستیی موتەبادەل نەبوو لە بەینتانا، ئەوا ئەو حەلە کەیفی خۆتە.... وە من رەئی بەیانناکەم لەم خصووصەوە، بەڵام وەکوو پێرێشەوێ پێموتیت، ئامادەم بۆ هەموو تەضحییەیەک، ئامادەم چی تۆ بیڵێی، من تەنفیذیبکەم.

هێزی ژیانم! وەکوو خۆت داوات لێکردم، نایەم بە بەردەمیماڵتانا، بەڵام هەموو ئێوارەیەک لە بەردەرگای ماڵی خۆمان چاوەڕوانتم، ئەگەر ئەمیشت پێناخۆشە، ئەوا پێمبڵێ.

دڵنیابە کە تەنیا تۆم لەبەر خاتری خۆشەویستیی پاکی ڕۆحی ئەوێ و هیچیتر. تۆ بتێکیت و من ئەتپەرستم وە هەمیشە خۆشەویستی و دڵداریی ئێمە پاک و خاوێن و ڕابیطەیەکی ڕۆحی ئەبێت و بەس.

دڵسۆز و دڵلەلات هەتا مردن

*

حوزەیران، سولەیمانی
٢٢-٩٤٦/٦/٢٣

لە سەعات هەشتونیوی شەوی یەکشەمووەوە هەتا سەعات نۆ بەیەکەوە بووین. لەم شەوەدا کە هەڵسام بچمە دەرەوە، بانگیکردم: ڕەفیق!

- بەڵێ!

- وەرە چەند قسەیەکت لەگەڵ ئەکەم.

ڕۆیشتین، لەپاش چاکی و چۆنی لە لایەن ئەوەوە و سوپاسی لە لایەن منەوە، پێیوتم کە دوورترین ڕێگا بدۆزەرەوە بۆ ئەوەی پیایا بڕۆین. هەموو مەڵکەندی و پیرمەنسوور و حاجی ئەحان گەڕاین، دەردی دڵی خۆی بۆ ڕشتم، داوای لێبوردنی لێکردم، پێی لە خەتا و گوناهی خۆی نا، دەریبڕی کە منی هەرگیزاوهەرگیز لەبیرناچێتەوە، هەمیشە لە کاتی تەنیایی و لە کاتەکانیتریشا هەر بیرم لێئەکاتەوە، وە منی هەر ئەوێت. دووسێجار دەستم ماچکرد، ئینجا ناوچەوانی. پێموت کە ئامادەم بۆ هەموو جۆرە تەضحییەیەک لە ڕێگایا.

## محاورة

قطعة شعرية من الادب الكردي:

### الزهرة الدامية

وضعها شاعر الشباب: عبدالله گوران

ترجمها للعربية: رفيق چالاک

الشاب:

انظري! في تلك الدار رقص وعرس

استمعي! ناي وموسيقى صداحة

الأصفر والأحمر مختلطين فرحين

ان ذلک الحفل لاينقصه الا جلجلة حزامک الفضي

قومي لنذهب ولنضع يدا في يد،

قومي لنرقص على نخب حبنا العذري

الفتاة:

اذا لم تأتني بباقتين من الزهر، احداهما صفراء والاخرى حمراء

لا أذهب معک للعرس ولا أرقص معک.

الشاب:

ايتها الشابة في سبيل جمالک الفتان

ايتها الشابة في سبيل جمالک الخلاب

الفصل خريف والاشجار عارية

من اين آتي لک بالزهور، في حين ان الطبيعة الى الآن لم تصنع لنا الزهور.

الفتاة:

اذا صحيح انک وهبتني قلبک وتحبني حقيقة، فأذهب الى حديقة الملک وأجلب لي باقتين من الزهور.

(الشاب يمشى الى حديقة الملک ويغني هذه الاغنية):

حديقة الملك في تلك الضفة من النهر والحراس الأعداء محاطيها كالسوار بالمعصم

اذا ذهبت، فهم واقفون لي بالمرصاد

واذا لم أذهب، فحبيبتي تخاصمني.

(ذهب الشاب ورجع مصفر الوجه وأنشد يقول):

فتشت حديقة الملک من أقصاها الى أقصاها، کانت هنالک زهور صفر، فأتيتک بها ولکني لم أجد ورودا حمراء، فهل تأتين معي؟

الفتاة: ....

الشاب: (يکشف عن صدره ويقول)

هاک هذا الجرح واصبغي به الوردة.

الفتاه:

وا حبيباه! ضربوک الاعداء بالرصاص.

تمدد قليلا وضع رأسک فوق صدري

ضع رأسک فوق قلبي، لأبکي أعز شخص خسرته في سبيل زهرة.

*

## أنت دائما في قلبي

دائما وأبدا أنت في قلبي، أيتها التي تغار منك ڤينوس
اذا الأعاصير والزوابع أقامت الجبال وحطمتها
واذا أقلعت هذه الأعاصير جميع الغابات الموجودة في الأرض
واذا محيت الطبيعة ذاتها من الوجود
فأنت تبقين في قلبي وتكونين أبدا في قلبي

*

اذا قتل الأخ أخيه أو الابن أبيه
واذا تركت الفراشة الحديقة
واذا نضبت جميع الينابيع الفضية
واذا ماتت أوراق الأشجار وذبلت
فأنت تبقين في قلبي وتكونين دائما في قلبي

*

سواء أكنت قريبة مني أو بعيدة
سواء أردتيني أو لم تريديني
واذا القانون والمادة والانسان
ثلاثتهم قاموا في وجهي وهددوني
فأنت تبقين في قلبي وتكونين دائما في قلبي

*

دائما أنت في قلبي، أيتها الجالسة على عرشه
فلأكن سيء الحظ، فلأكن منبوذا، فلأكن شريرا طريدا
فلأكن وحيدا بعيدا عن الأهل، فلأكن عابد الصحارى
فلا أقيس مر العذاب والشقاء

ولكن أنت في قلبي وستبقين أبدا في قلبي

❊

انقطعت جميع رجائي من وصلك
وماتت أماني وآمالي في الحياة
فلتطفيء شمعة حياتي بأية طريقة كانت
ولأنام وأنا جريح بائس غريب ولتكن منزلي الجحيم
ولكن ستبقين في قلبي وأنت أبدا في قلبي

❊

# وەرگێڕانی عەرەبیی شیعرێکی گۆران*

دەقی کوردی:

**سروودی**

**مەولوودی پێغەمبەر[1]**

---

* شیعرەکە، کە ناونیشان و ڕۆژ و شوێنی دانانی پێوەنین، بە قەڵەمی ڕەش و هەر بە دەستخەتی ڕەفیق چالاک خۆی لە دیوی ناوەوەی هەردوو بەرگی پێشەوە و پاشەوەی دەفتەرێکدا، کە لاپەڕەکانی دیارنین و بێگومان هەر نووسینی ئەویان تێدابووە، نووسراوەتەوە. ڕەفیق چالاک خۆیشی شیعرەکەی بە ناوی (نشيد المولد النبوي الشريف)ەوە کردووە بە عەرەبی. بەوپێیە، شیعرەکە سروود بووە و لە مانگی مەولووددا، بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە (د.خ)، خوێندراوەتەوە. ئەم شیعرە، بە شێوازی ئاهەنگداری نووسینیدا دیارە کە -بێچەندوچۆن- هیی مامۆستا گۆران خۆیەتی. دەبێ ڕەفیق چالاکیش ئاوازێکی تایبەتی بۆ دانابێ و لەو بۆنەیەدا وەک سروود وترابێ، بەداخەوە ئاوازەکەیشی بزربووە. بەراوردکردنی هەردوو دەقەکە، دەریخست کوردییەکە برگە و نیوێکی بزرە. ئەو دەفتەرە کە شیعرەکەی تێدا نووسراوەتەوە، ئەم زانیارییانە لە بەرگی دەرەوەی‌دا نووسراون:

Dectation

R. Chalak Twofiq

Rafiq Chalak

Jafaran

Karadagh

بەوپێیە، پتر ڕێی تێدەچێ شیعرەکە سەروبەندێک نووسرابێتەوە کە ڕەفیق چالاک لە دێی (جافەران- جەعفەران)ی ناوچەی (قەرەداخ)ی لیوای سلێمانی موعەللیم بووە. خزمەتنامە (دفتر الخدمة)ی خانەنشینیی ڕەفیق چالاک کە لە بەردەستدایە، دەریدەخا ناوبراو ماوەی نێوان (١٩٤٥/١٠/١- ١٩٤٦/٣/١) مامۆستای قوتابخانەی سەرەتاییی دێی (جافەران)ی ناوچەی (قەرەداخ)ی پارێزگای سلێمانی بووە. بۆیە دەبێ شیعرەکەیش ئەو دەمە نووسرابێتەوە و دانرابێ. ئەگەرچی عەرەبییەکەی چەند هەڵەیەکی ڕێزمانیی تێدایە، لەبەر ئەمانەتی مێژوویی وەک خۆی هێڵرایەوە و دەستکاری‌نەکرا. جێی باسە، ئەم شیعرە پێشتر لە لاپەڕە ٢٠٩-٢١٠ی ژمارە ٣ی ساڵی سێیەمی گۆڤاری ساڵانەی "ژین"دا بڵاوبووەتەوە. (س)

[1] شیعرە کوردییەکە بێ‌ناونیشانە. (س)

ئەمڕۆ ڕۆژی شادمانیی موسوڵمانییە
جەژنی ڕاستی، جەژنی ئاشتی، ئاوەدانییە

*

لەم ڕۆژەدا خوا پێی‌بەخشین
پێغەمبەری هەرە دوایین
لەم ڕۆژەدا، لەم ڕۆژەدا
تەئریخی گێتی بۆی نووسین:
بژی ئیسلام، بژی ئایین
ئامین، ئامین

*

لەم ڕۆژەدا بتی عەرەب، ئاگری عەجەم
بۆ گیانی شەیتان بوونە دەرد و غەم
لەم ڕۆژەدا ماوای نازدار
ناوچەوانی پاکی کەوتە دیار
دنیای هەموو کردە بەهار

*

ئەی گیانی پاکی پێغەمبەر
لە شادیتا شادمانە
کوردی غەمڵەبەر
لە شادیتا شادمانە
سەرتاپا ئەم کوردستانە
هەرچەندە کورد ئیمڕۆ پەستە
بەڵام شادمانە، شادمانە

دەقی عەرەبیی:

## نشيد المولد النبوي الشريف

وضعه باللغة الكردية: عبدالله گوران

ترجمه الى اللغة العربية: رفيق چالاک

ان هذا اليوم هو يوم الحبور الاسلامي
من مثل هذا اليوم أوهبنا الاله
محمد خاتم الأنبياء
في هذا اليوم، في هذا اليوم
كتبت لنا تأريخ العالم
ليعيش الاسلام، ليعيش الايمان
آمين، آمين

*

في هذا اليوم أصنام العرب كسرت
ونار العجم اطفيت
في هذا اليوم هرب الشيطان محموما في الشرق
في هذا اليوم لاح الجبين الناصع
في هذا اليوم أتى النبى اليتيم ووضع قدميه
المباركتين في أرض الربيع
في هذا اليوم نور محمد الدنيا وصيره جنات فيحاء

*

في مثل هذا اليوم انتقلنا من الظلام الى النور
وفي مثل هذا اليوم أصبح الشرق الفاسد

حديقة للطهارة والفضيلة والايمان
رفعت مشاعل العلم بظهور العبقري
وخرجت صوت عبادة الله من الصدور
بظهور محمد، الأكراد والعرب، الأتراک والعجم
بل والكتلة الانسانية أصبحت اخوة
وحاضنت بعضها البعض

❊

ايها المرسل الطاهر! يا روح محمد
في عيدک مسرورة الامة الكردية المظلومة
في عيدک فرحانة هذه الامة الحزينة
ان كردستان من أقصاها الى أقصاها تردد
صلى الله عليه وسلم
ان في هذا اليوم، ايها النبى العظيم
عشرة ملايين كردي من أتباعک
المخلصين لايملكون سبل الحياة الحرة
ومع ذلک نحن مسرورون بعيدک في هذا اليوم المبارک
لأن قلوبنا مفعمه بالإيمان والسلام والإنسانية

❊

# چیرۆک

## لەیلا

قاقای پێکەنین، زڕەزڕی پەرداغ، شریخەی سەری شووشە شکاندن. خاویی دەم و قسەی سەرخۆش.. ئەو جێگایەی پڕکردبوو لە دەنگ و صەدا. دووکەڵی جگەرە و نێرگەلە هەوا و ئاسمانی ئەو جێ پیسەی هەزار ئەوەندە پیسکردبوو. بە ئاشکرا ئەوانەی سەرخۆشنەبوون، تەکانیانئەدایە خۆیان، بۆ ئەوەی لەم جێ پیسە دووربکەونەوە کە خۆیان وەیا هاوڕێکانیان ئیختیاریانکردووە بۆ ڕابواردنی ئیمشەویان، وەکوو ئەم شەوە لە ژیانیان کەمنەبێتەوە.

ئەگەر یەکێکی ئاگالەخۆبوو بە چاوێکی وردی تێبینییەوە بەملاوئەولای خۆیا بیڕوانییایە، لەناو ئەو جێگایە سێ کەسی ئەدی دانیشتوون لە دەوری مێزێک، هیچ جۆرە خواردنەوەیەکی لەسەرنییە، بۆ هیچ نەهاتوون، ئیللا بۆ بینینی شتی تازە نەبێ، چونکە ئەمە چەند ڕۆژێکە لە وڵاتێکی دوورەوە بە ئیش هاتوون بۆ ئەم شارە و شارەزاشنین بچنە هیچ جێگەیەکیتر، چەند جێیەکی زانراو نەبێ کە تازە فێریبوون. لەناو ئەم سێ غەریبەشدا، لاوێکی ٢٠ساڵەی زەردهەڵگەڕاوی ئەدی، کە لە دەموچاویا نیشانەی بیرکردنەوەی زۆر و مەئیووسی بەتەواوی هاواریئەکرد؛ دانیشتبوو، دەستیی خستبووە ژێر چەناگەیەوە، چاویی بڕیبووە شانۆکە، چاوەڕوانی دەست بە یاری و سەماکردنی ئەکرد.

لەپاش دووسێ سووڕ هەڵپەڕین و سەما و گۆرانی لە لایەن چەن قەڵەو و ناشیرین و کۆن لەم ئیشەدا، سەرکەوتە سەر شانۆ! چی سەرکەوت؟ پەرییەک لە وێنەی تیاترۆوا، جوانێک، دەنگخۆش، سەماکەرێکی ڕەوتجوانی لەششووش، چاوشین، پرچێکی خاوی پەخشان بەسەر شانا، دەم و لێو بچووکێکی ڕێککەوت لەگەڵ دەموچاوا، ...[١]

---

[١] تەواوکەرەکەی دیارنییە. بەپێی شوێنی لەو دەفتەرەدا کە تێیدا نووسراوە، ١٩٤٢ نووسیویە، کاتێک لە فەلەستین بووە. (س)

**مارسێل پات،**

**سەرگەردی جەنگ**

٩٤٣/٤/٤

لاوێکی غەریبی وێڵ، دوور لە وڵات و کەسوکار، کەوتە پانسیۆنێکەوە کە خراپەکەران تیایا هەڵئەسان و دائەنیشتن. ئەم لاوە ئەو ژوورەی زۆر پێخۆش‌بوو کە دەستی کەوتبوو هەرزان؛ ئاو و کارەبای تیابوو، مێز و کورسیی بۆ دانرابوو، نوێنێکی پاکوتەمیزی بۆ ڕاخرابوو. ژیانی وەکوو پیاوێکی ٤٠ساڵیی بیر و عەقڵ کامڵ ڕائەبوارد؛ لە ژوورەکەوە بۆ ئەو ئیشەی ئەیکرد، لەوێوە بۆ لۆقەنتە، بۆ چایخانە، بۆ ژوورەکە. ئا بەم جۆرە ڕۆژانی ژیانی ئەبردەسەر، هەموو شتێکی‌تر لای بێ کەڵک و سوود بوو! بەزۆر ناوبەناوێک خۆی ڕائەکێشا بۆ تیاترۆیان بۆ خواردنەوە، یان بۆ جێگایانی‌تر، کە لە پێویستیی کۆمەڵی ئەم چەرخەیە. هەتا بڵێی هەوڵی بۆ بەرزی ئەدا، لەم ڕێگایەدا هەموو بەنرخێکی ئەبەخشی. بە درێژیی وەختی بەتاڵی، خۆی بە خوێندنەوە و نووسینی چەند پارچەیەکی ئەدەبییەوە بەکارئەهێنا.

لە ١٥ساڵییا تووشی داوی دڵداری بووبوو، سێ‌چوار ساڵێک بەم داوەوە تلایەوە، چەند پارچەیەکی دەرحەق بە دڵداری و وەفا و ئافرەت نووسی. بەڵام نەیئەدا بە ڕۆژنامە و گۆڤار، چونکە بۆ خۆی ئەنووسی. هەتا بڵێی لەم سێ‌چوار ساڵەدا کەساسی و دیشواریی کێشا بەدەست ئەو کچەوە، کە بە زنجیری جوانی و دڵداری بەستیەوە؛ ڕۆژی لێ‌کرد بە شەو، خەوی لێ‌حەرام‌کرد، ژیانی کرد بە پارچەیەک لە ئێش و ئازار، لە خەم و خەفەت. لەپاشانا هەرچۆنێک‌بوو بە خوێندنەوە و نووسین، کە بەڕاستی ئیلهامی لەوەوە وەرئەگرت، ئەو دڵدارییە کزبوو لە دڵیا، هێمن‌بووەوە. بە چاوی بیرکەرەوەیەک تەماشای ژیانی ئەکرد، تەماشای‌کرد ئەو بەرزییەی هیوای ئەوە، بەم کارەی ئێستای پێک‌نایە. هەڵسا ڕووی‌کردە غەریبی، وڵات و کەسوکاری بەجێ‌هێشت بۆ ئەو ئامانج و هیوایەی بۆی ئەژی، وازی لە هەموو خۆشییەک هێنا. چووە

وڵاتێکی دوور، چووە ناو ئەو ژووری پانسیۆنەوە کە ئافرەتێک خاوەندی بوو وە چەند کچێک کە بەشەرییەت خستوونییە سزاوە، ئیشیان تیا ئەکرد، ئەو ئیشەی کە خوای گەورە و کۆمەڵ بە خراپی دائەنێن و نەهیی لێئەکەن. بەڵێ، چووە ئەو جێیەوە.

پرسیاری تاوێ بۆ چووبوو، کە زانیی جێگایەکی خراپە، لێی نەهاتەدەرێ و بەجێینەهێشت؟ چونکە ئادەمیزاد ئەبرێبەڕێوە، خۆی خۆی نابا بەڕێوە. بەڕاستی هەموو پانسیۆنەکانی ئەم شارە بەم جۆرە بوو. حەوت مانگی خشت مایەوە، لە ژوورەکەیەوە بۆ ئیشەکەی، لەوێوە بۆ لۆقەنتە و چایخانە، بۆ ژوورەکەی، بۆ ناو کتێب و دەفتەرەکانی، بۆ لای قەڵەم و کاغەز، بۆ بیر و لێکدانەوە. حەوت مانگی خشت ئەمە پیشە و کاری بوو، لەگەڵ بیر و خەیاڵیا ئەژیا، کتێب هاوڕێی ڕاستەقینەی بوو، خەوانی ڕۆژانی دڵدارییە کۆنەکەی بە درێژی لە مێشکیا ئەهات و ئەچوو، شێوەی یارە بێوەفاکەی خەوی شەوی بوو!

لاوێک لە عومری بیستساڵییا ئەمە ڕێگای گوزەران و هەڵکردنی بێ، بەم جۆرە ژیان بەرێبەڕێوە، بەڕاستی شتێکی سەیرە! تا ئێستاکە ئەم جۆرە ئادەمیزادە نەچۆتە سەر کاغەز و قەڵەم، بە نەفسییەتیا کەم هاتووە لە هەموو ڕووی زەمینا.

لاوێکی بیستساڵی لە وڵاتێکی پڕ لە کەیف و ئاهەنگ و ئافرەت و ڕابواردنا بژی، پارە و گەنجییەکی باشی ببێ، وەکوو پیری طەریقەتێک هەڵسێ و دانیشێ، بەڕاستی عاجبایەتییە، سەمەرەیە، هەتا بڵێی پێچەوانەی کردەوەی گەنجە، باخسووس گەنجی ئەم چەرخە! بەڵێ، لەپاش ئەو حەوت مانگە، وەکوو نەریتی کۆنیەتی و لێیلانادا و لەسەری ئەڕوا، لەپاش ئیشوکار و نانخواردن، ڕووی‌کردە پانسیۆنەکە، ملی‌نا بۆ ئەو جێگایەی خۆشترین کات و بەلەزەتترین سەعاتی ژیانی تیا ڕائەبوێرێ!

ئینجا لامان وایە لێرەوە قەڵەم بدەینە دەست خۆی، با بە ئارەزووی خۆی تاریخی ژیانی لەمەوپاشیمان بۆ بگێڕێتەوە، با تێر ناسۆر و کلۆڵی و کەساسیی خۆی باس‌بکات. بەڵکوو چەند دێڕێک یان چەند لاپەڕەیەکی ژیانمان بخاتە بەردەم، دەرسێکی کۆمەڵی، ڕاوێژێکی ژیانی لێوەرگرین، کەمێ لەگەڵیا شاد و دڵتەنگ ببین، یان نەختێ پێکەنین و بگرین، کە بەڕاستی ژیان پێکەنین و گریانە، زەردەخەنە و فرمێسکە، تا مردن!

لەپاش ڕۆژێکی پڕ لە ئیش‌وکار و شەکەتی، ڕووم‌کردە پانسیۆنەکە، ملمنا بۆ ژوورەکەم، بۆ هێلانەی خەو و خەیاڵ و بیرم.

گەیشتمە بەردەمی صالۆنی ژنەکەی خاوەنی پانسیۆنەکەم، بەپیرمەوە هاتووە بە ڕوویەکی خۆشەوە وەکوو عادەتیەتی لەگەڵ هەموو کەسێکا، ڕۆژباشی لێ‌کردم وە داواشی‌کرد نەختێک لای دابنیشم، ئەوەندە لە دەریای خەو و خەیالا نەتلێمەوە، ڕەحم بە گەنجی و بە جوانیم بکەم.

بەڕاستی منیش پێم خۆش‌بوو پاڵ بە چەند سەعاتێکی ژیانەوە بنێم، بەبێ بیرکردنەوەی ڕەش و پڕ لە تاریکی. دەستی گرتم، ڕایکێشامە صالۆنەکەیەوە، ئەو صالۆنەی هەر کەس سەرڕاست و خۆشەویستی خاوەند پانسیۆن نەبووایە، سەری پیا نەئەکرد.

لێرەدا وا بە باش ئەزانم کە کەمێک لەم ئافرەتە بدوێم، کە بەڕاستی لە کانگای دڵما ڕەوشت و خووی بێ‌هاوتای جێگیربووبوو. ئافرەتێک عومری گەیشتبێتە ٣٥ساڵی، نیوەجوان بێ، خاوەنی پانسیۆنێکی گەورە بێ، لە کاتی خۆیا کە تیاترۆ بووبێ، هەزاران کەسی ناسیبێ وە ناو و شوهرەتێکی ئێجگار گەورەی دەرکردبێ، لە ولاتێکا کە بەڕاستی ژنپەرست بن، بەتایبەتی ژنی سەرەش. جێگای عاجبایەتییە کە دڵ و دەروونێکی پاک، ڕاست و ڕەوانییەکی بێ‌هەمتا پیشانی خەڵق بدات، وە تا پێی‌بکرێ پارە لە ڕێگای ئەم و ئەو وا ببەخشێ وە هەموو ڕۆژێ سێ‌ژەمە لەسەر خوانی ئەو خەڵقی نان‌بخوات، هەرچی پارە و ماڵێکی هەیە لە ڕێگای مۆسیقا و ئەدەبا سەرفی‌بکات، وە هەتا خوا حەزبکات ولاتپەروەر بێت و ئامادەی هەمووجۆرە بەخشینێک بێ لە ڕێگەیا. بەکورتی، ئەمەیە خاوەنی پانسیۆنەکەی کە منی تیام وە ناویشی حەپسەخانە.

چوومە ناو صالۆنەکەوە، یەکەن‌دەردوو کە چاوم گێڕا، کچێکی سپیکەلانەی چاوڕەشی خوێن‌گەرمم دی لە بەرگی سەربازییا، کزۆڵە بە ڕەنگێکی زەردەوە دانیشتبوو، لە دەریای بیر و خەیالا ئەتلایەوە؛ بە چاوێکی خەوالووەوە تەماشای‌کردم، کەمێک مات‌بوو، ئینجا بەخێرهاتنی‌کردم. شیاوی گێڕانەوەیە کە چاوم پێی‌کەوت و تێی‌وردبوومەوە، هەرچی هۆش و شعوورێکم تیابوو، لێم ڕاست‌بوونەوە و هەموو ئینسانییەتێک و خۆشەویستییەکم داوایان لێ‌ئەکردم کە بە ناسکترین و تەڕترین و جوانترین کەلیمە وەرامی‌بدەمەوە، واش بوو،

دەستبەجێ گۆڕام، هەموو هێزێکم هاتە چاومەوە بۆ تەماشاکردنی، دوو گوێمەوە بۆ بیستنی قسە و گفتوگۆی. لەپاش کەمێک دەمەتەقێ کە نازانم چەندی پێچوو وە چیی تیا باسکرا، پرتەقالێکی بۆ پاککردم و دایە دەستم بە هەموو نەرمی و خۆشەویستییەکەوە، کە تا ئێستا لە هیچ کەسێکم نەدیوە، لەو نەبێ.

بەدەم گفتوگۆوە پێیوتم کە لە حەپسەخانی خاوەند پانسیۆنی بیستووە کە من ٢٤ سەعاتەی خوا لەناو باری کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و کاغەز و قەڵەما کەوتووم وە زۆر دوورم لە ژیانی دەرەوەی ئەم کۆمەڵەی ئێستا من تیایا ئەژیم. بەم بۆنەیەوە داوای لێکردم کە ژوورەکەمی پیشانبدەم وە چەند کتێبێکیشی بدەمێ بۆ خوێندنەوە. پێشیوتم کە ناوی مارسێلە. دەرگای ژوورەکەمم بۆ کردەوە، داوالێکرد خۆی بە خاوەنماڵ دابنێ، بە ئارەزووی خۆی کتێب هەڵبژێرێ. لەپاش چا و جگەرە و سەیری ڕەسم و کتێب و ژوور کردن وە کەمێ دەمەتەقێی گەرم، هەناسەی هەڵکێشا و بە هەموو گوڕ و هێزی کچێکی دڵدارەوە خۆی پیا هەڵواسیم، ئەو قۆڵە مەرمەڕەییانەی لە ملم ئالان، دەمینا بە دەممەوە، هەتا هەناسەی تیا بوو لێوی مژیم. کەوتینە سەر جێگا، شەشحەوت دەقیقەی شێتیی گەنجیەتیی ڕابوردوو، لە خەوی دڵداریی گەرمی کوتوپڕ کە قەد بە خۆممەوە نەدیوە و چاوڕوانینەبووم، خەبەرمبووەوە، خەریکبووم خۆم ڕاپسکێنم، لە فرمێسکی گەرمی بەکوڵ کە بە لاملما ئەهاتە خوارەوە و جلەکانی تەڕکردبووم، وە لە سەروپرچێکی شۆڕ و پەخشان و بڵاوبووەوە بەو ڕووە بەسەر سنگما، هیچیترم نەدی. خۆم پێنەگیرا، چاوم لێکنا، هەرچییەک لەژێر ڕۆژا ئەژی، لەبیرمچووەوە.

مارسێل: بزانە سەعات چەندە، خۆشەویستە غەریبەکەم؟! نۆی شەوە گیانە.

م: چۆن ئێمە ئەمە ٥ سەعاتە لە خەوبینینایین؟

– نەء، وەکوو "خەڵقی ئەشکەوت" مردبووین!

م: توو ئەو خوایەی ئەیپەرستی، منت خۆشئەوێ؟!

م: وەرامم‌بدەرەوە؟! دەی قسەبکە؟!

م: بەس تەماشای چاوم بکە؟ ڕاستم پێبڵێ؟! منت چەند خۆشئەوێ؟ کەس هەیە بەقەد منت خۆشویستبێ؟ کێیە؟! قسەبکە؟ تووخوا ئەگەر وەرامم‌نەدەیتەوە؟!

– قسەی چی بکەم! من ئینسانێکم ئەوێ لەدڵمابێ و بە خەیاڵما گوزەربکا، لە دەموچاوما ئەخوێنرێتەوە! پێویستناکا لەمە زیاتر بڵێم!

چوار ڕۆژی ڕێک لە دەریای دڵدارییا بەبێ ڕەقیب و گێرەشێوێن مەلەمانکرد. بەیانیی پێنجشەم داوای لێکردم لەدەست جێگای خراپ و لەدەست سەربازی ڕزگاریکەم! پێشیوتم کە ئیمڕۆ سەعات چوارونیو ئەڕۆمەوە بۆ وەظیفە.

لەپاش جەنگی گەورەی پێشوو، کوردێکی دەوڵەمەند شاری دیاربەکری بەجێهێشت، لەگەڵ گەلێ برایتری کوردا ملی ڕێگایان گرت بۆ سووریە و بەناو شارەکانیا بڵاوبوونەوە، لەدەست جەوری بێگانە وڵاتیان بەجێهێشت! ئەو وڵاتەی دوژمن هەموو جۆرە ناشیرینییەکی دەربارەی دانیشتووە ئەقەللییاتەکان کرد. ئەو کوردە دەوڵەمەندە ئاوارە دیلە. خەلیلئاغا ناوێک بوو، چووە شاری بەیرووت، کچە فەڕەنساوییەکی مارەکرد، لەو جێگایەدا جێگیربوو.

ڕۆژان هات و ڕۆی، خەلیلئاغا بوو بە باوکی کچ و کوڕێک.

ئێستاکە با شوێنی ژیانی کچە بکەوین، بزانین ڕۆژگار چیی لێشاردۆتەوە، چی پیشانئەدا و بەسەرئەهێنێ.

مارسێل، خرایە قوتابخانەوە بە فەڕەنسزی چەند ساڵێکی قوتابخانەی تەواوکرد، هەتا بڵێی زیرەک و دانا بوو، هەرچەندە عومری لە ١٤ساڵان تێپەڕینەکردبوو، ئێستا کە ساڵی ١٩٣٨ە، ساڵێک لەپێش جەنگا، مولازم ئەندرێی خزمی ژنەکەی خەلیلئاغا لە قوتابخانەی جەنگی پارس هاتە دەرەوە و بە زابتی نێررا بۆ بەیرووت، ڕاستەوخۆ هات لە ماڵی خەلیلئاغای زاوای دابەزی.

لەپێش جەنگا بە ٤ مانگ، مولازم ئەندرێ مارسیلی کچی خەلیلئاغای مارەکرد. وەکوو نەریتی چەرخی چەپگەردە بۆریەی جەنگ لێدرا، ملازم ئەندرێ بانگکرا بۆ مەیانی جەنگی ڕۆژئاوا. یەکدوو مانگێکی پێنەچوو، گوللەی دوشمن مولازم ئەندرێی سمی و لاشەیەکی ساردوسڕی بێتاوانی لەژنوماڵبڕاو کەوتە باوەشی دایکی ڕاستییەوە، لەناو خەنەقێکا یەکدوو خاکەناز خۆڵی کرا بەسەرا، بوو بە خواردن بۆ مار و موور.

*

ئەم نامەیە لە بارەگای بەرزی فەڕەنسەوە بۆ مارسێل هات:

خانمەکە: بە هەموو ئەسەفێکەوە ئەڵێین مولازم ئەندرێی مێردتان گیانی بە خاک سپارد لە مەیانی شەرەف و نیشتمانپەروەرییا، شانازی بە کردەوە و خۆبەختکردنی مێردەکەتەوە ئەکەین، لە تاریخی فەرەنسەدا ناوێکی بەرزی بەجێهێشتووە .. هتد.

شینوشەپۆڕ کەوتە ماڵی خەلیلئاغاوە، ڕۆژی ڕووناکیان لێبوو بە شەوی تاریک. مردنی مولازم ئەندرێ ناسۆر و خەمبارییەکی زۆری بەجێهێشت.

کچێک لە تەمەنی ١٥ساڵیا تەنیا ٤ مانگ خێر و خۆشیی لە مێردێکی لاو دیبێ، ئاوا بە چاولێکنانێک ئیتر نەیبینێتەوە تا ئەبەد، بەڕاستی بارێکی ستەمە، کۆستێکی گەورەیە. بەڵام چی ئەکەی لەگەڵ چەرخی چەپگەردا، لەگەڵ جەنگی بێ ڕەحم و شەفەقەتدا، کە تەڕ و وشک بەیەکەوە ئەسووتێنێ و ئەیکا بە خۆڵەمێش و ئەیدا بەدەم باوە.

بەڵێ، مارسێل لە ١٥ساڵییا، لەپاش ٤ مانگ ژن و مێردایەتی، بێوەژن بوو، جلی ڕەشی تەعزیەی لەبەرکرد بۆ مێردە لاوە شەهیدەکەی کە تێر خۆشیی لێنەدی. بیروباوەڕی تێکچوو، ژیان لە بەرچاوی پوولێکی سووری نەئەهێنا. ٢٤ سەعاتەی خوا گریان بەو چاوە ڕەشە جوانانەیا وەکوو فوارە ئەهاتە خوارەوە، لە دەریای فرمێسکی خوێنین و هەناسەی گەرمی وەک ئاگرا ئەتلایەوە، ئارامی لێهەڵگیرا، دنیای لە بەرچاو تاریک بوو.

هەرچەندە باوک و دایکی بەسەریا ئەهاتن، نەصیحەتیانئەکرد، سوودینەبوو، دڵی بریندار دەرمانی نییە، فرمێسک و هەناسەی سارد نەبێ.

ژوور و خانووەکەی لە بەرچاو بوو بە ئەشکەوتی پڕ لە دەعبا و جانەوەر، ئارەزووی ڕاکردنی بوو، تێر بە سییەکانی هەوای دەشتودەر هەڵمژێ.

- لە نیوەشەوێکی خامۆشا کە تاریکی باڵی ڕەشی بەسەر هەموو کردگارا بڵاوکردۆتەوە، بەدەم فرمێسک و بیر و لێکدانەوەی تاریک و ڕەشەوە هەڵسا، ئاگری نا بە ژوورەکەوە، هەموو ناوماڵی مێردەکەی سووتان، با ئەوەندە ئەم شتومەکانە مێردە لاوە شەهیدەکەی بیرنەخەنەوە.

لەگەڵ ڕۆژ لە دەمکەل هاتە دەرەوە، ملی ڕێگای بانقی گرت، چوو هەموو پارەی مێردەکەی لە بانق دەرهێنا، کەنیزەکەکەی هەڵگرت و بۆ شاخی لوبنان. چەند مانگێکی لەوێ ڕابوارد، ئینجا گەڕایەوە ماڵەوە. دیسانەوە بەیرووتی

بەجێهێشتەوە بۆ شام، لەوێوە بۆ فەلەسطین. لە ئوتیلێکی شاری حەیفادا دابەزی ژوورێکی بەکرێ گرت، خۆی و کەنیزەکەکەی تیا جێگیربوون. لە ناوچەوانی نووسراوە مۆری جەنگی بێڕەحمی پێوەیە، ئەبێ وای بەسەربێت. چی کات ئارام و ئۆقرە لەبەر یەکێک هەڵگیرا، ژیانی ئەبێ بە دۆزەخێکی بڵێسەداری پڕ جنۆکە و دەعبای تۆقێنەر، خۆی لە هیچ جێگایەک ناگرێ.

ئێستا کە ساڵی ١٩٤١ه، مارسێل لە شاری حەیفا- فەلەسطین لە ژووری پانسیۆنێکی گەورەی گوێدەریای سپی دابەزیوە. فەصڵ بەهاری کردگار دەستی بە خۆیا هێناوە، دانیشتووانی شارەکە لە پێکەنین و قریوەقریوی ئەم فەسڵە خۆشەدا سەرخۆش و مەستن.

مارسێل هەموو ڕۆژێک لەگەڵ کەنیزەکەکەیا دێتە دەرەوە، ئەچنە گوێدەریا، یا بۆ کەرمل، کە شاخێکی بەرزی سەوزی ئێجگار ڕەنگینە و بەسەر دەریای سپی و شاری حەیفادا ئەڕوانێ، یا بۆ گازینۆیەک کە ئێجگار زۆرە لەم شارەدا. خەم و خەفەت هەرچەندە زۆر کاریگەر و جگەربڕ بێ، هێشتا دەرەقەتی گەنجی و گەشتکردن و جێگایانی خۆش نایە.

وا دوو ساڵ و شتێک بەسەر مردنی مێردەکەیا تێپەڕی، هێشتا جلی ڕەشی دانەکەندووە، زەردەخەنەی سەر لێوی نەدیوە، سووراو و سپیاو و ئارایشت نەهاتووە بە لای دەموچاو و سەروپۆتەلاکیا.

بەڕاستی ئەم ماوەیە هەتا بڵێی زۆرە بۆ کچێکی ١٦ و ١٧ەساڵی، کە ژیان داوای هەموو ئەمانەی لێئەکات. زۆرە بۆ کچێک دایکی فەڕەنساوی بێت، لە قوتابخانەی فەڕەنسەدا خوێنوویەتی، لەناو شاری بەیرووتا ژیابی، ئەم دوو ساڵ و چەند مانگە دووربووبێ لە ژیانی ئەو کۆمەڵە. دووسێ مانگی مابوو ساڵی ١٩٤١ تەواوببێ، وە بە تەواوبوونی ئەو ساڵە پوول و پارەش بەدەست مارسێلەوە نەمێنێ وە ڕووبکاتەوە بەیرووت و بۆ خۆی دابنیشێ.

بەڵام هەیهوو! قەد گەردوون ئەهێڵێ ڕزگاربێ، ژیانێکی خۆشی ڕاببوێرێ، لەپاش ئەم هەموو ناسۆر و سزا و تاڵییە!

تەق تەق لە دەرگای ژووری مارسێل درا، کەنیزەکەکە چوو کردیەوە. پیرێژنێکی ئێسکقورسی زمانلووسی عەیار، بە خۆبادان ڕایکرد، دەستیکرد بە خۆشەویستی و عەطف پیشاندان، بوارەی قسەکردنی نەدا، دایگرت بە زمانی

لووس، هەسانی لە بەری پێی دا. هەرچی ئومێد و ئامانجی ژیان هەیە، زیندوویکردەوە لە دڵیا، دەمی کرد بە تەڵەی تەقیو، بە جارێک و دووان و سیان و چوار کەنیزەکەکەی پێڕەوانەکردەوە، مارسێلیشی بردە ماڵی خۆی پارەی دەرخوارد دا، چەند کۆمپیالەیەکی پێ مۆرکرد.

مارسێل کاتێک خەبەریبووەوە، شەرەفی پیسبووبوو، نە بە شەو و نە بە ڕۆژ ئادەمیزادی پیسبوو ئازاریاننەئەدا، ئەوان پارەیان ئەدا بە پیرێژن، کچەش غونچەی جوانی خۆی بە زۆری زۆردارەکی ئەبەخشی. بەڕاستی ژیان سەمەرەیە، کچێک ئاوی حەیاتی بتکێنێ و پیرێژنێکی سەرئاسنین بەرەکەی بخوات.

ئێمە بۆ خەتای پیرێژنێک بگرین کە لەم شارە پارەپەرستەدا، لە چەرخی ماددەدا، هەوڵ و تەقەلای ژیانی لەم ڕێیەوە ئەدات و ئەمەیە کە لە چارەی نووسراوە و خۆی پێوە ئەبات بەڕێوە؟ بۆ ئەم کارە بە تاوانی پیرێژنێک دابنێین وە لە تاوانداری سەرەتا نەدووین کە جەنگە و مارسێل و هەزارەهای وەکوو مارسێل سەرگەردی ئەون، لەسەر کۆتەی[1] ئەو ئاوی شەرەفیان ڕژێنراوە یان خوێنی ژیانیان.

ئەی جەنگ!

سەرەڕای ئەوەی بە ملیۆن لاشەی نەوجەوانانی بێتاوانت ناشت و بە خاکت سپاردن، لەپێش ئەوەدا خۆشی لە ژیان ببینن؛ سەرەڕای ئەوەی هەزاران کۆشک و تەلارت لە چاوترووکانێکا ڕووخان؛ بە هەزاران باوکت بێڕۆڵە و ڕۆڵەت بێباوک کرد، هەزاران خوشکت بێبرا کرد، ژنت بێوەژنکرد، منداڵت هەتیوکرد، برسیەتی و قاتوقڕت نایەوە؛ هەزاران کوێر و ئیفلیج و گۆج و سەقەتت لە خەستەخانەکانا فڕێدا، ئاسوودەگی و ئاشتی و خۆشیی ژیانت لە ڕووی زەوی هەڵگرت؛ سەرەڕای ئەم هەموو کارەساتەی کردت، تێرنەبووی بەمەوە، نەوەستای. ئەی جەنگی بێڕەحم، مارسیل و هەزارەهای وەکوو ئەوت لەژێر باڵی شەرەف و پاکییەوە دەرهێنا، فڕێتدانە بیری بێقەراری پیس و ناشیرین! کردنت بە سەرگەردی خۆت؟

[1] کۆتە: دەزگای قەساب و پینەچی. (س)

دەک بەڵات لێدا بەشەر، لە دەریای تەریقی و شەرمەزارییا نوقومبی ئادەمیزادی چڵکن، کە بۆ ئامانجێک هەزارەها کوێرەوەری و کەساسی ئەخەیتەوە لە ژیانا، وا ئەزانی دەرمانی خراپە بە خراپە ئەکرێ.

وەرە ئەی خوێندەواری خۆشەویست، با گوێ لە دەنگی کچێکی دڵشکاوی مێردکوژراوی، کڵۆڵ، با گوێ لە دەنگی دەروونی "ماسێلی سەرگەردی جەنگ" بگرین، با لە دڵ و دەروونی بگەین. بەڵێ، با لە دڵ و دەروونی کچێکی خراپەکەر بگەین، بزانین ژیانی چیی لێشاردووینەوە. سەعات چواری شەوە، لە ژوورێکی پچکۆلانەدا، "مارسێلی سەرگەردی جەنگ" لەسەر جێگاکەی دانیشتووە، هەردوو دەستی ناوەتە ژێر چەناگەی، لە تاقە پەنجەرە کراوەکەی ژوورەکەیەوە تەماشای ئاسمان ئەکات. لەو چاوە ڕەشانەیەوە فرمێسکی بەکوڵ بەسەر گۆنای زەردهەڵگەڕاویا تک تک بە لاملیا دێتە خوارەوە، پرچە خاوەکانی بەسەر شانیا پەخشانبووە، تاوتاوێک شنەی بای دەریا ئەیلەرێنێتەوە.

ئەمەیە کاتی پاڕانەوەی لە خوا، ئەمەیە بەلەزەتترین کات کە ڕایئەبوێرێ لە ژیانا، فرمێسک و هەناسە هەڵکێشان بارێکی گەورە لەسەر دڵەی بێئارام و ئۆقرەی لائەبەن.

((خوای گەورە، نۆکەرێکی زەلیلم، ئافرەتێکی بێهێزی لێقەوماوم، کەوتوومەتە ناو پۆلێ گورگی ئادەمیزادەوە، دەرچوونم نییە بە هیچ کلۆجێ. هەر تۆی خوایە جێگای شکات هێنانەبەر، تۆی دەستم بگری، لە کۆڕی خراپەکەران ڕزگارمکەی. ئایا وا لە چارەم نووسرابوو لەپاش کوشتنی مێردەکەم، لەپاش ئەم هەموو سزا و کەساسییەی تووشمبوو، بێمە ئەم جێگایەوە بە درۆ و نیفاق بۆ خەڵقی پێبکەنم، لە کوورەی ناشیرین و شەرما هەڵقرچێم و بسووتێم؟!

خوایە، توو گەورەییی خۆت، دەستم بگرە، لەپشتم بە، پاڕانەوە و لاڵانەوەم قبووڵکە، یا بە مردن، یان بە ڕێگایەکیتر ڕزگارمکە لەم دۆزەخی ژیانە، کە بەشەر دروستیکردووە بۆ خۆی)).

بەکورتی، ئەم قسانە و ئەم فرمێسک و هەناسە هەڵکێشانەیە لەم ژوورە و لە گەلێ ژووری کون و قوژبنی گێتییا، کە لە دەروونی ڕاستی هەزارەها ئافرەتی وەکوو مارسێلەوە دێتەدەرێ و ڕووئەکاتە ئاسمان بۆ لای خوا، بۆ پەردەی کردگار.

نان و ئاوی له خۆی حەرامکرد، به پێچەوانەی نەریتی ئافرەتی خراپەوە، وازی له ئارایشت و خۆجوانکردن هێنا، دڵی له جلی جوان و بریقەدار ڕەنجا؛ به ماوەیەکی کەم، به چەند مانگێک هەموو پارەی پیریژنە سەرئاسنینەکەی دایەوە.

به عەزمێکی نەبەردەوە ڕوویکردە دائیرەی سەربازیخواستن، خۆی به سەرباز نووسی، هەناسەیەکی حەسانەوە و دڵنیاییی هەڵکێشا، گەلێ سوپاسی کردگاری کرد که لەو دۆزەخە ڕزگاریکرد. هەموو بیر و هۆشێکی دایه سەربازی، سەرەکەکانی هەموو لێیڕازیبوون، لەبەرئەوە نێررایە کەمپێک که به دووسەعاتێک له شاری یافه و تەلئەبیبەوە دووربوو.

به ڕاستی له شارێکی وەکوو یافه، یان تەلئەبیبا، مانگانەیەکی سێدیناری بۆ کچێکی ١٩ساڵی وە له کاتی جەنگیشا، مانگانەیەکی هیچوپووچە و لەوانەیە که ئینسان دڵی پێخۆشنەکات.

مارسێل، ناوبانگی حەپسەخانی بیستبوو که پانسیۆنێکی هەیە وە له گەڕەکی ئێستگەی شەمەندەفەرە، لەپاشا حەپسەخان خەڵقی بەیرووتیشە و باش ئاگاداری بەسەرهاتی "سەرگەردی جەنگ"ە.

ناوبەناوێک، یەعنی هەموو یەکشەمموانێک، پارەیئەدا به مارسێل، وە نانو خواردەمەنیش. بەم جۆرە له هەفتەیەکا جارێک، مارسێل که ئیزنئەبوو، ئەهات لەم پانسیۆنە ڕایئەبوارد وە بەرەبەرە ڕێگای کۆنی گرتەوە، بەڵام به وێنەیەکی زۆر کەم و لەگەڵ هەموو کەسێکیشا نا.

له ئەدەبی فەڕەنسزەوە:

## لاوێکی یۆنان*

دانەری شاعیری بەرزی فەڕەنسە: فیکتۆر هوگۆ

فەلەسطین - یافا ٩٤٣/١/٣

«گشت نەتەوەیەک شاعیرێکی بەهرەداری هەیە، یەکێ لە شاعیرە بەهرەدارەکانی فەڕەنسە، ڤیکتۆر هۆگۆیە، کە بەیاخداری ڕاپەڕینی ئەدەبییە لە چەرخی نۆزدەهەما».

ئەم شاعیرە گەورەیە خاوەنی ئوسلووبێکی بەرز و بەیانێکی پاراو و ئیلهامێکی سیحراوییە، خۆی ئەترنجێنێتە ناو دەروونی خوێندەوارەوە بە چەند وێنەیەکی خەیاڵیی جوان، گێتییەکی پڕ لە جوانی و خەوبینین دروستئەکات، کە پڕە لە بێدەنگی و بێچرپەیی. چ کاتێ خوێندەوار بەم گێتییە پڕ ئاشتی و خۆشییە ڕاهات، ئەو حەلە ئەچێتە ناو دڵیەوە، بۆ ئەوەی پڕیکات لە شۆڕش و بەیەکاهاتنی عاطیفە، بۆ ئەوەی لەپڕ بناغەی هەستی بلەرزێنێ وەکوو ئەو گێتییە پڕچێژە سەرەتایەک بووبێ بۆ ئەم تۆف و بۆرانە تونوتیژ و سەختە...

ئینجا خوێندەوار کەمێ لەم هەستییە خۆشەدا ئەمێنێتەوە و کەمێ ئەکەوێتە ئەو هەستییە سەخت و تونوتیژە. بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، گەلێ موچڕکە و تەزووی سەیرسەیر بەدڵیا یەت، نازانێ سەرچاوەی ئەم موچڕکە و تەزووانە لە جوانیی فەننەوەیە، یا لە هەستێکی پڕسیحری خۆشەوەیە.

* گۆڤاری "گەلاوێژ"، بەغدا، ساڵی ٤، ژمارە ٧، تەمووزی ١٩٤٣، ل١٨-٢١ (گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی چوارەم/ بەشی یەکەم: کانوونی دووەمی ١٩٤٣-تەمووزی ١٩٤٣، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، بنکەی ژین، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، ٢٠١٦، ل٢٣٧٨-٢٣٨٢).

ئەم قەصیدەیەی خوارەوە پارچەیەکە لەو شتە جوانانەی ڤیکتۆر هۆگۆ کە ناوی "لاوی یۆنان"ە، وا کردمان بە کوردی، هەرچەنە گۆڕینی پارچەیەکی ئەدەبی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر گەلێ لە جوانی و لە تایبەتییە فەننییەکانی ئەگۆڕێ.

*

سوپا و لەشکری دوژمن کشایە ناو وڵاتەکەیەوە، کردی بە دۆزەخێکی بڵێسەدار... لوولەی تۆپەکانیان ئاڕاستەکردن، کردنیان بە کەلاوەی ڕەشهەڵگەڕاو...

لەو هەموو خۆشی و جوانییە، ئەم کەساسی و تاڵی و ناشیرینییە پاشەکەوتبوو. لەو ژیانە پڕ هاتوچۆ و جووڵانە، خامۆشی و بێدەنگییەکی پڕ ترس و سامدار هاتە کایەوە. ئەی ئەو لالەزارە جوانانە، ئەو کۆشک و تەلارانە، ئای بوون بە کەلاوەی ڕووخاو، بوون بە شانۆی کونەبەبوو، بە هێلانەی شەمشەمەکوێرە.... بە شەوانی تاریک و نوتەک تاقتاقکەرە سەری لێئەدەن، بەو نەغمە پڕئازارەیانەوە تا بەری بەیان تاقتاقی لەسەر ئەڵێن.

لەو کاتەدا کە ڕۆژ خۆی داهێڵایە پشت ئاسۆوە، ئەو ناوە زۆر کش و مات بوو... شارەکە پیاوی ئازا و نەترسی ئەهێنایە لەرز و چۆقەچۆق؛ بە خانووە ڕووخاوەکانی، بە قوژبنە تاریکەکانی، بە کەللەسەری لاکە کەوتووەکانەوە کە گیانیان لە ئاسمانی پانا وێڵ و سەرگەردان بوون... لەناو ئەم کشوماتییە سامدارەدا، لەسەر گردێک کە بەسەر شارەکەدا ئەیڕوانی، لەژێر پیرەداربەڕوویەکی گەنەڵا، لاوێک وەستابوو، کە لە تەمەنی دەساڵانا بوو، بە ئێسکێکی سووک و ناوچەوانێکی پاکەوە، کە وەکوو ئاسمانی بەهار هەموو شینایییەکەی خۆی کردبێتە جووتە چاوە جوانەکانیەوە.. وەکوو ئەو ڕۆژەی ئاوابوو، هەندێ لە تیشکەکانی هێشتا بەسەر قژە زەردەکەیەوە مابێتەوە....

کێیە دایکی؟ کوانێ باوکی؟ کوا یاری و پێکەنینی؟ کوانێ ئەو خۆشییەی کانگای ڕووناکییە لەم گێتییەدا؟ کوان ئەمانە؟ چییان لێهات؟ وەکوو بارانی بەهار فرمێسک لە چاوەکانی ئەباری.. هەموو لەشی هاتۆتە لەرزین بەدەم موچڕکەوە...

وا شەو بە باڵە ڕەشەکانیەوە هاتەخوارێ بەسەر ئەو کەلاوە خاپوورکراوە چۆڵوهۆڵانەدا، لەپاش تۆزێکی کەم ئێرە ئەبێ بە شانۆی گیانانی وێڵ و

سەرگەردان، لەدوای نەختێکیتر بە هەزاران تارماییی پڕ ترس و سامدار لەم جێیەوە بەرزئەبێتەوە.

ئەو تارماییە کێیە کە لە بەردەمی منداڵەکەدا وەستاوە و بەدەم لاواندنەوە، ئەم پرسیارانەی لێئەکات: «ئەی ئاوارەی وێڵ چیتە؟ بۆ سام دایگرتووی؟! ئایا چۆلەکە باڵئاڵتوونییەکەت ڕفیوە، وا بۆی ئەگریت؟ یان پەپوولە سیحراوییەکەت لە دەستت بەرەڵابووە، وا ئەم فرمێسکانەی بۆ ئەڕژێنی؟ یان نە ئەمە و نە ئەو، چەپکێ گوڵەباغت ئەوێ، دایکت پێشکەشتیبکات لەگەڵ ماچێک و یەکدوو قسەی خۆشا؟ مەترسە، پێمبڵێ.. لە گێتیی نهێنییەوە هاتووم، بۆ ئەوەی تۆ دڵنیاکەم، گوڵی جوانت پێببەخشم... یان پەپوولەی نەرم ... یان چۆلەکەی باڵائاڵتوونیی جوان؟».

تارماییەکە بێدەنگ بوو، لاوە چاوشینەکە ورتەی لە دەم نەهاتەدەرێ، ئەو ناوە پڕبوو لە ترس و سام. لەم کاتەدا دەنگێک ئەو جێیە خامۆشەی شڵەقان و وتی: «نەخێر... بۆمبا و تەقەمەنی و فیشەکم ئەوێ، ئاگر لە گێتی بەربدەن، تۆپم ئەوێ هەوا کاسبکا، شاخ هەڵتەکێنێ، زەوی و ئاسمان تێکومەکانبدا. شیری تیژم ئەوێ، جەرگی دوژمنی پێهەڵدڕم، ئەسپی ڕەسەنم ئەوێ، بە ناڵەکانی کەللەی دوژمنی دڕندە و پیس و ناپاک بفلیقێنێتەوە.. ئازادیم ئەوێ... ئازادیی نیشتمانی خۆشەویستم...».

## لە مەیخانەی ژیانا*

مەیخانەی ژیان سێ ساقیی تیایە، ئەگەر بانگتکردن، بە پەرداخ و هەڵپەڕکێوە دێن، لێو و چاویان زەردەخەنەی گاڵتەپێکردنی تیایە. یەکەمیان، مناڵێکە هەمیشە مناڵە و عومری پێنجساڵە، پێیئەڵێن "دڵداری"، دووەمیان پیاوێکە و هەمیشە پیاوە و عومری چلساڵە، پێیئەڵێن "شەیتان"، سێهەمیان بێعومرە پێیئەڵێن "مردن"، مردن پیاوماقووڵی ئەم مەیخانەیەیە و ئەو کەسەیە کە هەرگیز بیرم لێنەکردۆتەوە کە لێی نزیکببمەوە، لەبەر ئەو حەزناکەم لە بەردەمی مەیخانەکەدا بخۆمەوە .... حەز لە وێنە و ڕاوەستانە ناشیرینەکەی ناکەم. حەزناکەم ملپێچە پیسەکەی ببینم، کە هەزار پینەی پێوەیە؛ پێکەنینە ناشیرینەکەی، کە لە کۆکەی سیلاوی ئەچێ و دانە زەردە ڕزیوەکانی، لام گرانە کە شتێکی لە دەست وەرگرم و لێی نزیکبکەومەوە. بەڵام "شەیتان"، سەرسامئەبم لە دەم و زمانی لووسی و زیرەکییەکەی، ئەگەر نەمانزانیایە کەوا حوکمی بەسەرادراوە و لەوانەیە کە ڕابوردوویەکی خراپیان هەیە، ئەچووینە پەنایەوە، منیش و کڕیارەکانیتریش. بەڵام دڵداری، وەی لەم مناڵە، ساوا، کۆرپە جوانە.... بە جوانی و نەرمیی دیلمئەکا. بەڵێ، ئەو یەکەم ساقییە کە هەموو شتێکی لێوەرئەگرم، بێدوودڵی، بێ ئەوەی لێکیبدەمەوە کە ئەو شتەی ئەمداتێ، زەهرە یا شەمپانیا!

پار بەهارێ بانگمکرد، بە خۆی و پەرداخەکەیەوە هات، ڕاوەستا و تەماشایەکیکردم، بە نیگایەکی پڕسیحرەوە و بە زەردەخەنەیەکی پڕمەعناوە، کە ئەو حەلە نەمئەزانی یەعنی چی:

چیت ئەوێ؟..... بەخشیش؟...... نا.. ئەمەوێ داوای هیچم لێنەکەی، لەپاشا نابێ داوای بەفرم لێبکەی. ئەگەر داوای تۆزێ بەفرت لێکردم، لەپاشا بۆت ناهێنم.

---

* گۆڤاری "گەلاوێژ"، ساڵی ٤، ژمارە ٩، ئەیلوولی ١٩٤٣، ل٤٦-٥٠ (گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی چوارەم/ بەشی یەکەم: ئاغستۆسی ١٩٤٣-کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ل٢١٩٦-٢١٩٩)
لە دەستخەتێکی پێشتری خۆیدا کە هەشت لاپەڕەیە، نووسیویە: "لە کتێبی 'عهد السلطان'ی تۆفیق حەکیمەوە وەرگیراوە، ئەم مەقالە عینوانی (في حانة الحياة"، صەحیفە ٣٩، ٤١/٢/٢٠)ە. (س)

– مەترسە .. داوای هیچت لیٚناکەم.. نە بەفر و نە سیفۆن. دەستمدایە پەرداخەکە، بەڵام ڕایوەستانم، غافڵیکردم و پەرداخەکەی ڕفاند و نەختێک ڕۆیی و لەپاشا پیٚکەنی، پێکەنینێکی منالآنە و بە زمانێکی فریشتەییەوە وتی: ئازارتئەدەم.. بەڵام من گوێم لیٚنەبوو، هیچم نەدی، شتێک نەبیٚ، ئەویش ئەوەبوو کە پەرداخەکەی هەڵگرت و دوورکەوتەوە.

لەرزیم و بانگمکرد: ـ پەرداخەکە بێنە ئەی منالٚ .... لە لێومی نزیککردەوە و بە ئاوازێکی مۆسیقاییەوە وتی: ئازارتئەدەم.

– پەرداخەکە بێنە ئەی منالٚ...

– لەپاشا بە لەعنەتم ئەکەن...

– من؟؟؟!

– لەپاشا قینت لێمئەبیٚ.

– من بەندەی تۆم.

– پەرداخەکە بێنە.

ـ وەریگرە...

*

ساڵێک ڕابورد..

– ئەی منالٚ.. ئەی منالٚ!

– چیت ئەویٚ؟

– بەفر.. خێرابە، بەفر، پێموتی... تکات لیٚئەکەم.... پارچەیەک بەفر.... پێموتی .. پارچەیەک بەفر، چیت ئەویٚ ئەتدەمیٚ.

– ئەوی ئەتەویٚ لای ئەستێرەیە.

– دوورمەکەوەرەوە، گاڵتەم پیٚمەکە.... بەجێمناهێڵی تا بەفرم بۆ نەیەنی.

– لای ئەستێرەیە ئەوی تۆ ئەتەویٚ.

– هەڵتخەڵەتاندم؟ .. نەمزانی منالێکی پاک و جوان زاتی ئەو تاوانەی هەیە!.. لەجیاتیی ئاوی تریٚ، ئاوی ئاگرم ئەداتیٚ !

- ترێ و ئاگر... ئای کە بەسەزمانی! شەراب و ئاگر عونصوری ژیانمانن، ئەوان ڕەنگی ڕوومەت و ڕەنگی شەرابمن.

- پارچەیە بەفر، چیت ئەوێ بۆ تۆ..

- گرانە.

- بەزەییت پیامابێت.

- ئەگەر دانا بوویتایە، ئەتزانی کە بەفر لای من نییە.

- بۆچی؟.. بۆچی؟؟

- لە خاوەنی مەیخانە بپرسە.

- ڕزگارمکە، لەعنەتی خوات لێبێ.

- بەفر لای من دەستناکەوێ.

- ئاخ و داخ، ئەی ناپاک، ئێستا چی بکەم؟

- یەکێکیتر بانگکە.

- یەکێکیتر؟.. کێ؟ کێ؟

"دڵداری" چوو بۆ لای شەیتان، بە گوێیا سرپاند و بە دەستی ئیشارەتی منی بەسەزمانی کرد. شەیتان ڕووی تێکردم:

- منم .. چیت ئەوێت؟ من خواستی تۆ بەجێئەهێنم.. ئەمرکە، بەگوێتئەکەم.

- شەیتان!

- خزمەتکارت.

- نا هەرگیز نابێ، تۆ ڕابوردووت خراپە.

- بە خوای تۆ، هیچم لەسەر ئیسپاتنەبووە... بڕوا بە قسەی مەردم مەکە.

- بە چییا ئیسپاتیئەکەی کە تۆ پاکی؟

- هانێ ئەمە "شەهادەتەکەم" سپییە وەکوو دڵی مناڵ.

- ئایا درۆنییە؟.. بەڵام هەرچۆنێکبێت، ئێستا من پێویستیم پێتە.. گوێت لێیە؟

- نۆکەرتم.

- دڵداری گاڵتەی پێکردم، تۆڵەم بۆ لێبسێنە...

- داخی به جەرگم، دڵداری هاوڕێمە و دەسەڵاتم بەسەریا نییە.

- ئەی چی بکەم؟

- واز لە تۆڵە بێنە و بیر لە دەرمان بکەرەوە.

- دەرمان!.. بەفرە.. پارچەیەک بەفرە.. کەواتە...

- بەفر دەرمان نییە.. دەرمانهێنە..

- چییە؟ چییە؟ قسەبکە..

- داوای پەرداخێکی کە لە دڵداری بکە..

- پێم بڵێ زەهرێکی‌تر، ئاگرێک کە لە شکڵی ئاودا و لەناو پەرداخێکی پاکا.. نا.. جارێک خەڵەتاوم..

- لە کوێ ئەزانی؟ بەڵکوو لەمجارەدا ....

- وس‌بە، ئەی قوماربازی موونافیق، دەرمانم بەفرە... من لە هەموو کەس دەرمانی خۆم چاکتر ئەزانم.. پارچەیەک بەفرم بدەرێ.. خێرا.... بەفر.

- گرانە ..

- تۆش دیسان.

- بەفر لای من نییە.

- چۆن؟.. چۆن؟

- لە خاوەنی مەیخانە بپرسە!

- ئەی چی بکەم؟ بەزەییت پیامابێت!

- یەکێکی‌ترت پیشان‌ئەدەم. بۆشت تێ‌ئەکۆشم لای، چونکە زۆر لەوانەی کە هاتوونە ئێرە، ئەوم پیشان‌داون.

شەیتان ڕای‌کرد بۆ لای "مردن"، چرپەیەکی بەگوێ‌دا کرد و ئیشارەتێکی منی کرد. مردن بە ئەسپایی بە زەردەخەنەیەکەوە لێم نزیک‌بووەوە.

- کێ داوای منی کرد؟

- مردن! .. ئای .. نا نا! هەرگیز و هەرگیز..

- ئەمە زۆر سەیرە، هەمووتان لەیەک‌ئەچن، بانگم‌ئەکەن و پەشیمانیش‌ئەبنەوە. ئایا منت نەویست؟ حا.. حا.. حا

- بە ڕووما مەکۆکە، لاچۆ لە بەرچاوم.

- سەیرە! .. حا.. حا.. کۆکەکەم ئەتترسێنێت؟ ئایا وا ئەزانی سیلاویم؟ نا بەهەڵەچوویت.

- تووخوا دوورکەوەرەوە، دانە زەردەکانت!... دوورکەوەرەوە.

- بەفر، ئایا بەفرت ناوێ؟ لای منە، ناتەوێ؟

- لای تۆیە؟

- هەموو کاتێ لای منە، لەو ڕۆژەوە کە هاتوومەتە ئەم مەیخانەیەوە.

- نا، لێم نزیکمەبەرەوە، پێموتی لێم نزیکمەبەرەوە، خوات لەگەڵ.

- بۆ کوێ؟! حا....

- لێمدوورکەوەرەوە، بۆنت ناخۆشە.

- بەفر.. حا.. حا.. ئایا داوای بەفر ناکەیت؟ بەفری سپی. وەرە مەترسە، وەرە، سپی وەکوو کفن.

- بمگەنێ، بمگەنێ. ئەی "دڵداری"، ئەی "شەیتان"، ئەی خاوەنی مەیخانە، ڕزگارمکەن لەم نۆکەرە نەگریسە ناپاکە.

هەموو شتێک خۆشە، ئەم خزمەتکارە ساردە ناشیرینە نەبێ.

فەلەسطین - یافا

## پیرێژنێک*

نۆ سەربازی بێتەلی سەر بە هێزی زەریایی ڕووسیە، لە کەنار دێی شارنۆڤ دابەزین. بە هەر چوار سووڕی خۆیانا ڕوانییان، لە کەلاوە و داروپەردوو بەولاوە هیچ شتێکیتریان نەدی، هیچ شتێکیتریان نەدی ناوی دێ بێ. هەتا دووربین بیگرێ، چاویان گێڕا، ئەو شوێنانەیان بەرچاونەکەوت لەسەر خەریتەی سەربازی ناویان نووسراوە. بەڵێ، جەنگ ئەو دێ و شارانەی لەسەر زەوی سڕیوەتەوە، تەنیا ناویان لە خەریتە و لە دڵی دانیشتووەکانیانا ماوەتەوە.

لەناو ئەم کەلاوە سامدارانەدا، لەناو ئەم داروپەردووە کەڵەکەکراوانەدا، کۆلیتێکی بچووک؛ نە پارچە بۆمبای گەیشتبوویە، نە گڕی ئاگر، وەکوو شوێنێکی تەلیسماوی بەپێوە وەستابوو. بەپێوە وەستابوو، قنج و قیت، ئەتوت فریشتە پاکەکانی ئاسمان پارێزگاری و ئاگادارییان کردووە.

سەربازەکان سەریان سووڕما لەم کۆلیتە، تێر لێیوردبوونەوە و تەماشایانکرد، ئینجا بە خۆیان و تفاقیانەوە ڕوویان تێکرد.

لە بەر دەرکی کولیتەکەدا، چاویان بە پیرێژنێکی دەموچاو زەردهەڵگەڕاوی بەحاڵ نووزەتێماو کەوت، ئەتوت تازە لە گۆڕ هاتۆتە دەرەوە. قژە سپییە بەفرینەکەی بەسەر ڕوومەتە چرچەکانیا هاتبووە خوارەوە... چاوە شینە پیرۆزەیییەکانی بەقووڵاچووبوون.

بەبێ ئەوەی ئافرەت ڕووناکی لە دڵ و دەروونیا بێت، تەماشای نۆ سەربازەکەی ئەکرد. ئەگەر شڕکەوپڕکەکەی بەری نەبووایە، ئاسانبوو هەموو ئێسقانێکی لەشی ڕەقوتەقی بژمێری.

یەکێ لە سەربازگەکان کڵاوەکەی داگرت و بە پیرێژنەکەی وت:

---

* گۆڤاری "دەنگی گێتیی تازە"، بەغدا، خولی یەکەم، بەرگی ١، ژمارە ٦، مارتی ١٩٤٤، ل٢٦٨-٢٧١ (بڕوانە: گۆڤاری "دەنگی گێتیی تازە"، ئامادەکردن: سدیق سالح، ڕەفیق سالح و عەبدوڵلا زەنگەنە، ٢٠١٠، ب١، ٣٣٠ل، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، پڕۆژەی هاوبەش لەگەڵ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس). (س)

– سەلامی هێزی زەریاییی ڕووسیەت لێبێ، ئەی نەنکە ئازاکە! فەرمانمان پێدراوە لە لایەن بارەگای بەرزی یەکێتیی سۆفیەتەوە، چەند ڕۆژێک لەم شوێنەدا بمێنینەوە. ئایا ئەم کوڕەزایانەی خۆت میوانداریئەکەی لە کۆلیتەکەتا.

پیرێژن، سەرێکی هەڵبڕی و بە چاوە کزەبووەکانیەوە تەماشایەکیکرد و پێیوت:

– ئەوە کۆلیتەکەم، چەندی تیا ئەمێننەوە، بمێننەوە، میوانی دۆست و هاووڵاتت لەسەر چاو و بەسەر سەر.

لەپاش کەمێک ماتی و بێدەنگی، پیرێژن وتیەوە:

– ئەگەر پێویستیتان بە شتێک بوو، پێمبڵێن.

*

سەربازەکان لەناو خۆیانا دەستیانکرد بە دەمەتەقێ:

– بێگومان ئەم پیرێژنە کوێرەوەری و کەساسییەکی زۆری کێشاوە.

– ئەڵمانەکان، چەند لێرەدا ماونەتەوە؟

– حەوت مانگ.

– ئەڵێی چی؟ حەوت مانگ؟!

– بەڵێ، حەوت مانگی خشت!

– بێگومان مانەوەی دوژمن حەوت ڕۆژیش، نەوەکوو حەوت مانگ، لە جێیەکا، دارستانی ئەو جێگایە وشکئەکات و تەڕاییی تیا ناهێڵێ، چ جای ئادەمیزاد کە لە خوێن و گۆشت دروستکراوە!

– پێویستە براکان! خواردەمەنی بدەین بەم نەنکەمان، ئەگینا خوانەکردە ئەمریت.

– کێ، ئەڵێت ئێستا لەم کاتەدا کچ و کوڕەکانی ئەم پیرێژنە لە قوژبنێکی مەییانی جەنگا خزمەتی دایک و برا و باوک و خزمە کەساسەکانی ئێمە ناکەن.

ئەمەیە دەمەتەقێی سەربازەکان لەگەڵ یەکتریا، بە دەنگێکی نزمی پڕ لە ناسۆرەوە.

*

هەر لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ، سەربازەکان بە سووروپشتی پیرێژنەکەدا هاتن و چوون: جێگایان بۆ داخست، خزمەتیانکرد، دەرمان و شۆربایان دایە، کۆلیتی پیرێژنەیان کرد بە ئاوێنە. کوورە ئاگرەکەیان پڕکرد لە دار و ئاگرێکی

نێڵەنێڵیان تیا کردەوە. سفرەیان داخست و هەموو لە دەوری پیرێژندا دانیشتن، بەیەکەوە وەکوو ڕۆڵە و دایک دەستیانکرد بە نانخواردن.

ئەم خزمەتە پیرێژنی هێنایە سەر خۆی، چاوە کزەکانی ڕووناکیی ژیانی تێگەڕایەوە، کەمێک دڵەی تاریکی ڕۆشنبووەوە.

لەپاش ئەوەی لە نانخواردن بوونەوە، پیرێژن ڕووی قسەی تێکردن و وتی:

- بەرخورداربن، برا ئازا دڵسۆزەکان!

دڵۆپدڵۆپ فرمێسکی خەست لە چاوە شینە بەقووڵاچووەکانیەوە سەریکردو بەسەر دەموچاوە چرچەکەیا هاتە خوارەوە.

سەربازەکان پێیانوت:

- داپیرە گیان، ئەبوو بەم فرمێسکانە جەرگمان هەڵقرچێنی؟ بۆ برینی پڕ ئێش و ئازارمان ئەکولێنیتەوە؟ ئەگەر ئەتەوێ خزمەتی نیشتمانەکەت بکەی، با چیرۆکی ئۆتۆپیا بهێنینە کایەوە لەم کۆلیتەدا. با ئامانجمان ئەوەبێت بە یاریەدانی یەکتری و بە سەبووریدانی یەکتری و بە خۆشەویستیی یەکتری ئەم ژیانەمان بەرینەسەر.

پیرێژن بۆ جاری یەکەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە ئازار هاتە سەر لێوی و دەستی هێنا بە سەری سەربازەکانا.

*

لە ڕۆژی یەکەمەوە ئەتوت ئەم سەربازانە لەم کۆلیتەدا گەورەبوون و هەموو کوڕی ئەم پیرێژنەن.

پیرێژن دەستیکرد بە ئیشکردن و چێشتلێنان و شتن و دروونەوەی بەرگی سەربازەکان، دەستیکرد بە قسە و دەمەتەقێ لەگەڵیانا، بەڵام بە هیچ جۆرێک ناوی ئەڵمانەکانی نەبرد.

سەربازەکان زۆری لەگەڵا خەریکبوون، باسی ئەڵمانیاکانیان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام هەموو تەقەلایەکیان بێسوودبوو.

یەکێ لە سەربازەکان ڕوویکردە ئەوانیتر و پێیوتن:

- هەتا کەی ئێمە خوێ بکەین بە برینی ئەم پیرێژنەوە؟ وا دیارە کوێرەوەریی زۆر کێشاوە، ئەیەوێ دەربارەی ئەڵمانەکان، نە بەچاک و نە بە خراپ، هیچ باسبکات.

دەمێکی زۆر ئەم سەربازانە وەکوو دایک و کوڕ لەگەڵ پیرێژنا مانەوە. ڕۆژێک فەرمانیان پێدرا کە ئەو دێیە بەجێبهێڵن.

پیرێژن کە بەمەی زانی، دڵی تەنگبوو، دەموچاوی ڕەشداگەڕا، هەموو کوێرەوەری و کەساسییەکی پێشووی بیرکەوتەوە.

سەربازەکان پێیان‌وت:

- داپیرە گیان! خەم مەخۆ، دڵگیرمەبە، پشت بە خوا، لەگەڵ جەنگ کۆتاییی‌هات، کە بەسەر دوژمن‌دا زاڵبووین، ئەتبەینە ماڵی خۆمان، بە هەموو خۆشی و شادییێک بۆ خۆمان ژیان ئەبەینەسەر.

پیرێژن سەری‌نایە کۆشیەوە، بۆ ئەوەی تێر بگری، سەری‌نایە کۆشیەوە تا سەربازەکان نەبینێت لەو حەلەدا کە سواری کەشتییەکەیان ئەبن و ئەڕۆن، سەری‌نایە کۆش بۆ ئەوەی لە کاتەدا چاوی بە سەربازەکان نەکەوێت کە هێجگاری ئەم جێیە بەجێئەهێڵن....

فینۆگرادۆف ناو، کە یەکێک بوو لە سەربازەکان، بە ناوی هەشت هاوڕێکەیەوە دەستی پیرێژنی ماچکرد. پیرێژنیش دەستی‌کردە ملی و سەری‌نایە سەریەوە و تێر گریا، ئەوەندە گریا تا هەموو لەشی وەکوو بینی ئاو هاتە لەرزین. سەربازەکان کە ئەمەیان دی، هەموو چاویان بڕییە زەوی و مات وەستان. پیرێژن ئەم گۆمە مەندەی شڵەقان:

- براکانم، بەبێ ئێوە لەم جێگا سامدارەدا چۆن هەڵکەم؟، چی سەربووریمئەدا لەناو ئەم کەلاوە خامۆش و ڕووخاوەدا؟، چ دەرەتانێک دەستئەکەوێت؟ لە گۆڕی تاریک زیاتر.

فینۆگرادۆف کە ئێجگار بەم قسانە دڵی بریندار بوو، پێی‌وت:

- گۆڕی چی، نەنکە خۆشەویستەکەم. تۆ هێشتا لە تەمەنی شەست، یان شەستوپێنج ساڵی‌دایت، هیچ نەبێ ٣٠ ساڵی‌تریش ئەژیت. پشت بە خوا. هێشتا فینۆگرادۆف قسەی پێمابوو بیکات، پیرێژن بە دەنگێکی پڕ لە ماتەمی زوڵاڵەوە هاواری‌کرد:

- ئەی خوا! خوای گەورە!! ئاگات لە ستەمکاریی ئەڵمانەکان بێت، ئەی برا سەربازەکان! ئەو کەسەی پێی‌ئەڵێن داپیرە، یان بە نەنک ناوی‌ئەبەن،

بیستویەک ساڵانە، هێشتا بیستویەک ساڵیشی تەواونەکردووە. ئەمەیە ستەم و زۆری نازییەکان، ئەمەیە بەدیی بێگانە، ئەمەیە دڵڕەقیی ئادەمیزادی دوژمن.

لەپڕ پیرێژن ڕایکردە ناو کۆلیتەکەیەوە و لە بەردەمی دەرگاکەیا چاوبەفرمێسک دانیشت.

سەربازەکان دۆشدامان، سەریان سوورما، ئەتوت خوڵی مردووت بەسەراکردوون، نقەیان لە دەم نەئەهاتە دەرەوە و جووڵەیاننەئەکرد، هەموو مووی لەشیان ڕەق ڕاوەستا، هەموو دەمارەیان وەکوو باسقەنە ڕاستبووەوە، هەموو ئەندامیان نیشتە سەر ئاو، دەموچاویان سوور و شین هەڵگەڕا، کڵاوەکانیان داگرت و نوشتانەوە لە بەردەمی کۆلیتەکەدا و لە کانگای دڵی پڕئاییینیانەوە هاواریانکرد:

لێمانببوورە، خوشکە شیرینەکەمان، شەرتی پیاوەتی بێت، شەرتی ئازا و مەرد بێت، نەگەڕێینەوە دواوە، دانەنیشین، پشوونەدەین، تا دوژمنی ستەمکار لە وڵات نەکەینە دەرەوە، تا هەموو بستە زەوییێکمان لە بێگانە پاکنەکەینەوە، تا گێتی لە جەور و خراپیی نازییەکان ڕزگارنەکەین. دڵنیابە، خوشکە شیرینەکەمان، دڵنیابە، سەگی هار چل شەو ئەژی. بەم جۆرە سەربازەکان ڕێگایان گرتەبەر، کەسیان نەیانئەوێرا ئاوڕبدەنەوە، نەوەکوو چاویان بەو کچە بکەوێت کە لە بەردەمی ئەم کۆلیتەدا هەڵتووتاوە، لە تەمەنی بیستویەک ساڵانا سەری سپیبووە. لە جەوری زۆری زۆردار و دوژمنی ستەمکار...

له ئەدەبی خۆمانە:

## تاوانی گەورە*

هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەترنەبوو! کەسیش لە ڕەشەزلەی دەرەبەگ بێڕەزاترنەبوو. ئەم ڕەشەزلەیە، لە عەیامێکی زۆر کۆنا و لەناو ئەم شاخوداخانەی ئێمەدا، بووبوو بە پیاو! بە سەرکۆمار؛ خەڵقی ئەکوشت؛ خەرمانی ئەسووتاند؛ هەرچی پێیبوترێ "تاوان" ئەیکرد؛ هەرچی "وەی" بێ هەیبوو!

وەنەبێ ڕەشەزلە خاوەنی هیچ بووبێ، پێش ئەوەی دەستبکا بە بێحەیایی و جەردەیی و دزی و پیاوکوژەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە! بەڵام -لەگەڵ ئەوەشدا- بوو بە گەورەی کوێرەدێیەک، دێکە لە هەموو لایەکەوە پیاوخراپان ڕوویان تێکرد، تا لە ماوەیەکی کەمدا وا گەورەتربوو، نەئەناسرایەوە، تا بوو بە دووسەد ماڵێک، نزیکەسنوور بوو، بەراو بوو، شەڕیشی بەسەراهات و ڕەشە خۆی گرت. زەویی ئەو ناوەی وەک ئەژدیها هەڵلووشی، ڕەنجی شان و ئارەقی ناوچەوانی خەڵکەکەی و کۆلکەمەلایەکی زمانلووسی چاوباشقاڵی ڕاگرتبوو، هەرچەندە ئەیوت- ئوشهەدوو، هەرچی زمان هەیە ئەچووە کلیلە!

لەو زەمانەیەدا کە تووتن باش فرۆشرا و لەکاتی جەنگا بەتەواوی خۆی گرت، خۆلاسە بوو بە دەرەبەگ، چونکە زەویی ئەو ناوەی هەڵلووشی و پارە و ڕەنجی خەڵقی وەک گەزۆ و مازوو قووت دا، حەرامی ئەکرد بە حەڵاڵ، چووە گیرفانی ئەم. ئەمیش -خوا هەڵناگرێ- گیرفانی هەتا بڵێی قووڵبوو، هەموو شتێکی ئەگرت. دەستیشی درێژبوو، ئەچووە هەموو گیرفانێکەوە. بۆ بەڵگە؛ جارێکیان هەر چوار سەر مەڕەکەی فاتەی بێوەژنی ڕەزەڵخوای فرۆشت و پارەکەی خستە گیرفانی، گوایە لە وەختی خۆیا ئەحمەدی ڕەحمەتیی مێردی فاتە دە دینار و نیوی بە قەرز لە ڕەشیدئاغا سەندووە! خۆلاسە، خەڵقی دێکە، منداڵەکانی خۆشی، دێکانی دەوروپشت، هەموو ئەیانزانی کە قسەیە، ڕەشە

---

* گۆڤاری "پەیام"، بەغدا، بەرگی ٦، ژمارە ٢٥٤، دووشەممە، ١٩٥٤/٨/٩، ل١٠-١٥.
لە لاپەڕە ١٦-٢٧ی دەفتەرێکی گەورەدا نووسراوەتەوە و پاشتر لە بڵاوکردنەوەدا دەستکاریکراوە. (س)

کابرایێکە هەتیوچە و دز و جەردە و پیاوکوژ، بەڵام کەسیان نەیانئەوێرا ڕووبەڕوو ئەم قسەیە بدرکێنن، یان بەرهەڵست بهێننە ڕێی تاوان و کردارە ناشیرینەکانی، چونکە بەدڵ لێیئەترسان و بە گرانیان ئەزانی بتوانن ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم مێردەزمە بێڕەزایە لە ملی خۆیان داماڵن؛ چەکی هەیە، تفەنگی برنەوی باشی هەمەجۆرە، چەند جەردە و دزێکی کردووە بە پیاو و نۆکەر، کۆشکێکی گەورەی لە وێنەی قەڵادا دروستکردووە، مەگەر تۆپ بیڕووخێنێ! ئیتر بۆ خۆیان خەریکبکەن بە تاوانەکانی ڕەشەزلە و بەو ناپیاوییانەوە کە ئەیکا. خۆ ئەوانیتریش وەنەبێ لە ڕەشەزلە باشتربن، شەنە لە مەنە کەمترنییە. غەزەبە و چووەتە گەردنی ئەم خەڵقەوە، لە هەر لایێکەوە "بار"ئەکەن، یان "ڕا"ئەکەن بۆ لایەکیتر، پەشێمانئەبنەوە و "بەرد لە جێی خۆی سەنگینە" ئەهێننەوە یاد و ئاخی بۆ بەبائەکەن!

ئەو ساڵە ڕەسووڵ خۆی و کچە عازەبەکەی و ژنەکەی و برایم و حەسەنی کوڕی کە شەشحەوت ساڵان بوون، هەرچییەکیان هەبوو و نەبوو، دوو بزگوڕە دڕاو و نەختێ شڕکەوپڕکە و دووسێ لالەوێچ زەخیرە و تەورداسێکی لووتپەڕیو و دوو گوریسی تازە، کە ڕێحان هۆنیبوونیەوە، نایان لە کەرەدێزەکەیان، کە لەم وڵاتە پڕخێرەدا لاکەی سەری ئەهات و هەر تاوەناتاوێ "مانی"ئەگرت! لێیان دا، شەولەناوێک[1] پێش مانگهەڵاتن بێدەنگ و بێسەنگ لە پشت ماڵانەوە سەری خۆیان هەڵگرت و دێیان بەجێهێشت بۆ زوڵم و زۆری ڕەشەزلە و پیاوەکانی، چونکە گەیشتبووە لووتیان؛ ئیتر توانای ئارامووەستانیان تیا نەمابوو، ئەمەندە شتی ناشیرینیان دیبوو، زراویان تۆقیبوو لەو شتانە کە چاوەڕوانیانئەکا، لەو پاشەڕۆژەی لە پەردەی هات و نەهاتی ڕەشەزلەدایە و سا درەنگبێ یا زوو، هەر ئەبێ بیبینن. ئەڵێم خەڵقەکە ئەم کارەساتەی ڕەسووڵ و خێزانە کڵۆڵەکەیان هەرگیز لەبیرناچێتەوە. کە ئەو شەوە ڕۆژبووەوە و خەڵقە هەر کەسە چووە سەر کار و فرمانی خۆی، لەناو دۆڵی بەردەمی شاخی پشت دێیەکەدا، ڕەسووڵیان لەناو جەواڵێکی دەمدووراودا دی. بێگومان ساغ ناخرێتە ناو جەواڵەوە! هەرچی ئازا و ئەندامی هەیە بە خەنجەر شڕووڕکرابوو. هەموو تاڵەموویێکی ناو جەواڵەڕەشەکە، ئەمەندەی خوێن

[1] شەولەناو: بەرەبەیانێک کە ئاسمان ڕووناکنەبووەتەوە و تاریکایی لە ئارادایە. (س)

هەڵمژیبوو، بووبوو بە سووریکی شەرابیی خەست، وەکوو ئەو شەرابەی ڕەشەزلە شەوانی زستان لە دیوەخانا لە بەر نێڵەنێڵی کوورەی ئاگر ئەیخواتەوە بە تەنیا، بۆ ئەوەی کەس پێیەنەزانێ و کەس نەڵێت ڕەشیدئاغا "بێدینە" و لەم کەلەبەرە گەورە کاریگەرەوە زەفەری پێبەرن. ڕەسووڵی ڕاکردووی کڵۆڵ بەو ڕەنگە، کە هێنایانەوە ناو دێ، ڕەشەزلە نەیهێشت لە گۆرستانەکەشدا "بینێژن"، گوایە نەصیبی لێرەدا نەماوە و بۆ کوێ ئەیبەن بیبەن. ئەم، لەبەهەشتڕاکردووە بێسیفەتە بێوەفایە.. ئەمما ژنەکەی و دوو منالّەکە "برایم و حەسەن" ئەوەندەیان لێدرابوو، هەتا یەکدوو مانگ نەهاتنەوە سەر خۆیان. هەرچەندە خەڵقی دێ کە بە دزییەوە یارمەتییانئەدان و بە شەو شتیان بۆ ئەبردن، شتی چی؟ خۆ کێک و برمە و پاقڵاوە و قبووڵی نا، نیسکێنەیەک، دووسێ نانەڕەق، بەڵام هەموو ڕۆژی دۆیان هەبوو، ڕێحانی کچیش، ئەو باڵابەرزە گەنمڕەنگە چاوخومارەی بەدەنڕێکەی لە ڕێحانە بۆنخۆشتر و لە پەیکەری جوانی ڤینۆس شەوقدارتر بوو، هەر ئەو شەوە فڕێنرا و برایە قەڵاکەی ڕەشەزلەوە و دەرگای لەسەر داخرا و قەدەغەی ناوهێنانی کرا..

لەو ساڵەدا کە من چوومە دێیەکە و خەڵقەکە ئەم کارەساتەی بنەماڵەی ڕەسووڵیان بەداخەوە بۆ ئەگێڕامەوە، ئەو ساڵە دەمیان کرایەوە و دڵنیابوون لەوەی دەستی ڕەشەزلەیان ناگاتێ.. بەڵام ئەوی زۆر مەراقبوو لای من، دووسێ شت بوو! یەکەمیان خەڵقی دێکە چۆن ڕازیبوون بە گەورەییی ڕەشەزلە و سەریان بۆ دانەواند؟ ڕەسووڵ لەبەر چی بڕیاری ڕاکردنی دا؟ ڕێحان چیی بەسەرهات لە قەڵاکەی ڕەشەزلەدا؟ دەستی ڕەشەزلەیان بۆ ئەگاتێ؟

مامفەتاح! تۆ عاقڵترین پیاوی ئەم دێیەیت و لە هەموویان بەعومرتری، بۆ نایەی -پیاوی چاک بیت- ئەم مەراقانەم دەفعکەیت! بێگومانبە، ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکوو ئێوە تاوانەکانتان لە من گەیان، منیش لە دنیای ئەگەیێنم، هەتا تاوانکەر ڕیسوانەکەم، لێینابمەوە؟

مامفەتاح، سەرێکی ڕاوەشاند و زەردەیێک گرتی و گوتی: کوڕم، تاوانکەر لەگەڵ تاوانیکرد، ڕیسوائەبێ، بەبێ ئەوەی کەس هەوڵی ڕیسواکردنی بدا. "تۆو"ی ڕیسوایی لەگەڵ تاوانا ئەڕوێ وەکوو گیاکەڵە و گیا پیسەکانیتری ناو کشتوکاڵ. بۆچی! وا ئەزانی کە کابراییک خراپەیکرد و خەڵقی لە ترسی گیان و

ماڵیان نەیانوێرا پێی‌بڵێن: تاوانکەر، یان پەنجەیان نەکرد بە چاویا، مەعنای ئەوەیە ڕیسوانەبووە؟! بێ‌گومان‌بە، کە کەس نەمابوو لە دێیەکەدا قینێکی خەستی لە کردارەکانی ئەو دڕندەیە نەبێ، بەڵام بۆ تاکەتاکە هیچمان بۆ نەئەکرا، کوڕم؟! جگە لەوە، ئێمەی مسکێن، بە بێ‌دینیمان ئەزانی ئەو ڕێگایانە بگرین کە ئەو ئەیگرت! بۆیە تاکەتاکە بەسەرمانا زاڵ‌بوو، لەپاشا بەهۆی ژن و ژنخوازی و شەریکەدزێتی لەگەڵ دەستدرێژەکانا ڕێک‌کەوت و بوو بە خزم. ئیتر ئەوەبوو ڕەشەزلەی کرد بە ئاغا و چارمان‌نەما ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بووین بە مسکێن و دەسەڵاتی ئەویش هەتا هات زیادی‌کرد و زوڵم و زۆر و تاوانبار بوو هەتا قەومانی کارەساتەکەی ڕەسووڵە. ڕەسووڵە پیاوێکی بەدین بوو، سەری بچووایە نوێژی‌نەئەچوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان داری ئەبڕی لەگەڵ ڕێحانەی کەنیشکیا، ڕەشە بەوێ‌دا تێ‌ئەپەڕێ بەدەم ڕاوەوە و داوا لە ڕەسووڵە ئەکا ڕێحان بنێرێ لە ماڵەوە "فرمانیان هەس!" فرمانیش، گشت کەسێکمان ئەمانزانی چییە! بۆیە ئەو شەوە ڕەسووڵە باری‌کرد؛ بەڵام هەر فایدەشی‌نەبوو، نەیتوانی نەیەڵێ ڕێحانە وەکوو ڕێحانە تەڕاییی تیا نەهێڵێ، کوڕم. ڕاکردن دادنادات، هەموو شوێنێک گورگێکی هەر تیایە، بەڵام پیاو چی بکا؟ ئەبێ شتێک هەر بکا. خۆ ئێمە ئەم خەڵقە تێکڕا دار و بەرد نین!

خۆلاسەی کەلام ئەوەیە کە ڕەسووڵ بەو مەرەیە برا و ڕێحان برایە ناو قەڵاکەوە، هەمووی دەپانزە ڕۆژێکی نەخایان، شەولەناوێک "تەرمێک" لە ماڵی ڕەشەزلەوە برا بۆ گۆرستانەکە و نێژرا، بە بێ‌دەنگی! بۆ سبەینێ زانیمان کە ڕێحان جوانەمەرگ بوو! بێینەوە سەر برایم و حەسەنەی برای ڕێحان، کوڕانی ڕەسووڵەی ڕەحمەتی! بەبێ ئەوەی کەس پێ‌بزانێ، بەبێ ئەوەی لای کەس هیچ بدرکێنێ، جووت‌برا قسەئەکەن بە یەک بەو منالییە، داخی کوشتنی باوکیان، گریانی هەموو ڕۆژەی دایکیان، شەرەف‌شکاویی خوشکیان، چاوی ئەو دوو تولفە مەعسوومە ساکارە ئەکاتەوە، قین و داخیان لەدڵا خەستئەکا.. پاڵیان پێوەئەنێ بۆ "تۆڵە" لەو کەسەی تاوانی گەورەی کرد! خۆم نەگرت، لێرەدا لە مامفەتاحم پرسی، تاوانی گەورە مانای چی؟ تاوانی گەورە ئەوەیە کوڕەکەی خۆت بکوژی، لەبەرئەوەی حەز لە ژنەکەی ئەکەی، لە بووکەکەی خۆت، کە وەکوو کچت وایە؟!!.

– ئینجا ڕەشەزلە ئەمەشی کرد؟!

– ئەی! ئەرێ وەڵڵا کردی! ئەوی بە تاوانکردن ڕاهات، ئیتر کۆ لە هیچ ناکاتەوە. بێینەوە سەر مەسەلەکەی برایم و حەسەنە! هەردووکیان دەستیانکرد بە فرمان.. بە شەو و بە ڕۆژ لە فرمانکردن نەئەکەوتن، قسەیان لەگەڵ کەسا نەئەکرد، بە لای کەسا نەئەچوون، لە هیچ نەئەدووان.. وەکوو گۆمێکی زۆر قووڵ وابوون.. ڕۆژێ لە ڕۆژان چوون بەودیوا.. ئەو حەلە چەک لەودیو هەرزانبوو، بەری بەرەڵڵاکرابوو. لەپاش چەند ڕۆژێک، دەمەوعەسر بوو، فەسڵ فەسڵی -خوایە- دنیا بەهاربوو، وەختی ڕاوەکەو بوو، لەو ڕۆژانە بوو کە ڕەشیاغا خۆی و پیاوێکی تیایا ئەچن بۆ ڕاو. گوێمان لە تەقەیەکی زۆر بوو. لەپاش یەکدوو سەعاتێک، ڕەشەزلەیان بە سواری کەرێک هێنایەوە، بەقەد جەواڵێک، یا بلێ بەقەد ڕەشکەیەک ئاوسابوو. تومەز پانزە گوللەیان پێوەنابوو، کردبوویان بە بێژنگ! سەرەڕای ئەوەش، ئێستا و ئەوسا کەس سۆراخی نۆکەرەکەی ڕەشیاغای نەزانی. هەندێ وتیان ئەوە، کەوماریش پێوەیداوە. هەندێک وتیان برایم و حەسەنە بوون! هەندێکیتریش ناوی خەڵقیتریان برد، بەڵام کەس داخی بۆ ڕەشەزلە نەخوارد، چونکە هەموو ژیانی پڕبوو لە تاوان، سەرتاپا تاوان، تاوانی گەورە. برایم و حەسەنەش لەودیو بینراون، زۆر بەدەماخبوون و دایکیشیان جلی ڕەشی فڕێ دا.. ئیتر بڵێم چی! هەموو لە لای جەنابی حاکم وتوومانە: مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ کێ ڕەشیاغای کوشتووە!!

له ئەدەبی خۆمانە:

## کۆتربازی*

ڕابەر

باوکە دانیشتبوو، ئامۆژگاریی کوڕە سەرەڕۆکەی ئەکرد: ڕۆڵە، بن و بنچینەمان هەر خانەدان بووە و تانوپۆ ئاوریشم! ئێمە و کۆتربازی! ئەمە شتێکە ئەگەر بێت و باوک و باپیرم لەناو گۆڕیشدا ببیننەوە، قەبر هەڵئەتەکێنن، کفن ئەدڕن، یەنە دەرەوە، بۆ لۆمەکردنمان. ئێمە و کۆتربازییان نەوتووە، ڕۆڵە! ئەم هەموو ڕەسمی کۆترە چییە لەم ماڵەدا؟ عەیبە و شوورەیی. ئەوجارەش دوو کۆتری هاقووم دی بەدەستتەوە، قسەمنەکرد. ئەزانی کام ڕۆژ؟ ڕۆژەکەی ئەم خەڵقە هەموو ڕوویانکردە ئەو دەشتە و من وام زانی بۆ نوێژەبەبارانێ ئەچن، یان بۆ شتێکیتر. کەچی تومەز هەموو ئاخریان شەڕە و سەری نەردیان لێوەرگەڕاوە و بوون بە کۆترباز! ئای لەم دنیا پیسەی تێیکەوتووین، ئەو شتانەی جاران بە خەو و ناشیرینی ئەدرانەقەڵەم و بە چاوی سووک تەماشائەکران، ئێستا بوون بە باو، هەموویان کردوویانن بە پیشە.

کوڕە لەمە زیاتر خۆی نەگرت و هەڵیدایە: ئینجا بابە، ئەو زەرەر و زیانەی لە تۆ کەوتووە، چییە؟ تێمناگەیێنی بۆچی قینت لەم کۆترە جوانە سپییە دەنووکسوورە خنجیلانە بێوەیانەیە؟!

– کوڕە هەتیو، کۆتر چییە من قینم لێبێ؟ یان ڕادەی چیی دەکەوێ زیان بە من بگەیێنێ؟ جارێکیتر نەخەڵەتابی بەم شێوەیە قسە لەگەڵ منا بکەی. من پێت بڵێم کۆتربازی، شتێکی خراپە و پیشەیێکی ناڕەوا و نالەبار و زیانبەخشە و لەجیاتیی ئەمە خەریکی دەرس و دەورەکەت بی، باشترە! تۆ تێمناگەیێنی حەمە، ئەم کۆتربازییە چی خێرێکتان دەستئەخات؟ چی کەڵکێکی لێئەبینن، وا بووە بە ماخۆلان لەگەڵتانا؟! سەری زمانتان و بنی زمانتان هەر کۆترە!

* گۆڤاری "پەیام"، بەغدا، بەرگی ٦، ژمارە ٢٥٦، دووشەمموو، ١٩٥٤/٨/٢٣، ل٧، ١٠-١٢.

– کۆتر فڕندەییێکی بێوەیە، هێمن و لەسەرخۆیە، هەرچی زیان بێت نییەتی؛ ئەیەوێ بە ئاسوودەگی بژی. لەبەرئەوە بیکاسۆ کردوویەتی بە ڕەمز بۆ ئاشتی! بۆ ئەوەی جەنگ نەقەومێ.

کابرا دایە پێکەنین..

– جەنگ نەقەومێ! جەنگی چی؟ ئینجا کۆتر ئەبێتە هۆی نەقەومانی جەنگ. ئەگەر زرووف گەیشتە ئەو ڕادە پڕ تەنگوچەڵەمەیەی هەر ئەبێ بتەقێت، کۆتر ئەتوانێ ئەزمەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئادەمیزاد و دەوڵەتان بوەستێنێ. ئای لە کۆتر کە بەدەستە! وا دیارە کۆتربازەکانی ئەم وڵاتە لە بیکاسۆی تۆش عاقڵتربوون، کە لە دێرزەمانەوە هەر خەریکی کۆتربازی بوون. تۆ بڵێ حەمە کە ئەم بیکاسۆیەی لەمەڕ تۆ لای چ کۆتربازێک دەرسی وەرگرتبێ و شاگردیی کردبێت؟! لەپاشا ڕۆڵە بۆچی بیکاسۆ کە کابراییێکی بێگانەیە، ئەیکەن بە پێشڕەوی کۆتربازی؟ ئێمە گەلێ کۆتربازی وامان هەیە کە لە ڕێی کۆترا شڕەیان بە بەرەوە نەما و لە دواییدا لە برسا مردن. بۆ ناوی یەکێک لەم کۆتربازانەی خۆمانتان نەژیاندەوە؟

حەمە لەم قسانەی باوکی قینی هەڵسا و بە داخەوە وتی: تۆ پیاوێکی کۆنەپەرستی، تۆ قینت لە ئاشتییە، تۆ هاوکاری جەنگی؛ کە هەڵگیرسا، دنیا خاپوورئەکا.

باوکە زەردەییێک گرتی و بە تیلاییێکی چاو تەماشایکرد و پێیوت: ڕۆڵەی شیرین، من باش لە هەموو شتێک گەیشتووم، دنیام تاقیکردووەتەوە، بە گەرما و سەرمای ڕاهاتووم. ئەزانم ئەم کۆتربازییە پەردەیەکە بۆ شتێکیتر. ئەزانم هەر لێرە نا، لە هەموو دنیا کۆتربازی بووە بە باو، گوایە بۆ پاراستنی ئاشتی! بەڵام بە خوا ڕۆڵە پێویست بەم کۆترە ناکا، بە کۆتر ئاشتی ناپارێزرێ! ئەم کۆتر و کۆترکارییە ئەبێتە هۆی لەناوچوونی چەند کەسێکی بەسزمانی وەکوو تۆ، ئەبێتە داخ و جگەرسووتانی چەند باوکێکی وەکوو من. خولە و سەعە و حەمە و مارف، پێوەئەبن، بلە و عەبە و هەمزەی پێ ئەبن بە پیاو. چەند کەسێک قوڕەکەی بۆ ئەگیرێتەوە و تێیئەچەقێت، چەند کەسێکیتریش وەک بەرزەکی بانان لەسەر مێزی ڕازاوە بە ئارەزووی زۆیان ئەگەن. ئێوە لەبیرئەچنەوە، ئەوان لەسەر لاشەی ئێوە قسەی زاڵ ئەکەن. کێ هەیە قینی لە جەنگ نەبێت، کوڕم؟! بەڵام بە خوا بە کۆتربازی کار مەیسەرنابێت. ئەوانەی خۆیان کردووە بە سەرکردەی کۆتربازەکان،

دوێنێ شەمشەکوێرە و باز و هەڵۆ بوون، کۆتریان ئەخوارد، شمقارپیان ئاگادارئەکرد، کونەکۆتریان پیشانی چەقەڵ و ڕێوی ئەدا. هەموو کۆتربازێک بەقەد خۆی فرۆفێڵ ئەزانێ، بەقەد خۆی تۆڕ و داوی هەیە بۆ کۆتر گرتن. دوو چینە کۆترباز هەیە، کورم: چینێکیان کۆتربازی ئەکەن، چونکە جوانیی کۆتریان چووە بە دڵا. چینەکەیتریش، بلە و عەبە و هەمزە، حەز لە گۆشتی کۆتر ئەکەن، بە زڵفنجیان‌بێ! ڕۆژێ لە ڕۆژان وەک ڕێویی تۆبەکەر ساختەی "تۆبەی تەیر خۆشویستن"ی ئەمانیش دەرئەکەوێ! هەزار ڕەحمەت بۆ کۆتربازە ڕاستەقینەکانیش کە خەریکن لەتاو ئەمان سەنعەتیان لەبیرئەچێتەوە. تۆزێ قسەکانم بە توێکڵ و ئازاراوییە، وەکوو حەق بڵێم. لێم‌ببوورە، ڕۆڵە، بۆ ئێوەمە بە خوا!

## چاکە لەگەڵ ناکەسبەچە مەکە*

ئەم چیرۆکەی خوارەوە، چیرۆکێکی هیندییە و بە ڕەمزی نووسراوە، لە کات و سەردەمێکی کۆنا، هەرچەندە بایەخێکی ئەدەبیی گەورەی نییە، بەڵام لە کەڵکیش هەر خاڵی نییە.

*

چەند چەرخێک لەمەوبەر، لە وڵاتی هیندستانا و لە نزیک شاری مدراس، پیاوێک هەبوو ساویلکە. ئەم پیاوە ساویلکەیە، هەتا بڵێی دڵنەرم بوو، هەتا بڵێی بەسزمان، هیچی نەئەزانی، لە کارکردن و ماڵبەڕێوەبردن بەولاوە. لە پێناوی ماڵبەڕێوەبردنا ئاوارەبووبوو، لە شارێکی گەورە پاڵەیەتییئەکرد، لە ڕێی مناڵەکانیا هەمووجۆرە سزا و ئازارێکی ئەچێشت. بۆ کلۆڵی و نەگبەتی، لەم دووروڵاتەش کار نەما. بە مەجبووری ملی ڕێی ماڵەوەی گرتەوەبەر. ئەو حەلە هەتا بڵێی ڕێوبان ناخۆش و دوورودرێژ بوو، هەر دواییینەئەهات. بەڵام بە مەجبووری ڕێی گرتەبەر، چەند شەو و ڕۆژێک بەڕێوەبوو. هیلاک، شەکەت لەناو جەنگەڵستانێکدا خەریکبوو دابنیشێ بۆ حەسانەوە. لەپڕ گوێی لە زیرەزیر و گڕ و نووزانەوەی حەیوانێک بوو. لە پێشەوە ترسا، بەڵام لە دوایی‌دا زاتی نایە بەر خۆی و بەرەو دەنگەکە نزیکبووەوە. کە تەماشایکرد پڵنگێک لە قەفەزێکی گەورەی ئاسن‌دا حەپسکراوە. کابرای ساویلکە کە پڵنگی بەو بەندکراوییە دی، بەزەییی پیا هاتەوە و خۆی هاتەوە بیر و لە دڵی خۆیا وتی: "ڕەنگبێ ئێستا بێچووەکانی چاوەڕوانی هاتنەوەی بن".

پڵنگەکە هەستیکرد کە کابرا ساویلکەیە و لە کاروباری دنیا شارەزانییە و چاوی پڕبووە لە گریان، چونکە تیرەی حەیوان باش ناناسێ، کەوتە پاڕانەوە و لالانەوە و بە دەنگێکی پڕ لە ئێش و ئازار پێیوت: "ئەی پیاوە باشەکە، لەم حەپسخانەیە ڕزگارمکە، چونکە بێهێزیکردووم و لەشی تێکشکاندووم. پیاوە دڵنەرمەکە، وەختە مناڵەکانم لە تینووانا، لە برسانا، بمرن. بەڕەڵامکە، شەرتبێ پاداشی چاکەت یەکبەهەزار بدەمەوە". پیاوە کەمێک ماتبوو، قسەی پێشوونیانی کەوتەوە بیر:

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٦، ژمارە ٢٥٩، دووشەموو، ١٩٥٤/٩/١٣، ل٦-١٤.

"چاکەبکە و بیدە بەدەم ئاوەوە!" دەستبەجێ دەرگای قەفەزەکەی بۆ پڵنگەکە کردەوە. پڵنگی دڕندە لە قەفەز هاتەدەر، خۆی کێشایەوە و چوارپێنج باوێشکی دا و دەمی داپچڕی و چاوی بڕییە پیاوە و وتی: "ئەی ئادەمیزادی بێمێشک، ئەی برای ئەو کەسەی منی لەم قەفەزەدا حەپسکرد، شەرتبێ، چونکە ئەوەندە ساویلکە و بەسەزمانی و بە قسەی دڕندەیەکی وەک من خەڵەتای، تا نەتخۆم و تێر خوێنت نەمژم، ئاو ناخۆمەوە". پیاوی بەسزمان ترسی لێنیشت و دەستیکرد بە پاڕانەوە: "منداڵم وردە و پیاوێکی بێوەیم، من چیمە بەسەر ئەو کەسەوە کە تۆی حەپسکردووە؟ من چاکەم لەگەڵدا کردووی، بۆ خراپەم دەربارە ئەکەیتەوە؟ ئەمە سێ ساڵە چاوم بە ماڵ و منداڵم نەکەوتووە، تووبی خوا، وازملێبێنە، با بچمەوە ناو کەسوکارەکەم، کە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانن". ئەم قسانە دڵی دڕندەی نەرمنەکرد، چونکە هەرگیزاوهەرگیز دڕندە دڵی نەرمنابێت، بە کوتەک نەبێت.

کە کابرا دیی پڵنگە زیاتر لێیدێتە پێشەوە، پێیوت: "باشە، ئەوەندە بوارەمبدە و مەمخۆ، تاکوو ئەم باسەمان بۆ شەش کەس ئەگێڕینەوە، لەوانەی لە ڕێگا پێمانئەگەن. ئەو شەشە چییان وت، ئێمە بەوپێیە ئەجوولێینەوە". کە پیاوە لە قسەکانی بووەوە، پڵنگە دەستیکرد بە پێکەنین و وتی: "ئینجا من کە گەورەی هەموو ئەم دارستانەم، کێ هەیە زاتبکات لەبەر دەممدا و بڵێت تۆ لەسەر حەقی؟ لەگەڵ ئەوەشدا، باشە با بڕۆین". لەپاش تۆزێک گەیشتن بە دارهەنجیرێک. پیاوە چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە و لێیپاڕایەوە. بەڵام دارهەنجیر سەری ڕاوەشاند و وتی: "برای برام، ئێوەی بەشەر دێن لەژێر سێبەرەکەمدا ئەحەسێنەوە و بەرەکەم ئەڕنن. هەر بەمەشەوە ناوەستن، هەندێ جار لقوپۆپەکانیشم ئەشکێنن، ئازارم پێئەگەیەنن. لەبەرئەوە خوابکا تۆوتان لەسەر ڕووی زەوی نەمێنێ، بیخۆ، ئەی پڵنگ، بە قوربانە". پڵنگ دایە قاقای پێکەنین و بە کلک ئیشارەتی پیاوەی کرد، پێشمکەون. هەر بە ڕێدا ڕۆیشتن، تا گەیشتنە گایێک. گایە سڵەمییەوە. تۆزێکی مابوو زەندەقی بتۆقێ، لەبەرئەوە لە چەقی ڕێدا وەستا وەک بەرد. کابرا باسەی بۆ گێڕایەوە و لێیپاڕایەوە کە قسەیێکی ڕاست بکا. گایە ئەو حەلە ئاهێکی هاتەوە بەر و پڕبەدەم بۆڕاندی: "ڕۆژ تا ئێوارە جووتم پێئەکەن، ئەمتەقێننەوە، ئەمرەتێننەوە و بارم پێهەڵئەگرن، قەد ڕۆژێک بەزەییتان بە ئێمەدا نەهاتەوە و جەزای چاکەتان نەداینەوە. ئیتر بۆچی ئەبێ ئێوە بەتەمای چاکە بن لە ئێمە؟ خوایئەکرد پڵنگی ئاغا پارچەپارچەیئەکردی،

چونکە زۆر دڵڕەقن". هەر ڕۆیشتن، هەتا چاویان بە بازێک کەوت، بەسەر بەردێکی تیژەوە کز وەستاوە.

پیاوە هاواری لێکرد: "ئەی باز! تەیرە نێرە ئازاکە! دوو قسە بۆ خوا بکە، ئەمڕۆ ڕۆژیەتی، ئەگەر لەسەرم هەڵنەدەیتێ، پڵنگ ئەمخوا!". بازە سەری هەڵبڕی و چاوی بۆ خوارکردەوە و چریکاندی: "ئەی دزەی غەداری منالّ لەبەردەمیدایکفڕێنەی لانە لەتەیرانتێکدەرەی، هەموو ساڵێک نەسلی پیسی ئێوە دێن بێچووەکانم ئەدزن، پێش ئەوەی باڵەفڕببن، ئەوان لە من، من لە ئەوان ئەکەن، بۆ؟ پڵنگ، من دەستم بەسەر نەوەی ئادەمیزاددا ناڕوا، بەڵام بە قوربانە ونجڕونجڕیکە، با ئیتر دەست بۆ بێچووم درێژنەکەن". کابرا زۆر زویرانە ملی ڕێی گرتەبەر، لاکەی سەری ئەهات، قاچی بەدوای خۆیا ڕائەکێشا. کە گەیشتە گۆمێک، چاوی کەوت بە ماسییێک، لە قەراغ ئاوەکە یارییئەکرد. کابرا مەسەلەی بۆ ماسییەکەش گێڕایەوە. ماسی لە ئاوەکەدا دووسێ جار خۆی بادا و کلکی ڕاوەشان، ئینجا بە پڵنگەی وت: "بە قوربانە، زوو بیخۆ، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مێشکی ئادەمیزاد چەکێکی تازەتر ئەدۆزێتەوە بۆ لەناوبردنی ئێمەی بەسەزمان. قولاپ، تۆڕ، وا ئێستاش بۆمبامان بەرامبەر بەکارئەهێنن. بنی گۆمیشمان لێئەشڵەقێنن و وردودرشتمان ئەکوژن، بەبێ ئەوەی بەزەییان پیامانا بێتەوە. تا ئەم ئینسانانە کە ئەمە کار و کردەوەیان بێت، کەی جێی بەزەیین؟". هێشتا ماسی قسەیتری پێمابوو، کە کابرا بەجێیهێشت. ئەوەندەی نەخایەن، کەرێکی لاتی بەڕەڵاکراویان لەناو مێرگێکا دی، ئەلەوەڕی.

کابرا لە دڵی خۆیا وتی: "ئۆخەی لاموایە ئەم کەرە لایەنگیرمە". کە شەرعیان بردە بەر ئەم، دەستیکرد بە جووتەوەشان، دوژمنی ئیمانت بێ، تۆزێکی مابوو کابرای قوڕبەسەر بکوژێ. ئەیزەڕان لەو دەشتەدا پڕ بە دنیا: "نایەمەوە ژێر بار، جارێکیتر نایەمەوە. نەقیزەم ناوێ، کا و ئالیکیشتان ناخۆم. وازملێبێنن، ئەگینا بە جووتە هەموو لەشتان ئەشکێنم. پڵنگ بیخۆ، بۆ خاتری خوا، هەتا نەیبردووم لە بازاڕی جامبازەکاندا بمفرۆشێت". کابرا بەتەواوی نائومێدبوو، وا لە شەش پێنجیان لایەنی پڵنگیان گرتەوە. قەت بە تەمای ئەوە نەبوو کە حەق ئەمەندە بێلایەن، ئەمەندە زەبوون بێت. وای ئەزانی ئەم دنیایە دنیای ساویلکە، دنیای چاکە و حەقە، کەچی کەسی نەدی لەم ڕێیەدا دڵلەداخنەبێت و لایەنی ناحەقی بەهێز نەگرێ. خەریکبوو بە پلنگەکە بڵێ بیخوات. کە چاوی بە مامڕێوی کەوت تۆزئەکا لە دوور و بەرەوڕووی ئەمان دێ، کابرا بە

کزییەکەوە مەسەلەی بۆ ڕێوی گێڕایەوە. لەپاش کەمێک ماتبوون، ڕێوی ڕووی‌کردە پڵنگ و وتی: ئەی گەورەی شکۆداری دارستان، بەشەر زۆر زاڵمە، وە هەر زاڵمەش زەواڵێکی بۆ هەیە. لەگەڵ ئەوەش‌دا، کە ڕاوی ئێمە ئەکەن و پێستمان ئەفرۆشن، بەڵام خوا وای کردووە ڕزقی یەکێک لەسەر یەکێکی‌ترە، بڕوات‌ببێ، منیش بەبێ مریشک‌خواردن هەڵناکەم. لەبەرئەوە تۆ پێویستە ئەم کابرا نەمامە بخۆیت، چونکە لە عالەمێکی پڕخەیاڵا ژیاوە و بڕوای بەوە نەبووە کە خراپە هەیە لە دنیادا بەرامبەر بە چاکە، هەتا بە چاوی خۆی دیی، وە ئەم دنیایە پڕیەتی لەم جۆرە کەرپیاوانەی هەتا "ڕیشی خۆیان نەتاشرێ"، بڕوا بە "ڕیش‌تاشین"ی خەڵقی‌تر ناکەن. بەڵام پێش ئەوەی بیخۆی، ئەبێ بچینەوە جێگای کارەساتەکە، تا بەتەواوی لە مەسەلەکە بگەین. دوای قسەکانی مامڕێوی، گەڕانەوە بۆ شوێنی قەفەزەکە. لە ڕێ پیاوە نەیئەتوانی باش بە ڕێ‌دا بڕوا، چونکە ترسی مردن "قەڵەمی ئەژنۆ"ی شکاندبوو، بەڵام ڕێوی چاوێکی لێ‌داگرت و بە دزییەوە پێی‌وت: "ورە بەرنەدەی، بەسەزمان!" ئەقڵ و زات و نەبەزین بەهێزترە لە دڕندە، زاڵترە لە "کێویەتی". ئینجا کابرا گوڕی پەیداکردەوە و گەیشتنە بەردەمی قەفەز. ڕێوی بە پیاوەی وت لەو جێیەدا بوەستە کە تیایا وەستابووی پێش کردنەوەی دەرگای قەفەز. کابرا وەستا، ئینجا بە پڵنگەی وت کە تۆش لەو شوێنەدا بوەستەوە، ئەی گەورەمان، کە پێش دەرگاکردنەوە تیایا وەستابوویت. بەم جۆرە پڵنگە خرایەوە ناو قەفەز، ئینجا بە کابرای وت کە دەرگاکە چۆن داخرابوو وای لێ‌بکە. کابرا خڕ دەرگای لەسەر دڕندەکە داخستەوە و ئاهێکی ڕەحمەتی هەڵکێشا. خەریک‌بوو دەست بکاتە ملی ڕێوی و سوپاسی‌بکا: مامڕێوی دوورکەوتەوە و پێی‌وت: من حەز لە برادەریی پیاوی کەری ساویلکە ناکەم، چونکە خۆشی و هاوڕێکەشی تووش‌ئەکا بە ترسنۆکی و کەریەتی. بۆ ئەوەی باش بژی لە دنیادا، عەقڵ بەکاربهێنە. ترسنۆک مەبە و ورە بەرمەدە و یارمەتیی دڕندە مەدە و چاکە لەگەڵ ناکەس‌بەچە مەکە!" ڕێوی ئەمەی وت و لە چاو ون‌بوو. کابراش ملی ڕێی ماڵەوەی گرت و دەستی‌کرد بە لێکدانەوەی قسەکانی مامڕێوی!

له ئەدەبی بێگانە:

## تاپۆی ڕابوردوو*

ڕابوردوو، چۆن لەبیرئەچێتەوە؟! چەند هەوڵبدەین بۆ لەبیربردنەوەی هەندێ شت، چەند زۆر لە خۆمان بکەین بۆ داپۆشینی ڕابوردوو، ئەوەندە زیاتر ڕابوردوومان بۆ ڕوونتر، ئەوەندە زیاتر لێمان نزیکتر؛ ئەوەندە زیاتر ئاشکراتر و ناسۆراویتر ئەبێتەوە. ئەو کارەسات و قەوماوانەی لە سەرەتای ژیانمانا ئەچنە ناخی دەروون و ئۆقرە لە هەستمانا ئەگرن، بە پاچ و پێمەڕەش هەڵناکەندرێن. ناخۆشیی ڕابوردوو لە پیاو ئەبێتە تاپۆ! ئەبێ بە سێبەرمان و لێمان نابێتەوە، هەتا دامانئەهێڵنە گۆڕەوە! بەڵام تێگەیشتوویی لەوەدایە ئازاری ڕابوردوو، تاپۆ و سزاکەی، پاڵمان پێوەنەنێن بۆ یەئس، چونکە دەرد و برین نییە لەم دنیایەدا سارێژنەبن، چاکنەبنەوە.

*

تەمەنی لە هەژدە زیاترنەبوو، کە ئەو ساڵە قوتابخانەی تەواوکرد و بوو بە مامۆستای کچان. هەتا بڵێی شادبوو؛ هەموو ڕۆژێک دەستەجلێکی ئەگۆڕی، وەکوو کچێکی بەئاواتگەیشتوو هەموو دنیای بە بەهەشت ئەهاتە پێشچاو، وای ئەزانی ڕێگای ژیان بە گوڵ ڕاخراوە و هەرچی قۆرت و تەگەرە هەیە، نییە، لەو ڕێیەدا کە ئەبێت بیبڕێ! بەڵام پلاری دەستی قەدەر نەیهێشت زۆر لە باوەشی ئەم کامەرانییە درۆزنەیەدا بمێنێتەوە و لەپڕ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەنگاوتی!

وا ئێستا بەرامبەر بە مناڵە قوتابییەکان وەستاوە وەکوو پەیکەر؛ لەبەر تۆف و گەرداوی ناو دەروون، دەرسی پێنەئەوترایەوە! یەکێک تاپۆی ڕابوردووی بەشوێنەوەبێت، ڕێی لەبەرناچێت. بە لەش وا لەناو ژوورەکەدا، بەڵام بە خەیاڵ وا لەناو ڕابوردوودا، هەست بە هیلاکی ئەکا، بەڵام ئەوی هیلاکە لەشی نییە و گیانیەتی. یا خوا کەس گیانی هیلاکنەبێ. قوڕگی پڕبوبوو لە گریان، خەریکبوو لە فوارەی ئەو چاوە جوانانەوە سەربکا، بەڵام دانی بە خۆیا گرت و ڕووی نەهات

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٦، ژمارە ٢٦٢، دووشەمموو، ١٩٥٤/١٠/٤، ل٦-٧، ١٠-١٣.

لە بەرچاوی ئەو منالانە بگری. چاوی پیائەگێڕان، کامەرانیی تیا ئەدین؛ بەزەیی بە خۆیا ئەهاتەوە.. چاوی بڕییە ئەو دیو پەنجەرەکە و دیی کە دارەکانی ناو باخەکە لق‌وپۆپەکانی چەماونەتەوە و دێن و ئەچن لەژێر سەختیی ڕەشەباکەدا. دڵ و گیانی ئەمیش کەوتبوونە بەر هێنان‌وبردنی[1] ڕەشەباییکی سەختتر، کە لە دۆڵێکی زۆر قووڵەوە بە تەوژم ئەهات. هەرچی هەبوو نەبوو لە بەردەمیا ڕای‌ئەماڵی، هەتا ئەگەیشتە ناو دەروونی ئەم. بۆیە سنگی نەرم‌ونیانی بەی‌گرتووی خێرا خێرا لە نزمییەوە بەرز و لە بەرزییەوە نزم ئەبووەوە، ئەیویست ئەو سنگە گەنجە جوانە پتەوە هەڵتەکێنێ، ئەو بەیانە بەو توندوتۆڵییە هەڵوەرێنێ. باکە ئەیلووراند، وەکوو گورگێکی برسی، ئەیویست تەرمی دڵی مردووی لەناو گۆڕی ڕابوردوو ڕاستکاتەوە. وای ئەزانی هەرچی گیاندار هەیە لەم دنیایەدا بەزەییان بەما دێتەوە و بۆ ئەم ئەگرین، بۆیە فرمێسکی قەتیس‌وەستاوی ناوچاوی سەری‌کرد و پشتی کردە منالەکان...

*

هەموو ڕابرودووی، وەکوو شریتێکی سینەما هاتەوە بەرچاو، هەر لەو دەقیقەیەوە کە هەردووکیان قوتابی بوون، ئەمیان لە ئاداب و ئەویش ڕوشدی لە هەندەسە، بیری‌کەوتەوە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لە یەکتری نزیک‌ئەکەوتنەوە، زیاتر بەیەکەوە ئەبەستران، هەتا ئەو ڕۆژەی پێی‌وت:

– ئامینە، بۆنی ئەو بۆچڕروکە ئەکەیت؟

– بۆچڕووک؟ کوا؟

– وا لێرە! وا لەناو لەشما، ئەم‌لاوئەولای بۆ مەگەڕێ؛ دڵمە ئەسووتێ بە ئاگری دڵداریی تۆ! دەرمانی ئەم سووتانە لە هیچ ئەجزاخانەییێکدا دەستناکەوێ، هیچ دکتۆرێک ناتوانێ چاکی‌کاتەوە، تۆ نەبیت، تۆی خۆشەویستی پەیکەری جوانی و نەرم‌ونیانی، بە ماچێکی تۆ برینی دڵەی سووتاوم قەتماغەئەبەستێ و سارێژئەبێت!

لە دوای ئەم ماچە، چەند مانگێک، چەند مانگێکی کەم بۆ خۆتان بە خۆشی و شادی ژیان، بەڵام ئەو چەند مانگە کەمە وەکوو خەوێکی خۆش وابوو.. ڕۆژێک

[1] هێنان‌کردنی، نووسراوە کە هەڵەی چاپە. (س)

هاتن بۆ خوازبێنیکردنت، هەر لەم کاتەشا قەدەر پلارێکی گەورەی جگەربڕی تێگرتن و هەردووکتانی ئەنگاوت؛ ڕوشدی لە کوللییە دەرکرا، پێش دەرچوونی بە چەند مانگێک. لە سەرەتاوە تاس هەردووکیانی بردەوە، بەڵام لە دواییدا هیچ بەهانەیەک نەما بۆ شوونەکردن بەو خزمەتان کە داوایکردیت، بە مەجبووری شووتکرد. ڕوشدی بۆ جاری دووەم قەتماغەی کۆنەبرینی کولایەوە و ژیانی لە بەرچاو تاریکبوو، وای ئەزانی ئیتر هەموو شتێک تەواو.. هەموو دوو مانگی نەخایاند کە ڕوشدی قبووڵکرایەوە! بەڵام تازە کارلەکار ترازابوو، ڕۆژێک تۆ و مێردەکەتی دی، بێگومان تۆش تێکچوویت و شڵەژایت.. کە بەتەواوی تێیوردبوویتەوە، بۆت دەرکەوت کە هەرگیز لێتنابووری.

لەپاش چەند ڕۆژێک، بە تەنیا لە ژوورەکەتا دانیشتبووی، ئەگریای بەسەر ڕەسمەکەی ڕوشدییا و لە بەرخۆتەوە خەریکی باسکردنی ڕۆژانی ڕابوردوو بوویت، دڵداریی عومرکورتی گڕتێبەربووی خۆتانت ئەهێنایەوە یاد، کە مێردەکەت بە ئەسپایی هاتە ژوورەوە و بێ ئەوەی فەرقی پێبکەی، دوای تێگەیشتن سێبەسێ تەڵاقیدای، بووی بە بێوەژن لە هەرەتی گەنجی و لاویتا.

*

ئامینەی بەسەزمان هیچی بۆ نەمایەوە، لە بیرەوەری زیاتر.. وا لەو حەلەوە هەتا ئەمڕۆ ژیانی وەکوو زستانێکی ساردوسڕی پڕلەناخۆشی وایە... وا بوو بە چەند ساڵێک، لەو ڕۆژەوە کە دڵی مرد.. بەڵام ئەمڕۆ بۆنی دڵداریی ڕابوردووی ناکام خستیەوە گورپەگورپ... لە پۆلی یەکەمدا خەریکی دەرسوتنەوە بوو، غافڵ لە ڕابوردوو، لە تاپۆکەی، لە تەرمی دڵی مردوو، کە منالێکیان هێنایە ژوورەوە و پێیانوت ناوی بنووسێت. کە لێیپرسی ناوت چییە؟ وتی: سەمیر ڕوشدی، باوکم موهەندیسە. ئیتر لەو دەقیقەیەوە چاوی تێبڕی، وەستا بەرامبەر بە قوتابییەکان وەکوو پەیکەر، لەبەر تۆف و گەرداوی ناو دەروون دەرسی پێنەوترایەوە. یەکێک تاپۆی ڕابوردووی ڕاوەدوویبنێ، چۆن ڕێی لێئەچێتە بەر، بە لەش لە ژوورەکەیدایە، بەڵام بە گیان ڕۆیی بۆ ژیاندنەوەی ڕابوردوو. لە سیمای منداڵەدا وێنەی ڕوشدیی بینی: پێکەنینەکەی، قسەکردنەکەی، شێوەی ڕۆشتنەکەی.. ئای کە ژیان سەمەرەیە، ئەگەر ئەو قۆرتە نەبووایە، ئێستا سەمیر کوڕی ئەم ئەبوو، بۆ خۆیان بە کامەرانی بەیەکەوە ئەژیان.. زەنگی تەواوبوونی دەرس لێدرا، منالان

ڕایانکردە دەرەوە، بەڵام ئامینە سەمیری لە ژوورەکەدا هێشتەوە، گرتیە باوەش، تێروپڕی ماچکرد و فرمێسک سەری‌کرد بەسەر تەرمی دڵداریی جوانەمەرگا، چاوی نوقاند و پێی‌وت: "گیانە شیرینەکەم"، وای ئەزانی بە باوکی ئەڵێ، چونکە بۆنی کوڕەش لە بۆنی باوکی ئەچوو.. خۆی پێ‌نەگیرا منداڵەکەی بەرەڵاکرد و قوتابخانەی بەجێ‌هێشت.. ڕێگاوبان هەتا بڵێی ساردبوو، باران نمنم ئەباری، کزەباییێکی ساردی ئەهات، لە جگەر کاری‌ئەکرد... ئەی خوا ؟ چیم کردبوو؟

هێزێکی ناو دەروون پێی‌وت: "بێ‌گومان‌بە کە دەرد نییە چارەنەکرێ، برین نییە سارێژنەبێت، هەموو شتێک کۆتاییی‌دێت، هەموو شتێک هەر ئەبڕێتەوە.. ڕۆژی لە ڕۆژان ڕووناکیی ژیانیش ئەکوژێتەوە، کچێکی خوێندەوار پێویستە سەبری ببێت و نەبەزێ و دەماری شل‌نەبێت.

پێش ئەوەی بگاتەماڵەوە، باران و فرمێسک هەموو لەشیان تەڕکردبوو، بەو هەموو ئاوەوە لەپڕ ڕووی خۆی دا بەسەر نوێنەکەیان و هێشتا تاپۆی ڕابوردووی هەر بەشوێنەوەبوو، بوارەی‌نەئەدا کەمێک بحەسێتەوە.

له ئەدەبی خۆمانە:

## قومری*

(نەبیت بەو "قەسابە"ی دوای پێلەخوێنان، گۆرانی بەدیار لاکەوە ئەڵێت)

ئەو شەوە لە ماڵی هەموو یەکێکمانا هەتا نیوەشەوێکی درەنگ نە ئۆقرە هەبوو، نە سرەوت! بڕیارە و دراوە، پارەیە و پەیداکراوە، شتە و ئامادەئەکرێ، بۆ سبەینێ! ئەو سبەینێیەی کە هەر نەئەهات! ماڵی چاوەڕوانی بەقوڕبگیرێت!

هێشتا مەلا لە هیچ لایەک بانگی‌نەدابوو کە ئەحمەد خەبەری‌کردمەوە و ڕایپرفانم بۆ ماڵی قالە، لەوێوە ئەنوەر و عومەر و هەموو هاوڕێکانی‌تر. وەکوو تاقمە کەوێکی سەرگەرم بە قاسپە و فجووق شۆڕبووینەوە بۆ ماڵی بلە و عەبە و هوشیار و تاقمەکەی گەڕەکی ئەوانیش ڕەوانەکران بۆ خەبەرکردنەوەی هاوڕێکانی‌ترمان...

هێشتا دنیا تاریک و لێل بوو، کە ئۆتۆمۆبیلەکان کەوتنەڕێ، بە قەتار یەک بەدوای یەکا ئەڕۆیشتن، ڤرەڤڕیان لەگەڵ دەنگ و سەدای گۆرانییە بەهێزە گەرمەکانی ئێمەی عەجوولا، نەک تەنیا شارەکەی خەبەرکردەوە، بەڵکوو کەس نەما چاوی خەواڵووی نەگلۆفێ و بەردەرگامان لێ‌نەگرێ و دوعای خێرمان بۆ نەکا! گاڵتەی لەگەڵ ناکرێت، ساڵەکەی خۆشە و فەسڵ بەهارە و خەڵقەکە هیواییێکی زۆریان وا لە دڵا و ئێمەش پوختەی لاوی ئەو بەهارە و ئەو ساڵە و ئەو شارە پڕ لە هیوایە بووین، ئەچووین بۆ سەیران...

*

ئەو حەلەی بە سێبەری شەبەقی بەیان، دۆست و دوژمن لە یەک بوون عەیان، ئێمە زۆری ڕێگامان بڕیبوو، ئەوەندەمان نەمابوو بگەینە مەڵبەند. گاڵتەی منالان نییە، ئەوی زوو هەڵسێ، زوو ئەگا. چەند خۆشە تاقمێکی یەک‌دڵ و یەک‌گیان بکەونە

---

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٦، ژمارە ٢٧١، دووشەموو، ١٩٥٤/١٢/٦، ل١٢-١٦.
لە لاپەڕەکانی ٤٨-٥٥ی دەفتەرێکی گەورەی نووسەردا نووسراوەتەوە. (س)

یەک لە ڕۆژ و سەعاتێکی وا خۆشا؟ چەند دڵگیرە هەر یەکەیان لە شتێکا لێهاتووبن، بەڵام بە شەرتێ پشیلەی تێکەڵاو نەبێت؟

دە ئەو ڕۆژە کەسیان خووی پشیلەیان نەبوو! حەمە و مەحموود و قالە تێیانئەچریکان، ڕێبواریان ئەوەستان لە ڕێگەوبان، مەل لە ئاسمان، دەنگ و سەدای سروودیان گرد و شاخی ئەلەرزان! فایەق ئەگەشایەوە، عیزەت حیرس و پیاوەتیی جووڵابوو، غەفووریش دەمی بستێک کردبووەوە. برایم و گلاراولێکەوتووەکەش، بواری کەسیان نەئەدا قسەبکا، گوڵی مەجلیس بوون، ئەو ڕۆژە بۆیان لووابوو.

لەدوای قاوەڵتی، دووان و سیان ڕوویانکردە ناو دارەکان، هەموو شەکەت و ماندوو و قوڕگنووساو.. من و دوو هاوڕێ و حەمەش بن دارسێوێکمان لێگرت و کۆڕی خۆمانمان لێ گەرمکرد؛ لە هەزار باس دووایین، هەتا حەمە بە گۆرانیی "وەک قومری" هێنایینیەوە، بەڵام چۆن هێنانەوەییک.. هێشتا بەیتی دووەمی تەواونەکردبوو، کە یەکێ لە هاوڕێکان هەردوو چاوی پڕبوو لە گریان و ئەبڵەق، بێترووکان ئەیڕوانییە گۆپکە و پەڕەی گوڵی دارسێوە وەریوەکە، کە لە بووکێکی بەرگسپیی تارابەسەری مەستی نوستووی دوای شەوی بووکێنی ئەچوو!

کە ئەمەمان دی، گۆرانیمان وەستان و ئەویشمان ڕاوەشان، لەپاش نەختێ تاسبردنەوە و سەرسووڕمان، وەک دارێکی بەرداری گەورە، ئەم میوە خۆشەمان لەدەم داتەکان!

*

فەسڵ فەسڵی خوایە، پار ئەم حەلانە لەگەڵ باوکما چووین بۆ دێیەکەی خۆمان. بەهارێکی تەڕ و پاراوی بەهادار؛ بە هەر لایەکا ئەڕۆیشتی، زەویی ئارایشدراو چاوبڕکێی لەگەڵ ئەکردی، نێرگز و گوڵاڵە و مێلاق بانگیانئەکردی، سەوزەگیای نەرمونۆڵ لەگەڵ کزەبای ساردی بێعارا دڵدارییانئەکرد. خوڕەخوڕی جۆگەی ئاو نەشئەی‌ئەدا بە پیاو، هاڵاوی بەهاری عەتراوی ئەیانبردیتەوە بۆ بەیایی*. لەناو ئەم ئەفسوونە ڕووتە کێویلەیەدا بۆ شتێک ئەگەڕام کە بتوانێ ئەم هەستە تازە گەرمە گەورەیەم بگرێتە خۆی، گڕی دەروونی گڕتێبەربووم بکوژێنێتەوە، سەری هیلاکی پڕ لە سەودام

* بەیایی: بەیادی، یادکردنەوە، هێنانەوە یاد. (س)

بحەسێنێتەوە! ئەو ڕۆژە چاوم بە قومری کەوت، پێویستناکا باسی جوانی و نازداری و نەرمونیانیی قومری بکەم، چونکە خونچەگوڵێکی پڕلەعەتری ئەفسووناویی تاقانەی کێویلە بوو، ساکاری و پاکی و دڵداری و دڵسۆزیی لێئەباری، بەڵام یەکێکی ئەویست لە خەو هەڵیسێنێ، ناخی هۆش و هەستی بجووڵێنێ. دە ئەو کەسە من بووم. هەردووکمان لەو بەهارە بەهادارەی کردگارا، دڵمان گەشەیکرد و لە خەم ڕەخسا، بەڵام نەخەلەسا!

*

ئێوارەیەک کاتی تاریکیی دوای زەردەپەڕ، ئەو حەلەی دێ و دارستان لە سێبەرێکی زەلام، لە تاپۆییێکی بەسام ئەچن، هەردووکمان دوور و نزیک دڵ پڕ لە خۆشەویستی و ترس، ڕوومانکردە بن دارسێوێکی وەکوو ئەم دارسێوە. چۆلەکەییێک لە هاوڕێکانی بەجێمابوو، زۆر بە قورگێکی پڕ لە ترسەوە ئەیجریوان، پیرە کوونەپەپووییێکیش لە کۆلکەدارێکا ئەینالاند، چونکە دەرفەتی نەبوو هەڵدڕێ چۆلەکەی بەسزمان. لەناو دێوە سەگێک بە شوان ئەوەڕی، سمکۆڵە و حیلەحیلی ئەسپەکەی ئاغای باوکیشم ڕۆژەڕێیەک ئەڕۆیشت، کەرێک ئەزەڕی، کەڵەشێرێکی گلاراولێکەوتووش لەو ناوەختەدا ئەیخوێند، لەو کەسانە ئەچوو کە بە خۆڕایی خۆیان بەکوشتئەدەن! گا ئەیبۆڕان، مەڕ ئەیباڕان.. هەموو شتێک وای ئەگەیان کە ئاوایی ئاوایە و بەخەبەر!

هێشتا مانگ هەڵنەهاتبوو کە ئێمە چاوبڕکێی نەرم و گەرمیشمان نەهێشتبوو، بە ماچی ئەو گۆنا و دەم و لێوە سوورە خواکردانە، بینای لەشم هاتە لەرزە، ناخی دەروونم پڕبوو لە بومەلەرزە، هاڵاوی عەتراویی کچێنیی دەمکێشاو، مێشکی نەئەهێشت لای پیاو! وەک دوو لاشەی بێگیان لەبن دارسێوەکەدا کەوتین. ئێستاش هەناسە هەڵکێشانە نەرمەکەی پڕ بە سینەمە. ئەو بەزەییەی لە چاوەکانیشیا ئەبریسکایەوە، لەسەر پەڕەی دڵ هەڵکەندرا و ناسڕدرێتەوە. لە قووڵاییی ئاسمانی بەرزا، ئەستێرەکان ئەدرەوشانەوە، بە ناچاری و شەرمەزارانە چاویان بە زەویی پڕ لە تاوان و گوناها هەڵهێنایەوە و تاوانێکیتریان نووسی، گۆپکەی سپی و پەمەییی گوڵی سێو، وەک بووکێکی بەرگسپیی تارابەسەری مەستی کفتی شەوی بووکێنی وەریبووە سەر زەوی. بۆ بەیانی کە بەوێدا تێپەڕیم لە گەڕانەوەما بۆ شار، چەند "دڵۆپێک" ئاونگی

لەسەر بوو، لە حەیای تکاوی پیاوی بێئابڕووی ڕیسوا ئەچووا! دە ئەو ڕیسوایە منم، چونکە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر قومری خۆی دا بەدەم ئەم "زێ"یەوە کە منی "بێشەرم" هاتووم "سەیرانی" لەسەر ئەکەم! بەڕاستی من لەو قەسابە ئەچم کە دوای پێلەخوێننان بەدیار لاکەوە گۆرانی ئەڵێت.

له ئەدەبی خۆمانە:

## هیوابڕاو*

(هیوا، پیرۆزی لاوانی خوێنگەرمی نەوەی نوێ بێت، گۆڕیش گۆڕە بۆ هیوابڕاوەکان)

(بە دەستکارییەوە وەرگیراوە) – ڕابەر

بە تەنیا لەماڵێکی چۆڵوهۆڵی ساردوسڕی وڵاتی بێگانەدا، دوا پلەی ژیان ئەبڕێ ڕووەو گۆڕی تاریک. تەمەنی گەیشتۆتە پەنجا، شارەزای هەموو کەلوقوژبنێکی زانست و زانیارییە. بەڵام هەرچی پێیبوترێ شادی، هەرچی ناوی ترس بێت، لە دڵیا نییە! گەرما و سەرمای ژیانی تاقیکردۆتەوە، ترشوتاڵیی چێشتووە، لە پیشەکەی خۆیا بۆتە کارامە و شارەزا و پسپۆڕ، بەڵام هەرچی ناوی خۆشەویستیی ژیان بێت، لە لای ئەم نەماوە، چونکە هیوای لە هەموو شتێکی سەر ئەم زەوییە پڕ دەرد و بەڵایە بڕاوە. ئینسانی هیوابڕاو لە نرخی نەبووانە، ئیتر چیی داوە لە شادی و ترسنۆکی و بەتەمابوون؟!

بەڕاستی ناخۆشترین کۆستی ڕووی زەوی، هیوابڕانە. دە هەندێ جار بۆ نەگبەتی ئەم هیوابڕانە دوچاری هەندێ ئینسان ئەبن و وەکوو کەشتییێکی سەوڵشکاویان لێئەکات، کە لە زەریاییێکی ئێجگار پانوپۆڕا گەرداو و شەپۆل بیانهێنێ و بیانبات، هەتا لە دواییيا ڕایانئەماڵێ بۆ ناخ، دڵ پڕلەداخ ئەیانکێشێتە بن، هەتا ئەگرن قەرار، ئەمەتا دواییی ناهەموار، گۆڕی تەنگ و تاری هیوابڕاوی داماوی لێقەوماو!

دانیشتووە بە تەنیا لە ماڵێکی چۆڵوهۆڵی ساردوسڕا، وەکوو تەیرێکی لەپۆلبەجێماوی کزی دڵتەنگ بیرئەکاتەوە. شریتی تۆمارکراوی تەمەنی

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی 6، ژمارە 273، دووشەموو، ١٢/٢٠/1954، ل11–15.
پاشتر جارێکیتر لە ڕۆژنامەی "برِوا"دا بە ناوی "ڕابەر" و بە کەمێک دەستکارییەوە بڵاوبووەتەوە: ژمارە ٣٧، ١٩٦١/٥/٢٠، ل٣، ٤. (س)

درێژی پڕ لە دەردیسەری و کوێرەوەریی سەرلەنوێ هەڵئەکاتەوە. لە هەندێ جێگادا زەردەیێک دێتە سەر لێوانی و هەندێ جاریش فرمێسک سەرئەکا لە چاوانی. ئەم شتە پێچەوانانە بۆ کردگار، بۆچی خۆشییە و کامەرانی هەندێ جار؟ یان بۆ لەپڕ کۆستە و داخە و ئازار بە خەربار؟

*

گەنجێک بوو وەک ئەم هەموو گەنجانە، شۆخێک بوو وەک ئەم هەموو شۆخانە، خوێندی وە یا پێگەیشت و بوو بە دکتۆر، بەڵام لەم گەشتەیا باوکی و براکەی و ئینجا دایکی، لە قافڵە بەجێمان، شۆڕبوونەوە بۆ ناو گۆڕ، یەک بەدوای یەکا، وەکووو لە بەینی خۆیانا بڕیاریاندابێت! ئەمیان بەجێهێشت بۆ ئەوەی فێری ئازارچێشتن وە تەنیایی، فێری داخخواردن و بەیایی بێت! هەرچی خۆشەویستییێکی ناخی هەبوو، دابەشیکرد بەسەر دوو هاوڕێیا، عەزیز و نەجیب. گەلێ لە شەوانی ژیانی لەگەڵ ئەم دوو هاوڕێیەدا ڕۆژکردەوە.

ڕۆژێکیان چاوی بە گەلاوێژی خوشکی عەزیز کەوت، ئیتر لەو ڕۆژەوە نە ئارام ما و نە سرەوت، ناوبەناو بە ڕێکەوت قسەیان لەگەڵ یەکا ئەکرد. بەڵام هەرگیز ڕووی نەئەهات خۆشەویستی و دڵداریی خۆی دەربڕێت، هەتا لە قوتابخانە دەرچوو. شەوێکیان بڕیاری تەواوی دا و نەجیبی هاوڕێی دۆزییەوە. پێش ئەوەی دەمبکاتەوە، نەجیب تێیگەیان کە ئەو ڕۆژە دایکیی ناردووە بۆ خوازبێنی و بەم زووانە گەلاوێژ ئەبێتە ژنی.

خەریکبوو هەڵچێ و دۆ و دۆشاو تێکەڵاوبکات، یان پەلاماریبدا و بیخنکێنێ، بەڵام خۆی گرت و دەستیکرد بە سەبووری دانەوەی خۆی، ئەم کۆستەش چووە سەر کۆستی بێکەسییەکەی و دڵی ڕەقبوو.

*

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، ساڵ لەدوای ساڵ، هەر هەوڵی ناوبانگ و پارەکۆکردنەوە و کتێب خوێندنەوەی دا، هەتا ناوبانگیدەرکرد، بوو بە یەکێ لەو کەسانەی بە ئەموست ئیشارەتیانئەکرا. لە عالەمێکی تایبەتیدا ئەژیا، ماڵ و کتێب و هاوڕێ کەمەکانی و نەخۆشە زۆرەکانی، بواریاننەئەدا خۆی بیربکەوێتەوە، لە پێناوی خەڵقا زۆر تێکۆشا، زۆر خۆی ڕەتان. هەتا ڕۆژێک لە تەمەنی چلساڵیدا، نەجیبی هاوڕێی دێرین، کچە گەورەکەی هێنایە لای بۆ عەمەلیاتکردن. کچەی

تەمەن هەژدەی عازەب کاتی کچێنی و سەردەمی خۆشیی لاویی گەلاوێژی بۆ زیندووکردەوە، دڵی ڕاچڵەکی و تاسبردیەوە. ڕۆژێکیان پێش چاکبوونەوە، کەس لە ژوورەکەدا نەبوو، کە بەدەم وڕێنەکردنی نەخۆشییەوە کچە پێیوت کە خۆشیئەویَ و هێز نییە بوەستێ لە ڕێی بەیەکگەیشتنیانا.

وای زانی سەرلەنوێ بۆتەوە بە گەنجەکەی جاران، ئامبالای هاتە لەرزە و دەستیکرد بە خەیاڵی خۆش کردنەوە و بڕیاری دا کە داوایبکا وە دڵداریی مردووی دایکە لەگەڵ کچەدا زیندووبکاتەوە. هەڵسا و ملی ڕێی ماڵی نەجیبی گرت، کە تەماشائەکات ئەڵقەییێک وا لە پەنجەیا و لەگەڵ پوورزا تازە دەرچووەکەیا بەدەم یەکەوە ئەتریقێنەوە. پاشەوپاش گەڕایەوە، وەکوو تاوانێکی گەورەی کردبێت، ئیتر لەو ڕۆژەوە ئافرەت، ببڕایببڕ!

*

کاری خێر نەما نەیکا، ڕێگای باش نەما نەیگرێ، کەس نەما خزمەتینەکا. بەڵێ، بەم زۆر خۆڕەتاندنە، کۆستەکانی خۆی لەبیرئەبردەوە. بەڵام هەرگیزاوهەرگیز ئەوی قەوما لە یاد ناسڕدرێتەوە، لە ناخی دەروون ناکرێتە دەرەوە.

خۆڕەتاندن و شەونخوونی و ئێش و ئازاری دەروون، کردیان بە مستێک چڵوچێو، چاوی کزبوو، دەستی لەرزی و لە دوکتۆری کەوت. وەکوو نەریتە و خوویەکی بەدخووی کۆمەڵی دواکەوتوو، خەڵقی شارەکەی لچیان لێهەڵقرچان و پشتیان تێکرد. ناحەقیان نییە، ئیشیان پێنەماوە و ئەجری چاکەی ئەدەنەوە.... لەبەرئەوە دنیای لێتاریکبوو، ڕوویکردە غەریبی.

*

دوا قۆناغی ڕێگەی ژیان ئەبڕێ ڕووەو گۆڕ، هەرچی پێیبوترێ شادی و هەرچی ناوی ترس بێت، لە دڵیا نییە. پارە و خۆشەویستی و ناوبانگ و زانین، تێکڕا هەموو خەو و خەیاڵی سەرەتای لاوین! نە لەش توانای ڕەتاندنی ماوە و نە مێشک جڵەو بەرئەدات. هیوا، پیرۆزی لاوانی خوێنگەرمی نەوەی نوێ بێت، گۆڕیش گۆڕە بۆ هیوابڕاوەکان، ژیانیش پەیدەرپەی تازەئەبێتەوە، بۆ ئەوەی بمرێتەوە و سەرلەنوێ بژییێتەوە. ئەم خەڵقەش چین لەدوای چین دێن و ئەڕۆن، هەر یەکەیان هەزار کەڵکەڵە لە سەرا. ئەم کۆنە زەوییەش، کە نە پانە و نە خڕ، بەبێ بوارەدان هەر خەریکی "قافکردنمانە!"،[1] هەر وڕی ڕەوانەکردنمانە!

---

[1] قافکردن: دەنگدانی خەڵک بە تێکڕایی. (س)

## تیاترۆ*

(نەبیت بەو باوکەی بازرگانی بە کچەکەیەوە ئەکا!
بە چاوی شتومەکی ناوماڵ تەماشای ئافرەت نەکەی.)

هەردووکیان دڵخوازی یەکتری بوون و لە سەرەتای لاویدا! ئەو حەلەی خۆشەویستی وەکوو سەرچاوەییکی بەهێزی ژیاوەی سەرەتای بەهار ئەتەقیٚ و بە گوڕ سەرئەکات، نە گویٚئەداتە سنوور و نە لە بەربەست و بەرهەڵست کۆئەکاتەوە. وەکوو چنار و لاولاو لەیەکئاڵابوون، نەیانئەویست لەیەک جیابکرێنەوە! دڵدارییەکەیان لە خۆشەویستیی بولبول و گوڵ، پەروانە و چرا، گوڵەئەستێرە و بەهار ئەچوو.

لە سەرەتای لاویدا، دڵداری و خۆشەویستی پاکە و بەهێز و بیٚغەش و پڕترس و ساویلکە وەکوو جۆری ژیان خۆی، وەکوو جۆری هەڵسان و دانیشتن و بیرکردنەوە، بۆیە وەکوو چنار و لاولاو لەیەکئاڵابوون، بۆیە ئەیانویست هەرگیز لەیەکنەبن، هەرگیز دوورنەکەونەوە لە یەک. هەموو سەعاتێکی دووری بە ساڵان ئەژمێردرا، هەموو کۆبوونەوەیەکیان چەند درێژتر بووایە، ئەوەندە لای ئەمان کەمتربوو. لەم بەیەکگەیشتنە ساکارانەدا کە پڕبوو لە دڵداریی ڕاستەقینەی بیٚغەش، لە پاشەڕۆژ ئەدووان، بە بیروباوەڕی ساکاری ناکامڵیان کۆشک و تەلاری گەورەیان دروستئەکرد، پڕۆژەی زۆر و زەبەندەیان ئەنەخشان، یەکتریان دڵنیائەکرد لە دڵسۆزی و ڕاستی و لە دواڕۆژ، وەکوو دواڕۆژ ئەوەندە نەرمونیان بێت، خۆی بە ئاسانی بداتە دەست ئینسانی ساکاری دڵسۆزی ڕاست! ڕۆژێک لە ڕۆژان نازەنین بە ئازادی وت کە باوکی خەریکە ئەیدا بە میرزاڕەشیدی وەجاغزادەی تانوپۆ ئاوریشم، چونکە هەموو کاروبارێکی بەدەست ئەوە و ڕووی لیٚناوە و نابیٚ بیٚدڵییبکات، ئەگینا

---

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٦، ژمارە ٢٧٤، دووشەموو، ١٩٥٤/١٢/٢٧، ل٧، ١٠-١٣؛ بەرگی ٧، ژمارە ٢٧٥، دووشەموو، ١٩٥٥/١/٣، ل١١-١٣.

لە دەفتەرێکی گەورەی دەستخەتی خۆیدا، کە لاپەڕەکانی ٣٧-٤٧ی گرتووەتەوە، نووسیویە: "لە عەرەبییەوە کراوە بە خۆماڵی، بە دەستکارییەوە". (س)

باری ژیانیان بە لای خراپا ئەگۆڕێت! ئازاد دەماری قینی جوولا و سووربووەوە و لەوانەبوو هەر ئەو دەقیقەیە کەتنێکبکات! بەڵام خوا بەوە ڕەحمیکرد، کە میرزای لە بەردەستا نەبوو، لەو ڕۆژەوە نە کچە و نە کوڕە شادی و خۆشییان لەلا نەما و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دایانە باریکی و بنێسی و هەتا ئەهات بێ ئارام و ئۆقرەتر و سەرلێشێواوتر ئەبوون، نە خواردنیان خواردن و نە نوستنیان نوستن بووا گاڵتەی منالاّن نییە، مەسەلە لەیەککردنی دوو دڵە کە گەورەترین کۆستە لە سەرەتای لاویدا. ئازاد هەرچەندی ئەکرد و ئەکۆشا، ڕێییەکی نەئەدۆزییەوە بۆ ئەوەی نەهێڵێ نازەنین ببێتە ژنی میرزا. ناوبەناویش ڕوویئەکردە ئاسمان و دڵپڕلەداخانە ئەیوت: "خوای گەورە ئەمە بۆ؟ نەئەبوو جارێ باجی ڕەحمەی ژنی میرزا نەکوژیت. ئەگەر ئەو بمایە، ئێستا ئەم قۆرتە لە کوێ ئەهاتە ڕێی ئێمە؟!".

ئەوەندە ساکاربوو، وا تێئەگەیشت ئاسمان گوێئەداتە ئەوانەی لەسەر زەوی لێیانئەقەومێت! ئازادی قوتابی ئەوەندەی لەدەستئەهات، ئۆف و ئاخ هەڵبکێشێ و خەم بەبابدا و ناوبەناویش کە بە تەنیا ئەچووە ژوورەکەی خۆی، بەبێدەنگ تێروپڕ ئەگریا. چی بکات، سەری دنیای لێهاتبووەوە یەک، تررووسکەیەک ڕووناکیی نەئەبینی لەم شەوەزەنگی ژیانەدا، کە پیاوی پیری دەوڵەمەندی ژنمردوو دڵخوازی ئەمی تیا ئەڕفێنن!

ڕۆژێک وەکوو پەپوولەیەکی ترساو هەزار جار زیاتر بە بەردەمی ماڵی لەیلا هات و چوو بە بێهوودە، ئیتر لەو ڕۆژەوە بۆی دەرکەوت کە یان نازەنین دڵی گۆڕیوە، یا ئەبێ کەسوکاری قەدەغەی هاتنە دەرەوەیان لێکردبێت!

*

ئەو ساڵەی نازەنینیان تیا گواستەوە، ئەم نەک تەنیا لە قوتابخانە دەرنەچوو، بەڵکوو نەخۆشیش کەوت و کەمێکی مابوو شێتببێت. دوای ئەم شووکردن و گواستنەوەیەش، هێشتا هیوای نەبڕابوو، هەر بەتەمابوو.. چەند ساڵێکی دووروودرێژی بێمەعنای پڕکارەسات هاتن و تێپەڕین و پۆل لەدوای پۆلی قوتابخانەیان بە ئازاد تەواوکرد و ڕوویکردە یەکێ لە قوتابخانە بەرزەکانی پایتەخت. ئەو حەلە تازە پێینابووە تەمەنی بیستوچوار ساڵی! سەریسووڕما لەو هەموو شتە تازانەی لە شوێنی تازەدا ئەیدین! لەگەڵ هاوڕێ تازەکانیشیا،

بەتایبەتی قوتابیانی پار و پێراری قوتابخانەکە لەم شارەزاتر و چاوکراوەتر و بەزاتتر بوون، ئەچوو بۆ مەیخانە و عموومخانە[1] و لە دوایییا بۆ تیاترۆش!

شەوێکیان دنگبووبوو،[2] زمانی گۆیﻧەئەکرد، دڵی پڕبوو لە شادی، بە قاقا پێئەکەنی و لەگەڵ هاوڕێکانیا ڕوویانکردە تیاترۆ. سەری مانگ بوو، گیرفان پڕلەپارە. لەدوای دانیشتن و چواردەور تاقیکردنەوە و سامشکان، کەوتنە قیژە و قاقای پێکەنین و ڕابواردن. بەکورتی، هەرچی دانیشتووانی ئەو تیاترۆیە هەبوو، ئەو شەوە ڕوویانکردبووە ئازاد و هاوڕێکانی، چونکە بەدەم مۆسیقا و گۆرانیی تیاترۆکانەوە، ناوبەناو ئەمانیش "بایەکیان" پیائەدا و گەلێ لە هیی تیاترۆکە دلگیرتربوو. لەپڕ کابرای سەر شانۆ هاتە بەردەمی میکرۆفۆن و بلاویکردەوە کە ئێستا لەواحیظ گۆرانییەکی کوردیتان بۆ ئەڵێ، هەموو بێدەنگ و کڕبوون، چاوەڕوانی ئەوە نەبوون یەکێک ناوی لەواحیظ بێ و بە کوردی گۆرانی بڵێ. لەپڕ دەرکەوت؛ ئەو ڕانە نەرمونۆڵانەی ئەتوت لە بەفر و خوێنی کوێستان داڕێژراون؛ ئەو لەشە شووشە ڕێکەی، لە کارگای خواوەندی هونەرا بەتایبەتی دروستکراوە بۆ نیگا لێوەرگرتن، بۆ لە مەعنای جوانی و هونەر گەیشتن خراوەتە پێشچاو. قژێکی زەردی خورمایی خاو و پەخشان، جووتەچاوێکی ڕەشی ئێجگار گەشی پرشنگداری پیاوکوژ، قەڵەمێکی ڕێکی دەموچاو، بە زەردەخەنەیەکی پڕئەفسوونی دڵڕفێنەر، وەکوو کەوێکی سەرگەرم هاتە سەرشانۆ و دەستیکرد بە سەما و گۆرانیوتن.

ئازاد، دنیای لە بەرچاو تاریکبوو، خەیاڵ لە کەللەیا نەما و ڕەنگی زەردهەڵگەڕا و واقیوڕما و دڵی کەوتە گورپە، چۆن ئەمە نازەنینە؟! تف لە ژیان، لە تیاترۆ، لەم دنیا بێبارە و لەم چەرخە غەدارە، ئەی میرزا؟ ئەی کەسوکاری نازەنین، بەمە نازانن؟ گوایە شت هەیە بشاردرێتەوە؟[3] ئەی میرزا چیی لێهات؟ گوایە ئێستا من بڕوا بەوە بکەم کە ئەو کچە شۆخە جوانە پاکە، ئەو سوورەگوڵە کوێستانییەی هەرچیی پێیبوترێ ناپاکی و داوێنپیسی، نەیئەزانی و بەبیریا گوزەرینەئەکرد، بووە بەم سەماکەرە دەموچاو هەڵماڵراوە ئابڕووتکاوە

---

[1] عموومخانە: شوێنی لەشفرۆشی. (س)

[2] دنگ: سک هەڵاوسان لەبەر زۆرخۆری. (س)

[3] لێرەوە لەسەر دەفتەرەکە تەواوکراوە. (س)

شەرەفشکاوە! بڕوابکەم کە نازەنینی خۆشەویست بووە بە لەواحیظ و لە ڕێی پارەدا و بەرامبەر بەم خەڵکە چاوبرسییە هەمەچیزەیەی لە ژیان ڕایانکردووە، سەمائەکا و لەشیان پیشانئەدا، بۆ ئەوەی مرخ و ئارەزووی پیسیان بجووڵێنێ. بەڵام من چۆن خۆم بخەڵەتێنم؟ ئەوەتا لە بەردەمما.. کاشکی کوێرببوومایە و بەم ڕەنگە هەرگیز نەمدیبایە.

هێشتا ئازاد سەرگەرمی ئەم ئەندێشانە بوو، کە سەرەتای گۆرانی هاتە گوێی، وەکوو لەبیرێکی ئیجگار قووڵەوە داماوێکی لێقەوماوی برینداری دەنگسوواو هانا بێنێتەبەر خەڵکی، نەک ئارەزوویان بجووڵێنێ! گۆرانییەکەی پڕبوو لە گریان و پاڕانەوە، لە ئێش و ئازار و داخی ناو دەروون، پڕبوو لە جەورلێکراوی و جەخار و زووخاو.

کەمانچەژەنی شانۆکەش لاوێک بوو خوێندەوار و هونەرمەند و لێهاتوو، دەرکیئەکرد بە هەموو وشەیەکی گۆرانییەکە و تێیئەگەیشت، چونکە خۆشی کوێستانی بوو، لەگەڵ هەموو پارچەیێکی ئاوازەکەدا شان و قۆڵ و مل و پەنجەی ئەجولاند و بە شێوەی دەموچاوی شینی بەدەمەوەئەکرد و هەند/ی جاریش هەردوو پێڵووی شینهەڵگەڕاوی چاوی خەولێبڕاوی پڕئەبوو لە فرمێسک، چونکە ئازاری ئاواز و دەنگی جەورلێکراو و کوێرەوەری و بۆنەهاتی و ئاوارەیی خۆشی تێکەڵ بەیەک ئەبوو. بە دل کەوانی لە تەلی کەمان ڕائەکێشا و بەگوڕ پەنجەی مردنی ئاوازەکەی لەسەری تەل گیرئەکرد و مرۆڤی خاوەنهەستی لەژیانڕاکردووی وریائەکردەوە.

نازەنین دەنگی لێهەڵبڕی: بێ لۆمەیە، وەڵڵا بێ لۆمەیە! خەڵکە ئەم ئافرەتەی بە ڕووتی ئەیبینن، بێ لۆمەیە، باوکە پارەپەرستەکەی فرۆشتی بە پیرێک، لە زەویی دڵداریی پاک هەڵکەندرا و بێ لۆمەیە، فڕێدرایە غەریبییەکی پڕ ترس و سام. لێیمەگرن، وەڵڵا بێ لۆمەیە، فرۆشتیان بە ئافرەتە خراپەکان، ناپیاوە زۆڵەکان. بەمە پڕیانکرد گیرفان، ئەمیش غەریب و نەشارەزا و زماننەزان! لێیمەگرن، بێ لۆمەیە، تانووتی لێمەدەن، بێ لۆمەیە! خەڵکە وەڵڵا بێ لۆمەیە.

لەمە زیاتر ئازاد خۆی پێنەگیرا، چاو پڕ لە فرمێسکی حیرس، دەروون پڕ لە ڕق و داخ، قورگ پڕ لە بۆمبای جوێن، هەستایە سەرپێ و ڕووەو شانۆ کەوتە نەعرەتەکێشان و جنێودان بە دامەزرینەرانی تیاترۆخانە، بە دروستکەری

عوومخانه، به لێدەری سککەی پارە، بەم کۆمەڵگا ڕاکردووە بێبارە. لەدوای نیوسەعاتێ بەیەکادان لەگەڵ بۆیەکان، ڕاپێچکرا بۆ یەکێ لە بەندیخانەکان. لەوێشەوە بە شێتی برا بۆ شەمماعیية، نەخۆشخانەی شێتەکان!

ئیستاش ئەپرسێ؟ خەڵکەکە هەروەک جاران ڕووئەکەنە تیاترۆخانەکان، ئەڵێی نە بایان دیوە و نە باران، ئەنەڕێنن، ئەخۆنەوە، پێئەکەنن، ئەقوولێنن هەتا بەیان، ڕاکردوو لە ژیان، لە ترسی ژیان!

لەواحیظیش هەموو شەوێ بە دەستووری شەوان، دێتەوە سەر شانۆ، سەمایە و باپیادان و ئازار سەرئەکاتەوە وەک زووخاو.. بێ لۆمەیە، خەڵکە بێ لۆمەیە، هەموو خراپێکی ناو کۆمەڵگاکەمان بێ لۆمەیە، هەموو شتێکی ناو شێتخانە بێ لۆمەیە، هەموو قۆچێکی قوربانی بێ لۆمەیە!!

چیرۆکی پەیام:

## کارێکی مەردانە*

لەناو تاریکییەکا ئەڕۆیشت، شەوەکە هێمن و لەسەرەخۆ بوو، هەنگاوەکانی بە ڕێکوپێکی ئەهاوێشت، هەر وەکوو دەنگی ئاوازی مردوو وابوو. بەڵێ، هەر بۆ ئەویش ئەم ڕەنگە ئاوازە خۆشبوو، پاش ئەوەی گەورەترین ئامانجی بە خاکا سپاردبوو. ئەڕۆیشت، بەڵام نەیئەزانی بۆ کوێ ئەڕوا، بۆ تاریکایی، هەر تاریکایی، چونکە ئەو پیشانگەی ڕێی بۆ ڕووناکئەکردەوە، کوژایەوە!

یارەکەی ئیمڕۆ بە بووک ئەچێ، خۆشی بە تەنیایی لە قەراخ ڕووبارەکەدا دێتوئەچێ. لە پردەکە نزیکبووەوە، هەستی بە ساردییەک کرد، هەموو لەشی هەڵگەڕا بە بەفر، چاوی بە پارچە جلێک کەوت لەسەر پردەکە دانرابوو، لاییێکی پارچەکاغەزێک لە گیرفانی جلەکەوە دیاربوو. کابرا بۆی چوو، کاغەزەکەی دەرهێنا، خوێندیەوە: "هەموو ژیانم بە ناخۆشی و بەدبەختی ڕابوارد. جا خۆکوشتنم لە هەموو شتێک بە پەسەندتر زانی."

کابرا سەری سووڕما، بەبێ ئەوەی هیچ بیربکاتەوە، یاخود نەیئەتوانی بیربکاتەوە، دەستبەجێ جلی داکەند و خۆی هاوێشتە ناو ڕووبارەکەوە. ئاوی ڕووبارەکە تۆزێک شێلوو بوو. پاش بەینێکی کەم کەوتەوە هێمنیی جارانی! ژنێک بەسەر پردەکەدا تێپەڕبوو. ژنێکی پێنجساڵ لەگەڵ مێردێک ژیاو، مێردێکی زیاتر حەزی لە قومار بوو، نەک لە مناڵ. ئەبووایە هەموو سەری مانگێک مووچەکەی بە یەکشەو لەسەر مێزی قومارا بەجێبهێڵێ!

ئەم ژنە لەدوای مێردەکەی ئەگەڕا، بەڵام نەیدۆزییەوە. لەگەڵ ئەوەش، پارچە نانێکیشی نەدۆزییەوە بۆ مناڵە برسییەکانی بباتە ماڵەوە. جا لەبەرئەوە ئەیویست یا تەڵاقبدرێ، یا خۆی بکوژێ. ژنەکە پارچەکاغەزەکەی خوێندەوە، دەسبەجێ ئەویش کۆچیکرد بۆ لای ئەوان. جلەکان بوون بە سێ جل. دوو

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٧، ژمارە ٢٨٩، دووشەموو، ١٩٥٥/٤/١١، ل٢-٤.

پیاو و ژنێک کە لەدوای هەر یەکێکیانا چیرۆکێکی دوورودرێژ هەیە، چاویان بەم پارچەکاغەزە کەوت و دواییيان بە ژیانیان هێنا!

بەیانی کابرایەک بەسەر پردەکەدا تێپەڕبوو، چوو بۆ لای جلەکان، چاوی بە پارچەکاغەزەکە کەوت و هەڵیگرت، بەڵام نەیخوێندەوە، دڕاندی و خستیە ناو ئاوەکەوە، بۆ لای سێ مردووەکە. جلەکانی کۆکردەوە و بردی بۆ ئەوە بازێڕەی جلی کۆنی لێئەفرۆشرێ. لە ڕێگا کە ئەڕۆیشت، لەگەڵ خۆی قسەیئەکرد و ئەیگوت: "کارێکی زۆر نامەردانە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا سەرکەوتم".

چیرۆکی منالّ:

## مێروولە و تێکۆشین*

جارێکیان فەرماندەری لەشکرێکی گەورە، لە شەڕێکا خراپ ئەشکێ و لەشکرەکەی شپرزەئەبێ. پەژارە و خەفەت و نائومێدی دایئەگرێ. ئیتر لە دنیادا هیچ هیواییێکی نامێنێ. سەربازەکانی بەجێئەهێڵێ و سەری خۆی هەڵئەگرێ و ڕێی دەشت و بیابان ئەگرێتەبەر. ئەڕوا هەتاکوو زویری تەواو کاری تێئەکا، ئیتر توانای ڕۆیینی نامێنێ، ئەوەستێ و بەلادائەکەوێ.

کە تەماشائەکا مێروولەیێ خەریکە دەنکەجۆیێک بەرەو هەوراز ڕائەکێشێ، تاکوو بیخاتە ناو شارەکەیەوە. لە نیوەی ڕێگا دەنکەجۆیەکە ئەکەوێتە خوارەوە. مێروولەکە وازی لێناهێنێ، بۆی ئەچێ، دووبارە هەڵیئەگرێ. دیسان ئەکەوێ و هەڵیئەگرێتەوە. بەم جۆرە هەشتا جار دەنکەجۆیەکە ئەکەوێ. لە دواییدا هەموو هێز و توانای خۆی کۆئەکاتەوە و بە هەر چۆنێک بێ، ئەیگەیێنێتە شارەکەی.

ئەم دیمەنە سەیرە کارئەکاتە دڵی فەرماندەرەکە وە دەرزێکی چاکی لێوەرئەگرێ، هیوای کەوتنی بەسەر دوژمنا تازەئەبێتەوە، کەساسی و بەندیی بەسەرئەچێ وە توانایێکی تازە لە خۆیا فەرقئەکا، لە بەرخۆیەوە ئەڵێ: "چۆن ئەم گیانلەبەرە بچووکە بتوانێ لەسەر کۆششی خۆی بڕوا، بۆ ئەوە بگاتە ئامانجی خۆی، بێ ئەوەی نائومێدی بکەوێتە دڵیەوە. ئادەمزاد کە خاوەنی ژیر و بیر و ئیرادەیە، ئەبێ چاو لەم مێروولەیە بکا وە لەسەر کاروباری خۆی عەزم و سوبات بنوێنێ، هەتا بە ئامانج ئەگا".

لەپاشدا پڕ عەزم و غیرەت وەک شێر لە جێگەی خۆی ڕاپەڕی وە سەربازەکانیی کۆکردەوە و هانیدان و دڵی پڕکردن لە گیانی پەلاماردان، وەک هەڵۆ دای بەسەر دوژمنەکەیا و زۆر خراپ شکاندنی، وە بەسەریانا زاڵبوو.

ئەو فەرماندەرە بەو دەرزە کە لە مێروولەکەی وەرگرت، لە کاتی تەنگانەدا فێری ئەوەبوو کە بۆ ئەوەی بەسەر دوژمنیا زاڵبێ، ئەبێ عەزم و سوباتی ببێ.

---

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٧، ژمارە ٣١١، دووشەموو، ١٩٥٥/٩/١٢، ل١-٢.

زنجیرەی چیرۆک و نووسینی نوێ: (٢)

## گۆڕهەڵکەن*

(لە ئەدەبیاتی بێگانەوە وەرگیراوە)

وەرگێڕان

دانەی بە (٣٠) فلسە

چاپخانەی مەعاریف - بەغدا ١٩٥٥

گۆڕهەڵکەن پێشکەشە بۆ:

ئەوانەی گۆڕ وایە "گۆڕیان" بۆ هەڵنەکەندرێت! بۆ ئەوانەش کە زیندوون و کەچی وان لە "گۆڕیشا"، چونکە هیچ زیندوویەتییەکیان پێوە دیارنییە!

پێشکەشە بۆ:

هەموو زیندوویەکی مردوو، بەڵکوو هەست بە زیندوویەتیی خۆیان بکەن و گۆڕهەڵتەکێنن! ئەوەی گۆڕیش هەڵناتەکێنێ، خوایئەکرد ئەڕزا!

ڕەفیق چالاک

---

* ئەم بابەتە سەرەتا بە زنجیرە لە گۆڤاری "پەیام"دا بڵاوبووەتەوە: (بەرگی ٦)، ژمارە ٢٦٦، دووشەموو، ١٩٥٤/١١/١، ل٧، ١٠-١٢؛ ژمارە ٢٦٧، دووشەموو، ١٩٥٤/١١/٨، ل٦-١١؛ ژمارە ٢٦٨، دووشەموو، ١٩٥٤/١١/١٥، ل١١-١٤؛ ژمارە ٢٧٠، دووشەموو، ١٩٥٤/١١/٢٩، ل١٠-١٤؛ ژمارە ٢٧٢، دووشەموو، ١٩٥٤/١٢/١٣، ل١٠-١٤. پاشان لە ١٩٥٥دا لە شێوەی نامیلکەییێکدا ڕێکخراوە و بڵاوکراوەتەوە. سێیەمجاریش بە ١٠ ئەڵقە لەم ژمارانەی ڕۆژنامەی "بڕوا"دا بڵاوبووەتەوە: ژمار ٥٢، ١٩٦١/٩/٣٠، ل١، ٢؛ ژمارە ٥٣، ١٩٦١/١٠/٨، ل١، ٢؛ ژمارە ٥٤، ١٩٦١/٨١٠/١٥، ل١؛ ژمارە ٥٥، ١٩٦١/١٠/٢٢، ل١؛ ژمارە ٥٦، ١٩٦١/١٠/٢٨، ل١؛ ژمارە ٥٧، ١٩٦١/١٠/٣١، ل١؛ ژمارە ٥٨، ١٩٦١/١١/٧، ل١؛ ژمارە ٥٩، ١٩٦١/١١/١٨، ل١؛ ژمارە ٦٠، ١٩٦١/١١/٢٩، ل١، ٢، ٣.
هەر لە ئەڵقەی یەکەمیەوە لە "بڕوا"دا نووسراوە: بە دەستکارییەوە لە عەرەبی وەرگیراوە. (س)

**سەرەتا**

خوێندەوارە خۆشەویستەکە:

کچ بیت یان کوڕ، ئازا بیت یان ترسنۆک، هەژار بیت یان دەوڵەمەند، تێگەیشتوو بیت یان کەمفام، خۆشتبوێم یان قینت لێمبێت، کەیفی خۆتە و شتێکن ئەمانە سەر بە خۆت! چونکە من بۆ ئێوە هەمووتان ئەنووسم، بەو زمانەی کە باش تێیئەگەن؛ ئاوات و ئازار و هەستی ئێوە دەرئەبڕم. من ئێوەم و ئێوەش من؛ ئینجا خوایئەکرد شەقیئەبرد ناپاکی دوژمن!

مۆمێکم داگیرساوم و ئەسووتێم؛ بەقەد توانای تیشکم بەرپێتان بۆ ڕووناکئەکەمەوە، شەوەزەنگتان بۆ ئەڕەوێنمەوە و بە تەمای هیچی کەسیش نیم، قینم لە کەس نییە و هەمووتانم خۆشئەوێت ! دوژمنەکانم، دۆستەکانم، بێگانەکان و کەسەکانم! من ڕابەری زۆربەی زۆرم، کە بە هەموو تاقەت و توانایەکمەوە ئاڕاستەی کامەرانی و شادی و خۆشی و جوانی و خێرخوایی ئەکەم!

ئیتر گێرەشێوێنە کورتبینە سەلبییە کەرتڕەکان (دوور لە ڕووتان) چی ئەڵێن با بیلێین، چونکە هێشتا نەبوون بە پیاو، بۆنی شیری خاویان لە دەم دێت، ڕۆژێک ئەبێ پەشێمانببنەوە!

ناوی زنجیرەکەمان کرد بە "زنجیرەی چیرۆک و نووسینی نوێ"، وە پشت بە خوا و بە خوێندەوارە بەغیرەتەکان، هەر لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەمووجۆرە ئەڕۆین و لە "مۆمییەت"ی خۆمان ناکەوین، گەنجینەی ئەدەبیاتمان ئەڕازێنینەوە، ئیملا و نووسینی نوێی کوردی بڵاوئەکەینەوە!

بەردی بنچینەمان زانیاریی ڕاستەقینەیە، ئامانجیشمان خزمەتکردنی هاووڵاتییەکانمانە، کە پیرۆزترین ئامانجە. ئەوی بەم کارکردنە و بەم دەستەبەرەی خزمەتکردنەشمان ڕازینییە و گەزارەدەرئەکێشێ و نووسینەکانمان ناخوێنێتەوە، چش!

ئەزانن بۆچی چش؟! چونکە بێگومان بن کە گێرەشێوێنە کورتبینە سەلبییە کەرتڕەکان لە گۆڕهەڵکەنەکانن! خەریکی هەڵکەندنی گۆڕێکی قووڵن! ئەوی گۆڕیش بۆ خەڵقی هەڵکەنێ، خۆی تیا ئەنێژرێ!

سوپاسیش بۆ ئەو هاوڕێ پیاوانەی پشتیانگرتووم و پاڵم پێوەئەنێن بۆ خێرخوایی و گورم بەگوڕتر ئەکەن! بۆ ئەو پیاو و لاوانەی لە ڕێیەکی بێگرێوقۆرتی ئیجابیی پڕ لە گیانی میللیی ڕاستەقینەوە چاکی خزمەتیان کردووە بەلادا و ڕووەوپێشەوە هەنگاوی مەردانە ئەنێن، کوردانە پێشەنگی خێرخوایین!

**لە گۆڕستانا**

زەردەی زەردەپەڕ تکتک ئەتکێت بەسەر گۆڕستانا! لە زەردەخەنەی باوکمردووی بێدەرەتان، لە کاتی کوژاندنەوەی تیشکی مۆم ئەچێ، ئەڵێی خەوێکی پڕناسۆرە، ئەڵێی کاتی گیانەلای هیوا و ئاواتە، ئەڵێی فرمێسکی لێقەوماوان و داماوانە! لەو بەری گۆڕستانەکەوە نزیک بە گومەزەکان، پۆلێک باڵندە فڕی، لە تاپۆی خێوی ماڵێکی کۆنی ئەکرد کە لە چیرۆکی کۆنا بیستوومانە، ئەو خێوانەی زراوی خەڵقی باوەڕنەبووی ساکاریان ئەتۆقان.

گرد و گومەز و دارستان، تێکڕا هەموو گۆڕستان نیشتنە باوەشی تاریکییەوە و لەچاو دوورکەوتنەوە. کوننەبەبووی شووم قڕاندی.. لەو شوێنە ڕووخاوە سامدارە تاریکەدا، ئاوازی مردن، سرروودی وێرانکاریی ئەگێڕایەوە، دەشت و دۆڵ و شاخ و گردیش دەنگیانئەدایەوە.. هەوا دەنگدانەوەی ناسۆر و ئازاری لەم گردەوە ڕائەفڕان بۆ ئەو گرد. هەندێ لە کێلە بەرزە کۆنەکان، لە ئافرەتە جادووگەرەکان ئەچوون، کە پەنجەی درێژی ڕەقهەلاتوویان بەرزکردبێتەوە بۆ ئاسمان.

تیپە قەلێک لە دوور لەناو ئاسۆدا، کە هێشتا توزێک ڕووناکبوو، هەوا ڕایئەفران؛ لە دەنگی شوومی کوننەبەبوو، لەدەست دەستوپەنجەی جادووگەران، لە ترسی کێلی گۆڕستان، ڕایانئەکرد بۆ شوێنی دوور، تا لە چاویان نەبڕێ نوور!

کرمی پیسی گۆڕستان چاویان بڕیبووە پاشماوەی تۆزقاڵە ڕووناکییە تاساوەکە، ئەوەندە چڵێس و چاوچنۆکن، ئەیانەوێ ئەم تۆزقاڵەش قووتدەن!

مردووەکان سەریان بەرزکردەوە و بەردی ئەلحەدیان هەڵبڕی، گۆڕی قایمکراویان هەڵتەکان. بەمەشەوە نەوەستان، کفنیان دڕی و هەڵسانە سەرپێیان، ڕێیان گرتەبەر بە شەکەتی، تینوو و برسی، ڕووەو ئاسۆ کەوتنە هەنگاونان، پێیان لە زەوی ڕائەتەکان. هەموو بستە زەوییەکی ناو گۆڕستان: کێل و قەبر و

دارئەرخەوان، گومەزەکان، شوورەکان، پردەکان، هاتنە لەرزە، ژێری گۆڕستان بوو بە بومەلەرزە، تارماییی سێبەری عەشام ئەکشا بۆ دوور.. ئەشوبهایە شەوی دەیجوور.. چاویان ئەگێڕا بۆ نوور.. ئەشوبهایە شەوی دەیجوور... چاویان ئەگێڕا بۆ نوور. بەڵام زەردەی زەردەپەڕی ئاسۆ چوو بەو دیوا و دنیای بە تاریکی هێشتەوە بۆ شەوپەرستەکان، بۆ ئەوانەی فێری ژیانی تاریکین.

لەولای گۆڕستانەوە، تارماییییەکی درێژ دەرکەوت، لە بێهێزیدا ناوبەناو ئەکەوت، قاچی بەشوێن خۆیا ئەخشان، پاچ و پێمەڕە لەسەرشان: گۆڕهەڵکەنە، هاتووە بۆ گۆڕستان.

لەپاش کەمێک تاسبردنەوە و سەرسووڕمان، لەبن دارئەرخەوانێکا وەستا و ئارەقی سڕی، چاوە بەقووڵاچووەکانی لە ڕێی شار بڕی: بە لەپە قورسە ساردەکانی کە لە ناوچەوانی کەرپیاوان ئەچوو، هەوای قەبرستانی دڕ دا، وەک گورگێکی برسیی حەپسکراو خۆی ڕاتەکان... کەلەبەری دەمی دەرکەوت، دانە بە گۆشت فێربووەکانی ڕیچئەچوونەوە. چاوی بریسکەنەماوی گریانلێبڕاوی کردە ئاسمان، ئەو لەپانەی لێڕاوەشان، هەموو دەمی لێداچەقان: "ئەی ئاسمان، وا شەو داهات، ئەستێرە هەڵات، ڕێ چۆڵ و بەتاڵ.. کوانێ مردوو؟ کوا تەرمی ئینسان؟ کوا باوکەڕۆ، ڕۆڵەڕۆ، لەخۆدان، جگەسووتان، سینەبریان، بۆ نابیەم هاوار و گریان؟!"،

هەوا وژەییێکی لێوە هات: ئەو قەلانە بۆ ئەقیرێنن؟

دنیا هەر دنیایە و هیچی لێنەهاتووە، خەڵقی هەر خەڵقین و هێشتا هەر ماون؛ نەخۆش، برسی، لە هەڕەتی گەنجیدا سەریان سپی ئەچێتەوە وەک ئێسقانی مردوو، بەڵام هێشتا هەر ماون، هیچیان لێنەهاتووە، کوننەبەبوو بۆ ئەقیرێنێ؟ گوایە لەبەر مردنی ئیزرائیل؟ ئینجا مرد، چش! منیش هەر ئەمرم، کێ هەیە نەمرێت؟

گۆڕهەڵکەن ڕاچڵەکی، ئامباڵای لە داخا لەرزی و دەستی لە ئاسمان ڕاوەشاندەوە و نەڕاندی: کەی قینت هەڵئەستێ؟ کەی نەوەی بەرەی تاریکی غەورئەکەی؟ کەی ڕەجمی خوێنفرۆش و خەتاکەر ئەکەی، کەی؟!

کە فەوتبوون و نەمان بێ ئەنجامی زیندووان، بۆ ئەم ئێوارەیە لەناویاننابەی، بۆ؟ وا لە تینووانا ئەخنکێم، وا لە برسانا ئەمرم، وا لە بێدەرمەتیدا شێتئەبم، شێت! وا بوو بە هەفتەیەک.. حەوت ڕۆژی ڕەبەق، کە

له من به حەوت ساڵ تێپەڕی، قەبر بەتاڵوحەتاڵ و دەمکراوە و چاوەڕوانە، هەر هەڵکەندنی منە و پڕکردنەوەی با، هەر تاریکییە و باوێشکئەدا، هەر فرمێسک و زووخاوی مردوانە و قەبرەکەم پڕئەکات لە ئاو، گڵ لاشە و کەلاک ئەمژێ، تەڕییان تیا ناهێڵێ، پێستیان، گۆشتیان، ئێسقانیان، ئەڕزێنێ، کەللەسەریان ئەپروێنێ، لچ و لێو و گۆنایان هەڵئەقرچێنێ، ئەی مەمک؟ بەڵێ، ئەو مەمکە جوانانە، ئەو بەیە توندوتۆڵانە شلئەکات ئەیانگۆشێ هەتا لە گۆپکە سوورەکانیانەوە خوێن و کێمیان لێدەرئەکێشێ! هاوار بۆ ئەو مەمکانە، بۆ ئەو چاوانە، بۆ ئەو لێوانە، هاوار بۆ لەشولاری جوانان، بۆ دڵی دڵداران، بۆ مێشکی تێگەیشتووان و زانایان، بۆ هیوا و ئاواتی بابردوویان!

ئایا شەوی تاریکی چەپەڵ، کرمە پیسەکەی ناو گڵ، دەعبا و جانەوەری گەوج، بە مەرگی ئاغایانەوە ڕادەی خواردنی ئەم خۆراکە نایابانەیان ئەکەوێ؟!

ئەی لێڵاییمدایە بۆ ئەو لەشولارە جوانانەی گڵ دەستی کردۆتە ملیان، بۆ ئەو مەمکانەی بەرد گۆڕەوشاریانئەدات، بۆ ئەو لێوە سوورانەی قوڕ مۆریکردوون، بۆ ئەو مێشکانەی کرم و دەعبا دەمیان تێژەندوون!

ئەمە دادی پێئەڵێن، منی ڕەبەنی زەلامی "گۆڕهەڵکەن" هەتا ئێستا ئافرەتێکم نەبێ و هەر بە هیوا بژیم، لە کاتێکا کە بە هەزاران ئافرەت لەژێر پێما کەوتوون و بوونەتە خۆراکی مار و موور؟! ئایا کە پارە و مووچەی تەواوم بۆ نەبڕایەوە، ئارەزووم بۆچی پێدرا؟ چی لە ئارەزووی بێپارە بکەم، چی؟!

کوننەبەبووەکانی گۆڕستان، واشە و سیسارک و قەل و داڵی سەر لاک، هەر بۆ جەنگ ئەقرێنن، هەر باسیئەکەن بەگەرمی. بەڵام کوا، کامەتا جەنگ؟ کوا بۆمبا و تەقەمەنی، بنچینە و بان خواروژوورکات، زەوی هەڵگێڕێتەوە، لاشە بەستەککات لە ڕێگەوبانەکانا، قەلاپەچنیانکا لە شارەکانا؟

کوا لاشە بۆ ئەوەی هەر بیانئێژم، تا گۆڕستان پڕئەبێتەوە، تا لە گردەکانیشا جێگا نامێنێ، ئینجا بیانترنجێنمە ناو ئەشکەوتەکانەوە؟

گرمەی ڕووخاندنی خانوو، قرچەقرچی سووتان و لرفەی ئاگر لە دەنگی دەهۆڵ و دەف، لە ترپەی پێی نازداران ئەچن لای من!

ئەڵێن جەنگێک وا بەڕێوە. بێگومان ئیزرائیلی گەورەمی لەگەڵە، بەڵکوو ئەو سەرکردەیەتی و بە شەو و بە ڕۆژ هەر خەریکە و پیاناگا. بەڵام ئەی بۆ نایەت بۆ دێ پڕبووەکانمان، بۆ شارە پڕ لە عەشامەکانمان، بۆ؟!

ئەڵێن لەوێ بە فڕۆکە هەرچی کۆشک و تەلار و باڵەخانە هەیە، بەپێوە نەهێڵراوە. ئای کە مژدەییێکی خۆشە! ئەمەتا مزگێنیی تەواو. بەڕاستی گۆڕهەڵکەنەکانی ئەوێ بازاڕیان گەرمە. بێگومان زەویی ئەوێ لە ئاڵتوون بەنرخترە. خۆزگە لەوێ بوومایە. جگە لەوە، ئەگەر بۆم بلوایە، بێگومان بە گۆشتی خەڵقی خۆشم و گۆڕستانیش و هەموو کونەبەبوو و قەل و داڵێکم تێرئەکرد لەو وڵاتەدا کە پڕیەتی لە بێوەژن، لە ئافرەتی بێپیاو، لە کچی پیاونەدیوی عازەبی تامەزرۆی دڵداری، لەو ئافرەتانەش کە کەتوونە بەر مرخی داگیرکەرەکان.

بەڵام کوا هەر ئەڵێن جەنگ؟ ئەی ئاگرخۆشکەرەکان، بۆ کوێراییان داهاتووە و وڵاتی ئێمەی پێنابینن؟ خۆزگە تووشیان ببوومایە، خۆزگە پێم هەڵگیرساندنایە، بۆ ئەوەی ئێرە وێرانبێ، بۆ ئەوەی خانووی بەپێوە نەمێنێ، تەڕ و وشکی بەسەریەکا بسووتێنێ، کوڵوکۆی دابمرێنێ، نەهێڵێ ئازار و ئێش، دنیا بکا بە خۆڵەمێش.

وەختە شێتببم بۆ چاوی کراوەی مردوو کە لە لوولوو ئەچێت. خۆزگە ئەم لوولووانە ئەوەندە زۆر بوونایە، لەم شارەدا بمکردنایە بە ڕستەوە و بە هەزاران ملوانکەم بۆ مار و مێروو لێ دروستبکردنایە!

وا من خەریکم شێتئەبم. وا بوو بە حەوت ڕۆژی ڕەبەق، هیچ دەستکەوتێک، هیچ دەرامەتێکم نەبووە. وا گشت لەشم هاتە چۆقەچۆق لە سەرمانا، هەموو ئەندامێکم ئەلەرزێ لە برسانا، لە تینووانا، حیرس ئەمهێنێ و ئەمبا لە داخانا. بە خەیاڵ گەلێک شت ئەبینم، گوێشم لە گۆرانییێکە باسی چاوی جوان و ئەستێرەی ئاسمان و گۆنای نازداران ئەکا. گوێشم لە دەنگێکی پڕ بڕوایە، جنێو بە جەنگ و بە کونەبەبوو و بە قەل و سیسارک ئەدا، نەفرەتئەکا لە ئاوازی مردن، لە سروودی وێرانکاری، لە ورەبەردان، لە زەنەقچوون و تۆقین. قینی قەتمەری(؟) لە برسێتی و ڕەنجەڕۆیی و شین و گریانە، حەز لە قرەقڕ و فیشاڵ و درۆودەلەسە ناکات. بەڵام ئەمانە بە چی ئەچن؟! شت لەم دنیایەدا بە نەفرەتی ڕووت و بە قین و حەزی بێکارکردن نییە. لەم هەفتەیەدا تەنیا ئەم دەنگە تۆزێ کاری تێکردووم، هەندێ شتی هێناومەتەوە بیر، هەندێ ترسی هێناومەتە بەر، بەڵام ئەفسووس بۆ قسەی

ڕووتی بێکارکردن! ئایا بۆچی ئەبێ من لەسەر مردنی خەڵقی بژیم؟ بۆچی ئەبێ هەندێ بمرن بۆ ئەوەی هەندێ بژین؟ بەڕاستی سەمەرەیە ئەم حاڵە!

هەوا وژەییکی بەهێزی لێوە هات، هەندێ خۆڵی ڕاڕفان، گێژەڵووکەییێک هەڵیکرد ڕووەو سەرقەبران، گوێم لە دەنگی غەڵبەغەڵب و بەیەکادانە، بڵاوەپێکردنی عەشامی ناوشارە. تۆ بڵێی بەم شەوە تارە، قسەکەر بەرن بۆ پای قەنارە؟!

گۆڕهەڵکەن گوێی شلکرد، بە لای گۆڕێکی ڕووخاوا ڕەتیبرد، بۆیە نەڕاندی: کە ڕزق و ڕۆژیی من لەسەر مردنی خەڵقی بێ، بۆچی بەزەییم پیایانابێتەوە؟ کە سوودی گیرفان هاتەکایە، بەزەیی لەکوێ ئەمێنێ؟ خوایئەکرد ئەدرانە بەر بۆمبا و ئاسن، بەر شێلکی تۆپ و تەقەمەنی. خوایئەکرد بە هەموو چەکێکی پیسی تۆڵە لەناوئەبران و ئەنجنئەنجنئەکران و وەکوو لاک فڕێئەدران و قەڵاپەچنئەکران. کوا جەنگ، کوا نەخۆشی و دەرد و بەڵا و برسێتی؟ کوا تا بە سەر قڕکەن؟ کوا کاولبوون و وێرانکاری و ڕووخان بۆ لەناوبردنی نەوەی ئینسان؟!

نەزربێت لەسەرم کە ئەمجارە داگیرسا، گوڵ لە خوێنا بڕوێنم، ڕێگای ئەم گۆڕستانە بە ئاڵتوون و زیو خۆشکەم! گەردانەی لوولوو و مرواری بکەمە ملی ئەم کێلانە، گڵۆپی شین و سوور داگیرسێنم لەناو ئەم ئەرخەوانانە، جلی ئاوریشم لەبەرکەم، بە جیرەی قۆندەرەکانم مردووان کەڕکەم!

نەزربێت لەسەرم جلی سەربازە کوژراوەکان، پێڵاوە قوڕاوییەکانی پێشیان داکەنم. چییان لێکەوتبێتە ناو قوڕی بەخوێنگیراوەی کۆڕی جەنگیشەوە، دەریانبهێنم و نەیەڵم ببرێتەوە بۆ کەسوکارە کۆستکەوتووە چاوەڕوانەکانیشیان!

ئەی مەمک، ئەی لێوی سوور و کوڵمی ئاڵ و پرچی خاوی پەخشانی نازداران، نەزربێت لەسەرم، پێش ئەوەی ساردببنەوە، تێر بیانگوشم، هەڵیانمژم، ماچیانکەم، دەموچاوی خۆمیان تیا نوقومکەم!

نەزربێت لەسەرم، منداڵی ساوا و پیر و نەخۆشی لەشتێکشکاوی ژێر دار و بەردی خانووی ڕووخاو، پیاوی بێسەر، ئافرەتی بێقاچ، سووتاو و برژاو و لەشتێکشکاو و ئەنجنئەنجنکراو و بە نێزە ورگهەڵدراو و ڕیخۆڵەڕژاو؛ تێکڕا هەموویان وەکوو نەمام ئەچێنم، لەناو تلیشەبەردا، لە قوڕا، لە گۆڕا، لە بیر و کونیان ئەترنجێنم. پارە وەرئەگرم، پارە! بەڕاستی دنیا بێبارە. تۆ، با جەنگ

بێتەوە، ئەمجارە نەزربێت ئەم پەنجانە بچەقێنمە مەمکی جوانان، بە هەڵم و هاڵاوی هەناسەم بیانگەیێنمە ڕادەی خنکان. ڕامالْم جانتا و گیرفان، گوارە و پشتەسەر، ملیوانکە و لاگیرە و بازن و ئەموستیلەیان پێوە نەهێڵم، گوێچکەیان هەڵتلێشێنم. پەلەمە، ملیوانکە ئەپچڕمەوە، دەست و پەنجە ئەبڕم بۆ ئەموستیلە و بازنەکانیان. لە کاتی بازاڕگەرمیدا هێمنی شتێکی ناڕەوا و بێبایاخە!

ئەم کردەوانە ڕیسوایی و سووکیی پێئەڵێن.

ئەنجا منیش وەکوو خەڵقی، وەکوو هاوڕێکانیترم، وەکوو هەڵگیرسێنەرەکان، وەکوو دڕندەکانی دارستان! من کتێبی گەورەم نەخوێندۆتەوە و پاڵپێوەنەریشم تینوێتی و برسێتی و ئارەزووی پیشخواردووە. ئەی ئەگەر ئەمە سووکی و ڕیسواییە، بۆچی سەرزەنشتی شارستانەکان ناکەن؟ ئەوانەی خۆیان بە پێشکەوتوو ئەدەنەقەڵەم، ئەوانەی ئاسن ئەفڕێنن بە ئاسمان و زەریادا، ئەوانەی لوورە و بۆڕەیان دێ بەم ڕۆژگار و شەوگارە و هەوایان کاسکردووە! من هەرچییێک بکەم هەقمە، چونکە بێدەرامەتم. بەڵام ئەوان بۆ وا ئەکەن لەسەر تێری؟ جگە لەوە، کوا هێشتا من هیچم نەکردووە، تەنیا نەزرە و ئەیکەم. بەڵام ئەوان، ئای لە ئەوان!

منداڵ زیندەبەچاڵئەکەن

خوێنی باوکیان حەڵاڵئەکەن

شەرەفی ئافرەت ئەشکێنن

گوایە پیاوەتی ئەنوێنن

ئەمانە، ئەم جەردە بێئابڕووانە، سووکن، یا گۆڕهەڵکەنەکان؟ کێن ئەوانەی قومار و مەی و عموومخانەیان دامەزراند؟ منم یان ئەوان؟ بەڵام دا لە ئەوان.

برسێتی و قاتوقڕی و سووتان، دزی و جەردەیی و تاڵان، برۆ و شین و ڕۆڕۆ، ئازار و ئەشکەنجە و قوڕپێوان، سزا و هاوار و ناڵە و گریان، هەمووی دەستکردی ئەوانە، ئەوان. بەڵام دا لە ئەوان، نەک لە گۆڕهەڵکەنی بێتاوان. باوکم و پوورە کوێرەکەی دەربەدەری ناو کەلاوەکان ئەکەن، بۆ ئەوەی لەپاڵ حەساری بستە دیوارێکا لەشی برسیی بێهێزی هەزار زامتێکراوی تیا ڕاخەن، بۆ ئەوەی چاوی سیسهەڵگەڕاوی ڕووناکیلێبڕاویان بگێڕن بۆ پاروویێکی ناو سەرەنوێڵکی بۆگەنکردوو، تا سکی هاربوویانی پێ تێرکەن. ئەوان کە هەردوو

دەستم بە پرچی خوشکمەوە توند شەتەکئەدەن، لە تاریکی‌دا ڕاپێچمان‌ئەکەن بە زۆر، بە تەکان، هەناسەبڕکێمان پێ‌ئەخەن، فرێمان‌ئەدەنە زیندان. بەڵام من چیمە لەم قسە پڕوپووچانە، لەم وڕێنەکردنە. وا شەوە و شەو بە تەنیایی هیوا و ئاوات بە دیار گۆڕەوە چاوەڕوان، چاوەڕوانی تەرمی ئینسان. کوان ئەوانەی ئەنەڕان، ئەیانقیڕان؟ بۆچی بە قەنارەدا نەکران؟ ئەی ئەوە چییە دەرکەوت؟ هەوا کزەیێکی ساردی لێوە هات: مژدەبێ لە تۆ، لە کرم و دەعبا و جانەوەری ناو گڵ. مژدەبێ لە کوننەبەبوو، لە سیسارک و قەل و داڵ. وا کۆمەڵە خەڵقێک کەوتنە کشان، لە پێدەشتەکەدا ڕێچکەیان بەست، دارەمەیتیان وا لەسەر شان، ملیان‌ناوە بۆ گۆڕستان، پڕیەتی لە تەرمی ئینسان.

زیندووی دەم‌وچاو گرژی دەروون پڕ لە ئازار و داخ، یەک لەدوای یەک ئەچنە ژێر تابووتەوە لە ڕێی ئەجری دواڕۆژا، لە ڕێی خۆ بە چاک پیشاندانا. وا بەراییەکەیان گەیشتە جەرگەی گۆڕستان. هەندێک چەند چرایێکیان چەسپاند بۆ بینینی کرداریان، بۆ ناشتنی نەوەی ئینسان. ناوبەناو بە چرپە ئەدووان. لەدوای بەرددانان، خۆڵ بەسەرادان، خامۆش‌بووەوە گۆڕستان!

گۆڕهەڵکەنیش جلەکانی تەکان، ئینجا کەوتە فیکەکێشان، چونکە کامەرانە و کامەران، بە مەرگی خەڵقی پارە هاتە ناو گیرفان، چاوی بڕییە چرا کزەکانی ناوشار، ملی ڕێی گرتەبەر، بە پەلە هەنگاوئەنێ، نەک لە هاوڕێکانی مەیخانەی دواکەوێ. بیری لە مەی، لە ئافرەتی ڕووت‌ئەکردەوە. چەند جارێ دەستی لە سکەی پارەکە خشان. زەردەخەنە لەو تاریکییەدا کەوتە سەر دەم و لێوی، ڕووی‌کردە یەکێ لە مەیخانەکان، مەیی نۆشی هەتا بەیان، هەتا بەتاڵ‌بۆوە گیرفان، هەتا لەگۆکەوت زمان، هەر ئەینەڕان، هەر ئەیقیڕان. ئەو حەلە دوو حەسحەس گرتیان، چنگ‌لەسەرشان ڕایانفڕان بە شەق‌تێهەڵدان و جنێودان، تا توندیان‌کرد لە یەکێ لە بەندیخانەکان!

ئەو شەوە تا بەیان لەگەڵ بەندییەکان ئەیانناڵان، ئەپاڕانەوە، ئەیانقیڕان، ئۆف و ئازار و نزایان ئەگەیشتە بارەگای یەزدان. مناڵی سەر بێشکە، مەلۆتکەیان ئەهێنایە زمان. بەڵام چییەتی لەم حاڵە وەردیان، زۆر کامەرانە و شادمان، خوای‌ئەکرد ڕەق‌ئەبوونەوە لە سەرمانا، وشک‌ئەبوونەوە لە برسانا، گشت بەندییەکان، تاواندار و بێ‌تاوانەکان.

که ڕۆژبووەوە و خۆر دەرکەوت، کاکی گۆڕهەڵکەن چاویی گلۆفت، بە سەر و سیمای هاوڕێکانیا نواڕیی، هەموو تکتک ئازاریان لیٌئەباری. لەپڕ سەروەردیان هاتە ژووریٌ بە خۆبادان، بە فیکەکێشان و زنجیرڕاوەشان، یەکیەک ڕوویکردە بەندییەکان، چاوی سووری دائەچەقان، دەستی پانی لیٌئەنووقان، وردەجنێویش لەسەر زمان. ناوبەناوێکیش دەست ئەخرایە گیرفان، زەردەخەنەیێک ئەهاتە سەر لێوان، دوای مەستان، نان و چایان بۆ هێنان. ئینجا بە دوو بۆرەزەلام گۆڕهەڵکەنیان هەڵسان، ڕووەو دادگا دایانەپێش و بردیان.

لەدوای پرسیار و چوونە بنجوبناوان، بۆیان دەرکەوت کە گۆڕهەڵکەن کابرایێکە بەسزمان، بیٌتاوان. لەبەرئەوە لە بۆتەقەی ملی نەوین، بە پاڵ کردیانە دەر و چنگلەسەرشان ڕایانڕفان تا گەیاندیانەوە جەرگەی شار، کۆڕی عموومخانە و مەیخانەکان. ئاهێکی خوماری هەڵکێشا، هەتا نەختیٌ ئینجا هاتەوە سەر خۆی و ڕوویکردە لای بازرگانێکی ئاشنای کفنپۆش، نەختیٌ پارەی لیٌسەند، حاڵوئەحواڵی خۆی تیٌگەیان. لەدوای قاوەڵتیکردن چووە چایخانەیێکی بچووکی حەشاشەکان، جگەرەی کێشا بەبیٌوچان. ئینجا لەسەر یەکیٌ لە تەختەکان خەوی لیٌکەوت هەتا زەردەپەڕ. ئەمەتا ژیانی پیاوی بیٌفەڕ!

لە خەویا گەلێک شتی ئەبینی: ترس و سام، کێل و قەبر و گۆڕستان، تاریکی و تاپۆی دارئەرخەوان، گومەزەکان، کرم و مار و مێروو، واشە و سیسارک و کوننەبەبوو، تەرمی ئینسان، خانوو ڕووخان و برسیەتی و قاتوقڕی، هاوار و گریان، ملی شووشەی مەی، حەسحەسە چەقاوەسووەکان، ئەوانەی بە جنێودان و شەقتێهەڵدان ڕاپێچیانکرد بۆ بەندیخانە، بۆ ناو تاواندارەکان. لە دواییا کاکی وەردیان کە بە وردی ئەگەڕا گیرفان، کە ناوبەناو زەردە ئەیگرت، زەردەیێک هەتا بڵێی پان!

لەپڕ گۆڕهەڵکەن ڕاپەڕی، تفێکی تاڵی ڕۆکردە سەر زەوی، تاسێک بردیەوە و دەستێکی لە سکەی پارەکانی گیرفانی خشان. دوای پارەی چا دان، ڕوویکردە یەکیٌ لە مەیخانەکان.

**لە مەیخانەدا**

پەنجەرەیێکی زەردهەڵگەڕاو، بۆنی مەیی لیٌ دێتەدەر. لە ناویشەوە غەڵبەغەڵبە و دەردیسەر، مەیخانەچیش تا بڵێی تەنگاو، هەر ئەیەویٌ سەرخۆش بکاتەدەر.

سەرخۆشیش لاواز و ژاکاو، هێزلێبڕاو. پارەپێنەماو، تووڕە و تەنگاو، شەڕیان لێئەبارێ، لیکیان لە دەم دێتەخوارێ، زمانیش لەگۆوەستاو. گۆڕهەڵکەن ئەمانەی گشت دی، وێنەیانی لە مێشکا چەسپی. بۆیە لە ملی شووشەییێک نەوی، ئینجا ڕووی‌کردە ڕێی کۆڵانی بە چرای کز ڕۆشنکراو، وەکوو یەکێکی ترساو، لە بەرخۆیەوە وتی: "بۆشن، گشت هیوا و ئاواتەکانت، گشت تەگبیر و نەزر و خەیاڵەکانت! نە ئەم شارە بە تۆ داگیرئەکرێت، نە ئەم خەڵقە بە تۆ قڕئەبێت! ئەوی پێتە پارەی دوو گەز جاوە بۆ کڕینی هەموو شتێک ناتەواوە. بیر لە لێوی سوور، لە نینۆکی درێژی پەمەیی، لە دەست و پەنجەی نەرم و نیان بکەرەوە. بەڵێ، ئەمەم بۆ ماوەتەوە. ئەبێ بگەڕێمەوە بۆ گۆڕەوشاردانی مەمک تا ڕادەی ئازاردان و گریان، تا خوێن فیچقەئەکات لە گۆپکەکانیان. چاو ئەبڕمە چاوی سیسی ژاکاوی بەزەییلێبڕاوی ڕووناکی تیانەماو. دەم ئەخەمە چالاییی لاملی ئافرەتی ئابڕووبڕاوی حەیاتکێنراوی شەرەفلێدزراو، ڕائەکێشم دەست و قۆڵی هێزلێبڕاوی بۆ درەو کراو. قژە چڵکنە بۆناوییەکانیان، لچ و لێوی سوورکراویان ماچئەکەم، بە تەوژم ڕوومەتیان بریندارئەکەم، وەک ڕۆژەکەی قەرەوەیسی تیا کوژرا، عمووم‌خانە قەهارئەکەم. ئینجا سنگ بە سنگەوە، لەناو نوێنی ئاوریشما، من لەوان ئەمژم و ئەوان لە من، تا شەقئەبەن قاپیەوانی دوژمن. ئەو حەلە کە تێرمان لەیەک خوارد و کە گیرفان بەتاڵبۆوە و کەوتین وەک دوو لاشەی بێگیان، سەرومڕ بێزمان، خوایئەکرد بە تێلا ئەهاتنە وێزەمان، ئەیانشکان گشت جەستەمان!".

**لە عمووم‌خانەدا**

کۆڵانی تاریک‌تاریک، پڕ لە پێچ و ئێجگار باریک، ڕووناکیی ناو پەنجەرەکان شەوقیان ئەگەیشتە ئاسمان. وا کاسبێکی شەکەت بێرەدا ئەڕوات بە ڕێکەوت، هەنگاوئەنێ ڕووەو ماڵ، ماڵی بەتاڵ‌وحەتاڵ.

بیرئەکاتەوە لە نوێنە شڕەکانی، لە مناڵە وردەکانی، لە ژنە بێدەنگەکەی، کە نانئەکات بە ساج. کە لە بەر قوتیلە دائەنیشتن، کە بە گەڵاکوتک شڕەکانیان ئەشۆن. کاسبەکە سەرشۆڕی ئەم خەیاڵانەیە و هەنگاوئەنێ، چاو نابڕێتە ماڵەکان،

سەرنجنەداتە پەنجەرەکان، بە کۆستی خۆیا کەوتووە، دەرکی بە پێویستیی سەر شانی خۆی کردووە، چییەتی لە خراپەکەران، لە ئافرەتی ڕووتی ناو عموومخانەکان!

گۆڕهەڵکەن سەرێکی بادا و ڕووەو دەرگاییێکی گەورە کەوتە کشان. لەدوای شەوێکی پڕ لە تامی بەلەزەت، هەتا بڵێی گۆڕهەڵکەن هیلاکە و شەکەت. لە بەردەمی گومەزێکی ڕووخاوا شانی لێداداوە، چاوی بڕیوەتە ڕێی شار، نە سەبری لا ماوە، نە قەرار! چاوەڕوانە و چاوەڕوان، بەڵکوو یەکێ بمرێ دیسان، بە ئیمانی بێئیمان، نەوەی ئینسانی نائینسان، پیرێژنێکی ناشیرین یا کچێکی تا بڵێی جوان!

ڕۆژی بەسەربرد هەتا زەردەپەڕ، هەتا گەڕانەوەی شوان و بزن و مەڕ، هەتا ئەو کاتەی لە ئاسۆدا دوا تیشکی ڕەنگاوڕەنگی ڕۆژی زەردباو وەکوو هیوا و ئامانجی تاساوە، نەماوە و فەوتاو، ونبوو لە چاو. لە دامێنی گۆڕستانەکەدا ڕێبوارێکی کەڵاشلەپێی ڕانکشڕی چۆغەدڕاوی لاملچڵکن، کەرێکی بێباری دابووەپێش ڕووەو ماڵ، بە نەقیزەی دەستی پەلەی لێئەکرد، بە دەمیش گۆرانیی "خاڵەی ڕێبوار"ی ئەوت.

ئەستێرەکان دەستیانکردەوە بە چاوبڕکێ لەگەڵ زەویی بێوەژنا، کە کەمێک لەمەوبەر ڕۆژی خۆشەویستیی لێئاوابوو!

گۆڕهەڵکەن چاوێکی بە دەوروپشتی خۆیا ڕوانیی و هەڵسایە سەرپێیان و ناخی دەروونی پڕبوو لە شۆڕش، بۆیە لەو گۆڕستانە بەسامەدا نەڕاندی: تا کەی خەو بە تەرم و تابووتەوە ببینم، بۆ چاوەڕوانی و بێهیوایی بەشمبێت؟ ئەی ئاسمان، بۆ لە من بوویت بە بتێکی گێل، نە هیواییێک لە چاوتا ئەبینم و نە بەزەیییێک. دە بگرمێنە و بتەقێ و برووسکە و چەخماخە بدە، یان ببە بە گورگێکی بێحەیای برسی و دەم داپچڕە و بلوورێنە. بۆ کە ئینسان بۆی نەهات، لە هەموو لایەکەوە ئازار و ئەشکەنجەی ئەدەن و سەر ئەکەنە لاکی کەوتووی، بۆ؟ هەی ترسنۆکی بێبارینە، بۆ؟

شەکەتی و هیلاکیی چەند ساڵەی گۆڕهەڵکەن کە بەهۆی خۆڕەتاندنی دوو شەوی بەرووەوە و بەهۆی برسێتی و خەم و داخ و شۆڕشی دەروونی ئەمڕۆیەوە، باش دەرکەوتبوو، کاری تێکرد و دایەوە بە زەویدا. هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و چاوی بڕییە شار و هەردوو دەستی پێستئەستووربووی شەقارشەقاری پڕ لە تلۆقی نایە بەر چەناگە و لاجانگی بەگیروەستاوی.

ناوشاری ماتی خامۆشیش بە هەزاران گڵۆپی ڕەنگزەردی شەوقمۆمی ڕووناککرایەوە. هەموو کز ئەسووتان، لە کاتی تاسان و خنکانی هیوا و ئامانج ئەچوون، ئەشوبهانە گیانەڵاوی کچێکی عازەبی سیلاوی، ئەتوت دەمبەیەکادانی لاوێکی خێرنەدیوی بەر خەنجەر دراوە. هەوا چەند پارچە کاغەزێکی ڕاڕفان، سەرخۆشێکی بەدمەستیش شووشە و پەرداخی شکان، مەیی ڕژان. هاوڕێکەی خۆی دایە بەر تەکان، لەسەر کارێزەکە، لە بەردەمی سەرقەبران. گۆڕهەڵکەن ڕووی لیوەرگێڕان، کەوتەوە بەیایی و لچێکی هەڵقرچان:

– "ئێستا تیپی سەرخۆشەکان، بەحەیاکان، بیحەیاکان، تێکڕا هەموو ڕەبەنەکان، داوێنپیسەکان، ئەوانەی پارەیان وا لە گیرفان، شادن، مەستن، کامەران، هێناویانەتە جۆش مەیخانەکان، پڕیانکردووە عموومخانەکان لەگەڵ ئافرەتی بەسزمانی بیدەرەتانی حەیابراوی شەرەفدزراوی لەشتێکشکاوا ڕائەبوێرن، سنگ لەسەر سنگ، دەستلەملان، هەتا بەیان. ئەی من؟ بەڵام بە چی؟! کوا دەرامەت، ڕزق و ڕۆژی، تەرمی ئینسان؟".

لە نزیکیەوە کێلێک کەوتە زەوی، گۆڕێک ڕۆچوو، کوننەبەبوویێک بەگوڕ دەرپەڕی و لە ملی چۆلەکەیێک نەوی. ئەمەیە دوایی ناهەموار. بیخۆ بیهێز، ئەوەیە گۆڕت! خەریکبوو گۆڕهەڵکەن بگری کە ترپەی پێی هاتە گوێ. دەستبەجێ چراکەی داگیرسان، هەڵسایە سەرپێیان، ئاهێکی پڕ لە هیوا لە لێوی فڕی: "ئۆخەی، وا هاتن چوارپێنج زەلام، تەرم لەسەرشان، ڕزق و ڕۆژیی منی چاوەڕوان. شەرتبێ ئەمشەویش بچمەوە بۆ لای ئەوی دوێنیشەوێ کە تێروپڕ پێکەوە دەستلەملان، بۆ خۆمان نوستین هەتا بەیان".

هەڵگرانی تەرم چوار حەماڵ بوون، لەگەڵ ئافرەتی خراپخانەکان! گۆڕهەڵکەن تەزوویێک بە لەشیا هات، چاویی داپچڕی و هاتە زمان: "کێیە مردووی ناوەختمان؟ ئافرەتە!"، وتی: "گوایە نازانی؟".

– نەء، لە کوێ بیزانم؟!

– ڕیحانی بەسزمان! هیچی نەبوو هەتا بانگی شێوان.

گۆڕهەڵکەن نەڕاندی: کام ڕێحان؟ کچەکەی دوێنیشەوێ، خێراکە قسەبکە، بۆ خاتری قورعان.

– بەڵێ، خۆیەتی. دوێنێشەوێ لە نوێنی ئاوریشما بوو، وا ئەمشەویش لە سەرقەبران بوو بە میوان، میوانی مار و مێرووەکان.

– ئەی بۆ کەسی لەگەڵا نییە، ڕابیعەخان؟

– بڵێم چی بە قوربان. ئەم خەڵقە ڕیاکارن، درۆزن و سەدزمان! هەتا جوان بوو، هەتا نەمردبوو، خۆیان لە دەور ئەگێڕا، پێیانئەوت: فریشتە جوانەکەی ئاسمان! هەموومان نۆکەرین، دڵسۆزین، پاسەوانین، ڕۆحی ڕەوان.

دوای ئەوەی تەڕاییبیان مژی، لەشیان گۆڕەوشار دا. تووشی هەزار دەردی پیسیان کرد. ئینجا کوشتیان، وتیان: خراپێکە لە خراپەکان. کەس نابێ لەگەڵیا بڕوات بۆ سەرقەبران، چونکە ئابڕووچوونە و شەرەفشکان!

هەوا کزەییکی ساردی لێوە هات. ئەستێرەییکی گەورە لە پانایی ئاسمانا کشا و گۆڕهەڵکەن قیڕاندی: ئافەرم، بۆ بەشەر، بۆ نەوەی ئینسان. ڕاستئەکەن هەموویان نێرن، حەڵاڵزادە و داوێنپاک و بەویجدان. ئەم کچە خۆی بۆتە هۆی خراپبوونی خۆی، نەک ئەوان. کوا کێ تاوانداره؟ کامیان بێشەرەفن؟ قسەی هیچوپووچ! گوایە ئەوان؟ نەء، هەرگیز ئەوی پیسی چەپەڵە و ئابڕووتکاو، بێهێزەکانن، بێهێزەکان! ئەوانەی هەموو شتێک ئەفرۆشن، ئەدۆڕێنن لەبەر نان، لەبۆ ژیان. بەڵام دا لە نان، ئینجا لە ژیان. ڕووڕەشی بۆ ئەوانەی بە درۆ ناوی پیاوچاکیان ناوە لە خۆیان!

ڕیحان مرد. بەڵێ، وەکوو ئەو هەموو خەڵقەی مردن، وەکوو ئەو هەموو خەڵقە کە هەر ئەبێ بمرن! شەرتبێ نەزرە و کردوومە، هەموویان بەم دەستانەم داهێڵمە گۆڕەوە. شەرتبێ چییان لێسەندووم، یەکبەدە لە کەسوکارە کۆستکەوتووەکانی بسێنمەوە. کار و کردەی گۆڕهەڵکەنی ڕیسوایی و سووکییە. ئینجا منیش وەکوو ئەم عالەمە! بێگومانبن هەموو یەکێک گۆڕهەڵکەنێکە، هەندێک شاراوە و هەندێک ئاشکرا؛ تاقمێک قەبری بچووک وە تاقمەکەیتر گۆڕی قووڵ و گەورە هەڵئەکەنێت.

تۆش ڕابیعەخان بێنە پارە، حەقی ئەم گۆڕە تارەی ڕیحان! چونکە چارنییە و پێویستە بۆ نان، بۆ ژیان، بڕێژرێت حەیا و ئارەقی ناوچەوان. نەزرێکە و کردوومە، هیوایێکە و لە دڵما پەنگی خواردووەتەوە. ئەبێ بچم بۆ یەکێ لە مەیخانەکان، بۆ ئەوەی کەللەی خۆم خۆشکەم، پەیتا پەیتا جامە مەی نۆشکەم.

ئەو حەلە ئەگەر خوایکرد و نەگیرام، ئەوا ئەڕۆم بۆ یەکێ لە ماڵەکان، ئەدۆزمەوە کچێکی جوان، بشوبهێتە شێوەی ڕێحان، دەستلەملان هەتا بەیان ڕائەبوێرم، بۆ ئەوەی منیش بێمە ڕیز، بۆ ئەوەی گاڵتەم پێنەکەن گیرفانبڕەکان، بەشەرەفەکان، پیاوچاکەکان، شەریکی جەردە و هاوڕێی کاروان، لەسەر هەزار پەت سەماکەرەکان، جڵەوبەدەست بە ناوونیشان، خۆویستە لەبارانەبووەکان، زۆڵەکەکانی خۆمان کە خۆیان داوەتە دەست شەیتان.

چیرۆکی پەیام:

## دزی ئابڕووا![*]

(پێشکەش بەوانە بێ کە زامماری دەمی گورگە چاوبرسییەکانن، کە پاشماوەی ناو کۆشکی باوکە کچفرۆشەکانن..! پێشکەش بەو داخلەدڵانە بێ کە شەو و ڕۆژ بەو داخەوە ئەتلێنەوە، کە بەدوای ئامانجێکا ئەخولێنەوە.)

ڕێبوار

چارنییە، ئەبێ ئەم نامەیە بنووسم و لە تۆیش بپرسم کە تاوانی کاممان بوو؟ تاوانی منی نەفامی سەرسام، یان تۆی دزی ئابڕووی هیچ لەبارانەبوو، یان باوکی قەمتەری شەیتان لە دەمی دیلی پارە و شوێنکەوتووی دوای ئارەزووە چەپەڵەکانی؟ تاوانی کاممان بوو؟ باوکی کچفرۆش یان منی بێهۆش، یان تۆی بەدمەستی سەرخۆش؟

لەبیرتدێ گرانترین سەرمایەی جوانی و بەنرخترین شتت لێسەندم، سا بە هەر فێڵێک بوو، وابوو. لەبیرتدێ بە بەردی ڕەشی دەستی چەپەڵی تۆڵەسەندنت دات لە شووشەی دانسقەی هەموو ژیانم و شکا و پارەپارەبوو. ئیتر نرخی لە بازاڕی جوانفرۆشتنا کزبوو. دە بۆچی، توو هەقی جوانیی دڵەی بێخەوشی جارانم، بۆ؟ ئەزانم تۆ لەبیرتنایە، چونکە دەربەستنیت بە بێقەراریم. ئاگاتنییە لە قورپێوان و شیوەنوزاریم. باوکیش ئەوەی نەیەتە بەر شریتی یادی ئەم کارەی، من و تۆیە؛ ئەوەی گوزەرنەکا بە دڵیا، بەزەیییە. نازانم پیشەی وایە، یان کۆنەڕقێکی کۆنی هەر لە دڵایە؟ نازانم کامتان بە خوێنڕێژ و خوێنمژ دابنێم؟ باوکەیە، ئەیەوێ بازرگانی بەسەر منەوە بکا؛ تۆش، ئەتەوێ بە مفت دەستتکەوم، چونکە بێنرخ بووم لە بەرچاوت؟

---

[*] گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٨، ژمارە ٣٢٨، دووشەموو، ١٩٥٦/١/٩، ل١١-١٣؛ ژمارە ٣٣١، دووشەموو، ١٩٥٦/١/٣٠، ل١٠-١١.

ئەم بابەتە بە تەواونەکراوی هێڵراوەتەوە. (س)

بەڵێ، ئەزانم کە داواتکردووم، کە هاتوویتە سەرم بۆ کڕینم. ئەشزانم کە باوکم هیچ جۆرە نرخێکی نەخستووەتە سەرم. نازانم ئەمە لە ترسایە، یان لە ڕقایە؟ بەڵام ئەی من، منی ئابڕووتکاوی جەرگبڕاوی دڵسووتاوی هۆشنەماو؟ ئێوەی خوێنڕێژ و خوێنمژ، ئێوەی دز و گرانفرۆش، ئێوەی دیلی ماددە و کوژراوی بادە، بەم ڕەنگە. ئەی منی بێچارەی فەوتاو، قوڕی خەستی چی جێگەییێک بکەم بە سەرما؟ دە جوابمبدەنەوە، یەکێکتان بە چپەییێک، بە سرپەیێک، بە ئیشارەتێ، بە ئاستەم، تا تێبگەم و بزانم ڕێگەم. دە جوابدەنەوە، هەی تاوانکەرینە، بێئیدراکینە!

جواب، جواب، دڵ شەقیبرد! با پەردەی نەریتی نەدڕێنم وەک پەردەی نەریتی هەموو عالەمتان دڕاند. هەی جوانان جوانەمەرگکەرینە! داد و هاوار و هانا بۆ کێ بەرم لە دەستتان، لەدەست کرداری ناشیرینی ناڕەواتان. داد... هێزی ئاسمان، زەوی، هێزی تەبیعەت، کردگار، تۆ دادێ! داد لە دەستی دەستپیسانی کردەوە ناشیرینان، چارەیێک بۆ داماوان، داڵدەییێک بۆ لێقەوماوانی حەیابراوانی بێتاوانی دەستی خوێنڕێژەکانی بەرچاو تاریکەکان، تۆڵەییێک لە هەموو لاییێکمان، لە من، منی نەفامی سەرسام، جڵەو شلکەری نەفسی بێئامان. لەوان، لەوانی دەست ئاگرینی سووتێنەری خەرمانی ژیان، لەوانی چەرچیی ئێمەفرۆشانی ئێمەکڕان. خوا هێزێک بنوێنە بۆ سەر هەموومان، لەپێشا ئەوان، ئینجا ئێمەی بۆگەنکردووی سەر دووکانەکانیان. دە کوانێ جواب؟ جوابێکمبدەنەوە یەکێکتان. چیت لێکردم؟ چیم بە خۆم کرد؟

دە پێمبڵێ، توو هەقی ئەو قەترە ئابڕووەی تکایە سەر زەوی لە بەردەمتا، توو هەقی ئەو زەوییە کە هەتا ئێستاش هەر شەرمەزارە، شەرمەزاری ئەو کارەیە، ئەم بازاڕە و ئەم باری ناهەموارەیە! چار چییە؟ هەر ئەبێ بۆت بنووسم و لێت بپرسم کە تاوانی کاممانە؟ "هەر ئەبێ ڕووی کاغەزت بۆ ڕەشکەمەوە وەک ڕووی خۆم." وە هەر ئەبێ ئەو نهێنییەی وا لە ناخی دڵ و دەروونما، بیخەمە پێشچاوی هەمووان. چارنییە و ناچارم بە دەربڕینی، بۆ دڵدانەوەی دڵشکاوێکی وەک من! چونکە ئەڵێن پێلەگوناهنان دڵنیائەکات و حوکم کەمتر!

کەواتە چار هەر ئەوەیە، ئەو کارەساتە و هۆی کردنی، ئەو نەفامییە کە لە خۆم ڕووی دا، ئەو زوڵمەی کە تۆ لێتکردم، بە داستان بیگێڕمەوە، بۆ ئەوەی

تۆ بەڵکوو توزێک تەریقببیتەوە و شەرمەزاربی، ئەگەر شەرمت لا ماوە؛ غیرەتت بجووڵێتەوە، ئەگەر گومانیئەبەیت! خەڵقیش، ئەوانەی دوچاری سەدمە، زامماوی دەمتانن، موبتەلای دەردی پڕلەئێشی ئەنجامی کردەوە ناشیرینە ناڕەواکانتانن! بۆ ئەوانەش ئەنووسم! یا تۆزێک بکێشن بە دەمی نەفسی سەرکێشیانا، یا ئاوڕێک بدەنەوە بۆ پاشەوە و بزانن چەند ڕێگایان بڕیوە؟ سەرنجێکی ئەو ڕێگا کورتەش بدەن کە ماویانە بیبڕن، نەوەکوو کەند و کۆسپی تیادابێ، دڕک لەبەرپێدابێت، داو دانرابێ، چەرچی و دەستبڕ لەو ڕێگایەدا بێ بۆ تەڵەکەبازی و دەستبڕین و هەڵخەڵەتاندن. بێخەوشی خراپەنەدیوان، با عیبرەتێ لە خراپە و کەڵکێ لە چاکە وەرگرن. ئەم کارەسانەیان بۆ ئەکەم بە چیرۆکێکی پڕناسۆر و لە شانۆی ئەم ژیانە پڕ لە صەدمەیەوە بۆیان ئەگێڕمەوە.

زەمان دەساڵ لەمەوبەر بوو، ئەوەی هەواڵیم نەئەزانی، دڵداری بوو. ژیان لە خۆشی و کامەرانی پڕبوو، پەروەردەکراوی ناو ناز و نیعمەت بووم. کات بەهارێکی بەهاداری پڕنوور بوو، جێگای ڕابواردن لە بەهەشتێکی وەک شارەزوور بوو!

ڕۆژێک لە سەیران، نزیک قسنەکەی کۆلان، هەڵپەڕکێ و چەپڵەڕێزان بوو، ڕۆژی چاوپێکەوتنی ئاواتەخوازان بوو، کاتی نێچیر دۆزینەوەی بێ دەستگیرانان بوو. جوانیی جلی ڕەنگاورەنگی کچان و قریوە و شەقەی فەقیانەی سەرچۆپیکێش و سۆزی دەروونی شمشاڵژەن، هەموو سەرنجی ڕاکێشابوومە ناو کۆڕی هەڵپەرکێکەوە.

هەر لەم کاتەدا بوو، کە پیرێژنێکی سەرئاسنینی فەرهادکوژ هاتە لامەوە و چرپاندی بە گوێما و وتی: گوڵاوخان.

(ماویەتی)

## هەتا ئێرە و بەس*

(وەرگیراوە)

ڕۆژێک لە ڕۆژان و ئەم دنیایە پڕیەتی لە ڕۆژ و شەو و وا زوو نابڕێتەوە! دە لە ڕۆژێکی ڕابوردووا، کابرایەک ئەبێ، با بڵێین کابرا هەرچەندە خوێندەوار و تێگەیشتوو بووە و گەیشتۆتە ڕادەی سکرتێرێکی گرنگی یەکێ لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وڵاتێک لەم دنیا گەورە و پچکۆلەیەدا. کابرا وەڕس‌ئەبێ لە ڕیا و لە دووڕوویی و لە بێباری و لە ناڕاستی و ڕۆژێک بڕیارئەدا و ئەڵێ شەرتبێ ئەمڕۆ ڕاست ئەڵێم و ئەنجام هەرچییەک ئەبێ با ببێ و بەسە ئیتر خۆ من شەقمبرد! بەیانی کە لە خەو هەڵئەسێ، بە ژنەکەی ئەڵێ: ئەرێ ئافرەت ئەمڕۆ چەندت پارە ئەوێ بۆ خەرجی؟

ژنە: بە خوا بڵێم چی؟ حەزئەکەی تۆ دینارێک دابنێ!

کابرا: وەرە بۆم حیسابکە، دینار مەعنای چی؟

ژنەکە قەت مێردەکەی ئەم حیسابەی لەگەڵا نەکردووە، زۆر سەری سوورئەمێنێ و بەڵام چاری چییە دەستئەکا بە حیساب و قەڵەم، لەسەر ٤٦٣ فلس ئەوەستێ و کابرا ٤٦٣ فلسی بێکەموزیاد بۆ ئەژمێرێ و ئەڕوا و ئەڵێ: "جارێ یەک و بیسمیللا!". ئەگاتە بەردەمی پاس و سوارئەبێ بۆ دائیرە و کابرای بلیتبڕ گوێی خۆی لە یەکدوو فلسێک کەڕئەکا، بەڵام سکرتێر بەسەریەوە ناڕوا و لێیئەسێنێتەوە و لە دڵی خۆیا ئەڵێ: "ئەمەش دوو". هێشتا هەر لەناو پاسەکەدا ئەبێ، کابرایەکی ناشیرینی قەڵەو سەرئەکەوێ و ئەمیش قاقا دەستئەکات بە پێکەنین و خۆی بەرەڵدائەکا و مەجبوورنییە ڕیابکا و بڕیاریداوە! قەڵەوە ناشیرینەکە ڕووێتێئەکا و ئەڵێ: "ئەوە بە چی پێئەکەنی؟"، ئەمیش زۆر بە ساکاری پێیئەڵێ: "وەڵڵا بە تۆ". نەخێر دەستئەدەنە یەخەی یەک و تێروپڕ لەیەکئەدەن و ناوبژیئەکرێن و بەڵام

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، سلێمانی، ساڵی ٢، ژمارە ٣٥، ١٩٦١/٥/٦، ل٣، ٤.

قەڵەوە دەعوا تەسجیلئەکا و بلیتبڕ ئەبێ بە شاهید. سکرتێر ئەڵێ: "ئەمە سێ و شەرتبێ نەوەستم لێرەشا" و ئەگاتە دائیرە. ئەو حەلەش نەریت وا بووە، هەر مەئموورێک بهاتایە، ئەبووایە سەلامی لە هەمووان بکردایە و زۆر بە ئیحتیرامەوە لەسەرخۆ بە بەردەمی ژووری مودیرا بڕۆیشتایە و بە گەرمی مەرحەبای لە فەڕاشەکەی بکردایە! بەڵام ئەم سەلام لە هەموو ئەوانە ناکا کە خۆشیناوێن و کە ئەگاتە عاستی فەڕاشی مودیریش فیکەئەکێشێ و تەزبیح بائەدا و ئەچێتە ژوورەکەی خۆی و بە ڕاستی وەرامی هەموو کاغەزێک و هەموو کەسێک ئەداتەوە و مودیر ئەنێرێ بەشوێنیا و پیاوێکی گەورەی لا ئەبێ، هاتووە بۆ دامەزراندنی خزمێکی و پەڕلەش وا لە بەینی مودیر و سکرتێرا و بە جیددی لێیئەپرسێ:

مودیر: ئایا هیچ جێگایەکی شاغیرمان هەیە؟

سکرتێر: بەڵێ هەمانە.

مودیر: ئەڵێم یەعنی تۆ موتەئەکیدی کە هەمانە؟ چونکە زۆرم لا مەطڵەبە و خزمی ئەم زاتە گەورەیە و حەزئەکەی پیا بچۆڕەوە و بزانە.

سکرتێر: بە سەری جەنابت، زۆر موتەئەکیدم وە لەسەداسەد جێگای شاغیرمان هەیە و زۆر باش ئەتوانین دایبمەزرێنین و ئەگەر ئەمربکەی، هەر ئێستا جێبەجێیئەکەم.

مودیر ئەکەوێتە ئەمری واقیع و ئەڵێ: بەڵێ، بیکە.

ئەچێتەوە ژوورەکەی خۆی و ئەمر دەرئەکا و لەم وەختەدا جەلبی شکاتی کابرای قەڵەوی بۆ دێت و تەبلیغئەبێ بۆ سبەینێ سەعات ٨ و دەوام تەواوئەبێ. بەڵام زۆربەی مەئموورەکان خۆیانی لێلائەدەن و ئەمیش گوێیاننەداتێ و ئەگاتە عاستی پاس، سائیق پێی پیائەنێ و بەجێیئەهێڵێ و ئەمیش گوێناداتێ و بە پێ ئەیکوتێ. کە ئەگاتە ماڵەوە، تەماشائەکا دەرگا داخراوە و دراوسێ پێیئەڵێن کە ژنەکەی تۆراوە و چۆتەوە بۆ ماڵی باوکی. ئەکەوێتە ڕێ بچێ بۆ لۆقەنتەیەک نانبخوا. فەڕاشی دائیرە بە خۆی و دەفتەری زیممەتەوە لە بەردەمیا ئامادەئەبێ و "فەرموو ئەم تەحریرە وەرگرە!".

– هیی چییە؟ بەڵام پاش دەوامە!

- فەڕاش؛ قوربان، جەنابی مودیر نەڕۆیشتەوە، هەتا ئەمری دەرکردنەکەتی ئیمضانەکرد.

- ئینجا کابرا ڕووی‌کردە ئاسمان: خوایە هێشتا نەبووە بە عەسر، بە شەرەفم لەسەری بڕۆم هەتا ئێوارێ، ئەمشەو لە ئوتێل بەلاش ئەبم! هەتا ئێرە و بەس!

## کلیله و دەمنه

نووسینی بە پەهلەوی
فەیلەسووف و گەورەی ڕۆشنبیرانی هیندستان: بەیدابا
عەبدوڵڵای کوڕی موقەفەع
کردوویەتی بە عەرەبی لە فارسییەوە
ڕەفیق چالاک
لە عەرەبییەوە بۆ کوردی
بەغدا، ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦

عەبدوڵڵای کوڕی موقەفەع، کە ئەم کتێبەی لە فارسییەوە کردووە بە عەرەبی، عەرەب نەبووە و ئێرانییە و ناویشی ڕۆزبیهـ یا ڕۆژە بووە. هەتا لە ژیانا بووە، کەس نەیوێراوە لەبەریا بکۆکێ؛ بەڵام پاش کوشتنی، سەریان کردۆتە لاکی، وە هەندێ لە مێژوونووسەکان وتوویانە کە هەر لەسەر ئایینی باووباپیری بووە کە ئایینی مەجووسی، واتە ئاگرپەرستی (زەردەشتی) بووە و لەسەر دەستی عیسا کوڕی عەلی کە مامی سەفاح و مەنصووری عەباسییە، بوو بە موسوڵمان. خەڵقی لەدوای کوشتنەکەی، بوون بە دوو کەرتەوە: کەرتێکی بێباریان، هەرچی نەشێ خستوویانەتە پاڵی؛ بەڵام کەرتە پیاوەکە، لەسەریان کردۆتەوە و بە باشترین نووسەر و تێگەیشتووترین و ئازاترین ڕۆشنبیریان داناوە. ئەصمەعی، کە یەکێکە لە ناودارانی عەرەب، وتوویەتی: لە کوڕی موقەفەعیان پرسیوە، کێ تۆی پێگەیاندووە؟ لە وەراما وتویە: "خۆم، چونکە لە خەڵکی وردبوومەتەوە، هەرچی چاکەیەکیان بووە کردوومە و هەموو خراپەیەک و ناشیرینییەکیشم فڕێداوە". هەروەها ڕۆژە لەگەڵ خەلیل کوڕی ئەحمەدی خاوەنی کتێبی عەروض کۆبۆتەوە و پاش قسەکردن و لەیەک جیابوونەوە، لە خەلیلیان پرسیوە: "چۆنت دی؟"، وتوویە: "زانینی لە عەقڵی زیاترە!". لە ڕۆژەشیان پرسیوە: "خەلیل چۆنە؟"، وتوویەتی: "عەقڵی لە زانینەکەی زیاترە".

عەبدوڵڵا (ڕۆژە) لە دوو هونەردا زۆر سەرکەوتوو بووە: هونەری گۆڕین و هونەری داڕشتنی هەموو جۆرە باسێک، بەتایبەتی کاروباری بەڕێوەبردنی

میللەت لە لایەن شاکانەوە. جگە لەمەش، توانیویەتی گەلێک کتێبیش دابنێ، وەکوو: گەوهەری تاک، نامەی ئامۆژگاری و گۆڕینی ئەم کتێبە نایابەی لە بەردەستایە، جگە لە هۆنراوەیەکی زۆری جوان.

ڕۆژە، لە شاری بەسرە دانیشتووە و هەر خەریکی گاڵتەکردن بووە بە میری ئەو ڕۆژەی بەسرە کە ناوی سوفیان کوڕی مەعاویە بووە. ئەم میرە لووتێکی گەورەی پێوە بووە. هەموو جارێک کە ڕۆژە چووە بۆ لای، پێیوتووە: سەلامتان لێبێ! لە خۆی و لە لووتی! وە هەندێ جار لە بەرچاوی خەڵقی پێیوتووە: ئەی سوفیان! ئەڵێی چی دەربارەی یەکێک بمرێ و ژن و مێردێک لەدوای خۆی بەجێبێڵێ؟!

سوفیانیش ڕۆژێک پێیئەڵێ: لە بێدەنگی و وەرامنەدانەوەم پەشێماننیم. ڕۆژەش پێیوتووە: جوانیی تۆ لاڵییەکەتە، ئیتر چۆن پەشێمانئەبی؟! ئا بەم جۆرە ئەم نووسەرە بەم ڕۆژگارە گاڵتە و مەزاقی بەم میرە گەورەیە ئەکرد و وای لە سوفیان کرد ڕۆژێک بڵێ: شەرتبێ بە زیندوویەتی لەتلەتیبکەم. بەم جۆرە بۆی چووە بۆسەوە، هەتا توانیی بە دەستی مەنصوور خەلیفەی دووەمی عەباسییەکان بەکوشتیبدات لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا. موقەفەع، ناوی باوکی ڕۆژە نییە، بەڵکوو لەقەبێکی عەرەبییە بۆ باوکی ڕۆژەیان داناوە، بە مەعنای گۆج یا دەستلەرزۆک. گوایە لە زەمانی حەجاجدا کراوە بە پارەکۆکەرەوەی وڵاتی ئێران، وە کە پارەی دزیوە، دەستی گۆج بووە، لەبەرئەوە ناونراوە موقەفەع.

## کلیله و دەمنە*

پێشەکیی ئەم کتێبە:

بەهنوود کوڕی سەحوان، کە ناسراوە بە ناوی عەلی کوڕی شا، وە ئەمیش هەر ئێرانییە، پێشەکیی گۆڕینی ئەم کتێبەی بۆ زمانی فارسی بەم جۆرە نووسیوە: هۆی دانانی کتێبی کلیلە و دەمنە لە لایەن بەیدەباوە بۆ دبشلیم، کە پاشایەکی هیندستان بووە، لەم بەسەرهاتەوە پەیدابووە کە لە خوارەوە مێژووەکەیتان بۆ پاتئەکەینەوە:

ئەسکەندەری ذولقەرنەین کە پاشایەکی ناسراوی ڕۆمی بووە و زۆری حەز لە داگیرکردنی وڵاتان کردووە، بەدەم شەڕ و داگیرکردنەوە بەرەو ڕۆژهەڵات هاتووە و ڕایماڵیوە، هەتا گەیشتۆتە هیندستان. لێرەدا پشوویەکی بۆ داوە تا دەنگوباسی تەواو وەربگرێ و سەربازەکانی شەکەتییان دەربچێت. لەم ماوەیەدا بۆی دەرکەوت لە ڕاپۆرت و دەمودووی سیخوڕەکانیەوە کە خەڵقی هیندستان لەناو خۆیانا "یەکنین" و تۆوی بەربەرەکانێی یەکتری کردنیان تیا چێنراوە و لەشکرەکەیان کەمچەک و شەڕنەزان و ورەبەرداون! بۆیە ئەسکەندەر بزەی شادیی سەرکەوتن و زاڵی کەوتە سەر لێوی و بوو بە قاقای پڕغەڕایی و داوای لە فۆڕ کرد، کە پاشای ئەو حەلەی هیندستان بوو، بەبێ شەڕ وڵاتەکەی بداتە دەست، ئەگینا تەخت و تاراجی ئەبێژێ. فۆڕ پیاوێکی کارامەی تێگەیشتووی ئازای بەڕاوتەگبیر بوو، وڵاتەکەی لە تاج و تەخت و میللەتەکەی لە خۆی خۆشتر ئەویست. باش لەوە گەیشتبوو کە وڵات بە دوژمن سپاردن، لە خیانەت ئەولاترە و سەرکردەی تەواو ئەوانەن کە هەرگیز وە لە هیچ کاتێکا و بە هیچ شێوەیەک وڵات و میللەت نادەنە دەست دوژمن. فۆڕی مەرد، مێشکی گوشی و تێگەیشتووانی دڵسۆزی لە خۆی کوکردەوە و لەم بەڵای

---

* ئەم وەرگێڕانە بە زنجیرە لە گۆڤاری التبوغ (تووتن)ی بەغدادا بڵاوبووەتەوە: ژمارە ٤، ساڵی٣، حوزەیرانی ١٩٦٧، ل١٠-١١؛ ژمارە ١، ساڵی ٤، تشرینی یەکەمی ١٩٦٧؛ ژمارە ٢، ساڵی ٤، شوباتی ١٩٦٨، ل٥٢-٥٣؛ ژمارە ٣، ساڵی ٤، تەمووزی ١٩٦٨، ل٥٤-٥٥؛ ژمارە ٤، ساڵی ٤، ئەیلوولی ١٩٦٨، ل٥٤-٥٦؛ ژمارە ١-٢، ساڵی ٦، نیسانی ١٩٧١، ل٩٠-٩٢؛ ژمارە ٣-٤، ساڵی ٦، ئاذاری ١٩٧٢، ل١٠٢-١٠٦. (س)

داگیرکارییە دووان و بەرنامەی کاریان دانا و پیاوانە لەسەری ڕۆیشتن. میللەتیان کردەوە بەیەک، مەشقێکی باشیان بە سەرباز کرد، چەک و تفاقی جەنگییان ئامادەکرد، فیل و وڵاخی چاکیان خستە تەک لەشکر. لە هەموو لایەکەوە بانگەوازی بەربەرەکانێی دوژمن بەرزبووەوە و ئاهێک هاتەوە بە سەرکردە دڵسۆزە ڕاستەکانی میللەت.

کە ئەم دەنگوباسانە گەیشتەوە بارەگای ئەسکەندەری داگیرکەر، سام گرتی و ترسی لێنیشت و کەوتە بیرکردنەوە و بۆی دەرکەوت کە پەلەکردن لە شەڕ، نەخشەیەکی ڕاست نییە بەرامبەر بەم هێزە گەورەیە و مەسەلەکە پێویستی بە پیلاندانان و فێڵ و فەرەج هەیە و ئەسکەندەریش لە تەڵەکەبازیدا شارەزابووە و فڕوفێڵ دەورێکی گەورەی هەیە لە سەرکەوتنا. بۆیە هێنای جارێ خەنەقێکی قووڵی بە دەوری لەشکرە مۆڵخواردووەکەیدا کێشا و پشتێنەیەکی بەرگریی هێرشی دروستکرد. ئینجا هێنای هەرچی تێگەیشتووان و ڕاوێژکەران و فاڵگرەوەکانی هەیە، کۆیکردنەوە و کەوتە ڕاوتەگبیر. سەرباری ئەمەش، سیخوڕێکی زۆری بڵاوکردەوە بۆ دەنگوباس و باس وەرگرتن. شایانی باسە، کە ئەم پیاوە بلیمەتە بە هەر شارێکدا ڕۆیشتبێ و هەر وڵاتێکی داگیرکردبێ، پیشەزان و شارەزاکانی ئەو شوێنانەی خستۆتە تەک خۆی بۆ سوودلێوەرگرتنیان. پاش ڕاوتەگبیر نەخشەی هێرشی دانا و داوای لەم پیشەساز و زانا و شارەزایانە کرد کە بە زووترین کات زۆرترین سەربازی سوارەی ئەسپ لە مس دروستبکەن، ڕەوڕەوە بخەنە چوارپەلی وڵاخەکان و ناوسکیشیان بئاخنن بە پەڕۆ و پیتاڵ و نەوت و گۆگرد.

دوای تەواوکردنی ئەم پەیکەری سوارە مسینانە، لەشکر خۆی ئامادەکرد و پەیکەرەکان خرانە ڕیزی پێشەوەی لەشکر لە ئاستی دڵدا و سەرلەنوێ ئەسکەندەر داوای سەردانەواندنی لە فۆڕ کردەوە و ئەمیش زۆر بەتوندی وەرامیدایەوە و فۆڕ فیلسوارەکانی خستبووە ڕیزی پێشەوە. کە ئەم فیلانە گەیشتنە ئاستی پەیکەرە مسینەکان و خەرتوومیان لە سوارە مسینەکان ئاڵاند، هەستیان بە سووتاندنی خەرتوومیان کرد، چونکە -وەکوو باسمانکردبوو- ناوسکیان ئاگری تێبەردرابوو، ئەو مسە گۆشتی ئەبرژان. فیل بەلەسەبوو بۆ دواوە و سواری فڕێدا و بۆڕەی ئەو ناوەی هێنایە لەرزەوە و سەربازەکانی خۆیان و ڕشتەی ڕیزی لەشکری هیندستان تێکچوو و بەو گەرەلاوژێیە و

لەشکری ئەسکەندەر نیشتنە سەریان و سوودێکی باشیان لەم هەلە دەسکەوت و کوشتارێکی وایان لێکردن لە مێژوودا بنووسرێ و ئەسکەندەر کەوتە بانگەواز لە فۆڕ و پێیوت: ئەگەر پیاوی و ڕاستە میللەتەکەت خۆشئەوێ، وەرە کۆڕی پاڵەوانبازی و هەر کامێکمان سەرکەوتین، ئەوا ئەو لایە بە زاڵبوو دابنرێ و با خوێنی خەڵقی بە خۆڕایی نەڕێژرێت!

فۆڕی پاشای ئازای بەجەرگیش، وەک شێر بۆی هاتە مەیدان و قارەمانانە بەرەنگاری ئەسکەندەر بوو. پاش ماوەیەکی زۆر هێنان و بردن، ئەسکەندەر بۆی دەرکەوت کە بە فێڵ نەبێ، دەرەقەتی فۆر نایەت. بۆیە ڕووی‌کرد بە لای لەشکرەکەی فۆڕدا و لە خۆیەوە نەڕەیەکی‌کرد. فۆڕ وای زانی شتێک لە ڕیزی لەشکرەکەیدا ڕوویداوە، بۆیە ئاوڕی‌دایەوە و لەم کاتەدا ئەسکەندەر زەفەری پێبرد و بە دوو شمشێری یەک بەدوای یەکی کوتوپڕدا لەسەر وڵاخەکەی هەڵکەند و کەوتە سەر زەوی. بەم کردەوەیە، ئاگر لە دڵی سەربازەکانی لەشکری هیندستان بەربوو، هەتا بڵێی پیاوانە جەنگین و کوشتارێکی باشیان لە لەشکری ئەسکەندەر کرد. بەڵام لە دواییدا زاڵبوون هەر بۆ ئەسکەندەر بوو. ئا بەم مەرەیە[1] هیندستان داگیرکرا و میللەتەکەی بوو بە ژێردەستی بێگانە.. بەڵام هەتا ماوەیەک پیاوێکی خۆی کرد بە گەورەی هیندستان و بەرەو داگیرکردنی وڵاتی چین ڕۆیشت.

کە سوپای داگیرکەر هیندستانی بەجێهێشت، دانیشتووان لە خەوی سەرشۆڕی ڕاپەڕین، زوو بەیەکاهاتن و بڕیاریان دا کە قسە بکەن بەیەک و ئەو گەورەیەیان نەوێت کە لە خۆیان نییە و بێگانەیە و زەرووئامێزانە میللەتەکەیان ئەمژێ. بەم جۆرە "بێگانە بەدەر" و یەکێک لە نەوەی پاشاکانی پێشووی خۆیانیان کرد بە پاشا و گەورە و ئەو پاشایە "دبشلیم"ە کە ئەم کتێبەی بۆ نووسراوەتەوە.

پاش ئەوەی کە دبشلیم توانیی میللەتەکە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و سەر بە دەوروپشتەکەی دابنەوێنێ و ناوخۆ ئارام پێبگرێ و بار ڕاستبکاتەوە، غەڕڕایی گرتی و سواری سەری خۆی بوو، میللەتی بەبێ نرخ تەماشاکرد و

[1] مەرە: چۆنایەتی، دەردەسەری و گرفتاری. (س)

هەرچی خراپەیە کردی و بەم چەوتوچەوێڵییەوە دەقیگرت و لە بەرچاوی خەڵقی بوو بە دێوەڵووکە و دەعبا.

هەر لە زەمانی ئەم پاشایەدا ڕۆشنبیرێکی بەڕێز و فەیلەسووفێکی گەورەی براهما[1]، کە ناوبانگی دەرکردبوو بە تێگەیشتوویەکی کارامە و ناوی بەیدەبا بوو؛ ئەم پیاوە وەکوو هەموو ڕۆشنبیرێکی ئازای مەرد، کە چاوی بە زوڵموزۆری پاشا و کاروباری چەوتی وڵات و جەورلێکراویی میللەتەکەی کەوت، خۆی پێنەگیرا و کەوتە گێژی بیرکردنەوەیەکی قووڵ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی حوکمڕانی و پاشا هێنانەوە سەر ڕێی ڕاست.

بۆ ئەم ئامانجە ڕۆژێک هەموو قوتابییەکانی خۆی کۆکردەوە و پێیوتن:

ئامانج لە کۆکردنەوەتان دەمەتەقێ و ڕاوێژە لە ڕاستکردنەوەی دبشلیم، کە سواری سەری خۆی بووە و تا ئامباڵای لە زوڵم و زۆر و چەوتی و جەور و ئەشکەنجە و بێدادیدا نوقمە و بووە بە مڵۆزمێکی بێهاوتا بەسەر ئەم میللەتەوە. ئێمەش کە خۆمان بە ڕۆشنبیر و پێشڕەوی ئەم میللەتە ئەزانین، ناتوانین خۆمان ڕابێنین و چاومان بنووقێنین و زمانمان لاڵ! جگە لەمەش، نابێ لە مەیدان ڕابکەین و وڵات بەجێبێڵین، بەڵکوو پێویستە لەسەرمان ڕێ بدۆزینەوە و بەربەرەکانیبکەین و هەر ئەمەشە ڕێگا. ئێوەشم بۆیە کۆکردۆتەوە، چونکە ئێوەن پشتوپەنا و خاوەنبیر و بەبێ ڕاوێژکردن هیچ ناکرێ و هەر کەسێک سواری سەری خۆی ببێ و غەڕایی ببێ بە هاوشانی، مایەی پووچە و ماڵوێران و دۆڕاو. ئەوی بە ڕاوتەگبیر و فێڵیش ئەکرێت، بە چەک و سوپاییێک نایەت و با ئەم سەرگوزەشتە ڕابوردووەشتان بۆ بگێڕمەوە:

کلاوکوڕەیەک هێلانەیەکی بۆ خۆی دروستکرد لەناو لمی سەرڕێی فیلێکا. ئەم فیلە هەموو ڕۆژێک بۆ ئاوخواردنەوە بەم ڕێیەدا تێئەپەڕێ و ڕۆژێک لە ڕۆژان هێلکە و بێچووی کلاوکوڕەی بە پێ زلەکانی پانوپلیشکردەوە. کلاوکوڕەی کۆستکەوتوو، پاش بیرکردنەوە هەستا و بەرەو لای فیلە فڕی و لەسەر سەری نیشتەوە و قوڵپی گریانی سەریکرد و هاوار و نزا بەدوایا و پێیوت:

---

[1] براهما: جۆرە تیرەیەکی هیندستانە، بڕوای وایە کە بۆ خوا ناشێ پێغەمبەران بنێرێ بۆ چاککردنی خەڵقی! (ڕ.چ)

ئەی پاشای گەورە! خۆ من دراوسێت بووم، لەبەر چی هێلکەت شکاندم و بێچوومت پانوپلیشکردەوە؟ ئایا لەبەرئەوەیە، چونکە من بچووکم و تۆ گەورە؟ ئایا لەبەر دەسەڵاتداریتە، وات لە منی بێدەسەڵات کرد؟

فیلە بە فیزێکەوە پێیوت: بێگومان لەبەرئەوەیە و تۆی بێنرخ و توانا چیت، تا بێی ئەم جۆرە دەمدرێژییانەم لەگەڵ بکەی؟! کڵاوکورەش کە گوێی لەم قسە رەقە پڕ لە غەرابییە بوو، فڕی و چوو بۆ لای فڕندەکانی هاوڕێی و دەردی خۆی بۆ دەربڕین. فڕندەکانیش پێیانوت: باشە، ئینجا ئێمەی کڵۆڵ چیمان پێئەکرێ بەرامبەر بەم دڕندە بەهێزە؟! کڵاوکورە پێیوتن: ئاخر ئا ئەم ترسنۆکییە ماڵی ئێمەی وێرانکردووە و خەڵقی لێکردووین بە کەڵەگا و ملۆزم! چۆن هیچمان پێناکرێ؟! نەتانبیستووە وتوویانە: مێشولەیەک بێ، فیل یخئەدا! گوایە ئێمە لە مێشوولەش کەمترین؟! ئەرێ کاکی باز و کاکی هەڵۆ، خۆ ئێوە شای ئێمەن، بۆ هەر بۆ گرتن و خواردنی خۆمان ئازان؟! دەبا جارێکیش بەرامبەر بە دوژمنەکانمان پیاو بن! باز و هەڵۆ قینیان هەڵسا و وتیان باشە، چی بکەین؟! کڵاوکورە وتی: ئێوە ئەوەندە پیاوەتیبکەن، چاوی فیلەم بۆ کوێربکەن، ئەویتری لەسەر خۆم. بەم جۆرە هەردوو چاوی فیلە لە لایەن فڕندەوە هەڵکۆڵرا. فیلە بە برسێتی و تینوێتی لەو شوێنەدا مایەوە و بۆڕەی هەمووی جەنگەڵستانی هێنابووە لەرزە. ئینجا کڵاوکورە چووە لای تاقمێک بۆق کە لە گۆمێکا ئەیانقیڕان و هەرچی کوێرەوەری و کۆستێکی بەسەرهاتبوو، بۆی گێڕانەوە و پێیوتن ئێوەش وەکوو ئێمە زەبوونن و ڕۆژێک لە ڕۆژان زاڵم سواری تەپڵی سەرتان ئەبێت! وەرن پیاوانە با هەموو لایەکمان یارمەتیی یەکتری بدەین و پشتی یەک بگرین بۆ پاراستنی خۆمان. بۆقەکان ئەم قسانەیان زۆر پێخۆشبوو وە ئامادەییی خۆیانیان پیشان دا. کڵاوکورە ڕێی بۆ دانان و پێیوتن: دە هەندێکتان وەرن لەگەڵمدا و لە چاڵە قووڵەکەی نزیک فیلەکە بقیڕێنن، بۆ ئەوەی بمرێ. کڵاوکورەی بەمرازگەیشتووی هەقسێن لەسەر تەپڵی سەری نیشتەوە و پێیوت: ها ئێستا چۆنی، غەڕای ملۆزم؟ کوا گەورەیی و دەسەڵات و سەررەقیت؟! بە بیری ورد و بە تێکۆشانی بێساردبوونەوە بەم لەشە بچکۆلەوە فیلێکی زەلامی وەکوو تۆم خستە چاڵ و ئەمە ئەنجامی هەموو لەخۆباییبوویەکە.

ئینجا بەدیدەبا بە قوتابییەکانی وت:

ئێستا داوا لە هەموو یەکێکتان ئەکەم کە بەتەواوی باری سەرنجی خۆی دەرببڕێت! هەموو بە یەکدەنگ پێیان‌وت کە ئەی ڕۆشنبیری گەورەی دانا تۆی گەورەی ئێمە و خاوەنی بیروڕای قووڵ، قسە و وتەی ئێمە لەسەر سەنگی تێگەیشتنی تۆ خاشئەبێ و ورد. بەڵام ئێمە ئەزانین کە مەلەکردن لەگەڵ تیمساح خۆ خستنە مەترسییە و خەتا ئەگەڕێتەوە بۆ مەلەوان، نەک بۆ تیمساح. ئەو کەسەی زەهری ژێر دانی مار دەرئەهێنێ و بە خۆی تاقیی‌ئەکاتەوە، خۆلەناوبەرە و گوناهەکە ناگەڕێتەوە بۆ مارە و بەڵکوو ئەو کەسە خۆی گوناهبارە؛ ئەوی ڕووئەکاتە لانەی شێر ئەبێت لەناوچوونیشی لەبەرچاوبێ. ئەم پاشایەش (دبشلیم) هیچی لەم دڕندانە نەگەڕاوەتەوە و متمانەناکەین کە نە تۆش و نە ئێمەیش بچینە لای، وە لە چوونیش‌دا ئەگەر قسەیەکمان کرد کە بە دڵی نەبێ، ئەنجام ماڵوێرانیمانە.

بەیدەبا وتی: بەڕاستی قسەی جوانتان کرد، بەڵام خاوەن‌باوەڕی تەواو کە بڕیاری دا، ناگەڕێتەوە. لەبەرئەوە هەر ئەبێ بیبینم وە لە دوایی‌دا بۆشتان دەرئەکەوێ کە چیم پێ‌وتووە و چۆنی وەڵام‌داومەتەوە. ئەگەر پێتان‌گەیشتەوە کە بە ساغی لە لای هاتوومەتە دەرەوە، ئەوا وەرن بۆ لام و ئەگەر واش نەبوو، بێ‌گومان ئەزانن چی ئەکەن و چۆن خۆتان ئەپارێزن و پاش ئەم قسانە قوتابییەکان مامۆستایان بەجێ‌هێشت.

بەیدەباش لە ڕۆژێکی دیاری وادا خۆی ئامادەکرد و جبەی پیرییەتیی براهمای لەبەرکرد و ڕووی‌کردە کۆشکی شاهانەی دبشلیم و ڕێگەی درا و چووە بەردەمی و نوشتایەوە و بێ‌دەنگ وەستا. دبشلیم، کە ناوبانگی بەیدەبای بیستبوو، لە فکری خۆیا وتی: ئەبێ ئەم پیاوە یان بۆ پارە هاتبێ تا خۆی پێ بەڕێوەبەرێ، یان شتێکی هاتبێتە ڕێ کە نەتوانێ بەسەریا زاڵ‌ببێ. ئینجا بە دەنگی بەرز بە بەیدابای وت: ئەگەر پاشایان خاوەنی پیاوەتی بن بە دەسەڵات و دارایی، ڕۆشنبیرانیش خاوەنی پیاوەتین بە زانین و زانستیان. ڕەوشتبەرزی و زانستیش لەیەک جیاناکرێتەوە و پێویستن بۆ ژیان. هەر کەسێک ڕێز لە ڕۆشنبیران نەگرێ و چاکەیان لەگەڵ نەکا و یارمەتییان‌نەدا، خۆی بێ‌بەش‌ئەکا لە ڕاوتەگبیر و بە نەزانی دنیا ئەدۆڕێنێ. ئێستاش لەبەرئەوەی بەرزترین ڕۆشنبیری ئەم زەمانەی، چیت ئەوێ؟ پێم‌بڵێ، تا بۆتی بکەم، وە ئەگەر کاروباری

حوکمرانیشە، ئەوا قسەبکە و چی باش بوو توانیمان جێبەجێیئەکەین و چیش ناشایستە بێ، بەوپێیە سزائەدەین.

دوای ئەم قسانە جارێکیتریش بەیدەبا بۆی نوشتایەوە و ئینجا ڕووی تێکرد و دووا: ئەی پاشای گەورە، هیوام مانی خۆت و میللەتە هەتا دێرزەمان. بەڕاستی بەم قسانەتان پایەتان بەرزترکردمەوە و ئەوی بۆی هاتووم، بۆ خۆم نییە و ڕاوێژێکە دراوە بەسەر شانما و ئەبێ بیکەم بۆ ڕاستکردنەوەی کاروبار و ئەگەر وەرتگرت، ئەوا بە ئامانج گەیشتین و ئەگەر گوێشتنەدایە، ئەوا ئێمە گەیاندوومانە و کەس ناتوانێ تانووت و تەشەرمان ئاراستەبکات.

پاشا پێیوت: هەرچییەکت هەیە هەڵیڕێژە و گوێم لێگرتوویت و بەپێی ئەو قسانەت لەگەڵتا ئەجووڵێمەوە.

بەیدەبا پێیوت: ئەوەی هەتا ئێستا من بۆی چووم، هەموو ڕۆشنبیرانی دنیا بەڕاستی ئەزانن و ناویان ناوە میراتی پیرۆزی ئادەمیزاد، ئەمانەن: ڕۆشنبیری، دەرککردن، پاکی، دادپەروەری، زانست و ئەدەب و لێکدانەوە، لەسەرخۆیی و سەلاری و دانبەخۆداگرتن و نەرمونیانی و دڵودەروونفراوانی و ڕاستی و چاکە و چاودێری و ڕەوشتبەرزی، ئەمانە تێکڕا شتی جوانن و هەموو شتێکی پێچەوانەیان شتی ناشیرین و ناپەسەند. هەر کەسێک ئەو شتە جوانانەی بۆ خۆی هەڵبژارد، با لە هیچ نام و نەنگی و بۆنەهاتی و ژێرکەوتن و دەستکورتییەک نەترسێت. زاناکانی دنیاش وتوویانە لە بەردەمی پاشایانا قسەکردن نەهامەتییە و بێدەنگی سەلامەتی. چوار زاناش لە بەردەمی پاشایەکدا لەبارەی سەرچاوەی ئەدەبەوە پرسیاریان لێکراوە و لە وەراما یەکەمیان وتوویەتی: باشترین ڕەوشت بۆ زانا بێدەنگییە، دووەمیشیان وتوویە: بۆ ئادەمیزاد وا باشە جێی قسەی خۆی بزانێ. سێیەمیشیان وتوویە: بەکەڵکترین شت بۆ پیاو ئەوەیە لە شتێک نەدوێ کە پەیوەندیی پێوەنییە. چوارەمیشیان بۆی تەواوکردوون و وتوویەتی: بۆ پیاو وا باشترە خۆی بداتە دەست کارەسات!

چوار پاشاش جارێکیان بەیەکەوە دائەنیشن و ئەکەونە قسە و ئەڵێن: پێویستە هەر یەکەمان قسەیەکی ئەوتۆ بکەین کە هەتا دنیا دنیایە بنووسرێتەوە و پاتبکرێتەوە و نەمربێت.

پاشای چین ئەڵێ: "دەسەڵاتم هەیە بەسەر ئەوەی کە نەموتووە، بەڵام چی لەوە بکەم کە وتوومە؟!". پاشای هیندستانیش ئەڵێ: "قسەی باش بکەی، کەڵکی بۆ تۆ

نییە. قسەی خراپیش بکەی، بۆ تۆ ئەگەڕێتەوە. لەبەرئەوە قسەنەکردنت باشترە". پاشای فارسیش ئەڵێ: "کە قسەیەکم کرد، ئەبم بە دیلی؛ کە نەشیکەم، ئەو دیلمە". پاشای ڕۆم ئەڵێ: "ئەوی نەموتووە، سەریەشەی لەدوانییە. بەڵام زۆرم چەرمەسەری دی لەسەر ئەوەی کە وتوومە".

ئەم قسانەم بۆیە کرد تا پاشا بزانێت کە لە بێسەریەشەییی بێدەنگی گەیشتووم. بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕە نیم کە پیاوی دانا بێدەنگبێ لە نادانی. ئەو قسانەی کە ئەیکەم ڕاوێژە و چاکەکەی بۆ ئێوە و خراپەکەشی ئۆباڵی خۆم بگرێتەوە و ئەبێ ئەم پێویستیی سەر شانەی خۆم بەجێبهێنم و چارنییە و ئەنجام هەرچییەک ئەبێ، لەوە ناخۆشتر نییە کە پیاوی ڕۆشنبیری خاوەنباوەڕ لە ناهەقی بێدەنگببێ و ئەڵێم: دبشلیمی پاشا، باووباپیری تۆ خاوەنی سامان و دارایی و سوپا و چەک و جبەخانە و زەویوزار و خانووبەرە بوون، بوونە حوکمڕانی میللەت و تۆ ئەم دەسەڵات و توانا و بوونەی ئێستات لەوانەوە بۆ ماوەتەوە و هیچت لێ زیادنەکردووە. ئەوان لەگەڵ میللەت و ژێردەستی خۆیانا نەرمونیانانە و ڕەوشتبەرزانە ئەجووڵانەوە و هەرگیز ملۆزمی و ناشیرینییان نەکردبوو بە پیشە. بەڵام تۆی نەوەی ئەو پیاوچاکانە، لەسەر ڕێبازی ئەوان نەڕۆیشتی، خۆتت کرد بە ملۆزم و کەڵەگای ئەم خەڵقە، دەستتکرد بە ناهەقی و جەور و پیاوخراپی. ئەوی بۆ پیاو ئەمێنێتەوە، کاری بەکەڵک و کردار و وتەی پیاوانەیە. لەبەرئەوە -بەکورتی- باری ئێستام بۆ ڕوونکردیتەوە و هیوام وایە بە وردی لێیبکۆڵیتەوە و پێت گراننەبێ، چونکە هیچم بۆ خۆم پێنەوتوویت و هیچم لێتناوێ بۆ خۆم، تەنیا ڕاوێژە و دڵم پێتسووتاوە و هیچیتر.

کە بەیدەبا لە قسە بووەوە و بێدەنگبوو، کوورەی دەروونی دڕی پاشا هاتە جۆش و هەرچی قسەی ناشیرین هەیە لە دەمی هاتە دەرێ و ئینجا پێیوت: چاوەڕوانی ئەوە نەبووم نە تۆ و نە هیچ کەسێکیتر لەم وڵاتەی مندا بوێرێ ئەو قسانە بکات، کە تۆی زەبوونی بچووکی بێتوانا کردت. زیاتر لەمەش، سەیر ئەوەبوو کە هیچت تیا نەهێشتەوە و لە سنوور چووی بەودیوا بە ئەوپەڕی ڕووهەڵماڵراوییەوە، لەبەرئەوە دەردێکت ئەدەمێ و کارێکت پێئەکەم ببی بە عیبرەت لە مێژوودا بۆ پاشەڕۆژیش، تا هیچ پاشایەکیش ڕێگانەدا بە پیاوی وەکوو تۆ بچێتەوە بەردەمی و دەمبکاتەوە. ئینجا فەرمانیدەرکرد بۆ کوشتن و لاشەهەڵواسینی بەیدەبا.. دەستبەجێ لە باڵی

نەوین و حەیتە چنگلەسەرشان بردیان. لەپاش بردنی. دبشلیم کەوتە بیرکردنەوە لەو بڕیارەی کە دای و پەشیمانبووەوە، فەرمانێکیتری دەرکرد و کوشتنەکەی کرد بە "بەندی". ئینجا ناردی بەدوای قوتابییەکانی بەیدەبا و بەدوای ئەو کەسانەدا کە هاوبیری بوون. ئەمانیش لەوەپێش خۆیان شاردبووەوە و لە شوێنی قایم خۆیان توندکردبوو، هەتا چەند ڕۆژێک بەیدەبا لە زیندانا مایەوە، بێ ئەوەی کەس بوێرێ ناوی بهێنێ و پاشاش نەینارد بەدوایا. بەڵام شەوێک لە شەوان دوچاری شەوبێداری بوو، ئارام و ئۆقرەی لەبەربڕا و خەوی زڕا و گینگڵەی ئەدا بەدەم بیرکردنەوەیەکی ئازاراوییەوە و لە تاوانا ڕوویکردە ئاسمان و چاوی گێڕا بە ئەستێرەکاندا و لەوێوە بیری ڕۆی بۆ زانیاریی ئەستێرەناسین و ئینجا بەیدەبای هاتەوە یاد و موچڕکێک بە لەشیا هات و خۆی بە خۆی وت: نەئەبووایە وام لەو ڕۆشنبیرە گەورەیە بکردایە و ئەوەی پێیکردم زوو هەڵچوون و تەنگەچیکەڵانەیی و غەڕاییی دەسەڵات بوو. زانایان وتوویانە: نابێ چوار نەریت لە پاشایانا هەبێ: یەکەم تووڕەیی، دووەم ڕژدی و سێیەم درۆ و چوارەم زۆرتوندی لە قسەکردندا.

ئەم پیاوە قسەی خێری بۆ چاکەی من و خەڵقی کرد، کەچی دوژمنانە جووڵامەوە لەگەڵیا و خراپەمکرد بەرامبەری. کە گەیشتە ئەم ئەنجامە لە بیرکردنەوەدا، دەستبەجێ داوایکرد کە بچن بەیدەبای بۆ بێنن.

کە هاتە بەردەمی، پاشا ڕووی تێکرد: "بەیدەبا، ئایا بەو قسانەی کە کردت، مەبەستت ئەوەبوو دەماری من شلبکەیت و من بە نەزان و بچووک و هیچوپووچ بدەیتە قەڵەم؟!"

بەیدەبا، لە وەراما وتی: "پاشای خاوەندەروونی پڕ لە ڕاستی، ئەوی پێموتوویت، هەمووی بۆ خێر و خۆشیی خۆت و ئەم خەڵقەیە کە چاویان بڕیوەتە تۆ و چاوەڕوانی خوانی پڕ لە خێروبێری تۆن بۆ خۆشیی خۆیان و بۆ بەردەوامیی تۆ". ئینجا دبشلیم پێیوت: "کەواتە چیت پێوتووم، سەرلەنوێ هەموویم بۆ پاتبکەرەوە، بەبێ ئەوەی هیچی لێبپەڕێنی"، وە فەرمانی دا بە دانیشتنی.

بەیدەباش بەو زمانە پاراوەی خۆی، وشە بە وشە، ڕست بە ڕستی ڕاوێژەکەی بۆ پاشا کردەوە. قسەکانی بەیدەبا، چونکە ڕاستبوو، کاری کردە ناخی دبشلیم، بۆیە پێیوت: "هەموو قسە و ڕاوێژەکانت ئەگرمەگوێ و لەمەودواوە کاری پێئەکەم و بیروڕای تۆ سەرمەشقی کار و کردەوەم

ئەبێ. ئینجا فەرمانی دەرکرد کە زنجیری دەست و گەردنی بکەنەوە و بەرگی میرانەی بکەنە بەر و پێیوت: "ئەوا لە ئێستاشەوە تۆم کرد بە میری میرانی هەموو ئەم وڵاتە". بەم جۆرە کڵاوزێڕی میری کرایە سەر و بە دەبدەبەیەکی گشتیی قۆز و بە سواری بەناو شاردا گەڕا بە نومایش، بۆ ئەوەی هەموو میللەت بەم کارە بزانێ و ئینجا گەڕایەوە و لەسەر تەختی دادگایی دانیشت و کەوتە ڕاستکردنەوەی کاروباری حوکمڕانیی هەموو وڵات؛ هەقی بزنی کۆڵی لە بزنی شاخدار سەند و بە چاوی دادپەروەری تەماشای هەموو کاروبارێکی ئەکرد و خێروبێر و ئارام و ئاسایش هەموو گۆشەیەکی وڵاتی گرتەوە و خەڵقیش شادمان.

بێگومان ئەم کار و کردەوە و دەنگوباسە گەیشتە هەموو کەلوقوژبنێک، لەبەرئەوە قوتابییەکانی بەیدەبا هاتن بۆ لای و پیروزباییان لێکرد و ئەو ڕۆژەشیان کرد بە جێژنێکی میلیی نەتەوەیی کە هەتا ئێستا هەر بەردەوامە لە وڵاتی هیندستانا.

پاش ڕاستکردنەوەی باری وڵات، ئینجا بەیدەبا دەستیکرد بە داڕشتنی سێ پارە و نووسینی کتێب لە هەموو کاروبارێکی وڵات و میللەتدا و پاشاش لە هەموو کاروبارێکی حوکمڕانیدا نەخشەی بەیدەبای کردبوو بە بنکە و ڕێ دۆزینەوە.

بەم جۆرە و بەم پێودانگەوە لە ڕووبەری هیندستانیش سوودی وەرگرت و ناوبانگی پێشکەوتن و گەشەکردنی هیندستان چوارگۆشەی ئەو ڕۆژەی دنیای پڕکرد. لەپاش ماوەیەک و کە تۆزێ دەستی بەتاڵ بوو، ئینجا هات قوتابییەکانی خۆی لە شوێنێکدا کۆکردەوە و پێیوتن: "بێگومان واتان ئەزانی کە ئەو پاشا ملۆزمە بێڕەزایە بە بیروباوەڕ و قسەی جوان و ڕاوێژی بەکەڵک نایەتەوە سەر ڕێی ڕاست، بەڵام ئەبێ ئەوە باش بزانن کە هەموو شتێکم لە بەرچاو بوو، ئینجا چوومە لای و ئەو قسانەم لەگەڵدا کرد. جگە لەوەش، چووبوومە بنجوبناوانی و ناخی دەروونیم پێوابوو وە لە تێگەیشتووانی پێش خۆشمم بیستبوو کە پاشایان هەندێ جار بە غەرایی وا مەستئەبن کە خەستتربێ لە سەرخۆشیی مەی. وە ئەم جۆرە مەستی و بێهۆشییە بە بەربەرەکانیی زانانیان نەبێ، نارەوێتەوە و زۆرم لە بەر گرانبوو پاش مردنی من و پاشا، خەڵقی بیانوتایە بەیدەبای فەیلەسووف لە زەمانی دبشلیمی ملۆزما ژیا و نەیتوانی ئەو چەوتییە ڕاستبکاتەوە. لەبەرئەوە ئەگەر بیشیکوشتمایە، هەر ئەبوو ئەو بەربەرەکانییەی بکەم، چونکە مردنم

پیاوانەتر بوو لەو ژیانە پڕلەچەوتییە. بێگومانیش‌بن کە بەبێ ماندووبوون و لەخۆبوردن، هیچ کەسێک لە دنیادا بەرزنابێتەوە و ناگاتە ئامانج.

ئێستاش پاش سەرکەوتنمان وا پاشا داوای لێکردووم کە کتێبێکی پڕکەڵک بنووسم و لە هەموو بابەتێکی تیابێت و بە کەڵکی هەموو کەسێک بێت. وا منیش داوا لە هەموو یەکێکتان ئەکەم کە لە هەموو هونەرێکدا چیتان لەتوانادایە بینووسن و ئامادەی‌بکەن، تا بزانم هەر یەکەتان پلەی زانیاری و هونەرمەندی و دووربینیی گەیشتۆتە کوێ؟

پێیان‌وت: ڕۆشنبیری گەورەی تێگەیشتووی پێگەیشتووی دانای زانای خاوەن‌توانا! تۆ سەرەکی ئێمەیت و مامۆستامان؛ لەسەر دەستی تۆ پەروەردەبووین و بە زانینی بێ‌ئەندازەی تۆ گۆش‌کراوین و بووینەتە خاوەنی هۆش. بێگومان کە درێغی‌ناکەین و چیمان لەبارابێ، ئەیخەینە سەر کاغەز و ئەیهێنینە بارەگای پڕلەزانینتان. بەم جۆرە قوتابییەکان بڵاوەیان لێکرد و بەیدەباش کەوتەوە ئەندێشەی بەڕێوەبردنی کاروبار و دبشلیمی پاشاش کەوتبووە بارێکی پڕ لە خۆشی و گەشە و بێ‌ئیشی، لەبەرئەوە دەستی‌کرد بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی وا لە گەنجینەی کۆشکی شاهانەدا و فەیلەسووفەکانی بەرووی هیندستان نووسیویانن لە دەوری باووباپیرانی ئەما و زۆری بەدڵ‌بوون. لەبەرئەوە بیری‌کردەوە کە پێویستە لە چاخی ئەمیشا کتێبێکی نایابی پڕ لە زانست و زانیاری و هونەر بنووسرێتەوە، بۆیە ناردی بەدوای بەیدەبادا و داوای لێ‌کرد کە کتێبێکی لەو بابەتەی بۆ بنووسرێتەوە و هەموو هونەرێکی خۆی تیا بنوێنێ و باسی ئەم سەردەمە و خەڵقی و هەموو کاروبارێکی حوکمڕانی بکات، بۆ ئەوەی جێی سوود بێ و نەمر لە ڕۆژانی داهاتووا. بەیدەباش بەڵێنی‌دایە کە لەدوای ساڵێکی ڕەبەق کتێبەکەی بۆ تەواوبکات. پاشاش خەڵاتی‌کرد و هەموو شتێکی بۆ ئامادەکرد، تا بەیدەبا بتوانێ بەڵێنەکە بەجێ‌بهێنێ.

دوای ئەم داواکارییە گەورەیە، بەیدەبا کەوتە گێژی بیرکردنەوە و ویستی بە خۆی و بە قوتابییەکانی کتێبەکە بنووسن، بەڵام بۆی دەرکەوت کە وا باشترە هەر خۆی ئەم کارە گرنگە جێ‌بەجێ‌بکات. لەبەرئەوە یەکێک لە قوتابییەکانی خۆی دانا و دوورکەوتنەوە لە خەڵقی و ئەم وتی و قوتابییە نووسی و کتێبەی کرد بە پانزە بەشەوە و هەموو کارەسات و دەمەتەقێ و قسەکانی خستە سەر زمانی ئاژەڵ و باڵدار، بۆ ئەوەی تێکڕا خەڵقی تێی‌بگا و چێژی لێ‌وەرگرێ و کەڵک و ناوی‌نا

"کلیله و دەمنە" و لەدوای ساڵە، ئینجا پاشا فەرمانیدەرکرد کە کورسییەکی گەورە بۆ بەیدەبا ئامادەبکەن و هەموو خەڵقی تێکڕا کۆببنەوە و گوێ لە خوێندنەوەی کتێبەکە بگرن.

لەو ڕۆژەدا شوێنی ئاهەنگ ئامادەکرا و هەموو میر و جێنشین و زانایان بانگکران و بەیدەباش خۆی و قوتابییەکەی کە گەیشتن، هەموو خەڵقی لە بەری هەڵسان و پاشاش لە بەری هەڵسا و لە تەنیشت خۆیەوە داینا و پاش قسەکردن، پاشا پێیوت کە خواستی چییە؟ بەیدەبا لە وەراما پێیوت کە تەنیا ئەوەی ئەویَ شا فەرمان دەربکات بە نووسینەوەی کتێبەکە و بە پاراستنی، نەوەکوو فارسەکان پێیبزانن و بیبەن. بێگومان پاشاش ئەم فەرمانەی دەرکرد و هەروەها خەڵاتی هەموو قوتابییەکانیشی کرد. ئەمە بوو چۆنیەتی نووسین و دانانی کلیلە و دەمنە و ئینجا با لە چۆنیەتیی گۆڕانی کتێبەکە بۆ فارسی بدوێین.

(کیسرای کوڕی نەوشیروان و ئەم کتێبە)

کە کیسرای کوڕی نەوشیروان بوو بە پاشای وڵاتی ئێران، بەر گوێی کەوت کە کتێبێکی وا نایاب هەیە لە گەنجینەی شاهی هیندستاندا. کیسراش پاشایەکی زانا و دادپەروەر و دانا بوو، لەبەرئەوە زۆر بە پێویستی زانی کە ئەم داستانە بەنرخە دەست خۆی بخات، بۆیە لە کۆبوونەوەیەکدا داوای لە وەزیرەکانی کرد کە خوێندەوارێکی بەرز و نووسەرێکی باش و زمانزانێکی نایابی هیندی و فارسیی بۆ بدۆزنەوە لەناو ئێرانا. لەپاش پشکنین برزووی کوڕی ئەزهەری فەیلەسووفیان بۆ دۆزییەوە و هێنایانە بەردەمی شا.

کیسرا ڕووی دەمی تێکرد و پێیوت: لەپاش پشکنینێکی زۆر، هەڵمانبژاردووی، چونکە لە هەموو شتێکدا تەواوی و ئەو توانایەت هەیە کە ئەم کارە گرنگە بەجێبهێنی و ئەو کتێبە نایابە بکەیت بە فارسی و چەند کتێبیتری هیندیشت دەستکەوت، لەگەڵ خۆتا بیهێنە، تا خەڵقی سوودی لێوەربگرن. فەرمانیشمانداوە هەرچییەکت بوێت، بۆت ئامادەبکرێت وە چەندت دارایی ویست، لەگەڵ خۆتا بیبە؛ وە ئەگەر بەشینەکرد، داوای هییتر بکە و هەتا ڕادەی دواپوولی گەنجینەی ئەم وڵاتە خەرجبکەیت بۆ ئەم ئامانجە، هێشتا کەمە و هەتا ئەتوانیت زوو بکەوەرە ڕێ.

برزووش داوای لە پاشا کرد کە هەموو گەورەپیاوانی وڵات و خەڵقی کۆببنەوە و ئەم داواکارییەی لە بەرچاوی ئەوان پێبسپێرێ. ئەو ڕۆژە

نیشانەکراو، برزوو وتارێکی دوورودرێژی تیا خوێندەوە و لە ئەدەب و زانست و ئەقڵ و فەلسەفە و تاقیکردنەوە و حوکمڕانی و دادپەروەری دووا و بە تانی کیسرادا هات و هەموو ڕواڵەتێکی جوانی دەرخست و ئینجا بە بیست توورەکەوە کە دە هەزار دیناری ئەو زەمانەیەی تیابوو، بەرەو هیندستان کەوتەڕێ. پاش گەیشتنی، زۆر بە نهێنی و لەسەرخۆ کەوتە ڕاستوچەپی دەستەودایەرەی پاشای هیندستان و هەموو پیاوێکی گەورە و زانای سەر بە کۆشکی شاهانە و بە تایبەتی زانا و هۆنەر و ئەدیبەکان. لەم ماوەیەشدا لەگەڵ بۆرەپیاوانیشدا هەر دۆستایەتیی پەیداکردبوو، بەبێ ئەوەی نهێنیی خۆی دەرببڕێت.

لەپاش ماوەیەکی زۆر و بە تاقیکردنەوە، یەکێک لە هەرە زانا و ڕۆشنبیرانی هیندستانی هەڵبژارد بە هاوڕێی هەمیشەییی خۆی و دەستیکرد بە ڕێدانان بۆ ئەوەی ببێتە جێی متمانە و برای گیانیبەگیانی و ئەمەش ماوەیەکیتری ویست و ئینجا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لە یەکتری ئاشکرابوون و دەرکەوت کە ئەم زانا هیندییە کلیلبەدەستی گەنجینەی کتێبخانەی شاهانەیە.

لەپاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و دڵنیاکردنێکی تەواو کە ئەم نهێنییە بە مردنیش ئاشکراناکرێت، ئینجا بە دزییەوە و کتێب لەدوای کتێب لە گەنجینە ئەهێنرایە دەرەوە و ئەدرایە دەست برزوو، ئەویش کارامانە و زۆر بە چالاکی ئەیگۆڕین بۆ فارسی و ئەیدانەوە دەست هاوڕێکەی.

پاش تەواوکردنی هەموو کتێبەکان و تۆمارکردنیان، ئینجا نامەیەکی دوورودرێژی نووسی بۆ پاشای چاوەڕوان، کیسرای کوڕی نەوشیروان. کە کیسرا نامەکەی پێگەیشت، لە خۆشییانا پێی زەوی نەئەگرت و لەو پۆپەی کامەرانییەدا دوچاری دوودڵی بوو لەوەی -خوانەخواستە- برزوو و کتێبەکان بگیرێن و نەگەنەوە ئێران، لەبەرئەوە نامەیەکی بۆ نووسی و داوای لێکرد کە زۆر بە پەلە و بە زووترین کات بگاتەوە ئێران. بۆیە برزووی زانا کەوتە ڕێ و شەو و ڕۆژ کوتای و دووسێ قۆناغی ئەکرد بە یەک و هەتا لەتوانایابوو وچانینەئەدا و بە ئەوپەڕی شەکەتییەوە گەیشتەوە بارەگای کیسرا بە سەربەرزی.

کیسرا بە بینینی گەشایەوە و شادمان بوو، بەڵام کە تێیوردبووەوە، زۆری بەزەیی پیا هاتەوە، چونکە ئێجگار زەبوون و لاواز بووبوو، بۆیە پێیوت کە دڵنیابێت هەرچییەکی بوێت، بۆی ئەکات و ئەیخاتە بەرزترین پلەوە و داواشی

لیکرد کە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەماڵەوە نەیەتە دەرەوە، تا بەتەواوی ئەحەسێتەوە و ئەچێتەوە دۆخی جارانی.

لە ڕۆژی هەشتەما، پاشا فەرمانی دەرکرد بە ڕازاندنەوەی هەیوانی گەورەی کۆشکی شاهی و هەرچی گەورەپیاوانی وڵات هەیە، بە زانا و هۆنەر و وتەرەوە ئامادەبوون و پێشوازیی برزووی زانایان کرد و لەسەر تەختێکی بەرز دایاننا و دەوریان دا. برزوو، لە هاتنیا، هەموو کتێبەکانی لەگەڵ خۆیا هێنابوو، وە یەک لەدوای یەک دەستیکرد بە خوێندنەوەیان، هەتا تەواوی‌کردن. ئینجا دەستکرا بە ستایشکردنی پاشا و برزوو بۆ ئەم دەستکەوتە بەنرخنەکراوانە. دوای ئەمە شا فەرمانیدەرکرد کە دوڕ و گەوهەر و ئاڵتوون و زیوی بدرێتێ و باشترین بەرگی پاشایی و لەمەش زیاتر تاجەکەی خۆشی کردە سەری و ماوەیەک لەسەر تەختی شایی داینیشاند بۆ زیاتر ڕێزلێگرتنی. دوای ئەمە برزوو هەڵسایە پێیان و تاجی پێشکەش بە پاشا کردەوە و لە پەوڕوو کڕنووشیبرد و و پێیوت:

گەورە گەورەکان و شای پاشایان! تۆی نیشتمانپەروەری زانستپەروەری دەروون پڕ لە داد و ڕاستی و خێر، منی پچووکی خۆتت بەم هەموو خەڵات و بەرات و پلەبەرزییە شەرمەزارکردا! پڕ بڕوا بن گەورەم، کە خزمەتکردنی پیاوی پیاو گەورەترین پاداشتە و خزمەتکردنی زانست و زانیاری بایەخدارترین کارە و هەموو ماندووبوون و ناخۆشییەک لە ڕێی خێرخواییدا خۆشە و پڕ لە شادی. وە ئەو کەسەی مێشکی بە زانست ئاشنابوو، دەروونی چێژی هونەریی چێشت، هەرگیز ئاوڕ لە پلەی بەرز و لە زێڕ و زیو و دوڕ و گەوهەر ناداتەوە و ببوورن کە ئەم خەڵاتانەم پیگەیشت و وا سەرلەنوێ ئەیانگەڕێنمەوە بۆ گەنجینەی شایانە، تا لە کاروباری بەکەڵکیترا بەکاربهێنرێ و یەک تکام هەیە لە ئێوەی گەورە، ئەویش ئەوەیە کە فەرمانده‌ربکەن بۆ گەورەی زانایان و پیری ڕۆشنبیران بزر جەمهەری وەزیر کوڕی بەختەکان کە لە نووسراوەکەیدا ناوم بهێنێ و کتێبەکەم ڕێکبخا و بیکات بە بەشی یەکەم و لەپێش سەرگوزەشتەی "شێر و گا"وە دایبنێت بۆ خوێندەواران.

نەوشیروان قسەکەی پەسەندکرد و داوای لە بزر جەمهەری وەزیری کرد کە بەشێکی تایبەتی بنووسێت دەربارەی مێژووی ژیانی برزوو وە لە کاتی لەدایکبوونیەوە هەتا چوونی بۆ هیندستان و هێنانی ئەو کتێبە بەنرخانەی تیا

باس‌بکات بەوپەڕی شانازی پێوەکردنەوە. بزر جەمهەریش ئەم داواکارییەی زۆر بە جوانی جێبەجێکرد و بەم جۆرە ناوی برزوو وە کەسوکارەکەی چووە مێژووەوە.

سەرەتای کتێبەکە:

## بەشی یەکەم

## شێر و گا

دبشلیم داوای لە بەیدەبا کرد سەرگوروشتەیەکی بۆ بگێڕێتەوە سەبارەت بە تێکدانی دۆستایەتی و خۆشەویستیی نێوان دوو کەس، وە گۆڕینی ئەو خۆشەویستییە بە دوژمنایەتی و قین بەهۆی درۆزن و ناپاکەوە کە ئەکەوێتە بەینیان.

بەیدەبا وتی: گەورەی خۆشەویست!

لە وڵاتی دۆستاوەند، پیاوێکی بەساڵاچوو ئەژیا. ئەم پیاوە سێ کوڕی هەبوو، گەیشتبوونە ئەو تەمەنەی کە دەوری منالّی جێدێڵێ، بەڵام هەر چاویان لە دەستی باوکیان بوو، وە بەسەر ئەوەوە ئەژیان، بەبێ ئەوەی هیچ کاسبییەک بکەن. ڕۆژێکیان باوکە کۆیکردنەوە و دەستیکرد بە لۆمەکردن و سەرزەنشتییان و پێیوتن: ئەوی بیەوێ باش بژی، ئەبێ سێ شتی بوێ، کە بە چوار شت ئەیگاتێ، ئەو سێیەی ئەیەوێت هەوڵدانە بۆ ڕزق و ڕۆزی و هەوڵدانە بۆ بەرزبوونەوە لەناو خەڵقا و تێشوو خستنە بۆ دوارۆژ. ئینجا بۆ ئەوەی بەم سێ ئامانجە بگەین، ئەبێ ئەم چوار شتە بکەین: پارە پەیاکردن لە باشترین ڕێوە، ئینجا باش پاراستنی، ئینجا باش سوودلێوەرگرتنی، چوارەمیش ئەوەیە بزانیت چۆن خۆتی پێئەژیێنی و کەسوکار و دۆستی پێ ڕەزامەندئەکەیت و ئەنجامی ئەمەش سوودی بۆ دوارۆژ هەیە. هەر کەسێک ئەم مەرجانەی بە تەواوی بەجێنەهێنا، ئەنجامێکی باشی نابێ. ئەوی ئیشینەکرد، هیچی نابێ. ئەوی بووی، نەیخستە ئیش، سوودی لێوەرناگرێ و ئەوی هەر لەوەی خەرجکرد کە هەیەتی، نایمێنێ و نابووت و هەژار ئەکەوێت.

هەرسێ کوڕە ئەم قسانەی باوکیان بەدڵبوو، بۆیە بڕیاریان دا ئەم فەرمایشتانە بەجێبهێنن و گەورەکەیان کەوتەڕێ بەرەو وڵاتی مەیوون بە گالیسکەیەکەوە کە دوو گا ڕایانئەکێشا. یەکێک لە گایەکان ناوی شەتوربە و ئەوی‌کەیان ناوی بەندوبە بوو. لە ڕێگا دوچاری زۆنگێکی قوڕی خەست بوون و گا و گالیسکەی تێچەقی و هەوڵوتەقەلا بێسوود بوو، تەنیا توانیی بە خۆی و

چەند کەسێکی کە بەندوبە بهێننە دەرەوە و شەتوربەیان بۆ نەجوولا، مەجبوور بەجێیهێشت بەدیار پیاوێکی خۆیەوە کە چاوی لێیبێ، هەتا قوڕەکە کزرئەبێتەوە و شەتوربە لێی ڕزگارئەبێ.

لەپاش ماوەیەک، کابرای یاساوڵ تاقەتیچوو، لەبەرئەوە بەجێیهێشت و خۆی گەیاندەوە کوڕە گەورەی خاوەنگالیسکە و پێیوت کە گاکە مرد! وە پیاو کە ڕۆژی بڕایەوە، لنگەفرتێنەکات باشە، چونکە هەرچەندە هەوڵی مانیش بدا و پەلەقاژێبکات، هەر سوودی نییە و هەر ئەبێ بمرێ، وەکوو ئەمەکەی کابرا کە ئێستا بۆت ئەگێڕمەوە:

- وتیان کە پیاوێک ئەیویست بچێت بۆ شوێنێک وە ڕێگای ئەو شوێنە زۆر پڕ لە مەترسی بوو، چونکە شێری تیابوو، بەڵام لەبەرئەوەی شارەزابوو کەوتەڕێ. لەدوای ماوەیەک، چاوی بە گورگێکی هار کەوت کە بەرەوڕووی دێت. بە ڕاستوچەپدا ڕوانیی و بیریکردەوە کە باشترین شوێن بۆ خۆڕزگارکردن لە گورگەکە، ئەو دێیەیە کە ئەکەوێتە ئەودیو دۆڵەکەوە. لەبەرئەوە بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ناو دۆڵە، بەڵام کە تەماشایکرد هیچ پردێک لەسەر ڕووبارەکەی ناو دۆڵەکە نییە و وا گورگەش خەریکە ئەگاتە سەری، لەبەرئەوە ناچارانە خۆی فڕێدایە ڕووبارەکەوە، هەرچەندە مەلەشی نەئەزانی و بەدەم خنکانەوە دەستیکرد بە هاتوهاوار و خەڵکی دێیەکە بەدەنگیەوەهاتن و ڕزگاریانکرد.

پاش ئەوەی حەسایەوە، سوپاسیکردن و ڕوویکردە تاکە خانووەکەی دوور ئاوەدانییەکە. لەگەڵ دەرگایکردەوە، تەماشایکرد تاقمەدزێک بازرگانێکیان ڕووتکردۆتەوە و خەریکیشن بیکوژن. کە ئەمەی زانی، هەتا تینی تیابوو بەرەو دێیەکە تێیتەقان و لەوێ لەپاڵ دیوارێکدا خۆی دا بە زەویدا تا ماندووی بحەسێتەوە، کەچی دیوارەکەی بە سەردا ڕووخا و ئاخری هەر مرد! کابرا پێیوت ڕاستە منیش ئەم سەرگورشتەیەم بیستووە و ڕاستئەکەی.

بێنەوە سەر مەخسەرەی گا چەقیوەکەی ناوی شەتوربە بوو. گایە خۆی لە زۆنگە ڕزگارکرد و هاتە دەرەوە، ڕوویکردە مێرگێکی خۆشی پڕ لە لەوەڕ و ئاو و بە ئارەزووی خۆی لەوەڕا و ڕایبوارد و قەڵەو بوو، ترسی لە هیچ شتێک نەما و غەڕایی گرتی و پڕبەدەم دەستیکرد بە بۆڕەبۆڕ و ئەو جەنگەڵستانەی نزیکی دەنگیئەدایەوە.

لەم جەنگەڵستانە چڕەی نزیک ئەو مێرگەش‌دا، شێرێکی کەڵلەڕەقی تووڕە بووبوو بە پاشای دڕندەکانی ئەو ناوە و گوێی لە قسەی هیچ کامێکیان نەئەگرت و ئەبووایە پڵنگ و گورگ و ڕێوی و چەقەڵەکانی ئەو ناوچەیە هەموو ڕۆژێک بچن بۆ ڕاو و نێچیر بۆ پاشای دارستان پەیدابکەن و بهێننە بەردەمی، چونکە خۆی نەئەگەڕا و هەر بە پاڵکەوتن ڕۆژانی ئەبردە سەر.

هەر لەناو ئەو دەستوپێوەندەی شێرەدا، دوو چەقەڵ هەبوون، کە یەکێکیان ناوی کلیلە و ئەوی‌کەیان ناوی دەمنە بوو. ئەم دووانە هەتا بڵێی خاوەن‌بەهرە و زانا و تێگەیشتوو و فێڵباز بوون.

ڕۆژێکیان دەمنە بە کلیلەی برای وت: ئەریٚ کاکە! تێم‌ناگەیێنیٚ لەبەرچی ئەم شێرە هەر پاڵکەوتووە و بایەکی باڵی خۆی نادا و ناجووڵیٚ؟!

کلیلە پێی‌وت: برام، ئێمە چ کارمان بە کردار و ڕەفتاری شێرەوە هەیە، پاشامانە و ئێمە دەرگاوانی و حەز لە چی بکات، ئێمەش حەزی لیٚ‌ئەکەین و چیشی نەویٚ، نامانەویٚ و ئێمەی پچووکی بیٚ‌دەسەڵات ڕادەی ئەوەمان ناکەویٚ وەک پیاوی گەورە قسە لە قسەی پاشایان بکەین و دەست بخەینە کاروباریانەوە و نەکەی بیر لەوە بکەیتەوە، ئەگینا کارەساتی ئەو مەیموونەت بەسەر دیٚ کە دارتاش بەسەری‌هێنا.

دەمنە پێی‌وت: چی بوو ئەو کارەساتە؟

کلیلە وتی گوێم لیٚ‌بگرە:

- ئەگێڕنەوە کە مەیموونێک چاوی‌کەوت بە دارتاشێک، کە سواری شەقەدارێک بووبوو، خەریکی قڵیشاندنەوەی بوو، وە هەرتاوەناتاوێک بەقەد باڵێکی لە دارەکە شەق‌ئەکرد، پوازێکی ئەخستە دامێنەکەیەوە بۆ ئەوەی دارەکە نەیەتەوە یەک.

مەیموونەکە ئەم کردارەی زۆر پیٚ خۆش‌بوو. کە دارتاشەکە بە ئیشێکی خۆی دووکانەکەی بەجیٚ‌هێشت، دەست‌بەجیٚ مەیموونەکە سەرکەوتە سەر دارەکە و ڕووی‌کردە پوازەکە و کلکی کەوتە نێوان دارەکەوە و پوازەکەی ڕاکێشا و دارە هاتەوەیەک و مەیموونەی گەیاندە شەرای مەرگ و بۆ خۆی بوو بە تەڵەوە. کە دارتاشەش هاتەوە، دەستی‌کرد بە لێدانی، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ژانی کلکی لەبیربردەوە.

دەمنە پێی‌وت: بەڵێ، باشە، بەلام هەر کەسێک لە پاشاکان نزیکبێتەوە، بۆ سکتێربوون نزیکنابێتەوە، بەڵکوو بۆ دەستڕۆیشتوویی دۆست و کزوکەوەڵیی دوژمنە. بەڵێ، هەندێ کەسی نزمیش هەیە کە بە کەم شوکرانە ئەکەن و بە پارچەئێسقانێک وەک سەگ قنیاتئەکەن.

بەلام خاوەنبەهرە و وەجاغزادە و تێگەیشتوو و لێهاتوو هەرگیز حەز لە کەم ناکەن و بە دەستکورتی دابین‌نابن و هەوڵی بەرزبوونەوە ئەدەن، هەتا ئەو ڕادەیەی کە ئەتوانن و ئەمانیش وەک شێر وانە لە کردارا و شێرێک کە کەروێشکێکی کرد بە نێچیر و ڕاوی‌نا و چاوی بە حوشترێک کەوت، بێ‌گومان حوشترەکەی ئەوێ و واز لە کەرۆێشکەکە ئەهێنێ. سەگی بێ‌نرخ کلک ڕائەوەشێنێ بۆت، هەتا ئێسقانەکەی بۆ ئەهاوێژی، بەلام کە خواردن ئەبەی بۆ فیل، نایخوات، هەتا دەم‌وچاوی بۆ نەسڕیت و مەراییی بۆ نەکەی، چونکە ئاژەڵێکی بەکەڵک و بەهێزە. ئەوی دەستی ئەڕوا و هەیەتی و بەو بۆنە خزمەتی کەسوکار و دۆستی خۆی ئەکات، تەمەنی درێژە، هەرچەندە زووش بمرێ. ئەوی ڕژد و گیریشە و سوودی بۆ خۆی و کەسوکاری نییە، مردووی گۆڕستان لەو زیندووترە، هەرچەندە زیندووش بێ. ئەو کەسەی هەر هەوڵی ورگی خۆشی بدا و بەو ورگپڕییە قنیاتبکات و واز لە هەموو شتێکی‌تر بهێنێ، لە ڕیزی ئاژەلا ئەژمێردرێ.

کلیلە پێی‌وت: ئەوا تێتگەیشتم، بەلام جارێکی‌کەش بیربکەرەوە و ئەوە بزانە کە هەموو مرۆڤێک پایە و شوێنێکی هەیە و ئەوی لەو پایە و شوێنەی خۆی‌دا سەرکەوتووبوو، ئەوا ئەبێ ئارامبگرێ و ئێمەش پایەمان نزم نییە و با بەمە خۆشحاڵبین.

دەمنە هەڵی‌دایەوە و وتی: بەڵێ، هەموو کەسێک پایەی هەیە و پایە تا پایە توافێری[1] هەیە و هەموو خاوەن بەهرە و توانا و ڕەوشتبەرزێک، ئەبێ لە پایەی خواروو قنیاتنەکا و بەرەو بەرزتر هەنگاوبنێ و هەوڵبدات. وە ئەوانەی بە خۆڕایی چوونەتە پایەی بەرزەوە، زۆر خراپ سەربەرەوخوار ئەبنەوە بۆ نزمی. بەرزبوونەوە زۆر گرانە و خلۆربوونەوە زۆر ئاسان. بەرد هەڵگرتن قورسە و دانانی ئاسان. لەپاشا بۆ ئێمە کە بتوانین بچینە بارێکی باشتر و پایەیەکی بەرزترەوە، ڕازی‌بین بەم بارەی ئێستامان؟

---

[1] توافێر: جیاوازی. (س)

کلیله پێی‌وت: باشە، ئێستا تۆ بڕیاری چیت داوە؟

دەمنە وتی: ئەمەوێ لەم فرسەتەی ئێستادا سوود لە هەل وەربگرم و بچمە لای شێر، چونکە هەرگیز لە ئێستا، بێ‌ڕەئیتر نەمدیوە و بەڵکوو بتوانم خۆم بەرمە پێشەوە و پایەیەکی باش بپچڕم.

کلیله پێی‌وت: باشە بە چی‌دا ئەزانیت کە سەری لێ‌شێواوە و لە ڕەئی‌دا زەبوونە؟!

دەمنە وتی: بە هەست و باوەڕ و بینین و لێکدانەوەدا ئەیزانم.

کلیله پێی‌وت: باشە، چۆن ئەگەیتە پایە، لە کاتێک‌دا نە خاوەن‌دەسەڵاتی و نە ئەشزانیت چۆن خزمەتی خاوەن‌دەسەڵاتەکان ئەکەیت؟

دەمنە پێی‌وت: پیاوی بەهێز و توانا و زانا، باری قورس و کرداری گەورەی لا سووک و ئاسانە، هەرچەندە لەوەپێش نەشیکردبێ. بەڵام پیاوی زەبوون و نەزان هەموو بار و کردارێکی لا قورس و گرانە، هەرچەندە ئەوە پیشەشی بووبێ.

کلیله وتی: دەسەڵاتدارەکان گوێ‌نادەنە پیاوە زانا و تێگەیشتووە بەتواناکان، بەڵکوو ڕووئەدەنە گوێ‌لەمستە بێ‌زمانەکانی بەرەوخواری بەرەوخوار، وەکوو ئەو مێوەی لەجیاتیی ئەوەی لە هەڵچوونیا متمانە بە دارە شەنگوشۆخە ئەستوورەکان ببەستێت، خۆی لە بنجە نزمەکانی دەوروبەری خۆیەوە ئەئاڵێنێ. چۆن پایەت لای شێر دەست‌ئەکەوێ، لە کاتێک‌دا کە تۆ لێوەی دووری و خۆت نابەیتە پێشەوە.

دەمنە وتی: لە قسەکانت گەیشتم و تۆ ڕاست ئەڵێی. بەڵام ئەوەش بزانە کە ئەوی گەیشتۆتە لای دەسەڵاتدار و هەقی ئەو پایەیەی نییە، هەرگیز خۆشەویست نابێ بەقەد ئەوەی لە دوورییەوە نزیک‌ئەبێتەوە و بە هەق و قەدر و حورمەتی خۆی ئەگاتە پایە و منیش لەو بابەتە ئەبم و بە توانا و کۆششی خۆم ئەیگەمێ. پێشینان وتوویانە: کەس لە کۆڕی پادشاهانا نامێنێتەوە، ئەوانە نەبن کە لووتیان بەرزنییە و بەرگەی ناخۆشی ئەگرن و هەرگیز تووڕەنابن و خەڵکیان خۆش‌ئەوێ و نهێنی ئەپارێزن و کە توانییان وابن، ئەگەنە ئامانج.

کلیله وتی: باشە، گریمان گەیشتیتە لای شێر و بە دڵیا چوویت و مایتەوە، بە چی ئەو حەلە پایە وەرئەگری و بەختیاری ئەهێنێتە دی لە لای؟!

دەمنە پێی‌وت: پاش ئەوەی لێی نزیک‌ئەبمەوە و لە خوو و ڕەوشتی ئەگەم، ئەو حەلە بەوپێیە و زۆر لەسەرخۆ و هێمنانە لەگەڵیا ئەجووڵێمەوە و هەرگیز تێکی‌نادەم لەگەڵیا و کە ویستی کارێکی ڕاست و باش بکات، منیش پشتگیریی‌ئەکەم و

توانای دان‌بەخۆداگرتنی بۆ زیادئەکەم و لایەنی چاکە و خێری ئەو ئیشەی بۆ باس‌ئەکەم تا ئەیگاتێ و پێکی‌ئەهێنێ بۆ ئەوەی زیاتر گەشکەداربێ بە کردارەکەی و ئەگەر ویستیشی، کارێک‌بکات کە خراپە و زیان و ناشیرینیی تیابێ، ئەوا ئەو حەلە ئەم لایەنە خراپانەی لە پێشەوە بۆ باس‌ئەکەم و هەوڵی ئەوەی لەگەڵدا ئەدەم کە واز لەو کارە بێنێ و نەیکات، لەبەر ئەو ئەنجامە خراپانەی لێوەی دێنە دی.

بەم کار و کردەوانە -بێ‌گومان- زیاتر ئەچمە دڵی شێرەوە و خۆشەویست و پایەبەرزتر ئەبم و ئەوەی لە مندا ئەیبینێ، لە خەڵکێکدا چاوی پێی‌ناکەوێت. پیاوی ئەدیب و زانا و تێگەیشتوو ئەتوانێ هەق بپووکێنێتەوە و ناهەقی بکات بە هەق، بە قسەی باش‌ڕێکخراوی جوانکراو و زمانی لووس. وەک ئەو نیگارکێشە هونەرمەندەی لەسەر دیوار جۆرە وێنەیەکی وا ڕەنگ‌ئەڕێژێ، کە ئەڵێی لە دیوارەکە هاتۆتەدەرەوە و جۆرێکی‌تری ئەوتۆش کە ئەڵێی چۆتە ناوەوە بە قووڵاییی دیوارەکەدا، بەڵام لە ڕاستیش‌دا نە ئەویان هاتۆتە دەرەوە و نە ئەمیشیان چۆتە قووڵاییی دیوارەکەوە. شێرەش کە زانیاری و دەمڕاستی و بیروردی منی بۆ دەرکەوت، ڕێزم لێ‌ئەگرێ و لە خۆیم نزیک‌ئەکاتەوە.

کلیلە پێی‌وت: دوای ئەم وتووێژە هاتوومەتە سەر ئەو بڕوایەی بترسم لەوەی پاشا شتێکت لێ‌بکات، چونکە لەگەڵ هەڵسان و دانیشتنی پڕە لە مەترسی و زاناکان وتوویانە پیاوێ گەوج نەبێ، سێ شت هەیە نایانکات، چونکە کەم کەس ڕزگاری‌ئەبێ لە ئەنجامەکانیان، ئەویش دۆستایەتیی پاشا و نهێنی‌درکاندنی لای ئافرەت و خواردنەوەی زەهرە بۆ تاقیکردنەوە. زاناکان پاشا بە شاخێکی بەرز دائەنێن، کە سەرەوەی پڕە لە میوەی خۆش و لە گەوهەر و بەردی بەنرخ و دەرمانی پڕلەکەڵک، بەڵام سەرکەوتنەکەی زۆر گرانە و ڕێ‌وبانەکانی سەختن و پڕن لە شێر و پڵنگ و گورگ و هەموو جۆرە دڕندەیەک و هەموو شێوەیەکی مەترسی و مانەوەش لەو بەرزاییە زۆر گرانترە لە سەرکەوتنەکەی.

دەمنە وتی: ڕاستن هەموو قسەکانت، جوانن هەموو ڕاوێژەکانت، بەڵام ئەوی خۆی فڕێ‌نەداتە مەترسییەوە، ناگا بە ئاوات و یەکێک بۆ بەرزی نەڕوانێ و بۆی نەکەوێتە ڕێ، هەرگیز پێی‌ناگا و پێشینان وتوویانە کە بە توانا و دانا و نەترس نەبی، ناگەیتە سێ شت: هاوڕێیەتیی دەسەڵاتداران و بازرگانیەتیی دەریا و بەرامبەروەستانی دوژمن. زاناکان وتوویانە کە پیاوێ پیاو ئەبێ، لە دوو جێگا ببینرێ، یان بە شان‌وشکۆوە لەگەڵ پاشایان و دەسەڵاتدارانا، یان لە کونجی تەقوای

پیاوچاکانا. جوانی و ڕێزی فیل لە دوو شوێندایە، لە جەنگەڵستانا کە دار لەبن دەرئەکێشێ لە کێوێتی‌دا، یان کە زینی لێ‌ئەکرێ و پاشا لەسەر پشتی دائەنیشێ.

**دەمنە ڕووئەکاتە لای شێر**

لەپاش ئەو دەمەتەقێیە، دەمنە ملی ڕێی گرتەبەر بۆ لای شێرە و پێش ئەوەی بیگاتێ، دەستی‌کرد بە کڕنووشبردن و ڕێزگرتن و خۆ لە خۆڵەوە وەردان، هەتا گەیشتە بەردەمی شای جەنگەڵستان. شێرەکە چاوی پێی‌کەوت، لە دانیشتووانی پرسی ئەمە کێیە؟

ئەوانیش پێیان‌وت: قوربان، ئەمە فلانی کوڕی فلانە.

شێرە وتی: ها .. من باوکی ئەناسم. ئێ .. ئێ.. ئینجا ڕووی دەمی تێ‌کرد کە چیی ئەوێ و بۆچی هاتووە.

دەمنە وتی: قوربان، پاسەوانی دەرگاتانم لە دوورەوە و چاوەڕوانم کارێکتان پێم بێ، تا بە هەموو توانایەکمەوە جێ‌بەجێی‌بکەم، چونکە من بڕوام وایە کە لە خانەوادە و دەرگای پاشایانا ئەوەندە ئیش زۆرە کە پێویستی بەوانەش هەیە کە پچووکن و کەس گوێیان‌ناداتێ هەتا بیرئەکەونەوە. چیلکەش، قوربان، بەکەڵکە لە کاتی پێویستی‌دا. شێرە ئەم قسانەی بەدڵ‌بوو، بۆیە ڕووی‌کردە خەڵکەکە و وتی: پیاوی وەجاغزادە و لێهاتوو، هەرچەندە پچووکیش بێ، خۆی هەر دەرئەخا و پیاوەتیی ناو دەروونی ڕێی پێ ئەگرێتەبەر بۆ بەرزی، وەک ئەو مەخشەڵەی هەتا یەت گڕەکەی بەرزترئەبێتەوە.

کە دەمنە گوێی لەم قسانە بوو، تێ‌گەیشت کە چۆتە دڵی شێرەوە، بۆیە وتی: ئەی پاشا! دەستوپێوەن بۆیە ڕووئەکەنە قاپیی پاشاییتان، تا لە زانست و حیکمەتتان دەرس وەربگرن و پێشینان وتوویانە: جەنگاوەر هونەری جەنگاوەر ئەزانێ و زانا پاداشتی زانا ئەداتەوە و قەدری زێڕ وا لای زەڕەنگەر. زۆریی دەستوپێوەندی تاقی‌نەکراوە لەوانەیە زیانی زۆرتربێ لە سوود و کاروبار. بەڕێوەبردن بە زۆریی دەستوپێوەن نییە، بەڵکوو بە باشی و لێهاتوویییەوەیە، نە دار بە لەپی دەست ئەبڕدرێتەوە و نە پیاوی نەزان ئیشی گەورەی پێ‌ئەکرێ. تۆ دنیادیدەی، بۆیە پیاو ئەناسی و گەلێک جار پیاوی پچووک کاری گەورەی لەدەستدێ و ئەو ڕیخۆڵانەی لە لەشی ئاژەڵی مردوو خۆش‌ئەکرێن، ئەبن بەو تەلی مۆسیقایەی لە کاتی ڕابواردنا پاشایان ئاوازی خۆشیان لێ‌هەڵئەسێنن، یان کە کران بە کەوان، لە ڕۆژی شەڕدا ئەیگرن بەدەستەوە.

پاشایان لەبەر خۆشەویستیی باوک یان ڕقلێبوونی کوڕەکانیان لە خۆیان نزیک یا دوور ناخەنەوە، بەڵکوو لەبەر توانا و ڕاستی یان بێتوانایی و ناڕاستییە.

ئەم قسانە بوون بە هۆی ئەوەی زیاتر دڵی شێر بە دەمنەدا بچێ، بۆیە وتی: پێویستە لەسەر دەسەڵاتداران کە نەیەڵن هەقی کەس بفەوتێ و خەڵکیش دوو جۆرن: یەکەمیان وەک کێوی وایە، ئەگەر پێینا بە مارێکدا و پێوەیئەنەدا. جارێکیتریش پێی پیائەنێتەوە و مارەش پێوەیئەدات. جۆری دووهەمیش وەک داری سەندەلوس سارده و ساف، بەڵام ئەگەر تینی زۆری بۆ هات، گەرمئەبێ و ئەسووتێنێ.

دوای ئەمە، شێرە و دەمنە بوون بە دۆست و ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕی و ڕۆژێک لە ڕۆژان هەردووکیان بە جووتە کەوتنە دەمەتەقێ و دەمنە پێیوت: بزانم پاشا هەر بێرەوە نووساوی و بۆ هیچ شوێنێکیکە گەشتوگوزار ناکەی؟ لەم کاتەدا شەتوربە بە هەموو توانایەکیەوە بۆڕاندی و شێرە ترسی لێنیشت و تووڕەبوو. دەمنە پێیوت: قوربان، گەورەپیاوان گوێنادەنە دەنگی گەورە و زانایان وتوویانە: پیاو نابێ لە دەنگ بترسێ. شێرە وتی: بەسەرهاتێکم بۆ باسبکە بەڵگەی ئەم قسەیە بێ.

دەمنە وتی: ئەڵێن ڕۆژێکیان ڕێوییەک ڕووئەکاتە جەنگڵستانێک، کە دەهۆڵێکی ئێجگار گەورەی تیا کراوە بە دارێکدا و هەرچەند با هەڵئەکات و لقی دارەکە ئەجووڵێتەوە، دەنگێکی ئێجگار گەورە لە دەهۆڵەکەوە پەیدائەبێ و ڕێوییەش ڕووئەکاتە شوێنی دەنگەکە و چاوی بە گەورەیییەکەی کەوت، وتی - بێگومان- کەوتم بەسەر گۆشت و دووگێکی باشا و هەر خەریکی پیاهەڵزنانی دارە بوو، هەتا خۆی گەیاندە دەهۆڵەکە و دڕاندی. کە تەماشائەکات بۆش و بەتاڵە و بە کەساسییەکەوە وتی: دوورنییە شتی قەبە و دەنگی گەورە بەتاڵترین و بۆشترینی شتی ناو ئەم دنیایە بن.

ئێستاش ئەگەر ئارەزووئەکەی، تۆ لێرە چاوەڕوانمبکە، تا ئەڕۆم بۆ شوێنی ئەو بۆرەیە و ڕاستییەکەیت بۆ دەرئەخەم. شێرە ئەم قسەیەی بەدڵبوو، دەمنە ڕۆی. لەپاش کەمێک شێرە بیریکردەوە و پەشیمانبووەوە لەو بڕیارەی کە دای و وتی: نەئەبووایە ئەم دەمنەیەم وا زوو بکردایە بە یاوەری خۆم و هەست و نەستم بخستایە ژێر دەست و نهێنیی خۆمم بۆ ئاشکرابکردایە. ئەم کابرایە ماوەیەکی زۆرە لە بەرەوخواری بەرەوخوارەیە و زانایە و تێگەیشتوو. ئەگەر

لەبەر دوورخستنەوە داخی لیَ‌هەڵگرتبم، یان گوناهێکی کردبێ و بیەوێ خۆی لە ئەنجامەکەی ڕزگاربکات، یان حەز بە دەسەڵات و گەورەیی بکات، یان بووبێ بە پیاوی دوژمنەکانم و بیەوێ لە نزیکەوە زەفەرم پیَ‌بەرێ، یان –گریمان– ئێستا بچێ و لەگەڵ ئەو خاوەن‌دەنگە بیَ‌ڕەزایەدا یەک‌بگرێ لە دژی من و جێگاشم ئەزانێ ... بەڕاستی هەقنییە دەسەڵاتداران زووبەزوویی متمانە بە هەموو کەسێک بکەن و ساویلکە و دڵساف بن. دوای ئەم قسانە هەستا و لەو شوێنەی دوورکەوتەوە و چووە جێگایەک کە هەموو شوێنێکی لێوە دیاربێ و خۆی مەڵاس دا. لەم کاتەدا چاوی بە دەمنە کەوت وا گەڕایەوە، زۆری پیَ‌خۆش‌بوو، بۆیە بەرەوپیری چوو.[1]

[1] بە بەراورد لەگەڵ وەرگێڕدراوێکی‌تری کوردیی "کلیلە و دەمنە"، ڕەفیق چالاک هەر بەشێکی کەمی ئەم کتێبەی وەرگێڕاوە و تەواوی‌نەکردووە، یان ڕەنگە تەواوی‌کردبێ و بەردەست‌نەکەوتبێ. (س)

## سێ کورتەچیرۆکی فۆلکلۆری کوردی*

هەموو بەرهەمە جۆربەجۆرەکانی ئەدەب و هونەر، لە هەر چەرخ و ئانێکدا، تاوێکی گەورە ئەکەنە سەر هۆش و دەروون و ئاڕاستەکاریی کۆمەڵگاکانی میللەتان. میللەتی ئێمەش بەرهەمی جۆربەجۆری هونەر و ئەدەبی هەبووە و هەیەتی، بەڵام وەک پێویستە و وەک نەتەوەکانی کە هەتا ئێستا ڕۆڵەکانی نەیانتوانیوە ئەو بەرهەمانەی ڕابوردوو لە بەرگێکی نوێدا بهێننەوە سەر شانۆی ژیانی ئەمڕۆمان و بیکەن بە دەستەبەرەی خزمەتی ئێستایان بۆ سبەینێیەکی پرشنگدارتر و ڕازاوەتر.

کەلەپوورێک، میراتییەکی ڕابوردوومان، هەیە لە هونەر و ئەدەب و هەموو بەشەکانی‌کەی ژیاندا، هەندێکیان خاوەنیان هەیە و ناسراو، هەندێکی‌کەشیان بەرهەمی ڕۆڵە لێهاتووەکانی سەردەمی خۆیانن و ونکراون و بێناوونیشان. زیندووکردنەوە و بەرگبەبەراکردنەوە و ڕازاندنەوەی ئەو بەرهەمانە، ماندووبوونێکی زۆری ناوێ. بەڵام بیەوێ یا نەیەوێ ئەرکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی سەرشانی هەموو خاوەنبەهرە و بەتوانایەکی ئەم کوردە. ئەوی دوێنێی نەبێ، ئەمڕۆی هیچ و سبەینێی پڕ لە دەستبەدەستادان و بۆڵەبۆڵ و سەرزەنشتی گوێئاگردان. ئەبێ بەرهەمی ڕابوردووی میللیمان ببووژێنینەوە، گیانی تازەی بەبەرابکەینەوە و بیکەین بە بەردی بناغەی بەرهەمی شیاو بۆ ئەمڕۆ، تا سبەینێیەکی جوان دروستببێ و چ خۆمان یا -هیچ نەبێ- منداڵەکانمان لە کوێرەوەری ڕزگارمانببێ.

لە ڕێڕەوەی ژیاندا گەلێک ئەبینین، هەندێک ئەبیستین، تۆزێکیش ئەخوێنینەوە. بە ئەنجامی ئەم بینین و بیستن و خوێندنەوەیە و بە هەڵچوونی تەمەن، ئەبین بە شتێک، بەکەڵک، یا بێکەڵک. قسە لە بێکەڵکەکە ناکەین، ئەوی ئەمانەوێ، یان میللەت ئەیەوێ لە بەکەڵکەکە، ئەوەیە چی ئەتوانێ بیکات. شتمان دیوە... چاک یا خراپ، با لە خەڵکەکەی بگەیێنین، بۆ ئەوەی کەڵکی لێوەربگرن. هەروەها چ سوودێکمان لە بۆگێڕانەوە، یان لە خوێندنەوە وەرگرتووە و

* گۆڤاری "بەیان"، بەغدا، ژمارە ٧، ١٩٧٢، ل١٠-١٢.

بەکەڵکی خەڵکی دێ، با دایڕێژین بەو ڕێیەی بە چاکی ئەزانین. تۆ بە چیرۆکی تەمسیلی، ئەو بە ئاواز، ئەویتر بە نووسین، ئەمیکە بە هۆنراوە.

سوودم لە ڕۆژێکی بێئەرک وەرگرت و ئەم سێ کورتە چیرۆکەم بۆ تۆمارکردن، با کەڵکیان لێوەربگیرێ و با هەر بمێنن و نەفەوتێن. هەر کەسە چۆنیان تێئەگات، ئارەزووی خۆیەتی، کێ چی ئەڵێ لەدوای خوێندنەوە، ئەوە شتێکە پەیوەندیی بە منەوە نییە، چونکە چیرۆکە وردیلەکان (فۆلکلۆری کۆنن) هیی من نین.

**چیرۆکی یەکەم**

بریندار و خێرەومەند

ئەڵێن پیاوێک هەبوو، کەڵەپیاو و هەڵکەوتوو، ڕۆژێک  و دووان و سیان و چوار خەڵکی هانایان بۆ برد و داد و بێدادیان بۆ ڕوونکردەوە و داوایان لێکرد کە ڕزگاریانکا لەدەست ئەو بەڵایانەی کراون بە کوڵکی خەڵکەکەوە. پیاوەی گەورە، پیاوی شارەزا بە ناخ و هەست و ڕەوشتی خەڵکی، زەردەخەنەیەک گرتی و سەری بادا و پێیوتن:

– لە ڕابوردوودا پیاوێکی پەککەوتەی برینداری ڕووت و ڕەجاڵ و بێکەس، لە بەردەرگای مزگەوتێکدا کەوتبوو، مێشێکی زۆریشی تێوە درووکابوو. خێرەومەندێکی وەک ئێوەمانان بەوێدا تێپەڕی، زۆری بەزەیی پیاهاتەوە و چوو باوەشێنێکی کڕی و دەستبەجێ مێشی لە بریندارە دوورخستەوە و مێشە هەریەکە بە لایەکدا و لەپاش ماوەیەک هیلاکبوو. مێش هاتنەوە وێزەی. کابرا بریندارە، چاوی هەڵبڕی و ڕووی دەمی کردە خێرەومەند:

–  ئەرێ کاکی برا! من دوژمنتم؟ هیچم لێکردووی؟ هیچم لێ داواکردووی؟

خێرەومەند، پێیوت: حاشا.. حاشا! بەڵام بەزەییم پیاتاهاتەوە و مێشم لێدەرکردی و بەخێرم زانی.

بریندارە، پێیوتەوە: یاخوا خێرت نەنووسێ!

خێرەوەمەندە خۆی پێنەگیرا و پێیوت: بۆچی کابرا؟!

بریندارە وتی: چونکە ئەگەر لەپاڵ دەروونباشیتا، شارەزاییشت هەبووایە، تێئەگەیشتی کە ئەو مێشانەی تێمەوە درووکابوون، تێربووبوون وە ئازاریاندابووم وە بڕابووەوە! بەڵام کە تۆ ئەوانەت لێدەرکردم، هیی تازە

هات، کە برسیبوون و برینیان هێنامەوە سوێ و هەتا ئەمانیش تێرئەبن، ئەبێ هەر لە ئازارا بم و جارێکیتریش خێرت نەنووسێ و برۆ بە ڕێی خۆتەوە.

**چیرۆکی دووەم**

کوڕم پێموتن

پیاوێکی تێگەیشتوو گەورەی دێیەک بوو، دێیە هەر لە گەشەکردنا بوو، هەتا گەیشتە پلەی نیمچەشارێک. کوڕەکانی گەورەبوون بە تەمەن و غەڕایی گرتنی و باییبوون و خۆیان لە باوکیان بە گەورەتر ئەزانی و ڕۆژێک لە ڕۆژان داوایان لە باوکە کرد کە ئیتر با لەودیو، لە حەرەم ئیسراحەت بکات و پیربووە و با نەیەت بۆ دیوەخان و ئەمان کاروبار ئەبەنبەڕێوە.

باوکە کە کوڕەکانی خۆی باش ئەناسی و ئەیزانی جارێ کەڵکی ئەوەیان نییە، گەیشتە ئەو بڕیارەی کە با بێدڵییاننەکات و بەڵام ئاگاشی لە هەموو شتێک بێ.

باوکە لەودیو و ئەمان لە دیوەخان و کابرایەک بە هەڵەداوان هات بۆ شکات:

- قوربان! گەورەیینە! خوا ڕاوەستاوتانکا! هەرچەندە بێئەدەبیشە لە حزووری ئێوەدا ئەم قسەیەم بکەم، بەڵام هەر ئەبێ بیکەم و ئەویش ئەوەیە کە نەک کەڵەشێر، بەڵکوو مەڕ و کوڕیشم سەرببڕن، هەر بە قوربانی ئێوە بێ. مەسەلە کوشتنی کەڵەشێرەکەم نییە، بەڵکوو ئەو بارسووکییەیە کە لێیانکردووم. ئەگینا ئەمە چەند ساڵ و عەیامە لەم دێیەدا هیچ ڕوویەنەداوە، ئەبێ بۆچی ئێستا کەڵەشێری من بکوژرێ و فڕێبدرێتەوە ناو حەوشەکەمان؟!

گەورەکان دایان لە قاقای پێکەنین: بە خوا کابرا تۆ گەوجی، کەڵەشێر چییە بکوژرێ. برۆ، برۆ، با خەڵک گوێیان لێنەبێ و گاڵتەت پێبکەن، برۆ!

کابرا تەماشایەکیکردن و هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەری دانەواند و پشتی تێکردن و بەجێیهێشتن.

باوکە لەودیوەوە گوێی لەم قسانە بوو، نیوەڕۆ پێیوتن: کوڕم! من لە جێی ئێوە بوومایە، ئەگەڕام هەتا کەڵەشێرکوژم ئەدۆزییەوە و ئەمکوشتەوە! کوڕەکانی دیسان دایانەوە لە قاقای پێکەنین:

- یاخوا خۆشبی، بابە! چۆن لەسەر کەڵەشێرێک، پیاوێک ئەکوژرێ!

باوکە وتی: ڕۆڵە، وا من پێموتن، ئەوی کارێکی وای کرد و بەربەستنەکرا لە سەرەتاوە، کاری خراپتریش ئەکا. ماوەی چەند ڕۆژێکیکە بەسەر ئەم

قەوماوەدا تێپەڕی و هەر گا و مانگا و ڕەشەوڵاغ بوو بە کلکبڕاوی ئەهاتنەوە ناو دێ و لە هەمووماڵێکەوە مقۆمقۆ و تووڕەبوون دەستی پێکرد و لێشاوی عەشام ڕوویکردە دیوەخان و مەسەلەیان لە گەورە پیاوان گەیاند و باوکە لەو دیوەوە گوێی لێیە.

ئەمجارەش گەورەکان کەوتنەوە پێکەنین و وتیان:

– ئەرێ ئێوە عەیبناکەن ئەم جۆرە باسانە ئەکەن؟ گا، کلکی ببێ یا نەیبێ، زەوی هەر ئەکێڵێ و مانگاش، با بێکلکیش بێ، شیر هەر ئەدا. کلک چییە، ئەوەندەی لەسەر ئەڕۆن! یاهوو، زەمانێک تێکەوتین خەڵکەکەی هەموو گەوجن، بڕۆن، دەی! هەر کەسە بۆ ماڵی خۆی.

باوکە خۆی پێنەگیرا و لە دەرگای مابەینەوە خۆی کردەوە بەم دیوا و ڕوویکردە خەڵکە واقوڕماوە تووڕەکە و وتی: "کەس نەڕوات!" بە کوڕەکانیشی وت:

– کوڕم، پێموتن کەڵەشێرکوژ بکوژنەوە، نەتانکرد. ئەوا کلکی ڕەشەوڵاخ بڕدرا و دوای ئەمەش نۆرەی خەرمانسووتان و دزی و تالان و پیاوکوشتنە. هێشتا ماوتانە لە دیوەخان دانیشن و جێی ئێوە جارێ دیوی حەرەمە! دەی خێرا بۆ ئەودیو. ڕووشیکردە خەڵکەکە و پێیوتن: بە هێمنی و بە لەسەرخۆیی بچن کەڵەشێرکوژم بۆ بێنن و با لەوێوە تەمێکاری دەست پێبکا.

**چیرۆکی سێیەم**

شوان و مار

کابرایەک لە دێیەکدا بوو بە شوان. یەکەم ڕۆژ و دووەم و سێیەم و چوارەمیش و هەموو ڕۆژێکی ئەو هەفتەیەش تەماشایئەکرد یەکێک لە مەڕەکانی مردووە و ئاوساوە. لە دواییدا بۆی ساغبووەوە کە مار پێوەیانئەدا.

خەڵکی دێیەکە، خاوەنماڵاتەکان بەیەکاهاتن و لەناو خۆیاندا بڕیاریان دا سنوورێک بۆ ئەم زیانە دابنێن کە ئەم شوانە دوچاریانئەکا و بگرە کوێت دێشێ، وایان لێکرد کە ئەگەر ژنەکەی قورئانی نەبردایە بەردەمیان، هەر نەیانئەهێشت ئیتر بژی. هەرچەندە شوانەی کڵۆڵ داوای لێکردن کە هیچ

گوناهی نییه و ئیتر شوانی ناکا و با بمریّ له برسانا باشتره لەم حاڵه بەدەست ئەوان و بەدەست مارەوە، هیچ سوودیﻧەبوو.
بۆ سبەینیّ بەیانی، شوانه به لەشی تێکشکاوەوه مەڕی دایه پێش خۆی و که له دیّ دەرچوون و گەیشتنه لەوەڕگا، به هەموو هێزێکیەوه هاواریکرد:
- مارە! مەعزەن لیللاهـ! تووبی خوا و هەموو پێغەمەران و پیاوچاکان و شایماران، بەسه ئیتر و وەرە -مەردی چاک بە- چیت ئەویّ ئەتدەمیّ و وازم لێبێنه، با پارووپەک نانی ڕەحەتی قوزەڵقورت بکەم.
لەپاش دووسیّ بانگەواز و پاڕانەوه، کاتێکی زانی مارێک لێیهەڵسایه سەر کلک و به شوانەی وت:
- ڕاستئەکەی.
شوانەش به ئەوپەڕی ترس و پاڕانەوەوه، هەزارویەک سوێندی بۆ خوارد.
مارە پێیوت: ئەوی له تۆم ئەویّ، ئەوەیه که هەموو بەیانییەک جامێک شیرم بۆ بخەیته بەردەمی ئەو کونه و ئێواریّ جامەکەی خۆت ببەرەوه لەگەڵ پاداشتا و ئیتر پێوەدان تەواو. شوانه له خۆشییانا وەختەبوو باڵبگریّ.
- قوربان، لەجیاتیی جامێک، سیانت بۆ دائەنێم و پاداشتیشم ناویّ.
مارە وتی: گەوجمەبە! دنیا هەمووی به دەستیاوه، چاکەم لەگەڵدا بکه و چاکەت بدەمەوه و بەم جۆره پێکهاتن.
هەموو بەیانییەک له جامێکی پاکدا شیر ئەخرایه بەردەمی کونەمار و ئێواریّ لیرەیەکی سوور لەناو جامەکەدا بوو. مەڕ هەمووی قەڵەو و گوان پڕ له شیر. خەڵکی دیّ شادمان و وتیان چاوتان لێیه چۆن شەق ئەزانیّ قۆناغ له کوێیه و تێلا له بەهەشتەوه هاتووه؛ ئەگەر ئەو لێدانه مزره نەبووایه، ئێستا کەسمان مەڕمان نەمابوو.
شوانەش له خۆشیی کوپەی پڕ لیرەی سوور بسکەی سمێڵی ئەهات و مەجبوورنەبوو نهێنیی خۆی بۆ ئەو گەوجانه ئاشکرابکات. لەپاش ماوەیەکی زۆر دایکی شوانه نەخۆشکەوت و جوابی بۆ نارد که بچیّ بۆ لای، تا دیارئاخر نەبیّ لێی.
شوانەش ئەرکەکەی خۆی به کوڕەکەی سپارد و نهێنیی بۆ گێڕایەوه و داوای لێکرد که به کەس نەڵیّ و لیرەکانیش بخاته ناو کوپەڵەکەوه هەتا دێتەوه و ڕۆی.

ڕۆژی یەکەم کوڕە شیرەی لە بەردەمی کونەدا دانا و خۆی لێ ماتدا. تەماشایکرد وا مارە هاتە دەرەوە و شیرەی خواردەوە و سەریکرد بە کونێکیکەدا و لەو سەرەوە لیرەیەکی بە دەمەوە بوو، فڕێیدایە ناو جامەکەوە. تەماع گرتی و بیری ڕۆی.. بۆچی ئێمە هەموو ڕۆژێک شیر بدەین بەم مارە؟ بۆ نەیکوژین و کونە هەڵبکەنین و غەزنەکە ببەین بۆ خۆمان، ببڕێتەوە؟! بۆ سبەینێ بێڵێکی لەگەڵ خۆیدا هێنا و بەدیار جامە شیرەوە وەستا.

کە مارە هاتە دەرەوە و دەستیکرد بە شیر خواردنەوە، هەتا هێز لە بازووی کوڕی شوانەدا بوو، بێڵی داوەشاندەوە بۆ سەری، بەڵام بەر کلکی کەوت و یەکدوو بستی لێکردەوە و مارەش لێیوەرچەرخایەوە و پێوەی دا و کوڕە مرد. کە ئەم خەبەرە جگەربڕەیان گەیاندە شوانە، دەستبەجێ دایکیی بەجێهێشت و هاتەوە و مەڕی دایەوە پێش و ڕوویکردەوە لەوەڕگاکە و بانگی لە مارە کرد:

– وەرە دەرەوە و با لە مەسەلەکە بدوێین. ئەم کەتنەیان لە پای چی؟

مارە سەری لە کون هێنایەدەرەوە و بەسەرهاتەکەی بۆ شوانە گێرایەوە و پێیوت کە خەتا و گوناهی نییە و ئەگەر کوڕە نەیویستایە بیکوژێ، ئەم پێوەینەئەدا.

شوانەش پێیوت: وا تێیگەیشتم و قەیناکا، ئەوی ڕۆی ڕۆی. با سەرلەنوێ لەسەر پەیمانی پێشوومان بەردەوامبین.

مارە سەری بۆ لەقاند و پێیوت:

– ئەتەوێ خۆت بخەڵەتێنی، یان من؟

شوانە پێیوت: نە تۆ و نە من، خەڵەتاندنی چی؟

مارە پێیوت: خۆت گێل و گەوج مەکە، من بە کلکی قرتاوەوە و تۆ بە سکی سووتاوەوە جارێکیکە و متمانە ؟! ببڕایببڕ!

## له شاری مردووانا

بۆ زیندووه مردووەکانمان

چەند ساڵێک لەمەوبەر، هاوڕێیەکی نازدار و نیشتمانپەروەرم، لە تافی سەرەتای ژیانی لاوییا، هەموو هیوا و ئاواتێکی لەگەڵ خۆیا بردە خاکەوە. ئەو خونچەگوڵە کە خەریکبوو تازە ئەکرایەوە لە باخچەی ژیانا، بە کۆڵێ ئێش و ناسۆرەوە هەڵوەری و کەوتە ژێر گڵ. بەیەکاهاتنی گەلێ بیروباوەڕی تۆقێنەری جیاجیای دەروون، هەراسانیانکردم، ئارام و ئۆقرەیان لەبەر بڕیم، مەجبووریانکردم لە دەمەدەمی ئێوارێدا سەر شۆڕکەم و ماڵ بەجێبێڵم، ڕووبکەمە ناو کۆمەڵ، بەڵکوو ژیانی کۆمەڵایەتی بتوانێت کەمێک دوورمبخاتەوە لەم بیروباوەڕانەی ژیانی لاکەنارییان لێ تاڵکردووم.

ڕووومکردە تاقە یانەکەی ناوشار، کە شوێنی کۆبوونەوەی ئەندامە زۆر خوێندەوارەکانی وڵاتە، لە سووچێکا دانیشتم، بەڵکوو یەکێک لە هاوڕێکانم بدۆزمەوە. ڕووومکردە ئەم یانەیە و نەچوومە هیچ شوێنێکیتر، چونکە بڕوام وابوو لەم شوێنەدا دەرمان نەدۆزمەوە، لە هیچ کوێیەکیتر چنگمناکەوێت. ئایا لە ماڵی خزم و کەسوکاری نەزان، یان لە چایخانە پڕ دووکەڵ و پڕ دەنگەدەنگ و جنێوفرۆشەکانا چیم پێئەبەخشێت، جگە لە پەستی و لە دەرد زیاتربوون نەبێت! ڕووومکردە ئەو تاقە یانەیەی ناوشار کە خوێندەوارەکانی ئەو شارە تیا کۆئەبنەوە و وەختی بەتاڵیی تیا بەسەرئەبەن. ئایا دەرمانی من لای ئەم خوێندەوارانە نەبێت، لە کوێیە؟ ئایا ئەم خوێندەوارانە نین ئەو کەسانە کە جڵەوی کاروباری وڵاتیان بەدەستەوەیە؟ ئایا ئەمان نین دەرمانی دەردەکانی نیشتمانەکەیان ئەکەن؟

دانیشتم، کتێبوڵکەیەکی پچووکم لە گیرفان دەرهێنا و دەستمکرد بە تەماشاکردن. دووسێ دەقیقەیەکم خۆشبوو، لەپڕ قاقای پێکەنینی بێسەبەب لە هەموو لایەکەوە هەڵسا، زرەی چەریۆ و زرەی پەرداخ و هاوارهاواری بوو، گوێیان کەڕکرد و کاسەی مێشکیان زرنگانەوە. بێگومان دڵم زیاتر پەستبوو وە نەشمتوانی هیچ بخوێنمەوە، ڕووومکردە هەیوانێکیتر و قوژبنێکم تیا

داگیرکرد، که ئەکەویتە بەر دەرکی ژووریک. لەپاش تۆزیک، ئەفەندییەکی شیکی بەعومراچووی دەولەمەند سەرنجی ڕاکیشام بەو لەسەرخۆ ڕۆیشتنەی، که ئەتوت له ژووری مەلیکیک یان قارەمانیکی نیشتمانپەرست نزیکئەبیتەوە، وردورد لەسەر نووکی پەنجە ئەڕوات، ئەلیی ئەچیت بۆ دزی. لەپڕ له بەردەمی دەرکی ژوورەکەدا وەستا، به ئەسپایی دەرگایکردەوە، خۆی کرد به ژوورا. یەکیکیتر و دووان و سیان، خۆیان کرد بەو ژووره نهینییەدا که من به شوینی کۆبوونەوەییکی سیاسیی زۆر گرنگی تیگەیشتم. بەڕاستی باریکی گەورەی خەم و خەفەت لەسەر شانم لاچوو، وام ئەزانی ئیستاکه له ژوورەوه پیلان دائەنین بۆ ڕزگارکردنی ولات، بۆ دەرمانکردنی دەردەکانی کوردستان. لەپاش تۆزیک، زرەی پاره هاته گویم، له دلی خۆما به خۆمم وت: ئاوا ئەبیت پیاوی دلسۆز! ئەمەیه خوێندەواری ڕاستەقینه، خۆبەختکردن له ڕیی نیشتمانا بەم جۆره ئەبیت، ئەوەته هەموو پاره پیشکەشئەکەن بۆ ئەوەی ئەم ولاته له کویرەوەری و هەژاری ڕزگارکەن. خیرا خیرا دلم لییئەدا و تەزووی کامەرانی به ناوشانما ئەهات و ئەچوو. خەوم ئەبینی بەو مەشرووعانەوه که ئەم پیاوه دلسۆزانه ئەیانهینه بەرهەم. لەپڕ مامۆستایەکی کۆنم دەستی خسته سەر شانم و به دەنگیکی بەرز پیيوتم: چیته، تۆ ئەلیی کەشتییەکانت نوقومبووه، ئەوەنده بیرئەکەیتەوه؟! هەلسه با بچینه ئیره، بزانین چییان کردووه به چی! به ڕەنگهەلبزڕکانیکەوه پیموت: مامۆستا، به ئەسپایی قسەبکه، با شتیان لیتیکنەچی!

– لییان تیکناچیت، چش. چاویان دەرئەهات، هەلسه.

خەریکبووم دەست بنیمه بیناقاقای.

– مامۆستا، به کی ئەلیی؟ ناشیریننییه ئەم قسەیه بەو پیاوه دلسۆزانه ئەلیی؟

– چیته تۆ؟! کام دلسۆز؟

– پیاوه خوێندەواره دەولەمەنده نیشتمانییەکانمان، که له ژوورەوه دانیشتوون، ڕەنج بۆ ئەم ولاته ئەدەن. گویت له زرەی پاره بیت، پیشکەشیئەکەن بۆ گەلی مەشرووعی بەهادار.

– ئای که بەسزمان و خاو و ساویلکەی! هەلسه وەره.

پەلیڕاکیشام و بردمیه ژوورەوه. چیم دی؟! کاشکی نەمدییایه و لەو خەو و خەیاله خۆشەی خۆما بوومایه. له دەوری میزیکی گەوره دانیشتبوون

خوێندەوارەکانمان، پارە لە بەردەما و کاغەذی یاری بەدەستەوە، ڕەنگ زەردهەڵگەڕاو، تف لە دەما وشکبوو، لەرزینی ئەژنۆیان مێزەکەی هێنابووە جووڵەجووڵ، بە دوو چاوی پڕ لە بوغض و کینەوە تەماشای یەکتریان ئەکرد، ئەتوت باوکی یەکتریان کوشتووە. ئەمە بوو میحرابی نیشتمانپەروەری، داخی بە جەرگم! ئەمە بوو ئەو شوێنەی گەلێ کەسی تیا ماڵوێرانکراوە و لەمەودواشەوە گەلێ کەسیتری تیا ماڵوێرانئەکرێت. داخەکەم ژیانی کۆمەڵایەتیی بۆگەنمان مەجبووریکردم لەپاشا لەسەر ئەو مێزە دابنیشم و شەوی لەسەر ڕۆژ بکەمەوە، بەڵام شوکور زۆری نەخایان، چوارپێنج شەوێک بوو و بەس، دەستم لێشت و نەچوومەوە بەلایا.

خۆم پێنەگیرا و ڕامکردە دەرەوە و ڕێی قەراغشارم گرت. هەتا هێزم تیابوو ڕامئەکرد. بەدەم خەو و خەیاڵەوە، بەدەم بیرکردنەوەوە، هەر ڕۆیشتم و ڕۆیشتم، کاتێکم بە خۆم زانی لەناو شاری کشوماتی مردووانام. تا دایگرتم، دڵم دەستیکرد بە گورپەگورپ، هەناسەم لە خۆم بڕی، بەتەواوی گوێم لە دەنگی دڵم بوو، کە وەکوو پیک ئەیکێشا بە سنگما. کاتێکی ناخۆش [بوو] لە مێژووی ژیانما، بەڵام وەنەبێ لە ژووری قومار ناخۆشتربووبێت لام. هەر ئەوەندەم پێکرا لە جێی خۆم دانیشتم و خۆم ماتکرد، بزانم دوچاری چ جنۆکە و خێویک ئەبم، وە بزانم ژیان چیی لێشاردوومەتەوە.

کشومات و خامۆش، تاریکی باڵی ڕەشی بەسەرا کشاندووە. تا چاو هێزی بینینی ببێت، کێلە و لە زەوی بەرزبۆتەوە، ئەڵێی یاساوڵی قەبرستانە. دار ئەرخەوانە جوانەکان کە بە ڕۆژ بە گوڵە سوورە جوانەکانیانەوە نەشەیەکیان ئەدا بە دڵی پیاو، لەم شەوە هەر یەکە بووبوون بە پارچەیەک لە شاخێک، وە هەر یەکە هەزار شتی دەعەجانی لەناو لقوپۆپەکانیانا بوو. هەرچەند سەرم ئەهێنا و سەرم ئەبرد، نەمئەزانی چۆن لەم شوێنە پڕ مەترسییە زراوتۆقێنەرە ڕزگارمبێت. هەزار لەعنەتم لەو سەعاتە ئەکرد کە منی تیا هاتم بۆ ئێرە و شوێن کەللەی پڕعینادم کەوتم. خوای من و تۆ کردی مانگ هەڵات، وردەوردە کەند و کۆسپی ناو و پەنا قەبرەکانی ڕووناککردەوە، ڕەنگی داری بەخشییەوە بە ئەرخەوانەکان، کە من بە دەعەجانی و جنۆکەیان تێگەیشتم. چەند خۆشە ڕووناکی کە شەق لە تاریکی هەڵئەدات! بەڕاستی ئەو شەوە نرخی ڕووناکیم زانی، هەر ئەو شەوەش لە تاریکی گەیشتم. ڕووناکی با کەم و بێتینوتاویش

بێت، هەر خۆشە. بێگومان کە مانگ هەڵات و دەوروپشتی ڕووناککردمەوە، بیرم لەوە کردەوە زات بنێمە بەر خۆم و پشتاوپشت لەم شارە خامۆشە سامدارە زراوبەرە بگەڕێمەوە. خۆم دڵنیاکرد و زاتم نایە بەر خۆم و دەستم بە کێلە گەورەکەی بەردەممەوە گرت و هێزم دایە خۆم هەڵسم. کار لە کار ترازا و کێل بە دەستمەوە هات و لە جێی خۆم وشکبووم. هێشتا هۆشم نەهاتبووەوە سەر خۆم، کە لەپڕ دەمی قەبرەکان کرانەوە و هەر هەیکەلی ئێسقانی ئادەمیزاد بوو، تەقەتەق هەڵئەسانە پێ و وردورد لەسەرخۆ هەنگاویانئەنا و سەریان ئەلەرزان و ڕوویانئەکردە دار ئەرخەوانە گەورەکەی بەردەمم. کاری پیرەکێل ڕاستبێت، ئەمەندە گەورە بوو، منی شاردبۆوە، کەسیان چاویان پێمنەئەکەوت. هەیکەلە ئێسقانەکان، یان بە قسەیەکی ڕاستتر، دانیشتووانی شاری مردووان بە گەورە و پچووکەوە، بە دەوڵەمەند و هەژارەوە، بە خوێندەوار و نەزانەوە، بە ژن و بە پیاوەوە، هەموو ڕیزبوون و بەبێدەنگ و سەنگ لەژێر پیرە دارئەرخەوانا لێیدانیشتن.

*

١- لە کۆبونەوەکەدا چەند وتار و بڕیارێک لە وێنەی موحاوەرەدا.

٢- گۆرانیی تایبەتی مردووە زیندووەکان.

- ئەنجا ئەم بڕیارانەمان چۆن بە زیندووە مردووەکان بگەیێنین؟

یەکێکیان هەڵسایە پێیان و دەستی بۆ درێژکردم و وتی:

- ئەوە یەکێکە لە زیندووە مردووەکان، بێگومانبن کە ئەو پێیانئەگەیێنێ و لەمەودواوە ئەبێت بە پەیامدەری تایبەتیمان.

لەپاش ئەم قسەیە، هەموو هەڵسانە سەرپێ و هەر کەسە ڕوویکردەوە ناو ماڵی خۆی و منیش تا هێزم تیابوو ڕامکرد و خۆم گەیاندە ماڵەوە و دەستمدایە قەڵەم و کاغەذ و نووسیم: "لە شاری مردووانا" بۆ زیندووە مردووەکانمان.

*

گۆرانیی مردووە زیندووەکان

نیشتمانمان لەژێر تیشکی ئازادی و یەکیەتی و وەکیەکی و خۆشەویستییا ئەژی

دڵمان پڕە لە ئایین و لە پاکی و لە نەبەزی و لە پیرۆزی

هەمیشە هەوڵئەدەین، تێئەکۆشین بە مەردی
لە ڕێی ئامانجی بەرزی ئینسانییەتا
دوورین لە ناکۆکی و لە پیسی و لە بێدینی
خوای گەورە ئاگای لێمانە و لەگەڵمانایە
لەبەرئەوە بە خۆشی و بە کامەرانی ئەژین
وە زیندووین لە شاری مردووانا.

# وتار

## دەوڵەمەند و هەژار*

(لە بەغداوە)

بۆ ئەو کەسانەی کە بریقەی ئاڵتوون چاوی کوێرکردوون، چاویان لە حاڵی فەقیر و داماوان نییە و زرەی لیرە گوێچکەی کەڕکردوون، گوێیان لە ناڵە و ئازاری فەقیر و بێکەسان نییە!! لە سەرەڕێگایەک، فەقیرێکی کزۆڵە دانیشتبوو و برسیەتی بێهێزیکردووە؛ دەستی درێژکردبوو بۆ ئەو کەسانەی کە بەویدا ئەڕۆیشتن، ئەپاڕایەوە و شکاتی ئازاری برسیەتیی ئەکرد.

شەو پەردە تاریکییەکەی خۆی دا بەسەر شاردا. فەقیرەکە دەمی وشکبوو لە ناڵەی ئازاری برسیەتی، دەستی نابووە سەر زگی. ئینجا هەستا ڕوویکردە قەراغ شار. بە چاوێکی پڕلەگریانەوە و بە دڵێکی غەمگینەوە و بە سکێکی برسییەوە و بە لەشێکی بێهێز و لەرزیوەوە، دانیشت لەژێر دارێکدا. لەپاش گریانێکی زۆر بەکوڵ، ڕوویکردە ئاسمان و وتی: "خوایە، چووم ئیشبکەم، دەرکرام. لە بێبەختیم چووم بۆ مەکتەب، لەبەر بێدەستیم نەمتوانی بخوێنم. لەپاشا لە سەرەڕێگادا دانیشتم، بە ناوی تۆوە لە هاووڵاتانم پاڕامەوە و لالامەوە، کەس ڕەحمی پێنەکردم. خوایە، بە ئیرادەی تۆ من بووم و بە ئیرادەی تۆ ئەژیم".

لەوکایەدا ڕەنگی سوڵکەرەکە گۆڕا، چاوی پریشکی ئاگرینی لێدەبووەوە، ڕوویکردە شار و وتی: "داوای ژیانم کرد بە ئارەقی ناوچەوانم، دەستمنەکەوت! لەمەودواوە بە هێزی بازووم ئەیسێنم. داوای نانم کرد بە ئینسانییەت و هاوزبانییەوە، کەس گوێی لێنەگرتم. ئەمەودواوە بەزۆر پەیدایئەکەم. هەڵسا چوو دەوڵەمەندێکی ڕشتی ماڵی خەڵکی بەهەوانتەخۆری ئەناسی، ژنێکی چاکی دڵ و دەروون پاکی بە زۆری شیربایی ئەسیرکراوی بوو، چووە لای ئافرەت، وتی:

---

* ڕۆژنامەی "ژین"، سلێمانی، ساڵی ١٤، ژمارە ٥٦٦، پێنجشەموو، ١٩٣٩/٥/١١، ل٢-٣.
لە لاپەڕەی دەستخەتی دەفتەرێکیدا نووسیویە: تەئریخی ناردنی مەقالەی دەوڵەمەند و هەژار، ٣٩/٥/١. تەئریخی دەرچوونی ٣٩/٥/١١، ناوی موئەللیف: هەندێکی لە جبران خەلیل، لە "دمعة وإبتسامة". (س)

"وەرە یاریدەمبدە ئەم پیاوە بخنکێنین. بەم پارە زۆرە فەقیر و هەژار زیندووبکەینەوە و خۆیشمان ئەوە بە خدمەتی بەشەر بزانین، بە دڵخۆشی پێکەوە بژین. ئەمەیان کرد، کابرایان لەناوبرد. ئەو میقرۆبی خوێنی میللەت مژەیان هەڵگرت و زۆر فەقیر و هەژاریان خستەکارەوە.

خوا هەندێ جار ئەم جیلوەی قەدەرە ئەنوێنێ، بەڵام خەسیسەکان عارنانێن!

## گوڵ و دڕک

### پارچەیەک لە ئەدەبی ڕەمزی

دەمەوبەیانێک کە ڕۆژی زەردهەڵگەڕاو خەریکبوو خۆی ڕزگارئەکرد لە پەت و داوی شەوی تاریک، پێنج سوورەگوڵ لە باخیکی خنجیلانەدا خەبەریانبووەوە. ئەم پێنج سوورەگوڵە دەستیانکرد بە درەوشانەوە لەژێر تیشکی ڕۆژی ئاڵتوونیی دەمکەلا. ئەم گوڵانە هەر یەکە تاقانەی بنەدارگوڵێکی جیاواز بوون، لە ئاوە پاکە ڕوونە مرواریییەکەی جۆگەکەی بەردەمیانا، چاویان بە خۆیان ئەکەوت کە بای شەماڵی فێنک شنەشن ئەیجووڵاندنەوە. هەر پێنجیان لە تۆویک بوون، کە باخەوانی ئەزەلی ڕوواندوویەتی لەم باخەدا.

پێنج خوشکی عازەب بوون، خۆشیی ژیانیان نەچێشتبوو، تازە هەر ئەو بەیانییە لە خەوی سەرسام هەڵسابوون. هەر ئەو دەمەوبەیانە خەریکی پشکووتن بوون. لە خۆشیی بەزموڕەزمی ژیان، یەکی فرمێسکێکی ئاونگی سپیی بێگەرد لە چاوەکانیانا قەتیس وەستابوو.

خوشکی گەورە ڕوویکردە خوشکەکانیتری و وتی:

ژیان پێنجودوو ڕۆژیکە! عومر ئەوەندەی بە بەرەوە نییە. تاقە بەهاریکی کورت ئەمانبینێ و لەپاشانا ئەمرین. پێویستە بیربکەینەوە لە پاشەڕۆژمان، بەتایبەتی لەم کاتەی ئێستامانا کە هەڕەتی گەنجی و لاویمانە، کە سەردەمی هەڵسان و خەبەربوونەوەمانە، کە هێشتا یەکەمین ڕۆژی بەهارمانە، لەپاش زستانێکی پڕ لە بەفر و زوقم و زەلالەت، پڕ تووشی و تەڕی و سەهۆڵبەندان. من بۆ خۆم وا بە باش ئەزانم کە لە دیلیی ئەم ناو باخە ڕزگاربم.

ئافرەتێکی خوێندەواری تێگەیشتووی ماڵ و مناڵ بەڕێوەبەر، بمکات بە قژە زەردە جوانەکەیا، یان لەناو گوڵدانێکا دامبنێ و ڕووبکاتە مناڵەکانی و پێیانبڵێت: "داواتان لێئەکەم وەکوو ئەم گوڵە پاک و خاوێن بن، بۆن و بەرامەتان وەکوو بۆنی ئەم گوڵە هەموو وڵات بۆندار و کاس بکات".

گوڵی دووەم کە پەپولەیەکی سپیی جوان لەسەری نوستبوو، خەوی ئەبینی بە ماچی یارەوە، ڕوویکردە خوشکەکانی و وتی: "ڕاستتان پێبڵێم، من حەز لەوە

ئەکەم لاوێکی سەربازی ئازای خۆبەختکەر لە ڕێی نیشتمانا، بمکات بە یەخەی چاکەتە سەربازییەکەیا و سەرم پیا شۆڕبکاتەوە و بە گوێما بچرپێنێ: "ئەی گوڵە سوورەکە! شەرتی پیاو بێت، زەویی ئەم وڵاتە جوانە بە خوێنی دوشمنی ستەمکار سووربکەم بە خوێن، وەکوو ڕەنگە خوێنینە سوورەکەی تۆ".

گوڵی سێیەم لێوێکی هەڵقرچان و وتی: "لەپێش ئەوەدا بەهار کۆچبکات و بمرم، تاقە هیوام ئەوەیە- خاوەنگۆڤارێک، شاعیرێک، یان نووسەریک، تێر تەماشامبکات، چاک لێم وردبێتەوە، لە بەردەمیا دامبنێت، لەناو کاغەز و کتێبا نەمربم، بەم چەند وشەیەی لەسەرم ئەنووسێت- ئەی گوڵ! یاری بولبول! خشڵی کچە جوانەکانی هەژاران! بۆن و بەرامەی تۆیە ئەبێ بە ئاگرخۆشکەری دڵداری. تۆی ئەی گوڵ، بووکە تاقانەکەی بەهار. تۆی سەرچاوەی ئیلهامی جوانی و فەنن و شیعر. تۆی بە خوینی گەشی سووری شەهیدەکانی ئەم وڵاتە، ڕەنگی سوورت پۆشیوە، مێخەک و سمڵی دایک و خوشکی ئەو شەهیدانە بۆنداریانکردووی، فرمێسکی جەرگبڕاوان و ڕۆڵەکوژراوانی نیشتمان ئاویانداوی".

گوڵی چوارەم کە هەنگێکی زەردی بچووک ویزەویزی بوو بەسەر سەریەوە، ڕووی‌کردە خوشکەکانی و بە دەنگیکی بەرز وتی: "تووخوا ئەگەر هەمووتان بێدەنگ‌نەبن! هیچتان ڕێیەکی باشتان نەدۆزیوەتەوە. من ئەو حەلە خۆم بە بەختیار ئەزانم، سەردارێکی سیاسیی ڕاست و ڕەوان بمگرێ بەدەستیەوە، لەناو کۆمەڵێکی گەورەی سیاسییا، کە هەموو وەکوو بەڕوو لە دەمیانا تەقیبێ، لە کاتی قسەکردنی ئەما، لە کاتی ڕێگا و پیلانی ئەما بۆ پێشکەوتنی وڵات، پیشانی خەڵقەکەم بدات و بڵێت- ئەی لاوان و پیاوانی ئەم وڵاتە! ئەی ئەو کەسانەی خەریکن نەتەوەیەکی پچڕپچڕ ئەدەنەوە دەم یەک؛ ئەی ئەوانەی موقەدەراتی ئەم نەتەوەیەتان وا بەسەر شانەوە! داواتان لێئەکەم، بەڵکوو دایکی نیشتمان داواتان لێئەکات، کاروبار بە هەڵەشەیی نەکەن، خۆویستنەبن، بە دڵسۆزی کاربەکەن، وەکوو ئەم خونچەگوڵە یەکبن، تا لە کاروبارتانا سەرکەون. ئەگەر بێت و ئەم گوڵە هەڵبپچورقێنرێت، هەرچی جوانیی تیایە، هەرچی ژیانێکی تیایە، نامێنێ. ئەگەر ئەم گوڵە پەڕەپەڕەبکرێت، هەرچی بۆن و بەرامەیەکی هەیە، هەموو با ئەیبات. ئێوەش ئەگەر یەکنەگرن، وەکوو گوڵێکی هەڵپچورقاو ئەبن، کە پێی لێئەنرێ لە کۆڵانەکانا".

گوڵی پێنجەم هەناسەیەکی هەڵکێشا، ڕووی‌کردە ڕۆژی دەم‌کەل. دڵۆپێک ئاونگ لەجیاتیی فرمێسک تکایە سەر زەوییە سەوزەکەی بەردەمی، بە دەنگێکی ناسک هاواری‌کرد: "خوای گەورە! ئەمەویّ ژیانم بۆ درێژبکەیتەوە، لە زەویی وڵاتەکەمان بە خۆشی و شادی و ئازادی بژیم، دڕک لێم دووربکەویتەوە بۆ زەویی دڕک، وە هەرگیز لە وڵاتی گوڵانا نەڕویێت، ژیانێکی دوورودرێژی لەگەڵا ژیام، تاقیم‌کردەوە، ئیتر توانیم لەگەڵیا بژیم.

خوای گەورە، توو ئەم دەمەوبەیانە ڕووناکە، لە هەوا و ئاو و ئاسمان و زەویی وڵاتەکەمم مەکە. گوڵێکی بیّ‌دەسەڵاتم، ئەمەویّ خێر لە ژیان ببینم، دڕک لێم دوورکەویتەوە، هەتا کەی بۆن و ڕەنگ و جوانیم بشاریتەوە؟ هەتا کەی نەیەڵێت گەشەبکەم لەژێر تیشکی ڕووناکییا".

هێشتا گوڵی پێنجەم لە داخ بەباکردن و لە موناجات نەبووبووەوە، ئافرەتە خوێندەوارەکەی خاوەن‌ماڵەکە، وەکوو نەریتی کۆنیەتی، هەموو بەیانییەک گوڵێکی گەورە ئەخاتە ناو گوڵدانی سەر مێزی چاخواردنەوە، هات و گوڵی یەکەمی کردەوە.

لەپاش تۆزێک، کوڕی گەورەی ئافرەت کە سەربازێکی نیشتمانپەروەر بوو، لە ماڵ چووە دەرەوە بۆ مەشقکردن لە قشڵە، بەلای گوڵەکانا تیّ‌پەڕی و شاڵاوی بۆ گوڵی دووەم برد، وەکوو پەلاماری دوشمن بدات، وتی: "چەند سوورە، ئەڵێی خوێنی دوشمنە!".

کوڕی دووەمی ئافرەت کە نووسەرێکی لاو بوو، هەموو بەیانییەک ئەبووایە چاویی تێربکردایە لە جوانیی کردگار. لەپاش گەلێک بە دەورولان هاتن و تێوردبوونەوەدا گوڵی سێیەمی کردەوە و پڕبەدەم هاواری‌کرد: "ئەم گوڵە ئەکەم بە مەقالەی ئیمڕۆم".

مێردی ئافرەت کە سەردارێکی سیاسیی بەناوبانگ بوو، لە ژوورێکی نزیک باخەکەدا دانیشتبوو، وتارێکی سیاسیی ئەنووسی بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵەکەی، بەدەم هاواری کوڕە نووسەرەکەیەوە هات و ئەویش گوڵی چوارەمی کردەوە!

## فرمێسکێک

## لە ڕۆژی جێژنا*

(ئەم پارچەیە گرێکی دەروونمە، پێشکەشی هەموو باوکمردوویەکی ئەکەم)

١٩٤٣/١٠/٢٩\٢٨

یافا – فەلەستین

بابە گیان، نۆجێژنتە.. ئیمرۆ..

وا ڕوومکردە خانووی تازەت، بە دڵێکەوە کە بریندارە، بە جەرگێکەوە کە بڕاوە، بە پشتێکەوە کە شکاوە، بە دەم و ڕوویەکەوە، کە ڕەنگی باوکمردوویی لێنیشتووە. هاتووم لە بەردەمتا ئەو فرمێسکە بڕێژم کە لە ڕۆژانی شادیما، کە لە ڕۆژانی جێژنە ڕابوردووەکانا، ئەمڕشتن بە لاملتا و بە دەستە پیرۆزکانتانا. هاتووم فرمێسکی حەسرەت بڕێژم، نەک فرمێسکی شادی. هاتووم فرمێسکی دڵسۆزی بڕێژم بۆ باوک، بۆ هاوڕێی گیانیبەگیانم، کە بیست ساڵم لە گەڵا ڕابوارد. بە تاقی تەنیا هاتووم بۆ لات، بە کۆڵێک خەم و خەفەتەوە، بۆ ئەوەی تۆش بە تەنیا ببینم، لەپاش ئەوەی خەڵقی بەجێیانهێشتی لەناو ئەم شارە تازە خامۆشەدا، وە گەڕانەوە سەر ئیشوکارەکانیان، تاکوو باوەشبکەنەوە بە ماددەدا و لە ڕێگاوبانی پڕپێچوپەنای ژیانا وێڵ و ئاوارە بسووڕێنەوە.

هاتووم دەرگای دڵمت بۆ بکەمەوە، وەکوو لە ژیانتا بۆم ئەخستیتە سەر پشت. هاتووم زەردەخەنە جوانەکەی جارانت ببینم، کە ڕێی ژیانی تاریکونوتەکی بۆ ڕووناکئەکردمەوە، بەڵێ، بابە! هاتووم پێویستیی ڕۆڵەی دڵسۆز و هاوڕێی گیانیبەگیانی بەجێبهێنم، گڵی سەر مەزارەکەت بە لێو ماچبکەم، گیای دەوروپشتەکەت بە فرمێسک ئاوبدەم.

---

* گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی ٤، ژمارە ١٢، کانوونی یەکەمی ١٩٤٣، ل٢١-٢٤.

ئەم دەقە لە چوار لاپەڕەی دەستخەتی نووسەردا، ئەو مێژووەی لێدراوە و دەقەکەیشی جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ دەقە بڵاوکراوەکە هەیە. (س)

ڕۆژی نۆجێژنته بابه گیان!

خانووی کۆنی نیرگەکەوتووت چاوەڕوانی لەخەوهەڵسانت ئەکات، لەپێش هەڵهاتنی ڕۆژا، منالەکانت بەشوێنتا ئەگەڕێن، تا دەستت ماچبکەن و ئەملاوئەولات لیبگرن و بە ڕوویەکی پڕ لە حەیا و خۆشەویستییەوە داوای جێژنانەت لیبکەن، هەر یەکەیان لە قوژبنێکی ماڵەکەوە بە دەنگە نەرمە منالانە پاکەکەیان لە کانگای دڵەوە بانگتئەکەن: بابە گیان! لە کوێیت! بۆ وەراممان نادەیتەوە؟!

لەپاش کەمێک سەرسامی، لەپاش تۆزێک بێدەنگی، قوڕگیان پڕئەبێ لە گریان، چاویان پڕئەبێت لە فرمێسک، بە دەنگە ناسکەکەیان هاوارئەکەن: باوکەڕۆ.. پشتی شکاومان، باوکەڕۆ.. ئینجا لەپڕ ڕوو وەرئەگێڕنە گردی سەیوان، خانووی تازەت. لەپەوڕوو خۆیان ئەدەن بە زەوییا، دڵ پڕ لە ئازار، قورگ پڕ لە گریان، چاو پڕ لە فرمێسک، بەدیار کاسەی ڕەشەوە نۆجێژنت ئەبەنە سەر. بەم جۆرە ماتەم خێوەت بەسەر ماڵە ڕووخاوەکەتا دائەکوتێ.

ئایا ڕاستە؟ ئێمەت بەجێهێشت، ڕووتکردە تاریکیی قەبر، لە بێدەنگی و کشوماتی و سامداریەتی، ئەوا پشتێنی شەکەتی ژیانت لێکردمەوە. ئایا ڕاستە؟ ئەو باوک و هاوڕێیەی دوێنێ لەگەڵیا دائەنیشتم، چیرۆکی ڕۆژانی ڕابوردووی لاویی خۆی بۆ ئەگێڕامەوە، ئیتر هەرگیز نامدوێنێ و دەمی لێکناوە تا ئەبەد؟! ئایا خوا وای بڕییەوە؟ لە ئەشکەوتی تاریکی ژیانا لێم گومبێ و هەموو قوژبنێکی دنیات بەشوێنا بگەڕێم، هەرگیزاوهەرگیز ناتبینمەوە.

بڵێم چی.. بابە گیان! وەکوو سەربازێکی بێچەک وەستاوم، ملکەچ لەژێر بڕیاری ستەمکارانەی کردگارا. خوا وای بڕییەوە لە کاتی گیانەڵاوی شیرینترین کەس لە ژوور سەری نەبم، لە عانی چاولێکانتا نەمبینیت، لە بردنە سەرقەبرانیا لە گەڵیا نەبم، لە تەعزییەکەیا بۆی دانەنیشم. لێم ببوورە گەورەم! لێبوردنی بەدڵ هەر لە باوک دێت، هەر ئەو بەڕاستی ئەیبەخشێ بە ڕۆڵەی.

ماوەیەکی دوورودرێژمان وا لە مەعبێنا، هیچ دەرەتانم نییە بگەمە گردی سەیوان، تا لە ڕۆژی نۆجێژنتا ببمە یەکەم میوانت. بەڵام لێرە، وا ڕووئەکەمە سەرقەبران، خۆم ئەدەم بەسەر نزیکترین قەبری ئەم وڵاتەدا، تێروپڕ لەسەری ئەگریم، بەڵکوو دڵەی بێقەرارم کەفوکوڵی دابمرکێتەوە، بەڵکوو ئەمە خوایە مەلی ڕاکردووی ترساوی ئارام و ئۆقرەم بگەڕێتەوە هێلانەی شێواوی.

دڵنیابە! کە نیگارت لە دڵما هەڵکەنراوە و هەرگیز لەبیرمناچیتەوە، لەپاشانا.. پێنجودوو ڕۆژێکە. کاتی دروێنەی منیش دێت، ئەو حەلە بەیەکئەگەین، تێر سکاڵا بۆ یەکتری ئەکەین، تێر فرمێسکی شادی ئەڕێژین، تێر پێئەکەنین، تێریش ئەگرین، چونکە چ ژیان، چ مردن هەردووکیان: پێکەنین و گریانن.

## شەو خۆزگەم پێئەبات

١٩٤٣/١٢/١٢

گیانە، شەو بەو هەموو کش‌وماتییەوە، بەو هەموو خامۆشی و بێدەنگییەوە، بەو هەموو ئێش‌وئازارە بێڕادەیەیەوە، هێشتا لە خۆی ڕازی‌نییە، هێشتا ئەم بارەی خۆی لا کەمە؛ هەناسە هەڵئەکێشێ و خۆزگە ئەخوازێ بە من، ئەیەوێ بگاتە دوا پلەی بێدەنگی، دوا ڕێگای کش‌وماتی، دوا سنووری ئێش‌وئازار. خۆزگە بە کش‌وماتی، بە مەنگی، بە ئێش و ئازاری من ئەبات.

لەو کاتەوە تۆم لێ ون‌بووی، لەو حەلەوە من ئاوارە و وێڵ بووم، شەو خێراخێرا نوشتەم لێئەکات، پەلەپەل داوم بۆ ئەنێتەوە، زووزوو گۆرانیی کوێرەوەری و کەساسیم بۆ ئەڵێت، تا ڕایکێشامە ژێر باڵیەوە، تا کردمی بە دڵداری هەڵبژاردەی خۆی، تا زنجیری‌کردم بە جوانی و بە غەمباری و کش‌وماتییەکەی.

لەو حەلەوە دوا هیوام لە تۆ بڕا، کە زانیم شەریعەتی پیسی بەشەر، دەستوور و قانوونی کۆمەڵی نەزان و بۆگەن، حوکمی جیابوونەوەیان دا بەسەر من و تۆدا لە تافی لاوییا. هاوارم‌برد بۆ شەو، خۆم فڕێدایە باوەشی، هەموو دەردی دڵەی زامارمم بۆ ڕشت، تاکوو سەبووریم‌بدا لەو کۆستە گەورەیەدا کە لە سەرەتای گەنجیما، لە تافی لاویما، لێم‌کەوت.

لەپێش هەشت ساڵ لەمەوپێشا کە ئێمە دوو غونچەی نەکراوە بووین لە باغچەی بەهاری ژیانا، کە هێشتا لەم زەوییە پڕ پێچ و پەنا و قۆرتە نەگەیشتبووین، کە هێشتا هیچ جامێکی کوێرەوەریمان نەخواردبووەوە، کە بەو بیرە ساوا پچکۆلە بێتەجروبەیەمان، خەریکی بناغەدانانی ژیانی دڵداریمان بووین؛ ئەڵێم لەو کاتەدا کە زەردەخەنە هەمیشە لەسەر لێومان بوو، لەو کاتەدا کە هەر دیوە خۆشەکەی ژیانمان ئەدی، کە هیوایەکی زۆروزەبەندە، کە باییبوونێکی ئێجگار گەورە لە دڵمانا بوو، کە خۆمان بە هەموو شتێک ئەزانی؛ ئەڵێم لەپێش هەشتساڵ، گیانە زۆرم قین لە شەو بوو، چونکە ڕەش و ناشیرین بوو لە بەرچاوم، چونکە ئێمەی لە یەکتری

جیائەکردەوە، چونکە بینینی تۆی لیٔەبردمە بەست، چونکە لە ماڵ نەیانئەهێشت بێینە دەرەوە. ئەڵێم لەپێش هەشتساڵ قینم لە شەو بوو، بەڵکوو دوشمنی ڕاستەقینەی بووم. بەڵام ... بەڵام ئێستا کە دەستمکردۆتە ملی، وام لە کۆشییا، خۆمان بە یەکترییەوە هەڵواسیوە. ئەم تەعزییەدار و من دڵبریندار، ئەو ڕەش و تاریک و من پڕئێشوئازار، ئەو کشومات و من بیٔدەنگ و خامۆش، بە جووتە هەردووکمان چاوئەبڕینە یەکتری، پەرداخی ئێشوئازاری ژیان، جامی کەساسی و کلۆڵی و بیٔهیوایی ئەنێین بە سەرمانەوە، تا دوا قەترە ئەیمژین، ئەیگوشین. ئینجا دەست لە مل یەکتری ئەکەین، سەرئەنێین بە سەری یەکترییەوە، چاوئەبڕینە چاوی یەکتری. ئەو تەماشای من، منیش تەماشای ئەو ئەکەم تا بەری بەیان. تا لەپڕا ڕائەچڵەکیٔ و خۆی کۆئەکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژی ناشیرین نەیبینیٔ. منیش خۆم کۆئەکەمەوە، بۆ ئەوەی بیر لە تۆ بکەمەوە.

## کورد و یەکێتیی عەرەب*

"پێشکەشی مامۆستای بەرزی نیشتمانپەروەرم، ڕەفیق حیلمی‌بەگ بێت"

کوردێکم، ئەمەوێ خزمەتی نیشتیمانەکەم بکەم، بە ڕاستی و دروستی، لەبەرئەوە بەم جۆرە بیروباوەڕی خۆم دەرئەبڕم، وە گوێنادەمە هیچ کەسێک و هیچ شتێک، چونکە مەصڵەحەتی وڵاتەکەمم وا لە بەرچاو.

لەژێر ئەم عینوانەدا "کورد و یەکیەتیی عەرەب"، نیشتمانپەرست و ڕۆڵەیەکی ڕاستی کورد عەلی کەمال‌بەگ مەقالەیەکی نووسیوە، لە "گەلاوێژ"ی ژمارە دوانزەی ساڵی چوارا. لەم مەقالەیەدا، نووسەر بیروباوەڕی خۆی دەربارەی ئامانجی کورد و دەربارەی یەکیەتیی عەرەب و دەربارەی هاوپەیمانان و دراوسێکانی کورد دەربڕیوە. بەم دەربڕینە عەلی کەمال‌بەگ دەرگایەکی سیاسیی تازەی خستۆتە سەر گازی پشت، وە خۆی یەکەم کەسە کە لە بەردەمیا وەستاوە، داوا لە نەتەوەکەی ئەکات پیا گوزەربکات، بۆ ئەوەی لە باشترین و لە نزیکترین ڕێگاوە بگاتە ئامانج.

لەپێش ئەوەدا باسی یەکێتیی کورد و عەرەب بکەم، زۆر بە پێویستی ئەزانم کەمێک لەو کەسە بدوێم کە دانەری پلانی سیاسیی تازەی کوردە لەم جەنگەدا. عەلی کەمال‌بەگ من بیناسم وە خوێندەوارانی گەلاوێژ و کورد بیناسن، ئەو پیاوەیە کە لەم جەنگەدا سێ خزمەتی زۆر گەورەی وڵاتەکەی خۆی کردووە. ئەڵێم سێ خزمەتی زۆر گەورە، چونکە تا ڕادەیەکی دوور نەتەوەی کورد کەڵکی لێوەرگرتوون. خزمەتی یەکەمی ئەم پیاوە، بەڵکوو نوخشە خزمەتە گرنگەکەی کە منی ناچارکرد لە دوورەوە خۆشم‌بوێت، ئەوە بوو کە نەیهێشت تاقە چرا داگیرساوەکەی "ثەقافەتی کوردیی عیراق" بکوژێتەوە و کزبێت، "گەلاوێژ".

---

* گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی ٥، ژمارە ٤، نیسانی ١٩٤٤، ل١-٩ (گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی پێنجەم/ بەشی یەکەم: کانوونی دووەمی ١٩٤٤-حوزەیرانی ١٩٤٤، ل٢٨٦٩-٢٨٧٧)

ئەوانەی کە کەڵکی خوێندەوار بۆ زانست ئەزانن، عەلی کەمال‌بەگ جێیەکی باشی بۆ خۆی داگیرکردووە لە دڵیانا.

خزمەتی دووەمی ئەم پیاوە پارەبەخشینی پەیتاپەیتای بێ‌ژمارەیەتی بەسەر کوردە هەژارەکان و بەسەر قوتابخانە کوردەکانا. ئەم خزمەتە مادیییەشی، وە نەبێ لە خزمەتە مەعنەوییەکەی کەمتربێت، کە خۆشکردنی چرای گەلاوێژە.

خزمەتی سێیەمی نیشتمانپەرستی ناوبراو کە لەم جەنگەدا پێشکەشی وڵاتەکەی خۆی کردبێت، نووسینی مەقالەی "کورد و یەکیەتیی عەرەب"ە لە گۆڤاری "گەلاوێژ"ا. کەڵکی ژیانی گەلاوێژی عەلی کەمال، ئەوەیە خزمەتی زمان و ئەدەبیات و بیروباوەڕی کورد ئەکات. کەڵکی پارەبەخشینی عەلی کەمال ئەوەیە بە هەزاران هەژار و بێ‌دەست و داماو لە پیسترین نەخۆشی ڕزگارئەکات لەم کاتە دژوارەدا، کە برسێتییە. کەڵکی مەقالەی کورد و یەکیەتیی عەرەبی عەلی کەمالیش ئەوەیە پلانێکی سیاسیی تازە ئەخاتە پێش‌چاوی نەتەوەی کورد، بۆ ئەوەی بە زۆرترین و بە باشترین ڕێگا بگات بەو ئامانجەی چەندسەد ساڵێکە خۆی بۆ ئەکوتێ.

دەربڕینی ئەو بیروباوەڕەی لە مەقالەی ناوبراوایە، بە هەزاران دڵی دڵ‌مردووان زیندووئەکاتەوە. ئەو بیروباوەڕانەی بە سەراحەتێکی زۆر بێ‌هاوتا باس‌کراون، ئازایەتییەکی بەتینی ئەدەبی بە لاوان و بە گەلێ لە بێ‌هیوایان ئەبەخشن؛ وا لە خەڵقی ئەکەن هەڵسنە پێیان و بەبێ پێچوپەنا ملی ڕێگا بگرن بەرەو ئامانج. با ئەم کەڵکە مەعنەوییە کاریگەرانە لەو لاوە بوەستن.

ئایا لە باری سیاسیی ئێستاکەی عالەما، دەربڕینی ئەم بیروباوەڕە لە لایەن کوردێکی ڕاستی نیشتمانپەروەری وەکوو عەلی کەمال‌بەگەوە، زللەیەکی گەورە نییە ئەکێشرێت بە لاجانگی شەمشەمەکوێرە و کوننەپەپووەکانی کورددا، کە خۆیان بە باز و هەڵۆ ئەزانن؟ ئایا دەربڕینی بیروباوەڕی عەلی کەمال کوتەکێک نییە ئەکێشرێت بە گازەرای پشتی چەقەڵ و ڕێوییەکانی کوردستانا، کە لافی شێر و پڵنگ لێ‌ئەدەن.

ئەگەر ڕاستە شەمشەمەکوێرە هەڵۆیە، ئەگەر ڕاستە چەقەڵ شێرە، بۆ نایەتە مەیانی کاروباری عەمەلییەوە؟ بۆ پڕبەدەم وەکوو عەلی کەمال بیروباوەڕی خۆی دەرنابڕێت؟ بۆ لە بن‌میچ و لەناو کونەبەردی تاریکا، بەم ڕۆژی ڕووناکە خۆی شاردۆتەوە لێمان؟

مەیانی کاروبار بەرەڵایە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان بە سەردار و بە گەورەی نەتەوە ئەزانن. مەیان بەرەڵایە تا وەکوو بێنەوە و دەستبکەن بە تەگبیرکردن و ڕێگادانان بۆ ڕزگارکردنی میگەلە مەڕەکەیان، کە خۆیان بە گورگانخواردوویان داوە لە ڕێی ناو و لە ڕێی زەردی زرنگەدارا. مەیان بەرەڵایە، ئەی ئەو کەسانەی بە خوێنی نەتەوەکەتان بوون بە ئاغا و میرزا و بەگ و خاوەنپارە و خاوەنڕێوشوێن، فەرموون وەرن لەژێر تیشکی ڕووناکی ڕۆژی ڕاستی و دروستییا دەست بدەنە دەست، بەڵکوو بەو پارەیەی کە ڕەنجی شان و ئارەقی ناوچاوانی هاووڵاتە هەژارەکانتانە، چەند دەزگا و دووکانێکی نیشتمانی بێننە کایەوە، خۆشتان لێیبخۆن و نەتەوەکەشتان تیروتەسەلکەن، با بەس بێگانە بیانکرێ. ئەی ئێوە، ئەی ئەو کەسانەی چرای بیروباوەڕ و زانستتان گرتووە بەدەستەوە، کوا ڕووناکیتان؟ لە ناوچە ئەشکەوتێکی خەو و خەیاڵی تاریکا وێڵ و سەرگەردان ئەسووڕێنەوە. بۆ بیروباوەڕتان دەرناخەن: بە قسە، بە نووسین، بە وتاردان لە ماڵ و لە کۆڵانەکانا؟

دوو گۆڤار و ڕۆژنامەیەکتان وا لە بەردەستا، بۆیان بنووسن و بە بیروباوەڕتان نەتەوەکەتان ئاڕاستەی ڕێگای ڕاست بکەن، ڕایەکی گشتیی خەڵق کەن، با بەس دز و درۆزن ئەم نەتەوە ساویلکە دڵپاکە هەڵخەڵەتێنن. وەرنە مەیانەوە بە ڕاستیی نووکی قەڵەم و بە قسەتان هەموو زنجیر و کۆتەیەک بپچڕێنن، هەموو قەڵایەکی پیسی بۆگەن تێکومەکانبدەن، ئابڕووی پیاوە خائینە ستەمکارەکان بەرن، بە هەر ڕێیەک ئەتوانن و لەدەستتاندێت.

یەکێک خۆی بە سەردار دابنێت، لافی گەورەیی لێبدات، ئەبێت ماندووببێت. یەکێک خۆی بە نیشتمانپەروەر دابنێ، و شەش قسە بکا و گەزاف لێبدات، ئەبێت تووشی نارەحەتی ببێت. ئەو کەسەی ئازا و ڕاست و پاکە و ئەیەوێ خزمەتبکات، با بیخاتە پێشچاوی کە تووشی هەموو کوێرەوەرییەک ئەبێت وە ئەگونجێ بدرێت.

پێم بڵێن، پێم بڵێن، نەتەوەکانیتر چۆن گەیشتوونەتە ئامانج؟ ئایا بە فرمێسک و بە ئازار و بە ئارەق و خوێنڕشتن نەگەیشتوون؟ ئایا ئازادی و سەربەستی و ژیانی کامەرانی بە خۆڕایی، بەبێ ئەرک، دەست هیچ نەتەوەیەک کەوتووە؟ نەء، بێگومان نەء. نابێ لەم ڕۆژەدا چاوببڕینە ئەم و ئەو، یان دەست پانبکەینەوە. نابێ قافڵە بڕوات و تێپەڕێ و بگاتە مەنزڵ، ئینجا ئێمە لە خەو هەڵسین.

نابێ تەنیا عەلی کەمالیک پارە ببەخشێ و گۆڤار بپارێزێ و خۆی بەختبکا. ئازادی وا بە قەڵایەکی بەرز و سەختەوە، لە یەکێتی و ڕاستی و خۆبەختکردن بناغەکەی دامەزراوە. ئازادی ئەیەوێت دەوڵەمەند و خوێندەوار و هەژار و نیشتمانپەروەرقۆڵبکەنبە قۆڵی یەکا، هەموو ئامادەبن بە سەر و ماڵ پێشکەشکردن.

با دەست بدەینە دەستی یەک و بەرەو ئازادی بڕۆین و ئەو قسە نەستەقە بەنرخەمان لەبیرنەچێت کە ئەڵێت: دەستی خوا لەگەڵ کۆمەڵایە.

نامەوێ بە درێژی باسی چاکی و خراپیی "کورد و یەکیەتیی عەرەب" بکەم، بەڵام ئەو شتەی کە باش ئەچەسپێتە دڵم وە بڕوام پێکردبێ، ئەوەیە کە تاقە ڕێگایەکی سیاسی بێ خۆلەناوبردن ببێت ئێستاکە بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی بەشکراو، ئەوەیە نەتەوەی کورد بچێتە ناو حەڵقەی یەکیەتیی عەرەبەوە. لە هیچ کاتێکا ناڵێم کورد خۆی فڕێبداتە باوەشی عەرەبەوە، بەڵکوو ئەڵێم ببێت بە بەشێک لە یەکێتیی عەرەب، بە شەرتێ لەناو سنووری خۆیا خۆی بباتبەڕێوە، چ لە ئیدارە و چ لە زانست و چ لە هەموو پەلێکیتری ژیانی کۆمەڵایەتییا.

هەموو کوردێکی تێگەیشتووی نیشتمانپەرستی کوردستانی گەورە، بە دڵ و بە گیان ئارەزووئەکات بەشداربێت لە یەکیەتیی عەرەبا. کوردستان ئەیەوێت پارچەیەک بێت وەکوو سووریە و عیراق، چونکە ئەمەیە ڕێگای ڕزگاربوونی تەواوی نەتەوەی کورد کە چەندسەد ساڵێکە شەقشەقێن و تەپڵیتۆپێنی پێئەکرێت لە مەعبەینی ئەم و ئەوا، کە چەند ساڵێکە بەزۆر بێگانەی ستەمکار ئەیەوێت لەناویبەرێ و بیتوێنێتەوە لەناو خۆیا.

داوائەکەین لە ئێستاوە باسی کورد و یەکێتیی عەرەب، پیاوە کاربەدەستەکانی عیراق و عەرەب و لە پیاوە کاربەدەستەکانی هاوپەیمانەکانمان بگەیێنرێنت، وە بەتایبەتی لە بەریتانیای گەورە کە ڕزگارکەری نەتەوە داماوە لێقەوماوەکان و کە پارێزگاریکەری ئازادییە لە زەوییا. داوائەکەین لە برا کوردە کاولەکانمان پرسیاربکرێت بۆ چوونە یەکیەتیی عەرەبەوە، بە شەرتێک وەکوو عەلی کەمال ئەڵێت: لەژێر سێبەری شیر و کوشتن و بڕینا نەبێت.

نەتەوەیەکی دەملیۆنی لە چەرخی شارستانی و داد و ئازادی و سەربەستییا، بە چ حەمییەتێک بەشبەشکراوبێت؟ ئامانجمان ئەوەیە هەموو پارچەکانی

کوردستانی گەورە بدرێتەوە دەم، بەڵکوو لەگەڵ نەتەوەی نەجیبی عەرەبا و لەژێر سێبەری ئایینی ئازادی و ئیسلامەتییا بژین.

ئەگەر ستەمکارێکی بێئابڕوو بیەوێت لە زەوییا و بڵێت دەست لە سنوور نادرێت، ئەوا ئەم قسە پڕمەعنا گورچکبڕەی ئەدەین بە لاقەبرخەدا و پێیئەڵێن کە میستەر چەرچەڵی سەرەکوەزیری بریتانیای گەورە، لە ڕۆژی سێی ئەیلوولی ١٩٤٠دا وای وتووە: «ئێمە لە هیچ کاتێکا بەگوێرەی ئەو نەظەرییەیە نەڕۆیشتووین و ناڕۆین کە ئەڵێت: سنووری نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەیەکی جیاجیا ناگۆڕێت». ئایا ئەم قسەیە هیچ شەرح و لێکدانەوەیەکی ئەوێت؟!

ئەگەر هات و نەتەوەیەکی بابیی مێشکپووچی خوێنمژ وتی: دەست لە باری ئێستاکەی نەتەوەی کورد نادرێ وە کورد حەقی ژیان و ئازادیی نییە، ئەوا چوار ئازادییەکەی سەرەک ڕۆزفلت و پەیمانی ئەتڵەنتیک و گەلی قسەیتری پیاوە گەورەکانی هاوپەیمانان بابۆڵەئەکەین و لە قوڕقوشمی هەڵئەکێشن و ئەیکەین بە دەمیا؛ چونکە ئەڵمانیای ستەمکار یان شەریکی ئەڵمانیای دوشمنی ئازادی و سەربەستی نەبێت، هیچ نەتەوەیەک ڕووی نایەت ئەم قسەیە بکات. بۆ؟ سەری خەڵقی و سەری خۆشمان بیەشێنین، بە قسەیەکی کورتی بێپێچوپەنا. ئامانجی نیشتمانیمان بەم جۆرەیە:

«نەتەوەی کورد لەناو سنووری کوردستانی گەورەدا، کە هەموو کوردێک و هەموو دراوسێیەک و هەموو بێگانەیەکیش ئەیزانێت، ئەیەوێت خۆی کاروباری خۆی هەڵسووڕێنێ و بەشێک بێت لە یەکێتیی عەرەب، بۆ ئەوەی خزمەتی شارستانی و ئینسانییەت بکات، تا لە توانایا بێت. ئەگەر هات و خوانەکردە کوردستان لە باری بەشبەشکراویی ئێستەیا مایەوە و کەس گوێینەدایە، ئەوا با هەموو کەسێک باشی تێبگا و مێژووش ئاگاداربێت، کە هەرچی شتێک ناوی دڵودەروونپاکی و ئاسایش بێت، لەو شوێنانەدا گومئەبن کە کوردیان تیا ئەژی. ئەم قسەیە ئەکەم و دڵنیام کە شادیی هەموو کوردێکی ئیمڕۆ ئەم چەند وشەیەیە: ژیانی پیاوانە، یان مردنی پیاوانە».

له ئەدەبی خۆمانە:

## هەمیشە وای لە دڵما*

"گیانە شیرینەکەم، أ، لێمببوورە کە ناتوانم لەمە زیاتر خۆم بخۆمەوە و چارم ناچارە، گۆڕی یادگار هەڵئەتەکێنم و سەرلەنوێ بیرەوەریی پاکی ساکاری پڕ لە ئەفسوونی جوانیی سەرەتای لاویی چەند ساڵ لەمەوبەر، کە بووە بە مێژوو، زیندووی‌ئەکەمەوە، چونکە ناتوانم لەمە زیاتر خۆم بخۆمەوە و تۆی خۆشەویستی کۆستکەوتووی پاک لە بیر خۆم بەرمەوە. هیچ هیوایێکم پێت نەماوە و بە تەمای هیچیش نیم، بەڵام ئەوە بزانە کە هەتا ئەمرم و شۆڕئەکرێمەوە ناو گۆڕ، تۆی خۆشەویستی خۆشترین ڕۆژانی عومرم، هەر وای لە دڵما! هەمیشە وای لە دڵما!"

ڕابەر

**(١)**

هەردووکمان بەیەکەوە و بۆ یەک دڵمان کرایەوە. هەردووکمان سەرەتای بەهاری ژیانی دڵداریمان بوو، نە ئەو دڵی لەپێش منا بۆ یەکێکی‌تر کرابووەوە، نە منیش لەپێش ئەوا ئەمزانی دڵداری چییە؟ پێش ئەم یەکتری‌ناسینە و بەر لەم دڵدارییە، ژیانێکی منالانەمان ڕائەبوارد، هیچمان لە کۆتر و مراویی ناوماڵ نەگەڕابووەوە؛ ئەوەندە ساکار بووین، هێشتا مەعنای ژیان، مەعنای هەستی‌کردنی ڕاستیی بەجۆشی پڕ لە وەیشوومەمان نەئەزانی.

---

* گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی٥، ژمارە ١٠، مایسی ١٩٤٤، ل٥٦-٦٢.

پاشتر جارێکی‌تر بە دەستکاری و لێ‌زیادکردنەوە لە گۆڤاری "پەیام"ی بەغدادا بڵاوبووەتەوە، بەم شێوەیە: ژ٢٧٦، بەرگی٧، ١٩٥٥/١/١٠، ل١١-١٥. بەشی دووەم، ژ٢٧٧، بەرگی٧، ١٩٥٥/١/١٧، ل١٠-١٣، بەشی سێیەم، ژ٢٧٨، بەرگی٧، ١٩٥٥/١/٢٤، ل١٢-١٥.

جێگەی باسە، ئەم بابەتە لە ١٩٤٤/٢/٢١/٢٠دا لە دوو لاپەڕەدا نووسراوە و پاشان لە لاپەڕە ٧٢ بەدواوەی دەفتەرێکی گەورەی نووسەردا نووسراوەتەوە، پاشتریش بە دەستکارییەوە بڵاوبووەتەوە. (س)

چەند شیرین و سیحراوی و چەند پاک و پیرۆز و چەند پڕجۆش‌وخرۆش و کەڵکبەخش بوو، دڵداریی ڕاستی یەکەمجاری سەرەتای لاوی؛ وا جارێکی‌تر ناخی جووڵاندوومەوە و خستمیەوە بەیایی:

خوزگە جارێکی‌تر ئەمدییەوە و ئەگەڕێنرامەوە بۆ سەرەتای ئەو ڕێیەی پیایا ڕۆیشتم.. بەڵام -داخی گرانم- ئەوی کە تێپەڕی، ئەچێتە گۆڕی ڕابوردووەوە و لە ناخی خۆی ئەگرێ و ئەبێ بە مێژوو. لاپەڕەیێکی پڕ لە ناخۆشی، بە هەزار لاپەڕەی شادی؛ لاپەڕەیێکی ڕەش، بە سەدهەزار لاپەڕەی سپی و سووری خوێنین، پاک و جوان نابێتەوە و ناڕازانێنرێنەوە و لەیادناچێتەوە! هەزار خۆزگە هیچ ناهێنێت.. جگە لەوە، وا من چەند قۆناغێکی ڕێگای دووردورێژی ژیانی پڕ لە مەینەتیم بڕیوە، لەناو ئەشکەوت و شاخ و دۆڵە قووڵەکانیا وێڵ و ئاوارە و ون بووم! بە تاسێکی پڕداخەوە مەجبوور و چارم ناچارە ملدانەوێنم بۆ ئەم بارە ناهەموارە پڕ داخ و جەخارە و ڕابردووی پڕوچڕی ڕۆژانی پڕ لە خۆشەویستی و شکۆی جارانم، لە دڵەی پڕئازاری خۆما بنێژم بە ساوایی و ناکامی، فرمێسکی خوێنینان لەدوا بڕێژم، ئەشکەنجە و ئازاریان لەدوا بچێژم، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی ناو ئەم دنیایە سەبووریمبدا؛ بەبێ ئەوەی هیچ بەفراو و بەستەڵەکێکی ئەم کائیناتە کڵپەی ناو دەروونی گڕتێبەربووم دابمرکێنێتەوە؛ هیچ هێزێک ویژدانی کۆرپەی لە تەنگانەدا تاساوم بلاوێنێتەوە!

**(٢)**

لە تافی لاویمانا تووشی یەک بووین.. دەستبەجێ گیانی هەردووکمان بۆ یەک فڕی، وەکوو دوو بولبولی ناو قەفەز کە دەرگای دەربازبوون ئەدۆزنەوە! خوشک و برای ئەزەلیی یەکترییان دۆزییەوە و لە تاقە ئانێکا، لە چاوترووکانێکا، بڕیاری تەواویان دا کە هەرگیز لەیەک جیانەبنەوە. هەردووکمان لە یەک تەمەن و لە یەک پلەی زانستا بووین، هەتا بڵێی یەکتریمان خۆش‌ئەویست. گوایە بۆ وانەبین؟! لە نەتەوەیەک بووین و لە شارێکا دائەنیشتین و بە زمانێک قسەمان‌ئەکرد؛ بەڵام -داخی داخانم- ئەوەی جەرگی هەڵقرچانم ئەوەبوو کە ئەو دەوڵەمەند و من هەژار، ئەو ناسراو و من نەناسراو و بێناووداو بووم. لەگەڵ ئەمەش‌دا، وەکوو چنار و لاولاو لە یەک ئالابووین، بەڵام دەستی ڕێبوارێکی دڵڕەقی شێت لەیەکی‌کردین. هەردووکمان ئەموستیلە و نقێمێکی جوانی ڕەنگین بووین،

ئەدرەوشاینەوە، کەچی دەستی ناشییەکی بایی بە دەسەڵات لە یەکی جیاکردینەوە، ئەوی خستە ناو کوورەی ئاگر و منی فڕیدایە ناو دەریایەکی قووڵی بێبن.

**(٣)**

ماوەی چوارساڵێک بەیەکەوەبووین، نە من دڵم لەو یەشا و نە ئەو ڕۆژێک لە من ڕەنجا. کە بەیەکئەگەیشتین لە ڕێی قوتابخانە و ماڵەوە و سەیران، بە تایبەتی کاتی بەهار، وە هەندێ ڕۆژانی هەینیش لە سەرقەبرانی گردەکەی سەیوان، ئەوێ پڕیەتی لە لاشەی بێگیان، لە مردووی بەسزمان، لە کەسوکارە کۆستکەوتووەکان، کە ئەبێتە ڕۆژی مەحشەر جومعان، سەرلەبەیانیان، لەبەر لاواندنەوە و شین و گریان... ئەڵێم کە بەیەکئەگەیشتین و دەرفەتێکمان دەستئەکەوت، فریشتە پاکەکانی ئاسمان خۆزگەیان پێئەبردین. کە چاومان بە یەکتری ئەکەوت، وەختەبوو یەکتری قووتدەین. بڕوامان نەئەکرد، بەڵکوو بە بیری منالیمانا گوزەری‌نەئەکرد، یان بە تاوانمان ئەزانی بیر لەوە بکەینەوە کە بۆ یەکتری نابین، یان لەیەک ئەبین! پەیتاپەیتا تەزووی کامەرانی بە ئامباڵای لەشمانا ئەهات و ئەچوو. ئەوەندە لە خۆمان بایی‌بووین، وامان ئەزانی جڵەوی گالیسکەی ژیان وا بەدەست خۆمانەوە و بۆ کوێ لێی‌خوڕین، ئەمانبات. لە تافی لاویمانا بووین، هێشتا کوێرەوەریی ژیان قاڵی‌نەکردبووین، هێشتا هیچ کۆستێکمان لێنەکەوتبوو، هیچ بەرهەڵستێکمان نەهاتبووە ڕێ. نەمانئەزانی لە ڕابەری زمانا وشەی ئەشکەنجە و ئازار و داخ بە چی ئەوترێ! هێشتا خاوبووین، نەمانئەزانی تەشیی ژیان بامانئەدات. ئەوەندەم خۆش‌ئەویست، بووبووم بە سێبەری و شارەوشارم بەشوێنا ئەکرد. ئەویش ناومی کردبوو بە ویردی سەر زمانی. کە ئەیدیم، تکتک فرێسکی خۆشەویستی لە چاوە جوانەکانیا قەتیس ئەوەستا و زەردەخەنەی شادی لە لێوە ئاڵەکانی ئەفڕی بۆ ئاسمانی دڵداری.

**(٤)**

دوو خونچەگوڵ بووین؛ کەمێکمان مابوو بگەشێینەوە و ناوباخی ژیان بۆندار و جوان بکەین، بیڕازێنینەوە و فەڕ و خێر بە خۆشمان و بە خەڵقیش بگەیێنین! لە شەبەقەوە تا چێشتەنگاوێکی درەنگ تێر تێی‌ڕوانیم، ژاکاو، سەرسووڕماو، ئەبڵەق‌وەستاو، فرمێسک‌لەچاو. تێر تێی‌ڕوانیم. بە زمانێکی لەگۆکەوتووی وەک لاڵی کۆستکەوتوو، چەند ورتەیێکی کرد! وتم: ورتە؟ نەء، ئازاری پەنگخواردووی ناخی

دەروونی ئەبڕی، لەگەڵ هەموو هەناسەییێکیا دڵ و گیان ئەفڕێ! دوای ساریێژکردنی ئازار، چارم نەما بە گەرمی باسی ژیانی پاشەڕۆژم بۆ کرد؛ لەو ئاواتانە دووام کە وان لە دڵی هەموو لاوێکی پاکی بیربەرزا، لەو هێزە گەورەیە دووام کە پاڵم پێوەئەنێت بۆ تێکۆشان و خەبات، بۆ ڕەنج و تەقەلادان، تا ئەکرێمەوە و ئەبم بە گوڵێکی تەواوی بۆنداری جوان لە باخچەی ژیانی شێواوا.

کە مانگی زیوین هەڵات و کردگار خامۆشییێکی سەردەمی خەڵەتێنەری هێنایە ناو ناوان و سەلماندی بە ئینسانی ساکاری بەسزمان، تێر تەماشای یەکمان کرد، بەبێ دەنگ چاومان بڕییە چاوی یەک. ئەمانویست یەکتری دڵنیاکەین لە پاشەڕۆژ، لەو شتانەی وان لە پەردەی هات و نەهاتی نەزانراوا! بە هیواوە سەرمان‌نایەوە، نوستین و هەر یەکە لە هێلانەی خۆیا دەستی‌کرد بە خەوبینین، وەک مەلی ساویلکەی بێ‌قین!

**(٥)**

هاوارێکی جەرگبڕ لە هەڤدەی حوزەیرانا ڕاستی‌کردمەوە. کە ڕوانیم، خونچەی ئامانجم، بەشەکەی‌تری گیانم، ئەوی ئەمویست ببێتە شەریکەبەش و هاوڕێی ژیانم، بەدەم قەلێکی ڕەزاقورسی دڵڕەقەوەیە، ئەیڕفێنێ بۆ دوور، بۆ زەویی گەرمیانی چۆڵوهۆڵی پڕ لە مار و موور، دووری‌ئەخاتەوە لە کوێستانی کانگای جوانی و نوور!

خونچەیەکی نەکراوەی بێ‌بۆن‌وبەرامە و بێ‌دەسەڵات بووم، هیچم لەدەست نەهات، نەمتوانی، نەمئەزانی چی بکەم؛ لەوە زیاتر کە خۆبخۆمەوە و سەری پڕ لە وەیشوومەم بنێمە بەر ئەژنۆی لەرزیو، بە خەیاڵ ببمە ڕاوکەر، لەجیاتیی جارێ ڕۆژی هەزار جار قەلی دەعبا بنێمەوە بە نیشانە!

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و ساڵ بەدوای ساڵا هاتن و تێ‌پەڕین. ڕۆژی چاوەڕوانیم بە ساڵ و ساڵم هەر لێ‌نەئەڕۆیشت. کرامەوە و بووم بە گوڵ! بەڵام گوڵێکی سیسی ژاکاوی تاساوی ناکام، هەر ڕۆژە پەڕەییێکم ئەدا بەدەم باوە بۆ ئەوەی بەناو زەویی گەورەی کانگای خراپی و بێ‌دادی‌دا بیخولێنێتەوە، وەکوو زەوی خۆی کە تاقەساتێک بەزەییی بەم لێقەوماوان و کۆستکەوتووانەدا نایەتەوە و لە خولەخولی خۆی ناکەوێت. نازانم بۆ دەستبەجێ وشکنەبووم و ببڕێمەوە! نازانم بۆ مامەوە لەم کۆنە هەوارە بێ‌مەعنایەدا، کە هیچی بەسەر هیچەوە نییە؟ بەڵام ئەوەی

یەقین و بێگومان بێت، ئەوەیە کە مامەوە بۆ ناسۆر و کۆست و چێشتنی کوێرەوەری، بۆ دەستبەدەستادان و ئاخهەڵکێشان و ڕەنجبێوەری، بۆ خەمخواردن و ئەشکەنجەدان و بەیایی و بیرەوەری!

**(٦)**

لە دوای پێنج ساڵ، وەیشوومەی ناو دەروون ڕاپێچی‌کردم بۆ غەریبی و ئاوارەبوون، هەتا توانیم دوورکەوتمەوە و هەر ڕۆیشتم، پشت لەو، ڕوو لە نەزانراوی پڕسام! لە کەنار زەریای سپی، لە شارێکی ئێجگار خۆشی جوانا گیرسامەوە، وەکوو کەشتییێکی سەوڵشکاو، زۆرم ئەویست لە بیر خۆمی بەرمەوە، کەللەی پڕتاسەم بە شتی‌تر گەرمکەم. بەڵام خەیاڵم خاوبوو، دڵەی کۆستکەوتووی بێعارم بەسەریا ئەنەڕانم: "هەرگیز دڵداریی یەکەمجار لەبیرناچێتەوە، لە یاد ناچێتەدەر!" چارم ناچار بوو، کارێکی وام کرد دەنگوباسی بەشەکەی‌تری گیانم بگاتێ.

زانیم کە لە ساڵی یەکەما قەلی بێڕەزای غەدار بە دەنووکە پیسەکەی تێی‌بەربووە، خەریکە بەو کۆڵە جوانییەوە بیکوژێ! لە ساڵی دووەما بەجێی‌هێشتبوو، تێری مژیبوو، لێی نەئەپرسیمەوە. لە ساڵی سێیەما، گەڕابووەوە سەری، بۆ ئەوەی داوێن‌پیسە سەربکاتەوە سەری! لە ساڵی چوارەما پەیامبەری دڵسۆزی گوێ‌لەمستی دڵسپیی بە ناسۆرێکەوە وەرگێڕایەوە کە "گوڵی هاوڕێت زۆر ژاکاوە"، "بۆن و بەرامەی زۆر کەم ماوە! لەتاو ناسۆر و ئازار و ئەشکەنجە، خونچەییێکی بچووکی دەرداوە..." لە ساڵی پێنجەم و شەشەما، خونچە بوون بە دووان. منیش نزام بردە بەر ئاسمان، لەشم هاتە موچڕکە و لەرزین، دنیای ئەوێی ئێجگار پاک و گەش لە بەرچاوم بووە پەڵەییێکی ڕەش. لەو حەلەوە هیوای پێگەیشتنم ناشت لە دڵەی پڕ ئێش و ئازاری هەزار زامتێکراوی کۆستکەوتووما. بەسە جەفاکێشان، بەسە کوێرەوەری و کەساسی! با منیش وەک ئەو لە بیر خۆمی بەرمەوە!

ئیلهام و نیگایەکی ناو دەروون پێی‌وتم: بێگومان‌بە کە هەرگیز دڵداریی یەکەمجار لەبیرناچێتەوە، لەیاد ناچێتەدەر، بێگومان‌بە کە ئەو لە تۆ بەپەرۆشترە. بەڵام ئەو بێچارەیش چاری ناچارە، ئەویش وەکوو تۆ لەم حاڵە بێزارە، نە ژیانی ژیانە و نە کاری کارە!

**(٧)**

لەتاو شەڕوشۆڕ و بەیەکاهاتنی دەروونی، لەتاو وەیشوومە و گەرداوی بیر و خەیاڵم، ئۆقرەم لەبەربڕا، ژوورم بەجێهێشت و سەرم هەڵگرت بۆ کەنار زەریا. هێشتا کەللەی داگیرساوم هەر کاسانە ئەزرنگایەوە، کە لە دوور، لە ناوجەرگەی شەپۆلەکانا، کەشتییەوانێکی پیری نوورانی، بە دەنگە زوڵاڵە کاریگەرەکەی، لەسەر ئاواز و سروودی شەپۆڵەکانی، ئەم گۆرانییەی ئەوت:

هەرگیز لەبیرم ناچێت؛ هەمیشە وای لە دڵما!
تۆف و گەرداوی توندوتیژ شاخ هەڵتەکێنێت،
دۆڵی قووڵ و جەنگەڵی چڕ لە بنەڕەت دەربهێنێت
سەرتاپا هەموو کردگار بەسەریەکا بڕووخێنێت،
تۆ هەرگیز لەبیرمناچیت؛ هەمیشە وای لە دڵما!
باوک لە ڕۆڵەی ببێت بێزار،
پەپوولە بتۆرێت لە باخ و نزار
ئاو لە کانییان نەمێنێ، ببڕێت
گەڵای دار هەڵوەرێت، بمرێت
دووربیت لێم، یان نزیک بیت
بتەوێم، یان لێم زیزبیت
یاسا و نەریتی ئاسمان و بەشەر
شەیتان، دەعبا، جڕوجانەوەر
مارسی[١] پیسی ئامباڵاشەڕ
هەموو هێزێکی تاریکی بێفەڕ
پڕچەک لە من هەڵسنە سەرپێ
خاپوورکەن دنیا، گشت شار و دێ
هێشتا تۆ هەر لەبیرمناچێت؛ هەمیشە وای لە دڵما!

---

[١] مارس: زاڵم، لاسار و سەرسەخت، گیانداری چەتوونی سەررەق. (س)

نازدار! بڕوام ئەوەندە بەتینە
ئەهێنێتە جووڵە گشت ئەم زەمینە
لەناوی‌ئەبات گشت دەعبا و جانەوەر
هەتا ئەگاتە مارسی خواکەی شەڕ
ئینجا ڕۆژێ دێ کە نەمێنێ قین
هەموو لەیەک ئاشکرابین
بڕازێنرێتەوە گشت ڕووی زەمین
تام و هیوا بکەوێتە ژین
هەموو تێکڕا ئاسوودەبین
دە هەتا ئەو ڕۆژەش دێ، شاکچی منی خەمگین
تۆ هەر وای لەگەڵما، هەمیشە وای لە دڵما!

**(٨)**

ڕۆژی ئاسمان و زەریا کەمێکی مابوو، نوقوم‌بوو، ناڵەی پیری پڕتەئسیری کەشتییەوانیش لە گوێم ون‌بوو، دنیا تاریک داهات. منیش ئاوارە و غەریب و مات، بڕیارم دا بگەڕێمەوە وڵات، ڕووبکەمەوە ڕۆژهەڵات. هێشتا شڵپەی ماچی شەپۆڵ و کەنار هەر لە گوێما بوو، کە لە بەرخۆمەوە ئەموت: "با هەموو هیواییکم لێت‌ببڕێت، با مۆمێ داگیرساوی ژیانیشم کە بۆ ڕووناککردنەوەی ڕێی خەڵقییە، بکوژێتەوە بە کزەبای کوێرەوەری و هەناسەساردی و بێ‌دادی و بۆنەهاتی. لە دواییشا، با نەگەمە ئاوات و بە ناسۆرەوە مێشک و دڵی داگیرساوی گڕتێبەربووی کۆستکەوتووی بەئامانج‌نەگەیشتووم وەک کوژراوێکی لاوی بێ‌تاوانی حەقپەرستی لە ڕێی دادا پەتپەتێن‌پێ‌کراو شۆڕکرێمە ناو گۆڕی شوورەیییەوە و نەفامە هەتیوچە ناپاکە درۆزنە بێ‌بارەکان بەردبارانمکەن. ئینجا با فیشاڵکەرە دووڕووە بێ‌بەروپشتە ساختەچییەکانیش گەزارەی بێ‌شەرمی دەرکێشن و بوختان لەسەر گۆڕەکەم بارکەن، هەتا توانایان لێ‌ئەبڕێ. با کەس نەبێت بۆم بلاوێنێتەوە و فرمێسکێکی ڕاستم بۆ بڕێژێ، با کەس نەمێنێ دانێکی خێرم پیابنێ، یا "بوونە قۆچی قوربانیی خەڵکیم" لەم و لەو بگەیینێ؛ ئەمانە هەمووی سەرتاپا ئاسانترن لەوەی تۆ

نەمێنی لەگەڵما، چونکە پڕبڕوا بە گیانە شیرینەکەم، کە هەمیشە وای لە دڵما، هەمیشە وای لە دڵما.

## مشتێک خۆڵ*

### پێشکەشی نیشتمانپەرستەکان بێت

چەند ساڵێک لەمەوبەر کە خۆی ناسی، لە بەردەمی پارچەزەوییەکی شینهەڵگەڕاوی کوردستانا ڕاوەستا، سەری شۆڕکرد، نوشتایەوە بۆ ئەو گڵە، وەکوو هێزێکی نهێنیی نەبینراوی گیانی ڕایکێشێ. دەستی لەرزیویی بۆ درێژکرد، مستی لێ پڕکرد، کە لووتی نزیککردەوە و بۆنیکرد، چ بۆنێکی خۆشبوو، مەستیکرد! چ عەترێکی تەلیسماوییە ژیانێکی نوێی لەو ڕۆژەوە کردووە بە بەرا؟! چ بۆنێکە لەم مستە خۆڵە شینداگەڕاوەدا؟! بۆنی مستێک خۆڵ، بۆچی لە تەوقی سەری تا کەڵەموستی پێی هێنایە لەرزین؟! چ جادوویەکە، مووی ئەندامی لاوە هێمنەکەی وەکوو باسقەنە ڕاستکردۆتەوە؟! بۆ گڕی ئاگر لە چاوە شینەکانیا دائەگیرسێت؟! چ بەیەکاهاتنێکی سەختی توندوتیژی دەروونییە وای لێکردووە، لەوانەیە جلوبەرگ بدڕێنێ و بداتە کێوان؟!

لەپاش تەماشاکردنی لاپەڕەکانی مێژووی نیشتمانەکەی، لەپاش گەڕانەوە بۆ ڕابوردووی دوور و نزیکی بەخوێنسوورکراوی بەفرمێسکئاودراو، ڕاستیی بێپێچوپەنای بۆ دەرکەوت، خۆی دەستیکرد بە وەرامدانەوەی خۆی: «ئەم مستەخۆڵە، خوێن و گیان و ئێسقانی کوردە. هەر ئەم خۆڵە، لاوە دلاوەرەکانی بابان و سۆران و دوانزە سوارەی مەریوانە. ئەم مستەخۆڵە، میراتیی باپیرە گەورەی صەلاحەدینی ئەییووبی و شێخ سەعید و دکتۆر فوئادە.»

دڵ، باری خەم و خەفەتی لێنیشت، لێو زەردەخەنەی لێدوورکەوتەوە، دەموچاو گرژ هەڵگەڕا، فرمێسک سەریکرد بۆ ئیمڕۆی کورد. زۆری نەخایاند مستە خۆڵەکەی ماچکرد و زەردەخەنەیەکی پڕهیوا هاتە سەر لێوی، سوێندی بە مستەخۆڵ خوارد کە تا دواهەناسە خزمەتی نیشتمان بکات بە ڕاستی. کەمێک ماتبوو، ئینجا ئەم پرسیارەی لە خۆی کرد: ئایا لاوانی ئیمڕۆ ئەتوانن ئەم

* گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی ٥، ژمارە ٩، ئەیلوولی ١٩٤٤، ل٢١-٢٣ (گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی پێنجەم/ بەشی دووەم: تەمووزی ١٩٤٤-کانوونی یەکەمی ١٩٤٤، ل٣٢٦٩-٣٢٧١).

خوێن و ئێسقانانە کە بوون بە خۆڵ و شینهەڵگەڕاون، کۆبکەنەوە و گیانێکی نوێی پڕشکۆ و پڕشەرەف و پڕئازادییان بەبەرابکەنەوە؟!»

هەموو ئەندامی هاتە لەرزین، هەردوو چاوە پڕ لە ئاگرەکانی ئەیانڕوانییە شاخە بەرزە قووچەکان، کە بەڵگەن بۆ بەرزیپەروەریی نەتەوەکەی. بەبێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات، تا ئەهات زیاتر مستەخۆڵی لەناو دەستیا ئەگوشی، لەپڕ گرمانی و شاخ و زەوی دەنگیان‌دایەوە: «بەڵێ، بە یەکگرتن و بە یارمەتیدانی یەکتری، بە تەقەلادان و بە کارکردنی ڕاستی، بە خۆبەختکردن، بە زانست، بە عیبرەتوەرگرتن لە ڕابوردوو، بە هەندێک خوێنی سوور.» لێرەدا وەستا و خۆی بە خۆی وت: بە خوێنی سوور! بۆچی بە خوێنی سوور؟!، چونکە ئەگەر ئازادی بە هیچ شتێک نەکڕرا و هیچ شتێک کەڵکی‌نەبوو، خوێنی سوورە. ئەو حەلە، نرخی پڕبەپێستیەتی. ئینجا لەسەر قسەکردنی خۆی ڕۆیشت و وتی: «با ئادەمیزاد حەز لە هەموو جۆرە جوانییەک بکات و با کڕنووش بۆ گەلێک مەبدەء ببات. بەڵام -شەرتی پیاوەتی بێت- من هەرگیزاوهەرگیز حەز لە هیچ جۆرە جوانییەک نەکەم، ئەو جوانییە نەبێت کە بە مۆری کوردستان مۆرکراوە، کڕنووش بۆ هیچ جۆرە مەبدەئێک نەبەم، ئەو مەبدەئە نەبێت کە ئازادکردنی نیشتمانی ئەوێت. ئەم خۆڵەیە، ئەو یارەی لەمەودواوە بە شەو و بە ڕۆژ هەمیشە خەوی پێوەئەبینم و بیری لێ‌ئەکەمەوە و خۆمی بۆ تەرخان‌ئەکەم، ڕزگارکردن و ئازادکردنی نیشتمانە ئامانج و هیوای ئێجگار بەرز و پیرۆزم.»

فەلەسطین – یافا

# تازە ڕابورد*

ڕابەر

[ئەم وتارە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا بە شێوەیەیێکی ساکارتر لە ئێستا و لە وێنەی نامەیێکدا نووسرا بۆ (أ)! بێگومان ئەو حەلە نە ئەو و نە کەسیتریش بڕوایان بەوە نەبوو کە وەکوو نەخشی بەرد دێتەدی. بەڵام ئەم گومانە زۆری نەخایان و هەر لە حەوت ساڵێک تێپەڕینەکرد کە بوو بە ڕاست، ڕاستییێکی وەکوو دووخ، بەڵام ئەو هاتنەدییە و ئەو ڕاستییەش تازە رابوردن، نە کەڵکیان ماوە و نە سوود، نە شت پێشئەخەن و نە دوا؛ لە بیرخستنەوە زیاتر هیچ ئامانجێکم لە بڵاوکردنەوەی نییە، تەنیا بیرخستنەوەی ئەو نا، بەڵکوو بیرخستنەوەی هەموو "کچێک" کە دڵ ئەگۆڕێ و سامانی دنیا ئەگوڕێتەوە بە سامانی هەست و بیری جوان! بەڵکوو ئەمە خوایە خۆیان و خەڵقیش دوچاری پەشێمانی نەکەن و وایان لێنەیەت کە دەستبەدەستابدەن و ئاخ هەڵکێشن و بڵێن تازە ڕابوارد!.]

سووتانی مۆم، قوربانیی پەپوولە، گوڵی ژاکاو، ئەستێرەی کز و پرچی پەخشان، ئەشکی چاوان، خوێنی بێتاوان، هەموو شتێکی ناو ژیان، ناشیرین یا جوان، دێن و ئەڕۆن و تازەئەبنەوە و ئێمەش بەرەو خاک ئەپێچرێینەوە، بە خۆمان و هەموو توانا و ئاوات و نیاز و ئازارێکمانەوە ئەبین بە ڕابوردوو، لەبیرئەچینەوە.

---

* ئەم بابەتە یەکەمجار بە ناوی (ڕ. پاچ)ەوە لە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١٠، ساڵی ٦، تشرینی یەکەمی ١٩٤٥، ل٤٩-٥٣دا بڵاوبووەتەوە. پاشتر دەستکاری و فراوانی کردووە و بە دوو ئەڵقە بڵاویکردووەتەوە لە: گۆڤاری پەیام، بەغدا، بەرگی ٧، ژمارە ٢٨٢، ١٩٥٥/٢/٢١، ل١٠-١٤؛ بەرگی ٧، ژمارە ٢٨٣، ١٩٥٥/٢/٢٨، ل٧، ١٠-١٣.
لە دەورانی ڕۆژنامەی "بڕوا"یشدا، دیسان هەر بەشێکی کەمیی لێ بڵاوکردووەتەوە: ساڵی ٢، ژمارە ٢١، شەممە، ١٩٦١/١/٢١، ل٤؛ ساڵی ٢، ژمارە ٢٤، ١٩٦١/٢/١١، ل٣. (س)

بەڵام با ئەو مۆم و دڵە، ئەو پەپوولە و گوڵە، ئەستێرەی بریسکاو، مانگی دیمەن وەک زیو نیشانە بن بۆ جووتەباڵندەی خێرنەدیو! با پرچی ژاکاو، ڕووی سپی و ڕەش، چاوێک لێڵ و ئەویتر گەش، با فرمێسک و زووخاو ببنە کانیاو، بەڵام ڕوون و جوان و ڕەوان بن، لەناو دڵێکی فراوان بن بۆ گشت هیوابڕاوان بن. تازە ڕابورد تاسەیەکە و وەک برینێکی پیرۆز هاتەسوێ. با منیش لەگەل ئەخۆلی شاعیری دڵدارییا بڵێم:

تەمەن ڕوو بۆ خەزان ئەڕوا، کەچی گەردوون ئەوا تازە
لە هێلانەی دڵا تۆوی گوڵی دڵداری ئەڕوێنێ
بە چەشنێ خۆشەویستیی تۆ لە سنگ و کەللەما چەسپە
مەگەر جامی ئەجەل ئەو تین و تاوەی لێهەڵێنجێنێ![1]

**(١)**

ئەمە دوانامەیە، ئیتر هیچت بۆ نانووسێ! هیچت بۆ نانووسێ. ئەزانی بۆ؟ چونک ئەو دڵە، ئەو هەستییە مرد کە نۆ ساڵ، نۆ ساڵی دووروودرێژی بێبڕانەوەی پڕ لە کارەساتی جەرگبڕی زراوتۆقێنەر، نۆ ساڵی پڕ جەفا و دووری و کوێرەوەری و ئاوارەیی، نۆ ساڵی پڕ ناسۆر و پڕ ئێش و ئازار، بە هیوای تۆ و لە ڕێی تۆ و بۆ تۆ ژیا! بە درێژیی ئەم نۆ ساڵە چاوەڕوانتبوو، خەویئەدی بەو پێگەیشتنەی ئەیویست بێتەدی! بەڵام داخەکەم تۆی بێوەفای ماددەپەرستی بێهەستی دڵڕەقی شێتگیری خشڵ لێتنەپرسییەوە، ئاوڕت لێنەدایەوە. لەبەرئەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە مرووری زەمان دڵ و هەستی مرد بە ساوایی. کە ئەم کۆستەی بە خۆیەوە دی، مەجبووربوو تۆش بنێژێت لەگەڵ هەست و دڵیا و گۆڕی یادگارتان بۆ قووڵترکا. بەڵێ، مەجبووربوو پێکەوە بتانننێژێ بەناچاری لەگەڵ شەوە تاریکەکانی ژیان و لەگەڵ دەرد و خەمەکانی ڕابوردووی دووری نزیکا. ناحەقییە ئەمە دوا نامەی بێ و ئیتر هیچت بۆ نەنووسێ، شێتبووی جلوبەرگ، دیلی کۆشک و تەلار، نۆکەری خشڵ!

[1] ئەم برگەیەی پێشەوە خراوەتە پاش هەمان سەرباس و دوو دێڕێکی بابەتەکە و پاشتر لە ڕۆژنامەی "بڕوا"، ژمارە ٢١، ١٩٦١/١/٢١؛ ژمارە ٢٤، ١٩٦١/٢/١١، ل٣دا بڵاوکراوەتەوە و نووسراوە (ماویەتی) و تەواونەکراوە. (س)

**(٢)**

بۆ کردت بە گۆڕهەڵکەن؟ بۆ کردت بە بتێکی گێلی بێدڵی بێهەستی؟ بۆ ئێش و ئازارت دا لە سەرەتای بەهاری تەمەنی لاوی‌دا؟ گوناهی چی بوو پێی‌بڵێ؟ بە درۆ یان بە ڕاست، بە قسە یان بە نووسین، دووراودوور یان لە نزیک، بە خەو یان بە خەیاڵ.... هیچ نەبێ پێی‌بڵێ!

دڵت مران، ڕێگای ژیان و پاشەڕۆژت لێ‌ون‌کرد، ئارام و ئۆقرەت لەبەربڕی، بیروباوەڕت وەرگێڕا، ناخی دەروونت پڕکرد لە برین. لە سەرەتای بەهاری تەمەنیا، خەزانی پاییزت لێ‌ورووژان، ڕووبەڕووی مەرگ پاڵت‌پێوەنا و ئینجا لچت لێ‌هەڵقرچان و ڕووت لێ‌کرد بەولاوە و بەجێت‌هێشت لە کاتی تەنیایی و بارکەوتوویی و بێچنگییا، بۆ ئەوەی گەر پیاوە نەفامە باییبە بێشەرمەکان پێشێلی‌کەن بە پێ پیسەکانیان، بۆ ئەوەی بە قاقای پێخۆشبوون بیکوژن. ئەمە شەرتی وەفاداری بوو، بێپەیمان؟ ئەمە بەر و میوەی خۆشیی دڵداری بوو، بێئیمان؟! وەرە، قسەغەدداری دووزمان، ناحەقیەتی ئەمە دوانامەی بێ و ئیتر هیچت بۆ نەنووسێ. شێتبووی جل‌وبەرگ، دیلی کۆشک و تەلار، نۆکەری خشڵ.

**(٣)**

ناوبەناوێک .. لە کاتی تەنیاییتا، لە حەلی ڕوولێ‌گرژکردنی ژیانا، کە هانا ئەبەیتە بەر فرمێسک و ڕووناکی نابینی لە هیچ شتێکا، یارمەتی نابینی لە هیچ کەسێکا و سەبووریت لێ‌ئەچێتە بەست، ئایا ئەوی دڵسۆز، ئەوی ڕەنجەڕۆی دەستخەڕۆی خۆشەویستیی پاکی سەرەتای دڵداریی یەکەمت بیرناکەویتەوە؟! ئایا ئەو بیرکەوتنەوەیە، هەستیت ناجووڵێنێ و فرێت‌ناداتەوە بۆ بەیایی و دەروونی درت پڕناکا لە زام، لە زامی تەریقبوونەوەی بێشەرت‌وشۆیی؟! ئایا ئەوەندە بێهەست‌بووی کە هیچ بە بیرتا گوزەرنەکا لاوێکت لە سەرەتای ژیانیا دەسخەڕۆکرد بەبێ گوناهـ لاوێک کە نە مردووە و نە زیندووە لەسەر ئەم کۆنە زەوییەی هەرگیزاوهەرگیز بەبێ تۆ خۆشیی لێ‌نەدیوە؟ ئایا بۆ بەتەواوی نەتکوشت تا بحەسێتەوە، یان بۆ لەگەڵ خۆتا نەتژیان تا تێر لە بەری جوانیی ژیان بخوا؟ بەجێ‌هێشتن و دەست‌بڕین و ئاوڕلێ‌نەدانەوەیە مۆدەی کچی مۆدە؟! ئەمی هەژار بەرەڵداکردن و ئەوی دەوڵەمەند گرتنە شەرت‌وشۆی ئەم تاقمە خوێندەوارە! ڕاڕاییبە وەفا و بەڵێن و پەیمان بۆ کچێکی شۆخی جوان!

تووخوا ناحەقیە ئەمە دوانامەی بێ و ئیتر بۆت نەنووسێ؟ تووخوا ناحەقیە هەرچی کتێب و خوێندەواری هەیە، بیکا بەگژتا، بەڵکوو پێتیبنوێنن، هەی شێتبووی جلوبەرگ، دیلی دەوڵەت و تەلار، نۆکەری خشڵ!

**(٤)**

ئەتەوێ بزانی چۆنە؟ قەیچێکات، خۆ هیچی تێناچێت. چی لە تۆیە، خوێندەوارە بیروباوەڕ بەرزەکە! گوێم لێبگرە، با بۆتی بنەخشێنم و وێنەیت بخەمە بەرچاوی بریسکەلێبڕاوت! گوێبگرە، پەیکەرێکە لە چەرم و ئێسقان و دەمار، دێت و ئەچێت، بەبێ ئەوەی بزانێ بۆ، دڵمردووی لەشبەباری مات و بێزار، دەروون داگیرساوی زووخاو تیاکولاو، بەیانیی خۆی لە ئێوارەی جیاناکاتەوە. هەرچی شتی بەنرخ و پیرۆزی ناو ئەو دنیا شێواوە هەیە، لای ئەم بێبایەخن، چونکە چاوەڕوانی دەستی قەدەر و قوورەتە پلاری گلاراویی تێگرن، یا گوللەییێکی وێڵی بۆ بنێرن و بیدەن بە زەویی کانگای بێدادی و بۆنەهاتییا، جوانەمەرگیکەن بە ناکامی لە هەرەتی گەنجی و لاویدا، بینێژن لە گۆڕێکی تاریکی قوولا، چونکە دوای مردنی هەستی و دڵ چارنییە ئینسان بێزارئەبێ لە ژین. ئەمەیە وێنەی ئەو کەسە کە ناحەقینییە ئیتر نامەت بۆ نەنێرێ و ئەمە دوانامەیەتی و هیچیترت بۆ نانووسێ، هەی خەڵقکوژی شێتبووی جلوبەرگ، دیلی کۆشک و تەلار، نۆکەری خشڵ!

**(٥)**

کە گوێی لە وەڕەوەڕ ئەبێت، تۆی دێتەوە یاد. ئاخ بەبائەدا و هەناسە هەڵئەکێشێ. لەبەرئەوە نا کە وەڕەی پێخۆشە یان لێی ئەترسێ، لەبەرئەوەی کە ئەوسا و ئێستای بەراوردئەکاتەوە. ئەوسا کە بەییەکەوە گوێتان لە وەڕینێک بوو، ڕۆژانی زۆر زووی بەسەرچووی ونبوو، کە هەتا بلێی خۆشبوو. ئەوجارە کە بەیێکەوە لە سەیران بوون و سەگەکەتان پێوەڕی، کە پڕ زاتانە نەڕاندت بەو دەنگە مۆسیقاییەوە: "ورەبەرنەدەیت! ڕێگا هەتا دوورتر و ئازاراویتر بێت، گەیشتنە قۆناغ، گەیشتنە مەنزڵ و حەسانەوە، ئەوەندە جوانتر و خۆشتر و پڕچێژترە. زەنەقتنەچێ و ورەبەرنەدەیت، چونکە هەتا لە حەپە و وەڕین زیاتر ڕاکەیت، سەگەکان باشتر عەمبازتئەبن، چاکتر پڕی پیائەکەن، هەموو دەنگێکی جوان و نازدار و شیرینت لەبیرئەبەنەوە و زراوت ئەتۆقێنن. هەتا تیاتایە، دەستم

دامێنت، با زەنگی قوڕگی لێوەشاوەت بزرنگێتەوە و بنەڕێنە، نەڕەییێکی شێرانە، پێ لە زەوی توندکە مەردانە، دەستبەرە لیس کوردانە، با دەنگبدەنەوە ئەو دۆڵانە و ئەو شاخانە، کە هەرگیز دڵداری لاو نابەزێت، نایەڵێ سەگ دەمبنێتە لاقی خۆشەویستەکەی، هەتا خۆی ونجڕونجڕنەکرێت!" بە وەڕینێک ئەمانەی دێتەوەیاد و دەستئەدا بەدەستا بۆ ئێستات، ئەم ئێستایەی دەماری ئەوەندە شلکردوویت، میاوی پشیلەش دایئەچڵەکێنێ. دە تووخوا ناحەقیە ئیتر هیچت بۆ نەنووسێت و ئەمە دوا نامەی بێت، هەی شێتبووی جلوبەرگ، دیلی کۆشک و تەلار، نۆکەری خشڵ!

**(٦)**

ڕاستە، هەر کەسێ خۆی بە هەرزان بفرۆشێ، بە هەرزان ئەیکڕن. ڕاستە، ئافرەت ڕاڕاییيە و بێ بەقا و پەیمان! ئەگینا بۆ وات لەو کەسە کرد کە لەبەر تۆ حەزی لە دڵداری کرد و گوێینەدایە دەنگی بیر و هۆشی، شوێن قسەی پڕلافوگەزافی تۆ، شوێن پیلانی پڕ لە درۆی تۆ کەوت، بە پەیمان و وەفا و قسەی پفهەڵدراوی خۆشی سەرزمانی تۆ خەڕۆبوو. کەچی تۆش لەشبەبار، چاوبەفرمێسک، دڵبریندار، ناخی دەروون شێواو، ژاکاو و زەردهەڵگەڕاو و خوێن تیانەماو، بەجێتهێشت بێدەنگ و خامۆش، کردت بە مشتێک چڵوچێو، یان -بە قسەییێکی ڕاستر- بوو بە گۆڕێکی سامداری ڕووخاوی پڕ لە یادگار و بیرەوەریی پڕناسۆری پڕکوێرەوەری! ئەمەبوو دوایی و ئەنجامی قسە خۆشەکانی سەرزمانت؟ ئەمەبوو وەفا و بەڵێن و پەیمانت؟ ئەی کۆشک و تەلار بەسەرتا ڕووخێ، شێتبووی کۆشک و تەلار، جلوبەرگت کوڵوکۆی دامرێ، دیلی جلوبەرگ، خشڵەکانت هەڕاجکرێ، نۆکەری خشڵ.

**(٧)**

ڕاستە، دەوڵەمەندنەبوو، ڕاستە جوانێکی نایلۆنی نەبوو، بەڵام لەو ساماندارتر و لەو جوانترت نەدۆزیوەتەوە. ئەزانی سامانی چی؟ سامانی گیرفان نا، سامانی دڵ و دەروون بەرزی، سامانی پڕجۆشی هەستی. جوانیی نایلۆنیش زوو ئەچێتەوە، بەڵام جوانیی بیر و دەروون نەمرن، ئافرەتە بەسزمانە هەڵخەڵەتاوەکە! بۆ ئەمانەت بەوانە گۆڕییەوە؟!

دڵنیام لە کاتی خیانەتلێکردنتا، ئەمینیی ئەو؛ لە حەلی درۆ لەگەڵکردنتا، ڕاستیی ئەو؛ لە کاتی شەرتبڕینتا، وەفای ئەوت بیرئەکەوێتەوە، پاشگەز و

پەشیمان ئەبیتەوە و ئەکەویتە گێژەوە و بڕیارێکی گەورە ئەدەیت. بەڵام داخی گرانم بۆ ئەو ڕۆژ و کاتە کە ئەکەویتەوە بەیایی و بە هەڵەداوان و بێوەستان ئەگەڕێیتەوە هێلانەی دڵداریی پاکی سەرەتای لاوی. داخی داخانم، بۆ ئەو حەلەی هەموو شتێک بەرەڵدائەکەیت، لە هەموو شتێک ئەبووریت، لە هەموو شتێک وەڕسئەبیت، قینت لە ژیانی ماددیی وشکی بێهەستیی پڕدرۆ هەڵئەسێت، کۆستکەوتوو، پەککەوتوو، لێونبوو، تەلاقدراو، ماڵلێشێواو، وەک ئاگرتێبەربوو ڕووئەکەیتە هێلانەی دێرینی پشت کۆشک و تەلار، جلوبەرگ دڕێنراو، خشڵلێدزراو. ئەو حەلە ئەوەستیت چاوەڕوان، چاوەڕوانی ئەوەی کەرەکەی جاران بێت بەپیرتەوە و لەجیاتیی جارێک، سەد جار بگری و بپاڕێتەوە و بڵێت: "قوربان، ڕۆحی ڕەوان، با تازەیکەینەوە پەیمان!".

ئای کە خۆخەڵەتێنەری و بەسزمان! ئەمە ژیانە و ڕێگای بێئەمانی زەمان. هەموو شتێک، هەموو کەسێک، ئەگۆڕێ، خانم گیان! تازە ڕابورد، خەوێک بوو دیمان. دڵسۆزیی جاران بە من و بە تۆ و زەمانە بردمان بۆ سەرقەبران، لە گۆڕێکی قووڵا ناشتمان. تازە ڕابورد، زیندوونابێتەوە بە قورعان! هیچ سوودێکی نییە گریان و دەستبەدەستادان و ئاخهەڵکێشان! نەکەی بێیتەوە بە هەڵەداوان. ئەزانی بۆچی؟ چونکە هێلانەی دڵداریی ڕابوردوو ساردە و سامدارە و تێکچوو، باخەکەمان بێڕەونەقە و بێ گەڵا و گوڵ و ڕووتوقووت بوو. کانییە جوانەشمان وشکوبرنگ و ماسی تیامردوو، زیخ و چەوی ناخ بەدەرکەوتوو، نەکەی بێیتەوە بە هەڵەداوان! نە دێ ماوە و نە دووکەڵ، نە ڕێ ماوە و نە ڕابەر، بێگومانبە کە تەنیا لاشەیێکی بێدڵی ساردوسڕکەوتووی چڵوچێو ئەبینی لە وێنەی مۆمیاییێکدا کە دەستی تۆ و غەدری خەڵقی و بۆنەهاتیی زەمانە و زرووفی بڵح نیگاری سەیروسەمەرەیان تیا نەخشاندووە. هەزار هاوار و ناڵە، هەزار پاڕانەوە و لالانەوە، هەزار فرمێسک و ملکەچی و پەشیمانبوونەوەی زەلیلی، هیچ دادێکی نییە و تازە ڕابورد. ئەو دڵە مرد کە زۆر چاوەڕوانییکرد، زۆر بەتەمابوو، دڵ مرد، دڵداریش گۆڕبەگۆڕ، تەمەنیش لووتی لێهەڵکێشا وەکوو کەرپیاوان. سەبر و توانا نەما، مانگا مرد و دۆ بڕا! هیوا و ئاوات و ئامانج سیسبوو، وەری، بە ناکامی مرد. ژیان جێ چۆڵئەکات بۆ مەرگ، یەئس و تاریکی شالاوی بەهێز ئەهێنن بۆ دوا تیشکی هیوا و ڕووناکی. نەکەی بێیتەوە بە هەڵەداوان، چونکە بێگومانبە کە تۆشی ناشتووە لەگەڵ شەوە تاریکەکانی

ڕابوردووا و تازە ڕابورد. ئیتر هەرگیزاوهەرگیز پیاتاناڕوانێ، شێتبووی جلوبەرگ، دیلی کۆشک و تەلار، نۆکەری خشڵ، تێبگە ئەڵێم چی، تازە ڕابوردا!

...

لە ئەدەبی خۆمانە:

## ئاگر، نەک بەفر*

بیروباوەڕی ساویلکەی ڕابوردوو، چۆنیەتیی بەخێوبوون و ئاڕاستەکردنی ناو کۆمەڵی دواکەوتوو، ڕێگا و نەخشەی سەرتاپا نوێی پێچەوانەی ئەمانە و نەریت و یاسا، دەرد و بەڵا و کوێرەوەری و ناسۆریی ژیان، ئەیانهێنا و ئەیانبرد، گوریسپچڕێنەیان پێ‌ئەکرد. تۆف و وەیشوومەی خەیاڵی پڕ لە "تاپۆ" و تارمایی دەروونیان پڕکردبوو، گیانیان دابووە بەر قامچی، واقیعی ڕەشی تاریکی سامداریان بۆ ئاشکراکرد. لەتاو ئەمانە و بیرەوەریی پڕوچڕی ڕۆژانی ڕابوردوو، کاژەڵەی سەری وەختەبوو لەژێر ئەو تینە بەهێز و پەلامارە یەک لەدوای یەکە پەی‌دەرپەیانەدا لە لەشی جیابێتەوە.

ئارام و ئۆقرەی لە بەر هەڵگیرابوو، لە هیچ شوێنێکا جێی بە خۆی نەئەگرت، کەفوکوڵی هێزی ناو دەروون پاڵیان پێوەئەنا، بەبێ ئەوەی هەستبکا گۆشەگیریی خۆی بەجێ‌هێشت. کاتێکی زانی خۆی فڕێ‌داوەتە باوەشی کۆمەڵ.. دەروونی ئەکوڵا، سەرتاپا ئامباڵای داگیرسابوو، بۆیە گەڕا بەشوێن بەفرا، دەرمانا، دەرمانی دڵ، دەرمانی کوڵان و داگیرسان.. بۆ تۆزێ بەفر ئەگەڕا، ئەو دڵ و دەروونە گڕتێبەربووە، ئەو ئامباڵا داگیرساوە پڕجۆشوخرۆشەی پێ فێنکبکاتەوە، بەڵام کوا، کامەتا بەفر؟!

---

* گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی ٧، ژمارە ١٠، تەشرینی یەکەمی ١٩٤٦، ل٥١-٥٨ (گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی حەوتەم/ بەشی دووەم: تەمووزی ١٩٤٦-کانوونی یەکەمی ١٩٤٦، ل٥٢٠٥-٥٢١٠).

نووسەر ئەم بابەتەی بۆ یەکەمجار ڕۆژی سێ‌شەموو، ٩٤٦/٧/٢\١١ لە چوار لاپەڕەدا نووسیوەتەوە. پاش بڵاوبوونەوەی لە "گەلاوێژ"دا، بە دەستکاری و لێ‌زیادکردنێکی زۆرەوە لە گۆڤاری "پەیام"ی بەغدادا بڵاوی‌کردووەتەوە: بەشی یەکەم: بەرگی ٧، ژمارە ٢٧٩، ١٩٥٥/١/٣١، ل١١-١٤؛ بەشی دووەم: بەرگی ٧، ژمارە ٢٨٠، ١٩٥٥/٢/٧، ل٦-٧، ١٠-١٢؛ بەشی سێیەم: بەرگی ٧، ژمارە ٢٨١، ١٩٥٥/٢/١٤، ل١٠-١٤. (س)

زۆر گەڕا، زۆری لە خەڵق پرسی: تۆزێک بەفر! تەنیا تۆزێک، ئێستا و ئەوسا دەستی‌نەکەوت، بە لای هەر کەسێکدا تێ‌ئەپەڕی، لچی هەڵقرچێنراوی درۆی لاسایی ئەدی. پێی‌ئەوتن کوڕە خەڵقە من ناگەڕێم بۆ یەخسیرکردنی جوانی، ئەمەوێ گوڵ لە شیوی بۆگەنی پڕکرم دوورخەمەوە؛ ئەمەوێ ژیانی خەڵقی نەفام پڕکەم لە تام و چێژ؛ بەشوێن جوانییا عەواڵم، بە ناشیرین‌پەرستم دامەنێن و تۆزێ بەفر! بەڵام کوا، کامەتا بەفر؟! مەجبووربوو کۆمەڵی تێنەگەیشتوو بەجێ‌بهێڵێ و نەفرین لە نەریتی ڕابوردوو بکا؛ خۆی ئازادکرد لە درۆ و درۆزنەکان، لە ڕیا و ڕیاکاران، لە فیشاڵ و قسەزلەکان، لە هیچ‌لەبارانەبووە لەسەر هەزار پەت یاریکەرەکان. باری سەرنجی درۆی ڕاوەدوونا، لە هەموو شتێکی بورد، لە تەقەلا و ڕەنج و تێکۆشین نەبێ، گوێی‌نەدایە کەس، پێی‌نا بە خۆیا و ئازایەتی و زاتێکی بەتینی مەردانەی نوواند، بەڵام کوا، کامەتا بەفر؟ کوا دەرەتان؟ کوا ماوەی خێرخوایی و ڕاستی لە مەیان، لە بازاڕی جامبازەکان؟! سەری دنیای لێ‌هاتەوەیەک.. بەشێکی زۆری کۆمەڵی دووڕووی بێ‌بەروپشتی کەوتووە شوێن نەزان، لە دوور و نزیکەوە کەسان و خزمان، وەکوو نەریتە لێی‌کەوتنە گەزارەکێشان، لێی هەڵسانە سەرپێیان.

کەوتە گێژەوە، نائومێدی ڕایفڕاند، شەپۆلی بەهێزی بێ‌ئامان چەند جارێ دایان بە کەناری سەختی ڕەقەنا، سەرتاپا ئامباڵای ناسکیان پڕکرد لە زام و خوێن، شرەیان پێوە نەهێشت. بەڵام خۆی گرت، ورەی‌بەرنەدا و زراوی نەتۆقی، وەکوو زراوتۆقیوە بێ‌ئیمانە ناپاکە دووڕووە لەسەر هەزار پەت یاریکەرە جامبازەکان. بە حاڵ نووزەی تیامابوو، کەچی بۆ بەفر ئەهاتە زمان، ئەینەڕاند، ئەیگرماند: کوا بەفر، کامەتا دەرمانی ئادەمیزادی پەککەوتەی بەسەزمان؟!

لەم تۆف و گەرداوەدا، لەم ناخۆشی و تاڵی و تاریکییەدا، لەم بارکەوتوویی و بێ‌یارمەتییەدا، لەم نائومێدی و بێ‌هیواییییەدا، دەستێکی یارمەتیی بەوەفا، دەستێکی پڕ ئەفسوون و سپی، دەستی پەرییەکی گیان‌بەرزی بۆ درێژبوو، دەستی‌گرت؛ بە ڕووناکیی چاوە جوانەکانی شەوەزەنگی بۆ ڕوون‌کردەوە، بە دەنگە مۆسیقاییەکەی ئارام و ئۆقرەی بۆ بانگ‌کردەوە، بەو پەنجە ناسکە شیرینانەی دەرمانی برینەکانی کرد.. بەم جۆرە لە جەرگەی تاریکیی تۆف و گەرداوەوە، گەیشتە کەناری هێمنی بێ‌ترس، لە گیانەڵاوەوە ژیایەوە، گوڕ و هێزێکی تازەی پەیاکرد، دامێنی مەردایەتیی لێ‌کرد بەلادا، چونکە قاڵ‌بوو لە

ئێش و ئازار و لە کۆمەڵ گەیشتنا، لە چۆنیەتیی جووڵانەوە و کارکردنا.. دە ئەم پارچەیە "ئاگر نەک بەفر" پێشکەشی ئەوە، چونکە نیگای بیرکردنەوەییکی ئەو سەردەمەی ئەوە.

**(١)**

لە کاتی ورێنەکردنی پاش گرانەتیٖ:

نەفرینکردنم لە نەریتی بەدخوویی کۆن و کۆنەپەرست، کە زنجیری دیلیی عورف و عادەتی کۆنی کۆمەڵایەتیم ئەڵقە لەدوای ئەڵقە هەڵهێنایەوە و پچڕاند؛ کە هەموو کۆمەڵی نەزانی بابیی بێویجدان لە من هەڵسایە سەرپێیان، وایان ئەزانی تاوانکەرێکی پیسی گورزی دەستی بەرەی تاریکیم و خوێنخۆر و خۆخۆر و بێوەفا و بێئیمان و بێویژدان، بە قسەی دووڕووە خۆویستە فیشاڵکەرە بێغیرەتەکان؛ بە تەفرەدان و چاوەڕاوی پڕ لە درۆی غەرەزاویی ئەوان. ئەڵێم: ئا لەو کاتەدا کە هەر بۆ بەفر تەقەلامئەدا و تێئەکۆشام، وە هەر لەو پێناوەدا وام لێکرا، کە کرام، بریسکوهووڕی چاوە جوانە پڕ لە خۆشەویستی و وەفاکەتم بۆ دەرکەوت، لەتاوا گشت ئامباڵای بریندارم نەئەسرەوت، ڕزگارتکردم لە نەخۆشیی سەخت، لە شێتبوون، لە خەم و خەفەت و بارکەوتوویی، یارمەتیتدام هەڵسمەوە سەرپێ، ڕێگای تاریکت بۆ ڕووناککردمەوە، خۆممت پێناساندمەوە.

**(٢)**

وەیشوومەی ناو دەروون و بیر و خەیاڵی ناو کەللەی داگیرساوم، ئۆقرەیان لە بەر بڕیبووم. هێزی خوارووی پیسی ناپاکیی کۆن بە زۆری زۆردارەکی و ملۆزمانە ڕاپئەکێشام، بۆ ئەوەی بەختمکات لە ڕێی ئامانجی ڕەشیا، بمبەستێتەوە، بمکات بە کۆیلە و دیل. بەڵام من هەر بۆ دەرمان ئەگەڕام، بۆ تۆزێ بەفر، هاوارمئەکرد: خەڵقە، ئەو کەسەی ڕێگای سەختی پڕ ئێش و ئازار ئەگرێت، چارنییە هەڵە هەر ئەکات، خراپەی هەر لە دەست ئەقەومێت. بەڵام نابێ بە هیچە مۆری ناپاکیی پێوەبنرێت، ئەبێ لە خۆمان بپرسین: ئایا بۆ ئەوە ڕێیگرتبوو لە ڕێی دەستکەوتی خۆیا؟ یان بۆ ئەوەی ڕووناکیمان بۆ بێنێ و ئەم تاریکستانەمانی پێ ڕووناکبکاتەوە؟!

خەڵقە، خەریکی جۆماڵی سەرچاوەی جوانی و خۆشەویستی بووم، لە ناشیرینی و ڕق و ڕەنجبێوەری پاکیبکەمەوە، لە ڕێی زمان وشکبووە دڵودەروون

تینووەکانا، بەڵام ماری حەوتسەر ئاڵایە گەردنم، تاسانمی، ڕاپێچیکردم ملۆزمانە بە لای تاریکیدا، بەڵام کێ گوێیئەگرت؟! دە ئەو حەلە، ئا لەو کاتە تەنگوچەڵەمەیەدا کە خەریکی ورەبەردانی تەواو و زراروتۆقین بووم، بە زەردەخەنەی لێوە ئاڵەکەت سەرلەنوێ گەشامەوە، بووژامەوە، هەڵسامەوە سەرپێ. لە پێشەوە زەردە هاتە سەر لێوم، ئینجا بە قاقا کەوتمە پێکەنین، کەوتمە گاڵتەپێکردنی خزم و کەسەکانم، دۆستە دوژمنەکانم. نەڕاندم بەسەر ئەم ساختەچییە فێڵبازە دووڕووە بێبەروپشتانەدا. من هەر منم، با بتەقێ دوژمنم، نەمردووم و نامرم، چونکە ڕووناکی لەناو دڵما، لە دەمار و خوێن و مۆخما، چونکە هەر بۆ دەرمان ئەگەڕێم، ئەگەر هەزار هەڵە و هەزار خراپە و هەزار تاوانیشم بهێنرێتەڕێ، من هەر منم و نامرم، چونکە ڕووناکی وا لەناو دەروونم، هەرگیزاوهەرگیز نامرێت.

**(٣)**

ویڵ و پەتیارە بووم، ئارام و ئۆقرەم لەبەربڕابوو، سەرمنابوو[ەوە و] ئەڕۆیشتم، بەڵام نەمئەزانی بەرەو چی؟ سەرێک و هەزار سەودا، لاشەیێک و هەزار دەرد و کوێرەوەری، دڵێک و هەزار تاسە، هەر ملیشمئەنا و ئەڕۆیشتم بەرەو تاریکی، بەرەو نەزانراو، دڵم کەیلبوو، ناخی دەروونیش پڕبوو لە کڵپە، بۆ یەخسیرکردنی جوانی نەئەگەڕام، ئامانجم ئەوەبوو گوڵ لە شیوی بۆگەن دوورخەمەوە، شیلەی شیرینیی لەززەت بتکێنمە سەر لێوی وشکبووی خەڵقی. کەچی خزم و کەسەکانم، دۆستە دوژمنەکانم، بە ناشیرینپەرستیان دائەنام. ئەم دەنییە چەپەڵانە بە دەستی خوێناوییان پاکییان ئەکوشت، منیشیان ئەکرد بە گۆڕێکی قووڵ بۆ ناشتنی ئەو پاکییە. بەڵام بە هێزی گیانی نەبەزیوی تۆ، بە دڵۆپی خوێنی گڕتێبەربووی خۆم، بە دەستلەملکردنە ڕاستە گەرموگوڕەکەی تۆ، لە شەرم و شوورەیی و ڕیسوایی و ناپاکی دوورکەوتمەوە و سەرلەنوێ گەشامەوە، بووژامەوە، هەڵسامەوە سەرپێ. لە پێشەوە زەردە هاتە سەر لێوم، ئینجا بە قاقا کەوتمە پێکەنین، کەوتمە گاڵتەپێکردنی خزم و کەسەکانم، دۆستە دوژمنەکانم. نەڕاندم بەسەر ئەو ساختەچییە فێڵبازە دووڕووە بێبەروپشتانەدا؛ من هەر منم، خوای ئەکرد شەقیئەبرد دوژمنم! نەمردووم و نامرم، چونکە ڕووناکی وا لە دڵما، لە دەمار و خوێن و مۆخما، چونکە هەر بۆ دەرمان ئەگەڕێم هەزار هەڵە و هەزار خراپە و هەزار تاوانیشم بهێنرێتە ڕێ. من هەر منم و نامرم، چونکە ڕووناکیی ناو

دەروونم هەرگیزاوهەرگیز نامرێت. بەمجۆرە ڕەنگینە بەنرخنەکڕدراوە بێ ئێش و ئازارە، چاوی دۆستە دوژمنەکانم، خزم و کەسەکانمت بۆ کوێرکردم.

**(٤)**

قینم هەڵسابوو لە کۆمەڵ و لەوانەی بە درۆ بوونەتە پێشڕەوی کۆمەڵ و خۆیان بە پێشەنگ دائەنێن و کەچی کۆمەڵ بە نەزانی ئەبەن ڕووەو تاریکی و بە گورگانخواردوویان ئەدەن بە کەرێتی. قینم لە هەموو شتێک هەڵسابوو، یاسا، نەریت، وەفا، دڵسۆزی، ڕاستی.. پێکەنینی پڕناسۆرم بەم شتانە و بە هەموو شتێکی جوانی ناو ئەم دنیایە ئەهات، چونکە بێبارەکان نرخی هیچ شتێکی بەنرخی ناو ئەم دنیایەیان بە کەرەم نەهێشتبوو، نەفرینم لە خزم و کەسوکار ئەکرد. متمانەم بە کەس نەمابوو، چونکە ئەوانەی متمانەم پێئەکردن هەتا ڕادەی مردن، پەتیان ئامادەکرد بۆ ئەم ملە، ئەو ملەی هەموو دەمێ کەچبوو بۆ ئەوان. ململانێ بوو لەگەڵ مردنا لە ڕێی ئەوانا، بەقەد موویێک و لە موویێکیش باریکتربوو لە ئاستی حەقا، لە ئاستی حەقپەرست و حەقخوراوەکانا.. دوای ئەمە متمانە و باوەڕ بە کێ؟ قینم لە هەموو ئافرەتیش بوو، بە دەعبا و جرِوجانەوەری نینۆکتیژی دەمخوێناویی پرمەکرم ئەزانین. ناحەقم نەبوو، لۆمەمەکەن، چونکە زۆریان ئازاردام، زۆریان داخ دەرخواردم، زۆر بێوەفاییم لێدین. تێکرا کۆمەڵی زوو خەڵەتاوی کوێر، لە بەختی ڕەشی منا بوو بە دوژمن، بە زۆر پاڵی پێوەئەنام ڕووەو تاریکی. بەڵام بە دڵسۆزی و وەفا و ئیمانپتەوییەکەت، بەو دەنگە مۆسیقاییە کاریگەرەت، بەو بیروباوەرە بەرزەت، منت هێنایەوە سەر ڕێ، هەموو شتێکت تێگەیاندم، لە پاشەڕۆژ دڵنیاتکردم، ئارام و ئۆقرەت پێبەخشیمەوە. کۆمەڵ، ئافرەت، پێشڕەوە درۆزنەکەت بۆ ساغکردمەوە و پێتوتم: کەمی ڕاست زۆری هەڵەی ناپاک ئەبەزێنێ، هێز و تینی لە بنەڕەت، لە جەرگەی کۆمەڵ هەڵئەکەنێ، دەریدێنێ، بۆیە سەرلەنوێ گەشامەوە، بووژامەوە، هەڵسامەوە سەرپێ، لە پێشەوە زەردە هاتە سەرلێوم، ئینجا بە قاقا کەوتمە پێکەنین، کەوتمە گاڵتەپێکردنی خزم و کەسەکانم، دۆستە دوژمنەکانم. نەڕاندم بەسەر ئەو ساختەچییە فێڵبازە دووڕووە بێبەروپشتانەدا: من هەر منم، خوایئەکرد شەقیئەبرد دوژمنم، نەمردووم و نامرم، چونکە ڕووناکی وا لە دڵما، لە دەمار و خوێن و مۆخما، چونکە هەر بۆ دەرمان ئەگەڕێم، هەزار هەڵە و هەزار خراپە و هەزار تاوانیشم بهێنرێتەڕێ، من هەر منم و نامرم، چونکە ڕووناکیی ناو دەرونم

هەرگیزاوهەرگیز نامرێت. ئەوانە مردوون کە هیچیان لەبارانییە، کە بڕوایان بە دواڕوژ نییە، کە ڕووناکی ئاشنای هەمیشەیی ناو دڵیان نییە.

**(٥)**

زۆر ساویلکەبووم، چونکە وام ئەزانی دەرمانی کڵپەی دەروون، دەرمانی داگیرساوی کەللە و ئێش و ئازار و دەرد و جەخاری ئەم خەڵقە، دەرمانی گڕی ئاگر بەفرە. دە هەموو کون و قوژبنێکی ناو ئەم کۆمەڵە گەڕام بەدوای بەفرا، هەموو کەموکووڕی و بۆنەهاتییەک، هەموو دەرد و سزا و ئەشکەنجە و نەبوونییێکم چێشت لە ڕێی دەرمانا، لە ڕێی بەفرا. بەم ڕۆژگارە خۆم بۆ دۆزینەوەی دەرمان تەرخانکردبوو، ئەپاڕامەوە و ئەلالامەوە بۆ تۆزێ بەفر، کە گڕی دەروونی گرتێبەربوومی پێبکوژێنمەوە، کانێکی پڕ لە تەقەمەنی بووم، هەموو کاتێک ئامادەبووم بۆ تەقین، بۆ خۆلەناوبردن و خەڵقلەناوبردن، بەبێ ئەوەی هەست بەمە بکەم. دە کەس نەبوو قسەییێکی ڕاستم لەگەڵ بکا، ڕابەرێک نەبوو ئاڕاستەمبکا، بە غیرەتێ نەبوو یارمەتییێکم بدات، منیش و خەڵقیش ڕزگاربکا. بە هەر لایەکا ئەڕۆیشتم، هەر درۆ بوو، هەر فیشاڵ. دوانزە ساڵی ڕەبەق گەڕام، تێکەڵاوی هەموو چینێک بووم، گەلێ شارم دی، گەلێ وڵاتم چاوپێکەوت، زۆرم خوێندەوە، زۆرترم خۆخەڵەتان وەکوو خەڵقی، هاوارمئەکرد دەرمان!

کەس فریامنەکەوت، کەس تیماری منی نەخۆشی نەکرد، کەس ڕێگای ڕزگاریی تەواوی پێنەوتم! لەبەرئەوە گەڕامەوە لە گەشتەکانم، گەڕامەوە لە بیروباوەڕەکانم، دڵشکاو و ڕەنجەڕۆ، بێمایە و دەستخەڕۆ، هەموو ڕێییێک لێبەستراو، تەنیا ڕێییێک هێڵرابووەوە، ئەویش پڕ لە بەندوباوە، پڕ لە داخ، لە ئەشکەنجە، لە تەفرە، لە زووخاو، ڕێیەکی تا بڵێی ئاڵۆزی جەرگبڕی کەم کەس لێخەلەساو. بەڵام نەمزانی بەبێ ڕۆیشتن ڕێگا نابڕدرێت، کار مەیسەرنابێت، دەرمان پەیانابێت. بۆیە زۆرم لە خۆم ئەکرد و ئەموت: نەکەی بوەستی، ئەگینا وەک ئاوی ناو گۆمی وەستاو ژەنگ هەڵئەهێنی، هەنگاوبنێ مەردانە، بۆ پێشەوە کوردانە، ئاو بوەستێ، نەکەی بوەستی. خۆم ڕەتان، کەوتمە تەکان، ڕێمان گرتەبەر بۆ خۆشی، بۆ دەرمان، بۆ خێر و فەڕ. کەچی لە بەختی ڕەشا جاشوولکەکانی پێشەنگ ئەمانەیان هەموو وەرگێڕا بە شەڕ؛ لێیان بوو بە دەمەقاڵێ لەسەر سەرکردەییی قای(؟) کاروان.

کاتێکم زانی هاتنە مەیان، جەردەکان، ڕۆژی ڕووناکیان لێکردین بە شەوەزەنگ، بە تاریکستان، کەوتنە قڕان. ئێمەش بێچووی زەڕنەقووتەی بێباڵ، بووین بە قوربانی، بە قۆچی قوربانی بۆ ئەوان، بۆ سەرکردە خۆویستە بێئابڕووەکان، کە نەزانانە و بایییانە کاروانیان یخ دا بۆ نەمان! هەموو لاییێکمان لێتەنرا و ئابلۆوقەدراین. بەم جۆرە ڕاوکراین و لە قەفەز توندکراین، بۆ تاریکی، بۆ ڕیسوایی و ئابڕووچوون. ئەشکەنجەدراین، وامان لێکرا کە کراین. ئێستاش ئەپرسی چۆنە حاڵی کاروان؟ یا خوا کەس نەکەوێتە تەکیان، ئەزانی بۆ؟ چونکە هەمان دەستوورە کرداریان، هەر جاشوولکەیە پێشەنگ، هەر دووبارەکردنەوەی ڕابوردووەکەیە بەسەرهاتیان، پاشەڕۆژ و چارەنووسیان قەفەزەکەیە. بە هەموو ئایەتێک، بە هەموو بیروباوەڕێک، چونکە چەپین، چونکە چەوت ئەڕۆین، چونکە وازیانهێناوە لە زمانەکەیان، لە گیانی میللی، لە ڕەوشتی باووباپیریان، جۆلاش کە لە سەردەری خۆی هەڵگەڕایەوە، کوێرئەبێ و مزمەعیل، بەرپێی خۆشی نابینێ، نازانێ کامەتا ڕێ و کامە بیرە و کامیانە کەننەلان. ملشکانە، ئابڕووچوونە ئەنجامی شوێنکەوتنی کەڕ و کوێران. ئەمەم لێکئەدایەوە لەناو قەفەزا، لەدوای فڕینی قەفەز، ئەم شریتە تۆمارکراوەم ئەهێنایەوە یاد، یادی مێشکی پڕمەخسەرەی سەمەرەی گڕتێبەربووی داگیرساو، کە لە لای هەموو کەسێک بووبووم بە ناپیاو، منی بە خوتوخۆڕایی خراپکراو. کە تۆ هاتی بە تەنگاو، ڕاشتکێشامە تەنکاو، لە نێرینەی پیسی لافاوی ڕەشداگەڕاو تێتگەیاندم کە دەرمانی ئاگر ئاگرە، نەک بەفر. بۆیە هاتمەوە سەر خۆم و سەرلەنوێ گەشامەوە، بووژامەوە، هەڵسامەوە سەرپێ، لە پێشەوە زەردە هاتە سەر لێوم، ئینجا بە قاقا کەوتمە پێکەنین، کەوتمە گاڵتەپێکردنی خزم و کەسەکانم، دۆستە دوژمنەکانم. نەڕاندم بەسەر ئەو ساختەچییە فێڵبازە دووڕووە بێبەروپشتانەدا، من هەر منم خوایئەکرد شەقیئەبرد دوژمنم! نەمردووم و نامرم، چونکە ڕووناکی وا لە دڵما لە دەمار و خوێن و مۆخما، چونکە هەر بۆ دەرمان ئەگەڕێم، چونکە دەرمانم دۆزییەوە و لە هەموو شتێک گەیشتم، چونکە ئیتر هەرگیز نابەزم، لە جاران بەهێزترم، لە جاران بەگوڕترم، هەر بۆ دەرمانیش ئەگەڕێم، هەزار هەڵە و هەزار خراپە و هەزار تاوانیشم بهێنرێتەڕێ. من هەر منم و نامرم، چونکە ڕووناکیی ناو دەروونم هەرگیزاوهەرگیز ناکوژێتەوە و کزنابێ و نامرێ. ئەوانەن مردوو کە

هیچیان لەبارانییە، کە بڕوایان بە دوارۆژ نییە، کە ڕووناکی ئاشنای هەمیشەییی ناو دڵ و دەروونیان نییە.

**(٦)**

ڕووەو ئاگر ئەڕۆم و ئەچمە ناو ئاگرەوە، ئاگرم ئەوێ، ئاگرێک گڕ لە هەموو ناشیرینییێک بەربدا و جوانی زاخاوبداتەوە، ئاگرێک تاریکی هەڵبڕێ و بیسووتێنێ و هەموو شتێک ڕووناکبکاتەوە. ژیانێکی نەوەی ئاگر، ئادەمیزادێکی قاڵی ئاگر، جوانی و کامەرانییێکی ئا ئێستەی ئاگرم ئامانجە، لە کاتی پەستی و دڵتەنگیدا، لە حەلی ئازار و ئەشکەنجە و کوێرەوەریدا، کە کۆمەڵی بەسزمانی خەڵتێنراو ڕووی لێگرژکردم و دنیای لێپڕکردم. مەردانە هەنگاوئەنێم، کوردانە بۆ پێشەوە، بە بازدان یان بە ڕاکردن. هەر شوێنتئەکەوم، هەر دێم بەدووتا و هەرگیز لێتنابمەوە!

با ترس و سام ئیقلیمگیریکا، با ڕێگاوبان بتەنرێ بە شوورە و سەنگەر، بە دەعبا و جانەوەر، با قوڵوقاچم شەقارشەقاربێ، خوێن و کێمی لێبتکێ، با تواناى ڕۆیشتنم لێبچێتە بەست، بە چنگەڕنێ، لەسەر سنگ، هەر دێم بەشوێنتا، هەر لێتنابمەوە. ئەگەر زانیومە ئەشمسووتێنی، تۆ و لەیادکردن؟! ئەی ئەگەر لەیادتکەم، جوانەمەرگی دەستی شەیتان بم، بە خۆم و هەموو نووسین و لێهاتووییمەوە، فەرشی ژێر پێپیسەکان بم!

هاتووم و هەر یەم، پێییێکە ناومە لە جەرگم، گیانێکە و خستوومەتە سەر لەپی دەستم و هاتووم و هەر یەم، هەتا ئاستانەکەت ماچنەکەم پڕبەدەم، شەرتە خۆم بە پیاو نەدەم لە قەڵەم!

## گەشتەکانی چایلد هارۆلد*

(ئەم کتێبە هەمووی کراوە بە کوردی، ئەم بەشەی خوارەوە چەند دێڕێکە لەو)

دانەری: لۆرد بەیرۆن

کەون، کتێبێکی زۆر گەورەیە. ئەوانەی نەچوونەتە وڵاتی بێگانە، لە تاقە یەک ڕووپەڕەی ئەو کتێبەیان زیاتر نەدیوە. من لەپاش ئەوەی زۆرم لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبە خوێندەوە، بێکەڵکی وبێچێژییەکم بینی. بەڵام لە هەمان کاتا ئەم تاقیکردنەوەیە وەنەبێ خراپبووبێت.

لەوەوپێش نیشتمانەکەمم خۆشنەئەویست، بەڵام کە چاوم بە کردار و ڕەفتاری نەتەوە بێگانەکان کەوت لە وڵاتەکانیانا، مەجبووربووم وڵاتەکەی خۆمم خۆشبوێ و نیشتمانەکەم بپەرستم. ئینجا ئەگەر لە گەشتەکانم تەنیا ئەم قازانجەم دەستکەوتبێت، خۆم بە بەختیار ئەزانم وە هەر هیلاکی و زیادە مەسرەفییەکم تووشبووبێ و کردبێ لەم ڕێگایەدا، خەفەتی بۆ ناخۆم.

[ئەمەیە گوێگرە خۆشەویستەکان، ئەو چەند دێڕەی لۆرد بایرۆنی شاعیرمان کردوویەتی بە پێشەکیی کتێبەکەی. با ئێستا گوێ لە پێشکەشکردنی کتێبەکەی لۆرد بایرۆن بگرین، کە بۆ لیدی شارلۆت هارلیی ناردووە. جارێ لیدی شارلۆت هارلی کە لەپاشا بوو بە لیدی شارلۆت بایکۆن، کچێکی نەشمیلانەی جوانە، کە لە تەمەنی یانزە ساڵانا بووە و لۆرد بایرۆن حەزی لێکردووە. لۆرد بایرۆن بەم جۆرە ئەم کتێبە پێشکەش بە ئیانتە ئەکات. ئیانتە یەعنی لیدی شارلۆت هارلی.][1]

بۆ ئیانتە[2]

---

* گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی ٨، ژمارە ١، کانوونی دووەمی١٩٤٧، ل٥٠-٥٣ (گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی حەوتەم/ بەشی یەکەم: کانوونی دووەمی ١٩٤٧-حوزەیرانی ١٩٤٧، ل٥٤٣٢-.

[1] ئەم بڕگەیە لە دەستنووسێکی نووسەردا تێهەڵکێشی ئەو شوێنە کراوە. (س)

[2] کچێکی یانزەساڵانە، لۆرد بایرۆن حەزی لێکردووە. (ڕ.چ)

لەو ئاسمانەدا کە کەمێک لەمەوبەر تیایا وێڵبووم، لەگەڵ ئەوەشا کە ئەڵێن لەوێ جوانی باوی زۆرە و خاوەنِدەسەڵاتە، لەم خەو و خەیاڵانەشا کە چەند ڕەنگێکی جوانی ئەنێریت بۆ دڵ، بەبێ ئەوەی -لە خەیاڵ زیاتر- لە هیچیتر بچن؛ ئەڵێم لەمانە هەموویانا، نەمدی، نەمبیست، نە لە واقیع و نە لە خەیاڵا کەس پێی بگاتە تۆ، کەس ببێ پەنجە لە چەنجەت بدا، لەبەرئەمە و لەپاش ئەوەش کە دیمیت، نامەوێ چەشنەکانی سیحر و جوانیت ڕەسمکەم. وشەکانم زۆر لەوە تلیساوەترن کە بتوانن بە جوانیی تۆدا هەڵبدەن وە شیرینیی تۆ بخەنە پێشچاوی ئەو کەسانەی کە هێشتا نەیاندیوی! لەپاشانا ئەوانەی کە چاویشیان پێتکەوتووە، بڕواناکەم زمانیان گۆبکات لە تۆ بدوێن.

ئای! خۆزگە وەکوو ئێستات ئەمایتەوە، ئەو هیوایانە مەمرێنە کە لە بەهاری جوانیی تۆوە ئەبریسکێتەوە. خوزگە هەتاسەر ئەم جوانییەت لە بەرچاو ونِنەئەبوو. ئایا زانیوتە کە زۆر بە جۆشی؟ بەڵام لەگەڵ ئەم گەرمیی جۆشەشتا، دڵت پڕیەتی لە پاکیی تۆ، وێنەی دڵداریی ڕووتوقووتی بێباڵمان پیشان ئەدەی لەسەر ئەم زەوییە و بیر و هۆشیشمان لێئەسێنی بە پاکی و ڕاستیی بێپێچوپەنات! بەڵێ، ئەو کەسەی کە دەستی نەرمی خۆشەویستی ئەهێنێ بە سەرتا لە تافی لاویتا، هەموو ئێش و ئازارێکی ڕابردووی لەبیرئەچێتەوە و گەشەدارئەبێ لە بەردەمی سێبەر و تاپۆی دەم و ڕووی فریشتەییتا.

ئەی پەریی ڕۆژئاوای کچ؟ لەگەڵ ئەوەشا کە تەمەنم دووئەوەندەی تەمەنتە، بەڵام چاوم ئەتوانێ تێر تێتبڕوانێ، بێ ئەوەی بسووتێ بە گڕی دڵداری. بەڵێ، ئەتوانم تێر تەماشای جوانیی پێگەیشتووی بە بۆن و ڕەنگت بکەم. خۆزگە هەرگیز گوڵی جوانیت سیس نەبووایە. زۆر کامەرانم ئەو کاتەی کە دڵی لاوان خەڵتانی خوێن ئەکەیت و دڵی من لەو گیروگرفتە ڕزگاریئەبێ، بەڵام بێ ئێش و ئازار تاوێک سرەوتم ببێت.

ئای. تووخوا واز لە چاوە کێوییەکانت بهێنە، با پرشنگی پڕ جەسارەتیان دیل و بەندمان بکەن، لە هاتن و چوون و لە کرانەوە و داخستنیانا. نازداری نەشمیل! تووخوا واز لەو چاوە گەشانە بهێنە، با کەمێک بڕوات ئەم دێڕانەم، ئەم لاپەڕانە. واز لە چاوە کێوییەکانت بێنە، با شیعرەکانم بێبەشنەبن لەو زەردەخەنەیەی پەیدەرپەی دێتە سەر لێوت و من لێرەوە سنگم قووڵیی بۆ ئەدات.

نەشمیل! ئەگەر من کەمێک لە هاوڕێیەتی زیاتر لە تۆ نزیک بوومایە، گەلێ شتیتریشم بەرچاوئەخستی. بەڵام -تووخوا- ئەی شا کچە خۆشەویستەکەم، بەگوێمبکە و ئەم کتێبەم بخوێنەرەوە و لێشمەپرسە بۆ؟ ئەم گۆرانییانەم پێشکەش بە جوانیی کچۆڵەیەکی وەکوو تۆ ئەکەم. نەء، ئەم پرسیارەم لێمەکە و لێمببوورە کە دەسکەگوڵە نەسرینێکی سپی تێکەڵاو بە سەبەتە گوڵەکەم بکەم.

ئەی ئیانتە! ئا بەم جۆرە ناوی شیرینت تێکەڵ بە شیعرەکانم ئەکەم، لە هەر کاتێکا چاوێکی پڕڕەحم تەماشای گەشتەکانی هارۆڵد بکات، لەپێش هەموو شتێکا ناوی ئیانتەی نەشمیل ئەخوێنیتەوە و ئەم ناوە دوا ناویش ئەبێت کە لەبیری‌ئەچێتەوە.

ئای! ئەو حەلەی کە عومرم کۆتاییەتی و خەڵقی دەستئەکەن بە ژماردنی ساڵانی عومرم! خۆزگە ئەم چەند دێڕە پەنجەکانی ڕائەکێشا بۆ شمشاڵ، بۆ شمشاڵی ئەو کەسەی گۆرانی بە جوانی و بە پاکی و بە سیحری تۆوە وت. ئەمە دوا ئاواتمە، ئەگەر ئەمەم بۆ نەکەی، ئایا هاوڕێیەتی ئەتوانێ لەمەش کەمترت لێ داوابکات؟

*

(١)[1]

## گۆرانیی یەکەم

تۆ ئەی ماوسا! ماوسا خوایەکانی شیعر و مۆسیقا و سەما و هەموو هونەرە سەربەستەکانی‌ترن. تۆ ئەی ماوسا، ئەی ئەو کەسەی خەیاڵی شاعیرەکان دروستیان‌کردووی. وا ڕوومکردە کستالیا، ڕوومکردە سەرچاوە ناودارەکەت، شمشاڵم لێگرت بەدەستەوە و زنجیرەیەک ئێش و ئازار و لاوەنەوەم لە قوڕگم هێنایە دەرەوە بەسەر قوربانییە کاولبووەکانی ڕابوردووا. ئا لەم شوێنەدا کە جگە لە چرپە و خوڕەی کانیاوەکەی تۆ نەبێ، هیچ شتێکی‌تر نییە کش‌وماتیی ئێرە بجووڵێنێ، دانیشتووم. بەڵام نامەوێ خوشکەکانت خەبەربکەمەوە، بۆ ئەوەی گوێیان لەم چیرۆکە پچووکە، یان گوێیان لەم گۆرانییە ساکارەی من بێ.

---

[1] لێرەوە لە دەفتەرێکدا نووسراوە و گەیشتووەتە ژمارە ١٣ و تەواونەبووە. (س)

گوێگرە خۆشەویستەکان، لێرەوە لۆرد بایرۆن دەستئەکات بە گێڕانەوەی گەشتەکانی ئیچیلد هارۆڵد، ئەو ئیچیلد هارۆڵدەی کە لۆرد بایرۆن خۆیەتی و کەسیتر نییە.

**(٢)**

لاوێک بوو لە جەزیرەی بریتانیادا ژیا. ئەم لاوە ئاوڕینەدایەوە بەلای هیچ ڕێگایەکی ڕاست و ڕەوانی ژیانا، ڕۆژانی خۆی بە مەستی و بە خراپەکردن بردەسەر، بە لەذەتی پڕ لە هەرا و زەنا، شەوی لەسەرخۆی کشوماتی لێ شڵەقان. بەڵێ، بەبێ ئەوەی هیچ دواییەک لێکبداتەوە، هەموو جۆرە فسق و هەموو ڕەنگە لەزەتێکی حیسسیی شەهوانیی تاقیکردەوە. ئەوی ئاوی ئەزانە دەمەوە لەم دنیایەدا، پەرداخ و ئافرەتی خراپ و هەرچیوپەرچیی سەرلێشێواو بوو و هیچیتر.

**(٣)**

ئیچیلد هارۆڵد، ئەمە ناوی بوو، بەڵام لە کوێوە هاتووە و چۆن ئەم ناوەینراوە، نامەوێ باسیبکەم، تەنیا ئەوەندە ئەڵێم: لە بنەماڵەیەکی ناودار بووە، لە وەختی خۆیا خاوەن ڕێوشوێن بووە. بنەماڵەی ئەم کوڕە بەرز بوو، بەڵام کوڕێکی خراپی ڕێگای خراپەگر، بەسە بۆ ئەوەی ناوێکی زۆر پڕشکۆی بریسکەدار پیسبکات، هەرچەندە لە ڕابوردووا زۆر گەش بووبێت. ئەو ناوەی ئا لەم ڕێگاوە پیس و قوڕاوی ئەبێت، هیچ شتێک ناتوانێ پاکیبکاتەوە، هیچ شتێک ناتوانێ خراپە بکات بە چاکە، یان تاواندار بکات بە خاوەنشکۆ.

**(٤)**

هارۆڵد خۆی هەڵخست لە بەر هەتاوی نیوەڕۆی لەذەتی جنسیی ناشیریندا، وەکوو پەپوولەیەکی گەڕ هەزاران جێگای کرد، بەبێ ئەوەی گوێبداتە ئەو شەوە ساردانەی لەپاش ئەم ڕۆژە کورتەی ژیانی دێنەکایەوە. نەگەیشتە ٣٠ ساڵان، لە هەموو لایەکەوە کوێرەوەری بە لێشاو ڕوویان تێکرد. ئینجا ئەو حەلە دڵی تەنگبوو، قینی هەڵسا، وڵاتی لە بەرچاو کەوت و وەکوو صەومەعەیەکی تاریکی ڕاهیب نیشتمانی ئەدی.

**(٥)**

لەناو پێچوپەنای دوورودرێژی خراپەدا، دەستیکرد بە هاتوچۆ، هیچ نەیویست بگەڕێتەوە لەو تاوان و خراپانەی کردوویەتی. گڕ و زووخاوی دەروونی خۆی بۆ

گەلێک ئافرەت دەربڕی، هەرچەندە تەنیا حەزی لە یەکێکیشیان ئەکرد. ئەو ئافرەتە مس ماریا ئیتشۆرتە، کە لەو حەلەدا ژنی مێردار بوو. ئا ئەم ئافرەتەی لە کانگای دڵیەوە خۆش‌ئەویست، بەڵام بۆی نەبوو. ئەوچاتر، ئۆخەی کە ئەو ئافرەتە لە دەمی ئەو کەسە ڕزگاربوو کە -بێگومان- خراپەیەکی گەورەی لە هارۆڵدەوە تووش‌ئەبوو. هارۆڵد وەکوو نەریتیەتی، لە ماوەیەکی زۆر کەما جوانیی بەرزیی ماریای لە بەرچاو ئەکەوت و شوێن شەهوەتی ناشیرینی حەیوانی ئەکەوت. ئەگەر بێت و ماریا بکەوتایە داویەوە، بێگومان ماڵوحاڵیشی ئەڕۆیشت و ناو و شەرەفیشی ئەشکا و ئەزڕا.

(٦)

ئەوە هارۆڵدە، وەرە ببینە، کوێرەوەر و کەساس، لەش‌بەبار و نەخۆش، ئەیەوێ هاوڕێی خراپە بەردا و لێیان دوورکەوێتەوە. بەڵێ، ئەو هارۆڵدەی جاران وای لێهاتووە گەلێ جار فرمێسکی سەرئەکا بۆ چاوانی، بەڵام فیزی فرمێسکەکانیی قەتیس‌ئەکرد و ئەیوەستاندن. ئەوە هارۆڵد ببینە! بە تاقی تەنیا دانیشتووە، لەگەڵ خەو و خەیاڵیا لە دەمەتەقێدایە. وا بڕیاری دا بریتانیا بەجێبێڵێ و ڕووبکاتە ئەو وڵاتانەی لەو دیو دەریاکانەوە پیاو ئەسووتێنن. هارۆڵدی جاران کە تێری لە خۆشیی وەختی و تێری لە لەذەتی پیس خوارد، وا ئێستا حەز لە خەم و لە هاوڕێکانی خەم ئەکات، ئەیەوێت ئەم شوێنە بگۆڕێت و بچێت بۆ شوێنێکی‌تر، ئەو شوێنە قەبریش بێت، لای ناخۆش‌نییە. (هەتا ئێرە ٩٥١/٩/٩)

هارۆڵد کۆشکی باوکیی بەجێهێشت، ئەو کۆشکەی لەگەڵ ئەوەشا پەڕپووت بوو، بەڵام هەیبەتێکی ئەوتۆی هەبوو، پیاوی بەجەرگی ئەترسان. ئا ئەم کۆشکە لەوەپێش لانەیەکی پیرۆز بووە، بەڵام ئیمڕۆ شوێنی خراپە و ناشیرینییە. ئا لەم کۆشکەدا کە لەمەوپێش ئایینی ساکار ژیاوە، ئیمڕۆ خراپترین ئافرەتی ناوکۆڵان سەمای تیا ئەکات.

(٧)

گەلێ جار هەوری دڵتەنگی ناوچەوانی هارۆڵدی ئەگرت لەناو تۆفی ڕابواردنی پڕ لە هەرا و زەنادا. ئەو چڵکە هەورانە وایان ئەگەیان کە بیرەوەریی کارەساتێکی سامدار لەناو دەروونیا پاڵکەوتووە و لەپڕ هەڵساوە. ئا ئەمە

کەس نەیئەزانی، بەڵکوو کەس نەیئەویست بەشوێنیا بگەڕێ، چونکە هارۆڵد لەو کەسانە نەبوو کە درەدی دەروونیان بۆ خەڵقی هەڵئەڕێژن، تا برینیا سارێژبێ.

(٨)

کەس خۆشیی‌نەئەویست، هەرچەندە ئەم هەموو لاوە هەرچیوپەرچییەکانی ئەو دەوروپشتەی بانگئەکرد بۆ کۆشکەکەی. ئەو هاوڕێیانە کە خوێنمژ و هاوڕێی دەمی خۆشین، لە وەرگرتن زیاتر بەخشین هەر بە بیریشیانا گوزەرناکات. داخەکەم، کەس و هیچ هاوڕێیەکی نەیئەلاواندەوە، هیچ کچێکی دۆستیشی حەزی لێنەئەکرد. ئافرەت گوێنادەنە هیچ شتێکی بەرز، پارە و ناوی گەورە نەبێ. ئەم دوو شتەن ئەو خوایەی ئافرەت ئەیانپەرستن. ئافرەت پەپوولەیە، تەنیا ڕووئەکاتە شەوق و بریسکە. ڕاستە کە هەمیشە لای ئافرەت خوای دەوڵەت و سامان پیاوە و فریشتەی پاک ناشیرین و ئێسکقورسە.

(٩)

هارۆڵد دایکێکی هەبوو، هەرگیز لەبیری نەئەچووەوە، بەڵام نەیویست لەکاتی ڕۆیشتنیا بیبینێت. خوشکێکیشی هەبوو، زۆری خۆشئەویست، بەڵام نەیتوانی لەپێش کۆچکردنیا چاوی پێیبکەوێ. هاوڕێی هەبوو، بەڵام کەسیانی ماچنەکرد. لەگەڵ ئەمەشا وا تێمەگەن کە دڵی ڕەقبووە، نەء. ئەی ئەو کەسانەی مەعنای دڵداری ئەزانن! بێگومان هەستئەکەن بەم گەشتە پڕ لە کوێرەوەرییە، هەستئەکەن بەم گەشتەی دڵ ئەفلیقێنێتەوە و خوێ بە برینەوە ئەکات.

(١٠)

کۆشک و زەویوزارەکەی، میراتی باووباپیرانی، ئەو ئافرەتە دەمبەزەردەخەنانەی ڕۆژانی خۆشی لەگەڵاڕابواردن، ئەوانەی چاوە شینەکانیان و پرچە خاوە نەرمەکانیان و دەستوپلە سپییە بەفرینەکانیان، ئاییني ڕاهیبی زۆر خۆگر بجووڵێنن؛ ئا ئەمانەی هەموو بەجێهێشت، بەبێ ئەوەی ئاخێکی ئەسەف هەڵکێشێ. ئێستا تەنیا بیر لە پەڕینەوەی دەریاکان و بیر لە گەشتی ڕۆژهەڵات و بیر لە خەتی ئیستیوا و هەتاوی سووتێنەری خەتی ئیستیوا ئەکاتەوە.

(١١)

شیراعی کەشتی کرایەوە. نەرمەبایەک کەشتیی دایە پێش خۆی بۆ ناو دەریای بێپەی. بەردە سپییەکانی دۆڤەر بەجێمان و لە چاو ونبوون. کەشتیی

هارۆڵد نیشته ناو کەفی سپیی ئەو شەپۆلانەی لە پانایی ئاسۆدا پەیابووبوون. ئا لەم کاتەدا ئەگونجێ ئاخی بەبادابێت بۆ نیشتمان. بەڵام وەنەبێ ئەم نهێنییە لە دوولێوانی دەرچووبێ، بەڵکوو لەناو ناخی سنگیش شاردراوەتەوە. گەشتکەرەکانیتر پیشیانخواردەوە و فرمێسک سەریکرد لە چاوانیانەوە، هەر یەکە بۆ بیرەوەرییەک.

**(١٢)**

لە کاتێکا کە ڕۆژ سەربەرەوخوار ئەبووەوە بۆ ناو ناخی دەریا. هارۆڵد دەسیدایە طەنبوورەکەی و بە دەسێکی لەرزیو دەسیکرد بە لێدانی طەنبوور و بە دەنگێکی نزمی پڕ لە خەم و خەفەت دەسیکرد بە وتنی گۆرانیی خواحافیزیکردن لە نیشتمان لەکاتی تاریکیی ئێوارەدا.

**(١٣)**

زەوی لە چاو گومبوو، ڕەشەبای سەختی تونن‌وتیژی ناو خەلیجی پسکای کەشتیی ڕاڕفان. وا ڕۆژی چوارەم تیشکی بەسەر کەشتی و دەریاکەدا بڵاوکردەوە. لە ڕۆژی پێنجەما کە تاریکی تازە دەرکەوت، ئەم کەنارە بوو بەهۆی دڵخۆشکردن. هەموو گەشتکەرەکان ببینە! ئەوە پۆپەی شاخی سەنترای پورتوغالە. ئەوەش چەمی تاجە، باجئەدا بە دەریا لە ئاوە ئاڵتوونییەکەی کە ئەڕژێتە ناخی ناخی دەریاوە. مژدە لە کەشتییەوان، مژدە لە سواربووەکانی کەشتی، وا گەیشتنە قەراغ، قەراغ وڵاتی پورتوغال.

# نەورۆز لە سولەیمانی*

ڕۆژی ١٩٤٨/٣/٣١ لە سولەیمانی لە کارێزی شێخ مەحموود، جەژنی نەورۆز کرا. کۆبوونەوەیەکی نایاب و ڕێکوپێک بوو. شەش تا حەوت هەزار کەسی تێدا کۆبووبووەوە، لە کاربەدەستانی حکوومەت، لە ژنان، لە خەڵکی ناوشار، لە قوتابیی قوتابخانەکان، لە مەلا و فەقێکان.

کردنەوەی کۆبوونەوەکە بە مۆسیقەیەکی خۆش دەستپێکرا. لەپاشا محەمەد ئەحمەد طەها وتارێکی نایابی خوێندەوە، تا نزیکەی سەعاتونیوێکی خایان. خوتبە و شیعر لە لایەن گەنجەکانەوە ئەخوێنرایەوە. لە بەینیانا گۆرانی و مۆسیقا و هەموو جۆرە هەڵپەڕکێیەک، هەروەها کچەکەی دوکتۆر هاشم شیعرێکی بەرزی خوێندەوە.

لە مەلاکانیشا، شێخ ڕەئووفی شێخ سەعید وتارێکی بەرزی بەمەعنای خوێندەوە. لەبەرئەوە ئێستە فریانەکەوتین، لە ژمارەی دوایی‌دا بە دوورودرێژی چۆنەتیی ئەم نەورۆزە ئەنووسین.

- ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە، خەڵکی ڕەواندز بە قوتابی و ئەهلی شار و لادێوە، بە ژن و پیاوەوە، هەمهەمەیەکی قورسیان کرد بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی وڵات و بەجەزاگەیاندنی جارچییانی ناکۆکی و دووبەرەکی.

- ڕۆژی ٤٨/٣/١٨ چەندهەزار کەس لە کرێکارەکانی ڕێی ئاسن، بۆ ئەوەی مانگانەکانیان بۆ زیادبکرێ و قانوونی عومماليان بۆ جێبەجێبکرێت، پشتیان لە ئیش هەڵکرد، بۆ سەر جادەکانا چوون بۆ حەوشی مەجلیسی وزەرا و مەڕاجیعی موختەصە.

- ڕۆژی ٣/٢٣ کریکارەکانی ڕێی ئاسن، لەبەرئەوە کە پێیان‌وتبوون دڵخوازەکانیان جێبەجێئەکەن، چوونەوە سەر ئیشەکەیان.

---

* گۆڤاری "نزار"، بەغدا، ساڵی ١، ژمارە ١، ١٩٤٨/٥/٣٠، ل٢٣، لە: نزار: گۆڤارێکی حەفتەیی سیاسی کوردی و عەرەبی‌یە، ئامادەکردن ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ئۆفسێتی سەردەم-تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٠. (س)

– ڕۆژی ٤٨/٣/٢٢ وەفدێک لە سولەیمانی‌یەوە هاتنە بەغدا، ئەو ئامانجانە کە هەیانبوو، لەسەر کاغەز دایان بە فەخامەتی ڕەئیسی وزەرا و مەڕاجیعی موختەصە و ئەحزابەکان. هەروەها هاتنە ئیدارەی ئەم گۆڤارەش، صوورەتێکیان وەکوو لێرە نووسراوە، دا بە ئێمە بۆ بڵاوکردنەوە:

"لەبەرئەوە دڵخوازی میللەت و مەصالیحی ئیستیعمار و دەستوپێوەندی ڕێکنەئەکەوت، میللەت کەوتە جونبوشەوە و ئەم قوربانییانەی دا. بەڵام تەنها بۆ نەهێشتنی پەیمانی پۆرتسمۆث و تێکدانی پارلەمانە دەستهەڵبەستەکە نەبوو! چونکە ئەمانە تەنها دوو شتن لەو ئامانجانە کە میللەت گەورەیی و سەربەخۆیی خۆی تیا ئەبینێ. لەبەرئەوە زۆر بەسۆز داوای جێبەجێکردنی ئەم مەطالیبانەی دواییش ئەکەین:

١– هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی ١٩٣٠، ٢– دەرچوونی لەشکری بێگانە لە وڵاتا، مەدەنی و عەسکەری، ٣– هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمان و فەرمانانە کە پارلەمانی نووری سەعید بڕیاری لەسەر داوە، ٤– پاککردنەوەی مەکینەی حکوومەت لەو پیاوانە کە یارمەتیی وەزارەتی پێشوویان داوە بۆ تاڵان و خراپەکردن، ٥– بەرەڵڵاکردنی سەربەستیی دیموکراسی، مەیداندان بە ڕێکخستنی ئەحزاب و نەقابات، نەهێشتنی لەشکری پۆلیسی نهێنی، وازهێنان لە ئازادیخواهان، ٦– بەرەڵڵاکردنی ئەو کەسانە کە حەپس، گیراو، دوورخراوی سیاسین، ٧– بەرەڵڵاکردنی بەرزانییەکان و جێبەجێکردنی ئیش‌وکاریان، ٨– زۆرکردنی نان و بەرگ بۆ میللەت و بەجەزاگەیاندنی قاچاخچی و موحتەکیرەکان، ئەوانە کە نان و بەرگی میللەتەکەیان فڕانووە، ٩– جێبەجێکردنی تەنگوچەڵەمەی توتن و زەوی‌وزار لە هەموو عیراقا.

## ئۆخەی دیم!

بەغداد، ٩٥٠/٧/١٨

گیانەکەم! وا بوو بە شانزە ساڵ! شانزە ساڵی پڕ لە شەو و ڕۆژ! شانزە ساڵی پڕ لە تاریکی و ڕووناکی! شانزەی پڕ لە ئێش و ئازار و ترس و هیوا و داخ و ئاوات! شانزەی پڕ لە ڕەهەندیی شاران و کوناوکونکردن، شانزە ساڵی پڕ لە گەشکە و تەریقی و پێکەنین و گریان و دەرد و خەو و دەستبەدەستادان! شانزەی پڕ لە شکۆ و بەرزبوونەوە بۆ پۆپە، لەپاڵیا شەرەفشکاوی و ڕووەو ناخی شوورەیی چوون، ئینجا ڕاستبوونەوە و ڕێی ڕاست گرتنەوە و ڕاست کەوتنەوەڕێ لەگەڵ کاروانا لەدوای دواوە. زۆرم بیست، زۆرم دی! بیستم کە بەهەشتێکی گومبوو هەیە لە بەهەشتی دڵداریی ڕاست، پڕچێژ و پڕهەستی زۆر و پڕجوانی و کامەرانیترە! نەک تەنیا بۆ من، بەڵکوو بۆ هەموو ئادەمیزاد!

بیستم کە ئێمە بەشێکی پچووکین لە گشت، قەترەیەکین لە دەریایەک، خۆشی و شادیمان، ئێش و ئازارمان، بەستراوە بە گشتەوە. تا گشت ئاسوودەنەبێ، بەشی نابینین! زۆریشم دی، زۆریشم چێشت لە بێنانی، لە بێئاوی، بێئیشی، لە درۆودەلەسە! ڕیا و تەماع! خۆویستی و فیشاڵ، هیچلەبارانەبوویی و ئازایەتی و توانایی و قارەمانیەتی! بەکورتی، ناوجەرگەی کۆمەڵم دی، گیانەکەم! لە بیروباوەڕی گەیشتم، هەستم بە ئێش و ئازاری، بە هیوا و ئاواتی کرد، لە دەردی شارەزابووم، دەرمانیم دۆزییەوە! وە لەبەرئەوە تۆی شیرینم خستە لاوە لەگەڵ خۆمی بەدبەختی بۆنەهاتووا، چونکە بەشی بچووکین، دەستمکرد بە هەوڵوتەقەلادانێکی پیاوانە لە ڕێی گشتا، بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێکم ببێ لە سوودی گشتی بەولاوە!

لە گەرمەی کارا بووم، لافاوی سەختترین ڕۆژ و شەوانێک هات بەسەرما، بەڵام من بەشی بچووک لە ڕێی گشتا چەسپیوە دەروون، بەناو دەمارەکانما لەگەڵ خوێنا ئەهاتم و ئەچووم، لە لافاو نەئەترسام، تووشی خولیا بووبووم.

ماخۆلانم پێگەیشتبوو. بڕواتبێ، بێ سوێنخواردن، بەردار بەری فڕێئەدا. ڕێوی و کوننەپەبوو، شەمشەکوێرە ترسنۆکە فێڵبازە بێئابڕووە لەسەر هەزار پەت یاریکەرە ئاشکرا و شاردراوەکان، وەکوو کیسەڵێکی پیر خۆیان لە قاوغ، قاوغیان لە کونکردنیان لە ئەشکەوت، ئەشکەوتیان لە دەری ئاوەدانی بۆ خۆیان، بۆ پارێزگاریی دەستکەوتیان، بۆ سوودی پیسی تایبەتیان کردبوو بە لانە و مەڵبەند!

دە نازدار! لەو ڕۆژە شوومە پڕمەترسییەدا لە پێشەوە ئەڕۆیشتم، دەستمئەکرد بە چاوی ئەژدیها و دەعبا کێوییە دەعەجانییەکانی سەر ڕێگادا! ئەوەی بە بیرما نەئەهات، ڕاکردن و گەڕانەوە و لەڕێلادان بوو، مردنم هەڵبژاردبوو. بە ڕێی ژیانا بیرم لە تۆ، لە بەشی خۆم، لە بەشی بچووک، نەئەکردەوە. لە ڕێی سوودی گشتا، بەشی بچووکیترا، [ملم]ئەنا، ئەگەر ببووایە بە هۆی وەستانم.

ئەوەندەم نەزانی ڕۆژی دەمکەل زەردبوو، وەک کچێکی ئاواتمردوو خۆی لە پەوڕوو دا بە زەوییا و پرچە ڕەشەکەی پەخشانکردەوە! دنیا تاریک بوو! زانیم کە ڕۆژ نەما و شەومان لێداهات، بەڵام هەر لە ڕۆیشتن نەکەوتم! زانیم مەد گەڕایەوە و جەزرە، بەڵام کەشتیم هەر لێخوڕی! زانیم دەستوپێوەندە دڕندەکانی تاریکی بەشوێن ڕاوی پەڕاگەندەی کاروانا ئەگەڕێن، چونکە لەوەپێش چەند جارێ دەمیان تێژەنیبوو و پێی فێرببوو، بەڵام هەر خۆم نەشاردەوە! لەبەر ئەم هۆیانە و لەبەر گەلێ هۆیتریش، لووتمان بوو بە لووتی یەکەوە و گەمارۆیاندام، تا پێمکرا بەرگریمکرد، لە دواییا شکام! بەڵام منی لاوازیان نەخوارد، چونکە تێربووبوون لە خواردنی چەور و نەرم! خرامە ئەشکەوتێکی سەختەوە، چ ئەشکەنجەیەک ئازاراوی و پڕ سزا و ناسۆرە وە بەبیرتایەت، لێمکرا، لەبەرئەوە دەمارم شلبوو! کێ هەیە بەو ئەشکەنجەیە دەماری شلنەبێ؟! لای من کەسێکی تر بڕواناکات، خوابکا خەوێکی وەکوو ئەم خەوەی من ببینێ!

گیان! ساڵێکی ڕەبەقە منی مەڕ دیلی گورگ بووم، منی فڕندەی باڵاشکێنراو لەگەڵ چەقەڵ و ڕێوییا هەڵسام و دانیشتم! دە شتێکی سەیرنییە ئەگەر ناوبەناو خووی گورگی فێربووبم!

بە هەرچی چۆنێ بوو، توانیم خۆم ڕزگارکەم لەو ئەشکەوتە سەختە! هاتمەوە ناو ئاوەدانی! ئەزانی چ ئاوەدانییەک؟! ئەو وڵاتەی هەموو پیاوە ئازاکانی چوون بۆ مەیانی جەنگ، ئەوی کوژراوە کوژراوە! ئەوی دیلکراوە،

دیله! ئەوی گومە، گوم! ئەوی ماویشەتەوە و چاوی بە جەنگ نەکەوتووە و نەیچێشتووە، لەجیاتیی ئازایەتی فیشاڵکردن! لەجیاتیی فیشەک و ئەقڵ کارکردن، زمان درێژکردن فێربووە. داخەکەم، سەرکردەی ئاوەدانیی دوای جەنگ ئەمانە و چوارپێیەکانی هاوڕێی ئەمانە بوون! دە نەفرینێکی پیس لەم چوارپێیانە، لەم سەرکردانە!

بە هەر لایەکا ئەڕۆیشتم، وەکوو غەریب بم، وابوو! بەشێکی زۆر ڕایانئەکرد، وەکوو من بووبم بە پیاوخۆر! بەشێکیتر لە ترسا بەرەوپیرم ئەهات! بەشێکی کەمیش کە باش لە من گەیشتبوون وە خۆشیان خاوەن بەهرە و هەستی و تێبینین بوون، بە گەرمی و ڕاستی دەستی هاوڕێیەتی و یارمەتیدانیان بۆ درێژکردم! دە من قەرزاری ئەم برا تێگەیشتووانەم.

دەستمکردەوە بە کار، کارکردنێکی پڕکەڵک! ڕێگام بۆ خۆم دانا و گرتمەبەر بە ئەزمێکی پۆڵاییەوە! ڕۆیشتم و هەر ڕۆیشتم، بەبێ ئەوەی گوێبدەمە وەڕین! لەبەرئەوە هەتا ئێرە هاتم و لێرەش بەودیوا ئەڕۆم بەبێوچان! خۆم شارەزام، پێویستم بە کەس نییە ڕێگام پیشانبدا، پێویستم بە کەس نییە تێمبگەیەنێ کە چیم کردووە، یا چی ئەکەم!

دە نازدار، هاتمەوە سەر خۆم! دەستمکردەوە بە نووسین! ئەو شتەی لە هەموو شتێ زیاتر سەبووریمئەدات! لەپاش ئەوەی لە چەند نووسینێکی "گشتی" بوومەوە، دەروون داوای لێکردم، ئینجا شتێ بۆ تۆ! بۆ تۆی خۆشەویست بنووسم! چونکە لە جێی دایک و خوشک و دڵدار و هەموو شتێکی جوانیتری من دانراویت! دڵ هەڵیبژاردوویت! عەقڵ پەسندیکردوویت. ساڵانی دوورودرێژ! چەرمەسەریی ڕۆزگار! لە جاران زیاتر لای من جێگیریانکردوویت! هەرچەندمکرد پارچەیەکی وەکوو پارچەکانی ڕابوردووت بۆ بنووسم، داخەکەم نەمتوانی! ئەزانی بۆچی؟ چونکە نەمئەزانی لەم دوو ساڵەی دواییەوە بەتایبەتی باری سەرنجت بەرامبەر کارەساتی ئازاراویی دواییم چییە؟ هەتا ئێمرۆ و کە سێیەم ڕۆژی جێژن، لە سەعات پێنجونیو! چاوم پێتکەوت، وەکوو یەکێ هۆشیارمانبکاتەوە، هەردووکمان لە یەک کاتا ڕوومانکرد بەلای یەکا و چاومان بڕییە یەکتری! من چونکە بەدەست خۆم بوو، وشک وەستام و ڕووومکردە ئەو ڕێیەی تۆ بە ئوتومبیل پیاڕۆیشتیت! وەستام وەکوو ئەو ئاییندارەی ڕووئەکاتە

قبیلەکەی. تۆش هەتا لە یەک گومبووین، لە پەنجەرەی دواوەی ئوتومبیلەکەوە تەماشاتکردم. دە ئەم بینین و تەماشاکردنە بوو بە هۆی ئەم نووسینە.

وا سەعات دوانزەی شەوە! شەوێکی گەرمی بەغدا! شەوی دوادواییی تەمووز! بە تەنیا دانیشتووم، بە چێژ و هەستییەکی کاملەوە شریتی ڕابووردوی ژیانی پڕ لە مەینەتیمان بە ڕۆژ و شەویەوە، بە خۆشی و ناخۆشییەوە، ئەهێنمەوە بەرچاو. هەر لەو ڕۆژەوە کە چاومان بە یەک کەوت و دڵمان بۆ یەکتری لێدا، تا ئەم سەعات پێنجونیوەی شانزە ساڵی پاڵپێوەنا بۆ ناو بیرەوەری!

له ئەدەبی خۆمانە:

# بۆ تۆ![*]

ڕابەر

گیانە شیرینەکەم!

بە بیرما نەئەهات کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بتبینم، بتدوێنم، بتناسم، بەڵام وا دیمی و دوواندمی و ناسیمی! بینینێکی کوتوپڕی، دوواندنێکی سەرپێیی، ناسینێکی ئازاراوی.

کچۆڵەیەکی نەشمیلیت، تەمەنت لە سیانزە و چواردە تێپەڕناکات، هێشتا خاوی، تەشیی ژیان بای‌نەداوی. وەک منی کڵۆڵ تووشی دەرد و کوێرەوەری و هیوابابردوویی و بەئامانجنەگەیشتوویی نەبوویت. ئەو ڕەنگ و ڕوخسارە شیرینە دڵڕفێنەت کە باری سەرنجی دار و بەردیش ڕائەکێشێت؛ ئەو دەم و پێکەنینە نازکە پڕ گەشکە و تریقەیەی کە دڵی دڵمردوویەکی وەکوو من زیندووئەکاتەوە؛ ئەو چاوە گەلاوێژییەی کە تەنیا نیمچەهەڵهێنانێکی بەسە بۆ ڕووناککردنەوەی گشت کەلوقوژبنێکی ژیانی تاریکونوتەکی شەوەزەنگی بەسامی من، کە بە هەزاران پرۆژیکتۆری دەستکرد ڕووناک‌نابێتەوە؛ ئا ئەمانە و گەلێ ئەفسوونی جوانی‌تر، وەک شەرم و سوورهەڵگەڕان و بزرکانی تاوتاوت؛ لەنجەولار و ورتە و جووڵە و زەردەخەنەی پڕنازت، ئا ئەمانەت گیانە! سەریان لێ‌شێواندمەوە، باری سەرنجیان ڕاکێشامەوە بە لای جوانییا، جوانیی کچۆڵەیەکی ئەفسووناویی ساکاری پاکا.. دڵ و دەروونیان دامەوە بەر قامچیی خۆشەویستیی پڕ ئێش و ئازاری پڕ لە دەردیسەری!

---

[*] گۆڤاری "پەیام"، بەغدا، بەرگی ٦، ژمارە ٢٥٢، دووشەموو، ١٩٥٤/٧/٢٦، ل١-٥.
پێشتر هەم لە دەفتەرێکی شەش لاپەڕەیی‌دا نووسراوە و مێژووی ١٩٤٧/٤/٥ی لە سەرەتاوە لێ‌دراوە، هەم لە دەفتەرێکی گەورەی سەدلاپەڕەیی‌دا (لاپەڕەکانی ١-٧) نووسراوەتەوە، بەڵام پاشتر لە بڵاوکردنەوەدا دەستکارییەکی کەمی دەقەکەی کراوە. (س)

**(٢)**

بڕیار وا درا کە چەند سەعاتێکی ئەم ژیانە پڕ مەینەتی و دەرد و خەمە، بەیەکەوەبین، شتومەکی دەستکردی قوتابیان پێشانی خەڵقی بدەین.. تۆ زۆر شادبووی بەمە، چونکە لەم تەمەنەتا ژیان بەپێی بیری تۆ ڕابواردن و پێکەنین و خەو و خواردن و لەبەرکردنە.. منیش وەنەبێ حەزمنەکردبێ کە ئەو ماوە کەمە، بەڵکوو هەموو ڕۆژانی عومرم لەگەڵتا بەسەربەرم، بەڵام ئەم حەزکردن و ئاواتەم پاش بینین و ناسین و دوواندنی تۆ بوو.. هەرگیز بەتەمانەبووم، بەبیرمانەئەهات کە بەم هێز و گوڕە کاربکەیتە هەستم، ناخی دەروونم بجووڵێنی، وەک شارەزاییێکی کارامەی هونەر، یاری بە هەموو تەلێکی کەمانجەی دڵی شکاوم بکەی، ئاوازی پڕکوێرەوەری بکەی بە سروود، خوێن و زووخاو لە دڵم بتکێنی.. بە زۆری زۆردارەکی خۆتم بەسەردا بسەپێنی، ناو و ڕوخسار و هەموو جووڵەییێکت لەسەر پەردەی مێشکم زۆر بە قووڵی نەخشبکەیت.

چەند سەعاتێک بەیەکەوە بووین.. چەند سەعاتێکی زۆر کەم، کە وەکوو خەوێکی خۆشی هاوین هات و تێپەڕی.. لە بیرەوەری زیاتر، هیچیترمان بۆ نەمایەوە.. دە نازداری جوان، با ئەو بیرەوەرییە پڕ خۆشی و گەشکە و کامەرانییە، پڕ ئێش و ئازار و سزا و هەناسە لەدوا هەڵکێشانە، کوێرنەکەینەوە و لەبیرنەبەینەوە.

**(٣)**

کە غەریزەی بەشەری چارینەبێ، هەر دەمەنادەمێ بجووڵێ و سەرمان لێبشێوێنێ، کە ئازار هەستییێکی زۆری تیا چاندبین، وە هەر کاتەناکاتێ برینێکی تازە بکاتەوە سەر پەڕەی ناسکی دڵ و دەلاقە بکاتەوە جگەر و زامانی کۆنیش هەموو بهێنێتەوە سوێ.. کە هەموو ڕێگایەکی دەرمانکردنیشمان لێگیرابێ، چارچییە؟! تەنیا ئەوەمان لەتوانادائەبێت خۆمان بە هیوادا هەڵبسپێرین وە تێبکۆشین بۆ پێکهێنانی ئەو هیوایە.. دەبا سەرلەنوێ، نازدار، بکەوینەوە بیرەوەری و ژیاندنەوەی ئەو چەند سەعاتەی بەیەکەوە ڕامانبواردن، چونکە ئەگەر لەمە زیاتر لە سنووری خەتکێشراو بچینە دەرەوە... بەرەی تاریکی بەردبارانمانئەکەن، لە شار دەرمانئەپەڕێنن.. لەبەرئەوە با جارێ چیرۆکی دڵداریی کوتوپڕمان کە پێشکەشە "بۆ تۆ!" لەسەر کاغەز بگێڕینەوە.

## (٤)

لەپڕ بەیانییەک لووتمان بوو بە لووتی یەکەوە، لە پێشەوە بە تیلاییەکی چاو سەیرێکم کردی، بەڵام دەستبەجێ خونچەی جوانی تازەپشکووتووت باری سەرنجی ڕاکێشام.. بریسکوهووڕی ئەو جووتە چاوە پیرۆزەییەت، ئاوی چاومی برد.. دەروونی پڕکردم لە جۆش و لە بەیەکاهاتن، زەردەخەنە و پێکەنین و نەبرەی ئەو دەنگە شیرینەت کە لە سیرینادێکی ئیسپانی ئەچێت، بە گیتارە[وە] لێبدرێت، بەرەبەرە دڵەی بریندراری هەزار تیر لێدراوی کفت و کەشەندی خستەوە گوڕ، بە گورپەگورپ ژیاندەوە.

پەرییە بچکۆلەکەم:

مەجبووربووم یان ترسام، لەبەرئەوە لێت دوورکەوتمەوە، چونکە زانیم کە ئەگەر لێتەوە نزیکبم، تووشی داوی کوێرەوەرییەکی تازە ئەبمەوە، مەناعەتی بەسەرهاتە پێشووەکانی وەکوو ئێستام هیچ سوودێکیان نابێ. ئەمانەم ئەزانی، بۆیە دوورکەوتمەوە و پشتم تێکردی و چاوم بڕییە دار و دیوار و دەستمکرد بە چاوەڕوانیی کۆستێکی نوێ، کە خۆمی تیا ڕەنجەڕۆببمەوە.. بەڵام ئاوڕم بە هەر لاییێکدا ئەدایەوە، چاوی ستەمکاری لە جوانی تێرنەبووم وەرئەچەرخایەوە بە لای تۆدا و تێر تێیئەڕوانیت؛ ئەیڕوانییە چاوە پیرۆزەییەکانت، کە نموونەی بەهاداری بەهارێکی پێگەیشتووی پڕجوانی، پڕبریسکانەوەیە.. لەو چاوە کەمهەڵکەوتووانەیە کە وەکوو کانییەکی ڕوونی بەهارێکی تەڕ، پەیدەرپەی وە بەگوڕ، خۆشەویستییەکی بەهێزی لێهەڵئەقوڵێ.. بەڵام لەجیاتیی ئەوەی دڵ فێنککاتەوە، پڕیئەکات لە زام، لە زامی قووڵی گەرمی دڵداری بێهیوای پڕناسۆر!

پەیکەری زیندووی جوانی!

وا منی چەندجار خەڵەتێنراو، دڵ و هۆش و ئیرادە و چاو گەلەکۆمەکێیان لێکردبووم و باری سەرنجیان ڕائەکێشام بەزۆر بۆ لای تۆ.. ئەی تۆ بۆچی هەمیشە چاوت ئەبڕییە چاوم و بە دەممەوە پێئەکەنیت و مەیلەوئاڵ هەڵئەگەڕایت؟!

بێگومان دڵ ئاوێنەی دڵە! تۆش هەست بە سەرەتای ئاگرێکی بڵێسەدار ئەکەیت لەناو دڵ و دەروونتا. ئەم جۆرە هەستە ئەوەند بەهێزە، دوورنییە فڕێتبداتە ناو هەموو جۆرە باوەشێکەوە. بەڵام خوابکات تووشی ئادەمیزادێکی

گورگئامێز نەبیت، چونکە پاش ئەوەی ئەم خوێنە گەشە جوانە گەرمە پڕژیانەت ئەمژێ، لە چاڵێکی بۆگەنی تاریکی پیسیشا ئەتنێژێ!

**(٥)**

کە ڕووت لێمکرایەوە و بۆ جاری یەکەم بانگتکردم کاکە! مووچڕکێکی خۆش، تەزوویێک، لەرینەوەیەکی بەلەزەت، هەموو وجوودمی جووڵاند و هەستم بە بوونی خۆم کردەوە؛ تێگەیشتم کە ئافرەت کەرتە گەورە ناسک و جوانە فەڕبەخشەرەکەیتری پیاوی خاوەنهەستییە! بەڵام -نازداری جوان- هەرچەندە بیر لە ڕۆژانی ڕابوردوو، لە داستانی دڵداریی عومرکورتی بەسەرچوو ئەکەمەوە، بە هەزاران تەزوو و مووچڕکی پڕ ئازاری خوێناوی، پڕ ترس، دێ بە ئامباڵای لەشی پڕ لە زامی زووخاو لێتکاوما..

گیانە شیرینەکەم!

هەرچەندە بینین و دوواندن و ناسینت، قەتماغەی کۆنەبرینی کولاندمەوە، بەڵام هێز و گوڕێکی بەتینیشی پێبەخشیم! نەشمیل! وا نەریتی کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆمان وایە کە ژیانی گەل تێکڕا پڕبێ لە دووبەرەکێتی، وە من و تۆ لەناو ئەم گێژاوەدا زۆر لەیەک دوورین، چونکە تۆ بەسەر ڕێیەکی خەتبۆکێشراوی بۆخۆشکراوی کورتا ئەڕۆیت، منیش بەو ڕێیەدا کە هەرگیز دواییینایەت! ڕێی من، نازداری جوان، پڕە لە کوێرەوەری و هەناسەساردی و فرمێسک و خوێن و ئێش و ئازار، پڕە لە دەعبا و دڕندە و جانەوەری بەهێزی پڕچەک. من بەم ڕێیەدا ئەڕۆم و هەرگیز چاوئەبڕمە ئەو ترووسکەیەی زۆر دوورە و هەتا یەت کڵپەئەسێنێ و شەوقدارترئەبێتەوە. وا من ئەڕۆم و پاشەڕۆژم لە پەردەی هات و نەهاتایە و نازانم چیم بەسەردێ. بەڵام بار بار هەرچۆنێکبێت، بمێنمەوە و بژیم تا گەیشتنە، یا بمرم، بکەوم یا ڕاکەم و قافڵە بەجێبهێڵم، ئەنجام هەر یەکە. ئەم ڕێگایە هەر ئەبێ ببڕێت! ئەم دڕندانە هەر ئەبێ هەڵدڕێن، ئەم تاریکەشەوە هەر ئەبێ کۆتاییبێت! ئەو ڕووناکییە، هەر ئەبێ هەموو گۆشەیەکی ڕووی زەویی تاریک ڕووناکبکاتەوە! ئەم ژیانە پڕ لە دووبەرەکانێ مەمرە و مەژییە پڕ دەرد و خەم و ئازارە، هەر ئەبێ پاکبکرێتەوە و ڕێکبخرێ و برازێنرێتەوە.

نازداری نەشمیل! دەستم دامێنت، جوانی و پاکیی ئەم تەمەنەت بپارێزە لە گورگە دڕندەکان، نەکەی هەڵخەڵەتێیت. بە هیوا بژی، چونکە لەگەڵ هیوای بەشەر بڕا، ژیان ئەبێتە شتێکی بێنرخ، مانمان تامی نامێنێ!

ئەم چەند دێڕەش چونکە بۆ تۆیە! هەرگیز لە یادی من ناچێتە دەرەوە، هەرگیز لەبیرمناچێتەوە.

## بیرەوەری*

چەند ساڵێک لەمەوبەر، دنیا لە ئێستا شێواوتربوو؛ شێواوتر ئەوەبوو کە خەڵقی لەبەر گەلێک هۆ لە توانایانا نەمابوو خۆیان بخوێننەوە و قین و داخ بپێچنەوە دڵ و هیچ نەڵێن، بە سیمای دەموچاویان یان بە دەمیان گەزارەدەرنەکێشن. کار لەمانەدا نەمابوو، گەیشتبووە دەست بەکارهێنان و جموجووڵ.

ئا لەو دەورەدا، کەس نەمابوو قسەنەکا؛ کەس نەمابوو بە شێوەیێک داخی ناو دەروون دەرنەبڕێ. دە من و حسێن، هەردووکمان لەیەک نزیکبووینەوە و بووینەوە هاوڕێ، هاوڕێیەکی گیانیبەگیانی، چونکە وەکوویەک بیرمانئەکردەوە و تاقە ئامانجێکمان هەبوو: حسێن کێیە و من کێم؟ چی پێویست بە زانین ئەکا؟ ئەمە شتێکە، با جارێ داخی نەزانینەکەی لەناو دەروونا بێ، با سەرباری ئەو داخانەیتر بێ، کە خەڵقی بە دەمیانەوە ئەتلێنەوە و خەو و خۆراک و ئیسراحەتیان لێ لەبەرهەڵگیراوە. لەپاشا وەنەبێ ئەمە ئەوەندە شتێکی کاریگەربێ، کە دەست بخاتە ژیان و پاشەڕۆژی خەڵقەوە و شیرازەی خۆشی و کامەرانییان بپچڕێنێ، یان ترسی برسیەتی و نەبوونی و کوشتن و مردنیان بنێتەبەر. وا ئەمەیان وا. با بێینەوە سەر بیرەوەریی ئەو ڕۆژانە کە زۆر پڕوچڕبوون لە کارەسات؛ کە دەورێک بوو هەموو دیمان، هەموو هەستمان پێکرد، هەموو کارمان تیا کرد، ئینجا تۆمارکرا و هەڵپێچرا، وەکوو زنجیرەیێکی پڕلەئەڵقە ڕاکێشرا و هەتا بە شەو و ڕۆژ و سەعات و دەقیقەیەوە چووە ناو مێژووەوە. هەندێک زیانداربوون؛ هەندێک نەمان؛ هەندێک دنیایان لێتاریکبوو، بەری ڕۆژیان لێگیرا؛ هەندێکیتریش وەکوو بەرزەکیبانان بۆی دەرچوون. ئەڵێن ئێستا نە بایان دیوە و نە باران، وەکوو فاتەی سوورەبانی دێرین لەسەر تەپۆلکەیێک وەستاون، تەشی ئەڕێسن و زەردە ئەیانگرێ و زۆر بێشەرمانە ئەپرسن: ئەیەڕۆ، ئەوە ئەم خەڵقە بۆ وایان کرد؟ چی قەوماوە؟ تووخوا عەیبنییە وا ئەکەن؟ ئەمە باشبوو؟ چەندم پێوتن؟ ڕاستئەکەن گەزارەدەرکێشە وە پڕ درۆودەلەسەکان، ئەوانەی وەکوو کەمتیار و ڕێوی و

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٦، ژمارە ٢٥٣، دووشەموو، ٢ی ئۆغستۆسی ١٩٥٤، ل١٠–١٥.

چەقەڵ ئەجووڵێنەوە، ئێستا بوون بە ڕابەر، ڕێ پیشانی ئەو کەسانە ئەدەن کە دێڕی پێشوویان خوێندەوە، مەسەلەی کەمتیار و ڕێوی و چەقەڵەکە نەزانن. لەبەرئەوە با ئەمەتان بۆ بگێڕمەوە و نەبێ بە مەراق.

ئەڵێن: هەموو تیرەحەیوانێکی ترسنۆک، وەک کەمتیار، ڕێوی، چەقەڵ.. لەگەڵ چاویان، بە حەیوانێکی بەسەزمانی بێزیانی نادڕندە کەوت و نەیانتوانی خۆیان زاڵببن بەسەریا و بیخۆن، دەستئەکەن بە لووره و حەلوەلاییێکی تایبەتی هەتا شێر یا پڵنگ ئاگادارئەکەن بۆ تێکشکانی. ئەمانیش لە پەنادا ترسنۆکانە حەیوانی بەسەزمان بە ناپاکیی ئەمان پخدراو، کەوڵکراو، گۆشتی خوراو بەجێهێڵرا. ئەو حەلە ئەمان پەناکانی خۆیان جێئەهێڵن وە سەرئەکەنە لاک، ئەمما سەری تێئەکەن، هەتا تەڕاییی تیا ناهێڵن، دەماری لە ئێسقانی زۆر بە وردی جیائەکەنەوە. ئینجا تەماشای ئەملاوئەولا ئەکەن و زمانیان ئەلێسنەوە. وە چونکە لەو پاشماوەیە تێربوون، خۆیان زۆر بە بەختیار ئەزانن و وا تێئەگەن تاکن لەناو هەموو حەیوانا و ئەبێ هەرچی هەیە و نییە، سەریان بۆ دابنەوێنێ. لەبەرئەمەیە ورگیان لێدێت و زۆر بە لەسەرخۆیی ئەڕۆن بەناو دارستانەکەدا و شانازیئەکەن بەسەر خۆڵەکەی ژێر پێشیانا، هەتا لەپڕ لە لووتیان ئەدرێ. بەڵێ، لە لووتی خوێناوییان ئەدرێ و ڕائەکەنەوە بۆ کون، خۆیان ئەشارنەوە و ئەچنەوە پێستی جارانیان. کە گوێیان لە نرکە و زیڕە و گرمەی حەیوانێکی دڕندە بوو، یاخۆ چاویان بە سێبەرێ کەوت، لە دوورەوە.

هەندێ ئینسانی ناو ئەم دنیا پڕگێرەشێوێنییەش، داخەکەم، وەک ئەو حەیوانە ترسنۆکە فێڵبازانە وان، کە هیچیان لەبارانییە، لە ناپاکی بەولاوە. خوانەکات ئینسانی بێدەسەڵات بکەوێتە بەردەستی ئەم ترسنۆکانە. خوا لەو سەرەوە ئاگای لێیە، ئێسقانەکەشی ئەهاڕن، دوای ئەوەی دەمار و گۆشت و چەرمی پێوە نایەڵن. بەڵام هەر ئەم ترسنۆکانە، کە نەڕەییێکی حەقیان بیست، ئەشکەوتیان لێئەبێ بە کونەمشک. وەرە سەیری حاڵیان کە، خوا پیشانی کەس نەدا، دەکەونە پێڵاو ماچکردن و خاکی ژێرپێ لستنەوە. هەزار کەرامەت و پیاوەتی ئەفرۆشن بە پوولێک، چونکە ئازایەتییان تیانییە و حەیا -وەکوو ئەڵێن- قەترەییێکە تکاوە، ئیتر خۆ ناچن خۆیان خەریککەن بۆ کڕینەوەی، یان بۆ پەیداکردنەوەی. خۆلاسە، ئەمە حیکایەتی حەیوانە ترسنۆکەکان بوو. بێینەوە سەر مەسەلەی بیرەوەریی کۆن، ئەوی تۆمارکراوە بۆ مێژوو، ئەوی من و حسێن و هەموو کەسێکیتر دیمان،

ئەوی حسێنی وا شێواند بڕوای بە بڕواش نەمێنێ، متمانە نە بە خۆی نە بە کەس نەکا، ببێت بە لاشەییێکی بێسەر، چونکە سەری ئینسان بڕوایە و بڕواش لە عەقلەوە پەیدائەبێ و عەقڵیش ئەگۆڕێ، بەپێی ئەو شتانەی کاری تێئەکا.

دە حسێنی هاوڕێ کە لەم دواییەدا بینرایەوە و مەرحەبای گەرمی لێکرا، زۆر ساردوسڕانە بزووتەوە. لەم هاوینە گەرمەدا کە بەفر ئەتوێنێتەوە، کەوا لە خەڵق ئەکا لە خۆیەوە بەبێ سەبەب هەڵچێ.. بشکێنێ.. بدڕێنێ.. بگرمێنێ، زۆر سەرسامبووم لەو حسێنە پڕجووڵانەوەیە، بێجووڵەبووبێ، وەکوو بەردی بنیگۆم، قوڕ و لیتەشی لەسەر باربووبێ. دوای دوواندن، دوای دەمەتەقێییێکی ساردوسڕی بێتامی پڕ لە تەکلیف، لە قسەییێکی زۆر ساکارەوە جووڵا، بەڵام چ جووڵاندنێک؟ وەکوو بورکانێک کە قەباخەکەی لابدرێ، دوای پیشخواردنەوە و تواندنەوەی مەعدەنە سووتێنەرەکانی ناوی، ئینفیجاریکرد بەسەرما، وەختەبوو ورەم پێبەربدا، تووڕەمبکا لەم فەسڵەدا، کە زۆر پێویستی بە ورد ڕۆیشتن و ئاگالەخۆبوونە و لەبەر ئارەق و گرمژ و هەڵامەتی دوای هەوالێدان. قسە ساکارەکە چی بوو کە حسێنی وا لێکرد؟! وشەی "بیرەوەری" بوو!

بۆ ئەم وشەیە ئێجگار وا بە سەختی جووڵاندی؟ چونکە ئینسان هەتا ئەمرێ، هەر لە بیرەوەریی ڕابوردوودا ئەژی، هەر ئەیەوێ لەگەڵ خۆیا، لەگەڵ خەو و خەیاڵەکانیا، لەگەڵ ئاوات و هیوا و ئامانجە خۆشەکانیا، خۆی مناڵ بکاتەوە. بەڕاستی، پیاو تا ئەمرێ، هەروا ئەزانێ لەناوخۆیا کە هێشتا مناڵە ساکارەکەی جارانی ناو کۆڵانە، لاوە شۆخە جوانە پڕ لە ساکاری و پڕ لە هیوا و ئاواتەکەی جارانە، کە ئەبێ دنیا تەختبکا لە ڕێی گەیشتنە هەموو ئارەزوویەکیا. ئەم کوڕە چونکە ڕابوردوویێکی پڕشنگداری شکۆداری هەبوو لە هەموو مەیانێکی ژیانا و چونکە لێهاتوو بوو، زۆر بە گرانی ئەزانی چەرخی چەپگەردی زەمانە و دەستی کۆمەڵی دواکەوتووی پڕ لە شێواوی، بیشێوێنێ، ڕێی بەزۆر پێبگۆڕێ، جڵەوی بە لایەکدا ڕاکێشێ، کە هەرگیز بڕوای بە ڕاستییەکەی نەبووە. وای ئەزانی کە ئینسان بازرگانییکرد و بۆی نەهات و نابووت بوو، ئیتر هەموو شتێک تەواو.. نە دێ ماوە و نە دووکەڵ؛ نە ڕێ ماوە و نە ڕابەر؛ نە قەتار هەیە و نە پێشەنگ. هەموو شتێک تەواو، چونکە ئەم خۆی تەواوبوو. ئەم قسانەمان زۆر بە دووردودرێژی کرد. لە پێشەوە، هەر قسەی پێئەبڕیم. لە دواییا کە بردمەوە بۆ ڕابوردوو، کە جەمسەری ئەڵقە پچڕاوەکەم دایەوە دەم ئەڵقەکانیتر و

چەسپبووەوە لەناو زنجیرە گەورەکەدا، کە بۆی دەرکەوتەوە دنیا هەر ئەوەنییە و هەر بۆ ئەویش نییە و ئەم عالەمە زۆر گەورە و فراوان و پڕ لە یەکاهاتن و پڕ لە تەنگوچەڵەمەیە و پڕ لە مەخسەرەیە، کە بۆی دەرکەوت نابێ هەر دەرس لە سەرکەوتن و خۆشی وەربگرین، بەڵکوو دنیا ژێرکەوتن و ناخۆشیشی تیایە و پێویستە ئەمە زیاتر زاتمان بنێتەبەر؛ ئەڵێم دوای ئەمانە، ئینجا کاک حسین ڕەنگوڕووی گەشایەوە و شادی و لەزەت بەناو دەروونیا گەیشت، چونکی ناخی هەستی ڕووناکبووەوە و ئەو کۆمەڵە کاروبارە پڕ لە شکۆیەی جارانی، بۆی بوو بە تێشوویێکی بە نرخ نەکڕاو لە گەشتی تازەیا، لە قۆناغی سێیەمی ژیانیا. بەڵێ، حسێن خۆی لە باوەشی گەنجەفە و شانازیی بیرەوەرییەکانی ڕابوردووی ڕاتەکاند. زۆر بە دڵنیایی، بە عەزمێکی پڕ زات، کە پیاوەتیی لێئەدرەوشێتەوە، هەڵسایە سەرپێیان و پێیوتم کە بیروباروەڕ وەکوو فێربوونی ئەلفوبێی سەرەتایی ژیان وایە، هەرگیز لەیاد ناچێتەدەرەوە، هەرگیز لەبیرناچێتەوە، هەرگیز ئەمێنێ و لە یەکێکەوە ئەچێ بۆ یەکێکیتر، لە کۆمەڵێکەوە بۆ ئەویتر؛ دێ بە دێ، زنج بە زنج، هەر ئەڕوا بێوەستان، هەتا ئەم دنیایە پڕئەکا، هەتا ئەم ژیانە ئەگرێتەوە. بەڵام قسەکەی ڕۆمێلی ڕەحمەتیت نەبیستوو، براله؟

وتم: نەء، وتی: ئەو سەرکردەیە لە جەنگە پیسەکەی دووەما، لە ژووری ئەفریقیا بە سەربازە لەغمپاککەرەوەکانی وت: "هەڵەی یەکەمتان دوا هەڵەتانە!". وتم: یەعنی چی حسێن!؟ وتی: یەعنی ئەگەر بەهەڵەچوون و لەغمەکەیان نەدۆزییەوە بە ئالەتەکانی دەستیان، ئەوا لەغم ئەتەقێ و ئەیانکوژێ، ئیتر جارێکیتر نامێنن بەسەر ڕووی زەوییەوە، بۆ ئەوەی غەڵەتیتر بکەنەوە. وتم: ئینجا مەبەست چییە لەم قسانە؟ وتی: مەبەسم ئەوەیە خوابکا بیرەوەریی ڕابوردوو بووبێت بە دەرس بۆ هەموو کەسێک، تا هەرگیز غەڵەتنەکەن، نەوەکوو یەکەمین غەڵەتیان ببێ بە دوا غەڵەت، وە ئیتر جارێکیتر نەشتوانن "بیرەوەری بهێننەوە یاد!" ئەمەی گوت و ڕۆیی.

وا دەمێکە حسێن گومە، تۆ بڵێی وای لێهاتبێ نەتوانێ بیرەوەریش بهێنێتەوەیاد؟!

له ئەدەبی خۆمانە:

## سەفەربەرلگ*

ناوبەناو بەیاییی منالّیم ئەکەمەوە، تاسەیئەکەم، خۆزگەی پیئەبەمەوە. بەلاّم بە چی ئەچی؟ لەو بەیاییيەدا هەندێ شتی لەیاداتۆمارکراو قیتئەبنەوە و خۆیانم بەسەرا فەرزئەکەن و ئەلێن- ئێمە بووین و ئەبووی بماننووسی و نابێ لەیادبچینەوە! منیش منالّبووم، وەک هەموو ئەو کەسانەی ئەمڕۆ گەورەن و بەپێوە وەستاو، یان کەوتەی ناو نوێن، یا ئەوانەی بوونەوە بە خۆلّ و چوونەوە نرخی نەبووان.

چەند ساڵێک لەمەوبەر، منالّبووم، ئەوەندە منالّبووم کە بە شەوانی زستان، لە بەرچرا و لە گوێئاگردان دایکم بەدەم پینەوپەڕۆوە حیکایەتی بۆ ئەکردم، یان بەسەرهات و قەومانی ڕابوردووی بۆ ئەگێڕامەوە، هەموو لەشم، هەموو هەستم، ئەبوو بە گوێ، بە چاو. لەپاش نەختێ کە دایکم بەو نەبرەی دەنگە پڕچێژە هونەرییە و بەو گێڕانەوە جوانە ئەیبەستمەوە بە ڕووداوەکەوە، ئیتر دلّم لای دایکم و چاوم ئەڕۆی بۆ دوای تاریکاییی پشت چرا لالاکەی خرابووە ناو دیکۆرێکی شووشە و تەنەکەوە و ژوورم لا ئەبوو بە دالاّنێکی درێژی وڕاق.. هەندێ جاریش دایکم ئەوەندە دوورئەکەوتەوە، لە بەرچاوم بەقەد تۆزێکی ئەمایەوە، لەبەرئەوە هەتا شەو درەنگ ببووایە و خەو زیاتر زێفی بۆ بهێنامایە و حیکایەت و قەوماو ناسۆراویتر بووایە، زیاتر لە دایکم نزیکئەکەوتمەوە، تا لەسەر ڕانی خەوم لێئەکەوت. هەندێ جاریش کە دایکم زۆر دلّگیربووایە، خۆ ئەگەر بلّێی هەمیشە هەر لە داخی ژیانی بێسەرووپێ ئەکولاّ، بە ناشوکری نەبێ، ئەلّێم لەو حەلانەدا بەدەم قسە لەسەرخۆ کاریگەرەکانیەوە فرمێسکیش سەرێئەکرد.. منیش ئەوەندە منالّبووم نەمئەپرسی ئەم گریانە بۆ؟ بەبێ لێکدانەوە خوڕخوڕ فرمێسک وەک بارانی بەهار لە چاوم ئەباری.. بەدەم هەنسکهەلّدانەوە خەوم لێئەکەوت.. هەموو ئافرەتێکی

---

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٦، ژمارە ٢٥٥، دووشەمموو، ١٦ی ئاغستۆسی ١٩٥٤، ل١-٣.
لە دەفتەرێکی دەستنووسی گەورەی سەدلاپەڕەییدا، لاپەڕەکانی (٨-١٥)ی گرتووەتەوە. پاشتر کە بلاّوکراوەتەوە، لێی کەم و زیاد کراوە. (س)

قەدیمەی ئەم وڵاتی کوردەوارییە، بەقەد دە چیرۆکنووس حیکایەت و قەوماویان وا لەبەر.. ئەوەندەش بەتام ئەیگێڕنەوە، کەس نییە گوێیان لێنەگرێ.. دە جارێک لە جاران، شەوێک لە شەوان، باسی یەکێک لەو قەوماو و کارەساتە کاریگەرانەی بۆ گێڕامەوە، کە لە تافی کچێنیی خۆیا دیبووی و هەستی پێکردبوو! منیش چۆنی بۆ گێڕاومەتەوە، بۆ ئێوەی پاتئەکەمەوە.

کۆرپەی شیرینم! خوابکا ئەو ڕۆژانە نەبینینەوە، ئەو کارەساتانە نەقەومێنەوە. خوابکا منالّی منالّیشتان چاویان پێینەکەوێ. ئای ڕۆڵە! ئەم خەڵقە چییان چێشت، چییان دی، چییان بەسەرهات؟ لێڵاییمدایە، بە خوا هەرچەندە بیرمئەکەوێتەوە، وەکوو شیشی سوورەوەکراو بکرێ بە جەرگمدا، وایە! ئەو ساڵە هەرچی پیاوێ دەستی دار بگرێت، ڕەوانەکرابوو بۆ غەزا، دایک بێکوڕ، ژن بێمێرد، ماڵ بێپیاو مایەوە، تەنیا چەند پیرێک، چەند جوولەکەیەکی کۆڵگێڕ و وردەواڵافرۆش نەبێت، ناوبەناو لە کۆڵانە چۆڵە پیسەکانی شارا ئەبینران، ئیتر هیچ! هەر شتومەک بوو ئەفرۆشرا، هەر داری خانوو بوو دەرئەکێشرا، هەر ترس بوو لە خەڵقی ئەنیشت، هەر نەخۆشی و برسێتی بوو ئینسانی ئەکوشت. گرانی بوو، کوڕم، قاتیی هەموو شتێک، هەتا قاتیی پیاو. ئەوە هیچ بە شەو کەس نەیئەوێرا بچێتە ناو حەوشەش، چ جای دەرگاکردنەوە. دەرگاشبکاتەوە، بەڵام بە ڕۆژیش ئەبووایە چەند ئافرەتێکی خزم و دراوسێی بەزات بکەوتنایە یەک، ئینجا بچوونایە بۆ بازاڕ. بازاڕیش بەتاڵ و حەتاڵ، هەرچی دەڕابەی دووکانەکانیش هەیە کێشرابوونەوە! تۆزە کەفێکی دۆشاو، ئاردێکی ڕەش و گەچاوی بە لیرەی سوور، بە مەجیدی و غازی نەبووایە، دەستنەئەکەوت.

بەڵام هەندی جار -لێڵاییمدایە- عەشامە برسییە ڕووتوقووتەکەی پێستیان بە ئێسقانیانەوە نووسابوو، ئەوانەی چاویان بەقووڵاچووبوو، ئەوانەی بە شەو لەم دووکانە بێدەڕابانەدا، بەدەم ئێش و ئازاری برسێتی و نەخۆشی و ترسەوە ڕۆژیانئەکردەوە، پەلاماری کەفی دۆشاویان ئەدا وەک هار، مەرکانەیان ئەشکان، دۆشاویان ئەڕژان، دەمیان ئەنا بە زەوییەوە، لە پەوڕوو بە زمان ئەیانلستەوە..

جاری وا هەبوو، شەشحەوتێکیان ڕاستنەئەبوونەوە، لە ژێری ژێرەوە ئەخنکان، ئەمردن. هەندێ جاریتریش دەمیان ئەنا بە خوێنە گەرمەکەی حەیوانی سەربڕاوەوە و خوێنیان ئەخواردەوە، هەتا ورگیان لێئەهات! هەتا ئەو خوێنە گەرمە ساردیئەکردنەوە و لە حەوتساڵان ڕاستئەبوونەوە و ئەکەوتن و ئەمردن.. ناهەقیان نەبوو. کوڕم، حۆقەی ئاردی گەچاوی بە لیرەیەکی سوور بوو!

وتیان لە نزیک چوخمەکەی ماڵی باجیمەوە، هەندێ ماڵ پشیلەشیان خواردووە.. چی بکەن، ڕۆڵە، هیچ دەست نەئەکەوت، گرانی بوو! سەرەڕای ئەم کوێرەوەرییەش، پیاوخۆر پەیدابووبوو! بە شەو لەو خامۆشییە تۆقێنەرەی ئەم شارەدا، کاتێکمان ئەزانی قیژەی پیاو یان ئافرەت ئەچووە کەشکەلانی فەلەک، هاوار و ئازار ڕوویئەکردە بارەگای خوا. تومەز پیاوخۆرەکان لە دووکانە بێدەرابەکان بە لاق یان بە قۆڵ ڕایانئەکێشان بۆ ناو شیوەکان! ئای کە ئەم شیوانەی ژێر ئەم خانووانە خەڵقیان تیا خورا! بۆ سبەینێش کە ڕۆژئەبووەوە ڕۆڵە، هەر قژ و پرچ و لوولاق و سەر بوو، ئاوەکە ئەیهێنان بەرەوخوار و زۆریشی لە شوێنە تەنکاوەکاندا گیرسابوونەوە و پیاویان زارەترەکئەکرد.

ڕۆژێکیان لە هەیوان دانیشتبووم، گوێم لە هاوار بوو، لە کەلاوەکەی تەنیشتمانەوە هەڵسا.. کە چوومە سەر گوێسوانەکە، تەماشائەکەم پوورە مەنیج و حەپسەی کچی لەسەر لێفەیەکی شڕ کەوتوون لە کەلاوەکەدا و گۆزەیەکی دەمشکاویان لە تەنیشتەوەیە، ناتوانن هەڵسن! سێ سەگی زەلامی چاوسووریش بەدیاریانەوە دانیشتوون، چاوەڕوانن، چاوەڕوانی مردنیانن، تا دەم بنێنە لاکیان. پوورە مەنیج هاواری لێکردم: "ڕۆرە، مەعزەن لیللا، دووسێ بەردیان تێگرە، خەریکن بە زیندوویی بمانخۆن!" منیش لە سەربانەوە دووسێ بەردم تێگرتن و بە هەموو توانامەوە چغەم لێکردن و تۆزێک دوورکەوتنەوە و دیسان توێتکەیانکردەوە. ڕامکردە ژوورەوە و بە دزیی دایکمەوە نانێکم لە کراسەکەمەوە پێچا و هاتمەوە سەر گوێسوانەکە و بە ئەسپایی بۆم فڕێدانە خوارەوە.

ئای کوێراییمدایە، کە نانەکەم بۆ پوورە مەنیج خستە خوارەوە، پێش ئەوەی دەستی بیگاتێ، حەپسە خۆی بەسەرا گرمۆڵەکرد، بەڵام نەفس زاڵمە، ڕۆڵە دایکە وەک هار شتێکی لە نانەکە هەر پچڕی و خستیە دەمیەوە و قەستبوو سەری یەکتری هەڵکەنن، دایکە لە دەمی دەرهێنایەوە بۆ خۆی. کوا ڕەحم

مابوو، کوڕم، لەتاو برسێتی؟! بۆ سبەینێ بەیانی، کە تەماشایەکی کەلاوەکەم کردەوە، تەنیا گۆزەی قڵپەوەبوو و لێفە شڕەکەم دی و دامەوە هاڕەی گریان و جارێکیتر و ببڕایبڕ نەچوومەوە سەر ئەو گوێسوانەیە و نەمڕوانییەوە بەو کەلاوەیەدا. ئاخری هەردووکیشیان هەر مردن..

ئەم کوێرەوەرییانە هەتا ئەهات خەستترئەبوون. لە سەرەتای بەهارا تۆزە ئاهێک هاتەوە بەر خەڵقی.. بەهاری ئەو ساڵە هەتا بڵێی تەڕبوو. ئێمەش دەستەکچ بووین، بە ڕۆژ یەکمانئەگرت، کۆڵوانەمان ئەکردە مل و بێڵەکانی بەدەستەوە، ڕێگای چەمی چەقانمان ئەگرتەبەر هەتا نیوەڕۆیەکی درەنگ بۆ هەڵکەندنی کەنگر و پیڤۆک و بنەگۆزروان و ترشۆکە و مالەوێنچە و تۆڵەکە و کاردوو و گێلاخەمان ئەئاخنییە کۆڵوانەکانمان و تێروپڕیشمان لێئەخوارد و بە پەلە ئەکەوتینەوەڕێ بەرەو شار. سەرچنار ئەوەندە بێشە بوو، پیاو لێیئەترسا.

ڕۆحم دەرچێ، ئەم هەموو کچە لە برس و هەتاوا ڕەشداگەڕاوە، ڕەنگپێنەماوە، زەرد و سوورە، ئەیانبڕی ئەو ڕێگا دوورە، بۆ ئەوەی خۆیان و کەسوکاریان بەو سەوزەیە یارمەتیی (نان) بدەن و لە برسانا نەمرن.. کەچی هەندێکیان لە ڕێ ئەکەوتن لە بێهێزیدا، هەندێکیتر ئاو ئەیبردن.. بەم جۆرە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تاقمە کچەکان کەمئەبوونەوە. ئەمڕۆ عاسە و کافیە و حەلاو، سبەینێ بەهیە و پیرۆز و خەجێ و ئافتاو، دووسبەی ڕەحمە و حەمدی و لاولاو، خوا ئەیزانێ سبەینێ کێیتر، یەک لەدوای یەکتری ئەبوون بە ناسۆر لە دڵی کەسوکاریانا.

سەرباری ئەم هەموو دەرد و جەخارە، ڕشانەوەش پەیابووبوو، ئاوەڕەشەی هێنابووەوە، بۆ قاتوقڕکردنی ئەوی ماوە! ئەو ساڵە گرانی بوو، پیاو نەمابوو. خۆ -ناشوکری نەبێ- هەر کەسێ دەستی داری بگرتایە، ڕەوانەکرابوو بۆ "غەزا!" ئەوی ڕاشیبکردایە، ئەیاننا بە نیشانەوە، یان وەک نالەپێیان ئەکرا بە قەنارەدا.. ئەم هەموو کوێرەوەرییە، قەترەیەکە لە دەریایەک، "سەفەربەرلک"یان پێئەوت، ناوی بە کۆڵەکەی ئاشا چێ و کەس نەیبینێتەوە، قورعانەکە!

# دوا قۆناغ*

ڕابەر

ئادەمیزاد بە سروشت شارستانییە و ناتوانێ بە تەنیا وە بەبێ ئەوەی پێویستی بە خەڵقیتر بێ، بژی. ژیانی ئادەمیزاد پێکنایە و سەرناگرێ، بەبێ ئەوەی بێ خانوو، بێ خواردەمەنی، بێ جلوبەرگ، بێت. ئەم شتانەش تاقە یەکێک قەد لەتوانایانییە بیگرێتە ئەستۆی خۆی. بۆ بەڵگە، ئادەمیزاد پێویستیی زۆرە بە گەنم، گەنمیش ئەبێ یەکێ بیچێنێ. ئەم چاندنە ئالەتی ئەوێ وە ئەم ئالەتانەش پێویستیان بە کارگا و بە کرێکارە تا دێنەبەرهەم. بەم جۆرە لە جلوبەرگ و لە خواردەمەنی و لە هەموو پێویستییێکیتری ژیان بدوێ، ئەگەر بە تەنیا یەکێک لە بیابانێکی کاکیبەکاکیدا، یان لەناو ئەشکەوت و شاخ و جەنگەڵێکدا ژیا، چۆن وە بە چی حەیواناتی دڕندە لە خۆی دوورئەخاتەوە؟

لەمەوە بۆمان ئاشکرائەبێ کە ئادەمیزاد پێویستیی زۆرە بە یارمەتی و پشتگیریی برای ئادەمیزادی، لە هەموو جۆرە شتێکی ماددیدا، وە بە تاقی تەنیا ژیان و هەڵکردن لەتوانادانییە. بەڵام وەنەبێ ئادەمیزاد هەر لەبەر هۆی ماددی بەیەکەوە ببەسترێن وە موحتاجی یەکتری بن، بەڵکوو لە مەعنەوییاتیشدا پێویستیی زۆریان بەیەکتری هەیە. ئەو کەسەی بەشوێن زانستا ئەگەڕێ، ئایا خۆی ئەتوانێ خۆی فێربکا و ببێ بە مامۆستای خۆی؟

کەواتە ئادەمیزاد چ لەبەر هۆی ماددی، وە چ لەبەر هۆی مەعنەوی، موحتاجی یەکترین، وە ئەم یارمەتییەش پێکنایە و باش سەرناگرێ و لەسەر ڕێوشوێنێکی ڕێکوپێک ناڕوا، هەتا کۆبوونەوە پێکنەیەت. کۆبوونەوەش باش بنج داناکوتێت، هەتا شار و دێ دروستنەکرێ، وە ئادەمیزاد لە جێیێکدا بە یەکترییەوە نەژین و نیشتەجێنەبن.

---

* گۆڤاری پەیام، بەرگی ٦، ژمارە ٢٥٧، دووشەموو، ١٩٥٤/٨/٣٠، ل٧، ١٠-١١، ١٦.

هەروەکوو تاک (فەرد) پێویستی بە کۆمەڵە، کۆمەڵیش پێویستی بەوە، وە تاقە کۆمەڵێکیش ناتوانێ خۆی بە تەواوی و دروستی هەموو پێویستی و داواییێکی خۆی بەبێ کەموکووڕی جێبەجێبکا، بەڵکوو کۆمەڵانیش پێویستییان بە یەکتر هەیە و ئەبێ هەوڵی لەیەکنزیکبوونەوە و یارمەتیدانی یەکتر بدەن. ئێستا کە کۆمەڵێک بە کشتوکاڵەوە خەریکبوو، ئەبێ کۆمەڵێکیتر بە دەزگا و دووکانی کارسازییەوە خەریکبێت، ئەگەر بێت و ئەم دووانە یارمەتیی یەکتر نەدەن، ئیشی هیچ لایەکیان باش ناچێتەسەر، چونکە هەردوو لا پێویستیان بە کەرەسەی ئەویتریانە. کە تێگەیشتین تاک پێویستی هەیە بە کۆمەڵ وە کۆمەڵیش پێویستی هەیە بە کۆمەڵانیتر بۆ یارمەتیدان و بۆ قازانج لەیەکتری کردن، ئەو حەلە تێئەگەین کە پێویستە کۆمەڵانی هەموو دنیای فراوان ئەبێ لە یەکتری نزیکبکەونەوە لە ڕێی سوودی هەموو لایەکیانا، لە ڕێی پێشکەوتنا، لە ڕێی تامتێکەوتنی ژیانی خەڵقا. دێ و شار، وڵاتان، بۆیە پێکهاتوون، چونکە ئەبووایە پێکبهاتنایە لە ڕێی خۆشکردنی ژیانا. کۆبونەوەی کۆمەڵ شتێکی پێویستە بۆ تاک، کۆبوونەوە بە حوکمی ئیحتیاجی و پێویستیی خەڵقی پەیدابووە و گەورەبووە و ڕێکخراوە. لەم کۆبوونەوەیە، دێ و شار پەیدابووە و دامەزراوە و ئاوابووەتەوە. لەبەرئەمەیە ئینسان بە سروشت شارستانییە و حەز بە پێشکەوتن ئەکا و لەم پێناوەدا تێئەکۆشێ، هەتا هەموو هیوا و ئاواتێکی ئەهێنێتەدی، هەتا هەموو برینێکی سارێژئەکا، هەتا هەموو پێویستییێکی ژیانی دەستگیرئەبێ.

ئێستا با بێینە سەر مەسەلەی "دەسەڵات". لە کاتێکا کە خەڵقی کۆبوونەوە و پێویستی و پێشکەوتن وای لێکردن کە بەیەکەوە ببەسترێن، بێهێز بوو بە نێچیر بۆ هێزدار. دە لێرەوە دەسەڵات پەیدابوو لەناو کۆمەڵا. لە سەرەتادا ئەم دەستەڵاتە بەدەست پیاوێکی بەهێزەوە ئەبوو، لەپاشا چووە دەست پیاوی بەعومراچووی عاقڵ. ئینجا دوای کنەتیاکردن، کەوتە دەست تاقمە بووەکان، هەتا شکڵی حکوومەتی وەرگرت. دەستەڵات شتێکی پێویستە بۆ تێکنەچوونی دامەزرێنراو، بۆ پاراستنی حەق، بۆ ژیانی ئاسوودەگی و کامەرانی، بۆ لابردنی ترس. بێگومان هیچ کەسێک حەزناکا گێرەشێوێنی ببێتە سەرمەشق، چونکە ئەو حەلە نە داد ئەمێنێ، نە حەق، نە ئاسایش، نە ئارام؛ هەر کەسە بۆ خۆی ئەبێ، بگرەوبەردە و کوشتن و بڕین و دزی و تاڵان و ترس، هەموو کەسێک ئەگرێتەوە، بێهێز یخئەدرێ، کەوڵئەکرێ، ڕێگای پێشکەوتنی ئەچێتەبەست.

لەبەرئەوە دەسەڵات، حکوومەت، قانوون، پێویستە بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵقی. بەڵام پێویستە ئەو دەسەڵاتە بەدەست زۆربەی زۆرەوە بێت، ئەو حکوومەتە هیی خەڵقی خۆیان بێت، لە ڕێی سوودی خۆیانا قانوون دابنرێت وە کاری پێبکرێت. ئەمەیە سەرەتای کۆمەڵی تەواو، لێرەوە خەڵقی ئاهی ڕەحەتی هەڵئەکێشن، هەنگاوی گەورە ئەنێن بۆ پێشکەوتن، تام ئەکەوێتە ژیان. کە هەموو دنیا گەیشتە ئەم ڕادەی پێشکەوتنە، زەوی ئەبێ بە بەهەشت، ئادەمیزادیش ئەبێتە فریشتە؛ هەرچیێک کە ئێستا من و تۆ بە خراپی ئەزانین، نامێنێ؛ هەرچیێک حەز لێئەکەین، دێتەدی، بەشەر ئەیهێنێتەدی. گەلێک کەس وای لێهاتووە کە بڕوا بەم پێکهاتنە بێنێ، بەڵام هەندێ کەس هێشتا وا ئەزانن واین لە دەوری بەردا، چونکە مێشکیان لە بەرد ڕەقترە، بە تۆپێنران نەبێ، نەرمنابێتەوە. ئەم کەللەڕەقانە نازانن کە زۆر دەمێکە کاروانی بەشەر وا بەڕێوە و هەر ئەگاتە دوا قۆناغ!

له ئەدەبی خۆمانە:

## دڵداری*

(دڵداری، کلیلی خۆشییەکی سەردەمییە،
بۆ ماوەییێک کامەرانی ئەبەخشێ بە ئینسان)

لە سەرەتای مێژووەوە هەتا ئێستا، کیمیاگەرەکان خەریکی ئەوەن مەعدەنە هەرزانە کەمنرخەکان بایەخداربکەن، بیانگۆڕن بە شتی بەنرخی وەک ئاڵتوون، کەچی سەرنەکەوتوون. بەڵام دڵداری هەر لە سەرەتای دامەزرانی بنەماڵەی ئینسانەوە هەتا ئەمڕۆ، لە توانایەتی شەیتان بکا بە فریشتە، ساختەچی بکا بە قارەمان، وشەی "گیانە شیرینەکەم" بهێنێتە سەر ئەو زمانانەی هەر بە جوێنی پیس ڕاهاتوون. هەر دڵدارییە کە ئینسان لە نزمییەوە بەرز، لە پەستییەوە شاد، لە پیسییەوە بەرزئەکاتەوە بۆ پاکی.

هەر دڵدارییە کە وەک خەوێکی ئێجگار خۆشی بە تام و چێژ، لەپڕ دێت ئەبریسکێتەوە، ژیان ئەدرەوشێنێتەوە، ئەیڕازێنێتەوە، بەرگی بووکێنیی ئەکا بە بەردا، تارای پەمەییی ئەدا بەسەردا. لە خەو، لە ناخۆشی، لە تاریکی، لە پەستی، ڕاتئەپەڕێنێ، ڕاتئەفڕێنێ، کامەرانیت پێئەگەیێنێ، خەم و خەفەتت ئەڕەوێنێ، لە باوەشی خۆشەویستی دەرتئەهێنێ. دە ئەم چەند ساڵە، یان بڵێ ئەم چەند مانگ و ڕۆژ و سەعاتە، پوختەی ژیانە، گڕ و شەوقەکەیەتی، ئەوی ئەمێنێتەوە داخە و ئۆف، هیوابابردووییە و بەئامانجنەگەیشتوویی، تاریکییە و یەئس، دەستبەدەستادانە، لەخۆدانە، قوڕپێوانە شین و ڕۆ، چڵوچێوە و خاشاک، داروپەردووی کۆشکی ڕووخاوە، بەرد و کەرەسەی قەڵای هەرەسهێناوە، خۆڵەمێشی هەست و هیوای سووتاوە، هەر ئازارە و ئازار، هەتا ئەبرێین بۆ مەزار!

بە هەر کوێرەوەرییێک بوو تەمەن گەیشتە شانزە و هەڤدە، شانزەیە یان هەڤدە؟ خۆشی نازانێ، چونکە خۆ باوکی خوێندەوار نەبوو، وەکوو باوکەکانی

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی 6، ژمارە 258، دووشەموو، 6ی ئەیلوولی 1954، ل10-14، 16.

ئێستا دەقیقە و سەعاتی بوونی کوڕەی بنووسێ! ئەو شەوەی کە ئەم لەدایکبوو، ئەو ئێشکچی بوو لە ماڵی ئاغا، زۆریشیان لەگەڵ خەریکبوو کە ئیزنیبدەن، بەڵام کەس گوێینەدایە قسەکانی. بۆ بەیانی کە ڕۆژبووەوە و چووە ماڵێ بە هەڵەداوان، مناڵێکی بچکۆلانەی جوانکیلانەی دی، کراوە بە مەلۆتکە! مەلۆتکە چییە؟ پەڕۆی کۆنی کراس و کەوا و دەرپێی خۆی و ژنەکەی، کە ئەمیش کۆنەی ئاغا و ئاغاژنە، لە مناڵەکەوە پێچراوە. لەو ڕۆژەوە سەعید هەستی بەوە کرد کە لە جاران پیاوترە و جۆرە تەزوویێکی خۆش ناوبەناو بە لەشی هیلاکیا تێئەپەڕی. کە لێکیئەدایەوە سبەینێ حەمە ئەبێ بە پیاو، فێری ئیشکردن ئەبێت، نان پەیدائەکا، یان ئەبێ بە ئێشکچیی ماڵی ئاغا، لەجیاتیی باوکی کە پیربوو! ناوبەناویش ئەوەی لێکئەدایەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان حەمە ژنئەهێنێ و مناڵیئەبێ. ئای کە خەو و خەیاڵ زۆرە، لای ئەو کەسانەی ساکار و بارکەوتە و بێدەسەڵاتن لەم دنیایەدا.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەک مناڵی ناو حیکایەت حەمە گەورەبوو، ناوبەناو لەگەڵ باوکیا ئەچوو بۆ کۆشکی ئاغا، بەڵام نەیئەوێرا پێبنێتە ئەو دیو "حەرەم". بە ترسێکەوە بۆ خۆی لە لاییێکەوە ڕائەوەستا، وەکوو ئەو هەموو پیاوانەی لە خزمەتا وەستاون، خواخوای ئەوەیانە بە دەست، بە چاو، ئیشارەتێبکات، یان بە دەم قسەییێک.. ورتەییێک، تا لەسەر سەر بکەونەڕێ بۆ جێبەجێکردنی، چونکە "فەرمانی ئاغامان ڕەوایە"! ڕۆژێک لە ڕۆژان باوکی لێیبوو بە دەمەقاڵێ لەگەڵ ئەفەندییا. ئەفەندی، مامۆستای قوتابخانەکە بوو، کە تازە لەو دێیە کرابووەوە، کەس نەیخوێند تیا. لەپاش هەزار مەخسەرە و بەزموڕەزم و ئەمبەروئەوبەر، ئاغا لوتفیکرد و بەری خوێندنی بەرەڵداکرد بۆ مناڵانی دێیەکە! لەپاش چەند ساڵێکی کەم، بەشی زۆری کوڕانی پاسەوان و گاوان و شوان و جووتیاری دێ، فێری خوێندن و نووسین بوون، ئەیانزانی دوانزە کەڕەت دوانزە ئەکاتە سەدوچلوچوار. ئەمە شتێک بوو، لای ئاغاش وەکوو تەلیسم وابوو. جگە لەوە، قوتابیان چاویانکرایەوە، دەستیانکرد بە ئامۆژگاریی کەسوکارەکانیان، فێری پاکوتەمیزی بوون، حەمە ئەبووایە هەموو ڕۆژێ بە سابوونی بۆنخۆش دەست و دەموچاوی بشتایە لە کانی. لە پۆلی شەشەما بوو کە تەمەنی گەیشتە شانزە و حەڤدە، سەعید پیربووبوو، بەڵام هەر ئێشکچیی ماڵی ئاغابوو، چار چییە؟ ئەی بە چی بژین؟ وابووە بە هەشت سەر خێزان، گەورەکەیان حەمەیە! ڕۆژێکیان دەمەوئێوارەی

بەهار، لەناو ئەو باخانەدا سەعیی‌ئەکرد، قیژەییک، زریکەییک، پەیدابوو لە دوور! بە هەڵەداوان بەدەم زریکەوە چوو. کە ئەبینێ مارێکی زەلام لە نازداری کچی ئاغا هەڵساوەتە سەر کلک، ترسی مارە و جوانیی نازدار بۆ ماوەییێک واقیان وڕکرد، بەڵام لە دواییدا نەیکردە نامەردی، کەوتە وەشاندنی خڕکەبەرد. ئینجا دارێکی دۆزییەوە و بە پیرەدار هاتە ویژەی پیرەمار، بە شیێتانە. بەڵێ مارەی کوشت، بەڵام خۆشی لەولاوە کەوت و دەستبەجێ قاچی ئاوسا، چونکە مارەش قەپێکی بەما کردبوو؟ نازدار کەمێک بە دیاریەوە هەڵوەستا و -پیاو بۆ خوا بڵێت- یەک‌دوو فرمێسکیشی ڕشت وە بە هەڵەداوان ڕووی‌کردەوە ناو دێ. هاتن حەمەیان برد بۆ ناو دێ، باش‌بوو ئەو شەوە بۆ ڕێکەوت دکتۆر هاتبوو بۆ پشکنینی قوتابیان! لەپاش چەند ڕۆژێک، حەمە هەڵسایەوە و چوو بۆ دیوەخانی ئاغا، لەسەر داواکردنی باوکی! لەوێ، ئاغا لاواندیەوە و دوو تەنەکە گەنمی زەردکەشی دا بە باوکی. لە چوونەدەرەوەدا، سەری هەڵبڕی بۆ پەنجەرەی حەرەم، کە چاوی بە نازدار کەوت چاوی ئەگەشێتەوە و زەردەخەنەییێکی پڕشەرم وا لەسەر لێوە ئاڵەکانی و ڕەنگی کەمێک گۆڕاوە، ئیتر لە جێی خۆی وشک‌بوو! دڵی دەستی‌کرد بە گورپەگورپ، ئەژنۆی لەرزی، وڕبوو، تۆزێکی مابوو لەسەر خۆی بچێت. باوکی وەرچەرخایەوە و تەماشایەکی پەنجەرەکە و حەمەی کرد و ڕاچڵەکی؛ بە تووڕەییییەوە بە حەمەی وت: پێشمکەوە، ڕۆڵە بە حەقی خۆمان گەیشتووین، حەمە. نەکەی جارێکی‌تر تەماشای پەنجەرەکانی دیوی حەرەم بکەی، ئەگینا کاتێک بە خۆت ئەزانی، لە حەوت ساڵان ڕاستکراویتەوە!

لەو ڕۆژەوە هەتا هات حەمە باریکتربوو، گوێی‌نەئەدایە دەرس، هەموو شتێکی خستبووە لاوە، خەو و خەیاڵی شەو و ڕۆژی نازدار بوو! وای ئەزانی ئەم دنیایە تەنیا نازداری تیایە و بێ نازدار، ژیان ئەبێتە دۆزەخ! ئای کە حەمەی بەسەزمان لە دۆزەخا ژیا! نە شەوی شەو بوو، نە ڕۆژی ڕۆژ، خواخوای ئەوەی بوو لە پەنایێکەوە چاوی بە نازدار بکەوێت. هەندێ جار بە خەیاڵ یان لە خەویا، ئەیبینی نازداری مارەکردووە، خانوویێکی خۆشیان لەناو باخا دروستکردووە، بەم ڕۆژگارە "فرمان"ئەکات لە ڕێی چاوە گەشە جوانەکانی نازداری نازدارا. بەڕاستی نازدار نازدار بوو، چونکە ئاغا لەناو شەش کوڕ و سێ ژنا تەنیا یەک کچی هەبوو، کچەش بەو هەموو جوانی و سەلارییە. سەلار بوو، چونکە لە ماڵی پووری لە شار گەورەبووبوو، هەتا پۆلی

پێنجەمی خوێندبوو، تێکەڵی ئافرەتە خوێندەوارەکان بووبوو، فێری گەلێک شت بووبوو، بەتایبەتی قسەی نەستەقی پڕلەحەق. ناوبەناو کە لە هاوینا ئەهاتەوە بۆ لادێ، باوکی زۆری لێوردئەبووەوە! لە دواییا بڕیاری دا کە ئیتر خوێندن بەسە! لەو ڕۆژەوە نازدار وا پێی ناوەتە دووساڵ پەستە، وەکوو حەپس و دەستبەسەر وایە! ناهەقی نییە، فێری ئەم جۆرە ژیانە نەبووە و زۆریش قینی لە کردار و گفتوگۆی باوکیەتی، بەڵام چی بکا؟!

ناوبەناو تووڕەئەبوو لە هەندێ شت، هەڵئەچوو، بەڵام ئاشتیانئەکردەوە.. هەندێ جاریش پەتی "نەریتی" ئەپچڕان، بە تاقی تەنیا ئەچووە سەر کانی، ناوباخ بە دزییەوە! بەڵام لەو ڕۆژەوە کە مەسەلەی مارەکە ڕووی دا، ئیتر ببڕای‌ببڕ بهێڵن بێتەدەرەوە! قەدەغەی لێکرا، پیرێژنی سەرئاسنینی لێڕاسپێردرا، بەم ڕۆژگارە چاویان لێنەئەترووکان. لە ڕۆژی مەسەلەی مارەوە حەزی لە حەمە کردبوو، بەڵام حەزلێکردنی بێ قسەکردن پیاو ئەسووتێنێ، گوریسی پێئەپچڕێنێ. لەبەرئەوە بوو شەولەناوێک خۆی دەربازکرد لە ئێشکچی و ملی‌نا بۆ ماڵی مەجنوون.

لە پێشەوە حەمە هەر وای ئەزانی لە خەوایە.. بەڵام لە دواییدا تۆزێکی مابوو شێتببێ.. وەک خوشک و برا! چەند سەعاتێکی کەم بەیەکەوە بوون، بڕیاریان تیادا کە بۆ یەک بن. بەڵام دەستی "ڕێکەوت" نەیهێشت بە ئاوات بگەن، نەیهێشت تێر جامی "دڵداری"ی پاک بنۆشن؛ بە هەموو دڵڕەقییێکەوە پلارێکی تیژی بەگوڕی تێگرتن، هەردووکیانی بەسەریەکا ساردکردەوە.. تومەز براگەورەی نازدار کە هەست بە ڕۆیشتنی ئەکا، دەستئەداتە تفەنگ، ماڵ ئاگادارئەکا.. ئەیانوت شەش گوللەی بە هەر دووکیانەوە ناوە... هەزار ڕەحمەت بۆ ئەو جووتە دڵدارە، هەزار نەحلەتیش بۆ ئەو نەریت و یاسایانە کە بەربەستی دڵداری ئەکەن! وا ئەوان نێژران، سەعیدی ئێشکچی پیاوکوژەکەی کوشتەوە و بوو بە جەردە بەو شاخانەوە.. ماڵ بەرەڵدا و مناڵ برسی... ئاغا و ئاغاژنیش کەوتوونەتەوە فرمێسکڕشتنی پەشیمانی.. لەدوای چەند ساڵێک ئەم خەڵقانە تێکڕا هەموویان ئەمرن!!.. بەڵام چیرۆکی دڵداریی ناسوراویی ناکامی نازدار و حەمە، هەرگیز لەبیرناچێتەوە، هەرگیز لە "یاد" دەرناچێت، هەرگیز نامرێت، چونکە دڵداری خۆی شتێکە "نەمر".

له ئەدەبی خۆمانە:

## شادییە یان شیوەن؟*

ڕۆڵەی شیرین!

بە ڕۆژ گێژوویژ و حۆل، ئارام و ئۆقرەم لە بەر هەڵگیراوە؛ بە شەویش، شەوی تاریکی درێژی بێبڕانەوە، خەو لە چاوم ناکەوێ، نە کارم کارە و نە حاڵم حاڵە لەدەست ئەم خەڵقە بێبارە، لە داخی ئەم چەرخە غەدارە خوێنخوارە. ئەوانەی جاران لافوگەزافیان، غەڵبەغەڵب و گەزارەی فیشاڵ و زمانندرێژییان، ڕۆژەڕێیەک بوو، ئەو هاوڕێیانەی کە وات ئەزانی پۆڵا بتوێتەوە، ئەمان ناتوێنەوە؛ نە غەڵبەغەڵبیان ماوە و نە لافوگەزاف، نە گەزارە دەرئەکێشن و نە زمان، نە پۆلان و نە فافۆن. هەموو سەرکز و ملشۆڕ، هەموو لەشبەبار و دەروونزامدار، بە ڕۆژ گێژوویژ و حۆل، نە ئارامیان ماوە و نە ئۆقرە، بە شەویش خەو لە چاویان ناکەوێ "لە ترسانا". ڕۆڵەی شیرین، لە ترسانا! هەر یەکە لە ترسی شتێک، هەر یەکە لەبەر شتێک، یەک لەدوای یەک، تاقم لەدوای تاقم، ئەبن بە خۆڵ بۆ "پێلێنان!" ئای کە ئەم ژیانە پڕیەتی لە دەردیسەری، ئای کە خەڵقی ئامادەن بۆ خۆگۆڕین، بۆ خۆفرۆشتن، بۆ بەخۆڵبوون. خۆزگە بە خۆزگایی خوا بمایتایە، تا چاوت پێیانبکەوتایە! بەڵام -داخەکەم- خۆزگەیان چاند و نەڕوا، ئاخ بەباکردن چەکی پیاوی تێنەگەیشتووی بێهێزی بێدەمارە. ئەوانەی ئەبن بە خۆڵ، خەیاڵپەرست و خۆپەرستە مەنفەعەتپەرستەکان، ئەوانەی پێمانئەوتن "ابن الوەختەکان" (کوڕی وەختەکان)، مارەکەی شێخ هۆمەر لە گەردنیان ئاڵێ. شەوە و شەو، نە قرەیە و نە برە، ناوبەناوێک ئێشکچی فیکەییکئەکا بۆ ئەوەی لە "دزەکانی" بگەیێنێ کە شوێنی جێی دزین بەرەڵدایە، بۆ ئەوەی لە خاوەنماڵیشی بگەیێنێ کە ئاگادارە و پاسەوان! ئای ڕۆڵەی شیرین، چەند سەیرە ئەم حاڵە؟! حاڵی ئەوانەی "شەریکی دز و ڕەفیقی

---

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی 6، ژمارە 260، دووشەموو، ١٩٥٤/٩/٢٠، ل7، 10-14.

لە لاپەڕە ٥٦-٦٤ی دەفتەرێکی گەورەی نووسەردا نووسراوەتەوە و پاشتر بە دەستکارییەوە بڵاوبووەتەوە. (س)

قافڵە"ن. بە تەنیا دانیشتووم لەماڵێکی چۆڵوهۆڵا، مشک نەبێت، هیچ هاوڕێییەکی‌تری تیانییە، بێ‌گومان من "مشک" بە هاوڕێ دانانێم، چونکە ئەزانم کە "جەواڵ" ئەدڕێت، بەڵام چارم چییە، کوڕم؟! دنیایە و تێی‌کەوتووین، ڕیشە و بووە بە ڕیشەوە، بە شانەش لە یەک جیاناکرێنەوە.

شەوە و شەو، کەمێک لەمەوبەر هێزی تاریکی بەسەر ڕووناکی‌دا سەرکەوت و تاسانی.. بەڵام وا تێ‌نەگەی کە بەسەریا زاڵبووە! چونکە زاڵبوونی شەو چەندە تاریک‌بێ، بە "قوتیلەیێک" ئەڕەوێتەوە. لە بەر مۆمێک دانیشتووم لە غەریبی‌دا، ئاوارە و مات و غەمبار و لەش‌بەبار، نامە بۆ تۆ ئەنووسم! بۆیە لە بەر مۆم، چونکە جەنگە و فەرمان وایە ئەبێ هەموو شوێنێک "تاریک" بێ لەبەر فڕۆکەی دوژمن، وەکوو دوژمن شارەزای ئەو شوێنانە نەبێ کە ئێمە -گوایە- لێی‌ئەشارینەوە! تووخوا ڕۆڵە شار ئەشاردرێتەوە؟! نازانم ئێستا دایکت خەریکی چییە؟ ئەگری بۆ تۆ، یان بۆ من، یان بۆ تەنیایی خۆی، یان بۆ نەبوونی و چەرمەسەری و سزای خەڵقی؟! نازانم توانای دروومانی ماوە، یان چاوی لەبەر گریان سۆمای چووە و دەزووی بۆ ناکرێ بە دەرزییەوە. بار هەرچۆنێک‌بێت، ڕۆڵەی شیرین، باری قەزا و قەدەرمان هەر لەسەر بارە و شانی سەبرمان ڕیشە لەژێریا، بار -هەرچۆنێک‌بێت- دایکت ئێستا بەخەبەرە و خەو ناچێتە ئەو چاوانەی کە لێڵبوون ئەوەندەیان پێ‌گریا.. بۆ ئاوارەیی من، بۆ جگەرسووتانی خۆی، بۆ مردنی ناوەختی تۆ، بۆ برسێتیی ئەم خەڵقە، بۆ ئەو سزا و ترسەی "زەنەقی" هەموو گیانلەبەرێکی بردووە.. هەموو گیانلەبەرێک، چونکە ئەم جەنگە هەموو دنیای گرتووەتەوە، ماسیی ناو ئاو، مێرووی ناو کون، فڕندەی ئاسمان، ورچی ناو ئەشکەوت، دارستان، گرد، دۆڵ، شاخ، زەریا، ئاسمان، زەوی، هەموو ئەو شتانەی وان لە بەینی ئاسمان و زەوی‌دا، تێکڕا وان لە قوڕگی مردنا.. ئەمەیە جەنگ، کوڕم، ئەو چاتر کە نەتدی!

شەوە و شەو؛ بیر لە کاروباری ڕۆژانەی خەڵقی ئەکەمەوە. چەند کچی جوانی نازداری ناو باوەشی باوک و دایک ڕاپێچ‌کران بۆ خراپخانەکان! چەند بووەی پیاوی ناوپیاوانی بەپیاوەتی‌ڕاهاتوو ئێستا شرەیان بە بەرەوە نەماوە، لە پەنا چوخم و سەرەڕێکان کەوتوون، بەحاڵ نووزەیان تیا ماوە و داوای پیاوەتی ئەکەن لە ناپیاوەکان! نەفسییەتی خەڵقی بە بۆیەی جەنگ ڕەنگ‌کراوە.. ترس، ساختەچێتی، بێ‌پەیمانی، درۆ و دزی بووە بە پیشە، کردوویانن بە

"سەنعەت!" باری جەنگ و ڕۆژانی تاریکی، سەنعەتی وایان ئەوێ، خوا بیبڕێت ئەم سەنعەتە. ڕەحم، ڕەحم و بەزەیی و دراوسێتی و خزمایەتی و هاوڕێیەتی باویان نەماوە، ڕۆڵە! باو باوی "هەڵماتە"، هەر کەسێک باری نەبوو وەکوو هەڵمات؛ پیاوی ناوپیاوانە.. ئای کە ناخۆشە ئینسان هەست بەم شتانە بکا و نەشتوانێ بیانگۆڕێ. ئای کە ئازاراوییە ئینسان لەناو کۆمەڵی وا و لەگەڵ ئەم جۆرە لەپیاوچووانەدا بژی! پێمانئەڵێن نابێ بە تەمای موعجیزە بین، نابێ چاوەڕوانی هێزێکی دەرەوە بین، ڕاستئەکەن، چونکە بەتەمابوون تەمەڵمانئەکا، وامان لێیەت بەبێ شێو سەربنێینەوە. ئای کە بێشیو سەرمانناینەوە، ڕۆڵە و هەر دەرووشمان لێنەکرایەوە! شەوە و شەو! بەڵام قافڵەییێک وا بەڕێوە، بە تاریکی ملئەنێت بەسەر ئاوا، بە شاخا، بە چۆڵ و بیابانی پڕ دڕک و داڵی پڕ دەعبادا ئەڕوا، پڕهیممەت و پڕغیرەت و پڕزات و پڕپیاوەتی.. بەڵام پێشەنگی قافڵەی ئەمڕۆ، یان بڵێ ئەمشەو "کەرە"، دوور لە ڕووت "جاشولکە"یێکی بەسزمانە! لەبەرئەوەیە ئەمشەو دڵم زۆر تەنگە و خەو ناچێتە چاوم! ئەوەندەی نەماوە دەم بژەندرێتە قافڵە و جاشوولکە هەڵتڕێنرێنێ و کاروان بەیەکابێ و زیانێکی ئێجگار گەورەی لێبکەوێ!

وا دەمەدەمی بەیانە و بەحاڵ لە دەم ئاسۆوە تاڵتاڵە ڕووناکی دەرئەکەوێ و بەرزئەبێتەوە و بڵاوئەبێتەوە و دنیا ڕوونئەکاتەوە بە ڕەنگێکی ئاڵ، ئاڵێکی مەیلەوسوور. دە قەسەم بە ئاڵی مەیلەوسوور، قەسەم بەو خوێنە گەشەی بە ناوچەوانتا، بە لاملی بێگەردی جوانتا، بەسەر سنگ و دەستتا، وەک چلوورەییێکی سوور هاتبووە خوارەوە، ئەو ڕۆژە کە بۆ دواجار چاوم پێتکەوت، ئەو ڕۆژەی دڕندەیەکی پیسی چەپەڵی نۆکەری بەکرێگیراوی مێشکبۆگەن، کوشتتی لە ڕێی هیچا، لە پێناوی چڵکی دەستا، لە پێناوی گیاندڕندەییێتیی قەتمەرا(؟).. ئەڵێم بەو قەسەمە سوێندئەخۆم کە تا تۆڵەت نەسێنم، نەگەڕێمەوە و سەرنەکەم بە وڵاتا؟ شادم، ڕۆڵەی شیرین، چونکە بڕیارێکە دراوە و لێی پەشێماننابمەوە. شیوەنیشمە، چونکە تۆڵە هەتا یەت دوورترئەکەوێتەوە! ئەوانەی بوون بە خۆڵ، شادن، چونکە دەستکەوتەکەیان نادۆڕێن. شینیشیانە، چونکە ئەیزانن نەئەبووایە بە خۆڵ. مشک شیوەنیەتی، چونکە جەواڵ نییە تا بیدڕێت. منیش شادم بەوەی کە گرەوم لە مشک بردۆتەوە و نەمهێشتووە لە سەربانی عەمار تلێلیلییان بێت! ئێشکچی شادە لەگەڵ دزا، چونکە

شەریکە و بەشی بۆ دانراوە، لەگەڵ ماڵدزراویشا شیوەنئەکا! هەموو گیانلەبەرێک وا لە شیوەنا؛ هەندێ شیوەنی ڕاستەقینە، هەندێکیتر شادن و شیوەنئەکەن. هەردوو بەرەی شەڕکەر شادن بە سەرکەوتن، شیوەنیانە کاتی ژێرکەوتن. تۆ شادی، چونکە ئەم ڕۆژە ڕەشەت نەدی. منیش شیوەنئەکەم، چونکە مامەوە بۆ ئاخهەڵکێشان، بۆ بینینی ئەو شتانەی حەز بە بینینیان ناکەم! دنیا شادییە و شیوەن، ڕۆڵەی شیرین، بەڵام وا تێنەگەی لە یادم ئەچێتە دەرەوە. نەزرە و کردوومە هەتا دەمبەیەکادانێ، دوایی بڕوام یەکبڕوایە و ئامانجم یەکئامانج، ئەویش ژیاندنەوەی تۆیە -هیچ نەبێ- لە دڵی خۆما، لە دڵی خەڵقا، لەسەر کاغەز، لەناو هەوادا، لەسەر گڵ! بەڵێ، خۆڵەکەت ناگۆڕمەوە بەو هەمووانەی خۆیان کرد بە خۆڵ، بۆ ئەوەی خۆشیان و خەڵقیش پێیان لێبنێن، ئەوانەی شادن و شیوەنئەکەن، بە ڕۆژ گێژوویژ و حوڵ، ئارام و ئۆقرەم لە بەر هەڵگیراوە. بە شەویش، شەوی تاریکی درێژ کە هەر ئەبێ ببڕێتەوە، خەو لە چاوم ناکەوێ، چونکە پێشخزمەتان نانوون شەوێ!

نە پۆلام، نە فافۆن، ئینسانم و منیش ناچارم ئەبێ وەکوو ئەم خەڵقە بێم و بچم، بەڵام شوێن جاشولکە ناکەوم، جەواڵ ناخەمە بەردەمی مشک، ماڵم ناسپێرم بە ئێشکچی، هەرگیز خۆم ناکەم بە خۆڵ، هەرگیز پێنانێم بە تۆی جگەر، بە خۆمی جگەرسووتاوا، ئەو جگەرسووتاوەی لەتاو تۆی شیرین نە شادە و نە شیوەنئەکا، نە زەردەخەنەی ماوە بۆ شادی و نە فرمێسکی ماوە بۆ شێوەن.. ئەم ژیانەی ئێمەش نە شادیی تەواوە و نە شیوەنی تەواو، کوڕە شیرینەکەم.

لە ئەدەبی خۆمانە:

## گۆرانی

### ئەگەر توانیت نەگریت، گۆرانی بڵێ*

چەند ناخۆشە ڕێگایەکی دوورودرێژت لەبەربێ و تۆش ماندوو و شەکەت! لەش‌بەبار و دەروون‌زامدار، برسی و بێ‌پەنا و بێ‌هاوڕێ! بێ‌زەواد، بێ‌توێشوو، پێ‌خاوس، سەرقوتین، سەرما بدا لە باڵت، ترسیش سەربارەی باران بێت! داخ لە داخا ئەوەندە خەست و بەجۆش بێ، بینای لەشت بهێنێتە جووڵە و کەچی توانای دەفعی سەرچاوەی داخیشت نەبێ!

چەند ناخۆشە قافڵەیەکت بووبێ، جەردە لێی‌دابێت، نە بزگوڕێکت بۆ دەرچووبێ، نە جاشوولکەیەکی بچووک، نە کەلاکی بارگە و بارخانەت! بێزار لە جەردە، بێزار لە شەریکی دز و لە ڕەفیقی قافڵە، بێزار لە درۆ و دەلەسەی سەرقافڵەباشی و تێنەگەیشتنی، بێزار لە فیشاڵ و ترسنۆکیی حەسحەس، بێزار لە ترسنۆکی و زراوچوونی هاوڕێ. چەند ناخۆشە دەرکبکەی بە هەموو کەمییەک، بە هەموو ناتەواوییەک، کەچی نەشتوانی خشتێ بخەیتە سەر خشتێکی‌تر، مستێ خۆڵ بکەیتە سەر پیساییەک، بۆ ئەوەی بۆنەکەی قەهارت‌نەکا! نینۆکت نەبێ خۆتی پێ‌بخورێنی، دەستت نەبێ شتی پێ‌هەڵبگری، قاچت نەبێ پێی بڕۆی، هێزت نەبێ بەپێوە ڕاوەستی وەک پیاو، زمانت نەبێ هاوارێکی پێ‌بکەی کاتی تەنگاو، ئەبڵەق وەستاو، ئابڕووبراو، حەیاتکاو، شەرەف‌شکێنراو، مل شۆڕکەیت و سەر نزم، کوڕت مردبێ ژن تەڵاق‌دراو، نە دایک و باوک و برا لە دەورت بن، نە هاودەم، نە هاوڕێ!

*

ئا ئەمانە ناخۆش‌نین؟ ئایا هەر وشەیەکی ناو چەن دێڕی ڕابوردوو بەس‌نین بۆ ئەوەی فرمێسک سەرکا وەک سەیلی بەهار، هەتا تەڕایی لە سەرچاوەی

---

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٦، ژمارە ٢٦٣، دووشەموو، ١٩٥٤/١٠/١١، ل٦-٧، ١٠-١٢.
لە دەفتەرێکی گەورەیش‌دا نووسراوەتەوە، لاپەڕەکانی ٢٨-٣٧ی گرتووەتەوە، بەڵام دەقە بڵاوکراوەکە دەستکاری‌کراوە. (س)

چاوان وشکئەکەن و ئەیکەن بە کوێرەکانی؟ یان وەک پیاوانی مەرد قوڵپی بێدەسەڵاتی لە قورگمانا بخنکێنین و بیکەین بە سروودی شۆڕشگێڕی. گریان، نەء، سروود، ئاواز و گۆرانی! دە ئەگەر ئەتوانیت مەگری و گۆرانی بڵێ، گۆرانی ئاوە بۆ تینوو، زادە بۆ تێشوو و بەرگە بۆ لەش، هێزە بۆ بێهێز، پەنایە بۆ بێداڵدە، هاوڕێیە بۆ وێڵ، داخ لە دڵ ئەکاتە دەر و ترس ڕاوەدووئەنێ. سەبووریتئەدا دوای هەموو شتێک، سەرچاوەی هەستی و پیاوەتی و مێریەتیت ئەژیێنێتەوە و گیانێکی نوێت ئەکاتەوە بە بەرا و هێز و گوڕت ئەبووژێنێتەوە، شەوت ئەکا بە ڕۆژ، ڕێت بۆ ئەهێنێتەوەیەک، کاروبارت ئاسانئەکا.

نەکەی بگریت، چاوت بە فرمێسک، دڵت بە ترس، ئەژنۆت بە لەرزین، زراوت بە تۆقین، ڕانەهێنی و هەتا ماوی لەگەڵ منا گۆرانی بڵێ. هەموو شتێکیش دوایی دێت، هەرگیز گۆرانی دوایینایەت، چونکە جوانترین میراتی ئینسانییەتە.

### گۆرانیی یەکەم

دڵ بە داخ، چاو پڕ لە فرمێسک، لێوبەبار، ڕوومکردۆتە مەزار، هەر داخە و جەخار، بە خەربار، دێتەدەر، ئەڕژێتە خوار! شین و ڕۆڕۆیە، واوەیلا و سنگکوتانە، پایزە و گەڵاڕێزانە، کاتی مەرگی ئازیزانە. قورپێوانە لەسەر هەموو قەبرێکی ئەم گۆڕستانە، چونکە ڕووناکیی ئەمشەو میوانی مار و مێرووانە. بەڵام یاری شیرین و هاوڕێی دێرین، نە گۆڕهەڵکەن ئەوێرێ دەست بۆ درێژبکا و نە قەبریش زاتئەکات بتگرێتە خۆی.

گۆڕهەڵکەن ئەزانێت کە تۆ لەوە پاکتریت کە ئەو بتوانێ بەو دەستە پیسانەی بتنێژێ. قەبری تاریکیش ئەزانێ کە هەرگیز ڕووناکی لەناو تاریکیدا هەڵناکا. کرمی چەپەڵیش لەوە ترسنۆکترە کە بوێرێت دەم لەو لەشە درەوشاوەیە نزیکبخاتەوە!

نە گۆڕهەڵکەن، نە قەبر، نە مار و مێروو و جڕوجانەوەر، بە لەشی ڕووناکی، بە گیانی شۆڕشگێڕیی من، ناوێرن. پێمئەڵێن: تۆ مردوویت! پێکەنینم بەم گەلحۆیانە دێت، چونکە نازانن کە مومکیننییە ڕووناکیی من بمرێت. نازانن کە هەتا ئەم زەوییە مابێت، ناوی تۆش هەر ئەمێنێت. هەموو بەرەبەیانێک کە گزنگی هەتاو ئەکەوێت، هەتا ڕۆژئاوابوون تاجێکی [وا] بەسەر سەرمانەوە.

هەموو شەوێکیش هەتا بەیان هەر بیرت لێئەکەمەوە و خەوت پێوە ئەبینم، ئەی ڕووناکی، ئەوی باوەڕی ڕاستیی مرۆڤایەتی، ئەی شۆڕشی ئیقلیمگیری چەوت و گەندەڵ ڕامالەری چەسپکەری ڕاستی و هەق و جوانی و یەکسانی!

با گڵ بە بار لەسەر مەزارەکەت باربکەن، هەتا ئەیگەیێننە ئەستێرەکان، با ئەوەندەت گۆڕ لێ تاریکبکەن، هەتا خۆشیان بە شەوارە ئەکەون. تۆ هەر تۆیت و منیش هەر من. با لەناو خۆیا بقلیشێتەوە و بپووکێتەوە دوژمن. شەویش قەد نابێ بە ڕۆژ و چەند درێژبێت، هەر ئەبێ بڕەوێتەوە. قەبریش چەند قوولتربێت، چەند قایمکراو و گڵ لەسەربارکراوتر بێت، هەر هەلئەتەکێنرێت، هەر تەختئەکرێت. زیندوو و قەبر، ڕووناکی و تاریکی، هەرگیز بەیەکەوە ناژین و هەرگیز بەیەکەوە ڕانایەن و پیس و پاکیش، ناشیرینی و جوانی، هەرگیز یەک حیسابیان بۆ ناکرێ. نەترسی لەوەی لە بیرم ئەچیتەوە و نەتوانم بێمە لات. کە فەرهاد بێستوونی بۆ شیرین کونکرد و بە گیانی پڕ لە ڕووناکی، گۆشت و ئێسقان و دەمار و خوێنی کرد بە پۆلا، تۆ و لەیادچوونەوە، مەگەر مەرگ!

کێ ئەگری و ئەپاڕێتەوە و ئەکڕووزێتەوە و لە پەوڕوو ئەکەوێ و "دەستێک نەتوانێ ببڕێ، ماچیئەکات"، کەیفی خۆیەتی. بەلام من سێبەری فرمێسکیش بێتە پێلووی چاوم، شەرتە چاویشی پێوە کوێرکەم و تەڕاییی لێببڕم و بیکەمە وشکەکانی! ئیتر من چۆن باشگەزئەبمەوە؟! هەموو دنیا، هەموو کەسەکانت، ڕۆژ تا ئێوارە بۆت بگرین، من فرمێسک لە چاوم نایەتەخوار. هەر گۆرانی ئەلێم و گۆرانی، هەتا ناوت ئەخەمە سەر هەموو زمانێک، هەتا نەمرتئەکەم لە هەموو زمانێکا. ئەو شتەی گۆرانیی بۆ بوترێت، هەرگیز نامرێت.

### گۆرانیی دووەم

شەوێکی تاریکی دەیجوور، بە ئاستەم لە دوور ئەشوبهێتە سێبەری نوور. لەناو دنیای کشومات، سەگەلێک حەپەیدێت، تومەز خەوی بەو گورگەوە دیوە، بۆیە هێجگار وا تۆقیوە! ئەستێرەی بێشەرم دلداری لەگەل ئەشکەوتی خەمباری پڕ لە دەعبا ئەکا. لەناو کۆختەیێکی ڕەشا هەتیوێکی باوکمردوو لە بێشکەیەکدا بە دەسرازەی بەن شەتەکدراوە، لەتاو ئازاری لەش و سکی خەو ناچێتە چاوی و ئەگری. بەن لەشی ئەبڕێتەوە و برسێتی پێچ بە سکیا ئەهێنێ.

سەگە هەر ئەلووریێ. منالّەکە بێدەنگ بووە، تومەز دایکی مەمکە چەقەکەی خستە دەم. لەپاش تۆزێ کۆکە زیڤی لە ئافرەتە سەند، بەسەر پێخەفەکەدا لاربووەوە. سیلی بوو، دەمێک بوو پێوەی بوو، وا ئێستا کوشتی.

بەلاّم کارەساتەکان ماون و هەرگیز نامرن، زەق وەک کۆلّەوژی هەق ئەچن بە چاومانا و پێمانئەلّێن: درەنگە، نامەردتاننەکەن، درەنگە! ڕەشەبا هەلّیکرد و کۆختەی خستە هاتوچۆ، شەو و پاییز، گەلاویژ تریفەیەتی، سەرما لە ئێسقان و مۆخ کارئەکا، کەچی سەگە هەر لە حەپەولوورە ناکەوێت. وا ڕەشەبا کۆختەکەی ڕووخاند و ئەو منالّە مایەوە بێدەرەتان. شەبەقی بەیان دەرکەوت لە دوور، ئەشوبهێتە ئاگرێکی سوور، گۆرانی بۆ شەبەق بلّێم یان بگریم بۆ مردوو؟ شەرتبێ هەتا ماوم هەر گۆرانی بلّێم، گۆرانییەک ئاوازەکەی نە لە حەپەی سەگ بچێت، نە لە سەرمای پاییز، نە لە تاریکیی شەوی دەیجوور، گۆرانییەک هەرگیز بۆنی مردن و قەبر و سیلی لێنەیەت! نەکەی بگریت، هەتا ماوی هەر گۆرانی بلّێ. نەکەی بگریت، ئەگینا ڕۆژێ لە ڕۆژان سەرچاوەی چاوی پڕبەزەییت وشکئەبێ، ئەو کانییە ڕوونە بریسکاوەیەت ئەبێ بە کوێرەکانی و تەڕاییی تیا نامێنێ. ڕێی سەختی ژیان بە گۆرانی خۆشئەکرێ. ئامانجی شۆڕشگێڕان بە گۆرانیی هیوا و ڕق ئەهێنرێتەدی. ڕووناکی بە گۆرانی ئەژی و سەرئەکەوێ!

له ئەدەبی خۆمانەوە:

## گۆرانییەکانی تەرمووکی*

له ساڵی ١٩٣٧دا، له شاری پاریس کچه خوێندەوارێکی فەڕەنسەیی، لوسی پۆڵ مارگرێت ناو، لەگەڵ مامۆستا کامەران عالی بەدرخان، به جووته کتێبۆکەیەکی بەکەڵکیان به فەڕەنسزی نووسی، بۆ ئەوەی ئەدەبی کۆنی کوردی له میللەتی فەڕەنسه بگەیێنن.

ده سوپاس بۆ ئەو کەسانەی دان به حەقدا ئەنێن و ئینکاری بوونی میللەتان ناکەن و میراتی پیرۆزیان پێشێلناکەن. سوپاسیش بۆ مامۆستا ڕەفیق حیلمی، که له ساڵی ١٩٣٩ چاپکراوی باسکراوی کرد به عەرەبی، بۆ ئەوەی میللەتی عەرەبیش بەرچاوی ڕووناکببێتەوە و لەو میللەته بگا که مێژوویەکی موشتەرەکیان هەیه و پێکەوه و لەگەڵ یەکدا ئەژین. وا منیش هەندێ لەو گۆرانییانەی تەرمووکیم بۆ کردنەوه به کوردی، که هەزار ساڵ زیاتر لەمەوبەر له کوردستانا وتوویەتی. هەندێ کەس ئەم شته کۆنانه به باش نازانن، قینیان له هەموو کۆنێکه، ئەزانن بۆچی؟ لەبەرئەوه نا که خۆیان توانیویانه تازەیەک دابێنن، لەبەرئەوەش نا که خۆیان شارەزای ئەدەبی ڕابوردوو و تازەن، بەڵکوو بۆ ئەوەی که وای بگەیەنن ئەمان تازەپەرستن!

بێگومان ئەم کردەوەیه پیشەیێکی ناڕەوا و نالەبار و بێجێیه و زیان زیاتر ئەبەخشێ له قازانج. خوێندەواری تازەی ڕاست، ئەو خوێندەوارەیه که هەرچی شتێکی باشی ڕابوردوو هەیه، زیندوویبکاتەوە و بیبەستێت به ئێستاوه و خزمەتی دواڕۆژی پێبکا. هەر کەسێک لەم ڕاستەڕێیه لایدا، مەعنای ئەوەیه خزمەتی ڕووتی بێگانه ئەکا!

تاقه وشەیەک

دوێنێ لەگەڵ هەڵهاتنی خۆرا

---

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی 6، ژمارە 264، دووشەموو، 18ی تشرینی یەکەمی 1954، ل7، 10-16.

ڕۆستەم هاتە ناو باخەکەم
بەدەم گەڕانەوە
بانگم لێکرد: ئەی قارەمانی
شکۆ و سەرکەوتی پێشوومان!
هەندێ لەو ئاوە پیرۆزەم
بەسەردا بپژێنە کە لە سەرچاوە
نەمرەکانەوە دەرهێنراون،
چونکە هێشتا هەر حەز لە ژیان ئەکەم
دوای ئەوەش کە بای خەزانی پاییز
هەڵدەکا و بەسەر گۆڕەکەما
ڕائەبووری.

*

ڕۆستەم بە زەردەخەنەیەکەوە
ڕووی‌تێکردم ، وام زانی
گاڵتەم‌پێ‌ئەکا
بەڵام بە دەنگێکی بەرز وتی: ئەی شاعیر!
تۆ خاوەنی بەهرەییێکی گەورەی
تۆ نیگاوەرگری..
تاقە وشەییێکی تۆ بە نەمرییەکی ئەوتۆ
ئەتهێڵێتەوە لە یادی خەڵقا
کە هەرگیز سەرکەوتنی جەنگی
بەو جۆرە کاریگەرنییە و نایگاتێ...

*

**(١)**

"گۆرانیی خاکەکەم"

هەر چەرخە و بەدوای چەرخا تێئەپەڕێت! هەتا بڵێی ڕێگای دوورودرێژە! بەڵام هەرگیز دواییی میللەتان نایە! جوانیی سەرچاوەکانت، نیگاری دڵڕفێنت، شینیی ئاسمانی بێگەردت، هەرچی شتێکی نهێنی و ئاشکرا، هەرچی دەنگێکی بێگانە و بەگوڕاهاتوو هەیە، لە زمانی میللەتەکەی منا نەخشە و هەڵکەندراوە و ناسڕێتەوە!

**(٢)**

لەدوای شەوێکی درێژی بێبڕانەوە، ئاسۆ سوورهەڵگەڕا و گورجانە هەڵسامە سەرپێ! ئاوازێک لە شمشاڵەکەمەوە دێتەدەر، جوانترە لە هەموو یاقووت و زومروت و مرواریی بن زەریا قووڵەکان!

لەسەر ڕووی زەوی، وشەی نیشتمان هەرگیز ناسڕێتەوە! هەرگیز ناکوژێتەوە!

"ملیوانەکەی یاقووت"

*

**(١)**

پەریی نیان! وشەی کوردی لە یاقووت

جوانترە.. وا لەم وشانە

ملیوانکەیەکت بۆ ئەهۆنمەوە...

مەستی تەنیا تاوێکە و نامێنێ

لاویی تۆش هەر ئەو تاوەیە، پەریخان!

لەپاشا پیرئەبی و کەس پیاتا ناڕوانێ

بەڵام ئەم ملیوانکەیە خۆشەویستیی

منت دێنێتەوە یاد..

**(٢)**

دوای تۆش کچەکەت ئەیکاتە مل

لە بەهاری تازەدا وێنەی گوڵە

جوانەکان لەو ملیوانکەیەدا خۆیان ئەنوێنن.

ئەم ملیوانکەیەی ناوی تۆم تیا نەخشاندووە

به نەمری ئەتهێڵێتەوە لە دڵی خەڵکا

**(٣)**

کە ئینسان هات و هەر بیری لە دڵداری کردەوە
ئەو حەلە دوورنییە خۆشەویستی
ببێتە شتێکی قورس.
مردن زۆر شتێکی بەسامە لامان
بەڵام هەندێ جار بیریشی لێئەکەینەوە...
لەناو خۆڵا تەپوتلمبێت، یان لەناو چەمێکا
خۆم پاکبکەمەوە، هەرگیز خوام
لەبیرناچێتەوە.. هەمیشە وا لە
بیرما و ڕووئەکەمە ئەو... چونکە
پزیشکێک ڕووناکی لە دڵما ئەدرەوشێتەوە
لە ڕووناکیی ئاسمان ئەچێت..

**(٤)**

ئایا ئەو مناڵە ساکارەت دیوە
کە لە ناوەندی شاخەوە
بە توولەڕێییێکی تەنگەبەرا شوێن
قەڵبەز و کەفچڕێنی ئاوی
سەربەرەوخوار ئەکەوێت
وە خۆی بەو خوڕەخوڕەوە
خەریکئەکا؟
ئەمە چەندە ئەخایێنێ؟
هەروا گەنجی و لاویشمان تێئەپەڕێ!
مەستییێکی کەم، تۆزقاڵێک شادی
ئینجا دوای ئەمە لە پۆپەی خەو و خەیاڵەوە

سەربەرەوخوار ئەگەڕێینەوە...
ئاسمان تاریک دایەت، چڵکەهەوری
ڕەش بەری هەموو ڕووناکییێک
ئەگرێت.. نە بریسکوهووڕی ئەستێرەکان ئەبینرێن و نە تریفەی مانگ..
ئەمەیە دوایی ناهەمواری پڕ لە ناسۆری کەنەفتی.
خۆزگە بمردمایە، پێش ئەوەی پیرببم...

*

(١)

ئەگەر ژیان خەو و خواردن و داخهەڵکێشان بێ و لەپاشیشا مردن
کەواتە دەست بهێنە بە قژی نەرما
چاو ببڕەرە شەبەقی بەیان
بۆ ئەوەی دڵ و لەشت هەستبکەن و تۆش بژیت!

(٢)

ئەگەر هەوا هەناسەی مردووان و تاپۆی شەهیدانی هەڵبگرتایە، ئینسان حەزیئەکرد خێرخوابێت..
بەڵام مردووەکانمان ئێمەیان لەبیرچووەتەوە..
ژیان تەنیا بێژنگێکە.. بە تاقە ڕاوەشاندنێک
سێ دەنکی قەڵەوی تیا ئەمێنێتەوە:
خێر و بەزەیی و خۆشەویستی.

(٣)

نەمروود گەلێک قەڵای بەرزی دروستکرد، بۆ ئەوی بگاتە نهێنیی خوداوەند. بەڵام کە لە خەوی غەفڵەت ڕاستبووەوە و زانیی بۆی ناچێتەسەر، چەند وشەییێکی ئاگرینی لەسەر قەڵا ڕووخاوە هەرەسهێنراوەکانی دی:
"بۆ نزیکبوونەوە لە خوداوەند
با وردببینەوە لە نیگای دەروونمان"

(٤)

ئەی خوای گەورە، بەزەییت پیامانا بێتەوە و بمانخەرە ژێر پەردەی لێبوردنتەوە.

هەتا کەی لە لێشاوی گوناهـ دا نوقوم‌بین؟

هەتاکەی لە باوەشی خەوی غەفڵەتا بنووین؟

ڕاستمانکەرەوە و پێمان‌بڵێ بە چ جۆرێک ئەتوانین ڕووناکی هەڵقوڵێنین لە سەرچاوی دڵەی تاریکمانەوە...

(٥)

ئەڵێن کە زەوی جێگای چاولێ‌پۆشین و لێبوردنە، بەڵام بێ‌تاوانەکان بوونەتە هەڵگری باری قورسی خراپەی خراپەکەرانی ڕابوردوو! پێویستە لەسەرمان وەک دار وابین! ئەو دارانەی هەر بە چەقیوی ئەمێننەوە، دوای وەرینی گوڵ و گۆپکە و گەڵاکانیشیان! دوای تۆف و با و بارانیش هەر چەقیون و ڕەگ‌قایم!

ئایینمان، بەهەشتمان پێ‌ئەبەخشێت! بەهەشتێک کە پڕبێ لە داری بەردار و سێبەری چڕ! بەهەشتی پڕ لە مێرگ و مێرغوزار! بەوە ئاوی شیرینی وەک هەنگوین و کچی جوانی پوختە و پۆشتە و پەرداخت! بەڵام من کە چاو ئەبڕمە سەرچاوە کانییەکانی وڵاتەکەم! کە ئافرەتی نازداری هاوجنسم باری سەرنجم ڕائەکێشن! وا ئەزانم کە وام لەو بەهەشتەدا!

له ئەدەبی ئینگلیزییەوە:

## نێژراوی لاکڕۆنیە*

شەوە و شەو! لە زەوییەکی بێگانەدا، عەشامە خەڵقێکی ئاوارەی ماتی لەشبەباری شەکەت، لە پەنای شوورەی لاکڕۆنیەدا وەستان! شەوە، بەڵام پێویستە ئەم فرمانەش جێبەجێبکەین. لەسەرخۆ لاشەکەمان برد بۆ مەزار؛ نە دەنگی تەپڵە و نە دەبدەبەی عەشام، نە کەس وێرای بە ورتەورتیش فاتیحاییکی بۆ بخوێنێ، دوعای خێری بۆ بکا.

دامانهێڵایە مەزارەوە بە ئەسپایی و لەسەرخۆ، سەربازێک فیشەکێکی بەخێرهاتن، تۆپێک گوللەییێکی بەڕێکردنی بۆ ئاگرنەدا. ئەم کارەساتە لە تاریکەشەوێکدا بوو کە چاو چاوی نەئەدی، ئەگەر چرا کزەکەمان نەبووایە، دوورنەبوو زیندوویێکمان لە جێ بناشتایە.

بەو بەرگە سەربازییانەوە کە خەڵتانی خوێن بوو، لەناو گۆڕەکەدا پاڵمانخست؛ لە سەربازێکی شەکەتی دوای جەنگ ئەچوو، کە زۆر حەز لە نوستن ئەکا، بە جوانمان نەزانی ئەو کفنە سپییە ساردە بکەینە بەر ئەو قارەمانە مەردە! هەموو تێکڕا نوێژێکی کەموکورتمان لەسەر کرد، بەڵام بێگومانبن کە هەموو پڕبڕوایانە و لە ناخی دەروونەوە نوێژەکەمان بۆ کرد.

نەریت وایە کە لەم کات و جێیانەدا وتاری ئازار و حەسرەت، بە ڕاست بێت یان بە درۆ، هەڵبرێژرێت! بەڵام کەسمان ورتەمان لە دەم نەهاتەدەر! چونکە دڵ و

---

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی 6، ژمارە 265، دووشەموو، ١٠/٢٥/1954، ل10-13.

بە قەڵەمی شاعیری ئینگلیزی، چارڵز وۆڵف نووسراوە. لانکرۆنیەش بەندەرێکە لە کەناری ژووررووی ڕۆژئاوای ئیسپانیا. نێژراوەکەش سێر جۆن مۆرە، کە یەکێک بوو لە سەرکردە گەورەکانی سوپای ئینگلیز لە جەنگی شوبهی جەزیرەدا. لە گەڕانەوەیدا بۆ کەنار، بە سوپای فەڕەنسزەکان گەیشتووە و بەسەریانا زاڵبووە و نەیهێشتووە پێشبکەون. بەڵام لە دواییيانا گوللەی تۆپێکی بەرکەوتووە و بۆ ئێوارێ مردووە. لە جەرگەی شەوی تاریکدا، سوپاکەی ئاهەنگێکی زۆر بەتەئسیریان بۆ کردووە و بەبێدەنگی ناشتوویانە لەژێر شوورەی شاری لاکرۆنیە. ئەوە نێژراو و ئەوەش لاکرۆنیە. بەڵام شاعیریش (چارڵز وۆڵف) لە ساڵی 1791دا لەدایکبووە و لە ساڵی 1823دا مردووە و گەلێک پارچەشیعرەی جوانی لەپاش جێماوە. ئەمەی ئەخونێنیتەوە، یەکێکە لەو پارچانەی خستوویەتیە ڕیزەی ئەدیبە نەمرەکانەوە. (ڕ.چ)

بیر و باوەڕمانی لابوو، هەموو بەبێدەنگ، ملشۆڕ، وەستابووین و سەرکز چاومان بڕیبووە شێوە زەردهەڵگەڕاوەکەی، بیرشمان کە هەمووی داخ و زووخاو و حیرسی تۆڵەسەندن بوو، ڕوویکردبووە سەبینێی نەزانراو.

لەو کاتەدا کە قەبرەکەمان دائەپۆشی، بیرمان لەو دوژمنە چەپەڵە ئەکردەوە کە دوای ئەوەی ئێمە ئەگەڕێینەوە و زەریا ئەمانگرێتە باوەش و لەم شوێنە بەسامە دوورئەکەوینەوە، بە پێ قورسەکانی بەسەر ئەم گۆڕە پاکەدا ئەڕوا و ئەیشێلێ، هەندێ لە ترسنۆکە باییە هیچلەبارانەبووەکانیشمان کە کاتی جەنگین ئەبن بە پیازپاکەر، یان خۆیان قایمئەکەن لە کون و کەلەبەر، بە سووکی باسی ئەم گیانە ئەکەن، بە جنێوی ناشیرین و بەگاڵتەپێکردن و لچهەڵقورچانەوە ڕووئەکەنە قەبرەکەی.

بەڵام خەیاڵیان خاوە و هەموو کردەوەکانیان نزمی و سووکییە، چونکە ناتوانن بیجووڵێنن، یان خەبەریکەنەوە لەم جێیەدا، کە بە دەستی پاک و بە دڵی پڕ لە خۆشەویستیی ڕاستەقینە بۆمان دروستکردووە. ئەم پیاوە هەموو پێویستییێکی سەرشانی خۆی بەجێهێنا و هەتا دوا هەناسەی کاتی سەرمەرگ لە پیاوەتی پاشگەزنەبووەوە، ئیتر چ دەمێکی پیس و چ زمانێکی زەهراویی پێئەوترێ؟! ئەوی خۆی بەختئەکا لە ڕێی ئامانجێکی بەرز و پیرۆزا، لە مانگیش بەرزترە و حەپە و وەڕینی سەگی ناگاتێ.

ئەم پیاوە باوک و برا و سەرکردەی پێشەنگمان بوو! چۆن پیاو ئەو کەسەی لەبیرئەچێتەوە کە لە ڕێی نیشتمانەکەیا خۆی ئەداتە دەست گوللەتۆپ؟ ئای کە ئازاراوییە پیاوی وا لە گۆڕا بنێژرێت!

لەپڕ زەنگی مەترسی ئەو کشوماتییەی شڵەقاند، تۆپی دوژمن کەوتە شیلگ هاویشتن، ئەو شەوە تاریکە بوو بە ڕۆژی ڕووناک. بە مەجبووری لەو زەوییەدا بەجێمانهێشت، کە هێشتا ڕەنگاوڕەنگ بوو بە خوێنە سوورەکەی... وشەیێکمان لەسەر مەزارەکەی نەنووسی، هیچ جۆرە یادگار و پەیکەرێکمان بۆ نەچەسپاند، لەو غەریبییەدا بەجێمانهێشت.. هەموو گەڕاینەوە ناو کەشتییەکانمان، شەپۆلی زەریا لە کەنار دووریخستینەوە ڕووەو نیشتمان. بەڵام هەموو یەکێکمان، گیان و دڵ و هەستیمان، لای نێژراوەکەی لاکرۆنیە بوو! تۆ بڵێی ئەو قارەمانە تەنیا و غەریب بێ؟!

ئەوانەی نامرن:

## بۆ خۆشەویستی دێرین*

(نووسەری ئەم گۆرانییە، شاعیرێکی تێگەیشتووی بیروباوەڕ بەرزی پێشەنگی نەتەوەیی بووە، هەموو ژیانی بە خەبات بردەسەر لە ڕێی سەربەستیی نیشتمانەکەیا و لەم پێناوەدا زۆری نەبوونی چێشت و زۆری ئەشکەنجە و دەردیسەری دی. بەڵام نەبەزی و لە دوایی‌دا و لە هەرەتی لاوی‌دا وەکوو هەموو پیاوێکی پیاو لە کۆڕی پیاوەتی‌دا شۆڕکرایە ناو گڵ و ئەو دەمە جوانە بە قوڕ مۆرکرا و ئیتر گۆرانیش ببڕای‌ببڕ.)

*

واز لە گۆرانیی دڵداری بهێنە و نامەوێ جارێکی‌تر گوێم لێی‌بێ! بۆ ئەتەوێ گوڵی زەهراوی بۆبکەم؟ من لە هەرەتی گەنجی و تافی لاویمام، بەڵام - بێ‌گومان‌بە- ئەو لاوی و گەنجییەی خۆمم لەبیربردۆتەوە! لەوەش زیاتر کە ناوبەناو بیرەوەریی ڕۆژانی ڕابوردوو لێم‌ئەورووژێ و ئەمگەڕێننەوە بۆ ئەو بەیاییە. چارم ناچارە یاخی‌ئەبم. ناهەقم نییە، نامەوێ گڵ لەسەر ئەم گۆڕە لادەم کە دڵداریی ڕابوردوو، کە خۆشەویستەکەی دێرینم، تیا ناشتووە و ئێستا قینم لێیەتی. لەبیرت‌نایە لە بەرپێی تۆدا بە هەموو توانایەکمەوە پێم لێ‌نا؟!

*

ئەو سەردەمە لەبیر خۆت ببەرەوە کە بۆ چاوهەڵبڕینێکت، یەن بۆ زەردەخەنەیەکی سەر لێوت، فرمێسکم ئەڕشت! ئەو حەلە کۆیلەبووم و زنجیرلەدەست، ئەگینا بۆچی ئەبووایە بە فریوێکی تۆ نیشتمانەکەم و میللەتەکەمم

---

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی 6، ژمارە 269، دووشەموو، ٢٢/١١/1954، ل12-15.
پاشتر دیسان بە ناوی 'مەخشەڵ'ەوە بڵاوی‌کردووەتەوە: ڕۆژنامەی "برِوا"، سلێمانی، ژمارە ٤٦، ١٩٦١/٨/٢١، ل١، ٥. (س)

به سووک بهاتایه پێشچاو؟! به ڕاستی جاران سەرلێشێواو و ناتەواو بووم، چونکە هەموو هەستی و پیاوەتییەکم ئاوێتەی قوڕاو و زەلکاو کردبوو!

*

ئەو شێتییە با هەر پیرۆزی ڕابوردوو بێت! خۆشەویستی و دڵداری لە دڵەی کۆستکەوتووی منا کوژایەوە ، تاسا و خنکا. تازە هەیهوو جارێکیتر دابگیرسێتەوە و بژێیتەوە و هەڵسێتەوە! ئەزانی بۆچی؟ چونکە لانەی دڵ پڕبووە لە ئازار، بۆتە خانەی بێزاران، گۆڕستانێکە کێلەکانی دەرزی و سوأنن، یا بڵێ نووکی نێزە و ڕم، بۆتە مەلبەندی قین و زووخاو، تۆڵەیەکی خەستی گرتۆتەوە، هەوێنەکەی بڕوای پاکی نەتەوەییە بەجۆشەکە هیچ هێزێک خۆی لە بەرا بۆ ڕاناگیرێ.

*

بەڵێ، دەنگت خۆشە و ئاوازت، ساز و ناڵەت کاریگەر، بەڵام ئایا گوێت لە گۆرانیی ناو شاخە بەرزەکان و جەنگەڵستانە چڕەکانی وڵاتەکەت بووە؟ ئایا هەرگیز لاواندنەوەی سکسووتاوان و لایلایەی دایکان و پاڕانەوە و گریان و ناڵەی هەژاران و لێقەوماوانی بێدەرەتانی نیشتمانە داگیرکراوەکەت نەکەوتۆتە بەر گوێ؟ دە من گیانم بۆ ئەو سروودانە، بۆ ئەو ئاوازانە، خۆی ڕائەتەکێنێ. دڵم بۆ ئەو شوێنانە پاڵم پێوەئەنێ. چاوی گریانلێبڕاویشم، هیچ نابینێ، لە خوێناوی ڕژاوی وشکهەڵگەڕاوی میللەتەکەم زیاتر.

*

واز لە گۆرانیی زەهراوی بهێنە و گوێ لە نکە و ناڵەی عەرد و بەرد و داری نیشتمانەکەت بگرە، کە لەژێر پێی پیسی بێگانەدا کەساسە و بێدەرەتان. هاژەهاژی ئاوەکانیش وشە بە وشە دەمودووی ڕابوردوو و بەسەرهاتی پێشوو ئەگێڕنەوە و ئازاری تازەیش باسئەکەن، بەڵکوو ئاوێتەی کوێرەوەرییەکانی کۆنی ئەکەن. تۆش گۆرسنیی وا بڵێ، گۆرانیی ئازاراوی، گۆرانییەک چۆنیەتیی برافرۆشتن پیشانبدا، لە سیسبوونی گوڵ بدوێ، فرمێسکی بێوەژنی مێردکوژراوی تیابێ، باسی ناکامیی بووک بکات، لە نەئامانجنەگەیشتوویی هەزارساڵەمان بدوێت، پڕبێت لە حەپەساویی برای پەناهێنەری بێدرەتانی ڕووت و ڕەجاڵی دەربەدەرکراوی بە نێزەڕاوەدوونراوی لە کەسوکار دابڕاو.

ئەم گۆرانییانە بڵێ و دەنگی لێهەڵبڕە، یان بێدەنگبە و لێکی‌نێ و یەخەم بەردە، چونکە دڵم بەگوڕ کەوتۆتە گورپە و ئەیەوێ لانە جێبێڵێ. تێبگە ئەڵێم چی! ئەمەوێ بچم بۆ ئەو شوێنەی زەوییەکەی دەنگئەداتەوە، دەنگدانەوەی پڕ لە داخ و زووخاوی خەست، دەنگدانەوەی گۆرانییەک ئاوازەکانی کاتی گیانەڵاو بێ. سروودی ماتەمی و بەیاییی خنکاو بێ، تاروپۆی ئامانجی لەخوێناگەوزاو بێ، داواکارییەکەی تۆڵەی هەزارساڵەی لە مەنجەڵی مەردانا جۆشاو بێ، بە لێشاو بێ، یەکجاری بێ و بە تین‌وتاو بێ.

لەوێ تۆف و با و بۆران و گەرداو، دار هەڵکەنێ لەبن وەکوو ناخی دەروونی من. زیخ و چەو و ناخ بخاتە ڕووی ئاو، ترس و سام نەهێڵێ لای پیاو. ناپیاوی لەسەر دوو پەت یەریکەری زۆڵەکیش بکا تەنگاو، حەپەساو، سەرلێشێواو، ئابڕووتکاو. لەوێ شمشیر تاجی سەرپەڕینی بۆ ناو دۆڵە قووڵەکان وەکوو گۆی مەیدان ڕاپانفڕێنێ! لەوێ کە گوللەباران هەوا کاس‌بکا و مردن لە زەردەخەنە و گۆڕیش لە نوێنێکی نەرمونۆڵ ئەچێ لە لای من.

ئای بۆ ئەو دەنگەی حەزی لێئەکەم، بۆ ئەو ئاوازە پڕ لە ماتەمانە، بۆ ئەو زەردەخەنە پڕ لە ناسۆرانەی دوای ئەو بۆمبابارانە، نەزرە لەسەرم لەناو لرفەی ئاگرا کە گوللە قرمەبکا وبۆمبا وێرانکاریی دەستی پڕ لە برینم بەرزبکەمەوە و چەند وشەیەکی بە خوێنی ناو دەمم هەوێنکراو بڵێم، پێش هیان‌بەدەستەوەدانم. چەند وشەیەک کە نانەتەوەیی و دوونەرەکی و ڕەوشت‌نزمی و ترسنۆکیم پێشەرمەزار بکردایە! کە ئەوەم کرد، ئینجا نەوەی نوێی نەتەوەییم ڕاپەڕاندایە، ملمان بنایە بۆ ناو گەرداو و پشت لە تەنکاو وەک مەردی پیاو.

لەگەڵ کاروانا:

## دڵداریی کوێرێک*

(لەم وتارەدا کوێرێک Korek باسی دڵداریی خۆیمان بۆ ئەکا، بەڵگەکەشی ئەم قسە نەستەقەیە: زۆر جار وا ڕێکئەکەوێ کە گوێ پێش چاو هەست بە دڵداری ئاکا.)

لەو کاتەدا کە باسی دڵداریی خۆم و کوێری وەکوو خۆم ئەکەم، ئەوانەی خوا بێبەریی‌کردوون لە چاو، پێویستە بڵێم: زۆرجار وا ڕێکئەکەوێ گوێ پێشی چاو هەست بە دڵداری ئەکا.

بەڵێ، گوێ هەست بە دڵداریی ئەو دەنگ و ئاوازە ئەکا، ئەوەی گۆرانییەکی باریک و ناسکی لێئەپرژێ؛ ئەو دەنگە ئەخرێتە ناو گیانی کوێر، لەگەڵ دەروونیا تێکەڵئەبێ، بە دەنگەکە خاوەنەکەی ئەناسێت. بۆییش ئەیناسێ، چونکە خوا ئەو بیر و هەستەی داوە بەم کوڕانە.

کوێر زۆرجار خەو بە خۆشەویستەکەی ئەبینێت، بەڵام سێبەری ڕاستی خۆشەویستەکەی نابینێ، بەڵکوو گوێی لە دەنگێک ئەبێ، ئەیلاوێنێتەوە، تا گیانێک ئەبینێ، پڕبێ لەو بیر و هەستە کە کوڕەکە هەیەتی.

کوێر زۆر ڕاستئەبێ ئەگەر دڵداری بکا، چونکە چاوی نییە تاکوو جوانێکی لە خۆشەویستەکەی باڵاتر ببینێ و واز لە دڵبەرەکەی بهێنێ. زۆر کەم ڕێکئەکەوێ کوێر خۆشەویستی وازلێبهێنێ، چونکە لەو کاتەدا کە خۆشیئەوێ، وێنەی لە دڵیا نەخشئەبەستێ.

دڵداریی کوێر نەمرە، زۆر قووڵە، چونکە جوانییێکی مەعنەویی خۆشئەوێ، ئەو جوانییە کە ڕۆژگار ناتوانێ لەناوی‌ببا؛ جوانیی دەنگ، جوانیی گیان، چەشنە جوانییەکی سیس‌نابن و لەناوناچن هەتاهەتایی.

لێیان‌پرسیم: "چی ئەزانی لەبابەت جوانی؟"، "جوانیی دەموچاو، ئەوەی چاوساغ هەستی پێئەکا، ناتوانم باسی‌بکەم، چونکە هەستی پێناکەم. جوانی لە

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٦، ژمارە ٢٧٣، دووشەموو، ١٩٥٤/١٢/٢٠، ل٥-٦.

لای ئێمه -ئێمەی کویر- لەمه زۆر قووڵتره. جوانی ئاوازێکی مۆسیقایه له دەنگێکی پڕسۆزدا، یا بیرێکی جوانه له عەقڵێکی ساغدا، یا هەر شتێکی سەر به هەستێکی ناسک بێ، یا دەنگێکی پاکی نەمر بێ."

خوای گەوره لەو کاتەی چاوی له کوێر سەندووەتەوە، دڵێکی پاک و گیانێکی بێگەردی داوەتێ؛ هەر خۆی له قورئانا ئەفەرموێ: "لا تعمى الأبصار، ولكن تعمى القلوب التي في الصدور." هاوار به ماڵی ئەو چاوساغەی دڵی کوێر بێ. گەورەیی بۆ ئەو خوایەی ڕووناکیی داوەته ئیشوکاری کوێر، بۆ ئەوەی ڕێگای ژیانی بۆ ڕووناکبکاتەوە.

## ئەمەریکا چی ئەتوانێ بکا*

(ئەم وتارە لە موسابەقەکەدا دووەم دەرچووە، نووسەری ڕەفیق چالاکە.
وا ئەمجارە بۆ بڵاوکردنەوە هەڵمانبژارد)

ئایا ئەمەریکا چی ئەتوانێ بکا لە وڵاتەکەتا بۆ بەرزکردنەوەی موستەوای ژیانی زۆربەی دانیشتووان؟ بۆ ئەوەی بتوانین بە تەواوی و ڕاستی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە لە ڕێی سوود و کەڵکی هەردوو لادا -وڵاتی ئێمە و ئەمەریکا-، پێویستە هەندێ زانیاریی پێویستیتر بخەینە بەرچاو، تا هەموو شتێکمان بۆ ڕوونببێتەوە و هیچ شتێک بە نهێنی نەمێنێتەوە.

ئەمەریکا، وڵاتێکی پێشکەوتووی دەوڵەمەندی پێگەیشتووە و هەرچی ئینسان حەزیلێبکا، تیایەتی. لەبارەی کارسازی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و هونەر و خوێندەواری و سوپا و ئاوەدانی و چەشنی هەڵسووڕاندنی کاروبار و ئیدارە و باشترین تەکنیک بەکارئەهێنێت کە هەتا ئێستا لەسەر ڕووی زەویدا بەشەری تێگەیشتووی بلیمەت دۆزیبێتیەوە و گەیشتبێتێ. هەر وەکوو ئەمە وایە و پێکهاتووە، بێگومان سەوییەی دانیشتووەکانیشی بەرزتربۆتەوە و هەموو پێویستییەکی ژیانیان بۆ تەئمینکراوە. لەبەرئەوە خەڵقەکە بە هەموو توانایێکیانەوە هەوڵئەدەن بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتەیان و بۆ لەناونەچوونی ئەو جۆرە حوکمڕانییەیان وە بە هەموو تاقەت و توانایێکیانەوە هەنگاویتر ئەنێن وە تەکان ئەدەن ڕووەو پێشەوە، چونکە هیچ جۆرە بەرهەڵستێک و هیچ کەند و کۆسپێک لە ڕێیانا نییە. ئەمە لە بارەی ئەمەریکا و دانیشتووەکانیەوە. بەڵام وڵاتی ئێمە وڵاتێکی دواکەوتووە و لە کاوانی بەشەرییەت جێماوە، بەڵکوو ئەتوانین بڵێین قڕەی کاروانی میللەتانە! کشتوکاڵمان، لەسەر شێوەی کۆنی پێشووی چەندهەزار ساڵ لەمەوپێش ماوەتەوە! کارسازیمان، بە ناشوکری نەبێت، لە نرخی نەبووانە؛ دەرزیێکی دەرزی ئاسایی بێنرخ چییە، هێشتا ناتوانین دروستیبکەین و

---

* گۆڤاری پەیام، بەرگی 7، ژمارە 282، دووشەموو، 1955/٢/21، ل3-6.

پێویستیی خۆمانی پێ جێبەجێبکەین. لەجیاتیی ئاوەدانی و خوێندەواری و هونەروەری و پێشکەوتن و سەوییەی ژیان بەرزبوونەوە، لەشساغی و دڵنیایی، هەر وێرانبوون و نەزانین و بڵحی و دواکەوتن و هەژاری و نەخۆشی و ترس ڕێمان پێئەگرن، پەستی و ساردبوونەوەمان ئەهێننەڕێ! ڕەنگە هەندێک بڵێن: ئەمە ئێجگار وانییە. بەڵێ، ڕاستە چەند مەکینەییێکی کشتوکاڵ هەن، چەند کەسێک دەوڵەمەندە و خوێندەوار و خاوەن کۆشک و تەلار و کتێبخانەی گەورەن. بەڵێ، شارەکانمان کارەبای وا تیا، بەڵام دە تۆزێک عەزیەتی خۆتان بدەن و لە شوێنە گەرم و نەرمەکانتان وەرنەدەرەوە و چاوێک بخشێنن بە زۆربەی زۆرا، گەشتێکی ناو کوڵانەکان بکەن، سەرێک لە لادێکان بدەن، ئەو حەلە هەموو شتێکتان بۆ ئاشکرائەبێ و تێئەگەن کە لەسەدا نەوەدی ئەم وڵاتە بەو جۆرەیە کە باسمانکرد. دە پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی سەوییەی ژیانیش بە تەرازووی زۆربەی زۆر ئەکێشرێ، هەتا وڵاتێک زۆربەی زۆرەکەی نەگاتە ئەو سەوییەی ژیانە بەرزەی ئەمەریکا، بە پێشکەوتوو نانرێ. هەزار تەپڵ و مۆزیقەش لێبدەین، ئیتر خۆخەڵەتاندن و خەڵق خەڵەتاندن بۆ؟ بەڵام ئایا ئەمەریکا ئەتوانێ ئەم حاڵە هەمووی بگۆڕێ لەم وڵاتەی ئێمەدا؟ ئایا پێویستە ئێمە بۆ خۆمان دانیشین و چاوببڕینە دەستی ئەمەریکا؟

بێگومان نەء! پێویستە خۆمان لە کارکردنی پڕسوود نەکەوین و شەو بخەینە سەر ڕۆژ و ئەو ڕێیە بگرین کە میللەتە پێشکەوتووەکان گرتوویانە! بەڵام ئەو شتانە کە لە توانای ئێمە چوونە دەرەوە، ئەو حەلە لە ئەمەریکای وەربگرین. ئەمە لەبارەی شتی گەورە و گران لەبارەی نەخشە و پرۆژەی دووورودرێژی پێشکەوتنی ڕاستەقینەوە! بەڵام ئەمەریکاش ئێستا ئەتوانێ ئەم شتانە بۆ گەلەکەمان بکا، ئەگەر ویستی:

١. سەرمایە بهێنێ، پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و کارسازی دابمەزرێنێت!

٢. مەکینەی کشتوکاڵ زۆربکات لە وڵاتەکەمانا.

٣. هەموو ساڵێک، وە پەیدەرپەی ئینسانی لێهاتووی خوێندەواری تێگەیشتوو ببا بۆ ئەمەریکا، بۆ زیاتر فێربوون و زیاتر کەڵکوەرگرتن.

٤. لەگەڵ وەزارەتی ئیتیقصاد و کشتوکاڵا یارمەتییەکی تەواو پێشکەشبکەن بە جووتیاران و کرێکارانی کارسازی.

٥. گۆڤار و ڕۆژنامه و کتێبی باشی تەوجیهی لەچاپبدەن بە زمانی خۆمان، سەبارەت بە چۆنیەتیی پێشکەوتنی ئەمەریکا و سەبارەت بە زانست و زانیاریی گشتی و سەبارەت بەو مەعلووماتەش کە دەربارەی وڵاتەکەی ئێمە کۆیانکردۆتەوە و ڕێمان نیشانبدەن و ئاڕاستەمانبکەن.

٦. فیلمی سینەماییی زۆروزەبەندە بە کوردی دروستبکەن وە لە شار و لادێکانا تەوجیهی خەڵقی پێبکەن، وە پێویستە بەشی زۆری ئەم فلیمانە لە بابەت قەڵاچۆی نەخۆشی و ئاڕاستەکردنی کشتوکاڵی و چۆنیەتیی دروستکردنی خانووبەرەی ساکاری پاک و تەمیز بێت.

٧. لە ئیستگەی دەنگی ئەمەریکا، بەشێکی کوردی بکەنەوە و بەشی زۆری ماددەکانی لێرە تەسجیلبکەن لە ئیستۆدیۆیەکی تایبەتدا کە بۆ ئەم ئامانجە ئەبێ بکرێتەوە.

٨. دامەزراندنی پڕۆژەی بەکەڵک لە لادێکانا بۆ ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی وە لە شارەکانیشا پڕۆژەی زۆروزەبەند دابمەزرێنن بۆ نەهێشتنی بەتاڵی و بێئیشی.

له ئەدەبی خۆمانە:

## کۆرپەکەم![*]

[ئازادی خۆشەویستی چاو پڕلەئەفسوون! ئەفسوونی پاکی درەوشاوەی پڕ لە تیشکی هێمنی و ئاشتی! کە فێری خوێندنەوە بوویت، ئەم چەند دێڕەی باوکت بە وردی بخوێنەرەوە و لە زەڕڕە و هەیدرۆجینی و تیژڕەو بەهێزتر ڕێی ژیانی پڕ کامەرانی و تام و چێژی پێببڕە، جەرگەی تاریکستانی پێهەڵبدڕە و مەشخەڵی ڕووناکی پێبدەرە دەست کۆرپەکەت، وەکوو من پێتیئەسپێرم.]

*

بێگومانبە، کە دانیشتم بۆ نووسینی ئەم چەند دێڕە، سەرتاپا هەموو لەشم هاتبووە موچڕکە و تەزووی حیرس، نەرمەتاش دایگرتبووم، نەمئەزانی چۆن دەستیپێبکەم و چی لەپێش چییترا بنووسم. ئەوەندە دەروونم کەیل و ئەوەندە بیروباوەڕ و وشە بە توندوتیژی هورووژمیان ئەهێنا، لەناو مێشکی داگیرساوما کە قەت ساتێ ساردنەبۆتەوە و تۆزێک بواری گەشە و شادیی نەداوم، بەڵام تازە وا دەستمدایە خامە و داینانێم هەتا دەروون سارێژنەکەم و ویژدان نەگەشێنمەوە و مێشک مەستنەکەم!

بێگومانبە داینانێم، هەتا پەنجە باریکەکانمی بەدەمەوە ئیفلیجنەبێ و ئەم لەشە زەبوونەمی لە ڕێدا نەسووتێنرێ و پێشێلنەکرێ. قەڵەمهەڵگرتن بەشەرەفترین پیشەیە لەسەر ڕووی زەویدا، هەر لەو ڕۆژەوە کە داهاتووە تا ئەو ڕۆژەی گشت گیانداریکی دنیای تیا ئەبێ بە خۆڵ! قەڵەمهەڵگرتن –ئازادی ساوا– لە هەموو کەسێک نایەت، لەبەرئەوە نا کە خەڵقیتر ناتوانن هەڵیبگرن،

---

[*] گۆڤاری پەیام، بەغدا، بەشی یەکەم، بەرگی 7، ژمارە 284، دووشەمموو، 1955/٣/٧، ل11–13، 15؛ بەشی دووەم، بەرگی 7، ژمارە 285، دووشەمموو، 1955/٣/١٤، ل11–14، بەشی سێیەم، بەرگی 7، ژمارە 286، دووشەمموو، 1955/٣/٢١، ل11–15.

لەبەرئەوەش نا کە ناتوانن بیپارێزن، بەڵکوو لەبەرئەوەی لە توانای کەم کەسا هەیە، بزانن چیی پیٚ‌ئەنووسن و بۆ کێی پیٚ‌ئەنووسن و لە کەیا؟!

تەمەنت لە پێنج مانگێک زیاترنییە و هەتا بڵێی ڕێییێکی دوورودرێژ و ئازاراویت وا لە پێشەوە و چارنییە و ئەبیٚ هەر بیبڕیت! بەڵام نەکەی دوورودرێژی و ئازار و سەختیی ڕیٚ بکەی بە ئامانج! تۆزێک بیربکەرەوە و وردبەرەوە، بۆت دەرئەکەوێت کە ئەم ڕێیە بۆ ئەگریت و لە ڕێی چییا؟ ئەو حەلە ئامانجت بۆ دەرئەکەویٚ و تیٚ‌ئەگەی کە ڕیٚ هۆیە بۆ ئەنجامی ئامانج، بۆ گەیشتنە مەنزڵ، بۆ حەسانەوە و شادی و کامەرانی. ئازادی خۆشەویستی چاو پڕلەئەفسوون، ئەفسوونی پاکی درەوشاوەی پڕ لە تیشکی هێمنی و ئاشتی، کە فێری خوێندنەوە بوویت، ئەم چەند دێڕەی باوکت بە وردی بخوێنەرەوە، کۆرپەکەم.

پێش تۆ، ڕۆڵەی شیرین! سیٚ منالٚیترم هەبوون، یەکەمیان کە هەتا بڵێی سالار و سەلار و جوان و بەهێز بوو، لە تاریکیدا پسا و نەیویست چاو بەم ڕوناکییەدا هەڵبێنێت کە لە تاریکی تاریکتر و لە سام سامدارتر و لە ئازار ئازاراویترە! بەبیٚ ئەوەی ببیینم، مامەکانت شۆڕیانکردبووەوە بۆ ناو گڵ. ئەگەر بمایە، ئەو براگەورەیەت، ئێستا نیمچەپیاوێک بوو، مەردانە هەنگاوی ئەنا بەرەو پیاوەتی.. دووەمیان کە ئێستا براگەورەتە و ناوبەناوێک بە دزییەوە کە هەلی بۆ هەڵکەوت، نوقورچێکت لیٚ‌ئەگریٚ، ئازایە و بەزات و چالاک، بەڵام وا دەرئەکەوێت کە "سەرەڕۆ" بێت، وەکوو سەردەمی گلاراو لێکەوتوویی خۆم! هەتا بڵێی خۆشم‌ئەوێت و هیوام پێیەتی، چونکە هاوڕێی لە ئێوە پێشترمە، بەڵام چونکە منی ئێستای لە بنی بیری قووڵ بیٚ‌دەنگتر، ئەو سەرەڕۆیییەی تیا ئەبینم، چارم ناچارە لە ئێستاوە بەرەبەرە خەریکی ئەوەبم خۆم ڕابێنم بەو ڕۆژەی -خوا نەخواستە- شتێکی لیٚ‌دێت.

ئەبیٚ بڵێم -خوا نەخواستە- و لێم‌مەگرە، ڕۆڵە! چونکە هەتا لە دنیا نەگەی بە تەواوی و منالٚت نەبێت، نازانیت "جگەر" چییە؟ من ئەزانم بەرخی نێر بۆ سەربڕینە و دواییی ناهەمواری هەموو کەسێک، گۆڕە! من ئەزانم گۆم هەتا قووڵتربێت، مەلەی خۆشترە و شەو هەتا تاریکتر و سامناکتر بێت، ڕۆژەکەی دوای ڕووناکتر و پرشنگدارترە. ڕێگا هەتا دوورتر و ئازاراویتر بێت، گەیشتنەمەنزڵ و حەسانەوە ئەوەندە جوانتر و خۆشتر و پڕچێژترە. هەموو شتێک ئەزانم ئازادی خۆشەویست،

نە ورەمبەرداوە و نە زەنەقمئەچێت، بەڵام وەکوو باووباپیرمان وتوویانە: "جگەریش زاڵمە" و منێک کە بەزەییم بە بێچوویێکی پشیلەی سپڵەدا بێتەوە کە نێرە پشیلەیێکی گوربەی بێئابڕوو بیخوا، منێک کە قینم لە باز و شمقاڕ بێت، لەبەرئەوەی کۆتر هەڵئەدڕن، چۆن ئەبێ پێمخۆشبێت، یان چۆن ئەتوانم ببیەم کە بەندی جگەر و خایەومایە و هاورێی عومرم، ئەو کەسەی خۆمی بۆ ناوکەڕێژئەکەم و گەنجی و لاویمی لە ڕێدا پیرئەکەم، ئەڵێم چۆن لە توانامایە ببیەم کە تووشی کۆستێک بووە، نەک ئەوەی -خوا نەخواستە- شتێکی لێبێت؟!

بار هەرچی چۆنێکبێت و ڕۆڵە، باری قەزا و قەدەر و بۆنەهاتیمان هەر لەسەر بارە و ئەبێ ساڵبەساڵ هەر بڵێین "خۆزگەم بە پار"، ئەبێ هەر کە کۆستێکیتری تازەمان دی و ئازارێکی تازەیترمان چێشت و برینێکی نوێیترمان تێکرا، بڵێین خوا خراپترنەدا، هەرچەندە هەندێکمان وەکوو کفرئەحمەدیشمان لێهاتووە، ئەڵێین بۆچی خراپتریش هەیە؟!

بۆچی خراپتر ماوە؟ ئەرێ وەڵڵا ماوە و هێشتا لە کوێمانە، بەڵام شەرتی پیاوەتی، ڕۆڵەی شیرین، لە ورەبەرنەدانایە! بێگومانبە کە هەتا ئینسان هیوای نەبڕێ و زات و ویژدانی تیا بمێنێ، هەر ئەوە سەرکەوتوو، هەر ئەوە بەهێزتر و زاڵتر و کامەران! ئەمەت نابێت هەرگیز لەبیربچێت، بە تایبەتی لە ڕۆژانی بۆنەهاتیی ژیانتا!

**(بەشی دووەم)**

ورەبەرنەدان و ئایینپتەوی و زات، بکە بە سەرمەشقی تۆماری ژیانت، هەرگیز نابەزیت؛ هەرچەندە بشکەویت، هەرچەندە دوچاری کۆست و دەردیسەری و نەبوونی و بۆنەهاتوویش ببیت. بێینەوە سەر سێیەمیان، کۆرپە شیرینەکەم! کە هەندێ شێوەی لە دایکت ئەچێ و تیپی دەموچاوی بە تێکڕایی ڕووناکە و پرشنگدار، بەڵام لە کورد زیاتر لە چینی و توخمی زەرد ئەچێ. ئینجا نازانم ئەمە بۆچی وایە، هێشتا بە تەواوی بۆم ساغنەبۆتەوە کە لەبەر چی ئەم خوشکەت ئەبێ لەوان بچێت؟ ئایا لەبەرئەوەی من و دایکت زۆرمان بیر لە جەنگی ئەو ناوە کردۆتەوە، یان لەبەرئەوەی کە ئەبێت ڕەگێکی ئەوان لە تایەفەی دووری بنەماڵەی دایکتا هەبێت؟! خۆلاسە، وا ئەمە وایە، لە هەر ڕەگەزێک بچێت، شەرتنییە؛ بە هەر زمانێک قسەبکا، قەیناکا. بەڵام ئەوی پێویستە، ئەوەیە کە ببێتە ئینسانێکی باش و بیروباوەڕی باش

بێ و دەستی یارمەتی و پیاوەتی و چاکە ڕووسوورانە پێشکەش‌بکا بە هەموو ئادەمیزادێکی لێقەوماوی مەرد! بنەماڵەییێکی پڕ کامەرانی و شەرەف بهێنێتە کایە و پاڵ بە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنەوە بنێت و مەشخەڵ بە داگیرساوی بداتە دەست نەوەکەی، ئینجا شۆڕبکرێتەوە بۆ ناو گۆڕ، دوایی ناهەمواری بەشەر. یەکەمیان برای گەورەی سالارت تۆ خۆش، دووەمیان وا لە بەردەمتەوە ئەڕوا و بۆتە پێشەنگ، بێ‌گومان هەڵەئەکا و ئەکەوێ و هەڵئەستێتەوە و لە ڕێگابڕین ناکەوێ، هەتا توانای لێ‌ئەبڕێ! براش پێویستیی بە یارمەتیدانی برایە، باووباپیرت وتویانە: "هەتا برا لە پشت برا بێ، مەگەر قەزا لەکن خوابێ". لەبەرئەوە داوات‌لێ‌ئەکەم، کوڕپەکەم! کە یارمەتیی براکەت بدەی، ببیتە پشتیوانی، سوود و کەڵک لە هەڵەکانی وەربگری، هەتا دواهەناسەت "نەیفرۆشی" و نەیگۆڕیتەوە بە هیچ، چونکە شت نییە لەم دنیایەدا لە برافرۆشتن ناشیرینتربێ. تاوان‌نییە لە پشتی برا بەڕەڵداکردن گەورەتربێ!

زۆرم وا لە دڵا، زۆرترم وا پێ، بەڵام هەموو شتێک نانووسرێ، تەنیا ئەوترێ! ئەزانی ڕۆڵەی شیرین، باوکت ئەو کەسەی ئێستا بە لامەوە پێ‌ئەکەنی و یاریت لەگەڵا ئەکا و بەپێی توانای هەموو پێویستییێکت بۆ جێ‌بەجێ‌ئەکا، ئەڵێم بە دەمتەوە، یا ئەزانی چەند غەمبار و داخ‌لەدڵ و دەروون پڕجەخارە؟ ئەزانی چ وەیشوومە و گەرداوێک وا لەناو ناخی بیروباوڕیا و چ کانێکی بەهێزی لەناو خۆیا ئارام‌پێ‌گرتووە و چ هێزێک بەکارئەهێنێ بۆ نەتەقینی؟! بێ‌گومان نەء! ئەزانی نە شەوی شەوە و نە ڕۆژی ڕۆژە و نە عومری عومرە و کەچی لەبەر ئێوە و لە ڕێی خەڵقا، هەر خۆی ئەتەقێنێتەوە و نایەوێ ڕابکا و بحەسێتەوە! ژیان، سەرەتاکەی، شەقامەڕێی، هەموو ساردی‌وگەرمییەکی، دواییە ناهەموارەکەی، تێکڕا ئەزانێ. لەگەڵ ئەوەشا، بەزینی نییە و ورەبەردانیش ببڕای‌ببڕ! خۆ داستانە پڕناسۆرەکەی تەمەنیشی کە هەموو دێڕەکانی بە خوێن نووسراونەتەوە و بە ئاگر وشک‌کراونەتەوە، کۆستە بەدوای کۆستا و بۆنەهاتییە بەسەر نەهاتییا، ئەبووایە چاویان بترساندایە و لە خشەی گوریسیش ڕاچڵەکیایە! بەڵام بێ‌گومان‌بە ئازادی خۆشەویست! هەرچی ترس بێ لە ئێمانیا نییە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و سەعات بە سەعات پتەوتر و بەهێزتر و نەبەزتر ئەبێ، چونکە خۆی بۆ ئێوە تەرخان‌کردووە و ئەیەوێ هەرچی هیوا و ئاوات و ئامانجێکی هەیە، بە ئێوەی بگەیێنێ، بۆ ئەوەی ئەوی نەیتوانی خۆی بیکا، ئێوە پێکی‌بهێنن. ئەیەوێ هەرچی هەڵەییێکی‌کردووە، لە ئێوەدا ڕاستی‌بکاتەوە؛ ئەوی لە خۆی نەهاتووە، لە

ئێوە بێت؛ ئەوی گینڵی بەدەمەوە داوە؛ لە ئێوەدا نەیبینیّ؛ ئەوی ئامانجیەتی، ئێوە پێکیبهێنن. بۆیە خۆی بۆ ئێوە تەرخانکردووە، بۆیە هیوای نەبڕاوە، بۆیە یەئس پێیناوێریّ، چونکە هێشتا هەر خۆی بە لائیقی ئەوە ئەبینیّ کە هەر هەڵگری مەخشەڵان بیّ، ئەوی ئەمانەشی تیابیّ، ڕۆڵەی شیرین، دڵ و دەروونی ڕووناکە و بەردەمی ڕووناک و دواڕۆژی ڕووناکترە!

(بەشی سێیەم)

کۆرپەی شیرین! خراپە و چاکە، شەڕ و خێر، هەموو شتێکی ناو ئەم دنیایە کە دووڕوو، دوو باری هەبیّ، بە شانمان قورسە و بە باڵامان بڕاوە و ئاسوودەنابین هەتا یەکلاییینەکەینەوە و جەوهەری جوانی لە پیسی پاکنەکەینەوە. ئەمەش پێکنایەت، هەتا نەوەیێکی قاڵی باوەشی دایکی باش و کۆشی کۆمەڵێکی باش نەیەتە بەرهەم! لەبەرئەوە و ناوبەناوێک کە لەناو ئەم کۆمەڵەدا خراپە و شەڕت هاتەڕیّ، یان ڕێی خەڵقیتر، بزانە لەبەر چییە و زوو بە هیچ تاوانداریێک نەڵێی تاواندار، هەتا نەچیتە بنجوبناوانی. ئەو حەلە کە بۆت دەرکەوت بە تەواوی، تیّئەگەی کە هۆی گەلێک تاوان بۆنەهاتییە و تووشبوون و کۆمەڵ، گەلێک لە تاواندارەکانیش لێقەوماون و زوڵملێکراو و کۆستکەوتوو و بیّتاوان، هەموو شتێک ببەرەوە بۆ سەرەتا و سەرچاوە، هەموو شتێکی ناو ئەم ژیانە ببەستە بە یەکەوە و لێیانوردببەرەوە، ئینجا بڕیاربدە. متمانەت بە خۆت بیّ و خەڵقیشت خۆشبوێت، بەڵام هەرگیز کوێرانە بە ڕیّدا نەڕۆی، دوای هیچ شتێک نەکەوی، هەتا بۆت ساغنەبێتەوە!

چەند ئەتوانی تیّکۆشە و خەباتبکە، بەڵام هەرگیز بە تەمانەبیت لەپڕ ببیت بە کوڕ! چلچرا بە بۆ ڕووناککردنەوەی هەموو گۆشەیێکی تاریک، پاچ بە بۆ ڕووخاندنی هەموو شتێکی خراپی ناو ئەم دنیایە! بەڵام بزانە بۆ تاریکایی ڕووناکئەکەیتەوە و بۆ خراپە ئەڕووخێنیت! هەموو شتێکی جوانت خۆشبوێت، هەموو ناشیرینییێک ببوغزێنە! تەنیا خۆشەویستیی ڕووت لەم دنیایەدا بایەخینییە، بۆغز و کینە و تۆڵەش ئەگەر لە ڕێی بیناکردن و ئاوەدانکردنەوە و ڕووناککردنەوەدا بوون، پێویستن وەکوو خۆشەویستی. مێشکت بکە بە تەرازوو بۆ کێشانی هەموو شتێک، هەرگیز ویژدانیشت ڕانەهێنی بە تاسان و

ئازار. که دڵیشت له شتێک سڵەمییەوە، یان بیرت گۆڕی بەرامبەری، وازیلێبێنه و مەیکه، چونکه هەر کارێک به نابەدڵی کرا، سوودینابێ و سەرگرتنی گرانه! وەکوو پێموتیت، هیچ هێزێک نییه لەم دنیایەدا بەقەد هێزی ئیمان و بڕوا کاریگەر و داهێنەر و ماڵئاواکەر بێت!

له ژیانتا گەلێ هاوڕێت ئەبن بەتووشەوە، هەر یەکه و هەر تاقمەیان گورانییەکیان وا لەسەر دەم، له گۆرانیی ئەوانیتر ناچێت. چەند ئەتوانی تێکەڵاوی خەڵقی ببه و گوێیانلێبگره و لەگەڵیانا هەڵسه و دانیشه. بەڵام نەکەی هەرگیز هیچ "نهێنییەک"ی خۆت که لێیبترسی بڵاوببێتەوه و زیانت پێبگەیێنێ، بخەیته بەردەستی خەڵقی! لەبەرئەوه نا که بەشەر پیسه و بێباره و مار، بەڵکوو لەبەرئەوەی کۆمەڵەکەمان وا له هاوڕێ و دۆست و خەڵقی ئەکەن ڕۆژی له ڕۆژان وەکوو تەوقی عەزازیل بێنه گەردنت، یان وەکوو دز له ناکاو خەنجەرێک بکەن به لاکەلەکەتا. دوورنییه نزیکترین هاوڕێت که له پیسترین دوژمنت زیاتر زیانت پێبگەیێنێ. چەندت پێکرا درێغیمەکه له چاکه و خێرخوایی و به تەمای ئەوەش مەبه هەرگیز لەم ڕێیەوه دەستکەوتێکی کوتوپڕت بۆ بێته بەرهەم! بەڵام بێگومانبه که هەر چاکه چاکه و دێتەوه ڕێت.

به لای خووی خراپا مەڕۆ و لاویی خۆت لەناو باوەشی بۆگەنا مەدۆڕێنه. ئەو هێزه نەبەزەی سەردەمی لاویت، ئاراستەی کاری پڕخێر که بۆ میللەتەکەت، بۆ کۆمەڵەکەت، بۆ ئەم بەشەرەی تازه خەریکه هەناسەیێکی ڕەحمەتی دەرکێشێ و کەچی پەیدەرپەی ئەدرێت له قورگی! ئەم لاوییه و ئەم توانای گەنجییە، زەخیرەی ڕۆژانی لێقەومان و کۆستن، لەبەرئەوه بیپارێزه له دۆڕان!

دڵداری، هەستێکی سروشتیی پڕلەزەتی سەرەتای لاوییە، بەڵام نه خۆتی زۆر بەدەمەوەبده و نه بیکه به خولیا؛ ئەوه بزانه که له دواییا گڕی عەقڵ هەموو پووش و پەڵاشێکی خەیاڵاویی سەرەتای لاوی ئەسووتێنێ! بزانه که ئەو هەسته پاکه له دواییا خۆی ئاشکرائەکا و پێسته فریشتەییەکەی دائەکەنێ و وێنەیێکت ئەخاته بەرچاو که هەرگیز بەتەمای بینینی نەبووی، بەڵام -لەگەڵ ئەوەشا- زوو پێیڕایەیت و ئیتر ئۆف و ئازاری دەروون ئەبێته ئێش و ئازاری سێبەنده و پشت! مەسەله له سەرەتاوه تا ئاخیری، نەهێشتنی فەوتانی ڕەگەزی ئادەمیزادە، ڕۆڵە! باوکم من، منیش تۆ، تۆش یەکێکیتر که ئەبێته کوڕەزام، ئا بەم جۆره و له ڕێی

ئەمەدا ئەم حەماڵییەئەکەین و دێین و ئەچین و هاوار و گرمە و ناڵەناڵ و قڕە و سەدامان هەوا کاس‌ئەکا و لە دواییبا بە قوڕ دەممان مۆرئەکرێت و پێمان‌ئەوترێت: "بەسە، ئیتر عەیامی ئێوە بەسەرچوو"، بواری خەڵقی‌تر بدەن، با بۆ خۆیان تۆزێ لەزەت لە ژیان ببینن، پیرەمێردە خەڵەفاوینەی هیچلەبارانەبووی مردووییە! لە ئێستاوە من سەمەرەم بەو ڕۆژە دێت، وا لە بەرچاوم! دە لە ڕێی ئەوەدا کە ئەو ڕۆژە بە دڵنیایی سەربنێیتەوە، ڕێیەکی ڕاست و ڕەوان بگرە لە ژیانا و زووبەزوو مەردانە خۆت پێ‌بگەیێنە و هەموو هیوا و ئامانجێکی پیرۆز بهێنەرەدی، تا بەجێ‌هێشتنی ژیانت بۆ ئاسان‌بێت! تا دڵنیایانە چاو لێکبنێیت، تا کەس زاتی ئەوە نەکات لچێکت لێ‌هەڵقرچێنێ، یان تانووتێکت تێ‌بگرێ!

کۆرپەکەم! کەس مەشخەڵی نەداومەتە دەست، تا بتوانێ لێمی‌بسێنێتەوە، خۆشم ئەوەندە بە خۆما ڕائەپەرمووم کە هەتا ئەو کاتەی پێی‌ئەوترێ "دەم‌بەیەکادان"، مەشخەڵی داگیرساوم نەدەمە دەست کەس. ئەو حەلەش ئەگەر هات و تۆ وات لێ‌هاتبوو گورج هەڵی‌بگری، ئەوا خۆم بە بەختیار و ئاخرخێر ئەزانم کە توانیم مەشخەڵی ڕووناکیت پێ‌بسپێرم. دڵنیام کە لە زەرڕە و هەیدرۆجینیی بەهێزتر ڕێی ژیانی پرکامەرانی و تام‌وچێژی پێ‌ئەبڕێ، جەرگەی تاریکستانی پێ‌هەڵئەدڕێ، هەموو هیوا و ئاواتێکی باووباپیرتی پێ‌ئەهێنیتەدی، هەموو ئامانجێکی پیرۆزی کوردەواریی زەحمەتکێشی پێ‌ئەگەیێنیتە ئەنجام، تۆی کۆرپە و هەموو کۆرپەکانی نەوەی نوێی قاڵی لێ‌هاتوو کۆئەبنەوە لەسەر گۆڕەکەم، گردی سەیوان ئەکەن بە مەشخەڵان، سروود و ئاوازەکانم ئەگەیێننە ئاسمان، پێم‌ئەڵێن بابە گیان! هەڵسەرە پێیان، ڕۆژی شادی هات، گەیشتینە ئاوات، شادمان بوون خەڵقی، کامەران بوو وڵات!

له ئەدەبی خۆمانە:

## پێکەنینی دوایی*

[کەوتووم و پێشێلکراوم، بەڵام هەر هەڵئەسمەوە، چونکە من نامرم، بە قاقا پێمپێئەکەنن، ئەم بابییە ڕێشگاوانە، نازانن کە پێکەنینی دوایی بۆ ئەوان نییە، هەڵسانەوەی من کەوتن و مردنیانە، پێکەنینی من دواییە و دوایی ئەوان بە ئاسمان، بە بەڵگەی ئایەتی قورئان "تجمع العظام وهي رميم، صدق الله العظيم"، ئەم دنیایە وا زوو نابڕێتەوە، ئەم کاروانەش هەر ئەگاتە ئامانج]

ڕابەر

**(١)**

هیچم نەئەزانی، ساکاربووم، ڕووتوقووت و پێخاوس. بێلانە و بێداڵدە و بێئامانج، بەڵام ئەڕۆیشتم. زەویی ڕەقەن و بەردەڵان، ڕێی سەخت و پڕجانەوەر، سەرما و گەرما ئەیانهێنام و ئەیانبردم، یارییان پێئەکردم، چونکە زاڵبوون بەسەرما. شەوی تاریک، ئەستێرە و مانگ، شتی بریسکاوە، گرمە و دەنگەدەنگ، هەموو شتێکی ناو کردگارم لا وەک مەتەڵ وابوو. هەموو شتێک ئەیترساندم، نەمئەزانی پاش تۆزێکیتر چیم لێدێ، چیم دێتەڕێ. خواردنم میوە و گۆشتی ڕاو بوو، ئەوی ئەو ڕۆژە خۆم بۆ خۆمم پەیانەکردایە، نەمبوو بیخۆم. خۆشەویستی، خزمایەتی، هەرچی پێیبوترێ "سیلەی ڕەحم"، هێشتا پەیانەبووبوو، گەشەینەکردبوو. ئەم بارە ناهەموارە زۆری خایان، زۆری کارتێکردم، زۆری ئازاردام، پێشێلیکردم، بەڵام هەر هەڵسامەوە و نەمردم. با وەک گورگێکی هار ئەیلووران و بە زەبوونیم پێئەکەنی. هەموو هێزێکی ناو

---

* گۆڤاری "پەیام"، بەرگی ٧، ژمارە ٢٨٧، دووشەموو، ١٩٥٥/٣/٢٨، ل١٠-١٣.
لە لاپەڕە ٦٥-٧١ی دەفتەرێکی گەورەی نووسەردا نووسراوەتەوە و پاشتر بە دەستکارییەکی زۆرەوە بڵاوکراوەتەوە. (س)

کردگار بە دڕندەکانیەوە بایی‌بووبوون و گەنجەفەیان بەسەرائەکرد، بەڵام لە دواییدا هەر پێکەنیم و نەمردم.

**(٢)**

دنیا دەوران‌دەورانە و دەور گۆڕا، ئینجا چەتەوڵێکی فێڵبازم لی‌پەیابوو، ناوم لی‌نا دێو. ئەم مام‌دێوە بی‌ڕەزا داوێن‌پیسە، بەم ڕۆژگارە هەرچیی بویستایە پێی‌ئەکردم، ڕۆژێک شوانی و مەڕوماڵات لەوەڕاندن، ڕۆژێک ڕەوانەی‌ئەکردم بۆ ڕاو، ڕۆژێکیش وەکوو کەڵەشێر ئەیدام بە شەڕ. لە بەیانییەوە هەتا ئێواری هەر کاربوو بەدوای کارا، هەر فرمان بوو بەدوای فرمانا، هەر تف بوو بەدوای تفا و هەر لێدان بوو بەدوای لێدانا. تەقانمیەوە و ڕەقانمیەوە و بەردی پی‌بڕیم و داری پی‌هەڵکەندم، هەتا دامی بە زەوییا و پێشێلی‌کردم، بەڵام هەر هەڵسامەوە و نەمردم.

**(٣)**

کۆیلە و دیل، زەبوون و بی‌پەنا، خانووبەرە، جووت و گێرە و دەردی‌سەری و ڕەنج‌بی‌وەری، بەشم‌بوو. کۆشک و تەلارم دروستئەکرد، قەڵام ئەبردە نزیک هەور، ناوجەرگی زەویی ڕەقەنم ئەدڕی، خێر و خێراتم لی‌ئەهێنایەدی، بۆ مام‌دێوی نەدی و بدی، کە فێری هەزار خووی خراپ بووبوو، کە هەزار فێڵ و جادووی تازەی بۆ هێنابوومە کایە، تا بیخوا خایە و مایە. دێیەکانمان کرد بە شار، ماڵی ئاغاش پڕگوڵزار. گاڵتەی منالان نییە، گاسن و داس و پاچەکۆڵە، خاکەناز و تەشوی و پی‌مەڕە و مشتووی پڕمستەکۆڵە، هەزار ئەوەندەی بەردی دڕی بی‌مەعنا کاریگەرتر و بەنرختر و لێوەشاوەتر بوون. ڕاستتان ئەوێت، منیش دوای بینینی ئاگر و چرا و ئاسن و ژن و ماڵ، ترسی جارانم نەمابوو لە خەیاڵ، هەرچەندە جنێوم خوارد و زیللەتم دی و دامی بە زەوییا و پێشێلی‌کردم، هەر هەڵسامەوە و ئاخری نەمردم.

**(٤)**

مەکینە کەوتە گەڕ، دووکەڵ بەری ئاسمانی گرت، گەشە و شادی و پێشکەوتن و دڵنیایی و پێویست کەوتنە ناو ناوان، خوێندن و زانیاری، مۆسیقا و هونەری جوان بەریان بەڕەڵدابوو، وامان زانی بەسەرچوو ڕۆژانی تاریکی دوابڕاو، ئیتر هەرگیز نایبینینەوە بە چاو. کە تەماشای خۆمم کرد و کەمێک وردبوومەوە، جلەکانم ڕەش‌داگەڕابوو، گەنجێتی و هێزیشم فەوتا، مەکینە

ڕایمالّیم، منیشی بە چاوی نەوت و ڕۆن و کەرەسە ئەهاتە بەرچاو، پێشێلیکردم. گرمەگرمەکەی، پێکەنینی زالّی و سەرکەوتنی پڕلەغرور بوو، لە پالّەوە سەرێکم لێبەرزکردەوە و بە بایبوونی پێکەنیم، چونکە ئەمیش "مێژوو"ی لەبیرچۆتەوە. وەکوو پێموتن، پێکەنینی ئەم دواییەش هەر هی منە و هەرگیزاوهەرگیز نەمردووم و نامرم، با مەکینە پێشێلیشیکردبم.

**(٥)**

لە خەم ڕەخسیم:

مەکینەم وا بەدەستەوە، زەویم کردووە بە بەهەشت، کۆشک و تەلارم گەیاندۆتە هەور. سەرما و گەرما، هەرچی هێزێکی شاردراوەی جاران هەبوو، هەمووم وەک ئەموستیلە کردۆتە پەنجەم. هەموو کەسێک تێرە و شاد، هەموو یەکێک گەیشتۆتە ئاوات، نە ڕق ماوە و نە کینە، نە گەنجەفە و نە لوورە، ڕووئەکەیتە هەر شوێنێک بەهارە و شادی، خۆشەویستییە و گەردنئازادی. جێژنە و نەورۆز، هەموو شتێکیش جوانە و پیرۆز، پڕبەدلّ پێئەکەنم، دەنگدانەوەی پێکەنینەکەم هەموو کەونی گەورەی گرتۆتەوە. لەناو دلّانا، لە پەڕەی مێشکا، لەسەر هەموو شتێکی ئەم دنیا پیرۆزە، نووسراوە: "نە ئینسان ئەمرێ و نە میللەتان، با لە ئێستاوە شەقبەرێ شەیتان".

له ئەدەبی خۆمانە:

## زەنگی کاروان*

(ئەم چەند پارچە ئەدەبییە جوانە، ئەدەبێکی کۆنی کوردی بوون و لە لایەن تاقمێک لە ئەدیبە کوردەکان کرابوون بە عەرەبی، وا سەرلەنوێ کردماننەوە بە کوردی و دەستکاریی پێویستیشمان تیا کردوون.)

لە دەمەوبەیانێکدا پێش ئەوەی ڕەنگی مەیلەوئاڵی شەبەق، ئاسۆ وەک گوڵ بنەخشێنێ، زەنگی پێشەنگی کاروانی قەشەنگ ئەلەرێتەوە و دەنگدانەوەی هەموو گۆشەیێکی دنیای خامۆش ئەشڵەقێنێ، مژدەی هێنانەدیی ئامانج و ئاواتمان پێئەگەیێنێ! ڕۆژئەبێتەوە و زەنگ ئەزرنگێتەوە و نۆکەر ئەبووریێتەوە و کاروان

---

* گۆڤاری پەیام، بەرگی ٧، ژمارە 289، دووشەموو، 1955/٤/١١، ل12–14، 16؛ بەرگی 7، ژمارە ٢٩٠، دووشەموو، ١٩٥٥/٤/١٨، ل١١–١٤؛ بەرگی 7، ژمارە 291، دووشەموو، 1955/٤/25، ل11–14؛ بەرگی 7، ژمارە 292، دووشەموو، ١٩٥٥/٥/٢، ل11–15؛ ژمارە 293، بەرگی 7، دووشەموو، 1955/٥/٩، ل11–14، 16؛ بەرگی ٧، ژمارە 294، دووشەموو، ١٩٥٥/٥/١٦، ل11–14؛ بەرگی 7، ژمارە 295، دووشەوموو، 1955/٥/٢٣، ل11–15؛ بەرگی 7، ژمارە 296، 1955/٥/٣٠، ل11–14؛ بەرگی 7، ژمارە 297، دووشەموو، 1955/٦/6، ل16، ناوەوەی بەرگی دەرەوەی گۆڤار.

ئەم زنجیرەیە لە گۆڤاری "پەیام"دا بە ناوی 'ڕابەر'ەوە بڵاوکراوەتەوە. پاشتر بە زنجیرە بە دەستکارییەوە لە ڕۆژنامەی "بڕوا"ی سلێمانیدا بڵاویکردووەتەوە: ژمارەکانی ٢٤، ١٩٦١/٢/١١، ل١؛ ٢٥، ١٩٦١/٢/١٨، ل١، ٦؛ ٢٦، ١٩٦١/٢/٢٥، ل٣، ٥؛ ٢٧، ١٩٦١/٢/٤، ل٥، ٢؛ ٢٩، ١٩٦١/٣/١٧، ل٥؛ ٣٠، ١٩٦١/٤/١، ل٣، ٤؛ ٣١، ١٩٦١/٤/٨، ل١، ٦؛ ٣١، ١٩٦١/٤/١٥، ل٣، ٦؛ ٣٢، ١٩٦١/٤/١٥، ل٣، ٦؛ ٣٣، ١٩٦١/٤/٢٢، ل٥؛ ٣٥، ١٩٦١/٥/٦، ل٣، ٤؛ ٣٧، ١٩٦١/٥/٢٠، ل٣، ٤؛ ٣٩، ١٩٦١/٦/١٧، ل٣، ٤؛ ٤٥، ١٩٦١/٨/١٢، ل٥؛ ٤٧، ١٩٦١/٨/٢٨، ل٣، ٤؛ ٤٨، ١٩٦١/٩/١، ل١، ٦؛ ٥٠، ١٩٦١/٩/١٥، ل١. سێ پارچەی دوایی بە ناوی بەشەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمەوە، لە ژمارەکانی ٢٩٥، ٢٩٦ و ٢٩٧ی "پەیام" وەرگیرا. بابەتەکە لە کۆتاییدا بە (ماویەتی) هێڵراوەتەوە. (س)

بەسەریا ئەڕوا بۆ گەیاندنی مەشخەڵ بە هەموو پارچەکانی کوردستان، بۆ چەسپکردنی کوردایەتیی یەکسان![1]

دا دەنگ: بە عاستەم دەنگی زەنگی کاروانێکی تازەم دێتەگوێ بەم شەوە. زەنگە، ئایا گوێم ئەزرنگێتەوە، یان زەنگی کاروانە ئەلەرێتەوە؟ ئای کە کاروان کەوتەڕێ و هیچی نەگەیشتە مەنزڵ و پێشی لێگیرا و ڕێی لێ ونکرا و زەنگی بێدەنگکرا.

دا دەنگ: بە یەزدان زڕەی زنۆڵەی کاروانە، ڕێک و ڕەوان و یەکسانە، بەڵام بە شەوێکی ئاوا دەیجوور، بێ ڕووناکیی مەشخەڵی نوور، چۆن ئەتوانێ بڕوا بۆ دوور، ڕێگا سەختە و پڕمارومورو.

سا دەنگ: ئەوا سەرکەوت مەردی پێشەنگ، مەخشەڵهەڵگر دەست نە تفەنگ، مشکی لارن هەموو سواران، هەر یەکێکیان بۆ هەزارن، نە تایکی نە مارومورو، نە نۆکەری ئاغای مەغروور، نایبەزێنن کوردی جەسوور، تا ئەو ڕۆژەی "ينفخ في الصور."

سا دەنگ: دەنگی بەهێزی بورکانە، شریخەی ناڵی ئەسپانە، لەرزانی گشت ئەم شاخانە. دەنگی زەنگیش ئەوەند بەرزە، ئەژنۆی نۆکەری هێنایە لەرزە. لەپڕ دەنگێک ڕووی‌کردە من: دۆستی ئێمەی، یانە دوژمن؟ وتم: دۆست نیم، براتانم، بە ماڵ و گیان فیداتانم.

دەمێ ساڵە چاوەڕوانم، ڕزگاربێ نیشتیمانم. قارەمانێک هاتە زوبان، بە کوردیی پەتی، ڕاست و ڕەوان، بەڵام برام نەزرە و پەیمان، تۆش بیڵێ وەک ئێمە وتمان:

سوێندبێ بە خوا، بە شیر، بە ئاو
بە خاکی پارچە و بەش کراو
بە دایکانی ڕۆڵەکوژراو
بە دارتەرمی برای خنکاو
بە ڕووی خوشکی ئابڕووبراو
هەتا بێگانە دەرنەکەین

[1] لە ژمارە ٤٨، ل١ی ڕۆژنامەی "برِوا"دا، لەژێر ئەم برگەیەدا نووسراوە: بە دەستکارییەوە. (س)

له دنیادا دەری‌نەخەین
که ئێمەش میللەتی و هەین
لەناو نوێنا ئۆخەی‌نەکەین
ئەوی لەم ڕێیەش لاری‌بێ
دوژمن به کوردەواری بێ
نابێ بژی لەناومانا
ئەبێ بمرێ له شەرمان

*

ئەسپ ئامادە و تەدارەک کۆک، کاروان قەشەنگ و پێشەنگ نەهەنگ و کەوتینەڕێ، هێز نییە ڕێمان پێ‌بگرێ و ترسمان ناشت له گۆڕێکی قوولا و خاوەنی هەقێکی له دوخ ڕاستترین، بڕوا پتەو و ڕێگا پیرۆز و ئامانج پیرۆزتر. شەوە و تاریکە و پرسام، بەلام زۆرمان شەو دی و بڕوامان به بەرەبەیان و به شەبەق و به ڕووناکیی ڕۆژی پرشنگدارە، جەردە زۆر و دوژمن بێ‌بەزەیی و نۆکەری ورەبەرداوی ناوخۆش سەربارەی بارانە. بەلام بێ‌گومان بن سڵناکاتەوە و نالەنگێ ئەم کاروانە، چونکە قاڵی بەسەرهاتی سەدان سالانە و ئەوەش ڕەنگێکی بنەوشەیی کە مژدەهێنەری بەیانە و ئەلەرێتەوە زەنگ، هەتا ئەگەینە مەڵبەندی قوشەنگ، به سەری زۆڵەک، به سەری فەڕەنگ!

هەموو بستەزەوییەکی ئەم نیشتمانە بۆ بەیان، بۆ ڕووناکی ئەتریقێتەوە و دانیشتووی ئەم کەژ و کێوە بەسامانە به سروشت قینیان له شەو و تاریکییە و نایانەوێ ژیانیان شەوبێ و خەو به تاریکییەوە ببینن. شەویان شەو وتووە و بۆ حەسانەوە و ڕۆژیش بۆ تێکۆشان. بەڵآم سەرتاپا شەو بێ‌ژیان له میللەتێکی قارەمان، نه خوا ڕەوای ئەبینێ و نه ویژدان.

ئەی نازەنین، دڵئاگرین، یاری منی وێڵی غەمگین، تووخوا ئیتر با نەگرین به لەپی دەست چاومان بسڕین! دێتەوە یادت دەوری ڕابوردوو که چەند سالێک لەمەوبەر بوو. لەبیرتە که هەردووکمان یەک هیوا و یەک بیروباوەڕ، یەک شێوەی بیرکردنەوەمان هەبوو، بەرەو یەک ئامانج تەکانمان‌ئەدا. ئەوەبوو خۆشەویستیمان دوو خۆشەویستی و دڵداریمان پتەو و بەهێز بوو، چونکە

ئامانجمان بەیەکگەیشتن و بە ئازادی گەیشتن بوو. هەرچەندە ئەکەومەوە یادی ئەو ڕۆژە خۆشانە و ئەو شەوە پڕخرۆشانەی سەرەتای لاویی پڕ هیوا و گەشکە و شادی و ساکاری و بەراوردیانئەکەمەوە لەگەڵ ئەمڕۆی پڕ لە دووری، پڕ لە ئێش و ئازار، موچڕک و تەزووی سارد بە ناوشانما لە کارەبا بەهێزتر هەموو قەوارەی لەشی زەبوونم ئەهێنێتە لەرزە و ناخی گیانم پڕئەکا لە بومەلەرزە و ئەکەومەوە بەیایی و ئاخ هەڵئەکێشم.

لەبیرتە لە نزارە سەوزە پاراوەکەی بەرامبەر دێیەکەمان، ڕانێک ئەلەوەڕا، شوانێکی دڵداریش بە شمشاڵ ئاوازی پڕئازاری دەرئەبڕی. کە بۆ ئێوارێ کاتی زەردەپەڕ ڕۆژی دەمکەل چاوشارکێی لەگەڵا ئەکردین و زەرد هەڵگەڕا و دنیای کرد بە پارچەیەک ئاڵتوون، پێموتی: بۆچی ئافرەت حەز لە ئاڵتوون ئەکات؟ لە وەراما وتت: تەنیا ئافرەت ئاڵتوونپەرست نییە و هەموو ئینسانێکی ناو ئەم دنیایە حەز لە بوون، حەز لە ئاڵتوون ئەکات. بەڵام چ کاتێک ئەم خەڵقە تێکڕا لە ژیان، لە مایەی بوون، گەیشت و زانیی دیلیەتی لەناو قەفەزی ئاڵتوونیشا هەر دیلییەتییە و تاقە ڕۆژێک سەرفرازی هەموو کلووری دنیا ئەهێنێ، ئەو حەلە هەموو چەوتییەک ڕاستئەکرێتەوە، هەموو ماشیرینییەک ناهێڵرێ و لە جێی ئەو جوانیی ژیان ئەڕازێنێتەوە! لەبەر ئەم قسانە، تۆ لەبەر جوانیی بێهاوتات، حەزم لە شەو و تاریکی کرد، چونکە ئەیشاردیتەوە لە چاوی بەدکاران و جێگای بۆ خۆشئەکردین و ڕێگای بۆ ئەمینئەکردینەوە و من و تۆی ئرهێنایە جووڵە و ئاخبەبادان و ورتە و وشە و فیکری جوانی بەرزی سەد تەرزی پڕمۆسیقای ئەخستە سەر زمانمان، بۆ بەربەرەکانیی بەختی کەچی زەمانمان. ئەو شەوەی کە سەگەکەتان وەڕی، خۆم لە پەنای دیوارا مەڵاس دا و نقەم لە خۆم بڕی، پێموتی: بە سەگە بەسیفەتەکەتان بڵێ کە پێمنەوەڕێ، چونکە دوژمن نیم و لە تاقمی وەفادارانم. منیش وەک ئەو هەتا ڕۆژ لە بەردەرگا یاساوڵ و پاسەوانم، چرای ئارامیی گیانم. بە سەگەکەتان بڵێ: با ئیتر پێمنەوەڕێ، چونکە هێمنیی شەومن لێئەشڵەقێنێ، ڕەقیبی بەدمان لێڕائەپەڕێنێ. پێیبڵێ کە کەس دوژمنی تۆ نییە، چونکە گوڵ خۆشەویستی هەمووانە و هیچ دڵڕەقێکی ناو ئەم جیهانە زاتناکا دەست درێژکا بۆ ئەو گیانە، کە بێچەوتی و ڕاست و ڕەوانە، کە چلچرای بەهاری پاراوی ژیانە! بەڵام ئێستا، ئای ئێستا کە باری قورس و گرانمان لەسەر شانە و کە ڕێگامان

دوور و پڕ لە قۆرت و کە دوژمنمان زۆر و بێڕەزا و بێئیمانە! بەڵام –لەگەڵ ئەمانەشا– هەر وا بەڕێوە ئەم کاروانە و لە هەو کوێ هەی لەم کوردستانە. ئەوەتا زڕەی زەنگوڵەکان ئەلەرێتەوە لە ڕێگەوبان، ئەڕوا مەردانە کاروانمان دەنگ‌ئەداتەوە زەنگ، هەتا ئەگەینە مەڵبەندی قەشەنگ، بە سەری لەرزۆک، بە سەری فەرەنگ!

ئەی پۆپە بەرزەکانی شاخە سەرکەشەکان، لوتکە سپییە بەبەفرگیراوەکان، دروشمی سەربەرزی و نەبەزیی کوردی قارەمان!

ڕیخۆڵەبەکێشی نەتەوەکەم لەم چەرخەوە بۆ ئەو چەرخ، لە سەختی بەتینیی ئێوەوەیە و دڵپاکییەکەی لەو بەفرە سپییە بێگەردەی ئەبریسکێتەوە وەک ڕاستی و ڕەشایی بە چاوی ناپاک و دوژمنا ئەهێنێ و سەری لێ‌ئەشێوێنێ.

وا بەهارە و نەورۆز، مەڵبەندم جوانە و پیرۆز، نێرگز بە ڕەنگی زەردی زەبوونی هامان بۆ ئەهێنێ و گوڵاڵەسوورەی حیرس‌هەستاو بەسەرما ئەقیژێنێ و داواش تۆڵەیە لە زستانی بێ‌ئەمان. نێرگز زەردی تاساوی دیلی و گەڵاڵە پاراوی خوێناوی باووباپیر. منیش دەم‌بەستراو و خامەشکاو و پابەندی زنجیر، بگریم یا بنەڕێنم؟!

شەرتە ڕیخۆڵەبەکێش‌بم، دڵ لەسەر لەپی دەست، هەتا ئەگەمە مەبەست، لەگەڵ کاروانا بە ڕێی سەختی ژیانا، لە بەر تیشکی مەشخەڵی کوردایەتی، بە گیانێکی پڕ لە مەردایەتی، بپچڕێنم ئەڵقەی زنجیری عەبدایەتی و بزرنگێتەوە زەنگوڵەکان، بلەرێتەوە زەنگی کاروان، هەتا ئەگەینە مەڵبەندی قەشەنگ، بە کوێریی زۆڵەک، بە ڕووڕەشیی فەرەنگ!

چاوم سۆمای چوو، ئەوەندە بە مێژووی خوێناویی نەتەوەکەما ڕوانی و زنجیرەی دیلێتی و بۆنەهاتییەکەیم وەک شریتێکی تۆمارکراوی پڕ لە هەستیی ئازاراوی بەیادکردەوە و بۆم دەرکەوت کە بەدرێژیی مێژوو دڵی پاک بووە و نیهادی ساف و بێگرێ و زیانی بە هیچ میللەتێکی ڕووی زەوی نەگەیاندووە و هۆلاکۆ و جەنگیز و تەتەر دژمان بوون و دەروون دڕندە و نیهاد چڵکن، ئێمیش بێگەر و پاک وەک ئەو بەفرە سپییەی سەر کێوەکان!

ئەتوانم زەوی ببڕم و بگەمە ئەو پۆپە بەرزانە و بگەڕێم ئەو لوتکە سپییانە و زاڵ‌بم بەسەر کانە ئاگرینە جۆشخواردووی پیشخواردووی ناو دەروونا، بەڵام

هەرچەند ئەکەم دەستم ناگاتە یاری دێرین! لەگەڵ ئەم بێهیوایی و ئێش و ئازارەشا، هەر بەتەمام و کۆڵنادەم و چاوم بڕیوەتە لوتکە بەفرینە بەرزەکان، کە گەیشتوونەتە ئاسمان و هەر تۆم ئەوێ و هەر بەتەمام هەتا ئەنجام. پۆپە سپی و مێژووی کورد سپی و دڵی منیش خوێنی لێئەتکێ، خوێنێکی خەستی بارووتی. شەرتبێ تەنیا نیهادم بەرامبەر بە نەتەوەکەم پاک بێ و پڕ لە دڵسۆزی، هەرگیز چاو بە دامێنا نەخشێنم و لانەکەمەوە و ڕووبکەمە بەرزی، کانی ئاگر و باروتی جۆش و پیشخواردووم، ئەبێ ئاوێتەی ئەو بەفرە سپییە بکەم. نەزربێ لەسەرم، هەتا شەبەقی بەیان وەک زەردەخەنەیەکی جوان ئەکەوێتە سەر لێوی ئاسۆی کوردستان، من کراسێکی بەفر و خوێنت بۆ دروستبکەم، کراسێک لە کارگای هیچ میللەتێکا دروستنەکرابێ و هیچ بووکێکی ئەم دنیایە نەیکردبێتە بەری، کراسی شەوی بووکێنیی ئازادی کە بە دەبدەبە بهێنرێ بۆ کوردی خێرنەدیوی ناکام و هەر ئەمەیە ئەنجام و بزرنگێتەوە زەنگۆڵەکان لە ڕێگەوبان، بلەرێتەوە زەنگی کاروان، بەبێ وەستان، هەتا ئەگاتە مەڵبەندی قەشەنگ، بە کوێریی چاوی نۆکەر و فەرەنگ!

داری بەڕوو هانا و نزا ئەباتە بەر گابەردەکان. نەرمەگیای کۆرپەش لە کزەبای پاشماوەی زستان ئەترسێ و بەزەییی بە داربەڕووی نزاکەرا یەتەوە و هەموو کەروێشکەیەکی داچڵەکینە لە دەنگی دەمی تەورداسەکەم و لە بڕینەوە وەستام. جارێکیتر من و داربڕین؟! ئەزانی بۆ؟ چونکە تەڕیی دەمی تەوراسم بە زووخاوی هەڵقوڵیوی ئازار هاتە بەرچاو، بیرم لە فرمێسکەکانی تۆ کردەوە کە لە ڕێی منا ئەیڕێژی. ئەو ئێش و ئازارەتم هاتەوەیاد کە بۆ من ئەیچێژی. با داری بەڕووی قەشەنگ بمێنێتەوە بە سەوزی و با نەرمەگیای کۆرپەش دانەچڵەکێ لە دەنگی تەورداس. بەرەو کانییە جوانەکە کەوتمەڕێ، ئەو کانییەی ئاوە پاکە ساردەکەی وەک زمرِوتی بێگەرد لەبن بەردە سپی و سوورەکانەوە هەڵئەقوڵێ و حەوزێکی خنجیلانەی لە بەردەمیا دروستکردووە و چواردەوری حەوزە گیایە و گوڵە و سەوزە، شۆڕەبیی ناسکیش بە شنەی با کەوتۆتە سەما، جوانتر لە سەماکەری کەبارێ بەرزەکان. پیرە دارگوێزی زەلامی بەسامی سێبەر کپیش ئەتریقێتەوە و شاخە سەرکەشەکانیش تاوان ئەژمێرن و لە دێرزەمانەوە ئێشکچین و پاسەوان.

کەوتمەوە بەیاییی ڕۆژانی لاویی خۆمان و تۆماری کارەساتی جگەربڕی باوباپیریشم سەرلەنوێ کردەوە و حیرسم هەستا و تەزووی تۆڵە وەک کارەبا

هەموو لەشمی هێنایە لەرزە. نزیک بەم کانییە جوانە دڵڕفێنە بێوێنەیە لەناو گابەردە ڕەقە تیژەکانا کوشتارێک ڕووی داوە جگەربڕ، هەرچەندە مێژووی ڕێڕەوی مەردانەی نەتەوەکەم هەر نەهاتییە و کوشتار، بەڵام قەوماوی ئەم ناوچەیە گڕی تێبەردام و مووی لەشی ڕەپکردم وەک نووکی نێزە و بەزەویما ڕوانی. باران و لافاوی چەندساڵەی ساڵ خوێنە وشکەکەیان شتۆتەوە و کەمتیار و ڕێوی و چەقەڵ لاشەکانیان لەم شوێنە دوورخستۆتەوە. بەڵام ئەوەتا لەناو دۆڵەکانا هێشتا ئێسقانی لوولاقیان سپی ئەچێتەوە، ئەڵێ: شیر و خەنجەری سووراوی دەمەزەردکراوی باش زاخاودراوی دەستی شیرگەری باوکوژراوی براڕاکێشراوە. هەندێ شوێن گڵەکەی سوورە و مەیلەوشەرابی و بارووتی و ڕەش. کتێب ئەڵێ: ئەمە مەعدەنە و مس و ئاسن! منیش پڕبەدەم هاوارئەکەم ئەو مەعدەنانە لە خوێنی باوکم و براکەم ڕەنگیانکردتووە و ڕەشی هەموو بستە زەوییەکی کوردستانیش فرمێسک و زووخاوی دایکم و خوشکەکانمە کە دیلکران و گریان هەتا سۆمای چاویان چوو، زیندەبەچاڵیشکران!

ئەی گوڵاڵەی ڕەنگمسی جوانی ئاڵی تاڵ! مژدەهێنەری بەهار لە ماچی پڕبەدەمی لێوی ئاڵی نازدار، وا سوورییەکەت تێرە و پرشنگداریان پاراوی خوێناوی ڕژاوی ئەم شوێن کوشتارەیت. دیمەنی جوانت فەرئەدا بە بەهار و ژیان، بەڵام زووخاوی تاڵیش لە دڵت ئەتکێ و تۆزێک لە ئاوی گەڵاکانت پێست و گۆشت دائەڕزێنێ. لە دوورەوە گوێم لە دەنگی کەڕەنای بارەگایە، کاتی بەجێهێشتنی هەوارگایە و ئەلەرێنەوە زەنگۆڵەکان، دەنگئەداتەوە زەنگی کاروان، لە ڕێگەوبان، بەبێ وەستان ئەڕۆین دیسان، هەتا ئەگەینە مەڵبەندی قەشەنگ، بە کوێریی چاوی نۆکەر و فەڕەنگ.

کۆمەڵە سوارێک لە ناکاو وەکوو لافاو دایان بەسەرمان، داریان شکاندەوە و خانوویان ڕووخان، سەوزە و شینایییان پێشێلکردین، گەلێکمان بەر جەزرەبەی قامچی و نووکی نێزە کەوتین. هەندێکمان ڕیخۆڵەی بە سمی وڵاخەوە ڕۆی، کەچی بۆ بەختی کەچمان تەنیا لە بەر خۆمانەوە خوتە و بۆڵەمانە و ئەڵێی پیرێژنی دۆڕژاوین. بە درێژاییی ڕۆژ ڕوومان گرژە و داخ ئەمانخواتەوە و دوعا و نزا ئەکەین و دەم پڕلەجوێن! بەم شەوگارەش دایکانمان بەدەم لایلایەی دەوری بێشکەی کۆرپەکانیانەوە بە گریان و لاواندنەوە دەروونیان سارێژئەکەن. بەڵام ئەمە چەندی بە چەن؟ تاقمە سوارە

وەک بەرزەکی بانان بە خورجی پڕکراو و بە هەگبەی ئاخنراوەوە دەرچوون! ئەم جەردانە گاڵتەیان بە دادی ئاسمان و زەوی دێ و پێنوواندن بە ئەفسانە ئەزانن! خوای گەورە تا کەی، نەبێ بە کفر، بەسیەتی ئیتر!

دەستی زاڵم ببڕە و چاوی جەردە کوێربکە و بیانگلێنە و ژیانی پڕ بێشەرمی غەدارە، بێئیمانە خەڵقکوژەکان تاریکبکە و بیانکە بە پەندی پسارد، نەوەک ئێمەش وەک ئەوان بۆ پارێزگاریی خۆمان بە هەمان کردار و ڕەفتار لەگەڵیانا بجووڵێینەوە و ئیمانمان بدۆڕێنین.

ئەی خوای لێقەوماوان! وا هاوار و نزای مناڵەکانمان گەیشتە ئاسمان، بێدالّدەکان، لێقەوماوان، پێپشتەکان و پشتشکێنراوەکان، هەموو ئەوانەی بە سمی وڵاخ پێشێلکراون و بە دەستی کەرپیاوان بەر قامچی دران و بە خەنجەری چەتەکان بریندارکران، هانایان هێناوەتە بەرت، تۆزێ گەرمیکە سەرت، بۆ خاتری قورئان، تا کەی ئاسنی سارد کوتان؟!

چۆن ئاو بە بێژنگ ئەگوێزرێتەوە بۆ تینووەکان؟ کەی گورگ کراوە بە شوان بۆ پاراستنی ڕان؟ چی بوو، بۆ خاتری یەزدان! ئەم مەنجەڵی مەردانە بۆ هەر نەهاتە کوڵان؟ ئاگرخۆشکەر و فووپیاکەر لەگەڵ دارهێنوەرەکان، سۆمای چاویان چوو، لێویان وشکبوو، پشتیان ڕیشەکێشبوو، مەنجەڵیش وەختە کونببێ، ئەوەندە بنی تەنکبوو، کەچی تازە وا خەریکی مێروولەکردنە کەشکی ئاوەسووی زەقنەبووتمان!

بەسیەتی، وا خنکاین لە تینووانا، مردین لە برسانا و سەرباریشە ئەشکەنجەی گیان و تانووتی زۆڵەکان. دا دەنگ، ئەزرنگێتەوە زەنگۆڵەکان، ئەلەرێتەوە زەنگی کاروان لە ڕێگەوبان، بەبێ وەستان ئەڕۆین دیسان، هەتا ئەگەینە مەڵبەندی قەشەنگ، بە کوێریی چاوی چەتە و زۆڵەک و نۆکەری فەرەنگ!

خوای گەورە، ئەی یەزدان، گوناهم زۆرە و تاوانم گەورەیە و نە لەش ئەتوانێ هەڵیگرێ و لە جێیەکی سەختیشە گیان. بە ڕەحمەتی خۆت تین و هێزم پێببەخشە و بەخۆداگرتنی دان، تا بتوانم مەنجەڵ بهێنمەکوڵ لەگەڵ نەتەوەییەکان، بەجێیبهێنم گشت شەرتێکی پەیمان، ڕووبکەمە بارەگاکەی دادت جەسوورانە و پڕئیمان، داوای سڕینەوەی گوناهەکانم بکەم. ئەی یەزدان، تا تانووتم لێنەدەن ناپیاوە ساختەچییە بێباوەڕەکان، ئەوانەی لە هیچە دوای خۆدۆڕان، ناوی پێشەنگیان نابوو لە خۆیان، چەتە دەست و دەم خوێناوییەکان،

زۆڵەکەکان، شەریکی گورگ و دۆستی درۆزنەی ڕان، کە بەم ڕۆژگار و شەوگارە نە حەپەیان ئەوەستێ وە نە لوورە و نە وەڕینیان بە کاروان، بە پێشەنگی نەتەوەییمان، کە پاکە وەک تیشکی مانگی درەوشاوەی ئاسمان.

بەڵام خاوە خەیاڵی پیسیان، خۆت چاکیان ئەناسی و ئاگاداری لە داو و مەکۆ و گشت تەڵەکەبازی و گۆپەنگێکیان! ئەزانیت و هەموو زانیمان کە ئەمانە کافرن، بێباوەڕن، نانەتەوەیی و سوودپەرستن، بێئیمان. کەواتە غەوری غەزەبیانکە بۆ خاتری ئایەتی قورئان، ڕەجمیانکە و باشتر بیانخەرە ڕوو، تا نەیانمێنێ یەکزەڕە ئابڕوو و ئەو تۆزقاڵەش کە مابوویان، تا دەستی کەسیان بۆ نەبڕدرێت و تا نەتوانن کەڵەکبدەن لە شوان، لە کاروان، لە ساویلکەی پاکی بەسزمان!

خوای گەورە، لێمببوورە و تینم بدەرێ و لەسەر خۆم ئەنجام. شەرتبێ بنێژم زۆڵەک لە شیوا وەک نەمام، نەزربێ هەموو داو و مەکۆیەکیان تێکدەم، ڕووتیناکەمەوە و بڵێم بە دەست و بە دەم: ئەوەتا نیشانی شاردراوەیان داخی لای ڕان، کە مۆری شوورەییی بە قووڵی تیا هاتۆتە زمان. نامەوێ بەم گۆشتە پیسانەوە بم تاکوو مردنیان، چونکە بەتەواوی خۆیان فرۆشتووە بە بێگانە، بە دوژمن، بە شەیتان، بە تەمای چاکە نبن لەم زۆڵەکە ئاوەسووانەی گورگن و لە پێستی مەڕان، بۆ ئەوەی بێنەوە ناو ڕان.

خوای گەورە، لێمەگرە، چونکە دڵسۆزم و دەمڕاست و خۆم کردووە تەرخان، بۆ دادپەرستی و پەیڕەوی هەق و بڕوا و ئیمان، لە ڕێی کوردزمان، هەتا تەرمەکەم ئەبرێتە سەرقەبران، ئەنێژرێم لە گردەکەی سەیوان، هەوارگەی باووباپیرمان، کە بەداخەوە سەریان نایەوە لە هەموو گۆشەییێکی کوردستان، کە ئێستاش گیانی پاکیان بەم شەوگارە خولئەخواتەوە تا بەیان لە پانایی ئاسمان، بە تەمای هاتینەدیی ئامانجی گوزاوی لە خوێنا خەڵتانن، بە تەمای نەمان و فەوتی پیاوکوژە داگیرکەرە زەوتکەرەکانن لەگەڵ زۆڵەکانی خۆمان، کە بوون بە دەستەیەک دز و ڕابەری ئەوان، لەناو شاخەکان، لەناو دۆڵەکان، لە لادێ و شارەکان! ئەوانەی بوونە هۆی ڕەنجەڕۆیی و سەرنەکەوتنمان، ئەوانی بەکوشتیان دا هەزاری وەک باوکی شیرگەری بەسزمان!

ئەی شوورەیی و ڕووڕەشی بۆ گشت نۆکەرەکان، بۆ هەموو بەناو پیاوەکان، کە خاوە گشت خەیاڵێکیان، هەموو تەگبیر و تەکتیک و ڕایەکیان، بە گوڕی

خۆشەویستە بەنەحلەتبووەکانیان، هەتا مابێ چەرخ و زەمان، گۆڕە جێیان، سەقەر، دۆزەخ، لەگەڵ شەیتان!

مژدەبێ لێیان، تازە خێرنابینن لەناومانا، لە هیچ تیرە و تایەفەیەکمان، هەر لە ڕۆشنبیران هەتا ئەگاتە دوا منالّمان، بە زازا و لوڕەوە هەتا دوا پیاوی کرمانجمان. دا دەنگ، ئەزرنگێتەوە زەنووڵەکان، ئەلەرێتەوە زەنگی کاروان، لە ڕێگەوبان، بەبێ وەستان، ئەڕوا دیسان، قافڵەی مەردی نەتەوەییمان، هەتا ئەگاتە مەڵبەندی قەشەنگ، بە کوێریی چاوی چەتە و زۆڵەک و نۆکەری فەرەنگ!

سەرم ناوە و هەر ئەڕۆم، یاری دێرین، لە ڕۆیشتنما گەلێک شت ئەبینم بە چاوی سۆماچووم، گەلێک دەنگ ئەبیەم بەو گوێیانەی هەتا ئێستا ملیارەهای ملیار دەنگی جیاوازم پێ‌بیستن و کەڕیش نەبوون. بە ڕاستی چاو و گوێ بەتین و نەبەز و بەسەبرن، کە ئەوانن ئەو هەموو کۆست و کوێرەوەری و دەنگە جیاوازە هەمەچیزانە لە مێشک و کانگای هەستی‌دا بە قووڵی نەخش‌بکەن و هەر بەردەوام‌بن بۆ ئازاردانی دڵ و گیان، بۆ ئەشکەنجەدانی کانگای ویژدان. خۆزگە خاوەن‌هەستەکان نە چاویان ئەبوو، نە گوێ و نە زمان! بەڵام خۆزگەی ڕووت هیوای پیاوی داماو و لێقەوماوە، هەزار خۆزگەی ڕووتی بێ‌کارکردن تاقە قسەیەکی هەق و تاقە هەنگاوێک ناهێنێ! دە بۆیە کەوتوومەتەوە ڕێ و هەر ئەڕۆم، تا توانام لێ‌ئەبڕێ و ئیتر نامێنێ ڕێ.

بەو بەرمانەوە کوردێکی بەساڵاچوو دوو گوێ‌درێژی داوەتەپێش، بە تەورداس و گوریسیا دیارە کە ئەڕوا بۆ داربڕین، ئای کە داربڕین خەتایە و گوناهە بەڵام چا؟ ئەم خەڵقە ئەیانەوێ بژین، تەنیا ئەوەش فێربوون کە ئەبێ هەر بە دەوروپشتی خۆیانا بڕوانن و لەیەکتری بسرەوێنن و لەیەکتری بخۆن و ناهەقیان نییە، چونکە ئیدراکی تەواویان نییە.

مامەی داربڕ، بە دۆڵە کپەکەدا سەرکەوت، کەری وەستان لە شوێن هەوارگەی جەنگەڵستان، بە پیرەتەورداسەوە ڕووی‌کردە ئەو دارەی جارێکیان من و تۆی پاراست لە باران، حیرسم هەستا و داربڕ وەستا، سەرکز و چاوەڕوان. دەنگێک هاتەگوێم: نەکەی مامەی داربڕ، ئامان! پارێزگەری یاران بریندارمەکە، تووبی قورئان. با بمێنێ ئەم دارە، چونکە پیرۆزە و یادگارە بۆ ئەو دوو دڵدارەو کە دەروونیان پڕجەخارە، ئەو دووانەی نەگەیشتن بە ئاوات، یەکێکیان وا لەتەک کاروان،

ئەویتریان ئاوارەیە و پەرێشان، ڕۆژ تا بەیان، ئەگەڕێ کێوان، دۆڵان، شاخان، بۆ دۆزینەوەی کەرتەکەیتری گیان. نەکەی ئەو دارە ببڕیتەوە، دەستم دامێنت، چونکە لە دێرزەمانەوە وەستاوە چاوەڕان، بەڵکە ئەم ناوە ببێتەوە بە جەنگەڵستان، ڕۆشنبکرێتەوە بە چراخان، ئاوەدانببێتەوە باشتر لە جاران، لەجیاتیی باووباپیران نەوەی مەردی تازە بێنەوە مەیدان، سارێژبکەن دەروونیان، بگەنە مایەی بوونیان، تا شادبن ئەو گیانانەی بە دەوری ئەم دارەدا شەو تا بەیان لە نزا ناکەون، بەڵکە ئەمە خوایە نەوەی تازە سەرکەون.

مامەی داربڕ، گەڕایەوە و ئاوڕێکی پڕترسی دایەوە و نەڕاندی: من و لانەی گیان تێکدان! من و بڕینی داری داڵدەی دڵداران! من و لەیادکردنی گوڵاڵە و لوولاقی ئێسقان، کە گشت یەکێکمان لەسەر کانییەکە، لەناو گابەردەکانا، لە دۆڵە کپەکەدا، دیمان. ئەی ئەگەر لەیادیکەم، کوێربێ چاو، کەڕبێ گوێ، شەقبەرێ زمان. بە نەحلەتبم هەتا ئاخرزەمان. ئەوا نەمبڕی ئەم دارە و نەمویست پارە، خوایئەکرد ئەمردن لە برسا گوڵچین و نەسرین و نەریمان!

پیری کوردی مەرد، کەوتەڕێ بۆ ناو دێ، لە برسانا لاکەی سەری دێ. لەوێش ژن و مناڵ چاوەڕوان، بە ڕاستی لەبارە ئینسان بۆ گۆڕان، بە شەرتێک کاربکەیتە ویژدانی ، ئەخاتە لاوە دەستکەوت و سامانی، هەتا ڕادەی گیان، مناڵەکانیشی ئەکا بە قوربانی و خۆشی سەربارەی ئەوان!

دا دەنگ، ئەزرنگێتەوە زەنووڵەکان، ئەلەرێتەوە زەنگی کاروان، لە ڕێگەوبان، بەبێ وەستان، ئەڕوا دیسان قافڵەی مەردی نەتەوەییمان، هەتا ئەگاتە مەڵبەندی قەشەنگ، بە کوێریی چاوی چەتە و زۆڵەک و نۆکەر و فەڕەنگ.

دوای ڕۆیشتنی پیری قارەمان، بەرەو داری مەڵبەندی یاران، کەوتمە تەکان، بە یادی جاران، سەرم گەرمی بەیایی و دڵەم شێت و شەیدایی و لە تاقە ئانێکا هەزار شتی پێچەوانە لەناو مێشک و کانگای هەستا بەرەنگاری یەک ئەبوون. من مەیدانی جەنگی ئەم هێزانەم بووم و هەموویانم ئارام پێهگرت و تەمەنی خۆمم بۆ ئەکردن بە خۆراک و ئەسپێک حیلانی و ئەو ناوچەیەی شڵەقان، پیاوی بەجەرگی ئەترسان و لە نەفامەکانی ئەو ناوچەیەی ئەگەیان کە دەرسی لە پیری مەرد وەرگرتووە و ئەمیش وەک ئینسان نادا زیان لە مەڵبەندی باووباپیران. لەدوای پڕمە و سمکۆڵ، کەوتە چەپۆکان! بەڕاستی ئەوەندە نەماوە گیا و گوڵ و کانیاو و

گابەردەکان، دۆڵ و دەرە و شاخەکان، فڕندە و مەلەکەرە و گشت خشۆکی دەشت و دارستان، گیاندار و نیوەگیان و بێگیانەکان، بێنە زمان، بچنە ڕیزی مامەی قارەمان، کە نەیویست سوودی گیرفان و تەوری نەوەشان و نەبوو بە پوازێکی بێفەڕ بۆ بزووتنەوەی نەتەوەییمان!

لەژێر پیرەدارا وەستام و فرمێسک سەریکرد لە چاوان. تووخوا پیرەداربەڕووی ئاشنای کوردان! بۆ نایەیتە زمان؟ بۆ ناگێڕیتەوە بەسەرهاتی ڕابوردوومان، گەشت و گوزار و دڵداری و سەیران، تالان و جەردەیی و ڕێگرتن و سووتان، یەخسیرکردن و ئابڕووچوون و بەسەرهاتی کوژراوان و بەداراکراوانی بێتاوانی مەردی قارەمان؟ بۆ پێمناڵێی چی بوو گوناهیان؟ ئەی ئەگەر نەمانبوو گوناهـ و تاوان، لەپای چی ئازار و ئەشکەنجە و دیلیمان؟ خۆشمئەوێی، ئەی پڕ لە گرێی بەر لە فیشەک چووی لە بت گێلتر و بێزمان، ئەگینا ئەمکردی بە خەڵووز لەسەر نەریتی باووباپیران، بۆ ئەوەی بمهێنیتایە زمان و بەسە بێدەنگی، بۆ خاتری خوای دڕندە و دەعبای ناو جەنگەڵستان، دەروون هەڵقرچاو، کانگای هەست داگیرساو، نایکوژێنێتەوە سەیلاوی جیهان! ئەم بێدەنگییە تا کەی و ئەم ترسە تا کەی و با ببڕێتەوە فیشاڵ و گەزاف و خۆخەڵەتانی پڕ لە زیان! بە دەستی خۆم ئەخورێنم و بە پێی خۆم ئەکەومە ڕێ، متمانە بە توێشووی خۆم، هەتا ئەگەمە جێ و هەتا هەموو وا نەکەین، هیچمان بۆ ناکرێ و ئەوی وا نەکا، خوا ئەیگرێ و هەر کەسێک بەرهەڵست بێ، دوژمنە و نابێ لەم ئاو و خاکە سوودوەرگرێ و دارەم بەجێهێشت و کەوتمەوەڕێ، گوێم لە دەنگی زەنگی کاروانە، مێشکم گیرۆدەی زەنگۆڵەکانە. ئەڕوا دیسان بەبێ وەستان، قافڵەی مەردی نەتەوەییمان، هەتا ئەگاتە مەڵبەندی قەشەنگ، ئەخاتە ژێر پێ زۆڵەک و ترس و نۆکەر و فەڕەنگ!

ڕێگەوبان دوورە و درێژە و سەختە و بێبڕانەوە. هەموو قۆناغێک مەنزڵێکە بۆ حەسانەوە. نەکەی بوەستی، دەستم دامێنت! ئەگینا لە ئاوی وەستاو خراپتر ژەنگ هەڵئەهێنی و ئەبی بە بەدناو وەک زەلکاو. ڕۆیشتووش مەردە و پیاو و شوێنی نەتەوەیی ئەمیانە و گۆڕی نۆکەریش ئەویان. گەرمیانئەکەم، کوێستانئەکەم، خاکی خۆمە و گوزەرئەکەم. گیانی خۆمە و نەزریئەکەم، هەتا سەربەستیم فەڕزنەکەم، کوردستانم پڕفەڕنەکەم، شەرتە بە دڵ ئۆخەینەکەم.

هەر ڕێیە بەدوای ڕێدا و هەموو ڕێیەک ئەبێ بچێتەوە سەر بانە و فەرموودەی باپیرمانە و ڕزگاری ئامانجمانە و کوردایەتی مەخشەڵی خەباتی نەوەی نوێ، کە هەر ئەبێ سەرکەوێ.

لە ڕێڕەومانا گەلێک شتی تازە ئەبینین و زۆر دەنگی سەیر ئەبیستین و هەرگیز کاروانی ئەمجارەمان سڵ لە لووشکەلووشک و حەپە و لوورە ناکاتەوە و لە دنیای ئەگەیێنین کە قۆناغ لە کوێیە و هەموو دڵ و دەروون پاکییەکی ساویلکانەی ئێمە و باووباپیرانمان لە نەوەی نوێی نەتەوەیی‌دا ئەبێ بە گڕ و خوێن و ئارەق و ڕووناکی و سەمفۆنیی بێ‌نەشازی کوردی نەمر. بەهار مۆنییەکی فریشتەیی بەرزئەبێتەوە و ئارامێکی یەکسانیی نەتەوەیی لە هەموو بستە زەوییەکی نیشتیمانا جێگیرئەبێ. کاروانی نەبەزمان ڕابوردووی هێناوەتەوە بەرچاو و بیری لە ئەمڕۆ کردۆتەوە و بۆ سبەینێ کەوتۆتەڕێ لە شار، لە دێ، هەتا ئەگاتە جێ. دوێنێی پڕ زەلیلی و فرمێسک و ئەشکەنجەمان ناشت، لەگەڵ هاش‌وهووشە و قسەی سەرتاپا نوواندن و پڕ لە خەیاڵی نۆکەرانی بێگانە و مێرووولە تێی‌داین و مێش چاوی دەرهێنایین و کێچ خوێنی مژین و پەشیمانبووینەوە و گەڕاینەوە سەرەتا و دڵمان ڕەق‌بوو، چاو پڕ لە خوێن. تفی ناوچەوانمان بە لەپی دەستی شەقاربوو سڕی. جەزرەبەی حەیزەران و قامچی و بازنە ئاسنینەی گەیشتووە سەر ئێسقانمان، بە قووڵی لە مێشکا نەخشە و "هەر ئەقڵە لە خەسارێک!"، هەرگیز جارێکی‌تر ناخەڵەتێین و ڕێویی هەزار ڕێ دانەر، بەشی یەکچەپۆکی شێرە! کە لەشمان دائەهێزرێ، لوولاقی ناو دۆڵە کپەکان و پەنا ئەشکەوتەکان ئەهێنینەوە یاد و کە یەئس زێفمان بۆ ئەهێنێ، بڕوای نەتەوەیی بەسەرمانا ئەنەڕێنێ: نەچنە ڕیزی بوودەڵە و کەرپیاو و هیوابڕاوان! ئێوە کۆکەرەوەی هەموو ئازار و ئەشکەنجەی چەرخەکانن، ئێوە خاوەن هەست و بڕوای نەتەوەییی جوانن، ئێوە ڕابەری دیل و خەولێ‌خراوان و لەخشتەبراوانی دەستی زۆڵەکەکانن، ئێوە و ڕێ بەرەڵداکردن بۆ مۆرکراوەکان؟! ئەگەر بەرەڵدای‌کەن، چقڵی داربەڕوو قولاپی هەڵواسینتان بێ، خۆڵی گۆڕستانی کوردستان نەتانگرێتە خۆی!

منیش لەگەڵ کاروانا هێز نییە ڕێم لێ‌بگرێ و هەر ئەڕۆم و هێشتاش هەر عەوداڵی تۆم! بۆیە بە هەزار و یەک جۆر دەروون سارێژئەکەم. وا ئەمجارەش شمشاڵت بۆ لێ‌ئەدەم. پڕبەدەم فووی پیائەکەم، تا وەک کەڕەنای لێ‌ئەکەم. ئەزانم دووریت و گوێت لە گۆرانییەکانم نییە، بەڵام هەر ئەتگاتێ و ئەڵێی ئەوە چییە؟ ئەو

حەلە لەسەر لوتکەی ئاراراتەوەم، لە شیرین و سەفین، لە هەورامان و بەرزان، لە هەموو گۆشەیەکی کوردستان، ئەنەڕێنم و ئەقیژێنم، هەموو دنیا ئەخرۆشێنم، هەموو هەوا ئەجۆشێنم: ئەمەی بیستت گۆرانییە، هەست و هێزی دەروونییە، جۆشاوە و ئامانی نییە، کەس خۆی لەبەرناگرێ، چونکە بە کوردییەکی تەواو پەتییە. ئەو حەلەش هەر ناوەستێ کاروان و ئێستەش وا سەرلەنوێ گوێم لە دەنگی زەنگی کاروانە، مێشکم گیرۆدەی زەنگوڵەکانە. ئەڕوا دیسان بەبێ وەستان، قافڵەی نەتەوەییمان، هەتا ئەگاتە مەڵبەندی قەشەنگ، ئەخاتە ژێر پێی زۆڵەک و ترس و نۆکەر و فەڕەنگ!

کە زەنگی کاروان لە مەنزڵگایەک بێدەنگ بوو، لەبن دیواری ڕووخاوی ماڵێکدا شانم لێدادا و چاوم نووقاند. ئێوارە بوو وەختی خەوتنان، لەپڕ هاتە گوێم دەنگی گریان. ئافرەتێک بوو نوورانیی موسوڵمان. لەسەر بەرماڵ بۆ شەکوای حاڵ، ئەپاڕایەوە لە یەزدان، خوای گەورەی هەموومان! بیانپارێزە و بەسە ئازار، ئاگاداریان بە و بیانگەیێنەرە ماڵ. گەشتنەکەیان هەرچەندە ترشە و تاڵ، بەڵام کە کوڕ و برا و ئامۆزاکانم گەیشتەوە و وڵاخەکانیان بەستەوە، ئیتر هانایەکم دێتەوە بەر و خۆم ئەخەڵەتێنم کە هیچ لەم ناوە نەقەوماوە و هیچ خراپییەک ڕووی‌نەداوە. خوا جگەرمن و لێم‌مەگرە و پەردەی دادت ڕائەوەشێنم، خۆم ژیرئەکەم، خۆم ئەنوێنم، توانای سەبرم نەماوە، کاسە پڕبووە و لێیڕژاوە.

ئەم ئافرەتە هەتا بەیان لەگەڵ یەزدان، ئەم باسەی بە ویردی زمان. لەگەڵ شەبەق کاروان هەستا و کەوتینەوەڕێ، بەڵام بەسەر زینی وڵاخەوە دەست قوڵپۆز ناگرێ، ئەوەندە سەختە ڕێ!

گوڵەکەم، فێنکیی دڵەکەم!

کاروان هەر وا لە ڕۆیشتنا و نیشتیمانیش سەرتاپا بە پێدەشت و گرد و دۆڵ و بنار و نزار و شاخیەوە ڕازاوەتەوە، ڕەنگینە. بەهارە و ڕۆژێکی هەتا بڵێی شیرینە. ئەم بەهارە پاراوە جوانە چیرۆکێکی ئێجگار کۆنی لەگەڵ خۆیا هێنایەوە و بیری شەکەتی منی خستەوە بەر قامچیی لێکدانەوەی ئازاراویی بێبڕانەوە. ئەڵقە ئەڵقە و زنجیر بەدوای زنجیرا، چیرۆکی باووباپیران وەک شریتی سینەما و وێنەی تەلەفیزیۆن، بە پەردەی مێشکا تێپەڕین. منیش بە تاوانی ئەزانم

هەندێکت بۆ نەخەمە سەر کاغەز و نەوەی ئەو قارەمانانەش وریانەکەمەوە، کە بەشێکیان دەمڕووتی و بێگانەپەرستی و شەکەڕۆکەیەتییان کردۆتە پیشە، لە ڕێی سوودپەرستیی پیسی خۆیانا، بەڵکوو ئەمە خوایە هۆشیان بەبەرابێتەوە و ڕەگی مەردایەتییان بجووڵێ و خۆیان لە زومرەی زۆڵەک دەرکێشن. ئیتر خۆیان و کیشوەرەکەیان نەفرۆشن.

تووخوا پێیانبڵێن بەم لەپیاوچووانە کە باوک و باپیرتان لە ڕێی ئێوەدا بوونە قۆچی قوربانی، کەچی ئێوە خەریکی ناو سڕینەوەی ئەوان و خەریکی پێشێلکردنی میراتی پیرۆزیانن، خەریکی مامەڵەی فرۆشتنی هەموو دامودەزگا و ئابیدە و پەیکەریکی قارەمانانی شکۆدارمانن. ئای کە پیسە کوڕ باوکی بفرۆشی بۆ دەستکەوتی چەپەڵی خۆی و ئای کە شوورەییە پیاو پێ بە زمان و نەریتی باووباپیری خۆیا بنێ و چەپکەگوڵ بخاتە سەر گۆڕی گەورەی پیاوکوژان و ئەو دەستانە ماچکا کە هێشتا تەڕن بە خوێنی برا و کەسوکارەکەی!

برای شیرینی دڵ پڕ برین! سەرێ هەڵبڕە و بدەرە پێکەنین، نیشتیمانی ئێستات ببینە، چەند دڵگیر و شیرینە. ماڵ بێ خێزان کەلاوەیە و نیشتیمان بێمەردان دۆزەخێکە سەرگەردا. وا پێشەنگ هاتەوە مەیدان، کەوتەوەڕێ سەرتاپا کاروان، ئەزرنگێتەوە زەنگۆڵەکان، سەدای زەنگمان ڕووەو جیهان کەوتە کشان. قافڵەی مەردی نەتەوەییمان باوەڕپاکە و کارامە و ڕاستە و ئەڕوا دیسان بەبێ وەستان، هەتا ئەگاتە مەڵبەندی قەشەنگ، ئەخاتە ژێر پێی زۆڵەک و ترس و نۆکەر و فەڕەنگ!

برای شیرین، دڵ پڕ هیوای دەمبەپێکەنین! وەرە تووخوا لەم خۆشییەی ئێستامان وەخت بدزین، کەمێک بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژانی دێرین، کە باووباپیرانمان تیایا ئەژین، سەربەست و شادمان.

لە زەمانێکی زۆر کۆنا، ئەم خاکەمان وەک ئێستا جوان و قەشەنگ بوو، ئاسمان پێئەکەنی، جەنگەڵستان ئەتریقایەوە، فڕندە و ئاژەڵ لە دەماخا بوون، بۆنی خۆشی عەتراویی گژوگیا و گوڵەکێویلە سەرتاپا کردگاری مەستکردبوو. هەموو مرۆڤێکی ئەم وڵاتەش خەریکی کاروباری ڕۆژانەی خۆی بوو، گشت کار و فرمانێکی مەردی دڵسۆز زەخیرە بوو، ئەخرا بۆ نەوەی دواڕۆژ. لاوە قارەمانەکانیشمان هەمیشە نزیک بە پۆپە قووچە سەربەفرینەکان ئەژیان بۆ ئەوەی نزیکبن لە هەور و ئاسمان، لە هەموو شتێکی بەرزی پاکی جوان! یاساوڵ بوون، یاساوڵی پارێزگاریی نیشتیمان!

پیدەشت و جەنگەڵستانی چڕۆ و هەموو شوێنێک کە وڵاخی پیا بڕوا، جێگای ڕابواردن و گەشت و گوزاریان بوو. بەدەم ڕاوەوە دنیایان تەیئەکرد، شەویشیان بە شیعر و چیرۆک و داستان ئەبردەسەر و ڕێوشوێنیان دائەنا تا کاتێکی درەنگ دەستیانئەکردە ملی بەرزی و شکۆ. خەو ئەچووە چاویان، بەڵام دڵیان هەمیشە بەخەبەربوو. لە دەمەوبەیانیشا چالاکانە ڕائەپەڕین، لاوچاکانە ئەکەوتنە خۆیان و شۆڕئەبوونەوە بۆ بنار، یەکیەک و بە قەتار شۆڕەسوار، هەی شۆڕەسوار!

شوان ئاژەڵی ئەلەوەڕان و ئاوازی شمشاڵ و گۆرانیی کوردی هەزار دڵی ئەکرد حەیران. حیلەی ئەسپی لە کەحێل بەتینتری چیابڕ کردگاری ئەخرۆشان. لە نزیک کانیی دێوە پۆلە کچی باڵابەرزی قەدباریکی سنگتەیری هەڵکەوتووی بەژنشووشی بێگەرد، بە پرچی درێژی خاوی زێڕین، بە چاوی خوماری مەستی پڕ لە پاکی و بە ڕووی بێگەردی لە گوڵ نازکتر و لە ئاوریشم نەرمتر و لە جوانی جوانتر، دیمەنی حۆریی بەهەشتیان لە مێشک، لە دڵ، لە کانگای هەستی ئەچەسپان. کوڵم ئاڵ و لێو پەمەیی، دەست بەگۆزە و مێخەکبەند لە مل، خۆیان گوڵ و گوڵیشیان دابوو لە سەریان و پێی نازیان لە فەرشی گوڵ ئەنا، دڵی بێدڵیان دەرئەهێنا. زەردەی پڕ شەرم و پێکەنینی بەکوڵ، هەر لەو دەم و لێوانە ئەهات! سوارچاکە مەردەکانیشمان ئەڕۆیشتن بۆ دوور، لەدوای ماوەیەکی زۆر کە ئەگەڕانەوە، گۆرانیی سەرکەوتنیان ئەوت و تەپڵی بازیان لێئەدا. سەدای غەڵبەغەڵبیان دەنگیئەدایەوە و نیشتیمانی ئەهێنایە جۆش!

بەڵام ئەم شادمانی و بەختیارییە، بە خۆشی نەچووە سەر. لەپڕ ڕۆژێک سوپای یۆنان و ڕۆمەکان وەک لافاو ڕوویان تێکردین و پیاماناهاتن؛ دێیان ڕووخان، جەنگەڵیان سووتان، شاریان کرد تاڵان، هەرچی داربییەکمان هەبوو، بردیان؛ هەرچی نووسراوێکمان بوو، دزییان. لەدوای کوشتن و بڕین و تاڵان و سووتان، ئینجا بۆی دەرچوون وەک بەرزەکی بانان. بەڵام بەسەریانەوە نەچوو، خاوبوو خەیاڵی کەنەفتیان.

لە هەموو لایەکەوە فوو بە کەڕەنادا کرا و تەپڵ لێدرا و ئاگر داگیرسێنرا، سوار کەوتە خۆی، زرێ و کڵاوئاسن لەبەر و لەسەر کران، نێزە و ڕم بەدەست، شیریش لە کێلان، ئاوزەنگییان پیاهێنا و ناوی کوردیان لێهێنا و

چونە مەیدان، پڵنگ و شێران، کچمان، کوڕمان، دایکان، باوکان، مەردانە جەنگین، سەریان لێ تێکدان، یەک بە دە سەندیانەوە تۆڵە لە ڕۆمییەکان، لە یۆنانییەکان، لە داگیرکەران. بەم جۆرە بوو زاتی باپیران، بۆیە زەینەفۆن مەجبووربوو بنووسێ لە مێژووا ناومان و ماوە و هەر ئەمێنێ تا ئاخرزەمان، میللەتی کوردزوبانی قارەمان!

ئێستاش وەک ئەبینی ڕەنگینە نیشتیمان، خەریکە یەکئەگرێتەوە زازا و کرمانج، کە بە دەستی بێگانە لەیەکدابڕان. شادبە براکەم بە قەشەنگیی کاروان، بە پاکیی پێشڕەوی مەردان. وا ئەزرنگێتەوە زەنوڵەکان، لە ناوشاخان، لە لادێکان، لە جەنگەڵستان، لە دۆڵەکان، لە شارەکان. هەر دەنگئەداتەوە زەنگ، هەتا ئەگەینە مەڵبەندی قەشەنگ، بە کوێریی زۆڵەک و نۆکەر و فەڕەنگ!

لەپاش شەکەتی، حەسانەوەیە و لەدوای سەرکەوتن، پشوو. بەڵام غەڕاییی و بابیبوون پیشەی کەرپیاوانە! خلۆربوونەوە هەتا بڵێی ئاسانە و نە پشووی ئەوێ و نە حەسانەوە، بەڵکوو پێویستی هەیە بە خۆگیرسانەوە. لەسەر پۆپەی چیای شیرین وەستام بەرامبەر بە سەفین. هاوارئەکەم هەیبەت سوڵتان! ئەی نازەنین، دڵئاگرین، کوا ئاگری ڕۆژی بەرین؟ هەستە وەرە، یاری دێرین، نیشتیمان ببینە و چاو بە کردگارا بخشێنە و بزانە چەن دڵڕفێنە، چەن جوان و پاک و ڕەنگینە، ئەڵێی بەهەشتەکەی بەرینە.

خۆری گەرمی دەروونداگیرساو، پەلەیەتی و هاتووە بۆ پوڕتاو، بۆ لای لەیلی لە خێڵ جێماو، لەیلی خۆر بەفری سپیی بریسکاوەیە و لە گەرمیی دڵداری ئەتوێتەوە و ئەبێ بە تنۆکە ئاو. لە دامێنا دروستئەکات کانیاو، جۆگە و چەم و ڕووبار، زەویی ڕەقەن ئەبڕێ، شاخی سەخت ئەدڕێ و لە وێنەی تاڤگەیەکی بەگوڕژم [و] تاو، دەرئەپەڕێ بۆ بەرەو خوار، بۆ ناو دۆڵی هەزار بە هەزار، ئەیەوێ زوو بگاتە ئاوات، لاناکاتەوە و پشوونادات، غەڕانابێ و خێرا ئەڕوات، ناپرسێ لە هات و نەهات. جەسارەتە دروشمی نەجات! ژیانی خەباتە و خەبات. جگە لە زەڵم و ئامێدی، گەلێ تاڤگەیتریشم دی، هەموو وەک کاروان بە قەتار، ئەڕۆن بەرەو خوار، بۆ زەریای بێقەرار، تا سەرلەنوێ ببنەوە بە هەڵم و هەور و باران، چەخماخە و برووسکە بدەن لە ئاسمان. بگرمێنن لە شاخان، لەناو دۆڵەکان. بخرۆشێن گشت کوردستان، بێنەوە خواری

پێچەکلووی جوان، وەک پەپوولەی باڵزیوی بێگیان، بنیشنەوە لە مەڵبەندیان، جێی ملیارە ساڵەی باووباپیران.

لەگەڵ دەنگی تنۆکتنۆکی هێمنیی ئاوی بەفراوا، لە خوڕەی نیوەشەوی بەسامی کانیاوا، لە جرتوفرتی ڕێگرتنی بەردی بێعار، کە خۆی ئەکا بە ڕێگری ئاوی عەمبار، وەک نۆکەرێکی بێباری لاسار، لە هاژەهاژ و لە قەڵبەزەی تاڤگە و ئەو ئاواز و سروودە سامناکانەدا، لە هەموو کەفچەڕێنێکی چەم و ڕووبارەکانا کە گینگڵەئەخۆن و پەنگئەخۆنەوە و وزاقئەدەنەوە، بەگوڕ هەتا خۆیان ئەدەن بەسەر سنگی زەریادا؛ گۆرانییەک ئەبیەم، کە لە پێشەوە خوڕخوڕ ئەگری، ئەپاڕێتەوە و ئەلاڵیتەوە. بەڵام ورەبەرنادا و لە ڕۆیشتن ناکەوێ. ئینجا ئەوەندە بەربەرەکانی ئەبینێ و ئەوەندە ئەشکەنجەئەدرێ، تا ئەهاژێ و کەفئەچێنێ و مەنگ ئەوەستێ و بەڵام نامرێ، خۆی کۆئەکاتەوە و برین سارێژئەکاتەوە و وزاقئەدا و بەگوڕ تێئەپەڕێ و زەویی ڕەقەن ئەبڕێ، گابەرد ڕائەماڵێ، شاخ هەڵئەدڕێ. هەزار ئەوەندەی جاران بەتواناتر و نەترساوتر و پڕزاتتر و بەهێزتر ڕووئەکاتە زەریا و هیچ هێزێکی پیسی ناو ئەم دنیایە ناتوانێ دەرگای ڕزگاریی لێدابخا و ڕێی گەیشتنە ئاواتی لێبباتە بەست.

ئەوی لافاو بە زەویی ئەکا، مەگەر سەرما بە هەتیو و با بە دەواری پڕ لە کەلەبەری پەت و گوریس پچڕاوی بکا. ئای لە کڵۆڵیی زەویی دڵڕەشی لمینی پڕ بەندوباو، ئای بۆ بەسزمانی خاوەندەواری شڕی لە بێخا هەڵکەندراوی لە ئەصڵا نەچەسپاو، ئای بۆ پەت و داوی ڕزیوی گشت ئیمانلەقێکی ترسنۆکی زۆڵەکی لە هیچا وەستاو! بەهارە و هەتا چاو بڕئەکا هەڵساوە ئاو، ڕائەماڵێ پووش و پەڵاش و چڵوچێو و بەردی ناپیاو، قاپی و بەرهەڵستی تلیساوی دەستکردی بێگانەی مەیموون چڕوچاو. دێوی چی و کاک هەمزە تۆ لە هەباست چی؟ پێتئەڵێم لافاوە و ڕاتانئەماڵێ بە حەقی نەبەزینی هەموو نەتەوەیییەکی پیاو، کە سەدهەزار جار پێشێلبکرێ و ناوخراپبکرێ، هەر ڕووئەکاتەوە نێرینەی ئاو، هەتا ماوە ناچێتە تەنکاو. با لە ئێستاوە بتەقن و با لە نیهادی پیسیان بچەسپێ کە خوڕ هەر خوڕە و بەتین و پرشنگدار و جوان ئەسووتێنێ میکرۆبی گرۆی دوژمنی ئینسان. ئاویش هەر ئەڕوا بەهێز و ڕەون. لافاویش ڕاتانئەماڵێ بۆ خۆتان و زادەی بیری ڕەشتان! ئەو حەلەش دوا شتنەوەی زەویمان لە کردارتان بە لافاو و بە باران، بە هەموو شتێکی پاککەرەوەی جوان،

ئەڕازێنێتەوە وڵاتمان جوانتر لە جاران. لە هەموو شوێنێکیش‌دا دەنگئەداتەوە زەنگی کاروان، ئەزرنگێتەوە زەنگۆڵەکان، لە ڕێگەوبان، لە ناوشاران، لە هەیوان، لە ژوور، لە حەوشە و سەربان، لە گشت ماڵێکمان هەر دەنگئەداتەوە زەنگ، هەتا ئەگەینە ژیانی یەکسانی و ئاواتی قەشەنگ، بە کوێریی زۆڵەک و نۆکەر و فەڕەنگ!

چەند ناخۆشە ڕێیەکی دووروودرێژت لەبەربێ و تۆش ماندوو و شەکەت! لەش‌بەبار و دەروون‌زامدار، برسی و بێ‌پەنا و بێ‌کەس، بێ‌زادم بێ‌توێشوو، پێ‌خاوس، سەرقۆتین، سەرما بدات لە باڵت، ترسیش سەربارەی باران بێ. داخ لە دڵتا ئەوەندە خەست و بەجۆش بێ، بینای لەشت بهێنێتە جووڵە و توانای دەفعی سەرچاوەی داخیشت نەبێ. چەند ستەمە قافڵەت ببێ و جەردە لێی‌بدا و شەریکی دز و ڕەفیقی قافڵە، گەزارەی بێ‌شەرمی و شەرەف‌فرۆشتنت لێ‌بکێشێ و بە ناوی دڵسۆزییەوە ورەت پێ‌بەربدات!

دە بۆیە بێزارم لە درۆودەلەسە ناپاکەکان، لە فیشاڵ و ترسنۆکی، لە دوودڵی و لە خۆپەرستی. بێزارم لە سەیرکەری هیچ لەبارانەبووی هیچ‌نەکردووی خۆ بە هەموو شتێک زان، وەڕسم لە زراوچوون و لە نامەردیی هەندێکمان کە وەختە بچینە ڕیزی نۆکەر و زۆڵەک و کەرپیاوەکان!

دەرکئەکەم بەمانە هەموو، بە هەموو کەمییەک، بە هەموو ناتەواوییەک. لەگەڵ ئەمەشا وەرە نەتوانی مستێ خۆڵ بکەیتە سەر پیساییەک، خشتێ بخەیتە سەر خشتێکی‌تر. وەرە نینۆکت ببێ و مافەتە تێی‌دابێ و کەچی خۆت نەخورێنی؛ دەستت ببێ و شتی پێ هەڵنەگری؛ قاچت ببێ و لەبەر لەرزینی دەستکرد، پێی نەڕۆی. وەرە زمانت ببێ و بە دەستی ئەنقەست بیبەیتە کلیلە و دەنگی هەقی پێ‌نەڵێی. وەرە بەرامبەر بە پێشێلکردنی هەموو شتێکی پیرۆزی خۆت و ناوماڵەکەت نەجووڵێی ئەبڵەق وەستاو، ئابڕووبراو، حەیاتکێنراو، مل شۆڕکەیت و سەر نزم. دەک خەجاڵەت‌بی خزم!

نازدار! ژیانی پڕە لە ئازار، دنیا گەرمە و کاتی پووشپەڕ، بەسەرچوو بەهاری قەشەنگی تەڕ، هەر تەڕ، هەر دڕکە و پەیکوڵ، خۆمان ئەکوتین و مەنزڵ، بۆ ناو کەپر و سابات، بۆ ژێر دارگوێزی سێبەرچڕ، هاوینەکانی میوەگەنان، بەڵام هەر ئەزرنگێنەوە زەنگۆڵەکان، چونکە لە ڕۆیین ناکەوێ کاروان.

لەژێر سێبەرێکا خستمان، هەموو هیلاک و شەکەتی خۆڵی ڕێوبان، لێرەا بووەوە بە ئارەقی لەشمان، برسی و تینوو، دەستمان نەبوو دەرهێنین تێشوو. ئەی خوای گەورە، تۆ لە زمانی لاڵ ئەگەیت، ئاگاداری لە خشەی مار و مێروو، بەسە ئیتر ئاوڕێکمان لێبدەرەوە، لە زمانی کوردی پەتیی ڕەوانمان بگە، دە ڕوویێکی ڕەحمەت، لە ڕێی تۆدا هەموو شتێکمان لەبیرچۆتەوە و هیچ ئەشکەنجە و ئازارێک ورەمان پێبەرنادا، چونکە خۆمان بۆ خێرخوایی نەزرکردووە.

لە دێی دامێنا، کەڵەشێرێک لە ناوەختا ئەیخوێند، لە پێشەنگێکی باییی خۆتڕێن ئەچوو، کاروان هیلاک و ماندوو، دنیا گەرم و پرسەبوون، ڕێوبان سەخت و پردەعبا و کەچی کەڵەشێری بایی لەناو دێی بێئاوایی هەر لە خوێندنی خۆی ناکەوێ، بە زۆری زوردارەکی ئەیەوێ چەقەڵ و ڕێوی بە مریشکی دێ فێربکا، ئەوەندە نەفام و ساویلکەیە، هیچ دەرسێکی لەو باوکانەیەوە وەرنەگرتووە کە لە ناوەختا خوێندیان، بۆیە بوونە خۆراکی ورگی تێرنەبوو، قڕیان تێخرا.

کوڕێک لەبن دارێکا شانی لێداداوە و کەشکۆڵ بەتاڵ و حەتاڵ لە ملیا چەسپە و گۆچانە خوارەکەی لە تەنشتیەوە، پرخەی خەوی ڕۆژەڕێییێک ئەڕوا، بەڵام کە دەستی کراوەیت دی، وا ئەزانی نەنوستووە و بەخەبەر، ئەم کوڕە لە نوستنیشا هەر دەست پانئەکاتەوە، وا ڕاهاتووە، بەبێ دەستپانکردنەوە ناتوانێ بژی.

سەگێک لە گەرمانا زمانی بستێک دەرکێشاوە، چاوی برسیی بڕیوەتە من، بۆنیکردووە، ئەزانێ تێشوویێکی باشم پێیە و دەروونم پڕە لە بەزەیی، لەپاش ئەوەی زۆر وەستا و هیچی لێنەدیم، بۆ خۆی لە تەنیشتمەوە پاڵکەوت، بێتەکلیف، ناحەقی نییە منی وەک خۆی هاتۆتە بەرچاو، ئیتر سڵی چیم لێبکا و حورمەتی بۆ بگرێ؟

جوانوویێکی سەرەڕۆی نەگیراو، دایە چوارناڵە هەتا ونبوو لە چاو، پێش ئەوەی وەنەوز سەرم بدا بە بەردێکا، وتیان لە بێشەکەدا گورگ ونجڕونجڕیانکردووە، لە بەرخۆمەوە وتم بیخۆ، سەرەڕۆ، ئەوە گۆڕت بێ، ئەگەر لە کاروان دوورنەکەوتیتایەوە، ئەمەت بۆ بەسەرئەهات!؟

بڕیار وایە بە ڕۆژ بنووین وە بە شەو بکەوینەڕێ لە بەر گەرمای سووتێنەری هاوین. هەرچەندە شەو قەڵای مەردانە، بەڵام پەستی ئەگەیێنێ بە دڵەی خەمگین، تووخوا شوورەیی نییە نازەنین بە شەو بژین؟

مەلاییێک بە دەنگی بەرز خوا بە فەقێییێک ئەناسێنێ، پیت و وشە و ڕستەکان حینجەئەکا و خێرا خێرا ئەیانجوێتەوە و گەنجەفە بەسەر فەقێی تازەکوورە ئەکا، لەپاش نەختێک پیرێکی بەعومرچووی کارامەی قاڵ لێیڕاپەڕێ و دەنگی لێهەڵبڕی: ئەوە چیی بۆ ئەخوێنیتەوە، مەلا؟ ڕێگای خواناسین ئاشکرایە و بەڕەڵدا، هەموو ئینسانێک بە حینجە خوا ناناسێ، ئەوەندەی بە دڵپاکی و بڕواپاکی و خۆشویستنی خەڵقی لێی نزیکئەبینەوە. هەڵسە فەقێ بکەرەوە ڕێ و شاخوداخ تەیکە و تێکەڵی خەڵق ببە و لە دنیا بگە، ئەو حەلە بەتەواوی لە خوایش ئەگەیت.

مەلا و فەقێ هەڵسانە سەرپێیان؛ مەلا بۆ شەڕ، فەقێیش ڕێگای خواناسینی گرتەبەر. خەڵقەکە مەلایان دانایەوە و چاییێکی شیرینیان بۆ تێکرد، بەو تەنیا چایە خاوبووەوە و کتێبی پێچایەوە و لە خورجی نایەوە، بەڕاستی ئەم خەڵقە سەیرن، سەیر!

ئێوارەیە و دنیا فێنک، لە ساباتێکی ناوباخەوە یەکێک بە سۆز گۆرانی ئەڵێ: ئەی نیشتمانی خۆشەویست، مەڵبەندی باووباپیران، کوردستانی جوان، لەبیرمناچیتەوە بە یەزدان، گڕی خۆشەویستیت هەروا لە دڵما بە قورئان، نایکوژێنێتەوە گشت سەیلاوی جیهان، زەوی و شاخ و ئاسمان، ورشەی گەلا و خوڕەی ئاوەکان، گشت دەنگێکی ناو جەنگەڵستان، لەگەڵ هاوار و نزای لێقەوماوان و داماوان و کەساسەکان، هۆرەی ڕەنجبەر و جووتیارە ڕەنجبێوەرەکان، گۆڕنین لە دوارۆژەوە بۆ ئێستا و پاشەڕۆژمان، لە باوک و باپیرمانەوە دەوریئەکەینەوە بۆ نەوەی تازەمان، ساڵ لەدوای ساڵ هەتا ئاخرزەمان، هەتا ئەگەینە ئامانجمان، هەموو شتێکی پیرۆزی جوان، کە خوا ڕەوای بینیوە بە ئینسان، تۆ و لەیادکردن؟ مەگەر مەرگ نیشتمان.

لە هەموو لاییکی کەپر و سابات و باخە و گۆرانی ڕوویکردە ئاسمان، ڕێکوپێک و بەهێز و یەکنەسەق و جوان جەنگەڵستانی خرۆشاند، کاروانی جووڵاند، نەء هەڵیساند. ئێستاش هەر وەک بیەوێ هەر بەڕێوەم لەگەڵ کاروان، ئەزرنگێنەوە.

دارمێوی گەلاسوور هەڵچوو، سەری کردووەتە سەر سنگی کێکف[1]. لەو شوێنە بەرزەوە هێشووی زۆر و پڕ و جوانی دیارن و ئاشکرا تامیتامیی ڕێویی فێڵبازی پێئەدەن. بەڕاستی داری مێو ژیرە کە هێشووی خۆی ناخاتە

---

[1] کێکف: جۆرە دەوەنێکە. (س)

بەردەستی هەندێ دەعبا و خۆی باش ئەپارێزێ و هەتا یەت هەر هەڵئەچێ، بە شەرتێ داری بەرزی پتەوی نزیک یارمەتیی‌بدا، ئەگینا بە تەنیا دارمێو ناتوانێ هێشووەکانی لە دەمی پیس بپارێزێ و ئەو حەلە دارە بەرزەکانیش ئەبێ سەر شۆڕکەن و شەرمەزاربن، چونکە هاوڕێییێکی خۆیان دایە دەست ڕێوی.

هەرچەندە بە شەو ئەڕۆین، بەڵام ڕێییێکی باش ئەبڕین، بەرەبەرە فێری گەلێک شتی تازە ئەبین، چاومان ڕایەت بە بینین، قاچمان ڕایەت بە ڕێگا، دڵمان لە ترس ئەکەوێ، بەڵام لە دەمەوبەیانا ئێجگار شەکەت‌ئەبین، هەموو وەنەوز ئەمانباتەوە، ئەگەر کزەبای بەیان نەبێت، دوورنییە بەپێوە بنووین.

پێرێ‌شەوێ دەرسێکی گەورەمان لە مارێکی تیرەمار وەرگرت، ئەم تیرەمارە نەیئەویست بەسەر کونەکەیا تێ‌بپەڕین، بۆیە بە هەموو توانایەکیەوە وزاقی ئەدایە خۆی و پێوەی‌ئەداین و ئەجەنگی لەگەڵمان، هەتا لە دواییا نەمانکوشت، کاروان نەیتوانی یەک بست پێش‌کەوێ، یەک هەنگاو بڕوا.

لەناو باخێکا خستوومانە و ئاژەڵ بن‌دارە گەورەکان ئەپشکنن بۆ لەوەڕ، لەمپەڕی باخەوە هەتا ئەوپەڕ، هەندێکیان نوستوون و هەندێکمان بەخەبەر: لاوێکی بە گەنجی پیربوو چاوی فرمێسکلی‌بڕاوی بڕیوەتە داری بەڕووی سەری، لە بەرخۆیەوە ئەیدوێنێ، هەستی و ئازار ئەجووڵێنێ: ئەی دار بەڕووی پتەو، بمپارێزە لە گەرما و سێبەرێکی کپم بۆ بکە، وەکوو بۆ ئەو هەموو ڕێبوارانەی لەمەوبەرت کرد و کەسیان بە نهێنیی (گرێ) زۆرەکانیان نەزانیت و ڕازی دڵی خۆیان بۆ دەرنەبڕیت. من و تۆ هاودەردین و دڵ پڕ لە داخ و خاوەن ئازاری ڕابوردوو، بە مناڵی. هەر تەنیا چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەهاتم بۆ گرتنی بێچووی فڕندە جوانەکان و بۆ تێکدانی هێلانەکانی سەر لقوپۆپەکانت، بەڵام زۆری پێ‌نەچوو بووم بە پیاو و خاوەن ماڵ و مناڵ، وا ئێستاش ئەگەڕێم بەشوێن گۆڕی کوڕەکەما، کە نازانم لە پێ‌پەستە زەوییێکدا نێژراوە و ژێر چی خاکێک خراوە. جاران ئەتریقامەوە و ئێستا ڕووگرژ و دەروون پڕلەداخ و ڕێ پڕ لە ئازار، سەبووریم‌بدە و دەروون و لەشی گڕتێبەربووی داگیرساوم بکوژێنەرەوە بە سێبەرێکی مەست، یان داگیرسێ و ئاگرێکم لە دەور خۆش‌کە، کە هەرگیز کزی و کوژاندنەوە نەزانێ، ئەوی گیانی داگیرسا بە هیچ ناکوژێتەوە داری بەر فیشەک.

لاوە کفت و کەشەند بوو، خەوی لێکەوت، بەڵام گیانی نەکوژاوەی منی کڵپە پێسەندەوە و ئارام و ئۆقرەی لەبەر بڕیمەوە. لاوە ڕاست ئەڵێ، گیان ئارام ناگرێ هەتا کوڵوکۆی دانەمرێ، باوکم نەمرد، هەتا ئەو دزەی کوشت کە بە ناوی خوێندەواری و زانستییەوە کتێبی بە گران ئەفرۆشت و وەک هەژدیها بەری ئاوی خوێندەواری لە خەڵقی گرتبوو. ئای کە تاوانە و تاوانێکی گەورە، پیاو بازرگانی بە خوێندەوارییەوە بکا، بەری بگرێ لە تینوو.

هەندێ کەس شتمان بۆ ئەخەنە ناو توێکڵ و قاوغەوە و بەری هەندێ شتمان لێئەگرن، بەڵام ئەمانە لە مێروویێکی بێتوانا ئەچن، کە بە تاقە پێلێنانێک ئەفلیقێنەوە.

یەکێکیتریش بوو بە شەریکی ڕێ، ئەمڕۆ بە هەر حاڵێک بوو قسەمان پێکرد و لە گۆمی بێدەنگی دەرمانکێشا، سەرگوزشتەی ئەمیش دڵداری بوو، بەڵام کەڵکی لێوەرئەگیرێ، بۆیە بۆتانی ئەگێرمەوە: حەزی لە کچێکی دراوسێ کردووە و لە منالییەوە یەکترییان ویستووە و بەڵێنی بۆیەکبوونیان بە یەک داوە، بەڵام لەبەرئەوەی "شیربایی"ی نەبووە، کچەیان نەداوەتێ. وا ئەویش سەری خۆی هەڵگرتووە و دووی کاروان کەوتووە و ناگەڕێتەوە، تا تۆوی شیربایی لەم خاکە هەڵئەگیرێ.

ئێوارەیە و کاتی زەردەپەڕ، هەرچی گیاندار هەیە ئاگادار و بەخەبەرە، فووی بە کەڕەنادا کرد. ڕابەر بە، دەی هەڵسن خەڵقە بۆ سەفەر، ڕێگای مەردان بگرنەبەر بەبێ حەزەر، تەیکەن دەشت و دەر، بەم جۆرە سەرلەنوێ کەوتەوە ڕێ کاروان، لە دێیەکان، لە شاخەکان، لە دۆڵەکان، لە شارەکان، زرنگانەوە زەنگۆڵەکان، دەنگیدایەوە زەنگی کاروان، کە عەشامیش لێیڕاتەکان، کەوتە لەرزە گشت ڕێگەوبان، فیراریانکرد زۆڵەکەکان، جەردە و دز و پیاوکوژەکان، ڕێوی و چەقەڵ و کەمتیار، جانەوەر و دەعبا و دووپشک و مار.

پاییزە و پاییز، سروشت پەست و خەمبارە، ڕێوبان پڕە لە پەپوولەی کەرتەشی، داوای پڕکردنی گەنجینەیە لە زەخیرە بۆ زستانی تەڕ و تووش، لە دێی دامێنا لادێییەکی شڕۆڵ جووتێ کڵاشی لاستیکی لە پێدایە و کەرێکی بە دارتوویێکەوە بەستۆتەوە و دوو تا سەویی لە بەردەمایە، ترێ و هەنجیر ئەفرۆشێ بە ئاوایی بێمیوە. چوارپێنج بەردی کردووە بە سەنگ، لە ماڵانەوە

هەر خەڵقە و قریوەیان پێکەوتووە و بە جام و بە تەشپی و چمکی کراسە شڕە چڵکنە ڕەنگنەماوەکانیان، جۆ و گەنم ساوەر ئەدەن بە ترێ و هەنجیر، لەجیاتیی دراو. هەر منالی ڕەشوڕووتە و هەر میوە ئەفڕێنێ، گەلێک ئافرەت ناگاتە ماڵ دەفرەکەی لە تۆزێ شیلە زیاتری تیا نامێنێ، لەبەر قرپکردنی منالی برسیی نەخۆشی ورگلێهاتووی سنگداچەقاوی کراس پڕ لە گوو و کێچی سەر پڕ لە ئەسپێ و ڕشک و مێتولکە. ماڵ نییە بێ نکە و ناڵە و گریان، ڕۆژ نییە گوێت لە باقەی منالێک و لە هاوارێکی جەرگبڕی کۆستکەوتوویێک نەبێ، بێگاری و جنێو و ڕاکێشان و تەشقەڵەش سەربارەی بارانە، دراو و دەرمان و داد و دارایی و دڵنیایی و دەفتەری ڕاست و دی دی تی، وە دەماخ پێویستن بۆ لادێ، بەڵام قسەی ڕوونی بێکارکردن، ئامۆژگاریی سەرتێری پڕ لە خەیاڵ و خوار، هەرگیز نابێتە هۆی ڕزگاری، بە جۆرێک بەرێ پێشکەوتن تەنراوە و دواکەوتنمان بۆ بەرەڵداکراوە، شێواوە ڕوشتەی کاروبار، هەرچییەک ئەبینێ خوارە و لار، ئێستا و شتگۆڕینەوە؟! ئەی خوا ڕەوای نەبینی، ئەی خوا هەڵیپێچی.

(ماویەتی)

بەشی ڕەخنە:

## قەرزی چی (ج) گیان؟![*]

ئەی کوردی کڵۆڵ، گۆڕ هەڵتەکێنە، سەربارەی هەموو شتێک، قەرزاربارێش کرایت!
ئەوی لەسەر هەق هەڵنەداتێ، کۆیلەییێکی بەرەی تاریکییە!

به قەڵەمی (ج)

بۆ بەڕێوەبەری کاروباری "پەیام"

بێڕیایی و مەرایی، "پەیام"م بۆ ئەوە ئەوێ کە خزمەتی کورد و زمانەکەی بکا. وا ئەم چەند لاپەڕەیەم بۆ ناردی، هیوام وایە بڵاویبکەنەوە، چونکە پەیوەندیی تەواوی هەیە بەو میللەتەوە کە تۆش یەکێکیت لەو. ئەوی منیشی خستە سەر ئەو کەڵکەڵەیەی ئەم نووسینە بۆ ئێوە بنێرم، ئەو پێشکەوتنەیە کە لە دووتوێی "پەیام"دا ئەیبینم، ئینجا خۆتان و شیرتان.

---

[*] گۆڤاری پەیام، بەرگی ٧، ژمارە ٢٩٧، دووشەموو، ١٩٥٥/٦/٦، ل١٠-١٥.
ڕەحمەتی کاکە محەمەدی مەلا کەریم، چەند جارێک جەختی لا کردووم کە ئەم نووسینە – وەک بە شێوازەکەیشیدا دیارە- هیی ڕەفیق چالاکە، نەک مامۆستا جەمال نەبەز کە ڕەحمەتی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی پێی وابووە، لە وەڵامی بابەتی "نووسینی کوردی"ی ڕەحمەتی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیدا نووسیویە، کە لە ژمارەکانی ٢٩، ١٩٥٥/٤/٣٠، ل١٤-١٨؛ ٣٠، ١٩٥٥/٥/١٠، ل١-٥، ١٧؛ ٣١، ١٩٥٥/٥/٢٠، ل٣-٨؛ ٣٢، ١٩٥٥/٥/٣١، ل١١-١٣ و ٣٣، ١٩٥٥/٦/١٠، ل١٣-١٦ی گۆڤاری "هەتاو"دا بڵاوبووەتەوە، لە کۆتاییدا نووسراوە (ماویەتی)، بەڵام هیچ پاشماوەیەکی لە ژمارەکانیتردا نییە (بڕوانە: گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤-١٩٦٠، بەرگی یەکەم – بەشی دووەم (ژمارە ١٢-٣٠)؛ بەرگی دووەم – بەشی یەکەم (ژمارە ٣١-٤٧)، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، رەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، پێشەکی و لێکۆڵینەوە د. کوردستان موکریانی، هەولێر ٢٠١٠، پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی).
بابەتە لەسەرنووسراوەکەی مامۆستا ڕۆژبەیانی و وەڵامێکی دواتریشی، کە کاتی خۆی بڵاونەبووەتەوە و لەناو کۆکراوەی ڕۆشنبیریی بەهەشتی تۆفیق وەهبیبەگدا دۆزرایەوە، دیارە ئەویش وەک درێژەی وەرامەکەی ڕەفیق چالاک، ڕێ بە بڵاوبوونەوەی نەدراوە؛ ئەم دوو نووسینە لە پاشکۆی ئەم بەرگەی کتێبەکەدا دانراوە. (س)

خوێندەواری خۆشەویست، برا و خوشکی هاوزمانی شیرپاکی دەروونپاکی باوەڕپاکی دەستودەمپاک، لە هەموو قوژبنێکی نیشتیمانا، هەموو سووچ و گۆشەییێکی کوردستانا، بەوردی ئەو زنجیرە وتارە بخوێننەوە کە (ج) نووسیویەتی لە ژمارە (٢٩، ٣٠، ٣١)ی گۆڤاری "هەتاو"ی خۆشەویستا. پێش ئەوەی دەستبکەن بە خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە بۆ ئەوەی باش لە چەشنی بیروباوەڕی هەردوو لا بگەن و بەتەواوی بۆتان ساغببێتەوە کە هەندێ کەس تا چ ڕادەییێک لە ڕێی خۆبردنەپێشەوە و خۆبەتێگەیشتوو دانەقەڵەم و سوودپەرستیی خۆیدا ڕێگا و شوێن و شێوەی تازەداهێنراو ئەگرن و ئەهێننەکایە، تا بە تیرێک دوو نیشان بشکێنن و لەسەر دوو تەناف یاریبکەن و چاوبەستی بکەنە پیشە، وە ئامانجی ناشیرینی خۆیان بشارنەوە و لەژێر پەردەی زانست و زانیاری و خزمەتکردنی میللەتا، لە میللەت بدەن و بە هەڵەی بەرن و لاوی تازە پێگەیشتوو لەخشتەببەن و خۆشیان بە پێشەنگ و ڕێچکەشکێن و سەرکردە و داهێنەر و ڕێکخەری دڵسۆزی میللەت بدەنەقەڵەم و لەم پێناوەدا زەلیلانە لە بەردەمی ئاغای کاربەدەستا بوەستن و دەست پانبکەنەوە بۆ "مووچە و بەرات"، بەرامبەر بەوەی خراپیانکردووە بە چاک و چاک بە خراپ، ڕاستی بە چەوتی و درۆ بە ڕاست!

ئەم دوو نووسینە باش بخوێننەوە، بۆ ئەوەی لەوە بگەن کە گەلێک جار ژەهرمان بۆ ئەکرێتە شەربەتەوە و هێزی تاریکیی چەپەڵ هەمیشە "مشتوویێکی ناو هەمانە"ی هەر هەیە، هەتا ڕەگ و ڕیشەی بەتەواوی هەڵنەکێشرێ! ئەوەشتان لەبیرنەچێ و بێگومانبن کە هەموو پەلاماربردنە سەر پێشەنگێک و سەر ئینسانێکی بەقابلییەتی باشی خزمەتگوزاری دڵسۆزی خۆبەختکەری ڕاست، پەلاماربردنە سەر نەتەوەیە و بە دەسیسەیە و ناپاکەکان ئەیکەن لە ڕێی دواخستنا. هەرچەندە ڕواڵەتەکەشی بۆنی پێشخستن و سەرخستنی لێوە بێت. ئەمانە ئەیانەوێ ڕاستە عەشامەکە لە پێشڕەوە باشەکە دابڕن، بۆ ئەوەی لە گۆمی لێلا ڕاوبکەن، وە کە ڕانیش بێ شوان، بێ پاسەوان مایەوە، گورگ ئەکاتە لاکی! بەڵام خەیاڵیان خاوە و بیری ڕەشیان لەوە تلیساوەتر و بێتواناترە کە بتوانێ خۆی و بەندوباوی بشارێتەوە، یان خۆی بگەیێنێتە ناو ڕان! ئەبێ هەر لە گۆمەکەدا دوو لە کاروان، تازە و خەڵەتان! ئینجا با دەستبدەینە ڕەخنەکەمان.

کاک جیمی مامۆستای ڕێپیشاندەرمان، فەرمووتانە (خوا خاوەن فەرمووتان کا) کە تەنیا نەخوێندەواری هۆی لەیەکنەگەیشتن و دواکەوتنی زمانی کوردییە!

نەخوێندەواری "تاقە هۆییێکە" مامۆستا، هۆیەکانیتریش ئەزانیت. خۆت گێلمەکە، خەڵقیش لەوەدا نەماوە کە نەیانزانن. ئەم (خۆبەهەڵەدابردنەیە) بۆ؟! نەخوێندەواری بە تەنیا بووەتە هۆی لەیەکدوورخستنەوەی شێوەکانی کوردی و هەمووشمان هەست بە کوردییەتی شێوەی یەکتری ئەکەین، نەک وەکوو ئێوە گوتووتانە.

بافتی حەقی نەتەوەی کورد، تەنیا کاروبار و سامان و خوێندەوارییە بە زمانی کوردی. وەڵڵا ئەگەر هەقی ئەم میللەتە هەر ئەوەبێت، ئەتوانین بڵێین هەموویمان هەیە؛ بە زمانی کوردی قسەئەکەین و ئەخوێنین و ئەنووسین تا ڕادەییێک، وە لە هەندێ شوێن پارە و سامانەکەش سا وەک میللەتان هەر هەیە، کەم کەم و زۆر زۆر. هەندێک هەیەتی و هەندێک نییەتی وەکوو چینەکانیتری میللەتانی دنیا. مایەوە سەر کاروباریش هەر یەکە ئیشێک هەر ئەکا وەکوو خەڵقیتر. بەم حیسابە تۆ داوای هیچت بۆ ئەم میللەتە نەکردووە و زۆر مەمنوونین، چونکە باش لە بافتی حەقی نەتەوەکەت گەیشتوویت، پێویستە بۆ موفاوەزە تۆ بنێرین! بەڵام داخەکەم پێش تۆ خەڵقیتر هەن، لەوەش کەمتریان وتووە و لە تۆش لەپێشترن، لەبەرئەوە بڕواناکەم بە "لەجەیشۆبەدەر"ت نەدەنەقەڵەم!

تووبی خوا، ڕەوای هەقە داوا لە باوەپیارە بکەیت دەستبداتە باڵت؟ ئەی ئەو کەسەی داوای دەستدانەباڵ لە باوەپیارەت ئەکات و بە تەمای یارمەتییەتی لەوە خێڵوخوارتر بێت! تووخوا ئەمە پاکییە ئینسان لە پلەی خوێندەوارییی تۆدا بێ و داوای ئاڕاستەکردن لەوانە بکا کە لێتکردوون؟ ئەڵێم داوای یارمەتی لە خاوەنسامان و دەرەبەگ بکا، کە هەر خۆت قسەت پێوتوون! ئەم بیروباوەڕە چەوتە پێچەوانانە چەندی بە چەند کاکە (ج)؟! هەرگیزاوهەرگیز میللەت بەوانە و بە ئینسانی داتاشراو و بەسەراسەپێنراو و باوەڕ پڕ بەندوباو پێشناکەوێ.

گەردشی ڕۆژگار ئینسان ناکا بە پێشەنگ، خۆبەختکردن و ئیشکردنی ڕاستی دڵسۆزانە ناوی ئەوانی هێنایە ناو ناوان و بوون بە پێشەنگ، وە نیازی پێشەوایی، ئەگەر لای ئەوان ببووایە، هەڵبەتە وایان لێنەئەهات کە ئێستا توانای ئەوەیان نەبێ تۆ دەمکوتکەن! تووخوا مامۆستا، ئەو پیاوانەی باستکردوون، گیانی خۆبینی و کیشوەرپەرستیی تەنگیان تیایە؟ خۆ تۆ هەموویان ئەناسیت، جاران دڵسۆزیان بوویت. ئەسەف، سەد ئەسەف، بۆ پەلاماردانی پڕ لە غەرەزی پڕ لە درۆی لە کانگای دەسیسەکارییا خەتبۆکێشراو! ئەوپەڕی ناشیرینییە پەلاماری ئەو کەسانە

بدرێ کە وەک مۆم ئەسووتێن لە ڕێمانا و توانای بەرگریکردنی خۆیانیان لێبراوەتە بەست و پیاوێکی وەکوو تۆ هەلت بۆ هەڵکەوتووە، ڕاستیان بە درۆ بدەیتەقەڵەم. بەڵام ماوەی درۆ و پیاوخراپی و ڕاوی گۆمی لیڵ، کورتە شوکور. لە ڕێی یەکخستنی شێوەدا، واز لە میللەت و لە خەبات ناهێنرێ، گەورەم. ئەمیان ئامانجە و ئەویان ڕێگای! بەڵام ئەوان لە خزمەتکردنی زمانیش نەکەوتوون، چونکە هۆییێکە بۆ ئامانج. بۆچی داوای هەمووشتێک لە هەموو کەسێک بکەین؟ بۆ تۆ خۆت و هاوڕێکان و پسپۆڕە سەرمەشقبۆدادەرەکانت خەریکی ئەو شتە نابن کە داوایئەکەن؟ چیتانە، خۆ مافەتە تێینەداون؟! دە ئێوەش شتێک کە داوایئەکەن، بیکەن، چمکێکی زمانەکەمان بۆ هەڵبگرن و ئەوەندە بە خۆڕایی پەلاماری خەڵق مەدەن! ئیشبکەن. مامۆستا (ج) بنووسنەوە و شت چاپکەن. وا شوکور پیاوی گەورە ئەناسن، ئیتر شوورەیییە ئیشنەکەن!

قەرزاری چی (ج) گیان؟! میللەتێک پانزە ملیۆنی بەدرێژاییی مێژوو زۆڵەکەکانی دەستەکدز بووبن بۆ بێگانە، بۆ بردن و پێشێلکردنی ئەوی هەمانە و نیمانە، چەوسێنرابێتەوە و تەقێنرابێتەوە و ئێستاش دوای ئەم هەموو کارەساتانە ببێتە قەرزاری ئەو چەند خوێندەوارەی هەمانە! کورد قەرزاری کەس نییە بە سەری تۆ و کەسیش بە قسەی تۆ دڵ خۆشناکا. تۆ و هەموو ئەوانەی ناوتبردوون و من ناویانئەبەم، قەرزاری کوردن، چونکە بە ناوی کوردەوە بوون بەوەی کە بوون لە نەبوون!

لەپاشا ناوبردنی هەندێک و باسنەکردنی هەندێک و جنێودان بە هەندێکیتر، بۆ؟! ئەگەر مەسەلە مەرایی و خۆبردنەپێشەوە و خۆ بە جۆرێکیتر نیشاندان نییە و وەلانییە کاک (ج)ی هاوڕێمان! چۆن هەموو شاعیران و ڕۆشنفیکران، ئەوانەی نەماون و دیوانیان بۆ بەجێهێشتووین لەگەڵ زادەی بیریان، ئەوانەی مردن و توندکران لە زیندان، ئەوانەی ئێستا شەویان خستۆتە سەر ڕۆژ و لە ناخۆشترین حاڵا ئەژین، دەربەدەر و ڕەهەندە و بێنان، بەڵام بەهێزتر لە مردن، لە دەسیسە، تێئەکۆشن وەکوو مەردان. هەژار و هێمن و عەبدولواحید، جگەرخوێن و کامیران و بێکەس و گۆران، برایم و هەمزە و ئیحسان و جەمال و بابلێ و ڕەفیق، دڵزار و دلێر و ئەبوبەکر و هەردی، عەزیز و حەمە و وردی، سەعید و ئەحمەد و بەهادین و شارەزووری و نەجمەدینی بەسزمان، کە ژیانی خۆیانیان کردووە تەرخان بۆ پێشخستنی زمان و ئینسان، بۆ ژیاندنەوە و پتەوکردنەوە و سەرخستنی

کوردزمان، له ڕێی گەیشتنە ئامانجا شانبەشانی کاروانی پێشکەوتووی گەلان، بۆ ڕزگاربوون و ئازادبوون، بۆ پاکبوونەوە لە زۆڵەکەکان، ئەمانە هەموو هیچ؟!

ئەسەف (ج)! ئەوی لای تۆ هیچە، لە دڵ و مێشک و ناخی هەستی و جەرگەی مێژووی میللەتا چەسپە بە قورئان، بە سەری ئەوانەی تۆیان ئا بەم مەرەیە گەیاند!

(ماویەتی)

## یادی پیرەمێردی نەمر*

سەبارەت بەسەرچوونی پێنج ساڵ بەسەر مردنی پیرەمێردا

بە بیر، پاڵەوانێکی بێهاوتا بوو، بلیمەتێکی دانا بوو؛ بە لەش، پیرەمێردێکی لەڕ و لاواز و بێهێز بوو. بەڵام ئاخۆ چی پایەبڵندییێک لەوە بەرزترە کە مرۆڤ خاوەنبیرێکی بەرز بێ. با بێهێزیش بێ، ئەو بێهێزییەی لەش، هێز و توانایە بۆ مێشک.

بەڕاستی پیرەمێرد گەوهەرێکی شەوچرا لەناو قاڵبێکی خۆڵاویدا بووە. ئەو خۆڵە هەر ئەو خۆڵەیە، ئەوەی قاڵبە بۆ هەموو گیاندارێک. بەڵام گیانی پیرەمێرد وەکوو گیانەکانیتر نییە؛ گیانی ئەو گەوهەرە، گەلێک لە گیانانیتریش هێچن.

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی پیرەمێرد، هەزار ڕەحمەتیش لە گۆڕی مامەیارە، ئەو مامەیارەی پیرەمێردی گرتە باوەشی خۆی، ئەو مامەیارەی هەر لە سولەیمانی نەمر بوو، پێش مردنی پیرەمێرد. بەڵام لەپاش مردنی ئەو، بوو بە نەمر لە جیهانی کوردا، چونکە گۆڕە پیرۆزەکەی پیرەمێرد لەکن مامەیارەدایە، لەسەر گردەکەدا.

پیرەمێرد تەنیا خزمەتی قافیە و وەزنی شیعری کوردیی نەکردووە، تەنیا ڕۆژنامەی "ژین" و "ژیان"ی دەرنەهێناوە، تەنیا ئەدەبی کلاسیکیی کوردیی زیندوونەکردووەتەوە، تەنیا هەموو ساڵ ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی نەکردووە؛ ئەڵێم تەنیا ئەمانە کردەوەی پیرەمێرد نین. نا، بەڵکوو گرنگترین کاری ئەو بلیمەتە، ئەو پەردەیەیە کە لە ڕووی ئەدەبی کوردیدا کردەوە. لەپشت ئەو پەردەیەدا خۆرە مەعناییێکی هونەراویی تازەی داهێنا و بە کوردی پیشان دا. بە شۆڕشێکی گەرموگوڕ بەربەرەکانیی کۆنی کرد، گیانی کۆنی بە تازە زیندووکردەوە. خاتووزین ئەڵێ:

خەنجەر بۆ دڵە، گەر ڕاستت ئەوێ

---

* گۆڤاری "پەیام"، ژمارە ٣٠١، دووشەموو، ١٩٥٥/٧/٤، بەرگ ٧، ل٧، ١٠-١١.

ئاخ مەمی تیایە، نەک بەری‌کەویٚ
باوەڕناکەم شکسپێر لە "ڕۆمیۆ و جوولێت"ەکەیا مەعنای هونەراویی لەوە جوانتری هێنابیٚ.

ئەم پیرەمێردە پێنج ساڵە کۆچی‌کردووە. لەو ماوەیەدا، لە تەئبینییەیێک و کتێبێکی "یادی پیرەمێرد" زیاتر، هیچی‌تری بۆ نەکراوە. لام وایە تەنیا ئەم دوو شتە بۆ پیرەمێرد شتێکی زۆر کەمن، چونکە پیرەمێرد خۆی زۆرێکی گەلێک زۆر بوو بۆ کورد. پیرەمێرد، ئەبیٚ شەقامێک لە شەقامەکانی سولەیمانی بە ناوی ئەوا ناوبنریٚ. ئەبیٚ قوتابخانەیێک بە ناوی ئەوا ناوبنریٚ، ئەبیٚ هەموو ساڵ ئاهەنگی بیرەوەریی بۆ بکریٚ، ئەبیٚ یادگارەکانی سەرلەنویٚ چاپبکرێتەوە، چونکە ڕەوانییە پیرەمێردێک هەموو شتێک بووبیٚ بۆ کورد، کوردیش هیچ نەبیٚ بۆ ئەو.

پیرەمێرد لە دوا ژمارەی "ژین"ی خۆشەویستا ئەڵیٚ:

دێی فرەکوێخا ناحەسێتەوە
بزن هەر جاریٚ ئەبڕرێتەوە
کەس‌وکار لە پیاو جویٚ‌نابێتەوە
تفی بەرەوبا ڕیش ئەگرێتەوە
لە قاپیی نامەرد مەکە دەقولباب
بیٚ گۆشت بی، نەوەک منەتی قەساب

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی پیرەمێرد، لەو ڕۆژەی هاتووەتە جیهانەوە، لەو ڕۆژەی کۆچی‌دواییی کردووە، وە لەو ڕۆژانە کە ئەوی کورد یادی تازەبکاتەوە.

## دارستانەکانمان*

(پشت و پەنامان: ئایین و زانست و دارستانی جوان و شاخی سەرکەشە)

هاوولاتیی خۆشەویست!

ئیدارەی مەحەللی لە سولەیمانی خۆی بە بەختیار ئەزانێ، کە بتوانێ لە ساڵی چوارەمی ئاهەنگەکەیا ئەم نامیلکە بچووکەت پێشکەش‌بکات، لە ڕێی بەرهەم‌هێنانی ئامانجەکەیا کە زۆرکردنی ناشتنی دار و درەخت و پارێزگاریکردنی نەمامە لە ڕێی سوودی گشتا، لە ڕێی زۆرکردن و پاراستنی داری بەردار و جوانی‌دا، لە شارا، لە لادێ‌دا، لە شەقام و لە ماڵان‌دا.

هەرچەندە ئامانجی دوایی ئەوەیە: کە ئەم وڵاتە وەکوو پێشوو ببێتەوە بە مەڵبەندی دار و درەخت، ببێتەوە بە جەنگەڵستان و دارستانێکی ڕێکخراوی بەهاداری قەشەنگ، بۆ ئەوەی ئاووهەوای خۆشتربێ لە ئێستا، پارێزگاریی زەویی پێ‌بکرێ، گەرما و ڕەشەبا بگەڕێنێتەوە، ئاژەڵی کێوی و باڵداری جوان بپارێزێ لە فەوتان، لانەی حەسانەوە و شادی و سەیران بێت بۆ گشت؛ ئەڵێین لەگەڵ ئەمانەش‌دا ئەمانەوێت ببێتە هۆی سامانێکی ئابووریی باش بۆ خۆشگوزەرانیی ئەو کەسانەی کە ژیانیان لەسەر باخ و درەخت پەروەردەکردن بەندە.

هەرچەندە ناتوانین هەموو شتێک لەم نامیلکەیەدا بنووسین، بەڵام هیوامان وایە لە پاشەڕۆژێکی نزیک‌دا وە ساڵ لەدوای ساڵ هەموو شتێکتان دەربارەی دارستان و سوودی درەخت بۆ دەربخەین. هیواشمان زۆرە ببوورن لە کەم‌وکورتیمان، چونکە توانامان هەر ئەمەندە بووە. ئیتر دەست لە دەست و هێزی هەموو لایەکمان لە خوا، لە ڕێی خزمەتی وڵاتەکەمانا.

(لیژنەی پڕوپاگەندە)

---

* دارستانەکانمان، چاپکراوی ژمارە (١)، ئیدارەی مەحەللیی لیوای سولەیمانی (بە بۆنەی جێژنی دار و درەخت)، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، مارتی ١٩٥٧، ١٦ل. [نووسین و کۆکردنەوەی زانیاری و سەرپەرشتی چاپکردن و کلێشەی چاپکراو: ڕەفیق چالاک، سەرچاوەی نامیلکە: نووسینەکانی "دکتۆر حەسەن کەتانی" بە عەرەبی وە نووسینەکانی گۆڤاری کشتوکاڵی عیراق]. ئەم نامیلکەیە لەسەر ئەرکی شارەوانیی سلێمانی چاپکراوە. (س)

**سەرەتا**

لە دەمێکەوە هەست بەوە کراوە کە ساڵ لەدوای ساڵ هەتا یەت دارستانەکانمان بەرەو فەوتان ئەڕۆن، چونکە نەفامەکان هەر ویستوویانە سوودێکی وەختی لە دارستان وەربگرن. ئیتر دوای ئەوە چی ئەقەومێ و چ زیانێک بە وڵات ئەگات، قەی‌ناکا.

ئەم هەموو شاخوداخ و گرد و دۆڵەی وڵاتی ئێمەیە کە لەوەپێش دارستان و بێشەی چڕوپڕ بوون، ساڵ لەدوای ساڵ بڕا و کرا بە سووتەمەنی و بەملاوئەولادا ڕەوانەکرا، بەبێ ئەوەی هیچی لە جێ بڕوێنرێتەوە. ئەمەش بوو بە هۆی ڕووتی و کاولیی وڵاتەکەمان، لەبەرئەوە حکوومەت کەوتە خۆی و بڕیاری دا بە قەدەغەکردنی داربڕین، وە هەر بەمەشەوە نەوەستا، پارەی تەرخان‌کرد و مودیرییەتێکی گشتیی دامەزراند بۆ زۆرکردن و پاراستنی دارستان، شەتڵگای نەمامی پێکهێنا و نەمانی پەروەردەکراوی دابەش‌کرد بۆ ڕوواندن لە گەلێک شوێنی وڵاتا. هەروەها ڕۆژ تەرخان‌کرا بۆ ناشتنی دار و درەخت لە مەرکەزی لیوا و قەزا و ناحیە و دێیەکان‌دا، وە ئەو ڕۆژانە ناونران "جێژنی دار و درەخت".

وە لە سولەیمانی لە ساڵی ١٩٥٤ەوە ئەم جێژنە بەردەوامە هەتا ئێستا کە ساڵی چوارەمیەتی. وە لەم ماوەیەدا توانرا گەلێک شوێنی ڕووتەن بە دارناشتن پۆشتەبکرێتەوە، وە هەموو دائیرەکانی میری لەم کارەدا بەشداربوون.

مەسەلە تەنیا دارڕوواندن و ئاهەنگ‌گێڕان نییە، بەڵکوو پێویستە هەموو یەکێکی تێگەیشتوو لە کەسوکار و لە دۆست و ناسیاوی خۆی بگەیێنێ کە "ناشتنی نەمام وە پارێزگاریکردنی، وە نەبڕینی، پێویستییەکی ئایینی و میللییە و فەرزە لەسەرمان، چونکە ئەبێتە هۆی سوودێکی گەورەی گشتی، وە بە پێچەوانەوە، هەموو درەختبڕینێک یان دارستان‌سووتاندنێک خیانەتێکی گەورەیە و تاوانێکی چەپەڵ".

ئەگەر جاران خەڵقی بەهانەی ببووایە کە بۆ سووتەمەنی، هەر دار هەبوو وە هێشتا ڕێوبان باش نەبوو. زستانیش لە ئێستا سەختتربوو، وە نەوت کەمتر و گرانتر بوو، ئێستا هیچ بەهانەیەک بۆ ئەو هۆیانە نەماوە.

هیوامان زۆرە داربڕین کە پیسترین پیشەیە، ببێتە جێگای نەفرینی هەموو کەسێک لەم وڵاتەدا، چونکە هەتا بیروڕایەکی گشتی پێکنەیەت بەرامبەر بە کردەوەی خراپ، خراپەکار و تاواندار هەر لەسەر خراپە و تاوان ئەڕۆن. لامانوایە ئێوەش گەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی بە تاواندار بڵێن: بوەستە کابرا!

**لیژنەی دار و درەخت**

لە ڕۆژی ١٩٥٧/٢/١٤، لیژنەیەک کۆبووەوە بە سەرەکیەتیی موعاوینی موتەصەڕیف عەبدوڵا محەمەد عەلی، وە ئەندامیەتیی وەکیلی مودیری مەعاریف صالح سەعید، وە سەرەکی شارەوانی حەسەن ڕەفعەت، وە مودیری کێڵگەی بەکرەجۆ ڕەضا صەمەد، وە سەرەکی لقی کشتوکاڵ حەسەن حسێن، وە سەرەکی لقی دارستان صالح پێداوی، وە ئەم بڕیارەیان دا:

یەکەم: ڕۆژی چواردەی مارت لە ناوچەی نزیک گردی سەیوان ئاهەنگ دەستپێئەکات، بە بۆنەی جێژنی دار و درەختەوە.

دووەم: دوای کۆتاییی پرۆگرامی ئاهەنگ، سەعادەتی موتەصەڕیفی لیوا میرلیوای ڕوکن عومەر عەلی وە هەموو سەرەکی دائیرەکانی مەرکەزی لیوا وە قوتابیان دەستئەکەن بە نەمامچاندن.

سێیەم: شارەوانیی سولەیمانی و سەرەکی لقی دارستان قووڵکەکان ئامادەئەکەن پێش ڕۆژی ١٣ی مارت.

چوارەم: سەرەکی لقی دارستان، نەمامەکان ئامادەئەکات بە یارمەتیی لقی کشتوکاڵ و کێڵگەی بەکرەجۆ.

پێنجەم: لیژنەیەک دائەمەزرێت بە سەرەکیی موفەتیشی مەعاریف فوئاد ڕەشید وە ئەندامیەتیی حەسەن حسێن، سەرەکی لقی کشتوکاڵ، مەجید ڕەشید مودیری قوتابخانەی عەبدولئیلاھ ئەبوبەکر جەلال مودیری کانێسکان، ئەنوەر تۆفی مامۆستای سانەوی، ڕەفیق چالاک مەئموورى بەکرەجۆ، موحسین سەمین مامۆستای ئەیووبییە، عیزەت سەعید موحاسیبی بەلەدییە، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری پڕۆپاگەندەی جێژنی دار و درەخت وە کەڵک و سوودی بۆ جوانکردنی ناوچە و سازگاریی ئاووهەوا، وە چاپکردنی نامیلکەیان دا.

شەشەم: لیژنەیەک دامەزرێنرا بۆ ڕێکخستن و ڕاپەڕاندنی کاروبار بە سەرەکیەتیی سەرەکی شارەوانی حەسەن ڕەفعەت وە ئەندامیەتیی صاڵح پێداوی، محەمەد تۆفیق، ئەحمەدی خاڵ، غەفوور عەلی، ئەفسەرێکی حامییە.

کاروباری لیژنە ئەمانەیە:

ئـ. ڕێکخستنی ئاهەنگ وە دانانی تەشریفاتی وە ئامادەکردنی تاقێک لە دەرگای شوێنەکەدا وە شوورەکێشانی ئەو شوێنە.

ب. دانانی لیژنەی‌تر وە دروستکردنی پڕۆگرام.

هەشتەم: شارەوانی پێش دوو ڕۆژ خەڵقی بانگئەکات بۆ ئاهەنگ.

نۆیەم: مەعاریف قوتابیان بەش‌ئەکا بەسەر ناوچەی دارڕوواندنا، هەروەها تیپی گۆرانی ئامادەئەکات لە قوتابیانی کوڕان و کچان، وە ئەبێ بڕیارەکانی پێش ڕۆژی ٥ی مارت بگاتە موتەصەڕیفییەت.

دەیەم: ئیدارەی مەحەللی، تیپی مۆسیقا و ئالەتی تەسجیل و ئوتومبێلی ئیزاعە ئامادەئەکات بۆ لیژنەی پڕۆپاگەندە، تا بەکاریان‌بهێنێ لە ڕێی سوودی ئاهەنگی جێژنی دار و درەختا.

یانزەهەم: لیژنەکان پارەی پێویست خەرجئەکەن وە سەنەدی سەرف ئەدەن بە شارەوانی.

دوانزەهەم: پێویستە لیژنەی پڕۆپاگەندە و ڕێکخستن لە سەعات چواری ڕۆژی دووشەمووی هەژدەی شوباتا لە شارەوانی کۆببنەوە.

سیازەهەم: پێویستە لەسەر قایمقامی قەزاکان، ئەوانیش لە قەزاکانی خۆیان‌دا دەست‌بکەن بە ڕێکخستنی کاروباری ئاهەنگ وە لیژنە دامەزرێنن بەپێی ئەم بڕیارانە و لەسەر ئەو شێوانەی ئاشکراکراون لە ڕۆژانی بڕیاردراوا بەپێی کاغەزی ژمارە ٨٣١ لە ڕۆژی ١٩٥٧/٢/١١.

**سوودی دارستان**

مێژوو ئەڵێ کە دارستان و جەنگەڵ و بێشەی چڕ دەستێکی گەورەی هەبووە لە پێشخستنی مرۆڤا، لە پێکهێنانی کۆمەڵەکانا کە میللەتان و دەوڵەتەکانی ئێستایان لێ پەیدابووە.

هەر لە سەرەتاوە دارستان لانە و پەنای ئاژەڵ و ئینسان بووە و لەسەر میوەی ئەم ژیاون. وە ئینسان بە گەڵای دار خۆی پۆشیوە و لەسەر گۆشتی ئاژەڵی ناو ئەم دارستانانە ژیاوە.

بە گۆڕینی جۆری ژیانی ئینسان وە پێشکەوتنی کۆمەڵەکانی، هۆی تازەی دۆزیوەتەوە وەکوو کشتوکاڵ و پیشەسازی.

لە دواییدا بیری لەوە کردۆتەوە کە دارستان کۆسپێکی گەورەیە لە ڕێی پێشکەوتنی کشتوکاڵ و پیشەسازییا، بۆیە دەستیکردووە بە داربڕین و لەناوبردنی دارستان و دەرهێنانی ڕەگەکانیشی تا زەوییە ڕووتەکە بکا بە کێڵگە و دارەکانیشی بەکاربهێنێ بۆ خانوو بە ڕەوشتی پێویست و بۆ سووتەمەنی، وە بناغەی پێکهینانی دێ و شار لێرەوە دەستیپێکردووە.

ئەم کردەوانە هەرچەندە ئەو حەلە پێویست بوو، لەبەر نەبوونی کەرەسەی تازەی خانوو وە شتی پێویست و نەوت، بەڵام لە دواییدا بوو بە زیانێکی گەورە کە لە نەوەی پاشەڕۆژ کەوت.

لەبەر ئەو نەمان و فەوتانی دارستانانە میللەتە پێشکەوتووەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەما دەستیانکرد بە بیرکردنەوە و ڕێدانان و تەقەلادان لە پێناوی ڕوواندن و چاندنی درەختا و بۆ پارێزگاریکردنی، تا چەرخ لەدوای چەرخ هەر سوودی لێببینرێ.

وڵاتی ئێمەش وەکوو وڵاتانیتری دونیا، میللەتی ئێمەش لەگەڵ کاروانی بەشەرییەتا زۆری چێشت و دوچاری هەموو ئەو بەسەرهاتانە بوو. دارستانمان تێکچوو، زەویمان ڕووتبووەوە و ڕەشبوو، گەیشتینە ڕادەیەک کە سەر پۆپەی شاخەکان نەبێ و هەندێ دۆڵی قووڵی دوور لە ئاوەدانی، یان هەندێ گرد کە جێنزرگە و مەزاری موشایەخەکان بوون، داریان پێوە مابوو، ئیتر هەتا چاو بڕیبکردایە، هەر ڕووتەن بوو، ڕووت. داریش "قووتی لا یەمووت!"

ئەم بارە وڵاتی عیراقی گەیاندە ڕادەیەک کە بۆ پێویستیی ناوخۆش دار لە دەرەوە بکڕێ و هەموو ساڵێک پارەیەکی زۆری ئەم وڵاتە بچێتە گیرفانی خاوەندارەکانی داربەدەستی بێگانە.

لەبەر ئەم هۆیانە، حکوومەتی عیراقیش کەوتە خۆی وە لە ساڵێ ١٩٤٠ەوە دائیرەیەکی دارستانی دامەزراند، وە لە ساڵی ١٩٥٢دا بوو بە مودیرییەتی

گشتیی دارستان و ڕواندنی دار. وە کار و کردەوەی ئەم مودیرییەتە پاراستنی دارستان و ڕواندن و پەرەوەردەکردنی درەختی هەمەجۆرەیە.

**ئەو سوودانەی لە دارستان وەرئەگیرێن:**

١. دار بەکارئەهێنرێ بۆ بازرگانی و پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوە.

٢. بۆ میوە و جوانی و وەرگرتنی هەندێ داوودەرمانی کیمیاوی و لەش‌ساغی.

٣. دارستان ئەبێتە هۆی زۆربوونی ئاژەڵی کێوی و فڕندە و ئەمەش سوودێکە بۆ ڕاوچی و ئەوانەی حەز لە گەشت‌وگوزار و ڕاووشکار ئەکەن.

٤. گەڵای دارستان خۆراکە بۆ ئاژەڵ لە زستانا، وە ناو دارستانەکەش لەوەڕگای ئاژەڵی ماڵییە و جێی حەسانەوەی لە هاوینا.

٥. دارستان ئەبێتە هۆی فێنکی و پاکیی هەوا لە هاوینا، وە لە زستانیشا تەشقی هەوای سارد وە هێز و گوڕی ڕەشەبا ئەشکێنێ. وە دارستان خۆی شتێکی جوانە و دڵ پڕئەکات لە شادی، دەروون و کەللە و هەستی هونەرمەند و شاعیر و نووسەر و وێنەگر ئەبزوێنێ، ئەجووڵێنێ، ئەهاژێنێ لە ڕێی سوودی کۆمەڵا.

٦. دارستان هۆی پاراستنی کشتوکاڵە لە با و لە سەرما و لە زیانەخۆریی ئاژەڵ، ئەبێتە هۆی مانەوەی گڵی بە پیت و بەرەکەت، ئەبێتە هۆی نەقەومانی لافاو وە زۆربوونی ئاوی پاکی کانیاو.

٧. دارستان پشتە و پەنایە و قەڵایە و داڵدە کاتی لێقەومان و دامان و نەهاتی و ئاوارەیی، کاتی حەسانەوە و سەیران و گەشت و شادی.

**هاوینەهەوار**

خوشک و برای خۆشەویست:

ئەوە بزانن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە پاشەڕۆژێکی نزیکا بەهۆی ئینسانی مەردی ئیشکەر، هەموو شاخە ڕووتەکانی ئێستامان، هەموو دۆڵێکی کپ و گردێکی ڕەقەنمان، ئەبێ ببنەوە بە دارستانی ڕێکوپێکی هەمووجۆرە دارێک کە بۆ جوانی و کارسازی و میوە ئەڕوێنرێن.

ئەو حەلە ئاووهەوای وڵاتەکەت لە ئێستا خۆشتر و بەتام و چێژتری لێدێت، ئەبێتە هەوارگەی هاوین، دانیشتووانی ڕووی سەر زەمین، ڕووی تێئەکەن بێکینە و قین، شادمان، بەختیار، دەمبەپێکەنین، ئەڵێن: ئەمەتە بەهەشتی بەرین، ئەو خەڵقەی تیایا ئەژین، پێیان ڕەوایە و ئەبێ بژین.

**ئەزانیت؟**

* تەنیا لە ساڵی ١٩٥٤دا بایی هەشتملێۆن دینار دار کڕراوە بۆ عیراق.

* ٢٢٠٠ دۆنم دارستان شوورەی بۆ کێشراوە و قەدەغەیە داریان لێببڕدرێت.

* تا ئێستا ماوەی ١٥٠٠ دۆنم زەوی داری لێدراوە.

* نزیکەی نیوملیۆن دار ڕوێنراوە لە عیراقا.

* ملیۆنێک نەمام ئامادەکراوە بۆ ڕواندن.

* لە ساڵی ١٩٥٥دا قانوونی دارستان دانرا.

* ماوەی ٦٠٠ هەزار دۆنم زەویی دارستان پێوراوە و سنووری بۆ دانراوە.

* ١٧٨٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە زەوی لە عیراقا دارستانە (لە سەدا چواری هەموو زەویی عیراق).

* بانقی پیشەسازیی عیراق خەریکی کۆڵینەوەی پڕۆژەیەکە بۆ دروستکردنی کاغەز لە دار.

* ناوچەی دارستان وا لە قەوسێکی وەهمییا، کە لە زاخۆ و دهۆک و ئاکرێ و هەولێر و کۆیە و چەمچەماڵ و کفرییەوە ئەڕوا تا دواییدێ لە هۆڕێن و شێخان و سنووری بەینی عیراق و ئێران و تورکیا.

* ئیدارەی مەحەلليی لیوای سلەیمانی نزیکەی ٤٠ دۆنم زەویی کڕیوە لە کارێزی وەستا شەریف، وە کاربەدەستانی لقی دارستان ٢٠٠هەزار نەمامیان لێناشتووە و زۆرباش پێگەیشتووە.

* بەشی زۆری نەمامەکانی شاخی گۆیژە ڕوواون.

* لقی دارستان گردی ئابڵاخی لە پارەوە کردووە بە دار.

* ئیدارەی مەحەللیی ٦٥٠٠ نەمامی زەیتوونی لە ئاکرێ کڕیوە و دابەشکراوە بەسەر زورراعەکانی لیوای سولەیمانییبا بۆ ڕواندنی بە هۆی مەئموورەکانی لقی کشتوکاڵ و دارستانەوە. پاریش نزیکەی نۆهەزار نەمامی زەیتوون.

* لە جێژنی دار و درەختی پارا، ١٠١٦٧ نەمام دابەشکراوە لە لایەن لقی دارستانی سولەیمانییەوە بۆ ناشتن.

* چوار شوێنی تاقیکردنەوەی نەمام دامەزراوە لە سولەیمانی و مووصڵ و هەولێر و کەرکووک.

* کێڵگەی بەکرەجۆ لەساڵی ١٩٤٧ەوە هەتا ئەمساڵ ١٥٦,٦٦٦ داری میوەی دابەشکردووە. ئەم ژمارەیە کافییە بۆ دروستکردنی باخێکی ٢٠٠٠ دۆنمی.

* تەنیا دارێکی سێوی باش لە عیراق، ساڵی ٢٥ دینار سوودت پێئەگەیێنێ.

* لە ساڵی ئایندەدا نزیکەی ٥٠هەزار نەمام لە کێڵگەی بەکرەجۆ ئامادەئەکرێ بۆ دابەشکردنی.

* ئیدارەی مەحەللیی سولەیمانی نزیکەی چوارهەزار نەمامی سێوی دابەشکردووە بەسەر کێڵگە (مەزرەعەی نموزەجیبا)، وە هەمووشی ڕوواوە و گەورەبووە. وە هەروەها بەتەمایە ئەمساڵیش هەموو جۆرە دارێکی میوە دابەشبکات بەسەر ئەو مەزرەعانە و بەسەر دێهاتەکانا.

* لە دووسێ ساڵ لەمەوبەرەوە، لقی دارستانی سولەیمانی خەریکی پڕۆژەی دارڕواندنە لەم شوێنانە: ناوچەی قلیاسان، سەرچنار، بەکرەجۆ، دەربەندی بازیان، دووکان، شاخی گۆیژە، کارێزی وەستا شەریف، قوریەشکاو، کێلەسپی، مووان، ئەزمڕ، وە دەربەندیخان.

## شانۆ قوتابخانەی گەلە*

لە هەفتەی ڕابوردووا، لە لاپەڕە شەشدا، کلێشەیەکی تازەم بەرچاوکەوت بە ناوی سینەما و شانۆ، بە سەرپەرشتیی نووری وەشتی. بە ڕاستی ئەم هەنگاوە تازەیەی "ژین"ی خۆشەویست وە تێکۆشان و تەقەلادانی کاک نووری وەشتی، مایەی دڵخۆشکردن و جێگای ئومێدی پێشکەوتنی هونەری شانۆ وە سینەمایە لەم شارەدا، کە هیوام زۆرە ببێتە مەخشەڵ، بەڵکە شامەخشەڵ، بۆ ڕووناککردنەوەی گشت کەلوقوژبنێکی وڵاتەکەمان.

هەندێ لە برادەران ڕەخنەیان لە وێنەی زینکۆغرافەکە گرت، ئەو برایانە ئەتوانن وێنەیەکی جوانتر و بەمەعناتر دروستبکەن و بیدەن بە "ژین" یان بە کاک نووری، وە ئەگەر باشتربوو لەمی ئێستا، با شوێنی بگرێتەوە.

کاک نووری نووسیویەتی: "سینەما و شانۆ"، بەڵام وا جوانتربوو بنووسرایە شانۆ وە سینەما، چونکە لە هەموو وڵاتێکدا هەتا شانۆیەکی ڕێکوپێکی بناغە پتەو دامەزرابێت، سینەما وەیا هونەری سینەما پێشنەکەوتووە. شانۆ سەرەتایە و ئەبێ لە پێشەوە بێ و هەموو توانایەکمان لە ڕێی دامەزراندن و پتەوکردن و گەشەکردنی ئەما بەکاربهێنین، بۆ ئەوەی بتوانرێ سبەی هونەری سینەما گەشەی پێبدرێ. شارەزا و زانا و تێگەیشتووەکانی ڕووی سەر زەوی، هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستا کە تێکۆشابن، لە ڕێی پێشخستنی میللەتەکانیانا شانۆیان کردووە بە "هۆ" بۆ ئامانجێکی پیرۆز کە ئاڕاستەکردنی میللەتە، کە فێرکردنیەتی، کە بەرزکردنەوەی سەوییەی چێژ و زانیاری و هەستییە بە هەموو شتێکی ناو کۆمەڵ، بە چاکە و خراپەیەوە. نەفرینکردن لە خراپە و دەست بەباڵگرتنی چاکە و ڕەوشتی بەرزی پیاوانە، لە ڕێی دروستکردنی ژیانێکی پڕ تام و چێژترا و بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی مەردی کارامەی باشبەخێوکراو لە کۆمەڵێکی مەردی کارامەی ڕێکوپێکی بێوەیی پێشکەوتووا.

---

* ڕۆژنامەی "ژین"، سلێمانی، ساڵی ٣٢، ژمارە ١٣٣٩، پێنجشەموو، ١٩٥٧/٣/٢٨، ل٥-٦.

هەموو هونەرێکی جوان، وە بە ئەدەبیات و شانۆ و سینەما و مۆسیقا و گۆرانی و وێنەگەری و پەیکەر دروستکردن و بەردتاشینەوە، هەموو زانست و زانیارییەک بە هەموو لقێکیانەوە، "هۆن" بۆ ئامانج، بۆ خزمەتکردنی، بۆ پێشخستنی، بۆ پاشەڕۆژێکی بێغەلی بێکوێرەوەری. لێرەوەیە کە شانۆ ئەبێ قوتابخانەی گەل بێت، لە ڕێی ئەوا و بۆ ئەو دابمەزرێ و پێبگا و گەشەبکات.

ئەم وڵاتەی ئێمە لەم چەرخە پێشکەوتووەدا، پێویستیی بەو شانۆیەیە، پێویستی بە تیپێکی گەورەی پڕ توانستی، پڕ هونەری، پڕ دڵسۆزی و زات و نەبەزینە، کە دابمەزرێ و تێبکۆشێ و مەخشەڵ هەڵکات مەردانە و ورەبەرنەدات. ئەم خەڵقە ساکارەی ئێوە ئەیانبینن، گەیشتوونەتە ڕادەیەکی تێگەیشتن کە بتوانن لە شتی چاک بگەن، کە پشتگیریی شتی چاک بکەن، کە شانۆیەک بژیێنن.

نووسەری باش، شاعیری چاک، لاساییکەری توانا، مۆسیقاژەنی بەسەلیقە و وێنەگەری هونەرمەندمان هەیە و ئەتوانن ئەگەر تۆزێک گیانی لەخۆبوردووییان ببێ و دەستبدەنە دەستی یەک، ببنە شامەخشەڵی ڕێڕوونکەرەوە. وە ئەبێ ئەمە هەر پێکبێت لە ڕێی سوودی خۆیان و هونەری جوان و وڵاتەکەیانا و ئەبێ باش هەموو یەکێکیان لەوە بگەن کە هەتا ئەم یەکبوونە، ئەم لێبوردنە، نەیەتە ناوەوە، ئەوانیش ناتوانن شتێک بکەن کە ببێتە مایەی شانازی و خێر و خۆشی. وە ئەبێ ئەوەشیان لەبیرنەچێت کە هونەرمەندان بۆیە هونەرمەندن، چونکە دڵسۆزن، چونکە بڕوایان بە کۆمەڵەکەیان هەیە، چونکە بەزاتن و نابەزن و ڕێچکەئەشکێنن بۆ خێر و خۆشی.

ئەی برای هونەرمەند!

تێکۆشە لە ڕێی پێکهێنانی کۆمەڵێکی هونەرا، تێکۆشە لە ڕێی شانۆیەک و تیپێکی تەمسیل و مۆسیقا و گۆرانی و وێنەدا، بۆ بەرزیی وڵاتەکەت و خۆت، بۆ ئەوەی نیشانیبدەیت کە هەی! کە نەمردووی!

## وتاری ئاهەنگی کردنەوەی
## کۆمەڵی هونەرە جوانەکان لە سلەیمانی*

پایەبڵند موتەصەڕیفی سەرەکی فەخریی کۆمەڵەکەمان

هاووڵاتییە خۆشەویستەکان،

بێگومانین لەوەی کە هەموو یەکێکتان دەرکێکی تەواو ئەکەن کە تەمسیل و وێنە و مۆسیقا و گۆرانی و خەت و هەڵکۆڵین و هونەری دەست و هەموو هونەرێکی جوان، دەستێکی گەورە و باڵایان هەیە لە پێشخستنی میللەتانا، لە جوانترکردنی ژیانا.

پایەبەرزی و پێشکەوتنی میللەتانی دنیا ئەکێشرێ بە تەرازووی باری کۆمەڵایەتی وە ڕۆیشتنی بەرەو شارستانیەتی، وە لە زۆری هەموو هۆیەکانی پێشکەتنەوە، "هونەری جوان سەرمەشقە و ئاراستەکەری کۆمەڵ".

بۆ بەرزبوونەوەی میللەتان، تاقە یەکڕێگا ناگیرێ و بە یەکدەست چەپڵە لێنادرێ و ئەبێ هەر یەکە و هەر تاقمە و هەر چینە لە ڕاستی خۆیەوە ڕاستببنەوە وە مەردانە کەمەری ئیشکردنی بەکەڵکی لێببەستێ وە پیاوانە بەروبوومی پڕسوودی خۆی پێشکەشبکات. جۆری ئیشکردنەکەی ئاشکرا و ڕوون بکاتەوە و ڕێکیبخا و دووڕوونەبێ و بەزاتبێ بۆ دەربڕینی مەرام و ئامانجی ئیشکردنەکەی، ئەگینا سەرناکەوێ و دوو کاڵەکی بە دەستێ بۆ هەڵناگیرێ و مایەشی پووچ.

هونەری جوان، وەکوو شارەزان، ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی وە هەموو شتێکی جوان ئەگرێتەوە و خوای گەورەش جوانە و کامڵ و حەز لە هەموو شتێکی جوان ئەکات. هەروەها هەموو ئایین و مەبدەء و فەلسەفەیەکی کۆن و تازە، پشتی هونەری جوانیان گرتووە، وە هونەری جوان بووەتە هۆی دامەزراندن و پەرەسەندن و بنجداکوتان و ژیانیان. قسە، بزووتنەوە، پێکەنین، سروەی با،

---

* ئەم کۆمەڵە ڕۆژی ١٩٥٧/٦/١٩ مۆڵەتی ڕەسمیی کارکردنی پێدراوە و سەعات ٥ی ئێوارەی ١٩٥٧/٨/٥ دەستبەکاربوونی خۆی لە بارەگاکەیدا بەرامبەر بە مزگەوتی گەورە ڕاگەیاندووە (بڕوانە: فائق عمر توفیق، یەکەم دەزگای هونەری مۆڵەتدراو لە کوردستاندا: کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی سلێمانی ١٩٥٧-١٩٦٣، سلێمانی، ١٩٩٢، ل٩). (س)

لەرینەوەی گەڵا، سەرکەشیی شاخ، خوڕەی ئاو، ڕەنگ، شیعر، نووسین، هەموو شتێکی بەکەڵکی پێویستی ناو ئەم ژیانە، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بنەماڵەی بەشەرییەتەوە، شتی جوان بوون، چونکە سوودیان گەیاندووە و پێویستبوون بە خەڵقی، بە ئینسان، بە میللەتان. لەبەرئەوە پێیانوتراوە هونەری جوان؛ هونەرمەندان، قارەمانان، هەموو ئینسانە لێهاتووە مەردەکان خۆیان بۆ کردووە بە قوربان. "بیتهۆفن لەو ڕێیەدا کەڕبوو، مۆزارت بەدەم مۆسیقاوە گیانی دابەدەستەوە، مۆلێری نووسەری مومەسیل، دوای تەمسیل لە باوەشی برا و خوشکە مومەسیلەکانیا بوو بە قوربانیی شانۆ، ئەو شانۆیەی قوتابخانەی گەلە. ئەمما فەرهادی ڕۆژهەڵاتیش لە ڕێی شیرینی جوانا بێستوونی سەختی کونکرد و بە دەسیسەی دوژمنە ناپاکەکانی هونەر کوژرا، بەڵام ناوی ما و نەمرد".

یەکە ئاوازی مۆسیقا، واقەی مناڵی ساوایە کە پێ‌ئەنێتە دنیای ڕووناک، پێکەنینی شادیی کەسوکارەکەیەتی. دوا ئاوازی هونەری جوانیش، حەرەکاتی دەست و تەپەی سنگ و سووریی چاو و کۆتەڵی لێقەوماو و هاواری جگەربڕاو و فرمێسکی ڕژاوی لێقەوماوی دەروون پڕ لە زووخاوە. قوڕپێوانی کۆن ماکیاجە و چەمەر و کۆتەڵ و کۆستەکۆستە و میری میرانیش، تەمسیل، موخریجیش ڕەنگڕێژەری دنیایە.

هونەر زەردەخەنەی و فرمێسک، فلیمێکی ڕاستەقینەی چاکە و خراپەیە، هیی خۆشی و ناخۆشی، هیی ژیان و مردنی خەڵقی. هەر هونەرێک، هەر هونەرمەندێک، لەم ڕاستەڕێیەوە دووربکەوێتەوە، ژیانی خەڵقی ڕەسمنەکا بەڕاستی، خراپەیان پیشاننەدا و بەرەو چاکە نەیانبا، هونەر نییە و ناژی و هەموو کاروبارێکیش کە دابڕا لە ڕاستە خەڵقەکە، لە جۆری ژیانیان، سەرناگرێ و تۆوی مردنی خۆی وا لەناو خۆیا و ئەمرێ و ئێمەش لەو مردووانە نین و ئەمانەوێ بژین، پێشڕەوی ڕاستی هەموو شتێکی جوان بین، کە سوودئەگەیەنێ بە خەڵقی.

هاووڵاتییەکان،

لە دەمێکەوە میللەتی ئێمەش کەوتۆتە سەر ڕێی شارستانی و ئیشکردنی بەکەڵک وە بەهۆی ئینسانانی مەردی ئیشکەرەوە خەڵقی وریابوونەوە هەتا ڕادەیەک و دەرک بە پێویستیی ژیانی شارستانیەتی ئەکا و پێویستیی بە

ڕێکخستنی کاروبارەکەیەتی، پێویست بە ڕەنگڕشتنی ئیشکردن و ئامانج تیا ئاشکراکردنە.

گومان لەوەدانییە کە میللەتی ئێمە وە بەتایبەتی دانیشتووانی ئەم شارە، پشتی هونەری جوانیان لە دێرزەمانەوە گرتووە. دە ئەنجامی ئەو پشتگرتن و دەرککردنەمان، پێکهاتنی ئەم کۆمەڵەیە کە بە شێوەیەکی ڕێکخراوی ڕەسمی ئیجازەی وەرگرت بۆ کارکردن بە پشتگرتنی ئێوە، بە یارمەتیی پایەبڵند سەعید قەزاز و پایەبڵند موتەصەڕیفی ئێستا وە کاک حەسەن ڕەفعەت، وە بە ساردنەبوونەوە و خۆنەکێشانەوە و وەستانی مەردانەی هونەرمەندە ڕاستەکانتان کە ئەمڕۆ بەپێوە وەستاون لە خزمەتتان لەم ئاهەنگەدا، وە سبەینێش لەسەر شانۆ "بازووی خزمەتی لێهەڵئەکەن"، بە تەمسیل و مۆسیقا و گۆرانی و پیشانگا و میهرەجان لێرە و لە هەموو مەرکەزێکی لیوا و قەزا و ناحیە و دێهاتەکانا بەپێی تەوانا و بە ئیزنی خوای گەورە و بە نەبەزینی مەردی لێهاتووی ئیشکەری دڵسۆز.

وا ئێمە بەم زووانە ئەکەوینە ئیش، بەڵام -وەکوو وتمان- چەپڵە بە تاقە دەستێک لێنادرێ. ئەمڕۆ بێ یا سبەی، نیوەی کۆمەڵەکەمان کە ئافرەتە، کە دایک و خوشک و کچەکانمانە، ئەبێ بێنە کۆڕی ئیشکردنی بەکەڵک، وەکوو پیاو چاکی ئیشکردنی لێهەڵکەن، بە حەیا و حورمەت دوور لە مەفاسیدی تازە داهێنراو، لەسەر ڕەوشتی باووباپیرمان کە ئێستاش ماوە لە لادێکانا، بۆ ئەوەی سەمفۆنیی پێشکەوتنمان نەشاز و نەقصی تیانەبێ.

بێگومانبن ئەم کۆمەڵەی ئێمە پارێزگاریی ڕەوشت و خووی بەرز و ئایین و باوەڕی جوان و عەنعەنات و تەقالیدی ڕابوردووی باووباپیرمان ئەکات. هەموو هونەرێکی جوانی بەکەڵکی خۆمان ئەژیێنێتەوە و لەوێوە دەستپێئەکەین. ئەو زمانەی خۆمان ئەکەین بە بەردی بناغەی بەروبوومی تازەمان و کاروان ئەکەوێتە ڕێ و سوود لە سامانی هونەرمەندی میللەتانیتریش وەرئەگرین وە کوێرانە ناجووڵێینەوە وە ڕێگا هەڵەناکەین، چونکە ئەزانین چی ئەکەین.

بەڵام خۆزگە نووسەر و زمانزان و خوشکەکانیشمان یەکیانئەگرت وە هەر تاقمە و هەر چینەش دەستیئەکرد بە خزمەتکردن، لەو ڕێیەوە کە ئەتوانێ و

لەو شتەدا کە لەباریایەتی و وازیان لە دووبەرەکی و خودپەسەندی و خۆویستی و حەسادەت ئەهێنا. لە ڕێی سوودی گەورەی وڵات و میللەتەکەیانا.

لە دەمێکەوە خەریکی بەربەرەکانیی یەک و سەروپۆتەڵاکی یەکین، هیچمان نەکردووە بە هیچ. لەجیاتیی ئەوە ببین بە پواز بۆ خۆلەناوبردن، بۆ ڕێی ئیش لە یەکتری گرتن، با یەکبگرین، کاروبارمان ڕێکبخەین، بەجارێ پەلاماری نەزانین و نەخۆشی و هەژاری و دووڕوویی و حەسادەت و خۆویستی و هەموو خوویەکی خراپ بدەین، بەسەر ئاژاوەی بێسەمەر کە لە فەوتان زیاتر سوودی نییە و مەردانە و بە ئاشکرا دامودەزگا دابمەزرێنین بۆ خزمەتی زمانەکەمان. با چاپخانە و کتێبخانە و شانۆ و کۆڕی گشتیی کۆبوونەوە و مەڵبەندی یاری و وەرزش و ئۆپەرایێک بهێنین، پشتی قوتابخانە و مامۆستا ڕاستەکانمان بگرین. با ڕایەکی گشتی دروستبکەین، بۆ ئەوەی وریاببینەوە و شوێن هەموو شتێکی بەکەڵکی جوان بکەوین. خەڵقە، با خۆمان بە ئاسوودەیی و ئاشتی و کامەرانی بژین لە کۆمەڵێکی باشڕێکخراوا کە ئەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی پڕ لە بەختیاری و شادی، دوور لە گۆمی لیڵ، دوور لە گێرەشێوێنی، کە کردەی هیچلەبارانەبووە خۆتێهەڵقورتێنەرە مایەپووچەکانە.

هونەرمەند و ئینسانی مەرد و شاعیر و نووسەر و پێشڕەو و ڕێچکەشکێن، قینی لە هەموو شتێکی ناشیرینە کە زیان ئەگەیەنێ. دەبا خێرخوا و جوانیپەرست بین، چونکە هەر ئەم باوەڕە و تەنسیقی ڕێگای کارکردن و ئیشکردنی پیاوانەیە ئەمانگەیەنێتە ئەنجام.

چەند خۆشە هەر تاقمە لە لایەکەوە "دڵ پڕ لە بڕوا و دەست پڕ لە هێز و دەم بە زەردەخەنەی شادی، بنەوێت لە چمکێکی چارۆکەی خزمەت لە ڕێی کۆمەڵا و بە هەموو لایەکمان، بە ئافرەت و پیاوەوە، مەخشەڵی ڕووناکیی ڕێی پێشکەوتن بەرزبکەینەوە، بڵێین: ئۆخەی گەیشتین بە ئاوات".

بەڵام ئەو ئاواتە پێکنایەت، هەتا ئەو ڕێیە نەگرین، هەتا هەموو بوغز و قین و کینە و حەسادەت و خۆویستییەکی خۆمان نەپلیشێنینەوە و نەیفلیقێنینەوە.

بێینەوە سەر ڕاستەڕێی کۆمەڵەکەمان، وا بە ناوی دەزگای بەڕێوەبەریی کۆمەڵەکەوە، بە ئاشکرا بڵاوئەکەمەوە کە ئەم کۆمەڵی هونەرە جوانانە ئامانجی نهێنیی شاردراوەی نییە و تاقە یەکڕووی هەی، دەرگای کراوەتەوە بۆ هەموو

هونەرمەندێکی ئیشکەر پەیڕەویی دەستووری ناوخۆ ئەکات زۆر بەوردی، پەیوەندیی نییە بە هیچ دامودەزگایەکەوە و نابێتە مەقاشی دەستی هیچ بەرە و تاقمێک هیچ کەسێک. ئێمە ئیجابین لە سنووری شەرەفا و دەستی یارمەتی بۆ هەموو جوانیپەرستێک [درێژئەکەین و کۆمەڵەکەمان][1] لە ڕێی خزمەتی گەلا دامەزراوە و ئەوە ڕاستە ئامانجەکەیەتی. وە هەر کاتێ کۆمەڵە ساواکەمان لە ئێستا زیاتر پتەوتربوو بە یارمەتیی ئێوە، بە تێکۆشانی خۆمان، بێگومان ئەو حەلە خزمەتی زیاترمان پێئەکرێ و پێویستیشیکرد وازئەهێنین لە هەموو کاروبارێکیترمان وە خۆمان تەرخانئەکەین بۆ ئەو ئامانجەمان، قوربانیئەدەین بە پارووی دەممان، بە ڕزق و ڕۆزییە کەمەکەی ماڵ و منالّمان.

لەو ڕۆژەوە کە چینی لاوانی ئێستا ڕاست و چەپی خۆمان ناسی، درێغیماننەکرد لە کاری بەکەڵک. ئەمڕۆش درێغیناکەین و قازانجیکی گەورەمان کرد لە غەڵەت وە هەڵەکردنمان وە بە تەجرەبەیەکی زۆرەوە هاتووینەتەوە کۆڕی ئیشکردنی تیکڕایی. "وە بێگومان لە ئیشکردن غەڵەت پەیدائەبێ و ئەوی ئیشنەکردووە و هیچی لەبارانەبووە و خۆی عەزیەتنەداوە، غەڵەتی چی بکات"؟! خوابکا خەڵقی ئیشبکا و ڕاستبکا و هەڵەنەکا و ئێمەش ئەوەمان ئەوێت.

لە دواییدا سوپاس بۆ هەموو ئەو برا و خوشکانەی بوون بەهۆی پێکهێنانی ئەم کۆمەڵە. سوپاس بۆ خوای گەورە کە هێز و گوڕێکی بەتینی پێبەخشیوین و هەرگیز نابەزین و هیوامان بە پشتگرتنی هەموو ئینسانێکی مەردی لێهاتووی ڕاستە لە بەربەرەکانیمانا بەرامبەر بە هەموو شتێکی ناشیرین، بەرامبەر بە جەجاڵەکانی دوژمنی هونەری ڕاستەقینە، بەرامبەر بەوانەی هیچ خزمەتێکیان لەدەستنایە، لە قسەی پڕوپووچ زیاتر، کە زیان ئەگەیەنێ بە یەکیەتیی ڕای گشتی و بە خەڵقی. هیوامان بە پشتگرتنی هەموو ئینسانێکی دڵسۆزە کە بە چاوەڕاوی جوانکراوی ناوئاخن زەهری مار ناخەڵەتێ و لەخشتەنابرێ. هیوامان بە تێگەیشتووە مەردەکانە، لە دامەزراندنی دامودەزگای هونەری جوانا، لە ئیشکردنمانا، چونکە ئەم کۆمەڵە بۆ ڕاستە خەڵقەکە دامەزراوە و ئێمەش خۆمان بۆ خزمەتی ڕاستی ڕاستە خەڵقەکە تەرخانکردووە وە ڕێی کارکردن و خزمەتیشمان لە کەس نەگرتووە، وە شتێکیش ناکەین کە لێینەزانین وە

[1] ڕستەکە لێرە پچڕاوییەکی تێدایە. دەبێ تەواوکەرەکەی "درێژئەکەین و کۆمەڵەکەمان" بووبێ. (س)

دەرەقەتی‌نەیەین و لە هەوادا کۆشک و تەلارمان نە بۆ خۆمان، نە بۆ کەس بە خەیاڵ دروستنەکردووە و توانای خۆمانمان کێشاوە و ئامانجمان وا لە بەرچاو و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهێزترئەبین و ئامانجیش نزیکتر و پرشنگدارتر ئەبێتەوە. بەم هێزەوە کەوتووینە تەکان، هەنگاونان، بەبێ‌ترسان، بەبێ‌وچان، تا ڕادەی دەمبەیەکادان، بێ ساردبوونەوە و وازهێنان، لەسەر ڕێگەی هونەرمەندان، کە هەمیشە بوون بە قوربان، بە قوربانی هونەری جوان کە پێویستە بۆ میللەتان، وەک ئاو و نان، لە ڕێی ژیان. بەڵێ سەختە ڕێگەمان، ساوایە هێشتا کۆمەڵەکەمان، بەڵام نەزرە و بەڵێن، سوێندە ئەیخۆین "بە ویژدانی تاسێنراو، بە گیانی ئازاردراو، بە فرمێسک، بە خوێ؟ناو، بە ئەشکەنجە، بە زووخاو، بە بڕیاری هونەرمەندی پیاو کە ئەچێتە نێرینەی ئاو، بۆ خەبات لەگەڵ لافاو، بۆ ڕزگارکردنی گوڵی پاراو، کە ڕائەماڵرێ بۆ ناو زەلکاو، بە دەست و بە چاو، بە سەر و بە گیان، ئەهێنینە کوڵ مەنجەڵی مەردان". ئەو حەلە "مەخشەڵ هەڵئەکەین، سەرتاپای ڕێگای سەخت تەختئەکەین". سەدای هونەری جوان ئەگەیەنینە لادێکان، تا جایزە وەرگرێ میللەتەکەمان، ڕووناکبێتەوە وڵاتەکەمان، بێ‌وەی، بێ‌دووڕوویی، بێ‌زیان، بێ‌گێرەشێوێنی، بێ‌خۆخۆری، دڵ پڕلەئیمان، ئەگەینە جەرگەی ئاواتمان، ئامانجی بەرز و پیرۆزمان.

ژیانێکی ڕێکخراوی جوان

خەڵقێکی بەختیار و کامەران

**تەمسیلی "لە ڕێی نیشتمانا"**

وتاری کۆمەڵ[ی هونەرە جوانەکان]

١٩٥٧/١١/٩-١٩٥٧/١١/١

بە ناوی خوای گەورە، بە چاودێریی سەعادەتی وەکیلی موتەصەڕیفی لیواکەمان، لە ڕێی باربووی لێقەوماوانی لافاوا و بۆ ژیانێکی ڕێک و وڵاتێکی ڕازاوە، کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی سولەیمانی بە گۆرانی، هونەر، ئاهەنگی ئەمشەو دەستپێئەکات.

*

هاووڵاتییە خۆشەویستەکان!

بە ناوی کۆمەڵی هونەرە جوانەکانەوە بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕتان ئەکەین وە ئەم پشتگرتنەتان مایەی شانازییە، چونکە هەنگاوێکە بۆ یەکگرتن و یارمەتیدان و تێکۆشان. بێگومانین لەوەی کە هەموو یەکێکتان بەتەواوی دەرکئەکەن کە کۆستی لافاو تا چ ڕادەیەک زیانی بەخشی بە سەروماڵی خەڵقی شاری سولەیمانیی خۆشەویست، وە چ ئەنجامێکی ناخۆشی لێ هاتەکایەوە. لەبەرئەوە لەسەرڕۆیشتنی پێویستنییە. بەڵام هیوامان وایە نەهێڵین جارێکیتر ڕووبداتەوە، چونکە هەمیشە تێگەیشتنی بەشەر ئەبێ زاڵتربێ بەسەر سروشتا و ئەمە شتێکە گومانی ناوێ و بەم زووانە ئیدراکی ئینسان ئەگاتە ئەو ڕادەیەی بەتەواوی سروشت بکاتە کۆیلە و بەکاریبهێنێ بۆ خێر و خۆشیی بەشەر.

ئەو کۆستەی قەوما بەسەر شاری سولەیمانیی خۆشەویستدا، بوو بەهۆی جووڵاندنمان، هەستییەکی دڵسۆزانەی هێنایە ناو، کە ئەمانبات بەرەو یەکیەتی. دە ئێمە پێویستمان بە هەستی و دەرککردن و یەکیەتی و کارکردنە؛ هەر کەسێک چی بە باش ئەزانێت، چیی لەبارایە، با بیکات لە ڕێی سوودی وڵاتەکەیا. ئەوی هیچیشی پێناکرێت، وا جوانترە نەبێتە کۆسپی سەرەڕێ، بۆ خۆی دابنیشێت.

لە پێنج مانگ لەمەوپێشەوە کە کۆمەڵەکەمان ئیجازەی وەرگرت، هەتا چوار مانگێ، نەمانتوانی هیچ بکەین، چونکە نەبووبووین بە مەنافیعی گشتی. بەڵام لەو

کاتەوە کە ئەوە پێکهات، دەستبەجێ خۆمان ئامادەکرد وە ڕوومانکردە هەڵەبجەی خۆشەویست و لقمان لێکردەوە و لەپێش تەمسیلکردنا بە ڕۆژێک، -وەکوو ئەیزانن- کارەساتی سولەیمانی قەوما و مەجبووربووین بردینیەوە بۆ سولەیمانی و تەمسیل دوابخەین، لەبەر حورمەتگرتنی ئەو گیانە پاکانە و بۆ باربوو و یارمەتیدانی لێقەوماوان. دوبەدوای گەڕانەوەمان، چیرۆکی "لە ڕێی نیشتمانا" ئامادەکرا و لە سەدا ٧٥٪ی پارەکەیمان تەرخانکرد بۆ باربووی لێقەوماوان.

هەروەها کۆمەڵ بانگێکی ڕاهێشت بۆ هەموو جەمعییات و نەقابە و نادی و فیرقەکانی عیراق، لە ئایینی و ئافرەت و ئەدەبی و خێری و تیپی یاری و تەمسیل و مۆسیقا، تا باربووی لێقەوماوانی سولەیمانی بکەن، وە هەتا ئێستا وەرامی سێ شوێنمان بۆ هاتۆتەوە کە خەریکن. جگە لەمەش، داوای ئیجازەمان کرد لە موتەصەڕیفییەتی کەرکووک وە هەولێر بۆ ئەوەی لە مانگی کانوونا و لەو دوو لیوایە کۆمەڵ تەمسیلبکا و پارە بۆ لێقەوماوان کۆبکاتەوە و بەشێکی پێویستی سەرشانی خۆی بەجێبهێنێ.

هاووڵاتییە خۆشەویستەکان!

بێگومانبن وەکوو لە پێنج مانگ لەمەوبەر کە ئیجازەدرا بە کۆمەڵ، لە بینای قوتابخانەی ساوایان ئیعلانمانکرد ئەم دامودەزگایە و دامەزراندنی دامودەزگایتری ئەدیبەکان و زمانزانەکان و ئافرەتان، پێویستن بۆ پێشخستنی ئەم وڵات و میللەتە، بە مەرجێک ئەم دامودەزگایانە ڕاستبن لە کرداریانا و لەسەر خزمەت بڕۆن. دە ئەمڕۆ بە شانازییەوە بڵاویئەکەمەوە کە کۆمەڵی هونەرە جوانەکان، بە پێچەوانەی ئەوەی تووشی گەلێک بەرهەڵستی گەورە بوو، بەڵام لە ڕاستیی خۆی نەکەوت و پتەوتربوو وە لەسەداسەد بوو بە دامودەزگایەکی هونەرمەندیی میللی، وە هەرچی خێر و خۆشیی میللەت و بەرزبوونەوەی هونەری وڵاتەکەمانی تیانەبێت، نایکا و بەلایاناچێ و نابێتە دەزگایەکی ناشیرین.

بەم بۆنەیەوە، بە پێویستی ئەزانم بە ناوی دەزگای بەڕێوەبەریی کۆمەڵەوە سوپاسی هەموو دامودەزگایەکی تێکڕا عیراق و شارەکەمان، سوپاسی هەموو ئەو مەردانەی لەم شارەدا وە لە شوێنانیتر یارمەتییاندابن و بە دەنگمانەوە هاتن وە پێویستیی ئینسانانەی سەرشانی خۆیان بەجێهێنا.

بینەوە سەر چیرۆکەکەمان کە تەمسیلی "لە ڕێی نیشتمانا"[1]یە و نەختێکی‌تر ئەیبینن، ئەم چیرۆکە هەرچەندە دووجاری‌تریش تەمسیل‌کراوە لە سولەیمانی، بەڵام لەبەرئەوەی سوودێکی تەواو ئەگەیێنێ و هەستی و پیاوەتی ئەجوولێنێ و گیانی تێکۆشان و لەخۆبوردن لە ڕێی سوودی گەل و نیشتمانا بەرزترئەکاتەوە، وا ئەمجارەش پێشکەشی‌ئەکەینەوە لە شاری هەڵەبجەی خۆشەویستدا. هەرچەندە ئەوەنییە کە ئەمانویست بێ، چونکە وەختەکەی کەم و نالەبار بوو.

سوپاسێکی گەرم بۆ ئەو برایانەی کە یارمەتییان‌داین لە ڕێکخستن و ئاسانکردنی کاروبارمان، بەتایبەتی مامۆستا بەنرخەکانی قوتابخانەکان و برا قوتابییەکان و هەموو ئەندامانی کۆمەڵ. بەڵام بێ‌گومان‌بن هەتا شانۆیەکی میللیمان نەبێت، کار مەیسەرنابێ و هونەر بەتەواوی پێش‌ناکەوێ، وە ئێمە ئەمڕۆ توانای دروستکردنی ئەو شانۆیەمان نییە، بەڵام با ئامانجێک بێ لە بەرچاو بۆ ئەوەی خاوەن‌تواناکان مەردانە بکەونە خۆیان و لە ناوجەرگەی شارا شانۆیەکی گەورە و تەواو دروست‌بکەن، چونکە شانۆیەک ئەتوانێ میللەتێک پێ‌بگەیێنێ.

بێ‌گومان‌بن کۆمەڵەکەتان هونەری جوان ئەگەیێنێتە ڕادەی هونەری گەلانی پێشکەوتوو، بە مەرجێک لە هەموو لایەکەوە یارمەتی‌بدرێ و پاڵپشتی‌بن، تا مەخشەڵ بەرزترکاتەوە و تاریکایی نەزانین و بێ‌ئیدراکی برەوێنێتەوە، گۆڤار و چاپکراو دەرکا، لق بکاتەوە لە هەموو شوێنێکی وڵاتا، بەتەواوی قوتابخانەی گەل بێ و ئەندامەکانیشی ئەوانە بن کە عەزمی هونەرمەندی ڕاست و دڵسۆز و خۆ بۆ میللەت و هونەر تەرخانکەر تا ڕادەی لەخۆبوردن. ئا بەم جۆرە ژیانێکی ڕازاوە، خەڵقیکی ئاسوودە، وڵاتێکی ڕێکخراوی جوان دێتەکایە و هەموو لایەک شادمان‌ئەبن.

هاووڵاتییە خۆشەویستەکان!

بە ناوی کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی سولەیمانییەوە بەخێرهاتنتان‌ئەکەین وە شانازی‌ئەکەین بە پشتگرتنمان.

پێویست‌ناکات لەسەر زیان و کۆستی لافاو برۆین، چونکە هەموو یەکێکتان باش ئەیزانن کە تا چ ڕادەیەک جەرگبڕ بوو، وە چ ئەنجامێکی ناخۆشی لێوە پەیدابوو. بەڵام ئەوەی پێویستە لێی‌بدوێین، ئەوەیە کە ئەم کۆستە وا لە هەموو

[1] لە دەستخەتەکەدا خەت بەسەر "لە ڕێی نیشتمانا"دا هێنراوە و "پیسکەی تەڕپیر"ی خراوەتەجێ، لە کاتێکدا وتەکانی سەبارەت بەو تەمسیلە، زیاتر مەبەست لێی "لە ڕێی نیشتمانا"یە. (س)

یەکێکمان بکات کە نەهێڵێ جارێکیتر ڕووبداتەوە. بەڵێ، سروشت بەهێزە و هەندێ جاریش دڕندە، بەڵام ئینسان کە خاوەنی مێشک و تێگەیشتنە و بەرزترین و بەجەوهەرترین هێزی ناو ئەم کائیناتەیە، ئەتوانێت زاڵبێت بەسەر هێزی دڕندەی ڕووخێنەری سروشتا و بیخاتە ژێر نگینی خۆی، لە ڕێی خێر و خۆشیی بەشەرا.

ئەم کۆستە هەموومانی جووڵان، هەستییەکی دڵسۆزانەی هێنایە ناو، کە ئەمانبات بەرەو یەکیەتی. دە ئێمە پێویستمان بە هەستی و دەرک و یەکیەتی و کارکردنە. هەر کەسێک چی بە باش ئەزانێ، بیکا، چیی لەتوانادایە ئەوە. ئەوی هیچیش‌ناکات، نابێ گێرەشێوێن و ڕووخێنەر بێت.

وا کۆمەڵ دەستەبەرەی خۆی پێشکەش بە لێقەوماقان کرد، وە هەرچی توانایەکی هەبوو، بەکاریهێنا و بێگومان‌بن هەرگیز دواناکەوێ لە کاری خێر، لە پێویستیی سەرشانی خۆی.

برایانی خۆشەویست، ئەی قوتابیانی بەنرخ:

بە پێویستی ئەزانین کە سوپاسی هەموو دامودەزگایەکی تێکڕا هەموو عیراق و شارەکەمان بکەین، چونکە مەردانە هەموو لایەکمان بە دەنگ کۆستەکەمانەوە هاتن و یارمەتییەکی پیاوانەیان دا و واجیبی ئینسانیی خۆیان بەجێ‌هێنا.

چیرۆکی تەمسیلی "لە ڕێی نیشتمانیشا" کە ئەیبینن، بێگومان سوود ئەگەیێنێ بە هاوولاتییەکانمان وە هەستی پیاوەتی و تێکۆشانیان و لەخۆبوردنیان لە ڕێی سوودی گەلا بەرزترئەکاتەوە. وە لەبەرئەوەی بە پەلە دەستیدرایە و وەختەکەی کەم و نالەبار بوو، ئەبێ ببوورن لە هەموو کەموکووڕییەکمان، بەو نیازەی کۆمەڵ لە پاشەڕۆژدا بتوانێ هونەری جوانتر و ڕازاوەترتان پێشکەش‌ئەکات.

لە دواییا بێگومان‌بن کە ئەم کۆمەڵە لە ڕێی خزمەتی ئێوەدا دامەزراوە و بە ناوی ئێوە و بۆ ئێوە تێ‌ئەکۆشێ، هەتا هونەری جوانمان ئەگەیێنێتە کاروانی گەلانی پێشکەوتوو.

بەڵام پێویستە ئێوەش یارمەتیدەری تەواومان بن وە بە هەموو لایەکمان هەوڵبدەین کە شانۆیەکی میللی دابمەزرێنین، نەک تەنیا لێرە، بەڵکە لە هەموو گۆشەیەکی وڵاتەکەمان، بۆ ئەوەی مەخشەڵی هونەری جوان و کرداری

پڕسوود تاریکاییی نەزانین و بێئیدراکی بڕەوێنێتەوە و ژیانێکی ڕێکخراو و وڵاتێکی ڕازاوە بهێنرێتە وجوود، بە عەزمی هونەرمەندی ڕاست و دڵسۆزی ئیشکەر و هەموو مەردێکی خۆتەرخانکەر بۆ میللەت.

میللەتێک گیانی هەستکردن و دەرککردن و یارمەتیدان و تێکۆشانی تیابێت، هەمیشە پێشئەکەوێ، هەمیشە ڕووسوورە.

لە دواییا سەرلەنوێ بەخێرهاتنتان ئەکەینەوە.

## سەرەتای باوەڕی ڕاستەقینەی نەتەوەییی کورد*

لە ژمارە ٣١ و ٣٢ی ڕۆژنامەی "دەنگی کورد"ا سەرەتایەکی باوەڕی ڕاستەقینەی نەتەوەییی کوردمان بەرچاوکەوت بە عەرەبی، کە مامۆستای ناسراو کاک جەمال نەبەز نووسیبووی. وا لەبەر گرنگی و ڕاستیی ئەو وتارە و لە پێناوی چەسپکردنی سەرەتای باوەڕی فەلسەفەی نەتەوەیەتیی پیرۆزی کوردا، بە کوردی پێشکەشی ئەکەینەوە.

مەخشەڵ

لە ڕۆژنامەی "الحرية" و لە بارەی "برایەتیی عەرەب و کورد"ەوە، مامۆستا هۆشیار چەند وتارێکی نووسی و بەو بۆنەیەوە چوو بە لای هەندێ شتەوە کە پەیوەندییان هەیە بە باوەڕی پاکی نەتەوەیەتیی کوردیی نەمرەوە. ئەو وتارانە بوونە هۆی پرسیاری خوێندەواران و دەمەتەقێی چەند تاقمێکی تایبەتی، لە ئەنجامی بەربەرەکانیی نێوانی ڕۆژنامەی "خەبات" و هۆشیار، کە گەیشتە ڕادەی قسەبەیەکوتن و هۆشیار سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی دانا بە شوێنکەوتووی باوەڕی مارکسی و وازهێنەر لە داواکاریی نەتەوەیەتیی کورد. سەرکردەکانی پارتیی باسکراو، باوەڕیان هەرچییەک بێ و ڕابوردووی کاک هۆشیاریش –وەکوو پارتییەکان پێیئەڵێن- هەرچییەک بێ، من لێی نادووم، چونکە ئەم وتارەم بۆ ئەوە تەرخاننەکردووە و جارێ ئەم باسە ڕووننەکەمەوە و شتێکە هەردوو لایان خۆیانیان پێوە خەریککردووە. هۆشیار وەکوو هەموو کەسێک ئەیناسێ، سەرکردەیەکی بەرزی پارتی بوو لە سەردەمی ڕابوردووا و خۆشی و ترشیی لەگەڵ ئەو سەرکردانەدا چێشتووە. لەبەرئەوە هەردوو لایان یەکتری باش ئەناسن و قسەی دواییش بۆ ئەو ڕاستییەیە کە لە پاشەڕۆژا دەرئەکەوێ و ڕۆژانیش ڕۆژیان لەدوایە و گەلێک شتمان بۆ ڕوونئەکەنەوە، کە ئێستا نایانزانین. وە لەبەرئەوەی کە هەرگیز

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ١، ژمارە ٨، دووشەممە، ١٩٦٠/٩/٢٦، ل١، ٧، ٨.
لە کۆتاییدا نووسراوە (ماویەتی) و تەواونەکراوە. (س)

ئەندامی پارتی باسکراو نەبووم، وای بە باش ئەزانم هەندێ کاروباری تایبەتی بۆ ئەو کەسانە بەجێبهێڵم کە پەیوەندیی ڕێکخستن و پێووەبەستراوییان بە پارتەوە هەیە.

بەڵام لەبارەی هەندێ باوەڕ و تێگەیاندنی چەوتەوە کە کاک هۆشیار ترشاندوویەتیە ناو وتارەکانیەوە دەربارەی باوەڕی نەتەوەیەتیی کورد، وا بە ئاشکرا ئەڵێم کە ئەو وتارانەی بڵاویکردنەوە، بوونە هۆی ئەوەی نەتەوەی نەمرمان ببێتە نیشانگەی تیری دوژمنانی بەشوێن پێستی سەرا گەڕاومان. بە خۆی بزانێ، لە کاتێکا کە من یەکێکم لەوانەی بڕوای بە باوەڕی فیکری ڕاستی نەتەوەیەتیی کورد هەیە، ناتوانم بەقەد موویەک خۆم لە بەربەرەکانیی ئەو چەوتییانە لابدەم وە پێویستە لەسەرم کە شییانبکەمەوە و ڕای خۆم بەتەواوی دەربڕم، چونکە ئەگەر چەوتی و هەڵە و ناڕاستی وەکوو خۆی بمێنێتەوە، ڕوخسار و دیداری ڕاستەقینەی نەتەوەیەتیی کورد ئەژاکێنێ و زیانێکی گەورەی پێئەگەیێنێ. وە لە کاتێکا کە من کەمێکی ئەو نووسینانەی مامۆستا هۆشیارم خوێندۆتەوە، بەڵام بەو کەمەدا زۆرەکەیم لە لا ئاشکرایە.

مامۆستا هۆشیار لە سەرەتای وتاری یەکەمیا، هورووژمی کردۆتە سەر باوەڕی مارکسی و وتوویەتی کە مارکسی و نەتەوەیەتی پێچەوانەی یەکترین و ئەمە ئەنجامێکی ڕاستە و لە خۆیەوە نەیهێناوە و هەر کەسێ تۆزێ شارەزای باوەڕ و بڕواکانی ببێ، ئەزانێ کە ئومەمییەتی پێچەوانەی نەتەوەیەتییە، وە هەوڵئەدا بۆ لەناوبردنی. بەڵێ، نەتەوەیییەکانی کورد و میللەتەکانیتریش کە ئەکەونە ململانێی فیکرییەوە لەگەڵ باوەڕی مارکسییەکانا، بڕوای بنەڕەتیان هەیە کە نەتەوەیەتی بینراو و ڕووداوێکی سەردەمی نییە لە قۆناغی پێگەیشتنی دەسمایەدا و لە پلەی گەشەکردنیا، تا بە گەیشتنی پێبگا و بە نەمانی نەمێنێ، وەکوو نانەتەوەییە ئومەمییەکان ئەفەرموون. نەتەوەیەتیی کورد، بە باوەڕی نەتەوەیییەکانی کورد، بزووتنەوەیەکی سروشتی و مزرقەیەکی[1] زیندووە، بە پێگەیشتنی میللەتی کورد پێگەیشتووە و بە زیندوویی ئەمێنێتەوە هەتا دنیا دنیابێ.

---

[1] مزرقە: دەبێ مزرەقی بێ کە بەپێی فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) واتە لەسەریەک و بێماوەدان، کە لەگەڵ پێوشوێنی ڕستەکە دەگونجێ و مەبەست بزووتنەوەیەکی سروشتی و حازربەدەست و بێوچان و لەسەرپێیە. (ش)

بزووتنەوەی نەتەوەیەتی لە سەرەتای پێکهاتنی میللەتا هەستێکی ساکاری نەتەوەیی بوو، بەڵام بە مروور‌ی ساڵەهای ساڵ و بە کارەسات دوای کارەسات و بە بەسەرهات بوو بە هەستێکی بەهێزی قوڵپەدەر و ئینجا بوو بە تێگەیشتنێکی نەتەوەیەتی و بە ڕێگای ئیشپێکردن لە پشتێنەی نیشتمانی و لەناو سنووری فراوانی هەموو جیهانا. کوردی بڕوا بە نەتەوەی خۆکردوو، کە لە ڕێیا تێئەکۆشێ و دەروونی بۆی ئەجۆشێ و پارێزگارییئەکا و خۆی بۆ ئەکا بە قوربان و هەموو خێروبێرێکی بۆی ئەوێ، تا نەکەوێ و سەرکەوێ؛ ئا ئەو کوردە زۆر باش ئەزانێ کە نەتەوەییتریش هەن و سەر بە نەتەوە و میللەتانیترن و خاوەنی ئەو بڕوایەن کە ئەم هەیەتی و ئەو ڕێیەیان گرتووە کە ئەم گرتوویەتی و پێویستە ئەم یارمەتییانبدا و ئەوانیش هیی ئەم، چونکە "مەردیی پیاو ئەو شتە حەرامناکا لە خەڵقی کە بۆ خۆی بە حەڵاڵی دائەنێ." دە ئەمەیە نەتەوەیەتیی ئادەمیزادانە، یان ئادەمیزادیەتیی نەتەوەیی.

(ماویەتی)

# ڕێڕەومان*

خوێندەواری خۆشەویست:

لەپێش ئێمەوە و لە دەور و زەمانێکی زۆر پێش ئێستادا وتراوە" "ئەوی لە هەق بێدەنگبێ، شەیتانێکی لاڵە". کەواتە "هەقوتن" وە پەرستنی ڕاستی پێویستترین شتن لەم دنیایەدا بۆ هەر کەسێک، بۆ هەموو تاقم و تیرە و کۆمەڵێک کە بیانەوێ ڕاست بڵێن و ڕاست بنووسن و ڕاست بێژن. دە یەکێک لە ئامانجەکانمان پشگیریی ڕاستییە و هەقوتن.

- هەموو ئینسانێک لەم ژیانەدا سەر بە میللەتێکە و بە زمانێک قسەئەکا. بەڵام هەموو سەر بە میللەتێک کە بە زمانێکی تایبەتی قسەبکا، دوورنییە خزمەتی ئەو میللەتەی خۆی نەکا و پیاوی بێگانە بێ و لە دژی وڵات و نەتەوەکەی خۆی بێ. دە ئێمە ئەم کردەوەیە بە ناشیرینترین وە خراپترین و پیسترین کردار دائەنێین وە هەتا ماڵ ڕاوەستابێ، مزگەوت حەرامە و سەرمەشقی ڕێڕەومان خزمەتی میللەتەکەمان و وڵاتەکەمانە بەپێی توانا و دەسترۆیشتوویی و پشتگیریکردنمان.

- زانست و زانیاری چرای ڕێڕووناککەرەوەی میللەتانن. هەتا خوێندەواری و زانست و هونەرمان ببووژێنرێنەوە و گەشەیپێبدرێن، ڕۆژێک زووتر ئەگەینە ئامانج، سەعاتێک زووتر ئۆخەیئەکەین و ئەحەسێینەوە و ئەم ئەرکەشمان لەگەڵ خەڵقیترا گرتۆتە ئەستۆ و بە پێویستی سەر شانی خۆمانی ئەزانین.

- وریابوونەوە و ئاڕاستەکردنی ڕاست و باوەڕی تەواو بە مافی نەتەوەکەمان، ئەمانخاتە سەر ڕێڕەوی یەکیەتی و تێکۆشان و تەقەلادانێکی پیاوانە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لەخوێناگەوزاوی باووباپیرمان. ئەم وریابوونەوە و باوەڕپەیداکردن و یەکبوونە بەرێوەن، بەڵام بەهێزکردن و پەلەلێکردن و زووتر کەوتنەخۆی ئەوێ، لەگەڵ دڵسۆزی و کارکردن و زاتا. دە ئەمەش لە باری خوێندەوارییەکەوە کاڵای باڵامانە.

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ١، ژمارە ١٠، دووشەممە، ١٩٦٠/١١/٧، ژ١، ٤.

- بەگژانەچوونی ڕێڕەوی پیاوانەی دامودەزگای میللی وە پشتگیریی هەموو کردارێکی باش و مرۆڤێکی پیاوی خۆلەڕێیولاتابەختکەر وە ئاڕاستەی ساویلکە و دەستگرتنی لێقەوماو و هاندانی خێرخوایی و پاراستنی هەموو باوەڕ و ئایینێکی پاک و جوانی بەکەڵک و ناوی خەڵقی نەزڕاندن و بەربەرەکانیی چەوتی بۆ ڕاستکردنەوە و بنجهەڵکەندنی خراپە و خراپەکەران، ڕێڕەوی مەردانە.

- میللەتی کورد زیندووە و هێز نییە لە دنیای تاریکیدا بە هەموو دڕندە و دەعبا و شەیتان و زۆڵەکێکەوە بتوانێ بیفەوتێنێ و لەناویببات. کوردستانێکیش کە مەڵبەندی ئەم میللەتە و شارستانیی کۆن بێ و سەدهەزار جار پێشێلکرابێ و هەر مابێ، بە ورەور و گریگریی دەڵەدێوی ئیستیعمار و داگیرکەر و بێچووە دانلێنەڕوواوەکانیان ڕۆناچێ و پارووەکە ئەوەندە زلە، هەرچی دەم هەیە لە دنیادا ئەیدڕێنێ و وەک سفرە یەکالایانئەکاتەوە.

- وەکوو لە ژمارە ٨دا بڵاومانکردەوە، ئەم ڕۆژنامەیە سەر بە هیچ حیزب و تاقم و دەزگایەک نییە و سەربەخۆیە و بۆ هەموو میللەت تێئەکۆشێ و لە ڕێڕەوی پیرۆزی نەتەوەیەتیی ئازاد و دیموکراسیی تەواو ناچێتەدەرەوە و ئەوەیش ڕۆژنامەکە هەموو جارێک ورد بیخوێنەرەوە، بۆ ئەوەی بزانیت کە ڕۆژنامەنووسێکی ڕاست درۆ لەگەڵ خوێندەوار ناکات، لە سایەی کۆمارێکی نیشتمانیی هاوبەشیدا بە سەرۆکایەتیی کاکە کەریم، چاوەڕوانی خێر و خۆشین بۆ میللەتەکەمان. ئیتر دەست لە دەست و هێز لە خوا و لە هەموو تێکۆشەرێکی مەردی تێگەیشتووی کورد، کە تێمانئەگەن و پشتمان ئەگرن وە ورەبەرنادەن لە ڕێی پێکهێنانی هەموو ئامانجێکی بەرز و پیرۆزا.

ئاوێنەی بڕوا: کۆمەڵایەتی

## قاش!![*]

(س)

قاش[1]، قاشکردن، قاشکاری، سەیرە، سەرسوورڕمانە! پێکەنینە، فرمێسکڕشتنە. پێکەنین بە وشەی قاش، بەوەی ئەیکا، ئەوەی کراویشە؛ گریان بۆ داهێنانی و ئەوەی تێوەیئەگلێ.

قاش!! قاشەشووتی، کاڵەک، سێو، ترۆزی بەترش و خوێوە.. ئەمانە هەمووی دەم پڕئەکەن لە ئاو، تفیان بۆ قووتئەدرێ. بە چەقۆ قاشئەکرێن، بەڵام نەء، لەو قاشانە نییە، نە تفی بۆ قووتئەدرێ، نە دەمیش پڕئەبێ لە ئاو، بەڵکوو چاو ئاوی تێئەزێ، دەم وشکئەکا، بەڵام با جارێ بڵێین: "لە بێخەبەران کەشکەک سەڵاوات".

مانای وشەی هەموو "کردەوەیەک" سەرچاوەیەکی هەیە، هیچ نەبێ ئەوەندەی تۆزقاڵێک بەلای بەکارهێنانیا ئەڕوا. بەڵام خەڵقینە ئەم چەشنە قاشە و بەم مانایە، "لە قوتووی هیچ عەتارێکا نییە!!"، لە هیچ مەیانێکیشا نەبیستراوە. ئەی باشە لە چییەوە هاتووە؟ ئەمەیان مەگەر تۆوەکەی لای داهێنەر دەستکەوێ، لای ئەوانەش کە پەروەردەیئەکەن (هەمووی لە تۆیەکی کاڵەک).

ڕەنگە سەر بابدەیت و بڵێیت: گوایە لە قاشی میوە چییتر هەیە بەولاوە؟! منیش ئەڵێم: هەیە و ئەولاتریش. قەیناکە ناحەقت ناگرم، چونکە میوانداریتکردووە. میوانەکەشت زۆر خۆشەویست بوویێت کە هەستاوە بڕوات. وتووتە: "جارێ زووە قاشێ کاڵەک بخۆ".

تۆ، من، ئەو، .. بەم شێوەیە وشەی "قاش" بەکارئەهێنن. هەندێ لە خوشکە قوتابییەکان و مامۆستاکانیان بووە بە باو. قوتابی "ست"ەکەی قاشئەکا. ئەی بۆ

---

[*] ڕۆژنامەی "بڕوا"، (ساڵی ١)، ژمارە ١٠، دووشەممە ١٩٦٠/١١/٧، ل١، ٤؛ ژمارە ١١، دووشەممە ١٩٦٠/١١/١٤، ل٥.

[1] قاش: پانپانۆکێ، کاری جنسیی مێ لەگەڵ مێ. (س)

نەڵێین "یەکالآیئەکاتەوە"؟!. ئای لەم نەخۆشییە گرانە، دەردێکی کۆنە ماوەتەوە. هۆی دواکەوتن و کڵۆڵیی کۆمەڵە، ئەوانەش کە هەستیان بە زیانەکانی کردووە، کەچی هەر ئەیژیێنن.

منالّی وردیلەی وەک پەپوولە، پەنجەی قەڵەم ئەگرێ و نایگرێ، ئەچێت بۆ خوێندن، سەرمای زستان ئەچێژێ. لە چوار دیواری قوتابخانەدا، بەسەزمانە لەباتیی "زیر و زار..."، یەکەمجار وشەی "قاش" ئەبیستێت، هەر دەستەی ستێک ئەکەن بە چەپکەگوڵ. ئەمە کڵۆڵی نییە؟! لەناو قوتابخانەشدا، دەستە و تاقم دروستببێ، بێتەکایەوە. یەن بەیەکا، شەڕئەکەن، "بەعز" وەک کای لێدێت. لەسەر چی؟ لەسەر ئەوەی قاشی ئەم دەستەیە لە قاشی ئەو تاقمەیتر چەپکەگوڵەکەی ڕەنگینترە. هەر دەستەی -بۆ نەگبەتی- بەلای خۆیا دائەتاشێت. بەم گیانە ئەو وردیلانە پەروەردەئەبن. لە ماڵیشەوە هەر "بەعزن..". خۆ قاشکراویش گەشەی پێئەکا. ژمارەیەکی هێجگار ئا لەو وردیلانە قاشیان پێکردووە، بڕوایان داوەتێ، خەلآتێکی گرنگ کراوە، مەدالیای سەرکەوتن کراوە بە بەرۆکیانا!!

بەداخەوە ئەڵێم ئەو "ستان"ەی ماوەی قاشکردنیان ئەدەن، کەمتەرخەمیئەکەن لە پێویستیی سەرشانیان لە پەروەردەکردنا، کە لە جێگای دایکیانن و زیاتریش. بێگومان ئەم ئەتوارە هەر پیشەی ئەو وردیلانانە نییە، بگرە خوشکە قوتابییە گەورەکانیش، هەندێکیان تێوەیگلاون، ئارەزوویئەکەن، (گەورە ئاو بڕێژێ، بچووک پێی لێئەخا).

بەلآم زۆر جێگای داخ و پەستییە کە ئەم جۆرە خوشکە گەورانە ئەیژیێنن و ملئەنێن بۆ سەرکەوتن، بۆ سەر لوتکەی چیای قاشکردن. ئاوینەی بڕوا ئەم ئەتوارە بە نەخۆشییەکی کۆمەلآیەتی دائەنێت، بۆ هەموو نەخۆشییەکیش دەرمانێکی تایبەتی خۆی هەیە، چارەسەرکردنی ئاسانە.

بەڵێ، وا قوتابخانەکان کراونەتەوە، سەرەتای دەرسخوێندنە. هەلێکی هێجگار فراوان بەدەستەوەیە. پێویستیی سەرشانی خوشکە قوتابییەکان و مامۆستاکانیان داوایان لێئەکا کۆششبکەن بۆ فەوتاندنی ئەم ئەتوارە لە بنەڕەتەوە. ئامانج لەناوبردنی خوو و ڕەوشتی ناشیرینە، لە ڕێی ڕاستکردنەوەی کۆمەڵ و سەرخستنیا.

(ماویەتی)

## ئەدەب، وێژە، بوێژ، هونەر*

ڕ. چ

هەموو خوێندەوارێکی کامڵ، ئەبێ وشە و زاراوە بباتەوە سەر بنجوبناوان، سەر ڕەگ و ڕیشە و زۆر وردببێتەوە لە مەعنا و مەبەس، دوای ئەمە ئینجا یا ئەیانسەلمێنێ و لە دێڕ و ڕستدا بەکاریانئەهێنێ، یا نایسەلمێنێ و ناشیەڵێ بە هەڵە بەکاربهێنرێن. ئەمە ئەمانباتەوە بۆ گەلێک شت، بۆ گەلێک ئاواتی کۆن و تازەی سارێژنەکراوی پڕمەینەتی، وەکوو نەبوونی "مەجمەعێکی زمان"، کە بەمیشیان ئەوت: "کۆزمان". نەکردنی هەڵە، زۆر باشترە لە هەڵەکردن. من لەگەڵ ئەو خوێنگەرمە ساویلکەیەدا نیم کە کردنی شتێک، با هەڵەش بێ، باشترە لە نەکردنی. باووباپیرمان کتێبی زۆر گەورە و پڕ لە زانستییان بۆ بەجێنەهێشتووین. بەڵام قسەی کورتی لە زانیارییەکی ئەوتۆیان بۆ دەورکردووینەتەوە. ئەگەر خۆمانی پێوە خەریکبکەین، بەقەد سەدهەزار کتێبی گەورەی تازە بەکەڵکن. "قسەی پێشینان" سامان و کەلەپوورێکی زانست و زانیاری و کۆمەڵایەتیی ئەوتۆیە، هەرگیز لە نرخ و لەبننایەت هەتا دنیا دنیایە. ئەو باووباپیرانەمان دوڕ و گەوهەر و مرواریییان بۆ بەجێهێشتووین، بە سەنگ سووک و بە نرخ گران، کورت و پڕ لە مەعنا. قەد گەوهەر لەناو هەزار بنی دەریا و قوڕ و لیتاوا بێت، نافەوتێ و هەر گەوهەرە. ئەو قسەی پێشینانەی ئێمەش، ئا ئەوەیە و ئەتوانین بیانکەین بە سەرمەشقی کار و کردەوەمان، بەتایبەتی چونکە نەمرە و لە دڵی میللەتەکەمانا، لە هۆش و هەستییا چەسپە و بەند و هیچ بەسەرهاتێکی جگەربڕ کە دوچاری میللەتەکەمان هاتووە، نەیتوانیوە تۆزێکی لێ کەلبکات!

بێینەوە و با جارێ زۆر نەڕۆین و بڵێین: وتوویانە و دەمیان پڕ لە نوور بێ: "نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب"، واتە هەر کەسە و ئەو ئیشە کە باشی ئەزانێ. بەمە ئیشیان دابەشکردووە، هەر کەسە بەپێی توانا و لێهاتوویی خۆی،

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ١، ژمارە ١١، دووشەممە، ١٩٦٠/١١/١٤، ل١.

بۆ ئەوەی بەروبوومی هەموو کەسێک پڕکەڵک و جوان، ڕازاوە و تێروتەسەل بێ و بەرهەمی جوانی ڕێکوپێکی هەموانیش کەڵک بە هەموو میللەتەکە بگەیێنێ و زووتر و باشتر و ئابوورییانەتر کاوربار پێکبێت. ئەمە ئەوەیە و کەچی هەندێکمان کاری پێناکەین. من کە شارەزای زمان نەبم، بۆ لە خۆمەوە لێیبدوێم و سواری سەری ببم و هەڵەی تیا بکەم و زمان و خەڵقی بەهەڵەببەم؟

وێژەیەکی کڵۆڵ کە هەرچی جووتیارێکی کورد و دانیشتووی لادێ هەیە، بە داری نوشتاوەی ملی گای بزانن، چۆنیان لێبکەم بە ئەدەب؟! وە بە چ مافێک دابسەپێم؟! باپیرە هەر گەورەمان کە فێری جووت بوو، هەڵبەت ناوی لە گەلێک شتیش نابوو، چونکە پێویستی بوون. هەرگیز ئەدەبی لەپێش وێژەی ملی گاوە ناونەناوە. ئەدەب کە فێربوون و پەروەردەکردن و هەست و هۆش بێ، کوا لە وێژە و لە هەڵسەنگاننی "وێژە"دا ئەو مەعنایانە. فەرموو: وژ، وژەوژ، واژەواژ، چیی‌تری لێئەکەی، لێیبکە و بۆ کوێی ئەبەیتەوە و بیبە، بزانم لە دەنگی کپبوونی گوێ و لە دەنگی وژەوژی با و باڵ و هەندێ شتی لەم بابەتە زیاتر، هیچی‌تری لێهەڵئەکرێ؟! ئینجا کە ئەمە کاکە وێژە بێت، ئەی وێژەوان؟ لەسەر لەنجەی بزنەوان و پاسەوان و شتی‌تر بووبێ بە ئەدیب! وە بوێژێک کە هەر لەمەوە هاتبێت، ببێ بە مەعنای شاعیر؟

ئەبێژێ، یەعنی ئەڵێ، یان شت لە بێژنگ یا لە والا ئەدا بۆ پاککردنەوەی، کەواتە شتەکە ناپاکە و پاکی‌ئەکاتەوە. بەڵام ئەدەب خۆی لە بنەڕەتا پاکییە و جوانی و لەپاشا ئەبێژێ کە ناوی کابرای قسەکەر، یا ئیشکەرەکەیە، ئەی ئەو لە چییەوە هاتووە؟ لە "بێژ"! بڕواناکەم.

بێگومان‌بن کە لەجیاتیی ئەدەب و شیعر و هەموو وشە و زاراوەیەک کە هیی بێگانەیە، وشەیەکی کۆنی کوردیی خۆییان پڕبەپێستی بۆ بدۆزرێتەوە. لەبارەی شیعرەوە، "هۆنراوە" و "هۆنراو" وە "هۆنەر" و "هۆنەروەر"مان بە جوان دێتە بەر گوێ. ئینجا نازانم شارەزاکانی زمان ئەڵێن چی؟ ئێوە بن خوا، ئەگەر زوو ئەمانە و شتەکانی‌تری وەک ئەمانە ساغنەکەنەوە، هەتا بە هەڵە نەچوونەتە ناو هەمانە، بۆ تێکدانی ئەوی هەمانە و نیمانە. هەتا ئەوەش ئەکەن وەیا بە ڕێگایەکی زانستی پێمی‌ئەسەلمێنن، ببوورن کە هەر ئەنووسم ئەدەب وە هۆنراوە و هۆنەر!

ئیتر چاوەڕوانتانین.

## لەگەڵ خوێندەوارانا*

به سەرپەرشتیی مەخشەڵ

خوێندەوارە خۆشەویستەکانم،

ئەم ڕۆژنامەیە هیی خۆتە، چونکە خزمەتی میللەتەکەتی گرتۆتە ئەستۆ. ڕەخنە لە چەوتییەکانی بگرە بۆ ڕاستکردنەوەی. چیت لە دڵایە، بۆی دەرببڕە لە ڕێی چارەسەرکردنا. بە من و تۆ و ئەو، بە زادەی بیروباوەڕ و بە هەستی بەرز، ئەتوانین شتێکی باش دروستبکەین بۆ نەتەوەکەمان.

لەپێش هەموو شتێکا، ئەوەندەمان نامە بەسەرا داباریوە، کە مەگەر ڕۆژی یەکدوو سەعاتیتریش بخەمە سەر وەختی ئیشکردنە "بێپارەکەم"، ئینجا دەرەقەت بێم!

سوپاسی خوێندەوارانی بەڕێز ئەکەم و هیوام وایە جێگای متمانەیان بم هەتاسەر و ئەم خۆشەویستییە دووربەدووری نزیکە هەر بەردەوامبێ.

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ١، ژمارە ١١، دووشەممە، ١٩٦٠/١١/١٤، ل٢.
پێویست نەبینرا وەڵامی نامەکان بنووسینەوە.

## هەندێ گیروگرفتی ڕانیە*

ڕۆژنامەنووسێکی ڕاست نابێ لە شارا لە پشت مێزەوە دابنیشی و شت هەڵسەنگێنێ و بەراودبکا و بخوێنێتەوە و بنووسێ، بەڵکوو لەمە زیاتر، پێویستی بەوە هەیە کە تێکەڵاوی جەرگەی کۆمەڵ ببێ و گوێ لە هەموو کەسێک بگرێ و بچێتە هەموو دائیرەیەک و هەموو ناو گوزەر و بازاڕ و شار و دێیەک؛ لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێکدا هەڵسێ و دانیشی و خەڵقی بدوێنێ و بجووڵێنێ، بۆ ئەوەی زیاتر و باشتر و چاکتر لە گیروگرفت و هیوا و ئازاری خەڵقی بگا و ئینجا بەپێی توانا ئەو "ناخی دەروون"ی خەڵقە بە وشە و ڕست و دێڕ داڕێژێ. هەر کەسێ لە خەڵقی دووربێ، ناتوانێ دەرسیان لێوە فێربێ و سوودی تەواویان پێبگەیێنێ.

ئەمەی باسمانکرد، بە شێوەیەکی گشتی تێکڕاییە و بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسێک و بۆ هەموو کەسێکە کە بە خەیاڵ نەژی. بەڵام ڕۆژنامەنووسێک کە ڕۆژنامەکەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بێ و ئەرکی خزمەتی سامانی نەتەوەیەتیی گرتبێتە ئەستۆ وە لەم ڕێیەوە سوود بە میللەتەکەی بگەیێنێ، ئەبێ زیاتر خەریکی چوونە بنجوبناوابی ئەو گیروگرفتانە بێ کە زۆربەی زۆری کۆمەڵایەتییە و شتیتری لێ پەیدائەبێ. ئێمە ڕۆژنامەکەمان لە باری ئێستایا ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە و لەم چوارچێوەیەدا کارمان پێئەکرێ و وەکوو وتمان: "هیچ جۆرە پەیوەندییەکمان بەسەر هیچ تاقمێکی سیاسییەوە نییە و هیچ پەیوەندییەکی دوور و نزیک نییە لە نێوانی ئەم "بڕوا"یە و بڕوای پێش ژمارە ٨، نە بە خاوەن و نە سەرنووسەر. هەرچی "پەیوەندیی حیزبی" هەبێ، نییانە لەگەڵ کەسدا و لەم ڕێیەوە ئێمەش دەستەبەرەی خزمەتکردنی ئەدەب و هونەر و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕەوشتی بەرزی میللەتەکەمان ئەکەین و هەر کەسە ئەوەی پێیئەکرێ". ئەم ڕوونکردنەوەیەش پێویست بوو وە ئەمە دواجاریشە کە لەم بارەیەوە بدوێین و ئینجا با بێینەوە سەر ڕاستە باسەکەمان. هەر لەگەڵ ڕۆژنامەی "بڕوا"ی ژمارە ١١

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ١، ژمارە ١٢، یەکشەممە، ١٩٦٠/١١/٢٠، ل١، ٤.

بەملاوبەولادا بڵاوکرایەوە و کەوتە ناو بازاڕ، نوێنەر ڕێگای گرتە بەر بۆ ڕانیەی قەشەنگ.

نامانەوێ لەم وتارەدا بە دووروودرێژی لە ڕانیە و لە خۆشیی ڕانیە و لە پیاوچاکی و مەردایەتیی دانیشتووانی ڕانیە بدوێین و با قەرزبێ بەسەرمانەوە. بەڵام لەگەڵ گەیشتنمانا، دەستبەجێ تێکەڵ بە خەڵقەکە بووین و چووینە ناوجەرگەی هەموو بازاڕ و کۆڵان و یانە و ناو ناخی دەروونی ئەم و ئەوەوە و ئەم هەندە گیروگرفتە شاڵاویان بۆ "بڕوا" هێنا. وا ئێمەش ئەیخەینە بەر چاوی کاربەدەستان:

١. فەحصی تووتن: ئەمساڵ نزیکەی ٤٠ هەزار فەردە تووتن هەیە لە قەزای ڕانیە، وە بۆ فەحصی ئەم چلهەزارە، یەک لیژنە دانراوە، کە ڕۆژی نزیکەی ٢٠٠ فەردە فەحصئەکەن وە بەمە هیممەتێکی پیاوانە ئەنوێنن بۆ ڕاییکردنی کاروباری جووتیار، کە ئەمە ئازووقەیەتی. بەڵام فەحصکردنی یەک لیژنە –وەکوو جووتیار و زورراعەکان ئەڵێن– "دادی تەواو" نادات. لە سلێمانی چوار لیژنە دانراوە و زۆر پێویستە کە یەکێک لەم لیژنانە ڕەوانەی ڕانیە بکرێت و هیوامان وائە سیادەتی موتەصەڕیف و کاربەدەستانی ئینحیصار ئەم کارە خێرە بە زووترین وەخت جێبەجێبکەن لە ڕێی سوودی گشتیدا.

٢. قوتابخانەکان: مامۆستای باش و بینای چاک و خواردنێکی چاک لە لایەن حکوومەتەوە. بەڵام لە کتێب و جلوبەرگ و پێڵاو دا، وەزعیان باشنییە. خۆزگە هەندێک لە پارەی خۆراکی ڕۆژانەی قوتابی، ئەدرا بەو شتانە، وەیا حکوومەت ئاوڕێکی لەم "ناحییە موهیممە" ئەدایەوە و چارەسەریئەکرد. وە وەکوو بیستمان، مەجرای ئاودەسخانەی قوتابخانەی کچان خراپە و بە تەنیا چوار دینارێک جێبەجێئەکرێ و جوانیش نەبوو بینووسین، بەڵام چاریشنییە.

٣. پاکوتەمیزی و مەجرای زێراب:

شارەکە بە شێوەیەکی تێکڕایی وە کۆڵانەکانی بەتایبەتی، هەتا بڵێی پیسە و سەری مەجرای زێراب نەگیراوە و ڕوانگەی نییە و شوێنێک دروستنەکراوە بۆ ئەوەی ئەم ئاو و پیساییەی بۆ بڕوات، وە مانەوەی ئەم زێرابانە بەبێ سەرگرتن و بەبێ ڕوانگە و عەمارێکی گەورەی کۆکردنەوەی ئەم پیساییە، کە لامان وایە ئەبێ لە بەشی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ڕانیە دروستبکرێت، زیانێکی زۆر گەورە ئەگەیێنێ بە دانیشتووانی ڕانیە بەتایبەتی، چونکە هیچ دوورنییە "قولە"ی جوان کە

ئەڵێی بووکێکی باوەشی بەختەوەرییە و سەرچاوەی ئاوی شارەکەیە و لە نزمی‌دایە، پیس‌ببێ و هەزارەها نەخۆشیی لێوە داکەوێ. بە تەرخانکردنی میقدارێ پارە جێبەجێ‌ئەبێ.

٤. هەندێ زەویی میری هەیە و بە قورعە و بە داواکردن لە ماوەیەک لەمەوپێشەوە دراوە بە مەئموور و موستەخدەمەکان، وە ئەمە پڕۆژەیەکی زۆر جوان و بەکەڵکە، بەڵام هەتا ئێستا موعامەلەی تاپۆی بۆ نەکراوە و بەبێ ئەو موعامەلەیە، کەس ئەو زەوییە بە هیی خۆی نازانێ و ناشتوانێ بینای لێ‌بکا لەبەر نەبوونی. بەڵام ئەگەر تاپۆکرا، ئەو حەلە ئەتوانن پارە لە عەقاری وەربگرن.

٥. ئاوەدانی: هەرچی خانوو و بەرە و قوتابخانە و نەخۆشخانەیەک کە بەدەست ئیسکانەوە بوو، هەمووی تەواوبووە و تەنیا مزگەوتەکان ماوە. بەڵام بینای مەحکەمە کە دوو ساڵ زیاترە دەستکراوە بە دروستکردنی، هەتا ئێستا تەواونەبووە و هیوامان زۆرە حکوومەت زۆی بیگرێتە دەست و تەواوی‌بکا، چونکە گەیشتۆتە ڕادەی سەقف و بەجێ‌هێڵراوە.

- دووسێ پیاوچاکی "چێوەی ژووروو" وە "چێوەی خواروو"م دی، وە وتیان کە لە ١٩٥٧ەوە خۆیان دوو بینایان تەواوکردووە بۆ قوتابخانە و هەتا ئێستا چاوەڕوانن. ئەم دوو دێیە کە ٢٥ دەقیقە لە یەکترییەوە دوورن، نزیکەی ٢٠٠ ماڵن وە ٥ دێی‌تریان لە دەوروپشتە و بە هەموویان ٤٠٠ ماڵ ئەبن وە زۆر لەبارن بۆ قوتابخانەتیاکردنەوە و خوێندن، وە هەروەها میوەجاتێکی ئێجگار زۆر و نایابیان هەیە و پێویستیان بە تەواوکردنی ڕێگاکەی ڕانیە - چێوەیە و موستەوصەفیش پێویستە، چونکە دوورن لە دێی هەرتەلەوە، بەتایبەتی لە زستانا و ئەمانیش چاوەڕوانی ئیدارەی سلەیمانین.

بڕوا: هیوامان زۆرە ئەم گیروگرفتانە جێبەجێ‌بکرێن، وە سیادەی موتەصەڕیف و کاربەدەستان هەموو شتێکی پڕخێر جێبەجێ‌بکەن، وە هیواشمان وایە تێگەیشتووی پاک لە هەموو شوێنێکی وڵاتەوە دڵسۆزانە دەنگوباسمان لەبارەی گیروگرفتەکانی شوێنەکانیانەوە بۆ بنێرن بە شێوەیەکی ڕاست، تا ئێمەش بیخەینە بەرچاوی کاربەدەستی دڵسۆز وە بە هەموو لایەک گیروگرفت نەهێڵرێ.

# لەگەڵ خوێندەوارانا*

بە سەرپەرشتیی مەخشەڵ

خوێندەوارە خۆشەویستەکانم،

ئەم ڕۆژنامەیە هیی خۆتە، چونکە خزمەتی میللەتەکەتی گرتۆتە ئەستۆ. ڕەخنە لە چەوتییەکانی بگرە بۆ ڕاستکردنەوەی. چیت لە دڵایە، بۆی دەرببڕە، لە ڕێی چارەسەرکردنا. بە من و بە تۆ و ئەو، بە زادەی بیروباوەڕ و بە هەستی پاکی بەرز، ئەتوانین شتێکی باش دروستبکەین بۆ نەتەوەکەمان.

*

بەقەد هەموو پیت و وشەیەکی کوردی، کە لە مرواری جوانتر، لە ئەڵماس بەنرختر، لە یاقووت ئاڵتر و لە زمڕوت قەشەنگترە، بە بارستاییی هەوای پاکی مەڵبەندی نەتەوەی پاکی بێگەردمان، بە درێژیی مێژوو، سوپاس بۆ خوێندەواری کوردی تازە پێگەیشتوو، بە کچ و کوڕەوە، بە پیر و جوانەوە؛ بەرامبەر بەم هەموو نامە ڕەنگین و جوانانەی بۆ ئەم ڕۆژنامەیە دێ و پڕیانە لە هەستی بەرز و لە دەروونێکی پاکی بێگەرد، لە هیوا و ئاواتێکی عەتراوی، کە ئەمانگەڕێننەوە بۆ دەورێکی تەلیسماویی پڕ لە ئەفسوونی جوانی سەرەتای لاوی. ئەم نامانە زەنگە بۆ بەختیاریی نزیک و پاشەڕۆژی پڕشنگدار، ئامانج و لەیادکردن، مەرگ، مەرگ! مەگەر مەرگ نیشتمان!

---

* ڕۆژنامەی "برِوا"، ساڵی ١، ژمارە ١٢، یەکشەممە، ١٩٦٠/١١/٢٠، ل٢.
پێویست نەبینرا وەڵامی نامەکان بنووسینەوە.

## بۆ سوودی گشتی*

ڕ. چ

ئەم ڕۆژنامەیە بە پێویستێکی تەواوی ئەزانێ کە لە هەموو گیروگرفتێکی خەڵقی بدوێ، لە ڕادەی سنووری خۆیا. بەڵام لێدووان دوو لێدووانە: لێدووانێک کە غەرەزاوییە و لەسەر کینە و داخ و ئافەرین و نەزانین دروستئەکرێت بۆ ئامانجێکی تایبەتی، وە لێدووانێک کە لەسەر ئیدراک و پێویستی و زانین و چوونە بنجوبناوان و لێکۆڵینەوە و سوودی گشتی پێکدێت.

کارەبا و ئاو، جادە و ڕێگاوبان و کۆڵان و شیو و زێراب و سینەما و چێشتخانە و چایخانە و پاکوتەمیزی و پیسی و نەخۆشی و نەزانین و پەروەردەکردن و فێربوون و ئاسایش و جەردەیی و بێئیشی و قەسابخانە و گۆشت و سەوزە و میوە و ڕەوشتنزمی و ڕیشوەت و ئیشنەکردن و ناڕاستی و هەر شتێکیتری خراپ و چاکی ناو کۆمەڵ هەیە، هەمووی پێویستی بە لێدووان و ڕاستکردنەوە و چارەسەرکردنە. بەڵام لێدووانەکەمان ئەبێ لەسەر چوونە بنجوبناوان و لێکۆڵینەوە و باسکردنێکی بێکینە و لەسەر بناغەیەکی زانیاریی تەواو بێ و "بۆ سوودی گشتی" خراپ نەکەین بە چاک و چاکیش نەکەین و بە خراپ و بەم ڕێیەش نەبێ، چەوتی ڕاستنابێتەوە و لێدووان سوود نابەخشێت!

ڕۆژنامە، ئەبێ ئاوێنە بێ بۆ ئەوەی کە هەیە و بەوپێیە هەموو شتێک بخاتە بەرچاوی میللەت. ئێمە ئەمانەوێ شارەکەمان، وڵاتەکەمان، میللەتەکەمان، پێشبکەوێ و بگاتە کاروانی شارستانیەتی و سوپاسی هەموو دڵسۆزێکی ئیشگوزار ئەکەین و قسەی ناڕەواش بە کەس ناڵێین. لێدووانەکانمان بۆ سوودی میللەت و بۆ سوودی گشتییە و هیچیتر. کە ئێمە ئاوابین، بێگومان میللەت و کاربەدەستی پیاویش پشتمانئەگرێ و بەدەنگمانەوەدێ و ئەو حەلە چەوتی

---

* ڕۆژنامەی "برِوا"، (ساڵی ١)، ژمارە ١٣، یەکشەممە، ١٩٦٠/١١/٢٧، ل١؛ ژمارە ١٤، شەممە، ١٩٦٠/١٢/٣، ل١، ٤.

ڕاستئەکرێتەوە و کەسیش زیانی لێناکەوێ. دەسا دەست لە دەست و هێز لە خوا و لە مەردان و ئەمەیە ڕاستی:

١. ئاو و کارەبی سلێمانی:

- کورد وتوویەتی: "ئاو و ئاوەدانی!" ئاو ڕووناکییە. واتا ئاو نەبێ، ئاوەدانی نییە و ئاو و ڕووناکیش لە یەک جیاناکرێنەوە و هەر لەسەر ئەم حیکمەتەشە لیژنەیەک دامەزراوە لە سلەیمانی بۆ پڕۆژەی ئاو و کارەبا.

- لە ساڵی ١٩٢٩دا پڕۆژەی ئاو، وە لە ساڵی ١٩٣٠دا پڕۆژەی کارەبا لە سلەیمانی دامەزرا. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پڕۆژەی ئاو و کارەبایە، بەپێی تەعلیماتێکی حکوومەت کە دانراوە، لیژنەیەک پێکهێنراوە و ئێستاکەی بەم جۆرەیە و لەم زاتانە پێکهاتووە: سەرەکی ئەنجومەن- موتەصەڕیفی لیوا، باقر دجێلی، نائیبی سەرەک- سەرەکی شارەوانی، شاکیر فەتاح، سکرتێر- بەڕێوەبەری ئاو و کارەبا، ڕەمزی مەعرووف، ئەندام- سەرەکی تەندروستی، عەبدوڕەحمان عەبدوڵا، ئەندام- بەڕێوەبەری واریدات، ئەندام- ئەندامێکی ئەنجومەنی لیوا، فەتحوڵا ساکۆ، عەزیز عارف و ئەحمەد زرنگ- دوو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی.

- ئەم لیژنەیە بەپێی پێویست کۆئەبێتەوە و لە کاروباری ئاو و کارەبا ئەدوێ و بۆ ئەم کۆبوونەوانە هیچ جۆرە پارەیەکیان نادرێتێ! واتە بە خۆڕایی کارئەکەن. هەتا چەند ساڵێک لەمەوبەر، مەکینەکانی کارەبای دیسی بوون. لەجیاتیی ئەم عەموودانەش، سپیدار و تەلی باریک و عەموودی ئاسنی پچووک لەسەر شەقام و کۆڵانەکانا چەسپکرابوون وە بۆریەی ئاوەکانیش باریکتر بوون و کەمتر.

- لەگەڵ گەورەبوونی شارا و بەپێی پێشکەوتنی شارستانیەتی و پێویستی، هێنرا لە ژوور حەپسخانەکەوە بینایەکی گەورە دروستکرا و چوار مەکینەی زۆر گەورەی ئەیسی کڕا کە هێزی هەر یەکەیان ٣١٠ کیلۆواط بوو.

- سەرچاوەی ئاویش، عەمارەکەی هەر لە ژوور حەپسخانەوەیە، هیی کارێزی حاجیبەگ و حاجی حەمەسوور و عەزیزئاغا بوو. وە هەتا ئێستاش پارەی ئاو ئەدرێ بەو خاوەنکارێزانە. بێگومان ئەم کارێزانەش دەرەقەتنەهاتن، لەبەرئەوە بۆرییەکی ٤ ئینجی وە بۆرییەکی ١٢ ئینجی لە سەرچنارەوە ڕاکێشرا بۆ ئەم ئامانجە و ئێستا بۆرییە ١٢ ئینجییەکە لەکارایە و

چوار ئینجەکە لە هەندێ شوێنیا ڕزیوە و خەریکی چاککردنەوەین. ئەم ئاو هاتنە لە سەرچنارەوە بەرامبەر بە پارەیە، چونکە کارەباکەی سەرچنار ئەو مضەخانەی ئاوەکە ئیش‌پێ‌ئەکا و تەنیا لە یەک مانگدا (ئەیلوولی ئەمساڵ) ٤٨٧-١٢٧ کیلۆواط کارەبا لەسەر لیژنەی ئاو و کارەبای سلەیمانی قەیدکراوە.

- لەدوای شۆڕش کە سیادەتی دکتۆر نەزیهە دلیمی وەزارەتی شارەوانیی بەدەستەوەبوو، فەرمانی دا بە لابردنی هەر چوار مەکینە گەورەکە و لیژنەیەکی نارد بۆ سلەیمانی. دوو مەکینەیان بران بۆ حلە، دووانەکەی‌تریان بۆ دیوانییە. وا بیناکەش کرا بە گەراجی پاسەکانی گواستنەوە و لە جێی خۆیایەتی. ئیتر کەسیش کەس گوناهبارنەکا و فەرمانە و ڕەوا و دەستی لیژنەی تیانییە.

- پڕۆژەی دبس، کارەبائەدا بە سلەیمانی، لە لای ئابڵاخەوە میقیاسی داناوە و چەند کارەبا لە سلەیمانییا بەکاربێنرێ، ئەینووسێ و بەرامبەر بە هەموو کیلۆواطێک ٥ فلس لە لیژنەی ئاو و کارەبا ئەسێنێت. ئەمیش لە تەنیا مانگێکدا ٢٢٥٠ دیناری وەرگرتووە و هەقی خۆیەتی و ئەیەوێ.

- پێنج "مەکینەی دی‌سی"مان بوو لە کارەبای کۆن: یەکێکیان فرۆشراوە بە خەڕنابات لە لیوای دیالە بە ١٥٠١ دینار، ئەوی‌تریان فرۆشراوە بە کاک غەفوور ڕەشید بۆ کارگەی سەهۆڵ بە ٧٨٧ دینار و نیو؛ سێیەمیان کە هێزەکەی ١٠٠ کیلۆواطە، بەم زووانە ڕەوانەئەکرێ بۆ هەڵەبجە، چوارەم و پێنجەم یەکێکیان ١٠٠ کیلۆ وە ئەوەی‌تریان ٢٥٠ کیلۆواطە، ماون.

- لیژنەی ئاو و کارەبا، ٢٤٠هەزار دینار قەرزارە و شارەوانیی سلەیمانی کەفیلیەتی. نزیکەی ٢٠هەزاریش عەجز وا لە بۆجەکەیا.

ئەم پارانە هەمووی خەرجکراوە لە گۆڕینی عەموود و ڕایەڵی تەل و بۆ سەعات و بۆریەی ئاو دامەزراندن و ئاوهێنانی سەرچنار و کڕینی مضەخە و دروستکردنی بینا و کڕینی مەکینە تازەکان کە بران.

بۆ هەر مەترموکەعەبێک ئاو، ٨ فلس وە بۆ هەر کیلۆواطێک کارەبا ١٥ فلس لە خەڵقی ئەسێنرێ. ئینجا -لەگەڵ ئەمەشا- ئەمەم بۆ حسابکەن:

واریداتی مانگێک لە مانگەکان:

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئـ ئاو | ٧٣٤ | ١٧٢٢ |
| ب. کارەبا | ٨٤٨ | ٥٦٥٦ |

هەموو واریدات ٧,٣٧٩,٥٨٢ دینار خەرجکردن هەر لەو مانگەدا:

٢٧٠١ دینار و ٤٥٧ فلس.

مەعاشی مەئموور و موستەخدەم و کرێکار:

٦٠٠٣ دینار و ٧٥٩ فلس.

ئوجرەتی دبس و کڕینی مەوادی کارەبا و ئاو: ٨٧٠٥ دینار و ٢١٦ فلس.

٨٧٠٥,٢١٦ + ٧٣٧٩,٥٨٢= ١٣٢٥,٦٣٤ هەزار و سێسەد و بیستوپێنج دینار و شەشسەد و سیوچوار فلس، عەجز لە یەک مانگا.

– لە قەزاکانا، تەنیا چوارتا کارەبای نییە و هیوامان زۆرە ئەم قەزا موهیممە بە زووترین وەخت ڕووناکبکرێتەوە و کاک هاشم هورمزی ئەبێ ئەو ناوە بۆ خۆی بەجێبهێڵێ.

– لیژنەی کارەبا ٢١ هەزار دینار پڕۆژەی ئیقتیصادیی ١٠هەزار دیناریيان داناوە بۆ پێکهێنانی پڕۆژەی پەرەپێدانی کارەبا و ئاوی شاری سلەیمانی.

– ٣٠٠ خانووی ئیسکان وە گەڕەکی خەبات، دەباخانەکەی محەممەدی حاجیصالح وە هەموو شوێنەکانیتری شآر، جگە لە خانووەکانی بەر بناری گۆیژە، بەم نزیکانە ئاو و کارەبایان ئەگاتێ لە نیطاقی مضەخەکەی ئێستادا و ئەخرێتە موناقەصەوە.

– ٢٠٠٠ دینار دراوە بە مضەخەیەکی ئاو، کە بەم زووانە دێت.

– لە ژوور خانووەکانی ئیسکانەوە، عەماراوێک دروستکراوە و لەتەواوبوونایە و دووهەزار دیناری تێچووە و ٦٠هەزار گاڵۆن ئاو ئەگرێت.

– شەش بەلووعەی ئاوی خۆڕایی درابوو بە خانووەکانی ئیسکان، کەچی یەکێک لە بەلووعەکان دزراوە.

– ڕطووبەت کارەبا ئەدزێ و زیان لە پڕۆژەکە ئەکەوێ، بەڵام ئەوپەڕی شەرمە ئاو و کارەبا بدزرێت لە پڕۆژەیەکی ئە ئاوا پڕخێر!

– گەڕەکی بەربنار (ئازادی) وەختێ ئاوی ئەگاتێ کە بۆریەیەکی دوانزە ئینجییتر لەسەر گردەگڕوێ" وە تۆڕی بۆریە بڵاوەی پێئەدرێت.

– بەکورتی، ئەمەیە کاروبار و لیژنەی ئاو و کارەبای شارەکەت. هەرچی چۆنێکی تاوتوێبکەی، یەیتەوە سەر ئەوەی کە ئاو و کارەبا پێویستن بۆ هەموو سووچ و قوژبنێکی ئەم شارە و بەو ٣١هەزار دینارە و بە تۆزێک پارەیتر و بە هیممەتی لیژنەکە و سیادەتی موتەصەڕیف و پشتگیریی هاووڵاتییەکان، لە سەرەتای هاوینا ئەتوانرێ هەموو شارەکە بە ئاو و ڕووناکی ئاوەدانبکرێتەوە و بەرەبەرەش لیژنەکە کارێکیوا بکات ئەو قەرزە بداتەوە و ئەم قەرزە جێبەجێبکا و چاوەڕوانی هیممەتی مەردانین.

# زەنگ و مەخشەڵ و بڕوا*

شاخ کێوی قوتوەستاوی ڕەشداگەڕاوی بە (خەت) کەرتکراوی نەبەزێنراو؛ ڕەش شەوە و سپی ڕۆژە و تاسێنراو. هەموو تاساو و بەئامانجنەگەیشتوویەکی گیرۆدەی تاریکی، پێویستی بە "زەنگە، بلەریتەوە" و لە خەوی بۆنەهاتی و ترس "ڕاستبێتەوە" و بەدەم زەنگی پێشەنگی قەشەنگی "کوردایەتی"یەوە، بکەوێتە ڕێ. دەستی پۆلاییی کوڕ و کچمان "مەخشەڵ" هەڵبگرێ، جەرگەی تاریکستان بە ڕوناکیی "بڕوا" ببڕێ! زەنگ بلەرێتەوە و ڕۆژببێتەوە و کاروانی قەشەنگت بگاتە مەڵبەند. نە ئەم "دنیایە" وا زوو ئەبڕێتەوە و نە "میللەتیش" ئەفەوتێ! پاشەڕۆژی پرشنگدار، لە جەرگەی تاریکیدا زەردەخەنەی هیوا و ئاواتی وا لەسەر دەم و ئامانج "ئەنجامی" زەنگ و مەخشەڵی "بڕوا"یە!!

---

* ڕۆژنامەی بڕوا،ساڵی ١، ژمارە ١٥، شەممە، ١٩٦٠/١٢/١٠، ل١.

هەر نەمربێت شاعیری بەرزی کورد بێکەس:

**یادی دوانزەمین ساڵەی کۆچەکەی***

پیاو ئەبێ دایم خەمی قەوم و وڵاتی خۆی هەبێ

ئەو کەسانەی بێخەمن، حاشا نەوەی ئەم خاکە نین

ڕۆژ هەژدەیە و مانگ کانوونی یەکەمە و ساڵ ٩٤٨، نسیب وا لە هەڵەبجە و ئەمجارە نێچیری مەرگی ڕەزاگران، شاعیرێکە لە پێشەنگەکان! بێکەسیش چونکە شاعیر بوو، زوو گیانی دا بەدەستەوە و هەموو هونەرمەند و زانا و ئەدیبێکی بەرز بەخشندەیە و دڵپاک! لەوکاتەوە گیان بێکەسی بەجێهێشت، دەست ساردبووەوە و خامە کەوتە زەوی، چاو لێکنرا و ناشیرینی کەوتە سەما. دەم بە ساردیی مەرگ مۆرکرا و هەستی ڕاست لەناویا تاسا. ئەو تەرمە لە گردەکەی سەیوان، بوو بە میوان، چاوی لاوان سوورهەڵگەڕان، ئەوەندە گریان، ئەشوبهانە گوڵەئەرخەوان.

لەو ڕۆژەوە تەرمووکی فامیکردەوە و خانی دایڕشت و کۆیی دەریبڕی و فوئاد سەری هەڵبڕی و ئاوات کەوتە سەر زار و بڵاوبووەوە لە شار، هەر دانایە بەدوای زانادا و هەر هۆنەرە و بەدوای هونەرمەندا و هەر دڵسۆزە و بە سەد تەرزە یەن و ئەخوێنن و شۆڕئەکرێنەوە ناو گڵ و سەرئەنێنەوە و لە باوەشی گۆڕی تاریکا، لەسەر کێل و بەرد و عەرد و دار و لەناو هەوا و ئەشکەوت و زنج و زیندانا، بە دڵێکی پڕ هیوا و سڵەوە ئەخوێنن:

ئەترسم ئەی وەتەن بمرم، نەبینم بەختیاریی تۆ

بنووسن با لەسەر قەبرم، وەتەن غەمگین و من غەمگین!

منیش لەگەڵ هەزاری خۆشەویستما ئەڵێم: هەتا زانا و دانا و هونەرمەند و شاعیرمان لەژیانان و مۆمن بۆ میللەت ئەسووتێن، لە برسانا ئەمرن و ڕێزیان

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ١، ژمارە ١٦، شەممە، ١٩٦٠/١٢/١٧، ل١، ٦.

فایەق بێکەس لە ١٩٤٨/١٢/١٨دا کۆچیدوایی کردووە. (س)

لیناگیریَ و "کەرپیاوی لەبارانەبوو" سووک و ڕیسوایان ئەکەن و کە سەریشیاننایەوە و زووخاو لە لغاویانەوە هاتەخواریَ و سەریکرد، ئینجا ئەو حەلە پێیانئەڵێن: "نەمر و بەرز و گەورە و بلیمەت و خاوەنی ئیعجاز!" بە ڕاستی سەمەرەیە ئەم حاڵە و خوا بیبڕێت ئەم نەمرییەی دوای ئازار! هەتا لەژیانان، هەر دەرد بیَ و جەخار؛ دوای مردنیش پیاهەڵدان بە خەربار!

خۆزگە هەر کەسە خەریکی ئەوە ئەبوو کە ئەیزانی و ئەم گێرەشێوێنی و پاشاگەردانییەمان لە هەموو شتێکدا نەئەما و ژیانی کۆمەڵایەتیمان ڕێکئەخرا و ئەڕازانرایەوە و:

یەکتریتان خۆشبویَ، تا نەگبەتی بەرتان بدا

دوودڵیی ئەم قەومە دیل و سووک و بەدڕەفتار ئەکا.

## ماوەت*

یا رب این عالی عمارت تا ابد معمور کن

هر که آمینی نگوید هردو چشمش کور باد ۷۳۱هـ

(دوێنێی ماوەتەکۆن، بەسەرهاتی لەشکری ڕۆم، ماوەتیی کەڵەشیرنەخۆر، ڕاوی گردی ڕەش، پەیکەر و ئینگلیز، بارەگای ئەسکەندەرشا و هەر چوار میرەکەی کوڕی، مەلحەمەیەکی ٥٠٠ بەیتی بە شیعری هیجرانی، فەقێعوثمان و میرزاخاڵ و کتێبە فارسییەکەیان، ماوەتی ئەمڕۆ و گیروگرفتەکانی.)

لە زستانا و بەهارە پچکۆلە، دەی بە قوربانی کوڕ بم ڕووەو ماوەت. زۆرم دەربارەی بیستووە و نەمدیوە و ئوتوموبیل ئامادەیە و سێچوار برادەری پیاوم لەگەڵایە و "برِوا" پێویستی بە نووسینە و میللەت چاوەڕوانی زانیاریی تازەیە و هێشتا هیچ کۆنێکی خۆشمان تازەنەکردۆتەوە و ئەم وڵاتەی خۆمانمان بەتەواوی نەدیوە، چ جای پشکنین و لێکۆڵینەوە! بەهارە پچکۆلەیەکی وا خۆش بۆ ئەو ڕێگا ناخۆشە، مایەی بێوەییییە! ئەگینا بە باران برِۆی، هەر دەرناچی! وەلحاصڵ دەرچووین و نانی بەیانیمان لە "کانی ماسی" خوارد. ئەم کوردستانە پڕیەتی لە ناوی لەیەکچوو. بە دوو سەعات و چل دەقیقە گەیشتینە ماوەتی قەشەنگ، کە پاڵیداوە بە قەڵاتی میر محەممەد ئیسماعیلەوە و لەو بەرەوژوورەوە تەماشای دامێن ئەکا و لە دێرزەمانەوە ئەم میللەتە وەک باز و شەهێن لە جێی بەرزا ژیاون، چونکە حەز لە بەرزی ئەکەن.

نفووس:

نزیکەی هەزار کەسێک. هەموو ناحیەکەش دوانزەهەزار و چوارسەد کەسێکە. پاکوتەمیز و قۆز و بەئەدەب و ڕەوشتبەرز و ئازا و ئیشکەر.

ڕێگەوبان:

---

* ڕۆژنامەی "برِوا"، (ساڵی ١)، ژمارە ١٧، شەممە، ١٩٦٠/١٢/٢٤، ل١، ٤؛ ژمارە ١٨، جومعە، ٩٦٠/١٢/٣٠، ل٦؛ ژمارە ٢٠، جومعە، ٩٦١/١/١٣، ل٧؛ ژمارە ٢١، شەممە، ٩٦١/١/٢١، ل١؛ ژمارە ٢٢، ل٣، ٤.

بەڵام لەوێوە هەتا ماوەت، کە نزیکەی دوانزە کیلۆمەترەیە، ناوبەناو خراپە و پێویستی بە چارەسەرکردنە و لە پڕۆژەی ئابووریی ٩٦٠-٩٦١دا ٢١هەزار دیناری بۆ تەرخانکراوە و هیوامان وایە لە ئێستاوە دەستبکرێت بە موناقەصەکەی، چونکە شادەماری ئابووریی وڵات ڕێگەوبانە و میوە و حاصڵات و تووتنێکی زۆری وا بەسەر ئەم ڕێیەوە.

هەروەها ١٠ کیلۆمەتریتر ڕێگا پێویستە لە بەینی ماوەت- ژاژەڵە- قورنتێنەی سەر سنوور- ئاوەکورتێ، کە ئەو حەلە ئوتوموبیل بە دە دەقیقە لە ماوەتەوە ئەیگاتێ وە چەند دێیەک بەم ڕێیە ئەحەسێنەوە. هاوینەهەوارێکی زۆر خۆش وا لە ناحیەی ماوەتدا، کە ناوی "برزوو"ە و بە لۆفەیەکی ئەم ڕێیە ئەچیتە ناوی و بەهەشتێک ئەبینی. خۆزگە ئەم ڕێوبانانە پێش مانگی مارتی ئەمساڵ تەواوببوونایە، لەگەڵ ١٥ کیلۆمەتری قامیش- گەڵاڵە.

پڕۆژەی ئاو و کارەبا: کە سیادەتی موتەصەڕیف ئەمساڵ چووە بۆ ماوەت، وای باسکردووە کە دوو مەکینەی زیادی پێنجوێن ببرێن بۆ ماوەت. هیوامان وایە ئێرەش و چوارتاش لە زەمانی سیادەتی باقر دجێلیدا کە هەموو قەزا و ناحیەکان گەڕاوە و شارەزای هەموویان بووە، ئەم چراخانە پێکبێت و ئەم ناوە باشە بۆ خۆی بەجێبێڵێ. بۆ پڕۆژەی ئاویش، ئەگەر لەپشت شارەوە چەند بیرێکی ئیرتیوازی هەڵبکەندرێ، ئەو حەلە بە ئاسانی پڕۆژەی ئاویش جێبەجێئەبێت.

حاصڵات:

ماوەت و دەوروبەری، حاصڵاتێکی زۆر و میوەیەکی نایابی هەیە. تووتنێکی زۆر باش، وە ساڵی وا هەیە نیوەی ترێ ئەبێ بەژێر بەفرەوە، لەبەر نەبوونی ڕێگەوبان، وە هەندێ جاریش بە وڵاخ ئەیبەن بۆ دەوروپشتی کەرکووک، لەوێ ئەیگۆڕنەوە بە دانەوێڵە.

ئەمساڵ نزیکەی ٨هەزار فەردە تووتن هەیە لە ماوەت، وە بۆ ئەوەی ئەهالییەکە زیاتر بکەونە ڕەحەتییەوە، لیژنەیەکی تووتن وا لە ماوەت، فەحصئەکات، بە سەرۆکایەتیی کاک کامیل محەممەد. ئەم لیژنەیە ڕۆژی ١٣٠ فەردەیەک فەحصئەکەن. هەتا ئێستا نزیکەی ٤٠٠٠ فەردەیان تەواوکردووە و ئەمە نیسبەتەکانی: لە سەدا ٢٥ مومتاز، لە سەدا ٦٠ ئەوەلی، لە سەدا ١٤ ثانی، لە سەدا ثالیث. هەتا نهایەتی مارت، ئینجا فەحص تەواوئەبێت. وەرگرتنی پارە، یا لە چوارتا

ئەبێ، یان هەر لە ماوەت، کە ناوبەناو مودیریماڵی چوارتای بۆ ئەچێ. وەکوو دەرکەوتووە، تووتنی ئێستای کوردستان، بەشی هەموو کارگاکانی جگەرە و کارگای سلەیمانی ناکات. بۆ چاکترکردنی تووتن و بۆ زۆرکردنی، پێویستە کاربەدەستان و شارەزایان ڕای خۆیان لە ئێستاوە دەربڕن و تەنفیذیبکەن. ئێمە وای بە چاک ئەزانین کە لەمەودواوە ئیجازە زۆرتر بکرێت وە بدرێت بە زورڕاعیتر، کە ئیستا ئیجازەیان نییە. تووتنە هەرە باشەکانی ئەم لیوایە، وا لە ناوچەی ماوەت، وە ناوچە شاخاوییەکان بە شێوەی گشتی وە لە چوارتا، بەرزنجە، پێنجوێن، هەورامان، شاور، خۆشناو و ناودەشت. بەڵام تووتنی دەشت و نزمی و گویچەم و بیتوێن، شارەزوور، تووتنی چەماو و گویزێ خراپە. پێنجیەکی تووتن ڕەشۆکییە و ١٤%ی موحەسەنە. دروستکردنی مەخزەنێکی گەورە کە ٤ تا ٥ هەزار فەردە بگرێ، لەگەڵ چاککردنی ڕێگەوبان زۆر پێویستە. هەروەها تۆوی چاک و زانای کشتوکاڵ.

شارەوانی:

لە ماوەت شارەوانی هەیە و کاتێک ئەیبابەڕێوە، لەگەڵ چوار کرێکار! شارەکەیان پاکوتەمیزە، تەعینکردنی موراقیبێک بۆ ئەو کرێکارانە، چاککردنی شەقامەکان و ڕێکخستنیان لەگەڵ دروستکردنی مەجاری، زۆر پێویستە. موستەوصەفێک وا لە ماوەتدا، موضەمیدێکی لێیە و بیناکەی باشە و دەرمانیش زۆرە. بەڵام تەعینکردنی مومەریضەیەک بۆ ئافرەتان و منداڵبوون پێویستە.

ژنهێنان:

بۆ ئەوەی ئافرەت شووبکا و پیاو ژنبهێنێ، ئەبێ هەردوو لایان بۆ مارەکردن بێن بۆ سلەیمانی. خۆزگە کارێکی وا ئەکرا، ئەم مەسەلەیەش چارەسەرئەکرا، بەوەی سوڵطە بدرایە بە مەئموورێکی گەورەی حقووقیی ئەوێ.

قەڵاچۆی نەخوێندەواری:

لە ماوەت موکافەحە نییە و باشتر وایە قوتابخانەکان یەکی شەو (مسائي) دابنرێت، بۆ ئەوەی قوتابیان کە بە ڕۆژ ناخوێنن و هەتا پۆلی شەشیان خوێندووە و قوتابخانەیان بەجێهێشتووە، تا خوێندەواری تەواوبکەن.

لە ماوەت دوو قوتابخانە هەیە، کوڕان و کچان. قوتابخانەی کچانمان نەدی، بەڵام چووین بۆ کوڕان و ئەمە پوختەی بینینمانە: ١٣٦ قوتابی هەیە لە پۆلی

یەکەوە هەتا شەش، ٨ مامۆستا بە مودیرەوە. خواردەمەنی؛ هەموو ڕۆژێک شیریان هەیە، ناوبەناویش پەنیر و نۆک و خورما و سێو. نزیکەی چل قوتابی بەیانیان دێن و نیوەڕوان ئەگەڕێنەوە بۆ دێیەکانی نزیک و پێنج دەرس ئەخوێنن و یەکدەوامە. کە سیادەی موتەصەڕیف چووە بۆ ماوەت، فەرمانیداوە لەسەداسەد هەموو قوتابیان جلوبەرگ و پێڵاو وەربگرن، وە لەسەدا ٣٠ پێڵاو لە لایەن شارەوانیی ماوەتەوە پێکهێنراوە. هیچ لیژنەیەکی هونەر لە ماوەت دانەمەزراوە و داری باسکەیان نییە و تەیبڵ تەنسیش نییە و تەنیا ڤاڵیبۆڵە.

دوو خانووی ئیدارەی مەحەللی، یەکێکیان دراوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچان، ئەویتریشیان بە یەکێک لە مامۆستایانی کوڕان. بەڵام بڕیار وایە چوار خانوویتری ئیدارەی مەحەللی بکرێت.

ئیدارەی ناحیە:

وەکوو بۆمان دەرکەوت، بەپێی ئیدارەی ناحیە و ئیدارەی قوتابخانە و دائیرەکانیتر، زۆر ڕێکوپێکە و یارمەتییەکی تەواو لە نێوانا هەیە و هیچ جۆرە نالەبارییەک لە ماوەتدا ڕووینەداوە و ئەڵێی ماستی مەییوە و خەڵقەکە تێکڕا ڕەوشتێکی جوامێرانەیان هەیە.

حەمامێک وا لە ماوەت، بەڵام پچووک و کەمئاوە. دوو ژوور و حەمامێک و مەخزەنێک بۆ قوتابخانە پێویستە و خۆزگە لە قوتابخانەی هەموو ناحیەیەکدا، گەرماوێکی گەورە دروستئەکرا، بەتایبەتی شتێکی بەجێیە بۆ قوتابیانی هەژار و دەوروپشت. هەندێ قوتابخانە دووکان (حانووت)یان نییە و ئێمە وای بە باش ئەزانین لە هەموو قوتابخانەیەکدا ببێ و لە پێشەوە مامۆستایان پارە بکەن بە دەسمایە بۆ ئەم ئامانجە. وەسائیلی ئیضاحیان هەیە و چەسپاندنی تەلەفۆن لە ژووری مودیری قوتابخانەکاندا کارێکی کەڵکبەخشە. بە بۆنەی باسکردنی وەسائیلی ئیضاحەوە، ئێمە لامان وایە ئەبێ ئوتومومبیلێکی تایبەتی بە فلیمی سینەماوە بەناو هەموو ئەو شوێنانەدا بێت و بچێت کە ڕێگای بۆ کراوەتەوە.

بۆ ساڵی تازە، دێی شەشۆ، وڵاغلوو، مالوومە، پێویستیان بە کردنەوەی قوتابخانەیە و ئەمە بوو گیروگرفت و باسێکی سەرپێیی ماوەتی ئێستا و ئینجا با بگەڕێینەوە بۆ ڕابوردوو، بۆ ڕۆژانی کەڵەمێردی زووی لەدەستچووی زیندووی نەمردوو!

ماوەتەکۆن:

یا رب این عالی عمارت تا ابد معمور باد

هرکه آمینی نگوید، هردو چشمش کور باد

شەڕی ئەسکەندەرشا و ڕۆمی،

ڕاوی گردی ڕەش،

مەلحەمەی کوردی،

ماوەتیی کەڵەشێرنەخۆر

ئەم دوو بەیتەی سەرەوە لەسەر بەردێکی سپیواش نووسراوە و مێژووی ٧٢١ی هیجریی پێووەبووە و چەسپکراوە لەسەر "عەمارەت" ئەمارەتی ئەسکەندەرشای کورد، کە لە ماوەتەکۆن و دەوروپشتەکەیا لە کاتی دوادواییی حوکمی عەباسییەکانا حوکمڕانییکردووە و چەند کوڕێکی دلێری بووە، کە هەرەئازاترینیان میر هەمزە بووە و ئەو شیعرەش هیی شاعیری کورد میرزای خاڵ، یان فەقێعوثمان ناوێکە، کە ئەویش کورد بووە و بە هەردووکیان کتێبێکیان بە فارسی نووسیوە دەربارەی حوکمڕانیی ئەسکەندەرشا و کوڕەکانی و دەربارەی مەلحەمەی جەنگی بەیەکادانی لەشکری کوردەکان و ڕۆمییە مەغۆل و تەتەرەکان، کە پێیانوتوون "ڕۆمیی عەجەم". شیعرەکە ئەڵێ: "خوایە ئەم ئەمارەتە هەتا دنیایە، هەر بە ئاوەدانی بمێنێتەوە و هەر کەسێکیش ناڵێ ئامین، هەردوو چاوی کوێربێت."

بەر لە ٣٤ ساڵێک لەمەوپێش، سێ ئینگلیز بە خۆیان و کەرەسەی بەردبڕینەوەوە ئەو بەردەیان بڕیوەتەوە و پارچەیەکی شکاوە و ئەم پارچەیە لە دیواری قوتابخانەی کوڕانی ماوەتا چەسپکراوە و ئەویتریشیان بردووە و ئەوان و ئەدمۆنس و غەیری ئەوانیش، ئەو ناوەیان پشکنیوە و گەلێک وێنەیانگرتووە و زۆر زانیاریی مێژووییان کۆکردۆتەوە و بردوویانە و هیچیان بۆ ئێمە نەنووسیوە. بەڕاستی خیانەتە بۆ ئەو ئاساردزانە و بۆ ئەو بێگانانەی ئەم وڵاتەیان پشکنی و هیچیشیان بۆ ڕووننەکردینەوە و خوا ئەوە بگرێ بەتەمای پیاوەتییە لە داگیرکەرە ناپیاوەکان! خۆلاسە، ئەبێ بە دەستی خۆمان

پشتی خۆمان بخورێنین و سامانی نەتەوەیی خۆمان زیندووبکەینەوە و متمانە بە خۆمان بکەین و هەر بەم ڕێیەش ئەگەینە ئامانج و سەرفرازئەبین.

شەڕ یەخەمان ئەگرێ:

وەک لە کتێبە فارسییەکەدا نووسراوە، یاساولّی ئەسکەندەرشا ئەبینن وا پیادە و سوارەیەکی بێشوماری بێگانە ڕووێکردە دەشتی مەیان، کە ئێستا ماوەتی تازەی لەسەر دروستکراوە و لەوێدا خێوەتیان هەڵدا و ئارامیان گرت. ئەسکەندەرشا وەفدێک ئەنێرێتە لای سەرلەشکرەکە و داوایان لێئەکا کە ئەگەر ڕێبوارن و بە میوانی بێرەدا تێئەپەڕن، ئەوا با خزمەتیانبکا و میوانداری، ئەگەر بە دوشمنایەتیش بۆ داگیرکردن و تالان و کوشتن هاتوون، با خۆیان دەرخەن!

ئەمانیش ئەڵێن: ئێمە بە ڕێبواری بێرەدا تێئەپەڕین و میوانین و بۆ حەسانەوە لامان داوە و لە ڕۆمییەکانی عەجەمین وە ئەچینەوە بۆ ئەوێ و هیچ ئامانجێکی خراپمان نییە!

ئەسکەندەرشاش خەڵاتیانئەکا و دیارییان بۆ ئەنێرێ و لەم قسانەیان دڵنیائەبێ! ئەم کوردە لە دێرزەمانەوە دڵپاک و نیهادمەرد و خۆشباوەڕ بووە و هۆی زۆربەی زۆری دواکەوتنیشی ئەم دڵپاکییەیە.

لە دەمەوئێوارێدا هەرچی کەڵەشێری ئاواییی ماوەت هەیە، هەمووی بەرەو شاخ ڕەوئەکا و ئەم خەڵقە سەری لەم کارە سوورئەمێنێ! لەو بنارەوە کەڵەشێر لەگەڵ تاریکیدا دەستئەکەن بە خوێندن، بەجارێ ئەو ناوە هەراسانئەکەن و ئاوایی دەرئەپەڕێتە دەرەوە. کە تەماشائەکەن، لە هەر چوار لاوە لەشکری ڕۆمی بێبەڵێنی جەردە، وا بەرەو ماوەت ئەکشێن. سوپای قارەمانی ئەسکەندەرشا فووئەکا بە کەڕەنادا و فەرمانی پەلاماردان دەرئەچێ. میر هەمزەی مەرد، سەرلەشکری سوپای یەکەم ئەبێ. خۆی و ٢٥٠ کورد وەک تیسکەی تفەنگ لە قەڵاوە دەرئەپەڕنە دەرەوە و ئەکەونە نەعرەتەکێشان و نزیکەی ١٠٠٠ دانە سەربازی ڕۆمیی گەڕ لاڵوپاڵئەخەن و هەموو هێزەکە پاڵ پێوەئەنێنەوە سەربەرەوخوار بۆ کۆڕی مەیان. لەوێدا، هەر دووسەدوپەنجایان شەهیدئەکرێن و ئەبن بە قۆچی قوربانیی بەدەستەوەنەدانی ماوەتی پایتەخت. ئینجا هەموو سەربازەکان و دانیشتووی ماوەت، بە ژن و پیاو و منداڵەوە، بە پیر و جوانەوە، بە بێڵ، بە داس و ڕم و شیر و تیر و خەنجەر و تێلا و قولنگ و

تەورزینەوە، لەگەڵ دەنگ و سەدای کەڕەنا و تەپڵی باز و بژی ئەسکەندەرشادا، وەک لافاوی بەهار بەرەو مەیان پڵنگ و شێران ئەکەونە نەعرەتەکێشان، یەکبەدە هەقیان لیٔەسێنن و خێوەت و بارەگایان پێ بەجیٔەهێڵن و بەرەو چەمی قەشان ڕاوەدوویانئەنێن و چەند دیلێکیان لیٔەگرن. هەندێک لەم دیلانە ئافرەت ئەبن و هەتا ئێستاش وەچەیان ماوە و پێیانئەڵێن "ماڵە ڕۆمییە عەجەمەکان". خوێن هەموو بستە زەوییەکی مەیان سوورئەکا، لاشە لە هەموو شوێنێکدا بەستەکئەکریٔ و تفاقی جەنگی بەقەد دار و بەردی ئەو ناوە بەجیٔەمێنیٔ. ئەمە بەڵگەیەکی ئازایەتی و قارەمانیەتیی کوردی شارێکی پچووک، پێشکەشبیٔ بە نانەتەوەییەکان، کە نایانەویٔ هەرگیز سامانی نەتەوەییمان ببووژێتەوە، تا ئەم میللەتە هەر چاوی لە دەستی ئەم و ئەو بیٔ، لە سامانی ئەم و ئەو بیٔ.

ئەم کارەساتە لە لایەن جەنابی فەقیٔمحەممەدی ژاژەڵە (هیجرانی) کراوە بە مەلحەمەیەکی ٥٠٠ بەیتی بە شیعر، وە داوامان لیٔکردووە کە بیهێنیٔ بۆ سلەیمانی، تا ڕۆژنامەی "بڕوا" بۆی چاپبکات، وە بەڵێنیداوە و وا چاوەڕوانین. وە بۆ کتێبە فارسییەکەش، هیوامان وایە بەم زووانە بکرێت بە کوردی و ئەو حەلە قسەیەکیش لەو ئەکەین.

ڕاوی گردی ڕەش:

کە یاساوڵ بووی، نەنووی؛ کە لە شەڕدا بووی، پشت نەکەیتە دوژمن. ڕاوی گردی ڕەشیش مەکە! زۆری حیکایەتەکانی کۆنی ئەم کوردەوارییە، باسی ڕاوی گردی ڕەش ئەکا و ئێمە بە ئەفسانەمان دائەنا و بڕوامان نەبوو کە ئەم گردی ڕەشە و ئەو کارەساتی ناو چیرۆکانە ڕاستبن. بەڵام ئەوە گردی ڕەش و ئەشکەوتەکەی وا لە نزیک ماوەت، ئەوەش خەڵقی کە ماون و بە دەستی خۆیان دەستیان داوە لە جلوبەرگە زرێکەی سوارە سەرتاپا ڕەشپۆشەکەی گردی ڕەش! ئەوی بڕواشناکا، با تەشریف بەریٔ بۆ ماوەت.

لەسەدا نەوەدونۆی داستان و ئەفسانە و حیکایەتە کوردییە کۆنەکان، موڵکی کوردن و زادەی بیروباوەڕی باووباپیرمان و مەگەر بە دەگمەن، ئەگینا چیرۆک و قسەی نەستەقی بێگانە لەم دواییەدا نەبیٔ، تێکەڵاوی سامانی نەتەوەییی ڕابوردوومان نەبووە و ئەتوانین شانازیبکەین کە خاوەنی سامانێکی

شکۆداری نەتەوەیین و هیچمان لە هیچ میللەتێکیتر کەمترنییە، یەکیەتی و متمانەبەخۆنەکردن و دەروونپاکی نەبێ. ئینجا ئێوەش، ئەی لاوانی نەتەوەییی تازەپێگەیشتووی مەرد، خۆتان و دەست و بازووتان، بە قوربانی کوڕ بم.

شیرەکەم پێتان حەڵاڵبێ، خوێنەکەم گەر گومنەکەن

نامداران و حەمییەتکاری ئەولادی وەتەن

## دۆزینەوەی ئاسار
## لە دەشتی شارەزوورا*

بەم زووانە زاناکانی بەڕێوەبەرێتیی ئاساری گشتی گەڕانەوە بەغا، پاش ئەوەی کە گەڕان بەدوای ئاساری گردەکانی دەشتی شارەزووری قەزای هەڵەبجەدا، وە ئەم گردانەش پانزە گرد زیاترن. ئەم زانایانە لە مانگی شوباتی ڕابوردووەوە خەریکی شارەزابوونن لە مێژووی ئەو ناوچەیە و شارستانیەتییەکەی وە هەوڵ و تەقەللایەکی زۆریان داوە لە دەرهێنانی زۆربەی ئاسارەکانا لەژێر ئەو گردانەی کە لە بەهاری ئەمساڵدا ئاوی دەربەندیخان دایئەپۆشێ. وە ئەو ئاسارانەش گەیانراوەتە بەغا و ئێستا لەژێر دەرس و بەراورددایە، لەگەڵ ئەو هەموو ئاسارانەدا کە لە مۆزەخانەی عیراقدایە.

وە لە ئەنجامی ئەم هەڵکەندن و گەڕان بەشوێن ئاساردا لەو گردانەدا، دەرکەوتووە کە دەشتی شارەزوور لە دێرزەمانەوە ئاوابووە بە خەڵقی، وە زۆر شوێن ئاوەدانیی تیا دۆزراوەتەوە کە ئەگەڕێنەوە بۆ چەرخەکانی پێش مێژوو وە چەرخەکانی مێژوو. وە وا دەرکەوتووە کە دەشتی شارەزوور هەمیشە شوێنی ئاوەدانی بووە لەبەر زەوییە بەپیتەکەی و زۆریی ئاو و کشتوکاڵی. وە هەر کەسێک بڕوانێتە ئەم دەشتە، گەلێک گردی بەرچاوئەکەوێت. ئەوەش باشە کە زۆربەیان ئەکەونە دەرەوەی ئەو سنوورەی ئاوەکەی دەربەندیخان دایئەپۆشێ. وە لەمانەدا پاشماوەی شاری گەورە و ناسراو هەیە، وەک بەکرئاوا وە یاسینتەپە وە کومارش[1]. وە لەو گردە نزیکانەی ئەم دەشتە، ئەدەواتی (شوانی)ی سەردەمی دەوری بەردیی کۆن دۆزراوەتەوە، لەگەڵ ئاساری ئەو زەمانەی مرۆڤ پێش هەزاران ساڵ تیایا

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، (ساڵی ١)، ژمارە ١٧، شەممە، ١٩٦٠/١٢/٢٤، ل١؛ ژمارە ١٨، جومعە، ١٩٦٠/١٢/٣٠، ل٣.

[1] ئەم ناوە هەڵەیە و بە قسەی بەڕێز نەوشیروان عەزیز محەمەد کە شوێنەوارناسێکی شارەزای ناوچەکەیە و ماستەرنامەکەی سەبارەتە بە "شوێنەوارەکانی شارەزوور، تاران، ٢٠١٧، بڵاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە"، دەبێ گردەڕەش یا قەڵاتەڕەش بێ. (س)

فێری کشتوکاڵ بووە. هەر وا ئاساری وای تیا دەرکەوتووە کە ئەشوبهێ یا نزیکە لە ئاسارەکانی بابلی و سۆمەری و ئاشوورییەکانەوە. وە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە پەیوەندییێکی شارستانیی تەواو بەردەوامیان بووە لەگەڵ شارەکانی‌تری عیراقا، لە هەموو دەورە مێژووییەکانا، هەروەک حاڵەتیان لە چەرخەکانی ئیسلامدا.

وە لە گرنگترین دۆزراوەکانی ئەم ناوچەیە، دەستکەوتنی دوو شارستانیەتیی تازەیە کە پێش میلاد بە پێنجهەزار ساڵ هەبووە. کە ئەمەش لە چەند قاپ و قاچاخێکی گڵی سوورەوەکراوی سەیر و چەندان جۆرا دەرکەوت. وە لەسەر ئەمانە زۆر وێنە وە نەخش و نیگاری بە بۆیەی جێگیر لەسەرە. بەمەدا دەرئەکەوێت کە ئەو سەردەمەی ئەمەی تیا کراوە، دەورێکی ئاوەدانی و هەرزانی بووە وە هونەر زۆر تیا پێش‌کەوتووە، وە دانیشتووەکانیش خاوەنی زەوقێکی ناسک بوون. وە ئاوەدانیی دووەم لە ناوەندی چەرخی دووەمی پێش میلادا بووە وە جارێ ناونرا بە ناوی شاملوا، بە ناوی گردی شاملواوە کە ئاساری وا بەنرخی تیا دۆزراوەتەوە، تا ئێستا وێنەی نەبینراوە نە لە عیراقا وە نە لە وڵاتە دراوسێکانی‌ترا، وە ئەم دوو ئاوەدانییە، ئێستا زۆر لێی‌ئەکۆڵرێتەوە و دەرس‌ئەکرێت.

وە لەو گردە گرنگانەی بەردهەڵکەندن، گردەکەی بەکرئاوایە، کە زۆر ئاساری تیابووە و لەوانە تەختەقوڕی سوورەکراو کە بە خەتی بزماریی سەردەمی حامۆرابی لەسەری هەڵکەنراوە. وە وا دانراوە کە یەکێک بووە لە مەرکەزە گرنگە ئیدارییەکانی ئەو ناوچەیە.

هەر وا هەڵکەندن و پشکنین لە مەرکەزی ناحیەی خورماڵدا ڕووی دا، وە شتی زۆر گرنگ دۆزرایەوە و لەوانە: شوورەیەکی گەورەیە کە بە بەرد و گەچ دروست‌کراوە و گەلێک قوڵلەی خڕ و گۆشەداری هەیە کە دەوری شارێکی کۆنی داوە، وە لە لای چەپ و ڕاستیەوە بە دوو قەڵای سەخت دواییهاتووە. دیسان جۆگەی ئاودان و پردی سەر ئاوی زەڵم بینراوەتەوە، کە لە ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە ڕۆیشتووە بۆ ڕۆژئاوای. وە ئەمەش وا دانراوە کە پاشماوەی شاری شارەزوورە، کە لە دوا سەردەمی عەباسییەکانا بەناوبانگ‌بووە، کە شارەزاکانی مێژوو وە وڵاتناسەکانی عەرەب، لەوانە ئیبن‌حەوقەل لە چەرخی دەهەمی میلادا ئەو وەصفانەی کردوویانە، ئەگەڕێتەوە بۆ کەلاوەکانی ئێستای خورماڵ.

وە دەشتی شارەزوور لە دەوڵەمەندترینی ناوچەکانی ئاسارە، وە بۆ زانیاری زانین زۆر شوێنی گرنگ و فراوانە، وە تا ئێستا گەڕان بەدوای ئاسارا لەو ناوچەیەدا ڕووی‌نەداوە. وە ئەو هەڵکەنین و پشکنین و دۆزینەوەی ئاسارانەی لەم دواییەدا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئاساری گشتییەوە کرا، سەرەتای هەوڵ و کۆششێکە لە لاپەڕەی تازەی مێژووی دەشتی شارەزوور و شارستانییەتیا. وە لەم ساڵانەی دواییەدا بەڕێوەبەریتیی ناوبراو بەردەوامئەبێت لە پشکنینی زانین‌دا.

## کۆنگره و ماک*

### له ڕێی زمان و ئەدەب و هونەر و مێژووی میللەتەکەمانا

گومان لەوەدانییە کە هاتینە سەر باسکردن و بەراوردی ئەمڕۆ و دوێنێی خۆمان، دەستبەجێ بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەمڕۆی پێشکەوتنمان جیاوازیی هەیە لەگەڵ دوێنێی دواکەوتووییمانا. دوێنێیەکی چەندساڵ لەمەوپێش کە بە زمانەکەی خۆمانمان نەئەنووسی، چ جای شتیتر. بەڵێ پێشکەوتووین و ئەمە ڕاستە و لەمیش ڕاستتر، ئەوەیە کە هەوڵدراوە و ئەم پێشکەوتنە پێکهێنراوە و بەبێ ئەم هەوڵە هیچ پێکنایەت، بەڵام هەوڵدان دوو جۆرە: یەکەمیان فەردی و دووەمیان تێکڕاییە. لە هەموو بارێکی ژیانا هەتا ڕادەیەک شارەزامان هەیە، لە زمانا، لە ئەدەبا، لە هونەرا، ... بەڵام ئەم زمانزان و ئەدیب و هونەرمەندانەمان زۆریان لە یەکەوە دوورن، هەندێکیشیان لەگەڵ یەکا ڕێکنین! ناهێنن بۆ سوودی زمان و ئەدەب و هونەری میللەتەکەیان، گیروگرفتی باوەڕی خۆیان بخەنەلاوە و جارێ ئەمە پێکبهێنن بەیەکەوە و ئینجا عەمبازی سەری یەکتری ببن! دە یەکێک لە پێویستە هەرە گرنگەکانی ئەمڕۆی میللەتەکەمان، یەکگرتنێکی ئەدیبان و زمانزان و هونەرمەندان و شارەزاکانە و کۆبوونەوە و ڕێکنەکەوتنیان بۆ ڕاژەی ئەو بارانەی باسمانکردن، تاوانێکی نەتەوایەتییە! کەواتە کۆبوونەوە و یەکگرتن و کارکردن، ئەبێتە هۆی پێشکەوتن. دە کە ئەدیبان، یان زمانزانەکان، یان هونەرمەندان، کۆبوونەوەی پچووکیان کرد، ئەوە "ماک"ە، بنکەیە بۆ کۆبوونەوەی فراوانتر کە "کۆنگرە"یە.

گومان لەوەدانییە کە میللەتین و سامان و کەلەپووری زانیاری و هونەری و شانوشکۆی مێژوویی و جەنگیمان هەیە و نەبووژێنراونەتەوە و نەڕازێنراونەتەوە و گەلێکمان هەر نەشمانبیستوون! ئایا ئەمە ڕەوای هەقە لەم چەرخی بیستەمەدا، هێشتا شێوەکانی زمانەکەمان یەکنەخرابن و ماکێکی پچووکی بووژاندنەوە و کۆکەرەوەی زمان و ئەدەب و هونەر و مێژوومان

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، (ساڵی ١)، ژمارە ١٨، جومعە، ١٩٦٠/١٢/٣٠، ل١، ٧؛ ژمارە ١٩، سێشەممە، ١٩٦١/١/٦، ل٥.

نەبێ؟! هێشتا خەریکی بەربەرەکانێی ئەم شار لەگەڵ ئەو شار و ئەم شێوە لەگەڵ ئەو شێوەیە بین و زمانێکی نووسینی ڕاست و ڕەوانی پڕبالاَمان ڕێکنەخرابێ؟! پاشاگەردانییە لە هەموو شتێکمانا. ئایا ئەم قسانە کراون لەمەوبەر، وا من پاتیانئەکەمەوە؟ بەڵێ، زۆر وترا و کەم بیسترا. کەواتە با ڕێگا دانێین و لە شتی پچووکەوە، لە ماکەوە دەستپێبکەین و ئۆباڵی ئەم میللەتە بە گەردنی ئەو شارەزایانەی دەستناکەن بەم کارە جوانە بەکەڵکەی گەلێک قازانجی زیاترە لەو شتانەی بە خۆڕایی خۆیانیان پێوە خەریککردووە! ئەدیب و زمانزان و هونەرمەند و هۆنەر، بۆ جارێ ماڵەکەی خۆیان، ناحیەی شارەزاییی خۆیان، ڕێکناخەن و چارەسەرناکەن و ناڕازێننەوە!

لە هەموو قەزا و ناحیە و دێیەکدا، خوێندەواری لێیە و شارەزا لە شتێکدا. دەبا ئەم چەند خوێندەوار و شارەزایە لەو شوێنەدا بۆ سوودی میللەتەکەیان یەکبگرن و ببن بە هاوڕێی یەکتری و واز لە حەسادەت و بەربەرەکانێ و بەگژیەکاچوون بهێنن و دەستبکەن بە کۆکردنەوەی موفرەدات و وشەی کوردی، فۆلکلۆر، مەلحەمە، ئەفسانە و چیرۆک؛ قسە لەگەڵ پیر و مەلا و ئینسانی شارەزای ئەو شوێنانەی خۆیان بکەن؛ بە کتێبە کۆنەکانا بچنەوە؛ شوێنە دێرینەیییەکان بپشکنن و خەڵقەکەی ئەو ناوچەیە بدوێنن و گوێ شلکەن بۆ چیرۆکەکانیان و تۆماریانکەن. ئینجا خۆیان کۆببنەوە و ئەنجامی ئەم خەریکبوونەیان بخەنە سەر کاغەز و بیدەن بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بۆ بلاَکردنەوە و بۆ شارەزابوونی شوێنەکانیتر. بێگومانبن کە ئەم کارە زۆر سووک و ئاسانە و پێکدێ و ماک دائەمەزرێ و لەم ڕێیەوە گەورەترین خزمەت ئەکرێ، وە لە ماوەی ساڵێکدا ئەتوانرێ کۆنگرە ببەسترێت بۆ بژار و ڕێکخستنی ئەو کۆکراوانە.

بژار و ڕێکخستنی کۆکراوەی ئەدەب و هونەر و مێژوو، پێویستی بە شارەزا و پسپۆڕ هەیە. میللەتی ئێمەش هەرچەندە ئەو شارەزا و پسپۆڕانەی زۆر کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا توانای ئەوەیان هەیە کە بەو کارە هەستن و سوودێکی گەورە بە نەتەوەی کورد بگەیەنین و ئەو کەلەپوورە خاوێنکراو و ڕێکخراوەمان تێکەڵ بە شارستانیەتیی تازە بکەین.

نەگبەتیی ئێمە لەوەدایە ئەو کەمەی هەن، لەناو خۆیانا ڕێکنین! وە هەمیشە و بەزۆری چاوئەبڕنە خەڵقی شتیان بۆ بکەن و ئەم بەتەمابوون و ڕێکنەکەوتنە

کوشندەترین دەردمانن و هەتا سەعاتێ زووتر متمانە بە خۆمان بکەین، چاکتر و بەجێتر و کەڵکدارترە. باپیرە گەورەمان وتوویەتی: "ئەوی بەتەمای دراوسێ بێ، بەبێ شێو سەرئەنێتەوە!" وەرن خوێندەوارینە، پیاوی چاک بن، لەپێش هەموو شتێکدا یەکتریتان خۆشبوێت، حەسادەت، بوغز و کین و خۆویستی و باوەڕجیاوازی، لە خۆتان دووربخەنەوە و هەر تاقمە لێهاتووە لە دێیەکەی، لە شارەکەی خۆیدا، یەکبگرێ و دەستبکات بە دامەزراندنی ماک (نواة)، بۆ بووژاندنەوەی زمان، ئەدەب، مێژوو، هونەر، هەموو میراتێکی پیرۆزی باووباپیرمان! وە ئەو بووژاندنەوە و کۆکراوەیە بنێرن بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بۆ بڵاوکردنەوە بە ناوی ئەو تاقمەی ئەو شوێنەوە. ئەو حەلە هەموو تاقمەکان لە هەموو شار و دێهاتەکانا یەکتری ئەناسن و نامە بۆ یەک ئەنێرن و ئەچن بۆ لای یەکتری و ڕاوێژ بە یەک ئەکەن و یەکئەگرن و کۆنگرە پێکدێت.

ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕێی ئەم پڕۆژەیەدا ئامادەیە لە هەموو کات و وەختێکا ببێتە خوان بۆ ئەو خۆراکە پیرۆزە و بەو کارانە هەڵئەسێ کە داوای لێئەکرێ لە ڕێی ئەدەب و هونەر و سامانی نەتەوەییمانا. وا ئێمە وتمان و چاوەڕێی هیممەتی مەردانین.

له ناوجەرگەی کوردستانەوە:

## تاوانکارمان ناسیوە*

نووسینی: جەنگ

لە ژمارە ٣ی گۆڤاری "ڕۆناهی"دا وتارێک نووسراوە لەژێر ناوی "تاوانبار بناسن"دا، بە پێنووسی ئاشتی، وتارێک کە پڕبوو لە چەوتی و شێواندن بەرامبەر بە بیروباوەڕی بەرز و پیرۆزی کوردایەتی.

وەک کوردەکە ئەڵێ: "لە بێخەبەران کەشکەک سەڵاوات"، تازە ئەم نووسەرە ئەمانگێڕێتەوە بۆ ڕۆژی "لرفەکە" و بەپێی سەرنجی نۆکەرەکانی بێگانە و پەتبەدەست قسەمان بۆ ئەکات و شتمان بۆ ئەنووسێت. ئاشتی (خۆی و هاوڕێ تێکۆشەرەکانی!) وەک نەزانن کە ئەمڕۆ لە چ حاڵێکدان و میللەت چۆن لە ناپاکی و تاوانکاری و خۆفرۆشییان گەیشتووە، وایە. بەم هەموو پاشەڵە پیسە و تاوان و ناپاکییەوە کە لە ماوەی ئەم دوو ساڵی ڕابوردووەدا کردیان بەرامبەر بە نەتەوەی کورد و کوردستان و مەسەلەی کورد و بیروباوەڕی کوردایەتی، ئا بەم ڕابوردووە جوانەوە، ئێستا دێت دەرسماندائەدات و فرمێسکی تیمساح ئەڕێژێ بۆ نەتەوەی کورد و پێمانئەڵێت: تاوانبار بناسن.

ئەوەی ئەم وتارە چەوتە بخوێنێتەوە، دەمودەست تێئەگات کە بیروباوەڕی نووسەرەکەی و مەبەستی لەو نووسینە چییە و لەگەڵ کێیەتی، بەتایبەتی لەم ڕۆژەدا کە بزووتنەوەی کوردایەتی وەک مەخشەڵێک بڵێسەی لەزیادبووندایە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و سات لەدوای سات خەڵکی لە دەور کۆئەبێتەوە و دوژمنەکانی نەتەوە و نیشتمانەکەمان ئەتۆقێنێ!

ئەم هێرشبردنەی ئاشتی و هاوڕێکانی بۆ سەر کوردایەتی، وەنەبێ شتێکی تازە و کاری تەنیا ئەمڕۆیان بێ، بەڵکوو هەر کاتێک هەستیان بە تەشەنەی بیروباوەڕ و بزووتنەوەی کوردایەتی کردبێت، ئیتر بەپێی فەرمانێک و بەپێی

---

*ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٢٣، شەممە، ١٩٦١/٢/٤، ل١، ٦.

بیروباوەڕێک ئەکەونە لێدان و بەربەرەکانیکردنی و هەزار ناو و ناتۆرەی سووک و ناشایستە ئەنێن لە خاوەنانی ئەو بیروباوەڕ و بزووتنەوەیە.

پێویستنییە زۆریان لەسەر بڕۆین، چونکە من لەو باوەڕەدام کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی قارەمانم تا ڕادەیەکی زۆر لەو ناکەس‌بەچە و نەتەوەفرۆشانە گەیشتوون. هەروەها ئەگەر سەرنجێکی سەرپێییش بدەینە ئەو وتارەی ئاشتی، ئەوا گورج بۆمان دەرئەکەوێت کە چەند وتارێکی بێ‌سەروپێ و منالآنەیە و دەسێکی نەزان نووسیوێتی و هەمووی قسەی ڕیزکراو و تێخنراوە و سواغی ئەو وشە و ڕستانەی پێ‌دراوە، کە هێرشن بۆ سەر کوردایەتی! لەبەرئەوە من لێرەدا زۆری لەسەر ناڕۆم و تەنیا وەلامی دوو ڕستەی ئەدەمەوە، کە ناوەڕۆکی وتارەکەیەتی و ئەوەکانی‌تری ئەوە ناهێنێ پیاو خۆی پێوە خەریک‌کات!

ئاشتی ئەڵێ: "هەندێ نووسەر دەری‌ئەخەن کەوا میللەتی کورد میللەتێکی زۆرلێکراوە و چەوساوەیە، میللەتێکی دواکەوتوو و مافخوراوە. بەڵێ، ئەمانە هەمووی ڕاستە، وە من لەگەڵیانام تاکوو ئێرە، بەلآم سەیرەکە لێرەدایە کە ئەڵێن هۆی دواکەوتن و ناخۆشی و بەئامانجنەگەیشتنمان، بوونی چەند کۆمەڵێکی تایبەتییە! بوونی زۆڵەکرد! یا کوردفرۆش! یان .. یان..

ئەڵێن: "دار هەڵبڕە، سەگی دز دیارە"، یان "ترشکە لە خۆی دووشکە". بڕوانن چۆن ئاشتی تەنگەئەیگرێت و پەستئەبێ کە ناوی زۆڵەکورد و بەئامانجنەگەیشتنمان بوونی زۆڵەکورد و کوردفرۆشانە.

خوشکە ئاشتی، بۆچی تەنگەئەتگرێ و زویرئەبیت؟ خۆ -خوانەخواستە- داوامان لە تۆ و هاوڕێکانی تۆ نەکردووە، کە بێن کوردایەتی بکەن و خۆتان بکەنە قوربانی بۆ نیشتمان و نەتەوەکەمان، چونکە بێ‌گومان ئەزانرێت کە ئەمە لە ئێوەوە دوورە و کوردایەتی ڕێگەیەکی ئەوەندە ئاسان و سووک نییە کە هەموو کەسێک بتوانێ بە باشی و بە ڕاستی بیگرێت. هەروەها کوردایەتی تەنیا وشەیەکی سادەنییە کە هەر کەس تۆزێ فێری گڕوگاڵ بوو، ئیتر بتوانێ تێی‌بگات. کوردایەتی فەلسەفە و بیروباوەڕ و ڕێگەیەکە کە لەسەر نەخشە و یاسا و دەستوورێکی تایبەتیی خۆماڵی داڕێژراوە و خراوەتە قاڵبێکی ڕێکەوە و پێویستی بە دەرس‌کردن و لێوردبوونەوەیەکی زۆرە بۆ فێربوون و تێگەیشتنی. بۆیە ناشی هەموو کەسێک سەربازی ئەو ڕێگەیە بێت! ئینجا تۆ کە خۆت زویرئەکەیت و پەستئەبیت بەوەی

بوتریت زۆڵەکورد و کوردفرۆشان زیان لە نەتەوەکەمان ئەدەن و ئەبنە هۆی دواکەوتنی. ئایا پێت وایە بەو دوو وشە بێسەروپێیەی نووسیوتە، ئەتوانیت ئەم ڕاستییە بشاریتەوە و بە پێچەوانەوە، لە خەڵکی بگەیەنیت.

نازانم کێ بێ بیسەلمێنێ کە سیخوڕ و نۆکەر و بەکرێگیراوەکانی بەرەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە زۆڵەکورد و خۆفرۆشەکان، زیانیان نەبێت و نەبووبێتنە "هۆی دواکەوتن و ناخۆشی و بەئامانجگەیشتنمان"؟! کێ بێ لاریی‌بێ لە زەرەر و زیانی خائین و کوردفرۆشەکانی وەک مەلا ئیدریسی بتلیسی، کە میرنشینە کوردییەکانی خستە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانییەوە! یان وەک مەلای خەتێ کە فتوای دەرکرد هەر کەس بەرامبەر پاشای عوسمانلی بوەستێ، تەڵاقی‌ئەکەوێت، وە سەبارەت بەم فتوایە ئەمارەتی پاشای کۆرە ڕووخا؛ یان وەک ئەمەرخانی شەریفی، کە پاڵی‌دایە پاڵ دوژمنەکانی کۆماری کوردستان و گوللەی نا بە ئاڵا نازدارەکەی ئەو کۆمارەوە لە مەهاباد! یان وەک ئەو خائینانەی لە کاتی شۆڕشی بەرزاندا پاڵیان دایەپاڵ دوژمنی شۆڕشەکە و ڕووی گوللەیان کردە برا بەرزانییەکانمان؛ یان وەک هەزاران نۆکەری‌تری بەرەی ڕۆژئاوا کە بوونەتە مۆرانە و خۆرە لێمان. هەروەها کێ بێ لاریی‌بێ لە زەرەر و زیانی ئەو زۆڵە کوردانەی ئەیانوت: نامانەوێ "مەعاریفی قلیاسان"، بڕووخێ کوردچییەکان! بمرێ کوردستان، وە بە چەکەوە هێرشیان‌ئەبردە سەر کوردپەروەرەکان و زۆریان لێ‌ئەکردن کە بڵێن: کورد نین! یان ئەوانەی لە کۆنگرەی ناوخۆی مامۆستایاندا لە شەقڵاوە، ئەیانوت: نابێ یارمەتیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بدرێت، چونکە هەموویان عیراقی نین، یان ئەوانەی لە کۆنگرەی قوتابیانی جیهاندا لە بەغداد، پاڵیان ئەدایەپاڵ دوژمنە دەرەکییەکانی کورد، لەوەدا کە -گوایە- وەک بەربەرن، یان کورد عەرەبن، یان ئەقەلییەتن، یان کیانی سیاسییان نییە، بۆیە نابێ هیچیان هەبێت، یان هەمیشە لە هەموو شوێنێکدا هێرشیان‌ئەبردە سەر وشەی کوردستان، یان تەنانەت یەکێک بیوتایە "ڕۆژ باش"، لە وەڵامدا ئەیانوت "تاکە کڵاش"، یان ئەوانەی ڕێکخراوەکانی وەک لاوانی کوردستان و ئافرەتانی کوردستان و نیقابەکانی کوردستانیان تێکدا و قەدەغەی ئیشکردنیان لێ‌کردن و هەڵیانوەشاندنەوە و دایاننەپاڵ ڕێکخراوە عیراقچییەکان، تا ئێستاش کۆسپێکی گەورەن لە ڕێی هەر پڕۆژە و کارێکدا کە تایبەتی بێ بۆ کوردستان و بە ناوی نەتەوایەتیی کوردەوە بێ.

مامئاشتی، کێ بێ لاریی لەمانە هەبێت، توو سەری خۆت و هاوڕێی شەریفەکانت! بڵێم چی مەگەر تۆ و تۆئاسایییەکان! وە لە شوێنێکیتردا ئەڵێیت: "من لێرەدا مەبەستم لە نووسەرێکی تایبەتی نییە، بەڵکوو مەبەستم لەو نووسەرانەیە کە نووسینەکانیان وەک ژەهری مار وایە، ئەیانەوێ بیکەن بە قوڕقوڕاگەی نەتەوەکەماندا، بە چ ناوێک؟ بە ناوی کوردایەتییەوە، کوردایەتی! ئەمەیە کرۆکی مەبەستیان، وەک عەرەبەکە ئەڵێت "بیت القصید"، بەڵێ کوردایەتییەکە بۆتە داخێک و هەموو ساتێک ئەچزێ بە دڵی زۆڵە کوردفرۆشەکاندا. ئەو کوردایەتییەی پێی وایە بەرژەوەندیی کورد و کوردستان لەپێش هەموو شتێکەوەیە، ئەو کوردایەتییەی بە یەکچاو ئەڕوانێتە بەکرێگیراوەکانی بەرەی ڕۆژئاوا و نۆکەرەکانی بەرەی ڕۆژهەڵات. بەڵێ، ئاشتی ئەزانم تا چ ڕادەیەک دڵگیر و پەستیت، تەنیا بە بیستنی وشەی کوردایەتی، وەک لە وتارەکەتدا دەرئەکەوێت و وەک ڕابوردووتان پیشانی دا. هەروەها ئەزانم ئەو نووسەرانەی قوتابیی قوتابخانەی کوردایەتین، تا چ ڕادەیەک تۆ و وێنەی تۆیان تۆقاندووە و ماوەنادەن ئەوەندەی یەک تۆز فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی و تاوانەکانتان بشارنەوە و خەڵکی پێهەڵخەڵەتێنن.

نازانم کێن ئەوانەی بە ناوی کوردایەتییەوە ئەنووسن و ژەهری مار ئەکەن بە قوڕقوڕاگەی نەتەوەکەماندا؟ کێن خۆشکە ئاشتی؟ کێن؟ ئەبوو تۆ کە ئەوەندە دڵسۆزی بۆ کورد و ئەوەندە لەم ژەهری مارە تۆقیویت، ئەبوو ئەوەندەش غیرەتت ببووایە کە ناوی ئەو مارانەت بهێنایە و پەنجەت بۆ یەکێک لەو نووسینانە بکێشایە.

وەک من بیزانم، تا ئێستا بەتایبەتی لەم بەینەدا، دوو نامیلکە بە ناوی کوردایەتییەوە دەرچووە و لە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاریشدا وتارێک لەم بابەتەوە نووسراون. جا ئەگەر مەبەستت لەو نووسەرانەیە، ئەوا "شەکرت شکاند!" و ئەوانە دڵسۆزترین کەسی نەتەوەکەمانن، ئەوانە خاوەنی پاکترین ڕابوردوون و ئەمڕۆش گورجوگۆڵترین تێکۆشەرانی ناو نەتەوەکەمانن، چونکە ئەوانە کوردایەتی بە بیروباوەڕ ئەزانن و کوردایەتی تاکە بیروباوەڕیانە، ئەو بیروباوەڕەی پێی وایە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی قارەمان و نەمرە و خاکی کوردستان تەنیا هی ئەوە و ئەبێ تەنیا ڕۆڵەکانی کورد ئەم نەتەوە و نیشتمانە ڕزگاربکەن و لەژێر ئالای کوردایەتیدا هەموو کوردێک چوونیەک بژی و

ئەوانەشی نۆکەر و پیاوی بێگانەن (هەر بێگانەیەک) و زۆڵەکورد و کوردفرۆشن. ئەبێ بەم ئاووهەوا و خێروبێری کوردستانە نەژین و تۆڵەی تاوانەکانیان لێبکرێتەوە و ئینجا "بێگانەبەدەر" بکرێن و بنێردرێنەوە بۆ وڵاتی "دایک"، بۆ ئەو وڵاتانەی فەرمان و بیروباوەڕی لێوە وەرئەگرن و لەناو کوردستاندا وەل "ژەهری مار" بڵاوئەکەنەوە.

کەواتە ئێمە تاوانکارمان ناسیوە، خوشکە ئاشتی، وە وا بزانم ئەم چەند وشەیەش بەسە بۆ وەڵامی ئەو "کەللەشەکرانەی شکاندبووتن" لە وتارەکەتدا. ئەوەش بزانە کە کاروانی بێدەنگی قەشەنگی پێشەنگی کوردی مەردی چالاکی بێباکی ڕێی هەزاربەهەزاری بیروباوەڕی نازداری بەرزی یەکتەرزی نەتەوایەتیی کوردایەتی، کەوتۆتەڕێ و ئەڕوا بێپسان. ڕۆیشتنی پاڵەوانی قارەمان، بۆ ڕزگارکردنی کورد و کوردستان، بۆ دانانی یاسای جوانی نەتەوایەتیی کوردایەتیی یەکسان. بمرێ دوژمنان لە زۆڵەکورد و نۆکەران، خۆشبێ کاروان، ڕزگاربێ کورد، سەربەخۆبێ کوردستان.

## ئەدەبی بەربەرەکانێی داگیرکەر و نۆکەر*

سەرەک عەبدولکەریم قاسم ئەمساڵی دانا بە ساڵی بەربەرەکانێی ئیستیعمار و نۆکەرەکانی، چونکە زۆر باش ئەزانێت کە بەبێ لەناوبردنی ئەوانە، کۆماری ١٤ی تەمووز پڕئارام نابێ و گەشەی زووبەزوویی ناکا. بە نیسبەت هەموو گۆشەیەکی وڵاتانی لەئیستیعماردابڕاو بەربەرەکانێی ئیستیعمار هەتاسەر کارێکی پێویست و ڕەوشتێکی نیشتمانپەروەرانەیە! هەر کەسێ لە دژی داگیرکەر و نۆکەر جووڵایەوە و تێکۆشا بۆ سوودی میللەت و نیشتمانەکەی، بۆ ئازادبوون و ڕزگاربوونی تەواو، بۆ هەقسەندنەوەی ژێرپێخراو. نیشتمانپەروەرە و مەرد و پیاو، عەبدولکەریم مەردە و قارەمان، چونکە ئیستیعماری دەرکرد و عیراقی ئازادکرد. بەڵام جارێکیتریش مەردە، چونکە هەقی میللەتی کوردی نەفەوتان و چەسپیکرد لەناو دەستوورا و نەیوت کورد نییە! وەک هەندێ بایی کە بوون بە سەرکردە بە خۆڕایی و هەشت ملیۆن کوردیان ناونا تورکی شاخاوی! بەڵام سەیروسەمەرە لەوەدایە کە هەندێ کەس هەن لە عیراق و لە دەرەوەی عیراقا، خۆیان کوێرئەکەن، بە درۆ مێژووی دوور و نزیکی میللەتان، هیی خۆیان، لەبیرئەبەنەوە و "ئەڵێی نە بایان دیوە و نە باران" و فاتەی سوورەبان نازانێ ئەو دەعوایە چییە و ئەو کارەساتە بۆ قەوماوە و دێگەڵە چەندماڵە؟!

ڕۆژنامەنووسێکی بەغدا لە "الثورة"دا کە ڕۆژنامە بوو بەبێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا، لە خۆیەوە بووە بە سابوونچی و کیمیاگەر و شت ئەتوێنێتەوە و میللەتان تەطەوور و تەغییر پێئەکا و ئەیانکات بە شتیتر! هەر لە خۆیەوە بابەت و کەرەسەی سەیرسەیری لەگەڵ یەکانەلکاو تێکەڵاوی یەک ئەکا و بە خەیاڵی چەوتی خۆی شت دروستئاکات کە لە هیچ ناچێ و ئەمە یا لە کەمفامی و ساویلکەییەوەیە و یا دەسیسە و تێکدانی زانست و زانیاری و دژی ڕێڕەوی ئەم کۆمارە هاوبەشییەیە. میللەتێکی وەکوو عەرەب هەتا ئێستا گەلێک شوێنی لەژێر باری داگیرکەرا ئەناڵێنێ و ڕزگارنەبووە، ئەم کۆمارە ساوایە و کۆماری یەکگرتووش هێشتا وان لە ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆ و لەبارەی سیاسی و ئابووری و

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٢٦، ١٩٦١/٢/٢٥، ل١، ٣.

کۆمەڵایەتییەوە و لەپاش چەند ساڵێکی کەم ئەگەر ئەم جۆرە خەڵقانە بیەڵن ئاهێکیان تێ‌گەڕێ، کەچی لەجیاتیی بیناکردن و ڕضگارکردنی وڵاتی عەرەب، هاتووە وەکوو تەیرێکی نەزان لە ئێمە ئەخوێنێ و هەندێ زاراوە بەکارئەهێنێ کە خۆشی سەری لێ‌دەرنەکردوون. نامانەوێ قسەکانی ئەو پاتبکەینەوە و بەکورتی ئەڵێین: کورد میللەتە و خاکەکەی ناوی کوردستانە و خاوەنی هەموو شەرتێکی بەئالابڕاوی میللەتانە و زمانی تایبەتییە و بڕوای تایبەتی و ئامانجێکی دروست، کە لە هەستێکی قووڵی دەروونییەوە هەڵقوڵاوە و مێژووە خوێناوییەکەی چەسپاندوویەتی و زۆر دەمێکە بووە و هەتا دنیاش دنیا بێ، هەر ئەمێنێ و میوانی دایکی کەس نییە و خاوەن‌ماڵی خۆیەتی. عیرق و موهاجیر و شیووعیی چی و هەمزە لە هەباست چی؟! ناوترێ عیرقی کورد و زنجی و ئەرمەنی، هەی شارەزای مێژووی ڕەگەز و عیرق و سولالات! ئەوترێ عیرقی ئاری و سامی و زەرد .. شتێکیش نییە لە قاموسی نەتەوەییی ئازادا پێی‌بوترێ نیشتمانی یەکەم و دووەم. عەرەب هەمووی یەکنیشتمانی هەیە، کە ناوی عەرەبستانە. ئەو زاراوەیەت لە قاموسی فاشیستەکانەوە خواستووە، کە بە جوولەکەیان ئەوت، چونکە هەر چنگێکیان لەژێر داڵدەی وڵاتێکدا بوون، کە فڕیان بەسەر زەوییەکەیەوە نەبوو. پێش چەند ساڵێک عەرەب و کورد بەیەکەوە دیلی عوثمانی بوون بە ناوی خەلافەتەوە. دوای ئەمە بە ناوی پێشخستنەوە بووین بە دیلی ئینگلیز و ئەمەریکا و نۆکەرەکانیان. وا شوکور لێرە ئینگلیز نەما و میللەت لە دژی کلک و نۆکەریشە و زوو ئەیانناسێت. ئێمە کۆنین بەقەد مێژوو خۆی، قاڵی ناو باوەشی ئێش و ئازاری داگیرکەران و چەوساندنەوەین هەر ڕۆژە بە جۆرێ. چاکەمان زۆرە، خراپیش لەناو میللەتی ئێمەدا نییە. خراپ داگیرکەری وڵاتان و دیلکەری میللەتانە. کەی ئێمە چاومان بڕیوەتە هیچ هەقێکی خەڵقی؟ میللەتی ئێمە ڕێی پێشکەوتن و سەرفرازی لە هیچ نەتەوەیەک ناگرێ و دوژمنی هەقخۆرەکانین. ئەوی نەیەوین و دان بە هەموو هەقێکی تەواومانا نەنێت، نامانەوێ و ئەوی بیر لە تواندنەوەمان بکاتەوە، بە نۆکەرێکی نزمی داگیرکەری تەماشائەکەین.

ئەوانەی داوای نەتەوەیەتیی سەربەخۆ ئەکەن، هەرگیز ناچنەپاڵ نانەتەوەیی و شیووعی. لە چ عیلمێکی تازە و کۆنا ئەوانەی بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەیەک تێ‌ئەکۆشن، دانوویان ئەکوڵێ لەگەڵ ئەوانەدا کە بە ناوی چینێکی ئەو میللەتەوە هەموو چینەکانی‌تری میللەت ئەکوژن. هیچ نەزانێک ئەمە ناڵێ و هیچ کوردێکی

مەرد ناچێتەپاڵ نانەتەوەیی! مارکسی بە ناوی ئینسانییەت و یەکچینەوە بەرەبەرە نەتەوەکان ئەتوێنێتەوە. بیر لە تواندنەوەی میللەتان کەرەوەی ڕەگەزپەرستی دڕندەی سەر بە هیتلەریش لەمەدا یەکئەگرنەوە. ٢٠ ساڵێک لەمەوپێش ستالین و هیتلەر دەستیان خستە ناو دەستی یەکەوە و پۆڵۆنیایان دابەشکرد. ئێستاش بەعث و شیووعی لە ژێرەوە خەریکی پێکهاتنن، دەستە چەورەکەی خۆشیان بە کورد ئەسڕن. ئایا ئەمەیە خزمەتکردنی یەکێتیی ڕاستی عیراق؟ ئە ئاوا ئێوە دژی ئیستیعمار و نۆکەرن؟ ئا بەم جۆرە پارێزگاریی دەستکەوتەکانی میللەت ئەکەن؟! ئایا عەبدولکەریم قاسم سەری خۆی نایە سەر لەپی دەستی کە ڕێوی و چەقەڵ یاری بە موقەدەراتی عەرەب و کورد بکەن؟ نووسینتان ناپاکانە و کردارتان ناپاکانە و ڕێگاتان ناپاکانە و وەرامتان ناڕاستانە و خۆتان، هەردوو لاتان، وەک مشتۆ، وەک گوریسی ناو هەمانە، بۆ خراپکردن و سووککردنی ئەوی هەمانە، زۆر جانەوەرانە، ئێمەتان کردووە بە نیشانە! دە موبارەکتان‌بێ باوەڕی هیتلەر، باوەڕی مارکس، هەی کەمەربەستەی داگیرکەر و بێگانە؟ شەقبەرن، بتەقن، چونکە هیی خۆمانە و ئامانجمان ڕاست و دروست و ڕەوان و یەکسانە، سەد بار ئەمرۆ گۆشتیش لەڕبێ، هەر لەسەر نانە!

شانۆی بیروباوەڕ: سەیروسەمەرە

## ئیستگەش ئەدەبی هەیە*

کە مارکۆنی زانا و زاناکانیتر بێتەل و ئیستگەی ڕادیۆیان داهێنا و دامەزران، کەڵک و سوودی میللەتانیان لەبەرچاوبوو، وە وایان زانی کە بەم کردارە خزمەتێکی گەورەی پێشخستنی ئادەمیزادییەتی ئەکەن لە هەموو گۆشەیەکی دنیادا. وە ئەبووایە ئیستگەی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و کتێب و تەلەفیزیۆن، تەنیا "هەق و ڕاستی"یان بۆ بەشەر بڵاوبکردایەتەوە و بنووسیایە. بەڵام کاغەز و چاپ و تەل و کارەبا، "بەسزمانن"، چونکە بەدەست دوو جۆرە خەڵقەوەن! هەندێک ڕاستییان تیا ئەڵێ ە هەقیان تیا ئەنووسێ و هەندێکیتریش ئەو هۆی پێشکەوتن و ڕاستیگەیاندنە بە خەڵقی وەرئەچەرخێنێ بۆ سوودی پڕوپاگەندە و چاوەڕاو! بۆ زیانگەیاندن بە بەشەر، بە میللەتان، بە پێشکەوتن، چونکە هەق و ڕاستی لە لای ئەوان ئەوەیە خۆیان "گەورەی دنیا بن". بۆ میللەتی کورد و بۆ میللەتانیتری دنیاش دەرکەوتووە کە هەر کەسە بۆ سوودی میللەتەکەی خۆی و بۆ سوودی بیروباوەڕ و ڕژێمەکەی خۆی هەوڵئەدا و هەرچی دژی ئەوەی ئەوان بێ، ناهەقە و ناڕاستی. بەڵام -لەگەڵ ئەمەشا- شتێک هەیە پێیئەوترێ ئەدەبی ئیستگە، ئەدەبی ڕۆژنامە، ئەدەبی هەقوتن! کەچی دنیایەک تێکەوتووین، کەس بە "دۆی خۆی ناڵێ ترشە" و دۆی ئێمەش "شیناوە!". کە میللەتێک یا وڵاتێک لە ئیستیعمار (داگیرکەر) ڕزگاربوو، ئەوا لە عورفی هەموو ئینسانێکی مەردا، ئەبێ پشیگیریبکرێ. مارکسییەکانیش لە کتێبەکانیانا وا ئەڵێن! میللەتێک کە دیل و ژێردەست بوو، ئەبێ هەوڵبدرێ بۆ ڕزگاربوونی، بۆ مافی چارەنووسی خۆی.

عیراقێک کە ئازادبوو لە ئیستیعماری داگیرکەری خوێنمژ، هەموو دنیا و هەموو ئینسانێکی مەرد شادمانبوو، باری ئیقتیصادیی وڵاتێکی لە ئیستیعمار دابڕاو، پێویستە بەهێزبکرێ و بەروبوومی زیادبکرێ. جووتیار ئەبێ زەوی وەرگرێ و باش بژی. قوتابی بخوێنێ، ئافرەت خەریکی پەروەردەکردنی مناڵی، خەریکی بەڕێوەبردنی

*ڕۆژنامەی "برِوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٢٥، ١٩٦١/٢/٢٨، ل١، ٦.

ماڵەکەی بێ و بیکا بە بەهەشت. مامۆستایان دەرس‌بڵێنەوە و قوتابی فێری خوێندەواری بکەن و پێیان‌بگەیێنن، بۆ ئەوەی نەوەی دوارۆژ ببین بە پیاوێکی کەڵەی قۆز. داموودەزگا دابمەزرێ و پیشەیی بێ. قانوون کاروبار ڕێکخا و کەس لە کەس نەکەوێ و ئاژاوەنەبێ و دڵنیایی ببێتە بەردی بناغەی ئیستیقرار (لەسەر سەرم). عیراق ئازادە و کۆماری ئازادە و دیموقراتی و کاکەکەریم بۆ پێشەوە و دیموکراتی و ئاسایش باشە، گوایە لەمە جوانتر چییە؟!

بەڵام لەپاڵ ئەم قسە جوانانەدا و لەپشت پەردەی ئەم گوفتارە شیرینانەدا، زەهر و زەقووم، ئاگر و تەقەمەنی و بێوەفایی و هاش‌وهووش و دەست‌بڕین و سەربڕین و نان‌بڕین و تالانوبرۆ و بێئیمانی و بێویژدانی و بێوەفایی و بێمروەتی شاردرابوونەوە و ئەکران و ئەکرێن لە لایەن "ئەولادی ئەبوڕیش"، کە خۆیان بە پێشەنگ و دەست‌پاک و دەم‌پاک و دڵپاک و باوەڕپاک دابووە قەڵەم!

ئینجا چییان وتبوو، چییان نووسیبوو، هەموویان لیستەوە، مەحکەمەیان دروست‌کرد و خەڵقیان کوشت، لەجیاتیی ئەوەی ئەگەر پیاوخراپ بوون، بیاندانایە دەست قانوون، ئینجا مانگرتن و تێکدانی زەوی دابەشکردن و ماڵی کرێکار و جووتیار و میللەت بەقوڕگرتن، پچڕاندنی شیرازەی ئیقتیصاد و ناکۆکی‌خستنەوە لەناو چینەکانی میللەتا و کردنی هەموو کەسێک کە لەگەڵیانا نەبێ، بە ڕەجعی و پیاوی ئیستیعمار و شۆڤێنی و ئا لەم بابەتە! بەڵام هەر نەگەیشتنە دەسەڵات و نەبوون بە گەورە و میللەت تێیان‌گەیشت بە تەجروبەی ڕۆژانەی خۆی، بە سەوا و مامەڵە و لە سەنگی مەحەکدان و خۆیان و باوەڕیان ئاشکرابوو (ناسینی!). ئینجا حکوومەتی نیشتمانیش پەردەی لەسەر ڕوو لابردن و (خێو) دێوەڵووکە و درنج و دەعبایەکی لە مقەبا دروستکراو کەوتە ڕوو، میللەت بەتەواوی ناسینی، وەک دوژمنێکی ناپاکی هەموو بەرزی و جوانی و خێرخواییەکی میللەتان. بۆیە مۆری‌کردن، دوای ئەمە کشانەوە. وەک نەخۆشێ کە دەرمانی پیابکەی، وەک برسێتی ڕزقی بۆ عەماربکەی، وەک نەزانین نووکی قەڵەمی بۆ تیژبکەی، وەک لرفەی ئاگر ئاوی بکەیتە سەر. بەڵام کەس بەتەمای ئەوەنەبوو ئیستگەی مۆسکۆ هێرش‌بباتە سەر حکوومەتی دۆستی وەک کۆماری عەبدولکەریم قاسمی ١٤ی تەمووز، کە دژی ئیستیعماری دوژمنی میللەتانە، لەسەر چنگێک لەو خراپانە. مەسەلەکە ناوخۆییە و لە عورفی دیپلۆماسیی ناودەوڵەتانا و بەپێی ئەدەبی ئیستگە، نابێ دەست‌بخرێتە کاورباری ناوخۆییەوە و

نابێ لەسەر تاقمێک بچیت بەگژ زۆرا! ئەبێ قوربانی بە جوزء بدرێ لە ڕێی کوللدا و ئەمە مارکسییەتە و قانوون و فەلسەفە و شتی خۆتان. ئێمە وامان بە باش ئەزانی "دایکی موشفیق" لەسەر میللەتانی بێدەرەتانی هەقخوراوی داگیرکراو بجۆشایە و لەسەر کوژراوی بکردایەوە و لە دژی داگیرکەران بووایە، وەک مارکسییەت نووسیویەتی، بەڵام -لەگەڵ ئەوەشا- ئەم مەسەلەیە و ئەم ناهەقییە حەواڵەی حکوومەت ئەکەینەوە و کاربەدەستانی کۆماری ١٤ی تەمووز، هەڵبەت ڕێگای دیپلۆماسی ئەگرن و بێینەوە سەر ئەمان و پێیان‌بڵێین:

ئایا جائیزە لە عورفی ئێوەی مارکسی‌دا، بەگژچوونی دەوڵەتێکی وەکوو عیراق؟ ئایا ئێوە نەبوون لەژێر ئەم پەردەیەدا و بە درۆماڵی هەزارانتان وێرانکرد؟ چی باشترە، گرتنی چەند کەسێک لەسەر پیاوکوشتن، یان چوونەپاڵ داگیرکەر و ئیستیعمار بە کردار و بە ڕەفتار؟!

ئێوەی نەگبەتی سەرلێشێواو دژی نەتەوە و ئایین و نیشتمانەکەی خۆتان و کلکی داگیرکەر و کلکی ئەولا و وابوون بە سەر بە ئیستیعماریش. "هەزار سەرە پەکلوو"، چی ماوە نەیدۆڕێنن، هەی خاکتان بەسەر، تۆزێ بە کردار و ڕەفتارەکانتانا بچنەوە و "هەزار گوناهـ و یەک تۆبە"ی ڕاست بەرامبەر بە خۆڵ و خاکەکەی لێی‌هەڵگەڕاونەتەوە.

هەلەکەسەما و ئامان لەرزانەتانە، بۆ چەند کەسێک، بەڵام میللەتێک فەرامۆش‌ئەکەن. ئەمەیە ئەدەب و ڕەوشت و بڕوا و فەلسەفە و نیشتمانێکی ئازاد و میللەتێکی بەختیار؟! کە نیشتمانت نەبوو، ئازادی‌ناکەی. کە میللەتت نەویست، بەخیاری‌ناکەی. لە ئەدەبا ئیفلاس، لە سیاسەتا ئیفلاس، لە نیشتمانپەروەری‌دا ئیفلاس، لە ڕەوشت و خوو و ئایین‌دا موفلیس، باوەڕتەسک، بینایی مزمەعیل، خوایا چاکبوونە یا پسکبوونەوەیان، ڕەحمێبکە بە کەس‌وکارەکانیان کە وەختە تەبەڕڕابن لێیان.

## زەردەشت و بڕواکەی*

(لە عەرەبییەوە وەرگیراوە)

دنیا تێکڕا، هەموو کەون و کائینات، کە لە تاریکی و ڕووناکی پەیدابووبن و هەردووکیان هەمیشە لە بەربەرەکانێی یەکتریبا بن، دیارە هەردوو لا سوپای هەیە و هەردوو لا سەرکردە. سوپای تاریکی وا لەژێر فەرمانی ئەهرەمەن و سوپای ڕووناکیش وا لەژێر سەرکردەیی ئاهورەمەزدا. یارمەتیدەرانی سەرکردەیی ڕووناکی و خێرخوایی دوو بەشن: بەشێکیان پێیانئەوترێ پیرۆزە نەمرەکان. بەوانیتریش ئەڵێن تاوی بیزەد. دە سەرکردەی هێزی نەبەزی ڕووناکی، بەهۆی ئەم دوو تاقمەوە فەرمانڕەواییی خێرخوایی ئەکا لە هەموو دنیادا.

بەڵام بەرەی تاریکی و شەڕ کە ئەهریمەن سەرکردەیەتی، بە هۆی دێوەکانەوە حوکمڕانیی جیهانی تاریکی ئەکات. زەردەشت لەناو کتێبە پیرۆزە کوردییەکەیا "ئاوێستا" یان زەندە ئاوێستا، یان ئابستاق، ئەڵێ: ئاهورەمەزدای خوای خێر و ڕووناکی، دنیای لە شەش پلە و پڕۆژە تەواوکرد لە ماوەی سێهەزار ساڵا، وە لە پلەی شەشەمدا ئادەمیزادی دروستکرد. کە سەرکردەی تاریکیی چەپەڵ چاوی بەم دنیا ڕێک و ڕەوان و جوانە کەوت، قینی هەڵسا و هەرچی خوو و نەریتێکی ناشیرین و کردارێکی ناپەسەند هەیە، هەمووی دروستکرد و هێنایەکایە و بەریدایە گیانی ئادەمیزادی خێرخوا و بەم جۆرە ئەهرەمەن کەوتە جەنگ لەگەڵ ئاهورەمەزدا و ئەم بەربەرەکانێیە ماوەیەکی زۆری کێشا و لە ئەنجاما هێزی تاریکی زۆر زەبوون بوو، وای لێهات خۆی و ئەهرەمەنی سەرکردە بکێشنەوە بۆ باوەشی تاریکی و لە گۆشەی تەریکیدا دەسەوسان و دڵ پڕ لە قین تیماری برینە سەختەکانیان بکەن.

لەدوای ئەمە، زەردەشت پیشانیئەدا کە گیانی ئادەمیزادێکی خێرخوای پاک، ئەبێ سێ ڕەوشتی بەرزی تیابێ، بۆ ئەوەی لە پیاوچاکان بژمێردرێ: ١. بڕوای

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٢٧، ١٩٦١/٣/٤، ل١، ٢.

باش بێ، ٢. قسەی خۆش بێ، ٣. کرداری جوان بێ. گیانی پیاوچاکان لە ژیانێکی بەرزا ئەژین (بەهەشت)، گیانی پیاوخراپانیش لە باوەشی ئێش و ئازارا (دۆزەخ). وە لە بەینی بەهەشت و دۆزەخدا، شوێنێکیتر هەیە، پێیئەوترێ: هامەستاکان. ئەم شوێنە بۆ ئەو کەسانەیە کە چاکە و خراپەیان بەقەد یەکە.

باشترین و چاکترین پیشە بۆ ئادەمیزاد کشتوکاڵ و کاروباری کردوکۆشییە و پێویستە ئادەمیزاد هەوا و ئاو و ئاگر و خۆڵی لە لا پیرۆزبێ و بە هیچ شێوەیەک پیسیاننەکات.

ئەمە لە بابەت هەندێ لە بڕواکانی زەردەشت. زەردەشت خۆی:

لە نیوەی دووەمی چەرخی حەوتەمی پێشمیلاددا هاتۆتە دنیا لە کوردستانا، واتە ٢٦٠٠ ساڵێک لەمەوبەر بە تەخمین. وە مەڵبەندی سەرەتاییی بڵاوکردنەوەی بڕوای زەردەشت لە بڕواکەی دەوروبەری چەمی ئەراکسی بووە و لەوێوە بڕواکەی لەناو هەموو کوردستان و وڵاتی فارس و هەندێ شوێنیتردا پەرەیسەند.

بڕوا:

تکایە هەر جۆرە زانیارییەکتان لەم بارەیەوە دەستئەکەوێت، بۆمانی بنێرن.

## ٢٥٧٢ ساڵە تەمەنی نەورۆزەکەم*

لە ٢٥٧٢ ساڵ لەمەوبەرەوە نەتەوەی کورد گەیشتۆتە ئەو دارەتەی ساڵ بۆ خۆی دابنێ و سەری ساڵ کە ڕۆژی یەکەمی ٢٢ی مانگی مارتە، میللەتان تێکڕا و ئایینەکان و بیروباوەڕەکان هەموو جێژنیان داناوە و کوردیش وەک هەموو میللەتێکی‌تر ئەم یەکەم ڕۆژی مانگی نەورۆزەی کردووە بە سەری ساڵی تازەی کوردی، کە لە ڕۆژی چوارشەمووی ٢٢ی مارتا پێ‌ئەنێینە ساڵی ٢٥٧٢ی کوردی. میللەتی کورد بۆیە جێژنی نەورۆزی خۆش‌ئەوێ، چونکە ئاشنایە بە مێژووەکەی، چونکە بە درێژاییی گەردشی زەمان لە هات و نەهاتییا لەگەڵیا بووە و هیی خۆیەتی.

بۆیە خۆشی‌ئەوێ، چونکە بەهاری بۆ ئەهێنێ لەدوای شەش مانگ تەڕ و تووشی و سەرماوسۆڵە و ناخۆشی، چونکە پاڵ بە زستانەوە ئەنێ و هەوا خۆش‌ئەکا و ئەیگەیێنێتەوە ناو زەوییەکەی کە مایەی پیت و بەرەکەت و ڕزقی ڕۆژیەتی. بۆیە خۆشی‌ئەوێ، چونکە لە تاریکی و ترس ڕزگاری‌ئەکا و ڕووناکی و فەڕ و ئازایەتی پیشان‌ئەدا و داوای هەڵکردنی چاکی مەردایەتی و ئیشکردنی لێ‌ئەکات.

کە سەمەنیش دروستکرا و خەنە درا لە پەنجە و ئاگرکرایەوە و بۆنی عەتراویی گوڵەکێویلە بەناو هەوادا بڵاوبووەوە و کچ و کوڕ مەستی بەهاری ژیان بوون، هەڵبەتە یادی ڕۆژانی نەهامەتی و بۆنەهاتی و کۆستکەوتوویی خۆیان ئەکەنەوە و کاوەی قارەمانی ڕزگارکەر بە هەموو شکۆیەکی پیاوەتی و کوردایەتییەوە ئەهێننەوە بیر و پەتی قرچۆکی دیلی ئەپچڕێنن و بەسەر مێژووا ئەنەڕێنن:

٢٥٧٢ ساڵە و وا پێمان‌نایە ٢٥٧٣ ساڵ
بوو بە پیاو گورگ و چەقەڵ و قەل و داڵ
کەشکی زەقنەبووتمان هەر ڕەقە و تاڵ
خانوومان زنجە و خۆراک هەرزن و گاڵ

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٢٩، شەممە، ١٩٦١/٣/١٧، ل٤.

کاروانمان سستە و لێکدانەوەمان کرچوکاڵ
وا نەورۆزە و ساڵی نوێ
ئێمەش وەک خەڵقی ژیانمان ئەوێ

## کاوە و ئەژدەهاک و ئاگری نەورۆز*

وەک بریشکە قرچەقرچی جەرگی سکسووتاوە دێ
یا گوڕەی مەترەلوێزە قرمەقرمی تۆپەکان
ئەم هەموو لاوە نەمان، نێژران لەم باخچەیە
ڕیشەییی کوردایەتی بوو، یەعنی بۆمان نێژران (حەمدی)

هەڵۆ

هەر کە بیر لە کاوەی ئاسنگەر ئەکەمەوە بە چاوی خەیاڵ، پیاوێکی شان و باهۆ ئەستووری مەچەکپۆلایی، دەموچاوێکی جەوهەری پیاوەتی لێباریو، دوو چاوی دڵسۆزی و شۆڕشگێڕیەتی تیاچەسپاو ئەبینم؛ پیکێکی دەمپانی قورس لە دەست و پەنجەیەکی ئەستوورا گیربوو ئەبینم و ئەو بینینەی کێوی هیوام بڵندترئەکا بە نەوەی ئەمڕۆی کاوە، بە لاوانی ئەم کوردستانە، کە گڕ لەناو دەروونیانا بڵێسەی سەندووە.

هەر کە بیر لە ئەژدەهاک ئەکەمەوە، لەتەک ئەو هەموو زەبروزەنگ و زۆردارییەیدا، من بە چاوی خەیاڵ کابرایەکی چەکوش لەسەراچەقیو، چاودەرپۆقیو، خوێنڕژاو، مێشکپژاو، ئەبینم، بەو بینینەوە ئەوەندەیتر بڕوام بە لەتوکوتکردنی دوژمنانی کوردایەتی و تۆپاندنی ناحەزانی کوردستان پتەوترئەبێ. هەر کە چاوم بە ئاگری نەورۆز ئەکەوێ، یەکسەر هەست و هۆشم، بیروباوەڕم، لەناو کەڵەپشکۆ و مووره زلەکانیا کۆئەبێتەوە، چونکە بە گوێی هەست و هۆشم گێڕانەوەی سەرگورشتەیەکی دووردورێژی قارەمانیەتیی نەتەوەی کورد ئەبیستم و لەگەڵ کڵپەی ئاگرەکەدا هێرشەکەی سەر کۆشکی ئەژدەهاکم دێتەوەیاد. بە بیستن و یادکردنەوەیش، تیغی بڕوام تیژترئەبێ بە دواڕۆژێکی ڕووناکتر لە ئاگری نەورۆز، لە هەموو بستێکی کوردستانا کە لە پەڕەکەی دڵ خۆشەویستترە!

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٢٩، شەممە، ١٩٦١/٣/١٧، ل١.

نەورۆز و بڕوا

پێش ئەوەی "بڕوا" لەدایکببێ، نەورۆزمان هەر هەبوو. بەڵام وا ئەمڕۆش بڕوا مەخشەڵهەڵگری نەورۆزی ساڵی تازەی ٢٥٧٣٤ کوردییە! بڕوا جێژنەپیرۆزەی جێژنی ڕەمەزان و نەورۆز لە هەموو کوردێکی مەردی ناو هەموو گۆشەیەکی کوردستانی گەورە ئەکا و پیرۆزبایی لە هەموو موسوڵمانێکی برای ئایینیی مەرد کە پشتگیریەتی لە کاتی تەنگانەدا و دۆستیەتی لە کاتی خۆشییا!

بڕوا هیوای وایە جێژنی نەورۆز ببێتە بەردی بناغەی کوردایەتی و یەکیەتی و یەکباوەڕی و هەموو یەکدڵ و یەکگیان و یەکئامانج بەرەو سەرفرازی و یەکسانی و ژیانێکی مەردانەی تەواو لە هەموو گۆشەیەکی کوردستانا بژین و خزمەتی شارستانیەتی و داد و ڕاستی بکەن.

له ناوجەرگەی کوردستانەوە

## نەورۆزی ئەمسالْمان*

که هەلْکرا شەویْ ئاگر له کوللی ڕەشمالێک
خجلْدەبن له زەوایایی خەیمەیی والا
عەتارد و زوحەل و ئافتاوی مەهی تەمام
خۆلاسه سابیت و سەییارە تا دەگاتە سوها

وا شەشتونۆ سالْ بەسەر وەفاتی حاجی قادری نەمرا تیْپەڕی، ئینجا یەکێک له ئاواتەکانیتری هاتەدی و کورد له ڕەشمالْەوە نیشتەجێی شار و خانوو بوو. وە له شەوی ٢١ی مارتا لەسەر هەموو سەربانێکی شاری سلەیمانیی نەمری مەلْبەندی کوردایەتی، ئاگری نەورۆز کرایەوە بە دەستی کوڕ و کچ و خوشک و دایکانمان. بەو باران و سەرمایە و لەناو ئەو قوڕەدا و لەگەلْ ئێواریْدا هەلْکرا ئاگر له کوللی سەربانێک، خجلْبوو زۆلْەک و دەعبا و جانەوەر. لەسەر شاخی گۆیژەشەوە بورکانێکی ئاگرین ڕوویکردە ئاسمان، بەسەریا ئەنەڕان: ئەی ئاسمان! شەوە و نەورۆز، ئامانجمان پاکە و پیرۆز. نەزرە لەسەرمان بە ئێسکی باوباپیرمان دەست هەلْناگرین و لاڕیْ ناگرین و بۆ ژیانێکی یەکسانی و سەرفرازی لەژێر تیشکی کوردایەتی ئەڕۆین و هەلْئەکەین چاکی مەردایەتی تا ئەگەینە ئامانج؛ یەکگرتنەوەی زازا و کرمانج، له بەرخانەقاشا و لەسەر ژوورەکەی ڕۆژنامەی "بڕوا" و شەقامی بەرامبەری شەمران، کەلْەئاگری گەورە کرایەوە و کۆڕی بەرخانەقا پڕبوو له لاوی جەسووری مەردی نەتەوەییی پاک، شایی و زەماوەند درێژەیکێشا، هەتا پاش نیوەشەو. له هەموو شەقامەڕێیەکان و شوێنە گشتییەکانی شارا دروشمی نەتەوەییی کوردانە هەلْکران و بژی پێشڕەوی نەتەوەییی قارەمان!

شارەوانیی سلەیمانیش بە گلۆپی ڕەنگاوڕەنگ زۆر شوێنی کردبوو بە چراخان. له دوورەوە که تەماشای سلەیمانیت ئەکرد، بە کۆگای نووری هەقت ئەهاتە بەرچاو.

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، سالْی ٢، ژمارە ٣٠، شەممە، ١٩٦١/٤/١، ل٦.

بۆ بەیانیش لە هەموو شوێنێکی شارا دەهۆڵ و زوڕنا کەوتەگەڕ، چەندەها ئوتوموبیلی پڕ لە ڕۆڵەی ئەم میللەتە بە ڕێکوپێکی و بەشێکی زۆریش بەپێ ئەگەڕان و گۆرانی و چەپڵەیان لێئەدا و داخوازییەکانی میللەتیان دەرئەخست و پیرۆزبایی نەورۆزیان لە یەک ئەکرد.

دوانزەسوارەی مەریوانیش وەک شێری بێشە شەقامیان ئەلەرزان و چاوی ناحەزانیان سیس هەڵئەگەڕان.

ئەم شەو و ڕۆژە زیندوون و لەبیرناچنەوە و هەموو ساڵێک تازەئەبنەوە و قەشەنگترئەبن. نە نەورۆز لە کورد و نە کورد لە نەورۆز ناکرێن، هەتا دنیا دنیایە و کاروانی قەشەنگی نەتەوەی نەمرمان پیاوانە کەوتوونەڕێ و هێزنییە خۆی لەبەرابگرێ و نەرۆزیش وەعدەی کنگر و ماستەکە بوو، هەتا کنگر و ماستێکیتر و نەورۆزی داهاتوو، ژیانێکی بێوەی بۆ هەموو ڕۆڵەیەکی خاکی پاکی کوردستان.

## مەقاشی دەستی ئیستیعمار*

هەر کە وترا وا دەستئەکرێتەوە بە گفتوگۆی نەوت و کۆماری عیراق ئەیەوێ هەقی خۆی لە شیرکەتی نەوتی ئیشتیعماری بسێنێ. دەستبەجێ کێچ ئەکەوێتە کەولی نۆکەرانی پیسی بێگانە و ئیستیعمار و هەزارویەک درۆودەلەسە و تەڵەکەبازی دروستئەکەن و بەناو میللەتا بڵاویئەکەنەوە و هەر جارە بە شێوە و ڕەنگێ یەنە ناوەوە و هەر سەردەمە جۆرە پیلان و تەکتیک و ڕێگەیەک بۆ لەخشتەبردن و کاولکردن و وێرانکاری و کوشتن و سەرنەگرتنی گفتوگۆی نەوت بەکارئەهێنن و بۆیەیەکی خەستوخۆڵی نیشتمانپەروەری و میللەتپەروەری و ئینسانییەت ڕزگارکەری تێهەڵسوون و هاوار و داد و بێدادی پڕ لە درۆ بەملاوبەولادا یەقئەکەنەوە وەک زەهری مار یا ئیستیعمار و فەرقیاننییە و نۆکەر هەر نۆکەرە و بێگانەش هەر بێگانە و زەهریش هەر زەهرا!

هەموو ئینسانێکی نیشتمانپەروەری ڕاست ئەزانێ کە ئەبێ هەمیشە پشتی ئەو حکوومەتە نیشتمانییە بگیرێ کە لەگەڵ ئیمپریالیزم و شیرکەتەکانیا کەوتۆتە ململانێ لە ڕێی وەرگرتنی هەقی میللەتا و بۆ سەر پێدانەواندن و کزکردن و ئینجا فەوتکردنی خۆی و شیرکەتی، کەچی بۆ نەگبەتی چنگێک لە نۆکەرانی پیسی ئیستیعمار توانییان هەندێ لە هێزە نیشتمانییەکان! جگە لە کورد و پێشڕەوەکەی بخەڵەتێنێ و لە خشتەی بەرێ و لەسەر ٤٠هەزار ئوتوموبیلی خصووصی بکاتەوە و لە دژی حکوومەتی نیشتمانی بجوڵێتەوە و کارەساتی ناڕەوا و ناشیرینانەی جگەربڕی لێبکەوێتەوە تا مەرکەزی حکوومەتی پێ بێهێزببێت بەرامبەر بە ئیستیعمار و نۆکەر و شیرکەتەکانی! ئەوەبوو هەر لە کاتی گفتوگۆی نەوتا چنگێک نۆکەری بەعثی سەرەک عەبدولکەریمیان بەر گوللە دا، بۆ ئەوەی عیراق بکەن بە قەسابخانە و وەک پارووپەکی چەور بمانخەنە سەر خوانی ئیستیعمار و دەوڵەتە نۆکەرەکانی و وا ئەمجارەش بە بیانووی (٢٠ فلس بەنزین) خەریکبوون بە ملیۆن دیناری نەوت لە

---

* ڕۆژنامەی "برِوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٣١، شەممە، ١٩٦١/٤/٨، ل١، ٦.

کیس عیراق بدەن و سەرلەنوێ برا دەست بخاتەوە خوێنی براکەی و ئەوانەی کە ئەم بێشەرمی و ئیجرائاتەش ئەکەن، خۆیان بە دژی ئیستیعمار و بەرەی نەتەوەیی و بە نیشتمانپەروەر دائەنێن و گوایە نازانن کە ئەم کردەوانە تەنیا پیشەی نۆکەر و بەکرێگیراوی ئیستیعمارە و هەر ئەو سوود لەم نیشتمانپەروەرییەیان وەرئەگرێ! شەرمەزاری بۆ مەقاشەکانی دەستی ئیستیعمار و بێگانە و شیرکەتەکانی ئیمپریالیزم و سەرکەوتن بۆ کۆماری کورد و عەرەب و هەموو ڕۆڵەیەکی بەشەرەفی میللەتەکەمان کە بە پیلانی ئیستیعمار و نۆکەرا ناخەڵەتێ و وەک بڵێسەی ئاگر کوڵوکۆیان دائەمرێنێ و هەقی میللەت لە دوژمنی ئەسێنێ.

لە ناوجەرگەی کوردوستانەوە:

## دامودەزگای پیشەیی*

نەقابە و کۆمەڵ و هەموو دامودەزگا پیشەییەکان ناوی خۆیان بە خۆیانەوەیە و ئەبێ "پیشەیی" بن، بەپێی قانوون و بەپێی دەستوورەکانی ناوخۆی خۆیان و نابێ لەو دەستوورە لابدەن و نابێ خۆیان بکەن بە حیزبی سیاسی و وەصی بەسەر میللەتەوە و ئیشی ئەوان تەنیا ئەوەیە بە خزمەتی ئەندامەکانی خۆیان و پیشەکەی خۆیان بکەن و تێکڕا میللەتیش.

برا قەسابەکان گۆشت هەرزانئەکەن، با سەوزەفرۆشیش سەوزە هەرزانبکا و با نانەواش نان بە ڕێکوپێکی بدا بە دەستەوە و با نەقابەی ئوتوموبیلچیش لە پێنج نەفەر زیاتر هەڵنەگرن و با ئافرەتانی سەر بە مافیش خزمەتی ماڵ و خێزانیان بخستایە پێش چاو و با سەر بە نەقابەی مامۆستایانیش دەرس باشتر بڵێنەوە و نەوەیەکی نوێی ڕەوشتبەرزی باوەڕبەتینی لەشساغ پێبگەیێنن و شەبیبەش ئەبووایە خەریکی بووژاندنەوەی هونەر و تۆمارکردنی ساز و ئاواز و چاپکردن و خزمەتکردنی سامانی نەتەوەیی بووایە و تێکڕا بۆ هەموو لاوان بووایە وەکیەک و بێجیاوازی و سێبەرەکی.

ئەو کەسانەی ئەبن بە سەرکردەی ئەم دامودەزگایانە و ئەوانەی لەدوای ئەمانەوەن، هەقی ئەوەیان نییە ئەو دامودەزگا پیشەییانە بکەن بە لانەی سیاسی و بەرەو باوەڕێکی تایبەتییان بەرن و بیانکەن بە ئەڵقەیەک لە زنجیرەی دەزگا سیاسییەکانی عالەم و بەربەرەکانێی نەتەوەیەتی و میللەتانیان پێبکەن لە ڕێی سوودی بێگانە و بیروباوەڕ و دەسکەوتی خۆیان و بێگانەدا و دووبەرەکی و سێبەرەکی و خراپتریشی تیا بکەن و ئەمە بە نیشتمانپەروەری و چینپەروەری و خزمەتگوزاری ناوببەن.

لە سەرەتای شۆڕشی پیرۆزەوە هەتا ئەم دواییەش زۆربەی زۆری ئەم دامودەزگایانە بە زۆر و بە خوایشت و بە هەزارویەک جۆرە تەکتیک و پیلان

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٣٢، شەممە، ١٩٦١/٤/١٥، ل١، ٦.

ڕاپێچکران بۆ قەمچیی تاقمێک. لە ئەنجاما ئەوی میللەت لێیدوورکەوتەوە و مرد، ئەوی ئاهێکی تیا مابوو لە دەستیان سەنرایەوە، ئەوی لە ڕاستەڕێی دیموقراتیش لایدا و پشتیکردە نووسین و وتن و دەستوور و قانوونی خۆی و حکوومەتی نیشتمانی و بوو بە هۆی ئاژاوە داخرا و لۆککرا.

بوونی ئەم دامودەزگا پیشەییانە پێویستن بۆ میللەت، هەمووی پێویستن بۆ هەموو کەسێک، بۆ هەموو پیشەیەک هەر لە جووتیار و کاسبکار و خوێندەوار و کرێکارەوە هەتا ئەگاتە سەر سەرمایەدارە نیشتمانییەکانیش بە ئافرەت و پیاوەوە. بەڵام گێرەشێوێن و نەزان و نادیموقراتی و باوەڕتەسک و دەروونڕدڕ و بوغزلەسکی نەخۆش، چاوی بەم دامودەزگایانە ئەوەندە هەڵیەت کە هەر بەدەست خۆیەوە بێ و لەژێر فەرمانی حیزبا. وە بە پێچەوانەی ئەمەوە، وەک نیرۆنی شێت، ئەبێ ڕۆما بسووتێ و کوڵوکۆی دابمرێ و ئینجا دوای ئەوە کڕووزانەوە و گڕووزانەوە و گریانی درۆ و هاشوهووش بۆ شێوەی دیموقراتی! بۆ ڕۆمای سووتاو! میللەتی کورد هۆشیارە و چاوناپۆشێ لەوانەی دامودەزگاکانی بەم مەرەیە ئەبەن و جارێکیتر هەرگیز متمانە بە هیچ ناپاک و ناڕاست و فێڵبازێک ناکا و ڕیزی خۆی پاکئەکاتەوە و دامودەزگای خۆی لەسەر تەجروبە و بەسەرهاتی مێژوویی خۆی دائەمەزرێنێ و ئەیانپارێزێ و هەر ئەمەیە ڕێی ڕاست و سەرکەوتنیش بۆ دامودەزگا پیشەییە ڕاستەکانمان.

## ئاهەنگی دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیارانا*

لە سەعات دەی بەیانی ڕۆژی سێشەمووی ١٩٦١/٤/١٨ نوێنەری ڕۆژنامەی "بڕوا" بەرەو دێی صابوورئاوای تازە کەوتەڕێ و ڕۆژەکەی خۆشە و هەر وا ئۆتوموبیلە و وەک تیسکەی تفەنگ بەرەو مەڵبەند تێئەتەقێنێ و چی بێ لەمە خۆشتر. زەوی دابەشئەکرێ بەسەر جووتیارانا و ئەم میللەتەش هەمووی جووتیارە و ئەوی زەویشی نەبێ، هیچی نییە و ئەمە ڕاستەکەیەتی و هەر کەسێک یەکبست زەوی بە خۆڕایی لەدەست بدا، تەوقی عەزازیل بچێتە گەردنی. ئەمبەر ئەوبەرە و ناسکەدولبەرەمان سەوزەگیای جوان و گوڵاڵەی ئاڵوواڵا بوو. ڕانە ئەلەوەڕێ و شوانە شمشاڵ ئەژەنێ و کیژۆڵەی کوردە و حاجەت ئەشوا و ئاو لە کانییەوە ئەباتەوە بۆ ماڵەوە و گەیشتینە مەڵبەند و لە دەشتاییی دڵگیری دامێنی چەپی ڕێگا، سێ چادری سپی هەڵدرابوو. شوێنی زەماوەن بە بەڕەی کوردی و بە کورسی و مێز ڕازێنرابووەوە و برای جووتیار بەم بەرەوە و ئافرەتانیش لەوبەری ڕێگا دانیشتبوون و تاقمێک لاوی سەرگەرمیش هەڵپەڕکێیان گەرمکردبوو. دەهۆڵ و زوڕناش جووڵەی ئەخستە دڵی پیر و جوانەوە و میوانەکانیش لەسەر کورسی دانیشتبوون و کاک قادر مصطفا بەڕێوەبەری چاککردنی کشتوکاڵ و هەموو مەئموورەکانی بەپێوە خزمەتی میوانەکانیان ئەکرد و ساحێبی ئاهەنگە خنجییلانەکە بوون و میوە و کۆکا و چا و جگەرەیان دابەشئەکرد، لەگەڵ زەردەخەنەی شادمانییا.

سیادەتی حامید ئالووسی و بەڕێوەبەری پۆلیس و سەرەکی تەسوییە و موعاوینی موتەصەڕیف و حاکمەکان و قائیممەقامی مەرکەز و بەڕێوەبەری ئینحیصار و بانقی کشتوکاڵ و میوانێکی زۆریتری دائیرەکان لەوێ بوون. لە سەعات ١١دا وتاری سیادەتی موتەصەڕیف بە عەرەبی و ئینجا لە لایەن کاک طەییبی گوڵانییەوە بە کوردییەکەی نووسراوە و ئینجا وتاری بەڕێوەبەرایەتیی چاککردنی کشتوکاڵ بە عەرەبی لە لایەن کاک خالید خاڵەوە، کوردییەکەی لە لایەن کاک ماجید محەمەدەوە نووسراوە، وە پەیدەرپەی مەکینەی سینەمای

---

* ڕۆژنامەی بڕوا، ساڵی ٢، ژمارە ٣٣، شەممە، ١٩٦١/٤/٢٢، ل١.

ئیرشادی کشتوکاڵ لە بەغداوە وەفدێکیان هاتبوو، لەگەڵ مەکینەی سینەمای وەسائیلی ئیضاحی زانیاری، وێنەیان‌ئەگرت و کاک حەبیبی ڕەسامیش لەوێ بوو. ئینجا وتاری کاک عومەر عەبدولعەزیز، سەرەکی لیژنەی دابەشکردنی زەوی کە لە بەغداوە هاتبوو، بە عەرەبی و ئینجا مامۆستا مەلا ڕاضی بە ناوی جووتیارانەوە وتارێکی جوانی پێشکەش‌کرد بە عەرەبی و پڕ لە ئایەتی قورئان و حەدیث و داوای ڕێکخستنی ئاو و کارەبا و ڕێگا و چاککردنی لەوەڕگاکان و گەلێک داوای‌تری بەکەڵک بۆ جووتیاران. دوای ئەمە، لە لایەن سیادەتی وەکیلی موتەصەڕیفەوە ٦١ سەنەدی تەمەللوک بەسەر ئافرەت و پیاوی جووتیاردا بەش‌کرا و دەهۆڵ و زوڕنا دەستی پێ‌کردەوە و بەرەو سولەیمانی کەوتینەوەڕێ و ئاهەنگەکە نزیکەی سەعاتێکی خایان و سوپاس بۆ بەڕێوەبەرایەتیی چاککردنی کشتوکاڵ و خۆشی لە برا و خوشکە جووتیارەکانمان و داوای ژیانێکی بەرزی بێ‌وەییيان بۆ ئەکەین و

خوایە هەر کەسێ دوژمنی ئەم کوردە دڵپاکانەیە

ژێرکەوێ، کۆستی‌کەوێ، تا ماوە ساتێ نەسرەوێ

ئامانجمان:

## دامەزراندنی کارگەی کارسازی پێویستێکی نیشتمانییە*

گومان لەوەدانییە کە شێوەیەکی ئاشکرای پێشکەوتنی میللەتان، دامەزراندن و گەشەکردنی کارسازییە و هەتا ڕۆژێ زووتر کارگە دابمازرێ، درەنگە و ئەم کارگە و کارسازییەش پێویستێکی نیشتمانییە و پڕسوود. شارێک کە چەپەکی ڕێی هاتوچۆی بازرگانی بوو، وەکوو سلەیمانی و کارگەی تیانەبوو، کە زەوی‌وزارێکی زۆری بوو بەژێر ئاوی دوو دەریاچەی وەکوو دەربەندی‌خان و دووکانەوە، هیچ چارەسەرێکی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووری و زانیاری و کۆمەڵایەتیی نییە، پڕکارگەیی نەبێ و ئەمە جێگای لێدووان نییە و ئەبێ بکرێ لە ڕێی سوودی هەموو لیواکەدا و لە ڕێی سوودی شوێنەکانی‌تری عیراقا. کارگەی ئاسن لە پێنجوێن، کارگەی شەکر لە سلەیمانی، کردنەوەی ڕێگاوبان لە بەینی هەموو دێ و شار و قەزا و ناحیە و کۆلیتێکی ئەم وڵاتەدا و ڕاکێشانی خەتی شەمەندەفەری سلەیمانی- کەرکووک وە خانەقین - هەڵەبجە، پێویستی بە کێشە نییە. ئەمە لە لایەن پڕۆگرام و نەخشەی ئابووریی کۆماری نیشتمانییەوە.

بەڵام لە هەمان کاتا و بەبێ سێ‌ودووکردن پێویستییەکی گرنگی‌تریش کەوتۆتە سەر شانی هەموو دەسمایەدارێکی نیشتمانیی بەشەرەفی ئەم وڵاتە، کە دڵیان بە خۆشیان و میللەتەکەشیان ئەسووتێ و لە ڕێی سوودی خۆیان و میللەتەکەیانا پێویستی نیشتمانیی ئەوانیش ئەوەیە دام‌ودەزگای پیشەسازی و کارسازی و ئاوەدانکاریی هەرەوەزی، شەریکاتی موساهەمەی صەناعی وە عیمرانی دابمەزرێنن، یا ڕاستەوخۆ بە پارەی خۆیان، وەیا بە یارمەتیی بانقی پیشەسازی، (مەصرەفی صەناعی). وا لە هەفتەی ڕابوردوودا یەکێک لە سەرمایەدارە نیشتمانییەکان، سیادەتی عەلی کەمال، بە هاوکاریی دوو نوێنەری بانقی پیشەسازی، مامۆستایان حامید یووسف وە صەبری عەبدولکەریم، کە چاودێریکەری پڕۆژە کارسازییەکانن

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٣٤، سێ‌شەموو، ١٩٦١/٤/٢٩، ل١، ٢.

له بانقی پیشەسازیی بەغدا، هاتن بۆ سلەیمانی، وە ٣ی چوار کۆبوونەوەیان بە هەندێ لە سەرمایەدارەکانی سلەیمانی کرد لە شارەوانی وە دووان لە پێکهێنانی چەند پڕۆژەیەک و لە سەرەتاوە بڕیاردرا کە شیرکەتێکی ئینشائی دابمەزرێت بۆ چەو و لم و بەردی نەقاڕی و گەچ دەرهێنان. وەبیریانکردەوە لە پێکهێنانی کارگەیەکی ئەسپێست، وە بۆ ئەم ئامانجە کاک عەلیکەمال بڕیاری دا شارەزایەکی ئەڵمانی لەسەر حسابی خۆی بهێنێ بۆ لێکۆڵینەوە و پشکنین. وە دوای ئەمە بڕیاردرا کە شیرکەتێکی قوتوودروستکردن و مرەبا و دۆشاوی تەماتە و ئاوی هەموو جۆرە میوەیەک دروستبکرێت. وە لە پێکهێنانی پڕۆژەی چیکەنەکردنی لۆکە دووان بە مەکینە، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ وازیان لەم پڕۆژەیە هێنا. پاش ئەمە دووان لە پێکهێنانی شیرکەتێکی چاپەمەنی بە لاینۆتایپ و ئۆفسێت و زینگۆغراف و هەموو کەرەسەیەکیتریەوە و هاتنە سەر ئەوەی لەم بارەیەوە بۆ وەزارەتی زانیاری بنووسرێ و دوای وەرام باسی لێبکرێتەوە.

شایانی باسە، کە بانقی پیشەسازی ئامادەیە ڕادەی لەسەداچلونۆی پارەی هەر یەکێک لەم پڕۆژە پیشەسازی و کارسازییانە بدا و داواکاریمان ئەوەیە: ئەی دەسمایەداری نیشتمانی و ئەی میللەت، پشتی ئەم جۆرە شیرکەتانە بگرن و دایانمەزرێنن و تیایانا بەشداربن و لە ڕێی خۆتان و وڵاتەکەتان و نەوەی دوارۆژا.

ئاوێنەی بڕوا:

## قوتابییە مەردەکان*

تاقیکردنەوەی سەری ساڵ بەڕیوەیە و دوای ئەو پشووی هاوین. لە ماوەی ڕابوردووا قوتابییان تێکڕا بە کچ و کوڕەوە دوچاری گەلێک ناخۆشی و کارەساتی نارەوا بوون و لە دەرس و دەور کران. بەڵام بەهۆی قوتابییە پێشڕەوە تێگەیشتووەکانەوە توانرا گیروگرفت و کارەساتی ناشیرین هەتاسەر سەرنەگرێ و ڕیزی قوتابی تێکنەچێ، وەک ویسترا. ئێمە دڵسۆزانە داوا لە هەموو قوتابییەک ئەکەین کە خەریکی خوێندنی خۆی بێ و ڕەوشت و خووی بەرز بێ و گوێ شلنەکا بۆ هیچ گێرەشێوێن و نۆکەرێک و ڕیزی خۆی تێکنەدا، چونکە لە پشێوی و ئاژاوە و نەخوێندن و کارەساتی ناشیرین تەنیا ئیستیعمار و نۆکەرەکان سوود وەرئەگرن و هەموو میللەتانی ڕووی زەویش تەنیا بە خوێندن و بە ڕەوشتی بەرز و بە یەکێتی گرەویان بردۆتەوە و دەستبڕینی قوتابیی ساویلکەی بێتەجروبەی ساکاری پاک کە هێشتا لە ڕاوەڕێوی و تەڵەکەبازیی سیاسەت و سیاسەتکاری نەگەیشتووە و بە گیانێکی پاکەوە دێتە کایەوە بۆ خزمەتی وڵات و میللەتەکەی و گێرەشێوێن و ناپاک هەڵیانئەخەڵەتێنن، ناشیرینترین تاوانە و ڕووڕەشی بۆ ئەو کەسانەی ڕیزی قوتابی تێکئەدەن و ئەیانکەن بە دوژمنی یەکتر و تۆوی ناکۆکی و ڕەوشتخراپییان تیا ئەڕوێنن و بژین قوتابیان تێکڕا و پایەداربێ قوتابیی کوردستان بە یەکڕیزی و خوێندەواری و نەخەڵەتاوی و ڕەوشتبەرزی لەژێر سایەی کۆماری نیشتمانیی هاوبەشی کورد و عەرەبا و بە کوێراییی چاوی ئیستیعمار و دوژمنەکانی میللەتەکەمان، جارێکیتر نەوەی نەتەوەییی مەردی دوارۆژمان ناخەڵەتێن و عەیبە خوێندەوار بخوڵەتێ، یان خەڵق بخەڵەتێنێ!

بڕوا

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٣٥، شەمموو، ١٩٦١/٥/٦، ل١.

له ناوجەرگەی کوردوستانەوە:

## دەردی ترس*

هەر کەسێک خۆی خەریککردبێ بە کاروباری گشتییەوە و تێکەڵاوی جەرگەی میللەت بووبێ و چووبێتە بنجوبناوانی دڵ و دەروونی خەڵقەوە و بەتەواوی دەرکی بە هەموو شتێک کردبێ و بیەوێ چەوتی ڕاستبکاتەوە، ئەبێ وەک جەڕاحێکی ئازا تیغی لێبخاتە کار و بەبێ ئەو تیغە و بەبێ ئەو جەسارەتە هیچمان بۆ ناکرێ و ناگەینە ئامانج.

من بەش بە تێبینیی خۆم، وام بۆ دەرکەوتووە کە دەردی هەرە کاریگەری ئێمە ترسە! مەئموور لە ترسی نانبڕین دەستی ناچێتە هیچ، دووکاندار لە ترسی نەفرۆشتن دۆشدائەمێنێ و ڕەنگی تەڵخئەبێ، کرێکار لە ترسی بێئیشیی سبەینێ، ئافرەت لە ترسی تەڵاق، هونەرمەند لە ترسی گاڵتەپێکردن، ئەدیب لە ترسی ڕەخنەلێگرتن، دەسەڵاتدار لە ترسی لەدەستچوونی دەسەڵات، مناڵ لە ترسی باوکی، کچ لە ترسی شوونەکردن، جووتیار لە ترسی بێبارانی و شکانی ڕسقەکەی، دەوڵەمەندیش لە ترسی لەدەستچوونی پارەکەی!

ئەم دەردی ترسە لە مناڵییەوە لەگەڵمانایە و بە ئایشی گوێدرێژ و شەولەبان و یەکبست باڵای چلگەز ڕیشە و گرانییەکەی جەنگی عالەمیی یەکەم و قاتوقڕیی جاران و سەختیی زستان و جنۆکە و خێو و شەیتان ڕاهاتووە و هەموو ئەم دوژمنانە و دوژمنە مقەباکانیترمان لا بووە بە شێر و ئەوی ئەم ترسانە بەم میللەتەیان کردووە، لەگەڵ عەیبەعەیبەی ناوخۆمانا، "با بە دەواری شڕ و سەرما بە هەتیوی نەکردووە!" و سەربارەی ئەم دەوری مناڵی و ئێستایەش بۆنەهاتیمان، جۆرە ساردبوونەوە و بێبارییەکی وای هێناوەتەکایە، نە بڕوامان بە خۆمان ماوە و نە لەسەر شتێک هەتاسەر ئەڕۆین و نە بە پیشەیەکەوە ئارامئەگرین و بێئیستیقراریی مێشکمان لەگەڵ بەسەرهاتەکانمانا، دوچاری هەزارەها نەخۆشیی نەفسیی کردووین و ئێستا شتێک ئەڵێین و لەپاش

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، (ساڵی ٢)، ژمارە ٣٥، شەممو، ١٩٦١/٥/٦، ل١، ٢. لە ژمارە ٥٤، ١٩٦١/١٠/١٤، ل١، ٢ی هەمان ڕۆژنامەیشدا جارێکیتر بڵاویکردووەتەوە.

نەختێکیتر درۆودەلەسە و فیشاڵ و خۆهەڵکێشان و خۆبەزلزانین و بێوەفایی و هەزارەها خوو و نەریتی ئا لەم بابەتانەش وا خەریکن خۆیانمان بەسەرا چەسپئەکەن و واوەیلا بە حاڵی کۆمەڵی وا!

ئەمانەی باسمانکردن، هەموویان دەردن و لە ترسەوە پەیدابوون و ئەو ترسە دیلتریکردووین و وەرن خەڵقە پیاوی چاک بن، قسەی باووباپیرتان بهێننەوە یاد: "ئەوی بترسێ، ناخەلەسێ!"، بێگومانبن هەتا ڕۆژێ زووتر بەسەر ترسا زاڵببن، سەعاتێک زووتر ئۆخەیئەکەین و ئەوەندە بیر لە ترس مەکەنەوە و بە ئیحا خۆتان مەتۆقێنن و با لە هەموو بەسەرهات و کەوتن و بۆنەهاتییەکمان دەرس وەرگرین و هیچ هێزێک نییە لەبەر هیممەتی ئینسانی جەسووری نەترساوا ڕابوەستێ.

## ئەفسوونی نقوود*

دەردێکی‌تری کۆمەڵایەتیمان پووولەکێتییە! ئەم دەردەش تا ڕادەیەکی گەورە کاری‌کردۆتە سەر بیروباوەڕ و سەر دەروون و ڕەوشت و خوومان. ئەوا چینی هەژار کە لە هەژاری ئەترسێ و بێ‌نانی بە خۆی و ماڵ و منداڵیەوە دیوە، ناهەقی نییە لەسەر پوولێک بیکا بە بەزم و بە دەست و بە دەم پارێزگاریی پوول بکا، لەبەر ژیان و لە ترسی دواڕۆژ و لێقەومان. ئەگەر هەق بدەینە دەست هەژار و دەستکورت و بێ‌توانا، هەرگیز هەق نادەینە دەست بووە و سەرمایەدار و دەوڵەمەند و قۆنتەراتچی و هەموو ئەو کەسانەی کە هەیانە و ئەتوانن بژین. پووولەکی وای لێ‌یەت ئەبێ بە تەماعکار و بە پیسکە و بە دیلی فلس. هەر کەسێکیش بوو بە عەبدی پارە، ئەکەوێتە حیلەوحەواڵە و درۆزنی و ساختەچێتی و ئیحتیکار و خێری ئەبەشرێتەوە و لە نیشتمانپەروەری و لە پێستی ئینسانی یەتە دەرەوە و فڕی نامێنێ بەسەر هیچ شتێکی بەکەڵک و بەنرخ و پیرۆزی ناو ئەم ژیانەوە و هەر ئەیەوێ پارە کەڵەکەبکا و عەماری پڕبێ و ڕەصیدی بانقی بەرزبێتەوە و قەسر و عەمارەتەکانی سەر بدا لە ئاسمان و ئەم عالەمەش هەموو نۆکەری بێ و خزمەتکار و خولام. ئەم پووولەکێتی و تەماعکاری و فلس‌پەرستنە، گەلێک بنەماڵەی دوژمنی یەک و گەلێک پیاوی لە باوەڕا دژی یەک، یەکئەخا و ئەمەیە "ئەفسوونی نقوود". ئەوا ئەبینی پرۆژەیەکی بەکەڵک ئەکرێ بۆ شارێک، لەجیاتیی ئەوەی هەر کەسە لە عاستی خۆیەوە چەندی پێ‌ئەکرێ هانەهانەی خێرخوایی بدا و دەستی یارمەتی درێژبکا و شتێک لە سوود و دەسکەوتی نەوێ، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە بەکەڵکە گشتییە سەربگرێ و دانیشتووانی ئەو شارە کە هاوخوێن و هاوزمان و هاونیشتمانی خۆیانن، تێکڕا هەموو کەڵکی لێ‌وەرگرێ، کەچی بە پێچەوانەوە، هەندێ کەسی بووە ئەیانەوێ نەک تەنیا ئەوە قووت‌دەن، بەڵکوو هیی‌تریشی پێوە ڕامالن!

ئێمە دڵسۆزانە و لە ڕێی سوودی گشتییا داوا لە هەموو سەرمایەدارێکی مەرد ئەکەین، بکەونە پرۆژەدانان و دروستکردنی شیرکەتی هەرەوەزی و کارگە

* ڕۆژنامەی "برِوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٣٧، ١٩٦١/٥/٢٠، ل١، ٥.

دامەزرێنن و پیشەسازی بهێننەکایە یەکگرتنیان بۆ ئەم کارە خێرانە بێ، لە ڕێی سوودی خۆشیان و خەڵقیشا و شارەکەمان پچووکە و میللەتەکەمان بەقسەیە و وریا و ئاگای لە خشەی خشۆکە و وەرن پیاوی چاک بن، با ئەفسوونی نقوود نەتانبا تا ڕادەیەکی ئەودیو عەیبە و کەمخۆری دایمخۆر بن و بۆ شتی بەکەڵک یەکبگرن و بۆ ٢٢٠٠ دینار و لەوەیش زیاتر کەس خۆی نەدۆڕێنێ.

# جەژنە و ئارەزوو*

کە ئەڵێن جێژن، لە لای پیاوی تێگەیشتوو شادییە و برایەتی و گەردنئازادی و خێرخوایی و یەکسانی و یارمەتی و ئیسراحەت و پشوو و ڕابواردنێکی پیاوانە و نەهێشتنی ناکۆکی و ئاشتبوونەوە و ئاسایش. لە لای منالیش جلی جوان و چەرخ و فەلەک و عارەبانە و ئوتومبیل و پارە خەرجکردنە. لە لای دز و جەردەش، ئاشوفتەیی ماڵە و کەسی لێنییە و دەی شتێک بدزە لە ماڵێک، قەزات لە عەمری شەیتان. لە لای قومارچی و قوماربازیش، لگاوە و ئەحمەڕ و ئەسوەد و دەرئەچێ بە دە فلس و پەنا توونەکان و کوڕە بەردەرکی سەراش.

لە لای ناپیاو و لەپیاوچووی بە دەمار دڕندەش، دەستدرێژی و دەمدرێژی و قاچدرێژی و کەشوفش و خەڵقترساندن و بێشەرمییە و لە هەموو کۆمەڵێکا و لەناو هەموو میللەتێکا ئەو جێژنە ئایینی بێ، یا نەتەوەیی و نیشتمانی، پیرۆزە و ڕێزی ئەگیرێ و بە شێوەیەکی جوان یادئەکرێتەوە و بەسەرئەبرێ و کارەساتی ناشیرینی نابێ تیا بقەومێ. میللەتانی پێشکەوتووی ئازادی پێگەیشتوو، هەموو ڕۆژێکیان جێژنە و شادی و برایەتی و گەردنئازادی و خێرخوایی و یەکسانی و بێوەیی و ڕابواردنی پیاوانە و ئاسایش. کەچی لە بەختی کەچی ئێمە جێژنەکانیان ئەبێ شتی ناشیرینی تیا ڕووبدا و یا بگرە لە جێژنا هەندێ کرداری ناشیرین زۆرترئەبێ، گوایە جێژنە و ئارەزوو! ئەگەر ئەڵێن خوا ئارەزووانت داوەشێنێ، کەس نییە بڵێ "ئامین" و مەجبوور بێدەنگئەبێ و ئەم هەموو کوێرەوەری و سەیروسەمەرە و ناشیرینانە ئەبینێ و ئەبیەت و نە کوێرئەبێ و نە کەڕ و خۆزگە ئێمەش وەک میللەتانی ڕووی ئەم زەوییە خوێندەوار و تێگەیشتوو و خاوەنئیدراک ئەبووین بەتێکڕایی و خۆزگە هەر کەسە لە سنووری خۆیا و پیاوانە ئەجووڵایەوە و جێژنمان ئەبوو بە جێژن و هەموو ڕۆژانی ژیان لە نەتەوەکەمان بە جێژنی گەردنئازادی ئەچووە سەر و خوو و ڕەوشتی ناشیرین و کرداری خراپ نەئەما و هەموو کەسێک دڵنیایانە چاکی مەردایەتیی گوزەرانی لێئەکرد بەلادا و کەس لە کەس نەئەکەوت. بێگومانبن، خوێندەواری خۆشەویست، ئەگەر ڕۆشنبیران خۆیان

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٣٨، ١٩٦١/٦/٣، ل١.

بە نەفامەکانەوە خەریکبکەن بۆ ڕێپیشاندانیان، ئەتوانن لە ماوەیەکی کەما ئەنجامێکی پڕسوود بهێننەکایە و هەر ئەمەشە ڕێگا.

له ناوجەرگەی کوردوستانەوە:

## یادی سێیەمینی شۆڕش*

له بەرەبەیانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا سەرەک عەبدولکەریم قاسمی قارەمان و برا ئەفسەر و سەرباز و ئازاکانی لەناو سوپادا، شۆڕشێکی نیشتمانییان پیاوانه بەرپاکرد بەرامبەر به ئیستیعمار و له سەعات شەشی بەیانی‌دا خەڵقی لەسەر دەنگ و ئاوازی شۆڕشی ڕزگاری خەبەریان‌بووەوە و نەک تەنیا عیراق، بەڵکوو هەموو دنیا سەرسام ما لەم کردەوە پڕ له ئازایەتی و قارەمانییه و عیراق ئازادبوو له ئیستیعماری ئینگلیزی و له پێوەند و کۆتی پەیمانەکانی و له دەست‌وپێوەندەکانی و لاپەڕەیەکی تازه له مێژووی ژیانی میللەتی عەرەب و کوردا له عیراق نووسرا و له مادده سێی دەستووری سەرەتایی‌دا دان‌نرا به مافی هاوبەشی کورد و عەرەبا له کۆمارێکی ئازادا و له ماوەی ئەم سێ ساڵەدا شتی وا قەوما و ڕووی دا، که به داستانەها تەواونابن و خۆلاسەکەی ئەوەیه که پشت‌گرتنی یاسایەکی نیشتمانیی قارەمانێکی دژی ئیستیعماری وڵات‌ڕزگارکەر، پێویستی سەر شانی هەموو نیشتمانپەروەرێکه و سەرکەوتن بۆ کۆماری کورد و عەرەب، ژیان بۆ هەموو میللەتێکی ڕووی زەوی، شکۆ بۆ قارەمانی ئیستیعمار و نۆکەر بەزێن عەبدولکەریم قاسم و مردن بۆ ئیستیعمار و داگیرکەر و هەموو نۆکەرێک که خۆشەویستیی وڵات و میللەتەکەی خۆی سەرمەشقی هەموو کاروبارێکی نەبێ.

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژماره ٤١، ١٩٦١/٧/٨، ل١.

لەناو جەرگەی کوردوستانەوە:

## وتاری دەزگای بەڕێوەبەری
## کۆمەڵی هونەرە جوانەکان*

هاووڵاتییە خۆشەویستەکان:

بە ناوی دەزگای بەڕێوەربەری کۆمەڵی هونەرە جوانەکانەوە، بە ناوی هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵەوە، بە ناوی هونەری جوانی کۆرپەی میللەتەکەمانەوە، بەخێرهاتنێکی گەرمتان ئەکەین وە سوپاسێکی بێپایان بۆ هەموو یەکێکتان، کە خۆشەویستیی هونەری جوان پاڵی پێوەناون بۆ هاتن و پشیگیریمان.

ئەم کۆمەڵەی لە چوار ساڵ لەمەوبەرەوە لەم شارەدا دامەزرا، بۆ ئەوەبوو کە سامانی جوانی نەتەوەییمان ببووژێنێتەوە و گەشەی پێبدا و پێشیبخات، بۆ ئەوە دامەزرا ببێتە بنکەی تیشکهاوێژی هونەر بۆ هەموو شار و دێ و کۆلیتێک و خەڵقی سوودی لێوەربگرن و بە کردارە جوانەکانی ئاراستەبین و سەوییەی چێژی هونەرییان بەرزببێتەوە. دە لەبەر هەر هۆیەک بێ، هێشتا نەگەیشتۆتە ئامانجەکانی، بەڵام بەشێکی کەمی پێویستیی سەر شانی خۆی بەجێهێناوە.

بێگومان ئێوەی تێگەیشتوو دەرک بەوە ئەکەن کە ئەو تەرازووەی پێشکەوتن و پایەبەرزیی شارستانیەتیی میللەتانی پێئەکێشرێ، ڕادەی چەسپبوون و بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی هونەری جوانە، بە تەمسیل و مۆسیقا و گۆرانی و خەت و وێنە و نەخش و نیگارییەوە. دە لە ڕێی ئەو پێشکەوتنەدا، پێویستە هەر تاقم و لە سنووری شارەزاییی خۆیا مەردانە کەمەری خزمەتکردنی لێببەستێ و پیاوانە بەروبوومی خۆی پێشکەش بە میللەتەکەی بکا و لە گۆشەی دەستبەدەستادانی بێهیوایی پێ ڕابتەکێنێ و جەسوورانە و بە کردار دڵسۆزیی خۆی دەربخات و هەر ئەمەشە ڕێگا.

هونەری جوان ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی و هەموو جوانییەکی ناو ژیان ئەگرێتەوە و ژیان خۆی هونەرێکی جوانە و خوای گەورەش پشیگیری جوانییە.

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٤٢، ١٩٦١/٧/١٧، ل١، ٢.

هەموو ئایین و باوەڕ و بڕوا و فەلسەفەیەکی کۆن و تازە و تازەتر پشتی هونەری جوانیان گرتووە و هونەریش بۆتە هۆی دامەزراندن و پەرەسەندن و ژیانیان. قسە، پێکەنین، بزووتنەوە و گریان، سروەی با، لەرینەوەی گەڵا، بەرزیی شاخ، قووڵیی دۆڵ، خوڕەی ئاو، ڕووناکی و سێبەر، شیعر، نووسین، ڕەنگ، ورتە و شنە و هەموو شتێکی گەورە و پچووک و بینراو و فکرلێکراوی ناو ئەم دنیایە، وان لە چوارچێوەی گەورەی حەڵقەی هونەری جوانا. بۆیە هونەر بۆ ژیان و ژیان بۆ هونەرە و ئەم خەڵقەش تێکڕا ڕۆژێ لە ڕۆژان هەمووی ئەبێتە هونەرمەند و ئەو حەلە بەشەر ئاسوودە ئەژی.

بیتهۆڤن و مۆزارت و هەزارانیتر لە ڕێی هونەری مۆسیقادا، ڤان کووخ و ئەنجیلۆ و دافینشی و هەزارانیتر لە ڕێی نیگار و نەخشا، مۆلێر و کلارک و سارا بێرنار، لە ڕێی هونەری تەمسیلا، فەرهادی کوردیش لە ڕێی پەیکەرتاشییا تەمەنی گەنجی و لاویی خۆیان لە باوەشی ئێش و ئازارا بردە سەر و لە قارەمانان شکۆدارتر شۆڕکرانە ناو گڵ. ئەو دەستوپەنجە جوانانە، ئەو دەمچاوە پڕ لە تەعبیرانە، ئەو مێشکە پڕزانستییانە و ئەو دڵە گەورە نەبەزانە، خۆیان کردە قوربانی بۆ نەوەی دواڕۆژ.

واقەی منالّی ساوا کە چاو هەڵئەهێنێ بۆ ڕووناکی، مۆسیقایەکی ئەزەلی و داوای مان و ژیان و ئیسپاتی وجوودە و ئیتر ژیانە و تەمسیل و نیگار، هەتا ئەبڕێینە مەزار. هاواری جگەربڕاو و فرمێسکی ڕژاوی لێقەوماوی دەروون پڕزووخاویش، دوا ئاوازی قەرارە و مەقامی گریان و پێکەنین بەستە و قوڕپێوان میکیاج و کێل و گومەز و شوورا دیکۆری پەردەی دواییی موخریجی نەمری گەورە و چیرۆکنووسی ئەزەلیی خەتکێشەر و شانۆدروستکەری دنیایە.

لە دەمێکەوە میللەتی ئێمەش کەوتۆتە سەر ڕێی شارستانیەتی و بەرەبەرە وریاترئەبێتەوە و باشتر دەرک بە مایەی بوونی ئەکا و زیاتر ئەکەوێتە خۆی و چاکتر ڕەنگئەڕێژێ و مەردانەتر ئامانج ئاشکرائەکا و کاروانی هونەرمەندانی بەزاتمان کەوتۆتەڕێ. بەڵام چەپڵە بە دەستێک لێنادرێ و بەبێ ڕێکوپێکی و زات و دڵسۆزی، کار مەیسەرنابێ. پێویستە هەموو هونەرمەندان و تێگەیشتووان یەکبگرن؛ پێویستە ئافرەتیش وەکوو پیاو بێتە کۆڕی

خزمەتکردنەوە و قۆڵبکا بە قۆڵی براکەیا، بۆ ئەوەی سەمفۆنیی پێشکەوتنمان بێنەشاز و بێنوقصانی بێت.

هاووڵاتییە بەڕێزەکان!

بێگومانبن کە ئەم کۆمەڵەمان پارێزگاریی ڕەوشت و خووی بەرز و ئایین و باوەڕی جوان و نەریتی ڕابوردووی نەتەوەییی باووباپیرانمان ئەکا و هەموو هونەرێکی جوانی خۆمان ئەژیێنێتەوە و ئەو سامانەی خۆمان بەردی بناغەمانە و بەروبوومی تازەمان لەوێوە دەستپێئەکا و سوود وەرئەگرین لە هونەری جوانی میللەتان و ڕێگای باووباپیرانمان گومناکەین. بەڵام پێویستمان بە یارمەتیی هاووڵاتییە مەردەکانمانە، پێویستمان بە پشتگرتنی حکوومەتە، پێویستمان بە بوونە سوودپەرستی گشتی و پارە و ئۆپەرایەکە، پێویستمان بە ئالات و ئەدەواتی مۆسیقا و شانۆ و نیگارە. هەتا ئەم پێویستییانە بەجێنەهێنرێن، ئەو پێشکەوتن و بەئامانجگەیشتنەمان درێژەترئەکێشێ.

لە بارەی ئاهەنگەکەی ئەمشەومانەوە، ئەوا خۆتان ئەیبینن. بەڵام زۆر شادمانئەبین کە لە دواییا بە نامە کۆمەڵ ئاگاداربکەن لە کەموکووڕییەکانمان وە هەر پێشنیازێکتان هەیە، بۆمانی بنووسن.

لە دواییا ئەمەوێ بە ناوی کۆمەڵەوە سوپاسی موتەصەڕیف و شارەوانی و حامییە و مەعاریف و هەموو دامودەزگاکانی میری بکەم، بەرامبەر بە یارمەتییەکانیان لە ڕێی سوودی گشتییا.

ئیتر سەرکەوتن بۆ هەموو ئیشگوزارانی دڵسۆز، سەرکەوتن بۆ کۆماری هاوبەشی عەرەب و کورد، سەرکەوتن بۆ سەرەک عەبدولکەریمی قارەمان.

سەرەکی کۆمەڵ

## کورتەباسێکی ئاهەنگەکانی
## یادی سێیەمینی شۆڕشی ١٤ی تەمووز*

ئەو شەوی چواردەیە هەتا درەنگێک سەرباز و ئەفسەران نەنوستن و کۆڕی هەڵپەڕکێ و گۆرانی لە هەموو لایەکدا بەسترابوو. لە سەعات چوارا لە خەو هەستاین و بەرەو ساحەی نومایشی حامییە ڕۆیشتین. بنکەی سوپایی بە وێنەی عەبدولکەریم و دروشمی کۆمار و بەیداغ و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بە جۆرێکی بێوێنە ڕازێنرابووەوە و ئەملاوئەولاکەی خێوەتی لێهەڵدرابوو بۆ میوانەکان. هەر چوار دەوری ساحەکە ڕازێنرابووەوە و جوانکرابوو: چوار موکەبیرەی گەورە چەسپکرابوو لە ناوەڕاستی ساحەکەدا، هەیئەتی ئیسیگەی بەغدا و حامییە و لە تەنیشتیانەوە تیپی مۆسیقای سوپا، هێزی چەکداری سوپا و پۆلیس ئامادە و پڕچەک بوون.

لە سەعات شەشی تەواوا، بانگەوازی شۆڕش بەرزبووەوە و ئەو خامۆشییە شڵەقا و پاش وتاری سیادەتی ئامر حامییە و لەسەر ئاوازی مۆسیقای سوپا، هێزی چەکدار پێی ڕاتەکان، زەویی لەرزان و بە بەردەمی بنکەی سوپاییدا تیپتیپ تێپەڕئەبوون و سەلامیانئەکرد و سیادەتی موتەصەڕیف و سیادەتی ئامر حامییە سەلامیان ئەسەندەوە.

لەدوای نومایشی هێزی چەکدار، ئینجا خۆراکی سوپا خورا لە لایەن هەمووانەوە و لە سەعات هەشت و پانزە دەقیقەدا، لە یانەی ئەفسەرانەوە مەوکیبی ڕەسمی کەوتەڕێ. ماتۆڕسایکلی سوپا، دوو ئوتومبیلی پاوەری پڕ لە ستێرلینگ بەدەست، ئینجا ئوتومبیلی سیادەتی ئامر ئینضیباطی سلەیمانی، ئینجا سیادەتی موتەصەڕیفی لیوا و سیادەتی ئامر حامییە و هەموو سەرەکی دائیرەکان و پیاوماقووڵان و خوێندەواران و ئوتومبیلی ئیستگەی عیراق و نوێنەری ئاژانسی دەنگوباس و بەم جۆرە قەتارەیەک ئوتومبیل بە ناوشارا بۆ کردنەوەی پڕۆژەکان، لە پێشەوە نەخۆشخانەی جمهووری و مەعهەدی دایکان و ساوایان و مەدخەری

---

* ڕۆژنامەی برِوا، ساڵی ٢، ژمارە ٤٢، ١٩٦١/٧/١٧، ل١، ٢.

طیببی و موستەوصەفی سنگ و ئینجا کردنەوەی مۆزەخانە و بۆ نیوەڕۆ نانخواردن لە سەرچنار و دابەشکردنی زەوی لە بەکرەجۆ بەسەر جووتیارانا و دابەشکردنی زەویی شارەوانیی گەڕەکی زەعیم بەسەر کرێکار و کاسبکارا و ئینجا کردنەوەی قیسمی داخیلیی قوتابیانی سانەوی و ئینجا کردنەوەی کارگەی جگەرە و تۆڕی ڕێوبانی کانێسکان و کردنەوەی هۆڵی شارەوانی و ئاهەنگی ڕێکوپێکی نانخواردنی ئێوارەی کارگەی سەرچنار و ئینجا لە نیوەڕۆی ١٥ی تەمووزا، زیاتر لە شەشسەد کەس لەسەر خوانی حامییەی سلەیمانی باشترین قاوەڵتیی بریانیی کرد، کە هەر لە خۆیان دێت.

ئینجا لە عەسرا کردنەوەی پیشانگەی وێنە و ئیشی دەستیی قوتابیان لە کتێبخانەی گشتی و دوابەدوای ئەو، ئاهەنگی کردنەوە و دابەشکردنی ١٥٤ خانوو بەسەر خاوەنەکانیا و شەوێ بۆ ماوەی دوو سەعات زیاتر مەخشەڵانی یاریی ئاگرین و بۆ ڕۆژی ١٦ کردنەوەی پرۆژەی دارستانی بازیان و گەلێ پرۆژەیتر و لە ئێوارێی ١٨ی مانگا، ئاهەنگی ئاڕاستەیی لە هۆڵی شارەوانی و ئەم شوێنانە هەموو کرایەوە و ناوی عەبدولکەریم و کۆماری هاوبەشی و برایەتیی کورد و عەرەب و خێر و خۆشیی میللەت و قین دەربڕین بەرامبەر بە ئیستیعمار و نۆکەرەکانی، لەسەر هەموو زمانێک بوو. ناوشار ڕازێنرابووەوە بە شێوەیەکی جوان هەتا ئێستا و لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا ئاهەنگی وا ڕێکوپێک نەقەوما و هەموو شتێک بە جوانی ڕۆیشت و هونەر بۆ میللەتی تێگەیشتوومانە و بۆ سوپا و بۆ ڕێکوپێکیی کاربەدەستان و ئیدراکیان.

بژی کۆماری هاوبەشی نەمر، بژی برایەتیی ڕاستی کورد و عەرەب، بژی سوپا و بژی سەرەک عەبدولکەریمی قارەمان، مردن بۆ ئیستیعمار و نۆکەر و داگیرکەر.

شانۆی بیروباوەڕ:

## هەندێ پێویستیی ئەم لیوایە*

سیادەتی موتەصەڕیفی لیوا، لەپێش هەموو شتێکدا بەخێربێن وە بوورن لەوەی بە پەلە ئەم چەند دێڕەتان ئەخەینە پێشچاو.

وەکوو بیستوومانە، سیادەتتان پیاوێکی ژیر و ڕەوشتبەرز و کارگوزار و لەسەرخۆن. ئەمە لە لایەکەوە و دەربڕینی ڕاستی و کەشفی حەقیقەت لە لایەکیترەوە و سوودپەرستیی گشتیش، وای لێکردین کە بە بۆنەی بوونتان بە یەکەمین کاربەدەستی ئەم شارە، ئەم چەند دێڕەتان بۆ بنووسین و بێگومانین کە ئێوە خۆشتان دەرک بە هەموو شتێک ئەکەن و ئەتانەوێ خزمەتی ئەم لیوایە بکەن و هیوادارین لەسەر دەستی ئێوەدا، گەلێک لە پێویستییەکانمان جێبەجێ بکرێن:

١. دەردی بێئاوی و ئاوکەمی لە شاری سلەیمانی و زۆربەی زۆری قەزا و ناحیەکانا، ویردی سەر زوبانی هەموو دانیشتووانە.

٢. خراپی و نالەباریی ڕێگەوبانی ناوشار و بەینی شار و هەموو شوێنەکانیتری لیواکەمان، تاوێکی گەورەی کردۆتە سەر خەڵقی.

٣. گرانیی شتومەکی پێویستی ڕۆژانەی خەڵقی لە ناوشارا، بارێکی گەورەیە و هەموو لایەک بەدەستیەوە ئەناڵێنێ.

٤. سستیی بزووتنەوەی پڕۆژەکان و دانەمەزراندنی پڕۆژەی کارسازی و کەمیی ئیشوکار، بەتاڵیی پەیداکردووە و چارەسەرکردنی ئەم بەتاڵییە و دامەزراندنی ئەو پڕۆژانە، مایەی خێر و خۆشیی میللەتن.

٥. باش کارکردنی مەئمووری دڵسۆز و دوورخستنەوەی مەئمووری خراپ و حەلکردنی گیروگرفتی جووتیار و خەڵقی زووبەزوویی، سوودی حکومەت و میللەتە.

---

* ڕۆژنامەی برِوا، ساڵی ٢، ژمارە ٤٥، ١٩٦١/٨/١٢، ل١.

٦. حسابکردن لەگەڵ هەموو سەرەکی دائیرەیەکی ئیشنەکەرا و لەگەڵ هەموو مەئموورێکی گەورە و پچووکا و زووبەزوویی، ئەبێتە هۆی ئیش‌ڕاپەڕاندن و نەهێشتنی تەذەمور و پێشکەوتنی پڕۆژەکان.

ئێمە بڕوامان وایە کە چارەسەرکردنی ئەم چەند پێویستییانە لە لایەن ئێوەوە، لەتوانادایە و ئەبنە هۆی ئاسوودەیی و ئارام و دڵنیایی و خێر و خۆشیی میللەت و چاوەڕوانی هیممەتتان ئەکەین.

ئاوێنەی بڕوا:

## بۆ دادە نەسرین فەخری لە باکۆ*

لە لاپەڕە ١٢ی ژمارە ٢٣ی گۆڤاری "هیوا"دا، شتێکتان نووسیوە بە ناوی "لە قوژبنێکی بەندیخانەوە"، پێشکەشە بە خاوەنی "بت- بتەوان" و هەموو تێکۆشەرانی جیهان.

هەر کەسێک ئەو نووسینە بخوێنێتەوە، وای بۆ دەرئەکەوێت کە خاوەنی "بت-بتەوان" کە کاکە عەبدوڵا گۆران بێ، ئێستا وا لە بەندیخانەدا و نینۆکی دوژمنی ڕەش چەقیوەتە جەرگی و لە چوار دیواری زیندانا ئێشکگرە و قەتار قەتار ئارەق و فرمێسک بە ناوچەوان و چاویا دێتە خوارەوە و دادە نەسرین زاتی ئەنێتە بەر کە ورەبەرنەدا و لە ڕێگەی کۆشش لانەدا.

وەک ئێمە بیزانین، ئەمە ڕاستنییە و گۆران کوردی ئەڵێتەوە لە کولییەی ئاداب لە بەغدا و نە گیراوە و نە ئێشکیشئەگرێ و وا هۆگریش کە کوڕەگەورەیەتی، خەریکی شاییی ژنهێنانە و پێویست بەم فرمێسکی تیمساحە ناکا و ئەم خەبەرە ڕاستە! وەک خەبەرە ڕاستەکانیترتان وایە و ئەنجامی هەڵبەستنی درۆودەلەسە و ناڕاستی، پەشیمانی و مایەپووچییە و بۆ ئەوە نەچوونە لای ڕووس کە ببن بە ڕووس و خۆزگە بیروباوەڕ و ژیانتان لەسەر درۆهەڵبەستن و ناڕاستی و نانەتەوەیی بینانەکردایە و خۆتان بە بێگانە نەفرۆشتایە و بیرتانبکردایەتەوە کە لە میللەتێکن و نیشتمانێکتان هەیە و ئەبێ هەوڵی بۆ بدەن، ئەگینا ئاووهەواکەیتان پێ حەرامە و پاشەڕۆژیش بۆ نەوەی نوێ نەتەوەیییە و بۆ بڕوای نەمری کوردایەتی کە نایەڵێ نانەتەوەیی تیایا بحەوێتەوە و بە برادەرەکانی ئەوێتان ڕابگەیێنن کە میللەتەکەمان باش تێتانئەگا و پێیئەگەنەوە.

مەخشەڵ

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"،ساڵی ٢، ژمارە ٤٥، ١٩٦١/٨/١٢، ل١.

له ناوجەرگەی کوردوستانەوە:

## هەندێ پێویستیی میللەت*

هەموو میللەتێکی سەر ڕووی زەوی، هەست بە بوونی خۆی ئەکا و ئەم بوونەی ڕێکئەخا و ئەیخاتە چوارچێوەی یاسایەکەوە، کە بە باشی ئەزانێ بۆ خۆی و -بێگومان- ئەبێ حکوومەتی ئەو میللەتە یان کاربەدەستەکانی هەرگیزاوهەرگیز لە پێویستییەکانی میللەتەکەی خۆیان لانەدەن و بۆیان جێبەجێبکەن و ژیانیان بۆ باشتر و پاشەڕۆژیان بۆ خۆشتر و پرشنگدارتر بکەن. بەرگریی داگیرکەر و ئیستیعمار و خۆلەشەڕلادان و وڵات پاراستن لە جەنگ و یارمەتیدانی میللەتان بۆ ئازادبوون، ئەبێ ڕژێمی هەندەرانی بێ و لە ناوخۆشا باشترکردنی ژیانی ئابووری و نەهێشتنی بەتاڵی و بێئیشی و پەرەدان بە خوێندەواری و لەشساغی و ئاوەدانکردنەو و دامەزراندنی کارگەی پیشەیی و کارسازیی گەورە و پێشخستنی کشتوکاڵ و دەستگرتنی بێدەست و ئاڕاستەکردنی نەفام و ماوەدان بە هەموو کەسێکی خزمەتگوزاری دڵسۆز بۆ خزمەتکردن و خۆڕێکخستن و داموودەزگا دامەزراندن و ئازادیی بیروباوەڕ و لەناوبردنی ناکۆکی و پاراستنی ئەمن و ئاسایش و متمانە و دڵنیایی و ئیستیقرار و سزادانی نالەبار و پیاوی بێگانە و ناڕاست و گێرەشێوێن و پشتگرتنی ئینسانی دڵسۆز و لێهاتوو و کارگوزار، پێویستی سەر شانی هەموو حکوومەتێکی دیموقراتیی ڕاستەقینەیە و ئەبێ بیکا و لێیلانەدا و بە دەنگ هەموو داواکاری و پێویستییەکی میللەتەوە بچێت و هەموو توانایەکی خۆی بەختبکات بۆ خێر و خۆشیی میللەت و هەتا لە توانایایەتی، ئەبێ هەموو گیروگرفتێک بە ڕێگایەکی پڕ دڵ و دەروون فراوانی و ئاسایشخوازانە چارەسەربکات و ڕاستترین ڕێگەش لە باری ئێستامانا، جێبەجێکردنی ئەم پێویستییانەیە کە لێیدوواین و بە داد و بە هەقپەرستی و نیازپاکی و دڵ و دەروون فراوانی و ئەنجام لێکدانەوە، هەموو ناکۆکییەک چارەسەرئەکرێ و هیوامان گرتنی ئەم ڕێیەیە و پشتگرتنی ڕاستی.

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"،ساڵی ٢، ژمارە ٤٦، ١٩٦١/٨/٢١، ل١.

لەناو جەرگەی کوردوستانەوە:

## دوێنێ وتیان بۆ ئەمڕۆ*

باووباپیرانی کوردی مەردمان، بەقەد ئەو ژیانە ساکارەی ئەو حەلەی خۆیان نەبوون و بیروباوەڕ و حیکمەتیان زۆر پێشکەوتووتر و بەمەعناتر بووە لەو سەردەمی ژیانە ساکارەیان و لە زۆربەی زۆری خوێندەوارەکانی ئەمڕۆمان زیرەکتر و جەسوورتر و بەئیدراکتر بوون. کە ئەهێنی شیعرێکی کۆن و تازە بەراوردئەکەیتەوە، یان قسەی نەستەق و چیرۆک و سەرگورشتەی ئەوان و خۆمان وردئەکەیتەوە، یان لە قسەکانیان ئەکۆڵیتەوە و بەکاریئەهێنی، لە کاتی پڕ لە مەخسەرە و ڕاوەڕێویی ئەمڕۆمانا، ئەو حەلە بەتەواوی بۆت دەرئەکەوێت تا چ ڕادەیەک لە دنیا و لە ئادەمیزاد و لە کارەساتەکانی ناو ژیان گەیشتبوون و چۆن بۆ هەموو ڕووداوێکی گەورە، چەند وشەیەکی کەمیان بۆ کردوویت بە ڕستێکی بەنرخنەکڕاو و ناومان لێناون قسەی پێشینیان!

ئەم قسەی پێشینیانە سامانێکی نەتەوەییی هەرەبەرزی ئەدەبی میللەتەکەمانە و زادەی پوختی بیروباوەڕی پڕ لە فەلسەفەی باووباپیرانمان. ئەوی لەسەر نەوەی نوێی نەتەوەیی پێویستە، شانازیکردنە بەم سامانەی خۆیەوە و بەکارهێنانیەتی لە جێی خۆیا و سوودلێوەرگرتن بە کردار. وتوویانە: "دار پوازی لە خۆی نەبێ، نابڕدرێتەوە!". دەبا ئەم بەڵایەی کە پوازە، چارەسەریکەین لە خۆمانا. وتوویانە: "مشتووی ناو هەمانەکە کوشتمی"، دەبا هەمانەکە پاکبکەینەوە لە مشتوو، یان هەر نەهێڵین بە هەمانەش لێمان بدرێت و ببڕێتەوە! وتوویانە : "ئەگەر بهێڵن ڕیشی صۆفی مەحموود بتاشرێت، ئەوا تا زووە ڕیشی خۆشتان بخووسێنن!". وتوویانە: "سەگی کونەماسییە و پاسی جرتاوا ئەکات". دە فەرموو چاوتان لە ڕێویی گەڕی ئەمڕۆ بێت، بۆ جرتاوا کەوتوونەتە چ هەلەکەسەمایەک!

---

* ڕۆژنامەی برِوا، ساڵی ٢، ژمارە ٤٧، ١٩٦١/٨/٢٨، ل١.

وتوویانە: "هەزار ساڵ بکەی بێگانەپەرستی، لە دواییدا ئەهێنی نوشوستی". دەبا نۆکەرانی بێگانە و داگیرکەر و ئیستیعمار، لەم دنیا گەورە و پانوپۆڕەدا، شەرم بیانگرێ و حەیا کۆبکەنەوە و پواز نەبن و لە مشتوویەتی بکەون و پاسی جڕتاوا نەکەن و درۆودەلەسە و تەڵەکەبازی نەکەن بە پیشە و بە ڕاست بڵێن ڕاست و بە چەوتیش چەوت و لەسەر هەزار پەت یاریەنەکەن و قیبلەیەکیان ببێ و خوا و ئایینێک و با میللەتەکە هەمووی یەکبێ و فاتەی سوورەبان شایی تێکنەدا و تەشیی ساختەکاری نەڕێسێ و خەڵقی جەسووری بەشەرەف ناوخراپنەکا و ئەگەر خۆشی چاکەی پێناکرێت، با خراپەشنەکا و ئەگەر نازانێ بەری مەردایەتی بە کوێوەیە و ڕێگای هەق کامەتا و چۆنە، چاوەڕوانی ئەنجام ببێ و "هەزار گوناهـ و یەک تۆبە" قسەی باووباپیرمانە و ئەگینا "سەگی هار چل شەوی عومرە" و جۆڵا لە سەردەریی خۆی هەڵگەڕێتەوە، کوێرئەبێ و مزمەعیل و ئێمە مەرگمان پێباشترە لەوەی کە ببین بە ئێوە و پاشەڕۆژیش هەر بۆ میللەتە.

## لە ڕۆژی شەشی ئەیلوولا*

نوێنەری تایبەتی برِوا لە بەیانیی زووەوە بەناو هەموو شارا گەڕا، هەتا کاتی خەوتنان و وای نووسی:

بە درێژاییی ٢٥ ساڵی ڕەبەق کتێبم خوێندەوە و گوێمگرت و تێکەڵاوبووم و زانیاریم کۆکردەوە و مێژووی هەموو میللەتانی ڕووی زەویم یەکاڵاکردەوە و داخم خوارد و حەسرەت هێنامی و بردمی، کە کەی بێت ئەوە ببینم لە میللەتەکەما کە لە میللەتانیترا هەیە: هەستی نەتەوەییی پتەو، یەکیەتی، هێمنی و گرەوبردنەوە بە ئیدراک و بێ باییبوون و بێگومانبن لە ڕۆژی شەشی ئەیلوولی ١٩٦١دا وتم: کەی بێ میللەتانی ڕووی زەوی فێری ئەم یەکیەتی و هەستی نەتەوەیی و هێمنییەی ئێمە ببن و باییەنەبن و ئە ئاوا ڕێکوپێکبن.

لە ئەقڵی چ بەشەرێکدایە منالی هەشتساڵەی هەژاریش گوڵەبەڕۆژە و پاکەتە جگەرە و ترۆزی نەفرۆشی و چش لە ژیان و لە گوزەران بکات؟! لە ئەقڵی چ نانەتەوەیییێکدا هەیە، ٥٥هەزار کەس لە ڕۆژێکی وادا یەکێکی لەویتر نەکەوێ، دەرِابەی یەکدووکان نەکرابێتەوە، عارەبانەیەک نەجوولێ، نەفەرێک نەڕوا و نەفەرێک نەیەت، لە هیچ ماڵێکا ڕادیۆ نەکرێتەوە؟!

خوای گەورە، وا لە خەم ڕەخسین و میللەتەکەم فێری ئیعجاز و موعجیزەش بوو، ئەمە سەرەتایە و خوا تاسەربێ.

---

* ڕۆژنامەی "برِوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٤٩، ١٩٦١/٩/٩، ل٢.

پارتی دیموکراتی کوردستان، بەهۆی گرژی و تێکچوونی پێوەندییەکانیەوە لەگەڵ حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم، داوای لە خەڵکی کوردستان کرد لە یادی سیویەکەمین ساڵەی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ی سلێمانیدا، مانبگرن بە سیاسەتەکانی ڕژێمی قاسم. ئەو ڕۆژە کەموزۆر هەموو شار و شارۆچکەکان مانگرتنی سەرتاسەرییان ڕاگەیاند (بڕوانە: لە بەڵگەنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٦٣، ئامادەکردنی سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، لە بڵاوکراوەکانی "کۆنفرانسی شەستساڵەی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١- زانکۆی دهۆک"، پرۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی، ٢٠٢١، ل٥٨٣-٦٦٧).

## وەزارەتی ئیسکانی دوێنێ و ئەمڕۆ*

وەزارەتی ئیسکانی دوێنێی کاک عەونی یووسف و ئەمڕۆی کاک حەسەن ڕەفعەت، وەزارەت هەر وەزارەتە و ناوی هەر وەزارەتی ئیسکانە و پارەی هەر هەبووە و هەیە و میللەت دوێنێش پێویستی بە پێکهێنانی پڕۆژەکانی هەبوو هەر وەکوو ئەمڕۆ. بەڵام هەتا دوێنێ بوو پاچێک لە زەوی نەئەدرا و پڕۆژەیەک پێکنەهات و ئەم میللەتە چاوی ڕووا و توانای نەما، بە تەمای پێکهێنانی ئەو پڕۆژانە بوو، بەڵام سەری نائومێدییان نایەوە. ئەزانی بۆچی؟ چونکە وەزیری دوێنێ ئەیویست وەزارەتی ئیسکان بگۆڕێت بە وەزارەتی ئیرشاد، ئیشوکاری هاتبووە سەر ئامۆژگاریی ئەم و ئەو، بێ ئەوەی سوودێکی لێوەرگیرێت. ئەگەر جارجار یەکێک ورەی بەربدایە و باسی خانوو و پڕۆژەی ئیسکانی بکردایە، وەزیری دوێنێ تەلەفۆنێکی ئەکرد بۆ وەزارەتێکیتر، ئەمە خوایە خانووی فەضڵەیان هەبێت، بە ئیعارە بیدەن بە وەزارەتی ئیسکان. جگە لەوەش، وەزیری دوێنێ نەئەپەرژا ئاوڕێکبداتەوە بۆ ئیشوکاری وەزارەتەکە و پڕۆژەکانی، چونکە دەوامی کردبوو بە دووبەشەوە: نیوەی بۆ تەلەفۆنکردن و نیوەکەیتریشی بۆ میوان ڕاییکردن. لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە، لەم ماوەیەدا لە وەزیری دوێنێی ئیسکانیان پرسیوە: لە کاتی وەزیریتا ئینجازاتت چی بوو؟ لە وەراما فەرموویەتی: "ئەی فلانم تەوظیفنەکرد". بە ڕاستی ئەمەیە ئینجازات!

ئەترسام وەزیری ئەمڕۆی ئیسکانیش هەر بەو ڕێوشوێنەدا بڕوات، چونکە ئاوەکە ڕژابوو. بەڵام بەتەواوی بە پێچەوانەی ئەمەوە بۆم دەرکەوت وەزیری ئەمڕۆ قسە و تەلەفۆن و ئامۆژگاری کەم ئەکات و ئیش زۆر. لە هەموو کون و قوژبنێکی عیراقدا، هەر پڕۆژەی ئیسکانە و پێکدێت. بە هەزارەها خانە تەواوبووە و میللەتی تیا دانیشتووە. لەم ماوە کەمەدا بێکاریی هەتا ڕادەیەک سووککردووە لەناو کرێکارانا. وەکوو زانیشم ئەم پڕۆژەیە بەردەوامە و لەبرەوایە. وتم با بچم بزانم وەزیری ئەمڕۆی ئیسکان شتێکی گۆڕیوە لەناو وەزارەتەکەشا! کە چوومە وەزارەت، بێدەنگییەکم هەستکرد، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵە خەڵقەکانی دەوری

---

* ڕۆژنامەی "برِوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٤٩، ١٩٦١/٩/٩، ل١، ٢.

وەزیری دوێنێم نەدی، چونکە ڕاییکرابوون. مووچەخۆرەکان وەکوو ئاگر ئێشیانئەکرد، چونکە وەزیری ئەمڕۆ وای ئەوێت. ئینجا وتم با چاوێکم بە سیادەتی وەزیری ئەمڕۆش بکەوێت، بەراوردێک بکەم لەگەڵ وەزیری دوێنێدا. کە چوومە ژوورەوە، ماوەیەک دانیشتم، دوو جار تەلەفۆنم نەدی بەدەستیەوە و ئیشوکار بێوەستاندن ڕائەپەڕێنێ و کاروباری موراجیعەکان ڕائەپەڕێنێ، بێ ئەوەی بە ئامۆژگاری بیبڕێتەوە وەکوو پێشووی. لە هەمووشێ بەرزتر لە لام ئەوەیە لە وەزیری ئەمڕۆ، چی لە توانایا بێت لە خزمەت، ئەیکات وە لە بەڵێندانیا ڕاستئەکا و پێکیئەهێنێت. منیش کە ئەمەم دی، بە دڵنیایی هاتمە دەرەوە و بۆم ڕوونبووەوە کە هەموو شتێک لەم وەزارەتە گۆڕاوە و بەرەو چاککردن ئەڕوات. چاشم نەخواردەوە و ملی ڕێگام گرت و ڕۆیشتم.

## لەبیرمبێ و لەبیرتچێ*

لە ڕۆژی شەشی ئەیلوولی ۱۹۳۰دا، لەم شاری سلەیمانی‌یەی کە ئێستا تەمەنی ۱۸۰ ساڵە و هەرگیز خۆشیی نەدیوە و بەشی هەر شەڕپێ‌فرۆشتن و ئاوەڕەشە و سەفەربەرلگ و لافاو و سووتاندن و بۆمباباران و گرانی و بەئاوات‌نەگەیشتوویی بووە؛ میللەت هەڵسا بە بۆنەی هەڵبژاردنی پارلەمان و پەیمانی ۱۹۳۰ی نێوانی ئینگلیز و عیراقەوە، داوای هەقی شەرعیی خۆی کرد وەک میللەتێک و لە بەردەرکی سەرادا هەندێک کوژرا و هەندێک بریندارکرا، لە پێناوی کوردایەتی‌دا و ناوی ئەو شەهیدانەشمان چوونە ناو لیستەی براکانی‌تریان کە بە درێژیی مێژوو هەر قوربانی بووە بەدوای قوربانی‌دا و هەرگیز لە بیرمان نەچوونەتەوە و

چەپکێ لە گوڵەکەی باخەکەی سەرا
کە بە خوێناوی میللەت ئاودرا
بیبەنە بەردەم عەرشی عیراقی
بڵێن: یار باقی، هەم صوحبەت باقی!!

لەم ماوەی ۳۱ ساڵەدا، ڕووی دنیا زۆر گۆڕا و ئێمەش وەک هەموو میللەتێکی‌تری زیندوو، کەوتینە خۆمان بۆ پێکهێنانی ئامانجی لەخوێناگەوزاومان، بەڵام قۆرتی‌ترمان هاتە بەر. جاران کە چەند جلخوارێک وە چەند لەپیاوچوویەکی کەم و ئاشکرای نۆکەری بێگانەمان تیابوو، هیچی وایان پێ‌نەئەکرا. ئەمجارە بار گۆڕا و ئەوان و ئەولادیان زۆربوون و ناوی ئینسانپەروەریان نا لە خۆیان و بە ناوی هەژارانەوە هاتنە ناو ناوان و هەوڵی سڕینەوەی مێژووی نەتەوەییی کوردیان دا بە هەموو توانایەکیانەوە، هەتا ئەو ڕادەیەی کە ئێمە هەر میللەتیش نین. ئەم پوازانە، ئەم مشتووی ناو هەمانانە، تێ‌کۆشان بۆ لەناوبردنی ئەوی هەمانە و نیمانە و ئەمە بەردەوامبوو هەتا ساڵی ۹۵۹، کە نەتەوەییە مەردەکان بەتەواوی بەرامبەریان وەستان لە بارێکی

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ۲، ژمارە ٤۹، ۱۹٦۱/۹/۹، ل۱.

زۆر نالەبارا و ئەوانیش جەوهەری تەنەکەیەتیی خۆیان دەرخست و ڕۆژ بە ڕۆژ دەفیان باشتر دڕا وە هاوار و نەعرەتەیان بوو بە نووکەنووک و نووزەنووز و لەم شەشی ئەیلوولەدا چاویان ئەبڵەقبوو، چونکە میللەت بە قەشەنگترین و هێمنترین شێوەی پیاوانە کە لە مێژووی هەموو سەرزەویدا ڕووینەداوە، یادی شەهیدانی کردەوە و پەیمانی تازەکردەوە و سەد شوکر خوای گەورە کە نەمردم پێش ئەم یەکێتییە و پێش ئەم باوەڕبەرزییە و پێش بینینی ئەم هەموو ئەقڵ و جەسارەتەی کە دیم لە میللەتەکەما و نەوەی نوێی نەتەوەیی نەڕاندیان و کوردستان دەنگیدایەوە: لەبیرمانن، با ئێوەش لەبیرتان چن و خۆتان و باوەڕی بێگانەتان بە قوڕە ڕەشا چن.

## بۆ قوتابیان و مامۆستایان*

ڕۆڵە خۆشەویستەکەنمان، کچ و کوڕە نازدارەکانمان، نەوەی نوێی ئەم نەتەوەیە، ئەوە بزانن کە ئێمەی باوک و دایک لە ڕێی پێگەیاندنی ئێوەدا ئەم ترش‌وتاڵیی ژیانی کولەمەرگییە ئەچێژین و ئەم هەموو کوێرەوەری و ڕیخۆڵەبەکێشییە ئەبینین. وا قوتابخانە کرایەوە و پێتان نایەساڵێکی تازە و خوێندن و ڕەوشت‌بەرزی و نیشتمانپەروەری و دڵسۆزیی ئاووهەواکەتان، دروشمی ژیانتان بێ و مەخشەڵی ڕزگاری دانانێین هەتا پێتان‌ئەگەیێنین و ئەوی لەسەر ڕێ ڕۆی، هەر ئەگاتە مەڵبەند و خوێندەواری بەردی بناغەیە و "بخوێنن، چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان ** هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە" و خوای گەورە سەریان‌خە و دەست بە باڵیان بگرە و ورە و زاتیان بەهێزکە و بیانپارێزە و نەزرە لەسەرمان هەرچییەکمان هەیە، هەتا ڕادەی گیان بەختی‌کەین بۆیان.

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ۲، ژمارە ٥٠، ۱۹٦۱/۹/۱٥، ل۱.

## لە نێوان ژیان و مردنا*

هەموو کەسێک هەر هەوڵی ژیان ئەدا و هەر لە ڕێی ژیانا تیَئەکۆشیَ و ئەجووڵیَ و ئەڵیَ و ئەکا و ئەخوا بە ڕاست و چەپا و لەسەر ئەم پەتەوە بۆ ئەو پەت و هەموو ناشیرینییەک و هەموو حەرامێک هەر بۆ ژیانە و کەواتە ژیان ئەبیَ مایەی بوون بیَ و ئامانج. کەچی داخەکەم کەم کەس لەم ژیانە گەیشتووە و کەمتریش هەیە کە ئەم ژیانە بە ڕێگا دائەنیَ و کەمێکی ئێجگار کەمیش لەناو هەموو میللەتێکا چش لە ژیان ئەکا و نایەویَ و وازی لیَئەهێنیَ، ئەگەر بە دڵی خۆی و لە ڕێی سوودی میللەتەکەیا نەبوو. دە هەرە ئازاترین و هەرە ڕاستترین و هەرە پیاوترینی ناو هەموو میللەتێک، ئا ئەو بەشەرانەن و میللەتان و هەموو دنیا بەوان پێشکەوتوون و بەوان سەرکەوتوون و هەزار ڕەحمەت بۆ کۆنەکان بە درێژاییی مێژوو، هەزار شکۆ و ژیان بۆ ئەوانەی ماون و بۆ ئەوانی وان لە پەردەی هات و نەهاتا.

ئەی منداڵەکانم، ئەی ژنەکەم، ئەی برا و خوشک و کەسوکار و دۆست و هاوڕێکانم، ئەی خانوو و بەرە و قەمەرە و لۆری و بازرگانی و دەستکەوتەکەم، ئەی من بمرم و دوژمنەکانم پێم خۆشبن؟ ئەم من بیکەم و خەڵقی بیخوا؟ نەء، هەرگیز ئەمە کاری کردن نییە و خوا پارووییەک نانی داوە و ئەیخۆم و ئەژیم. دە بیَگومانبن، هەتا زۆربەی زۆر لەم بابەتە بیَ و ئەمە بیرکردنەوەی بیَ و وا لە ژیان گەیشتبیَ کە خواردن و نوستنە و لە مابەینی خواردن و نوستنا، هەرچییەکی تووش دیَ و هەرچییەکی پیَئەکریَ و لیَئەکریَ، قەیناکا و سەد شوکور خوا، چونکە ئەژیم! هەرگیز ژیانی ڕاستەقینەی تەواو بە چاوی خۆمان نابینین و ئەبیَ هەموو کەسێک بزانیَ کە تاقە ڕاستییەکی ئەزەلی هەیە لە دنیادا، ئەویش مردنە و هیچ کەسێک نامێنیَ نەمریَ و کەسیش هیچ لەگەڵ خۆیا ناباتە گڵەوە و کامەرانیی ژیانی ڕاستەقینەی پیاوی مەردیش، ئەو کاتەیەتی کە لە ڕێی چاکترکردن و جوانترکردن و پێشترخستنی میللەتا تیَئەکۆشی و بەرزترین جۆری مردن خۆ بۆ خەڵقی بەختکردنە و لە کاتی سەرەمەرگیشا

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٥١، ١٩٦١/٩/٢٢، ل١، ٢.

نەفرین‌بێ لە ترسنۆک، لە بێ‌بار، لە ورەبەرداو، لە ناهەقی، لە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە، نەفرین‌بێ لە هەموو پیسییەکی ناو زەوی، لە هەموو کردارێکی دڕندانەی ناشیرین، لە هەموو درۆزنەکان. نەفرینهبێ لە بەرەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و نەفرینهبێ لەوانەی ژیانی ڕاستەقینە ناکڕن بە مردنی پیاوانە و هەر شتە بە نرخی خۆی و هیچ ناپاکێکیش ناتوانێ هەتاسەر هەر خەڵقی بخەڵەتێنێ و وای لە ڕۆژی مەحشەر و حساب و سزاش بە پێی پیاوانە!

## گۆرانییەک ئەڵێم*

باوکی ڕووناک

### بەشی یەکەم

دڵ بە داخ، جۆشاوە تا ناخ. کانیی سەبر تەقیوە و ئارام فڕیوە و پەرەوازە و پیاوەتی بێنازە و ناڕاستییە مۆدەی تازە و لێوبەبار. ڕووم‌کردۆتە مەزار، هەر داخە و جەخار، بە خەربار لە وێنەی فرمێسکا دێتەدەر، ئەیگرم قەتیس، نایەڵم بڕژێتە خوار. بێکەسم، بێپەنا، بێدەنگ، بە سۆزی سەدڕەنگ لە ماڵا، لە کۆڵانا، لە کاولەکەم شین و ڕۆڕۆیە، خوشکی خێرنەدیو، کاکە براکەم، پشت و پەناکەم، بۆ خۆمە، بۆ تۆیە، قژڕنینەوە و سنگ‌کوتانە، شاخاو هێنانە و گریانە، پایزە و گەڵاڕێزانە، دەنگی مەرگی ئازیزانە و ئەڵێن: ڕووناکی میوانە و لەناو خوانی مار و مێرووانە!

بەڵام یاری شیرین و ئامانجی دێرین، نە گۆڕهەڵکەن ئەوێرێ دەستت بۆ درێژبکا و نە قەبریش زات‌ئەکات بتگرێتە خۆی! تۆ لەوە پاکتریت ئەو بتوانێ بەو دەستە پیسە بەخوێن‌سووربووانەی بتنێژێ و قەبریش زات‌ناکا بتگرێتە خۆی و دەمێکە لە تاریکیم گەیاندووە کە ڕووناکی من لەگەڵ ئەوا ناژی و کرم و مێرووی چەپەڵی غەڕای چەشە لەوە ترسنۆکترن کە بوێرن دەم لەو بیرە درەوشاوە کۆگای نوورە گرتی‌بەردەرە نزیک‌بخەنەوە.

پێکەنینم بە گۆڕهەڵکەن و مار و مێروو دێ و ڕووناکی من هەرگیز نامرێ و ئەبێ بە داخەوە سەربنێنەوە و ببن بە خۆڵ! با شەو تا بەیان خەو بە مردن و ناشتن و خواردنی ڕووناکی منەوە ببینن و با بە خەیاڵ گڵ لەسەر ئەو مەزارە درۆیە باربکەن، هەتا ئەیگەیێننە ئەستێرەکان. با ئەوەندە گۆڕ قووڵ و تاریک بکەن، هەتا خۆشیان بە شەوارە ئەکەون و ڕێگەی هاتنە دەرەوەیان لێ گومئەبێ و ڕووناکی هەر ڕووناکییە و منیش هەر من و با شەقبەرێ دوژمن و شەو چەند

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٥١، ١٩٦١/٩/٢٢، ل١؛ ژمارە ٥٢، ١٩٦١/٩/٣٠، ل١، ٤.

تاریکتربێ، ڕووناکی هەزار ئەوەندە عەزیزتر و فەرهاد بێستوونی کونکرد و ڕۆژ تا ئێوارێ خزم و کەسە ترسنۆکەکانم، دۆستە دوژمنەکانم، بگرین و قوڕ بپێون، ئینجا تاقە فرمێسکێکم زاتناکا سەربکا و من تاقە گۆرانییەک ئەڵێم و عەودالی تۆم و ناوت ئەخەمە سەر هەموو زمانێک، نەمرتئەکەم لە هەموو زەمانێکا و دڵنیام لە ئەنجام و خوا فەرموویەتی: "تجمع العظام وهي رميم" (صدق الله العظيم).

## بەشی دووەم

شەوێکی تاریکی دەیجوور، بە ئاستەم تیشکێک دێ لە دوور، ئەشوبهێتە سێبەری نوور، لەناو دنیای کش و مات، گورگێک لەپڕ لوورەی هات، تومەز خەوی بە پڵنگەوە دیوە، بۆیە وا ئێجگار تۆقیوە.

ئەستێرەی ڕووهەڵماڵراوی بێشەرم، دڵداری لەگەڵ زەویی سووتاوا ئەکات، وەکوو دەستی نەبووبێ لەو تاوانەدا! لە پانایی هەموو بستە زەوییەکدا، هەتا دەم ئاسۆ و هەتا ئەو ئاستەی چاو بڕبکا، لە ڕۆژێکی زۆر ڕووناک و پاکا، کوڵوکۆی دامردووی هەموو شتێکی سەر زەوییە و وەک مەردان شانی لێداداوە و کەچی ئەستێرە هەر ئەجریوێنێ و گورگەش هەر ئەلووڕێنێ! لەناو تاقە کۆختەیەکی ڕەشا، منالێکی باوکسووتاو لە بێشکەیەکی تەختەدا پاڵخراوە و بە دەسرازەی بەن شەتەکدراوە و خەو ناچێتە چاوی و داوای ژیان و مان ئاکا، بۆیە ئەگری و لە گریان زیاتر هیچیتری پێناکرێ و هیچیتر نازانێ! دەسرازەی بەن لەشی ئەبڕێ و برسێتی پێچ بە سکیا ئەهێنێ و بێدەنگیی دنیا قینی هەڵئەسێنێ و گورگە هەر ئەلووڕێنێ و تێرنەبووە و چاوچنۆکە و ئەیەوێ گیاندار نەمێنێ! منالەکە بێدەنگبوو، تومەز دایکی سەرمابردەی برسیی دڵ پڕلەداخی کەسوکار نەماوی، مەمکە چەقەکانی خستە دەم و بەسەر بێشکەکەوە گیانی سپارد و گورگە هەر ئەلووڕێنێ و شەوە و پاییز. گەلاوێژ تریفەتریفیەتی و سەرما لە ئێسقان و مۆخ کارئەکا و ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵیکرد و کۆلیتی بەحاڵ وەستاوی ڕەشهەڵگەڕاوی نیرگەشکاوی ڕووخان و منالە مایەوە بێدەرەتان و گورگە هەر ئەلووڕێنێ! شەبەقی بەیان دەرکەوت لە دوور، ئەشوبهێتە ئاگرێکی سوور، گۆرانی بۆ شەبەق بڵێم، یان بگریم بۆ مردوو؟! شەرتە هەتا ماوم هەر گۆرانی بڵێم و نەگریم. لەپڕ تەقە و

نووزە و شڵپەیەکم هاتە گوێ. کە ڕووومکردە جێی دەنگ، گورگە کەوتبوو وەک سەنگ، نە نووزە و نە دەنگ، تەپڵی سەری سمرابوو، مەردێ بەدیار ئەو منداڵەوە بە چاو بە لاکەی ئەوت و بە دەست دەسرازەی ئەکردەوە: ئەو دەمە پیسە نابێ نزیکبکەوێتەوە لە کۆرپەی جێیهیوا و ڕوویکردە من: نەکەی ئەژنۆت بە لەرزین، چاوت بە فرمێسک، دڵت بە ترس، زراوت بە تۆقین، ڕابهێنی و هەتا ماوی گۆرانی بۆ شەبەق و ژیان بڵێ! گۆرانییەک ئاو بێ بۆ تینوو، تێشوو بێ بۆ کاروان، بەرگ بێ بۆ لەش، هێز بێ بۆ بێهێز، ئازایی بێ و مەردایەتی و وەرە لەگەڵما، قۆڵبکە بە قۆڵما و بە هەڵەکانمانا بچینەوە و ناو خۆمان پاکبکەینەوە و ساغبکەینەوە. نە ئەم دنیایە وا زوو ئەبڕێتەوە و نە میللەتانیش دواییاندێت و هەموو خراپە و چاکەیەکی ناو ئەم ژیانەش هەر دەرئەکەوێ و ڕووی ڕۆژیش بە بێژنگ ناگیرێ.

## لە ویژدانت بپرسە*

ئێمە، من و تۆ و ئەو و ئەوان و هەموو کەسێک کە پێی‌وترا ئینسان، با نائینسانیش بێ و ناوبەناو ناوی ویژدان ئەبەین و ئەڵێین: ویژدانمان قبووڵ‌ناکا، ویژدانم ناهێڵێ، ویژدانم ئازارم‌ئەدا، بێ‌ویژدانی‌ناکەم!

تۆ بڵێی ئەم خەڵقە هەموو ڕاستبکەن لەم ناوی ویژدان بردنەدا؟ تۆ بڵێی ویژدانی هەندێک وەکوو لاستیک، وەکوو نایلۆن نەبێ و بە کشان، بە تەنکی، بە گرمۆڵەکردن، بە ئازاردان و درۆکردن و ناپاکی و بێ‌باری، ڕانەهێنرابێ و نەتاسێنرابێ؟ تۆ بڵێی ویژدانی ئەم خەڵقە هەمووی، وەکوویەک وابێ، یان هەموو هەر ویژدانی هەبێ؟ بێ‌گومان نەء، چونکە ئەگەر هەموو خەڵقی خاوەن‌ویژدان بوونایە، دنیا ئەبوو بە بەهەشت و بەشەریش ئەبوو بە مەلائیکەت و کەس لە کەس نەئەکەوت و کەس هەقی کەسی نەئەخوارد و کەس کەسی نەئەکوشت و کەس ڕەوشتنزمی و درۆودەلەسەی نەئەکردە پیشە و ڕۆژی ئەم خەڵقە و باری ئەم دنیایە بەم ڕۆژە نەئەگەیشت و وای لێ‌نەئەهات؛ چونکە خەڵقی بەپێی ویژدان، بەپێی هێزی چاکە و ڕاستی و خێرخوایی ئەجووڵانەوە، کابرایەک نەئەبوو بە مەقاشی بێگانە و یەکێکی‌تر نەئەبوو بە پواز و ئەوی‌تر نەئەبوو بە دز و ئەمیش نەئەبوو بە دیکتاتۆر و درۆزن و پیاوکوژ! بەڵام با لێرەدا ڕاوەستین و بێ‌هیوانەبین و بڕوامان پتەو بێ و لە مێژوو بپرسین و بە ڕابوردووا بچینەوە و بڵێین: ئایا ئەوانەی بێ‌ویژدانن و لە مێژووی دوور و نزیکا ناویان لە لاپەڕەی ڕەشا نووسراوە، جێگای شانازی و شکۆ و گەورەیین، یان جێگای لەعنەت و نەفرین و قین؟! ئایا پاشەڕۆژ بۆ بایی و کەڵەگا و درۆزن و پیاوکوژ و وێرانکەرە، یان بۆ خاوەن‌ویژدانە پیاوە ڕاستە تێگەیشتووە ئاوەدانکەرەوە قارەمانەکان؟!

بێ‌گومان‌بن کە بێ‌ویژدان و ویژدان‌لاستیکی و ویژدان‌تاسێنراو و ویژدان‌مرێنراو، نە خوا ئەپەرستێ و نە هەق و نە داد و نە ئینسانییەت و پەڵەیەکی چڵکنە بە بەرگی بەشەرییەتەوە و بە تۆزێ تاید یان سابوون و ئاوی گەرم لەسەر تاتەشۆرێک لائەچێ و خەڵقە با هەر کارێک ئەکەین، جارێ لە

* ڕۆژنامەی "بڕوا"،ساڵی ٢، ژمارە ٥٣، ١٩٦١/١٠/٨، ل١، ٢.

ویژدانمان بپرسین و ئەگەر ڕێی‌داین، ئەوسا بیکەین، چونکە ئەنجامی بێ‌ویژدانی سەرەنویێلکی مێژووە و نەفرین و تۆڵە و قین و پیاوچاکان و قارەمانان و بەویژدان لە ناخی دڵمانا ئەژین!

بۆشە مێشکی بایی، پووچە، وێرانکاری و غەڕایی، حەوت گەز کفنە و سێ‌چوار گەز زەمین. خوا فەرموویەتی بە ئایەتی یەقین: "انک لن تخرق الأرض ولن تبلغ الجبال طولا"، (صدق الله العظيم). خوایە وا ئێمە وتمان و تۆش بە ڕەحمەتی خۆت، یان چاکیانکە، یان چاک‌چاکیانکە و بەتەواوی بیانخەرە ڕوو، تا نەیانمێنێ ئابڕوو، ئەو تۆزقاڵەی کە مابوویان و هەر کەسە و وتار و کرداری خۆی و حسابی ویژدان سەختە و حسابی میللەت و حسابی خوا سەختتر!

له هەر ئاوازە سۆزێک:

## نەخۆشیی ترس*

ئێمە خۆمان (ترس) دروستئەکەین و گەورەیئەکەین و ڕێوشوێنی بۆ ئەدۆزینەوە و مەترسیی گەورەترئەکەین. دەبا جارێک بەرەنگاری مەترسی ببین و بیکەین بە دووسێ جار و بێگومانبن ئەو حەلە خۆمان ئازادئەکەین لەو بەندیخانەیەی ئەقڵ و گیان و ویژدانی خۆمانمان تیا بەندکردووە.

ئەگەر ترس نەخۆشی بێ، ئازایی پەتایەکی تەشەنەکەرە. تاقە پیاوێکی ئازا ئەتوانێ ترس لە دڵی ملیۆنەها خەڵقی دەربێنێ. لە گەلێک جەنگا، ئازایەتی لە سنگی ئەفسەرێکی پچووکەوە کارئەکاتە سەر هەزاران سەرباز و ئەیانکا بە قارەمان. ئازایەتیی ئافرەتێکی وەک ژان دارک، متمانە و بڕوا و باوەڕی بە هەزاران کەسی ترساو پەیداکردووە و یەکیگرتەوە بە میللەتێکی بەشکراو. بسمارک و گاریباڵدی، ئەڵمانی پارچەپارچەکراو و ئیتاڵیای لەتکراویان یەک پێگرتەوە و ئەم میللەتە پێویستی بە ئازایە و ئازاکوژ مەبن و ترسکوژ بن و دەهەزار ترسنۆک بە خوڵامی ئازایەک بێ.

دوکتۆرێک ئەتوانێ ملیۆنێک نەخۆش چاکبکاتەوە و دوورنییە وێنەی ئەم دوکتۆرە لە هەموو شوێنێکدا هەڵبواسرێ، بەڵام لە تاقە یەک قەبرا ئەنێژرێ.

* ڕۆژنامەی "بڕوا"،ساڵی ٢، ژمارە ٥٤، ١٩٦١/١٠/١٤، ل٣.

# چەرخی توڕلی*

توڕلی، جۆرە چێشتێک دروستئەکرێت لە زۆر جۆری سەوزە، وەکوو لۆبیا و بامیە و باینجان و فاصۆلیا و تەماتە و کوولەکە و هەموویان بەسەریەکا ئەجنن و لەناو مەنجەڵێکا لێیئەنێن و ناویاننـاوە "توڕلی".

لە کۆنیشا چێشتێک هەبوو کە هەتا ئێستا لە لادێکانا ماوە، پێیئەڵێن "حەوتترینیلیێ"! واتە حەوت جۆرە بابەت، نۆک و ماش و ساوەر و نازانم چییتریشیان کردووە بە ملی یەکا و ئەم ناوەیان لێناوە. با بڵێین ئەو چێشتەی ڕابوردوو لە ساکاریی ژیانەوە بووە و هەر دانەوێڵەیەکیان مابێتەوە، کردوویانە بەسەریەکا و با بڵێین توڕلییەکەش لەبەر ڤیتاميناتە و چێشتە و ئەخورێ و کەس زیانی لێناکەوێ و شتی تازەبابەتە و داهاتووە و هەتا بمێنین شتی تازەتریش ئەبینین. بەڵام ئەم توڕلییە یان حەوتترینیلێی تازەیە، هەر بە خواردنەوە نەوەستاوە، بەڵکوو سیرایەتیکردووە وەکوو پەتایەکی ئەم چەرخە بۆ هەموو کاروباری ژیان. یان بە قسەیەکی ڕاستتر، نەفسییەتی خەڵقی شێواوە و هەست و هۆش و بیرکردنەوە لەسەر یەک نەسەقی ڕێکوپێک ناڕوات، چونکە ئارام و ئۆقرە و متمانە و دڵنیایی و ڕاستی و گەلێک شتی باشتر خەریکن نامێنن و بەم جۆرە "خوم شێواوە" و مێشک و کانگای هەستیش شێواوتر و لەبەرئەوە جۆری قسە و کردار و ڕەفتار و بیرکردنەوەمان بەوپێیە تێکەڵاوە!

جاران هونەر لە تەناسوقا بوو، ئێستا هونەر لە شێواویدایە. تەماشائەکەی لەجیاتیی ئەوەی یەکجۆر بۆیە و یەکجۆر کەرەسە و بابەت لە خانوویەکدا بێت، بۆ ئەوەی موتەناسیق بێت، ئێستا هەر دیوارە ڕەنگێک و هەر کورسییە شکڵێک و هەر گڵۆپە ڕەنگێک و هەر پەردەیە بابەتێک، وێنەی سیریالیزمی! جلوبەرگی سەیر لەبەرکردن. هەر بەوپێیە بچۆرە ناو بازاڕ و ئەبینی دووکاندارەکە کتێبیش ئەفرۆشێ و وشکە و سەوزە و قوماشیش!

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٢، ژمارە ٥٨، ١٩٦١/١١/٧، ل١.

یەکێکی‌تر فڕی بەسەر ئەدەبەوە نییە، کەچی نەک تەنیا لە ئەدەبا، بەڵکوو لە هەموو مەیانێکا تاوئەدا و لە هەموو بابەتێک ئەدوێ و ئەچی بەلای هەموو شتێکەوە، ئەو شتە نەبێ کە تۆزێکی لێ‌ئەزانێ! بە شێوەیەکی تێکڕایی، گۆمەکە خراپ شڵەقاوە و خومەکە زۆر سەیر شێواوە و شوکور هەر ئێمەش وانین، هەموو دنیا هەر بەو جۆرەیە و هەرچی بابەتی ناموتەجانیس و ناموتەناسیقە، بەسەریەکا هەڵڕێژراوە و هەموو شتێک حەوتترینیلێ‌یە و سێ‌جڕتەکی و چەرخیش چەرخی توڕلی و ڕەحمەت لە حەمدیی نەمر کە وتی:

زۆر کەڕەت ئەموت: چ بێ‌عەقڵە کەریمی تازەمین
ئەسپ و کەر، گاجووت و ئێستر، پێکەوە ئەیکا قەتار
نەمئەزانی وا لە خاطریا زەمان، ڕۆژێ ئەبێ
کیسەڵ و قرژانگ و قۆڕی، پێکەوە بگرێتە بار!
کە گوڵ نەبووی، دڕکیش مەبە.

## ئاهەنگی کردنەوەی
## پڕۆژەی بەستی دەربەندیخان*

لە ڕۆژی ١٩٦١/١١/٢٣ ئاهەنگێکی گەورە کرا لە دەربەندیخان، لەژێر چاودێریی سیادەتی سەرەکوەزیران و سەرکردەی بەرزی سوپا عەبدولکەریم قاسم، بە فڕۆکەیەکی تایبەتی لە بەغداوە گەیشتە فڕۆکەخانەی شیرکەت و لەپاش کەمێک حەسانەوە، بە ئوتوموبیل ڕووی‌کردە جێگای ئاهەنگەکە لەسەر بەستی پڕۆژەکە و لە لایەن قوتابیانی کەشافە و سەرباز و میوانەکان و دانیشتووانی دەربەندیخان و دەوروپشتەکەیەوە پێشوازییەکی گەرم کرا و چەپڵەی بۆ لێدرا، هەتا چووە ژێر ئەو چادرەی بۆی تەرخان‌کرابوو. ئینجا سەلامی جمهووری لێدرا لە لایەن تیپی مۆسیقای فیرقەی سێیەمەوە. دوای ئەوە سیادەتی مودیری گشتیی ڕێ وە سیادەتی موتەصەڕیفی سلەیمانی وتاریان دا و لە لایەن سیادەتی موتەصەڕیفەوە دیارییەک بە ناوی لیوای سلەیمانی‌یەوە پێشکەش بە سیادەتیان کرا.

دوای ئەمە لە لایەن سیادەتی قاضیی سلەیمانی‌یەوە وتارێک و دوابەدوای ئەم، سیادەتی زەعیم عەبدولکەریم قاسم وتارێکی زۆر بەنرخی جوانی دەستپێ‌کرد بە "سەلامتان لێبێ برا کوردە مەردەکانم، دانیشتووانی شیمال." وە هەروەها لە وتارە بەنرخەکەیا وتی کە هاتووم بۆ ئێرە تاوەکوو هەندێ چەوتی ڕاستبکەمەوە و دەرێبخەم کە میللەتی کورد زۆر بەوەفا و خزمەتگوزار و ڕاستە بەرامبەر بە کۆماری عیراق وە تاقە یەک دوژمنمان هەیە، ئەویش ئیستیعمارە و پێویستە لە ناوخۆدا یەک بین و ئەوی جیاوازی‌بکا، سزای‌ئەدەین و فەرقی بەینی عەرەب و کورد و تیرەکانی‌تر نییە و هەموو وەکوویەکن و ئەم کۆمارە هیی کورد و عەرەب و هەموو هاونیشتمانییەکە و بەم زووانە کوێت ڕزگارئەکەین و مەسەلەی نەوت چارەسەرئەکەین و دەستووری هەمیشەیی دائەنێین و ئەنجومەنی نیشتمانی پێکدێنین. وە هەروەها سیادەتیان هەموو ئەو جووتیار و هەژارانەی عەفووکرد کە لە بزووتنەوەی ئەم دواییەدا

* ڕۆژنامەی "برِوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٦٠، ١٩٦١/١١/٢٩، ل١، ٣.

بەشداربوون. وە وتی کە حسابیش لەگەڵ سەرکردەکانیانا ئەکەین، بەڵام جۆرە حسابێک کە وەکوو لێخۆشبوون وابێت. هەموو وتارەکەی سیادەتی زەعیم بە چەپڵەڕێزان دوایی پێهێنرا و هەموو عەشامەکە بەم وتارە گەشانەوە و مەسەلەی عەفوو و برایەتی و کۆماری عەرەب و کورد، دڵی هەموو کەسێکی خۆشکرد و تاوێکی ئێجگار گەورەی کردە سەر ڕەزامەندیی ڕای گشتی. وە لە دواییدا تەوقەی لەگەڵ کۆرسی گۆرانی و تیپی مۆسیقای مەولەوی و کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی سلەیمانی کرد و ئینجا بەرەو یانەی دەربەندیخان. لە پاش نانخواردن، سیادەتیان بە فڕۆکە گەڕانەوە بۆ بەغدا، پاش ئەوەی کە بەڵێنیان دا لەپاش ماوەیەکیتر بێنەوە بۆ سلەیمانی.

## پاداش وا ئەبێ؟![*]

ڕەفیق محەمەد خنکاو

زۆربەی زۆری دانیشتووانی شاری شوێنی سلەیمانی و بەگشتی خەڵکی کوردستان، زۆر باش مامۆستا نەجمەدینمەلا ئەناسن! وە ئەشزانن کە تا چا ڕادەیەک هەوڵیداوە و تاڵیوسوێریی چێشتووە لە پێناوی بووژاندنەوەی ئەدەبی کوردیدا و گەلێک شاعیرانی کۆنی هێناوینەتەوە یاد و سەرگوزشتەی ژیان و هەڵبەستە بەنرخەکانی لە ڕۆژنامەکانا و بە تایبەتی لە ژیندا تۆمارکردووە و پارستوونی لە لەناوچوون و گومبوون. جگە لەوەی کە هەتا توانای مابوو، لاپەڕەیەکی "ژین"ی بە چیرۆکی پڕ پەند و کەڵکی ئەڕازاندەوە و بۆ زاخاوی مێشکیش، گەلێک مەتەڵی بەکەڵکی ئەنووسی. ئەمە هەمووی ئاشکرایە و پێویستناکا بە شانوباهۆیدا بڵێین.

بەڵام ئەوەی جێی داخە و پشکۆی خەفەت ئەچزێنێ بە دڵا، ئەوەیە کە هەندێ کەس نەیانناسیوە، یان چاوی هەست و هۆشی هەندێ تێگەیشتووی لە عاستا نووقاوە!!

لەم شەوانەدا ئەچوومەوە بۆماڵەوە. کە گەیشتمە ڕاستی لانەکەی مامۆستا (کەشتیی نووح)، کە شوێنی قەڵاچۆی نەزانین و نەخوێندەوارییە، ئەبینم هەندێ قوتابیی قوتابخانەی شەو، کە بە زەبەلاحییەکەیانا لە قوتابیی پێنج و شەش ئەچوون، گاڵتەیان بە مامۆستا ئەکرد و بەردیان ئەگرتە دەرگای ژوورەکەی!!

جا تووخوا خەڵکینە پاداش وا ئەبێ؟ ئەمەیە خزمەتی ئەدیبان و شاعیران و ڕۆشنفیکران؟! ئەمەیە نیشتمانپەروەری؟! یا ئەمە کڵۆڵی و نەگبەتیی نەتەوەی دواکەوتووی نوستووە؟ داوامان ئەوەیە لە مامۆستایان کە تەمێی ئەو جۆرە قوتابیانە بکەن و هیوامان وایە تێگەیشتووان و دڵسۆزان دەستی یارمەتی بۆ مامۆستا درێژبکەن.

---

[*] ڕۆژنامەی "برِوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٦٦، ١٩٦١/١١/٢٩، ل١.

له ناوجەرگەی کوردوستانەوە:

## نەورۆز جەژنە و پیرۆز*

مەخشەڵ

نەورۆز ڕۆژی یەکەمی ساڵی تازەی کوردییە، کەوا تەمەنی گەیشتە ٢٥٧٤ ساڵ. دوو قەڕن و نیو شتێک بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی کە باووباپیرانمان ئاگریان دۆزییەوە و ساڵیان ناونا و خۆیان لە سەرما و بەستەڵەکی ناهەمواری کردگار ڕزگارکرد. بە واتەیتریش، لەم ٢١ی مارتەدا کاوەی قارەمان کە سەرکردەیەکی مەرد بوو، زوحاک و ئەژدەهاکی کوشت و تەختوتاراجی زوڵم و زۆری لەناوبرد و مێشکی منالی مەعسوومی بێگوناهی پاراست لە دەمی تێرنەخۆری مار کە بڕانەوەی زستان و هاتنی بەهاری قەشەنگی پڕ لە خێر و بەرەکەتیشی هاتەپاڵ. ئەوا جێژنەکە نەک هەر جێژن بێ، بەڵکوو شای جێژنانە و زیاتریش. بۆیە بڕواشە، چونکە جێژنی عاطیفە بەردەوامنییە و زۆر نامێنێ! پیرۆزیشە، چونکە مایەی ڕزگاربوو و سەرفرازی بووە. لەسەر ئەم تێبینییە، جێژنی نەورۆژ پیرۆزبێ لە هەموو کوردێکی مەردی ناو هەموو گۆشەیەکی کوردستانی گەورە و لە هەموو موسوڵمانێکی برای ئایینی مەرد، کە پشتگیرمانە لە تەنگانەدا و دۆستمانە لە کاتی خۆشی و گەردنئازادییا.

ئێمە هیوامان وایە جێژنی نەورۆز ببێتە بەردی بناغەی کوردایەتی و یەکێتی و یەکباوەڕی و هەموو یەکدڵ و یەکگیان و یەکئامانج بەرەو یەکسانی و سەرفرازی و ژیانێکی مەردانی تەواو لە هەموو گۆشەیەکی کوردستانا بژین و خزمەتی شارستانیەتی و داد و ڕاستی بکەین و لەگەڵ قافڵەی پێشکەوتووی میللەتانا شانبەشان زەنگمان بلەرێتەوە و دەنگمان زولاڵ و ڕزقورۆزیمان بە داگیرکەر حەرام و بە خۆمان حەلاڵ و زمانی مار و ئیستیعمار لاڵ و مێشکپژاندن پیشەی دڕندە و نامەرد و جەردە و دوژمی شارستانیەتی و

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٧٢، ١٩٦١/١١/٢٩، ل١.

میللەتان و زانست و پێشکەوتن و داد و شەرەفە. مێشک کانگای بیرکردنەوەیە و داهێنان لە ڕێی پێشخستنی شارستانیەتی‌دا بەتێکڕایی و نابێ دەستی بۆ ببرێ و مەعافە پانکردنەوەی سەری تێرنەخۆر و چاوچنۆک و داگیرکەر و مار و ئیستیعمار و بژی ئەو میللەتەی پاک بوو، بە درێژیی مێژوو زیانی نەبوو.

## ڕیای ناو کۆمەڵەکەمان*

هەرچی گەورەپیاوانی ئەم دنیایە هەیە، لە خۆناسینەوە چوون بۆ خەڵقناسین و بۆیە گەورەبوون، چونکە لە پێشەوە کەموکووڕییان لە خۆیانا نەهێشتووە و ئینجا داوایان لە کۆمەڵەکەیان کردووە بۆ خۆڕاستکردنەوە و بەبێ ئەم خۆناسین و خەڵقناسینە و بەبێ چارەسەرکردنی ئەم کەموکووڕییانەی ناو کۆمەڵ، هەرگیز میللەتان بەرزنابنەوە و سەرناکەون و دەردی ناو خۆیان ئەیانخواتەوە و هەمیشە نەخۆش و نەگبەت! دە ئینجا ئەی خوێندەوارەکە، وەرە لەگەڵما با بڕۆین بۆ ناو خەڵقەکە و بەڵام با هەردووکیشمان خۆمانمان لەبیرنەچێتەوە وەکوو هەین. چاوت لەو هاووڵاتییەیە چۆن مەرایی بۆ ئەو کابرایە ئەکات، هەرگیز خۆشی‌نەویستووە و هەمیشە قسەی پێ‌وتووە و باسی کەموکووڕییەکانیی کردووە، کەچی چونکە ئێستا ئیشی پێیەتی، چ ماستاوێکی لە بەردەما ئەکا و چ زەردەخەنە و سەرڕاوەشاندنێک بۆ هەموو وشەیەکی ڕاست و درۆی!

ئەمە یەک و با تۆزێکی‌تر بڕۆین و تەماشای ئەوماڵە بکەین، دەعوەتە! بێ‌گومان‌بە ئەوانەی لە ژوورەوەن و هەموو لوتف لەگەڵ یەکتری‌دا بەکارئەهێنن، دووانیان لەگەڵ یەکا ڕاست‌ناکەن و هەر لە هەمان کاتی خواردنەوە و خواردنا، بە دزییەوە دووان و سیان تەنوور بۆ یەکتر دائەخەن و بۆ خاوەن‌دەعوەتەکەش و کەچی بە ڕواڵەتیش ئە ئاوا بەدەم پێکەنینەوە ئەتریقێنەوە!

ئەم ڕیایە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر خۆی دائەسەپێنێ، لەناو کۆمەڵەکەمانا ڕەگی هەیە و بنجەکەی وا لە هەموو یەکێکمانا. بەبێ سێ‌ودوو هەموومان ڕیاکارین و ڕیا لە ترسنۆکییەوەیە و لە دیلێتیی هەزارساڵەوە پەیدابووە و هەتا ئازانەبین و بنجی ڕیایی ناو خۆمان هەڵنەکێشین، نابین بە ئینسانێکی ڕاست و ناتوانین هەق بڵێین و شوێن هەق بکەوین و لەسەر هەق بکەینەوە. بۆیە ئیسانی صەریح و هەقپەرست باوی نییە و باو باوی ڕیاکەرە و ئەم ڕیایە زۆر کەوتۆتە سەر ئەم میللەتە و کەیفی خۆتانە.

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٦٥، ١٩٦١/١٢/٣٠، ل١.

## به بۆنەی ڕۆژی سوپاوە*

له شاری سلەیمانیی کانگای جوانی و خۆشی و ئارام و پیاوەتیدا، کە ماوەیەک بوو ڕێی خۆشترکردن و گەشەکردنی بۆ خۆشنەکرابوو وە بە جۆرێکی باش نەدرابووە قەڵەم و وا ئێستا بەهۆی پیاوی کاربەدەستی مەردی هەقپەرستەوە (هەموو سەرەکی دائیرەکان و کاربەدەستان تێکڕا)، وە بەهۆی هەقپەروەرێکی ڕەوشتبەرزی تێگەیشتووی وەکوو مامۆستا عەبدولهادی صاڵحەوە کە موتەصەڕیفی لیواکەمانە و خۆشەویستی هەموو فەردێکی ئەم میللەتەیە، ڕاستیمان لە کاربەدەستانی گەورە گەیێنرا و ڕێگای پێشخستن و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی شارە قارەمانەکەمان بەرەڵداکرا و هیوامان وایە لە ماوەیەکی زۆر کەما بگاتە ڕادەی شارە پێشکەوتووەکان. ئەڵێین: لەم شارەدا و بە بۆنەی ڕۆژی سوپاوە گەلێک ئاهەنگ پێکهێنرا، وەکوو ئاهەنگی قاوەڵتیی سیادەتی عەقید مەحموود خەفاف و ئەفسەرانی حامیەی سلەیمانی لە هۆڵی یانەی فەرمانبەران، وە ئاهەنگی قەشەنگی چاخواردنەوە و میوەی شارەوانیی سلەیمانی، وە ئینجا هەرە قەشەنگترین ئاهەنگ کە هەتا ئێستا کراوە لە شارەکەمانا، ئەویش ئاهەنگی شەوی ٩٦٢/١/٧ بوو لەسەر شانۆی یانەی فەرمانبەران وە لە لایەن ئیرشادی سلەیمانییەوە پێکهێنرا بە سەرۆکایەتیی مامۆستا نووری محەمەدی بەڕێوەبەری تەحریرات و ئیرشاد لە سلەیمانی، کە خاوەنی زەوقێکی هونەروەرانەیە و پشتگیری هونەری جوان. لەم ئاهەنگەدا خوشکە قوتابییەکانی عیراقییە و ئوخووە چەند هەڵپەڕکێیەکی جوانیان پێشکەشکرد، وە ئەو دوو قوتابخانەیە ١٠٠ دیناری پاداش وەرگرت لە سیادەتی موتەصەڕیفەوە. ئینجا مۆسیقای قەشەنگی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە ئالاتی ڕۆژئاوایی و تیپی مۆسیقای مەولەویی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان، بەرزترین ئاوازیان پێشکەشکرد. ئینجا لە لایەن ئەندامی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان، نەژاد ڕەئووف و ئەندامانی تیپی تەمسیلی کۆمەڵ چیرۆکی "شێت" پێشکەشکرا.

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ١٩٦٢/١/١٣، ل١، ٢.

هەروەها گۆرانیی کوردی و عەرەبیی نایاب و بەڕاستی ئاهەنگێکی بەرز و خۆش بوو. وە لەو ئاهەنگەدا سیادەتی موتەصەڕیف پشتگیرییەکی ئەوتۆی کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی کرد، کە هەتا ئێستا نەکراوە و لە لاپەڕە ٢ی ئەم ڕۆژنامەیەدا هەموو شتێکمان باسکردووە و سەرکەوتن بۆ هەموو ئیشکەرێکی مەرد و خۆشی بۆ میللەت.

٣٠٠ دینار:

لە ماوەی هەفتەیەکدا سیادەتی موتەصەڕیفی لیوای سلەیمانی مامۆستا عەبدولهادی صاڵحی مەردی تێگەیشتووی پشتگیری هونەری جوان، ٣٠٠ دیناری بە باربوو دا بە کۆمەڵی هونەرە جوانەکان، بۆ گەشەدان بە کاروباری کۆمەڵ وە کڕینی پێویستییەکانی.

## دژدژێنه*

ئاوەدانی دژی وێرانکارییە و خێرخوایی دژی شەڕ و چاکە دژی خراپە و بەم پێیە هەموو ژیان و هەموو دنیا و کەون و کائینات هەر دژە و بەرامبەر بە دژ و شتێک نییە لە ناوەڕاستا بڵێت: من نیوەم لەوە و نیوەکەی‌ترم لەم! لە بەینی ژیان و مردنا نیوەژیان نییە و لە بەینی ئاسایش و جەنگا نیوەئاسایش قسەی پووچە و لە نێوانی کاولبوون و ئاوەدانکردنەوەشا مامناوەندی نییە و ئەوانەی خۆیان بە مامناوەندییەوە خەریکئەکەن، یا تێنەگەیشتوون، یان خۆیان ئەخەڵەتێنن و ئەمە ڕاستییەکە وەک دووخ[1]!

ئەم چەند دێڕەمان بۆیە نووسی، کە کەس خۆی بە مامناوەندی و بێ‌لایەنییەوە خەریکنەکا و ئاشکرا و هەتا زۆربەی زۆریش خۆی ساغنەکاتەوە، ناخۆشی و کوێرەوەری و ڕاڕایی و ناهەقی زیاترئەبێ و هەموو کەسێک و هەموو وڵاتێک –زۆروکەم– زیاندارئەبێ و پێشکەوتنیش سست و ئیفلیج و مزمەعیلانە! من هەقم چییەش! کە ئێستا باوە چەکی پیاوی ترسنۆک و ناڕاستە و هەموو کەسێک هەقی بەسەر خۆی و خەڵق و پاشەڕۆژی خۆی و خەڵقەوە هەیە و ئەوی لەسەر کاروباری گشتی و ژیان و مردن هەڵنەداتێ، لە ڕیزی ئادەمیزاد دانانرێت. خوای ئەکرد خۆی بە فەیلەسووفیش ئەدایە قەڵەم. ژیان خۆشی بەربەرەکانییە و کۆشش و کۆڵنەدان، هەر لەو ڕۆژەوە لەدایکئەبین، هەتا ئەو کاتەی گیانئەدەین بەدەستەوە. بەڵێ، ڕاستە فیل لە مێشوولە بەهێزترە! بەڵام باووباپیرانمان (پڕ قەبرەکەیان لە نوور بێت) وتوویانە: "کە مێشوولە مۆڵبوو، فیل یخئەدات".

با بەرەی خێرخوایی و ڕەوشتبەرزی و پیاوچاکی کەمیش بن لەناو کۆمەڵا، با هەقپەروەران و ڕۆشنبیران و مەردان بێ‌ڕەواج بن لەناو بەرەی خراپەدا و بێ‌هێز، بەڵام –بێ‌گومانبن– کە هەقپەروەران ئەگەر یەکبوون و چاکی مەردانەیان لێ‌کرد بەلادا، بەسەر دژا زاڵئەبن و سەرکەوتن بۆ ئەوانەیە کە لەسەر ڕێ ئەڕۆن و بەهێزترن لە مردن و نابەزن هەتا دەمبەیەکادان کە هەموو ئەیبینین.

---

* ڕۆژنامەی "برِوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٦٩، ١٩٦٢/٢/٣، ل١.

[1] دووخ: ئاسنێکی ڕاستی بە تمتمەیە لە خەڕەکی پەمووڕستندا، لێرە واتە دیار و بەرچاوە. (س)

## ئەدەبی ئیستگەی لەندەن*

دوو هەفتەیەک لەمەوبەر، هەر لەم ڕەمەزانە پیرۆزەدا کە نابێ درۆودەلەسەی تیا بکرێت، میلی ڕادیۆم بائەدا، ئیستگەی لەندەن بڵاویکردەوە: وەفدێک لە "تایەفەی کوردی لە عیراق" چوو بۆ شوکرانەی سیادەتی زەعیم عەبدولکەریم قاسم. هەرچەندە میللەتانی ڕووی زەمین، بە کورد و غەیری کوردەوە، باش لە ئیستیعمار گەیشتوون و چاکتر لە ئینگلیز، بەڵام بە تەمای ئەوە نەبووین ڕۆژێ لە ڕۆژان لە میللەتەوە بکرێینەوە بە تایەفە. وا دەرئەکەوێت ئەدمۆنس و هەموو موستەشارە ئینگلیزەکانی دەوری پێش شۆڕشی چواردەی تەمووز، زۆریان قین لە عیراق و لە کورد و لە هەموو میللەتێکە، بۆیە قەت ڕاستیان نەنووسیوە و ڕاستیان نەوتووە و ڕاستیان نەکردووە، نە لەگەڵ خۆیان و نە لەگەڵ میللەتانیشا. ئەگینا بۆچی ئەبێ کورد لە میللەتەوە -بەپێی قسەی ڕادیۆی لەندەن- ببێتەوە بە تایەفە؟! تۆ بڵێی ئەمە لە نەزانینەوە بێت، یان لەبەر ئامانجێکی پیسی ئیستیعماری؟

بێگومان ئەمیان، نەک ئەویان، چونکە ئەو گاڵەیەی میللەتی کورد لەدوای جەنگی یەکەمەوە کردوویەتی بە ئۆردووی ئینگلیز و نۆکەرەکانی، هەرگیز لەبیریان‌ناچێتەوە و باشمان ئەناسن. بەڵام ئایا حکوومەتێک کە قەدری خۆی بزانێ و خۆی بە دەوڵەتێکی گەورە بداتەقەڵەم، ئەبێ لەبەر ئامانجێکی سەر دەمی پیس خۆی بگەیێنێتە ئەم ڕادەیەی ڕاستی ون‌بکا و ئیستگەکەی بگاتە ئەو بێئەدەبییەی میللەتێک بکات بە تایەفە؟! با ئیستگەی لەندەن و هەموو ئیستگە ئیستیعمارییەکانی دنیا باش بزانن کە هێز نییە لە دنیادا میللەتی ئێمە بکاتەوە بە تایەفە، یان بەم درۆودەلەسانە ئێمە کەم‌بکاتەوە. بە مەرگی عەزیزەکانتان کە قەبریان لە کوردستانا نییە، کوێت و بەحرەین و ئیمارات و سەڵطەنەکانیشتان لێئەسێنرێتەوە و ئەم میللەتەش هەرگیز خیانەت و ئیستیعمار و ناپیاویی ئێوە و سەنتۆی لەبیرناچێتەوە، چونکە لەو ڕۆژەوە کە پێی ئێوەی پیس هاتە ناو ئەم

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٧٠، ١٩٦٢/٢/٢٤، ل١.

وڵاتەوە، ئەم میللەتە خۆشیی نەدی و هەتا وەک جنۆکەش ئەسیری جەزیرەکەتان نەکرێنەوە و ڕەگوڕیشەی داگیرکردن هەڵنەکەندرێ، خۆشی نابینن.

ئامانجمان:

...

لەناو جەرگەی کوردوستانەوە:

## نەورۆز جەژنە و پیرۆز*

مەخشەڵ

نەورۆز، ڕۆژی یەکەمی ساڵی تازەی کوردییە، کەوا تەمەنی گەیشتە ٢٥٧٤ ساڵ. دوو قەڕن و نیو و شتێک بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی کە باووباپیرانمان ئاگریان دۆزییەوە و ساڵیان ناونا و خۆیان لە سەرما و بەستەڵەکی ناهەمواری کردگار ڕزگارکرد. بە واتەیتریش، لەم ٢١ی مارتەدا کاوەی قارەمان کە سەرکردەیەکی مەرد بوو، زوحاک و ئەژدەهاکی کوشت و تەختوتاراجی زوڵموزۆری لەناوبرد و مێشکی منداڵی مەعسوومی بێگوناهی پاراست لە دەمی تێرنەخۆری مار، کە بڕانەوەی زستان و هاتنی بەهاری قەشەنگی پڕ لە خێر و بەرەکەتیشی هاتەپاڵ. ئەو جێژنەکە نەک هەر جێژن بێ، بەڵکوو شای جێژنانە و زیاتریش. بۆیە بڕواشە، چونکە جێژنی عاطیفە بەردەوام نییە و زۆر نامێنێ! لەسەر ئەم تێبینییە، جێژنی نەورۆز پیرۆزبێ لە هەموو کوردێکی مەردی ناو هەموو گۆشەیەکی کوردستانی گەورە و لە هەموو موسوڵمانێکی برای ئایینیی مەرد، کە پشتگیرمانە لە تەنگانەدا و دۆستمانە لە کاتی خۆشی و گەردنئازادییا.

ئێمە هیوامان وایە جێژنی نەورۆز ببێتە بەردی بناغەی کوردایەتی و یەکیەتی و یەکباوەڕی و هەموو یەکدڵ و یەکگیان و یەکئامانج بەرەو یەکسانی و سەرفرازی و ژیانێکی مەردانەی تەواو لە هەموو گۆشەیەکی کوردستانا بژین و خزمەتی شارستانیەتی و داد و ڕاستی بکەین و لەگەڵ قافڵەی پێشکەوتووی میللەتانا شانبەشان زەنگمان بلەرێتەوە و دەنگمان زوڵاڵ و ڕزقورۆژیمان بە داگیرکەر حەرام و بە خۆمان حەڵاڵ و زمانی مار و ئیستیعمار لاڵ و مێشکپژاندن پیشەی دڕندە و نامەرد و جەردە و دوژمنی شارستانیەتی و میللەتان و زانست و پێشکەوتن و داد و شەرەفە. مێشک کانگای بیرکردنەوەیە و

* ڕۆژنامەی بڕوا، ساڵی ٣، ژمارە ٧٢، ١٩٦٢/٣/١٨، ل١.

داهێنان له ڕێی پێشخستنی شارستانیەتی‌دا به تێکڕایی و نابێ دەستی بۆ ببرێ و مەعافه پانکردنەوەی سەری تێرنەخۆر و چاوچنۆک و داگیرکەر و مار و ئیستیعمار و بژی ئەو میللەتەی پاکبوو، به درێژیی مێژوو زیانی نەبوو.

ئامانجمان:

## جێژنم هەیە و نەورۆز،
## ئامانجم هەیە و پیرۆز*

نەورۆز دەستنێژی باپیرەگەورەمە و هاوڕێی مێژووییم؛ وەچە بە وەچە بۆیان دەورکردوومەتەوە و مەخشەڵەکەی گەیشتۆتە دەست من؛ بە درێژاییی گەردشی زەمان لە هات و نەهاتییا لەگەڵما بووە و هیی خۆمە و هێزنییە من لەو و ئەو لە من بکات.

نەورۆز بەهارم بۆ ئەهێنێ، دوای شەش مانگ تەڕوتووشی و سەرماوسۆڵە و ناخۆشی، نەورۆز ئەمگەیێنێتە ناو زەوییەکەم، کە مایەی پیت و بەرەکەت و ڕزق و ڕۆژیی خۆم و ماڵ و منداڵمە! نەورۆز لە تاریکی و ترس و لەرزین ڕزگارمئەکا و ڕووناکی و فەڕ و ئازایەتیم پێئەبەخشێ و چاکی مەردایەتیم پێهەڵئەکا و بەرەو فەرمان ڕەوانەمئەکا. کە سەمەنیش دروستکرا و خەنە لە پەنجە درا و ئاگر کرایەوە و بۆنی خۆشی گوڵەکێویلەی عەتراوی بڵاوبووەوە و کچ و کوڕ و پیر و جوانی مەستی بەهار و ژیان کرد و گەڕاینەوە بۆ بیرەوەری و بەیایی، هەڵبەتە بیر لە نەهامەتی و بۆنەهاتی و کۆستکەوتوویی خۆمان ئەکەینەوە و کاوەی قارەمانی ڕزگارکەر بە هەموو شکۆیەکی پیاوەتی و کوردایەتییەوە ئەهێنینەوە یاد و پەتی قرچۆکی ڕزیوی دیلی ئەپچڕێنین و بەسەر مێژوودا ئەنەڕێنین:

٢٥٧٣ بوو وا پێمان نایە ٢٥٧٤ ساڵ
کەشکی زەقنەبووتمان هەر ڕەقە و تاڵ
خانوومان زنجە و خۆراک هەرزن و جۆ و گاڵ
کاروانمان سستە و لێکدانەوەمان کرچوکاڵ
هەر خۆخەڵەتاندنە و خەڵقی خەڵەتاندن و خەیاڵ

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٧٢، ١٩٦٢/٣/١٨، ل١.

بڕایەوە ئیتر وا نەورۆزە و ساڵی نوێ
ئێمەش وەک خەڵقی ژیانمان ئەوێ
نەبەزین و یەکیەتی و برایەتی
بیری ورد و تێکۆشان و ئازایەتی
ئەمانگەیێنێتە ئامانج
یەکگرتنەوەی زازا و کرمانج

# خۆڕاهێنان*

وەکوو هەموو شتێکی ناو ئەم دنیایە کە هەرگیز بە بارێکەوە ناوەستێ و بە شتێکەوە ئارامناگرێ و بە هەندێ پێشکەوتن و داهێنان قایلنابێت، هەروەها ئەنجامی ئادەمیزادیش لەبارەی بیر و فیکرەوە گۆڕانە و داواکاری و گەیشتنە هەندێکی پاڵمان پێوەئەنێت بۆ داواکردنیتر و بۆ گەیشتنە هەموو شتێک کە حەزی لێئەکەین و بە باشی ئەزانین. کە کۆمەڵیش بە شێوەیەکی تێکڕایی گۆڕا، نابێ هەندێ کەس لەو گۆڕانە دوابکەوێت و ئەبێت خۆی ئامادەبکات بۆ ئەو کات و سەردەمە تازەیەی کە تێیکەوتووە و بۆ پێویستییەکانی ئەو ڕۆژە وەکوو فەردێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵەکەی و لە میللەتەکەی و ڕیز بەجێنەهێڵێ و شلینەکا و خۆی بە باری تازە و بە پێویستی ئەو ڕۆژە ڕابهێنێ و گورێزنەکا و دووپەتی نەبێ و دووڕوویی نەکا و دەمی لەگەڵ منا نەبێ و دەست و دڵی لەگەڵ دوژمنا و دەماری بێهێزنەبێ و لە ئەنجام و دواڕۆژ نەترسێ و خۆی ورەی خۆی و خەڵقی بەرنەدا و هەر تەنیا "لای تاریک" نەیتاسێنێ و دۆزەخێکی فیکری بۆ خۆی دروستنەکا و لێکیبداتەوە کە لە شتی زۆر بچووکەوە شتی گەورە پەیدائەبێ و لە کاری زۆر ساکاری بەردەوامەوە بەروبوومی زۆر بەکەڵک دێتە بەرهەم و هەموو شتێک بەدەست خۆمانە و دەستکردی خۆمانە، بە چاکە و خراپە و بە خۆشی و ناخۆشی و بە ترس و زات و بە ژێرکەوتن و سەرکەوتن و بە دۆزەخ و بەهەشتی ئەمڕۆ و سبەینێوە.

کە "منمنی" نەما و کە هەر کەسە باری خۆی ساغکردەوە و کە خۆمان ڕاهێنا بە ئازاری ئەمڕۆوە و کە بڕوامان بە خۆمان و بە هەقی خۆمان و بە کرداری خۆمان بوو، بێگومانبن سەرکەوتن و زاڵبوون و شادی و سەرفرازی دەستمان ماچئەکەن و ئەوی چاکی پێناکرێ، خراپەنەکا و ئەوی قسەی جوان و بەکەڵک نازانێت، "ناشیریندوو" نەبێ و ئەمڕۆ بێ و سبەینێ، هەر ئەبێ ئەوە پێکبهێنیت کە پێویستت پێیەتی و ئەمڕۆ بێ و سبەینێ و هەرچی چۆنێک بێت، هەر وات لێیەت کە لە دراوسێکەت هاتووە و ئەوە بزانن کە بەرەی پیاوچاک و

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٧٣، ١٩٦٢/١١/٢٩، ل١.

ڕاست و ئازا، ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرترئەبن و پاشەڕۆژ بۆ ئەوانە و ئەمەیە ڕاستیی ئەزەلیی پێشکەوتن و کەس بە تەمانەبێت لەپڕێک ببێ بە کوڕ و مەسەلەکە خۆڕاهێنانە و سەبر و شەونخوونی و خۆڕاگرتن و نەبەزین و دەمار شلنەبوون و ورەبەرنەدان و گورێزنەکردن و ڕیخۆڵەبەکێشی و بڕوا و ئەم بڕوابەخۆکردنە زۆری لەپێش تۆوەکردووە و پیاو و کەس کەس ناکا بە پیاو. پیاو ئەو پیاوەیە خۆی بە توانای خۆی و بە نەبەزین و زاتی خۆی، خۆی بکات بە پیاو و بە پیاوەتیش ئینسان سەرئەکەوێ و بژین ئەوانەی بەم جۆرە خۆیان ڕاهێناوە و بەم کردارانە سەرکەوتوون و ناوبانگی پیاوەتی و مەردایەتییان بووە بە چرای ڕێڕووناککەرەوەی ئێمە و تین و زاتمانی بەهێزتر و پتەوتر کردووە و خوای گەورەش پشتیوانی پیاوە و ناپیاویش ویژدان تاسێنراوە و ورەبەرداو، ژیانی دۆزەخە و جێگەشی زەلکاو.

## بڕوا نامریّ*

وا سەرلەنویّ "بڕوا" هاتەوە کۆڕی خزمەتکردنی میللەتی قارەمانمان و دەستەبەرەی خۆی هەڵگرتەوە و بە هێز و توانا و باوەڕێکی پڕ لە زاتەوە، کە لە ناخی دەروونی میللەتەوە هەڵقوڵاوە، تیّئەکۆشی و مەخشەڵی باوەڕی ڕاست بەرزترئەکاتەوە و ئەرکی سەرشانی خۆی بەجیّئەهێنیّ و گورێزناکا و نە خاوەن‌بڕوا ئەمریّ و نە بڕوا، چونکە ئەوی خاوەن‌بڕوا بیّ، هەر ئەگاتە ئامانج و بڕواش چونکە لە دڵی میللەتا ئەژی، هەرگیز نامریّ و دەست لەدەست و هێز لە خوا و پشت بە ڕۆڵەی پاکی نەتەوەکەمان، لەگەڵ کاروانا بە زەنگی هەق و بە پێشەنگی مەردەوە ئەڕوا، هەتا مەڵبەندی قەشەنگ، بە کوێریی زۆڵەک و نۆکەر و فەڕەنگ!

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٧٤، ١٩٦٢/٦/٩، ل١.

لە هەر ئاوازە سۆزێک:

## ئەشراف*

دیارە ئەبێ ئەشراف لە شەرەفەوە هاتبێ، واتە خاوەنشەرەفەکان! پیاوی خاوەنشەرەف وەکوو فەردێک وە ئەشراف وەکوو تاقمێک، دیارە ئەبێ ڕەوشت و خوویان بەرزبێ، هەرچی بۆنی سووکیی لێوەبێت، بەلایا نەچن و هەموو ژیانیان سەرتاپا کرداری باش و ڕەوشتی بەرز و خزمەتکردنی خەڵقی و دڵ و دەروون باشی و مەردایەتی و پیاوەتی بێ. واتە ئەشراف ئەبێ دەستی لێقەوماو بگرن و یارمەتیی داماو بدەن و لەگەڵ زوڵملێکراوا بن بەرامبەر بە زاڵم.

ئەشراف ئەبێ هەقپەرست بن و لەپشت هەق بن و داوای هەق بکەن و داد و ڕاستی و هەموو شتێکی بەرز و جوان. نابێ خۆویست و پوولەکی و ترسنۆک و ڕەوشتنزم بن. بە هەڵە بڵاوبۆتەوە کە -گوایە- هەرچی دەوڵەمەند و بووە هەیە، لە ڕیزی ئەشرافن. بەڵام ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و فەقیرێکی ڕاستی پیاو کە ئەو مەرجانەی تیابوو، زۆرزۆر شەریفترە لە هەزار بووەی ناپەسەند، کەوا ئەزانێت شەرافەت وا لە دەوڵەمەندییا و هەموو کەسێک، با هەژاریش بێت، بۆی هەیە شەریف بێ و هەموو دەوڵەمەندێکی دوور لە پیاوەتی و چاکە و یارمەتی و ڕەوشتبەرزی، زۆر نزمە و ناشەریف و باوەڕی تازەی ئەم چەرخە و چەرخەکانی داهاتوو، ئەمەیە بەرامبەر بە ئەشراف و ئەوی بۆ میللەتەکەی نییە، نایەوێ پێیبوترێ ئەشراف و کەسیش لەمەودواوە پێیانناڵێت شەریف! کەرت بە چەند و خەڵقەکە لە خەم ڕەخسی و تەواو. کوردیش وتوویەتی: "ئەوی بۆ من کە نەبێ، دەردێک گرێ، لرە نەبێ!".

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٧٤، ١٩٦٢/٦/٩، ل٣.

## کارەساتی گەورە و لێفەی شڕ!*

ئەم دنیایەی تیایا ئەژین، پڕیەتی لە سەیروسەمەرە و بەشێکی ئەم خەڵقەش سەیرن! سەیرەکەش ئەوەیە هەندێکی ئەو بەشە هەموو شتێک ئەزانێ و بەڵام لەبەر هەر هۆیەک یا چەند هۆیەک، خۆی ئەکات بە سەیر یان سەیر بە خەڵک ئەکات و ئەمە بە زانین و بە زیرەکی و بە باش لەدنیاگەیشتن و باش‌ژیان ئەزانێت و با ئەمان ئاوا سەیربن و هەندێکی‌تریش مێشکیان پووتە وەکوو تووری سەرمابردەڵەی سەرەتای زستان و سەرمای باوەڕەکوێرانە چەوتەکەیان، گێژ و حۆل و وڕ و کاسی کردوون و فێیان لێ‌هاتووە و بوون بە تەلی تەلەفۆنی دەستی ناپاکان و زیان بە خۆیان و بە خەڵقی ئەگەیێنن و وەکوو کەری دێزی دێرین "تۆپینی خۆیان و زیانی خاوەنیان" ئەوێ و بە نەقیزە و داری ڕاستی ڕاستئەبنەوە و دێنەوە سەر خۆیان و ئەوسا بەرەی سەیر بە هەردوو تاقمەکەیەوە و بە شێوەیەکی زۆر سەمەرە و بێ‌شەرمانە لەگەڵ هەموو ناپاکێک و درۆزنێکا ئارەقی خەجاڵەتی و ڕووزەردی دەرئەدەن و پێ لە گوناهەکانی خۆیان ئەنێن، وەیا موبەریر ئەدۆزنەوە و قسە ئەجوونەوە و ئەیانەوێت بێنەوە ڕیزی مەردانی پیاوچاکانی لەخۆبوردووی هەقسێنی هەقخوا و ئێمە ئەم ئەنجامە ئەزانین و لە بەرچاومانە! بەڵام چ پیاوەتییەکە ئەوی خۆی بە زیرەک و ڕاست و خاوەن شکۆ و شەرەف ئەزانێت، چاو لە ڕاستی و لە کارەساتی گەورە بنووقێنێ و لێفەیەکی کورتی شڕی هەزار کون تێکراوی هەڵگرتبێ، بیەوێ ئەو کارەساتە گەورەیەی پێ‌داپۆشێ!

ئەڵێن: "سەیرە لە کۆیە" و پێشینان ڕاستیان وتووە و "عاقبت گرگ‌زادە گرگ شود". وا گورگە پێشتی مەڕ لەبەرکەرەکان خەریکن وردەوردە پێستەکانیان فڕێ‌ئەدەن و سەد شوکور کە دۆست و دوژمن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاشکراترئەبن و شوانی پیاو هەرگیز نایەڵێ گورگ زەفەر بە ڕان بەرێ و ئەنجامی گورگیەتی لەناوچوونە و با هەموو ناڕاستێک باش بزانێت کە ناتوانێ هەتاسەر هەر خەڵق بخەڵەتێنێ و تەمسیلکردنیش تاوێکە و کە میکیاج لە

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٧٤، ١٩٦٢/٦/٩، ل١.

دەموچاوتان داماڵرا، ڕووی ڕەشتان ئاشکرائەبێ و ڕیسوایی ئەمێنێتەوە بۆ خراپ و خراپەکەران و نە ڕووی ڕۆژ بە بێژنگ ئەگیرێ و نە بە لێفەی شڕی کورتی پچووک کارەساتی گەورە دائەپۆشرێ و سەرکەوتن بۆ پیاوچاکانە و میللەت لەپشتیانە و خواش دەستی بە باڵی هەموو ڕاست و خێرخوازێکەوەیە و سزاش بەپێی تاوانە.

## لەگەڵ

## سیادەتی موهەندیسی موقیمی ئیسکانا*

لە ڕۆژی ١٩٦٢/٦/٣٠دا، نوێنەرێکی ئەم ڕۆژنامەیە چوو بۆ بینینی سیادەتی مامۆستا عەبدولخالق حەوێزی، بینا لەبەر پێویستی وە ئەم پرسیارانەی خوارەوەی لێکرد و ئەویش بەم جۆرە وەرامیدا‌ینەوە و سوپاسیئەکەین:

بڕوا: ئەم پڕۆژەی ئیسکانە زۆری کێشا و هێشتا شەقام و ڕێوبانەکانی بە تەواوی نەکراون، ئایا لە کەیا تەواوئەبێت؟

موهەندیس: ماوەی موقاوەلەکە لە ڕۆژی ١٩٦١/١٠/٣٠دا تەواوبووە و لەو ڕۆژەوە هەتا ئەو حەلەی پڕۆژەکە تەواوئەبێت، ڕۆژی ١٠٠ سەد دینار لە موقاول ئەسێنرێت، بەپێی بەندی قۆنتەراتەکە.

بڕوا: ئایا وەزارەتی ئیسکان هیچ جۆرە پڕۆژەیەکیتری بەدەستەوەیە بۆ لیوای سلەیمانی وە چین وە کەی دەستیان پێئەکرێت؟

موهەندیس: لە نەخشەی ئابووریی هەمیشەییدا ١٢٠هەزار دینار تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی دوو قوتابخانەی سەرەتاییی کوڕان و کچان وە دروستکردنی بازاڕێکی نوێ وە مەرکەزێکی ئیداری و کۆمەڵایەتی و لەشساغی وە حەمامێک بۆ پڕۆژەی ئیسکانی سلەیمانی. وە هەروەها ٥٨ هەزار دینار تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی دوو قوتابخانە و موستەوصەفێک و حەمامێک بۆ سەرچنار. بەڵام لەبەرئەوەی ئیدارەی مەحەللی قوتابخانەیەک و موستەوصەفێکی لە سەرچنار دروستکردووە، بڕیار وایە کە پارەی ئەو قوتابخانە و موستەوصەفە بکرێت بە پڕۆژەیەکیتری بەکەڵک لە سەرچنار. وە ئەم پڕۆژانەی بڕیار وایە بکرێن لە دەوری ئامادەکردنی نەخشەدان.

بڕوا: ئایا هیچ زەوییترتان بۆ ئیسکان ئیستیملاککردووە؟ لە کوێن وە چەندن وە بۆ چ ئامانجێکن؟

* ڕۆژنامەی "بڕوا"،ساڵی ٣، ژمارە ٧٦، ١٩٦٢/٧/١، ل١.

موهەندیس: لە ساڵی پارەوە ئیستیملاکی ٧٢ دۆنم زەوی کراوە بۆ ئیسکان، کە باشترین زەوییە و هەر لە بەرامبەری سەرقەبرانی شێخ جافرەوە دەستپێئەکات هەتا نزیک خانووەکانی کانێسکان. بەڵام نازانین ئەم ئیستیملاکە بۆ چ ئامانجێکە.

بڕوا: وەکوو بزانن کەی خانووەکانی ئیسکان تەملیکئەکرێن وە شرووتەکانی ئەو تەملیکە چین؟

موهەندیس: بڕیاری تەواو دراوە لە لایەن وەزارەتی ئیسکانەوە کە ئەم خانووانە (هەردوو وەجبەکە) تەملیکبکرێن. وە ئێمە کولفەتی خانوو وە هەموو جۆرە مەعلووماتێکی پێویستیترمان ناردووە بۆ وەزارەتی ئیسکان. وە لە پاش وەرگرتنی خانووەکان لە موقاول، ئەو حەلە تەملیکئەکرێ بەپێی شرووتێک لە وەزارەتی ئیسکان دایئەنێت.

بڕوا: ئێمە ئامادەین لە ڕێی سوودی گشتیدا هەموو جۆرە داواکارییەکی ئێوەش بڵاوبکەینەوە و فەرموو چ پێشنیارێکتان هەیە، بیڵێن.

موهەندیس: سوپاستانئەکەم وە ئەوی ئەمەوێ بیڵێم، ئەوەیە کە لەم ماوەیەدا مولاحەظەی ئەوەم کردووە کە دانیشتووانی ئیسکان بەتەواوی گوێنادەنە پاکوتەمیزیی ماڵ و دیوار و شەقامەکانی خۆیان. هەندێک ماڵ صابووناوی جلشتن و زبڵ و پیسایی فڕێئەدەنە بەردەرگا و سەر شەقامەکان وە مەنعی مناڵەکانیان ناکەن لە پیسایی و لە نووسینی سەر دیوارەکان. جگە لەمەش، شەقامە فەرعییەکانی ناو ئیسکان کە ٨سم بەرزە، بۆ هاتوچۆی ئوتوموبیل نەکراوە و کەچی هەندێک کەس ئوتوموبیل ئەهێننە ناو ئەو کۆڵانانە. وە ئێمە ئینذاری یەکێکمان کردووە بە دەرکردن لەم بارەیەوە، ئەگەت هات و تەکراریکردەوە و سیادەتی موتەصەڕیفیش موخالەفاتی زۆر پێناخۆشە و شەقامی گەورە هەیە بۆ هاتوچۆی ئوتوموبیل وە هیوامان وایە لە ڕێی سوودی گشتیدا ئەو بێئیهتیمامییە نەمێنێت.

## لە ڕێی ئێوەدا*

لە ڕێی ئێوەدا کوڕە شیرینەکەم، برا خۆشەویستەکەم، خوشکی کۆستکەوتوو، بووکی ناکام، دایکی جەرگبڕاوی وردەبەرنەداو، هەموو مەرد و پیاو بە تاکە بە لێشاو، لەسەرخۆ و بە پڕتاو، ڕووئەکەینە ئامانج بەرەو قوڕگی مردن، لە ڕێی ژیانا بێسلەمینەوە بۆ نێرینەی ئاو، بێزار لە دیلیەتی، لە نەبوونی، لە هاوڕێی ترساوی ورەبەرداو، تالاوە ئەینۆشین، تێهەڵدانە ئەیچێژین، بۆ ئەوەی بەهێزبین. نەزرە و کراوە و بڕیارە و دراوە و پەیمانە و بەسراوە و سەرکردە پیاوە و پێشەنگ، مەرد و شارەزا و قەشەنگ، هەرداوهەرد، باخەوباخ، هەتا پۆپەی شاخ، هەر ئازارە و داخ، لە لەشا، لە دڵا. لە پەڕەی مێشکا، لە دەروونا، هەتا ناخ. جۆشە و خرۆش، کاریکردۆتە ئێسقان و مۆخ، حیرسە و هەستاو وەک لافاو، ڕائەماڵێ ناپیاو و نۆکەر و زۆڵەکی مەیموونچڕوچاو، دەستی پیس و دەمی پیس و کرداری پیس لە بەهەشتی بەرینی سبەیڕۆژی نزیکا جێیاننابێتەوە و ئەوی میللەت ویستی هەر ئەوەیە و ئەوی من پێتان ئەڵێم لە ویژدانی پاکی میللەتەوە هەڵقوڵاوە و چقڵی داربەڕوو و قولاپە و ئەوی بە بڕوێش ئەژی، نامرێ و هەزار ورگزل و تەمەڵ و دووڕوو و خۆپەرست و پوولپەرست، بە قوربانی تنۆکە ئارەقێکی ئیشکەرە مەردە پیاوەکان بن.

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٧٦، ١٩٦٢/٧/١، ل٣.

لە بەرەی سەربەستیی جەزائیرەوە:

## لە دیلیەتییەوە بۆ ئازادی*

میللەتێک یەکیەتی و یارمەتی و گیانی لەخۆبوردنی تیابێ، نامرێ! مافی چارەنووسی هەقێکی شەرعیی هەموو نەتەوەیەکە و ئەسێنرێ و نادرێ! ئیستیفزاز و ئیرهاب و خەڵقکوشتن و کاولکاری و قاتوقڕی و گرتن و ئازار جێوکن بۆ خۆشترکردنی ئاگری ڕزگاربوون و سەربەستی!

هەموو هێزی فەرەنسە و هەموو قورقوشم و بارووت و پۆڵا و ئاگری پەیمانی ئەتڵەسی، هەموو ڕاوەڕێوی و درۆودەلەسە و پارەی بێبڕانەوە و دەسەڵاتی ئیستیعماری عالەم، دەرەقەتی جەزائیر نەهات! "هەتا نەینێنە تەبەق، ناڵێن "الله صدق!".

تەماشایەکی نەخشەی ئەفریقا بکەیت، پیشانتئەدات کە وڵاتێکی نیوەدەشتایی و نیوەشاخاوی و کەمتر بەرەوژوورەکەی دەریای سپییە و لای ڕاستی توونس و تەڕابولس و لیبیا و بەرەوخواری چۆڵی کاکیبەکاکی و لای چەپی مەغریبە و ناوی جەزائیرە و نفووسی ٧ ملیۆن و چەند تیرە و تایەفەیەکە و ئیستیعماری عوثمانی و فەرەنسە لە زۆر کۆنەوە کنەی تیا ئەکەن و ئەیخۆن و ئەیمژن و لە ١٣٢ ساڵ لەمەوبەریشەوە هەتا سەرەتای ئەم مانگی تەمووزی ٩٦٢وە، هەر تاڵاوە و ئازاری دیلیەتی و داگیرکراوی.

ئەم میللەتە قارەمانە بە درێژاییی ساڵانی دیلی، لە شۆڕش نەکەوت بەرامبەر بە داگیرکەر، هەر جارە سەرکردەیەک و هەر ساڵە لە شوێنێکی وڵاتا شۆڕشێک بەرپائەکرا و لەبەر لەبارنەبوونی باری ناوخۆ و لەبەر قاڵنەبوونی پێشەنگ و سەرکردەکان و لەبەر کلک کلافەکردنی نۆکەر و زۆڵەکەکانی ناوخۆ و چوونە ڕیزی داگیرکەر بەرامبەر بە میللەتەکەی خۆیان، وە لەبەر گەلێک هۆیتر ئەم شۆڕشانە سەریاننەئەگرت. بەڵام ئەنجامی هەموو شۆڕشێک،

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٧٦، ١٩٦٢/٧/١، ل٣.

زەخیرەیەکی بە نرخ نەکڕاوی تاقیکردنەوە و دەرسوەرگرتن ئەخرایە سەر عەماری هیوای سبەینێی میللەت.

ئەو سبەینێیە حەوت ساڵێک لەمەوبەر بوو کە سەرکردەی قاڵبووی تێگەیشتوو و پێشەنگی میللەتی کۆکردەوە لە بەرەی ڕزگاریی جەزائیردا و جەسوورانە ئامانجیان ئاشکراکرد و بەرنامەی کار و پەیمانی نیشتمانییان لە میللەتەکەی خۆیان و لە دنیا گەیاند و جووتیار و کرێکار و هەموو چەوساوە و مەردێکی نیشتمانپەروەری لادێ و شاریان زۆر بە جوانی ڕێکخست و دەستیان دایە چەک و شار پشتی لادێی گرت و میللەتەکە لە کۆڕی خەباتی چەکدارا جۆشا و بوو بە یەک هێزی ئاگرین و سەدای کارەسات گەیشتە هەموو گۆشەیەکی دنیا بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە و بە مەجبووری دانیان نا بە مافی چارەنووسی جەزائیرا و پلەی یەکەمی ژیانی بڕی و گەیشتە سەربەستی و ئەمە بەردی بناغەیە و تەنیا بە سەربەستیی ڕووت کار مەیسەرنابێ و نۆبەی هەنگاوی دووەمە کە هەموو میللەت لەژێر سایەی یاسایەکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانیاریدا بەختیار و شادانە ئارام بگرێت و بژی.

لەم ماوەی دیلیەتییەدا داگیرکەری ئیستیعماری فێڵیهاتووی دێوەڵووکەی دەعبای پیاوکوژی دێوێرانکەری خەڵقبرسیکەری چەوسێنەرەوەی بێشەرم، هەرچی ناپیاوی و نامەردی و ناشیرینی و چەپەڵی هەیە، لە قامووسی جەلادەکانی میللەتانا بە درێژاییی مێژوو، هەتا تالان و گرتن و کوشتن و بۆمباباران و ئابڕووتکاندن و ئەویتری ئێوە خۆتان بۆی تەواوکەن!

بەڵام لەگەڵ ئەمەشا و لەگەڵ کوشتاری ڕۆژانەی بێبڕانەوە و بۆمبای پلاستیکیی دەزگا فاشیستییەکەشیا سەرنەکەوت و خەزێنەی عالەمی ئیستیعمار دوا چۆڕی داماڵرا و نقوود کەوتە کزی و سەربازی فەڕەنسە دەستیکرد بە ڕاکردن و فەڕەنسییەکان خۆشیان داوایان گەرمبوو بۆ دواییهێنان و ئاسایش.

ئینجا ئەو دیگۆلەی کە کلاوزرێی مارسی خوای شەڕی لەسەرکردبوو، چڵی زەیتوونی گرت بەدەستەوە و وەکوو هەموو نەفسییەتدیکتاتۆرێکی میکاڤێللیی بێشەرم، فێری حیکمەت بوو، کەوتە گفتوگۆ و کەوتە بەکارهێنانی هونەری سیاسەت و مەجبووریی ئیستیفتا، دەمی خەڵق تاقیکردنەوە بوو!! ناهەقی نەبوو دیگۆل وای ئەزانی زۆڵەکەکانی ناوخۆ بە یارمەتیی حکوومەت و دەزگا

ئیرهابییە فاشیشییەکە ئەتوانن سەرلەنوێ خۆیان ببەستنەوە بە ڕەشمەی داگیرکەرەوە! بەڵام ئەنجام گەیشتە لەسەدانەوەدونۆ و جەزائیر بە ڕەسمی سەربەستبوو، هەرچەندە ئەو میللەتەی لەو ڕۆژەوە کە ڕێی ڕاستی خۆی ئەدۆزێتەوە و ئەیگرێتە بەر ، سەربەستە! مەسەلە چەسپاندنی نووکی خەنجەرەکەیە لەسەر دڵی دوژمن و ئیتر دەستلێداگرتنە، هەتا دەم بەیەکادان و ئەمەیە ئەنجام.

هەر بەم بۆنەیەوە، نابێ ئەوەمان لەبیربچێت کە هەموو حکوومەتانی عەرەب هەندێکیان لە سەرەتاوە و هەندێکیان لە بارەی مەعنەوییەوە، هەندێکیشیان بە هەموو ڕێگایەک، یارمەتیی جەزائیریان دا. هەروەها هەندێ لە حکوومەتانی ئەورووپاش، بەڵام بەرەی ئیستیعمار بە هیچ جۆرێک و هەتا نەیاننایە تەبەق نەیانوت: "الله صدق!".

## ڕاستی و حەق*

با هەموو یەکێک لە هەر بەرە و تاقمێک وەیا سەر بە هەر دامودەزگایەک بێ، یا نەبێ، باش بچەسپێتە دڵ و مێشک و دەمار و خوێن و کانگای ئیدراکی کە دنیا لەگەڵ جارانا زۆر گۆڕاوە و کارەسات پێش خەڵکی ئەکەوێ و باری بێباری گرتن و سەبری خۆساغنەکردنەوە بە ئامانجی ئەنجام دەرکەوتن بۆ خۆپاراستن و لە هەموو لایەک خواردن و ڕاوەڕێوی و قیروقاج، نە لە ڕابوردووا دایی کەسی داوە و نە ئەمڕۆ و سبەینێش بەکەڵک دێ و خەڵقی لەوە وریاترن کە بەو شێوەی کارکردن و نووسین و گفتوگۆیانە هەڵخەڵەتێن و هەرچەندە ئەمڕۆ ڕاست زۆرترە لە دوێنێ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و بگرە هەتا سەعات لەدوای سەعات زۆرتریان ئەکات. بە لای کەمی، ڕاستی مەردی خاوەن ئامانجی پاکی ئاوێنەی ئازار و سزا و کوێرەوەری و هیوای خەڵقی، ڕەوشتبەرزە مەردە ئازا و تێگەیشتووەکان سەرکەوتوون و سەرئەکەون و هێزنییە لە هەموو دنیادا دەرەقەتی ئەم ڕاست و ڕاستییە بێت و ئیجابییەت لە ڕادەی شەرەفا و بۆ خێر و خۆشیی بەرەی هەق، تەکتیکێکی بەجێیە و ئەوی هیچ نییە و نایەوێ هیچ بێ و هیچی لەدەستنایەت، با قوڕوقەپبکا و ئەوی بە لەش و جێگا گەورە و بە ورگ زل و بە مێشک منداڵ و بە دەروون ساوایە، لە خەتی "قل أحيا" نەیەتە دەرەوە و پێ درێژنەکا و کنەپەرست و نۆکەر و کلکی ئیستیعمار و زۆڵەک ئەنجامیان نەمانە و فەوتان و ڕووڕەشی و با بچەسپێتە قەرارەی دەروونی دڕیان کە "هێزی تاریکی"ی سەر بە بێگانە، جارێکیتر لەم وڵاتەدا جێپێی نابێ هەرچی چۆنێک بێ و ئەمە بڕیار و ڕاستییە کە وەک دووخ و دنیا ناگەڕێتەوە بۆ دواوە و هەق سەرئەکەوێ.

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٧٩، ١٩٦٢/٧/٣٠، ل١، ٢.

## یەکیەتیی تەواو*

بێ سێودووکردن و بێ ڕاوەڕێوی و بێ ترسولەرز، بێ فەلسەفەفرۆشتن و بێ چەنەچەنی ئەکادیمیی پووچ و بەتاڵ و یەکسەر و ڕاستەوڕاست و بۆ ناوجەرگەی ئامانجی باسی پێویست بە ئەمڕۆمان، ئەڵێین و ئەبێ هەموو پاکێک بیلێ و هەموو ڕاست و دڵسۆز و مەردێک بەدەنگمانەوەبێ و جەسووربێ و کەس خۆی گێلنەکا و کەس عیلم و زانینی پڕوپووچ و نصووصی ناو کتێبی باش و خراپ بە کەس نەفرۆشێ و کەس خۆی بە چاک نەزانێ و ئەویتر بە خراپ و خۆی بە پارێزراو و ئەویتر بە ناپارێزراو و بێ منمنی و تۆتۆیی و چونکە لەکین، هەموو چوونیەکین و بە هەموو شتێکی پیرۆزی ناو ئەم جیهانە، تاقە یەک ڕێگا هەیە و نابێ بە دوو بۆ پاراستنی خۆت و میللەت و هەموو دەستکەوت و شتێکی پیرۆز و بۆ گەیشتن بە هەموو ئاواتێکی پاک و جوانی بەرز و نازدار و ئەویش یەکیەتیی تەواوی هەموو میللەتە و یارمەتیی تەواو لە نێوانی هەموو ڕۆڵەیەکی دڵسۆزا و تەنیا بەم یەکیەتییە و بەم پشتییەکگرتنە و بەم یارمەتیدانی یەکە، خۆمان ئەپارێزین و پاک و ناپاکمان لە یەک جیائەکرێتەوە و بەرەو ژیانێکی پڕ لە ئاوات گەیشتن و پڕ لە ئارام و خۆشی ئەڕۆین و هەموو میللەتێکی ڕووی زەوی وای کردووە و ئەم ڕێیەی گرتووە و کە ئەم یەکیەتییە ڕاستە پێکهات، ماوەی هیچ درۆزن و لەسەر دوو پەت یاریکەر و ماوەی هیچ فێڵباز و نۆکەرێک نامێنێ لە گۆمی لێڵا ڕاوبکا و هەر کەسێک دژی ئەم یەکیەتییە و دژی ڕزگاری و دژی داواکاریی هەق بێ، دەرئەکەوێ و لە ڕیزی پیاوچاکانا ناهێڵرێ و ئەبێ بە ڕووڕەشی دنیا و قیامەت و هەر کەسێک ئەم یەکیەتییەی نەوێ و بەهێزیینەکا و لە دژی بوەستێ، بەکرێگیراوە و نۆکەر و ئەم یەکیەتییە سەرەتایە بۆ ئامانجێک کە هەموو فەردێکی دڵسۆز بەبێچەندوچۆن تیایا ئەحەوێتەوە و ئەمە زەنگی یەکیەتیی پڕ لە خێر و خۆشییە و لە دواییدا نەڵێن نەیانوت!

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٨٠، ١٩٦٢/٨/١١، ل١.

## له نێوان ژیان و مردنا*

هەموو کەسێک هەر هەوڵی ژیان ئەدا و هەر لە ڕێی ژیانا تێئەکۆشی و ئەجووڵێ و ئەڵێ و ئەکا و ئەخوا بە ڕاست و چەپا و لەسەر ئەم پەتەوە بۆ ئەو پەت و هەموو ناشیرینییەک و هەموو حەرامێک هەر بۆ ژیانە و کەواتە ژیان، ئەبێ مایەی بوون بێ و ئامانج، کەچی -داخەکەم- کەم کەس لەم ژیانە گەیشتووە و کەمتریش هەیە کە ئەم ژیانە بە ڕێگا دائەنێ و کەمێکی ئێجگار کەمیش لەناو هەموو میللەتێکا چش لە ژیان ئەکا و نایەوێ و وازی لێئەهێنێ، ئەگەر بە دڵی خۆی و لە ڕێی میللەتەکەیا نەبوو.

دە هەرە ئازاترین و هەرە ڕاستترین و هەرە پیاوترینی ناو هەموو میللەتێک، ئا ئەو بەشەرانەن و میللەتان و هەموو دنیا بەوان پێشکەوتوون و بەوان سەرکەوتوون و هەزار ڕەحمەت بۆ کۆنەکان بەدرێژاییی مێژوو، هەزار شوکر و ژیان بۆ ئەوانەی ماون و بۆ ئەوانەی وان لە پەردەی هاتونەهاتا!

ئەی مناڵەکانم، ئەی ژنەکەم، ئەی برا و خوشک و کەسوکار و دۆست و هاوڕێکانم، ئەی خانوو و بەرە و قەمەرە و لۆری و بازرگانی و دەستکەوتەکەم، ئەی من بمرم و دوژمنەکانم پێم خۆشبن؟ ئەی من بیکەم و خەڵقی بیخوا؟ نەء، هەرگیز ئەمە کاری کردن نییە و خوا پاروویەک نانی داوە و ئەیخۆم و ئەژیم! دە بێگومانبن هەتا زۆربەی زۆر لەم بابەتە بێ و ئەمە بیرکردنەوەی بێ و وا لە ژیان گەیشتبێ کە خواردن و نوستنە و لە مابەینی خواردن و نوستنا، هەرچییەکی تووشدێ و هەرچییەکی پێئەکرێ و لێئەکرێ، قەیناکا و سەد شوکری خوا، چونکە ئەژیم! هەرگیز ژیانی ڕاستەقینەی تەواو بە چاوی خۆمان نابینین و ئەبێ هەموو کەسێک بزانێ کە تاقە ڕاستییەکی ئەزەلی هەیە لە دنیادا، ئەویش مردنە و هیچ کەسێک نامێنێ نەمرێ و کەسیش هیچ لەگەڵ خۆیا ناباتە گڵەوە و کامەرانیی ژیانی ڕاستەقینەی پیاوی مەردیش، ئەو کاتەیەتی کە لە ڕێی چاکترکردن و جوانترکردن و پێشترخستنی میللەتا تێئەکۆشێ و بەرزترین جۆری مردن خۆ بۆ خەڵقی بەختکردنە و لە کاتی

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٨٠، ١٩٦٢/٨/١١، ل١.

سەرەمەرگیشا نەفرین‌بێ لە ترسنۆک، لە بێ‌بار، لە ورەبەرداو، لە ناهەقی، لە زوڵموزۆر و چەساندنەوە؛ نەفرین‌بێ لە هەموو پیسییەکی ناو زەوی، لە هەموو کردارێکی دڕندانەی ناشیرین، لە هەموو درۆزنەکان؛ نەفرین‌بێ لە بەرەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و نەفرین‌بێ لەوانەی ژیانی ڕاستەقینە ناکڕن بە مردنی پیاوانە و هەر شتە بە نرخی خۆی و هیچ ناپاکێکیش ناتوانێ هەتاسەر هەر خەڵقی بخەڵەتێنێ و وای لە ڕۆژی مەحشەر و حساب و سزاش بەپێی تاوانە!

شانۆی بیروباوەڕ:

## کۆمەڵی هەرەوەزیی
## خانوو دروستکردن لە سەرچنار*

دوای ئەوەی کە کۆمەڵی هەرەوەزیی خانوو دروستکردن لە سەرچنار ماوەی پێدرا کە ئیتر بکەوێتە ئیشەوە و هەنگاوبنێ بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی پێکهێنراوە، بێگومان هەموو یەکێک لە کارگەی فەرمانبەران و کرێکاران زۆر بەوردی چاویان بڕیوەتە چۆنێتیی هەڵسووڕانی کۆمەڵ و چاوەڕوانی ئەوەن کە ئەو خانووانەی کۆمەڵ نیازی وایە دروستیانبکا، تیا بحەوێنەوە و ئەمەش لە قەشەنگترین خزمەت ئەژمێررێ.

ئەکەوینە هەڵەوە، ئەگەر تەنها هاتنە کایەی کۆمەڵی ناوبراو بە مەبەست دابنێین، وەیا ئیشی کۆمەڵ هەر ئەوەبێ ئابوونەی چوونە ناو کۆمەڵ کۆبکاتەوە، چونکە بەو ئابوونانە ئیش ناڕوا، ئەگەر هات و پارەیەکی مۆڵ نەبێ بە سەرمایەی.

کۆمەڵی هەرەوەزی سایەیەکە بۆ گەیشتن بە مەبەست، کە ئەویش مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژە و ژیانێکی کامەرانییە بۆ کرێکاران و فەرمانبەرانی کارگە. جا بۆ هێنانەدیی ئەم مەبەستە، ڕێکوپێکیی ئیشکردن و سینەفراوانی بۆ ڕەخنەی ڕاستکردنەوە و دانبەخۆداگرتن و لەیەکگەیشتن، هەمیشە زاڵبوونە بەسەر هیچ کۆسپێکا کە دێتە سەر ڕێ. وا چەند ڕۆژێکمان ماوە دەستبکرێ بە هەڵبژاردنی دەزگای بەڕێوەبەری نوێی کۆمەڵ. بێگومانین کرێکاران و فەرمانبەرانی کارگە درێخیناکەن لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستی خۆیان، کە توانایان بگونجێ لەگەڵ بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا و ئەو کەموکووڕییانەی لە نەریتی ناوخۆدا هەیە، چارەسەربکرێ بە شێوەیەک کە یەکەم داخوازیی سەرەکیی ئەم کۆمەڵە بهێنرێتە دی، کە ئەویش دروستکردنی خانووە و ئەنجا تێهەڵچوونی لقەکانیتر. هیواداریشین کە کاربەدەستانی کارگە هەروەک چۆن

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٨١، ١٩٦٢/٨/٢٣، ل١.

پشتگیریی ئەم کۆمەڵەیان لە سەرەتاوە گرتووە، هەر واش بەردەوامبێ لە پشتگیرییا و بەپەرۆشتر تا ئەو کۆسپانەی دێتە ڕێ، بە زوویەکی زوو تەختبکرێ. چاوەڕوانیش ئەکرێ، بەڵکوو پێویستە کە ئەندامانی کۆمەڵ یارمەتیبدا بۆ خزمەتی گشتی و گەیشتن بە داخوازییەکانی کۆمەڵی هەرەوەزیی خانوو دروستکردن.

شانۆی بیروباوەڕ:

## بۆ ژیان عومەر، ئاگادارییەک!![*]

ئەزمڕ،

خوشکی بەڕێز لە ڕۆژنامەی "بڕوا"ی خۆشەویستا، لە ژمارەی ٨٢ ڕێکەوتی بەرواری ٩٦٢/٦/٩ چاوم بە چەند دێڕ هۆنراوەیەک کەوت، کە کۆتکردبوونەوە لەژێر ناوی "ئەستێرە لە شیعری کوردیدا". جارێ پێشەکی سوپاسێکی بەگەرمت ئەکەم، چونکە کیژۆڵەیەکی کوردی خوێندەوار کە خووبداتە وێژەی کورد و حەزی بە زیندووکردنەوە و پێشخستن و گەشەپێدانی ئەدەبی نەتەوەکەی بێ، شایانی پڕشانازییە. بەڵام خوشکێ گلەییەکم هەیە کە کەمێک کەمتەرخەمیت نوواندووە و ناڕەواییتکردووە لەو کۆکردنەوەیەدا، چونکە گۆران هەرگیز نەیوتووە:

لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی ئاسمان

ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان

بەڵکوو وتوویەتی:

لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان

ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان

جا لە ڕاستیدا دەستکاریکردن و گۆڕین و شێواندن تاوانە وە خاوەنی شیعرەکە ئەگەر مابێ و لە ژیانابێ، زۆری پێتەنگە و لای ناخۆشە. دەستم داوێنت، جارێکیکە شیعری شاعیرێکت نووسییەوە، بە سەرنجی قووڵ و ئەندێشەی ورد و لێکدانەوە، ئەمجا بیخەرە سەر کاغەز! یا هەڵەیەکی زۆر زلت نوواندووە کە شاشاعیری کورد و شایانی شانازیی وێژەی کوردی، "حەمدی"ت لەژێر شیعرەکانی شاعیری نەناسراو و یەکشەوەدا نووسیوە، وە ئەمە یەکەم جارمە شیعری کاک بێزار صالح ئەبینم. خۆ کە ئەو دێڕە شیعرەیم بینی، فرمێسکێکی گەشم بۆ ئەدەب و بۆ شیعر ڕشت، چونکە بە هیچ جۆرێک لە

---

[*] ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٨٤، ١٩٦٢/١٠/٤، ل١، ٢.

شیعر ناچێ. هەرگیز گوێی‌نەداوەتە قافیە (پاشبەند)، بەڵکوو ئیتر لەسەرخوایی فەرموویەتی! کە بۆ نموونە ئەمەیە:

ئەستێرەکانی ئاسمان پشوونادەن وەک من ئەمشەو

خەفەتبارن، بێسرەوتن، شێتی خاڵی ئەمشەو

تەنها دوو "ئەمشەو"ی کردووە بە سەربار، ئیتر وەزانێ ئەمە ئەبێ بە شیعر، بەڵام تکام بۆ کاک بێزار ئەوەیە، پێش خۆخەریککردن لەگەڵ شیعرا، بخوێنێتەوە، خۆی فێری هەندێ یاسای شیعر و چۆنێتیی دانان و کێش و پاشبەند و واتەی بکا، چونکە بە زاتی ذولجەلال!! هیچ لەم شیعرە نەگەیشتووم، ناتەواوە. وە بیرم هەرگیز بڕناکا لە بیابانی فراوانی واتەکەیدا، چونکە ڕێهەڵەبوو و نازانم ئەم "شێتی خاڵی ئەمشەو" چییە و بۆ کوێوە ئەچێ و مانای چییە. تێگەیشتن لە پڵاوخواردن خۆشترە. چەند چاکیی لەگەڵا ئەکردم، کە ماناکەیم تێبگەیەنێ و ئەم پڵاوەم دەرخواردبدا. بەڵام من شتێکی‌تر گومانئەبەم، پیرەمێرد لەسەر ئەستێرە فەرموویەتی:

ئەستێرە بەرزەکانی ئاسمان بە شەو

وەک من بە داخەوەن، نە سرەوتیان هەیە، نە خەو!!

جا خەڵکە من ناڵێم بێزاری شاعیر ئەم شیعرەی لە پیرەمێردەوە وەرگرتووە، بەڵام ئێوە ناچرپێنن بە گوێما و بڵێن: لامان وایە بە چەکوشی زۆرەملێ و خۆخەریککردن و نقە، چرۆچاوی کەمێ قووپاندووە و شێوەی شێواندووە و ئەمە دەرچووە!

وە لە شیعری حەمدیدا "ونئەبێ ئەستێرەکان" ڕاستنییە، چونکە ونئەبێ بۆ تاک بەکارئەهێنرێ وە بۆ کۆمەڵ (کان) ونئەبن بەکارئەهێنرێ. کەواتە حەمدی فەرموویەتی:

تۆ کە دەرکەوتی وەکوو ڕۆژ، ونئەبن ئەستێرەکان

تەمئەکا ئەوسا ئەچێتە شکڵی سێبەر، ئاسمان

جا جگەرگۆشەکانی وێژەی کوردی، مامۆستاکانی ئەدەب، با شپرزەیی و بێشیرازەیی لەمە پتر پەرەنەسێنێ، چونکە لە ئەنجاما ئەدەبەکەمان بەتەواوی

لاواز و بێهێز ئەبێ. ڕەخنەی ڕاست، باوکی وێژەیە. وێژەی بێڕەخنە منالّی بێباوکە و ئەو منالّە لە دوارِۆژدا ئەنجامێکی باشی نابێ!! جا لە پێناوی بەرژەوەند و ڕاژەی وێژەی کورددا، گەورە دلّسۆزەکان وەرنە کۆڕ!

## سەیروسەمەرە*

بەڕاستی سەیرە و سەمەرەش، هەندێک بێ بیرکردنەوە لچێک هەڵئەقرچێنێت و زەردەخەنەیەکی درۆ ئەکات و ئەڵێ: "ئەو وتارە چییە نووسراوە و ... بەس". هەندێکیتر خۆی گێڤئەکاتەوە و ئەڵێ: ڕۆژنامەکەتان تا ئێستا چیی کردووە؟ ئەم جۆرە کەسانە کە خۆیان هیچیان لەبارانییە و هیچیشیان پێناکرێت و نەیانکردووە و بۆ ئەوەی کەموکورتی و نەزانی و نەفامیی خۆیان بشارنەوە، خەڵقی و کردەوەی خەڵقی و ئەم و ئەو و هیلاکبوونیان و لێبوردنیان و خزمەتی گەلیان بە سووک و بێسوود ئەهێننە بەرچاو و ڕەغنەی پووچی لێئەگرن و شاڵاوئەبەنە سەریان!

ئەم ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامەی "بڕوا"، بەپێی ئیمتیازی و توانای خۆی "چونکە ناتوانێ لەو چوارچێوەیەی کە قانوون بۆی داناوە، بچێتەدەرێ"، هەوڵیداوە و هەوڵئەدات و هەر خەریکبووە و خەریکە نەخۆشی و کەموکورتی و دەردی کۆمەڵی خستۆتە بەرچاو و پیشانیداوە و دەریخستووە و ڕێگەی چارکردنی بۆ دۆزیوەتەوە و داوای لە کاربەدەستان کردووە بۆ چارەسەرکردنیان. جگە لەمانە هەمووی، ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەی عەمر یا زەید نییە، بەڵکوو هیی هەموو میللەتە، هیی هەموو کەسێکی ڕاست و نیشتمانپەروەرێکە، هیی هەموو ڕۆڵەیەکی ئەم میللەتەیە کە ئەیەوێ بە ڕاستی خزمەتبکات، نەک لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی، وەیا لەبەر چەند عوقدەیەکی نەفسی کە تێکەڵی خوێنی بووە، هەر خەریکی هێرشبردنە سەرە، بێ ئەوەی هەوڵبدات خوارییەک ڕاستبکاتەوە.

ئەوەی بەلامانەوە سەیرە، ئەوانەی کە ماوەیەک لەم ڕۆژنامەیەدا ئیشئەکەن، هەر کە پەیوەندییان نەما بە ڕۆژنامەوە بەهۆی شتێکەوە، ئیتر پشتی لێئەکەنەوە و نووسینیان لەبیرئەچێتەوە، یا لەبیر خۆیانی ئەبەنەوە، هەر وەکوو ئەبێ نووسین هەر بۆ مەسڵەحەت بێت! وە کە ئەڵێم مەبەسم یەکدوو

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٣، ژمارە ٨٨، ١٩٦٢/١١/١١، ل١.

نووسەری ناسراوە، کە لەم ڕۆژنامەیەدا خەریکبوون، دوای جیابوونەوەیان تا ئێستا هەر بە لای ڕۆژنامەدا نەهاتوون، بگرە هەر ڕۆژنامە نابینن. کەواتە بڕوا ڕێگای لە کەس نەگرتووە، گەر بیەوێت ڕۆژنامەکە باشتربێت، با بێنە مەیدانەوە و ئیشبکەن، ئەوسا بۆت دەرئەکەوێت کە بڕوا چۆن دەستی یارمەتیت بۆ ڕائەکێشێت، نەک لە دوورەوە و لەبەر مەسڵەحەتێکی تایبەتی ڕەغنەی بێ سوود و کەڵک بگریت، بێ ئەوەی ئامانجێکی شەریفانەت هەبێت.

بەم جۆرە ڕۆژنامەی بڕوا تێکۆشاوە و تێئەکۆشێ، جا ئەو کەسانەی کە هەر قسەیان هەیە و ئیشیان لەدەستنایەت، باشتر ئەوەیە بچنە قاوغەکەی خۆیانەوە، هەتا لەمە زیاتر دەرنەکەون.

له هەر ئاوازە سۆزێک:

## ئاواز و ژیان*

به سەرپەرشتیی شاسوار

ئەم گۆشەیە وەنەبێت تازە کردبێتمانەوە، وەیان بۆ یەکەمجار بێت بنووسین بەم ناونیشانەوە، بەڵکوو ئەم گۆشەیە وە ئەم ناونیشانە ماوەیەکی زۆرە هەیە وە تیا نووسراوە. بەڵام ئەوەی شایانی باس بێت، ئەوەیە کە ویستمان ئەم گۆشەیە بکەینە گۆشەیەکی هەمیشەیی وە لە هەموو ژمارەیەکی ڕۆژنامەی "بڕوا"دا ئەم گۆشەیە هەبێت. بوونی ئەم گۆشەیەش تەنیا بۆ ئەوەنییە کە یەک کەس وتاری تیا بڵاوبکاتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە هەموو پێنووسێک بەکاربێت تیایا، وە هەموو نووسەرێک چیی لە مێشکدایە، بێ ئەوەی پێنووسەکەی بلەرزێت وە پەنجەی گۆنەکات، تیایا بنووسێت وە هەرچی شتێکی لە مێشکدایە، دەریببڕێت وە چاریبکات.

جا ئەم گۆشەیەمان لە چ بابەتێکەوە ئەنووسێت، وە چۆن خزمەتئەکات، ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێی ئەوەمان ئەکرد کە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی لەم بابەتەوە بنووسن. ئەویش ئەوەیە چی هەیە و نییە لەبابەت ژیانمانەوە، وە لەبابەت ئەم کۆمەڵەوە کە تیا ئەژین، وە ڕۆژانمان ئەبەینە سەر، وە ژیانی هەر یەکەیەکیشمان چیرۆکێکە وە ڕووئەدات. ئێمەش پێویستە چاری ئەم جۆرە شتانە بکەین. دڵدارە و لە دڵدارییەکیدا سووتاوە و یەکێک نییە ئاوێکی ساردی پیابکات و گڕ و ژیلەمۆی دڵی دامرکێنێ، بنووسە، باسیبکە، لێیبدوێ. ژنهێنانە و کۆتایی بە ناخۆشی و سزا و کوێرەوەری دێتەوە، بنووسە و لێیبکۆڵەرەوە. ئەم خەڵکەیە و کەوتۆتە گۆمی بۆگەنی کۆمەڵایەتییەوە، هەمیشە خەریکی "قاش و قاشقاشێنە". ئینجا وەرە سەر کۆمەڵێکیکە هەمیشە خەریکی نەگبەتی و قوڕبەسەریەتیی "دەنک و دەنککاری"یە. ئینجا هەندێکیکە وەک ڕاوکەر هەمیشە بەدوای ئافرەت و قومارکردن و مەیخواردنەوەن؛ پارە، پوول، ژیان، هەمووی

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٤، ژمارە ٩٢، ١٩٦٢/١٢/١٣، ل١، ٢.

خراوەتە ناو داوی ئەم جۆرە شتانەوە. کابرایەکی بێمێشک هەر لە خۆیەوە هەوەسی هەڵئەستێت، چییە ئەوە؟ بە خوا ژنئەهێنم. وەرە سەیری قوڕبەسەریەتیی ئەمانە کە. چەند ڕۆژێکی پێناچێت طەلاقیئەدات. ئەمانە و زۆر شتیکەش لەمبابەتە کە بەم ڕۆژگارە بۆتە فلیمێکی سینەمایی و لەناو ژیانی کۆمەلایەتیدا ڕووئەدات. ئینجا با بێینەوە سەر زمان و چاو و گوێچکەی ئەم خەڵکە! هەندێک هەمیشە زمانی کردۆتە مارێکی حەوتسەر و ئەیەوێت قاچت هەڵنووتێ و پێتەوەبدات. خۆ زمان زمان نییە، ژەهری مارە. ئەمە بێجگە لە چاوی پیس کە هەمیشە ئەڕوانێت بە چوارلای خۆیدا و هەر بە چاو ئیشارەتئەدات، چاو لەم و لەو هەڵئەتەکێنێت. خۆ گوێچکە مشکییەکان کە ئاگاداری خشەی مار و مێروون، هەمیشە خەریکی گوێهەڵخستنن، بزانن کێ شووئەکات، تەگەرەی تێبدەن؛ کێ تەلاقئەدرێت، بیگێڕێت بە مالاندا. ئەمانەش جۆرە نەخۆشێکیکەن. ئینجا وەرە سەر بەردەرگا دانیشتن، کە ئەلێی یاساولی کۆلانن. ئەمانەش هەر جۆرێکن. نموونەیەکیکەش هەیە کە قبووڵ و قبوولکارییان پێئەوترێت، ئەمانە شتیان زیادکردووە، خواردنەوە و یاریکردن.

ئەمانەی کە نووسیومە، هەموویان پارچەیەکی زۆر بچووکن کە ئەمانەوێت لەم گۆشەیەدا باسیانبکەین، چونکی هەر یەکە لەمانە، ئاوازێکن وە هەر ئاوازێکیش لە ژیاندا جۆری هەیە، خۆشە و ناخۆش، خۆشەویستییە و دڵداری، پێکەنینە و گریان، ئاوازە و دەنگناخۆش، خێرە و شەڕ، پیاوچاکییە و پیاوخراپی، دەوڵەمەندییە و هەژاری.

کەواتە ئەمجارەش داوا لە خوێندەواران ئەکەم کە هەرچی باسێکیان هەیە لەم بابەتەوە، بە شێوەی وتار بینێرن، بۆ ئەوەی پێکەوە [باسی] چاکە و خراپەی ئەم ژیانە و ئەم خەڵکە بکەین، بە مەرجێک هەموو نووسینەکان کۆمەلایەتی بن.

له هەر ئاوازە سۆزێک:

## سۆزی گواستنەوەی لادێ*

به سەرپەرشتیی شاسوار

سۆزە، ئاوازە، شمشاڵ و دەهۆڵ، زوڕنایە، باڵەبانە، لە دوورەوە وەک شەماڵ ئەدات لە پەردەی گوێم. دەنگی گۆرانیوتن، ئاوازی پڕجۆش، حەیران و لاوک، قەتار و ئەڵڵاوەیسی؛ ئەمانە و زۆر شتیکە یەکدەنگ لەگەڵ شەماڵی کەلچیاکان، خوڕەی ئاوی کانییەکان، دەنگی بەسۆزی مەلەکان، حیلەی ئەسپ و ماییەکان، ناڵەی تەقەکەرەکان، هاواری سەرچۆپیکەر، دەنگی چوارپێی کەرەکان.. هەمووی ئاوازێک، سۆزێک، دروستئەکات. خەڵکە چوارلای هەڵپەڕینەکەی داوە، ئافرەتە دەستی هەڵکردووە، کوڕی دێیەکە کەوتوونەتە خزمەتکردن. ئەمانە هەموویان سۆزن، ئاوازن، شایی و هەڵپەڕکێن، ژنهێنانە، زاوا ناوبەناو دەست ئەگرێت، هەڵئەپەڕێت. خەسووە، خەزوورە، بەتەنیشت یەکەوە هەڵئەپەڕن. زەردەخەنە، بزەی لێو، قاقای پێکەنین، وەک مرواریی ملوانکەی بووکێ دێتە خوارەوە لە دەم، لەسەر لێو!

ئەمانە هەموویان (سۆزی گواستنەوەی لادێ)ن. نامەوێ زۆر لێیبدوێم، لێیبکۆڵمەوە، بەڵکوو تەنیا ئەوە ئەڵێم: ئەم سۆزە، سۆزی بێئاگایە. ئەم ئاوازە گریانی لەپاشە، ناخۆشی و تەلاقدانی لەدوایە. بۆچی؟ لەناو کۆمەڵی ئێمەدا، بەتایبەتی لە لادێ، ناخۆشترین شت، بەڵکوو گرانترین وە خراپترین دەرد کە بڵاوبۆتەوە لەناو لادێکانی ئێمەدا، ئەوەیە بەشی زۆری لادێیەکان ژن بە ژن ئەکەن، کە ئەمە بە شێوەیەکی گشتی ژنهێنانێکە کە سەرکەوتن وە ژیانی زۆر کەم هەیە بتوانێت بیباتە سەر وە هەڵبکەن. ژنی ئەمیان لێدان ئەخوات، ئەویش لەو لاوە هەقەکەی لە خوشکەکەی ئەکاتەوە. ئەمە ئەتۆرێت، ئەویش ئەتۆرێ. کەواتە هەچ کامێکیان ئاژاوەیان نایەوە، ئەویش بەرامبەری ئەوە ئاژاوە ئەنێتەوە، ئەمانە و زۆر شتیکە کە ئەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی ئەم جۆرە ژنهێنانە. ئینجا

---

* ڕۆژنامەی "بڕوا"، ساڵی ٤، ژمارە ٩٤، ١٩٦٢/١٢/٣١، ل١.

وەرە سەر ئەوەی کە ژنهێنانێ کە لە لادێدا بەشی زۆریان ئەمانە کە ژنئەهێنن، پارەیەکی زۆر خەرجئەکەن. وە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن ژیانیان بە شێوەیەکی باش بەرنبەڕێوە. هەروەها هۆی تەندروستی و کۆمەڵایەتی وە ئابووری وە پارەنەبوون، وەهایان لێئەکات کە ئەیانهاوێتە ژیانێکی ناخۆشەوە. کەواتە پێویستە ئەمانە چاربکرێت، ئینجا ژنبهێنرێت لە لادێدا.

دامەزراندنی کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی کوردستان،
ئەرکی سەر شانی هەموو هونەرمەندێکە:

## ئەمڕۆی شانۆی کوردی و پرسیاری چار چییە؟*

کاری هونەری لە لای ئێمە هێشتا فەریک و ساوایە، پێویستی بە دڵسۆز و پشتیوانی زانا و ئازایە، ڕاستکردنەوە و ڕەخنەی ئەوێ، چەپڵەی ئەوانەی ئەوێ کە بۆی تینوون؛ لەخۆبوردن و ڕووبەڕووبوونی ئەوێ، تەگبیر و ڕای هەموو هونەرمەند و شارەزایەکی ئەوێ.

وەڵامی کاک ڕەفیق چالاک:

کە دەستمان خستە سەر ویژدانی نەتاساومان و وێرامان باوەڕی خۆمان دەرببڕین دەربارەی هەموو گۆشەیەکی ژیانمان و کە دڵسۆزبووین هەتا ڕادەی دڵگیرکردنی هەندێ کەس، یان هەندێ لایەن، ئەبێ ڕاستبین لە وتنمانا، لە کردارمانا، لە نووسین و وەرمدانەوەمانا. ئەم چەند دێڕەم بە پێویست زانی بیخەمە بەر چاوی ئەوانەی سیاسین، ئەدیبن، نووسەرن، هونەرمەندن، .. بەکورتی، هەموو ئەوانەی بە کاروباری گشتییەوە خۆیان ماندووئەکەن، بەمانە هەموویان ئەڵێم، بەبێ ئەوەی کەسیان لێببوێرم، کە بە شاردنەوەی ڕاستی، کە بە چارەسەرنەکردنی دەردی ترس و ڕیایی و مەرایی، کە بە درۆکردن و شاباشی ئەم و ئەو و پشتتەکاندن و لە پشتەوە ڕۆیشتن و "دە چی بکەین، هەر وایە و هەر وائەبێ"، باری کەوتوو ڕاستنابێتەوە، تاقمی مردوو زیندوونابێتەوە و زین هیی ئەسپە و قەڵەم هیی نووسەری ڕاستە و هۆنراوە هیی هۆنەری ئازا و مەردە و هونەریش هیی هونەرمەندانی لێهاتووی بەتوانای ناوجەرگەی میللەت و وەرن هەر کەسە لە سنووری کارەکەیا با ڕاستبێ و تەنیا ڕێگای پێشکەوتنیش لێرەوە دەست پێئەکات و بێینەوە سەر شانۆی کوردی، ئەمڕۆ چار چییە؟

هەتا ئێستا و بەبێ پێچوپەنا، ئێمە شانۆمان نییە. ئەگەر شانۆ ئەو جێگایانە بێ کە لە وڵاتانی دەری عیراقدا هەن و دیومانن و دەربارەمان خوێندوونەتەوە و کە

---

* ڕۆژنامەی "برایەتی"، بەغدا، خولی چوارەم، ژمارە ٣، هەینی، ١٩٧٢/٦/٩، ل٣.

بینای قەشەنگی گەورەی پڕ لە پێویستیی هونەرییە، هەر لە چۆنیەتیی بیناکەوە و تا پانتایی و قوولایی و ڕازاوەیی و بونی هۆیەکانی یارمەتیدەری هونەر، وەک ڕووناکی و دیکۆر و شانۆی بزواو و هۆیەکانی‌تر، ئەوە هەر لە هەموو عیراقدا نەهاتۆتەکردن. ئەگەر ئامانجیش لە شانۆ، ئەوانەبی کە ئێستا هەن، ئەوە –بە ڕای من– نین. با بشبن، ئەو کەسەی زۆری تەمەنی خۆی لەسەر ئەو تەپۆلکە و حەمامۆکێی منالانەیە بردۆتە سەر، ئەو ئەزانێ شانۆ یەعنی چی.

بێینە سەر چیرۆکەکانی تەمسیل؛ بێ‌گومان هەموو میللەتێک کە دواخرابێ، بەئەنقەست لە هەموو شتێکدا دواکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، گیانی نەبەزیوی نەتەوەکەمان لە هەموو دەورێکدا، لە هەوڵدانی خۆی نەکەوتووە بۆ پێشکەوتن. چیرۆکی بێگانەمان هێناوەتە سەر ئەو شانۆیانە، هەروەها چیرۆکی خۆماڵیش. بەڵام ئەو چیرۆکە خۆماڵییانە و ئەو چیرۆکنووسانە هەتا ئێستا هەر مەجبووری ئەوەبوون کە هەندێ نەخۆشیی بێ "بڤە"ی ناوخۆمان چارەسەربکەن و نەیانوێراوە بچن بەلای چارەسەرکردنی دەردە ڕاستەقینە کوشندەکانی ناو کۆمەڵگاکەمانا و لەمەشدا ناهەقییان ناگرم، چونکە تۆ کە شتێکت نووسی و نەهێڵرا تەمسیل‌بکرێ و بڵاوبکرێتەوە، چارت ناچارە ئەبێ ئەوە بنووسی کە ئەشێت، یا ئەلوێت بۆ ئەو ڕۆژە.

دێینە سەر هونەرمەندانی تەمسیل؛ بێ‌گومان ئێستاکە و لە بیست‌ساڵ زیاتریشەوە میللەتی کورد هونەرمەندی باشی تەمسیلی هەیە و ئەم هونەرمەندانە کە یەکیان‌گرتووە و بە ڕێکوپێکی کاریان‌کردووە، بە دڵ و بە گیان هاتوونەتە پێشەوە، زۆر سەرکەوتوون و ئەو بێگانانەی چاویان بەو تەمسیلە جوانانە کەوت کە پێشکەش‌ئەکران، سەریان سووڕئەما و بڕوایان‌نەئەکرد کە لەناو کوردا چیرۆکی تەمسیلیی بێگانە لە لایەن ئەو تەمسیلکەرانەوە بەو شێوازە بەرزە بکرێت.

بەڵام وەک نەبوونی شانۆی تەواو و نالەباریی باری کوردستان، چیرۆکی باشی خەفەکردووە، ئەم یەکنەبوونی هونەرمەندان و کۆنەبوونەوە و بەیەکەوە ئیش‌نەکردنیشیان، دەردێکی‌تری پێش‌نەکەوتنی هونەرە. دەردی دواییش ئەگەڕێتەوە بۆ میری، نە شانۆیە و نە پارەیە و نە ئامرازی هونەرییە و نە پشت‌گرتن و ئەمەیە حاڵەکەی هونەری کوردیی تەمسیل یان شانۆی کوردیی تیا ئەژی ئەمڕۆ.



کاک ڕەفیق چالاک لە دەوری لالەسەرحەدا لە دیمەنێکی چیرۆکی شانۆی "بووکی ژێر دەواری ڕەش" کە ساڵی ١٩٦١ کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی سولەیمانی پێشکەشی‌کرد

بێینە سەر چار. بە باوەڕی من و پاش ئەو تەجروبەیەی وا بوو بە ٣٧ ساڵ کە بۆ جاری یەکەم پێم‌نایە سەر تەختەی بەناو شانۆ لە قوتابخانەی فەیصەڵییەی سولەیمانی، ئەم چەند خاڵەیە:

١. ئەی هونەرمەندانی کورد، تێکڕا هەمووتان بە تەمسیل و مۆسیقا و گۆرانی و ڕەسم و پەیکەرتاشی و خۆشنووسی و هەڵپەڕکێوە، یەکبگرن و کۆمەڵێک هونەری جوانی کوردستانی دامەزرێنن و بوو بە عەیبە "من‌من و تۆتۆیی" و ئەمە بەردی بناغەی پێشکەوتنە.

٢. وەزارەتی کاروباری ژووروو، ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، لێپرسراوە بۆ دروستکردنی شانۆی تەواو بە یارمەتیی کۆڵبەنکیان لە شارەکانی سولەیمانی و کەرکووک و هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە و کۆیە و قەڵادزە و زاخۆ و شەقڵاوە لە پلەی یەکەم‌دا و ئینجا لە قەزا گەورە و پێشکەوتووەکانی‌کە.

بە زوویی ئیستگەی کوردیی بەغدا و تەلەفیزیۆنی هێشتا دروست‌نەکراوی کوردی بدرێتە دەست ئەو کوردانەی شارەزای هەموو کاروبارێکی ئیستگە و تەلەفیزیۆن و جۆرەکانی هونەرن و "نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب!".

٤. پارتی دیموکراتی کوردستان، سووربێ لەسەر ئەوەی بەپێی نەخشەیەکی هونەری گەورەترین ژمارە لە کورد ڕەوانەبکاتە دەری عیراق بۆ فێربوونی هونەری جوان و

پێویستییەکانی و مەشقکردن لەسەر پێویستییەکانی ئیستگە و تەلەفیزیۆن لە ڕێی زەمالاتەوە، حکوومەتەوە، لە ڕێیی بە پارە پێخوێندن و فێرکردنیان.

میللەتان بە بەرزی و پێشکەوتوویی هونەری جوانیان ئەناسرێن. مەسەلە کرداری جوان و قسەی ڕاست و چارەسەری چەوتییە، نەک چاولێنووقاندن و زۆرم پێیە و بۆ ئێرە با ئەمەندە بەس‌بێ و ئەی هونەرمەندانی کورد یەکگرن.

**لە بیرەوەریی**

**هۆنەری ڕێچکەشکێنی نەمردا***

با خامە بشکێ و با دەفتەر بدڕێ و با نم لە چاوا نەمێنێ و وشکاییی‌دابێ و نەبینێ؛ با دەم بچێتە کلیلە و نەکرێتەوە؛ با هۆنەری ڕێچکەشکێنی نەمر شێخ نووریی شێخ صالّح هەر لە دووتوێی خاکی پاکی کوردستانەکەیا دڵئارام بنوێ و با هەر لەگەڵ گەورەپیاوانی هەقشوناسی هەقپەرستی لەسەر هەق فەوتاو و نەماوی وەک عارف صائیب و جەمال عیرفانا بێ و با هەموو جوانیپەروەر و ڕاستیپەروەرێک زوو بکەونە خۆیان و زوو یەکبگرن و زوو هەق و ڕاستی دەرببڕن و زووتر بچن بەگژ ناشیرینی و ناڕاستی و چەوتی و درۆزنی و ساختەکاری و هەموو گەندەڵ و کرمۆڵ و ملۆزم و ناپاکان‌دا و ببن بە هێزێکی ئەوتۆ کۆمەڵگای پڕ مەینەت و کوێرەوەریی ئەمڕۆ بگۆڕێت بە خۆشی و جوانی و داد و ڕاستی و هەقپەروەری و یەکسانی.

لە ساڵی ١٨٩٦دا، پێی‌نایە دنیاوە و لە ١٩٢٢دا بووە خاوەن‌ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان". هۆنەرێکی باش و لێوەشاوە، خاوەنی ئۆپەرێتی مەلحەمەی دلداری و نیشتمانپەروەری، ڕێچکەشکێنی هۆنراوەی نوێی کوردی پێش خوالێخۆشبووە نەمرەکانی‌ترمان کە پیرەمێرد و گۆران لە دووریانەوەن. هەقپەرست و ڕاستیپەروەر، پاک و بێ‌خەوش، بە ناسۆرەوە ژیا و بە ناسۆرەوە سەری‌نایەوە و یەکەم ئاوازدانەری هۆنراوەی خۆشی بوو لە بیستەکان‌دا.

لە ڕۆژی ١٩٥٨/١٢/٢٠دا خامەی شکا و دەفتەری دڕا و نم لە چاویا نەما و ئەو دەمە جوانەی چووە کلیلە و لەژێر باری غەما سەرنگوون و بێ‌ئارام، بە کێوی سەختی ژیانا بە چنگەڕنێ خەریکی هەڵمەتی سەرکەوتنە بگاتە مەرام، لەپڕ نشێوی کلۆڵی بواری لێ‌ئەتەنێ، بە داوی جەور و خەفەت تاروپۆی لە ئێش و زام. هەزار سڵاو لە یاد و دیارت.

* ڕۆژنامەی "برایەتی"، بەغدا، خولی چوارەم، ژمارە ٢٩-٣٠، پێنجشەممە، ١٩٧٢/١٢/٢١، ل٨.

## ئەرێ هەباسە،
## لە دیوەخانان چ باسە؟*

هونەر و وێژە لەناو هەموو میللەتێکدا و بە هەموو چەشنەکانیانەوە، جوان و بەکەڵک و پێویستن، باشترین هۆن بۆ وریاکردنەوەی گەل، بۆ فێرکردنی، بۆ ئاڕاستەکردنی، بۆ بەرزکردنەوەی چێژی هونەری و سەوییەی ئیدراک.

پێوانەی ئێستاکەی ئەم چەرخە بۆ پێشکەوتن و پێگەیشتنی میللەتان، بەرزی و نزمی، پێسکەوتوویی و دواکەوتوویی هونەر و ئەدەبە لەناو ئەو میللەتەدا. ئەدیبان و هونەرمەندان پێشەنگ و ڕێچکەشکێنی میللەتانن، ئەوان پێش هەموو کەسێک دەرک بە بارخراپی ئەکەن و یاخیئەبن لە هەموو چەوتی و جەور و نالەبارییەک و بە هۆنراوە، بە چیرۆک، بە پەخشان، بە وتار، بە تەمسیل، بە نیگار، ئەکەونە وریاکردنەوە و ئینجا ڕێکخستن و کردار و سەرکەوتن دێتە وجوود. وشە و کرداری ڕەنگینی ئەوان، ڕاپەڕین و شۆڕش و سەرکەوتن، قارەمانی و گوللە، تەقەمەنی و سەرکردایەتی، دروستئەکات. یەکەم پێشمەرگەی ڕێی شەرەفی میللی و چینایەتی، ئەدیب و هونەرمەندەکانن. هەر ئەمانیشن کە لەپێش هەموو کەسێکیکەوە بەر جەزرەبەی نانبڕین و گرتن و کویرەوەری و کوشتن و هەڵواسین ئەکەون.

ئەمەیە بەکورتی هونەر و ئەدەب و ئەدیب و هونەرمەندە هەتا شارستانیەتی پێشبکەوێ، ئەمان و بەروبوومی پڕ پیت و خێریان خۆشەویستترئەبن و ڕێزیان زیاتر لێئەگیرێ و نەمرن خۆیان و کرداریان هەتا دنیا دنیابێ. هەموو دامودەزگایەک و پارتێکی سیاسیش، گەورەترین بایەخیان پێئەدا و قووڵترین ڕێزیان لێئەگرێ.

لە بڕگەی (ب) وە (و) لە بەندی (٢٣)ی پڕۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستانا ئەڵێت: تێئەکۆشین لە ڕێی بووژاندنەوەی ئەدەب و مێژوو وە هونەری کوردیدا، لە ڕێی دەوڵەمەندکردننیان بە کەلەپووری مرۆڤایەتی؛ تێئەکۆشین لە ڕێی بەرزکردنەوەی هونەر و وێژەی کوردیدا، وە بەکارهێنانی وزە و توانای شۆڕشگێڕییان لە ڕێی ڕاژەی گشتیی مرۆڤایەتی و سوود و ئامانجە ڕەواکانی گەلی کوردمان بەتایبەتی؛ تێئەکۆشین

---

* ڕۆژنامەی "برایەتی"، بەغدا، خولی چوارەم، ژمارە ٣٢، پێنجشەممە، ١٩٧٣/١/٤، ل٨.

بۆ پشتگیریی چالاکیی ئەدەبی و هونەروەری و دامەزراندن و زیاترکردنی شانۆ و یانەی وەرزشی. هەروەها پارتە سیاسییەکانیکەی ناو ئەم عیراقە، ئەو ڕێز و پشتگیرییەیان بەرامبەر بە هونەر و ئەدەب پیشانداوە. لە کاتێکدا ئەمە وایە و ئەدیب و هونەرمەند خۆی خۆی پێگەیاندووە و خۆی دامودەزگا بۆ خۆی دائەمەزرێنێ و دەستئەکات بە کارکردن، بێگومان پێویستە لەسەر هەموو لایەنێکی سیاسی و ناسیاسی و حکوومەتیش، بە هەموو توانایەکەوە پشتگیرییانبکەن و ڕێیان بۆ خۆشبکەن و هەموو جۆرە یارمەتییەکیانبدەن، تا بتوانن ئەرکی سەر شانی خۆیان بە جوانی و بە باشی جێبەجێبکەن و بەروبوومیان قووڵتر و ڕازاوەتر و زۆرتر بکەن. ئەڵێین: لە کاتێکدا کە ئەبێ وا بکەن، هەندێ دەم..... لە هەندێ لادەر، لەبەر هەندێ هۆ!! بەربەرەکانێی هەندێ هونەرمەند و ئەدیب و دەزگای هونەری و ئەدەبیی ناسراو ئەکەن، گوایە "بێ ئیزن و سەربەخۆ ئەمە کراوە"، یان "قسە لە ......" بە هەندێ لا وتراوە.

ئەوی پێویستبێ لێرەدا بە ئاشکرا بیڵێین، ئەوەیە: هیچ کەسێک وەصی نییە بەسەر هیچ کەسێک و هیچ دامودەزگایەکەوە. هەموو کەسێک بۆی هەیە لە سنووری یاسا و لە ڕێی خزمەتی میللەتەکەیدا چاکی مەردایەتیی لێهەڵبکات و چیی لەتواناداهەیە لە خێر و فەڕ و جوانی و کرداری بەسوود، پێشکەشیبکات. مەسەلەی ئەدەب و هونەر و سیاسەت و ساختەکاریی هەندێ کەس، کە بەزۆر خۆی کردووە بە ئەدیب و هونەرمەند، بە دەم نەک بە کردار، مەسەلەیەکی کۆنە و سەرلەنوێ هەڵیداوەتەوە. بەڵێ تیراوێیە!!

هونەرمەندان و ئەدیبان لە فکرا هەموو یەکنین، هەر یەکە باوەڕێکی هەیە و هەر یەکە سەر بە کۆمەڵێکی سیاسیی جیاوازە. بۆ نموونە، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، پارتیشی تیایە و شیووعیش و لایەنیتریش و بێلایەنیش. کۆمەڵگاکەمان وایە و نابێ و نەکراوە و هەرگیز ناگونجێ زۆر لە خەڵکی بکەی و باوەڕی خۆتی بەسەرا بسەپێنی. هەروەها کۆمەڵی زانیاریی کوردیش (ثقافة)، چونکە ڕۆشنبیری (ثەقافە) نییە، ڕۆشنی فارسی ڕووناکیی کوردییە، بیریش فکری عەرەبییە. ڕۆشنبیری، یەعنی "الفکر الحر". بەڵام زانیاری لە کۆنەوە هەر "ثەقافە" بووە. هەروەها یەکێتیی نووسەرانیش هەمەجۆرەیە و مەسەلە شێوەی ئەمڕۆی کۆمەڵگاکەمانە.

لە کاتێکدا کە لە دامەزراندنی دامودەزگای ئەدەبی و هونەریدا مەسەلەی ئیزنخواستن لە هیچ تاقمێک پێویستنییە. لەگەڵ ئەوەشدا و بەبێ گومان و لە سەداسەد هەموو ئەندامێکی هەموو پارتێکی سیاسی لە ڕێی خۆیەوە پرسیار و ئیزن و ڕای پارتەکەی خۆی وەرئەگرێ، ئینجا ئەچێتە ناو ئەو جۆرە کۆمەڵانەوە و ئەمە بووە و

تەواو. کۆمەڵی هونەر و ویژەی کوردی لە ماوەی مانگێکی دامەزرانیا لە بەغدا، توانیی سێ پرۆگرامی نیوسەعاتی بۆ ئیستگەی کوردی و دوو پرۆگرامی تەلەفیزیۆنیی نیوسەعاتی و کۆڕێکی شیعریی سێسەعاتی پێشکەشبکات. ئەم بەروبوومە زۆرە لەو ماوە کەمەدا، ڕقی هەندێ ئەدعییای ئەدەب و هونەریان هەڵساند و کەوتنە درۆکردن و مەجبوور شریتی ئەو بەروبوومانەمان برد و خۆمان لەو بوختانەش ڕزگارکرد، کە –گوایە– ..... قسەمان بە هەندێ لایەن وتووە.

من بەو ئەدیب و هونەرمەندانە! ئەڵێم: بۆچی ئێوەش ئیشی باش ناکەن و لەو ڕێیەوە دەرکەون؟! بۆ ئەتانەوێ کۆمەڵی باش و پرۆگرامی باش و کرداری چاک نەمێنێ؟! نەگبەتییە، کەس چاوی بەوی‌کە هەڵنایەت! نەگبەتییە، لەپاش ٤٨ ساڵی دەستپێکردنی بزووتنەوەی هونەروەری و لەپاش سەدان ساڵی بڵاوبوونەوەی گیانی ئەدەبی لە کوردوستانا، کەچی هێشتا خەڵکی وا بتوانن بە هەر ناوێکەوە ببێ، بینە ڕیزی ئەدیبان و هونەرمەندان.! "کۆمەڵی هونەر و ویژەی کوردی"، کە لەپێش هەموو دامودەزگاکانی‌کەی ئەدەب و هونەرەوە لە ساڵی ٩٧٠ لە سلەیمانی دامەزراوە و کە بە هەق جێگرەوەی کۆمەڵی هونەرە جوانەکانە، کە یەکەمین دامودەزگای هونەری بوو لە کوردستانا دامەزرا لە ساڵی ١٩٥٧دا، ئەڵێم: ئەو کۆمەڵە کە توانیی بە کرداری مەردانەی ئەندامەکانی کە زۆربەی هەرە زۆریان قوتابیی کۆمەڵی هونەرە جوانەکانن، گەورەترین و زۆرترین خزمەتی ئەدەب و هونەری کورد بکات و لق بکاتەوە لە کەرکووک و هەولێر و بەغدا و باشترین نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و دەستڕەنگین یەک پێبگرێ و کۆبکاتەوە و دروشمی "ئەی هونەرمەندان و ئەدیبانی کوردستان، یەکبگرن لە کۆمەڵێکی یەکگرتووی کوردستانی‌دا!!"، ئەڵێم: ئەو کۆمەڵی هونەر و ویژەیە، هەڵگری ئەو مەخشەڵەیە کە لە ساڵی ١٩٢٥دا مەحموود جەودەتی نەمر و هاوڕیکانی لە یەکەم ڕێچکەشکێنەکانی کوردایەتی دایانگیرسان و بە ئێمەیان سپارد و هەرچی دەمی پیس هەیە، یەکبگرێ و فووی لێبکات، "کوژاندنەوەی" خەوبینینی هیچلەبارانەبووەکانە و ئەی هونەرمەندان و ئەدیبانی کوردستان، یەکبگرن و هەموو میللەتی کورد چاوەڕوانی بەروبوومتانە و پشتگیری هەق و ڕاستی و جوانی.

وتاری کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی - لقی بەغدا

**لە یادی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردا***

(لە ڕۆژی ١٠ی شوباتا لە لایەن سەرەکی لقی بەغداوە خوێندرایەوە)

بەڕێز مامۆستا صالح یووسفی، سەرەکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

بەڕێزینە، هەڤاڵانی خاوەن بیروباوەڕی بەکەڵک و وشەی جوان و کرداری بەسوود، پێشمەرگە خامەهەڵگرەکانی ڕیزی پێشەوەی ورياکەرەوەی میللەت و تۆقێنەری دوژمنانی ڕاستی و هەق و ئازادی! پیرۆزبایی یادی سێیەمین ساڵی دامەزراندنی یەکێتییەکەتان ئەکەین، بە ناوی زیاتر لە ٣٠٠ ئەندامی مەڵبەندی گشتیی سلێمانی و لقەکانی هەولێر و کەرکووک و بەغدای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردییەوە، کە ئەو شەرەفە گەورەیەی پێ‌بەخشیوین بە ناوی کۆمەڵەوە بەشداریی ئەم یادە خۆشەتان بین.

لەگەڵ پیرۆزباییمان‌دا، داوای سەرکەوتنیشتان بۆ ئەکەین بەسەر هەموو کۆسپ و تەگەرەیەکیش‌دا کە دێتە ڕێی کارکردنتان لە ڕێی خزمەتی میللەتەکەمان‌دا. لە ڕۆژێکی وا مێژوویی‌دا، وای بە باش ئەزانین کە لە چەند بابەتێکی پێویست بە ئەدەب و هونەر، بە ئامانجی میللیی نەتەوەی کورد بدوێین. ئەم لێدووانەش بۆ ئەوەیە کە ئێمەش وەک کۆمەڵێکی کوردستانی ئەدەب و هونەر بیروڕای خۆمان دەرببڕین سەبارەت بە ڕێڕەو و کردار و ڕەوشت و کاروانی هەڵگرانی بیروباوەڕی بەکەڵک و وشەی جوان و کرداری بەسوود، بەو نیازەی هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرا بێت لە بەرچاوی هەموومان و لەیەک‌بگەین و بەیەکدا بجۆشێین و بەپێی نەخشەیەکی باش‌دانراوی زانستییانە و شیاو بە باری ئەمڕۆمان بکەوینە کار، بەو نیازەی هەنگاوێک بەرەوپێشتر برۆین و کردارێکی بەسوودتر بهێنینەدی.

دنیای ئەمڕۆ دوو دنیایە، دنیایەکی چەوسێنەرەوەی میللی و چینایەتی و کۆنەپەرست و شۆڤێنی و داگیرکەر، دنیایەکی چەوسێنراوە و بەری پێشکەوتن

* ڕۆژنامەی "برایەتی"، بەغدا، خولی چوارەم، ژمارە ٣٩، ١٩٧٣/٢/٢١، ل٤.

لیَ‌تەنراو و داگیرکراو. دوو دنیا، دوو کۆمەڵگا، دوو بیروباوەڕ، دوو جۆرە ئەدەب و هونەری لەیەک‌جیای دژی یەک. بە نیسبەت نەتەوەی کوردەوە کە تازە وا لە عیراقی برایەتیی عەرەب و کوردا پێی‌ناوەتە سەر ڕێی بەهەق‌گەیشتنێکی میللیی ڕەوا و لە شوێنەکانی‌کەی کوردستانیشا چاوەڕوان و بیَ‌بەش تا ڕادەی بە زمانی کوردی نەنووسین و نەدوواندنیش؛ ئەڵێین بە نیسبەت ئەم نەتەوەیەی ئێمەوە، ئەبیَ جێی سروشتیمان، سوود و هەق و چارەنووسی ڕەوامان، لە کویَ‌دا بیَ؟ بیَ‌گومان لەگەڵ هەموو چەوسێنراوەکانی دنیادا، لەگەڵ کامپی شۆڕشگێڕان و هەقپەرستان و ئازادیویستەکان‌دا. بەکورتی، ئەمە ڕاستە ئامانجە نیشانکراوەکەی ئەدیبان و هونەرمەندان و زانایانی نەتەوەی کوردە.

ئەدەب و هونەرێکی شۆڕشگێڕی هەقپەرستی ئازادیخواز، ئەدیب و هونەرمەند و زانا و نووسەرانی ڕێی هەقی میلليی دژی داگیرکاری و چەوساندنەوە، دژی هەموو خەوش و ناشیرینییەک بە تێکڕایی و خەباتی گەرم لە ڕێی چەسپکردنی تەواوی هەقی نەتەوەی کورد و دیموکراتیەتی بۆ عیراق و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو، یەکڕیزیی هەموو گەل دژی ئیستیعمار و پشتگیریی هەموو هەقێکی ڕەوای نەتەوەی کورد لە کوردستانەکەیا و هەموو نەتەوەیەکی ڕووی زەوی بە شێوەیەکی تێکڕایی.

بووژاندنەوە و ڕازاندنەوە و بەرگی جوان بەبەراکردنەوەی فۆلکلۆر و کەلەپووری شیاوی ڕابوردوومان، ساغکردنەوەی مێژووی ئەدەب و هونەر و زانیاریی ڕابوردوومان، دەرس وەرگرتن لە بەسەرهاتی ڕابوردوومان، ئینجا نەخشەیەکی زانستییانەی شیاو بە کردار و گونجاو لەگەڵ باری ئەمڕۆمان بۆ هێنانەدیی ئامانج، وریاکردنەوەی میللەت، فێرکردنی، ئاستبەرزکردنەوەی و بەیەکاجۆشاندنی.

ئەمە ئەو بنکە پتەوەیە کە ئەبیَ لێوەی دەستپیَ‌بکەین و سوود و کەڵکیش لە کەلەپووری گەلانی پێشکەوتووەوە وەربگرین. داموەدەزگا و کۆمەڵ و تیپ و تاقم و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبخانە و ئیستگە و تەلەفیزیۆنمان هەیە و زانکۆ و کۆزمان؛ ئەمانە بە ناوی کوردەوە و لە ڕێی پەروەردەکردنی گەلەکەمان‌دا دروست‌کراون. ئەمانە هیی هەموو گەلی کوردن، ئەمانە هۆن بۆ ئەو ئامانجەی باسمان‌کرد و لێی‌دووایین، بەڵام تا چ ڕادەیەک یەکبوون، یارمەتی، پشتگیریی

یەکتری، تەنسیق هەیە لە نێوانیاندا؟ کەی ئەم دامودەزگایانە بەیەکەوە کۆبوونەوە و لە شتێکیان کۆڵییەوە و نەخشەیەکیان دانا و داوای ئیلتیزام، یەکێتی، بەیەکاجۆشانێکیان کرد؟

سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا

هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە، ساڕێژینەکەی.

وا بوو بە پەنجا ساڵ زیاتری وریابوونەوەی میللی، وا بوو بە پەنجا ساڵ زیاتری وتنی ئەو شیعرە سەرمەشقەی کارکردن، هێشتا نە برینمان ساڕێژکردووە و نە یەکمانگرتووە و بۆیە یەکئەگرین، جیاببینەوە و بەیەکاهەڵشاخێین و کە جیاشبووینەوە، هەست بە بێتوانایی و نەدامەت ئەکەین و هەوڵئەدەین و هاتوهاوار ئەکەینەوە بۆ ئەوەی یەکبگرینەوە، بە قسە نەک کردار.

با لەم ڕۆژەدا و بە بۆنەی ئەم یادەوە، بەڵێنی یەکێتی و بەیەکاجۆشان بدەین و ئەوەمان لەیادنەچێ کە هەتا پێشڕەوەکانی باوەڕ و ئەدیبان و هونەرمەندان و زانایان یەکنەگرن و بە دڵ یەکنەبن، ناتوانن کرداری گەورە بکەن، ناتوانن کەلەپووری نەتەوایەتی ببووژێننەوە، ناتوانن نەخشەی لەبار و شیاو دابنێن و ناشتوانن میللەت یەکبخەن و ئاڕاستە بەرەو ئامانجی گەورە و پیرۆز.

با لە بەرچاومان بێ، کە لە هەموو مەیدانێکدا کادر و کارامە و لێهاتوومان کەمە. ئەگەر هەمووی کۆکرایەوە و کۆنگرەیەکی گەورەی ئەدیب و هونەرمەند و زانایانی ڕێی هەق و ڕاستی و جوانی گیرا و یەکێتییەکی جۆشاوی لێ هاتەدی، ئەتوانین مەسحێکی هەموو کردارێکی ڕابوردوومان بکەینەوە و هەموو برینێک ساڕێژبکەین بە شێوەیەکی برایانە و دیمۆکراتیانە و نەخشە بکێشین لەسەر بناغەیەکی زانستییانە و بکەوینە کارکردنێکی بەسوود لە ڕێی پێشخستنی میللەتەکەشمانا لە ڕێی خزمەتکردنی شارستانیەتیشدا.

با ببڕێتەوە دەوری پشتکردنە یەک و ماڵماڵۆچکە، با بەسبێ دەوری بەیەکاهەڵشاخان و بەیەکدانەلکان لەسەر بابەتی هیچوپووچ. دنیای ئەمڕۆ، باری ئەمڕۆ، پێویستیی ئەمڕۆمان بە یەکێتیی هەموو نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان و زانایانی بیرڕووناکی ئیشکەری پێشکەوتنخوازە. با بە خۆمانا بچینەوە، با قورقوشم لە گوێچکەمان دەربێنین، تاکوو هەموو شتێک ببیستین، بەڵام ئەوە وەربگرین کە لەگەڵ ئامانجی میللەتەکەماندا ڕێکئەکەوێ. با

چاومان نەگرین و هەموو شتێک ببینین. بەڵام ئەوە بخەینە خانەی دەروونەوە کە بەکەڵکی میللەتەکەمان دێ. با زمانمان ڕاستی بڵێ و خامەمان هەق بنووسێ. با زوو بەیەکبگەین و زوو بکەوینە خۆمان و زووتر بکەوینە کار، تا خێراتر و باشتر و کاریگەرتر میللەت وریاتربکەینەوە و پێیبگەیێنین و بیخەینە سەر ڕێڕەوی پێشکەوتن و بەختیاری.

لە ناوچەی کوردستاندا، یەکێتی و لە عیراقدا هاوکاری و لە عالەمدا بەشداریی شارستانیەتی و ڕاستی و جوانی! کاتی دەمگرتن و چاوبەستن و گوێکەڕکردن و خامەشکاندن نەما. کاتی کڕنۆشی ڕیا و مەرایی و پاڕانەوە نییە و ئەدیبان و هونەرمەندان و زانایانی ڕاست خامەیان چەکە و وشەیان گوللەی ڕاستی و شانۆیان بۆمبای هەق و ئازادی و سەدای کەشکەشان گریان، جوانی و برایی و بێوەیی و یەکسانی. دەوری کۆن بەسەرچوو، باوەڕی کۆن و گەندەڵ و قرچۆک وا لە دارەمەیتی مەرگا و هێز نییە زیندوویبکاتەوە و ئەی ئەدیبان و هونەرمەندان و زانایانی شۆڕشگێڕی بەرەی میللی، یەکبگرن و ڕێ بەرمەدەن و ئامانج وا لە بەردەمتانا و بۆ پێشەوە.

ڕەفیق چالاک

سەرەکی دەزگای بەڕێوەبەری

کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی - لقی بەغدا

**ئەدەب،**

## به مه‌عنای تایبه‌تی و به مه‌عنای گشتی

### فه‌صڵی یه‌كه‌م

له‌ دێرزه‌مانێكه‌وه‌ ئه‌ده‌ب دوو مه‌عنای جیاجیای بووه‌، به‌ڵام له‌ یه‌ك نزیكبوون:

یه‌كه‌م: ڕاهێنانی نه‌فس به‌ فێربوون، وه‌ ته‌مرینكردن له‌سه‌ر ئه‌و شتانه‌ی ڕه‌وشت و خوو باش‌ئه‌كه‌ن.

دووه‌م: قازانجكردن له‌م ڕاهێنانه‌ وه‌ وه‌رگرتنی ڕه‌وشت و خووی پاك و ڕێگای ڕاست گرتن.

ئه‌و باوكه‌ی ئه‌مرئه‌كات به‌ كوڕه‌كه‌ی به‌ ڕێگای چاكا بڕوا و چاكه‌بكات، خۆی له‌ ڕێگای خراپ لادا و خراپه‌نه‌كات، به‌و باوكه‌ ئه‌ڵێن موئه‌ددیبی كوڕه‌كه‌ی، وه‌ به‌ كوڕه‌كه‌ ئه‌وترێ ڕۆیشتووه‌ له‌سه‌ر ئه‌ده‌بی باوكی، یان به‌ مه‌عنایه‌كی‌تر وه‌رگری ئه‌ده‌بی باوكی.

له‌پاشانا ئه‌م كه‌لیمه‌یه‌ (ئه‌ده‌ب) كه‌مێك ته‌طه‌ووری‌كرد و به‌ مه‌عنای "فێربوون" به‌كارهێنرا، وه‌ ناوی ئه‌دیب نرا له‌و مامۆستایه‌ی قوتابی فێرئه‌كات:
١. الأدب بمعناه الخاص والعام. ٢. اكتساب ٣. متأدب بأدب أبيه. ٤. تعليم.

ئه‌ویش به‌و شتانه‌ وترا كه‌ مامۆستا به‌ قوتابییه‌كانی ئه‌ڵێت، وه‌كوو: شیعر و چیرۆك و گه‌لێ شتی‌تر كه‌ منداڵ ته‌ثقیف‌ئه‌كات و شتی فێرئه‌كات. دیسانه‌وه‌ ئه‌م كه‌لیمه‌یه‌ (ئه‌ده‌ب) ته‌طه‌وری‌كرد و به‌و شیعر و نه‌ثرانه‌ وترا كه‌ ڕێكوپێك بن. له‌پاشا «ڕه‌خنه‌»ش بووه‌ یه‌كێك له‌ ئه‌ده‌ب، وه‌ له‌ قه‌ڕنی چواره‌ما له‌ ئه‌ده‌ب جیابووه‌وه‌ و سێ‌چوار ناوی لێ‌نرا، وه‌كوو به‌یان و به‌لاغه‌ت و به‌دیع.

ئینجا ئێستاكه‌ ئه‌توانین به‌م جۆره‌ ناو له‌ ئه‌ده‌ب بنێین «هه‌موو قسه‌یه‌كی باش و جوان، شیعر بێت یان نه‌ثر، به‌ خۆی و ته‌فسیر و مه‌ظهه‌ری چاكی و خراپی و شه‌رحكردنیه‌وه‌، پێی‌ئه‌وترێ ئه‌ده‌ب».

کەلیمەی «لیتەریتوور» Litrature لە لای ئینگلیز و فەڕەنسە و ئەڵمانەکان، مەعنای قسەی ڕێکوپێک و خۆشە، شیعر بێت یان نەثر، یان ئەو شتانەی پەیوەندییان پێوەیەتی و تەفسیری‌ئەکەن، وەکوو شەرح و ڕەخنە و تاریخ. دیسانەوە هەر لە کەلیمەی لیتەریتوور، هەندێ جار بۆ ئەو ئینتاجی عەقڵییەش بەکارئەهێنرێ کە قسە تەصویرئەکات، ئینجا ئەو ئینتاجە ئەدەب بێت یان عیلم یان فەلسەفە، وەکوویەکن بەگوێرەی کەلیمەی باسکراو.

لێرەوە ئەتوانین بڵێین وشەی ئەدەب دوو مەعنای جیاوازی هەیە:

یەکەم: بە مەعنای تایبەتی، کە عیبارەتە لە قسەی جوانی ڕێکوپێک، کە لە دڵی خوێندەوار و گوێگر لەزەتێکی فەننی، یان چێژێکی فەننی، بەجێ‌ئەهێڵێت، چ شیعر بێت چ نەثر.

دووەم: ئەدەب بە مەعنای گشتی، یەعنی ئینتاجی عەقڵی کە بە قسە تەصویرئەکرێت، یان لە کتێب ئەنووسرێت. قەصیدە، شیعرێکی جوان، مەقالەیەکی باش، وتارێکی[1] تەئثیربەخش، چیرۆکێکی بەلەزەت؛ ئەمانە هەموو ئەدەبن بە مەعنای تایبەتی، چونکە کە ئەیخوێنیتەوە، یان گوێی لێ‌ئەگریت، لەزەتێکی فەننیی لێ‌وەرئەگریت، وەکوو ئەو لەزەتەی کە لە گۆرانیی گۆرانیبێژ و لە لێدانی مۆسیقا چێژی‌ئەکەیت، وە وەکوو بینینی وێنەیەکی جوان یان پەیکەرێکی[2] نایاب. ئەدەبی تایبەتی لەوەیە ببەسترێ بە چێژ[3] و بە هەستییەوە،[4] وە لە تەلی مەلەکەی تەقدیری جوانیت بدات.

کتێبێک لە نەحو و صەرفا، یان کردگارا، یان لە ڕیاضەدا، نووسرابێ، ئەدەب بە مەعنای گشتی، چونکە قسەیە، تەصویری ئینتاجی عەقڵی ئادەمیزاد ئەکات؛ ئینجا ئەم کتێبانە لەزەتێکی فەننییان پێ‌ببەخشێت لە خوێندنەوەیانا، یان لە کاتی گوێگرتنیانا نەیانبەخشێ.

ئێستا کە مەعنای ئەدەبمان زانی، ئینجا با بچینە سەر بەشەکانی ئەدەب.

٢. بەشکردنی ئەدەب بە ئینشائی وە بە وەصفی:

---

[1] خطبة. (ڕ.چ)

[2] تمثال. (ڕ.چ)

[3] ذوق. (ڕ.چ)

[4] شعور. (ڕ.چ)

دوو جۆرە ئەدەب هەن، یەکەمیان ئینشائی وە دووەمیان وەصفی.

ئەگەر چاوئەندازێکت بینی وە جوان بوو لات، ئەگەر کارەساتێک هەستی جووڵانی، وە پاڵیپێوەنایت، ئەو چاوەئەندازە جوانە یان ئەو کارەساتەت خستە سەر کاغەز، وە کە خوێندەوارێک گوێی لێبوو یان خوێندیەوە و ئەو چاوئەندازە یان ئەو کارەساتەی بە تەواوی وەکوو تۆ هاتە پێشچاو، ئەوا بەو پارچەنووسینەی تۆ ئەوترێ "ئەدەبی ئینشائی"، چونکە شتێکت دروستکردووە، یان تەئثیرێکی فەننیی تازەت هێناوەتە کایەوە؛ لەپێش ئەوەدا تۆ نەیکەی، نەبووە.

هەر شتێک لە کردگارا تۆ بیبینی و پێی دڵتەنگ یان دڵخۆش ببی وە بە قسەیەکی جوانی ڕێکوپێک تەصویریبکەیت بۆ خوێندەوار یان بۆ گوێگرە وە ئەو خوێندەوارە یان ئەو گوێگرە وەکوو تۆ شعووری پێبکات، بەم کارەی تۆ ئەوترێ ئەدەبی ئینشائی.

ئەگەر پارچەشیعرێک، وتارێک، یان پارچەیەک نووسینت دی، پێی ڕەزابوویت و مەقالەیەکت لەسەر نووسی، یان قینت لێیهەڵسا و ڕەخنەت لێگرت، ئەوا بەم مەقالەیەی تۆ ئەوترێ «ئەدەبی وەصفی»، چونکە ڕاستەوخۆ تەصویری کردگار ناکات، بەڵکوو تەصویری قسەی یەکێکیتر ئەکات.

٣. ڕەخنە و مێژووی ئەدەب:

لەو حەلەوە کە ئەدەب هاتە ژیانەوە و خەڵقی دەستیانکرد بە ڕەئیدان لە شیعر و لە وتار و نووسینا، دەستیانکرد بە حوکمدان بەسەر شیعر و بەسەر نەثرا، ئەدەبی وەصفی پەیابووە. ئەم ئەدەبی وەصفییە کە پێیئەوترێ ڕەخنە.

ئەم جۆرە ئەدەبە بە «ئەدەبی ڕەخنە» نرخی بەرزبووەوە، پایەی بڵندبوو، چەند عەقڵی ئادەمیزاد زیادبکات وە چەند موثەقەفتربێت، ئەوەندە ڕەخنەگرتن بەرزئەبێتەوە و ئەچێتە پایەی بەرزتر.

ڕەخنەگرتن وەکوو تازە لەناو ئێمەدا هاتۆتەکایەوە، لە پێشەوە چەند جوملەیەکی کورتە، ئینجا لەپاشا بە دوورودرێژی دەستپێئەکرێت وە لەپاشا کە پێپلکەی هەرەدواییيە، ڕەخنەگرتن ئوصووڵ و قاعیدەی بۆ دائەنرێ و کتێبی لەسەر ئەنووسرێ وە ئەبێت بە فەننێک لە فەننەکان.

بێینەوە سەر ئەدەبی وەصفی کە ڕەخنەگرتن لەوەوە پەیابووە؛ هەر لەم ئەدەبی وەصفییەوە پەلێکیتر ئەبێتەوە. لەپاش ئەوەی ئەدەبی ئینشائی باش پێئەگات وە مەلەکەی ڕەخنەگرتن بەتەواوی «ئەگات»[1]، ناوئەنرێ «مێژووی ئەدەب».

مێژووی ئەدەب لە کاتێکا دێتە مەیانەوە کە ئیحتیاجبووین بە زانینی ئینتاجی ئەدەبیی کۆن و تازەکان، وە تەئثیری ئەم ئینتاجە بە موحیط و بە ئیقلیم و بە بار و ظرووف ناکا؛ جگە لەمەش، بۆ زانینی تەئثیری کۆن بۆ سەر تازە، وە لادانی تازە لە ڕێگای کۆن، یان لەسەرڕۆیشتنی؛ دیسانەوە زانین و فەرقی مەعبەینی شاعیر و شاعیرێک یان نووسەرێک و نووسەرێک، یان ئەو شتانەی کە بە یەکیانەوە ئەبەستێت، یان لە یەکیان نزیکئەکاتەوە.

چ کاتێک کتێبێکی وا دانرا و بە وێنەیەکی ئاشکرا ژیانی ئەدەبیی چەرخێک یان چەند چەرخێکی نەتەوەیەکی پیشان دا، ئەوا بەو کتێبە ئەوترێ «مێژووی ئەدەبیات».

ئەگەر نووسەرێک کتێبێکی تەئلیفکرد دەربارەی شیعر، یان دەربارەی نەثر لە کوردستانا، وە هێنای ژیانی شاعیر و ژیانی نووسەرەکانی خستە پێشچاو، خەصائیصی هەموو یەکێکیانی دەرخست، فەرقی مەعبەینی یەکتریی بۆ دەرهێناین، وە پێیوتین کە ئەدەبی کۆنی کورد تەئثیری کردووەتە کامیان، یان کێیان بە ئەدەبی ئێران، یان عەرەب، یان تورک، یان ئەدەبی ئەورووپا موتەئەثیربووە، یان هێنای و ڕای ئێستای خوێندەواری کوردی بەرامبەر بەم نووسەر و شاعیرانە پیشان دا وە خستیە پێشچاوت، کە باری سیاسی و ظرووف تا چ ڕادەیەک دەستی لە شیعر و نووسینی کوردییا هەبووە، ئەو حەلە ئەتوانرێ بەم کتێبە بوترێ «مێژووی ئەدەبیاتی کوردی».

خۆلاصە، ئەدەبی وەصفی دوو بەشە: یەکەمیان ڕەخنەگرتنە، کە جوانی و ناشیرینیی ئەدەبی ئینشائی پیشانئەدات، وە دووەمیان مێژووی ئەدەبە، کە چەرخێک یان چەند چەرخێکی ئەدەبیات پیشانئەدات، بەو جۆرەی باسمانکرد.

٤. بەشکردنی ئەدەبی ئینشائی بە شیعر و بە نەثر:

ڕووی یەکەم، یەعنی مەظهەری یەکەمی ئەدەبی ئینشائی کە خەڵقی لەزەتیان لێوەرگرت و چێژی تیابوو، لەبەریانکرد، شیعرە.

---

[1] ینضج. (ڕ.چ)

شیعر شان‌دائەداتە[١] سەر مۆسیقا و وەزن؛ لە چەند وشەیەک پەیائەبێت کە لە کورتی و درێژییا بەقەد یەکن، تەعبیری هەستی و شعووری شاعیر ئەکات، یان تەصویری عاطیفە و مەیلی خەڵقی یان تەصویری کردگار ئەکات. وە لەم حاڵانەیا هەموو، خەیاڵ تەئثیرێکی گەورەی تێ‌ئەکات. شیعر مەظهەری یەکەمی ئەدەبی ئینشائییە کە میللەتان کردوویانە بە هۆ[٢] بۆ دەربڕینی ئێش و ئازاریان، یان خۆشی و شادییان. بەکورتی، ئەمە بۆ شیعر، لامان وایە ئەگەر تەنیا کتێبێک لەسەر شیعر بنوسرێ، هێشتا بەتەواوی حەقی خۆی نادرێتێ. وتمان پلەی یەکەمی ئەدەبی ئینشائی شیعرە، پلەی دووەمی ئەدەبی ئینشائیش نەثرە کە لەپاش شیعردا هاتووە.

وەکوو شیعر و هەموو شتێکی‌تریش لە ژیانا چەند پلەیەکی بڕیوە، هەروەها نەثریش لە پێشەوە لە وێنەی چەند وشەیەکی ناڕێک و چەند جوملەیەک پێک‌دێت، وە ئەبێ بە هۆیەکی عادی لە هۆیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی؛ لەپاشانا بەرەبەرە بەرزئەبێتەوە، جوان‌ئەبێت، ڕێکوپێک ئەکرێت وە جێگای شیعر ئەگرێتەوە و زیاتریش. نەثر، لەبەرئەوەی وەزن و قافیە و تەرجیعی ناوێ، سووکترە لە شیعر، خەڵکی زیاتر بەکاری‌ئەهێنن و ئەبێ بە تفاقێکی کۆمەڵایەتی. لە پێشەوە لە نووسینی کاغەز و لە شتی‌ترا بەکارئەهێنرێت، ئینجا ئەبێت بە زمانی چیرۆک وە ئەچێتە ناو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەوە. وە لێرەوە نەثری فەننی پەیائەبێت، چونکە خەڵقی هەر بۆ کاغەزنووسین بەکاری‌ناهێنن، بەڵکوو بۆ تەحقیقی لەزەتی فەننیی تایبەتی خۆشیان بەکاری‌ئەهێنن. بەم پێیە ئەدەبی ئینشائی ئەبێ بە دوو جۆری جیاواز لە وێنەی ئاشکرا و لە حەقیقەتی مەحز یا، یەکەمیان شیعرە کە بەستراوە بە وەزن و مۆسیقا و قافیە و خەیاڵەوە، دووەمیان نەثرە کە نە وەزن و نە قافیە نایبەستێتەوە، بەڵکوو تەنیا بەستراوە بە نووسینەوە. وەنەبێ هەر ئەمەش بێت جیاوازبوونی شیعر و نەثر، بەڵکوو شیعر تەصویری عاطیفە ئەکات و پشت بە خەیاڵ و تەصویر زیاتر ئەبەستێت، لەوەی ئیعتمادبکاتە سەر بیری ورد. بەڵام نەثر –لەپێش هەموو شتێکا– پشت بە بیر ئەبەستێت. ئەگەر لە هەندێ حاڵا ئیعتیمادی‌کردە سەر خەیاڵ و وێنەی عاطیفە، ئەوا نابێ ئەوە بە ئەصڵ دابنرێت لە نەثرا، بەڵکوو شتێکی وەختییە تووشی ئەبێت.

---

[١] اعتماد. (ڕ.چ)

[٢] وسیلة. (ڕ.چ)

٥. له ژیانی ئەدەبا تەئثیرە گشتییەکان[١]:

تەعبیری خۆم (چەند بابەتێکی گشتی کە تەئثیر ئەکەنە سەر ژیانی ئەدەب).

ئەدەب بە هەموو جۆرەکانیەوە، بە هەموو لکەکانیەوە، بە هەموو فەننەکانیەوە، لاپەڕەیەکە لە ژیانی ئادەمیزادیەتی، مەظهەرێکە لە مەظهەرەکانی ژیانی ئینسانییەت.

ئەدەب ژێردەست و نۆکەری ئەم ژیانەیە کە باسمانکرد، بەڵکوو ژیانی ئادەمیزادیەتی و ئەدەب هەردووکیان بە جووتە خزمەتکاری گەلێک موئەثیراتن کە لە ژماردن نایەن. ئەم موئەثیراتانە، هەندێکیان ئەزانرێن و گەلێکیان شاردراوەن. لە موئەثیراتە زانراوەکان، بەشێکیان هەیە پێویستە تێیانبگەین، چونکە یارمەتیمانئەدەن لە تێگەیشتن و لە چێشتنی ئەدەب، وە هەندێ جار لە تەفسیر و لە گەڕانەوەی ئەدەبا بۆ ئەصڵەکەی خۆی.

گرنگترینیان[٢] ئەمانەن:

١. ئامادەییی فیکریی نەتەوەکان:

نەتەوەی وا هەیە خاوەندی هەست و زیرەکییە، موحیط و کار تەئثیری تێئەکا و ئەو نەتەوەیەش بە شیعر و لەپاشا بە نەثر ئەو تەئثیرە دەرئەبڕێت. ئەگونجێ ئەم نەتەوەیە لە شیعرا دەستی باڵای هەبێ، یان لە نەثرا، ئەشگونجێ لە هەردوو فەننەکەدا پایەیەکی بەرز بۆ خۆی بپچڕێت. نەتەوەیەکیتر ئەگونجێ ئینتاجی ئەدەبیی زۆر کەم بێت، یان هەر ئینتاجێکی ئەوتۆی نەبێت باسیبکرێت.

نەتەوەی یۆنان بەهرەیەکی گەورەی پێبەخشراوە لە ئەزەلا، چ لە شیعرا و چ نەثرا، نەتەوەی ڕۆمان مامناوەنگیر لە شیعر و نەثرا؛ بەڵام لە جەنگ و سیاسەت و لە ڕێکوپێکی و تەشریعا، بەهرەیەکی باشی هەیە.

هەندێ جار لەناو نەتەوەیەکیشا بەهرەداری و بێبەهرەیی ئەگۆڕێ و بەڵگە «دۆری»یەکان کە بەشێکن لە نەتەوەی یۆنان، زۆر بێبەهرەترن لە یۆنانییەکان. لەناو نەتەوەی عەرەبا، عەدنانییەکان بەهرەدارتربوون لە قەحطانییەکان. وە بەم جۆرە بەهرە ئەگۆڕێ لە مابەینی نەتەوەکانا وە لەناو نەتەوەکان خۆشیانا.

[١] المؤثرات العامة في حياة الأدب. (ڕ.چ)

[٢] مهم. (ڕ.چ)

گەلێک نەتەوە هەن تەنیا لە شیعرا، یان لە نەثرا، یان فەننێکا بەهرەدارن و لە فەنەکانیترا بێبەهرەن.

٢. ئەو جێگا و شوێنەی نەتەوەی تیا ئەژی:

ئەگونجێ ئەو جێگایە شاخاوی بێت، یان بیابان، لە گوێدەریا بێت، یان لەناو دەشتا، چەم بەناویا بڕوات، یان کانیاو؛ ئەم صیفەتانە هەموو تەئثیرئەکەنە ژیانی ماددی و مەعنەویی ئەو نەتەوانەی تیایانا ئەژین. بەڵێ، بێگومان تەئثیرئەکەنە ئینتاجی ئەو نەتەوانە، بەتایبەتی ئینتاجی ئەدەبییان، شیعر بێت یان نەثر. تەماشای شیعری نەتەوەی عەرەب بکەین، ئەبینین لەپێش ئەوەدا لە بیابانی جزیرەی عەرەب بێنە دەرەوە، شیعرەکانیان شکڵێکی تایبەتی هەبوو. لەپاشانا کە بڵاوبوونەوە، شیعری میصریان لە هیی عیراق نەئەچوو، شیعری ئەندەلوسیان نە لەم و نە لەو. لەم شیعرانەیانا مۆری ئەو شوێنە ئەبینرێت کە تیایا وتراوە، بەڵام شیعرەکان هەموو پەیوەندییان هەیە لەگەڵ جێگای پێشوو یا خاکی بیابانا.

شیعری یۆنانییەکان، لەپێشا لە یۆنانی ئاسیا و لە جەزیرەکانی دەریای ئیجە پێگەیشت، لەبەرئەوە بە قاڵبی ئەم جێگایانە داڕێژرا. شیعری یۆنانیی ئەورووپاش قاڵبی ئەوێی وەرگرت. لە زەمانی ئەسکەندەریشا، شیعری یۆنانەکانی ڕۆژهەڵات گەلێ جیاوازتربوو لەگەڵ شیعرەکانی یۆنانیی ئەو بەشانەدا کە باسمانکردوون، بەڵام مۆری جێگای یەکەمی پێوەبوو کە تیایا دروستبووە.

٣. پێشکەوتن:

کە نەتەوەیەک لە دەورێکەوە ئەگوێزێتەوە بۆ دەورێکیتر، وە فێری نیشتەجێیی و ڕێکوپێکی ئەکات کە لەمەوپێش بە خۆیەوە نەدیوە، ئەم جۆرە گۆڕانەش تەئثیرێکی گەورە ئەکاتە سەر ژیانی ماددیی ئەو نەتەوەیە. ئەثەری پێشکەوتن لە شیعر و نەثر و لە ئینتاجی عەقڵییا بە وێنەیەکی گشتی ئاشکرایە. ئەو مەعنایانەی شارستانییەک بەکاریئەهێنێ، جیایە لەگەڵ مەعنای کۆچەرییەکان. ئەو ئامانج و غەرەضانەی شارستانییەک مەبەسی لێیەتی، دوورە لەو ئامانج و قەصدەی کۆچەرییەک ئەیەوێت. ئەو وشانەی شارستانییەکان لە نووسین و لە قسەیانا بەکاریئەهێنن، ناسک و ئاودار و ئاشکرایە وە بەتەواوی لەگەڵ ژیانی شارستانییانا ڕێکئەکەوێت (ئەمە بەتایبەتی لە ژیانی ئەو نەتەوانەدا کە

شارستانێتییان لە دەمێکەوە جێگیربووە، نەک بۆ ئەو نەتەوانەی کە هەموو چەندسەد ساڵێکە لە شارا ئەژین وە پەیوەندییەکی گەورەیان هەیە بە کۆچەرییەکانیانەوە.. چ.).

٤. زانست کەڵکێکی گرنگی پێشکەوتنە:

ئەمیش تەئثیرێکی گەورەی ڕاستەوخۆی هەیە لە ئەدەبا، چونکە دەسەڵاتی عەقڵ زیادئەکات، ماددەی ئەدەب زۆرئەکات، بیروباوەڕ قووڵ و ورد ئەکات. وە بەم جۆرە حوکمدان و تەئثیر و تەصەور ئەگۆڕێت دەربارەی ئەدەب، لەبەرئەمەیە کە تەصویر و تەعبیرکردن لەناو ئەدەبی نەتەوە زاناکانا ئەگۆڕێت.

لەمەشەوەیە فەننێکی ئەدەب بەهێزئەبێت یان بێ‌تین، وە هەندێ جار گەلێ فەن پێش‌ئەکەون و گەلێکیشیان نامێنن بەهۆی زانستەوە. بڵاوبوونەوەی زانست لە چەرخەکانی کۆنا، تەنیا هەر لەناو دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکانا بوو، لەبەرئەوە ئەدەب ئەرستۆقراطی بوو، یان وەکوو ئەرستۆقراطی وابوو. بەڵام لە چاخە تازەکانا، وە بەتایبەتی ئێستا، چونکە زانست بۆ هەموو کەسێکە، ئەدەب بووە بە دیموکراسی.

٥. دین:

دینیش تەئثیرێکی قووڵ ئەکاتە ژیانی ئەدەبی. دین کە ستوونی ژیانی نەفسیی میللەتانە، تەئثیرئەکاتە هەموو کردەوەیەکی ماددی و مەعنەویی نەتەوە، بەڵگەی قسەمان ئەو هەموو ئاثارە فەننی و ماددییانەیە کە تەئثیری دین هێناونیە مەیانەوە، وەکوو مزگەوت و کەنیسە و وێنە و پەیکەر و جگە لەم فەننە ماددییانە، گەلێک فەننی ئەدەبی دین ئینتاجی‌کردوون، وە ئەگەر دین نەبووایە، نەئەبوون. ئەدەبی تەمثیلی ئەثەرێکە لە دینەکانی یۆنان، بەڵام بەرەبەرە بەرزبووەوە، تا بوو بە فەننێکی سەربەست بۆ خۆی. جگە لەمەش، ئەدەبی صۆفی لە لای موسوڵمان و لە لای یۆنانییەکان و لە لای گەلێک لە نەوە مەسیحییەکان، ئەثەرێکن لە ئاثارەکانی دین، بەڵکوو تا ئێستاکەش دین تەئثیرئەکاتە ئەدەب، ئەوە شیعری زوهد و وتارە دینییەکان کە لە ڕۆژانی تایبەتییا و لە کاتی نوێژی کۆمەڵانا ئەخوێنرێنەوە و ئەوترێن.

٦. ژیانی سیاسی کە خەڵقی هەموو سەری بۆ دائەنەوێنن:

هەندێ جار لەسەر کوشتن و بڕین بناغە دائەکوتێ وە خەڵقی دەست‌ئەکەن بە ڕیا و ماستاو و سەردانەواندن، وە لەمەوە ئەدەبێک دێتە کایەوە کە سەرتاپای ماستاو ساردئەکەوێتەوە بۆ خاوەن دەسەڵات. وە هەندێ جاریش لەسەر ئازادی

دائەمەزرێت، کە ئەدەبێک دێنێتە کایەوە صەراحەت و سەربەستیی ڕەئی و پێلێنان لە شەخصییەتی ئادەمیزادیەتی و ئازادیی ئەندام و وەکوویەکیی خەڵقی تیا دەرئەکەوێت و ئەبینرێ. هەر لەم جۆرە ئەدەبەدا، ئازادیی ئەدیب دەرئەکەوێت لەو شیعرانەدا کە ڕێکیئەخات، یان لەو نووسینەدا کە ئەینووسێت.

هەندێک فەننی ئەدەب هەیە لە کاتی سیاسەتی کوشتن و بڕین و ترسانا گەشەئەکات، وەکوو مەتحکردن. هەندێ فەننیتریش لەژێر باڵی ئازادییا گەشەئەکەن، وەکوو وتاردان، بەتایبەتی وتاری سیاسی. چ کاتێ ئیستبداد لەسنووربەدەر پەلوپۆی هاویشت و چ کاتێ ڕای گشتی بڵاوەیپێکرد، بێگومان تەئثیرێکی زۆر گەورە ئەکاتە سەر ژیانی ئەدەب وە ئینتاجی ئەدەبی کەمئەبێت، بەڵکوو ئەم ئینتاجە کەمەش شتێکی بێتین و لاواز و ناشیرین ئەبێت و شەخصییەتی ئەدیب تەصویرناکات، بەڵکوو تەصویری خواستی سەردار و ئیرادەی دەسەڵاتدار ئەکات، لەبەرئەوە لە نیفاق و لە ڕیاوە نزیکترئەبێت، نەوەکوو بەشێکیتر.

٧. پەیوەندیی مەعبەینی چەند نەتەوەیەک بەهۆی نزیکبوونیانەوە لە یەکتری، یان بەهۆی مصڵەحەتی موشتەرەکیانەوە، یەک لەیەکتری وەرئەگرن، یەک لاسایی یەکتری ئەکەنەوە. بەم جۆرە چەشنە فەننێکی ئەدەبی دێننە کایەوە، کە لەمەوپێش نەزانراون. ئەگونجێ ئەو خەتانەی کە لەمەوپێش زانراون (یەعنی لەپێش ئەم تێکەڵاوبوونەدا)، پەلوپۆ بهاوێژن و گەشەبکەن. ئەشگونجێ گەلێ فەننی پێش ئەم تێکەڵاوبوونە، لاواز و بێهێز ببن.

نەتەوەی ڕۆمان تێکەڵاو بە نەتەوەی یۆنان بوون لە چەرخەکانی بەرووا، تێکەڵاوبوونی زاڵ بەسەر ڕاکردووا، لەبەرئەوە ئەدەب و پێشکەوتنیان زۆر تەئثیریکردە ڕۆمانییەکان. هەتا وتراوە؛ لە وەختی خۆیا کە ڕۆمانەکان بە مادده بەسەر یۆنانا زاڵبوون، بەڵام یۆنانەکان بە عەقڵ سەرکەوتن بەسەر ڕۆمانەکانا. لە چەرخی تازەدا، نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات بەستران بە ئەوروپاوە، لەبەرئەوە ژیانی ئەدەبی لە هەردوولایانا بەرزبۆتەوە، وە ئەم تەئثیرە بەهۆی کورتکردنەوەی ڕێگاوبانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەئەسێنێ وە هەموو نەتەوە گەورەکان سەعات بە سەعات زیاتر بەیەکەوە ئەبەسترێن، بهۆی گەلێ هۆوە، وەکوو ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و گەلێ شتیتر.

## (فەصڵی دووەم)

## نەثر و چەشنەکانی

ئەدەبی ئینشائیمان کرد بە دوو بەشەوە: شیعر و نەثر. لێرەدا باسی نەثر و بەشەکانی ئەکەین، شیعریش کاتی خۆی دێت.

هەر شتێک شیعر نەبێت، نەثرە. نەثریش دوو جۆری سەرەکییە: یەکەمیان ئەو قسە و باسانەیە کە بۆ کڕین و فرۆشتن و لەگەڵ خزم و کەس‌وکار و هاوڕێ‌دا بەکاری‌ئەهێنین، .. هتد. ئەمە هەرچەندە نەثرە، بەڵام بەشێک نییە لە ئەدەب، وە ئەدەب حەقی نییە بەسەریەوە.

دووەمیان پێی‌ئەوترێ نەثری فەننی، کە سەر بە شیعرە، بۆ چەند قانوونێکی زانراو، وەکوو ئەبێت بیرێکی ڕێکوپێکی تەواو بێت، وە ئەبێت ئەم بیرانە باش ڕێک‌خرابن، چاک داڕێژرابن، لە کاتی خوێندنەوە یان لەگوێ‌لێ‌گرتنیا، خۆشی و لەزەتێک بدات بە گوێ‌لێگر یان بە خوێندەوار. جگە لەمانە هەموو، ئەبێ بەگوێرەی قەواعیدی زمانی نەتەوە بنووسرێت.

ئەو نەثرەی کە لەسەر قەواعید ناڕوات، یان لەسەر قەواعید ئەڕوات، بەڵام بیرێکی باشی تیانییە، یان بیری باشی تیایە و چاک دانەڕێژراوە و ئوسلووبەکەی خراپە، پێی‌ناوترێ نەثری فەننی، چونکە لەسەر قانوون نەڕۆیشتووە، لەبەرئەوە نابێت بە بەشێک لە ئەدەب.

ئەو نەثرە فەننییەی باسمان‌کرد، ئەگونجێ ستوونەکەی زمان بێت وە موهیمترین وتارە وە ئەشگونجێ ستوونەکەی قەڵەم بێت وە پێی‌ئەوترێ «نووسینی فەننی».

دەربارەی وتار لەم کتێبەدا لێی‌ئەدوێین، با ئێستا بێینەوە سەر نووسینی فەننی. نووسینی فەننی، چەند لقێکی لێ‌ئەبێتەوە، هەندێ لە نووسەرەکانی ڕۆژئاوا کردوویانە بە دوو بەشەوە: وەصف و چیرۆک، چونکە گەورەترین پاڵپێوەنەرێ بە نووسەرەوە، حەزکردنە بەوەی تەعبیری ئەو شتانە بکات کە ئەیبینێ لە دەوروپشتی خۆی، وەکوو بینینی خەڵقی، یان کارەساتێک یان چەند شتێکی‌تر. ئەم نووسەرە بە دوو ئوسلووب تەعبیرئەکات: یەکەمیان ئوسلووبێکی وەصفییە، وە دووەمیان ئوسلووبێکی چیرۆکییە، وە هەندێ کات بە هەردوو ئوسلووبەکە تەعبیرئەکات؛ وەکوو چیرۆکێک ئەگێڕێتەوە، لە کاتی

چیرۆکەکەدا نووسەر وەصفی پیاو یان کارەساتێک ئەکات، وە هەندێ جار هەر وەصفییە، وەکوو ئەوەی باسی چاوئەندازێکی کردگار بکەیت.

عەرەبەکانیش نووسینی فەننییان کردووە بەم بەشانەوە: کاغەزنووسین، چیرۆک، موناظەرە، جەدەل، تەئریخ. ئێمە پێویستمان بە شەرح و باسی ئەم جۆرانە نییە، با بچینە سەر باسی چیرۆک.

**چیرۆک لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا**

لە ئەدەبی تازەی ئەورووپادا، چیرۆک بایەخدارترین جۆری نەثری ئینشائییە وە لە هەموو جۆرەکانی ئەدەب زیاتر بڵاوبۆتەوە. گەلێک لە نووسەرە هەرە بەرزەکانی ئەدەب لە ئەورووپا و لە ئەمریکادا، بە هەموو سامانێکی ئەدەبییانەوە، بە هەموو تاقەت و توانایەکیانەوە، دەستیانداوەتە چیرۆکنووسین، بەڵکوو هەندێکیان هەر بە تایبەتی لە چیرۆک زیاتر هیچیتر نانوسن. لە نووسەرە گەورەکانی چیرۆک لە بەریتانیا: سکۆت Scott، دیکنز Deikens، ثاکری Thackeray، هاردی Hardy، وە لە ئەدەبی فەڕەنسەدا، بلزاک Belzac، ئەمیل زۆلا Zola، ئەناتۆل فرانس، وە جگە لەم نووسەرانە، گەلێکیتری وەکوو ئەمان هەن لە نەتەوەکانی ڕۆژئاوادا.

لەم چەرخەی ئێمەدا، ئەدەبی چیرۆک بەشی گەورەی مەیانی ئەدەبیی داگیرکردووە. چیرۆک لەو ڕووەوە کە ئینتاجێکی ئەدەبییە، گەلێ مەزنیەتیی هەیە، کە بایەخدارتریان ئەوەیە وا لە خوێندەوار ئەکات لەسەر خوێندنەوەی بڕوات، بە کاروباری قارەمانەکانی چیرۆک دڵشاد بێت یان دڵتەنگ، پێی خۆشبێت یان ناخۆش. لەبەرئەمەیە کە نووسەری چیرۆک ئەتوانێ زۆر قازانجبکات لەم ڕێگایەوە، یان بە مەعنایەکیتر زۆر کەڵک وەرگرێت لەم ڕێگایە.

ئەدیبەکان بۆیان دەرکەوت کە چیرۆک لاستیکییە لە لایەکەوە، لە سەرێکیتریشەوە زۆر کاریگەرە. جگە لەمانەش کە باسمانکردن، لە لای هەموو جۆرە خوێندەوارێک، هەتا لە لای نەخوێندەواریش مەقبوولە. لەبەر ئەم هۆیانە، هەندێ لە ئەدیبەکان هەموو جۆرێکیتری ئەدەبیان خستۆتە لاوە و تەنیا چیرۆک ئەنووسن. قسەی کورت ئەوەیە، ئەمڕۆ لە دنیای ئەدەبیاتا چیرۆک پایەی یەکەمی وەرگرتووە. ئەتوانین چیرۆک بکەین بە سێ بەشەوە – بەگوێرەی درێژ و کورتی:

بەشی یەکەم ئەو چیرۆکانەیە کە بە دووسێ لاپەڕە تەواوئەبن وە فەڕەنسزەکان پێیئەڵێن «کۆنت». بەشی دووەم چیرۆکی کورتە کە لە "کۆنت" درێژترە و پێیئەوترێ بە فەڕەنسزی «نۆڤیل». بەشی سێیەمیش چیرۆکەکە ئەگونجێ تا چەند کتێبێک درێژببێتەوە و فەڕەنسزەکان پێیئەڵێن «ڕۆمان».

لە چیرۆکی «نۆڤیل»دا، نووسەر ئەتوانێ هەموو هێزی خۆی ئاڕاستەی "بیرێک" بکات وە جیایبکاتەوە لە هەموو شتێکیتر. ئینجا بێنێت ئەو بیرە ڕووناکبکاتەوە و بە واضیحی بیخاتە پێش چاو. بەم جۆرە ئەتوانرێ تاقە بیرێک باشتر بخرێتە پێشچاوەوە، بە جۆرێکی کاریگەرتر پیشانبدرێت، لەوە زیاتر کە بەشێک بێت لە چیرۆکێکی گەورە کە گەلێ بیر و کارەساتی تیابێت.

نابێ ئەوەش لەبیربچێت کە نۆڤیل قازانجێکی گەورەیتریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خوێندەوار بە ماوەیەکی زۆر کەم هەمووی ئەخوێنێتەوە. وە کە ئینسانیش بە جارێک شتێکی بەتەواوی وەرگرت، ئەو شتە زیاتر کاری تێئەکات، لەوەی بە چەند جارێک ئەو شتەی بدرێتێ.

بەکورتی:

نووسینی نۆڤیل ڕێگایەکی فەننی=ی تایبەتی خۆی هەیە، پێویستە هەرچی تەفصیلە لێی فڕێبدرێت، وە هەموو شتێک لەو بیرەدا پیشانبدرێت. کە چیرۆکەکە باسئەکات، نابێ ئەشخاصەکانی زۆربن، نابێ تەحلیلێکی زۆر وردی پیاوەکانی بکرێت، نابێ جێگا و وەختی زۆری تیابێت، وە ئەبێ بە جۆرێکی ئەوتۆ ئەم چیرۆکە بهۆنرێتەوە کە خوێندەوار نەتوانێ لە بیرە ئەساسییەکە بدزێتەوە.

هەرچەندە پایەی نۆڤیل لە ئەدەبا بەقەد پایەی ڕۆمان نییە، بەڵام گەلێک نووسەر لەم فەننەدا هەڵکەوتوون و لە پیاوە گەورەکانی ئەدەبی عالەم ئەژمێرێن، وەکوو جی دی مۆپاسان لە فەڕەنسە وە تچیخۆڤ لە ڕووسیا، Le Maupassont، Tehechore.
چیرۆکی ئیمڕۆ لە ڕۆژئاوادا گەلێک دەوری گۆڕیوە، لە زەمانی کۆنا کارەساتی خاریقی ئەگێڕایەوە، وەکوو کارەساتی ناو حیکایەتەکانی فارس لە ڕۆستەم و .... یان وەکوو چیرۆکی ئەلفلیلەی عەرەب. لە چەرخی هەژدەهەما ڕەنگێکی تازەی پۆشی، ئەویش ئەوەبوو کە بەتەواوی تەصویری ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەکرد. ئەم جۆرە تەئلیفە پێیئەوترێ «مەزهەبی واقیعی» یەعنی بە واقیعا هەڵئەدات، ڕیالیزم. ئەدەبی

واقیعی، مەعنای ئەو ئەدەبەیە کە بەتەواوی تەصویری کۆمەڵایەتی بکات، لە چاکە و لە خراپە، یا وەکوو نووسەر ئەیبینێت.

وتمان چیرۆک لە ئەووەڵا خەیاڵێکی خاریقی نەریت بوو، لەپاشا بوو بە واقیعی. لەپاش ئەمیش، جارێکیتر گەڕایەوە بۆ خەیاڵ وە مەزهەبی خەیاڵی «ڕۆمانتیک» جارێکیتر پەرەیسەندەوە، بەڵام وەکوو دەوری پێشوو نا، باسی کارەساتی خاریق بکات. ئەوانەی دەستی باڵایان ببێت لە ڕۆمانتیکا لە ڕۆژئاوا، واڵتەر سکۆتە لە ئینگلتەرە وە دیماس گەورەیە لە فەڕەنسە.

نووسەرەکانی چیرۆک لە مەعبێنی مەزهەبی واقیع و خەیاڵییا دوودڵ وەستان؛ هەندێکیان جڵەویان بەتەواوی بەرەڵاکرد و هەندێکیشیان مامناوەنگی مانەوە، وە هەندێکیتریان جڵەوی تەئلیفی چیرۆکیان وەرگەڕاند بۆ چەند لایەکیتر کە لە مەوضووع و بابەتا زۆر جیاوازن. موهیمتری جۆرەکانی چیرۆک ئەمانەن:

[٩٦١/١٢/١٤]

١. ئەو چیرۆکەی بە کۆمەڵایەتییا هەڵئەدات:

ئەم جۆرە چیرۆکە عادەتی خەڵق و کاروبار و پەیوەندیی ئەم لەگەڵ ئەوا و چاکی و خراپیی خەڵقی پیشانئەدا لە کاتی گێڕانەوەی حکایەتەکەدا، وە تەصویری خەڵق ئەکات لە ئیشکردنیا، وە گەلیَ جار لەگەڵ تەصویرا گاڵتەپێکردنیش تێکەڵاوئەکرێت. نووسەری ئەم جۆرە چیرۆکانە، ئەگەر نەڵێین هەموویان، گەلێکیان موتەفائیلن، لەبەرئەوە دواییی چیرۆکەکە بەوە ئەهێنن کە حەق سەرئەکەوێت بەسەر درۆدا، شارل دیکنز لە ئینگلتەرە وە ئەمیل زۆلا وە بلزاک لە فەڕەنسە، میثالن بۆ ئەم جۆرە چیرۆکانە.

٢. چیرۆکی تەئریخی:

ئەم جۆرە چیرۆکە باسی چەرخێکی نەتەوەیەک ئەکات لە وێنەی ڕیوایەتا. نووسەرەکەی، چەند کەسێکی خەیاڵی دروستئەکات، بەڵام کارەسات و وەصفی چەرخە باسکراوەکە لەگەڵ جێگا و دانیشتووەکانیا، تا ڕادەیەکی دوور لە واقیع ئەچن. ئەم جۆرە چیرۆکە گەلێک خۆشترن لە کتێبی مێژوو خۆی، وە لە کتێبێکی مێژوویی گەلێک زیاتر جێگیرئەبن لە مێشکی خوێندەوار و گوێگرا.

٣. ئەو چیرۆکەی تاقە شتێکی زانراوی ئەوێت:

وەکوو دەرمانکردنی دەردێکی کۆمەڵایەتی کە بڵاوبۆتەوە، یان دووان لە بارێکی سیاسیی خراپ، یان پڕوپاگەندەکردن بۆ مەزهەبێکی سیاسی یان دینی. مەعنای ئەمە ئەوەنییە نووسەر دەستبکات بە وەعظ و نەصیحەت و چیرۆک وازی لێبێنێت، چونکە چ کاتێ وای کرد، قسەکەی قورس ئەبێت بە گوێ وە گەلێ کەس نایخوێننەوە. بەڵکوو پێویستە لەسەر نووسەر کارەساتێک بگێڕێتەوە لە وێنەی چیرۆکا، ئەو حەلە خوێندەوار کە لە خوێندنەوەی بووەوە، بەتەواوی لەو شتە ئەگات و ئەو تاقە شتە کاری تێئەکات.

میثال بۆ ئەم جۆرە چیرۆکە، ڕیوایەتی «کوختەکەی مامتۆم»ە کە لە لایەن ئافرەتێکی نووسەری ئەمریکاییەوە نووسراوە: هاریت بیتشرستۆ. ئەم چیرۆکە کە لە ساڵی ١٨٩٦دا نووسراوە، بوو بەهۆی ئازادیی عەبدەکانی ئەمریکا؛ بە مەعنایەکیتر، جەنگێکی ناوخۆییی بەرپاکرد.

٤. چیرۆکی موغامەرە، یان سەرەڕۆیی:

ئەم جۆرە چیرۆکە وەنەبێت تازەبێت، بەڵکوو لەمەوپێشیش بووە، لە ئەدەبا پایەیەکی باشی نییە، چونکە هەمووی شتی خەیاڵیی ڕووت و باسی موجریم و دز و درۆزنە، وە هەندێکیان بیروباوەڕی گەلێک لە لاوان تێکئەدەن، وەکوو ئەو چیرۆکە پچووکانەی کە ئێستاکە زۆر هەرزان و زۆر بڵاوبوونەتەوە.

٥. چیرۆکی نەفسی یان فەلسەفی:

لەم جۆرە چیرۆکانەدا نووسەر لە تەحلیلی نەفسییا (سایکۆلۆجی) تا ڕادەیەکی دوور ئەڕوات. ئەم نەزعەیە لەم چەرخەدا لە پەرەسەندنایە وە تەمثیلی ئیتیجاهێکی تازە ئەکات لە ئەدەبا.

٦. ئەو چیرۆکەی کە ڕوویەکی تایبەتی نییە:

ئەگونجێ نووسەرێک چیرۆکێک دروستبکات، لەو جۆرانە نەچێت کە باسمانکردن، وە نووسەر هیچ ئامانجێکی نەبێ، لەوە زیاتر کە چیرۆکێک باش بگێڕێتەوە، وەکوو ئەو چیرۆکانەی کە هەر بۆ پێکەنین دروستکراون.

وەکوو لە پێشەوە وتمان، گەلێک جۆری چیرۆک هەیە، بەڵام ئەوانەی کە باسمانکردن، موهیمەکانن. ئێمە جۆرەکانی چیرۆکمان بۆ ئەوە جیانەکردۆتەوە

که ئەگەر چیرۆکێک وا نەبوو بە چیرۆک ناژمێررێ، بەڵکوو گەلێک چیرۆک هەیە دوو بیری تیایە، مەثەلا: باسی مێژوو و باسی ئیصلاحی کۆمەڵایەتیش ئەکات لە یەککاتا، یان هەندێ چیرۆک هەن کە هەموو ڕەنگەکانی تیایە.

## فەصڵی سێیەم

### خەطابە – وتار[1]

وەکوو لە مەقالەکانی پێشوو باسمانکرد، چ نووسین و چ وتار، هەردووکیان لە نەثردا ئەژمێردرێن، بەڵام نووسین عیمادی قەڵەمە و وتار عیمادی زمانە. باشترین وتار ئەوەیە کە ئیعتمادئەکاتە سەر ئەم دوو شتە:

یەکەم: توانینی ئیقناعی گوێگر بەو ڕایەی کە وتەر[2] بڵاویئەکاتەوە، بەو بەڵگانەی کە بەیانیانئەکات.

دووەم: وتەر بتوانێ جڵەوی گوێگر بە جۆرێکی ئەوتۆ بگرێت بەدەستیەوە، کە داوای چیی کرد، بیکەن.

وتەر ئەبێت هەردوو عونصورەکەی ببێت: ئیقناع و جڵەو گرتنەدەست، ئەو مامۆستایەی باسی نەظەرییەیەکی عیلمی ئەکات، وەکوو جازبییەت یان ڕووناکی وە قوتابییەکانی پێ ئیقناعئەکات، پێیناوترێ وتەر، چونکە تەنیا عونصورێکی وتاری بەکارهێناوە کە ئیقناعکردنە، وە عونصوری دووەمی بەکارنەهێناوە کە ڕاکێشانی عاطیفەی گوێگرە بۆ ئەو مەبدەئەی باسیئەکات، چونکە ئەو مامۆستایە تەنیا قسەی لەگەڵ عەقڵی قوتابییەکانا کردووە، قسەی لەگەڵ عاطیفەیانا نەکردووە.

وتەری چاکی ڕاست، ئەو کەسەیە کە بتوانێ لە ڕێگەیەکی فەننییەوە هەردوو عونصورەکە یاریبکات، وە بیروباوەڕی خۆی بەتەواوی دەرببڕێت و وا لە گوێگرەکان بکات بڕوای پێبکەن. ئەبێ وایان لێبکات کە لەگەڵیا بگرین، یان پێبکەنن. بەکورتی، وتەری ڕاست ئەوەیە خەڵقی ئاڕاستەی ئەو ڕێگایە کات کە ئەیەوێ.

---

[1] خطبة. (ڕ.چ)

[2] خطیب. (ڕ.چ)

تەعریفی وتار ئەتوانین بەم جۆرە بکەن: فەننی قسەکردنە لەگەڵ خەڵقا کە ئیعتمادئەکاتە سەر ئیقناع و ئیستیمالە. ئەو کەسەی کە ناتوانیٛ تەئثیربکاتە سەر گوێگر، پیٛیناوتریٛ وتەر. ئەگونجیٛ ئەو کەسە فەیلەسووف بێت، یان عالم، یان ئەدیب، بەڵام لەبەرئەوەی تەئثیرناکاتە گوێگر، ئەو کەسە وتەر نییە. ئەگونجیٛ ئەدیبێک زۆرباش بنووسێت، بەڵام نەزانیٛ وتاربدات، یان وتەرێک باش وتاربدات، بەڵان نەزانیٛ بنووسیٛ. گەلێک وتار هەیە ئەگەر بێت و تەماشایبکرێت، هیچ ئەو سیحرەی تیانییە کە لە وەختی خوێندنەوەدا تیابووە. وتەر هەر بە قسە تەئثیرناکاتە خەڵقی، بەڵکو بە گەلیٛ شتیتر کە لەمەودواوە لێیانئەدوێین.

**وتار چۆن پیٛگەیشت:**

ئەتوانریٛ بوتریٛ کە مێژووی وتار بەستراوە بە مێژووی ئینسانەوە، لەگەڵ ئادەمیزادا وتاری پیٛگەیشت وە لەگەڵ پێشکەوتنیا پێشکەوت. لە چ شوێنێکا کۆمەڵێک لە خەڵقی کۆبوونەوە و بە زمانێک دووان، ئەو حەلە لە بیروباوەڕدا ئیختلاف ئەکەوێتە بەینیانەوە و لە حوکمدانا بەسەر ڕاست و چەوتا، باری لێکدانەوەیان ئەگۆڕیٛ. چ کاتیٛ ئەم گۆڕانە پەیابوو لە بیروباوەڕا، دەستئەکرێت بە موجادەلە و دووبەرەکی وەستان بەرامبەر بە یەکتری، وە هەندێکیان هەوڵئەدەن ئەوانیتر ئیقناعئەکەن، وە زیرەکەکانی ناو ئەمانە هەوڵئەدەن بەرانبەرەکەیان ڕاکێشنە لای خۆیان، چونکە ئەمە فیطرییەکی هێزدارییە کە هەموو ئادەمیزادێک هەولی بۆ ئەدات؛ چ کاتیٛ لایەک ئەوی‌تری ئیقناعکرد، وتار دێتە کایەوە. ژیانی ئادەمیزاد کە بناغەی لەسەر پاڵەپەستۆ و زوو پێشکەوتن و مەنفەعەت دەستکەوتن داکوتاوە، داوا لە هەموو کۆمەڵێک و لە هەموو یەکێک ئەکات پڕچەکبێت، بۆ ئەوەی لەم جەنگی ژیانەدا سەرکەوێت. وە نەبیٛ چەکی ئەم جەنگەشی بە تەنیا لەسەر تفاقی شەڕ وەستابێت، بەڵکوو زۆری بە چەکی ئاشتی ئەکرێت، وەکوو ئیقناع و ڕاکێشان و پیٛسەلماندن لە ڕێگای وتارەوە.

نەتەوە نییە بتوانیٛ واز لە وتار بێنێت، چونکە وتار تیژترین چەکە بۆ وازهێنان و بەخێوکردنی نەفسی ئادەمیزاد لە ڕۆژانی ئاشتییا، هەروەها باشترین ڕێگاشە بۆ هاندانی ئەندام و کۆمەڵ لە ڕۆژانی جەنگا.

وتار گەورەترین و باشترین شتە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ، سیاسی بێت یا کۆمەڵی، یا ئیقتیصادی، هەروەها باشترین ڕێگاشە بۆ حیزبێک، کە بیەوێ بیری خەڵقی شوێنی خۆی خات، یان دوشمنەکانی پێ‌ڕەت‌کاتەوە. جگە لەمانەش، شتێکی زۆر بەکەڵکە لە مزگەوت و لە کەنیسەکانا وە لە کۆنفرانس و لە کۆمەڵەکانا.

گەلێک کاروباری ژیانی سیاسی و تەربییە و خوێندن، پشت بە وتارەوە ئەبەستن. بەکورتی، وتار ڕوکنێکی ژیانی کۆمەڵایەتییە لە هەموو چەرخێکا و لە هەموو نەتەوەیەکا.

شارەزاکانی مێژووی وتار لە نەتەوەکانا ئەڵێن: بە دوو هۆ گەشەئەکات وە بەو دوو هۆش ئەمرێت: هۆی یەکەم ئەوەیە ئەگەر نەتەوەیەک سەربەست بێ و لە بیروباوەڕ و قسەکردنا ئازادبێت، ئەوا وتار لەو نەتەوەیەدا گەشەئەکات. وە ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بوو، ئەوا ئەوی هۆی دووەم ئەوەیە نەتەوەیەکی دیل هانەبدرێت بۆ ژیانێکی لەمە خۆشتر، وە تێی‌بگەیەنرێ کە باری ئێستاکەی زۆر تاڵ و ناخۆشە، وێنەی ژیانی ئێستای کە دیلە، بەتەواوی بخرێتە پێش‌چاوی و لە مێشکیا جێگیرببێت. چ کاتێ ئەمە پێک‌هات، ئەوا ئەو نەتەوەیە ئەجووڵێ و وەکوو گۆم ئەشڵەقێ و دەست‌ئەکات بە ڕۆیشتن بۆ گەیشتنە ژیانی تازە.

مێژوو گەورەترین بەڵگەیە بۆ ڕاستیی ئەم قسانە، کە نەتەوەی یۆنان لە چەرخی پێنجەمی پێش میلادا کە ئازادیی بیروباوەڕ و قسەی وەرگرت، ڕای سیاسیی تیا بڵاوبووەوە، بەربەرەکانی لە مەعبەینی ئەم ڕایانەدا جۆشی‌خوارد، کۆبوونەوەی سیاسی و کۆمەڵی بەرەڵداکرا بۆ خەڵقی. لەمەوە وتار گەشەی‌کرد و گەورەترین وتاری سیاسی لەدایک‌بوو، وەکو: بێر کلیس لە سەدەی پێنجەمی پ.م، وە دیمپنیس لە سەدەی چوارەمی پ.م. ئەم وتەرانە و گەلێکی‌تر دەستیان‌کرد بە وتاردان لە هەموو کاروبارێکی گشتییا. ئەوی کە ئێجگار وتاری بەرزکردەوە لای یۆنان، ئەو دەستوورە بوو کە نەیئەهێشت ئەوقات مورافەعەی یەکێکی‌تر بکات لە مەحکەمەدا، بەڵکوو ئەبێت هەموو کەسێک خۆی قسە بۆ خۆی بکات. لەبەرئەوەی کە بەشێکی زۆری خەڵقی نەیانئەزانی باش قسەبکەن، مەجبووربوون بچنە لای وتەرەکان، بۆ ئەوەی وتاریان بۆ بنووسن و ڕێک‌بخەن. بەم جۆرە وتەر زۆربوو وە وتار ئێجگار گەشەی‌کرد. کە ڕۆمانەکان هاتن و جڵەوی ئازادییان تونگ‌کردەوە و نیظامی حوکم بوو بە دیکتاتۆری، نەک دیموکراسی، وتار کزبوو، تا ئەو حەلەی خەڵقی هەستیان بە

تەنگپێهەڵچنین و بە باری خراپی خۆیان کرد، وە زانییان کە دیلن، دەستیانکرد بە جووڵە و شڵەقان، پەلاماری طەبەقەی ئارستۆقراتییان دا و شۆڕشیانکرد، ئەو حەلە وتار بووژایەوە و گەشایەوە.

شۆڕشی فەڕەنسە زۆر کاریکردە ڕاپەڕینی وتار، ئەو حەلەی کە فەڕەنسییەکان کەوتنە شۆڕش و داوای ئازادی و برایەتی و وەکوویەکییان کرد، وتار گەشەیکرد و گەلێک وتەری وەکوو میرابۆ، دانتۆن و ڕۆبسبێر هاتنە مەیانی شۆڕشەوە.

هەر ئەم شۆڕشەی فەرەنسە، زۆر کاریکردە نەتەوەکانیتریشەوە، ئەوانیش داوای ئیصلاح و ئازادییان کرد، وە گەلێ وتەری بلیمەت پەیابوو، وەکو بێت، شیردان، مەنسفیڵد، لەناو نەتەوەی ئینگلیزا. لە کوردستانیش، زۆر چاوەڕوانئەکەیت لەم جەنگەدا وە لەپاش ئەم جەنگەش، گەلێک وتەری بلیمەت لەناو کورددا پەیابن، وە وتاری کوردی بگاتە کەشکەلانی فەلەک لە بەنرخی و بایەخداری و گەشەکردنی و پێشکەوتنیا.

ئێستاکە بۆمان دەرکەوت کە وتار بە دوو شت ئەمرێ یان گەشەئەکات: هەستی بە خراپیی بار وە چاوبڕینە ژیانێکی باشتر، لەگەڵ ئازادییا لە بیروباوەڕ و قسە و نووسینا.

**چەشنەکانی وتار:**

بایەخدارترین چەشنەکانی وتار ئەمانەن:

١. وتاری سیاسی، ٢. وتاری دینی، ٣. وتاری ناو ئاهەنگ.

١. وتاری سیاسی:

بەو جۆرە وتارە ئەڵێن کە دەربارەی کاروباری سیاسیی گشتی یان تایبەتی ئەدوێت. ئەو وتارانەی لە مەجلیسی نیابەتا، یان لە کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی نائیبەکانا، ئەدرێن، وە یان ئەو وتارانەی کە لە کۆنفرانسێکی سیاسییا ئەدرێن، یان ئەو وتارانەی نەتەوەیەکی ژێردەست بە دزییەوە کۆمەڵ ئەبەستێ، دەستئەکرێت بە وتاردان تیایا بۆ ئازادکردنی نیشتمان.

ئەو وتارانەی کە پەیوەندییان هەبێت بە زانستەوە، یان بە پارەوە، یان بە کشتوکاڵەوە، یان بە قانوونەوە، ئەڵێن ئەم وتارانە هەموو بە وتاری سیاسی ناوئەبرێن. ئەم چەشنە وتارانە، لە دەوڵەتە دەستوورییەکانا گەشەئەکەن. وە هۆی گەشەکردن ڕاستەوڕاست دامەزرانی چەند کۆمەڵێکی جیاجیان لە وڵاتە. چ کات ئەم کۆمەڵانە دەستیان‌دایە کارکردنی ئاشکرا، ئەوا وتەری هەر لایە هەوڵئەدات خەڵقی ڕاکێشێت، وە بەم جۆرە ئەم جۆرە وتارە گەشەئەکات.

بۆ ئەوەی سەربکەویت لە وتاردانی سیاسییا، پێویستە باش لەو باسە بکۆڵێتەوە کە ئەتەوێت قسەی تیا بکەیت، وە پێویستە هەموو پچووک و گەورەیەکی باسەکەت ڕەوان‌بکەیت. جگە لەمەش، پێویستە نەفسییەتی گوێگرەکانت بزانی، وە ئاگاداربیت کە ئەوان بە چ شتێک موتەئەثیرئەبن، وە پێویستە بشزانی لە چ دەرگایەکەوە ئەڕۆیت، بۆ ئەوەی ئاگر لە هەستییان بەربدەیت. جگە لەمانەش، پێویستە لەو ڕێگایەوە گوێگرەکانت ئیقناع‌بکەیت، کە خۆت پێی ئیقناع‌بوویت. ئینجا شتی بەنرخ ئەوەیە هەموو بیروباوەڕی موعارەضەکەرەکانت بڕووخێنیت وە نەیەڵیت بەسەرتا زاڵ‌ببن. هەروەها تا ئەتوانیت لە مەسئەلەی شەخسی دووربکەوەرەوە و باسی کاروباری گشتی بکە، وە تا ئەتوانی پیشانی‌بدە بە دڵنیایی تەواوەوە کە ئەم ڕێگایەی تۆ یان کۆمەڵەکەت بەسەریا ئەڕوات، ڕێگایەکی ڕاستە و ڕێگای موعاریضەکانت خراپن وە زیان بە نەتەوە ئەگەیەنن. لە کاتی ئیقناعکردنا، پێویستە کۆمەڵ وەکوو ئەندام ئیقناع‌بکەیت، یەعنی باش لە هەموو کەل‌وقوژبنێکی باسەکەت بدوێ وە لێی‌بکۆڵەرەوە. لەگەڵ ئەمانەشا، ئەبێت مەعلووماتێکی گشتیی باشت بێت وە هەمیشە ئامادەبیت بۆ پرسیار یان پەلاماری تاک.

ئەم جۆرە وتارەیە کە ڕای گشتی ئاگاداربکەیت لە باری وڵاتەکەت. هەر دوو وتاریشە ئەبێت بە هۆ بۆ ئەوەی ڕایەکی گشتی دروست‌بکەیت لە وڵاتێکا کە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسیی نیشتمانیی نەبێت. بەکورتی، کوردستانی ئێستا پێویستی بەوە هەیە لە هەموو شار و دێیەکیا، لە هەموو قوژبنێکیا، وتەری باشی نیشتمانپەرستی تیابێت، بۆ ئەوەی نەتەوە هۆشیارکەنەوە، بۆ ئەوەی ڕای گشتیی خەڵق کەن، بۆ ئەوەی ئەم ڕا گشتییە ئاڕاستەی ڕێگای ڕاست و ڕەوان کەن، هەوڵدانە بە هەموو هێز و توانایەک وە بە هەموو ڕێگایەک بۆ سەربەستی و ئازادی.

٢. وتاری دینی:

ئەم جۆرە وتارانە ئەوانەن کە لەناو مزگەوتەکانا ئەدرێن بۆ بە ڕێگای ڕاستدا ڕۆیشتن وە بۆ لەخراپەلادان. ئەم جۆرە وتارانە لەبەر سام و ڕەهبەتی دین، عامییەکان باشتر گوێی‌لێ‌ئەگرن وە زووتر قبوولّی‌ئەکەن. لەبەرئەمە پێویستە کۆمەڵە نیشتمانییەکانی کورد جڵەوی ئەم وتارانە بگرنەدەست وە ڕەوانەی‌کەن بۆ ئامانجی نیشتمانی.

٣. وتاری ناو ئاهەنگ: ئەو جۆرە وتارەیە کە بۆ پیاوێکی گەورە یان خوێندەوار یان نیشتمانپەرست ئەدرێت، وە یان لە شاییەکدا یان لە زیافەتێکا دەستئەکرێت بە باسکردنی چاکە و پیاوەتی و نیشتمانپەرستی و ڕەوشتبەرزیی ئەو کەسانە کە ئەم ئاهەنگەیان بۆ کراوە.

**بەشەکانی وتار:**[١]

---

[١] بابەتەکە لێرە بڕاوەتەوە و تەواونەکراوە. (س)

## هونەری تەمسیل و شانۆ

### وەرزی یەکەم

**ئارەزووی تەمسیل:**

لە سەرەتای تافی لاوی و گەنجی‌دا، کوڕ و کچ مەیلی زۆر شت ئەکەن و کەڵکەڵەیەکی زۆریان وا لە مێشکا و هیوایەکی گەورە و پرشنگدار لەپێش خۆیانەوە و لە پاشەڕۆژا ئەبینن. دە لەم سەردەمی ژیانەدا، مەیلیان بەلای تەمسیل و هەموو هونەرێکی جوانا ئەڕوا، هەندێ جار زێفیان لێ‌ئەسێنێ و هەندێ‌جاریش ئەم مەیلەیان سستئەبێتەوە و لەبەر گەلێک هۆ بەتایبەتی نەبوونی دامودەزگای ڕاستوڕەوانی هونەروەری و ڕێگە خۆشنەکردنی ئەو لاوانە لە لایەن هونەرمەندان و کاربەدەستانەوە.

وە ئەم لاوانە هەندێ‌جار خەریکی تەمسیل ئەبن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە تەمسیلیان نەکردووە بە پیشە. بەڵام ئاخۆ خەریککردنەکە هەرچەندە لە ئارەزوویەکی پڕبەدڵیشەوە هاتبێ، ئەو لاوانە ناکات بە مومەسیلێکی باشی کارامە.

هەندێ‌جار پێت‌ئەوترێ کە خاوەن‌بەهرەی وە لە پاشەڕۆژا ئەبی بە مومەسیلێکی چاک، ئەوانەی وات پێ‌ئەڵێن یان هەڵتئەدەن یان ڕاستت لەگەڵا ئەکەن. بەڵام ڕاستەڕێی سەرکەوتنی تۆ ئەوەیە هێزێکی ناودەروونی پاڵت پێوەبنێت و بەسەر هەموو کۆسپێکا زاڵبی و هەرگیز نەگەڕێیتەوە و کۆڵنەدەی وە خۆت ئامادەبکەی لەبارەی هونەرییەوە و بە سەرکەوتوویی و بۆلووانەوە نەڕۆی وە خۆت نەترسێنی، ئەگەر بتەوێ سەرکەوی.

هەندێ کەسیش مەیلیان هەیە و حەز لە هونەری تەمسیل ئەکەن، بەڵام لەبەر شەرمنی خۆیان دەرناخەن و ئەو ڕەغبەتە لە خۆیانا کزئەکەن. گەلێک‌جاریش کاروباری ژیان و ماڵبەڕێوەبردن و ئیشکردن و مناڵبەخێوکردن و بەربەرەکانیی خەڵقی، دووری‌ئەخەنەوە لەم هونەرە جوانە، وە هیچ دوورنییە کە هەتا ئێستا لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان‌کردن، هەزاران مومەسیلی کارامەی بلیمەت لەکیس ئەم میللەتە چووبن بەخۆڕایی و ئەمەش

گوناهێکی زۆر گەورە و تاوانێکی سەخت و بارسووکییەکی ناشیرین و زیانێکی گەورەیە کە لە میللەت ئەکەوێ.

**سەر بە تەمسیل زۆرن:**

تەمسیل کردارێکی خۆشەویست و جوانە لە لای خەڵقێکی زۆر، وە هەتا ئێستا گەلێک کەس هەیە لە دنیادا کە خۆیان تەرخانکردووە بۆ ئەم هونەرە و لەم ڕێیەوە ئەژین. وە گەلێک لەم مومەسیلانە کە خاوەنی بەهرە و توانان، گەیشتوونەتە پلەی ئێجگار بەرز. بەڵام هەڵەیەکی گەورەش ئەکرێ لەوەدا کە هەر کەسێک هەڵئەسێ و عەمبازی تەمسیل ئەبێ، بەبێ ئەوەی هیچ بەهرەیەکیان تیابێ، یان بەبێ ئەوەی بتوانن خزمەتی خۆیان لەم ڕێیەوە بکەن و ببنە هۆی پێشخستنی هونەری تەمسیل. هەندێکیتریش بۆ گێرەشێوێنی و پلەی سەرۆکی، خۆیان هەڵئەقوتێننە ناو کۆڕی هونەرەوە و سەر لە هونەرمەندان ئەشێوێنن بۆ ماوەیەک و ئینجا خووئەدەنە شتێکیتر و خۆیان بە لایەکیترا هەڵئەسپێرن. دە ئەمانە ئەو بەڵایەن کە ئەبێ کۆمەڵانی هونەر و هونەرمەندان بە زووترین کات خۆیانیان لێ پاکبکەنەوە.

**نووسەرانی چیرۆکی شانۆ:**

هیچ گومانی نییە کە تەمسیل گێڕانەوە و کرداری ناو ئەو چیرۆکانەیە کە نووسەران ئامادەیئەکەن لە قاڵبێکی جوانی شانۆییی پوختا. بەڵام -بەداخەوە- هەتا ئێستا نووسەرەکانیشمان کەمتەرخەمانە وەستاون و هێشتا بەتەواوی توانای خۆیان لەم ڕێیەوە تاقینەکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشا کە میللەت زۆر پێویستی بەم جۆرە نووسینانە هەیە و ئەو نووسەرانە لەم ڕێیەوە باشتر ئەتوانن خزمەتبکەن و دەستێکی باڵایان هەبێ لە پێشخستنی هونەری تەمسیلی وڵاتەکەیانا.

**خوێندنەوە و تێکۆشان:**[1]

[1] بابەتەکە تەواونەبووە، هەر ئەوەندەی لە بەردەستدایە. (س)

## هەفتەی ساوایان

لیژنەی پڕوپاگەندە (١)

### نەخۆشیی سکچوون

بۆ ئەو دایکانەی نەوەی پاشەڕۆژ پەروەردەئەکەن.

بۆ ئەوەی ئازار نەچێژی و منالّە جوانەکەت، بەندی جگەرت، بە سکچوون نەفەوتێ، پەیڕەویی ئەم ئامۆژگارییانە بکە:

١. بە ڕێکوپێکی شیری بدەرێ، لە هاوینا مەیبڕەوە لە مەمک.

٢. ئەگەر شیرت کەمبوو، یان لە کاتی بڕینەوەدا، خۆراکی پاکی تەعقیمکراوی بدەرێ. مێش و تۆز بەلای خۆراک و بەلای منالّەکەتا نەچێت.

٣. هەموو شتومەکێکی منالّەکەت بە ئاوی لەکولّ بکولّێنە و پاکوتەمیزبە، خۆراکی قورسی نەدەیتێ.

٤. نابێ بیدەیە بەر سەرما و گەرما، لە منالّی نەخۆشی سکچووی دوورخەرەوە.

ئەی دایکی خۆشەویست: ئامۆژگارییەکانمان بۆ خۆت و منالّ و خێزانەکەتە، بۆ دوورخستنەوەی نەخۆشییە، بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی لەشساغی پتەوە، کە هیوای دواڕۆژی ئەم وڵاتەیە.

*

لیژنەی پڕوپاگەندە (٢)

### پڕوپووچی کۆن درۆیە

گەلێک پڕوپووچی کۆن هەن، بوونەتە مایەی ماڵوێرانی، نەکەی دایکی خۆشەویست پەیڕەوییانبکەیت، هەتا ئەتوانی لەبیر خۆتی بەرەوە.

١. منالّ نابێ بشۆرێ، هەتا گەورەئەبێت. ئەوی وا ئەڵێ، دوژمنی پاکوتەمیزییە.

٢. ئاو نادرێ بە منالّی ساوا. ئەوی ئەمەی وت، دوژمنی منالّە.

٣. نەخۆشیی گرانەتا و سووریژە دەرمانیان نییە. کورد وتوویە: دەرد نییە بێدەرمان بێت.

دەستم دامێنت، گوێ لە پڕوپووچ نەگریت، بڕوا بە زانستی تازە بکە، لە ڕێی پێشکەوتنی منداڵەکەتا، کە بەردی بناغەی پێشخستنی نیشتمانە.

*

لیژنەی پڕوپاگەندە (٣)

**کۆکەڕەشە**

نەخۆشییەکی سارییە، لە زستان و بەهارا دوچاری ساوایان ئەبێت، ئەو سنگە بچکۆلانە ناسکەیان هەڵئەتەکێنێ. ئەتەوێ منداڵەکەت تووشی نەبێت، تۆش بەدیاریەوە ئازار بچێژیت، دە پەیڕەویی ئامۆژگارییەکانمان بکە.

منداڵەکەت لەو منالانە دووربخەرەوە کە تووشیانبووە، مەیەڵە سەرمایببێ، شتومەکی منالی نەخۆش بەکارمەهێنە بۆ منداڵەکەت. کە تا و هەلامەت و نەرمەکۆکەی بوو، بیگەیێنەرە نەخۆشخانە. کە دەردەکە بڵاوبووەوە، دەستبەجێ بیبەرە نەخۆشخانە، تا دەرزیی بۆ بکرێ بۆ پاراستنی.

*

لیژنەی پڕوپاگەندە (٤)

**وەناق**

لە کاتی پاییزا، کە سەرما ئەبزوێت، وەناق بڵاوئەبێتەوە. نەخۆشیی وەناق دەردێکی کوشندەیە، خۆت و منداڵەکەتی لێبپارێزە وە ئامۆژگارییەکانمان پەیڕەویبکە:

خۆت و منالت لە ئینسانی نەخۆش، لە شتومەکی نەخۆش، دووربخەرەوە. شیر و ماست بێتەعقیم نەخۆیت. کە نەخۆشییەکە بڵاوبووەوە، منداڵەکەت بگەیێنە نەخۆشخانە بۆ دەرزیلێدانی، تا تووشنەبێت. کە تووشی نەخۆشیی ئالوو بوو، بیگەیێنەرە لای دوکتۆر. نەکەی لەبیرتچێت: پاییزان ئاگات لە وەناق بێت، هەتا دوچاری خۆت و کەسوکارەکەت نەبووە.

*

لیژنەی پڕوپاگەندە (٥)

## نەوەی دوارۆژ

هیچ گومان لەوەدانییە کە ساوای ئەمڕۆ پیاوی سبەینێیە، ئەوی ئەمڕۆ ئەیچێنی، سبەینێ ئەیدروویتەوە. پێشینیان کردیان بۆ ئێمە، ئێمەیش ئەیکەین بۆ دوارۆژ. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، ساڵ بەدوای ساڵا، میللەتان و وڵاتان ڕووەو پێشەوە ئەڕۆن، بۆ پێشەوە وان لە پێشکەوتنا. بەڵام ئەم پێشکەوتنە بە خۆڕایی نایێتە بەرهەم، بەردی بناغەکەی چۆنێتیی کارکردنی بەکەڵک و بەخێوکردنی باش و ڕێوشوێندانانی ڕێکوپێکە. میحوەری پێشکەوتن و سەرکەوتنیش، منالی ساوای ئەمڕۆیە، کە ئەبێتە جوانمەردی سبەینێ. هەتا باشتریان بەخێوکەین، کەڵکی زیاتریان لێئەبینین، خۆشیان و وڵاتەکەشیان کامەران و بەختیار ئەژین.

دە لەم پێناوەدا و لە ڕێی ئەم ئامانجە پیرۆزەدا، حکومەت گەلێک پرۆژەی بەکەڵکی داناوە؛ کۆمەڵی پاراستنی ساوایان، کۆمەڵی چەلیپای سوور، دەزگای چاودێریی دایکان و ساوایان. ئەمانە هەموویان تێکڕا بۆ خزمەتکردنی نەوەی دوارۆژ کراونەتەوە و دامەزرێنراون. قوتابخانەی ساوایان، سەرەتایی، ناوەند و بەرز و کۆلیج، بۆ فێرکردن و بەخێوکردن و مێشکپڕکردنیانە بە زانست و زانیاریی تازە، بە هونەری بەرز و جوان، بە پیشە و کرداری ڕەنگین و ڕەوان، بۆ چاوکردنەوەیانە بەم دنیا گەورەیەی تیایا ئەژین، بە هەموو قەوماو و کردار و داهێنان و کارەساتێکی ئێستا و ڕابوردووی سەرزەمین.

ئەوە موستەوصەف و نەخۆشخانە و داموودەزگای لەناوبردن و قەلاچۆکردنی نەخۆشی و پەتا و هۆی نەخۆشی، لە ڕێی لەشساغی و تەندروستیی گەلا، بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی لەشساغی مێشکساغی بیروباوەڕ بەرز، کە جێی هیوا و ئاوات بن بۆ دوارۆژ، بۆ پێشخستنی وڵات، بۆ هەڵگرتنی مەخشەڵی زانستی تازەی عیراقی پێشکەوتووی مەڵبەندی شارستانێتیی سەرەتای مێژوو. ئایا حکوومەت ئەم هەموو داموودەزگایانەی بۆچی دامەزراندووە، ئەگەر سوودی لێوەنەگیرێ و خەڵقی پەیڕەویی‌نەکا و بۆ خێر و خۆشیی خۆی تەقەلانەدا و تێنەکۆشێ و دەستی دڵسۆزی بۆ کاری خێر درێژنەکات؟!

هەر لە ڕێی ئامانجی پیرۆزی سەرەتای ئەم وتارەدا، لە پارەوە و لەژێر چاودێریی سەعادەتی موتەصەڕیفی خۆشەویستی لیواکەمانا، هەفتەی ساوایانیش دامەزرا و هەموو ساڵێک لەم وەرزەدا ئاهەنگی تێکڕاییی پڕ دەبدەبە و شکۆ لە شارەکەماندا ئەکرێت بۆ هاندانی باوکان و دایکان کە بە ڕێگاوشوێن و دەستووری تازەی میللەتانی پێشکەوتوو، مناڵەکانیان بەخێوبکەن، کەڵک و خێریان لێببینن، تێکڕا خێربدەنەوە بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان، لە قافڵەی پێشکەوتووی میللەتانی دنیا دوانەکەون. با هەموو ئینسانێکی تێگەیشتوو دڵنیابێ و پڕباوەڕ کە بەردی بناغەی پێشکەوتن، بیروباوەڕی ڕاست، کارکردنی بەکەڵک، دامەزراندنی دامودەزگای خوێندەواری و لەشساغی، هونەری جوانە. بە قسەی پڕوپووچی کۆن و بە داودەرمانی لاکۆڵان و بە وتەی پفهەڵدراوی پیرێژنان و بە خۆهەڵکێشانی هیچلەبارانەبووەکان، یەکزەرە پێشناکەوین، هەتاهەتایە سەرناکەوین و پایەمان پەستە و نزم.

چەند جێگای شانازییە و هیوا کە ئەبینی ئینسانێکی نەخوێندەوار بە قسەی دڵسۆزی ڕاستی بیروباوەڕ بەرز ئەکەوێتە ناوبازاڕ بۆ کڕینی شیری قوتوو بۆ مناڵە ساواکەی، بۆ کڕینی پۆپەشمین[1] و تەلی هێڵەک و ئیستفینیک بۆ لەناوبردنی مێشومەگەز و مێشوولەی ناوماڵەکەی! چەند جێگای بەختیارییە و هیوا کە ئافرەتێک ئەبینی ناوماڵەکەی پاکە و تەمیز، خۆراکی دەستی شیفایە بۆ نەخۆش، مناڵەکەی ساغە و پاکە و جوان و دەمبەپێکەنین!

---

[1] (پەپوامشی) نووسراوە، کە هەڵەی نووسینەوەیە. (س)

## سەرەتا

کچی براخنکاوی باوکنەماوی جەستەی دایک تێکشکاو! دایکی جگەرسووتاوی خانووڕووخێنراوی ماڵبەقوڕگیراو! باوکی حەپەساوی هاوارلێهەڵساوی نووزەپێنەماو! ڕۆڵەی بێباوک!

کچی بێدایک!

ئەشکەنجەدراوەکان! هەناوداتەکاوەکان، ڕۆڵەمردووەکان، دووکانڕووخاوینە، قوڕبەسەراکراوینە، ئەی هاوولاتییەکان! گیرۆدەی لافاوینە، ئەی مەردی پیاوینە! بە ناوی ئێوە و لە ڕێی ئێوەدا و بۆ ئێوە، بۆ خۆمان جوولاوین، هەست دەرئەبڕین، چونکە دەرکئەکەین، خۆمان ناگرین.

بەڵام هەستی و دەرککردن سەرەتان، دەربڕینیان بە شیعر و نووسین و هەموو جۆرە هۆیەکیتر، کردەوەی مەخشەڵهەڵگرە ڕێچکەشکێنە پێشڕەوەکانە کە پێ لە زنجیری سەردەمی پێشخواردنەوە و لێوکرۆشتن و دەستبەدەستادان ڕائەتەکێنن، لە دیلیی ترس و سام خۆیان ئازادئەکەن، مەردانە هەموو هەست و دەرککردنێکیان دەرئەبڕن و بەمەشەوە ناوەستن، خۆیانیانی لە ڕێدا ئەسووتێنن؛ بۆ نەهێشتی کەموکووڕی، بۆ پێکهێنانی هەموو شتێکی جوانی پێویست، بۆ هێنانەدیی ئاواتی پیرۆزی ئاخنراوی تاسێنراوی هەموو لێقەوماوێک، هەموو جەزرەبەپێگەیەنراوێک.

ژیان سەختە و شیرین، فرمێسکە و پێکەنین، هەستی دڕکە و چقڵ، مێخەکە و سمڵ، بۆنی خۆشی گوڵ. دە بەبێ سەختیچێشتن و فرمێسکڕشتن، ئەو شیرینی و پێکەنینە نابینن؛ بەبێ ئەو دڕک و چقڵە، بۆنی ئەو گوڵە ناکەین کە ئامانجە.

گیانی یارمەتی و لێبوردن، خۆتەرخانکردن، هەستی و دەرک و دەربڕینیان هەن، بەڵام هەتا ڕادەیەک. بۆیە ئەبێ بێگومانبن کە بە تەنیا بەم ڕادە کەمە کار مەیسەرنابێ، ڕۆژمان زووبەزوو لێنابێتەوە، لە خەوی غەفڵەت خەبەرمانانبێتەوە، دەروومان لێناکرێتەوە.

مەوەستە و چیت لەبارایە پێشکەشیکە و برۆ! ملیۆنەهای وەکوو من و تۆ هاتن و ڕۆیشتن و دنیاش هەر دنیایە و پێش تۆش هەر دنیا بووە.

هەر تاقمە بێخۆویستی چی ئەزانێت، باشە ئەوە بکا. بە کاری هەموو لایەک، بە پشتگرتنی یەکتری، بە خۆشەویستن و هەستدەربڕینی بێساردبوونەوە، ژیانێکی بێزیانی ڕازاوەی جوان پێکدێت.

ئەم "ناڵەی لێقەوماوە"ش تۆمارێکی مێژووی خۆتانە، وێنەیەکی قەوماو و کارەساتەکانی ئەم وڵاتە و دانیشتووەکانیەتی لە سەردەمی باووباپیرتانەوە هەتا ئەمڕۆ؛ بۆ سبەینێش هاناتان ئەهێنێتەبەر و داوای تێکۆشان و یارمەتیتان لێئەکا، یارمەتیی خۆتان، هیی ڕاستە خەڵقەکە، هیی زۆربەی زۆر، ئەوانەی دوچاری قەوماو و کۆستن هەتا ئامباڵا!

نووری وەشتیی لاویش، شیعرەکەیەتی بیخوێننەوە، تێیئەگەن، خۆشتانئەوێ، چونکە بۆ ئێوە، بۆ سوودی گشت ئەنووسێ و ئازاری چێشت.

هەر کەسێک بۆ سوودی گشتی تێکۆشا و ئازاری چێشت، نامرێ و هەزار ڕەحمەتیش بۆ شەهیدەکان.

ڕەفیق
چالاک

## ئەکرۆپۆڵس*

ئەکرۆپۆڵس، ئەو شوێنە بەرزە قایمکراوەیە لە قەڵای ئەثینا کە شارێکی ئەغریقییە وە مانای شاری بەرز ئەدا، وە یۆنانییەکان لەم شوێنەدا پەرستگا و پەیکەرەکانیان تیا دروستکردووە. یۆنانییەکان خاوەنی وێژەیەکی بەرز و هونەرێکی جوان بوون. ئەلیاذە و ئۆدێسا، هەروەها جوانییان زۆر خۆشویستووە. وە لەپاش خۆیان شوێنەوارێکی هونەریی مەزنیان بەجێهێشتووە، کە تا ئێستا ماوە وە خەڵکی بە چاوی ڕەزامەندییەوە سەیریان ئەکەن.

ئەکرۆپۆڵس لەم ڕۆژەدا بریتییە لە گردێکی بچووکی لاکێشەییی نزیکەی ١٨٠ پێ بەرزترە لە دۆڵی ئەثینا. ئەم شوێنەی کە چواردەوری گیراوە بە جۆرەها ئەنتیکەی هونەری، ئێستا زۆربەی زۆری ڕووخاوە وە بریتییە لە شوێنێکی وێران.

هەرچەندە ئەم شوێنە وێرانکراوە ڕەونەق و ڕەنگی جارانی نەماوە، بەڵام – لەگەڵ ئەوەشدا– ئەتوانین کە شتە بەنرخەکانیان ببینین و بخوێنینەوە، وەک جوانی وە مەنطیق کە وڵاتە ئەوروپاییەکان وڵاتەکانی خۆیان پێ بنیاتکرد. وە ئەمەش یەتەدی کە ئەگەینە بەردەم هۆڵێکی گەورە لە ڕۆژئاوای ئەکرۆپۆڵس، کە ئەم هۆڵە پێنج دەروازەی گەورەی لەسەرە، کە ئەمانگەیێننە ناوشار. وە لە لای ڕاستەوە پەرستگایەکی بێهاوتا ئەبینین، کە زۆر بەوردی نەخشەکانی کێشراوە وە ڕەنگەکانی تێکەڵکراون.

وە خوای سەرکەوتن لە شێوەی کچێکدایە کە بە دەستێکی چەپک وە بە دەستەکەیتر گەڵای خورمای هەڵگرتووە. وە ئەگەر چاوێکمان بەو کۆڵەکانەدا خشان و سەیرێکی ئەو تاشەبەردە زلانە بکەین، ئەبینین کە ئەمانە چیرۆکی خۆیانمان بۆ ئەگێڕنەوە، کە چۆن وەختی خۆی خەڵکی ئەم شارە هەموو

---

* ئەم بابەتە و ڕاوەژیشک و پرۆگرامی "ڕۆژباش" بە ناوی ڕەحمەتی چالاکی ڕەفیق چالاکەوە و "پرۆگرامی ڕاز و نیاز" بە ناوی بەڕێز ئازاد ڕەفیق چالاکەوە نووسراوە. کاک ئازاد پێیڕاگەیاندم کە هەردووکیان لەو سەردەمەدا لەو ئاستەدا نەبوون بتوانن خۆیان وتار بنووسن، بەڵکوو هەردوو بابەتەکە باوکیان ئامادەیکردووە و ئەمان نووسیویانەتەوە. ناوەڕۆک و شێوازی نووسینەکانیش، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. (س)

ئەهاتنە دەرەوە لە ڕۆژێکی دیاریکراوا وە بە شەقامەکانا بە شێوەی خۆپیشاندانێک ئەگەڕان، کە پێیانئەوت خۆپیشاندانی بارثنۆن.

ئافرەتەکان شاڵێکی ڕەنگین و جوانیان بەدەستەوەیە، کە خۆیان چنیویانە وە حازریانکردووە بۆ ئەم ڕۆژە، کە بیدەن بەسەر خوا ئەثینادا، کە لە بەرزترین شوینی ئەکرۆپۆڵسدا چەسبکراوە وە بەرزییەکەی ٤٠ پێ ئەبێ.

ئەمیش پەیکەرێکی زۆر جوان و ڕەنگینە، کە لە ئاڵتوون و عاج دروستکراوە، لە دەستکردی پەیکەرتاشی مەزنی یۆنانی فیدیاسە. سوارەکان بە سواریی ئەسپەکانیان، هەژارەکان بە پیادەیی، وە پیاوە ئاینییەکان دەم بە ویرد، فرۆشیارەکان خەریکی شت فرۆشتنن. وە هەروەها گۆماوی خوێنی ئەو ئاژەڵانەی کە بە قوربانی سەربڕراون بەم بۆنەیەوە ئەبینین.

ئەکرۆپۆڵس چواردەوری شاری ئەثینای داوە، کە ئەثینییەکانی تیا ژیاون، پێش ئەوەی یۆنانییەکان وڵاتی خۆیان بەجێبهێڵن، لە ژوورووی دەریای ڕەش لە دووهەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا.

ئەم یۆنانییانە دەستیانکرد بە تاڵانکردن و دێسووتاندنی ئەثینییەکان، بەڵام پاش ماوەیەک وازیانهینا وە دەستیانکرد بە دروستکردنی دێهات بۆ خۆیان وە ئەم دێهاتانە پەرەیسەند وە بوون بە شار، پاش دەستکردنی خەڵکەکەی بە بازرگانییەتی.

ئەم ئەکرۆپۆڵسەی کە ئەیبینین، ئەمرۆ شێوەی گۆڕرا لەپاش چەرخی پێنجەمی لەدایکبوونی عیسا، چونکە فارسەکان بە سەرکردایەتیی ئەحشویرشی کوڕی دارا بەشێکیان لێسووتان، لە یەکەم هەرە گەورەترین جەنگ لە مێژوودا لە بەینی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە لە ساڵی ٤٨٠ی پێش لەدایکبونی عیسا ڕوویداوە لە ثرۆمبۆلی وە سەرکردایەتیی یۆنابیەکانی تیا کوژرا، کە ناوی لیۆنیداس بووە، خۆی و ٥٠٠ عەسکەری ئەسبرطی. بەڵام ئەغریقییەکان تۆڵەی خۆیان سەندەوە لە هەمان ساڵدا وە سوپای فارسەکانیان تێکشکاند لە جەنگی سلامیسی دەریاییدا.

ئەکۆپۆڵس ئەو حورمەتەی نەگیراوە کە ئەبووایە بگیرایە لە لایەن ئادەمیزادەوە، چونکە ئادەمیزاد زۆربەی دیوارەکانیی ڕووخاند وە

پەیکەرەکانیی شکاند وە هەروەها بارثنۆن وێرانکرا لە لایەن سەرکردەی ئەثینا کە تورک بووە لە چەرخی حەڤدەهەمدا.

لە دواییدا کە ئادەمیزاد دانی بە مەزنیی ئەکرۆپۆڵسدا نا، ئەو پەیکەر و ئەنتیکانەی گواستەوە بۆ ئەنتیکەخانەکانی ئەوروپا، کە یەکێک لەو پەیکەرانە پەیکەری ئەفرۆدێتە، خوای خۆشەویستی و جوانی لای یۆنانییەکان.

## ڕاوەژیشک

ئەگێڕنەوە؛ ئەحەی کوڕنوو، ڕەشەی خەجەلاو، مەجۆلی خامە و عارفی ئالی، دەورەی ئەحەی جاو ئەدەن بە قسەکردن و شتگێڕانەوە. ئەحەش ئەڵێ: "لێمگەڕێن، بچن بە ڕێی خۆتانەوە، من برسیمە". خێرا عارف ئەڵێت: "ئای مامئەحمەد نازانی گردەکەی زێڕینۆک لەو دیوەوە ژیشکێکی زۆری لێیە! ئەچین ڕاوێکی باشی لێئەکەین. گۆشتی ژیشکیش قەڵەو و بەتامە، بۆ خۆت تێری لێبخۆ".

مامئەحمەد تۆزێ ڕائەمێنێ و لەپاشا ئەڵێ: "باشە". ئەم کۆمەڵە ئەحە هەڵئەگرن و تەنەکەیەک لە بەر دووکانەکەی حاجی ساڵحی شووشەفرۆشا دانرابوو، ئەیبەن و ڕووئەکەنە گردی سەیوان. بانگی شێوان دادێت، ئینجا لەوێوە ئەچن بە ڕووی زێڕینۆکدا. تا ئەگەنە ئەوێ، بانگی خەوتنانیش ئەبێ و دنیا تاریکدایێ. لەسەر گردەکە ئەحەی کوڕنوو ئەڵێت: "ئینجا ئەبێ سەرڕاو بن، ڕاوی بۆ دامەزرێنن. ئەحەی جاو ئەکەن بە سەرڕاو و پێیئەڵێن: "مامئەحمەد، تۆ پیری، ناتوانی هەڕاکەیت. سەرڕاوەکە بگرە بەدەست، بۆ خۆت لێرە دانیشە و تەنەکەکە لە بەردەم خۆتا دانێ. بەردێکیشی ئەدەن بەدەستەوە، ئەڵێن: "دەستبکە بە تەنەکەکوتان و تەقەتەق. ئێمەش ئەچین بنڕاوەکە ئەگرین. ئەویش ئەڵێ: "باشە، ئەم تەقەتەقە چیی تێدایە؟"، ئەوانیش پێیئەڵێن: "چۆن وا ئەڵێیت؟ کە تۆ لێرە دەستتکرد بە تەقەتەق، ژیشکەکان هەموو هەر یەکە لە بنەدەوەنێکا بۆ خۆیان دەرئەپەڕن. ئێمەش وردەوردە ئەیانگرین، پاشان دێینەوە بۆ لای تۆ و پێکەوە هەموومان ئەچینەوە بۆ ناوشار. بەڵام تۆ تا ئێمە نەیەینەوە، نابێ ببزوویت و ناشبێ لە تەنەکەکوتان بکەویت". ئەویش ئەڵێ: "باشە، بەڵام زۆر بگرن".

مامئەحمەد بۆ خۆی دەستئەکا بە تەنەکەکوتان و ئەمانیش بە ناوی بنڕاوەوە لە گردەکە دێنەخوارەوە، هەتا لە مامئەحمەد ونئەبن. پێی پیائەنێن ڕووەو ناوشار. مامئەحمەدیش بۆ خۆی هەر تەقەی دێ و تەنەکە ئەکوتێ و ئەوانیش هەر یەکە ئەچنەوە ماڵی خۆیان، بە شێنەیی لێیئەنوون.

دووبەشی شەو ئەڕوات، مامئەحمەد گوێینەداتێ و هەر ئەیکوتێ، تا وای لێدێ شلئەبێ و دەستی ساردئەبێتەوە و وەنەوسئەیباتەوە. جارجار ڕائەچڵەکێ و دەستئەکاتەوە بە لێدان. وەڕسئەبێ و هیچ دەنگ و سەنگیش نییە. ئەوا وردەوردە شەبەقیشی دا. بەجارێ لە هیلاکییا پەلوپۆی پچڕا. هەڵئەسێ شەقێک لە تەنەکەکە هەڵئەدا و ڕووەو ناوشار بۆی ئەکشێ، بەملاوبەولاشا هەر لای بۆ ئەکاتەوە، بەڵکوو یەکێ لە هاوڕێکانی بەرچاوکەوێ، هاوڕێش وا لە شیرینخەوان!

دۆشدۆش بۆی دێتەوە، تا ئەگاتەوە بەر مزگەوتی سەیحەسەن. لەوێ هێزی لێئەپچڕی و ئەکەوێ. ڕۆژی لێئەبێتەوە و خەڵکی گەڕەک لێی کۆئەبنەوە و دەورەیئەدەن، "ها مامئەحمەد خێرە! ئەوە چیتە؟". ئەویش ئەڵێت: "وازم لێبێنن. ئیمشەو ئەو کوڕی پێوانە بردمیان بۆ ڕاوەژیشک، لە ئێواەوە تا ئێستا تەنەکە ئەکوتم، پەلوپۆم لێبڕا و لە برسانا مردم".

کە ئەڵێ ڕاوەژیشک، قاقا خەڵکەکە دەستئەکەن بە پێکەنین و گاڵتەپێکردنی. مامئەحمەد ئەوەندەیتر شێتئەبێت و مێشکی لە سەرا نامێنێت. وردەوردە بەڕێئەکەوێ. وەخت درەنگە، چێشتەنگاوە. لەولاوە ڕەشە و مەجۆل و ئەوان، لەپاش ئەوەی نان و چای خۆیان خوارد و تێرخەویشبوون، یەکەیەکە ڕووئەکەنە چاخانەکەی دەرویش شەریف، بۆ زانینی دواکارەساتی مامئەحمەد. هەرچی دانیشتووان و خەڵکی ئەو گەڕەکەش هەیە، هەموویان بەم کارەساتەیان زانی و لەبەر پێکەنین نەیانئەتوانی خۆیان بگرن.

ئەمەش بوو بە مەسەلەیەک و خەڵکی شار و لادێکان بۆ یەکتریان ئەگێڕایەوە.

# تووتن لە کوردستانا

یەکێک لەو ڕووەکە گرنگانەی کە لە کوردستانا هەن، تووتنە، لەو بەراو و زەوییەدا کە بەکەڵکی تووتن دێن لە کوردستاندا، ماوە هەیە نزیکەی ٢٥-٣٠ ملیۆن کیلۆ تووتن بهێنرێتەبەرهەم، ئەگەر دەسەڵاتی تووتنەوانەکان زۆر بکرێ و دەستگیرۆیی‌بکرێن و یارمەتییان‌بدرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی تووتنەکانیان ئەبێ. بەڵام ئێستا ساڵی ئەوپەڕی ١٢-١٦ ملیۆن کیلۆ زیاتر ناهێنرێتەبەرهەم.

مێژووی ڕووانی تووتن و باری گۆڕینی یاسای دامودەزگای بەڕێوەبردنی، دوورودرێژە و لێرەدا ماوەنییە لێی‌بدوێین. ئەوەی لێرەدا بتوانین لێی‌بدوێین، باسی جۆرەکانی تووتنە، لەگەڵ گێرمەوکێشەی پێگەیاندن و کردنی‌دا بە جگەرە.

تووتن لە کوردستانا دوو جۆرە: یەکەم- تووتنی وردە، دووەم- تووتنی سامسۆن، واتە گەڵای نەشکاو. تووتنی وردە: لە سەرەتادا لە کوردستانا تەنها تووتنی وردە ئەکرا. شوێنی بەرهەمهێنانی لە ناوچەی فێنک و بەراوی بەر کانی و ئاوە ساردەکانا بوو. ئەو سەردەمە تووتن کڕین بەدەست بازرگانەکانەوە بوو، میری تووتنی قەدەغەنەکردبوو، بەڵکوو مزی خۆی وەرئەگرت. بازرگانەکان دێ بە دێ تووتنیان لە خاوەن‌تووتن و چەرچییەکان ئەکڕی و لە شوێنێک‌دا ئەیانکرد بە خەرمان و وردیان‌ئەکرد و دارکبژێریان‌ئەکرد و لەناو خەرار و مشەممادا دایانئەگرت و ئەیانهێنایە دائیرەی (ڕێژی) و بە ئاگاداریی میری بارئەکرا و ئەنێررا بۆ بەندەرچی و بازرگانەکانی تووتن لە بەغدا و لەوێ دابەش‌ئەکرا بەسەر تووتنچییەکان‌دا و جگەرەی لێ تێ‌ئەکرا، یاخود بە قەندە و سەبیل ئەکێشرا.

تووتنی وردەی جاران زۆرتر بایەخی پێ‌ئەدرا، وەک لە تووتنی وردەی ئێستا. جاران نرخی کڕینی هەرچەند بە قەپانی کەڵەک و حەوجۆشی ڕەش بوو، بەڵام -لەگەڵ ئەوەش‌دا- کێش و ڕەنگ و بۆن بایەخێکی پێ‌ئەدرا. نەک هەر ڕەنگ وەکوو ئێستا، بازرگانی جاران تووتنەکەی لە خەروار و مشەممادا دائەگرت و ناوبەناو سەر و بنی تا تووتنەکانی ئەکرد و ئەگەر مەترسیی

گەرمبوونی ببووایە، سەرەشکێنەیئەکردن و فەردەکانی تاوتویئەکرد. بە پێچەوانەی ئێستاوە، کە تووتن لەناو گوێنیدا دائەگیرێ و زۆر کەم سەروبنئەکرێت، کە ئەمە ئەبێتە هۆی گەرمبوون و تام و بۆن گۆڕینی.

لە گۆشەی داهاتوودا ئەم باسەمان تەواوئەکەین.

*

گوێگرە خۆشەویستەکان، لەم هەفتەیەدا ئەو باسە تەواوئەکەین کە لە هەفتەی ڕابوردوودا دەستمان پێکرد و باسی تووتنی وردەمان کرد، ئێستاش باسی تووتنی سامسۆن ئەکەین.

ئەم جۆرە تووتنە لەم دواییەدا بەهۆی چەند شارەزایەکەوە هێنرایە کوردستانەوە، باوی لە تووتنی وردە سەندووە. گەڵای ئەم جۆرە تووتنە دارکبژێرناکرێ و وردناکرێ، بەڵکوو هەر بە تەڕی نواڵەئەکرێ و لە شریت ئەدرێ و لە چەرداغا هەڵئەواسرێ، تا وشکئەبێتەوە. ئەوسا لەناو قاڵبی تەختەی تایبەتیدا شریتە تووتنەکان ڕیزئەکرێن و ئەپەستێورێن و گوێنیی تێئەگیرێ و ئامادەئەکرێت بۆ فرۆشتن بە میری.

گێرمەوکێشەی هێنانەبەرهەمی هەردوو جۆرە تووتنەکە لە کوردستاندا، هێشتا هەروەکوو جاران ماوە و هەر بە شێوەیەکی سەرەتایی ئەهێنرێتەبەرهەم و پێشکەوتنێکی ئەوتۆی لێڕوونەداوە. هۆی ئەم دواکەوتنە گەلێ شتە، ئەمانەش هەندێکیانن:

١. تووتنەوان لە کوردستاندا هەر لەسەر ڕێوشوێنی کۆن تووتن ئەهێنێتەبەرهەم؛ تۆو هەر تۆوەکەی جارانە و ساڵبەساڵ دەستاودەستی پێئەکرێ و بەبێ ئەوەی پوختەبکرێ، یا بەگوێرەی جۆری تووتن تۆو بەجیا هەڵبگیرێ و هەر جۆرەی لەو شوێنەدا کە بۆی باشە، بکرێت بە شەتڵ.

٢. تووتن لە شەتڵلێدانەوە هەتا پێئەگات و گەڵاڕنئەکرێ، پێویستی بە ماوەیەکی تایبەتی هەیە. تا ئەو ماوەیە زۆرتر درێژەبکێشێ، جۆری تووتنەکە باشتر و بەبەرهەمتر ئەبێ. بەڵام لای خۆمان گەلێ کۆسپ و بەرهەڵست هەیە کە نەتوانراوە هەڵتەکێنرێ و چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە.

٣. پاش ئەوەی گەڵای تووتن زەردئەبێت، زۆرجار تووتنەوانی لای خۆمان لقی تووتنەکە گەڵاڕنئەکەن، گەڵای سەر و خوار هەموو پێکەوە بە هەڕەمەیی

له شریت ئەدرێ و هەموو دائەگیرێ، کە ئەمەش شتێکی ڕاستنییە. هەروەها – وەکوو وتمان– تۆوی گەلێ جۆری تووتن لە یەکشوێنی شەتڵدا ئەکرێت بە زەوی‌دا، کە تووتنەکە لە دێبەرێکدا پێ‌ئەگا، ئەم تووتنە پێگەیشتووە بریتی‌ئەبێ لە گەلێ جۆری تووتن کە هەریەکەیان تام و بۆن و پێزی جیاوازی هەیە.

بێ‌گومان داگرتنی ئەو جۆرە تووتنانە بەسەریەکدا، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێ لە کاتی دروستکردنی جگەرەدا جگەرەیەکی هەمیشەیی دروستبکرێ.

لە هەفتەی داهاتوودا، ماوەی ئەم باسە تەواوئەکەین.

## پڕۆگرامی ڕاز و ئاواز

### گۆشەی پێنجەم

١٩٧٣/١/١٦

هاووڵاتییە خۆشەویستەکان، وا بۆ ماوەی پێنجەم لە گۆشەی "ڕاز و ئاواز"ی هەفتانەدا، بەیەکئەگەینەوە و ئەم کاتەتان باش.

(مۆسیقا)

لە هەفتەی ڕابوردوودا، دوو نامە بۆ ئەم گۆشەیە هاتووە. هەردوو نامەکە جێی شانازین و سەرەتای بزوواندنی خەڵکییە لە ڕێی ئەو وتارانەوە کە لەم بەشەوە بە ئیستگە بڵاویئەکەینەوە. لەپێش هەموو شتێکا سوپاسی گەرم و لە قووڵاییی دەروونەوە بۆ خوشکی خۆشەویست (ش) وە برای خۆشەویست کاک ئەنوەر شێخ خالید و هیوام زۆرە هەموو گوێگرێکی کەی خۆشەویست ڕای خۆی دەرببڕێ دەربارەی پرۆگرامی ڕاز و ئاواز و چاوەڕوانم.

(مۆسیقا)

خوشکە (ش) لەبارەی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاوازانەوە کە لەم دواییەدا دامناون، ئەمانەن:

١. "دوێنێ و ئەمڕۆم" لە هۆنراوەی نووسەر و ئەدیب و شاعیری ڕێی هەق و ڕاستی، محەمەدی مەلا کەریم.

٢. "ئەی قژزەرد"ی مامۆستای نەمر گۆران.

٣. گەڕانەوە، لە شیعری ئەدیب و شاعیری هەڵکەوتوو، شێرکۆ بێکەس. وە هەر کە هەلێکم بۆ هەڵکەوت، بڵاویانئەکەمەوە بە شریت. وە دوورنییە لە هەر یەکەیان (کۆپلەیەک)ی لەم گۆشەیەوە بڵاوبکەمەوە، چونکە لەسەر شریت تۆمارکراون.

کاک ئەنوەر، تۆش دڵنیابە کە چەند لەتوانادابێت وە چەند ماوەمان پێبدرێ، درێخی‌ناکەین لە خزمەتکردن لە هەموو گۆشەیەکدا و بەتایبەتی لە ڕێی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و ڕۆژنامە و ئیستگە و تەلەفزیۆنەوە و سوپاس.

ئێستاش هاووڵاتییە خۆشەویستەکان، ئەگەڕێینەوە سەر ڕێچکەی نووسینەکانی ڕابوردوومان سەبارەت بە ڕاز و ئاواز و ئەڵێین: کە ئەم ڕاز و ئاوازە، ئەم ئەدەبە بە هەموو بەشەکانیەوە، بەپێی تەمەنی مرۆڤایەتی خۆیەتی و کاڵای پڕ بە باڵای. لە سەرەتادا کە هێشتا ژیانی کۆمەڵگا ساکار بووە و نە یاسا هەبووە و نە ئایین و نە چینایەتی و نە سنووری زەوی بۆ نەتەوەکان، ئەوسا ئەو هونەرەش بریتیبوو لەو ژیانی ڕاووشکار و ترس و شادییە و بە شەو کاتی حەسانەوە، هەر کۆمەڵە خەریکی بابەتێکی ڕاز و ئاواز بووە و هەر یەکە دەورێکی ئەداکردووە یا بینیوە، بەڵام هەڵپەڕکێ و "قولە"[1]ش دەوریان هەبووە لەگەڵ تەقەی بەرد و چەپڵەدا.

لەپاش ئەم دەورە، کە هەندێ کەس بوون بە گەورە، لەبەر هەر هۆیەک یان چەند هۆیەک بووبێ، وەکوو زۆریی بەروبووم و ئازووقە، یان توانای شەڕ و ئازایەتی، یان زۆری لە دەور کۆبوونەوەی خەڵکی، عەشرەتگەری و ئینجا میرایەتی و لە دواییشدا پاشایەتی لەسەر زەوی هاتە کایەوە و نزمترین دەوری ڕاز و ئاواز، ئەدەب و هونەر لەم دەوری دووەمەدا بوو، چونکە ئەبووایە هەموو شتێک بریتیبووایە لە خزمەتکردنی پاشا و بەرزکردنەوەی و ئازایەتی و لێهاتوویی و بەتوانایی و پیاهەڵدانی، هەتا سەری ئەبرایە لای عەرش و قورش!

هەر ئەدیب و هونەرمەند و زانایەک لەم ڕێیەوە یان لە ڕێی پیاهەڵدانی ئایین و بت و خواکان و پەرستگاکانی ئەو حەلە لایبدایە و ستایشینەکردایە، یەک ئان و سەعات نەئەژیا و ئەم دەورە زۆری خایان و زۆر کەوتە سەر مرۆڤ، چونکە ژیانێکی زۆر سەخت و ناخۆشی پڕ لە سزا و لە شەڕوشۆڕ و پڕ لە ناهەقی و دیلیەتی و کۆیلەتیی تیا دی بەدەست مرۆڤفرۆش و زەویفرۆش و ڕەوشتفرۆش و هەقفرۆشەکانەوە. منداڵی تیا ئەفرۆشرا و پیاو، ئافرەت و کچ و زەوی و دێی تیا هەڕاجئەکرا. مرۆڤ ئەکرا بەگژ دڕندەدا بۆ پێکەنین و قومار و گرەو لەسەرکردن. هەرێمێک، ناوچەیەک، وڵاتێک، بە گرەوێک، بە ئافرەتێک، بە هەندێ پارە ئەفرۆشرا، بە خۆی و هەموو دانیشتووانەکانیەوە و ڕەشترین دەوری ئەدەب و هونەر، ناشیرینترین باری ئەدیبان و هونەرمەندان، لەو عەیام و

[1] قولە: قیژە و هەرا، بە دەنگی بەرز خوڕین لە گیانداران. (س)

زەمانەیەدا بوو کە ئەبووایە هەموو ناڕاستی و ناهەقی و جەور و زۆرداری و ناشیرینییەک هەڵگێڕانەوە و ئاوەژوویبکەنەوە بەودیوا و لە ترسانا، لەبەر نان، لەبەر مان، لەبەر ژیان.

لەم دەورەدا هۆی بەرهەم گۆڕرا لە کشتوکاڵا، نووسین پەیدابوو، لە پێشەوە بە وێنە، ئینجا بە پیت. لەم دەورەدا بوو قامیش کرا بە نای و شاخی حەیوان کرا بە کەڕەنا و فووی ئاوازیان پیا کر و پێست کرا بە تەپڵ و لە پەرستگاکان و ئاتەشگەدە و موغخانەکانا تەمسیلی دینی کرا و سەدای گۆرانی و مۆسیقای ئایینی بەرزبووەوە و بە دەوری ئاگرا، کۆڕی هەڵپەڕکێی عیبادەت بەسترا. هەر لەم دەورەدا وێنەی بت و خواکان و پاشاکان و گەورەکان لەسەر بەرد دروستکران و بە بۆیەی دەرهێنراوی توێکڵی میوە و دار ڕەنگکران. پەیکەر دروستکرا لە قوڕ و لە بەرد، بۆ ئەو گەورانە. کووپەی گەورە و دارەمەیت دروستکرا لە قوڕی سوورەوەکراو بە (کڵ) بۆ لاشەی ئەو گەورانە. دەرمان دۆزرایەوە بۆ نەهێشتنی تێکچوونی لەشیان، بەو نیازەی کە زیندووئەبنەوە.

لە دەوری حوکمڕانیی ملۆزمیەتی (مطلق)دا، پاشاکان و گەورەکان بە سێبەری خوا دائەنران لەسەر زەوی. وشەی ئەوان یاسایە و خۆیان دەوڵەتن و دەوڵەت و یاسا قسەی ئەوانە و ئەوی ئەوان پەسندیبکەن، ڕەوایە و دەستی بۆ بە سنگەوە ئەگیرێ و سەری بۆ شۆڕئەکرێ و ئەبێ هەموو لە پەوڕوو لە بەر قاچی پیرۆزیا بکەون، هەتا بە دەستی پیرۆزی ئیشارەتی هەڵسانەوە یان سەرپەڕاندن و تیرەبارانکردن و زیندەبەچاڵکردن ئەدات!

بەڵام هەر ئەو دەورە پیسەی مرۆڤایەتی کەوتە ناو و تۆوی دژی خۆی پێبوو، واتە حوکمڕانیی ملۆزمایەتی بە پێی خۆی بەرەو گۆڕ ئەڕۆیشت، چونکە هەرگیزاوهەرگیز هیچ شتێکی ناڕاست و ناهەق و ناپاک و دژ بە مرۆڤایەتی، مومکیننییە بژی و بمێنێ هەتاسەر.

زوڵم و زۆری ئەم دەورە و جەور و دیلیەتی و ئازار و ئەشکەنجەکەی، ئەدیبان و هونەرمەندانی جۆشان و "جام کە پڕبوو، لێی ئەڕژێ"، هاتە ناو لەجیاتیی "دەستێک نەتوانم بیبڕم، ماچیئەکەم" و لەجیاتیی "ئۆخەی، ئۆخەی، لەفێئاغا وتی چڵمنێ، ئەو گایە دەرکە لە هەرزنێ"، لەجیاتیی ئەمە "نە دار بێ و نە پەردوو، نەحلەت لە بابی هەردوو"، هاتە ناو ناوان و "سەد ڕۆژ بە مریشکی و ڕۆژێ بە کەڵەشێری" بژی و

باوەڕی شۆڕشگێڕانە و گیانی لە واقیعی پەست و دیلیەتی و جەور یاخیبوو، بەرەبەرە لە ئەدیبان و هونەرمەندانەوە تەشەنەیکرد و کۆتاییی بەو ڕژێمە بۆگەنە هێنرا و مرۆڤایەتی پێینایە خولی سێیەمی شارستانیەتییەوە، کە پێیئوترێ "ڕژێمی دیموکراتی" بە هەموو جۆرەکانیەوە.

لەم دەورەدا هۆی بەروبووم گۆڕرا، بیروباوەڕ گۆڕرا، لە عیبادەتی تاکەوە، لە کارکردن و لەناوچوون لە ڕێی تاکا، خەڵکەکە وشەی گەل و حوکمڕانیی گەل و خێروبێر بۆ گەلی کەوتە سەر زمان و هەر لەم دەورەشدا ئەو ترس و سامە نەما و ئازادی لە زۆر شت و شوێن و بەشدا بڵاوبووەوە و ئەدەب و هونەر پێینایە گەورەترین دەوری گەشە و بووژاندنەوە و جوانی و بەرزی و ڕازاوەیی بە هەموو بەشەکانیەوە.

لەم دەورەدا ئەدەب و هونەر بە شان و باهۆی گەل و کرداری جوان و هەق و ڕاستی و داد و ئازادی و یەکسانیدا کەوتە هەڵدان. ئەدەب و هونەر بوو بە هیی گەل و بۆ گەل کەوتە کار و شانۆی گشتی و تیپ و پیشانگا و میهرەجان و ڕۆژنامە و گۆڤار و ئۆپەرا و تیاترۆ هاتە وجوود. ئینجا ئیستگە و سینەما و تەلەفزیۆن، کتێبی زۆر و زەبەندی هەمەچەشنەی چاپکراو و چاپخانە و هۆی بڵاوبوونەوە زۆر و بۆرجوازیەتی ترسی لێنیشت و ئەوەندەی پێیکرا و ئەوەندەی لەتوانایابێت و بۆی بلوێ، لە میللەتی ئەدزێتەوە و دزیویەتیەوە و دوو ئەدەب و دوو هونەر و دوو جۆرە کۆمەڵگا و دوو جۆرە ئەدیب و هونەرمەند پەیدابوو لە دنیای بەریندا و ئەدەب و هونەرێکی نێوان ئەم دووانە و ئەدیبان و هونەرمەندانێکی نێوان ئەم دووانە و ئێستا ئێمە لەم بەشی سێیەمەداین.

(مۆسیقا)

هەتا بەشی شەشەم، گوێگرە خۆشەویستەکان لە سەعات ٩،٣٠ی بەیانیی ڕۆژی پێنچشەمووی داهاتوودا، بە خواتان ئەسپێرم

١٩٧٣/١/١٦

## گۆشەی ڕۆژباش

(یەکەم گۆشە)

ئامادەکردنی: چالاک ڕەفیق و شیرین عەباس

هاووڵاتییە خۆشەویستەکان، وا لەم بەیانییەوە یەکەم گۆشەی "ڕۆژباش"تان بە شێوەیەکی جیاوازتر لە جاران پێشکەش‌ئەکەین و هیوامان وایە سوودی لێ‌وەربگرن.

(مۆسیقا)

لەگەڵ کۆتاییی هەموو شەوێک و هەڵهاتنی ڕۆژێکی تازەدا، ڕۆژباش! لەگەڵ پشکووتنی هەموو خونچەگوڵێکی بەهاری هیوادا، ڕۆژباش. لەگەڵ هەموو دەسکەوتێکی میللی و نەتەوەیی و چینایەتی‌دا، ڕۆژباش.

هاووڵاتییە خۆشەویستەکان، لەگەڵ ئەم ڕۆژە تازەیەدا و لەگەڵ هەموو تێکۆشان و تەقەلایەکدا، ڕۆژتان باش و ژیانێکی پڕ لە کامەرانی!

(مۆسیقا)

دوای حەسانەوە، کارە و دوای ئەرک و ماندووبوون و شەکەتی، حەسانەوەیە. شەو دانراوە بۆ نوستن و بۆ ئارامگرتن و حەسانەوەی لەش و مێشک و ڕۆژیش بۆ کارکردن و هەوڵوتەقەلادان.

سەرلەبەیانی زۆر کرێکار بۆ کارگە و جووتیار بۆ کێڵگە و قوتابی بۆ قوتابخانە و فەرمانبەر بۆ دائیرەکەی و کاسبکار بۆ ناوبازاڕ و خێزانیش ئەکەوێتە پاککردنەوە و ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی ناوماڵ و ئامادەکردنی خواردەمەنی و هەموو فەردێکی ناو کۆمەڵگا ئەرک و فەرمانی سەرشانی خۆی بەجێ‌ئەهێنێ لە ڕێی ژیان و لە ڕێی گوزەراندا.

با لە ژیانی ڕۆژانەماندا، لە شوێنی کارکردن و هەڵسوکەوتماندا، ڕێز لەیەکتری بگرین و یەکتریمان خۆش‌بوێت و دەستی یارمەتی بۆ یەکتری

درێژبکەین و زمانمان شیرین بێ و ڕۆژباش لە دڵەوە و بە زەردەخەنە و پێکەنینی خۆشەویستی ئەرکی کارکردنی گرانمان ئاسانبکەین.

ڕووی گرژ و مۆنی بەیانیان، پەستی ئەبەخشێ و ڕووی خۆشیش خۆشی و شادمانی. با پاک و تەمیز بین، با گورجوگۆڵ بین و نەبینە هۆی پەستی بۆ کەس و هەستبکەین کە ڕۆژێکی پڕ لە خۆشی و خێروبێرمان بەسەربردووە.

ئیشی ئەمڕۆ، مەخەرە سبەینێ!

باووباپیرانمان، هەرچەندە کتێبی گەورەیان بۆ بەجێنەهێشتووین، بەڵام توانیویانە بە چەند دێڕێکی بچکۆڵە و کەم ڕێگای ژیانمان بۆ ئاسانبکەن و پوختەی بەسەرهات و ژیانی خۆیانمان بۆ بخەنە چوارچێوەی چەند ڕستەیەکی پڕ لە مانای جوانەوە، کە نەوەی تازە کەڵک و سوودی لێوەرئەگرێ و لە بەر تیشکی ڕووناکییەکەی کارئەکات.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەرکی گوزەران زیادئەکا و مرۆڤیش هەتا یەت کەمتواناتر ئەبێ و ئەچێتە ساڵەوە. لەبەرئەوە پێویستە هەموو مرۆڤێک لە سەرەتای گەنجێتی و ژیانیا ئەرکی سەرشانی خۆی بە ڕێکوپێکی بباتەسەر وە هەرگیز سستی نەنوێنێ لە ئیشکردنی خۆی و لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئیشەی وا لە ئەستۆیا، چونکە -بێگومان- کە مرۆڤ خۆی ڕاهێنا بە تەمەڵی و سستی وە بە تەواونەکردنی ئیشی ڕۆژانەی خۆی، ئەوا ئیشوکارەکەی زۆرئەبێ و ئیتر هەرگیز ناتوانێ لە ڕۆژانی ئایندەدا تەواویبکا و ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی لە ئەمجامدا ڕابکا لە ئیشکردن، یا لە بەرچاوی خاوەنکار و هاوڕێکانی خۆی بکەوێ وە هەستبکات کە مرۆڤێکی ناکردەیە وە توانای کەمترە لە خەڵکیتر.

# بیرەوەری

# ئەوەی ئەیزانم دەربارەی هونەر*

**بەشی یەکەم**

بۆ بەشی هونەری جوان لە ڕۆژنامەی "برایەتی"

وا بوو بە دوو مانگ، لەو ڕۆژەوە کە ئێوە بانگەوازتان تیا بڵاوکردەوە بۆ هەموو نووسەران و هونەمەندانی کورد سەبارەت بەو زانیارییانەی لایانە لەبارەی هونەرەوە و هەتا ئێستا هیچ وەرامیکم بەرچاونەکەوت.

بێگومان ئەمە -بە بڕوای من- ئەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی و با هەر ئەوەندە بڵێم باشترە! بەڵام ئەبێ هەموو هونەرمەند و نووسەرێک کە زانیاریی هونەرییان لا هەیە (مێژوو وە کرداری هونەری)، لەو ڕاستییە بگەن کە ئامانج لەو پرسیارە وردانەی ئێوە، دروستکردنی سەرچاوەیەکی هونەری بۆ لێکۆڵینەوە و لێزیادکردنی دواڕۆژ وە بۆ ساغکردنەوەی گەلێک بابەت، کە هەتا ئێستا لە لای خەڵک ئاشکرانییە، با هەرچییەک بێ. وا من دەستمکرد بەوەی کە ئەبێ بیلێم و کێش نایلێ، کەیفی خۆیەتی.

ڕەفیق چالاک

*

تەمەن لە ڕادەیەکدا ئەوەستێ و ژیانی هەموو کەسێک دوایی دێ و کەس خۆی بۆ سبەینێ هەڵنەگرێ! ئەوەی ئەم سەعاتە پێمانئەکرێ، با نەیخەینە سەعاتێکیتر، چونکە دوورنییە ئەو سەعاتەیتر لە دارەمەیتا بین! من وا

---

* ڕۆژنامەی "برایەتی"، بەغدا، خولی ٤، بەشی یەکەم، ژمارە ٩، هەینی، ١٩٧٢/٧/٢، ل٥؛ بەشی دووەم، ژمارە ١٠، پێنجشەممە، ١٩٧٢/٧/١٧، ل٥، ٨؛ بەشی سێیەم، ژمارە ١١، پێنجشەممە، ١٩٧٢/٨/٣، ل٥، ٨؛ بەشی چوارەم، ژمارە ١٢، پێنجشەممە، ١٩٧٢/٨/١٠، ل٤؛ بەشی پێنجەم، ژمارە ١٣، پێنجشەممە، ١٩٧٢/٨/١٧، ل٤، ٥؛ بەشی شەشەم، ژمارە ١٤، پێنجشەممە، ١٩٧٢/٨/٢٤، ل٤؛ بەشی حەوتەم، ژمارە ١٥، پێنجشەممە، ١٩٧٢/٨/٣١، ل٤، ٥؛ بەشی هەشتەم، ژمارە ١٦، پێنجشەممە، ١٩٧٢/٩/٧، ل٤؛ بەشی نۆیەم، ژمارە ١٧، پێنجشەممە، ١٩٧٢/٩/١٤، ل٥؛ بەشی دەیەم، ژمارە ١٨، پێنجشەممە، ١٩٧٢/٩/٢١، ل٥؛ بەشی نۆیەم، ژمارە ٢٠، پێنجشەممە، ١٩٧٢/١٠/٥، ل٤، ٥. (س)

بیرئەکەمەوە و لەبەر یەکشتیش لە مردن ئەترسم، ئەویش ئەوەیە کە نەیەڵێت پوختەی ئەوەی فێربووم، بیگەیێنم بە نەتەوەکەم، ئەگینا حەسرەت بۆ هیچیتری ناو ئەم ژیانە هەڵناکێشم و تکا لە هەموو یەکێکیش ئەکەم، چی لە توانادا هەیە لە کرداری باش و لە نووسین، دریغینەکات هەتا نەمردوە.

ئەم چەند دێڕەم بۆیە نووسی، بەڵکوو هەندێ کەس بجووڵێنم بەبێ تووڕەکردن! ئەگینا ئەوەش ئەزانم کە بە «تووڕەبوون» هەموو کەسێک ئەجووڵێ! ئێستاش با دەست پێبکەین:

بۆ جاری یەکەم کە ناوی تەمسیلم بیست، زۆر مناڵ بووم، لە ساڵێکدا بوو کە مامۆستای خۆشەویستم، کاک فوئاد ڕەشیدی محەمەد بەکر ئەزانێت ساڵی چەندە و بێگومان لە بەینی ١٩٢٥ وە ١٩٢٨دایە و چیرۆکەکە لەم شوێن خانووەی ئێستاکەی ماڵی خوالێخۆشبوو تۆفیق قەزازدا کرا لە سولەیمانی و کاک خەسرەوی حاجیئاغا و خوالێخۆشبوو فوئادی صالح قەفتانی تیابوو، وە گۆرانیی ناو چیرۆکەکە بەم جۆرە دەستی پێئەکرد:

ئافەرین خەسرەو! شێری شیرینسوار

نەوەی نەوشیروان، شیرینی نازدار

ئینجا چیرۆکەکە، نووسەرەکەی، بەشدارانی، وە مێژووی پێش ئەم چیرۆکە و دوای ئەمەش، بەرەوڕووی مامۆستام فوئاد ڕەشید ئەکەمەوە، چونکە لەبارەی مێژووی هونەرەوە ئەو بە شارەزا ئەزانم و ئەویش منی خستە سەر ڕێی هونەر. هەر بۆ جاری یەکەم کە مۆسیقام بیست، لەسەر شەقامی سولەیمانی بوو؛ مناڵ بووین، گوێمان لە مۆسیقا بوو، ڕامانکرد و تەماشائەکەین قوتابین و یەکجۆرە جلوبەرگیان لەبەردایە کە ناوی جلی کەشافەیە و بە تیپەکەشیان ئەوت (باندی مۆسیقا). وەک بەبیرمابێت، هەموو ئالەتێکی هەوایی تیابوو، لەگەڵ دەهۆڵ و ترامپێت و تاسمەعرووفا(؟)، بۆ ئەم لایەنە هەر تەنیا خوالێخۆشبوو فوئاد قەفتانم لەبیرماوە، کە فیفرە(؟) یان کلارنێتی لێئەدا و نازانم بڵێم لەم بارەیەوە لە کێ بپرسین، بەڵام تکام وایە یەکێک لەو برایانە مەردانە بجووڵێ و دەربارەی ئەو یەکەم (باندی مۆسیقا)یە زانیاریی خۆی بنووسێت، با ئەرکی سەرشانی مامۆستا فوئاد ڕەشید زۆر نەبێ، چونکە هێشتا ماویەتی.

لام وایە لەدوای ساڵی ١٩٣٠یش، کە مێژووەکەی بەتەواوی نازانم، لەم جێگا سینەمایەی ئێستاکەی سیروان، کاک فوئاد و تاقمە مامۆستایەک چیرۆکێکی‌کەیان تەمسیلکرد و لەوبارەیەشەوە هیوام وایە کێ چیی دەربارە ئەزانێت، با بینووسێت.

*

لە ساڵی ١٩٣٢ وە ١٩٣٣دا، لە کۆیە لە پۆلی دووی ئیبتدائی بووم. لەوێ چیرۆکی تەمسیلیی «نیرۆن» تەمسیلکرا زۆر بە سەرکەوتوویی، وە لام وایە مامۆستایان عەبدوڵڵا سامی وە خوالێخۆشبوو عەبدولڕەحمان شەرەف سەرپەرشتییان‌ئەکرد و بەم جۆرە دەستی پێکرد:

هەر بژی نیرۆن، قەیسەری ڕۆمە!

پایەداربێ خوایە، سەروەری ئێمە!

تکایە لەوبارەیەشەوە کێ چی ئەزانێ، بینووسێت.

لە ساڵی ١٩٣٥دا بۆ جاری یەکەم مامۆستایان فوئاد ڕەشید و حەمەپاشای ئەوڕەحمان‌ئاغا لەبارەی تەمسیل و ئیشی دەست و ڕەسم و پەیکەرتاشییەوە تاوێکی بەتینیان کردە سەر هەستی قوتابیانی قوتابخانەی فەیسەڵییە، کە ئێستاکە کراوە بە بازاڕ لە بەردەرکی سەرای سولەیمانی.

لەو ساڵەدا ڕەسم و نیگار و چوارچێوەی نیگار بە شێوەی ڕەنگاوڕەنگ و بە دانەوێڵە و کەتیرە، باوی پەیداکرد. ئەو زستانەش، هەر قوتابی بوو خەریکی شێرەبەفرینە و دروستکردنی شتومەک بوو لە قوڕەسوور. لە هاوینیش‌دا، چیرۆکێکمان تەمسیلکرد، کە بۆ جاری یەکەم تیایا چوومە سەر شانۆ و دەوری خزمەتکارێکم پێسپێردرا.

ناوی چیرۆکەکە و دەرهێنان و ناوی نووسەر و ناوی هەموو نوێنەرەکان نازانم، بەڵام ڕەسمێکی تێکڕایی دوای تەواوبوون گیرا؛ تکایە کێ لایەتی، بۆمی بنێرێ، تا ناوەکانیان لە دەرفەتێکی‌ترا بڵاوبکەینەوە. بزووتنەوەی هونەریی ئەم سەردەمەی سلێمانیش ئەسپێرم بە هەردوو مامۆستا، فوئاد ڕەشید و حەمەپاشا و چاوەڕوانی هیممەتیانم و با هونەری کوردیش مێژووی ڕاستەقینەی ببێ، بۆ دواڕۆژ جێی کەڵکە.

لەو سەردەمە و پێش ئەو سەردەمەش‌دا تەمسیلکردن لەناو گەڕەکەکان‌دا باوبوو وە هیچ گەڕەکێک نەبوو تەمسیلی تیا نەکرێ لە لایەن منالآنی گەڕەکەوە. لە (گەڕەکی پیرمەسوور)ی ئێمە، برایان عەلیی میرزا عارف، محەمەد مستەفا حەمەبۆر، مستەفا عەزیز، عومەری سووران، خوالێخۆشبوو ڕەشیدی حەمەئاغا، عومەری قاوەچی، خوالێخۆشبوو جەلال حەسەن حەمەسوور، وە گەلێکی‌کەش، بەم ڕۆژگارە خەریکی ئامادەکردنی کەلوپەل و ڕازانەوەی گەڕەک بووین.

لە ساڵی ١٩٤١دا، لە داروموعەلمینی ڕیفی دەرچووم و بووم بە مامۆستایەکی بچکۆلانەی خۆبەزلزان لە قوتابخانەی مەڵکەندی و لە دواییدا تەپڵی تۆپێن بۆ خالدییە و بۆ کانێسکان و بۆ هەرسێکیان و خۆلاسە لەدوای مردوو ڕەحمەت باشە و دەستمکرد بە زیندووکردنەوە و بڵاوکردنەوەی سرووده کوردییە کۆنەکان لە قوتابخانەکان‌دا و بۆ جاری یەکەم لە ژیانما ئاوازێکم دانا لە شێوەی سروودا بۆ شیعری خوالێخۆشبوو زێوەر: تا دەست لە مل هیوا نەکەم...

بەم بۆنەیەوە، وای بەباش ئەزانم جارێ ئەو ئاوازانە لێرەدا تۆماربکەم کە خۆم دامناون و با ئەوەشتان پێ‌بڵێم، نە خۆم بە مۆسیقار داناوە و نە بە هونەرمەندیش و هیچ ئالەتێکی مۆسیقا نازانم، بەلآم شیعرێ کە کارم تێ‌بکا و بمجووڵێنێ، ئەهێنم لە وێنەی شیعرەکە، لە مەعناکەی، لە ئامانجەکەی، بە عیلمی ناتەواوی خۆم، لە گەنجینەی ئەو هەموو گۆرانییەی خۆمان کە لە منالێییەوە بۆم دەوربۆتەوە، هەڵئەهێنجم و ئەم بەرگی ئاوازە ئەکەم بە بەری ئەو شیعرەدا و هەتا ئێستا لای جەماوەری میللەتەکەشم خۆش‌بووە و شارەزاکانی مۆسیقاش زۆریان لا باش‌بووە و هیچ بانقەنۆتیشم لێوە وەرنەگرتوون و وەریشی‌ناگرم و هەرچییەکم پێشکەش‌کردبێ، دەستەبەرەیەکی بچووک و دیارییەکە لە کابرایەکەوە کە بە کوردی هاتە دنیاوە و بە کوردی تیایا ئەژێ و چیی پێ‌کرابێ کە ڕێگەی درابێ، دریغیی‌نەکردووە و فریشتەی لای خواش نەبووە و ئەوەندە بەسە پیاو بتوانێ لەناو کۆمەڵگایەکی وەکوو کۆمەڵگای دەوری ئێمەدا توانیبێتی شتێکی باش بۆ خەڵکی هەر بکات؛ بار هەرچی چۆنێک بووبێ، کە هەمووتان شارەزاین و ئەوەی شارەزاش نییە، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هەموو شتێک ئەگا و ڕەحمەتێکمان بۆ ئەنێرێ.

خۆلاسە پیاو هەتا لە کاروبای گشتیدا ئیشنەکات، تێکەڵاونەبێت، هەڵسوکەوت و مامەڵەی نەبێ، نەخوێنێتەوە و شەونخوونی نەچێژێ، هەزار درک لە قاچی نەچەقێ و هەزار چقڵ لە لەشی و هەزار پشکۆ بە دەستیا نەچزێ، بەندیخانە و ئەشکەنجە و سزا و بێنانی و برسێتی نەبینێ و نەکەوێ و ڕاستنەبێتەوە، نە تامی ئەرک ئەزانێ چییە و نە تامی ژیان و نە ناوجەرگەی خەڵکی و کۆمەڵگا و ڕژێم و دنیای سەردەمی پێگەیشتنی ئەم سەردەمەی ئێمە لە ١٩٤٠ هەتا ئێستا ڕێڕەوێکی نالەباری پڕمەینەتی و کوێرەوەری و دەرد و جەخار و کۆسپ و کۆستێکی ئەوتۆ بوو، لە هەموو بەشەکانی ژیانی کولەمەرگیمانا، بە داستان نەبێ، ناگێڕدرێتەوە و دڵەی هاوڕێی ئەو هەموو مەینەتی و کوێرەوەرییانە سەبر! سەبر! تووبی خوا تاوێکیتر مۆڵەتمبدە و مەوەستە؛ با هەندێکی ئەو هەزاران ملیۆن هەندەی وا لە دەروونا، بیخەمە سەر کاغەز و خەڵکینە! تکاتان لێئەکەم.. چی ئەزانن بیخەنەسەر کاغەز، پێش ئەوەی لە چەرخی نەخۆشیی دڵا دڵتان بوەستێ و بۆ بەشی سێیەم.

*

ئامانجم لە نووسینی ئەو ئاوازانەی بە هیی خۆمیان ئەزانم، ئەوەیە کە ئەویش نەبێ بە فۆلکلۆر، یا هەر جارە یەکێک بیکات بە هیی خۆی، وەک لەمەوبەر ڕوویداوە و با منیش شتێکم لەبارەی هونەر و ئەدەبەوە بۆ ((حیسابکرێ)) و ئەمیش نەبێ بە خاڵانەی ((سیاسەتەکەمان))، کە هیچمان بۆ تیا حیسابنەکرا، هەرچەندە لەسەر ئەویش ئەوەی پێمانکرا، با هەر ((دیزە بەدەرخۆنە بێ))! جارێ و ئەگەر بە بەرمانەوە ما، هەڵبەتە ئەویش ساغئەکەمەوە و بە دۆ و بە دۆشاوەوە ئەیخەمە بەردەمی خەڵکی.

وەک وتم، ئاوازی سروودی یەکەم بۆ هۆنراوەی خوالێخۆشبوو زێوەر بوو، "تا دەست لەمل هیوا نەکەم". لە ئەسڵی هۆنراوەکەدا، ئەڵێ: تا دەست لە مل مەقسەد نەکەم، بەڵام من بە ڕازیبوونی خۆی و ئاگاداریی مامۆستای خوالێخۆشبووم ڕەفیق حیلمی، کە ئەو سەردەمە سەرۆکی (کۆمەڵی هیوا) بوو، گۆڕیم بە هیوا. بەو بۆنەیەوە و پێشەکی، لە ماڵی خۆیان لەسەر زەوی دانیشتین و خوالێخۆشبووی هاوڕێشمان، فایەق زێوەریشی لێبوو، ئاوازەکەم بۆ وت و زۆر شادمان بوو، وتی: بەڕاستی ئێمە پێویستمان بە ئاوازی حەماسی هەیە و چاوی پڕبوو لە فرمێسک. هەزاران شکۆ بۆ ئەویش و بۆ هەموو ئەو هۆنەر و

نیشتمانپەروەرە کوردانەی ڕێچکەی یەکەمیان بۆ شکاندین و هەر ئەوەندەم لەدەستدێ و وەفا پێویستە و یادکردنەوە پێویستە و دەستم بڕۆیشتایە، پەیکەری ئاڵتوونم لەجیاتیی برۆنز دروستبکردایە بۆ عارف صائیب، بۆ جەمال عیرفان، بۆ ئەسیری، بۆ مستەفابەگی کوردی، بۆ نالی، سالم، حەمەئاغای دەربەندفەقەرە، مەولەوی، بێسارانی، مەحوی، حاجی قادر، ئەحمەدی خانی، تایەربەگ و ئەحمەدبەگی جاف، بۆ عەبدولواحید نووری و زێوەر و پیرەمێرد و گۆران و ڕەفیق حیلمی و شێخ نووریی شێخ صالّح و ئەحمەدبەگی صاحێبقران و قانع و شێخ سەلام و فائیق بێکەس و شاهۆی بیارە و نەجمەدین مەلا و هەموو ئەوانیکەی حەرفێکیان بۆ ئەم نەتەوەیە بە کوردی خستە سەر کاغەز و هەندێکیان لە ڕێی ئەو حەرفە ڕاستەدا کوژران، وەکوو عارف صائیب و جەمال عیرفان و هەندێکیان لە برسانا مردن، وەک قانع و ئەوانیکەش بە ناسۆر و جەخار و دەمی پڕ لە زوخاوەوە سەریاننایەوە و ((ئەترسم ئەی وەتەن بمرم، نەبینم بەختیاریی تۆ** بنووسن با لەسەر قەبرم، وەتەن غەمگین و من غەمگین)) و حاجی مستەفاپاشا، تۆش هەرگیز لەیادناچی و ئەی نەوەی نوێی ئەم نەتەوەیە! وا ئێمە لە دڵمانا، لە هەستمانا، لە مێشکمانا، لە خوێناومانا، پەیکەرمان بۆ ئەو مەردانە دروستکردووە و ئەوەندەمان لەدەستهاتووە، ئێوە بن و وەفاداری، ئێوە بن و هەموو شتێکی جوانی ناو ئەم دنیایە، ئێوە بن و شیری سپی و پاکی ئەم کوردستانە، لەیادیانمەکەن، مێژووی ژیانیان بنووسنەوە، ئاسارەکانیان چاپبکەن، سەرلەنوێ بە نووسین و کردارەکانی خۆیان زیندوویانبکەنەوە! ئینجا شارەکانمان پڕکەن لە پەیکەرەکانیان و دڵنیاین لە مەردایەتیتان و ((شیرەکەم پێتان حەڵاڵە، خوێنەکەم گەر گومنەکەن، نامداران و حەمییەتکاری ئەولادی وەتەن)). بڕواتان ببێ، هەموویان، هەموو ڕۆشنبیرێکی ئەم نەتەوەی کوردە، هۆنەر بێ، یا نووسەر، یا نیشتمانپەروەر، هەموویان شەهیدن، ئەوانەی نەمان شەهیدن، ئەوانەی ماون شەهیدن، بەڵام شەهیدێکی زیندوو!

هونەرمەندان، نووسەران، هۆنەران، نیشتمانپەروەران، بەیەکا بجۆشێن و ئاوێتەی یەک بن و یەکبگرن و خۆتان ڕێکخەن و کرمی ناکۆکی و دووبەرەکی و خۆویستی بپلیشێننەوە و بەروبوومتان بۆ میللەتەکەتان هەڵڕێژن و هەر ئەمەیە سەرەتای ڕێی پێشکەوتن و سەرکەوتن.

قسە قسە ئەهێنێ و منیش تۆزێ درێژدادڕم، ناهەقیشم مەگرن، ناتوانم لە جێی خۆیا قسەنەکەم و ئەوی سەبوریشمئەدا لە ژیانا، ئەو قسەکردنەیە. قسەکردن نەبێ، لەوانەیە پیاو تووشی هەزار نەخۆشییتریش ببێ و تەمەنیش بەرەو خەزان و نەمان ئەڕوا و چاوبەرەژێری هیچ لایەنێکیش نیم و ناشلێم ئازا و قارەمانم، بەڵام شەرتە و کردوومە لەگەڵ خۆما، لە ناهەقی بێدەنگنەبم و ملیشم لە ئاستی هەقا لە موو باریکتربێ و هەرگیزاوهەرگیز سەنا و خۆشەویستی و پشتگیریی کرداری باش و پیاوی باش و شتی جوان و ڕاست ئەکەم، وە دژ بە کرداری خراپ و پیاوی خراپیش و ناشبم بە هیچ «في النار»، «في السقرين» و با ببڕێتەوە ڕیا و پیاهەڵدانی درۆ و بێدەنگی و

«ئەوی لە دنیا لەتێ نانی بوو،

کەلاوە کۆنێ ئاشیانی بوو،

پیاوی کەس نەبێ و کەس پیاوی نەبێ،

هەر ئەو ژیاوە و ئەو ژیانی بوو»

وا لە چەند ئاشێکم دا، بەڵام هێشتا ئەو ئاشەم نەماڵیوەتەوە کە بەخێرێ بۆی چووم و با بێینەوە سەر ئاوازەکان:

ئەو سروودانەی ئاوازم بۆ داناون:

١ . تا دەست لە مل هیوا نەکەم.. هۆنراوەی زێوەر.

٢ . سەدەی بیستەمە.. هۆنراوەی بێکەس.

٣ . ئەی ملەکەوە.. هۆنراوەی شێخ سەلام.

٤ . گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و.. هۆنراوەی هێمن.

٥ . ئازادیخوای کوردین ئێمە.. هۆنراوەی هەردی.

٦ . ئەوا هەڵکرا مەشخەڵی هونەر.. هۆنراوەی وەشتی.

٧ . جێژنە جێژنی کوردستانە.. هۆنراوەی ع.ع. شەونم.

٨ . ئەی هەڤاڵانی ڕێگەی خەباتم.. هۆنراوەی وەشتی.

٩ . بابە، تاسەی دەروون.. هۆنراوەی شێرکۆ.

١٠ ـ دەمی ڕاپەڕینە.. هۆنراوەی گۆران.

١١ ـ کوردستان.. هۆنراوەی گۆران.

١٢ ـ ناوی خوای لێئەهێنم.. هۆنراوەی گۆران.

وە هەندێ سروودیکەش کە ئێستا نایەنەوە یادم، چونکە هەرگیز یادداشتم نەبووە و ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و یادداشت پێویستە بۆ زۆر کەس.

جگە لەمە، هەر لە منالییەوە هەموو سروودەکانی سەردەمی ڕاپەڕینی کورد بەتەواوی فێربووبووم وە لەو سەردەمی مامۆستایەتییەمدا زیندووم‌کردنەوە و نەمهێشت لەناوبچن، وە لەم شوێنەدا سوپاس بۆ برامان کاک کەریم زانستی پێویستە، کە ئەو سروودانەی لە کاتی خۆیدا چاپکرد و (مەبەستم شیعرەکانە).

سروودەکانی سەردەمی ڕاپەڕینی یەکەمی کورد لە ساڵی ١٩١٨دا، زۆربەی زۆری ئاوازەکانیان تورکی یان عەرەبین و بمتوانییایە (کە تەسجیلم کرِی) هەموویم بخستایە سەر شریت و بمانایەوە بۆ دوارِۆژ و ئەمیشمان لەسەر خوا!!

ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم لێرەدا، ئەوەیە کە سروود (نشید) بە هۆنراوەی نیشتمانی و بە ئاوازی حەماسی تاوێکی گەورە ئەکاتە سەر دەروون و هەستی خەڵکی، وە من بڕوام وایە کە زیندووکردنەوەی سروودە کۆنەکان و ئەو سروودە تازانە و ئیدراک بەرزکردنەوەی قوتابیان لە قوتابخانەکاندا و کردنەوەی کتێبخانەی ڕووناکی و بیری نوێی پارتی و شیووعی و هاتنەکایەی کارکردنی پارتایەتی و لەوەبەریش "خۆیبوون" و "هیوا" و مەشخەڵی ئەودیوی "ژ. ک" و لە باری ئەو ڕۆژەی دوای جەنگی دووەم و ژیلەمۆی نەکوژاوەی ڕابوردووی ئامانجی لە ئەشک و خوێنا داگیرساومان، بوونە هۆی هەڵچوون و ڕاپەڕینەکانی ١٩٤٥ و ١٩٤٧ و ئەبێ هەموو کردار و کارێکی هەموو تاقم و چین و دەستەیەکمان لە هەموو گۆشەیەکی ژیانمانا بەرەو یەک‌ئامانج بڕوا کە خزمەتکردنی نەتەوەکەمانە، کە وریاکردنەوەیەتی، کە پاڵپێوەنەریەتی بۆ چەسپاندنی هەقی ڕەوا وەک میللەتێک لەم میللەتانەی ڕووی زەوی و بۆ بەشی چوارەم.

*

لە دەوری منالیی ئێمەدا، بە ڕۆژ کەوشەک و ئاشەبەتەنورێ و قەلەمردارێ و سێباز و هۆکی و تۆپێن و شەقێن و ئاگرەسوورە و مەلەی حەوزی تووی مەلیک و قلیاسان باوبوو، تەمسیل و جلووس بۆ ئێواران لە گەڕەکەکاندا، هەندێ جاریش شەڕەگەڕەک:

منالّی گەڕەک! سەر بنەخەڕەک!

وەرنەدەرێ بۆ شەڕەگەڕەک!!

لە شەڕەگەڕەکدا کەس نەئەگەیشتە مەڵکەندی، ژن و پیاویان بە بەرد و قۆچەقانی و کوتەک و (لیس) شەڕیانئەکرد و جارێکیکە نەیبینینەوە؛ بە شەویش جگە لە شەوانی زستان، کۆئەبووینەوە بۆ ئەوەی لە بیدایەتی ماڵی حاجی حەمەئەمینی چایچییەوە لە پیرمەسوور، شۆڕببینەوە بۆ بەردەمی ماڵی سەید مەجید و وسووئاغا و بە گۆرانیوتن بکەوینە ناو کۆڵانەکانی سولەیمانی و دەنگمان لێهەڵئەبڕی:

«دیسان هەڵخریا سێدارە بۆ من!

خانم ڕجایکرد، بیبەخشن بە من.

هەی هەی لە دڵەکەم چەندە بێعارە،

هێشتا بە تەمای ژنی مێرددارە» و لە هەزار ئاشمان ئەدا و ئاشێکمان نەئەماڵییەوە.

شەوانی زستانیش حکایەت بوو، قسەی خۆش و شەوچەرەی لەتکە هەرمێ و مێوژ و هەنجیر و باسوق و سنجووق. پێش ئەم سەردەمی ئێمە و لە دواڕۆژانی تورکا و لە سەرەتای داگیرکردنیشدا، ئەم بەکۆڵانگەڕانی شەوە هەر هەبووە و ئەوی بۆ ئێمەیان ئەگێڕایەوە، دەنگە داودییەکەی باشترین و بەناوبانگترین گۆرانیبێژی سولەیمانی، خوالێخۆشبوو ئەحەی ناسر، بووە. بە بڕوای من، زۆربەی ئەو گۆرانییانەی ئێستا بە فۆلکلۆر دانراون، هیی ئەون: بێئارامی، دا دەنگ، هەی نار، قەتار و ئەڵڵاوەیسی و خاوکەر و خاڵەی ڕێبوار و سەوزە و خۆلاسە نە تەسجیل هەبوو، نە خوێندەواری ئاشنای هونەر، کە ئەو کردارە هونەرییانە تۆماربکات. بەڵام دڵم بەوە خۆشە کە گەلێک کەس لەوانەی لەو سەردەمەدا ئەحەی ناسریان ناسیوە، هێشتا شوکور ماون و بەڵکوو ئەمە خوایە بجووڵێن و ڕووناکییەکمان بۆ بدەنە بەر ئەو گۆشە تاریکە و ئەوی ئەیزانن لەو سەردەمە بینووسن. ئەوەی جێگەی داخیشە، ئەم هونەرمەندە بەناوبانگە بە دەستی یەکدوو مێشکپووت و بە خەنجەر لەبەر حەوزەکەی ناوبازاڕا کوژراوە، چونکە لەو ڕۆژەدا ئەمیش خاوەنی بیروڕای خۆی بووە و هەقی وتووە و قسەی لە کەس نەخواردۆتەوە و لەو شوێنەدا پەیکەرێک بۆ ئەحەی ناسری شەهیدی هونەرمەند و ئازا!

هەر لەو سەردەمەدا ئەڵێن کە مەلا ئەحمەدی خوالێخۆشبووی باوکی کاک حەمەصالح دیلان و قادر دیلان یەکێک بووە لە دەنگخۆشەکان و خوالێخۆشبووش ڕەفیقی گلە، با لێرەدا ئەوەتان پێبڵێم کە باوکم ڕەفیقی ئەحەی ناصر و ڕەفیقی گلە بووە لە سەردەم و تافی لاویدا و لەبەر خۆشەویستی منی بە ناوی ڕەفیقی گلەوە ناوناوە و -بەداخەوە ئەیڵێم- کە هەتا باوکم لە ژیانا بوو، من لەبەر کەلـلەی سیاسەت و منالی، ئەو ئیدراک و دووربینییەم نەبوو کە زانیاری دەربارەی ئەو دوو هونەرمەندە لەوەوە وەربگرم و چاوەڕوانم خەڵکی خێرخوا بجووڵێن و بنووسن.

بێینەوە سەر دەنگخۆش و شارەزای گۆرانییە دڵدارییە فۆلکلۆرییەکانی ئەو سەردەمەی خۆمان. کاک عەلیی میرزا عارف، نەک هەر تەنیا نوێنەرێکی چاک بوو، بەڵکوو قسەزانێکی باش و نوکتەچییەکی چاک و دەنگخۆشێکی باشیش بوو، بەڵام -داخەکەم- ئێستا تەریکە و نازانم بۆ؟! دوای ئەم حەمە (محەمەد ئەحمەد) ئەهات، کە وا بزانم ئێستا تاجری ڕیخۆڵەیە، مامۆستا ئەحمەد هەردیش شارەزای هەموو ئاوازەکان بوو، جگە لە بەهرەکانیکەی و شەوەهای شەومان بەیەکەوە پاڵپێوەنا و ساڵ بەدوای ساڵ و وا ئێستا ئەو نەخۆشیی سنگ و من نەخۆشیی دڵ و زۆربەی تەمەنمان بەیەکەوە بردەسەر و داوای لەشساغیی بۆ ئەکەم.

بێگومان پێویستە دوای ئەحەی ناسر، ئێمە کاک ڕەشید (ڕەشۆل)ی خۆشەویستی شێخ مەحموودی نەمر و هەموو کوردێک کە ناسیویەتی، لەیادنەکەین، چونکە ئەو بە بەرزی گۆرانیوتنەی بەوەوە هەیە، هەتا ئێستا گۆرانیبێژەکانی لای ئێمە (سولەیمانی) نەیگەیشتوونەتێ و هیوام وایە خۆی یادداشتی خۆی و مێژووی ژیانی بنووسێ، وە یان ((کۆمەڵی هونەر و وێژە)) ئەو ئەرکە بگرنە سەر شانی خۆیان و هەموو گۆرانییەکانی بۆ تۆماربکەن بە یارمەتیی "تیپی مۆسیقای سلێمانی". ئینجا مەلا کەریم و دایکی جەمالیشمان با لەبیرنەچن.

دوای ئەمان کاک مەحموودی تۆفیق شلک و برا جوانەمەرگەکەی دێ کە قادر تۆفیق گورجی بوو، کە کەس ئینکاری دەنگ و ئەدای هونەرمەندانەیان ناکات. پاش ئەمان کاک ئەحمەدی شارەوانی ئەهات، ئینجا کاک محەمەدصالح دیلان، سۆز و تام و لەرینەوەیەک کە لە قوڕگە ئاڵتوونییەکەی حەمەصالحدا هەیە، پۆپەیە لە گۆرانیدا و ئەو سەردەمەی ئەویش گیانێکی زیندووی بە گۆرانیی کوردی

بەخشی و حەمەصالّح هەر تەنیا گۆرانیبێژ نییە، بەڵکوو خوێندەوار و ڕۆشنبیر و ئاوازدانەر و هۆنەرێکی باشیش و ئەوی لێی داوائەکەم: نە واز لە ئاواز، نە واز لە ئەدەب نەهێنێ و لە کونجی گۆشەگیری بێتەوەدەرێ و دەربارەی باوکی و ئەو دەورەی باوکی و پێش و پاش ئەوەش ئەوی ئەیزانێ، بیخاتە سەر کاغەز و با ئەو ڕاستییەمان لەبیربێت کە بەروبوومی ئەدەب زۆر گەورەتر و پایەدارتر و نەمرتر و کاریگەرترن لە بەروبوومەکانیتر و پێ ڕاتەکێنە حەمەصالّح و وەرەوە کۆڕ و میللەتەکەت پێویستی پێتە و زۆرت پێئەکرێ، براله! ئینجا کاک قادری حاجی حسێن دێ، کە ئەویش دەورێکی هەبوو. هەر لەو سەردەمەدا کاک محەمەد مەحموود قادر وەک فریشتەیەکی دەنگخۆشی نایاب، هاتە سەر شانۆی هونەر و ئەو گۆرانییانەی ئەو ئەیوت، هەزار ئاخی لەدوا هەڵئەکێشرا و ئەمیشمان "حیسابات" و ڕێکرد و شانۆی هونەری بەجێهێشت؛ بەڵام ئێستاش کە تۆزی دەرفەتی ئەبێ، خۆشترین شت لە لای گۆرانییە.

بێگومان نابێ شێخ تاڵبی شێخ حەمەغەریبی دەنگ پڕ لە سۆزیشمان لەبیربچێت، هەرچەندە ئەو بۆ ئارەزوو نەبێ، هەرگیز گۆرانیی نەئەوت و ئەویش بەزۆری برادەرانی زۆر خۆشەویست و کە «خاوکەر»یشی ئەوت، ئەیبردیتە دنیایەکیترەوە.

وا لێرەشدا شێخ نووریی شێخ صالّحم هاتەوە یاد و بە پێویستی ئەزانم کە بڵێم: شێخ نووریی نەمر تەنیا هۆنەرێکی باڵا نەبوو، بەڵکوو لە ڕیزی یەکەمین هۆنەرە تازەکار و باوەڕ پێشکەوتووەکانی کورد بوو، پێش مامۆستا گۆران بوو لەو ڕێڕەوەدا؛ یەکەمین هۆنەرە کە ئۆپەرێتی داناوە بە هۆنراوە و ئاوازەوە، یەکەمین ئاوازدانەرە بۆ زۆری هۆنراوەکانی خۆی. هۆنراوەی (مەلاحیم) لەمەوە دەستی پێکردووە، پێش ئەحمەدبەگی ساحێبقڕانی نەمر لە سەردەمی تازەدا، دەنگ و ئاوازێک کە بە شێخ نوورییەوە بوو، بەردی ئەکرد بە ئاو.. دڵدارییە ناکامەکەی ناسۆرە لە جەرگی منا و کە بۆی گێڕامەوە لە شەوێکی دوورودرێژی زستانا و دووبەدوو لـە "یانەی فارمانبەرانی سولەیمانی" و گۆرانییەکەی عەزیزی برای بۆ وتم، خۆم پێنەگیرا و منیش گریام و قورم پێوا:

لەوێ دیجلە وەکیلی دیدەکەی من بوو بە لێڵی و سوور
سکووتی خەستەخانەت بوو بە شینی عائیلەی ڕەنجوور

ئەمە داخێکە جەرگم کونئەکا تا ڕۆژی نەفخی صوور

عەزیزم ڕۆ، عەزیزم ڕۆ، عەزیزی نەونیهالم ڕۆ!

ئەگەر لێرەدا بکەومە پەلهاویشتنە کوڕەکانی و کاک ڕوشدیی برازاشی، کە هەتا ئێستا دیوانەکەیان چاپنەکردووە، ناهەقم مەگرن و تەنیا وەفا؛ وا منیش لێتان بێدەنگببم، ئەی ویژدانی خۆتان، ئەی میللەتەکەتان، پێ ڕاتەکێنن، وا ئێوەش پاییزی تەمەنتانە.

با بێمەوە سەر ئەخۆل، ئەو هۆنەر و دەنگخۆش و باوکی ئاوازی پڕ لە هەنسک و قوڵپی گریانەی لە قوڕگ و جەرگ و دڵی بریندارەوە جاران ئەهاتەدەرێ، ئەو کەسەی بەبێ دەنگی و بە هێمنی ئەژی و هەرگیز حەزی لە خۆدەرخستن نەکرد وەک خەڵکیکە و لە سەردەمی ئێمەدا "پەیمان و شیوەن"ەکەی بە ئاوازەوە بڵاوبووەوە و هەموو خۆشمانویست و هەتا ئێستاش:

شەرتە تا ڕۆژی حەشر خولیایی من بێ چاوی یار

وێڵی سەحرا بم هەمیشە، تەرکبکەم خوێش و دیار

تۆش ئەخۆل گیان، هۆنەر و هونەرمەندی و بڵێین چی کە بەختی ڕەشمان، کە زەمانە و دەور و کۆمەڵگاکەمان، نەیکا و هەزار ڕەحمەت لە مەحوی:

قەزا بێدەسەڵاتتکا، چییە غەیری ڕەزا چارە؟!

لە بەر دەستی جەللادا ڕێوییێکە، شێری پەلبەستە!

من لە کاتێکدا کە ئەم بیرەوەرییە، یان ئەم چەند (یادە)، دەربارەی هونەر ئەنووسم وە ناوی هەندێ لە مامۆستایان و برایان ئەبەم، ئامانجم ونبوونی هەندێ ڕاستییە بۆ سبەینێ و ئەگونجێ هەندێ کەس لەوە عاجزببن کە بۆ ناومنەبردوون. با ئەم لایەنە ڕوونبکەمەوە: پیاوێک ڕەسمئەگرێ، لەو ڕەسمەدا هەموو شارەکە بە هەموو گۆشەیەکیەوە و بە هەموو زەمانێکەوە و بە هەموو یەکێکەوە دەرناکەوێ. ئەوەی بۆ من دەرکەوتووە و پەیوەندیی بەو دەورەی منەوە بووە، یا زانیاریم دەربارەی هەبووە، لەوە ئەدوێم، هەر ئەوە ئەزانم و شەڵڵا هەموو یەکێکم بناسیایە و هەموو شتێکم بزانیایە و بڵێم چی؟! بەڵام هەموو کەسێکیکە بۆی هەیە هەرچییەک ئەزانێ، با بینووسێ و بۆمانی بنێرێ، تاوەکوو لە دەرفەتێکیترا بڵاویبکەینەوە. لە لایەکیکەشەوە، با هەموو کەسێک

دڵنیابێ کە لە ڕۆژانی داهاتوودا و تا بەبەرمانەوە ماوە، چییترم زانی و چییترم بەبیراهاتەوە، هەر ئەنووسم. لام وایە ئینجا با ئاوازی گۆرانییە دڵدارییەکانیشم تۆماربکەم، هەر بۆ مێژوو:

ئاوازە دڵدارییەکانی دامناون:

١ . دیالۆجی تەمسیلی گوڵی خوێناوی.. هۆنراوەی گۆران.

٢ . ئەی چاو چەشنی بازی قەفەس.. هۆنراوەی گۆران.

٣ . قژکاڵی لێوئاڵی پرشنگی نیگاکاڵ.. هۆنراوەی گۆران.

٤ . یار یار، ناسکۆڵەی نازدار.. هۆنراوەی گۆران.

٥. بۆ گوڵی لاولاو.. هۆنراوەی گۆران.

٦ . دوا سەرنج: ئەی قژ زەرد.. هۆنراوەی گۆران.

٧. بڵێن بە یار.. هۆنراوەی گۆران.

٨. بە نووری بادە کەشفی.. هۆنراوەی مەحوی.

٩. دیارم دەیری عەشقە.. هۆنراوەی مەحوی.

١٠. ببییێ یا نەیبییێ.. هۆنراوەی مەحوی.

١١. کە دیم ئاڵۆزە چاوی.. هۆنراوەی مەحوی.

١٢. دووئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە.. هۆنراوەی پیرەمێرد.

١٣. ئەی دڵ، تۆ دڵەی جارانی من.. هۆنراوەی ڕەمزی مەعرووف.

١٤. ئۆپەرێتی دڵداریی کوڕە شوان.. هۆنراوەی کامەران.

١٥. دڵم هەر ئەو دڵەی جارانە، لەگەڵ لەتاو جەوری زەمانە و خەم.. هۆنراوەی ئەخۆڵ.

١٦. من بووم مشتەریی خاڵ بێ.. هۆنراوەی مەولەوی.

١٧. مردنە بێ تۆ ژیانم.. هۆنراوەی شێخ سەعیدی حەفید.

١٨. ئەی دەروونی ناو گێژاوی.. هۆنراوەی شێرکۆ.

١٩. گەڕانەوە: شیرینەکەم.. هۆنراوەی شێرکۆ.

٢٠. پاڕانەوە: خاکی بەرپێتە.. هۆنراوەی ئەخۆڵ.

٢١. لایلایە، ڕۆڵە لایلایە.. هۆنراوەی وەشتی.

ئەمە، ئەوانەی بەبیرمابێتەوە لەم کاتەدا. بەم بۆنەیەوە با ئەوەش بڵێم کە هۆنراوەی «ڕوخسار و ڕووت گرژمەکە، برا هەژارەکەم»، هیی منە و ئاوازەکەشی عەرەبییە «عليك مني السلام يا أرض أجدادي» و با ئەمیشمان بێ، باشە و بۆ بەشی پێنجەم.

*

ئینجا با بگەڕێینەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ١٩٤٢، کە -وەک وتم- کرابووم بە مامۆستایەکی گەڕۆک و سیاسەتم پێئەکرا لەبەر سیاسەت!! لەو ساڵەدا و لە هەموو پۆلێکی قوتابخانەکانی مەڵکەندی و خالیدییە و گۆیژەدا، کە دەرسێکم تیایا هەبووبێ، کتێبخانەیەکی بچووکمان لەگەڵ قوتابییەکانی ئەو ڕۆژە و پیاوی ئەمڕۆدا تیا دروستکرد و ئینجا وتووێژ دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتیمان و سروود بەدوای سروود و هۆنراوەی نیشتمانیی ئەو سەردەمە و باسی هونەری جوان و خۆلاسە بورکانێکی داگیرساو بووم و سکرتێری «کۆمەڵی هیوا».

لەم سەردەمەدا ئەڵمانیا تەنگی دنیای لە ئینگلیز هانیبووە یەک، ئەم ئینگلیزەش کە لە ساڵی ١٩١٨وە سەوا و مامەڵەیەکی پڕ لە تەڵەکە و فێڵ و گزی و دەستبڕین لەگەڵ ئەم کوردەدا ئەکات هەتا ئەمڕۆ، ئەڵێین ئا ئەم ئینگلیزە بەحورمەتە کە ئەکەوێتە باری ترسەوە، وەرە تەماشایکە! ئەوە قسەی خۆشە و باسی هەقی چارەنووس و دڵنەوایی و پڕۆژەدانان و پارەهەڵڕشتن و ئێکسکیووز می!! بەڵێ، بەلوتفە داگیرکەری لێقەوماو، دەستی پڕ لە پارەیە و دەمبەپێکەنین و بەڵێن بە خەربار!! کە تۆزێکیش دەستی بوو، دوژمنی ئیمانتان بێ: هەڵئەگەڕێتەوە و ڕوو گرژئەکا و دەم ئەنووقێنێ و پەشێمان، لە هەموو قسە و وەعد و بەڵێن و پەیمان! لەو ڕۆژەدا ئەم ئینگلیزە ئیشی بە کورد هەبوو، مەسەلە نزیکەی ١٨ ملیۆن کوردە لە عیراق و سووریا و تورکیا و ئێران و یەکێتیی سۆڤیەت، بۆ لەگەڵیا نەبن هەتا کار مەیسەرئەکات؟

داوای پێنج کەسیان کرد کە بچن بۆ فەلەستین، بۆ ئیستگەیەکی کوردی کە لەوێ بۆ کورد ئەکرێتەوە لە شاری یافا. ئەو حەلە «کۆمەڵی هیوا» گەورەترین پارتی بوو لە کوردستانا، لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵە چوار کەس تەرخانکرا بۆ ئەم ئیشە: کاک نووری شاوەیس، ئەنوەری مەلا حەمەئاغا، ئیبراهیم گوردی و

ڕەفیق چالاک. بەڵام لەبەرئەوەی برایانی ناوبراو هەرسێکیان لەپێش منەوە بووبوون بە سیاسی و (شتیان) لەسەربوو، حکوومەتی عیراق تەگەرەی خستە ئیشەکەیانەوە و نەیهێشت ئەوان بێن، لە ئەنجاما برایان ڕەمزی قەزاز و عەبدوڵڵا گۆران هێنران و کەوتینە ڕێ بەرەو بەغدا. کە چوومە بەغدا و دەستمکردە ئامادەکردنی ئەوراقی پێویست و لەم لاشەوە ئیستیقالەمکردووە لە مامۆستایی و قبووڵکراوە، ((قیر)) پێمەوە نووسان!!


– خێرە؟!

– خێری چی؟ تۆ نازیت!!

– کوڕە دایکتان چاک، باوکتان و باپیرتان چاک، نازی نیم، کوردم!

خۆلاسە درێژەی نەدەینێ و ئەمیش با بمێنێ بۆ وەختی خۆی و بە قودرەتی قادر، کرام بە ڕەفیق تۆفیق ئیسماعیلی موسڵاوی و تۆزێکی مابوو بمنێرن بۆ فاو، وە لەویش ڕزگاربووم و بڕوا ئەو ڕۆژە و نازیەتی و ئینگلیز و نەیەنەوە.

*



وێنەی سەرەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ: کاک ڕەمزی قەزاز، خوالێخۆشبوو کاک عەبدوڵڵا گۆران، ڕەفیق چالاک، لە گازینۆیەکی قەراغ دەریای سپیی ناوەڕاست دانیشتووین لە فەلەستین. وێنەکە لە ڕۆژی ١٩٤٢/١٢/٢٠دا گیراوە، ٣٠ ساڵ لەمەوبەر.

کە گەیشتینە (یافا) لە فەلەستین و ستۆدیۆمان بۆ دامەزرا و جێوڕێمان بۆ دیاریکرا و ناوی ئیستگەکەمان نا (کوردستان)، دەستمانکرد بە ئیش و مەردانە

به هەرسێکمان توانیمان لە هەموو گۆشەکانی ژیانا و بەهۆی ئەو ئیستگەیەوە، خزمەتی نەتەوەکەمان بکەین و ئەمیش با بمێنێ بۆ وەختی خۆی، چونکە دوورودرێژە و زۆر ئاو ئەکێشێ.

لەو ماوەیەدا (ئاغستۆسی ١٩٤٢ - ئاغستۆسی ١٩٤٥) سوودێکی باشم وەرگرت لە ژیانما و بەتایبەتی لەبارەی هونەرەوە. جارێ هەر لە ئیستگە، هەموو مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژەکانم ناسی و بووم بە هاوڕێیان، بەتایبەتی محەمەد عەبدولکەریم کە ئەمیری بوزق (تەنبوور) بوو لە هەموو عالەمدا و بە ڕەسەنیش ئەگەڕێتەوە بۆ سەر کوردەکانی دیاربەکر. ئەم کوردە کراوە بە ئاردی ناو دڕکان، بۆ هەر وڵاتێک ئەچی و ناودار ئەناسی، لە دوایی‌دا بۆت دەرئەکەون کە زۆربەیان کوردن! هەر لەو سەردەمەدا خۆم خەریککرد بە فێربوونی مۆسیقاوە بە نۆتە، ئالەتێکی (ماندۆلین)م کڕی و مامۆستایەکی یۆنانیم ڕاگرت، بەڵام لەبەر کەڵکەڵەی سیاسەت و ئیشی زۆر و ڕابواردنیش وازم لێهێنا.

هەر لەو ماوەیەدا مامۆستا محەمەد عەبدولوەهاب و یووسف وەهبی و بەشارە واکیم و ئەحمەد سالم و زەکی طولەیمات و فاخر محەمەد فاخر و حەسەن فائیق و ئینجا ئەمینە ڕزق و سوعاد محەمەد و لەیلا موراد و ئەسمەهان و نادیرەی (أميرة الطرب)یشمان دی، لەگەڵ گەلێکی‌کەش‌دا کە ئەهاتن بۆ ئەوێ، بۆ تەمسیلکردن و گۆرانی‌وتن و ڕابواردن و لەگەڵیانا -کەم‌وزۆر- دانیشتم و بۆ هەموو ئاهەنگەکانیان چووم و سوودێکی باشم وەرگرت لە ئیخراج و تەمسیل و ئیلقا و دیکۆر و میکیاج و پێویستییەکانی کە و زانیارییەکی خەستیش لە خوێندنەوە و بینینی شوێنەکانی شارەکانی‌کە و لە ئاغستۆسی ساڵی ١٩٤٥دا ئیستیقالەم‌کرد و بە فەلاکەت لە ڕێی ئەردەنەوە گەیشتمەوە ئەو بەغدایەی پایتەختە. هەر لەو مانگەدا بوو، یا لە ئەیلوولا بوو، لە ئیستگەی کوردی بۆ جاری یەکەم دامەزرام و فووم پیاکرد: ئێرە ئیستگەی کوردستانی عیراقە!

لەدوای سێ ڕۆژ لێیان قەدەغەکردم. هەرچی ئاوازێک کە لە (یافا) بە مۆسیقاژەنەکانی هاوڕێمم نۆت‌کردبوو، بە مارشی قەومی کوردیشەوە، دام بە برامان جەمیل بەشیر و ئەویش -خوا سەلامەتی کا- نازانم چیی لێکردن! هەر لەو مانگەدا، نەسرێکی شۆڕشگێڕیم نووسیبوو، بە ناوی «گۆرانیی ئازادیی چین» لە گۆڤاری "گەلاوێژ"دا، هێشتا لە چاپخانە بوو "بەڕەحمەتبوویەک"

ئاشکرای‌کرد و خەریکبوون "گەلاوێژ" داخەن، بەڵام نەیانکرد و تەنیا نووسینەکەی منیان لەو ژمارەیە دڕاند و خۆشمیان لە ئێستگە دەرکرد و بوومەوە بە مامۆستا و یەکسەر بۆ سووورداش.

چوومەوە بۆ سولەیمانی و ئەو حەلە «چرۆی هیوا» لە غەرغەرەدا بوو، تەماشامان‌کرد بێ‌سوودە، لە ماڵی ئەوساکەی ئەم کاک ڕەئووف مەعرووفەدا کە خاوەنی «کتێبخانەی گەلاوێژ»ە لە سولەیمانی و یەکێکە لە نیشتمانپەروەرانی تاقمی دووەمی بزووتنەوەی کوردایەتی، کۆمەڵەکەمان هەڵوەشاند و ئینجا لە ماڵی ئەم کاک نووری شاوەیسە، چوومە «پارتی ڕزگاری» و دوای ئەم، بە مامۆستایی نێردرام بۆ قەمچووغە و بۆ جافەران و ساڵمان کرد بە ١٩٤٦ و «پارتی دیموکرات» دامەزرا و کتێبخانەی کردەوە و لیژنەیەکیشی پێکهێنا لە سەرەتای هاوین‌دا بۆ قەڵاچۆی نەخوێندەواری و گەشەدان بە بزووتنەوەی هونەروەری و پێکهاتبوو لە:

١. ڕەفیق چالاک، بەڕێوەبەری قوتابخانە و سەرەکی لیژنەی هونەر و ئەم برا بەڕێزانە:

٢. نووری محەمەدئەمین.

٣. تەها محێدین.

٤. فائیق هوشیار.

٥. جەمال ئەمین‌بەگ.

٦. کەمال ئەحمەدبەگ.

٧. عوثمان مصطەفا.

٨. ڕەئووف مەعرووف.

٩. نووری ئەمین‌بەگ.

١٠. موحەڕەم محەمەدئەمین.

١١. عوثمان ڕەضا.

١٢. قادر مصطەفا.

١٣. عومەر کەریم.

له ماوەی سێ مانگی هاوینِدا و له قوتابخانەی گۆیژه نزیکەی ٣٥٠ برای کاسبی ناوبازاڕمان فێری خوێندن و نووسین و حیساب کرد و به بڕوای کوردایەتی گۆشمانکردن و بـاوەڕی پارتیمان بڵاوکردەوه و ((بوومەلەرزه))ی یەکەمی پێنجوێنی بەسەرداهات و داوای ((ڕێدان))مان کرد له میری که تەمسیلی ((في سبيل التاج)) به ناوی ((له ڕێی نیشتماندا)) تەمسیلبکەین بۆ باربۆی لێقەوماوانی ئەو شاره و ڕێمان پێدرا. له یەکشەودا له ئێوارەوه هەتا ڕۆژ هەڵهات لەسەر زەوی و لەبەر چرایەکی نەوتی سێ نمره!! چیرۆکەکەم گۆڕی به کوردی و خستمه دەقی وتووێژەوه (حوار). هەر بۆ ئەو بەیانییه و بەبێ نوستن، چووم بۆ قوتابخانەی گۆیژه و برادەرانم هەڵبژارد و پراوەم پێکردن. هەر ئەو ڕۆژه کاک حەسەن فەلاحی هونەرمەندمان هێنا و چۆنیەتیی پەردەکانمان بۆ باسکرد و دەستیکرد به دیکۆر و پەردەی شەوی سامناک و گوڵی خوێناوی خەڵکەکەی سەرسامکرد.




وێنەی بەشدارانی ((له ڕێی نیشتمانا)) و ((گوڵی خوێناوی)) و ((دکتۆر پەراسوو))

له ڕاستەوه بۆ چەپ ڕیزی یەکەم: برایان عەبدوڵڵا سالار، حەمەصالح دیلان. ڕیزی دووەم: خوالێخۆشبوو ئەحمەد هوشیاری خەیات، کاک عەبدوڵڵا ئیبراهیم، لاوی خێرنەدیوی خوالێخۆشبوو حەسەن توفیق، ڕەفیق چالاک، محەمەد ئەحمەد تەها (کامەران)، شێخ ڕەزا گوڵانی، کەمال محەمەدئەمین، ڕوشدی ئەحمەدبەگ، فائق تۆفیق. ڕیزی سێیەم: شێخ نووری شێخ جەلال، قادر مصطەفا، عوثمان ڕەزا، جەمال ئەمینبەگ، کەمال ئەحمەدبەگ، نووری محەمەدئەمین، فائیق هۆشیار،

نووری شاوەیس، نووری ئەمین‌بەگ، عوثمان مصطفا، تەها محیّدین، موحەرەم محەمەدئەمین، عومەر کەریم. ڕیزی چوارەم: محەمەدئەمین ئەگلی، حەمەی بەکر، ڕەئووف مەعرووف، ئەمین شەوکەت، نووری غەفوور، قادر دیلان، حەسەن فەلاح، حەمەبۆر (محەمەد مصطفا)، توفیق حەسەن‌ئاغا، جەمال عەبدوڵڵا، عەزیز حاجی قادر، ئەحمەد دەرویش دادی، غەفوور ڕەشید، وە لە لای پەنجەرەکەوە کاک بەهجەت ڕەشید.

لە لایەکەوە پراوە، لە لایەکی‌ترەوە تەرتیباتی شانۆ دروستکردن، بلیت چاپکردن، کورسی هێنان، شوێنی چایخانە و ساردەمەنی، لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی خەڵکەکەش‌دا بە هێمنی و لەسەرخۆیی، هەموومان تەشریفاتی بووین و ڕێگاپیشاندەر و کەسمان لە هیچ ئیشێک لاری‌نەبووین و هەموو بە قسەی یەکمان ئەکرد و هەر کەسە ئەرکی سەرشانی خۆی بەزیادەوە ئەکرد و بژین لاوە خوێن‌گەرمە دڵسۆزە لێهاتووەکانی ئەو سەردەمە و پیاوانی ئەمڕۆ، کە کاری مانگێکتان بە ڕۆژێک و ئیشی سەد کەستان بە دە پانزە کەس تەواوکرد و هەتا ئەمرم کرداری پیاوانەی ئەو سەردەمەتان فەرامۆش‌ناکەم و سڵاو و ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو یەکێکتان لە هەر کوێیەک هەن و هەرچییەکن. بە پێویستیشی ئەزانم کە لەدوای ئەحەی ناصری نەمر، ناوی کاک حەسەن تۆفیقی جوانەمەرگ و ئەحمەد هوشیار، وەک دوو شەهیدی‌کەی ڕێبازی هونەری کورد لەم شوێنەدا بنووسم بۆ مێژوو، سڵاو لە یاد و دیارتان، برا خۆشەویستەکانم.

هەر لەپاڵ ئەو کاروبارانەدا و لەو ڕۆژە پڕکار و ئەرکەدا، دەورەکانی دیالۆجی «گوڵی خوێناوی»م دابەش‌کرد بەسەر کاک محەمەدصالح دیلان و کاک مەحموود محەمەد قادردا و دەوری کچەش لەسەر شانۆ بە کاک عەبدوڵڵا ڕەشید (سالار). لە هەمان کات‌دا تیپێکی مۆسیقای ساکارمان بە یارمەتیی برایان دروست‌کرد لە کاک ئەنترانیکی مەیفرۆش (کەمان)، جەمال عەبدوڵڵا (عوود)، بەهجەت ڕەشید (عوود)، شەوکەت ڕەشید (کەمان)، قادر دیلان (تەپڵ). هەر لــەو ڕۆژەدا کاک محەمەد مصطفا (حەمەبۆر) پەردەیەکی پێکەنینی ئامادەکرد، یا «دکتۆر پەراسوو» بوو، یان «دۆمەکان». پڕۆگرامی شەوانەمان بریتی‌بوو لە وتار، هۆنراوەی «بووکی ون‌بوو»ی خوالێخۆشبوو فائیق زێوەر، گۆرانییەکی کاک حەمەی بەکر، چیرۆکی «لە ڕێی نیشتمان»، دیالۆجی «گوڵی خوێناوی» بە تەمسیلەوە، پەردەی پێکەنین. هەموو یەکێک لەو برایانەی بەشداری ئەو هونەرە جوانانە بوو، دەوری خۆی زۆر بە سەرکەوتوویی ئەداکرد و چەپڵە و تەقدیر مەپرسەی ناو بوو.

هەرچەندە شەوێ سەعات چوار ئینجا چووینەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام سەرکەوتنمان هەموو شتێکیتری لەبیربردبووینەوە. لە ماوەی حەوت ڕۆژدا (دووهەزار) دینارمان زیاتر کۆکردەوە لەو حەوشە بچووکەدا و لە دامێنەوە (وێنە)کەی دوای ئەو ئاهەنگانە ئەبینن بە شەرحەوە و بۆ بەشی شەشەم.

*

لە ئەیلوولی ١٩٤٦دا، هەر ئەو دەستەیە داوامانکرد کە بۆ ماوەی هەفتەیەک لە هەولێریش تەمسیلبکەین بۆ باربووی لیقەوماوانی بومەلەرزەکەی پێنجوێن و ڕێمان پێدرا و دیکۆر و کەلوپەلمان پێچایەوە و ڕێمان گرتەبەر بەرەو هەولێر. لام وایە یەکەم کۆمەڵی هونەری کورد بووین، کە بۆ جاری یەکەم شارەوشارمانکرد. لە هەولێر هەڤاڵانی پارتی هەموو تەرتیباتێکیان بۆ کردین و لە قوتابخانەی یەکەمی ئیبنخەلەکان کە بەرامبەر یانەی فەرمانبەران بوو، شانۆمان دروستکرد و بلیت دابەشکرا و کورسی هێنرا و جێی نوستن هەر لەو قوتابخانەیەدا و لەسەر زەوی جێبەجێکرا. ئەو ڕۆژە هەموومان «خاکی» بووین و بەبێ «غەڕایی و غروور»، بۆیە هەموو کاروبارێکمان بە جوانی و ڕێکوپێکی ئەچووە سەر. ئەوی هونەرمەند ئەکوژێ و ڕیسوایئەکات: منمنی و تۆتۆیی و غەڕایی و ڕەوشتنزمییە و با ئەمە سەرمەشقی هەموو هونەرمەندێکی ڕاست بێ و کارپێکردنی لە هەموو کات و شوێنێکدا، سەرکەوتنە و خۆشویستن.

لە هەولێر تووشی هەندێ ناخۆشی بووین، یەکەمیان هەندێ لە برادەران فێری گەڕان بوون، هەندێکیکەیان خەریکی سەرکێشی بوون، ئەمانەمان زوو چارەسەرکرد و بۆ چاودێری و حیساب، لیژنەیەکمان دامەزراند بە سەرکردایەتیی کاک عوثمان مصطەفا.

برادەرێکمان لێ پەیدابوو، ناوی "ڕەشەبا" بوو، لە پۆلیسخانە ئیشیئەکرد، ئەمیش -خوا سەلامەتیکا- زۆری هێناین و بردین و بەم زمانە لووسەی خۆم نەبووایە، خوا لە کاری خۆی ئەبووەوە و تەمسیلنەئەکرا. ناهەقی کاک ڕەشەباش ناگرم، نانی لەوە ئەخوارد و دنیاکەی وابوو، ئەویش ئەگەر خوانەخواستە نەماوە، با ڕەحمەتی لێبێ، خۆ -ناشوکری نەبێ- قەد ئێمە بەبێ "ڕەشەبا" نەبووین!!

ناخۆشییەکیتر ئەوەبوو: دوو ئاغا، مرخێشمرخێش، حەزیان لە جوانی بێناو کردبوو، خەریکبوو یەکتری کەللەپاچەکەن! ئەمیان ئەیویست بیهێنێ و هیی

خۆیەتی!! و ئەوی‌کەشیان (وەروەر)ی هەڵئەکێشا و خوازبێنیش لە من ئەکرا. دە وەرە ئینجا لە (ئاغایان) بگەیێنە کە کچ نییە و پیاوە و هەتا کاک عەبدوڵڵا سالارمان ڕزگارکرد و ((قتل و قتال))مان وەستان، قیر وتی: چەق. خۆلاسە ئەم چەند شتە و چەند شتێکی‌تر کە نامەوێ باسی‌بکەم، ناخۆش‌بوون، بەڵام ئەمانە هەر ئەبێ و مەسەلە کۆمەڵگایە و پێگەیشتن، منالّی و کەم‌تەجروبەیی و بڕواتان ببێ پیاو تەنگەچیکەڵڵانە نەبێ، چار بۆ هەموو شتێک ئەدۆزێتەوە.

پڕۆگرامی هەولێرمان جیاوازبوو لەگەڵ پڕۆگرامی سولەیمانی‌دا. لێرە برای خۆشەویستمان کاک ئەحمەدی حاجی صالّح قاسم دەوری برامان کاک کەمال محەمەدئەمینی دی، لەبەر نەخۆش‌کەوتن. لە تەمسیلا، لە گۆرانی و مۆسیقادا، لە هەموو کارێکی هونەری‌دا، بۆ هەموو دەورێک، گەورە یان بچووک، ئیحتیات (جێگرەوە) زۆر پێویستە و با پێتان بڵێم بۆ؟

یەکەم: لەبەر نەخۆش‌کەوتن.

دووەم: لەبەر یاخیبوون، یان غەرِایی‌گرتنی ئەو کەسە، یان کێشانەوەی لە لایەن کەسوکارییەوە، یان لە لایەن پارتێکی سیاسییەوە، یان لەبەر گرتنی، یا – خوانەخواستە- مردنی؛ ئەمانە هەموو ئەبێ لەبەرچاوبن. هەرگیز لە ژیانی هونەریمدا، لە سیاسەت و پارتایەتیش‌دا، بە یەکێکەوە نەنووساوم، هەمیشە (جێگرەوە)یەکم بۆ قوتکردۆتەوە و جاری واش هەبوو، دووان و ئیتر ئەنجام سەرکەوتنە بەبێ گومان. وەک وتمان، پڕۆگرامی هەولێر جیاوازتر بوو، لێرە پەردەیەکی تازەی دیالۆج و کۆرسمان پێک‌هێنا بە تەمسیلەوە. ((جوانی بێ‌ناو))، حەوت کچ هەر یەکی جۆرە بەرگێکی کوردیی قەشەنگ بە نزیکەی دووسێ هەزار دینار ئالّتوونی ڕاستەقینەوە ئەیانسەندەوە و خۆشم ((قژکاڵی لێوئاڵی))م بۆ جاری یەکەم ئەوت لەسەر شانۆ، وە کاک عەبدوڵڵا سالار بە قەشەنگترین شێوە دەوری کچی قژزەردی ئەدائەکرد و "گۆران"ی ڕەحمەتیش لە خۆشی‌دا کە بەجارێ دوو دیالۆجی ئەو بەو ڕێکوپێکییە بێتە سەر شانۆ، دەعوەتێکی گەورەی بۆ کردین لە ((یانەی فەرمانبەران))، ئەو حەلە لە ئەشغالی هەولێر بوو.

ئەم چالاکییە هونەرییە هەولێری شڵەقاند، هێشتا دەعوەتی پارتی شیوعیمان تەواونەکردبوو، ئیخوانی موسلمین (إخوان المسلمين) بانگیان‌ئەکردین، لەوان نەبووبووینەوە ئالی دۆغرەمەچی، بەتایبەتی کاک دوکتۆر هاشمی برای بەڕێز و

خۆشەویستمان کە بە درێژاییی تەمەنی و لە مەودای خۆیدا هەر خزمەتگوزار بووە، کە حەوتڕۆژەمان تەواوکرد، دوکتۆرە سانیحەی کچی مێژوونووسی نەمر ئەمین زەکیبەگ دەعوەتی بۆ کردین بە ناوی باوکیەوە بۆ شەقڵاوە. بۆ جاری یەکەم ئەو بووکە جوانەی کوردستانمان دی کە ئەو ناوەی لێنراوە و دڵی مردوو زیندووئەکاتەوە. سەرلەبەیانی باسی هونەر و مێژوو و کورد و کوردستان بوو، جوانترین ڕاوێژ و بەتامترین قسەی بۆ کردین لە هەموو بارەیەکەوە. لە نیوەڕۆدا خوشکە سانیحە سێ بەرخی بۆ کردبووین بە بریانی و وەرە لەو گەنجییەدا و لەو هەوا پاکەی شەقڵاوە و لەو هەوای سەرکەوتن و خوێنگەرمییەدا و مەچەک هەڵماڵە و هەتا ئەتوانی...



وێنەکەی ماڵی ئەمین زەکیی نەمر


ڕیزی یەکەم، لە ڕاستەوە بۆ چەپ، لە دامێنا: توفیق حەسەن دەوڵەت، ئەمین زەکیبەگ، خوالێخۆشبوو حەسەن توفیق، فائیق چالاک توفیق، عەبدوڵڵا ئیبراهیم. ڕیزی دووەم: کەمال ئەحمەدبەگ، نووری میرزا غەفوور، خوالێخۆشبوو ئەحمەد هوشیار. ڕیزی سێیەم کە بەپێوە ڕاوەستاون، لە ڕاستەوە بۆ چەپ: یەکەم کە دەستی بەسەریەوە گرتووە و دووەم نازانم کێن، سێیەم حەمەصالح دیلان، چوارەم و پێنجەم نازانم کێن، عوثمان مصطفا خاڵ، جەمال عەبدوڵڵا، بەهجەت ڕەشید، جەمال ئەمینبەگ، ڕەفیق چالاک، خەیرەدین. ڕیزی چوارەم لە سەرەوە: محەمەد ئەحمەد تەها (کامەران)، عەبدوڵڵا ڕەشید (سالار)، ڕوشدی ئەحمەدبەگ، شێخ ڕەزای شێخ محەمەد گوڵانی، کاک یوونس قادر. ئەو وێنەیەی سەرەوە لە ڕۆژی ٢٢ی ئەیلولی ١٩٤٦دا گیراوە لە شەقڵاوە.

لە تافی عەسرا، مۆسیقا و گۆرانی شەقڵاوەی خرۆشان و برامان حەمەصالح دیلان تێی چریکان:

وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان،

هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان ....

لەگەڵ ساز و ئاوازا، فرمێسک بەخوڕ سەریکرد لەو چاوانەی ئەمین زەکیی نەمرەوە، هەتا حەمەصالّح لیّبووەوە. ئینجا پێیوتین: خۆزگە نەئەمردم و چاوم پێتانئەکەوت لەسەر شانۆ چیرۆکە مەلحەمییە کوردییەکانتان ئەژیاندەوە و تەمسیلتانئەکردن، خۆزگە ((قەلاّی دمدم))م ئەدی و ئەو قارەمانییەی هەتا دوا کەس تەسلیمنەبوون بە تەمسیل یان سینەما. لەدوای ئەمە، وێنەیەکمان لەگەڵا گرت و ئەمجارە کاک عوثمان مصطەفا بۆی هێنام بۆ بڵاوکردنەوە، لەگەڵ وێنەیەکیکەی ئەو حەلەی هەولێر و سوپاس بۆ کاک عوثمان و وا هەردووکیان بڵاوئەکەینەوە و ئەوانەی ناومنەبردوون، ببوورن، چونکە ناویانم لەبیرچۆتەوە. با بیرمبخەنەوە، سوپاسیانئەکەم و کێیتریش وێنەی ئەو حەلەی لایە، با بۆمانی بنێریّ و پێشەکی سوپاس.



لەگەڵ زەردەی زێڕینی ئێوارەدا، بەرەو هەولێر گەڕاینەوە و بۆ ڕۆژی دوایی بەرەو سلێمانی و بەم بۆنەیەوە و وەک وەفادارێک و وەک یەکێک کە قسەی پێشینیانی باووباپیری ئەهێنێتەدی و ئیشی پیئەکات، "چاکە بدە بەدەم ئاوەوە، وننابیّ". سوپاس بۆ ئەو خزمەت و یارمەتییەی لەو کات و ساڵەدا کاک زەید ئەحمەد عوسمانی بەڕێز پێشکەشی تاقمەکەمانی کرد. سوپاس بۆ کاک ڕەشید عەبدولقادر، بۆ کاک جەلیل هۆشیار، بۆ دکتۆر هاشم و محەمەد دۆغرەمەچی، بۆ خوشکە سانیحە، بۆ هەموو برادەرەکانیتر. هەزار ڕەحمەتیش بۆ جووتەبرای خۆشەویست، جەمال حەیدەری و عاصی، حەیدەری، بۆ 'گۆران'ی برامان،

هەرچەندە لە گەلێک شوێنیتریشدا هەر یادی دێتەوە ناو ناوان. با لەبیرمنەچێت، کاک حەیدەری هونەرمەند لەم ئاهەنگانەماندا چەند گۆرانییەکی پێشکەشکرد و بەڕاستی ئەویش گۆرانیبێژێکی زۆر لێهاتووی ئەو ڕۆژە بوو. لە ٢٥ی ئەیلوولدا، هاتینەوە بۆ سولەیمانی بە سەرکەوتوویی و بۆ بەشی حەوتەم.

*

لەدوای گەڕانەوەم بۆ سلێمانی، کەوتینەوە گێژاوی دەرسوتنەوە و مەشق بە قوتابی کردن و هەموو پاشنیوەڕۆی دووشەمووان و پێنجشەمووانیش تیپی سروودی هەموو قوتابخانەکانی سولەیمانیم لە (فەیسەڵی) کۆئەکردەوە و فێری سروودی نیشتمانیی بەتین و ئێواران و شەویش پارتایەتی و خوێندنەوەی کتێبی مارکسیزم و موناقەشەی گەرمی چەند سەعاتیی بێبڕانەوە و هەڵمانئەگرت بۆ سبەینێ!

لە مانگی مارتی ١٩٤٧دا «پارتی دیموکراتی کورد» بۆ جاری یەکەم ئاهەنگی نەورۆزی بەئاشکرا کرد لەم هۆڵی شەعبی ئێستاکەی بەغدادا. تەلگرافێکم بۆ هات کە بچم بۆ بەغدا و چووم، لەوێ وتاری کوردییەکە من و عەرەبییەکە برایەک کە ناوی صالح [ڕوشدی] بوو، خوێندرایەوە و «گوڵی خوێناوی»شم پێشکەشکرد.



ئەو شەوە ئاهەنگێکی پارتییانەمان لە ماڵی کاک بەکر ئیسماعیل بۆ کرا و بۆ بەیانی بە ترس و لەرزەوە گەڕامەوە بۆ سلەیمانی، چونکە وتارەکە زۆر توندوتیژ

بوو، وا بزانم کاک هەمزە عەبدوڵڵا نووسیبووی بە عەرەبی و لە دواییشدا کرا بە کوڕاس و لە سووریا چاپکرا و ڕەسمی منی پێوە چەسپکرا، لەدوای وێنەی سەرەک بارزانییەوە.

لە هاوینی ئەو ساڵەدا، کۆستی گەورە لە کورد کەوت و کۆمار تێکدرا و چوار ئەفسەرەکە خنکێنران و منیش بە ناوی پارتی شیوعییەوە، کە هەر دەدوانزە کەس بووین، خەڵقەکەم لە سەرقەبران هێنایە گریان و حکوومەتیش منی بە هەشەشینا بردە خوارەوە و دەریکردم لە مامۆستایەتی، بێنان و بێئاو و سەرگەردان و کۆشێ خێزان! ئینجا دوو قەستی سەری یەک بەدوای یەکدا بۆ کوشتنم؛ یەکەمیان کاک مەعرووف عارف ڕزگاریکردم و دووەمیان خوالێخۆشبووی هاوڕێمان مەحموود ئەحمەد و چەند برادەرێکیتری شیووعی و ئیتر کەمتر ئەهاتمە دەرێ و زۆرتر خەریکی ڕێکخستن و دەرهێنانی گۆڤاری "دەنگی جووتیاران" بووم، کە یەکەم گۆڤار بوو بە کوردی و بە دەستنووس لەبارەی جووتیارانەوە دەربچێ، لەژێر تەوجیهی کاک ئەحمەد غەفووردا و شانازیئەکەم بەو دەنگی جووتیارانەشەوە.

لەم ماوەیەدا پارتی کاک عومەر کریمی نارد کە شتومەکەکانی تەمسیلی تەسلیمبکەم و ئەمیشمان وا و ئیتر دوای ئەمە و هەتا ساڵی ١٩٥٠ چیم بەسەرهات و نەهات، هەمووی سیاسەتە و پەتپەتێن و مەینەتی و کوێرەوەری و هەموو سەعاتێکی بە ڕۆژێک و هەموو ڕۆژێکی بە ساڵێک لە من ڕۆیشتووە و ئەگەر ماین ئەمیش لە شوێنی خۆیدا ئەگێڕمەوە. بەڵام تکام وایە لەو ماوەیەدا کێ چی ئەزانێت دەربارەی بزووتنەوەی هونەروەری بینووسێت، با ئەو ماوەیەش ئاشکرابێت.

لە ساڵی ١٩٥٠دا بەڕەڵاکرام، بێ نان و بێ ئاو و بێ داڵدە و چوومە خانەکەی میرزا فەرەجی ڕەحمەتی، لەوێ هەردوو برا، جەمالی میرزا فەتاح و جەمالی میرزا عەبدوڵڵا، درێغییان لێنەکردم و هەتا هەڵسامەوە سەرپێ، خزمەتیانکردم. لەم ماوەیەدا کاک ئەکرەم عیزەت کە قوتابی بوو لە بەغدا، ئیشی بۆ دۆزیمەوە لە ڕێی خوالێخۆشبوو ڕەشید نەجیبی مامیەوە لە ئیستگەی کوردی.

هەموو هەفتەیەک چیرۆکێکی تەمسیلیی نیوسەعاتیم ئامادەئەکرد، گۆڕاو یان دانراو و ئەمدا بە ئیستگە بەرامبەر بە (٣) دینار و هەفتەیەک قبووڵئەکرا و

هەفتەیەک نەئەکرا و بەوە ژووریکم گرت لە پیسترین ماڵی پیسترین گەڕەکی ئەم بەغدایەدا و لەوێوە نەخشەی سەرلەنوێی ژیانم کێشایەوە و تێهەڵچوومەوە.

لەوکاتەدا تیپێکی تەمسیلی لە ئیستگەی کوردی دامەزرابوو لە لایەن کاک صالح یەحیا زەنگەنەوە و ئەو چیرۆکانە بۆ ئەو تیپە بوو. لەپاش ماوەیەک بووم بە موذیع و ئینجا کەوتمە ڕاستکردنەوەی باری ئیستگەی کوردی لە هەموو ناحیەیەکەوە وە بەهۆی برادەرانی باشەوە سەرکەوتین. ئینجا تیپێکی تەمسیلم دامەزراند، کە بریتیبوو لە برایان ئەحمەد محەمەد مەکینە (دلاوەر) کە پار -بەداخەوە- سەری‌نایەوە، ئەحمەد سەید مەحموود (دەنگەوره)، نووری محەمەد عەنبەر، عەلی ئیبراهیم، فائیق چالاک، ناوبەناویش عەلی مەردان و قادر دیلان.

لەم ساڵەی ئیستگەدا، بیستم کە کاک شەماڵ صائیب لە ئیستگە ئیشی‌کردووە و سوودێکی باشی لە هونەرمەندان غانم حەداد، جەمیل بەشیر، ئەحمەد ئەلخەلیل و ئەوانی‌تر وەرگرتووە و کاک شەماڵم دی و بەیەکەوە بە شەمەنەفەری دەرەجە (٣) چووین بۆ کەرکووک و بە درێژاییی شەو ئاوازمان بەیادکردەوە و گەلێک پرۆژەمان دانان و خۆلاسە داوای لێ‌ئەکەم کە ئەویش بجووڵێ و مێژووی ژیانی هونەریی خۆی بنووسێ بۆ سوودی بزووتنەوەی هونەروەریی میللەتەکەی.



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ؟، فائیق چالاک، خوالێخۆشبوو هونەرمەند ئەحمەد دلاوەر، نووری عەنبەر، ئەحمەد سەید مەحموود (دەنگەوره)، ڕەفیق چالاک، کامیل کاکەمین، لە کاتی پێشکەشکردنی یەکێک لە چیرۆکە تەمسیلییەکاندا.

هەر لەم ساڵەدا، کاک نووری عەنبەر داوای لێکردم کە تەرتیباتێک بۆ کاک قادر دیلان بکەین و بیهێنینە ئیستگە و ناردی بەشوێنیا و دامەزرا لێرە و ئەویش سوودێکی باشی لەبارەی هونەرەوە وەرگرت لەو برایانەی باسمانکردن. داوا لەمیش ئەکەم کە بجووڵێ و دەستبکا بە نووسین و با هەموو بەشدارانی ڕێڕەوی هونەر هەر کەسە لە لایەنی خۆیەوە دەستپێبکات، لە ڕێی کۆکردنەوەی کەرەسەیەکی ڕاستی هونەروەری بۆ مێژوویەکی ڕاستی بزووتنەوەی هونەروەری و هونەرمەندان.

لە ڕێی ئەم ئیستگەیەوە نزیکەی شەش ساڵ چیرۆکی تەمسیلیی هەفتانەمان پێشکەشکرد، زیاتر لە ٢٠٠ چیرۆکی نیوسەعاتی، کە زۆربەی زۆریشی تەسجیلکرا، ئەم تەمسیلانە کاریان ئەوەندە کاریگەر بوو، تەنیا بە شارەوە نەوەستا، قەزا و لادێکانیشی ڕاهێنا و بزوواندنی، چێژ و تاوێکی ئەوتۆی هەبوو کە بە هەزاران نامە لە هەموو گۆشەیەکی کوردستانەوە ڕوویئەکردە ئیستگە. هەندێ ماڵ گوێسوانەکانیان ڕووخا، هەندێ ماڵ شتومەکی ناوماڵی فرۆشت و ڕادیۆی کڕی. هەرچی دەردێکی ناو ئەم کوردەوارییە هەیە، هەرچی ئاوات و ئازارێکی هەیە، هەمووی کرا بە تەمسیل، بە مێژووی ژیانی گەورە پیاوەکانیشەوە. تەمسیلەکان هەموو گۆشەیەکی ژیانی کوردیان چارەسەرئەکرد، بە باری سیاسی و نیشتمانیشەوە. گۆشەی پوختەی ڕۆژنامەکان و وتار و شیعرەکانیش وای لە جەماوەری کورد کرد کە میلی ڕادیۆ لەسەر ئیستگەی کوردی لانەدەن بۆ هیچ شوێنێکیتر.

هەر بۆ جاری یەکەم لە مێژووی نەتەوەی کورد و ئەم ئیستگەیەشدا، «ئۆپەرێتی دڵداریی کوڕە شوان»ی کاک محەمەد ئەحمەد تەها (کامەران)م تەلحینکرد و بۆ ماوەی ٣٥ دەقیقە و بە گەورەترین تیپی مۆسیقای (هەوایی) و (وەتەری) لە ئیستگەوە بە ئاواز ئەو چیرۆکە بڵاوکرایەوە و هەشت دەنگ بە گۆرانی ئەدایئەکرد و گەورەترین سەرکەوتنی وەرگرت. هەر لەم ئیستگەیەدا برایان عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق و حەسەن جەزراوی و ئیبراهیم حەزین و ئەحمەد سەید مەحموود و سێوە و بێناو و ڕەسووڵ گەردی و ئینجا ئەڵماسخان و فەوزییە محەمەد و نەسرین شێروان و گوڵبەهار و گۆرانیبێژەکانی کەمناسیو، لە توانا و دەنگیان گەیشتم.

لێرەدا پێویستە بۆ مێژوو بڵێم کە لەناو کورددا هەتا ئێستا کەس هەڵنەکەوتووە بەقەد مامۆستا عەلی مەردان شارەزای مەقامات بێ و زۆربەی زۆری مەقامبێژە عەرەبەکانی ئەم عیراقەش لەم بارەیەوە قوتابیی ئەون. خۆم لێم دیوە کە محەمەد گوبانچی پرسی پێکردووە و ناظم غەزالیی خوالێخۆشبوو لێی پاڕاوەتەوە شتی فێرکات، بەتایبەتی «قفڵ»، بەڵام ئەمیش بەختی نایکات و کوردە و ئەبێ بمرێ و کەس تەقدیری‌نەکا و نانێکی ڕەحەتی نەبێ.

داوا لە هەموو ئەو هونەرمەندانە ئەکەم، کە هەر کەسە مێژووی ژیانی هونەروەریی خۆی بنووسێ و بەڕەسمەوە بۆمی بنێرێ.

برایینە! پێ ڕاتەکێنن و بنووسن و بەرهەمەکانتان تۆماربکەن و یەکتریتان خۆش‌بوێ و ڕێزی یەکتری بگرن و بەیەکا بجۆشێن، ئەی هونەرمەندانی کوردستان.. کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی کوردستان پێک‌بهێنن.

هەر لە ماوەی ١٩٥٠ هەتا ١٩٥٦، چەند گۆرانییەکی کۆنی کوردیم تێهەڵکێش‌کرد و یەکێکیان «خاڵەی ڕێبوار» بوو کە کارێکی زۆری کردە سەر خەڵقی و سەرلەنوێ ئەو گۆرانییانە لەناو خەڵکا دەماودەم کەوتەوە و با ئەوەتان پێ‌بڵێم کە ئەو ئاوازەی من ئەو خاڵەیەی پێ‌ئەڵێم، لە دەمی خوالێخۆشبوو شێخ قادری حەفیدم قۆستۆتەوە و کە دووبەدوو گۆرانیی ئەوت، منی ئەهێنایە گریان و ئەو پیاوەش لە دەروونا هونەرمەند بوو، جەرگ‌بریندار و بەئاوات‌نەگەیشتوو. کاکە شێخ! سڵاو لە یادی تۆش لە ڕێزی هونەردا، خەڵکینە پەیکەرێکیش بۆ هونەرمەندی ناو کاروانی شەهیدانی هونەر، کاک ئەحمەد دلاوەر لە شاری هەڵەبجە و بۆ بەشی هەشتەم.

*

وەکوو بیستوومە لەو ماوەیەدا کە من لە عەمارە و بەغدا بووم، کاک ڕەئووف یەحیا چیرۆکی «کەرەلۆتی مەنوچەر»ی کاک برایم ئەحمەدی وەرچەرخاندبووە سەر باری شانۆیی لە ساڵی ١٩٤٨دا، وە ناونرابوو «تێکۆشانی ڕەنجبەران» وە لە سانەویی سەرەوە پێشکەش‌کرابوو. ئەو برایانەی کە بەشداربوون: کاک ڕەئووف خۆی و خوالێخۆشبوو حەسەن توفیق، کاک دارا تۆفیق، کاک عەبدوڵڵا سالار و هەندێ برای‌تر. وە لە ساڵی ١٩٥٠-١٩٥١دا برایان کاک ڕۆبێن ئۆفیک وە ئەمین شەوکەت و قادر دیلان و نەجات عەبدە و

هەندێکیتر، شانۆییی «هاملێت»ی شکسپیریان لە سینەمای ڕەشید پێشکەشکردبوو. وە لە ساڵی ١٩٥٢-١٩٥٣دا «کلۆڵانی هۆگۆ» لە لایەن کاک محەمەد ئەحمەد تەها و چەند برادەرێکیکەوە پێشکەشکراوە هەر لە سولەیمانی. لە بەغداش، کاک مەحموود محەمەد قادر گۆرانیی "گوڵی خوێناوی" وە "جوانی بێناو"ی تۆمارکردبوو لە ئیستگە. هیوام وایە بەشدارانی ئەو چیرۆکانەی باسمانکردن، هەریەکەیان دەوری خۆی ساغکاتەوە و زانیاریی ڕاست و تەواومان بۆ بنێرێ. هەروەها داواش لەو برایانە ئەکەم، کە چیرۆکیتریان پێشکەشکردووە و باسمنەکردوون، با بجووڵێن.

هەر لە ماوەی ١٩٥٠-١٩٥٦دا و نازانم چ ساڵێکە، ڕۆژێکیان خوالێخۆشبوو ئەحمەد دلاوەر پێیوتم کە گۆرانیبێژێکی باش هەیە و وا لە ئوتێل شیمال لە مەیدان. هەڵسایین چووین، کە تەماشائەکەم کوڕێک زەبوون و لاواز، دیشداشەیەکی لەبەردایە و خەریکی سڕینی ناوهۆڵی ئوتێلەکەیە و ئارەقی شین و مۆری کردۆتەوە. پاش دوواندن و گۆرانیوتن، بردمان، ئەرزوحاڵمان پێدا و لە ئیستگە کردمان بە گۆرانیبێژ. ئەمیش ئەو کەسەیە کە لە دواییدا بە سەدان بەرهەمی گۆرانیی لە عیراق و ئێراندا هێنایە ناو ناوان و حەسەن زیرەک بوو، وە لەم دواییەدا وەک بیستمان -بەداخەوە- چووە جێی هەقی خۆی، ئەمیش شەهیدێکیکەی ڕێی هونەرە و سلاو لە یادی. ئەم کاک حەسەن زیرەکە، یەکێکیکەشی لەگەڵ خۆیدا پەیداکرد، کە ناوی کاک ئەحمەدی شێخ قالی بوو، هەندێ جار بەجووتە گۆرانییان ئەوت و هەندێ جاریکەش کاک ئەحمەد بۆی ئەسەندەوە.

بێگومان ماوەی ١٩٥٠-١٩٥٦ لە ئیستگە و لە بەغداش قوتابخانەیەکیتر بوو بۆ من لەبارەی هونەرەوە. لەم ماوەیەدا بە سەدان چیرۆک و کتێبم خوێندەوە، تێکەڵاوی هەموو هونەرمەندەکانی تەمسیل و مۆسیقا و گۆرانی و ئیخراج بووم. لە مۆسیقادا، کاک جەمیل بەشیر و غانم حەداد و ئەحمەد خەلیل و ناظم نەعیم و مونیر بەشیر و هەندێکیتریانم بەدڵ بوو. لە تەمسیل و ئیخراجیشدا، هیچ کەسێک و سەوییەی برا عەرەبەکانمان نزمتر بوو لە سەوییەی ئێمە لە هەموو بارێکەوە. لێرەدا بە پێویستی ئەزانم ئەوە بڵێم کە مامۆستا حەقی ئەلشبلی بۆ ماوەیەکی کەم هێنرایە بەشی عەرەبی وە تەنیا ئەوم بەدڵ بوو لەم ناحیەیەوە، وەک مامۆستایەکی شارەزای هونەر. لەم ماوەیەدا فێری چۆنێتیی بەکارهێنانی «مۆسیقای تەصویری» و موئەسیراتی صەوتی بووم، گوێم لە

ئاوازە ڕۆژئاواییەکان ئەگرت و ئیشارەتمئەدان بۆ ئەو شوێنانەی ئەبێ لەناو چیرۆکەکەدا بەکاربهێنرێن؛ هەروەها «دەنگە کارتێکەرەکان»، چیرۆکی باش، دۆزینەوەی نوێنەری باش بۆ دەورەکان، بەکارهێنانی ڕێی چۆنێتیی نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوە لە میکرۆفۆن، باش بەکارهێنانی قوڕگ و دەم بۆ دەربڕینی قسەکان، تەرکیز لەسەر چیرۆکەکە و بیر نەڕۆیشتن بە هیچ لایەکدا، باش گەیشتن لە چیرۆکەکە خۆی و ناوەڕۆکەکەی، لەگەڵ باش بەکارهێنانی ئاوازی گونجاوی مۆسیقا و کارتێکەرەکان. ئا ئەمانە هەموویان ئەبنە هۆی سەرکەوتنی چیرۆکی تەمسیلی ئیستگە، کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ چیرۆکی سەر شانۆ یا ناو تەلەفیزیۆن.

زۆربەی زۆری چیرۆکە هەفتەییەکانم بە شەو لەماڵەوە یان بە ڕۆژ لە چاخانەکەی کاک عەلی لە مەیدان ئامادەئەکرد، لەناو قەلەباڵغی و دۆمینە و تاوڵەی ئەملاوئەولاما. نزیکەی ٣٠ لاپەڕەی دەفتەری قوتابیان (حوار) بەسە بۆ چیرۆکێکی نیوسەعاتیی ئیستگە. کە لێئەبوومەوە، بۆ هەندێ برادەرانی ڕووناکبیرم ئەخوێندەوە و ئینجا دەورەکانم دابەشئەکرد بەسەر برا نوێنەرەکاندا. پاش ئەوەی بۆ ئەوانیشم ئەخوێندەوە و یەکالامئەکردەوە، چیرۆکەکانم بەپێی نوێنەرەکان و توانایان دائەڕشت. دەوری هەرە دوورودرێژی بۆ خۆم، دەوری حاجی و پیاوی پیر بۆ کاک نووری عەنبەر، دەوری پیرێژن بۆ خوالێخۆشبوو ئەحمەد دلاوەر، دەوری کچیش یا مناڵ بۆ کاک ئەحمەد سەید مەحموود، چونکە نەبەراتی دەنگی زۆر نازک و خۆش بوو، دەوریتریش بۆ فائیق تۆفیق یا برادەرەکانیکە.

لەم ماوەیەدا، لە قووڵایی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئەوانە گەیشتم کە لە کۆڕ و مەیدانی هونەردا ئیشئەکەن، بیرکردنەوەیان، ئاوات و ئازار و ئامانجیان، ڕەفتاریان لەگەڵ یەکدا، شەونخوونییان و زۆر شتیکەش کە پێویست بە باسکردنیان ناکات و ئەبێ هەموو کەسێک ئەوە بزانێت کە هونەرمەندیش فریشتەی ئاسمان نییە و هەر تەنیا ئەوەنییە کە تۆ لەسەر شانۆ ئەیبینی، یان گوێت لە دەنگ و ئاوازی ئەبێ، یان چاوت بە نیگارە جوانەکانی ئەکەوێ لە پێشانگایەکدا. ئەوی ئەمەوێ بیڵێم: هونەرمەند جیاوازترە لە ناهونەرمەند لە زۆر شتا و جارێکیکەش ئەیڵێمەوە «بەرزیی ڕەوشت، مەرجی دوای بەهرەیە بۆ هەموو هونەرمەندێک کە بیەوێ نەدۆڕێ». با ئەوەش لەیادنەچێ کە توانیمان ماوەی بڵاوکردنەوەی

پرۆگرامەکانی بەشی کوردی زیادبکەین و بەیانیانی هەینیشمان خستە سەر و بۆ جاری یەکەم لە مێژووی ئەم بەشی کوردییەدا هەموو مانگێک پرۆگرام و هەندێ وتارمان بە کوردی لە گۆڤاری ئیستگەدا بڵاوئەکردەوە و لەو ڕۆژەدا ئەمە کارێکی کەم نەبوو. هەر لەم ماوەیەدا، شەوی وا هەبوو ئەچووم بۆ دوو فلیم نەک یەکێک، وە بەتایبەتی فلیمی بێگانە بۆ حەسانەوەش و کەڵکوەرگرتنیش.

لە ئاغستۆسی ١٩٥٦دا گوێزرامەوە بۆ کێڵگەی بەکرەجۆ لە سولەیمانی و شارگرمان کردەوە. لەگەڵ هاتنەوەمدا، برا قوتابییەکانی سانەویی شەو، وە بەتایبەتی برای خۆشەویست و بەوەفام کاک نووری وەشتی، داوای لێکردم کە بەشداریی شانۆگەری بکەم لە ڕێی باربووی ئەو قوتابییە دەستکورتانەدا کە بە شەو ئەخوێنن. کاک سولەیمان ئەلمەللاح کە بەڕێوەبەری سانەوی بوو، پشتگیریی‌کردین و ئەویش یادی بەخێربێ. لەم ساڵەدا چیرۆکی شانۆییی «عوطەیل»ی شکسپیر لە لایەن کاک نووری وەشتی و تەها خەلیل و یاسین خەلیل و خوالێخۆشبوو صەلاح جەمیل و هەندێک برادەری‌ترەوە تەمسیلکرا و چووم بۆ پراوە و بۆ تەمسیلەکەشی. لێرەوە ئەو برادەرانەم ناسی و کە تەماشائەکەم کاک ئەنوەر تۆفیی براشمان کە لە ساڵی ١٩٤٧دا بە مامۆستایی ناسیبووم، وا ئەویش خەریکی ئیخراجە و لە بەکرەجۆوە گوێزراوەتەوە بۆ سولەیمانی. هەر لەو ساڵەدا بوو برای بەڕێز و بەتوانا عەبدوڵلابەگی حەمەعەلی‌بەگ لە سوپاوە هاتە ڕیزی ئیدارە و بوو بە یارمەتیدەری موتەصەڕیفی سولەیمانی بۆ کاروباری بەڕێوەبەرایەتیی ناوخۆیی و ناردی بەشوێنما و ڕێگەی بۆ ئاسانکردین و لیژنەیەکی بەرزی دامەزراند بۆ کاروباری هونەروەری و دەسمانکرد بە ئیشکردن و بە هاتنی عەبدوڵلابەگ گەورەترین چالاکی و بزووتنەوەی هونەروەری لە سولەیمانی‌دا دەستی پێکرد و بۆ بەشی نۆیەم.

*

لەبەر گەلێک هۆ مەجبووری ئەوەبووم کە جارێ بوەستم لە بڵاوکردنەوەی بیرەوەری و زنجیرەوتاری سەبارەت بە هونەر، وە لە ژمارە ٢٠ی ئەم ڕۆژنامەیەوە دەستئەکەینەوە بە بڵاوکردنەوەی. وە بە پێویستی ئەزانم کە بڵێم مەسەلەی کوشتنی خوالێخۆشبووی هونەرمەند ئەحەی ناصر وە دەوری مامۆستای خوالێخۆشبوو عەبدولواحید نووری لە ڕیزی هونەردا ساغئەکەمەوە لە ژمارە ٢٠دا،

چونکه له چوونی ئەم جارەمدا بۆ سولەیمانی، ئەوانەم لەوێ ساغکردۆتەوە. هەروەها لەگەڵ مامۆستای هونەرمەند کاک فوئاد ڕەشیددا لە ڕۆژی ١٣ی ئەم مانگەدا یەکتریمان بینی وە لەسەر شریت ئەم وتوویژەمان تۆمارکرد بە ئامادەبوونی برامان کاک نووری وەشتی، سەرەکی کۆمەڵی هونەر و ویژەی سولەیمانی، لە ماڵی کاک فوئاد. وە بێگومان لەو وتوویژەشتان بۆ ئەنووسین و هیوامان وایە -وەک لەمەوبەر داوامان لێکردوون- هەر کەسە لە عاستی خۆیەوە دەستبکات بە نووسین و هەتا ژمارەی ٢٠ خوێنەرەوە خۆشەویستەکان.

*

لە بەشی هەشتەمدا کە لە ژمارە ١٦ی "برایەتی"دا نووسراوە، تا ساڵی ١٩٥٦مان باسکرد و هاتنی کاک عەبدوڵابەگی حەمەعەلیبەگ بۆ سولەیمانی و بوونی بە یارمەتیدەری موتەصەڕیف. وە لە ژمارە ١٨ی "برایەتی"دا بەڵێنمان پێدان بۆ ساغکردنەوەی چۆنیەتیی کوشتنەکەی هونەرمەند ئەحەی ناصر، وە دەوری خوالێخۆشبوو عەبدولواحید نووری لە کاروانی هونەردا. هەروەها بەڵێنماندانێ کە وتوویژەکەی لەگەڵ مامۆستا فوئاد ڕەشیددا کردوومانە لە سولەیمانی، پێشکەشتانیکەین و وا بەڵێنی خۆمان بەجێئەهێنین.

لە بەشی چوارەمی بیرەوەرییەکەمدا کە لە ژمارە ١٢ی "برایەتی"دا نووسراوە، سەبارەت بە کوشتنەکەی هونەرمەند ئەحەی ناصری خوالێخۆشبوو نووسیبووم، کە لە بەر حەوزەکەی ناوبازاڕی سولەیمانی وە بە خەنجەر کوژراوە.

لەدوای ئەم نووسینە بە دوو هەفتە، نامەیەک و کتێبێکم لە سولەیمانییەوە بۆ هات، لە لایەن برایەکی هونەردۆست و ڕۆشنبیرەوە، کاکەحەمە. کتێبەکە کە لە لایەن برای خۆشەویست و دڵسۆز کاک غەفوور ڕەشید داراغاوە چاپکراوە، سەبارەت بە خوالێخۆشبوو ئەحەی ناصر، کە تیایا ئەڵێت: "بە تفەنگ کوژراوە لە بەرخانەقا".

لە ٩ی ئەیلوولدا چوومەوە بۆ سولەیمانی و لەوێ ئەو مەسەلەی کوشتنەم لەگەڵ کاک عەزیزی کاکەسووردا ساغکردەوە، چونکە ئەویش یەکێک بووە لەو کەسانەی بەتەواوی شارەزای ئەو کارەساتەیە و هەموو قسەکانی کاک غەفوور ڕەشیدی سەلماند و منیش لەگەڵ عوزرخواییدا بۆ کاک غەفوور، ئەوا لێرەشدا کارەساتەکە ئەسەلمێنم وەک ئەو نووسیویەتی لە کتێبەکەی "ئەحەی

ناصر"ی هونەرمەند ١٨٧٦-١٩٢٣، وە هیوام وایە کاک غەفوور بەردەوامبێ لەسەر ئەو خزمەتە کە ئەیکات.

بۆ دەوری خوالێخۆشبووش، کاک عەبدولواحید نووری لە ڕێبازی هونەردا وە بۆ ساغکردنەوەی بنەڕەت و سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی هونەری تەمسیل، لە ڕۆژی ١٣ی ئەیلوولدا، من و برای بەوەفام کاک نووری وەشتی، سەرەکی کۆمەڵی هونەر و وێژەی سولەیمانی، بە تەسجیلێکەوە ڕوومانکردەماڵی مامۆستای خۆشەویست و بەڕێزم کاک فوئاد ڕەشید، وە کەوتینە وتووێژ لەگەڵیا و لەسەر شریت تۆمارمکرد و وا بۆتانی ئەنووسم بە پوختەیی، نەک هەمووی، کە نزیکەی سەعاتێکە. مامۆستا ئەڵێ:

بۆ جاری یەکەم لە شاری سولەیمانیدا و بۆ خەڵکی کە تەمسیلمانکرد، ساڵی ٩٢٥-٩٢٦ بوو، لە قوتابخانەی یەکەم، کە ماڵەکەی شێخ مەحموودی نەمر بوو لە بەردەمی مزگەوتی گەورە. ناوی تەمسیلەکە بە عەرەبی (لولا المحامي) بوو، (ئەگەر پارێزەر نەبووایە) و ئێمە کردبوومان بە کوردی و چیرۆکی پێکەنینی مامۆستای قەدیم. ئەکتەرەکانی ئەم چیرۆکە ئەم برایانە بوون: فوئاد ڕەشید، عەبدولواحید نووری، فائیق بێکەس، یەحیا ئەفەندیی ڕەسام، عەزیزی میرزا ساڵح، حسێنی میرزا ساڵح، ئەحمەد عەزیز، ساڵح عەلی، جەمال مەجید، شێخ کەریم، ئەحمەد ئیبراهیم، وە هەندیکیکەشە کە بیرمنەماوە، وە هاندەری سەرەکی و ڕێپیشاندەرمان خوالێخۆشبوو مەحموود جەودەت بوو، لەگەڵ زابتەکانی ئەو حەلەدا، کە ناویانم لەبیرنەماوە، لەگەڵ کاک مصطەفا صائیب. لەوەپێش لە قوتابخانەکاندا بە تورکی و لە مزگەوتەکاندا و لە ماڵانا، لە ئاهەنگ و لە سەیرانا، تەمسیل هەر کراوە. بەڵام یەکەم تەمسیل کە شێوەیەکی شانۆیی و هونەریی بووبێ، ئەو تەمسیلە بوو، کە گۆرانییەکەی لە لایەن خۆم و کاک مصطەفا صائیبەوە بوو، وە خۆشم ئیخراجمکرد و شانۆکەمان لە قوڕ دروستکردبوو (سەکۆ).

لەم تەمسیلەدا کە دوو ڕۆژی خایاند، پارەیەکی موناسیبمان کۆکردەوە و نزیکەی ٥٠٠-٦٠٠ ڕووپیەمان نارد بۆ بەغدا، کە وا ئەزانم کاک عەلی ئاغا [عەلی ئاگا] سەرەکی لیژنەکە بوو. وە ئەم لیژنەیە (باندێکی مۆسیقا)ی تەواوی کڕی (ئالاتی هەوائی)، وە هێنایەوە بۆ سولەیمانی لە ساڵی ١٩٢٦دا. وە ئەمە یەکەم تیپی مۆسیقایە کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دائەمەزرێ لە سولەیمانیدا.

هەر لەو ماوەیەدا، زابتێکی خەڵکی کۆیە کە ناوی عەبدولواحید بوو، لە ناوچەی سولەیمانی بوو. ئەم کوردە دڵسۆزە شارەزاییەکی تەواوی لە مۆسیقادا هەبوو بە نۆتە. هەموو ڕۆژێک لە ئێواران.دا دەستیئەکرد بە فێرکردنی قوتابیان لەسەر نۆتە، تا وا لە تیپەکە هات پارچەمۆسیقای ئەدائەکرد. لە پشووی بەهاردا، من و سەعید زەکیی خوالێخۆشبوو چووین بۆ بەغدا. لەوێ سەرێکمان دا لە بەڕێوەبەری پەروەردە، کە یەکی بلیتیکی تەمسیلی داینێ، کە نرخی ٥ ڕووپیە بوو. تەمسیلەکە ناوی (نیرۆن) بوو وە لە سینەمای وەتەن پێشکەشئەکرا لە لایەن تیپێکی هەرەپێشکەوتووی میسرەوە، کە خوالێخۆشبووان جۆرج ئەبیەض و ست دەولەت و بەشارە واکیم و ئەوانیتر بوون. بەڕاستی تەمسیلەکەیان بە جۆرێکی ئەوتۆ ئەداکرد، کە وای لێکردم زۆربەی زۆری حیوار و دەورەکان لەبەربکەم. لەگەڵ گەیشتمەوە ئوتێل، دەستبەجێ دانیشتم و بە کوردی دامڕشتەوە لە چوار پەردەدا. بێگومان چیرۆکە کوردییەکە بەتەواوی وەکوو عەرەبییەکە نەبوو. ئەمە لەگەڵ خۆما هێنایەوە بۆ سولەیمانی و لە سولەیمانی دەورمان دابەشکرد و کاک کەریم زانستی دەوری نیرۆن و خۆم دەوری قەڕاڵیچە و هەندێ لە برادەرانیتریش وەک خەسرەوئاغای حاجیئاغا و فائیق بێکەس و مەجید ڕەشیدی برام و عەبدولواحید نووری و هەندێکیکەش، بەشداری چیرۆکەکە بوون.

ئەم چیرۆکەمان لەسەر شانۆ وە لە شوێن خانووەکەی ماڵی کاک نامیق قەزاز پێشکەشکرد، بە جلوبەرگی ڕۆمانی و بە میکیاج و هەروەها بە گۆرانی و مۆسیقاشەوە، چونکە برادەران صاڵح عەلی و جەمال مەجید و فوئاد قەفتان و جەلال مەجید و ئەحمەد میرزا و ئەوانیتریش زۆرباش فێربووبوون. وە ئەتوانین بڵێین کە ئەمە لە ساڵی ١٩٢٧دا پێشکەشکرا بە شێوەیەکی پێشکەوتووانەتر لە هەموو بارێکەوە، چونکە سوودمان لەو تیپە هونەرییە میسرییەی بەغدا وەرگرتبوو، وە برادەران زیاتر لەبارتربوون بۆ ئەدای هونەرمەندانە.

لە ساڵانی ١٩٢٨ و ١٩٢٩دا گوێزرام بۆ هەولێر. لە هەولێر چیرۆکی تەمسیلیی "صەلاحەدینی ئەیووبی" پێشکەشکرا بە عەرەبی و چیرۆکی "پێکەنین" بە کوردی. بەشدارانی شانۆیی صەلاحەدینی ئەیووبی، کاک مەجید حەسەن و زەکی ئەمین و من و کاک ئەحمەد فەخری بوو، کە لە دواییدا بوو بە مودیری ناحیە.

له ساڵی ۹۳۰-۹۳۱دا، له ڕەواندز چیرۆکی تەمسیلی "نیرۆن"م لەوێش پێشکەشکرد. وه مودیری قوتابخانەکەمان، خوالێخۆشبوو عەبدوڕەحمان شەرەف بوو، وه دوای ئەمه ئەو گوێزرایەوه بۆ کۆیه. وه له ساڵی ۹۳۲دا، ئەو تەمسیله له کۆیەش کرا، وەک تۆ باستکردووه.

له ساڵی ۹۲٦دا که له سولەیمانی له قوتابخانەی فەیصەڵییه بووم، ئەوەبوو تەمسیلی "مێشۆ"مان کرد، که تۆ دەورەکەشت دی ، وه چیرۆک و ئیخراج خۆم بووم و مەکیاجی و دیکۆر کاک حەمەپاشا وه خوالێخۆشبوو جەلال محەمەدیش یارمەتییەکی زۆری داین (وا له داوێنەوه وێنەکەی ئەو چیرۆکەش پێشکەشئەکەین به ناوه ناسراوەکانەوه).



بەشدارانی چیرۆکی تەمسیلی "مێشۆ"، ساڵی ۱۹۳۵-۱۹۳٦،

ڕیزی یەکەم، له ڕاستەوه بۆ چەپ: شێخ عەزیز، عەلیی میرزا مارف، عەبدوڕەحمان میرزا ئەحمەد، فائیق صەبری، ڕەئووف کەریم، صەلاح ...، خوالێخۆشبوو مامۆستا جەلال مەلا محەمەد. ڕیزی دووەم، له چەپەوه  بۆ ڕاست: مامۆستا محەمەدپاشای عەبدوڕەحمانئاغا، دووەم هەتا شەشەم نازانم کێن، حەوتەم جیهانبەخش ئەحمەد، ئینجا کەریم ئەحمەد حەداد، قادر ڕەشید دارا، خوالێخۆشبووی نەمر مامۆستای گەورە صاڵح قەفتان. ڕیزی سەرەوە: خوالێخۆشبوو ڕەشید حەمەئاغا، موعەللیمێکی عەرەب، صاڵح سەعید، پیتراکی قسطاکی، موعەللیمیکیتری عەرەب، یەعقووب کینده، ئەویکەیان ناناسم، ئیبراهیم مەحلان.

جگە لەمەش، چیرۆکی "خەلیفە بە خەیاڵ"، وە چیرۆکی "ئاژەڵی دارستان"یشمان پێشکەشکرد، بە کەوڵی ئاژەڵەکان خۆیانەوە و لە چیرۆکی "ئاژەڵی دارستان"ا، کاک تۆفیق حەسەن دەوڵەت دەوری گەورەی دی. هەر لە ساڵی ١٩٣٢دا کە من لێرە نەبووم، لە چایخانەکەی حەمەڕەق، کاک ڕەمزی قەزاز و کاک فەهمی قەفتان و کاک ڕەشید کەریم و خوالێخۆشبوو عەبدولواحید نووری و هەندێک برایتر، تەمسیلێکی سەربازییان کردووە، کە کاک ڕەمزی دەوری گەورەی چیرۆکەکە و کاک فەهمی قەفتان دەوری کچە و کاک ڕەشید کە دەوری کوێخای تیا دیبوو، لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستایتر کە لەبیرم نەماوە، وە هیچیتری دەربارە نازانم.

ئەم زانیارییانە بەشێکن لە وتووێژەکەی تۆمارمانکردووە بە شریت، جارێ نامەوێ بەشەکانیکەی بڵاوبکەمەوە.

بێینەوە سەر ساغکردنەوە بەپێی قسەکانی مامۆستا فوئاد و ئەوەی تێیگەیشتین:

١. لە کۆنەوە لە کوردستانان تەمسیل هەر کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر ساکار.

٢. لە ساڵی ١٩٢٥دا، یەکەم چیرۆکی تەمسیلی بە شێوەی ڕێکوپێک لە قوتابخانەی یەکەمی سولەیمانی کراوە.

٣. هاندەر و ڕێپیشاندەر و پشتگیری بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و کوردایەتی و هونەروەری و وەرزش و کەشافە لەو حەلەدا، خوالێخۆشبووی نەمر مەحموود جەودەت بووە، لەگەڵ زابتەکانی ئەو سەردەمەدا کە ئەبێ ساغبکرێنەوە، وە کاک مصطەفا صائیب.

٤. مامۆستا فوئاد ڕەشید دەوری هەرەگەورەی بینیوە لە خزمەتکردنی ئەو بزووتنەوەیەدا، بە یارمەتیی خوالێخۆشبووان عەبدولواحید نووری، ئەحمەد عەزیز، فائیق بێکەس، حسێنی میرزا صاڵح، جەمال مەجید، فوئاد قەفتان، جەلال مەجید، وە برایان کەریم زانستی، ئەحمەد فەخری، عەزیزی میرزا صاڵح، صاڵح عەلی، خەسرەوی حاجیئاغا، ڕەشید کەریم، ڕەمزی قەزاز، فەهمی قەفتان، حەمەپاشای عەبدوڕەحمانئاغا وە گەلێکیتر.

٥. پێشڕەوی مۆسیقای تازەی کوردی، کاک عەبدولواحیدی کۆیەیە. ئەوی ئەمەوێ بیڵێم، ئەوەیە کە ئەبێ برایان کاک مصطەفا صائیب، کەریم سەعیدبەگ (زانستی)، ڕەمزی قەزاز، ببینین وە زانیاریی ئەوانیش لە بەغدا کۆبکەینەوە، ئەو

برایانەیکەش لە سولەیمانی. هەروەها داوا لە برامان دوکتۆر دارای کاک ڕەشید جەودەتی خوالێخۆشبوو ئەکەین، کە یادداشت و وێنەی مەحموود جەودەتی نەمرمان بخاتە بەردەست، لەگەڵ ئەو زانیارییەدا کە لەو بارەیەوە لە لایەتی و هەروەها داوا لە هەموو برادەر و خزمانی مەحموود جەودەتی نەمر ئەکەم مەعلوومات و وێنەیم بۆ بنێرن. جگە لەمەش، داوا لە زابت کاک عەبدولواحیدی کۆیی ئەکەم کە ناوی هاتووە و لە ساڵی ١٩٢٦دا لە سلێمانی بووە، وێنە و زانیاری و مێژووی ژیانی خۆیم بۆ بنێرێ و ئەگەر نەشماوە، هەزار ڕەحمەتی لێبێ و نەمربێ لە کاروانی هونەری کوردستانا و با خزم و کەسوکار و هاوڕێکانی ئەو ئەرکە بگرنە سەرشانیان. وە لە حاڵەتی مانیا، ئامادەم بە ئاگادارکردنم بە تەلگرافێک، ڕووبکەمە ئەو شوێنەی کە لێیدائەنیشێ.

خەڵکینە، براینە، بەغیرەتینە، هەر کەسە لە ئاستی خۆیەوە بجووڵێ و ئیش‌بکات لەو مەیدانەدا کە ئەتوانێ تیایا هەڵسووڕێ و ئێمە نەتەوەیەکی دواکەوتووین و پێویستمان بە هەموو شتێکی هەموو کەسێکە و کەس خۆی هەڵنەگرێ بۆ سبەینێ، یەک کەس ناتوانێ بزانێ چۆنە و هەتا بەشی دەیەم.*

*

* بەداخەوە ئەم بیرەوەرییە گرانبەهایە لێرەدا بڕاوەتەوە. دوایین ئەڵقەی (نۆیەم) لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٢/١٠/٥ی ڕۆژنامەی "برایەتی"دا بڵاوبووەتەوە. بە قسەی کاک ئازادی کوڕی، باوکی نەخۆشیی دڵی هەبووە و ئیتر لەوەبەدوا پزیشکەکان جگەرە و خواردنەوە و هەندێ خواردنیان لێ قەدەغەکردووە و خەریکی چارەسەر بووە، بە جۆرێک کە توانایی و هێزی کارکردنی زۆر کەمبووەتەوە و ناساغ بووە، تا ڕۆژی ١٩٧٣/١١/٣٠ بەو دەردەوە سەریناوەتەوە. (س)

## هەندێک وردە بیرەوەریی

## ڕۆژانی ئیستگەی کوردیی شەرقی ئەدنا – یافا*

ڕۆژی شەممە لە ٩٤٢/٩/٢٥وە سەعات ٤,٥ پاشنیوەڕۆ سواری ئوتوموبیلی شیرکەتی نێرن بووین. سبەینێ بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٩/٢٦ سەعات ١١,٣٠ گەیشتینە شام. لەوێ نزیکەی سەعاتێ دووسەعات ماینەوە، سواری ئوتوموبیل بووین. عەسر سەعات ٥ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٩/٢٦ گەیشتینە حەیفا. ئەو شەوە لە حەیفا ماینەوە. سبەینێ ڕۆژی دووشەممە ٤٢/٩/٢٧ سەعات ٥ی پاشنیوەڕۆ ڕۆیشتین. سەعات ٨ گەیشتینە تەلئەبیب. ئەو

---

* ئەم چەند وردەبیرەوەرییە لە دەفتەری دەستخەتی نووسەر خۆی دەرهێنراوە. شایانی باسە، لە لاپەڕە ٤٣ی ژمارە ٨ی ساڵی ٤ – ئاغستۆسی ١٩٤٣ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا ئەم دەقە سەبارەت بە ئیستگەی کوردیی یافا بڵاوکراوەتەوە:

ئیستگەی بێتەلی کوردوستان

لە/ ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە

کورد بەبێ ئەوەی لامژیبکا، بەو مرازەی گەیشت کە دەنگی کورد و زمانی کورد و ناوی کورد لە هەموو گێتیدا بڵاوبێتەوە، ئەمەش کێ کردی؟ دیارە غەیری دەوڵەتە گەورەکەی بریتانیا نەبێ، بەهۆی خزمایەتییەوە چاوی لە کورد بێ، کەسێکیتر ئەوەی بۆ نەکردووە و نایکا؛ هات لە یافا ئییستگەیەکی بێتەلی عالەمیی بۆ دانا، سەربەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی هەموو چەشنە دەنگوباسێک و هەموو جۆرە نقام و بەستەیەک! بەرانبەر بەم چاودێری و بەشە باشە، "گەلاوێژ" بە ناوی هەمو کوردەوە سوپاسیئەکا و داوای پایەداریی ئەو دەوڵەتە گەورەیە ئەکا، ئێجگار دوو کوڕە گەنجەکەی کوردوستان (گۆران و ڕەفیق چالاک) بەجارێ ئەوەندەیتر هێناویانەتە فەڕ، بەڕاستی خزمەتێکی باشی زمانی کوردی ئەکەن، خوا بیانپارێزێ و هەر بژین.

لەم وەختانەدا گوێتان لە هاڵ و هەواڵ ئەبی:

بەیانیان لە سەعات ١٠,٥وە تا ١١

ئێواران لە سەعات ٣,٥وە تا ٤

هیی بەیرووتیش لە سەعات ٦ی ئێوارەدا گوێتان لێئەبێ. (س)

شەوە لەوێ ماینەوە. سبەینێ ڕۆژی ٤٢/٩/٢٨ سێشەممە لەپاش ١٠ دەقیقە بە ئوتوموبیل بەناو مالآنا گەیشتینە یافا، چووینە ئیذاعە. ئیزنیاندراین تا ڕۆژی پێنجشەممە ٤٢/٩/٣٠. ڕۆژی پێنجشەممە چووین، کەس لێینەپرسینەوە. ڕۆژی جومعە ١٩٤٢/١٠/١ چووینەوە ژوورێکی ...... داینێ، سەعاتێ دووسەعات لەوێ بووین، هاتینەوە ئوتێل.

٩٤٢/١٠/٢ ڕۆژی شەممە

*

...

... گەڕامەوە بەرەوخوار، فرۆشتم بە ٦٠٠ فلس، پارەکەم خستە گیرفانم، هەموو لەشم ساغ و سەلیم بووەوە. قسەکانم ڕێکوپێک بوونەوە، باران بەسەرما نەئەباری، خەڵق پێم پێنەئەکەنی و بە چاوی عەجایبەوە تەماشایاننەئەکردم، (ع)[١] پێینەوتم ئیتر پوولێکت بۆ نادەم، پێینەوتم مەیە لەگەڵمانا.

لە غەریبیا ئەمەیە وەطەنییەتمان، ئەمەیە هاوزبانیمان، هاووڵاتیمان، هاومەسلەکیمان، ئیخلاص و برایەتیمان، هەموو شتێک درۆیە، هیچ شتێک ڕاستنییە، پارە گیانە، پارە ڕۆحە، پارە هەموو شتێکە. پارەیە، ئەی بەشەر تێگەیشتنتان ببێ. پارە، پارە، پارەی زەردی بریقەدار، سپیی زرنگەدار....

چالاک

٩٤٢/٩/٢٥

لە یافای فەلەسطین

*

[١] (ع): ڕەنگە هەر مەبەستی مامۆستا عەبدوڵا گۆران بێ، کە ئەو ڕۆژانە لەگەڵ ڕەمزی قەزاز و ئەو پێکەوە بوون. (س)

له ژووری ئوتێل ئەستەمبووڵدا دەمەدەمی عەصر نووسراوە

## ئایا ...

٩٤٢/١١/٤

یافا – فەلەسطین

ئایا خوا وای بڕییەوە دواکۆچم لە غەریبیدا بێ؟؟ ئایا وا لە چارەم نووسرابوو، یاری شیرینم، وڵاتی خۆشەویستم، خزم و کەسوکارم، دایک و باوک و براکانم، ئەوانەی خۆشیانئەوێم و خۆشمئەوێن، بەڵکوو بێشکەی منالّیم و لانەی گەنجیم، جێی هیوا و ئاواتم بەجێبێڵم، لێیان دووربم، گوێم لێیاننەبێ، نەیانبینم؟

لەم جێیەدا کە کەس نامناسێ و ناوم نازانێ، بمێنمەوە، بژیم، هەڵکەم، تا چەرخی زەمان ڕووم وەرئەگەڕێتەوە بۆ وڵاتم؟

ئایا خۆم دایە دەست زەمان، بمخاتە سەر پۆپەی کامەرانی و سەعادەت و هیوا، یا بمخاتە دەریای بێپەی، بمداتە دەست شەپۆل هەڵمگرێ و بمدا بە بەردی ڕەقی ئاسۆی ناخۆشی و ترشی و تاڵییا؟

ئایا لەپاش ئەم هەموو کۆسپ و کەندە، لەپاش ئەم هەموو دڕکودالّەی لەشی زاماریان خوێناویکردووم، شڕەیان بە بەرەوە نەهێشتووم، ڕێیەکی پڕ لە گیا و سەوزی و گەڵای ڕەنگاوڕەنگم تووشنابێ؟

ئایا بۆ وام بەسەر خۆم هێنا؟ بۆ خۆم خستە ناوجەرگی تاریکیی ژیان؟ بۆ خۆم دایە دەست قەضا و قەدەر، بۆ دوورکەوتمەوە لە وڵاتی شیرینم؟ لەو یارە شۆخەم؟ بۆ؟ بۆ کێ؟

لە کانگای دڵمەوە دەنگێکی بەهێزی پڕهیوا نەڕانی، هەموو لەشمی هێنایە لەرزین و چۆقەچۆق، وتی: بۆ کوردستان، بۆ کورد ئەمەت کردووە، بڕۆ مەگەڕێرەوە، بێهیوا مەبە، ساردمەبەرەوە. تا خۆویست بین زیاتر زنجیری بەندی لە پێمان، لە لەشمان، ئەچەقێ، تا تەضحییەبکەین، خۆمان نەوێت، خۆمان ئازاربدەین، کەساسی بچێژین، ئازادی لێمان نزیکئەبێتەوە، ئەچینە سەر پۆپەی کامەرانی و سەعادەت و هیوا.

*

٢٤ شەممە بەغداد

٢٥ یەکشەممە دیمەشق – حەیفا

٢٦ یەکشەممە حەیفا

٢٧ دووشەممە تەلئەبیب

٢٨ سیٚشەممە یافا

*

سعادة المدير

بواسطه مساعد المدير

اسمحوا لی احيطكم علما بالاقتراحات التالية التي -على ما أعتقد- وجيهة وفيها فوائد جمة.

١. ان برنامجنا -كما تعلمون- عبارة عن أخبار وتعليقات واسطوانات. وان هذا البرنامج يتكرر كل يوم طوال السنة، من دون تنوع ولاتغيير. ان البرنامج نفسه (ناشف) وغير ملذ وتكراره كل يوم يجعل ان لايستمع له المستمع. فبناء على هذا، أقترح بأن تتنوع البرنامج وتتغير، أي تسمحو لنا بان نذيع أحاديث اجتماعية، اقتصادية، أدبية، سياسية.

٢. ان الوقت المخصص لبرنامجنا هو نصف ساعة، هذه المدة قليلة وقلية جدا للمستمع أولا ولنا نحن ثانيا. اننا لانشتغل اكثر من أربع ساعات في النهار، وعليه أقترح بأن يزداد فترة الاذاعة الى ساعة كاملة كما كان سابقا.

٣. ان موعد اذاعتنا هو في الساعة الثالثة والنصف حسب توقيت العراق، وان هذا الوقت هو موعد الراحة والنوم في العراق. هذا اولا وثانيا ان التيار الكهربائي يكون مقطوعا في السليمانية لحد الساعة الخامسة مساء. فبناء عليه أقترح ان يكون موعد الاذاعة في الساعة الخامسة فمافوق.

٤. ان الاسطوانات التي هي لدينا الآن، لاتطرب المستمع، بل تزعجه. كما وان هذه الاسطوانات قليلة وتذاع كثيرا، فأقترح بأن تجلبوا لنا اسطوانات جديدة، وكذلك نريد اسطوانات موسيقى صامتة متنوعة (مارشات، موسيقى هندية، موسيقى عربية).

٥. ان الناي والطنبور محبوبان جدا عند المستمع، فاقترح بأن تعيروننا الناي والطنبور في الاسبوع مرتين.

٦. ان فى داخل فلسطين قسم كبير من الجنود الأكراد المتطوعين في الجيش البريطاني، فأقترح بأن تسمحوا لنا بتنظيم برنامج خاص لهم اسبوعيا ويشتركوا هم كذلک فيها. لاشک بأن هذا البرنامج يرفه عنهم كثيرا ويكون ذا نفع كبير.

٧. اذا لم تتمكنوا من جلب اسطوانات وموسيقى صامتة، فأقترح حين ذاک بأن تسجلوا لنا في المحطة بعض القطع الموسيقية والغنائية التي هي كردية ونوطتها موجودة عندي.

٨. اذا أردتم بأن تستفهموا أكثر، فأنا مستعد لمقابلتكم.

رفيق چالاک

اعطيته لمساعد المدير في ٤٤/٦/١٥

هذا نسخة من البرنامج الاسبوعي الذي أقترحه:

السبت: أخبار (١٥) موسيقى (١٠) اجتماع (١٥) اسطوانات (٢٠) أخبار (٥) (٦٠)

الأحد: أخبار (١٠) اسطوانات (١٠) دعاية (١٥) موسيقى (٢٠) أخبار (٥) (٦٠)

الاثنين: أخبار (١٠) ناي (١٠) شعر (١٥) اسطوانات (١٠) أخبار (٥)

الثلاثاء: أخبار (١٠) موسيقى (٥) مقتطفات (١٥) اسطوانات (١٠) أدب الاطفال (١٥) موسيقى (٥) أخبار (٥) (٦٠)

الأربعاء: أخبار (١٠) طنبور (١٠) دعاية (١٥) اسطوانات (١٠) أخبار (٥) (٦٠).

الخميس: أخبار (١٠) اسطوانات (١٠) زراعة (١٠) ناي (١٥) شعر (١٠) أخبار (٥)

الجمعة: أخبار (١٠) موسيقى (١٠) اجتماع (١٥) طنبور (٢٠) أخبار (٥)

*

# پاشکۆ

## نووسینی کوردی*

پێشکەش بەوانەی کە لەم بابەتەوە قەڵەمیان دەوانداوە!

بە قەڵەمی ج....

زمانی کوردی زمانێکی فەراوانی وشەزۆرە، بەڵام خوێندەواریی نەتەوەکەی بە تەرزێ پەلپەلی کردۆتەوە و شێوەکانی لەیەک دوورخستۆتەوە، کە زۆر بە گرانی کوردێکی فەیلی، لەک، بەختیاری، لوڕ، گۆران، ئەتوانێ هەست بە کوردێتیی شێوەی بۆتان بکات، یا بێتە گفتوگۆ وە ئاخاوتن لەگەڵ زازایێ. ئەگەر باشی سەرنجبدەین و ددان بە ڕاستییا بنێین کە نۆبەری کوردیووسین و بڵاوبوونەوەی خوێندەواریی کوردی (بە جۆرێ کە بشێ بە ڕاپەڕینی خوێندەواریی کوردی بدرێتەقەڵەم)، تەمەنی لە سی ساڵ بەولاوە تێناپەڕێ. لەم ماوا کورتەدا -ئەوەی ڕاستیبێ- خوێندەواریی کوردی لەچاو پاشکەوتوویی نەتەوەی کوردی کاولی بێبەش، لە بافتی (حەقی) ژیان، لە کاروبار، لە سامان، لە خوێندەواری بە زمانی خۆی، لە دەسدرانە باڵی لە لایەن ئەو باوەپیارانەوە کە دایکی نیشتیمانەکەیان مارەکردووە و دەسیان گرتووە بەسەر خاک و بەسەر هەموو لایەنێکی ژیانا، هەر وا بێبەش لە ئاڕاستەکارێتیی ئەو پیاوە گەورانەی کە بە ناوی ئەوەوە زۆرجار جڵەوی کاروباری وڵاتیان گرتۆتە دەس، وەیا لەسەر کورسیی نوێنەریی ئەو دانیشتوون، وە لە یارمەتیی ئەو خاوەنسامانە دەوڵەمەند و

---

* گۆڤاری "هەتاو"، هەولێر، ژمارە ٢٩، ١٩٥٥/٤/٣٠، ل١٤-١٨؛ ژمارە ٣٠، ١٩٥٥/٥/١٠، ل١-٥، ١٧؛ ژمارە ٣١، ١٩٥٥/٥/٢٠، ل٣-٨؛ ژمارە ٣٢، ١٩٥٥/٥/٣١، ل١١-١٣؛ ژمارە ٣٣، ١٩٥٥/٦/١٠، ل١٣-١٦. (ج)، مەبەست خودابەخشیو مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانییە (بڕوانە: گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤-١٩٦٠، بەرگی یەکەم – بەشی دووەم، ژمارە ١٢-٣٠، ئامادەکردن سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، پێشەکی و لێکۆڵینەوە د. کوردستان موکریانی، چاپخانەی باز، هەولێر، ٢٠١٠، ل٧٠٠-٧٠٤، ٧١١-٧١٥، ٧٢٧؛ بەرگی دووەم – بەشی یەکەم، ژمارە ٣١-٤٧، ل٧٣٧-٧٤٢، ٧٧١-٧٧٣، ٧٩٣-٧٩٦). (س)

دەرەبەگانەی کە لەباتیی بووژاندنەوەی وڵاتەکە و سەربەرزکردنەوەی خەڵکەکەی، تەنها خەریکی کڕووزاندنەوە و سەرپێشۆڕکردنیان بوون؛ لەچاو ئەم هەموو کۆسپە و قۆرتانەدا، زۆر بۆ پێشەوە تەکانیداوە وە پلەیەکی گرنگی بەرەو پێشکەوتن بڕیوە.

ئەگەر بهاتایە ئەوانەی کە خۆیان بە پێشەوای خوێندەوارانی کورد ئەزانن وە بە هۆی گەردشی ڕۆزگارەوە بوون بە پێشەنگ وە خۆیان بە ئاڕاستەکەر داوەتەقەڵەم وە پلانی خوێندن و نووسینی کوردییان کردووە بە ماڵ بۆ خۆیان، وە زۆرتر جڵەوی هۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانیان بەدەسەوەبووە، ئەگەر بهاتایە بەدوای نیازی پێشەوایەتیی پووچدا ویڵنەبووایەن و لە ڕقەبەریی کیشوەرپەرستیی تەنگ بگەڕایەن وە گیانی خودبینی و لەخۆباییبوونیان فڕێبدایە، وە بە دڵێکی پڕسۆزی کوردانەی نیشتیمانپەروەرانەی پاکی دوور لە بەرانگارییەوە هەوڵی پێشخستنی زمانەکەیان بدایە، وە تەقەلای ئەوەیان بدایە لە شێوە جیاوازەکانی زمانی کورد لەیەک نزیکبکەنەوە وە خوێندەواریی کوردی بخەنە برەو، وە هەر ڕۆژە شارەزایەکیان لاپەڕەیێ فەرهەنگی لە شێوەیێکی کوردییەوە بۆ شێوەیەکیتری بڵاوبکردایەوە و بۆ پەروەرشی زمانەکە و پێشخستنی بجووڵانایەوە و بۆ کەرەسەی خوێندەواری زۆرکردن یەکدڵ و یەکبیر قۆڵیانبکردایە بە قۆڵی یەکا، وە شانیانبدایە ژێر باری قورسی، ئێستە بێگومان گۆڕستانی ئەدەبی کورد بە نامە وە نامیلکەی دانراو وە هیی وەرگێڕاوە لە شارستانێتیی خامۆشی جیائەکرایەوە وە گیانی پەلوپۆ بە لەشی ساردیا ئەکەوتە جووڵە وە باری نەخوێندەواری وەها چەوت و لارەسەنگ نەئەما.

خوانەخواستە، من ناڵێم کە خوێندەوارانی کورد هیچیان پێویستیی خۆیان بەجێنەهێناوە. بەڵێ، کوردەواری بەڕاستی قەرزاری کۆششی بێپەروایانە و مەردانەی "پیرەمێرد"ە کە تا دواهەناسەی دەرچوو، بێکۆڵدان هەر وشەی کوردیی خستەکایەوە وە شێوەی کوردیی ڕازانەوە، چی بە نووسینی (کەمانچەژەن، دوانزەسوارەی مەریوان، گاڵتەوگەپ، وە وتارە ئاودارەکانی ژین و ژیان)، وە چی بە هەڵبەستی (ڕۆحی مەولەوی و پەندی پێشێنیان وە پارچەهۆنراوەی پڕگەوهەر. تا (...) کە پیاو ئەتوانێ لە پارچەهەڵبەستی "بەهاری کەناری شار" کە لەم ڕۆژانەی دوایین بەهۆی نەورۆزەوە بڵاوکرایەوە، فەرهەنگێکی تایبەتی بۆ ناوی گژوگیا و دار و دەوەن دوروستبکا.

کوردەواری قەرزاری ئەمین زەکیبەگە کە بە نووسینی "مێژووی کورد"، هەرچەندە کە لەچاو خوێندەوارییی ئەو و ئەو دەسەڵاتەدا کە ئەو هەیبوو لە ڕووی هەموو گونجایشێکەوە ناگزووری و ناتەواویشی تیاهەبێ، کوردی خستە مێژووی مرۆڤایەتییەوە وە بە "کوردانی بەناوبانگ"ی، ناوی کوردی بە جیهانا بڵاوکردەوە وە بە "تەئریخی سولەیمانی" خەتی سولەیمانی لە دیوانی سولەیمان پاراست.

کوردەواری قەرزاری ساڵەهای زۆری تەوفیق وەهبیبەگە کە بە (خوێندەواریی باو، دەستووری زمانی کوردی، دینی کۆنی کورد، بنچوبناوانی زمانی کوردی، ...)کەی خەڵکی ورپاکردەوە وە بە داهێنانی شێوەی کوردیی پەتی خەڵکی ڕاهێنا. بەڵام ئەبێ بزانرێ کە نەتەوەی کورد هەرگیز بەمەندە چاوناپۆشی لە تەوفیق وەهبیبەگ، (کە هەر ئەوە سەرامەدی زانایانی کورد، فەرهەنگزانی بێهاوتا و تاقە نووسەری دەستووری زمان و خاوەنی قوتابخانەی شێوە و زاراوەی زمانی کوردی، کە لەم وڵاتەدا و لەبەر هەندێ شت نەبووایە، هەزاران ئابوودەی زێڕینی بۆ ئەکرا)، وە بە هیچ جۆرێ بەم کۆششە لەمانەی قایلنابێ، کە لەوانە نین شایانی ئەوەبن پاڵپشت بدرێنە زانایەکی وەکوو ئەو، چونکە ئەو خاوەنی زانستێکی بێپایانە، وە نامەخانەییێکی زۆر باشی، وتەیەکی ڕەوا، وە پارە و سامانێکی بەشکەر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەوەی بیهێنێتەبەرهەم.

کورد قەرزاری حوزنی موکریانییە، کە بە ئاپۆرەیی، بێپشتیوانی، کەمدەسی و بێسامانی، چل ساڵی ڕەبەق لە توانای خۆی پتر نۆکەرێتیی زمانی کورد و مێژووی کوردی کردووە و زنجیرەیەکی دوورودرێژ گۆڤار و نووسراوی هێناوەتەبەرهەم، لەوانەی ئەگەر پلەیەکی بەرزیش داگیرنەکەن، بە کەم نادرێنەقەڵەم.

کوردی قەرزاری بنەماڵەی بەدرخانە، کە شاپلێتەی پەرپاییکردنی (خزمەتی) زمانی کوردییان، نەوەک هەر وڵاتی سووریەی ڕوونکردۆتەوە، بەڵکوو شەوقیشی هاوێژتووە بۆ ناو کوردەکانی وڵاتی تورکیا و ئێران و عیراقیش.

کورد قەرزاری ساڵانی زووی شێخی خاڵە کە بە تەفسیری عەممە و مەولوودی نەوئەڤەر و فەلسەفەی ئایینی ئیسلام، مێشکی زۆری لە قسەی پڕوپووچی بەناو ئایینەوە بڵاوەکراوە، پاککردەوە، بەڵام زۆر جێگەی داخ و

مەخابنە کە لەم ساڵانەی دواییيەدا تەنها بە "موفتی" وازیهێنا و لەم کاتی بێتۆشەییيەدا "بێتووشی"یەکەی نەگەیانە دەنگمان.

کورد قەرزاری شاکیر فەتاحە کە بە "فەرهەنگۆک"ی ئەحمەدییەئاسا و بە "هاوڕێی منداڵ" و بە "شەبەنگەبەڕۆژ" و بە "گەورەپیاوان"، ... تاد، منداڵانی کوردی فێری وشەی ئینگلیزی و نووسینی کوردی و قسەی خۆش کردووە و گەورەپیاوانی جیهانی پێناسیون.

کورد قەرزاری عەلائەدین سەجادییە کە بە چرۆچاوی پڕووشاوی، بە تاک و تەنهایی، وەکوو قەشەی عیسایی، لەژێر چرای کزی حوجرەی مزگەوتا، ساڵەهای دوورودرێژ تەقەلایداوە و "مێژووی ئەدەبی کوردی"ی لە گۆڕستانی مێژوو هێناوەتە دواوە و بە پوولپوولەی مانگانە کەمەکەی لەچاپیداوە و بەناو کوردا بڵاویکردۆتەوە.

کورد قەرزاری عەلی عەونییە کە بە ئاپۆرەیی لە وڵاتێکی بێگانەدا چەندین کۆمەڵی خوێندەواری دوروستکردووە و هەوڵ و تەقەلای داوە لە یەکەم پلەدا نەتەوەی کوردی بە دیتنی "شەرەفنامە" دڵشادکردووە، وە لەوەپاشیش بە عەرەبیی کتێبەکانی ئەمین زەکیبەگ کوردی بە وڵاتی عەرەب ناساندووە، سەرەڕای "عەونییات"ەکانی کە هێشتا چاپنەکراوە.

کورد قەرزاری ڕەفیق حیلمییە بەرامبەر بەو وتارە ڕووبەڕوویە (محاضرة)ی کە لە قوتابخانەی دووەکی (ثانوي)ی مووصڵ داویە، وە سەبارەت بەو بەرپەرچەی کە بۆ شوکری سەگبانی نووسیوە.

کورد قەرزاری ئەو خاوەنوتار و خاوەنهەڵبەستانەیە کە بە هەڵبەستی نیشتیمانی، کردگاری دەروونی، دڵداری، منداڵانی کوردیان وەرگێڕاوە بە بولبول و قومری وە هەمیشە بە ئاوازی قەتار و ئەڵڵاوەیسی و بە نەغمەی خاوکەر و ئایئای و بە سۆزی حەیران و لاوک هۆشی یەکتر ئەزرنگێننەوە، وە ناوی وڵات و نیشتیمان لە ناوجەرگی هەڵقرچاوەوە بە هەناسەیەکی زەبوونانە ئەدەن بەدەم بادا.

کورد هیچ حەلێ قەرزاری ئەوانە نییە کە ئەیانەوێ بە ئاژاوەی درۆ [و] کاتی وڵات سەربخەن وە ئەیانەوێ بەهۆی هەڵخەڵەتاندنی چەند قوتابییەکی هەژارەوە، کورسی بقۆزنەوە، یا تا ئەگەن بە نان، چەند وتارێ ئەنووسن وە چەند پارچەهەڵبەستێ بڵاوئەکەنەوە. پاشان کە گەیشتنە سەر کورسییەکە، یا

جانتاکەیان بەدەسەوە گرت، زمانی ئەم نەتەوە شیرینەیان بەرەڵائەکەن، مەگەر جارجارە لەسەر مێزی قومار نەتەوەکەیان بێ بەیادا و بیانەوێ بە دەسکەوتی قومار هەژارانی کورد بخەڵەتێنن!

من لام وایە کە پیاو بە خوو و ڕەوشت بەرزنەبێتەوە، هەرگیز کورسی بەرزیناکاتەوە. ئەگەر بەرزیشیبکاتەوە، بە خنکاندنی ئەدات. مەحوی ئەڵێ:

فەلەک هەر گا کەسێکی هەڵبڕی، وەعدەی فەلاکەتیە

کە مل بۆ گەینە پەت بێتن، لە کورسی و ئەسکەمل چبکا؟

ئەوەی ڕاستیبێ، تەنها ئەدەبە کە پیاو بەرزئەکاتەوە. پیرەمێرد:

ئەدەب تاجێکە لە نووری یەزدان

بیکەرە سەر و بچۆ بۆ عاسمان

جگە لەمانەی کە وترا، سەدەهای خوێندەوارانی کورد قەڵەمی خۆیان خستۆتەکار بۆ دانانی نامە و نامیلکەی کوردی و سەدەهایتریشیان هەوڵ و تەقەلایان داوە کە نووسراوانی زمانانیتر وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان نامەخانەکانی زمانی کوردی بە دەوڵەمەند و خاوەنسامان ببینرێ. بۆ وێنە، لە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سالانی کۆنا زۆر جار خوێندوومانەتەوە کە یەکێک لە زاناکانی کورد تەفسیرێکی چوار بەرگیی بە کوردی بۆ قورئان نووسیوە؛ یەکێکیان ئیبنحەجەری کردووە بە کوردی، یەکێکیان فەرهەنگێکی چلهەزار وشەی کوردیی داناوە، یەکێکیان مێژوویێکی ڕێکوپێکی کوردیی نووسیوە، یەکێکیتر چیرۆکی سەر شانۆی ڕێکخستووە، .. هەتاد.

بەلام کوا؟ کوا گرووهێکی زانستی (مجمع علمي) وە جەرگەیەکی خوێندەواری (نادي ثقافي) کە هەوڵبدا بۆ پەرتکردنەوەی ئەم نووسراوانە؟! کوا هاوکارییەکی چاپی (شركة طباعة) و دەستەیەکی خێرەومەند کە باربووی نووسەرە لاتە بێدەسەلاتەکان بکەن بۆ چاپی نووسراوەکانیان، بۆ بووژاندنەوەیان، بۆ هاندانیان؟ کوا دەستەی قوتابی و مامۆستایانی دڵسۆز کە سێمانگەی دەستبەتاڵی لەناو ئەو دێهات و خێلاتانەدا بەسەربەرن، کەوا هێشتا دەنگی خوێندەوارییان پێنەگەیشتووە و گیانی خۆناسین و نیشتیمانپەروەری

نەچووە بە لەشیانا، کە لە خەوی نوشوستی بێداریانبکەنەوە وە ئاڕاستەی کۆمەڵایەتییان بکەن و بیانکەن بە ئەندامی سوودبەخش و کەڵکدار!

ئەو جەرگەیە (نادي)ی کە ساڵەهایە پارەیێکی زۆر و زەبەنگەی تیا بە ناوی خوانڕازاندنەوەی میواندارییەوە بەختکرا، ئەگەر ئەو هەزار دینارەی کە هەیبوو، بەختبکردایە بۆ دامەزراندنی چاپخانەیەکی کوردی.... هەر وا ئەگەر ئەو دەوڵەمەندانەی کە جارجار بۆ ناوێکی خۆیان چەند دیناریێکیان پەرتکردۆتەوە بەسەر قوتابخانەکانا، یا دەسیان بەسەر یەکدوو قوتابییا سویوە، وە بەخێویانکردووە، یا یەکدوو قوتابیی بێدەسیان لەسەر کیسەی خۆیان ناردووە بە وڵاتانا.. ئەگەر ئەوانە لەسەر ئەم کارە جوانانەیان دڵپاکانە بچوایەن وە هەوڵی ئەوەیان بدایە کە هاوشانەکانیشیان ڕاکێشنە ڕیزی خۆیان و تا ئەو دەوڵەمەندە خوێندەوارانەی کە سامانە پشتپێوەنەئێشاوەکانیان بێپەروایانە لە شەوانی سوورا لە قومارا، لە ڕازاندنەوەی مێزی خواردنەوەی دۆست و برادەرا بەختئەکەن، تەنها لە مانگێکا هیی شەوێ لەو شەوانەی خۆیانیان تەرخانبکردایە وە هاوسامانە خوێندەوارەکانیشیان بکێشایە بۆ ئەم تەرزە بیرە، ئەگەر هەندێ لە خاوەندسامانەکان هاوکارییێکی چاپی (شركة طباعية)ی وەکوو هیی وڵاتەکانیان دابمەزرانایە بۆ چاپی ئەو نووسراوانەی کە لەسەر مێز، ڕەف و ناوتاقی خوێندەوارەکان کەوتوونەوە، بەناو خەڵکا بڵاویانبکردایەوە وە لە دەسکەوتەکەی پارەکەی خۆیان هەڵبهێنایەوە، تا ئێستاکە ئێمەیش وەکوو نەتەوەکانیتری جیهان ئەبووینە خاوەنی گەنجینەیەکی خوێندەواری و سامانێکی دوانەهاتووی کەرەسەی خوێندن.

هەر وا کوا کۆمەڵەیەکی زانای دڵپاکی هۆشیار کە دڵسۆزانە شەو بخاتە سەر ڕۆژ بۆ یەکخستنی شێوەکانی زمانی کوردی لە فەرهەنگێکی گیرفانیی بچووک و لە فەرهەنگێکی زلا، وە تێبکۆشی بۆ داتاشین و داهێنانی وشەی تازە بەرامبەر بە هەموو جۆرە کەرەسە و شتێکی تازە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە لاپەڕەی ڕۆزگارا دائەهێنرێ و دێتەبەرهەم؟!

ئێمە هەموومان ئامۆژگاری قڕۆش و پەند و وێژەین و هەر کامێکمان لە جێگای خۆی ڕاپەڕێ، تاوانی دواکەوتوویی کورد ئەخاتە سەر دەستەیەکیتری! ئەگەر ئێمە هەموومان بەجارێ هەر کەسە لە عاستی

خۆمانەوە هەست بە پێویستیی گەردن و بە ئەرکی سەر ملمان بکەین، بێگومان هەموو بەجارێ دڵسۆزانە دەسئەدەینە دەسی یەک بۆ ڕاستکردنەوەی باری چەوتی خۆمان بۆ سوودبەخشین بە هەموو هاووڵاتییەکانمان، بەڵام کوا؟

ئێمە ئیمڕۆ لە ڕووی خوێندەوارییەوە لەپێش هەموو شتێکا پێتەویستی دوو جۆرە فەرهەنگین: یەکەم- فەرهەنگێکی وشەیی کە هەموو شێوەکانی کوردیمان بۆ کۆبکاتەوە، کە هەموو خوێندەوارێکمان کە وشەیەکی بەکارهێنا، بە جۆرێکی ڕاست بەکاریبهێنێ، وە هەر خوێندەوارێکیش کە وشەیەکی لێ یاخیبوو و گران هاتە پێش چاوی، تەماشای ئەو فەرهەنگە بکا بۆ زانینی. دووەم- فەرهەنگێکی جوغرافیی ثەقافییە کە ناوی هەموو دێهات و شاران و تیرە و خێڵات و قەڵا و سەنگەر و چیا و شیو و ڕووبار و زەریا وە جێگای مێژوویی و دێریکیی تیابێ، کە بەتەواوی وڵاتەکەمان و سنووری وڵاتەکەمان بناسین و بزانین کە هەر هەرێمێک پانوپۆڕیی چەندە و بڕی سەرژماری دانیشتووانی لە چی ڕادەییێکایە وە هەر شێوەیێ لە شێوەکانی کوردی لە چ هەرێمێکا بەکارئەهێنرێ!

بەڵام فەرهەنگ وشەییێکە ئەبێ لەناو کرۆکی زمانەکەمانەوە وەربگیرێ، نەوەک هەر بە ئەندازەی هاوتاکانی درستبکرێ. فەرهەنگنووسەکانی کۆنی عەرەب، وەکوو فەراهیدی، ئەصمەعی، جەوهەری، ئیبنمەنظوور، فیرووزئابادی، .. هەتاد، ساڵهای دووردرێژ بەناو تیرە و خێڵاتەکانا سووڕاون و تاکوتەراکی وشەی زمانەکەیان کۆکردووەتەوە، ئینجا وشەکانیان کردووە بە چەند بەشێکەوە: بیستەنی (سماعي)، هاوسەنگی (قیاسي)، پەلەدار (مشتق)، بێپەل (جامد)، نایاب (نادر)، دەگمەن (شاذ)، ئابۆر (دخیل)، .. تاد. هەر وا بەشی هەرەزۆری وشەکانیشیان [بە] هەندێ قسەی پێشینان وە قسەی نەستەق وە هەڵبەستی ڕەمەکی بەڵگەدار کردووە. لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلایەشا، هێشتا هەندێکیان ڕەخنەیان لە هەندێکیان گرتووە.

جا ئێمە کە لەم گاڤ (کات)ەدا ئەژین، پۆستە و ڕۆژنامە و گۆڤار هەیە، لەو ئەرکی گەشت و گەڕیدەیییە ڕزگاربووین، بەڵام ماوەتە سەر ئەوەی کە یارمەتیی یەکتری بدەین و هەر کەس لە چی شێوەییێکا شارەزایە، هەر جارە ڕستەی وشەی ئەو شێوەیە لە گۆڤارەکانا بڵاوبکاتەوە، وە بە هەر جۆرێ کە

خۆی باشی ئەزانێ، مەبەستەکانیان ڕوونبکاتەوە، وەکوو ئەو ڕستەیانەی کە (ش. بەهرامی) چەند جارێ بڵاویکردۆتەوە و بەم جۆرە لە ڕۆژگارێکی زۆر کەما هەموو خوێنەرانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان شارەزای شێوەکانی یەکتری ئەبن. بەڵام -هەروەکوو وتم- ئەبێ وشەکان لە ناوجەرگی نەتەوەکەوە دەرهاتبێ و خۆکرد نەبێ و مەبەستەکەیشی ڕاستبێ کە پێی ڕوونکراوەتەوە.

ئێمەمانان زۆر کەسمان کە دەمدرێژیئەکەین وە خەریکین پلان بۆ فەرهەنگی کوردی و بۆ تێکخستنی شێوەکانی دائەنێین، بێگومان پێمان لە بەڕەی خۆمان پتر درێژئەکەین. زاناکانی ئەڵمان ئەڵێن: "ئەو کەسەی کە بێجگە لە زمانەکەی خۆی، زمانێکیتری نەزانی، ئەو کەسە زمانەکەی خۆشی نازانێ!" جا بەپێی ئەم سەرمەشقە، ئێمە کەممان زمانەکەی خۆمان وە زمانێکی بێگانە بە چاکی ئەزانین! من کە ئەڵێم زمانی بێگانە، مەبەستم زمانی فارسی نییە کە لەگەڵ زمانەکەی ئێمەدا ئەوەندە جیاوازییان نییە وە هێشتا ئەویش لە زمانەکەی ئێمە پتر ئالوودەی زمانی خەڵکە. هەر وا مەبەستم زمانی تورکیش نییە، کە لەمەوپێش بە زمان نەدراوەتەقەڵەم، چونکە هەموو سامانی "جەغەتایی" لە چوار هەزار وشە تێنەپەڕیوە! مەبەستم زمانی عەرەبی و زمانە بێگانەکانە. هیچ گومان لەوەدانییە کە زمانی عەرەبی لەو دووەکە پێشکەوتووترە، چونکە ئەوان هەردووکیان لە سەرەتای ئایینی بڵاوبوونەوە تا ئێستا هەر لە ئەو وەردەگرن، وە ئەو لەپاش لەخەوڕاپەڕین، لەوانی وەرنەگرتووە وە هەمیشە خوێندەوارانی نەتەوەکی بێکۆڵدان وشەی تازەیان بۆ داڕشتووە. ئەمە وەهابووە، کە وابێ لەم پلانە دووان، پێویستی گەردنی مامۆستا تەوفیق وەهبیبەگە کە بەرزترین پسپۆڕێکی زمانی کوردەوارییە، هیچ نەبێ جگە لە زمانەکەی خۆیشی، شەش زمانیتری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی باش ئەزانێ، سەرەڕای ئەوەی کە خۆی مرۆڤێکی وشیار، کۆشەر، زانایەکی باڵایە. جا ئەبووایە ئەو تا ئێستە فەرهەنگێکی لە کوردییەوە بۆ کوردیی زۆر زلی بۆ دروستبکردیەین، وە بەرامبەر بە هەموو وشەیێکیشی هاوتایەکی ئینگلیزی، فەڕەنسی، عەرەبیی تیا بووایە، وەکوو فەرهەنگەکەی عەبدولیلاهـ عەلائیلی کە لەم ڕۆژانەدا بڵاوئەکرێتەوە و لەسەر ئەرکی خۆی، یا لەسەر کیسەی گرووهێکی زانستی چاپیبکردایە وە هەندێکی بفرۆشتایە وە هەندێکیشی بەسەر نامەخانەکان وە خوێندەوارە هەژارە کەمدەسەکانا بەفیڕۆ بڵاوبکردایەوە، کە تا دەوران دەورانە هەر شانازیی پێوە

بکردایه، بەڵام ئاخ، سەد ئاخ! پێشینانی کورد ئەڵێن: لەو جێیەی ئاو هەیە، زەوی نییە؛ لەو جێیەی زەوی هەیە، ئاو نییە!"

هەروەکوو وتم، ئەو فەرهەنگە وشەییەی کە ئەبێ دابنرێ، ئەبێ لە کرۆکی زمانی نەتەوەکەوە وەربگیرێ، نەوەک بەپێی دەستووری زمان دروستبکرێ. من لەبەرئەوەی کە خۆم بە بچووکترین قوتابییەکی مامۆستا تەوفیق وەهبی ئەزانم، کە هەرگیز لیم دڵگیرنابێ، زۆرجار دەمدرێژیی لە ڕووا ئەکەم. جارێکیان پێموت:".. (ەر)ی دروشمی تیپی ئیشکەر (فاعل)ە، لە (ئار)ەوە سووکبۆتەوە. ئێمە هەرچەند ئەنووسین: (نووسەر، فرۆشەر، دانەر، .. تاد)، بەڵام کۆمەڵەی دانیشتووانی دەشتەکانی کورد (نووسیار، فرۆشیار، دانیار، زانیار، ...) بەکاردێنن." مامۆستا لەسەر ئەمە تووڕەبوو، وتی: "زمانی کوردی، من دروستمکردووە، تۆ من فێرئەکەی؟! تەنها (ەر) دروشمی ئیشکەرە، نەوەک (ئار). (ئار) دروشمی ئیشی کراوە (مفعول)... "

ئینجا وتم: "میرم، تۆزێ باشتر سەرنجبدەیتێ، ئەبینین کە ئێمە ناتوانین (ەر) بکەین بە دروشمی تیپی ئیشکەر لە هەموو جێگەیێکا، هەرگیز ناتوانین لەباتیی کڕیار- شتکڕ، بڕیار- شتبڕ، دڕیار- شتدڕ... بڵێین: کڕەر، دڕەر، .. چونکە زۆر گرانە بەکارهێنانی. ئەمە وەها، بەڵام (ئار) هەم ئەبێ بە دروشمی تیپی ئیشکەر، وە هەم بە هیی کرۆک (مصدر)، وەکوو (پرسیار) کە لەباتیی (پرسەر) وە لەباتیی (پرسینی )بەکاردێت. ئینجا وتی: (... نەء) (ئار) تەنها دروشمی ئیشکەرە وە ئەبێ وشەی وەکوو (نووسیار، زانیار) لەباتیی (مکتوبات، معلومات)ی عەرەبی بەکاربهێنرێ، وە (نووسیاری و زانیاری)ش لەباتیی (املاء و معارف) و ئێمە بەرامبەر بەو وشەیانەی کە وترا (یکرر، یبرر، یدر) بەکارئەهێنین. وتم: ڕاستە، ئێمە تەرز- ئێسکە (صیغة)مان هەیە بۆ ئیشکەر (فاعل)، بەڵام ئەمانە بۆ گەیاندنی زۆرترین مەبەستە (مبالغة)، وایە ئەبێ وشەکانمان لە ناوجەرگی نەتەوەکەوە بهێنین، وە لەوانە بپرسین کە ئاگاداری دەستووری زمانی کوردی نین و ڕمەکەی ئەئاخێون، چونکە ئێمە وشەی (بیستەنی)مان لە هیی (هاوسەنگی) زۆرترە. باش بوو لەو کاتەدا شێخێکی نیمچەخوێندەواری دەشتەکی لەوێ بوو، کردمان بە ناوبژیکەر (حکم)، وتی: "بەڵێ، ئێمە کڕیار و فرۆشیار بەکارئەهێنین." ئینجا مامۆستا وتی: "ئێوە جێگەی متمانە نین، چونکە شێوەی زمانی ئێوە کرمانجی نییە، گۆرانییە."

هەر وا جارێکیتر مامۆستا تەوفیق وەهبی و نووسەرێکی ئەندازیار خەریکی ئەوە بوون کە وشەییێکی کوردی بەکاربهێنن بەرابەر بە وشەیەکی ئینگلیزی کە لەگەڵ وشەی (تحدی)ی عەرەبیدا یەکیئەگرتەوە وە لەپاش لێکۆڵینەوە، خەریکبوون وشەی (مەیدانداری)ی بۆ بەکاربهێنن. دیسانەوە دەمدرێژیمکرد و وتم: "مەیدانداری ئەبێ بۆ ئەو کەسانە بەکاربهێنرێ کەوا مەیدانێ ئەکەنەوە بۆ تاودانی وڵاخ، وە ئەبێ بە خاوەنی (ڕەیسیس) بڵێن. ئێمە ئەبێ بۆ دروستکردنی وشەکانمان، بچینە ناو کرۆکی زمانی کوردی وە لەوێوە وشە هەڵئێنجین. شێخ ڕەضای تاڵەبانی ئەڵێ:

تا بۆت بێمە مەیدانی مەصاف

کە وابێ، ئێمە (چوونەمەیدان) بەکاربهێنین." بۆ ئەمەش دیسانەوە لەپاش گفتوگۆیەکی دوورودرێژ بە متمانەوە وشەکەیان تۆمارکرد (وشەکە مەیدان خوازتنە). بێگومان ئەم تەرزە هەڵەیە نیشانەی ئەوەیە کە مامۆستای پایەبەرز زۆرتر بە زمانە بێگانەکانەوە لکاوە وە هەمیشە لە نووسینا بە دەستووری زمانزانیی خۆیا ڕاپەڕمووە، هەر لەبەرئەوەیە کە ئەبینین شێوەی نووسینی لە کوردییا پچرپچڕە وەک لە زمانێکی بێگانەوە وەرگیرابێ.

مەبەستم لەم پێشەکییە دوورودرێژە ئەوەبوو کە ئێمە لەسەرمان پێویستە بۆ بەکارهێنانی وشە و شێوە وە زاراوەکان (مصطلحات)، پتر لە زمانەکەمان قووڵببینەوە، بێ جیاوازی لە بەینی شێوەکانی: لوڕ. کەڵهوڕ، گۆران، کرمانجی (بەشی خواروو "نیوەڕۆ" وە کرمانجیی بەشی ژووروو "باکوور"). ئێمە هەرگیز ناتوانین شێوەی زمانی کیشوەرێ یا هەرێمێکی کورد لە هیی کیشوەرێ یا هەرێمێکیتری کورد بە بەرزتر و پێشکەوتووتر بزانین، مەگەر ئەو شێوەیە کە زمانزەدی بەشی هەرەزۆر بێ. ئەو حەلەش نابێ لە نووسینا زاراوەی هەرێمە بچووکەکان فەرامۆشبکرێ، بەڵکوو ئەبێ لە هەمووی پتر بەکاربهێنرێ، بۆ ئەوەی کە هەموو لایێ لە شێوەکانی یەکتر شارەزابین. وە لەمەدا یا عەرەبەکان بکەین بە سەرمەشق کە بۆ هەر وشەیێ چەند وتەیەکیان هەیە، کە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەمەی کە وشەی هەموو تیرەکانیان فەرامۆشنەکردووە. مایەوە ئەوەی کە ئێمە هێشتا فەرهەنگێکی وەهامان نییە کە وشە گرانە کەمدیارەکانی پێبزانین. لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە نووسەرەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وشە گرانەکانمان بۆ

ڕوونبکەنەوە وە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکیتری هاوتای وشەکە نیشانبدەن، بەڵام بە جۆرێکی ڕاست و ڕەوان، نەوەک بە هەڵە، وەکوو لە ژمارە (١٤)ی لاپەڕە (٥)ی "هەتاو"دا (هەیڤی بە حەفتە ڕوونکرابۆوە، کە هەیڤی ئەکا مانگ، نەوەک حەفتە کە پێیئەڵێن (هەینی). ئێمە ئەگەر لە کوردیی ڕەمەکیی خۆمان بکۆڵینەوە، لە شێوەی وڵاتی خۆمانیشا ئەم وشەیانە بەکارهێنراوە. تا ئێستە کە منداڵانی کوردەواری لە شەوی مانگەشەوا یاریبکەن، ئەڵێن "هەیوەشەوە"، تەقەڵیدەوە!

جا بەمەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە (ع.ق) کە ئەڵێ: کەم کەس لە خوێندەوارانی کوردی ئەم وڵاتە لە نووسینەکەی مامۆستا ئەنوەر مائی تێئەگەن، لەم باوەڕەیا هەڵەیە. هەر کەسێ تۆزێ لە بنجوبناوانی وشەکان بکۆڵێتەوە، شارەزای نەبێ، جیاوازیی بەینی وشەکانمان زۆر جار بریتییە لەوەی کە بە پیتی (ژ، ڤ)ەکان ئەگۆڕێ، کە ئەتوانین هەموو جارێ بیانکەین بە (ل، ر). وەڵام وایە وتەی (ئەز)یش لە شێوەی وڵاتی خۆمانا دەسئەکەوێ. قسەی پێشینیان ئەڵێ: "زانییان ئەزم، نەیانزانی دزم!"

ئێمە نابێ هەرگیز لەمە بتەکینەوە کە پیتەکانی (ث، ح، ذ، ص، ض، ط، ظ، ع) بەکاربهێنین و بڵێین ئەم پیتانە لە بنەڕەتا لە کوردییا نەبووە. ئێمە نزیکەی هەزار و چوارسەد ساڵە ئەم پیتانەمان وەرگرتووە و هۆنەر و هەڵبەستەر و نووسەرەکانمان تا ئەم ساڵانەی دوایی بە هەزاران جار ئەم پیتانەیان هەر لە نووسینی کوردییا بەکارهێنراوە. جگە لەوەی کە لە وشەی عەرەبی کە لە هەموو لاپەڕەیێکی نووسینەکانیانا وشەی وەکوو (ثورەیا، حەمد، لەزەت، صەراحەت، ضەعیف، طرب، ظهور، غەریب) دەسئەکەوێ. بێگومان ئێمە ناتوانین دەس لە گەنجینەی ئەدەبی ئەم چەند سەد ساڵەی کۆنمان بشۆین، کە هەر ئەوانەن جێگەی شانازیمان لە مێژووی ئەدەبا، هەر وا لەمەدواش تاوەکوو ئێمە ناچاری بەکارهێنانی وشەی عەرەبی بین، ئەم پیتانە هەر بەکاربهێنین. بۆ ئێمە هەرگیز ڕەوانییە کە (نەثر، حەق، ذەوق، صەبر، ضەرەر، طەرەف، ظهوور، غروور، .. تاد.) وەربگێڕین بە (نەسر، هەق، زەوق، سەبر، زەرەر، تەرەف، زهوور، غروور)، چونکە ئەم گۆڕینە هەروەک دەستکوتانە لە زانستی خەڵک "خیانەتی عیلمییە"، هەر وا لە تەگەرەییێکەوە بۆ تەگەرەییێکیتری چوونە، چونکە هەروەکوو (نەثر) عەرەبییە و ئەکا (پەخشان)، هەر وا (نەسر)یش عەرەبییە و ئەکا سیسارکە کەچەڵە. هەروەکوو (حەق) لەجیاتیی (ڕاستی، بافت)

بەکارئەهێنرێ، هەر وا (حەق)یش عەرەبییە وە ئەکا (ڕاکردن). هەروەکوو (ذەوق) عەرەبییە و ئەکا (چەشکە)، یا نام هەر وا (زەوق)یش عەرەبییە، ئەکا (قەشەنگی). وە هەروەکوو (صەبر) عەرەبییە و ئەکا (ئارامگرتن)، هەر وا (سەبر)یش عەرەبییە و ئەکا تاقیکردنەوە. تا سەد جار ڕەحمەت لە گۆڕی مەولەویی پێشەنگی شاعیرانی کورد، ئەڵێ:

بیگری و بیدزی و کلکی هەڵپاچی

لەدەس خاوەنماڵ بەمە دەرناچی

بۆ دڵنیایی با سەرنجێکی ئەم وێنە دەستوورییەش بدەین: "ئەگار دادگا (محکمة)یێ ژنێکی تاوانباری ناردە ماڵی کوێخایێ بۆ ئەوەی لەژێر چاوەدێرییا بێ تا ئەنجامی فەرمانەکەی دێت، ئایا کوێخا چەپی چی لەگەڵ ئەم ژنەدا بکات؟ کوێخا ئەوەندە ئەتوانێ کە ژوورێکی تایەبەتی و نان و پێخەفی بداتێ، لە ئیشی ماڵا بەشی خۆی بەکاریبێنێ. بەڵام کوێخا هەرگیز ناتوانێ ناوکی بگرێتەوە وە لە ئارەزووی پیسی خۆیا بەکاریبهێنێ." جا ئێمە دەربارەی وشەی بێگانە تەنها ئەوەندەمان بۆ ڕەوایە کە بزیۆنە کوردییەکانی خۆمانی بەسەرداببڕین، بۆ ئەوەی کە بە هەڵە نەخوێندرێتەوە و هیچیتر، چونکە دەسکاریکردنی وشەی خەڵک بە گۆڕینی پیتەکانی لە پاشەڕۆژا ئەبێتە هۆی زیانێکی زۆر گەورە، وەکوو ئەمڕۆ کە لە نووسراوی عەرەبەکانا دێتە پێش چاومان کە (گۆران)یان کردووە بە (جۆران، جۆرقان، جۆزقان)، (گورگان)یان کردووە بە (جورجان)، (گابارە)یان کردووە بە (جابرقە)، (گەڵاڵی)یان کردووە بە (جەلالی)... تاد. وە بەم دەستکارییە، نەوەک هەر زیانیان لە مێژووی کورد داوە و ناوی تیرە و خێڵاتەکانیان بە تەرزێ شێواندووە کە هەرگیز ناناسرێتەوە، بەڵکوو زیانیان لە مێژووی دانیشتووانی ڕووی زەویش داوە و تا شارستانێتی پێشبکەوێ وە خوێندەوارێتی بگەشێتەوە، زانایانی جیهان نەفرین لەم ڕەوشتە خراپە دەکەن. ئەگەر بهاتایە برا عەرەبەکان لە سەرەتای وشیارەوەبوونیانا لووتبەرزی و خودبینی ڕێگەیانی بدایە و پیتەکانی (پ، چ، ژ، ڤ، گ)یان لە شێوەی ئێران بخوازتایەوە، تووشی ئەم کەموکورتییە نەئەبوون کە چوار سەدەیە وە بەڵکوو پتریشە پێیەوە لکاون و بەشی زۆری زانا و پسپۆڕەکانیان هەستیان پێکردووە وە ساڵەهایە خەریکن پیتی تازە دابتاشن وەیا پیتەکانیان بکەن بە لاتینی، کە لەم

کەموکورتییە ڕزگاربن. لەوانەی کە بەم هەڵە گەورەیە هەستیانکردووە و لێیدوواون، دوکتۆر داود چەلەبی و عەبدولعەزیز فەهمی، نووسراوی تایەبەتییان لە مێژوو، لە ناوانی مێژوویی و جوغرافی داوە. با جارێک نووسراوی (بلدان الخلافة الشرقية) بخوێنێتەوە، ئینجا بۆی ڕوونئەبێتەوە. ئەمە وەها، ئەوەش کە هەندێ کەس ئەڵێن: "ئەبێ وشەی بێگانە هەر بە شێوەی خۆی بنووسرێ و تا بزێونەی کوردیی بە کوردی بەسەرنەبرێ". ئەوەش هەڵەیە و بێگومان ئەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی خوێنەر کە چۆنی بخوێنێتەوە. جگە لەوەش، لە ئەنجاما وامان لێدێ کە نووسینەکەمان وەکوو هیی ئینگلیزەکان. هەزاران پیتی سەرباری تێیا بێت و نەخوێندرێتەوە کە هۆی ئەوەش ئەوەیە کە ئەوانیش وشەی (فەڕەنسزی، ئەڵمانی، هیندی)یان تێکەڵکردووە وە هەروەکوو خۆی نووسراوە، بۆ ئەوەش وشەی (نیشناڵ = ناسیۆناڵ، ستەیشن = ستاسیۆن، ..تاد) گەورەترین بەڵگەییێکە هەر وا نابێ بڵێین پیاو بە شێوەی باسەکەدا مەبەستی وتە عەرەبییەکانی (نەسر) بۆ پەخشان لە نەسری بۆ سیسارکەکەچەڵە .. تاد جیائەکاتەوە، چونکە ئەمە بۆ یەکێکە گەیشتبێ بەوپەڕی خوێندەواری. ئەبێ ئێمە کە ئیمڕۆکە لە یەکەمین چەقز (قۆناغ)ی دامەزراندنی زمانەکەماناین، لە زیانی هاوڕێ و هاوسێکانمانەوە تەمبێخوار وە پەند وەربگرین و خۆمان تووشی هەڵە نەکەین وە باش سەرنجی پێویستیی زمانەکەی خۆمان بدەین و تەقەلای ئەوە بدەین کە شێوەی نووسینی زمانەکەمان لەسەر بارودۆخێ بێ کە بۆ پشتاوپشتی نەتەوەکەمان دەسبدا وە لە پاشەڕۆژا ناگزووری و ناتەواویی تیا نەبینرێ، نەوەک نەتەوەکەمان لە ئایندەدا لێمان بکەونە پت و بۆڵە و نەفرینمان بۆ ڕەوانەبکرێ، چونکە ئێمە لە ڕۆژێکی وەکوو ئیمڕۆدا سەرەتای بناغەی خوێندەواریمان دائەمەزرێنین، کە هەڕەتی خوێندەواری و لێکۆڵینەوە ئەبێ بنچینەی خوێندەوارییەکەمان لەسەر نەخشە و پلانێکی ئەندازەگیراوی ڕێکوپێک بێ وە لەسەر ئەمەلێکی چەوڕێژی قووڵی پانوپۆڕی ئاسنین کە (بۆمبای گەرد)یش نەتوانێ بیلەرزێنێ.

ئێمە بێگومان لە ڕووی شێوەی نووسینەوە بەهۆی تەقەلای مەردانەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانمانەوە هەنگاوێکی زۆر زلمان بەرەوپێش ناوە وە پلەیەکی زۆرمان بڕیوە، بەوەی کە بەشی زۆرمان توانیومانە شێوەی کوردیی ڕاست فێربین بەو جۆرەی کە بزێونە کوردییەکان بەکاربهێنین (ە، و، ی، ۆ، ێ) وە بەوەی

کە فێری بەکارهێنانی (وو) و (ڵ)ی قەڵەو بووین. ئەتوانم بڵێم: ئەگەر نووسەر و خوێندەوارە وشیارەکانمان هەوڵی ئەوە بدەن کە ئەم تەرز و شێوەیە لە لایەن گشت خوێندەوارانەوە بەتەواوی بەکاربهێنرێ، ئەوەندە پێتەویستی ئەوەمان نامێنێ کە هانی نەتەوەکەمان بدەین بۆ بەکارهێنانی پیتی لاتینی، تەنها لەبەرئەوە نەبێ کە برا کوردەکانی سووریە و تورکیامان بەو پیتانەوە پتر لکاون وە ئەبێ ئێمەش شانبەشانیان بڕۆین! هەروەک پێویستە کە ئەوانیش جارجار هاوڕێ بە لای ئێمەدا بدەن. ئەمە وەها وە ئەوەی ڕاستیبێ، ئێمە تەنها پێتەویستی زۆرمان بە پیتی (U) ماوە کە لە کوردییا جۆرە دەنگی هەیە کە لە (توێ= توو)ی هەورامان و گۆران و لە (گوێ = گوێچکە)ی کرمانجدا بۆمان دەرئەکەوێ.

بێینە سەر ئەوەی کە مامۆستا ئەنوەر مائی داوایئەکا، کە دروشمی جیاواز بەکاربهێنرێ بۆ چینی (مێ). من لام وایە یەکێک لە ڕەوشتی هەرەبەرزی کورد ئەوەیە کە لە سەرەتای دێریکەوە تا ئیمڕۆ، هەمیشە بە چاوێکی ڕێزلێنان و هاوشانییەوە تەماشای ڕەگەزی (مێ)ی کردووە و هیچ حەلێ بە چاوی سووکی سرنجینەداوە وە بە کەمی دانەناوە، کە وشەی جیاواز و دروشمی جیاکەرەوەی بۆ بەکاربهێنێ. من وا ئەزانم ئەو دروشمانەی کە برا کوردەکانی سووریەمان لەم بابەتەوە بەکاریئەهێنن، کەلەپوور (میراث)ێکی کوردایەتی نییە وە تەنها لە هاوسێیەتیی ئەو ڕەگەزانەی عەرەبەوە هەڵیانچنیوە کە هیچ حەلێ بافت (حەق)ی ژیانیان بە ڕەگەزی مێ نەداوە و گەلێجار زیندەبەچاڵیانکردووە و هەر لەبەرئەوەیە کە لە ئاخافتنا وشەی جیاواز و دروشمی جیاکەرەوەیان بۆ داناون، بە تایەبەتی لە هەموو شتێکا (لای ژێر)ەوەیان بەسەرابڕیون!

من بە ناوی خۆم و بە ناوی هەموو سەرکردانی کوردەوە، تکا لەو جوامێرە بەڕێزانە ئەکەم کەوا جڵەوی سەرپەرشتیی "ژین" و "هەتاو" و "پەیام" و .. تاد)یان بەدەستەوەیە و قسەیان ڕەوایە، تۆزێک بەزەییان بە باری کوردی دواکەوتووا، بە شێوەی نووسینی زمانەکەیا، بێتەوە، تەنانەت لەم ڕۆژە ڕەشەدا کەوا هەموومان بە دڵێکی پڕ لە سۆزی دەروونی و بە جۆشی زەبوونییەوە هەست بە دواکەوتوویی و بەشخوراوی و ژێردەسەییی خۆمان ئەکەین وە لە هەموو ڕوویێکەوە پێتەویستی ئەوەین کە: بیروباوەڕ و هۆش و یاسا و شێوازی ژین و شێوەی نووسینمان یەکبگرێ، وە بە دڵپاکی لێیان ئەپاڕێمەوە کە لە خودبینی و خودپەرستی بکەون و لە پەلار و ڕەخنە و شێوەی جیاجیا

بەزارهێنان بگەڕێن و گیانی کیشوەرپەرستیی تەنگ بخەنە لاوە، بە گیانێکی پاکەوە، بە هەناوێکی خاوێنەوە، تێبکۆشن بۆ پێگەیاندنی خوێندەواری کوردی بۆ تێکخستنی شێوەکانی زمانی کورد، بۆ نووسینی جوان.

ئەمە وەها و لێرەدا بە هەلی ئەزانم کە تۆزێ بە سەروپۆتەلاکی گۆڤاری "پەیام"ا بێم، کە ئەبووایە شێوەی نووسینی لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پتر لە هەڵە و ناڕێکی دووربووایە، چونکە زانایەکی گەورە دوور بە دوور چاوەدێریی‌ئەکا. جا ئەمجارە چەند لاپەڕەیەکی ژمارە (٢٨٦)ی ئەدەم لە بێژنگ، کە لە ٢١ی مارتی ١٩٥٥دا دەرچووە. ئەوە لە حەلێکا خوێندوومەتەوە کە ئەم وتارەم دەس‌پێ‌کرد. هیواشم ئەوەیە کە لەمەودوا ژمارەکەم لێ قەدەغەنەکا، هەروەکوو جارێکی‌تر لەسەر ڕەخنەیێ ساڵونیوێک لێیان قەدەغەکردم.

١. (لا١، د٦) نووسراوە: ".. کە یەکێکە لە داهێنەری سینەما". ئەبووایە بوترایە: یەکێکە لە داهێنەرانی ... بۆ ئەوەی یەکەکە لە ڕیزی گەلەکەوە بێتەدەرێ.

٢. (لا١، د٨) نووسراوە: ".. نوقلانەی ئەوەی لێ‌دا کە هەموو ... سینەما بەکارئەهێنن." ئەبووایە بوترایە مزگێنیی ئەوەی دا ... چونکە نوقلانە لە کوردییا بۆ خواستی خراپ و بەدوومی بەکارئەهێنرێ، لەباتیی (التطیر= التفأل بالشر)ی عەرەبی، کوردەواری ئەڵێن: "نوقلانەی بۆ لێ‌مەدە، وەک قەل بۆی مەقیرێنە."

٣. (لا٢، س٢١) نووسراوە: " لە شانۆی وێنە بزۆک‌دا (مسرح الصور المتحرکة)، ئەبووایە بنووسرایە: "لە شانۆی دیمەنە بزێوەکان‌دا"، چونکە صوورەت (وێنە) نییە، دیمەنە. وێنە ئەبێ لەباتیی (مانەند)ی فارسی و (مثال)ی عەرەبی بەکاربێت. شێخ مەعرووفی نۆدێ، خوای لێ‌خۆش‌بێت، لەپێش سەدوپەنجا ساڵ ئەڵێ: "مثل و شبە و نظیر: وێنە". هەر وا ئەبووایە دروشمێکی گەلی (جمع)ی پێوە بووایە، چونکە (صور) تاقە دیمەنێ نییە، وە گەلێکە. جگە لەمانەیش، ئەبووایە لەباتیی (متحرک) بەکاربێت، نەوەک (بزۆک)، چونکە بزۆک (لە بزێو) پتر مەبەستی چوستی وە جوولانەوەی تیایە "موبالەغەیە"، وە ئەبێ لەباتیی (حرک Hereik) بەکاربهێنرێت.

٤. (لا٣، د١٤) نووسراوە: "... بە چەک و جەبەخانە بەهۆی ئەو فڕۆکانەوە پۆشتەکراون." ئەبووایە لەباتیی (پۆشتەکراون) بنووسرایە: پڕچەک‌کراون، چونکە ئەم وتەیە لەناو کوردەوارییا باوە، وە کەس لە کوردییا نەیبیستبوو کە

چەک و جەبەخانە پیاو پۆشتەبکاتەوە. وا دیارە ئەمە لە (مجاز) و (استعارة)ی عەرەبەکانەوە هاتووە.

٥. (لا٥، د٤) نووسراوە: "... پەیام وچانی جەوابدانەوەی ..."، ئەبووایە بنووسرایە: دەرفەتی جەوابدانەوەی.. ، چونکە بەکارهێنانی وچان لەباتیی (ماوا= مجال، فرصة) لە کوردییا نییە. وچان ماوای حەسانەوەیە. کوردەواری بە پیاوی لە ئیشا ماندوو ئەڵێن: وچانیبدە، تۆزێ بحەسێرەوە.

٦. (لا١٧، د٨) نووسراوە: "نیگاری بەرگی دوایی ..". ئەم هەڵەیە، نەوەک لەم ژمارەدا، بەڵکوو لە هەموو ژمارەکانی پێشووشا ڕوویداوە. ئەبووایە بنووسرێ: نیگاری لاپەڕەی دواییی بەرگ، یاخۆ: نیگاری پاومانی بەرگ، چونکە بەرگی دوایی بەو بەرگە ئەڵێن کە بە ژمارەی ئایەندەوەیە کە لە دواوە دێت.

ئێمە بۆیە "پەیام" ئەخوێنینەوە و خۆمان بە قەرزاری ئەدەینەقەڵەم، چونکە ئەزانین کە لەژێر چاودێریی دووراودووری هەرەزانیاری کوردا دەرئەچێت، کە هەمیشە هەوڵ بۆ ئەوە ئەدا شێوەی نووسین ڕاستبکاتەوە و بەرامبەر بە کەرەسە و شتی تازەداهاتوو، وشەی تازەمان بۆ داهێنێ، کە هەموو لاییێ زمانمان پێی پاراوبێ. ئێمە هەرگیز نامانەوێ کە ئەو وشەی بێگانەی پەتی بە کوردی وەرنەگێڕراومان بۆ بەکاربهێنێ، با کە وەریگێڕا بە کوردی، هەڵەی تیانەبێ.

## وەرامی ڕەخنەکەی (ج)*

پێشیانی کورد وتوویانە: "گەز لە کوێ؟، جاو لە کوێ؟".. "کەر لە کوێ کەوتووە، کوننە لە کوێ دڕاوە!"

بە قەڵەمی: حەمەی ئەحمەد ڕۆژبەیانی - بەصرە

لەژێر سەردێڕی "قەرزی چی (ج) گیان)"دا، لە پەیامی ژمارە (٩٧)دا بە قەڵەمی (ج) ڕەخنەیێ لە (ج) گیرابوو، لەبابەت وتاری "نووسینی کوردی"یەوە، کە لە "هەتاو"ی ژمارە (٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣) بڵاوکرایەوە. زنجیرە وتارەکانی "هەتاو" هیی مامۆستا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی بوو، ڕەخنەکەی "پەیام"یش هیی کاک جەمال نەبەزە، کە نووسەری "گەرداوەکە"یە. جا بەرامبەر بەوەی کە ڕوویکردووەتە هەموو کوردێک، بۆ ئەوەی ناوبژیکەر بن لە بەینی ئەو و لە بەینی مامۆستای ڕۆژبەیانیدا، وە منیش هەندێ شت شارەزام، ئەم وتارەی بۆ ئەنووسم.

١. کاک جەمال نەبەز، تێگەیشتن بۆ پیاو باشە، بەڵام زۆرجار لە پیاو ئەبێتە بەڵا وە تووشی دامی ئەکا. بۆیە بێکەس (بەهەشت جێی بێ) لە تێگەیشتن فەریادیئەکرد و ئەیوت:

تێگەیشتن دەردە، ئەمما دەردیسەر

گەوجییە نیعمەت، هەزار خۆزگەم بە کەر

جا تۆش شێوەی نووسینی ڕەخنەکەت لەگەڵ شێوەی نووسینی "گەرداوەکە"ت لەیەک جیاوازن. وا دیارە (ڕابەر) و هاوڕێکانیترت هەرەوەزانە

---

* ئەم وەرامە، پێنج پەڕە و نیوی دەستخەتە، وەک وترا، لەناو کۆکراوە ڕۆشنبیرییەکەی بەهەشتی تۆفیق وەهبیبەگدا بوو. وا دیارە مامۆستا ڕۆژبەیانی لە وەڵامی ڕەخنەکەی ڕەفیق چالاک (ڕابەر)دا نووسیویە، وایش خۆی نیشانداوە کە یەکێکیترە و خۆی نییە. لەبەرئەوەی بێپەردە کۆمەڵێک مەسەلەی بۆ ئەو ڕۆژە ترسناکی تێدا ورووژێنراوە، ڕێنەدراوە نە پاشماوەی ڕەخنەکەی ڕابەر و نە ئەم وەرامەیش بڵاوببێتەوە. (س)

له نووسینی ئەم وتارەدا باربووتیانکردووە، چونکە وتارەکەت یەکچیهرە نییە. جگە لەوەش، هەندێ بۆهەڵبەستن (إتهام)ی تیایە. ڕەنگە تەنها هیی تۆ نەبێ، چونکە کورد ئەڵێن: "هەر کەس واڵا لە کراسی خۆی دائەدڕێ"، عەرەبیش ئەڵێن: "الإناء ينضح بمافيه".

٢. وتارەکەی مامۆستای ڕۆژبەیانی وەرامە بۆ ئەو وتارانەی کە لەبابەت شێوەی زمانی کوردییەوە لە "هەتاو"دا نووسرابوو، لە لایەن (ع. ق. ش. بەهرامی، ئەنوەرلمائی، .. تاد)، وە هیچ حەلێ لەوانە نەبووە کە وتار بە فەرمانی خەڵک بنووسێ. هەروا هیچ حەلێکیش ڕووپایی و مەراییی لەبەر کەس نەکردووە و نایکا و هەر کەسە حەقی خۆی ئەداتە دەس، دوژمنی بێ یا دۆستی. وە ئەوانەی کە ئەو ناویبردوون و باسی نووسراوەکانی کوردوون، -خۆت دەزانی- کە لەگەڵ هەندێکیان هەر قسەیشی نییە، وە کە هەڵیشیناون، تەنها لە ڕووی نووسراوەکانیانەوە باسیکردوون، وە هیچ حەلێ پێینەوتوون (نیشتمانپەروەر، ڕابەر، پێشەوا)ن. لەگەڵ ئەوەیشا کە چەند کەسێ لەوانە، وەکوو نیشتمانپەروەرەکانی ئێستا لە وەختی خۆیا ناوی نیشتمانپەروەریان لە خۆیان نابوو وە خەڵکیان لەخشتەئەبرد. بەڵکوو پێچەوانەی تێگەیشتنی ئێوە، هێرشیبردووەتە سەر زلترین کەسیان، کە تۆ لات وایە هەڵیناوە وە پێیئەڵیی: "لەبەر هەندێ شت نەبووایە، هەزاران ئابوودەی زێڕینی بۆ ئەکرا!". ئایا تۆ لەو پەلارە تێگەیشتووی؟! هیچ باوەڕناکەم. ئەگەر تێیبگەیشتایەت، بۆت هەڵنەئەبەست!. پیاوە گەورەکە خۆی بەرامبەر بەم پەلارە بە مامۆستای ڕژبەیانیی وتبوو: "دەزانی کە لەولای فاوەوە جێگەیێکیتری نییە کە بۆی ڕەهەنەبکرێیت، هەرچی ئەنووسی، بینووسە!".

کاکی خۆم، پیاو ئەبێ یەکڕوو بێ، یەکڕێ بێ، یەکئایین بێ!، بەپێی ڕۆزگار نەگۆڕێ، وە بە هەموو بایێ شەنەنەکا. باش خۆت بناسەوە، کوا ناوەکەی جارانت؟!، کوا قورئانەکەی گیرفانت؟!، کە وتت: "ئەمەم لەگەڵ خۆم هەڵگرتووە، ئیخوانەکانی پێهەڵئەخەڵەتێنم!. دڵپاکی و نیشتمانپەروەریتی بە کردار دەرئەکەوێ وە بە هاوڕێتی. کابرای عەرەب ئەڵێ:

"عن المرء لاتسأل وسل عن قرينه

فكل قرين بالمقارن يقتدى"

تۆ چۆن لە ڕووت دێ باسی نیشتمانپەروەری بکەی، کە هاوڕێی ڕۆژ و شەوت (ڕابەر) بێ؟! ئەو ڕابەرەی کە بەشی هەرەزۆری خەڵکیش ئەگەر نەیناسن، من و هەموو کوردێک باشی ئەناسین! ئەترسم ئەویش یەکێ بێ لەو نیشتمانپەروەرانەی کە تۆ بەرگرییان لێئەکەی! هەزار ڕەحمەت لە پیرەمێرد کە ساڵی ۹۳۰ وتوویە:

وەرگەڕێ فەلەک، بۆ خۆی و پەنی

ڕ.......................... کردە وەطەنی

لەبیرتە جارێک ئەتویست ناسیاوی بخەیتە بەینی ڕابەر وە مامۆستای ڕۆژبەیانی، وە دەستتکرد بە هەڵنانی شێوەی نووسینەکەی! ئەویش پێیوتی: "ئەدەب نووسینەکەی وەک دەنگی ..... وایە، کە لە ئەدەبخانە بێتە دەرەوە! وە من هەرگیز نامەوێ ناسیاویی لەگەڵ پەیدابکەم". لەپاشا هەر هێناتە لای و لەپێش خۆیا دووبارە قسەکەی پێوتەوە. وە لە دواییدا هەر بە ناوی دۆستایەتییەوە صندووقەکەتان پشکنی و هەموو کتێبەکانتان سەیرکرد، کە هەر بۆ ئەم پێویستەش هاتبوون!!

۳. کاک جەمال نەبەز، پیاو کە ڕەخنەی گرت لە یەکێک، ئەبێ وتارەکەی بەتەواوی بخاتە پێش چاوی خەڵک و دەسکارییнەکا، چونکە "درۆزن مەیدانی کورتە". مامۆستای ڕۆژبەیانی لە ژمارە (۲۹، لاپەڕە ١٤)دا ئەڵێ: "..... کوردی کڵۆڵی بێبەش لە بافتی (حەقی) ژیان، لە کاروبار، لە سامان، لە خوێندەواری بە زمانی خۆی ..."، تۆ چۆن بافتی ژیانەکەت خستە پشتەوە؟! هەر بۆ ئەوەی بتوانی خەڵک تەفرەبدەی وە بڵێی (ج) لای وایە کە کورد هەر خوێندەوارییی ناتەواوە!.

هەروا لە هەمان ژمارەدا (لاپەڕە ١٨) ئەڵێ: "کورد قەرزاری ئەو خاوەنوتار و خاوەنهەڵبەستانەیە کە بە هەڵبەستی نیشتمانی، کردگاری، دەروونی، دڵداری، منداڵانی کوردیان وەرگێڕاوە بە بولبول، ..تاد". گوایە تۆ بۆچ خۆت لەم ڕستەیە گێلکردووە؟! ئایا مەبەست لەم خاوەن وتار و هەڵبەستانە کێیە؟ بێجگە لە (أ. أ. خاوەنی بەرەو ڕووناکی، بێکەس، خاوەنی بیستوحەوت ساڵە، گۆران، خاوەنی دەمی ڕاپەڕینە، .. تاد)، ئایا تۆ ئەتەوێ لەم کاتی تەنگوچەڵەمەیەدا ئەوان بخاتە ڕیزی ئەمان، کە خۆت و مانەندەکانت بیکەن بە "مایەی دەس". یاخود ئەتەوێ ڕیسوایانبکەی؟! وەکوو خۆت (برایم)ت خستووەتە پاڵ (هەمزە)

وه (ڕەفیق)ت خستووەتە پێش (دڵزار)! کام هەناو، کام دڵی خاوێن، ڕێئەدا کە کابرایەک کە بایەخ و سیفەتی بۆ ئەو ماڵە نەبوو کە تیابوو، بۆ ئەو برایەی نەبوو کە پیا ڕاپەڕموو.. کە ببێ بە هاوڕێی گەنجێکی نیشتمانی! وەیا یەکێک کە خۆی کردبێ بەسەر داوێکا و لەوێوە گەنجە بێهۆشە سادەدڵەکانی لەخشتەبردبێ وە بە "شیوەسوور"ا بیانبا و هەموویان "گوللەباران"ڕێژبکا، پاشان خۆی بخاتە "کۆشکی میری" و ئەوانیش بنێرێ بۆ قەسابخانە! ئا ئەمە چۆن لەگەڵ گەنجێکی خەباتکەری مەردانەدا ڕیزئەکرێ؟! ئا ئەمە نییە چاوبەست؟! ئا ئەمە نییە مەڕ بە گورگ سپاردن؟! گوایە تۆ لە نیشاندانی ئەم زنجیرە ناوانەدا مەبەستت ئەوەیە کە گەنجەکان بیانناسن؟! یاخود مەبەستت ئەوەیە کە خزمەتێکی گەورەتر بکەی لەوەی کە 'ڕابەر' کردوویە؟! چونکە ئەو ناوەکان هەر ئەدا بە کۆشکی میریی ئێرە. کەچی تۆ بەهۆی "پەیام"ەوە ئەینێری بۆ کۆشکی ئەمەریکاش. ئایا ئەمەیە نیشتمانپەروەرییەکەت؟! کابرای عەرەب ڕاست ئەڵێ:

"إذا كان الغراب دليل قوم

سيهديهم الى جيف الكلاب"

٤. نووسیوتە کە مامۆستای ڕۆژبەیانی جنێوی بە هەندێ داوە.. بە کێ؟ ناوی کێی بردووە؟ تەنها جنێوی بەوانە داوە کە ئاژاوە ئەخەنەوە، وە بەهۆی ئاژاوەکانیانەوە هەزاران گەنجی قوڕبەسەر ئەخەنە زیندان و بە ناخی زەوییا ئەیانبەنە خوارەوە. کەچی خۆیانیش وەک بەرزەکی بانان، وەک گای تەرخان، خۆیان ئەلێسنەوە!! ئایا مامۆستای ڕۆژبەیانی لەمەدا خراپی وتووە؟ تۆ ئەزانی بە کێیەتی؟! تۆ تەئریخی کورد شارەزای؟! تۆ ئەگەر خۆت و هاوڕێکانت بە پاک ئەزانی، بۆچ بنکلکت ئەگری؟ هەڵبەت ئەوانەی تۆ پاسیانئەکەی، "ئاژاوەچین"!

کاک جەمال نەبەز، ئەزانی ئەوانە کێن کە وەک مۆم ئەسووتێن بۆ ئەوەی بەردەمی وڵات ڕۆشنبکەنەوە؟! ئەوانە ئاژاوەچییەکان نین، کە خۆیان لەسەر کورسیی ئاسایش دانیشتوون و خەڵک ئەخەنە زیندان؟! ئەوانە ئەوانەن کە شێخی سەعدی ئەڵێ: "عەشق لە پەرواوە فێربە، کە خۆی ئەخاتە گڕەکەوە و نایێتە دواوە". وەکوو شێخ سەعید و دوکتۆر فوئاد و هاوڕێکانی، کە نیو سەدە لەمەوپێش خۆیان کرد بە پێناو، وە یاخود وەکوو قاضی محەمەد و هاوڕێکانی کە دە ساڵ لەمەوپێش گیانیان بە نیشتمان سپارد.. وەکوو ئەوانە، نەوەک

وەکوو ئەو ساختەچییانەی کە لێرەولەوێ هەر بۆ دزی و گیرفان پڕکردن و کورسی قۆزتنەوە، هاوڕێتیی ئەوانیان ئەکرد، تا بناغەی وڵاتەکەیان ڕووخاند، وڵاتەکەیان ڕاکێشایە وڵاتێکیتر و بەسەر خۆیانا (دڵشادان) بەشیانکرد!!

کاک جەمال نەبەز، "بەرەی تاریکی" هەزاران جۆرە پیاویان هەیە کە هێشتا گەنجی سادەی کورد نەیانناسیون، وە ئەم هەژارانە خوێنگەرمانە و دڵپاکانە و بەپەرۆشەوە دەستخەڕۆیانئەبن. بۆ وێنە، سرنجێکی وڵاتەکەت بدە، بزانە باوەپیارەی وڵاتەکەت تا ئێستە چەند دەستەی وەکوو ئەم نیشتمانپەروەرانەی هێناوەتە ناو؟! ئا سرنجێکی ئێران بدە و سەیرێکی ئەو دەورانە بکە کە دوکتۆر موصەدیق گێڕای، کە خۆی ئێستە لە کۆشکەکەی خۆیا چۆن لێیکەتووە و هەزاران گەنجی هەژاری وەک فاتمیش چۆن بوون بە خەڵووز!! هەروا سرنجێکی میصریش بدە و سەیری ئەو دەورانە بکە کە نەحاس گێڕای! کەچی لە دواییدا تاسەکە چۆن بەسەر ئیخوانەکانا شکا و سەدەهایان بوون بە پێناو! وە چاوەڕێشبکە بزانە کەی ئەگەڕێنەوە مەیدان بۆ ئەوەی دەورێکیتر بگێڕن!

٥. کاک جەمال، بەڕاستی هەر لە تۆ ئەوەشێتەوە کە بە ڕۆژبەیانی بڵێی: "زەلیلانە لە بەر دەسی ئاغای کاربەدەستا بوەستن و دەست پانبکەنەوە بۆ مووچە و بەرات!". ئەڵێم، ئەم قسانە هەر لە تۆ ئەوەشێتەوە، چونکە ئەو کەسانەی کە ڕۆژبەیانی ئەناسن، ئەزانن ئەگەر لە بەردەسی ئاغادا بوەستایە، ئێستا پایەیێکی بەرزی ئەبوو، وە بەم تەرزە شاربەدەرنەئەکرا و شار بە شار ڕەهەنەنەئەکرا!

مامۆستای ڕۆژبەیانی هیچ حەلێ مووچە و بەراتی لە ئاغای کاربەدەست وەرنەگرتووە. ئەو مووچەخۆری ئەو سرپوسولکەرە موسوڵمانە هەژارانەیە کە بە دڵێکی پاکەوە سامانەکانی خۆیان تەرخانکردووە بۆ ژیانی ئەم تەرزە کەسە، کە نەبن بە ژێرچەپۆکەی "ئاغای کاربەدەست" و ئەو مووچەی کە وەریئەگرێ، یا بەرامبەر بە "دەرس‌وتن" یا بەرامبەر بە "نوێژکردن"ە، کە هەردووکی وەکوو مووچەی کابرایەکی کارگەر وایە کە هەتا ئێوارە بەرد ئەشکێنێ. جا ئەمە هیچ مینەتێکی ئاغای تیایە؟! خۆ مامۆستای ڕۆژبەیانی پارە لە "کۆشکی میری" وەرناگرێ، یا لە کۆشکی باوەپیارەکان!! و هیچ حەلێ بە فەرمانی بێگانە ئاژاوەی بۆ نەتەوەکەی خۆی نەناوەتەوە، بەڵکوو هەر خۆی وەکوو مۆم سووتاوە. تۆ بە شتێ گومانی لێبکە کە لێیبوەشێتەوە، ئەنجا سەرکۆنەیبکە (هێشتا ڕەحمەت لە کفندز!).

بەڕاستی لەم تەرزە شوێنەدا، قسەی جوانی پێشینانی کورد دێتەدی، کە ئەڵێن: "کەر لە کوێ کەوتووە، کوننە لە کوێ دڕاوە!"، وە "گەز لە کوێ، جاو لە کوێ!".

مامۆستای ڕۆژبەیانی دوو مانگ بێنان، بێپوول، لە ئوتێلەکەی "عەلەمەین" لەسەر کیسەی (من) و کیسەی کابرایەکی عەرەب (سەید عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی) ژیا، تا قەرزەکەی دەسکەوتەوە. ئینجا دەستانکرد بە هاتوچۆی. یەکێک لە نیشتمانپەروەرەکانی هاوڕێت، دەبانچەکەی بە ئەمانەت لێسەند و بردی لە قومارا دۆڕاندی. یەکێکیان دە دینار پارەی خوارد، یەکێکتانیش هات کتێبێکی لێ [بە]زۆر داگیرکرد. ئەو دەسی لە کام کورد پانکردەوە؟! بەم تەرزە خەریکی ڕێگەی باشی نیشتمانپەروەرە تێگەیشتووەکانی کورد بگۆڕی. شاعیرێکی کورد ئەڵێ:

"کورد ئەوەند کوردن، بە سەد شەیطان لە کوردی ناکەون

ئیکە خەڵقی بۆچی بۆ خۆی دەردیسەر پەیدائەکا"

ئیتر ئومێدەوارم لەوە زیاتر خۆت گێلنەکەی، خەڵک خۆتیش و هاوڕێکانیشت ئەناسن. ئەوەش کە نووسیبووت: "شت بنووسن، شت چاپبکەن.."، ئێمە کە نووسەرێکی وەکوو تۆمان ببێ (زنجیرەی بۆ پێشەوە)مان بۆ بنووسێ، 'ڕابەر'یشمان هەبێ کە لە (ئەدەبی خۆمانە)وە شت بنووسێ، ئیتر پێویستمان بە نووسین نییە.